منتدى إقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com

تۆڵستۆی

وەرگێڕانی: جەوهەر مەحموود داڵغا



شەڕو ئاشتی

ئەلیادەی سەدە نوێیەکان

بەرگی یەکەم

بۆدابەزاندنی جۆرەها کتێب:سەردانی: (مُنتَدى إِقرَا الثَقافِي)

لتحميل انواع الكتب راجع: (مُنتَدى إِقرَا الثَقافِي)

براي دانلود كتابهای مختلف مراجعه: (منتدى اقرا الثقافى)

www. iqra.ahlamontada.com

للكتب (كوردى ، عربي ، فارسي)

شەڕو ئاشتی

ئەلیادەی سەدە نوێیەکان

ناوەندی توێژینەوەی ئەدەبیی
عەبدولڕەحمان زەبیحی ٢٠٢٠

بەڕێوەبەری دەزگا: سیروان حەمەسەعید حەمەخورشید

ناوی کتێب:شەڕو ناشتی -ئەلیادەی سەدە نوێیەکان-
ناوی نووسەر: لیۆ تۆڵستۆی
وەرگێڕانی بۆ عەرەبی: فارس غصوب
وەرگێڕانی بۆ کوردی: جەوهەر مەحموود داراغا
دیزاینی ناوەوە: ئومێد محەمەد
دیزاینی بەرگ: ئارام عەلی
زنجیرە: (٤٥)
نۆرەی چاپ: ٢٠٢٠
تیراژ: ١٠٠٠ دانە
نرخ: نرخی هەرسێ بەرگەکە (٢٣٠٠٠)دینار
چاپ: چاپخانەی تاران

Tel: 0533202936 07701549509
email: jamalerfan99@gmail.com
jamal erfan cultural foundation
www. jamalerfan.com

ناونیشان: سلێمانی، شەقامی سالم، بەرامبەر ماکسی مۆڵ

لیۆ تۆڵستۆی

شەڕو ئاشتی

ئەلیادەی سەدە نوێیەکان

وەرگێڕانی
جەوهەر مەحموود داراغا

بەرگی
یەکەم

پێشەکی

ئاڵوگۆڕە مەزنەکەی هەرێمی کوردستان و، رزگاربوونی کوردان لە شەڕی سەرومڕی لەگەڵ حکومەتە یەک لە دوای یەکەکانی ناوەند و، بەڕێوەبردنی خۆبەخۆی هەرێمەکە، بازدانێکی ناوی هێنایە گۆڕێ. هەرچەند ژێرخانی ئابووری کوردستان تووشی زیانێکی زۆر بووبوو و دوای قەتیسبوونێکی بەرنامەڕێژ بۆکراو، جیهان بە ڕووی دانیشتوانەکەیدا کرایەوەو کوردستان بووە بازارێکی ئازاد بۆ دەوڵەتانی دورو نزیک و بە لێشاو بەرهەمە بیانیەکان خۆیان پێدا کرد. دەزگا چاپەمەنییەکانیش بێبەش نەبوون لە تەکنەلۆژیاکانی جیهان. کتێب و ڕۆژنامەگەلێکی پێشکەوتووی مۆدێرنی زۆر خرانە بەر دیدەی هاوڵاتیان.

ڕۆشنبیران و خەمخۆرانی کوردانیش بازووی مەردانەیان لێهەڵکردو کتێبگەلێکی زۆریان بەچاپ گەیاند. لە نێویاندا کتێبە دانسقە کۆنەکان بوو. لەوانەی کە لە مێژبوو کتێبخانە گشتییەکانو ماڵان لێی بێبەش بوون.

نووسەرانو ڕۆشنبیران کەوتنە بیری پرکردنەوەی کەلێنەکانو بەدەیان کتێبی فەرهەنگو زمانەوانیو زاراوەسازیو بە دوایدا مێژوو و زانیاریی مێژوویی‌یەکانی وڵاتانی دەرەوەو بەڵگەنامەکانی مۆزەخانەو یادەوەری پیاوە کاراو هەڵسووڕاوەکانی کوردان چاپ کران. نووسەران بەوەیشەوە نەوەستانو پەلیان بۆ لایەنە بەربڵاوەکانی تری ڕۆشنبیری هاویشتو کەوتنە وەرگێڕانی کتێبگەلێکی بەکەڵک لە بوارەکانی فەلسەفەو پەروەردەو پیشەسازیو ئابووریو کۆمەڵایەتیو ئەدەبی زیندووی جیهانی. لە نێوانیاندا بەرهەمی ڕۆمانتووسە بە ناوبانگە جیهانییەکان.

منیش ویستم خشتێک وەسەر دیواری ئەدەبی کوردی بنێمو چەند ساڵێک خۆم ماندووی وەرگێڕانی کتێبی بە ناوبانگی (الف لیلەو لیلە)ی عەرەبی کردو بە چوار بەرگو بە ناوی "هەزارو یەک شەوە"وە لە "چاپخانەی شڤان" ساڵی (٢٠٠٧) بە چاپم گەیاند.

ڕۆمانی "الحرب والسلم" شەڕو ئاشتیی نووسەری بە ناوبانگی ڕووسی "لیو تۆلستۆی" کە بە چەندین زمان وەرگێڕدراوە و سەردەمی هەرزەکاریم خوێندبوومەوە. جارێکی دی سەرنجی ڕاکێشام و، ئەوەبوو کردمە پرۆژەی دووەمی خۆم و، لە (٢٠٠٩)دا دەستم کرد بە وەرگێڕانی لە زمانی عەرەبییەوە بۆ سەر زمانی شیرینی کوردی.

لەبەر ئەوەی لە تایپکردنی کتێبی هەزارو یەک شەوە ڕازی نەبووم. کەوتمە بیری

ئەوەی، کە خۆم فێری کۆمپیوتەر بکەم و، سەر لەبەری ئەم ڕۆمانی "شەڕو ئاشتی خۆم تایپی بکەم. ئەوە بوو کەوتمە کڕینی بڕێک لەو کتێبانەی کە لەسەر کۆمپیوتەر و فێربوونی و، چۆنیەتی بەکاربردنی نووسرابوون.

ئەڵبەتە کارکردن و تامەزرۆبوون بۆ بەرهەم، کەسی مایەپووچ نەکردووە. منیش دەست لە دەست و پشت بە خوا و، هێمن و هەردیی کوڕم، توانیم فێری word ببم و، تایپی ئەم کتێبەی لە بەر دیدەی بەڕێزتاندایە نۆبەرەی کارەکەمە.

هەڵبژاردنی هەر بابەت و کتێبێکی زمانی بیانی و وەرگێڕانی، هەروا سانا و ئاسان نییە! سەلیقە و چێژ و کارامەیی و توانای زمان و زاراوە و فەرهەنگ و کلتوور و پەندی هەردوو زمانەکەی دەوێت. زاراوە و زاراوەسازییش، ئەوە بۆ خۆی کێشەیەکە، مەگەر هەر وەرگێڕەکان قسەی لێوە بکەن و، زووخاوی هەڵبڕێژن!

ئەگەر لێیشم بپرسن ئەی چۆن وێرات بچێتە پاڕێزی ئەم شاکار و ڕۆمانە جیهانیانەوە کە بۆ زۆرینەی زمانە مەزنەکانی جیهان وەرگێڕدراون؟ دەڵێم چونکە ئەدەبەکەمان وەکوو خۆمان داخراو و ژێردەستە بوو، ئیدی کە جیهانی بە ڕوودا کرایەوە، تینووی پێهەڵگرتن و شوێنکەوتنی ڕەوتی جیهان و تەکنەلۆجیاکەی دەبێت و پەنجەرەکانی ژیانی والا دەکات بە ڕووی کۆمەڵانی دوورو نزیکی خۆیدا و ناوەستێت. خۆ نابێت بواری ئەدەب لە گۆڕانکارییەکان بێبەش بێت. ناشبێت دەستەوسان بین و، هەر یەکەمان چاوەڕێی دەستی ئەوێتردا بین. هەرچەند لەمپەرەکان زۆر و بێ بڕانەوەیش بن، دەبێت ئێمەیش کارا و پشوو درێژ و، بە بەرهەم بین.

ڕۆمانی "شەڕو ئاشتی ـ الحرب و السلم" کە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (١٨٦٩)، لە بە ناوبانگترینی کارەکانی تۆلستۆیە و، لە قۆناغەکانی ژیان دەدوێت و، ڕووداوە سیاسی و سەربازییەکانی (١٨٠٥- ١٨٢٠)ی ئەوروپا و، داگیرکردنی ڕووسیای کۆن ساڵی (١٨١٢) لەلایەن ناپلیۆنەوە.

کۆنت نیکۆلا یاڤیتش تۆلستۆی:(١٨٢٨- ١٩١٠) مەزنترین ڕۆمانووسی ڕووسیایە و، یەکێکە لە کۆڵەکەکانی ئەدەبی سەدەی نۆزدەیەمی ڕووس و، هەندێکیش بە گەورەترین ڕۆمانووسی دادەنێن.

شاکاری "شەڕو ئاشتی" بووە ڕۆمانێکی سنووربەزێنی ڕووسیا و بۆ سەر زمانەکانی ئینگیزی و ئەڵمانی و فەڕەنسی و ئیسپانی و هۆڵەندی و سویدی و فنلەندی و کۆری وەرگێڕدراوە.

بۆ یەکەمجار لە ساڵی (١٩١٥)دا کرا بە فیلم و، دەرهێنەرەکەی فیلادیمیر جاردین بوو. جاردین و ڤیرای سەماکاری باڵیە ڕۆڵی پاڵەوانی ئەو فیلمەیان بینی.

لە ساڵی (١٩٦٨)یشدا کرایەوە بە فیلم و، هەر چوار بەرگی ڕۆمانی شەڕو ئاشتی ی تێدا بەر جەستە کرابوو. کاتی خۆی ئەو فیلمە، بووە جێی قسە و باسی ئەرێنیانەی زۆرێک لە ڕەخنەگرانی ئەو سەردەمە.

ئەو فیلمە لە دەرهێنانی سیرجی بۆندار شۆکی ڕووسی بوو و لۆدمیلا ساڤلیڤا ڕۆڵی ناتاشا و ڤیاشراڤ تیخۆنۆڤ ڕۆڵی ئاندریە پۆلکۆنسکی و بۆندار شۆک خۆیشی ڕۆڵی پییەر پیزۆخۆڤی تێدا بینی. ماوەی ئەم فیلمە نزیکەی حەوت سەعات بوو، حەوت ساڵی ڕەبەق بە بەرهەمهێنانییەوە خەریک بوون. بە هەزاران ئەکتەر بەشداربیان تێدا کرد و، (١٢٠٠٠٠) کۆمبارسی هەبوو. هەر لەبەر ئەو بەربڵاوی و تۆکمەیی فیلمە و، بالایی ڕۆمانەکە، خەڵاتی ئۆسکاری وەرگرت.

ڕۆمانی شەڕو ئاشتی دوو جاران لە دەرەوەی سنووری ڕووسیایش کراوە بە فیلم. جارێکیان لە یابان و لە لایەن "ف. کامی"ی دەرهێنەرەوە. جاری دووەمیش لە وڵاتی ئەمریکا و، لە ساڵی (١٩٥٦) و لە لایەن کینگ فیدۆر ی دەرهێنەرەوە و، ماوەی فیلمەکە (٢٠٨) دەقیقە بوو. کچە پاڵەوانی ئۆدری هبۆرن، ڕۆڵی ناتاشای بینی و، هێنری فۆندایش ڕۆڵی پییەر و میل فیرەر، ڕۆڵی ئاندریەی بینی. کە بە هۆی ئەو ڕۆڵەیەوە ئەکادیمیای بەریتانیی سینەما و تەلەفزیۆن، ئۆدری هبۆرن ی ژنە پاڵەوانی بۆ باشترین ئەکتەر دیاریکرد.

لیۆ تۆلستۆی ڕۆمانووس و چاکسازی کۆمەڵایەتی و، پێشەنگی ئاشتیخواز بوو. بیرمەندێکی ڕەوشتی بوو. ئەندامی کارای بنەماڵەکەیشی بوو. بە ناوبانگترینی بەرهەمەکانی، ڕۆمانی شەڕو ئاشتی و ئانا کرنینا یە. کە هەردووکیان لە پۆپەی (ئەدەبی واقعی)دان و گوزارشت لە ژیانی کۆمەڵگای ڕووس دەکەن لەو سەردەمەدا.

تۆلستۆی وەکو فەیلەسووفێکی ڕەوشت، هەڵگری بیری بەرگریی ئاشتیانە بوو و خۆپاراستن لە توندوتیژی. ئەو بیرو باوەڕەیشی زۆر بە جوانی لە کتێبی (مەملەکەتی "خوا لە دەروونی خۆتدایە ـ مملکە الرب بداخلک" ڕەنگی داوەتەوە. ئەم کارەی شوانێنەواری خۆی لە سەر زۆرێک لە ناودارانی جیهانی سەدەی بیستەم دانا و، لە نێویاندا مەهاتما غاندی و مارتن لۆسەر کینگ. کە خەباتی ئەمانە بە ئاشتیخوازی و دوور لە توندو تیژی بوو.

تۆلستۆی له بارەی پێغەمبەری ئیسلامەوە "د. خ" وتوویەتی:هێندە بەسە بۆ موحەمەد کە ئۆمەتێکی لە چنگ و نینۆکی شەڕو خوێن ڕشتن و باوو نەرێتە شەرمهێنەکان ڕزگار کردووە. ڕێی پێشکەوتن و سەرکەوتنی بە ڕووی شوێنکەوتووانیدا کردووەتەوە. شەریعەتی موحەمەد سەرتاپای جیهان دەگرێتەوە. چونکە لەگەڵ ژیری و حیکمەتدا دێتەوە!

جەوهەر مەحموود داراغا

سلەیمانی / بەکرەجۆ

6 / 12 / 2009

پاری یەکەم

بەشی یەك
هاوڕازەکەی خاتوونی ئیمپراتۆر

بەیانییەکی حوزەیرانی سالی (١٨٠٥) ئانا پاڤلۆڤنا هاوڕازی دەربارێ خاتوو ماری فیودوری ئیمپراتۆر، بە بەرگێکی سووری فەرمییەوە، خزمەتکارێکی مالی خۆیانی نارد بۆ لای هاوڕێ و دۆستانی، تاکوو ئەو چەند کارتی بانگهێشتە بە سەریاندا دابەش بکات، کە تێیاندا نووسرابوو:

بەڕێز. . . گەر بەسەربردنی کاتت، لای نەخۆشێکی داماو بەلاوە سڕتەم نەبوو و، کاری لە ئەمە چاکتریشت نەبوو بیکەیت. . . . ئەوا بەختەوەر دەبم بەپێشوازی کردنت، لە سەعات حەوتەوە تا سەعات دە.

و لە مالی خۆمان . . . . . ئانیت شیرەر

ئەوە چەند رۆژێکیش بوو، ئانا پاڤلۆڤنا تووشی کۆکەیەک ببوو و، ئەو نەخۆشینەی کە خۆی نێوی نابوو:"کۆکەی کریب" و، دەیویست ئەو کۆکەیە لە نێو خەڵکیدا بەو ناوەوە بناسرێت و، بڵاو ببێتەوە.

یەکەمین کەسێکیش، ئامادەی ئاهەنگەکە بوو:میر ڤازیلی کەسێتی ناسراو بوو. میر ڤازیلی بەرگی فەرمی دەوڵەتیی پۆشیبوو و، چەندین مەدالیای بەبەرۆکەوە بوو. گۆرەوییە ئاوریشمینەکەی، پووزەکانی وەدیارخستبوو. روخساریشی جوان فریودەرانە بوو.

ئـــانا پاڤلۆڤنایش بەم شێوەیە پێشوازیی کرد:

" میرم. . کەوابوو "جەنەوا[1]" و "لۆک[2]"یش، کەوتنە چنگی بنەماڵەی پۆناپارتەوە!

١ـ جینیس: شارێکی کەناری دورگەی جینیسی پایتەختی جۆرجیایە لە ئیتالیا و خۆیان "جەنەوا" خۆیان پێ دەڵێن.

٢ ـ لۆک: شارێکی ئیتالیایەو بە ڕۆنی ڕۆنی زەیتوون بە نێوبانگەو دانیشتوانی (٨٠٠٠٠٠)کەسە

ئاگاداریشت دەکەمەوە، گەر بەرپابوونی جەنگی ئەو ناپلیۆنە ساختەچییەم پێ رانەگەیەنیت – خۆیشت دەزانیت کە خاوەن قسەی خۆیشمم. . ها!– نە دەتناسم و نە هاوڕێمی و، نە نۆکەری بەوەفام دەبیت! – وەکو خۆت دەڵێیت – ئا. . ئا! خۆ لەوەیش دەچێت:تۆم ترساندبێت! فەرموو. . فەرموو. . بەخێر بێیت. دانیشە و قسەم بۆ بکە.

ئەویش بێ گوێدانە پێشوازییەکەی ئەو، وتی:

"ئەهای! ئەمە چ وریایی و سەلیقەیەکە. . . تۆیش هەتە!! کە چەندەیش لاقرتێکەریت!

بیریشی بەلای ئەو زمانە فەرەنسییەوە بوو، کە سەرانی دەوڵەت و پیاوانی دەربار ـ لە ئەوانەی بەختیان یار بووە و، تەمەنیان لە دەرباری دەوڵەتدا بەسەر بردبوو ـ چۆنا و چۆن، پێی دەدوێن و، دەیشێوێنن !!

ئەمجا ڤازیلی سەرە بۆن لێدراوەکەی نەوی کردو، دەستی ئانا پاڤلۆڤنای ماچ کرد و لێی دانیشت.

دواتر وتی:

"دەی. . ئەم هاوڕێیەی خۆت ئاسوودە بکە و، پێم بڵێ:تەندروستیت چۆنە؟"

ئانـا پـاڤلۆڤنایش وتی:

"ئـاخر چـۆن ئاسـوودە دەبـم و، دەروونـم نـاجۆر نابێـت! بـۆچی هـیچ کەسـێکی دڵ و دەروون پاک، پارێزگاری ئاسوودەیی دەروونی خۆی پێ دەکرێت؟"

"پێم وا بێت:تـا کۆتـایی ئاهەنگەکـە، لەگـەڵمـان دەمێنیتـەوە. بەڵام ئـەی بـۆ ئاهەنگەکـەی باڵوێزخانەی بەریتانیا چی دەکەیت؟

میریش وتی:

"ئەمڕۆ چوارشەمەیە و، دەبێت ئامادەی ئاهـەنگی "باڵوێزخانـەی بـەریتانی"یش بـم. بۆیـە کـەمێکی دی، کچەکەیشـم دێتـە دووم. خـۆ وامـدەزانی ئـەم ئاهەنگـەی ئێـوە دواخـراوە. بـە ڕاستی ئاهەنگەکانی ئێستا ساختە و بێبایەخن! بڕوا بکە ئەگـەر خێزانەکە بیانزانیبایـە، تـۆ پێت خۆش دەبێت، ئەوا کاتی ئەم ئاهەنگەیان دەگۆڕی. "

ئانا پـاڤلۆڤـنا هەڵیدایە:

"خەمبارم مەکە و، پێم بڵێ لـەبارەی بروسکەکەی نۆڤۆسیلتسـۆڤەوە چیـان بڕیاردا، ؟ خۆ تۆ هەموو شتێک دەزانیت !"

میر ڤازلییش بە ساردێکەوە وەڵامی دایەوە:

"چیت پێ بڵێم؟"

بڕیارێانداوە کەشتییە جەنگییەکانی خۆیان بسووتێنن، چونکە بۆناپارتیش کەشتییەکانی خۆی سووتاندووە!

میر ڤازیلی بە سەنگینیەکی واوە دەدوا، وەکو ئەوەی چەندین جار، ئامادەی ئەو جۆرە،

کۆبوونەوانە بوو بێت. .

ئانا پاڤلۆڤنایش هەرچەندە کە تەمەنی لە (٤٠) ساڵان تێپەڕاندبوو کەچی خێرا و هەڵەشە و، پەلە بڕیاربوو. وەکووتریش وا ناسرابوو، کەسێکی ڕوو بە خەندەیە و وەکو منداڵێکی نازدارەو لە هەڵەکانی خۆی نەدەسڵەمییەوە و، بڕوایشی بە ڕاستکردنەوەیان نەبوو.

بە هەڵچوون و لاقرتیوە لە سیاسەت دوا و هاواری کرد:

"باسی "نەمسا"م هەر بۆ مەکە! هەرچەند زۆریش بە ئاگانیم لێیان، بەڵام نەمسا هەرگیز جەنگی نەویستووە و، نایکات. لەو بڕوایەدام تەنیا ڕووسیا دەتوانێت ئەوروپا ڕزگار بکات. چونکە کارایە و، دڵسۆزە بۆ ئەرکەکان خۆی. "

پێویستە ئیمپراتۆری مەزنمان گرنگترین ڕۆڵ ببینێت لە جیهاندا. چونکە پیاوێکی گەورە و بە ویژدانە. خوایش پشتو پەنای دەبێت و، ئەرکەکانی بۆ بەجێ دێنێت. وەیشوومەی ئەو شۆڕشە هەڵ دەوەشێنێتەوە، کە ئەو ناپلیۆن خوێنڕێژە تاوانبارە فێڵبازە، ڕێبەرێتی. تەنیا خۆمان و خۆمان، دەتوانین ژیاتی دادپەروەرانە لەسەر زەوی پیادە بکەین. دەنا پشت بە کێ ببەستین؟ بە ئینگلتەرایەک کە پشتی بە بازرگانی بەستووە. نە لەوێدانی پاکڕی ئیمپراتۆر "ئەلکسندەر[1]"ی خۆمان گەیشتووەو، نەتێدەگات کە ئەو ئەلسکەندەرە، بۆ بەرژەوەندیی خۆی کار ناکات و، خێروخۆشیی جیهانی دەوێت.

"ئەوان پەیمانی چییان داوە؟"

"هیچ!"

هەرچەند پەیمانیشیان واژۆ کرد بیت، بەڵام خۆ جێبەجێی ناکەن.

بڕووسیا بە ئاشکرا وتوویەتی کەسێک نییە سوپاکەی بۆناپارت شکست پێ بخوات و بۆناپارت بدۆڕێت! خۆ گەر ئێمەش بڕوامان بەو قسەیەی بڕووسیا بێت، ئەوا سوپای هەموو ئەوروپایش لە بەرامبەریدا خۆی ناگرێت. بڕوایشم بە قسە هەڵەجەکانی هادنبرگ و هۆگوێتز نییە. بێلایەنیی بڕووسیاش بۆ خۆی تەڵەیەکە، هەر بڕوام بە خوا و ئیمپراتۆری بە سۆزی خۆمان هەیە. هەر ئەلسکەندەری خۆیشی ئەوروپا ڕزگار دەکات.

دوای قسەکانی بزەیەک گرتی و، بڕێک بە پەرۆشییەکەی خۆیشی سەرسام بوو.

میریش بە بزەیەکەوە وتی:

"بڕوا بکە گەر لە جیاتی وینتزنگیرۆدی لەبەر دڵان، تۆیان بنارداید، هەر بەم قسەزانییەی خۆت، ڕەزامەندیی پاشای بڕووسیات وەردەگرت! چونکە تۆ کەسێکی بە

---

[1] ــ لە ساڵی (١٨٠١)ەوە ئیمپراتۆری ڕوسیا بووە و تەمەنی نێوان (١٧٧٧ــ ١٨٢٥)بووە. لە شەڕەکانی "ئۆستەرلیتز" و"ئیلوو"دا سوپاکەی ناپلیۆنی بەزاندووە.

سەرو زمانیت !"

"ئاخۆ. . . پیاڵەیەک چام دەدەیتێ؟

ئەویش وتی:

"هەر ئێستا. . . "

ئانا پـاقڵۆقـنا کەمێک ئارام بووە و تێهەڵچووەوە:

"هەر بەم بۆنەیەوە، دوو کەسی گرنگ ئەمڕۆ دێنە لام. فیکۆنت مۆرتمارتی هەواداری مۆنتمۆرانسی و، بە هـۆی خێزانی ڕۆهانـەوە، کـە درەوشـاوەترین نـاوی فەڕەنسـایە و، چـاکترینی کۆچەرییەکانـە. "مۆریـۆ"ی ڕۆحـانیش! ئـاخۆ. . تـۆیش ئـەم بلیمەتـە دەناسـیت؟ ئەمەیان کەسێکە ئیمپراتۆر خۆی، پێشوازیی لێ کردووە !"

میر قـازیلییش وتی:

"ئای. . کە چەند خۆشحاڵ دەبم، بە ناسینی!"

وەکو ئەوەی ئەو مەبەستەی بیر کەوتبێتەوە، کە بۆی هاتووە!

تێهەڵچووەوە و وتی:

"هـەر بـەم بۆنەیـەوە:ئەڕێ ڕاستە خـاتوو ئیمپراتـۆری دایک، پشـتگیریی لـە هـەڵبژاردنی بـاروون "فۆنـگ" دەکـات، بـۆ پۆسـتی نوێنەرایـەتی مەملەکـەت لـە ڤییـەنـا؟ خـۆ لـە ئـەوەیش دەچێت، ئەو فۆنگە بوودەڵەیەکی هەژاریش بێت !"

لەڕاستیدا میر قازیلی چاوی برێبووە ئەو پۆستە بۆ کوڕەکەی!بەڵام کەسانێکی تریش پەنایان بۆ ماری "فیودۆرۆڤنا"ی خاتوونی ئیمپراتۆری گەورە بردبوو بۆ دامەزراندنی ئەو بـاروون "فۆنگ"ە لەو پۆستەدا و، کارەکەیان سەپاندبوو.

ئانـا پـاقڵۆڤنایش بە کزییەکەوە وتی:

"ئیمپراتۆری دایک پێش خوشکەکەیشی پشتگیریی لە "باروون دی فۆنگ" کردبوو. "

کە ئانا پـاقڵۆڤنا، بە نێوی گەورە خاتوونی ئیمپراتۆری دایکەوە دەدوا، گەلێک لوتبەرزی کرد. ئاخر خۆیشی، هەمیشە حەزی لەم شێوە هەڵنانانە بوو !

دیسان دووبارەی کردەوە، کە گەورە خـاتوونی شکۆدار بایـەخی بـە بـاروون داوە. کـە ئانا هەستی کرد زێدەڕەوی کردووە.

وێستی لە سەختیی بەدواداهاتنی میر لە کێشەی کوڕەکەیدا، بخاتـەوە ڕوو، وتی:ئـەوەتا ناوی خێزانەکەی تۆیش هاتە ناوەوە. . دەزانیت کچەکەی تۆیش پێگەیشتووە و، بە هێندەی ڕۆژی دەم کەڵ، جوانە و، سەرنجی کۆمەڵگەی کێشی خۆی کردووە!؟

میر قـازیلییش دەستی بە سنگەوە بۆ گرت و، بۆی نووشتایەوە.

دوای کـەمـێ بێـدەنگی بـە بزەیەکـەوە لـە میـر نزیکتـر بـووەوە وەکـو ئـەوەی بیـەوێت

سەرنجی رابکێشێت وتی:،"بە خوا بڕێ جار لە دڵی خۆمدا دەڵێم:چارەنووسیش ستەمکارانە بەختەوەری دابەش دەکات."

بڕۆکانیشی لێکنا و دیسان وتی:

"نازانم بۆچی زەمانە خۆشی ویستوویت و، بێ لە "ئاناتۆل"، دوو کوڕی شۆخی تری سەرنجکێشی پێت بەخشیت؟ بە ڕاستی من، هەرگیز خۆشیم لە ئاناتۆلی کوڕە پاشەبەرەتان نایە. بەڵام ئەوانی تر زۆر نازدارو شایستەن. کەچی تۆ ئەو دوانەیانت پشتگوێ خستووە."

میر ڤازیلییش وتی:

"چی بکەم؟ ڕەنگە "لاڤاتر"[1]یش بڵێت کە من وەکو پێویس ئەو کوڕەیانم لە ئامیز نەگرتووە و لە سۆزی باوک بێبەشم کردووە!"

ئانا پاڤلۆڤنایش قسەکەی پێ بڕی:،" واز لە لاقرتی بێنە. . . من دەمەوێت قسەی جدیت لەگەڵ بکەم. دەزانیت لە کوڕە بچووکەکەت زیزم؟"

بە ڕووی گرژەوە تێهەڵچووەوە:

"لە نێومان دەرنەچێت، لە دیوەخانی خاتوونی گەورەی ئیمپراتۆریشدا زەمی ئەو دووانەی تۆیان کردووە! گەلێکیش بەزەییان بە تۆیشدا هاتۆتەوە."

ئانا سەرنجێکێکی هاندەرانەی میری دا بۆ قسەکردن.

میریش توند بوو و وتی:

"دەتەوێت چی بکەم!؟ هێندەی توانیم وەکو باوکێک تەقەلای ڕۆشنبیرکردنیانم دا، بەڵام خۆیان ڕسواو گێلن! ئەوەی هەیە"هیبۆلیت"یان ڕسوایەکی ئارامترە. بەڵام "ئاناتۆل" گێلێکی ڕسوا و سەرگەردانە!"

بزەیەکی پەژاراوی سەر لێوانی کەوت و تێهەڵچووەوە:،"کەوابوو ئا. . ئەوەیە جیاوازییەکەیان."

ئانا پاڤلۆڤنا چاوانی خەواڵووی هەڵبڕی و وتی:

"تێناگەم. . کەسانێکی وەکو تۆ بۆ دەبنە باوک؟ ئاخر هور بە هۆی کوڕەکانتەوە گلەییت هاتۆتە سەر!"

میر ڤازایلییش هەڵیدایە:

"نۆکەرتم. . تۆ تەنیا کەسێکی کە بۆت دەردەخەم کوڕەکانم بوونەتە کۆت و زنجیر بۆ

---

[1] — جان کاسپار لاڤاتر: فەیلەسووف و شاعیر و ڕابەری لاهووت و پرتستانت لە زیوریخ لە دایک بووە و لە نێوان (١٧٤١—١٨٠١)دا گوزەراندووە و داهێنەری زانستی سەرناسی بووە. علم الفراسة: واتە زانستی ناسینەوەی مرۆڤ و خوێندنەوەی ڕوخساری مرۆڤ.

ژیانم! ئەوان کانگای دەردەسەریەکانی منن. لانیکەم خۆم وایان دەبینم. بەڵام ئەی تۆچیت دەوێت؟"

کڕبووەوە و بەدەستەکانی ملکەچ بوونی خۆی بۆ پاشەڕۆژی سەختی خۆی ڕاگەیاند.

دوای بیرکردنەوەیەکی زۆر، ئانـا پاڤلۆڤنا وتی:ئەی بیرت لەوە نەکردووەتەوە، ژن بۆ "ئاناتۆل"ی شپرزەی کوڕت بێنیت!؟ ئێ لای خۆمان وا باوە کچە قەیرەکان بەشوێن مێرد کردندا بگەڕێن! جا ئێمەیش کچێکی ناسیاومان هەیەو باوکی زۆری دەچەوسێنێتەوە! خزمە و، لە خانەوادەی "پۆلکۆنسکی"یە.

میر ڤازیلی سەری بۆ نەوی کردو پرسیی:

"دەزانی ساڵانە ئاناتۆل (٤٠٠٠٠) ڕۆبڵ لەسەرم دەکەوێت؟"

دوای کەمێک سەر دانەواندیش، لە سەری ڕۆیشت:

"ئاخۆ گەر بارودۆخ، تا پێنج ساڵی دی، بەردەوام بێت، چی ڕوو بدات؟ ئەمە بەری باوکایەتی منە!! ئەرێ نەتووت ئاخۆ ئەو خاتوونە قەیرەیە گەنج و دەوڵەمەندە؟"

ئانـا پاڤلۆڤنایش وتی،" باوکی دەوڵەمەندە، بەڵام بەهێندەی دەوڵەمەندییەکەی ڕەزێل و چرووکیشە! دێنشینە و نێوی، میر "پۆلکونسکی"یە و، لە سەردەمی ئیمپراتۆری پێشووەدا خانەنشین کراوە و، ئەودەم بە پاشای بەناوبانگی بڕوسیا بوو! "

وەکو ئەم پۆلکۆنسکییە زۆر بلیمەتە، کەمێ سەخت و ئاڵۆزیشە! ئەو کێژە منداڵکارەی بە دەستییەوە داماو بووە. کچە برایەکی هەیە و، بەم دواییە "بلیزمین"ی مارە کرد و، ئەم زاوایە ئێستا یاوەری دەرباری کۆتۆزۆفە. هەر ئەم ئێوارەیەیش من چاوەڕێی هاتنی ئەو دەبم.

لە ناکاو میر ڤـازیلی دەستی خانەخوێی گرت و بەرەو زەوی دایکێشـا و وتـی :ئارنێت گیان گوێ بگرە! گەر ئەمەم بۆ ڕێک بخەیت، تا دەمرم نۆکەریت دەکەم. ئەوەندەم بەسە کە بووکەکەم لە بنەماڵەیەکی ناوداڕە و دەوڵەمەندە !

ئەمجا کڕنووشێکی بۆ کەنیزەکی دەربار بردو دەستی ماچ کرد و لەسەر قەنەفە تاکەکە لێی دانیشت.

ئانا پاڤلۆڤنایش وتی:

"پەڵە مەکە. . . با ئەم ئێوارەیە "لیز"ی ژنی هەرزەکارە، پۆلکۆنسکی بێت. کارێک دەکەم، بەڵکو زوو ئەم کارە یەکلایی بکەمەوە. ئەمەش دەبێتە یەکەم تەقەلای قەیرەیەکی وەکو من، بۆ هاوسەرگیریی لەگەڵ کەسێکی بنەماڵەکەتان. "

بەشی دوو
پییەر

تا دەهات دیوەخانەکەی ئانا پاڤلۆڤنا سیخناختر دەبوو بە میوانان. گەلێکیان لە بنەماڵە هەمە جۆرە ئەرستۆکراتەکانی پێترزبۆرگ بوون. کارو پیشە جیاواز بوونو تەنیا خزمایەتی، یەکی پێ خستبوون.

کچە "هیلین"ی شۆخ و شەنگی میر ڤازیلی هات بە شوێن باوکیدا، تا بیبات بۆ ئاهەنگی باڵوێزخانەکەی ئینگلتەرە. بەرگە ئاڵا و والا گرانبەهاکەی بەری، دەریدەخست چەندە دەوڵەمەندە!

کیژۆڵە ناسکەکەی پۆلکۆنسکییش، کە بە جوانترین ژنی پێترزبۆرگ ناوبانگی دەرکردبوو، گەیشت. ئەمیان زستانی رابردوو شووی کردبوو. جا لەبەر دووگیانییەکەی، خۆی لە زۆربەی بۆنە و ئاهەنگەکان دەدزییەوە و، ئاهەنگی خزمێکی زۆر نزیک بە خۆی نەبوایە، نەدەچوو.

ئەمجا میر هیبولیتی کوڕی میر ڤازیلییش لەگەڵ مۆرتمارت گەیشت و، هاوڕێکەی خۆی بە پێشوازیکاران ناساند. بە دوایاندا قەشە "مۆریۆ" و، کەسانێکی زۆری پایەدار و، هەرە دەوڵەمەندان گەیشتن.

ئانا پاڤلۆڤنایش یەک کەسی میوانانی نەدەبواردو، لێی دەپرسی:

"پووڕەی خوشکی باوکمت نەدیوە؟"

یان دەیپرسی:

-"پوورم دەناسیت؟"

زۆر جدیانە میوانەکەی دەبردە بەردەم پووڕە کورتەباڵا پێچراوەکەی بە کورسییە پێچکەدارەکەی ژێرییەوە، بەرامبەر دەرگای دیوەخان راگیرابوو. چاویشی دەگێڕا بە میوانان و، (ماتانت - پوور)یدا.

میوانەکانیش، یەکە یەکە، رووپشیان دەکردە پیرەژنە بێزراوەکە و، دەچوونە بەردەمی و، بە چەند رستەیەکی باو، چۆن و چاکییان دەکرد و. ئانا پافلۆفنایش دەستی رێزی بە سنگەوە بۆ دەگرتن و، "ماتانت – پوور[1]"ەیش لە تەندروستییانی دەپرسییەوە. سوپاسی خوایشی دەکرد بە ئەوەی، کە ئیمپراتۆری خاوەن شکۆ دروست و سەلامەتە.

دوای ئەم رێو ڕەسمە میوانەکە، لای پیرەژنە ماتانت، دەگەڕایەوە دواوە و، وەکو ئەوەی باریکی قورس لە سەرشانی، لاچوو بێت، هەناسەیەکی خۆشی هەڵدەمژی و، جارێکی دی، ئەو پیرەژنەی نەدەبینییەوە!

خاتوو پۆلکۆنسکی گوڵۆڵە و شیشەکانی چنینهکەی خۆی لە تووڕەکەیەکی قەیفە نابوو. گەندە مووەکانی سەر لێوی سەرەوەی، تارمایی خستبوو و، هێندەی تر جوانی کردبوو. هێندە قەشەنگ و جوان بوو، گەر بۆ ساتێک پیران و لاوانی خاو وخلیچکیش لەتەکیدا بوونایە، گورج دەبوونەوە!!

میوانەکان هەستیان دەکرد ئەو خاتوو بلکۆنسکیی دایکی داهاتووە، لە هەموویان بەختیار و تەڕوبڕترە! ئەویش بە تووڕەکە قەیفەکەیەوە، خولێکی بە دەوری مێزی نانخواردنەکەدا خوارد و، لە نزیکی سەماوەرەکەوە لێی دانیشت و کراس و تووڕەکەی چنینەکەی کردەوە.

ئەمجا لەبەر خۆیەوە وتی:

"گوڵۆڵە و شیشەکانیشم لەگەڵ خۆم هێناوە !"

رووپشی کردە پیرەژنەی خانەخوێ و وتی:

"ئاگادارببە "ئانێت – پووڕە" تەڵەیەکت بۆ نەنابمەوە! خۆ تۆ نووسیبووت ئاهەنگێکی چکۆلەی هاکازایی دەگێڕم! ئەوەتا منیش زۆر گوێم بە پۆشینی خۆم نەداوە. "

ئەمجا هەستاو، هاتە دواوە و، دامێنی کراسە بە موروو چنراوەکەی کۆکردەوە و، خولێکی خواردو خۆی پیشانی پیرەژنەکە دا.

ئانا پافلۆڤنایش وەڵامی دایەوە:

"لیز خان گوێ مەدەرێ! بەم بەرگانەیشەوە، هەر قەشەنگترینی نێو ئامادەبووانیت!"

لیزیش رووی کردە ژەنەرالێک و بە نازێکەوە وتی:

"دەزانیت مێردەکەم کوشتاری بەرەی جەنگی لە من پێ باشترە و، جێی هێشتووم!!"

---

[1] – ماتانت : زاراوەیەکی فەرەنسیە و پلەیەکی کۆمەڵایەتی بنەماڵەییە و بە مانای پووریش دێت.

لە میر ڤازیلییشی پرسی:

"ئاخر ئێمە، چ پێویستییەکمان، بە ئەم جەنگە نەگریسە بوو؟ "

بێتئەوەی چاوەڕوانی وەڵام بێت، ڕووی کردە (هیلین)ی کچە شۆخی میر ڤازیلییش و، چرپانی بە گوێی ئانا پــاڤلۆڤنادا:ئــای. . ئەو کێژە چەند جوان و شۆخ و شەنگ و ناسکە!!

دوا بە دوای کچی میر ڤازیلی، لاوێکی بۆشناخی سەرتاشراوی چاویلکەداری پانتۆڵ قوماشی گرانبەها، خۆی کرد بە دیوەخانەکەدا.

ئەو لاوە، کوڕی ناشــەرعیی "پیزۆخۆف" بــوو. ئەویش کەسێکی ناسراوی ســەردەمی کاترین بوو. ئەو لاوە لە هەندەران خوێندنی تــەواو کردبوو و، دەمێک نــەبوو گەڕابووەوە ڕووسیا. بەڵام خزمەتی سەربازیی نــەکردبوو. ئەمــەیش یەکەمین جــاری بــوو، لــە بۆنەکاندا دەربکەوێت. خانەخوێیش هــەر وەکو میوانانەکانی تر، پێشوازیی لە ئەویش کرد.

هــەرچی ئــەمیش بــوو، نــەیتوانی ئــەو ســاردییە لــە ڕوخســاریدا بشــارێتەوە کە هــەی بــوو. هــەرچەندە زیرەکیش بوو، بەڵام سادەیی و، شڵەژانی پێوە دیاربوو. هــەر ئــەم سیفەتانەیش بوونــە، هــۆی ئــەو پێشــوازییە ســاردو سڕەی لێی کرا. خۆ ئــەوە کەتــەییەکەیشــی لــەوڵاوە بوەستێت !

ئانا و پوورەی سەیرێکی یەکیان کرد. ئەمیشی برد بۆ لای پوورەی و، پێی ناساندو وتی:پییــەری ڕێزدار، تۆیش کارێکی چاکت کرد:ئەم نەخۆشە داماوەت بەسەر کردەوە.

پییــەریش بە دەم چاو گێڕانەوە، بە ئامادەبووانداو بڵمە بڵمێکی کردو لێی تێنەگەیشتن!

خاتوونــە چکۆلــەی کچــی پۆلکۆنسکییشــی وەکــو خزمێکــی نزیکــی خــۆی بــە بزەیــەکی ناسکەوە، پێشوازی لێ کرد. پییەریش نزیک بە پــوورە بــوو. دڵــەڕاوکێی ئانا پاڤلۆڤنایش لــە خۆڕا نەبوو. چونکە پییــەر پشتی کردە پیرەژنە و، هــەر هــەواڵی تــەندروستیی ئیمپراتۆرەیشی نەپرسی!

ئانایش چووە بەردەمی و لێی پرسی: مۆریۆی باوکە قەشە دەناسیت؟

ئەویش وتی:

"بەڵێ شتێکیشم دەربارەی پرۆژەی "ئاشتییە جیهان"یەکەی، ئەمیش بیستووە. بەڵام ئــەو پرۆژەیەی ئەو، کردەیی نییە!"

ئانا پاڤلۆڤنایش وتی:

"ئەوە تۆیش بەلاتەوە وایــە!؟ "

ئانــا وێســتی بچێتــەوە نێــو میوانــەکان، بــەڵام پییــەر هەســتی کرد، هەڵەیــەکی گــەورەی کــردووە و، دژ بــە پیلانــی پێشــووی بــووە! بــە ئــەوەی، پشــتی لــە ئانــا کــردووە و گــوێی نەداوەتێ. بۆیە هەڵگەڕایەوە و، ڕووی تێ کرد و، ملی نــا بــەلارەوە و، هۆیــەکانی بێکــەڵکیی پرۆژەکەی قەشە مۆریۆی بۆ ڕوون کردەوە و، تێگەیاند کە پرۆژەیەکی خەیاڵییە.

ئانا پاڤلۆڤنایش بە زەردەخەندەیەکەوە وتی:دواتر قسەی لەسەر دەکەینەوە.

ئەمجا ئەو لاوە گەمژە هەرزەکارەی، جێ هێشت و، گەڕایەوە نێو میوانەکانی و، هەر چاوێکی کردە چوار، وەکو ئەو خاوەن کارگە چنینەی لێهاتبوو، کە جرت و فرتی دەبێت، بە نێو کارگەکەیداو ئەم کرێکار دەخاتەوە شوێنی شیاوی خۆی،و، کارەکانیان بەسەردا دابەش دەکات و، سەرپەرشتی ئامێرەکان دەکات.

ئەمە قسەی بۆ کۆمەڵێکی بێدەنگ دەکرد و، پەلی دوورە پەرێزانی دەگرت و، تێکەڵی قەرەباڵغیی هۆڵەکەی دەکردنەوە.

بەڵام بەو هەموو جموجوڵەیەشییەوە، ئەو خەمەی بۆ نەدەشاردرایەوە کە بە هۆی پییەرەوە تووشی ببوو! لە کاتی چاودێریکردنەکەیدا پییەری بینی، بەرەو ئەو کۆمەڵە دەچوو کە لە مۆرتمارت کۆبووبوونەوە و، ئەویش قسەی بۆ دەکردن.

ئەمە یەکەمین ئاهەنگ بوو، کە ئەو پییەرە، تێیدا بەشدار بوو. بۆیە لەو منالّە ئەبڵەقەی نێو دوکانی یاری فرۆشی منالاّن دەچوو. کە بە سەرسووڕمانەوە، لە شتەکان دەڕوانێت!

کە پییەر ئەو کەسایەتیە ناسراوانەی لەو ئاهەنگەدا بینی، نەیویست هیچی بە سوودی بەسەردا تێپەڕێت. چاوەڕێی بیستنی بیروڕای بالا بوو. پێی وابوو، گفتوگۆی نێوان باوکە قەشە مۆریۆ و، دەوروبەری گرنگە و، هەلی رەخساوی بەشداری کردنی ئەو گەنجانەی بۆ رەخساوە و، تێکەڵیان بوو.

بەشی سێ
کوژرانی دۆق "دانجیان[1]"

ئاهەنگەکەی ئانا پاقلۆقنا وەکو چەرخەکانی کارگە دەسووڕا و، پێکدادان رووی نەدا. "پووڕە پیرە" نەبێت پەراوێز خرابوو و، تەنیا پیرەژنێکی دەم و چاو، باریکەلە نەبێت، کە ئەویش بەلایەوە بوو و، قسەی بۆ دەکرد، کەسی بە دەورەوە نەبوو. بۆیە خۆشی لە ئاهەنگەکە نەدەهات و، پەشۆکاوی و بێزاری، بە روخساریەوە دیار بوو.

میوانانی دیوەخانیش، بووبوون بە سێ بەشەوە:

کۆمەڵەی یەکەم پیاوان بوون و، لە مۆرێزی قەشە باوک کۆبووبوونەوە. **کۆمەڵەی دووەم** هەرزەکاران بوون و، لە خاتوو "هیلین"ی جوان و قەشەنگی کچی پۆلکۆنسکیی، گرد بووبوونەوە. ئەویش هەرچەن سوور هەڵگەڕا بوو، بەڵام نەرم و نیان بوو.

کۆمەڵەی سێیەمیش چواردەوری مۆرتمارت و ئانا پاقلۆقنایان دابوو. ڤیکۆنتی لاو و ڕێکپۆش و سەر و زمان شیرینیش، پێی وابوو تەنیا خۆی کەسێکی باڵا و دیارە! بۆیە دڕێغی نەدەکرد، لە رازیکردنی مەرامی دەورو بەرەکەی.

ئاخر ئانا پاقلۆقنایش لە کاتی ناساندنی ئەو ڤیکۆنتەدا، بە میوانەکان، دڕێغیی لە وەسف کردنی نەکردبوو.

چێشتلێنەرەکەیشی چێشتێکی هێندە بێ تامی پێشکەش کرد، گەر لە چێشتخانەیەکی پۆخڵدا دابنرایە خەڵکی پێ دەڕشایەوە. . !

---

[1] – دانجیان: لە (١٧٧٢) لە شانتیلی لەدایک بووە و بە فەرمانی ناپلیۆن فڕێنراو گوللەباران کرا.

ئانایش، چاکترین جۆری خواردنی هەڵبژاردبوو بۆ ڤیکۆنتی لاو و، باوکە مۆریۆی قەشە لە پێشەوە و لە نێو کۆمەڵەی مۆرتمارتدا، باسی کوژرانی دۆق دانجیان کرا. ڤیکۆنت لەسەر ئەوە سووربوو، کە دۆق بە هۆی چاکی و دڵپاکی خۆیەوە، بە فیتی پۆناپارت تێداچووە !

ئانا هەڵیدایە:

"ئاخ و داخ. . دەی ڤیکۆنت. . لەسەری بڕۆ!"

ئەم شێوازی قسە کردنەی ئانا لویسی پازدەی وەبیر دەوروبەری دەهێنایەوە! ڤیکۆنتیش بزەیەک گرتی و، وەکو ڕێزێک بۆ ئانا داموکایەوە. ئانا پاڤلۆڤنایش کۆمەڵەکەی لێ خڕ کردەوە و، داوای لێکردن جوان گوێی لێبگرن.

ڕوویشی کردە یەکێکیانو وتی:

"ئاخر ڤیکۆنت هاوڕێی نزیکی دۆق بوو. "

بە یەکێکی تریشی وت:

"ڤیکۆنتیش سەرو زمانێکی پاراو و شیرینی قسە کردنی هەیە!"

بە سێیەمیشی وت:

"پیاوێکی خۆش مەشرەبە و، زوو دەچێتە دڵەوە!"

بەو شێوەیە ڤیکۆنت دڵی چینی باڵا و، پەرەگرتووی ڕاگرت و، قسەکانی ترش و خوێ دەکرد.

ڤیکۆنت بزەیەکی هاتێ و، خۆی بۆ قسە کردن سازدایەوە.

ئانا پاڤلۆڤنایش هیلینی نازداری پەلکێشی لای خۆی کرد و، پێی وت:

"وەرە ئێرە دا بنیشە، ئازیزەکەم. "

هیلینیش بە بزەیەکی خانومانانەی عیشوەدار و، شەپۆلی کاکۆڵ و، بریسک و هوڕی خشڵەکانی و، خشەی دامێنی کراسەکەیەوە، دڕی بە میوانەکان دا و، ئەوانیش ڕێیان بۆ کردەوە و، بە لەنجەولارەکەی هەلی پتری بۆ دەوروبەرەکەی سازاند تاکوو تاسەیان، لەو گەردن و شانە ڕووت و، باڵا نەونەمامەی بشکێت و، وەکوو ئەوەی هەموو جوانی جیهان، لەگەڵ خۆیدا، بەکێس بکات، چووە لای پاڤلۆڤناوە و، لێی دانیشت. هەرچەندە هیلین بێ ماکیاژ و ڕتووش بوو، بەڵام فرە شۆخ و شەنگ بوو !

هەرکەس دەیبینی خۆی بۆ نەدەگیرا و، لەبەر خۆیەوە دەیووت:وای لەو نازداری و شۆخ و شەنگییە!!

بەرامبەر مۆرتمارت دانیشت بوو و بزەیەکی بۆ ئەویش کرد.

ڤیکۆنتیش سەری لە جوانییەکەی سووڕما و کڕنووشی بۆ ئەویش برد و وتی:لە بەرامبەر ئەو هەموو جوانییەی تۆدا. . بەزەییم بە خۆمدا دێتەوە!!

ئەمیش لە بەرامبەر پیاهەڵدانەکەیدا، بێدەنگ بوو. پاڵی دایەوە و، باسکی لە سەر شانی

کورسییەکە دانا و، ئەمەیش جوانیی لەش و لار و، ئەو گەردنە بە زنجیرە، مرواریییەی، ناڕێک کردبوو. بە دڕێژایی گێڕانەوەی بەسەرهاتەکە، بەرگەکانی خۆی ڕێک دەخستەوە و، ئەوە کاری بوو. کە ڕووداوی چیرۆکەکە سەرنجڕاکێش دەبوو، بە چاوانی زەقەوە، ڕووی دەکردە ئانا پاڤلۆڤنا و، هەر زوویش ئاسایی دەبووەوە.

خاتوونە چکۆلە مێزی چاخواردنەوەکەی جێهێشت و وتی:

"جێم مەهێڵە با تووڕەکەی چنینەکەم کۆ بکەمەوە".

ڕوویکردە هیبۆلیتیش و، وتی:

"بیر لە چی دەکەیتەوە؟ بێنە ئەو جانتای شانەم بدەرێ."

بەمە قسەکردن و پێکەنین و ژاوە ژاوێکی لە ناو کۆڕەکەی مۆنتمارت نایەوە.

خاتوون دانیشت و، دوای خۆ ڕێکخستنەوە، وتی:

"ئێ وا جێی خۆم گرت و، ئێستا دڕێژە بە چیرۆکەکە بدە."

میر هیبۆلیتیش کە بەجانتاکەوە بە دوایەوە بوو، کورسییەکی ڕاکێشایە لایەوە و دانیشت.

هیبۆلیت و هیلینی خوشکی، زۆر لە یەک دەچوون. هیلین کراوە و ڕوو بە پێکەنین و گەشبین بوو لە ژیانیدا. بەڵام براکەی ڕوو گرژو جۆرێک لە گێلی پێوە دیاربوو. وێنەکێشی قەد و باڵای هیلین، دڕێغی نەکردبوو لە سازدانیدا. بە پێچەوانەی قەد و باڵای لاواز و ناوقەد باریکیی براکەیەوە بوو. ڕووە گرژەکەی دەوری دەم و لووتی، شێوەی کەسێکی شەڕەنگێزی پێ بەخشیبوو.

هێشتا پاڵی نەدابووەوە چاوێلکەکەی ڕێکخستەوە. نا حەقی نەبوو، چونکە وایشی نەکردایە، قسەی بۆ نەدەهات !

لەسەرخۆ پرسیی:چییە . . چیرۆکی دێو و خێو و تارماییە!؟

قسەکەریش بە سەرسوڕمانەوە شانەکانی هەڵتەکاند و وتی:نەخێر. . ئازیزەکەم.

ئەویش ناچار ویستی هۆی پرسیار کردنەکەی دەربخات، وتی:

"چونکە لە چیرۆکی دێو و خێو دەترسم!!"

هەرچەند جدییانە دەدوا، بەڵام قسەکانی ئەوەندە تۆکمە نەبوو، گوێگر دروست وەریانبگرێت.

جووتێ گۆرەویی ئاوریشمینی لە پێدابوو. هەر چۆنێک بوو ڤیکۆنت دڕێژەی بە گێڕانەوەکەی دا و، بە گوێرەی ڕووداوەکان، جووڵە و دەنگی دەگۆڕی.

بە کورتی ڕووداوەکە وابوو:

دۆق دانجیان بە دزییەوە گەڕابووەوە پاریس تا سەردانی خاتوو دۆموازیل جۆرج بکات. لای ئەو دۆموازیلە، لووتی دەتەقێت بە لووتی پۆناپارتدا. تومەز دەمێک نییە،

ناپلیۆنیش، دڵی ئەو خاتوونەی، بە دەست هێناوە! پۆناپارت وڕ دەبێت و، دەبووریتەوە. دوقیش هێندە بە ویژدان دەبێت، گوررزی خۆی لە دوژمنەکەی ناوەشێنێت و، هەر ئەو چاکەیەیشی بووە هۆی تێداچوونی. بەوەی جارێکیان دەبێتە نێچیر بۆ ئەو دوژمنە سەر سەختەی. ئەوە بوو پۆناپارتیش پیلانی کوشتنی دۆقی بەو شێوەیە دانا بوو.

ڕووداوەکە سەرنجڕاکێش بوو! بە تایبەتی ئەو دەمەی هەردوو دوژمنەکە لووتیان پێکدا دەتەقێت. بێگومان ئەم هەڵوێستە کاری لە خاتوونەکانیش کرد.

بۆیە ئانا پاڤلۆڤنایش، ڕووی لە کچەی بلکۆنسکی کرد و، هاواری کرد:ئەی چەندە سەیرە. . . وانییە؟

خاتوونە چکۆلەیش، لای خۆیەوە، دەرزییەکەی چەقاندە چنینەکەی و مت بوو! دوای کەمێک ڕامان، پشتگیریی کرد و پێیوت:دەمخۆش!

ـ ئانایش ڕووی تێکردو، بە بزەیەک سوپاسی پشتگیرییەکەی، ئەمیانی کرد.

ئانا پاڤلۆڤنا سەرنجیدا لەولاوە بووەتە مشت ومڕ. خەمی ئەوەی بوو لاوەکە کەرێتییەک بنوێنێ بەرامبەر مۆریۆی باوکە قەشە و، خۆی گەیاندە لایان. لە ڕاستیدا پییەر لە گفتوگۆی هاوکێشەیی ئەوروپادا بوو، لەگەڵ باوکە قەشەی مۆریۆ و، ئەویش باسی پرۆژەی "ئاشتییە جیهانی"یەکەی خۆی بۆ دەکرد. ئەو گێلەیش، زۆر بە تاسەوە گوێی بۆ گرتبوو !

باوکە مۆریۆ دەیوت:

"تەنیا چارە هاوکێشەبوونی ئەوروپایە و، مافی تاکەکانی کۆمەڵگە. ئەگەر دەوڵەتێکی مەزنی وەک ڕووسیا، سەرۆکایەتیی هاوپەیمانیەتیی ئەوروپا رابگەیەنێت بۆ هاوکێشە بوون و، ڕاستگۆیانە کاری بۆ بکات، ئەوا جیهان ڕزگار دەکات. "

پییەریش پرسیی:

"جا ئەو هاوکێشەبوونە، چۆن دەبینییەوە؟"

بەڵام ئانا پاڤلۆڤنا سەرنجێکی پییەری دا و، ناچاری کرد درێژە بەو چەڵەحانێیە نەدا.

ڕوویشی کردە، قەشە مۆریۆ و، لێی پرسی:

"کەش و هەوای ئێرەت پێ چۆنە؟ بەرگەی دەگریت؟"

ئەم ئیتالییەش هەمیشە بە ڕوو کراوەیی و، بەخەندە بوون، لە بەرامبەر ژناندا، تاک بوو و، بەم سیفەتە ناسرابوو.

باوکە مۆریۆیش، بە هەمان شێواز وەڵامی دایەوە:جوانی ئەم کۆمەڵگایە، شادی کردم و، بەختم یار بوو پێیان و، ئەوان سەرسامیان کردووم! جۆرێک کە بیرم هەر بەلای ئاو و هەواوە، نەماوە !!

ئانا پاڤلۆڤنا نەیدەویست ئەو دوانە پێکەوە بن. بۆیە هەردوکیانی خستە ژێر چاودێری خۆیەوە.

بەشی چوار
خاتوو درۆپتسکۆی

ئا لەم کاتەدا میوانێکی نوێ، کە میری هەرزەکار 'ئاندریە پۆلکۆنسکی'ی مێردی خاتوونە چکۆلە بوو و، خۆی کرد بە ژووری میوانەکەدا. لاوێکی شۆخ و بالا مامناوەند بوو. شێوە رۆیشتن و سەرنجە ماندووەکانی، رێک پێچەوانەی گورج و گۆڵیی هاوژینە شۆخ و شەنگەکەی خۆی بوو. بێزار بوو لە بینینی میوانەکان و، هەموویانی دەناسی و، ڕووی بە کەسیان نەدەدا و، گوێی لێ نەدەگرتن. تەنانەت ڕووی لە ژنەکەی خۆیشی وەرگێڕا.

دوای ماچ کردنی، دەستەکانی ئانا پاڤلۆڤنا، بە چاوانی نیمچە نیشتووەوە، سەرنجی ڕوخساری میوانانیشی دا.

ئانا پاڤلۆڤنا لێی پرسی:میرم، تۆیش چوویتە ڕیزی جەنگاوەرانەوە!؟

ئاندریە پۆلکۆنسکیی مێردی هیلین، بە فەڕەنسی وەڵامی دایەوە:ژەنەرال کۆتۆزۆڤ بە یاوەری خۆیشی، هەڵی بژاردووم!

ئانایش وتی:

'ئەی لیزی ژنت!'

ئەویش وتی:

'دەچێتەوە لادێ و، وەک هەر دێ نشینێک، لێی دادەنیشێت.'

ئانایش وتی:

"ئەرێ تۆ تەریق نابیتەوە کە بەو شێوەیە، خۆت و ژنە شۆخ و شەنگەکەتمان، لێ دەشاریتەوە؟"

ژنەکەیشی بەنازێکەوە، بانگی کرد:ئاندریە:خۆزگە گوێت لەو چیرۆکە خۆشەی ڤیکتۆنت بوایە، لە بارەی بۆناپارت و، کاتێک مادمۆزێل جۆرج،دەیگێڕایەوە.

میر ئاندریەیش برۆکانی هێنایەوە یەک و، ڕووی لێ وەرگێڕا. پییەریش کە هەر لە هاتنە ژوورەوەی ئەو ئاندریەوە، خستبوویە، ژێر چاودێریی خۆیەوە، مەچەکی گرت. ئاندریەیش، وەکو لای نەکردەوە بەلایدا، بێزاربوونی ئەم لەزگەیەی، پێوە دیاربوو.

کەچی لە پڕێکدا چاک و چۆنییەکی گەرم و گوڕی لەگەڵ کردو لێی پرسی:

"تۆیش تێکەڵوی نێوەندە هەرە دەوڵەمەندەکان بوویت و، خۆت گونجان؟"

پییەریش وتی:

"چاوەڕێی بینینت بووم. ئاخۆ میواندارێم دەکەیت، بۆ خواردنی نانی ئێوارە؟"

تا قسەکانیش بە "ڤیکتۆنت ـ ئاندریە" نەبڕێت، ئەم دواییەن رستەیەی، بە دەنگی نزم وت.

میر ئاندریەیش بە پێکەنینەوە وتی:

"شتی وا نابێت و، مەحاڵە. "

بەڵام بە هۆی گوشینە گەرم و گوڕەکەی، دەستەکانی پییەریشەوە:تێی گەیاند کە خواردنی نانی ئێوارە، زۆر ئاساییە. وێستی درێژەی بداتێ، بەڵام لەو کاتەدا، میر ڤازیلی و کچەکەی هەستان و، ئەمانیش ڕێی دەرچوونیان بۆ کردنەوە.

میر دەستی مۆرتمارتی گرتو نەیهێشت لەبەری هەڵبستێتو وتی:بووڕە ڤیکتۆنت گیان. ئاهەنگی باڵوێزخانەی ئینگلتەرە لێی تێکدام و ناچارم بڕۆم.

میر ڤازیلییش، ڕووی دەمی کردە "مۆرتمارت ـ ئاندریە" و، مەچەکیشی گرت:بەداخەوە. . ئاهەنگەکەی باڵوێزخانەی بەریتانیا، لێی تێکدام و، ناچارم ئاهەنگە قەشەنگەکەت، جێ بهێڵم.

هیلینیش بە لەنجەوە، بە نێو ریزە کورسییەکاندا تێپەڕی. کە لە پییەر نزیک بووەوە، ئەویش بە پێوە وەستابوو و، بە تامەزرۆییەوە سەرنجی ئەوی دەدا.

بۆیە پۆلکۆنسکی هەڵایدایە:

"ژنێکی تا بڵێیت:نازدار و شۆخ و شەنگە!"

پییەریش بە چرپەیەک، هاوڕای بوو و وتی:

"بەڵێ ژنێکی تا بڵێی جوانە!"

میر قـازیلی دەستی پییەری گرت و، لە ئانا پاقلۆقنایشی روانی و، پێی وت:

"تکا دەکەم ئەم ورچەم بۆ دەستەمۆ بکە. هەرچەند ئەوە مانگێکە لای منە، بەڵام ئەوە یەکەمجارە، لە نێو کۆڕ و کۆمەڵدا دەیبینم!! بۆ رێکخستنی ڕەوشتی هەرزەکاران:هیچ شتێک ناگاتە هاوڕێ بوونی ژنانی ژیر!"

لە کاتێکدا، ئانا پاقلۆقنا، دەیزانی خزمایەتی باوکی و میر قازیلی چۆنە؟ کەچی بە بزەیەکەوە، پەیمانی پێدا، بایەخ بە پییەر بدات.

ئەو ژنە بە سـاڵاچووەی لای ماتانت بـوو، کـە میـر قـازیلیی بینـی، بـەرەو داڵانەکـە دەڕوات:کەوتە ڕاکردن بە دوایدا.

لە داڵانەکەدا، پێی گەیشتەوە و، پێی وت:

"میرم. . هیچ مژدەیەکت، لە بارەی مۆریسەوە پێ نییە، بۆ من!؟ ئاخر منیش ناتوانم لەمە زیاتر لەم شارەی پێترزبۆرگ بمێنمەوە! "

هەرچەند میر بێباکانە، گوێی لێ گرتبوو و، ئۆقرەی لێ برابوو. بەڵام ئەو پیرەژنە،بە زەردەخەنەیەکی ناسکەوە دەدوا، تاکو سەرنجی زیاتری میر رابکێشێت و تەنانەت بە دەم قسە کردنەوە، قۆڵیشی توند گرتبوو.

بە پاڕانەوەوە دریژەی پێدا:

"ئەگەر قسەیەکی خێرم لایان بۆ بکەیت، هیچی تێ ناچێت و، کوڕەکەم لە فیرقەی پاسەوانان وەر دەگیرێت. "

میر قازیلییش لە وەڵامیدا وتی:

"بڕوا بکە هێندەی لە توانامدا بێت، تەقەلای بۆ دەدەم. . خاتوونەکەم. بەڵام قسە کردن لەگەڵ کەسی ئیمپراتۆر خۆیدا، ئاسان نیە! ئامۆژگاریت دەکەم لە ڕێی میر جۆلستینەوە، پەنا بۆ ڕۆمیانتسیڤ بەریت. تەنیا بەو کارەسەرکەوتووتر دەبیت. "

جاران ئەم پیرەژنە بەسـاڵاچووە، یەکێک بوو لە خاتوونە لەبەردڵەکانی درۆپتسکۆی و، لە بە ناوبانگەکانی ڕووسیا بوو! بەڵام هەژاری و نەداری، لەو چین و تـوێژە دەوڵەمەندانە و، لە کەسایەتییە بە ناو بانگەکانی دابڕی بوو.

هاتنیشـی بـۆ شـاری پێترزبـۆرگ بـەو ئومێـدە بـوو، کـە ڕاژەی کـوڕە تاقانەکـەی بگوێزێتەوە، بۆ سەر میلاکی فیرقەی پاسەوانان. ئەگەرنا تەنانەت، بانگهێشتیش نەکرابوو بۆ ئاهەنگەکە. هەر ئەوەیش ناچاری گوێ گرتنی بۆ چیرۆکەکەی ڤیکۆنت کردبوو. یەکەم جاریش وەڵامەکەی ئانا ترساندبووی و، کەمێکیش پێی شڵەژابوو. بەڵام دواتر بە خۆیدا هاتبووەوە و، بە تونديیش مەچەکی میر قازیلیی گرتبوو.

ڕووی کردەوە میر ڤازیلیی و وتی:گوێ بگرە میرم، لە ژیانمدا داوای هیچم لێ نەکردووین. بێ منەتیش بە. هاوڕێیەتی ئەو ڕەحمەتییەی باوکمیشت بیر ناهێنمەوە، کە چەندە تەقەلای دەدا پلە و پایەی تۆ بڵند بکاتەوە! چەندەیش خاتری تۆی لا بوو. بەڵام تووخوا لەبەر کوڕەکەم، واسیتەیەی بۆ بکە و، من زۆری پێ دەزانم و وای دادەنێم لە بدەیی و بەخشندەیی خۆتدا نقوومت کردووم.

دوای کەمێک بێدەنگی درێژەی پێدا:

"تەنیا پەیمانم بدەرێ و هیچی تر. زووتریش جۆلستینم بینیوە و قسەی شکاندووم.

هەرچەند چاوانی بە فرمێسک بوون، بەڵام بزەیەکی سەر لێوان خست و، لە سەری ڕۆیشت:ئێستایش خۆت وەکو جارانی کۆن و هەرزەکاریت لێ بکەوە. . پیاوی باش بە!

هیلینی نازدار، لە دەم دەرگاکەوە، هاواری کرد:

"باوکە، خێراکە با دوانەکەوین. "

دەست ڕۆیشتوویی جیهانی بالآیش، سەرمایەیەکە و، دەبێت بیپارێزین! ئەگەرنا. . زوو دەبێتە هەڵم و، هەژارمان دەخا.

گەنجینەکەی میر ڤازیلی چۆڵ بوو بوو و، بە کەمی دەستی بۆ دەبرد. گومانی نەبوو گەر هەرکەسێک داوای واسیتەی لێ بکات و، بۆی جێبەجێی بکات. کاتێک بە خۆی دەزانێت:هیچی بۆ بەرژەوەندیی خۆی پێ ناکرێت!

لەگەڵ ئەوەیش پاڕانەوەکەی ژنەی درۆپتسکۆی، وای کرد دڵی پێی بسووتێت و، سەرزەنشتی خۆی بکات. چونکە بە سالآچووەکە راستی وتبوو!! ئاخر کاتی خۆی باوکی ئەو، یارمەتییەکی فرەی ئەو ڤازیلییەی دابوو! پشتگیریی زۆری کردبوو، بۆ وەرگرتنی ئەم پلە و پایە بالآیەی ئێستای. لێیشی ڕوون بوو کە ئەم پیرەژنە لەو کەسانەیە، کۆڵ نادەن و، ئەگەر دەست بنرێت بە ڕوویانەوە، زمانیان نهاوەستێ و، لەملاو ئەولا سەرزەنشتیان دەکەن و، دەوروبەر تێدەگەیەنن.

ئەمە بووە هۆی ئەوەی بە ڕوویەکی خۆشەوە پێی بڵێت:

"ئانا میخائیلۆڤنای ئازیز. . . زۆر سەختە بتوانم ئەم ئارەزووەت بێنمە دی. لەگەڵ ئەوەشدا درێغی ناکەم، بۆ رازیکردنی تۆ و، وەفای خۆم بۆ ڕەحمەتیی باوکت بسەلمێنم. پەیمان دەدەم ڕاڕەی کوڕەکەت بگۆڕمەوە سەر فیرقەی پاسەوانان. . خۆ بەم کارەم، ڕازی دەبیت. . وا نییە؟"

پیرەژنە بەسالآچووەش وتی:

"هاوڕێی بەڕێز. . منیش هەر چاوەڕێی ئەمەم لێ دەکردیتو دەمزانی پیاوی چاکیت. "
میر کڕنووشی برد و وێستی بڕوات. بەڵام پیرەژن هەڵیدایە:تکایە شتێکی ترم هەیە.
میریش کەمێک راماو وتی:
"تەقەلا بدە و پرسیاری "میخائیل ئیلار یۆنۆڤۆتیسن کۆتۆزۆڤ"ی هاوڕێت بکە، بەڵکو ئەو بیکاتە یاوەر و پاسەوانی خۆی. ئەو کاتە دڵم ئاو دەخواتەوە!
میر ڤازیلی بە پێکەنینەوە وتی:
"بۆ ئەمەیان ناتوانم، پەیمانت بدەمێ. ئەگەر بتزانیبایە لەو کاتەوە کۆتۆزۆڤ بووەتە گەورە ژەنەرال، چەندە فشاری لەسەرە، دەتبەخشیم. جارێکیان خۆی پێی وتم:دەڵێی ژنانی مۆسکۆ پیلانیان بۆ من داناوە. . هەموویان داوام لێ دەکەن تاکو منالەکانیان بکەمە یاوەرو پاسەوانی خۆم" !!
پیرەژنە بەسالاچووەیش هەڵیدایە:
"نەخێر. . هاوڕێ، نەخێر. . ئەی خاوەنی چاکە بەسەرمەوە:من کۆڵ نادەم تاکو پەیمانی ئەمەیشم نەدەیتێ. "
هیلینی شۆخ و شەنگی کچی، بە پەلە دووبارە بانگی کردەوە:
"بابە خێراکە با دوانەکەوین. "
میر ڤازیلییش وتی:
"دەبینیت چەندم پەلەیە! خواحافیز. "
پیرەژنیش وتی:
"ئەوە پەیمانت داوە کە داوام لە ئیمپراتۆر بۆ بکەیت. "
ئەویش بە دەم ڕێوە وتی:
"بێگومان وایە. بەڵام بۆ کۆتۆزۆڤ پەیمانم نەداوە. "
پیرەژنەیش بە ناز و نووکێکەوە، کە تەنیا لە سالانی کۆنی خۆی دەهات، وتی:
"بەڵێ. . بەڵێ. . بڕاوەتەوە. "
دیاربوو پیرەژنە تەمەنی خۆی، بیرچووبووەوە و نازو نووکی مێینەیی خۆی بەکار دەبردا! بەڵام هەر کە میر ڤازیلی لە چاو ون بوو، خۆی گەیاندەوە کۆڕی وتوویژی ڤیکۆنت. ڕوخساری خۆی، ئاسایی کردەوە و، وا خۆی پیشاندا، ئەویش گوێی بۆ قسەکانی ئەو ڤیکۆنتە ڕاگرتووە.

بەشی پێنج
وتوویژ لە بارەی بۆناپارتەوە

ئانا پاڤلۆڤنا پرسیی:

"ئەی بۆ گاڵتەجارپەکەی ڕێ و ڕەسمی سەر تەختی پاشایانە نان خواردنی سەر خوانەکەی بۆناپارت و لە شاری میلان، دەڵێی چی!؟ یان هاتنی ئەم دواییانەی دانیشتوانی جینس و لۆک و ئەو متمانەدانەیان بە بۆناپارتی سەر تەختی شاهانە، چی دەڵێیت، کە هێندە سەرسووڕهێن بوو، وەختەبوو خەڵکەکە، بۆی شێت ببن و، وا دەزانرا هەموو جیهان ژێرییان، لە دەست داوە؟"

بە بزەیەکەوە، میر ئاندریە چاوانی بڕییە ئانا و نازدارانە، قسەکانی ئەو دەمەی پلە وەرگرتنەی بۆناپارتی دووبارە کردەوە:

"بەڵێ:ئەوە بەخشینی خوابوو بۆ من و، هاوار بە مااڵی ئەوانەی دەستی بۆ دەبەن! "

بە ئیتالییش ئەو ڕستەیەی ناپلیۆنی وتەوە.

ئانا پاڤلۆڤنایش دریژەی دایە:

"خوازیارم ئەو کردەوەیە دوا چۆڕی پڕبوونی گۆزەکە بێت[1]. بە خوا میرەکان وایان

---

[1] ـ ئیدیۆمێکی ڕووسیەکانە و خۆیشمان بۆ ئەم مەبەستە وتوومانە: دوای بڕێت. و/کوردی

لێهاتووە، بەرگەی پیاوێک نەگرن کە بووەتە هەڕەشە لەسەر هەموو شتێکیان.'

. ڤیکۆنتیش لە سەرخۆ وتی:

'میرەکان. . بێگومان من قسەم لەبارەی ڕووسیاوە نەکردووە، خاتوونەکەم! میرەکان چییان بۆ لویسی شازدەیان و بۆ خاتوونی ئیمپراتۆریان مەدام ئەلیزابیت کردووە؟'

بە هەڵچوونێکەوە درێژەی دایە:بێگومان هیچ، هاوڕێیان. بڕوا بکەن ئێستا سزای ئەو ناپاکیانەی خۆیان وەردەگرنەوە، کە زووتر لە بنەماڵەکەی بۆربۆنیان کردبوو. ئەوەتا ئێستایش ئەوان، نوێنەریان ناردووتە لای داگیرکەرو، پیرۆزباییان لێ کردووەو دڵسۆزیی خۆیان بۆ دەربڕیووە.

هەناسەیەکی ڕق و کینەی قوواڵی، هەڵکێشاو باری دانیشتنەکەی خۆی گۆڕی و سەیرێکی میر هیپۆلیتی کرد.

هیپۆلیتیش وا چاویلکەکەی لەسەر لووتی دانا بوو، تا بە دڵی خۆی سەرنجی ڤیکۆنتی پێ بدات. لە ناکاو داوای لە خاتوونە منالکارەکەی خۆی کرد، کە ئەو دەرزیی چنینەی بداتێ. بەو دەرزییە ئاڕمی خێزانی کوندەی لەسەر مێزەکە پێ کێشا. پاشان هەر وەکو ئەوەی ئەو خاتوونە داوای باسی ئەو ئاڕمەی لێ کردبێت، زۆر جدیانە کەوتە باسکردنیو ئەویش ناچار گوێی بۆ شل کرد.

ڤیکۆنت بێ گوێدانە خەڵکەکە و، وەکو ئەوەی هەر خۆی گرنگ بێت و لە هەمووان شارەزاتر بێت، دەدوا:

'ئەگەر ناپلیۆن سااڵێکی تریش، حوکمڕانی بکات، بارەکە هەروا نامێنێتەوە. پیلان و زۆرداری و ستەم و رسوا بوون، کۆمەڵگەی فەڕەنسا هەڵدەوەشێنێت. جۆرێک دادەڕمێت کە جارێکی دی، خۆی نەگرێتەوە. مەبەستم تۆڕی باڵای کۆمەڵگایە.'

دواتر شانی بێزاریی هەڵتەکاند و، قسەکانی داچۆڕانە کپبوونەوەوە. بابەتەکە وا سەرنجی پییەری ڕاکێشا بوو، حەز بکات قسەی لەسەر بکات. بەاڵم ئانا پاڤلۆڤنا کە لە زووەوە چاودێری بوو و، مۆڵەتی نەدا. خۆیشی بەو شێوازە تۆقێنەرانەی پێ راهاتوو لە باسکردنی بنەماڵەی ئیمپراتۆردا وتی:

'ئەلکسەندەری ئیمپراتۆر ئەوەی وتووە کە ڕێ بە فەڕەنسییەکان دەدات بە دڵی خۆیان جۆری حوکمڕانیی خۆیان هەڵبژێرن. منیش بڕوام وایە گەر ئەو پیاو خراپە لەسەر کورسی شاهانە لابببرێت، گەل خۆی فڕێ دەداتە کۆشی حاکمی ڕەوای خۆیەوە'.

ڕستەی کۆتایشی بۆ رازیکردنی کۆچبەری نەجیبزادە بوو.

میر ئاندریەیش وتی:

'وا دەرناکەوێت و بارەکە لەوەی تێپەڕاندووە. بێگومان ڤیکۆنتی ڕێزداریش لەمەدا پشتگیریم دەکات. تەنانەت وایشمان لێ هاتووە تۆڕی پەڕەکانی رابردووی خۆیشمان،

بیرچووەتەوە و، بە ئاسانی بۆمان زیندوو ناکرێتەوە!"

پییەریش سوور هەڵگەڕا و وتی:

"دەمەوێ پێتان بڵێم چینی خانەدانیش، داویانەتە پاڵ بۆناپارت.

ڤیکۆنتیش بێئەوەی سەیری پییەر بکات، وتی:

"ئەو قسانە بۆناپارتانەیەو لەم بارە پڕ ئاژاوەیەدا، سەختە لە تێڕوانینی وڵات تێبگەین.

ئاندرْیە بە بزەیەکی لاقرتێ ئامێزەوە وتی:

"بۆناپارت وتوویەتی:ڕێی سەرکەوتنم پیشان دان و، نەیان گرتەبەر. کەچی کە دالاّنەکانی بەرەو خۆمم بۆ والاّ کردن. . کۆمەڵ کۆمەڵ هاتن. نازانم چۆن ڕێ بە خۆیان دەدەن: قسەیەکی لەو جۆرە بکەن!"

میر ئاندریە خۆشیی لە ڤیکۆنتی لاو نەدەهات! ڕووی دەمیشی لەو نەدەکرد. بەڵام دەیویست بە هێنانەوەی قسەکانی بۆناپارت خەمی بداتێ.

ڤیکۆنتیش لەسەر قسەکانی میر دوا و وتی: لە دوای کوژرانی دۆق دانجیانەوە بۆی نەبوو، قسەی لەو جۆرە بکات. خەڵکیش، ئێستا وەکوو پاڵەوانی ڕزگارکەری میللەتان، لێی ناڕوانن.

ڕووی کردە ئانا پاڤلۆڤنایش و وتی:

"هەرچەند هەندێک پێیان وایە بۆناپارت پاڵەوانە، بەڵام بە کوژرانی دۆق شەهیدانی ئاسمان یەکێکیان زیاد بوو و، پاڵەوانانی سەرزەوییش یەکێکی تریان کەم کرد! منیش زیانم لێ کەوت. "

ئانا پاڤلۆڤنا و، ئامادەبووان، بە زەردەخەنەوە، قسەکەیان پەسەند کرد. پییەریش، هەلی بۆ ڕەخسا و، خۆی ئاخنییە باسەکەوە بێئەوەی ئانا بتوانێت بیوەستێنێت، لە وتنی ئەو بابەتە نەشیاوانەی لێی دەترسا و، وتی:

"کوشتنی دۆق دانجیان پێویست بوونێکی حوکمەتیی بوو. پێموایە تەنیا ناپلیۆن بەرپرسە لەو کارە. ئەو کارەیشی کردە بەڵگە، بۆ سەلماندنی:مەزنیی خۆی. "

ئانایش لە بەر خۆیەوە وتی:تۆبە خوایە گیان. . تۆبە! بەزەییت پێماندا بێتەوە.

خاتوونە منالاّکارە ڕوو بە خەندەکەیش وتی:

" پییەری بەڕێز:تۆ چۆن وای دەبینیت کە کوشت و بڕ، نیشانەی نەفس بەرزییە؟ "

کۆڕەکە دەستیان کردە ئاخ هەڵکێشان.

میر هیبۆلیتیش کێشای بە ڕانی خۆیدا و، بە ئینگلیزی وتی:

"ئەوە تیۆرێکی کوشندەیە !"

بەڵام ڤیکۆنت بە شان هەڵتەکاندنێک کۆڵی دا. پییەریش خەواڵوویش لە ژێر چاویلکە خلیسکاوەکەی سەر لووتیەوە، سەرکەوتووانە چاوانی گێڕا و نەیشاردەوەو وتی:ئێستا بارو دۆخەکەتان بۆ ڕوون دەکەمەوە. بنەماڵەی بۆربۆن لە بەرامبەر شۆڕشدا شکستیان

خـوارد و، هـەلاتن و، ولاتیـان خسـتە سـایەی ئـازاوەو، پشـێوییەوە. بـەلام نـاپلیۆن بـە پێچەوانـەوە بـوو، تـوانیی لـە شـۆڕش تێبگـات و، دەسـتی بەسـەردا بگرێـت!! ئەمەیشـی بـۆ بەرژەوەندی گشتی بوو.

ئانایش ویستی بارەکە ڕاست بکاتەوە و وتی:

"پییەری بەڕێز بەڵکو بچیتە سەر میزێکی دی. . . . "

ئەویش وەکو گێژەڵووکەی سەر هەڵگرتوو، گوێی لە هیچ نەبوو و، وتی:

"بـەڵێ نـاپلیۆن مـەزن بـوو، چونکـە دەسـتی بەسـەر شۆڕشـدا گـرت و، لـە پۆخڵـەواتی پاککردەوە و، کاکڵەکەی بە پڕی هێشتەوە و، ئازادی ڕۆژنامەگەری و ڕا دەربڕینی هێنایە ئاراوە. هەر بە هۆی ئەمانەیشەوە ب. . . . "

"بە ڕاستی ئەوەی تۆ دەیڵێیت کەس نەکردەیە. بۆیـەش گـەل جڵـەوی شـۆڕشـەکەی دایە دەست، تا لە بنەماڵـەی بۆربـۆن ڕزگاریـان بکات. بۆناپارتیـان بـە پیـاوێکی لێهـاتوو دانـابوو. شـۆڕشیش هـەنگاوێکی مـەزن بوو بۆ ئەوە. "

پییەریش هەرزەکارانە سوورببوو لەسـەر قسـەکانی و گوێی بە سۆزی دەوروبەر نەدا.

ئانا پاقڵۆقنا بە تووڕەییەوە وتییەوە:

"جا شـۆڕش هـەنگاوێکی مـەزن بوو؟ کوشتنی پاشا و، تێپەڕاندنی دەسـەلاتەکانی شـۆڕش بوو؟ ها؟ دەی هـەر ئێستا بڕۆ سـەر ئـەو مێزەی تر. "

ڤیکۆنتیش بە بزەیەکی جوان و، بە لاقرتێوە وتی:

"پەیمانی کۆمەڵایەتی!"

لە هـەمان کاتدا پییـەر بـەرگری لە خۆی کرد و وتی: من مـەبـەستم کوشـتنی پاشـا نـەبوو و، بیروڕای خۆم دەر بڕی.

ڤیکۆنتیش بە لاقرتێوە وتی:

"بەڵێ! بەڵێ. . ! بیروباوەڕی:فەرهوودو کوشت و بڕو قەتڵ و عامی پاشایان. "

ئەویش هەڵیدایە:

"خۆ مـن نکـووڵیم لـەو ڕووداوانـە نـەکردووە. بـەڵام خـۆ ئەوانـە هـەموو شـۆڕشـەکە و، ئامانجەکانی نەبوون. کاکڵەی شـۆڕشـەکە، مـافی مرۆڤـە و، لابردنـی کۆت و بەربەسـتەکانی باو و نەریتە ڕزیوەکانە و، بەجێ گەیاندنی مافی مـرۆڤ و هاوشـانیی تاکەکان و، هـاوڵاتی بوونە. ناپلیۆنیش بە هەموو توانایەوە کاری بۆ ئەمانە دەکرد. "

ڤیکۆنت بڕیاریدا ئەم پیاوە هەڵەشەیە لە بیروڕاکانی خۆی تێبگەیەنێت و وتی:

"ئازادی و یەکسانی، زاراوەیەلێکی قەبەو، دەزڕگێنەوەو زۆر خـراپ بـەکار بـراون. کێ هەیـە حـەز بـە ئـازادی و یەکسـانی نـەکات!؟ خـۆ هـەر لـە کۆنـەوە، ئەمانـە هەبـوون و لـە بانگەشـەکانی حـەزرەتی "مەسـیح"یش بـوون. پرسـیارە گرنگەکـە ئەمەیـە:ئـاخۆ دواتـر

شۆڕشەکە:هاوڵاتیانی بەختیارتر کردووە؟ بە پێچەوانەوە ئێمە بووین ئازادی و یەکسانیمان ویست و، ناپلیۆنیش بوو، کە ئەم ویستەی وردوخاش کرد.

میر ئاندریە بە زەردەخەندەیەکەوە چاوانی بە ڤیکۆنت و پییەر و خانەخوێدا گێڕا. هەرچەند خانەخوێیش لەسەر ددان بەخۆدا گرتن ڕاهاتبوو. ڕێو ڕەسمی بۆنەکانی باش دەزانی: بەڵام وەختەبوو خۆی بۆ نەگیرێ. بەڵام کە ڤیکۆنت مۆنتمارتی بەرامبەر بەو بیروڕا چەپەڵانە بە هێمنی بینی. وەرەی بەخۆی دایەوەو شێوازی قسەی خۆی گۆڕی و وتی:

"بەڵام پییەر گیان. . ئەی بۆ پیاوە مەزنەکەی تۆ، بەبێ دادوەر و بەبێ هیچ بەرگری لەخۆ کردنێک ئەو"دۆق"ەی کوشت؟بۆ ئەم ڕەفتارەی ناپلیۆن چی دەڵێیت؟"

ڤیکۆنت لە سەری ڕۆیشت:

"منیش بە پەرۆشەوە، چاوەڕێی شیکردنەوەی ئەم بەڕێزەم بۆ ڕوونداوەکەی "١٨ی برۆمێر"[1]. تووخوا ڕۆڵێکی جادووگەرانەی نەبینی بوو؟ ئاخر ئەو مامەڵەیە فەرهوودو جادووگەرانەیە، ڕەفتاری پیاوی مەزن نەبوو"!

خاتوونە منالکارەکەیش مووچرکەیەک بە لەشیدا هات و وتی:

"ئەی ئەو دەست بەسەرکراوانەی ئەفریقا، کەوا هەر بە کوشتن کوشتنی، چی؟ بە ڕاستی کارێکی تۆقێنەر بوو."

میر هیپۆلیتیش پشتی گرت و وتی:

" ڕاست دەکەیت. کارێکی ناجوامێرانە بووە."

پییەر لە منالێکی بێگەردی کەتنکەر دەچوو ئەو کاتەی داوای لێ بووردن بکات.

ڤیکۆنتیش کە ئەوە یەکەم جاری بوو، پییەر ببینێت، گەیشتە ئەوەی مەترسییەکانی ئەم شۆڕشگێڕە تۆندڕەوەیش، هەر قسەیە و هیچی تر.

ئیدی کۆڕەکەیش کپ بووەوە.

میر ئاندریە چووەوە سەر باسەکە و وتی:چۆن چاوەڕێی وەڵامی هەموو پرسیارەکان بین؟ پێم وایە پێویستە ناپلیۆن ڕێ و شوێنی پاشایەتی و دەوڵەتداریی گرتووەتە بەر. دەتانەوێت ناپلیۆن، هەم سیفتی سەرکردەیەکی سادە پیشان بدات و، سیفەتەکانی ئیمپراتۆریشی تێدا بێت!

پییەر ئەم پشتگیرییەی بە دڵا بوو و، هاواری کرد: بێگومان . . بێگومان.

میر ئاندریە وێستی لە هەڵەی پییەر کەم بکاتەوە و وتی:

"دەبێت دان بەوەدا بنێیت، کە هەرچەند ناپلیۆن وەکوو مرۆڤ لە شەڕی ئارکۆڵا و خەستەخانەی یافادا، پیاوێکی مەزن بوو. یارمەتی لێقەوماوانی دا. بەڵام کارەکانی تری،

---

[1] – دووەم مانگی شۆڕشە و لە ٢٢-٢٣ی تشرینی یەکەم و دووەمدایە.

ناپلیۆن، هیچ پاساوێک هەڵناگرن.»

میر ئاندریە ئیشارەتی بە ژنەکەی داو هەستان بڕۆن. بەڵام میر هیبۆلیت داینانەوە و وتی:

«ئاە. . چیرۆکێکی زۆر خۆشی مۆسکۆڤیەیان بۆ گێڕاومەتەوە و، پێم باشە لێی بێبەش نەبن. گەر بە زمانی ڕووسییش نەیگێڕمەوە چیژەکەی لە دەست دەدات.»

بە ڕووسییەکی شەق و شڕ، کەوتە گێڕانەوەی. گەر گوێت بۆ ڕابگرتایە پێت وادەبوو، ئەمە زمانی کەسێکە کە تەنیا یەک سالا لە ڕووسیادا مابێتەوە.

میر هیپۆلیت ئاوا دەستی پێکرد:

«بیستوومە، خاتوونێکی شەرمنی مۆسکۆیی هەبووە. لە سەر ویستی خۆی، دوو خزمەتکاری کەڵەگەتی لای خۆی گل داوەتەوە. لە کاتی گەشتەکانیدا، لە پاشکۆی گالیسکەکەوە، بە پێوە ئەوانی وەستاندووە. ئیدی ئەمە زەوقە! تەنانەت تەنیا کەنیزەکە هاودەمەکەیشی، بالا بەرز بووە.»

ڕاماو گەڕا بۆ ڕستەگەلێک چیرۆکەکەی درێژە پێ بدات و، لە سەری ڕۆیشت:

«ڕۆژێکیان بە کەنیزەکە هاودەمەکەی یاوەری دەڵێت:کچەکەم. . بەرگی سووری کارەکەرێنی بپۆشە و، با برۆین بۆ سەردانی کردن.»

پێش ئەوەی گوێگرانی هۆی پێکەنینەکەی بزانن، خۆی دەستیکردە پێکەنین. ئەمە کارێکی نالەباری کردە سەر گوێگرانی. هەر چەند ئانا پاڤلۆڤنا و پیرەژنە ئارلیت، خاترانە بزەیەکیان بۆ کرد، بەڵام ئەو پێکەنینە کاریگەریی خراپی کردبووە سەر گوێگران. .

دیسان درێژەی پێدا:

بەڵێ گالیسکە کەوتە ڕێ و، زۆری نەبرد، گێژەڵووکەیەک هەڵی کرد و، شەبقەی سەری کەنیزەکەی، هاودەمی، با بردی و، قژە درێژەکەی پەخشانی، سەر شانەکانی بوو !

دیسان پییەر دایەوە لە قاقای پێکەنین و، هەر هێندەی بۆ کرا بڵێت:

«هەر کە خەڵکەکە زانییان. .»

ئیدی ڕستەکەی بۆ تەواو نەکرا.

ئەو چیرۆکە خۆشەی ئەویش، بەو شێوەیە کۆتابوو و، بێئەوەی کەس بزانێت، بە چ بۆنەیەکەوە، ئەو نوکتەیەی گێڕاوەتەوە و، بۆچیش لە سەر ئەوە سوور بوو، کە بە زمانی ڕووسی، بیگێڕێتەوە؟

تەنیا شتێک، کە ئانا پاڤلۆڤنا و، دانیشتوانی دڵخۆش کردبوو، ئەوەبوو کە بە ئەو نوکتە بێ تامە، تۆندوتیژیی سیاسیی نێوان میوانەکانی بیر بردەوە و، میوانان کەوتنەوە باس و خواسی، بۆنە و ئاهەنگەکان.

بەشی شەش
دوو هاوڕێکە

میوانەکان بە دەم سوپاس کردنی ئانا پاقلۆقناو خواحافیزییەوە، بڵاوەیان کرد. بەڵام پییەر وەکو ئەوانی بۆ نەکرا! بە خۆی و بااڵی بەرزی و، کەتەیی و مەچەکە سوورەکانیەوە هەر چۆن نەیزانیبوو بێتە هۆڵەکەوە، ئاوایش نەیزانی بچێتە دەرەوە. تەنانەت نەیشیزانی بە چەند رستەیەکی پێزانین، مااڵئاوایی لە خانەخوێ بکات.

لە بری شەپقەکەی خۆی، شەپقەی ژەنەرااڵیکی هەڵگرت و، کەوتە دەستکاریکردنی. تا خاوەنەکەی فریای خۆی کەوت و، شەبقەکەی لێ سەندەوە. بەڵام سادەییو دڵپاکییەکەی ئەو پییەر هیبۆلیتە، ئەو گێلییەی لە کۆڕ و نێوەندە بااڵکاندا، بۆ شاردبووەوە !

تەنانەت ئانایش سەری بۆ نەوی کرد و، لێی بوورا . ئەویش بە بزەیەکەوە، سەری بۆ نەوی کرد ، ئانا و ئەوانی دی ئەو بزەیەی پییەریان وا لێکدایەوە، کە دەیەوێت بڵێت:**بیروڕاکانم وەاڵوە بنێ و، لە بوێرەییەکەم بڕوانە.**

ئاندریە لە دااڵنەکەدا پشتی بۆ خزمەتکارەکەی کردەوە تا قاپووتەکەی بۆ باتەوە بە سەر شانەکانیدا. گوێیشی بۆ چەنەبازیی ژنەکەی گرتبوو بۆ هیپۆلیتێک، کە چڵیسانە سەرقاڵی سەیری بەژن و بااڵی بوو !

خاتوونە منااڵکارەیش رووی کردە ئانا پاقلۆقنا و وتی،"پوورەپیرە" بگەڕێوە هۆڵەکە. . با سەرمات نەبێت.

ئەویش بە دەم خوا حافیزییەوە، بە چرپە پێی وت:لە سەری ڕێک کەوتین . . .

ئاخر ئانایش لەو ئاهەنگەدا، توانی بووی، رازیی بکات:مێردێکی پایەدار بۆ دشەکەی بدۆزێتەوە. کە ئەویش میر پییەر- ئەناتۆل بوو.

ئانا جارێکی دی بە هەمان نەزم، تێهەڵچووەوە:

"پشتم بە تۆ بەستووە ئازیزەکەم. قسە لەگەڵ باوکی بکە و، بزانە دەڵێ چی؟ دواتر بە نامە منیشی لێ ئاگادار بکەرەوە. . خوات لەگەڵ."

هاتەوە نێو ژوورەکان و، هیپۆلیت خۆی لێ نزیک کردەوە، تا بە گوێیدا بچرپێنێت. دوو خزمەتکارەکەیشیان، لێیان دەڕوانین و، یەکێکیان شاڵەکەی خاتوونە چکۆلەی پێبوو و، ئەویتریان نیو کۆتەکەی هیپۆلیت و، بە دوای ئەوانەوە بوون. ئەوانیش چەند قسەیەکی فەڕەنسیان بۆ یەک کرد، بێ ئەوەی خۆیشیان بزانن، چی دەڵێن! ئاخر ئەوان، فەڕەنسییان نەدەزانی! خاتوونە چکۆلەیش وا راهاتبوو لە کاتی قسەکردندا دەمی دادەبچڕی، گوایە سەرسامە بەو باسەی بۆی دەکرێت.

میر هیپۆلیت دەیووت،"باشتر نەچوومە ئاهەنگی بالۆێزخانەوە. ئاخر بێزار دەبووم. ئەوەتا ئاهەنگەکەی ئێرە بە چێژترە! ئەی وانە بوو؟"

خاتوونە چکۆلەیش بزەیەکی هاتێ و وتی،"ئاخر دەڵێن جوانترین ژنەکان، لە ئاهەنگەکەی ئەوێدا بەشدار دەبن !"

میر هیبۆلیت بە دوای ئەودا بە پێکەنینەوە وتی،"بڕوا ناکەم هەموو جوانەکان چووبن! ئەی ئەوە نییە تۆ لێرەیت!"

مێردی ژنە منالکارەکەیش کۆڵوانەکەی لە خزمەتکارەکە سەندو، خۆی دای بەشانی "لیز"دا و، جۆرێک وەکو ئەوەی، دەست لەملانی بووبێت، وابوو. لە کاتێکدا خۆیشی نەیدەزانی بۆ وای کرد!

لیزیش بزەیەکی بۆ کرد و، سەیرێکی چاوە خەوالووەکانی ئاندرییەی مێردی خۆی کرد و، زیرەکانە لە ژێر دەستەکانی هیپۆلیت، هاتە دەرەوە.

ئاندریەی مێردیشی لێی پرسی:

"ئامادەی ڕۆیشتن بوویت؟"

خۆیشی تا گەیشتەوە بە ژنەکەی قۆڵەکانی لە ڕینکۆتەکەی هەڵکێشا. خزمەتکارەکەیش دەستی خاتوونی گرت، تا سەر بکەوێتە نێو گالیسکەکەوە.

پاشان هیپۆلیت، لای کردەوە و خواحافیزیی لە خاتوو ئانا کرد. ژنەیش خۆی کۆ کردەوە و، لە تەنیشت میرەوە، دانیشت.

ئاندریە بە بە ساردێکەوە، بە هیبۆلیتی وت:

"بە یارمەتیت. . . گەورەم!"

میر پۆلکۆنسکی شێوەی قسەکانی گۆڕی و بانگی کرد:

"پییەر ئەوە چاوەڕوانی تۆ دەبێت. "

گالیسکەوان قامچی وەشاند و، بووە تەق‌و هوڕ. هیپۆلیتیش لە بەر دەرگا لە چاوەڕوانیی گەڕانەوەی ڤیکۆنت ئاندریەدا مایەوە. چونکە وتبووی چاوەڕوان بەو، دەگەڕێمەوە و، خۆم دەتگەیەنمەوە مالّی خۆتان.

دواتر گالیسکەوان گەڕایەوە و، هیپۆلیت لای ڤیکۆنتەوە دانیشت و وتی:

"ئای. . کەخاتوونە منالّکارەکەت نازدارە! فرە جوانە و قەشەنگە!"

دەستی برد بۆ لێوانی خۆی و، ماچی کردن و، لە سەری رۆیشت:

"بە ڕاستیی فەڕەنسییە!"

هیپۆلیت دایە قاقای پێکەنین و، ڤیکۆنت وتی:

"گەر دەتزانی ئەو ئەمیرەیە، بەو ڕووە ساکارەیەوە، چەند ترسناکە، بەزەییت بەو ئەفسەرە سادە داماوەدا دەهاتەوە، کە خۆی بە پاشا دەزانێت !"

هیپۆلیتیش دایەوە لە قاقای پێکەنین و وتی،"تۆیش پێت وابوو ژنە ڕووسییەکان، تیکەڵبوونیاندا، وەکوو فەڕەنسیەکان نین و، بیرت چووبووەوە کە ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ جۆری ڕەفتارکردن لە تەکیاندا. "

"پییەر" بەر لە ئاندریە، خۆی کرد بە ژوورەکەی ئاندریەدا. لە سەر قەنەفەیەک دانیشت و، دەستی بۆ کتێبێک برد، کە نێوی بۆچوونەکان بوو و، لە نووسینی قەیسەر بوو و، کەوتە هەڵدانەوەی، چەند پەڕەیەکی.

ئاندریە هاتە ژوورەوە و، دەستە چکۆلەکانی، لێک خشاند و، وتی:

"ئاهەنگەکە کاریگەریی بەسەر خاتوو شیرەڕەوە هەبوو، ڕەنگە نەخۆشیشی بخات. "

ئەویش بۆی وەرچەرخاو،هێندە قورس بوو، کورسییەکە جیڕەجیڕی لێ هەستا.

بزەیەکی بۆ کرد و، بە دەست ڕاوەشاندنەوە وتی،"دەزانی پرۆژەی ئاشتی جیهانییەکەی مۆریۆ، گەر هەڵە لە قۆناغەکانی جێبەجێکردنیدا نەکرێت، جێی بایەخە! بەڵام بڵێم چی؟ هەر چۆنێک بێت، دەکرێت، ئاشتیی سەرومڕ بێت. خۆیشم نازانم بڵێم چی. بە هەرحاڵ هاوکێشەی سیاسیش، هەموو شتێک نییە. "

ئەم کۆڵینەوە نەرێیانە سەرنجی میر ئاندریەی ڕانەکێشا و وتی:

"ئازیزەکەم. . ئەوە بزانە مرۆڤ هەموو کاتێک ناتوانێت، هەموو ئەوانەی لە دڵی خۆیدایە دەربببڕێت! ئەڕێ. . ئاخۆ بڕیارت دا بچیتە نێو "فیرقەی پاسەوان"ەوە؟ یان دەچیتە نێوەندە سیاسیەکەوە؟ "

میریش دانیشتنی سەر کورسییەکەی کردە چوارمشقی و وتی،" خۆیشم نازانم چارەنووسم چۆن دەبێت. . بە هەردووکیان سەغڵەتم !"

ئەویش وتی،"بەڵام دەبێت لایەکیان هەڵبژێریت. چونکە باوکت چاوەڕێی تۆیە !
هەر لە دە ساڵیەوە، پییەر، لە ژیر چاودێریی باوکە ڕۆحیەکەیدا، ڕەوانەی هەندەران کرابوو! "

لە بیست ساڵیدا، باوکی هێنایەوە بۆ مۆسکۆ و، پێی وت:

"ئێستا بچۆ بۆ پیترزبۆرگ و، بە دڵی خۆت پلەو پایەیەک هەڵبژێرە. ئەوەش بزانە من ڕێگریت ناکەم. ئەوە پارە و، ئەوەیش نامەیەک بۆ میر قازیلی و، تێیدا داوام لێ کردووە، یارمەتیت بدات. تۆیش زوو زوو هەواڵی خۆتم پێ بگەیەنە. گەر پێویستیشت بە دەست تێوەردانی من بوو ئامادەم. "

سێ مانگ و شتێک تێپەڕی و، پییەر هەر بیری لەو هەڵبژاردنەی خۆی دەکردەوە. بۆیەش میر ئاندریە لێی پرسییەوە.

ئەویش بیری بەلای باوکە مۆریۆیەوە بوو و،دەستی بۆ نێوچاوانی بردو وتی ،"گومانی تێدا نییە. ئەو پیاوە سەر بە ماسۆنییەکانە. "

ئاندریەش قسەکەی پێ بڕی و وتی،" ئەم تورەهاتانە وەلاوە نێ و، ڕاستم پێ بڵێ، بیرت لە فیرقەی پاسەوان کردووەتەوە؟"

پییەریش وتی:

"لە ڕاستیدا نەخێر. بەڵام ئێستا شتێکم بە خەیاڵدا هات و پێتی دەڵێم. ئێستا ئێمە لە جەنگی ناپلیۆن داین. ئەگەر ئەمە جەنگی ڕزگاری بوایە، یەکەم کەس دەبووم کە دەبوومە جەنگاوەر. بەڵام ئێمە بوونەتە پاشکۆی، بەریتانیا و، نەمسا و، لە بەرامبەر بە هێزترین و، مەزنترین پیاوی جیهاندا، دەجەنگین. ئەمەیش بە لای منەوە باش نییە. "

ئاندریە لە وەڵامی ئەو بیروڕا منااڵنەیەدا، شانەکانی هەڵتەکاند. ئاخر لە بەرامبەر ئەم تێگەیشتنە سادەیەدا، هەر ئەو وەڵامە دەهێنێت.

دواتر وتـی:

"گەر هەر جەنگاوەرێک، بیروڕای خۆی پاڵنەری بوایە، ئەوا هەرگیزجەنگ دروست نەدەبوو !"

پییەریش هەڵیدایە:بێگومان بارو دۆخەکەیش باشتر دەبوو !

میریش لایەنگیریی کرد و وتی:بێگومان وا دەبوو. بەڵام شتی وا هەرگیز نابێت.

پییەریش پرسیی:

"کەواتە تۆ بۆ دەچیت بۆ جەنگ؟ "

ئەویش وتی:

"بۆ؟ لە ڕاستیدا خۆیشم نازانم بۆ؟ چونکە دەبێت هەر بچم. هەروەها . . . "

بە ڕاڕاییەوە درێژەی دایە،"چونکە ئەم ژیانەی ئێرەم پێ خۆش نییە".

بەشی حەوت
ژنەکەی میر

خشەی کراسێک لە ژوورەکەی بەرامبەریەوە هاتە گوێ و، هەر وەکوو خەوتوویەک ڕاچڵەکی. ڕوخساری شێوەی کاتی ئاهەنگەکەی ئانای وەرگرتەوە.

ئەمیان کەمێک خۆی ڕێکخستەوە و، ئەمیرەیش هەرچەند، بەرگی ئاهەنگی گۆڕی بوو و ، جلی ماڵی لەبەر کردبوو، بەڵام هێشتایش بە جوانی مابووەوە. کە ئەو خۆی کرد بە ژووردا، ئەمیش کورسییەکی بۆ ڕێکخستەوەو داینا.

ئەمیرەیش پاڵی دایەوە و، بە فەڕەنسی وتی:

"هەمیشە لە خۆم دەپرسم:ئاخۆ بۆچی پووڕەپیرە تا ئێستا شووی نەکردووە؟ بەڕێزان هەمووتان هێڕن، چونکە دڵی ئەوتان بەدەست نەهێناوە !"

بمبەخشن کە دەڵێم هیچ لەبارەی ژنانەوە نازانن. ئای پییەر تۆیش چەند سەر بە گۆبەندی !

پییەریش ئەو شەرمە بەرۆکی نەگرت، کە هەمیشە لاوان لە بەرامبەر ژناندا تووشی دەبن و، وتی: کەمێ لەمەوبەر دژی مێردەکەت وەستابووم، چونکە هۆی چوونە بەرەی جەنگیم نەدەزانی!

ئەمیرەیش ڕاست بووەوە و وتی:

"منیش هەمیشە ئەمەم وتووە. تێناگەم بۆچی پیاوان ناتوانن دەستبەرداری جەنگ ببن!؟ هۆی چییە ئێمەی ژنان، نە حەزمان لێیەتی و، نە پێویستمان پێیەتی؟ دە فەرموو خۆت

دادوەربە! زۆرجار چرپاندوومە بە گوێیدا کە ئەو یاریدەدری مامی خۆیەتی و، کەسێکی بە ناوبانگە و، پلە و پایەی بالآیە و، لای خەڵکی ناسراوە و ڕێزی لێ دەگرن. لەم ڕۆژانەدا کەسێکی بنەماڵەی ئابراکسین ئاندریەی بینی بوو و، وتبووی ئا ئەمەیە میر ئاندریەی بە ناوبانگ؟ "

بە پێکەنینەوە دریژەی دایە،" بە شەرەفم بە ڕاستمە! بۆ هەر لایەک بڕوات، باشترین پێشوازی لێ دەکرێت. تەنانەت دەتوانێت، ببێتە یەکێک، لە کەسانی دەرباری ئیمپراتۆر، خۆت ئاگاداریت، چەند بە ڕێزەوە، ئەو ئاندریەیە، دەدوێنێت! جا من و ئانێتیش هاوڕاین لە سەر ئەوەی، کە دەتوانێت، ببێتە کەسێکی دەرباری ئیمپراتۆر. . تۆ دەڵێی چی؟ "

لەبەرئەوەی سەرنجی میری دابوو و، تێگەیشتبوو، خۆشی بە قسەکانی نەهات. چاوەڕوانی وەڵامدانەوەکەی نەکرد و ، پرسیی:ئەی ئەو کەی دەچێت بۆ بەرەی جەنگەکە؟

خاتوونیش بەو شێوازە منالانەیەی لە ئاهەنگەکەی ئانا پاقلۆفنادا و، کاتی گفتوگۆی لەگەڵ پییەردا هەیبوو، وتی،" ئاخ. . ئاخ! باسی ئەو ڕۆیشتنەیم هەر بۆ مەکە! نامەوێت ببیستم. "

سەیرێکی میردەکەی کرد و، چاوێکی لێ داگرت و وتی:

"ئاندریە تۆ دەزانیت من دەترسم؟"

میردەکەیشی وەک ئەوەی هەر خۆیان بن و کەسیان بە دەورەوە نەبێت پرسیی:نازانم لیز خان تۆ لە چی دەترسیت؟

ژنەکەیشی وتی،" پیاوان هەروا خۆپەرستن! بەڵێ. . بەڵێ ئێوە خۆپەرستن. تۆ بۆ حەزی خۆت، خۆت لە من دادەبڕیت. لە دێیەکدا بە تەنیا بەجێم دەهێلیت. "

میر ئاندریەش بە نەرمییەوە، قسەکەی پێ بڕی و وتی،" ئەوەت بیر نەچێت کە خوشک و باوکمت، لەگەڵدا دەبێت!"

لیزیش وتی:

"بەڵام خۆ هەر لە هاوڕێکانم دادەبڕێم. چاوەڕوانی ئەوەیش دەکەیت، کە نەترسم!"

ئەو دەم و لێوە ناسکەی، جارانی نەما و، وەک دڕندەی لێ هات و هاواری دەکرد.

میریش کە تا ئەو کاتە، چاوی بڕیبووە لیز، پرسیی:

"ئێستایش پێت نەگوتم، لە چی دەترسیت؟ "

لیز سوور هەڵگەڕا و، دەستی ڕاوەشاند و وتی:

" ئای ئاندریە. . ئای! جاران وا نەبوویت. زۆر بە خراپی، گۆڕدراویت !"

میر ئاندریەیش وتی:

"پزیشک ئاموژگاری کردوویت، ئێواران زوو بنوویت و، بحەوێتەوە.

لیز وەڵامی نەدایەوە، لێوە کورتەکەی سەرەوەی، کەوتە لەرینەوە، میریش کەوتەوە

هاتوچۆ بە ژوورەکەدا.

پیرەریش لەودیو چاویلکەکەیەوە، بە سەرسامییەوە لێی دەڕوانین. تەکانی دا بڕوات و، پەشیمان بووەوە.

لەولایشەوە گریان ڕووی جوانی شێواندو وتی:

"باکم لەئامادەبوونی پیرەرو گوێگرتنی ئەو نیە! زۆر دەمێک بوو دەمەوێت لێت بپرسم:ئاخۆ ئاندریە بۆچی بەرامبەر من گۆڕدراویت؟ من چ تاوانێکم کردووە؟ لەوەتەی چوویتە سوپاوە، بە زەییت بە منداا، نایەتەوە !"

ئاندریە هاوارێ لێ هەستا، "لیزا!. . لیزا!"

هەرچەند هاوارەکەی ئاندریە، شتێک لە هەڕەشە و، کەمێک پاڕانەوەیشی تێدابوو، بەڵام لیزیش درێژەی دایە:

"وەکو نەخۆش مامەڵەم لەگەڵ دەکەیت. بە منالّم دەبینیت! ئاخۆ تۆ هەر ئەو کەسەی جارانیت؟ ئاخر بۆچی شەش مانگ لەمەوپێش وا نەبوویت؟"

میر قیژاندی،" لیز. . . تکایە بەسە!"

پیرەر ئەمەی پێ گرنگ بوو. هەستا و چووە لای لیزەوە، وەک ئەوەی هاوسۆزی بێت و، تەنانەت لەگەڵیشیدا، بگرییت.

پاشان وتی:"لە سەرخۆ و ئارام بە. . . شازادە خان. تۆ لە وەهمدا دەژیت. منیش تووشی ئەم جۆرە شتانە بووم. . . چونکە وەک دەبینی. . . ئای لەوە دەچێت بوونم لێرە خوازراو نەبێت! خواحافیز. "

پۆلکۆنسکی دەستی گرت و وتی:"کەمێک مۆڵەت بدە. پێم وایە خاتوونەکەم هێندە بە سۆزە لە بینینی تۆم بێبەش ناکات. "

لیزیش بە دەم قوڵپی گریانەوە وتی:"ئا. . ئا. . هەر بیر لە خۆت بکەرەوە

میر دووبارەی کردەوە:"لیز"!

ڕوویشی کردە پیرەر و وەکو سەگ کلکەلەقێی کردو گوێڕایەڵیی خۆی پیشاندا.

ژنەکەی هەناسەیەکی هەڵکێشا و دامێنی کراسەکەی خۆی گرت بەرەو مێردەکەیو وتی:"ئاخ!. . ئاخ".

ئەو نێوچاوانی ماچ کرد.

ئەمیش دەستی ماچ کرد و وتی: "خوا حافیز. "

بەشی هەشت
راز و پەیمان

دوو هاوڕێکە کپ بوونەوە. لەوە دەچوو کەسیان نەوێرن سەری قسە دابەستن. پییەر چاوەڕێی ئاندریە بوو و، ئەویش ڕوخساری خستبووە نێو بەری دەستەکانیەوە.

ناچار بە هەناسە سواربیەکەوە بەرەو دەرگاکە چوو و وتی،"با. . بڕۆین نانی ئێوارە بخۆین."

چوونە ژووری چێشتخانە پوختە و، ڕازاوەکەوە. قاپو قاچاخە زیوین و ڕاخەرە نوێیەکانی نێوی، تێیدەگەیاندیت کە خانووەکەیش نوێیە. لە گەرمەی نانخواردندا، ئاندریە وەستا. جۆرێک سەری خستە سەر دەستەکانی کە پییەر شتی وای لێ نەدیبوو!

ئاندریەیش وەکو ئەوەی بیەوێت سفرەی سینەی بۆ هەڵبڕێژێت وتی:"ئازیزەکەم نەکەی ژن بهێنیت! هەر ئەم ئامۆژگاریەشم بۆ تۆ هەیە. تا زۆر زۆر ناچار نەبیت ژن مەهێنە. تا کچەکە سەرنجت ڕنەکێشێت و عیشقی کوێرت نەکات و، جۆرێک بێت خەوشەکانی نەبینیت! ئەگەرنا، بە جارێک، تێدا دەچیت. تاکو بۆت دەکرێت درەنگ ژن بهێنە. با کاتێک بێت کە بە کەڵکی هیچ نەمابیت. چونکە لاواز و بێدەسەڵات دەبیت. خۆ گەر وا نەکەیت وێژدان و پیاوەتی و، لێهاتوویی و جوامێریی خۆت لە دەست دەدەیت! کاتێ بە خۆت دەزانیت نوقمی شتگەلێکی تۆڕەهات و هیچ و پووچ بوویت! بەڵێ ڕێک بەو جۆرە، خۆت دەبینیتەوە!"

دووبارە چاوانی بڕیيەوە پيير و وتی، "بە سەرسامييەوە تێم مەڕوانە. ئا. . ئا قسەکانم دروستن! دوايی مەرحەبات دەکەمەوە! ئەگەر پێش گەيشتنت بە حەز و ئارەزوو و تموحەکانی ژيانت و ژنت هێنا، ئەوا بێگومان دەبێت دوای ژن هێنانت، تازێيان بۆ دابنێيت! چونکە لە هەنگاوەکانی دوای ژنهێنانتدا، ڕووبەڕووی دەروەوە داخراوەکانی، بەرەو ئەو تموحانە دەبيتەوە! تەنيا ڕێگەکانی بەرەو ئارايشتگا و بۆنە و ئاهەنگەکان نەبێت، کە ئەوانەيش لە يەکەمين شەقاوەکانی تورەهاتی دوای ژنهێنانن، هيچ ڕێيەکی تر بۆ تۆ کراوە نابێت! بەڵێ قوربان . . ئا ئەوەيە ژنهێنان."

دوا وتەی ئاندريەيش ئيشارەتێک بوو کە لە قسەکانی پڕ ماناتر بوو! پيير ڕيش چاويلکەکەی داگرت و، ژيرانە تر لە هاوڕێکەی روانی.

ئاندريەيش ديسان تێهەڵچووەوە: "ژنەکەم بوونەوەرێکی نايابە. کەم وێنەيە. لەو جۆرەيشە بە تێکەڵبوونی بەختياريت نادۆزێنيت. لەگەڵ هەموو ئەمانەيشدا خۆزگە مايەپووچ بوومايە و ئەم ژنەم نەهێنايە! تەنيا لای تۆ ئەمە دەڵێم چونکە خۆشم دەوێيت و متمانەم پێتە."

تا ئەو مير ئاندريەيە، بدوايە زياتر و زياتر، واقيعەکەی پێچەوانەی هەڵس‌و کەوتەکانی ديوەخانی ئانا پاڤلۆڤنا دەبووەوە. پاڵی دابووەوە بە کورسيەکەيەوە و بە فەرەنسی ورتە ورتێکی کرد. شڵەژاوی و، ماندووبوونيش، بەچاوە نيشتووەکانيەوە دياربوو.

چاوانی بريسکە بريسکانەوە و، ڕووی گرژ بوو و وتی:"لەوە سەرسام نەبووين کە بەمجۆرە دووام؟ ئاخر ئەمە تراجيديای ژيانم بوو. بەڵێ باسی ناپليۆنيشم بۆ دەکەن! ئاخر ئەو ڕەبەن بوو، بۆيە بە ئاواتەکانی خۆی گەيشت! ئەو بيری تەنيا بەلای ئامانجەکانی خۆيەوە بوو، بۆيە پێيان گەيشت! ئەگەر ژن بهێنيت، وەکو ئەوە وايە خۆت کۆت و پێوەند بکەيت و ماڵئاوايی لە توانا و حەز و ئامانجەکانی خۆت بکەيت و، بچيتە ژێر باری گرانی ويژدانی خۆتەوە. ئەوکات دەکەويتە سايەی نقوڕچەکانی ويژدانی خۆتەوە! ئەوەتا يانەی شەوان و ژاوەژاوی ئاهەنگەکان و لووت بەرزی و زۆنگاوە کۆمەڵايەتيەکان، ئەو بازنە بۆگەنانەن، کە ناتوانم و نازانم چۆن بيان بوێرم؟ هەر ئەمانەيش هۆی چوونە بەرەی جەنگی منن! بەرەی مەزنترين جەنگيش! من گێل و کاڵفامم و بە کەڵکی هيچ نايەم! لە ڕادەبەدەر دڵپاک و نيانم! لاقرتی دەکەم، بۆ ئەوەی گوێم لێ بگرن! خەفەت لەم هاوژينەم دەخۆم، کە ناتوانێت خۆی بە دوور بگرێت، لەم ئاهەنگ و بۆنە بۆگەنانەی کۆمەڵگا. خۆزگە ئەو ژنە ناودارانە و ژنانت بە گشتی ورد ورد سەرنج دەدا. بە خوا باوکم ڕاستی دەکرد دەيووت:"گەر ژنان وەکو ئەوەی کە هەن ببينرانايە، پێيان دەزانرا کە لە مرۆڤانێکی خۆپەرست و بە فيز زياتر، هيچی ترنين!" ئەوان کورت و کەم و گێڵن! بەڵام لە ئاهەنگەکاندا خۆيان وا پيشان نادەن. بەڵام لە ڕاستيدا هيچ نين!"

ديسان ئامۆژگارييەکەی دوبارە کردەوە:"نەخێر ئازيزەکەم نەکەی هاوسەرگيری بکەيت!

نەخێر!"

پییەریش وتی: "چەند سەیرە! تۆ بەخۆت دەڵێیت بێدەسەڵات. وای دەردەخەیت کە هەرەست هێناوە. شتی وا چۆن دەبێت؟ تۆیەک دەتوانیت چاو ببڕیتە هەموو شتێک. تۆیەک. . . "

تەواوی نەکرد و بە قسەکانیدا دەرکەوت کە چەندە ڕێز لە هاوڕێکەی دەگرێت. لە خۆی پرسی:" ئەوە چۆنە ئاندریە دەتوانێت خۆت بە تێکشکاو بزانیت؟ ئەمە سەیرە! دەبێت وا لە هەموو شتێک بڕوانیت، کە تۆ. . . . "

ڕستەکەی تەواو نەکرد و بە دەنگیدا دیار بوو، ڕێزێکی فرەی بۆی هەیە.

پییەر لە خۆیی پرسی:"ئەم ئاندریەیە چۆن دەتوانێت، بەم شێوەیە، خۆی بە سووک بزانێت؟"

ئاخر ئەو ئاندریەیە بە لای پییەرەوە، نمونەی کەسی لێهاتوو و، تۆکمە بوو. کۆمەلێک تایبەتمەندیی هەبوو، کە لە خۆیدا نەبوو. هەموویشی بۆ نەفسی بەرزی ئەو، دەگێڕایەوە. بەو سیفەتەیشی سەرسام بوو، کە هەمیشە کەسێکی لەسەرخۆ بوو بەرامبەر ناسیاوەکانی و، لە هەموو جۆرە، هاوڕێیەکی هەبوو. زانیاریی فرەی هەبوو و، زانیاریەکانیشی فرە ڕەهەند بوو. بە تایبەتیش بە بالایی لە بواری فەلسەفەدا، زۆر پێی سەرسام بوو.

هەروەکو چۆن، بۆ سەرومڕ بوونی گالیسکە لە ڕۆیشتندا، پێویستە پێچکەکانی، چەور بکرێن، ئاوایش پێویستە، هاوڕێکانت، وەسف بکەیت!

میر ئاندریە وتی:"من کەسێکی تێداچووم. بەڵام باسکردنی چ سوودێکی هەیە!"

ئەمجا کەمێ بێدەنگ بوو و، کەوتە دڵدانەوەی ئەویش و وتی: "با کەمێ باسی تۆیش بکەین. "

ئەویش کە هاوڕێکەی بەو کراوەییە بینی، بێخەمانە وتی:"لە بارەی چ شتێکی خۆمەوە بدوێم! من کێم؟ کوڕی خوێنڕێژێک!"

بە قسەکەی خۆی، ڕەنگی سوور هەڵگەڕا و، تێهەڵچووەوە:"پیاوێکم نە ناوبانگم هەیە و، نە سامان و دارایی! لەگەڵ ئەوەشدا. . . "

قسەکانی تەواو نەکردو، ڕێڕەوی قسەکەی گۆڕیی و، وتی،"ئازادم و لەخۆیشم ڕازیم. ئەرێ بەڕاست، شتێکم هەیە، ویستم پرست پێ بکەم. "

ئاندریە بە سەرسووڕمانێکەوە تێیڕوانی. سەرنجەکەی پڕ خۆشەویستی بوو و ئاماژەی پایەبەرزیی هاوڕێکەی بوو.

هەر بۆیەش وتی، "پێش هەموو شتێک تۆ ئازیزی منیت، چونکە بوونەوەرێکی زیندوو و چالاکیت. هەر پلەو پایەیەکت دەوێت، قسە بکە. بەڵام تێکەڵوی بنەماڵەی "کۆراگین"مەبە. ناشێ ئەو ژیانەی ئەوانت پێ باش بێت! کە ڕێک لە فیلم کارتۆن دەچێت؟"

پیەریش شانەکانی هەڵتەکاندو وتی، "چیت دەوێت ئازیزەکەم؟ ژن هەر ژنە."

ئەویش وتی،"ژنانی بنەماڵە نەجیبزادەکان خراپ نین، بەڵام خۆ کچانی بنەماڵەی کۆراگینیش، کچانێکی هۆشبەرن! لە راستیدا لێت تێناگەم!"

پیەر کە لەگەڵ میر ڤازیلی نیشتەجێ بوو، ئەناتۆل فێری شوێنانێکی کردبوو، کە وەکو زەلکاو پۆخڵ بوون. ئەناتۆڵێک کە باوکەکەی دەیویست بە داواکردنی خوشکی میر ئاندریە، گوزەرانی باش بکات و، لە ڕەوشتی خراپ دووری بخاتەوە!

وەکو ئەوەی پیەر کوتوپڕ بیرۆکەیەکی بۆ هاتبێت وتی،" دەزانیت کە دەمێکە سێ و دووی خۆم دەکەم و، دواتر بەم ئەنجامە گەیشتووم؟ بەڵام ئەم جۆرە ژیانەی خۆم، لە بڕیاردانیشی دابڕیووم و، بڕیاری دروستم بۆ نادرێت! کەللە سەرو، جزدانەکەیشم وشک بوونەتەوە. . . خۆ بۆ ئەمشەو، ئەو ئەناتۆڵە بانگهێشتیشی کردووم، بەڵام ناچم!"

ئەویش پێی وت،" بڵێ بە شەرەفم."

ئەمیش وتی"بە شەرەفم!"

بەشی نۆ
گـــــرەو

کـاتژمێر یـەکی بەرەبـەیان بـوو، کە پیـەر هاورێکـەی جێهێشـت. شـەوێکی سـپیی حوزەیرانیی و، تەنیا لە پیترزبۆرگ هەبوو. گالیسکەیەکی بەکرێ گرتو بەرەو ماڵ بووەوە. تا نزیکتر دەبووەوە، دڵتەنگ دەبوو، بەوەی، کە ئەمشەوی، دوور لـە کـەیف و سـەفا، لـە دەست دەردەچێت.

لەو شەقامە چۆڵانەدا مـەودای بینین زۆر بوو. بـە دەم رێیشـەوە قومارچییـەکانی مـاڵی ئەناتۆڵ کۆراگینی بیرکەوتەوە، کە چۆن شەونخوونیان بە پێکی شەراب و ئەو سـوعبەت و گاڵتەجارپەی ئەم حەزی لێبوو،بەسەر دەبرد.

لە دڵی خۆیدا وتی،" ئەوە بۆ سەرێک لە ماڵی کۆراگین نەدەم؟"

بەڵام هەر زوو ئەو پەیمانەی بیرکەوتەوە، کە بە میر ئاندریەی دابوو. کە لەو بنەماڵەیـە نزیک نەبێتەوە. وەکو ئەوانەی وەرەی خۆیان لە دەست دابێت، دیسان مـەیلی جوڵایـەوە بـۆ چێژی ئـەو ژیانـە بۆگەنـەی ئـەوان. بڕیـاری دا بـڕواتو وەک ئـەوەی لـە ژووانـی ئانـاتۆل دواکـەوتبێت. ئـەو پەیمانەشـی کـە بـە ئاندریـەی دابـوو، پێش وەختەیـە و، ئـەم پـەیمانی بـۆ ڕۆژانی دواتر داوە و، ئەم سەردانە ناگرێتەوە. وا بیری کردەوە کە پەیمانەکانی شـەرەف بەهایان نامێنێت کاتێک مرۆڤ وابیر بکاتەوە کە سبەینێ دەمرێت. یـا پەیماندەر هەست بـە

کەمو زۆری شەرەفی خۆی نەمێنیت. خۆ ئەو پەیمانانەیش کۆمەڵە مەرجێکی تایبەت بە خۆیان هەیە.

ئەم جۆرە سێ و دووە بەڵای پییەرەوە ئاسایی بوو و، زۆرجاران بڕیار و پڕۆژەکانی خۆی هەڵدەوەشاندبووەوە. ئیتر بەرەو مااڵی کۆراگین ڕێی گرتە بەر. گەیشتە بەردەرگای ئەو خانووە پان و پۆڕەی تەنیشت سەربازگەی فیرقەی پاسەوانان و ئەوەی ئەناتۆلی تێدا نیشتەجێ بوو. خۆی کرد بە دااڵنە ڕووناکەکەدا و، بە پلیکانەکەدا سەرکەوت. کە سەیری بەرامبەری خۆی کرد، دەرگا کراوە بوو. ئەویش دااڵنە چۆڵە ڕووناکەکەی تێپەڕاند. دەرگای سەرەوەیش، کراوە بوو. لە ڕاڕەوەکەی سەریشەوە کەسی نەبینی. بڕێ شووشەی مەی، لە ڕاڕەوەکە کەوتبوو.

بۆنی مەی دەهات و، چەند پاڵتۆیەکی بە عەالگەدا هەڵواسراو و، پێاڵوێک کەوتبوو. بە غەڵبەغەڵبە دوور بە دووڕەکەیشدا، گومانی نەما کە قومار کردن و، نانی ئێوارە کۆتا بووە. بەاڵم قومارچییان، هێشتا بااڵوەیان لێ نەکردووە.

پییەر پاڵتۆکەی داکەند و، خۆی کرد بە یەکەم ژووردا. هێشتا پاشماوەی خواردنی ئێوارە، لەسەر مێزەکان بوو. خزمەتکارێکیش بە دزییەوە پاشماوەی پەرداخەکانی هەڵدەقوڕاند.

ژاوەژاوی ژووری سێیەم و هاوارو قیژە و پێکەنین، ئەو ناوەی پڕ کردبوو.

دە دوازدە کەسێک لەبەر پەنجەرەیەکی کراوەدا وەستابوون و، بە دەم وتووێژەوە پێدەکەنین. سیانیش لەو الوە، یارییان بە بێچووە ورچێکی مل بە زنجیر دەکرد.

یەکێکیان هەڵی گرتبوو و، وای پیشان دەدا کە هەڵیدەدات بۆ دوانەکەی تر.

یەکێکی تریان هاواری دەکرد، "لەسەر (١٠٠) ڕۆبڵ گرەو دەکەم لەگەڵ ستیڤنس!"

ـ بێئەوی دەست بە هیچ شتێکەوە بگریت. . . وا نییە؟

ئەوی دی وتی:"من لەگەڵ دۆاڵرخۆڤ گرەو دەکەم. کۆراگینیش لە نێوانماندا شایەت بێت."

ـ مادام کار گەیشتە گرەو، ورچەکە بخەنە، ئەو الوە.

الوێکی جوانی کراس تەنکی یەخە کراوەیش هاواری کرد،"ئەویان ڕێ پێ نادەین . . ئەیاکۆڤ شووشەیەک عەرەقم بۆ بێنە."

هەر چاوی بە پییەریش کەوت، هاواری کرد،" بە یارمەتیتان هاورێیان. ئەوە. . هاورێ لەبەر دااڵنەکەی خۆمە! بیترۆشای ئازیزە!"

یەکێکی تریان هاواری کرد،"وەرە. . . وەرە ئێرە و،دادوەری ئەم گرەوەی من بە."

ئەمەیان ئەفسەرێکی کورتەبنەی چاو شینی کاڵی، فەیلەقی "سمینۆفسکی" بوو. لەگەڵ ئەناتۆڵ پێکەوە لە خانووەکەدا نیشتەجێ بوون.

پیـەریش سەرسـامانە لێیـانی ڕوانـی و پرسـی، " لـەبارەی چیـەوە دەدوێن؟ مـن لێتـان تێناگەم !"

کورتەبنـە هەڵیدایە، "پـەلـە مەکـەن. خـۆ ئـەوە پیـەر سەرخۆشـیش نییـە! ئـا شووشـەیەک عەرەقم بدەنێ، با کەمێکی پێ بنۆشم. "

پیـەریش چـاوانی بـە قـەرەبالّغیی نزیـک پەنجـەرە کراوەکـەدا گێـڕا و، گوێیشـی بـۆ وتوویژەکەیان، هەڵخست بوو، کەوتە پێک هەڵدان. ئاناتۆلّیش بـە دەم سـەرنجدانی تێکردنـی عەرەقەکـەی دەسـتییەوە، بـۆی گێڕایـەوە کـە چـۆن دۆلۆخـۆف گـرەوی لەگـەڵ میـوانێکی ئینگلیزی کردووە، بە نێوی ستیڤنسەوە و، ئەفسەری هێزی دەریاییە. گوایە دەتوانێت یـەک بینە قاپێک عەرەقی ڕۆمی هەڵقوڕێنێت! ئەوەتا لە ناو پەنجەرەکەی ژووری نهۆمی چوارەم دانیشتووە و، لاقەکانی بە دیوی دەرەوەدا شۆڕ کردووەتەوە.

ئاناتۆڵ دوا پێکـی دایـە دەسـت پیـەر و وتـی، "دەی . . تـۆیش تەپەدۆرەکـەی سـەری رابکێشە و هەڵی بدە. نا جووڵێیت تا دوا تنۆکی نەخۆیتەوە!"

پیـەریش پاڵێکی پێوەناو وتـی، "نەخێر. . فرەم خواردەوە و ناوانم. "

دۆلۆخۆف مەچەکی پیاوە ئینگلیزەکەی گرت و، بـەرەو پەنجەرەکـە ڕۆیشت. ئیشـارەتی بە پیـەر و ئاناتۆڵدا و ڕووی کردە میوانەکانو مەرجەکانی گرەوەکەی بۆ باس کردن.

دۆلۆخۆف هەرزەکارێکی (٢٤) سالانە و، چاو شینی کاڵ و، قژ لـووڵێکی بـاڵا مامناوەند بوو. ئەویش وەک هەموو ئەفسەرانی تۆپخانە، سمێڵی تاشی بـوو. لێوی سـەرەوەی لەگـەڵ خوارەوەیدا جوت بوو. ڕوخسـارو ڕوانینەکانیشـی پۆخڵ و، جێی ڕامـان بـوو. ئـەم لاوە لـە سامان و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە باڵاکان بێبـەش بـوو. لەگـەڵ ئاناتۆڵیشـدا، لـە خـانووەکەدا نیشـتەجێ بـوون. لـە سـەپاندنی ڕێـزی خـۆی، بەسـەر ئانـاتۆڵ و ئـەوانی تـردا، زۆر سـەرکەوتوو بـوو. لـە سەرخۆشبوونیشـدا ئاگـایی خـۆی لـە دەسـت نـەدەدا. کـۆراگین و دۆلۆخۆفیش، دوو میری درەوشاوە بوون، لە پیترزبۆرگدا.

ئەو دوو خزمەتکارەیش کە لەو ژاوەژاوەیشدا بەشیان هەر وەرگرتنی ئامۆژگاری بـوو و، خـەریکی والا کردنـی فرەتـری، تـاکی پەنجەرەکـە بـوون، تـاکو دۆلۆخـۆف بتوانێت تێیدا دابنیشێت. قاپـە عەرەقەکـەیان هێنـا. خۆیشـی وەکـو سـەرکردەیەکی سـوپا، هاتـە پێشـەوە و، وەکـو ئـەوەی، بیـەوێت شـتێک بشـکێنێت، وابـوو. دوو خزمەتکارەکـە لاکـەوتن و ئـەویش لێواری دوو تاکی پەنجەرە کراوەکەی، ڕاکێشا. هەرچەند دوو تاکەکە نەهات بە دەستیەوە، بەڵام کەناری شوشەیەکیان شک!

پیـەر وتـی، "دەی پاڵەوان، خۆت تاقی بکەوە. "

پاشان خۆی چێوەی پەنجەرەکەی ڕاکێشاو، وەختەبوو لە بن دەریبێنێ.

دۆلۆخۆف شیراندی بە سەریدا،" ئاوا هەڵی بکەنە. . با نەڵێن:دۆلۆخۆف خۆی پێیاندا، هەڵواسیوە!"

ئاناتۆڵیش وتی،" پیاوە ئینگلیزەکە خۆی گیڤ کردەوە، تووخوا وا نیە؟ پەنجەرەکەیش تەواو؟"

پییەر وتی،"ئا ئا. . کاری من تەواو. "

دۆلۆخۆف سەرنجی قاپە عەرەقەکەی دەستی خۆی دا و، بەرەو پەنجەرەکە چوو و، سەرنجێکی ئاسمانی تاریک و ڕوونی بەرە بەیانی دا. قەڵەمبازێکی دا بۆ پەنجەرەکە و، قاپەکەیشی هەر بە دەستەوە بوو.

ئەمجا هاواری کرد،" بێدەنگ بن !"

لە سەر لێواری پەنجەرەکە وەستابوو، ڕووی لە کەسەکانی ناو ژوورەکە بوو. کە بێدەنگ بوون.

بۆ ئەوەی پیاوە ئینگلیزەکە تێی بگات، بە فەڕەنسییەکی شەق و شڕ وتی،"لەسەر پەنجا ڕۆپڵ گرەوەکەم دەکەم. ئەگەر ڕازیش ببن، ئەوا (١٠٠) ڕۆپڵ!"

کابرای ئینگلیزیش وتی،"با لەسەر پەنجا ڕۆپڵ بێت. "

ئەویش وتی،" ڕازیم، با وا بێت. ئێستا هەر لێرەدا و، لە سەر کەناری ئەم پەنجەرەیە، دادەنیشم و، بین دەنێم بەم قاپەی دەستمەوە و چۆڕی لێ دەبڕم!"

ئەو دانەوییەوە و، ئەمانیش دەستیان بۆ سەر پەنجەرەکە درێژ کرد.

ئەمجا وتی،" ها دەڵێن چی؟ . . . ڕێکەوتین؟"

ئاناتۆڵ بەلای ستیڤنسدا لای کردەوە و مەرجەکانی گرەوەکەی بۆ وتەوە.

دۆلۆخۆف بەوەی قاپەکەی دا بە لاشیپانی پەنجەرەکەدا سەرنجی خەڵکەکەی ڕاکێشا و بە دوایدا وتی،" کەمێ گوێ لە منیش بگرن. کۆڕاگین تۆیش. هەرکەسێک توانیی وەک من بکات، من لە بری، پەنجا ڕۆپڵەکە:سەد ڕۆپڵی دەدەمێ. . . تێگەیشتن!؟"

پیاوە ئینگلیزەکە سەری بۆ لەقاند، بەوەی ڕازییە بەو گرەوە و، لە مەبەستیشی تێگەیشتووە.

لاوێکی باریکەلەی، تەمەن مامناوەند و، سەربازێکی سادەی فیرقەی پاسەوان بوو و، یەکێکیش بوو، لە دۆڕاوەکانی قوماری ئەو شەوە، هاتە پێشەوە و، لە پەنجەرەکەوە، لە دەرەوەی ڕوانی و، هاواری کرد،"خۆیەتی. . خۆیەتی. "

دۆلۆخۆف پاڵێکی بەرەو ناوەوە، پێوەناو لێی پرسین:،"ئامادە بە !"

سەربازەیش، بازی بەرەو ژوورەکە دایە خوارەوە و، دەسکی پەنجەرەکە لە بەرگەکانی گیرا و، وەختە بوو دۆلۆخۆفبیش لەگەڵ خۆی بخاتە خوارەوە!

قاپەکەی لە سەر لێواری پەنجەرەکە دانا و سەرکەوت و خۆی بە چێوەکەیەوە گرتبوو. شووشەکەی هەڵگرت و سەیرێکی ئەم لاو ئەولای خۆی کرد. هەرچەند تاریک و ڕوونی

بەرەبەیانیش بوو، بەڵام ئاناتۆل دوو مۆمی داگیرساوی هێنا و، لەم دیو و ئەو دیویەوە داینا، تاکو کار و جووڵەکانی ببینن. قژی پژی و، کراسە سپیەکەی، بە ڕووناکیی مۆمەکان ڕۆشن بووەوە.

هەموان لە دوای پیاوە ئینگلیزەکەوە وەستابوون و سەرنجیان دەدا. پییەریش هەر پێدەکەنی.

لە پڕێکدا یەکێکی لە هەموان پیرتر چووە پێشەوە و هاواری کرد، "بە ڕێزان ئەمە کارێکی شێتانەیە! ئاخر ئەم پیاوە ملی دەشکێت!"

گەر ئاناتۆڵ نەبوایە ئەوا باوەشی پێدا دەکرد و دەیهێنایە خوارەوە.

ئەمجا پێی وت، "باوەشی پێدا مەکە، با نەترسێت و، نەکەوێتە خوارەوە."

دۆلۆخۆڤیش دەستەکانی توندتر کرد و وتی، "هەرکەسێک خۆی هەڵقورتێنێتە، کاری منەوە، لێرەوە فڕێی دەدەمە خوارەوە! دەی با دەست پێ بکەین."

دواتر لە سەر لێوارێ پەنجەرەکە و، ڕووە و شەقام لێی دانیشت و، قاپەکەی نا بە لێوێیەوە.

خزمەتکارێکیان دانەوێیەوە تاکو پارچە شووشەی شکاو کۆبکاتەوە و چاوێشی بڕیبووە پەنجەرەکە! ئاناتۆڵ و، پیاوە ئینگلیزەکەیش، کپ بوون.

لاوە سەربازەکەیش چووبووە سووچێکی ژوورەکە و ڕووی کردبووە دیوارەکە تا کارەساتی نێو پەنجەرەکە نەبینێت. پییەریش ڕووی خستبووە نێو بەری دوو دەستیەوە. هەرچەند دۆلۆخۆڤ مۆڵەق نەبوو، کەچی کەمێ بە دوادا هاتبوو! قاپەکەی فت کرد و بڵندی کردەوە، بەڵام جەستەی دەلەرزی!

پییەر لە دڵی خۆیدا وتی، "ئای ئەو چەند چرکەساتەی قاپەکەی نا بەسەریەوە خایاندی! هێندەی نیو سەعات دەبوو!"

لە پڕێکدا دۆلۆخۆڤ کەمێ بە دوادا هات. هێندەی بەس بوو بۆ تێکدانی مۆلەقییەکەی.

پییەر چاوانی نووقاندەوە و دڵەڕاوکێ هەمووانی گرتەوە! کاتێ کردیەوە، دۆلۆخۆڤی بە پێکەنینەوە بینیەوە. قاپەکەی هەڵدا بۆ ئینگلیزیەکە و ئەویش گرتیەوە و شایەتی دا کە چۆڕبڕ بووە.

دۆلۆخۆڤ کە بۆنی عەرەقەکەی گرتبوو، خۆی هەڵدایەوە ناویان.

ئەوانیش هاواریان کرد، "هەی ئافەرین! ئای لەو گرەوە خۆشە."

پیاوە ئینگلیزەکەیش جزدانەکەی دەرهێناو کەوتە پارە بژاردن. دۆلۆخۆڤیش بە بێدەنگی سەیری دەکردن.

لە پڕێکدا پییەر بەرەو پەنجەرەکە چوو و هاواری کرد، "بەڕێزان ئەی کێ گرەو لەگەڵ من دەکات، تا منیش وەکو ئەو بکەم؟ لە سەر چەندێکیش بێت گوێی نادەمێ. ئادەی قاپێک

عەرەقی ڕۆمیش بدەن بە من.

دۆلۆخۆڤیش هانی داو بە پێکەنینەوە وتی، تۆ هەروا خاوەن وڕە بوویت.

بەڵام لەوڵاوە یەکێکی تر وتی، ئەڕێ ئەوە چیتە؟ پێتوایە دەهێڵین، تۆیش ئەم وڕە بەرزییەی خۆت، بەکار بێنیت؟ تۆ کەسێکیت سەرکەوتنیش بە پلیکانەکاندا، تووشی سەرە گێژەت دەکات.

پییەریش مستەکۆڵەیەکی دا بە میزەکەدا و وتی، شتی وا نییە! ئادەی شووشەیەکیش بدەن بە من، تا چۆڕپڕی بکەم.

خێرا چووە سەر پەنجەرەکە و، پەلاماریان دا تا نەهێڵن. بەڵام ئەو بە هێزتر بوو و خۆی ڕاپسکاند.

ئاناتۆلیش پێی وتن، نەخێر، تازە ئێوە ناتوانن نەهێڵن ئەوە بکات. بەڵام هەر ئێستا من ناهێڵم.

ئەمجا ڕووی کردە پییەر و وتی، من ئەم گرەوە دەکەم بەڵام با سبەینێ بێت. چونکە ئەمڕۆ کارمان هەیە و دەبێت زوو بڕۆین.

ئەویش وتی، دەی باشە. . کەوابوو با ورچە (میشکا)یش بەرین و بڕۆین.

هاتەوە خوارەوە و، ورچە میشکای زنجیر لە ملی هەڵگرت و، ماچێکی کرد.

بەشی دەیەم
ئاهەنگەکەی بنەماڵەی ڕۆستۆڤ

ئەو پەیمانەی میر ڤازیلی لە ئاهەنگەکەی ئانا پاڤلۆڤنادا دابووی بە میر درۆپتسکۆی لە بارەی بۆریسی کوڕە تاقانەکەیەوە، بردییە سەر. ئیمپراتۆر ڕەزامەندیی دا بەو لاوە و بە فەرمانێکی تایبەت ڕاژەکەی چووە سەر فیرقەی پاسەوانان و، لەوێیشەوە بۆ شوێنی هەڵگری ئاڵای، فەیلەقەکەی سیمیۆنۆڤسکی. بەڵام ئانا میخائیلۆڤنا، هەرچەندی کرد و کۆشا کۆڕە تاپانەکە بۆ نەگوازرایەوە بۆ ئەرکانی جەنگ و، لای کۆتۆزۆڤ. نە بە یاریدەدەر و، نە پاشکۆ.

پیرەژنەش دوای ئەوەی هەندێکی پیلانەکەی سەری گرت، بە ماوەیەکی کەم گەڕایەوە بۆ مۆسکۆ و لای هەندێ لە خزمانی دەوڵەمەندی خۆی، گیرسایەوە. لەوانەیش:بنەماڵەکەی ڕۆستۆڤ. کە زۆر جاران سەردانی کردبوون.

ئاخر بۆریسی کوڕیشی، تا بووە ئاڵا هەڵگری فەیلەقی پاسەوان، هەر لەو ماڵە، گەورە بوو بوو. ئەو فیرقەیە لە مۆسکۆ مایەوە و، چاوەڕێی ئەوە بوون تێکەڵ بەو فەیلەقە ببێتەوە، کە لە (١٠)ی مانگی ئابەوە پێترزبۆرگی جێهێشت بوو و، بەرەو ڕادزیولۆ ڕۆیشت بوو.

ئەو ڕۆژەی پیرەژن گەیشت، بنەماڵەی ڕۆستۆف ئاهەنگی بۆنەی خاتوو (قدیسە ناتالی)یان دەگێڕا. ئەو ژنە پیرۆزەی کە نێوی کارەکەری ماڵەکە و کچەکەی، نابوو.

هەر لە بەیانیی زووەوە، چەندین گالیسکە، لەبەردەم ماڵیان و، سەر شەقامی بۆڤارسکایای بە نێوبانگ، قەتارەیان بەستبوو! لەبەر دەرگای هۆڵەکەیشدا، کۆنتیسی هاوژینی ڕۆستۆڤ و، کچە نۆبەرە قەشەنگەکەی، لێشاوی، میوانیان بە خێر دەهێنا. ئەم کۆنتیسەی خاتوونە گەورەی ماڵ (٤٥) ساڵان بوو. ژنێکی ماندووی (١٢) سک کردوو و، ڕوخسارێکی ماندووی ڕۆژهەلاتیانەی هەبوو.

هەر بە پێشوازییە هێمنانەکەی، ڕێزی خۆی دەسەپاند بەسەر بەرامبەرەکانیدا.

خاتوو درۆپتسکۆیش هێندە تێکەڵی ئەم بنەماڵەیە بوو، خۆی بە خانەخوێ دادەنا، بۆیە ئەویش میوانی بە خێر دەهێنا. گەنجەکانی ماڵیش خۆیان دزیبوەوە و، تەنیا کۆنت پێشوازی لە میوانان دەکرد و، بانگهێشتی نانی ئێوارەی دەکردن و، خێرا خێرا، ئەم ڕستانەی زۆر دووبارە دەکردەوە،"ئازیزەکەم. . . بە ناوی خۆم و بنەماڵەکەمەوە، بە خێرهاتنتان دەکەم. دڵگران دەبین گەر ئێوەیش لە ئێوارە خواردنەکەماندا نەبن."

بە یەک شێوەیش بۆ میوانەکان دەنووشتایەوە و، تەوقەی لەگەڵ دەکردن. جارجارەش بە ڕووسی و فەڕەنسی، فەرمانی پاک وخاوێنیی دەدا. هەر دابنیشتایە لاقەکانی بڵاو و قۆڵەکانی بەملا و لای کورسییەکەدا درێژ دەکردەوە و، پێشبینیی ئاو و هەوای دەکردو، بڕە موو دێزەکەی سەرە ڕووتاوەکەیشی، ڕێک دەخستەوە. کە لە دالانەکەیش دەگەڕایەوە خۆی دەکرد بە ژووری خزمەتکاراندا و، لەوێوە بۆ ژووری چێشتخانە دیوار بەردینە مەڕمەڕینەکە. لەگەڵ خزمەتکاران ئەو سفرەی مێزی نانخواردنەی کە جێی (٨٠) کەسی لەسەر دەبووەوە، ڕێکدەخست.

ئەو دیمیتری ڤازیلی ڤێتشی خزمەتکارەشیانی بانگ کرد، کە زەمانە لێی خستبوو و، پیر بووبوو و، خەرجیی ماڵی درابووە دەست و، پێی وت،"میتا چاوانت بکە چوارو تەقەلا بدە ئەمڕۆ کارەکان بە باشی بەڕێوە بچن."

سەیرێکی سفرەی سەر مێزەکەی کردەوە و، وتی،"زۆر چاکە. . سفرەکەیش ڕێک و پێکە."

کە ئاسوودەیش بوو، گەڕایەوە تارمەکە.

کەنیزەکە یاوەرەکەی خاتوو کۆنتیسی هاوژینیشی، لەولاوە هاواری کرد،"ماری لۆڤنا کۆراگین و کچەکەیشی گەیشتن."

خاتوونەکەیشی دەستێکی بۆ ئەو قوتووە برنووتییەی خۆی برد کە وێنەی مێردەکەیی بە سەرەوە بوو و، سەری پەنجەیەکی تێدا نقووم کرد و، بە کەمێ دڵەڕاوکێوە وتی،"ئەم جۆرە سەردانانە سیل و دیقم پێ دەکەن. دەی با ئەم ڕوخسارە قسە لە ڕووەیەش بەخێر بێنین."

وا فەرمانەیدا وەکو بیەوێت پێی بڵێت:تا لێرەیت ڕزگارم بکە."

ژنێکی کەتە و کچە گووپنەکەی، هاتنە ژوورەوە. خشەی کراس و، قسەکانی تێکەڵ بە یەک بوون، کاتێک وتی،"ئازیزەکەم . . هەر لە ئاهەنگەکەی بنەماڵەی ڕازۆمۆقسکییەوە ئەم کیژۆلەیەم لە جێدا کەوتبوو. بۆیە لە مێژە لێک دابڕاوین. ."

بەم بەزمە گفتوگۆ دەستی پێکرد. تا خانەخوێ وتی خۆشحاڵ بووم بە هاتنتان. ئیدی خاتوون کۆڵوانەکەی دایەوە بە شانیدا و، خشەی کراسەکانیان، لە ئەوسەری دالانەکەوە دەبیستڕا!

باس بوو بە باسی نەخۆش کەوتنەکەی پیزۆخۆڤ. ئەو پیرەمێردەی کە دەوڵەمەندترین و قۆزترین پیاوی سەردەمی کاترینی دووەم بوو.

باوکی نا شەرعیی ئەو پییەرەیش بوو،کە لە ئاهەنگەکەی ئانا پاڤلۆڤنا شیرەردا ئەو قسە بێ سەرو بەرە، شەرمهێنانەی کرد.

میوانە نوێیەکە وتی،"گریانم بۆ کۆنتی داماو دێت. خۆی لە خۆیدا نەخۆشە و پییەریش بەو ڕەوشتە ناڵەبارانەی، هێندەی دی لە مردن نزیکی دەکاتەوە."

کۆنتیسەی وەکو ئەوەی زیاتر لە (١٥) جار، ئەو بابەتەی نەبیستبێ پرسیی،" کام ڕەوشتە ناجۆرانەی پییەر؟"

میوانەکەیش وتی،" ئەوە بەرهەمی ڕۆشنبیریی ئەم سەردەمەیە! ئێ خۆ کاتێک لە دەری ولات، خوێندنی کردووە، کەس نەبووە لێی بپرسێتەوە و، ئێستایش لە پێترزبۆرگ، ئەم کەرێتیانە دەکات، دەبینرێت، پۆلیسی ناچار کردووە، فەرمانی دوور خستنەوەی، بۆ دەر بکات."

کۆنتیسە هاواری کرد،"بڵێی ئەم قسانە ڕاست بن!"

ئەمیرە درۆپتسکۆییش هەڵیدایە،"ئەو لە هەڵبژاردنی هاوڕێکانیشیدا سەرکەوتوو نەبووە و، لە کوڕی میر ڤازیلی باشتری نەدۆزیبووەوە، بیکاتە هاوڕێی خۆی. یان ئەوی تریان کە نێوی دۆلۆخۆڤە! وەکو دەڵێن ئەو سیانە لە تاوانە گەورەکانیان کردووە. هەر ئەو تاوانانەش بووەتە هۆی داماڵینی پلە سەربازییەکەی دۆلۆخۆڤ لە ئەفسەرەوە بۆ پلەی

سەربازیی!! پیزۆخۆڤیش گوازراوەتەوە بۆ مۆسکۆ. ئاناتۆڵ کۆزراگینیش ناچار پێتررزبۆرگی جێهێشتووە! خۆ ئەمەیان ئەگەر باوکی بە هانایەوە نەچوایە کێشەکەی زۆر ترسناکتر دەبوو.

کۆنتیسەیش پرسیی،" باشە ئەمانە چیان کردبوو تا ئاوایان بەسەر بێت؟"

میوانەکە جەختی لەسەر کردەوە و وتی:

ـ بە ڕاستی ئەوانە شەقاوە بوون! بە تایبەتی دۆلۆخۆڤ! هەرچەند کوڕی ماری ئیڤالۆڤنا دۆلۆخۆڤیش لەگەڵیان بوو، بەڵام ئەو کەسێکی ڕێزدار و بە ناوبانگ بوو. تۆ بیانهێنە بەرچاوی خۆت، ئەو سیانە بێچووە ورچێکیان پێ بووە و وێستوویانە بیخەنە گالیسکەکەیانەوە و، بیبەن بۆ ماڵی چەند ژنە ئەکتەرێک. لە پڕ لووتیان دەتەقێت بە لووتی چەند پۆلیس و ئەفسەرێکدا و، ڕێگرییان لێ دەکەن. ئەمانیش پەلاماریان دەدەن و، ئەفسەرەکە تەختی زەوی دەکەن! پاشان بە هەموویان ورچەکە دەبەستن بەپشتی ئەفسەرەکەیانەوە و فڕێی دەدەنە ڕووبارەکەی "مۆیکا"وە! ورچە دەست دەکات بە مەلە کردن و ئەفسەرەیش بە کۆڵییەوە بووە !!

کۆنتیش بە پێکەنینەوە هاوار دەکات،"ئێوە ئەو دیمەنە بێنە بەرچاوتان!!"

خاتوونیش وتی،" بە خوا تۆقێنەرە!! کۆنت ئەوە بە چی پێدەکەنیت؟"

لەگەڵ ئەم تووڕە بوونەی خاتوونیشدا ژنان خۆیان پێ نەگیراو کەوتنە پێکەنین.

خاتوو کاراگین درێژەی دایە،"بە ماندووبوونێکی زۆر ئەو داماوەیان بۆ ڕزگار کرا! بڕوانن:ئاژاوەچییەکە کوڕی کۆنت سیریل ڤلادیمیرۆڤیتش بیزۆخۆڤ بووە! ئەو پیاوەی کە خەڵکیی بە خاوەن ڕەوشت و بلیمەت، ناوی دەهێنن! ئا ئەمەیە سنووری ڕۆشنبیریی خەڵکانی هەندەران! بۆیە ئومێدەوارم بەو دەوڵەمەندیەشیەوە، کەس پێشوازیی لێ نەکات و، پەسەندی نەبێت!"

ئاخر ئەوان هاتنە داوا کردنی کچەکەم و، منیش لە وەڵامیاندا پێم وتن،" سوپاس بۆ ماندووبوونتان و، داوای دەکەن بۆ ئێمە گونجاو نییە."

خاتوونی کۆنتیسە بە لایدا داموکایەوە و پرسیی،" دەوڵەمەندیی!! سامانەکەی کامەیە؟"

کچانیش وایان پیشاندا هیچیان نەبیستووە و، دیسان خاتوونی کۆنتیس وتی،"پێم وابێت میر سیریل تەنیا چەند منالێکی ناشەرعیی هەبێت و بەس! تەنانەت ئەو پییەرەیش یەکێکە لەوان."

خاتوو کاراگینیش بە لاقرتێوە وتی،" منالی ناشەرعی! پێم وابێت لانیکەم (٢٠) منالێکی نا

شەرعیی هەیە !!"

خاتوو درۆپتیسکۆی پێی وابوو کاتی خۆیەتی قسان بکاتو لەسەرخۆ وتی،"شتەکە وایەو، وابڵاوە"کۆنت سیریل ژمارەی منالەکانی خۆی نازانێت! بەڵام ئەم پیرەپیاوە چاکترینی نێوانیانە. "دەزانن ئەو پیاوە کاتی خۆی، چەندە ڕێکپۆشو شۆخ بوو! تاکو پاریش پیاوێکی بێ خەوش بوو و من پیاوی وا قۆزم نەدیبوو!"

خاتوونی دۆپتیسکۆی گەڕایەوە سەر قسەکانی و وت،"ئۆی. . ئێستا زۆر گۆڕاوە! جا وێستم ئەوە بڵێم کە پیرەپیاو چاکترینی منالەکانیەتی و، لە هەموویان نزیکترە بە باوکی و، باوکیشی بایەخی زۆری دەدا بە ڕۆشنبیر کردنی ئەو. "

هەر لەبارەی ئەم کوڕەیانەوە میر ڤازیلی بۆ ئیمپراتۆری نووسیبوو،"ئەگەر کارەسات ڕوویدا ـ ئاخر خۆیشی لەتەمەندا بوو و تەنانەت لۆرانیشیان لە پێترزبۆرگەوە بۆ ئەمە هێنابووەوە ـ سامان و پارەکەی، کە (٤٠٠٠٠) ڕۆپڵ و چەند ملیۆنێک بوو، بە میراتی بدرێت بە پیرەپیاو!! هەر وەکو خوی بۆی گێڕامەوە:ئەمەش بووە هۆی، زیان بەخشین بە میر(ڤازیلی) خۆی، چونکە وا نەبوایە بە هۆی ژنەکەیەوە دەبووە میراتگری پلە یەک! سەرچاوەی ئەم زانیارییانەی منیش، جێی متمانەیە. لە سەروو ئەمانەشەوە، بە گوێرەی یاسای بەریتانیا، منیش لە ڕێگەی دایکمەوە، لە نەوەی میر سیریلم و بۆریسیش لە کوڕە ناشەرعییەکانیەتی!"

دوا ڕستەیشی وا وت کە گوایە، بە هیچ مەبەستێک، ئەم قسانەی نەکردووە.

خاتوو کاراگین وتی،"دەڵێن لە دوێنێوە میر ڤازیلی بۆ پشکنین هاتووەتە ئێرە !"

خاتوو درۆپتیسکۆییش وەڵامی دایەوە،" بەڵێ وایە. بەڵام بەینی خۆمان بێت، بە بیانووی پشکنینەوە هاتووە. ئەگەرنا لەبەر نەخۆشییە ترسناکەکەی کۆنت سیریل لێرەیە !"

لەپڕێکدا کۆنت ڕۆستۆڤیش هاواری کرد،"ڕاست دەکەیت بە قوربان، ئەمەیش بۆ خۆی، ڕازێکی پێکەنیناوییە !"

هەر کە بینیشی میوانەکە گوێی پێ نەدا! ڕووی کردە کچەکان و وتی،" بێگومان ئەو ئەفسەرە داماوەی، نێو ئاوەکە بووەتە گاڵتەجاڕی خەڵکەکە!"

کەمێ خۆی گرژ کرد و، بە دوایدا دایە قاقای پێکەنین. قاقای پیاوێک کە تێر و تەسەلی بە کەتەییەکەیەوە دیاربوو!

قسەکانیشی وا کۆتایی پێ هێنا،" بۆ ئێوارەخوانەکە چاوەڕێتانم. "

بەشی یازدە
ناتاشا و بۆریس

هۆڵەکە کەمێک کپ بووەوە. خاتوونی کۆنتیسە نەیتوانی بێزاریی خۆی لە هاتنی ئەو خاتوو کاراگینی میوانە بشارێتەوە و، چەندەیش بە ڕۆیشتنی ئەو خاتوونە میوانە شاد دەبێت.

لە کاتێکدا کچی کاراگین بە چاو دەیویست دایکی تێبگەیەنێت هەستن و بڕۆن. ترپەی خێرای پێی یەکێک لە ژوورەکەی ئەو بەرەوە و، دەنگی کەوتنی کورسییەک هات. لە پڕێکدا دەرگا کرایەوە و، کچێکی سیازدە ساڵان خۆی کرد بە ژووردا و، شتێکی لە لۆچەکانی کراسە مۆزلینە کورتەکەیدا، شاردبووەوە.

کێژۆڵەکە لە میوانان سڵەمییەوە و، لە شوێنی خۆی وشک بوو! کوڕێکی قوتابیش، کراسێکی یەخە شەرابیی لەبەردا بوو و، ئەفسەرێکی فیرقەی پاسەوانان و کچۆڵەیەکی پازدە ساڵان و منداڵێکی دەم و چاو خڕ کە شۆرتێکی کورتی لەپێدا بوو، بە دوایەوە بوو.

کۆنت قەڵەمبازێکی داو چوارپەلی بڵاوکردەوەو، ڕێی لە کێژۆڵەکە بڕییەوە و بە پێکەنینەوە هاواری کرد، "ئا ئەمەیە پاڵەوانی ئاهەنگەکەمان! ئای کچە چکۆلە ئازیزەکەم !"

خاتوونی کۆنتیسەیش خۆی تووڕە پیشاندا و وتی، "هەر شتە و کاتی خۆی هەیە. . . ئازیزەکەم !"

دڕێژەیشی دایە، "بەم شێوەیە پەروەردەی تێک دەدەیت . . . ئیلی. "

خاتوو کاراگینیش به کیژۆڵەکەی وت،" چۆنی ئازیزەکەم! ئەم یادەی لە دایک بوونیشت پیرۆزبێت!!"

بە دایکەکەیشی وت،" کیژۆڵەیەکی چەند نیانە !"

ئەو کیژە چاو ڕەشە دەم زلە، هێندەش جوان نەبوو. بەڵام بزێو بوو. لە ڕاکردنەکەیدا قژی دەم با دەکەوت و، بەسەر شان و پشتە لاوازە ڕووتەکەیدا، پەخشان دەبوو. دوو قۆڵە باریک و دوو لاقەکەی، لە ناو پانتۆڵێکی دانتێلدا تاکوو سەر پێڵاوەکانی درێژ ببووەوە، خۆی لە کۆنت دەرباز کردو بەرەو دایکی ڕای کردو، ڕووە سوور هەڵگەڕاوەکەی لە کراسەکەیدا شاردەوە.

دوای کەمێک بووکە شووشەیەکی پیشانی دایکی داو وتی،" ئەها. . ئەمە بووکەکەمە! دایکە ئەها چەند جوانە !!"

لەبەر ئەوەی هەمووان دایانە قاقای پێکەنین. . ئیدی ناتاشا هیچی بۆ نەوترا.

دایکەکەی وای نیشاندا تووڕەیە و وتی،" ئەم بووکە نەگریسە ببە و بڕۆ. . دەی ون ببە ! ڕوویشی کردە خاتوو کاراگین و وتی،"ئەمە. . کچی هەرە بچووکمە!

ئەویش خۆی لە کیژۆڵەکە نزیک کردەوە و وتی،" ناتاشا پێم بڵێ ئەم بووکە کچۆڵەی خۆتە؟"

پێی وابوو بەو پرسیارە گەوجانەی، کچە دڵخۆش دەکات. بەڵام ناتاشا هەر وەڵامیشی نەدایەوە!

هەر لەو کاتەدا بۆریسی کوڕی درۆپتیسکۆی ئەفسەر و، نیکۆلای قوتابی یەخە شەرابی و، نۆبەرەی کۆنت و، سۆنیای خوشکەزای کۆنت و، بێتروشای پاشەبەرە، هاتنە نێو هۆڵەکەوە. میوانان بۆ شکۆی ئاهەنگەکە، پێ نەکەنین.

لاوەکانیش پێیانەوە دیار بوو، یاریی نێو ژووڕەکانی تر، گەلێک خۆشتر بوو، لە نێو ئەم هۆڵە.

ئەفسەر و قوتابییە لاوە شۆخ و شەنگەکە، هاوڕێی منااڵیی یەکتر بوون. تا بڵێی هەردوکیشیان، جوان بوون. بەڵام جیاوازیش بوون. بۆریس کەڵەگەت و سووربراو بوو! بەڵام نیکۆلا کورتەباڵاو، قژلوول و، گەندەمووی لێوی سەرەوەی سێبەری خست بوو. ئەویان لە هاتنە دیوەخاندا ئاسایی بوو. بەڵام ئەمیان سوور هەڵگەڕابوو.

کچۆڵەکە خۆی بۆ نەگیراو قەڵەمبازێکی داو چووە دەرەوە.

بۆریسیش خۆی تێک نەدا و لە دایکی پرسی،"دایە ئەگەر دەچیتە دەرەوە با گالیسکەکەت بۆ ئامادە بکەم. "

دایکیشی بزەیەک گرتیو وتی،" ئا. . ئا. . بڕۆ ئامادەی بکە. "

کوڕە چاوی بۆ ناتاشا گێڕا و، بە هێمنی چووە دەر و کورتەبنەیش بە دوایدا.

بەشی دوازدە
چەلەحانێ

بێ لە کچی کاراگین و کچە نۆبەرەی بۆریس کە هەر خەریکی لاسایی کردنەوەی پیران بوون و، چوار سالّیش لە خوشکەکەی تری گەورەتر بوو، لەگەڵ نیکۆلا و سۆنیای بەلەباریکەی شان ڕووتی ئامۆزای، کەس لە دیوەخاندا نەمابووەوە.

سۆنیا وای پیشان دەدا گوێ بە قسەکانی ئەوان دەدات. ئەویش بە گێڕانی چاوانی ژێر برژۆڵە درێژەکانیدا دیاربوو، حەزی بە یاری کردن بوو، لەگەڵ ئامۆزا عاشقەکەی بە ژیانی سەربازی. ئەوان تەنیا دەیانویست گەورەکان بە هەڵەدا بەرن، گەرنا، دەیانویست پێکەوە بن.

پیرە کۆنت دەستی بۆ کوڕەکەی ڕاکێشا و، بە خاتوو کاراگینی وت،" بەڵێ. ئازیزەکەم، ئا ئەوەیە هاوڕێیەتی بۆریس! بزانە چۆن پلەی هاوڕێکەی خۆی گەیاندە ئەفسەری و، نیکۆلا نەیویست لە سەربازی دوا بکەوێت، بۆیە باوکە پیرەکەی و خوێندنەکەی پشتگوێ خست و، چووە ڕیزی سوپاوە. لەوێش پلەیەکی نایابی کارگێڕی چاوەڕێی بوو. تووخوا ئەوە هاوڕێیەتییەکی جوان نییە؟"

خاتوو کاراگینیش وتی،"دەڵێن گوایە شەڕ هەڵگیرساوە !"

کۆنتیش وتی،"ئەوە ماوەیەکە پڕ بە دەم هاواری بۆ دەکەن و، وا دەڵێن و مێشکیان بردووین !"

ئەمجا ڕستەکەی خۆی وتەوە، "هاوڕێیەکی قەشەنگ! پاشان ئەویش لە فەیلەقی سوارە نامەزراوە."

دیسان پرسییەوە، "تووخوا هاوڕێیەتییەکی چاکیان نییە؟ لە فەیلەقی سوارەیش خۆی نووسی."

خاتوو کاراگینیش هەر بە سەر لەقاندن، لەو باسە ڕزگاری بوو. کوڕی نیکۆلا ئەم قسەیەی پێ ناشیرین بوو. بویە بە پێکۆڵییەوە لە بری دایکی وەڵامی دایەوە و وتی، "ئەوە پەیوەندیی بە هاوڕێیەتییەوە نییە و، خۆم حەزم بە چوونە سوپاوە بوو. تەنیا هەر ئەم هۆیەیش بوو."

سەیرێکی کچەی ئامۆزای و کچە کاراگینی کردو، ئەوانیش بە بزەیەک پشتگیرییان کرد.

کۆنت شانێکی هەڵتەکاندو وتی، "کۆلۆنێل شۆبێرتیش، بانگهێشتی ئێوارە خوانەکەمان کراوە. سەرکردەی پاسەوانانی باڵۆگرادە. هەر پشووەکەی کۆتابوو، کوڕە هەرزەکەم لەگەڵ خۆی دەبات و، چاریشم نییە، چی بکەم؟"

هەرچەند خەمساردانەیش قسەی دەکرد. بەڵام پێوەی دیاربوو خۆیشی حەزی بەو کارە دەکرد.

کوڕەکەیشی وتی" دیسان دەیڵێمەوە. . باوکە گیان:گەر پێت ناخۆشە، ئەوا لە لای تۆ دەمێنمەوە و ناچم. بەڵام خۆم سەربازگەم پێخۆشە. سیاسەت و فەرمانگە و کارگێڕی، بە کەڵکی من نایەن. چونکە من کەسێکی هەستیار و سۆزاویم."

کوڕە نەیتوانی بە دەم ئەقسانەی خۆیەوە، سەرنجی هەرزەکارانەی، لەسەر کچۆڵەکان لابەرێت. پشیلە چکۆلەش هەر وەختەبوو، بە سەرنجەکانی، کوڕەی قسەکەر قووت بدات. هەر ئەوە بوو نەدەچووە کۆشییەوە.

پیرە کۆنت وتی، "زۆر چاکە. . وا باشە شوێن چاوتێبڕینی خۆی بکەوێت. پۆناپارت بۆناپارتی سەرکردەی هەموویانی گۆڕیوە. ئەو پیاوەی کە ئەفسەرێکی دوو ئەستێرە بوو و، ئێستا ئیمپراتۆرە! ئەوە بووەتە خەونی هەرزەکارانی ئەم سەردەمە و خێری پێوە بێ."

کۆنت بێئەوەی، هەر ئاگایشی لە بزەی لاقرتێ ئامێزی، سەرلێوانی خاتوو کاراگین بێت، قسەکانی تەواو کرد.

گفتوگۆی گەورەکان گۆڕا و، باس بووە باسی بۆناپارت و کێشەکان.

جوولیی کچی خاتوو کاراگینیش هەلەکەی قۆستەوە و بە ڕۆستۆڤی لاوی وت، "ئای. . چەند جێی داخ بوو کە ئەم پێنج شەمەیە ئامادەی ئاهەنگەکەی بنەماڵەی ئارخارۆڤ نەبوویت! بە ڕاستی فرە بێتاقەتی تۆ بووم."

نیکۆلا بە زەردەخەنەیەکەوە چووە تەنیشتییەوە و، بزەیش لە سەر لێوانی کچە نەدەبڕا.

رووی کرده کچه و، کەوتە قسە کردن لەگەڵیدا و، نەیدەزانی، قسەکانی وەکوو شمشێر دەبن، لە سەر دڵە ناسکەکەی، سۆنیایەک، کە لە دڵەوە غیرەی دەکرد و، شکستیشی خواردبوو، لە شاردنەوەی، ئەو هەستەیدا و، خۆیشی سادە و، دڵ کراوە، دەردەخست.

لە ناکاو نیکۆلا چاوانی بەرز کردەوە و، لە سۆنیای ڕوانی و، سۆنیایش، لێشاوی تێکەڵوی سۆزی خۆشەویستیی خۆی، بە کەمێک تووڕەیی، بە گڕ ڕوانینەکەی ئەودا کردەوە. لە ناخیشەوە، بەرهەڵستی داوەرینی، فرمێسکەکانی خۆی کرد. بزەیەکی سادە سەر لێوانی کەوت و، لە هۆڵەکە چووە دەرەوە.

بە چوونە دەرەوەی سۆنیا، کەف و کوڵی سۆزەکەی نیکۆلایش، نیشتەوە. بیئەوەی هەستی جولییش بڕووشێنێت، خۆی دزییەوە و، ڕۆیشت و بە دڵەڕاوکەوە، شوێن سۆنیا کەوت.

لە چوونە دەرەوەیشیدا ئانا میخائیلۆڤنایش دەستی بۆ درێژ کرد و وتی،"تێکەڵوی مام و خاڵوان مەترسیدارە و، هەرزەکارانیش نهێنی دڵی خۆیان بۆ ناشاردرێتەوە !"

کۆنتیسەیش وتی،" بەڵێ. . بەڵێ راستە. "

دواتر وەڵامی پرسیارێکی دایەوە کە کەس نەیکردبوو و، نەیدەتوانی نەڵێت،" تا وایان لێهاتووە خۆشی بخەنە دڵمانەوە. دڵەڕاوکە و ماندوو بوونێکی فرەمان، پێیانەوە چەشتووە. هەرچەند جار و بارێک ترسیشی لەگەڵدایە و، ئەو ترسەش پاشماوەی تەمەنمان نیگەران دەکات. چونکە ئەم قۆناغەی تەمەنیی کچۆڵە و هەرزەکاران، مەترسیدارترین قۆناغە. "

میوانەکەیش وتی،"ئاخر. . ئەوەیش بە پەروەردەیانەوە بەستراوەتەوە. "

کۆنتیسەیش وەکوو دایکانی تر، وا قسەی کرد کە منداڵەکانی هیچی لێ ناشارنەوەو وتی،"بێگومان وایە! من هەمیشە هاوڕێی منداڵەکانم بووم. ئەوانیش کوێرانە متمانەم پێ دەکەن. بۆیە هەمیشە خاوەنی نهێنیی کچەکانی خۆمم. بەڵام نیکۆلای بزێو، هەر خەریکی ئارەزووەکانی خۆیەتی. ئەویش وەکو هەرزەکارانی تری پێترزبۆگە و، لەو بڕوایەدام، هەرزەیەکی سنوور بەزێن نییە !"

کۆنتیش پشتگیری کرد و وتی،" بەڵێ زۆر وایەو ڕەوشتیان نایابە !"

ئەویش گیانێکی بەم زاراوەی "نایابە" بوو و، زۆریشی بەکار دەهێنا. "

دیسان تێهەڵچووەوە،" ئازیزەکەم. . بڕوا دەکەیت خۆی دەیەوێت بچێتە لەشکری سوارەوە ئیدی من چی بکەم؟"

خاتوو کاراگینیش وتی،" ماشاالله. . کچە چکۆلەکەت جوانە! بزێو. . بزێو. هەر دەڵێی تیسکەی تفەنگە[1] ! "

---

[1] – تیسکەی تفەنگ: پزیسکی گڕی ئەو بارووتە سووتاوەیە بە تەقینی فیشەک پەیدا دەبێت.

پیرە کۆنتیش لەولاوە هەڵیدایە:

ـ بەڵێ دەڵێی تیسکەی تفەنگەو، چووەتەوە سەر خۆم. ئای چەندە دەنگیشی خۆشە . . ئازیزەکەم! بەڵێ ئەم سۆنیایە، کچی خۆمە، بەڵام راستی، هەر راستییە. ژەنەرالێکی ئیتالیمان ژەکو مامۆستای فێرکەر بۆ گرتووە و، تاکوو ببێتە گۆرانیبێژ. .

ـ جا هێشتا بۆ تەمەنی زوو نییە؟ دەڵێن لەم تەمەنەیدا راهێنان دەنگی ناساز دەکات؟

کۆنت هاواری لێ هەستا و وتـی،"چۆن شتی وا دەبێت!؟ ئەی نەنکان و دایکانمان لە تەمەنی (١٢ـ ١٣) سالاندا شوویان نەکردووە؟

کۆنتیسەی دایکی سۆنیایش چووەوە سەر قسەکەی پێشووتریو وتی" گەر چاودێریی تۆندی بخەمە سەر، مەگەر خوا بزانێت کچەکەم، بە نهێنی، چی دەکات؟" دەیویست بڵێت:یەکتریشیان لە ئامێز دەگرت! "بەڵام لەبارەی ئەو ئازادییە زۆرەی بەم کچەیانم داوە، خۆم ئاگاداری بیر و لێکدانەوە و پرۆژەکانیشیم و ئێوارەی لێدێت ڕووداوەکانی ئەو ڕۆژەی خۆیم بێ پێچ و پەنا بۆ دەگێڕێتەوە. ڕەنگە هەڵەیش بم و، بەم ڕەفتارەی من لە ڕێ ڕاست دەربچێت، بەڵام گوێی نادەمێ و ئەمەم پێ باشترە لە ئاکامەکانی خوشکەکەی تری! چونکە، زۆرتر بە تۆندی چاودێریی کچە نۆبەرەکەم دەکرد.

ڤیرای نازدار و نۆبەرەی کۆنتیسەیش بە زەردەخەنەیەکەوە وتی،"ڕاست دەکات. پەروەردەی من لەو جیاوازە. "

هەرچەند زەردەخەنە ڕوخسار دەکاتەوە، بەڵام ئەوەی ڤیرا پێچەوانە بوو. تا بڵێی کچێکی جوان و زیرەک و، ڕۆشنبیر و، بە ڕەوشتیش بوو.

پشتگیرییەکەی بۆ دایکی پێچەوانە کەوتەوە و، سڵەمینەوە و ساردییەکی لە لە نێو کۆڕەکەدا دروست کرد. کۆنتیسە و ژنی کاراگین و، دانیشتوان لچیان لێ هەڵقورچاند!

ژنی کاراگین هەڵیدایە،"دایکان هەروان، بایەخێکی زۆر دەدەن بە نۆبەرەکانیان. "

کۆنتی پیرەمێردیش وتی،"دەمخۆش ئازیزەکەم. ئەم ژنەی من بایەخێکی فرەی دا بە کچە نۆبەرەکەمان و، زۆر بە لاولۆیدا دەهات !"

چاوێکیشی لە ڤیرا داگرت و وتی،" پەروەردەکەیشی زۆر سەرکەوتووانە بوو. "

میوانان هەستان و، پەیمانی هاتنەوە و، ئامادەبوونی ئێوارەخوانەکەیشیان دا.

خاتوو کۆنتیسە،تا بەردەرگا بەڕێی کردن و،لە گەڕانەوەدا لە بەرخۆیەوە وتی،"ئای چەند هەڵسو کەوتو مامەڵەیەکی پڕ سوکایەتی بوو!! کەمێکی دی بمانایەتەوە سەوز دەبوون و ڕەگیشیان دادەکوتا!"

بەشی سیازدە
عیشقی هەرزەکارانە

ناتاشا زۆر دوور نەکەوتەوە و، لە نێو گوڵەکانی نێو باخچەکەی خۆیاندا، خۆی شاردەوە و، چاوەڕێی بۆریسی دەکرد و، گوێیشی بۆ غەڵبەغەڵبی دیوەخانەکە ڕاگرتبوو. دوای کەمێک بێزاربوو و، وەختە بوو بگری. کە ترپەی پێی هاتە گوێ و، زانیی لاوەکەی خۆیەتی. خێرا خۆی لە نێو لق و پۆی گوڵەکاندا دانەواندەوە.

بۆریس لە ناوەڕاستی باخەکە زستانەکەییەکەدا وەستا و، چاوی گێڕا. چووە بەر ئاوێنە گەورەی دالانەکە و، بەردەم ئاوێنەکە و، بە پەلەپیتکە کەوتە خۆ تەکاندن و، خۆ ڕێکخستنەوە و، بزەیەکی هاتێ. ئەمجا بەرەو دەرگاکەی تر ڕۆیشت.

ناتاشا وێستی بانگی بکات. بەڵام دانی بە خۆدا گرت و، نەجووڵا و، گەشکەیەکی خۆش دایگرت.

لە دڵی خۆیدا وتی،"نەخێر! بانگی ناکەم و، با خۆی بم دۆزێتەوە."

سەرنجیدا هێشتا بۆریس لە نێو گوڵەکان نەچووەتە دەرەوە و، "سۆنیا"ی ئامۆزایشی، سوور هەڵگەڕاوە و، لەبەر خۆیەوە، ورتە ورت دەکات! سەرەتا وێستی، خۆی هەڵ بداتە کۆشی سۆنیای ئامۆزایەوە. بەڵام سەرلەنوێ، ددانی بە خۆیدا گرتەوە و، ئەمەیشی نەکرد و، خۆی لێ داگرتنەوە و، دەیویست بزانێت، دواتر چی ڕوو دەدات؟ سەرنجیدا، سۆنیا بە دەم گریانەوە، بە پەرۆشەوە، لە دەرگای هۆڵەکە دەڕوانێت. زۆری نەبرد و، نیکۆلا گەیشتە نێو دەرگاکە.

نیکۆلا که هەستی کرد، سۆنیا دەگری، لێی پرسیی، "ئەوە چیتە سۆنیا؟ چۆن وا دەبێت؟

ئەویش بە دەم قوڵپی گریانەوە وتی، "وازم لێ بێنە. . . هیچم نییە. وازم لێ بێنە!"
نیکۆلایش وتی، "بەڵێ بەڵێ من دەزانم. . چیتە !!"
سۆنیاش وتی، "خۆیشت دەزانیت چیمە!!؟ دەی برۆ بۆ لای هاوڕێکەی ترت. "
نیکۆلا دەستی گرت و، ئەویش خۆی بە دەستەوە و، نەگریا !
نیکۆلا لە سەرخۆ پێی وت، "سۆنیا گیان با شتێکت پێ بڵێم. تۆ لە وەهمدا دەژیت! جا دەکریت، خەم لەم تورەهاتانە بخۆین؟"
ناتاشایش لە نێو گوڵەکاندا خۆی لێ داگرتبوون و، بە تامەزۆییەوە لەو دوانەی دەڕووانی و، وەختەبوو شاگەشکە ببێت!
دواتر لە خۆیی پرسی، "تۆ بڵێی چیی تر روو بدات؟"
لە پڕێکدا، نیکۆلا وتی، "لەم جیهانەدا، تۆ هەموو شتێکیت بۆ من! دەبێت بە کردار ئەم قسەیەیشت بۆ بسەلمێنم. "
سۆنیایش وتی، "حەز ناکەم بەم شێوەیە بدوێیت !"
کورەیش وتی، "ببووڕە جارێکی دی دووبارەی ناکەمەوە. "
تووندیش لە ئامێزی گرت و، عاشقانە ماچێکی کرد.
ناتاشایش لە شوێنەکەی خۆیەوە و، لە دڵی خۆیدا وتی، "ئای ئەو هەڵوێستەیان، چەند شیرین و خۆشە!!"
نیکۆلا و سۆنیا نێو باخو گوڵەکانیان جێهێشت. ناتاشایش کەوتەوە گەڕان بە شوێن بۆریسەکەی خۆیدا.
ئەمیشیان هەر بۆریسی بینی، بە نازو عیشوەیەکەوە بانگی کرد، "بۆریس وەرە. . با پێت بڵێم. . لێرەوە. . لێرەوە. "
بۆریسی بردەوە، ئەو شوێنەی خۆی تێدا شاردبووەوە.
بۆریسیش بە پێکەنینەوە شوێنی کەوت و، لێی پرسی، "باشە باشە! ئێرە چیی لێیە؟"
کچەیش کە هەڵەکوونیی پێوە دیاربوو، سەیری ئەملاو لای کرد و، بووکە شووشەکەی بینی لەسەر سندوقێک فڕێدرابوو، هەڵیگرتەوە و پێی وت، " دەی . . بووکە میمی تۆیش یەکەم ماچ بکە !"
ئەویش بە وردی سەرنجی پڕ سۆزی، ڕوخساری دا و، هیچی نەگوت.
ناتاشا لێی پرسی، "ئەوە بووکەکەم ماچ ناکەیت؟ کەوابوو، ئا لێرەوە وەرە. "
بووکەکەی فڕێ دا و ڕۆچووە نێو گوڵەکانەوە و بانگی کرد، تا نزیکتر ببێتەوە !
ڕوومەتەکانی سوور هەڵگەڕا و باوەشی پێدا کرد و، بە نازێکەوە پرسیی، " ئەی من؟

منیش ماچ ناکەیت!؟ "

بۆریس سوور هەڵگەڕا و وتی،" چەند سەیریت!"

لێی نزیک بووە و، بۆی داموکایەوە، بەڵام شەرم گرتی و، هاتەوە دواوە. ئاتاشا بازێکی هەڵدایە سەر سندوقێک و، سەری بە پشتا خست و قژەکەی شۆڕ کردەوە و، دوو باسکی ڕووتەکەی، لە ملی بۆریس ئاڵان و، ماچێکی خێرای، لێوەکانی کرد !

بەڵام. . . ئاتاشا بە ڕاکردن خۆی کرد بە نێو گوڵەکاندا و، لەو سەری چیمەنەکە وەستا و، ملی نا بە لارەوە.

بۆریسیش وتی،" ئاتاشا. . خۆت دەزانیت چەندم خۆش دەوێیت، بەڵام . . . "

ئاتاشایش قسەکەی پێ بڕی و وتی،"ئای. . کەوابوو حەزت لێمە!! وا نییە؟"

ئەویش وتی،"بەڵێ. . خۆشم دەوێیت. بەڵام جارێکی دی، شتی وا مەکە! چوار ساڵی تر چاوەڕێ دەکەین و، دواتر:دەتخوازم. "

ئاتاشا کەمێ ڕاما و پەنجەکانی بۆ بژاردن ئامادە کرد و وتی،" سیازدە. . . چواردە. . . پازدە . . . شا. . . ! با وا بێت. ئەوە ڕێکەوتین. باشە؟ "

زەردەخەنەیەکی بەختەوەرانەی خستە سەر لێوان و، سوور هەڵگەڕا.

بۆریسیش وتی،"کەوابوو ڕێککەوتین. "

ئاتاشایش وتی،" بۆ تا هەتا و، تا مردن!"

دەستی بۆریسی گرتو لە خۆشیدا وەختەبوو شاگەشکە ببێت !

بەشی چواردە
دوو هاوڕێکە

ئەو سەردانە بێزراوانە، خاتوو کۆنتیە ڕۆستۆڤیان تووشی سەرەگێژە کردبوو. بۆیە دەرگاوانی ڕاسپارد، ئیدی میوان بەرەو ڕووی ئەو نەکاتەوە و، هەر خۆیشی، بێ جیاوازی، هەموویان بانگهێشتی ئێوارە خوانەکە بکات!

ئاخر خۆیشی تامەزرۆی دانیشتن بوو لەگەڵ خاتوو "درۆپتسکۆی"ی هاوڕێی منالّیی خۆی. کە لەوەتەی لە پیترزبۆرگ گەڕابووەوە بۆی ڕێ نەکەوتبوو، تێروپڕ قسەی لەگەڵ بکات. ڕوخساری ئانامیخائیلۆڤنایش، هەمیشە بێزاریی پێوە دیاربوو.

کۆنتیسە خۆی لە هاوڕێکەی نزیک کردەوە و وتی،"بە ڕاستی ئێستایش وەکو جاران خۆشەویستیت و، منیش بە متمانەوە وتوویژت لەگەڵ دەکەم. ئەی وا نییە؟ "

کاتی دەست گوشینی هاوڕێکەی سەرنجی بە ڤیراوە گیرسایەوە و بەویشی وت،"ڤیرا بۆ تێناگەیت؟ دە بڕۆ بۆ لای خوشکێکیانت. "

ڤیرا تێبینییەکەی پێ خۆش نەبوو و، کەمتەرخەمانە هەستا و وتی،"زووتر قسەت بکردایە هەر زوو جێم دەهێشتیت، دایە گیان!"

بەرەو ژوورەکەی خۆی بووەوە و، لە ناکاو هەڵوێستەیەکی کرد و سەرنجی دا بەر هەر پەنجەرەیەک دووانی لێ وەستاون و، بە تامەزرۆییەوە لە یەکتر دەڕوانن !

نیکۆلا بە تەنیشت سۆنیاوە بوو، شیعرێکی بۆ دەخوێندەوە، کە خۆی بە سەریدا هەڵیدابوو. بۆریس و ناتاشایش ورتە ورتیان بوو.

دوو کچۆڵەی عاشقیشیش، ڤیرایان بینی، بێدەنگ بوون و، قێزەونانە لێیانسەرنجیاندا !

دیمەنەکە لەگەڵ وێستی ڤیرا نەدەهاتەوە، بۆیە پێی وتن،" چەند جارم پێ وتن، دەستکاریی شتەکانم مەکەن!! خۆ ئێوەیش بە ناخێری گیانتان:ژووری خۆتان هەیە. . . "

نیکۆلا پەڕەمووچەکەی هەر لە مەڕەکەبەکەدا بوو، کە ڤیرا شوشەی مەڕەکەبەکەی، لە ژێر دەست دەرهێنا و، پێ ڕانەگەیشت، پێی بڵێ،":پەلە مەکە. . هەر ئێستا !"

ڤیرایش وتی،" ئای کە بێ زەوقن!! لەو شێوە چوونە نێو دیوەخانەیش تەریق نەبوونەوە! تا ئەوەبوو، میوانەکان لەو ڕەفتارانەی ئێوە، تەریق بوونەوە !

ڤیرا تێهەڵچووەوە،"کەی تەمەنی ئێوە، هی ئەوەیە؟ دەبێت نهێنییەکانی نێوان بۆریس و ناتاشا چی بێت؟ ئەوەی ئێوە دەیکەن، لە تورەهات بەولاوە، هیچی تر نییە!!"

ناتاشا خۆی تێهەڵقورتان و نیانانە وتی،" ڤیرا. . . تۆ چیتە بە سەرمانەوە؟ "

ئەویش وتی،"ئەوەی ئێوە دەیکەن ڕەفتارێکی هیچوپووچەو ناتاشا تۆیش ڕووزەردم مەکە! "

ناتاشایش بە هەڵچوونێکەوە وتی،" هەرکەس نهێنیی خۆی هەیە! ئێمە خۆ هەڵناقورتێنینە ڕەفتاری تۆو پییەڕەوە! کەوا چی دەکەن و چی ناکەن!"

ڤیرایش وتی،" هیچت نەدۆزییەوە ئەمە نەبێت؟ وەکو ئەوەی ڕەوشتم ناشیرین بووبێت! پەلەم لێ مەکە، تا بۆ دایکمی دەگێڕمەوە کە لەگەڵ بۆریس چی دەکەیت؟"

بۆریسیش وتی،"ئەم (ناتالی ئیلینیتشا ـ ناتاشا)یە، هەڵسوکەوتی لەگەڵ مندا نایابە! پێی سەغڵەت نیم. "

ناتاشایش قیژاندی،"بۆریس تۆ بێدەنگ بە و، دبلۆماسیانە مەدوێ. "

دبلۆماسی لای لاوانی ئەو سەردەمە، واتایەکی تایبەتی بوو.

ـ با بزانم ئەمە چیی لێم دەوێت؟ تۆ هیچ تێناگەیت و، لە ژیانتدا کەست خۆش نەویستووە. . . تۆ دڵت مردووە و بە بێزار کردنی خەڵکی، ئاسوودە دەبیت !

بۆ ڕووشاندنی هەستی ڤیرایش وتی،" ڕێک وەکو ژنی (دۆجانلیس)[1] وایت. دە . . . تۆیش بڕۆ بۆ لای بیرج!"

ڤیرایش وتی،"بە هەرحاڵ، من هەرگیز بە بەرچاوی میوانانەوە بەدوای هیچ کوڕێکدا ڕاناکەم !"

نیکۆلایش وتی،" ئاخری دات لە بنی هەمانەکە. ئاخر تۆ غەدرت لێ کردین و بەختیاریت تێکداین! یاڵڵا. . با بگەڕێینەوە بۆ ژووری منداڵانەکە. "

هەر چواریان وەکو پۆلە باڵندەیەکی سڵکردوو، لێیاندا و ڕۆیشتن.

ڤیرایش دوای ئەوان وتی،" ئێوە کەڕێتیتان لەگەڵ من کرد! گەرنا هەرگیز بەم شێوەیە کەسم نەدووانووە !

---

[1] – دۆجانلیس:پەروەردەکەری دۆق دۆرلیان بوو. خاوەنی چەند کتێبێکی پەروەردەییش بوو.

ئەوانیش لەودیو دەرگاکەوە، پێیان ڕابوارد و هاواریان کرد،"خاتوو دۆجانلیس. . خاتوو دۆجانلیس!!"

بەڵام ڤیرا بەوە ئاسوودە بوو کە سنووری بۆ هەڵس و کەوتیان داناوە! چووە بەر ئاوێنەکە و، سەرپۆشەکەی ڕێکخستەوە.

دوو پیرەژنەی هاوڕێکەیش بەلاولووی یەکدا دەهاتن و دڵنەوایی یەکیان دەکرد.

خاتوو کۆنتیش لە وەڵامی ئەمیرە خاتووندا وتی،" ئازیزەکەم. . ڕێی ژیانم، بە درک و دال گیراوە و، گەر بەم شێوەیە بیگوزەرێنین سامانمان چۆڕبڕ دەبێت و، هەژار دەکەوین! تەنانەت لە دێیەکەشماندا ئارام نابین! ئەمە تێچوونی ڕاوە و ئاهەنگە و هەر خوا بۆ خۆی دەزانێت چی تریش! چی بکەم؟ ئەی ئاخۆ تۆ چۆن ژیان بە ڕێ دەبەیت!؟"

ــ "ئانێت دەزانیت ئیرەییت پێ دەبەم؟ ژنێکی وەک تۆو لەو تەمەنەدا و، لە نێوان مۆسکۆو پێترزبۆرگدا دێیت و دەچیت، قسە لەگەڵ وەزیران و، کەسانی چین و تۆڕە باڵاکان دەکەیت و، لە زمانیان دەزانیت! ئەوە من بم زمانم تێکەڵ و پێکەڵ دەبێت !!"

ئەمیش وتی:

ـ "ئازیزەکەم سوپاسی خوا بکە:کە کەسێکی نەزانیت! ئەی ئەگەر بێوەژن بوبتایە و، تەنیابایڵ و، بێ پشت و پەنا، چیت دەکرد!!؟ ئەوەتا من تەنیا کوڕێکم هەیە و، هیچم پێ ناکرێت، تا بۆی بکەم. "

پاشان بە فیزێکەوە وتی:

ــ کە ناچار دەبم قسە لەگەڵ کەسێتییەکی مەزن بکەم، ئەوا لە پێشدا کارتێکی بۆ دەنێرم و، تێیدا دەنووسم:"خاتوو فلان . . . . دەیەوێت فلانی کوڕی فلان ببینێت. " گالیسکەیەک بەکرێ دەگرم و، جارێک و دووان و سیان دەچم بۆ لای، تا دەستم پێی دەگات. گوێیش لە چەنەبازیی خەڵک ناگرم!"

ئەویش پرسی:

ـ "بۆ دامەزراندنی بۆریس لە هێزی پاسەوانان، دەستت بە پشتوێنی کێدا کردووە؟ ئا ئەوەتا نیکۆلای کوڕم، چونکە بێ پشت و پەنایە، لە فەیلەقی سەربازانی سواڕە ئەفسەرە. "

ئانا میخائیلۆڤنایش بە فیزێکەوە وتی،"بە میر ڤازیلیم وتووە. ئاخر تا بڵێی ئەو پیاوێکی باشە! زوو بۆی جێبەجێ کردم و، بە ئیمپراتۆریشی بۆ وتووم. "

ئیتر ئەو ئانا میخائیلۆڤنایە بیری چووبووەوە، کە چەندە خەمی چەشتووە و ڕسوا کراوە، تا ئەو کارەی بۆ کرا.

خاتوونی کۆنتیس پرسیی،"میر ڤازیلی؟ ئەرێ ئەوە هەر پیر نەبووە! خۆ لە ئاهەنگەکانی بنەماڵەی ڕۆمیانتسیڤەوە، ئەو پیاوەم نەبینیوە! ڕەنگە منی هەر بیریش نەمابێت!"

یادەوەرییەکانی خۆی وەبیرهاتەوە و، بزەیەک گرتی و وتی،"کاتی خۆی، زۆر بە لاولوومدا دەهات! گەلێکیش پێم سەرسام بووا!"

ئانا میخائیلۆڤنا وەڵامی دایەوە، "چۆنت بینی بوو هەر واماوەتەوە، پلە و پایە نەیگۆڕیوە! نیان و ڕاستگۆیە. تەنانەت پێیشی وتم. . ببوورن خانم کە ناتوانم لەمە زیاترت بۆ بکەم !"

"بەڵێ بە ڕاستی خزم دۆستە و، نیانە. ئێ بۆ خۆیشت دەزانی کە منیش چەندە کوڕەکەمم خۆشدەوێت و، درێغیی لێ ناکەم !"

کەمێ کپ بوو و دواتر بە کەساسییەکەوە وتی، "بەڵام بە داخەوە ئێستا لە بارێکی خراپدام. هێندە بێ پارەم کە پێداویستییەکانی کوڕەکەمم، بۆ ئەو دامەزرانە نوێیە بۆ دابین ناکرێت. "

دەسماڵەکەی دەرهێنا و، چاوانی خۆی سڕی و، لە سەری ڕۆیشت، "ئێستایش پێویستیم بە (٥٠٠) ڕۆبڵ هەیە و، (٢٥) ڕۆبڵم هەیە! ئا ئەوە حاڵەکەمە! تەنیا و تەنیا ئومێدم بە "کۆنت سیریل بیزۆخۆف"ە.

ئەگەر ئەو یارمەتیم نەدات، ئەوا تەقەلاکانی پێشوویشم پووچ دەبێتەوە! چونکە پێویستییەکانی کوڕەکەم، بۆ دابین ناکرێت.

کۆنتیسیش لەگەڵیدا گریا و، هیچی نەگوت.

بەڵام ئانا میخائیلۆڤنا لە سەری ڕۆیشت و وتی، "زۆرجار بە خۆم دەڵێم و ڕەنگە قسەکەیشم باش نەبێت، کۆنت سیرێل سامانێکی بەربڵاوی هەیە و، خۆیشی تەنیابابڵە و، کونجێکی گرتووە. ئاخر یەکێکی وەکو ئەو، سامان و دارایی بۆچییە؟ بەڵام کەسێک لەو تەمەنەی بۆریسی مندا. . . "

کۆنتیسیش هەڵیدایە:

"بۆ کوێی دەبات؟ هەر جێی دێڵێت. . . "

ئانایش وتی:

"دەوڵەمەندان خۆپەرستن! بە هەرحاڵ بۆریس دەبەم و، ڕاستگۆیانە قسەی خۆمی بۆ دەکەم. چونکە دواڕۆژی کوڕەکەمی پێوە بەندە. چش چی دەڵێن با بیڵێن. "

ئەمجا هەستایە سەر پێ و تێهەڵچووەوە، "ئێستا سەعات دووە و، ئاهەنگەکەت سەعات چوار دەست پێ دەکات. کەوابوو هێشتا زووە. "

خێرا کوڕەکەی بانگ کرد و، خانەخوێیش، تا بەر دەروازە لەگەڵ ڕۆیشت و بە ڕێی کردن. وا چرپانی بە گوێی خانەخوێکەیدا، تا کوڕەکەی گوێی لێ نەبێت و وتی، "خوات لەگەڵ هاوڕێ ئازیزەکەم. نزای بە خێرم بۆ بکە. "

پیرە کۆنتیش لە دەرگای چێشتخانەکەوە دەرکەوت و وتی، " ئاخۆ سەردانی کۆنت سیرێل دەکەیت، ئازیزەکەم؟ گەر بینیت بە نێوی منەوە هەواڵی بپرسە و، بانگهێشتی پیرەڕیش بکە بۆ ماڵمان. زووتریش ئەو هاتۆتە ماڵمان و لەگەڵ منداڵەکاندا سەمای کردووە. پەیمانیشی بە تاراس داوە، لەوە زیاتر بکات کە چاوەڕێی لێ دەکرێت و، وتوویەتی ئێوارەخوانێکی وا دەکەم کە بە کۆنت ئۆرلۆڤی چاکترین هاوڕێی کاترینیش نەکرابێت!!

بەشی پازدە
ئانا میخیلۆڤنا

گالیسکەکەی هاوژینی ڕۆستۆڤ و، ئەوەی خرابووە، خزمەتی شازادە خاتوونی "درۆپتسکۆی" و کوڕەکەیەوە، کەوتە ڕێ و خاتوو درۆپتسکۆی وتی، "ئازیزەکەم بۆریس". پێش ئەوەی گالیسکەکە بچێتە باخی ئوتێلەکەی (بیزۆخۆڤ)ەوە و، ئەوەی کۆنتی تێدا نیشتەجێ بوو، لایدایە سەر ڕێیەکی پووش و پەلاشاوی.

ئانا میخائیلۆڤنا زۆر بە سۆزەوە دەستی کوڕەکەی گرت و، ئامۆژگاریی کرد، کوڕە شیرینەکەم مل بە واقیع بدە و، "کۆنت سیریۆل" وەکو دەستگیرۆکەری تۆ وایە! داهاتووت بە دەستی ئەوە! خۆتی لێ نزیک بکەوە و، ببە بە هاوڕێی."

بۆریسیش بە سارددیێکەوە وەلامی دایەوە،"

"هەر چەند ئەم ملکەچییە سوودێکی نابێت، بەلام پەیمان بێت لەبەر دڵی تۆ وا دەکەم."

هەرچەند دەرگاوانەکە لە دابەزینیاندا ئەوانی وەک دوانی نەجیبزادە بینی. . بەلام بە بێزارییەوە سەرنجی دان و، نەچوو هەواڵی هاتنیان بدات !

ئەوانیش لە دالانەکەدا و، لە نێوان دوو ڕیزی پەیکەرەکانی بەر دەروازەکەدا وەستان. دەرگاوان دوای ئەوەی بە بەزەییەکەوە، سەیرێکی کراسەکەی خاتوونەکە کرد. . .

لێی پرسین،

" چیتان دەوێت؟ دەتانەوێ خاتوونەکان یان کۆنتەکان ببینن؟

هەرکە ئانا وتی،

"دەمەوێت کۆنت خۆی ببینم."

دەرگاوان وتی،

"خۆی نەخۆشە و، نایەوێت کەس ببینێت !"
بۆریسیش خێرا بە فەرەنسی وتی،
"زۆر چاکە. . کەوابوو بـا بڕۆین. "
بەڵام دایکی دەستی گرت و وتی،
"هێوربە کوڕم. "
دوای کەمێ بیرکردنەوە وتی،
"بۆیە هاتووم دەزانم میر ڤازیلی لێرەیە و، زۆر نەخۆشە، ماندووی ناکەم و هاتنی منی پێ ڕابگەیەنە.
دەروازەوان پەتی زەنگەکەی ڕاکێشا و، خزمەتکارێکی پانتۆڵ کورت دەرکەوت و پێی وت،
"ژنی درۆپتسکۆی دەیەوێت میر ڤازیلی ببینێت. "
خزمەتکارێکی تریش هات و، لە پشتیەوە وەستا.
خـاتوونی میـوانیش لەبـەر ئاوێنـەی سـەر دیوارەکـە خـۆی ڕێکخستەوە و، بـە پـێڵاوە کۆنەکانیەوە، بە کومباری سەر پلیکانەکەدا سەرکەوت.
مەچەکی کوڕەکەی گوشی و وتی،
"بە قوربان. . پەیمانەکەی خۆت بیرنەچێت!
کوڕەکەیشی بێدەنگ شوێنی کەوت.
چوونە ئەو دالانەوە کە بۆ ژوورەکەی میر ڤازیلی دەچوو. وێستیان پرسیار بکەن و دەرگایەک کرایەوە و، میر ڤازیلی بە جلی ماڵەوە دەرکەوت و، مەدالیایەک بەسـەر سنگیدا شۆڕ بووبووەوە و، خواحافیزیی لە پیاوێکی ڕەشتاڵە دەکرد کە لۆرانی پزیشک بوو و لە پێترزبۆرگەوە بۆ لای هاتبوو.
میر بە دەم ڕێوە لێی پرسی،
"پشکنینەکەی ئەرێنی بوو!؟
لۆرانی پزیشکیش بە چەند وشەیەکی فەرەنسی و لاتینی وتی،
"میری بەڕێز. . . بارەکە ترسناکە!! بـەڵام. . . "
ئەویش وتی،
"باشە. . . باشە. "
ئانـا میخائیلۆڤنـای بینـی بـەرەو ڕووی چـوو. ئـەویش ڕووی خـۆی خـەمۆکی کـردو بۆریسیش زۆر تەقەلای دا و، بزەکەی بۆ نەشاردرایەوە !
ئانایش بێ گوێدانە ئەو پێشوازییە سارد و سڕە، وتی،"وادیارە لە کاتی کێشەدا یەکتر دەبینینەوە. بەڕێز باری نەخۆشەکەمان چۆنە؟"
ڕوویشی کردە کوڕەکەی و ئـەویش لێبڕاوانـە کڕنووشـی بـۆ بـرد. بێئـەوەی میـر هـەر گوێیشی بداتێ.

میر ڤازیلی ڕووی کردە ئانا و وتی،"تەندروستی نەخۆشەکەمان دڵخۆشەر نییە!"
خاتوون هاواری کرد،" ئای خوایە گیان،ئەم بارە خراپ و ترسناکە چی بوو!؟"
ئەمجا دەستی کوڕەکەی گرت و وتی،"بۆریس)ی کوڕمت پێ دەناسێنم. ئەمە ویستی خۆی سەردانتان بکات. "
دیسان بۆریس کڕنووشی بردەوە. "
ئانا درێژەی دایە،"بڕوات هەبێت، هەرگیز ئەمەی بۆ ئیمەت کردووە، بیرمان ناچێتەوە!"
میر ڤازلییش بە دەم سازدانەوەی یەخەکەیەوە، هاتە گۆ و وتی،" خۆشحاڵم بەوەی توانیومە، چاکەیەتان لەگەڵ بکەم. "
وایش هات بە خەیاڵیدا، کە ئێرە مۆسکۆیە و، پیترزبۆرگ نییە و، پێویستە بڕوای بە خۆی پتەو بێت، لە بەرامبەر کەسانی خوار خۆیدا. "
بۆیە بە ورەیەکی بەرزەوە، بە بۆریسیشی وت،"پێویستە ئەفسەرێکی نایاب بیت و، پێویستە شایانی پلەی بەرزتریش بیت. من لای خۆمەوە دڵخۆشم پێت. ئێستا لە پشوودایت. . وانییە؟"
بۆریسیش بیئەوەی گوێ بە لووتبەرزییەکەی بدا وتی،"گەورەم هێشتا پەیوەندیم بە شوێنەکەمەوە نەکردووە و، چاوەڕێی فەرمانی کارگێڕیم !"
بە زمانێکی شیرین ئەمانەی وت و، وای کرد میر بایەخی زیاتری پێ بدات.
بۆیە جارێکی تر میر دواندی و لێی پرسی،"ئێستایش لەگەڵ دایکتدا دەژیت؟
ئەویش بیری نەچوو بڵێت خاوەن شکۆ و، وەڵامی دایەوە:،"لای خاتوو کۆنتیسە ڕۆستۆف نیشتەجێم. ئانایش خۆی تێهەڵقورتاند و وتی،"پێم وابێت مەبەستت، ئەو ئیلیا ڕۆستۆڤەیە، کە ناتالی شینشینی مارە کردووە. "
میر ڤازلییش وتی،"دەزانم. . . دەزانم. هەر تێناگەم ناتالی چۆن شووی بەو ورچە قێزەونە کردووە! ئاخر تا خوا حەز بکات ئەو کەسە، پیاوێکی ڕسوا و پێکەنینهێنە! بە قسەی وتووان قومارچییشە!"
ئانایش وەکو ئەوەی بڕوای بە قسەکانی کردبێت، بە بزەیەکی پۆخڵەوە وتی،"لەگەڵ ئەمانەیشدا زۆر ئازا بوو. . میرم!"
دوای ئەوەی ئانا کەمێ ئارام بووەوە، چووەوە سەر بابەتی پێشوو و پرسیی،" ئەی پزیشکەکە خۆی دەڵێت چی؟"
ئەویش وتی،"ئومێدێکی کەمی هەیە. . . "
ئانا میخائیلۆڤنایش وتی،" خۆ من دەمویست سوپاسی (مامە) بکەم کە بە هانای خۆم و بۆریسی کوڕمەوە هاتووە!" "ئەزانی بۆریسیش لە خۆیەتی و، کوڕی ناشەرعیی خۆیەتی!!"
میر ڤازیلی گرژ بوو و یەکسەر بیری بەلای زیاتربوونی میراتگرانی کۆنت بیزۆخۆڤی نەخۆشەکەیدا چوو!"

خاتوونیش تێگەیشت میر بیر لەچی دەکاتەوە و وتی،"خۆ دەشزانم کێژۆلان و هەرزەکارانی بە دەورەوەیە. هاتنی منیش تەنیا بۆ نیشاندانی دڵسۆزی بوو بۆ مامەم."

سەریشی نایە پەناگوێی میر ڤازیلی و پرسیی،"ئاخۆ نەخۆشەکەمان دوا ئەرکی خۆی بەجێ هێناوە؟ ئای چەندە ئەم دوا ساتانەی میرەپیرەیش گرنگن! گەر باری دروستییشی، سەختیش بێت، ئەوا دەبێت، یەکێکی تر بۆی بنووسرێتەوە! ئەمەیش مەترسیدارترین، شتێکی ئەو مردووە دەبێت. گەرنا کارەکە سەخت دەکەوێتەوە! خۆیشت دەزانیت ژنانیش لەم کارە سەختانەدا، زۆر بە باشی خۆیان بۆ ڕزگار دەکرێت. هەرچەند بینینی نەخۆشەکە خەمهێنە، بەڵام ڕاهاتووم و دەبێت ببینم."

میر ڤازیلی زانیی دەربازبوون لە چنگی ئەم ئانایە هەروا ئاسان نییە و، وتی،" و ڕەنگە سەردان باری دروستیی گرانتر بکات، بۆیە وا چاکە دوای نیوەڕۆ ببینیت. چونکە پزیشکان، چاوەڕوان دەکەن، گەشکەیەکی دی، لێی بداتەوە."

دایکی بۆریسیش وتی،" ئەوە مەحاڵە. . میرم. . ."

لەم قسانەدا بوون، دەرگا کرایەوە و، کچەزایەکی نەخۆشەکە، هاتە دەرەوە.

میر ڤازیلی لێی پرسی،"ئێستا نەخۆشەکەمان چۆنە؟"

ئەویش بەدەم سەرنجدانە ئانا میخائیلۆڤناوە وتی،"هەر وەکو خۆیەتی. خۆیشت دەزانیت ژاوەژاو (سەیرێکی میوانەکەیشی کرد) و قسەکەی تەواو نەکرد."

میوانەکەیش وتی،"ئازیزەکەم، نازانم تۆ کێیت! ئێستا گەیشتووم و چی پێویستە بۆ مامم دەیکەم."

ڕوویشی لە ئاسمان کرد و وتی"پێیشی دەزانم چەندە بە خەمیت بۆی."

خوشکەزایش گوێی بە قسەکانی نەدا و، لێیدا و ڕۆیشت. میخائیلۆڤنایش دەستکێشەکانی داکەند و، لەسەر کورسییەکی نەرم و شل لێی دانیشت و، میر ڤازیلی بانگ کردە لای خۆیەوە.

بە ڕووی بۆریسیشدا پێکەنی و وتی،" کوڕەکەم دەبێت مامە کۆنت ببینم، تۆیش بچۆ بۆ لای پیانۆ و ڕاسپێرییەکەی بانگهێشتی بنەماڵەی (ڕۆستۆف)یشت بیر نەچێت و پێی بڵێ."

ئەمجا ڕووی کردەوە میر ڤازیلی و بە ئەویشی وت،"ئاخر بنەماڵەی ڕۆستۆف دەعوەتی پیانۆریان کردووە. هەرچەند ڕەنگە پیانۆریش نەچێت و نەبێتە میوانیان. . . وا نییە؟"

میریش بە بێزارییەوە شانەکانی هەڵتەکاند و وتی،" بۆچی ناچێت؟ زۆر شاد دەبم گەر ئەم لاوەم لە کۆڵ بکەیتەوە! خۆ هەر چەند کۆنتی نەخۆش بۆ یەک جاریش، لێی نەپرسیوەتەوە و، بانگی نەکردووەتە لای خۆی، کەچی هێندە بێ چاو و ڕووە ئێرە جێ ناهێڵێت !!"

خزمەتکارێک هات و، بۆریسی لە دەرگایەکی تردە بردە دەرەوە و، بۆ پلیکانەکان و، لەوێشەوە بۆ لای پیانۆ.

بەشی شازدە
پییەر و بۆریس

بە هۆی ئەوەوە، کە بەشدار بوو بوو، لەو بەستنەی ورچەکەدا بە ئەفسەرەکەوە، پییەر گەڕابووەوە، بۆ پیترزبۆرگ.

هەڵس و کەوتەکانی پییەر لە شاری "پیترزبۆرگ" ڕێگری ئەو دوارۆژەی بوو کە خۆی دەیویست. ئەو چیرۆکەیشی، لە نێو بنەماڵەی ڕۆستۆڤدا گێڕابوویانەوە هەڵبەستراو نەبوو! لەبەر ئەوەی، هەر بە ڕاستیی، بەشداری لە بەستنەوەی بێچووە ورچەکەوە بە پشتی ئەفسەری بەشەکەوە، دوورخرابووەوە بۆ "مۆسکۆ". لێیشی ڕوون بوو ئەو ڕووداوە دەبێتە بنێشتەخۆشەی سەر زاری ژنان و پەیوەندیشی لەگەڵ باوکیدا نالەبارتر دەکات. لەگەڵ هەموو ئەمانەیشدا گەڕایەوە ماڵی باوکی و سەرنجیدا سێ کچ لە هۆڵەکەدا دانیشتوون.

یەکێکیان ئەوە بوو کە ئانا میخائیلۆڤنای بەو ناشیرینییە پێشوازی کرد. ئانایش بااڵ بەرزێک بوو، هەر خەریکی بەرگەکانی بوو و، خوێندنەوەی بیرەنگیشی نەدەزانی!

دوانەکەی تریشیان، خەرێکی چنین بوون. ئەم دوانەیان منااڵتر و، نیان تریش بوون و، هێندە لە یەک دەچوون، گەر خاڵەکەی سەر گۆنای یەکێکیان نەبوایە، بە ئاسانی لە ئەویتریان جیا نەدەکرایەوە.

پیرەر سڵاوی لێ کردن و، ئەوانیش بە سڵەمینێکەوە وەڵامیان دایەوە. گەورەکەیان کتێبەکەی خستە لاوە و، بە ترسێکەوە پێیدا هەڵڕوانی و، هیچی پێ نەگوترا. دووەمیشیان بە هەمان شێوەی گەورەکەیانی کرد. بەڵام سێیەمیان و، ئەوەی کە خاڵەکەی پێوە بوو، خۆی نەوی کرد، تا زەردەخەنەکەی بشارێتەوە و، چاوەڕێی هەڵوێستێکی سەمەرەی میوانەکەی دەکرد. دواتر خۆی پێگیرا و دەزووی چنینەکەی ڕاکێشایەوە و، خۆی خەریک کرد.

پیرەر وتی،" بەیانیت باش ئامۆزا. ئەوە دەڵێی نامناسیتەوە؟ "

ئەویش وتی،" بەڵێ . . هەر زۆر باشیش دەتناسمەوە!"

ئەمیش خۆی تێک نەدا و پرسیی،"کۆنتی نەخۆش چۆنە؟ ئاخۆ دەتوانم ببینم؟"

کچەیش وتی،" ئا. . ئا دەتوانیت. بەڵام نەکەی مردنی پێش بخەیت و، بیکوژیت"!

ڕوویشی کردە خوشکەکەی و وای پیشاندا بە تەنگ نەخۆشکەوەیە و وتی،" (ئۆلگا) بڕۆ سەیرێک بکە و، بزانە شەربەتەکەی مامەمیان ئامادە کردووە؟ "

پیرەر بێدەنگ بوو تا کچەکە گەڕایەوە.

کە ئۆلگا گەڕایەوە، بۆ دوو خوشکەکەی نووشتایەوە و وتی،"دەچمە ژوورەکەی خۆم و، هەر دەرفەت بوو ئاگادارم بکەنەوە با بچمە لای. "

ئەو شەیتانە خاڵدارەیان، خۆی گرت و، لە قاقای پێکەنینی نەدا!

ڕۆژی دواتر میر ڤازیلی گەیشت و، لای کۆنت مایەوە.

کە ڕوو بە ڕووی پیرەریش بووەوە، پێی وت،"پیرەر گیان، ئەگەر هەڵس و کەوتی ئێرەیشت وەکو شاری پیترز بۆرگ بێت، ئەوا پاشەڕۆژت زۆر نالەبار دەبێت! دەمێک بوو دەمویست ئەمەت پێ بڵێم. کۆنت زۆر نەخۆشە و، تەقەلای بینینی مەدە. "

لەوەتەی پیرەر هاتبووەوە و لە نهۆمی دووەمی ئوتێلەکە نیشتەجێ بوو، کەس بایەخی پێ نەدا بوو.

بۆیە کە بۆریس گەیشتە لای تووڕە بوو و، بە ژوورەکەیدا دەهات و دەچوو و، دەستی ڕادەوەشاند و ، وەکو ئەوەی بە شمشێرەکەی دوژمنەکەی بکوژێت وابوو. چاویلکەکەی بە سەر لووتەوە و، دەمێک لە زەویی ژوورەکەی دەڕوانی و، دەمێکیش لە دیوارە کاهیەکە و، قسەی بێ سەرو بەریشی دەکرد!

لە ناکاو پەنجەی درێژ کرد و وتی،"بەریتانیای بەڕێوەبرد و، حوکمی بە سەر 'پیت'ی وەزیری دەوڵەت و، دوژمنی شۆڕشی فەڕەنسادا دەکرد، بەوەی:ناپاکی گەل و مافی مرۆڤ و. . "

لەو کاتەدا خۆی بە ناپلیۆنی پاستەقینە و، سەرگەورەی "لەندەن" دەزانی، حوکمدانی "پیت"و . . .

فریانەکەوت سزادانەکەی دیاری بکات. بەوەی لەو کاتەدا ئەفسەرێکی لاو خۆی کرد بە ژوورەکەیدا.

یەکەم جار نەیناسیەوە. چونکە (١٤) سالان بوو کە ئەوی بینی بوو. بەڵام بە ڕوویەکی خۆشەوە بە خێری هێنا.

بۆریس بە بزەیەکەوە لێی پرسی،"نامناسیتەوە! خۆم و دایکم بۆ سوپاس گوزاریی کۆنت هاتووین. بەڵام بە داخەوە دەڵێن نەخۆشە. "

پییەریش کە هەر لە بیری ناسینەوەیدا بوو، وتی،"بەڵێ نەخۆشە و، خەڵکەکەیش پێی لێ نابڕن و، بێزاری دەکەن!"

کە بۆریس بۆی دەرکەوت ناناسێتەوە، بێدەنگ بوو.

دوای کەمێ وتی،"بنەماڵەی "ڕۆستۆف" تکا دەکەن، دوای کەمێکی دی، ئامادەی ئێوارە خوانەکەیان ببیت. "

پییەریش خێرا وتی،"بنەماڵەی ڕۆستۆف! کەواتە تۆ "ئیلیـ"ی کوڕی ئەویت! دەزانیت نەمناسیتەوە؟ سەیرانی شاخی "چۆلەکەکان"، لەگەڵ مەدام "جاکۆ"ت بیر ماوە؟ خۆ ئەو ڕۆژانە. زۆر دەمێک نەبوون !

بۆریسیش لەسەرخۆ و، بە زەردەخەنەیەکەوە وتی،"نەخێر. . تۆ هەڵەیت! من بۆریسی کوڕی ئەمیرە ئانامیخائیلۆڤنام. ئەوەی تۆ دەیڵێیت، نیکۆلایە و "ئیلیـ"یش باوکێتی. مدام "جاکۆ"یش هەر ناناسم!"

پییەریش هەڵچوو و وتی،" ئەی دوام بڕێ. شتەکان تێکەڵ دەکەم. ئاخر. . لە مۆسکۆدا ناسیاوێکی زۆرم هەیە. کەواتە تۆ (بۆریس)یت! زۆر باشە، لەبارەی داگیرکردنی (پۆڵۆنیا)وە چی دەڵێیت؟ ئاخر گەر (ناپلیۆن) لە دەریای (مانش) بپەڕێتەوە، ئەوا ئینگلیزەکان خۆیان لە بەردەم سوپاکەیدا، بۆ ناگیرێت. ئەی وا نییە؟ پێم وایە پەرینەوەکەیشی کارێکی فرە سەخت نابێت، ئەگەر (ڤیللنۆڤ) خۆی، هەڵە و هەرزەیی نەکات !

بۆریس ڕۆژنامە خوێن نەبوو، تا ئاگای لە باری"پۆڵۆنیا" بێت و، تەنانەت هەر نەیشیدەزانی، ڤیللنۆڤ کێیە!؟

بۆیە بە لاقرتێوە وتی،"هێندەی سەرقاڵی ئاهەنگەکانین، سەرقاڵی سیاسەت نین. هەر بۆیە بێ ئاگام و، هیچ بیرورایەکم لەو بارەیەوە نییە. مۆسکۆیش شاری فشقییانە. ئێستایش لەم شارەدا باس هەر باسی "کۆنت"ی نەخۆش و، تۆیە. ئێ خۆ زەم و زەمکاریش لە ناخی

هەموواندایە!!

پییەریش دڵپاکانە بزەیەک گرتی و، چاوەڕێی ئەوە بوو بۆریس بە ڕەقی بدوێت.

بەڵام بۆریس سەیرێکی پییەری کرد و، وتی،"بەڵێ زۆربڵێیی کاری ڕۆژانەی مۆسکۆئییەکانە! هەرچەند ئەم کۆنتە، وا زوو نامرێت و، مەرگی دوای مەرگی ئێمەیش دەکەوێت! ئەمەیش ئارەزووی منە! بەڵام ئێستا لە خۆیان دەپرسن،" بڵێی میراتیی کۆنت، بۆ کێ بمێنێتەوە!؟ "

پییەر نەیویست بۆریس هەڵە بکات و، وتی،" بەڵێ بە ڕاستی ئەم ورتە ورتانە، بێزارکەرن و بە ئازاریشن! "

دوای ئەوەی بۆریس کەمێ سوور هەڵگەڕا، وتی،"دەچیتە سەر ئەو بڕوایەی کە هەمووان دەیانەوێت هاوبەشی ئەو میراتییە بن. زۆربەیشیان بە ڕەوای دەزانن و، بە مافی ڕاستەقینەی خۆیانی دەزانن !"

پییەریش لە دڵی خۆیدا وتی،" ئاخری لە بنی هەمانەکەی دا!"

دیسان بۆریس تێهەڵچووەوە،" ئەمەوێت بڵێم بە هەڵەدا چووێت، ئەگەر تۆیش پێت وابێت، خۆم و دایکیشم وەکو ئەو کەسانە بیر دەکەینەوە کە باسم کردن. جارێکی دی پێ دادەگرم و، دەڵێم هەرچەند ئێمە هەژارین، بەڵام هەرگیز چاوەڕێی ئەو دەسندەیی ــ میراتی)یە نین! لانیکەم چاوەڕێی ئەوە مەکە خۆم و دایکم بۆ بەشە میراتی دەست لە ئێوە پان بکەینەوە!"

هەر چەند پییەر دوای هەندێک، لە مەبەستی تێگەیشت، بەڵام ویستی دڵی بداتەوە. سوور هەڵگەڕا و وتی،" ئەوە بە ڕاستتە!؟ جا کێ وا بیر دەکاتەوە؟"

بۆریسیش قسەکەی پێ بڕی و وتی،"بەڵام من ئاسوودە بووم کە ئەمەم پێ وتیت. ببوورە گەر بێزارم کردبیت! خوا بکا هەستی ئێوەم بریندار نەکردبێت. من هەمیشە قسە لە ڕوو بووم. ئێستا هەر پێت نەگوتم:چی بە بنەماڵەی ڕۆستۆڤ بڵێم؟ میواندارییەکەیان پەسەند دەکەیت؟"

پییەریش کە ئارام بووەوە، دەستەکانی بۆریسی گرت و، بە تەریقییەوە وتی،" گوێ بگرە. . سەرت لە من سووڕماوە! لۆمەت ناکەم. چونکە من ناناسیت. بەڵێ هاوڕێی منالێی یەکتری بووین، بەڵام لە مێژە لێک دابڕاوین. بەڵام ئەو خەملاندنەی بۆ بیر کردنەوەی منت کرد، پێم نامۆیە!"

دوای کەمێ بە پێکەنینەوە تێهەڵچووەوە،"گرنگ نییە، لەمەودوا زیاتر لە یەکتر دەگەین! " دەستەکانی گووشی و، لەسەری ڕۆیشت،"دەزانی هێشتا خۆم، کۆنتم نەدیوە؟ نەیشی

ناردووه به شوێنمدا!"

بۆریسیش بە پێکەنینەوە پرسیی،"تۆ پێتوایە پەرینەوەی "ناپلیۆن" لە دەریای "مانش" مەحاڵ نیمچە مەحاڵ نەبووە؟ "

پییەر بۆی دەرکەوت قسەی بە بەردا دێنێت.

خزمەتکارێک هات بەشوێنی بۆریسدا و، تێگەیاند کە دایکی چاوەڕوانێتی.

پییەریش بەپەلە پێی وت،" بەو بنەماڵەیە بڵێ ئامادەی ئێوارەخوانەکەیان دەبم!"

میوانەکە ڕۆیشت و، ئەمیش کەوتەوە هاتوچۆ بە ژوورەکەدا. بەڵام ئەمجارەیان بە خەیاڵ نەدەجەنگا و، بە زەردەخەنەوە بیری لای بۆریس و، سەردەمی منداڵیی هەردوکیان و، زمانە شیرینەکەی ئێستایەوە بوو. حەزی لە هاوڕێیەتیشی بوو.

لەولایشەوە میر ڤازیلی بەسەر ئانادا دەهات و ئەویش فرمێسکەکانی دەسڕی و دەیوت،"هەرچەند بارەکە ترسناکە، بەڵام بە هەر نرخێک بێت ئەرکی خۆم بەجێ دێنم. گەر پێویست بکات، شەونخوونیشی بە دیارەوە دەکێشم. خۆ ناکرێ ددان پێدانانەکانی نەڵێت و، تێی بتەقێنێ و، بڕوات. ئاخۆ ئێستا میرزادەکان چی بکەن؟ بەڵکو هەلێکی دیم بۆ ڕێک بکەوێت و، کۆنت ببینم! خوا پشت و پەناتان بێت. خوا حافیز. "

میریش وتی،"خوات لەگەڵ خاتوونە نیانەکە. "

ئانا میخائیلۆڤنا و کوڕەکەی، سەرکەوتنە نێو گالیسکەکە و، بە کوڕەکەی وت،" نەخۆشەکەمان بە ئازارە و، ئێستا کەس ناناسێتەوە. "

ئەویش لێی پرسی،"نیازیانە چی لە پییەر بکەن؟ دەمەوێت لە بارەی پییەرەوە زیاتر بزانم. "

دایکی وتی،"چارەنووسی خۆیشمان بەو وەسیەتنامەیەوەیە !کوڕەکەم !"

کوڕەکەیشی پرسیی،"چی وا لە تۆ دەکات کە پێت وابێت، شتێکمان لەو میراتییە بەر دەکەوێت؟"

دایکیشی وتی،" ئای هاوڕێ گیان. . ئاخر ئێمە هەژارین و، ئەویش سامانێکی بەربڵاوی هەیە!"

بۆریسیش هەڵیدایە،" ئاخر ئەمەندە بەس نییە بۆ ئەوەی ئێمەیش میراتی ئەومان بەر بکەوێت!"

دەیکیشی خۆی لە گێلی دا و، کەوتە هاوار:

ـ ئای خوایە گیان! ئەو کۆنتە زۆر نەخۆشە!

بەشی حەڤدە
کچە هاوڕێ دڵسۆزەکە

دوای ڕۆیشتنی ئانا و کوڕەکەی، ژنی ڕۆستۆف لە دالانەکەدا کەوتە بیر کردنەوەیەکی قوولەوە. بڕیاریدا و، لە زەنگی دا. بەڵام کەنیزەکەکەی یاوەری کەمێک دواکەوت.

بۆیە شیڕاندی بە سەریدا،"ئەمە چییە ئازیزەکەم؟ گەر بتانەوێ کار نەکەن من پێی دەزانم و شوێنی ترتشتان بۆ بدۆزمەوە !"

ژنی ڕۆستۆف لەخۆیدا نیگەرانی هاوڕێی منالییەکەی خۆی بوو و، بە کارەکەرەکەی دەڕشت. کارەکەرەیش داوای لێبوواردنی لێکرد.

ئەمجا خاتوون فەرمانەکەی دا و وتی،"بڕۆ بە کۆنت بڵێ با بێت بیبینم."

دوای کەمێک، کۆنت بە لەنگینە تایبەتیەکەی خۆیەوە هات و وتی،"ئای کۆنتیسە چکۆلە ئازیزەکەم، خواردنەکەت چەندە نایابە!! خۆم لێم چەشتووە! چاکیشم کرد (١٠٠٠) ڕۆپڵم خەڵاتی "تاراس" کرد، چونکە دەی هێنێت."

لای ژنەکەیەوە دانیشت و، ئانیشکەکانی لە سەر ڕانەکانی خۆی دانا و، قژە سپییەکەی پەرش و بڵاو بووەوە.

ئەمجا بە ژنەکەی وت،"کۆنتیسە چکۆلەی ئازیز. . . لە بەرچی ناردووتە بە شوێنمدا؟"

ئەویش هەر زوو وتی،"ئا ئەمانەم دەوێت."

پەنجەیشی بۆ بەرکۆشەکەی مێردەکەی دریژ کرد و پرسیی،"ناشیرینە! ئەمە بۆ پیس بووە؟ خۆ ئەمە شلەی خواردنەکەیە و، پێیدا ڕژاوە!"

ڕووی گرژ کرد و وتیشی،"پارەیشم پێویستە."

کۆنت جزدانەکەی دەرهێنا و وتی، هەر ئێستا خاتوونە چکۆلە!
بەڵام ژنەکەی هەڵیدایە، کەمم ناوێت و، پێویستم بە (٥٠٠) ڕۆبڵە !
ئەمجا دەسڕۆکە قوماشەکەی خۆی دەرهێنا و، پەڵەی سەر بەرکۆشەکەی بۆ سڕییەوە.
کونتیش وتی، هەر ئێستا ئازیزەکەم. . هەر ئێستا.
مێردە وەکو داوای فریاکەوتن بکات، بانگی کرد، یەکێک میتا م بۆ بانگ بکات.
میتا خزمەتکارێکی لاوی هەژاری دەستپاک بوو و پارەی خەرجیی ماڵەکەی پێ سپێردرا بوو.
کۆنت پێی وت، بڕۆ بۆم بێنە.
چەندت پێویستە؟
(٧٠٠) ڕۆپڵ. ئا ئا (٧٠٠) ڕۆپڵ بێنە. با پارەکان وەکو جاری پێشوو کۆن و درِاو نەبن. میتایش پرسیی، هەر ئێستا دەتەوێت!؟
بەڵام کە میتینکا بینیی کۆنت هەناسەی توند بوو وتی، باشە باشە تێگەیشتم بۆ ئێستاتە. . وا نییە؟
کونتیش وتی، ئا ئا بیدە بەم کۆنتیسەیەی هاوژینم.
تێهەڵچووەوە و وتی، زۆر باش کارەکانی دەکات. کەسێکی بە کەڵکە. بەڵام منیش پێم ناخۆشە، ڕێگرم بۆ پەیدا ببێت. مرۆڤ گەر خۆی بیەوێت هەموو کارێکی بۆ دەکرێت.
کۆنتیسی ژنیشی وتی، داخ لەدەست پارە کۆنت گیان. پارە هۆی ئازاردانی مرۆڤەکانی سەر زەمینە! خۆزگە دەتزانی چەندم پێویست بەم برە پارەیەیە.
کۆنت دەستی ژنەکەی ماچ کرد و وتی، بەڵێ کۆنتیسە چکۆلە، ئێمەیش دەزانین چەندە بەخشندەو بدەیت!
تاکو ئانا میخائیلۆڤنا لە سەردانەکەی بۆ لای بیزۆخۆف گەڕایەوە، کۆنتیس پارەکەی بۆ ئامادە کرد و، خستییە دەسڕێکەوە و، لەسەر تەپڵەکێکی نزیک خۆیەوە بۆی دانا. ئانایش هێندە وریا بوو هەستی پێکرد.
ئەمجا کۆنتیسە لە ئانای پرسی، دەنگ و باس چییە . . . ئازیزەکەم؟
ئەویش وتی، هەر دوو خولەک لای مامەوە و، دوو وشەم لەگەڵ وت و، هاتمە دەرەوە.
کۆنتیسەیش دەستی بۆ تەپڵەکەکە درێژ کرد و وتی، ئانێت تووخوا ئەمەم لێ وەربگرە.
ئەویش دەیویست باوەش بە ملیدا بکات و ماچی بکات.
کۆنتیسە وتی، ئەم پارەیە بە ناوی منەوە بدە بە بۆریس با پێویستییەکانی خۆی پێ ئامادە بکات. ئانا بە گریانەوە باوەشی پێداکرد و، ئەویشی خستە گریان. تا گریان بووە کەسی سێیەمیان و، کەوتە نێوان دوو هاوڕێی منالییەوە.
ئەوانیش زۆر بە کوڵ گریان. هەر وەکو ئەوەی بۆ لاویی خۆیان بگرین وابوو.

بەشی هەژدە
ماری دیمیترییڤنا

هەندێ لە میوانەکان لە هۆڵە گەورەکەدا لە (کۆنتیسە)و کچەکانی کۆ بوونەوە. کۆنتی مێردیشی کۆمەڵێ پیاوی شوێن خۆی خست و بەرەو ژووری نووسینگەکەی خۆی بووەوە. هەر کە دانیشتن چەند (سەبیل)ێکی خستە بەردەستیان.

جاروبارێک خۆی دەچووە دەرەوە، تا بزانێت (ماری دیمیترییڤنا) گەیشتووە؟ ئەو (ماری)یەی بە (ئەژدیهای مەترسیدار) ناسرابوو!

سەرەتا ئەو کچە هەژارو نەناسراو بوو. بە هۆی کەتەیی و قسە لەروویەکەیەوە، توانیی لە تەواوی (پێترزبۆرگ)و (مۆسکۆ)دا ناوبانگ دەربکات و، لە نێو بنەماڵەی حوکمڕانیشدا بناسرێت. بەسەرهاتی وایان لێ دەگێڕایەوە کە زۆر سەیر بوو! دانیشتوانی شارەکە پێی سەرسام بوون و، لەدڵدا گاڵتەیان پێدەکرد و نەشیان دەوێرا بەرەو روو هیچ بڵێن !

لەولایشەوە لە نووسینگەکەی کۆنت و لە نێو چەقە دووکەڵی جگەرەدا باسی جەنگ دەکرا.

هەرچەند زانیبوویان شەڕ دەستیپێکردووە. بەڵام کەسیان لە رۆژنامەکاندا و بە فەرمیی هەڵگیرساندنی شەڕیان، نەبینی بوو. هەرچەند کۆنت جگەرەکێش نەبوو، بەڵام کەوتبووە نێوان دوو جگەرەکێشەوە و، بە تامەزرۆییەوە سەیری دەمی میوانەکانیشی دەکرد. ئامادەباشی ئەوەش بوو گەر نێوانی دووانیان توند ببێت، خێرا قسەی بە بەردا بێنێتو بابەتی ناکۆکیان پێ بگۆڕێت.

یەکێک لە هاوشانەکانی (کۆنت) زەردباوێکی دەموچاو چرچولۆچ بوو. هەر چەند

تەمەنی لاویی خۆی جێهێشتبوو، بەڵام پووختەو رێکپۆش بوو. رۆژهەڵاتیانەو وەکو لە مااڵی خۆیدا دانیشت بێت وابوو! کەمێ هەناسەسوارو، چاو نیشتوو بوو. ئەم پیاوە نێوی (شینشین) بوو و، یەکێک بوو لە ئامۆزاکانی (کۆنتیسە). لەگەڵ ئەوەیدا کە رەبەن بوو، لە یانە شەوانەکانی (مۆسکۆ)یشدا، بە قسە رەق و، زمانتیژ ناسرابوو.

کۆنت جۆرێک لێی روانی، تێی بگەیەنێت، کە زاڵی چەلەحانێکەیەتی، لەگەڵ ئەو ئەفسەرەی (هێزی پاسەوان)ە رێکپۆشو خاوێنەدا، کە هەمیشە سەبیلەکەی لە نێوەندی لێواندا دەهێشتەوە و، دوای مژێکی قوواڵ، لە شێوەی بازنەدا، دووکەڵەکەی فڕێ دەداوە! ئەم ئەفسەری هێزی سوپایەشیان، نێوی مەلازم (بیرج) بوو و، سەر بە فیرقەی (سیمینۆفسکی) بوو و، دەبوو لەگەڵ بۆریسدا، پەیوەندی بە سوپاوە بکات.

هەر ئەوەی (ناتاشا) ناوی نابوو داخوازیکەری (ڤیرا)و، بەم قسەیەی خەمی بە خوشکە گەورەکەی خۆی، دەدا.

چاوو گوێی کۆنتی خانەخوێ، کراوە بوون لە گفتوگۆکاندا. خۆیشی حەزی لە وتوویژی نێوان دوو قسەزان بوو و، دوای کۆتا بوونی، یاری کاغەزێن. بە تایبەتی گەر قسەکەران زمان پاراو و رەساو بوونایە.

(شینشین) بە لاقرتێوە وتی:

ـ ئەی (ئەلفۆنس کارلۆڤیتش)ی رێزدار، چۆناو چۆن، هەڵس و کەوت دەکەیت؟

وشەی بازاڕی و فەڕەنسیی لە رستەکانیدا، تێکەڵ کردبوو. رستەکانی رازاندەوە.

ملازم وەڵامی دایەوە:

نا نا (پیوتەر نیکۆلاییڤتش) من پێم وایە تۆپخانەکان، زۆر لە چەکی (هێزی سوارە) کاریگەرترن. تۆ هەر سەیری من بکە.

(بێرج) هەمیشە وردبینانەو، بە رێزەوە دەدوا. بەڵام هەمیشە باسی خۆی دەکرد. ئەگەریش لێدوانەکان پەیوەندی بەخۆیەوە نەبووایە:خۆی بۆ دەگیرا و بێدەنگ دەبوو! بەڵام گەر باسکردنەکە خۆی تێدا بووایە، ئەوا راست دەبووەوە و، بە دڵێکی خۆش و، زمانێکی شیرین دەدوا !

دەستی پێکردەوە:

ــ ئەوە بارو دۆخی منە. ئێستا ئەی (پییەر نیکۆلاییتش) گیان، ئەگەر من لە (هێزی سوارە)دا بوومایە و، هەر ملازم ئەوەلیش بوومایە، بە سێ مانگ جارێک، لە (٢٠٠) رۆبڵا زیاترم وەرنەدەگرت. بەڵام ئێستا کە لە (هێزی تۆپخانە)دام زیاتر لە (٢٣٠) رۆپڵ وەردەگرم !

دوای کەمێ دەستی پێکردەوە:

ــ لە سەروو ئەمانەیشەوە پەیوەندیکردنم بە (هێزی پاسەوان)ەوە، ناوبانگی پێدام!

نابینیت ئەی (پیوتەر نیکۆلائیش) گیان؟ گەر لە هێزی سوارەدا بوومایە، بەو (٢٣٠) رۆپڵە هیچم بۆ نەدەکرا. بەڵام لەم بارەی ئێستامدا پاشەکەوتیشم هەیەو پارەیشی لێ دەنێرمەوە بۆ باوکم. دیسان چەند هەڵەفەیەکی دووکەڵی لە دەمییەوە هێنایەوە دەرەرەوە.

چاوێکیشی لە کۆنت داگرت و، وتی:

ئەڵمانییەکان، ئاوریشمی خۆیان، لە کەنووی گەنمەکانیاندا دەچنن!

کۆنتیش خۆی بۆ نەگیرا و، دای لە قاقای پێکەنین.

(شینشین)یش وتی:

ـ هاوکێشەکە وا دەکرێت! پەندێکی ئەڵمانی هەیە دەڵێت:(کرمی ئاوریشمەو لە گوزەری عەلافەکان دەیچنێت). چاوانی لە کۆنت داگرتو ئەویش خۆی پێنەگیراو دایە قاقای پێکەنین! ئەمە میوانەکانی بەلای ئەواندا راکێشاو (شینشین)یش سەرخۆی نەهێنا.

بڕێک لە میوانەکان کەوتنە پێەنین و لاقرتێ کردن، بە قسەکانی. (بیرج)یش گوێی بە هیچ نەدا و، لەسەری رۆیشت و، سووربوو لەسەر ئەوەی کە بەهۆی ئەوەوە گەڕاوەتەوە بۆ (هێزی پاسەوان) لە هاوڕێکانی بالاتر بووە.

لە کاتی شەڕدا سەرۆکی سریە، نزیکترین کەسە لە مەترسییەوە. لەبەر ئەوەیش لە فیرقەکەدا کۆنترینی ملازمەکانم:لە پێشترینیام بۆ وەرگرتنی پلەی سەرۆکی! ئەمە بێ لە ئەوەی لای باوکیشم، خۆشەویست تر، دەبم.

بیرج بەم باسانە زۆر بەختەوەر بوو.

(شینشین) دەستی خستە سەرشانی و وتی:

ـ زۆر باشە کوڕی قۆز، لێم روونە لە هێزی پیادەدا بیت. یان هێزی سوارە:رێی خۆت بەرەو سەرکەوتن، هەر دەبڕیت.

بێرج هێندەی دی، دڵی کرایەوە و، لەگەڵ کۆنت و ئەوانی تردا بەرەو هۆڵەکە بوونەوە. لەو کاتانەدا نەدەبوو بابەتێک باس بکەن قسەی زۆر هەڵبگرێت.

وایشیان پیشان دەدا، بە پەلەی چوونە سەر مێزی خوان نین. سەراسیمەی ئەوە بوون، ئاخۆ دواکەوتنی چوونە ژووری نانخواردن چی بێت؟ بە هۆی دواکەوتنی کەسێکەوە بێت؟ یان بە هۆی پێنەگەیشتنی جۆرێکی خواردنەکانەوە بێت؟ یان رەنگە چاوەڕێی کەسێکی بالا بکەن.

لەو کاتەدا (پییەر) هاتە ژوورەوە. ناشیاوانەو، جۆرێک دانیشت کە رێی لە هاتوچۆکەرانی ژوورەکە گرت !

کۆنتیس ویستی بیدوێنێت. بەڵام ئەم بە کورتی وەڵامی دەدایەوە و، جارو بارێکیش خەیاڵ دەیبردەوە. خۆی نەبێت هەموویان بە شڵەژاوییەکەی ئەویان زانی بوو و، بە دەم سەرنجدانەوە لە خۆیان دەپرسی:ئاخۆ شیاوە، ئەم لاوە تەوەزەل و، خاووخلیچکەیش لەو ئەفسەرەی بەشی پۆلیسی دابێت و، ئەویشی خستبێتە ئاوەکەوە؟

خاتوو کۆنتیسه لێی پرسی:

ـ ئێستا گەیشتیت؟

ئەویش لەگەڵ سەیرکردنی سووچەکانی ژوورەکەدا وتی:

ـ بەڵێ خاتوونەکەم.

دیسان پرسییەوە:

ـ هێشتا مێردەکەی منیشت نەدیوە؟

ئەویش بە پێکەنینەوە وتی:

ـ نەخێر خاتوونەکەم.

دیسان لێی پرسییەوە:

ـ پێم وا بێت لە پاریسەوە هاتوویت! وا نییە؟ بێگومان کارەکەیشت گرنگە.

ئەویش وتی:

ـ زۆریش گرنگە. .

ئانا میخائیلۆڤنا تێگەیشت بۆ ئەوەی کلۆمی دەمە داخراوەکەی (پییەر) بکرێتەوە، دەبێت بە هانایەوە بچێت! بۆیە ئەویش لێی چووە پێشەوە و، لە بارەی باوکییەوە پرسیاری لێکرد.

پییەریش بە هەمان شێوە کەوتەوە وەڵامی کورت و کەم. ئەوانی تریش سەرقاڵی گفتوگۆی خۆیان بوون. دەمێ دەنگیان بڵند و، دەمێکیش نەوی بوو. ناوی (کۆنتیس ئیراکسین)یش بەسەر زمانیانەوە بوو.

لە پڕێکدا کۆنتیس هەستاو چووە هۆڵی سەماکەوە !

دانیشتووان گوێیان لێبوو وتی:

ـ ماری دیمیترییڤنا !

یەکێکی تریش بە دەنگە گرەکەی وتی:

ـ خۆیەتی. .

ماری هاتە ژوورەوەو، پیرەکان نەبێت، کچان و ژنان لەبەری هەستان. ئەویش لە دەم دەرگاکەدا وەستا و، بە فیزێکەوە سەرنجی میوانەکانی دا.

ئافرەتێکی تۆکمەو لەملاو لای سەرپۆشەکەیەوە هەندێ لە قژەکەی هاتبووە دەرەوە و، خەریکی رێک خستنەوەی، سەر دەستەکانی سەر مەچەکیشی بوو.

هاتە ژوورو بە دەنگێکی گڕ و، زمانی رووسی وتی:

ـ جەژنی خاتوونی ماڵ و، منداڵەکانی پیرۆز بێت.

لە کاتێکدا کۆنت دەستی ماچ دەکرد، بە زمانی رووسی کە لە رووسی زیاتری نەدەزانی، دەستی بۆ کچەکانی درێژ کردو وتی:

ـ کۆنتی نالەبار. . چۆلەکەکانت تووڵەو تانجی نین راویان پێ بکەیت. گەورە بوون و،

دەبێت شوو بکەن. پێویستە تۆیش مل بەم واقعە نوێیەت بدەیت.

بە ناتاشایشی وت:

ـ بەە. . بەە. . ! ئەمە خۆتیت کچە قەوقازی؟

ماری هەر بەو شێوەیە، بانگی (ناتاشا)ی دەکرد !

لەسەری رۆیشت:

ـ هەر چەند چەقاوەسوویشیت، بەڵام هەر بە دڵی منیت.

جووتێک گوارەی زێڕی چەقالەیی، لە جانتاکەی قۆڵی دەرهێنا و، هەر لە ئەوێدا، پێشکەشی ناتاشای کرد.

رووپشی کردە پیپەرو وتی:

ـ ئای کوڕی ئازا!! وەرە ئازیزەکەم !

ماری سەردەستەکانی کراسەکەی کۆکردەوە و، پیپەریش چەند هەنگاوێک بەرەو ئەو بووەوە.

ئەویش دیسان پێی وت:

ـ وەرە نزیکمەوە، پاڵەوان! ئاخر من یەکەم کەس بووم، کاتێ باوکت لە لووتکەی مەزنیدا بوو، دیوی راستیی، خۆیم پێ دەگوت! ئێستایش تۆ، چاوەڕێ مەکە:شەرمت لێ بکەم !

میوانان چاوەڕێی قسەی تری ئەو بوون و، کەس نەیوێرا هیچ بڵێت.

ئەویش بە زمان دریژییەکەی خۆی وتی:

ـ چەند سەیرە! باوکی لە گیانەڵادا بێت و، ئەمیش لێرە لە کەیف و خۆشیدا بێت!! ئای چەند شەرمە! کوڕێک یاری بە پۆلیسێک بکات، بە ئەوەی بیبەستێتەوە بە پشتی ورچێکەوە و، فڕێی بداتە رووبارێکەوە! کوڕەکەم شەرمە. . شەرم! وا چاکە تۆ خۆت بکەیتەوە بە سوپادا.

پشتی لەویش کردو تەوقەی لەگەڵ پیرە کۆنت کرد. پیرەش بە گران پێکەنینەکەی، بۆ شاردرایەوە !

ماری بەویشی وت:

ـ زۆر چاکە! پێت وانییە کاتی نانخواردن هاتبێت!؟

خۆیو کۆنت لە پێشەوە و کۆنتیس قۆڵی کردبوو بە قۆڵی کۆڵۆنیلی سەرۆکی شکۆداری سوپاداو بە دوایاندا. ئاخر سەرکردەی نیکۆلا بوو، نیکۆلاکەیان، پەیوەندیی بە فیرقەکەی ئەوەوە بکردایە.

ئانا میخائیلۆڤنایش لەگەڵ (شینشین)دا بوو. (بیرج)و (ڤیرا)یش پێکەوە و (نیکۆلا)یش لەگەڵ (جوولی کاراگین)دا بوو. بە درێژی رێی بەرەو هۆڵی سەماکە، دوو دوو ریز بوو بوون. منالەکان و، بەخێوکارانیان تیکەڵ و پێکەڵ بوون. دوای کەمێک دەنگی جوولەی کورسی و، تەقو هۆڕی کەوچک و، چەتاڵ و غەڵبە غەڵبی میوانان بەسەر ئاوازی

مۆسیقاکەدا زاڵ بوو. تەنانەت ترپەی پێی خزمەتکارانیش نەدەبیسترا. ژنی کۆنت لەوسەری میزی خواردن و، (ماری)ش لای راستیەوە دانیشتبوو. (ئانا)و ژنەکانی تریش لای چەپیەوە بوون.

(کۆنت)ی خانەخوێیش لای چەپی سەرۆکی سوپاوەوە بوو. هەرزەکارانیش نێوەندی میزەکەیان داگیر کردبوو. (ڤیرا)و (بیرج) پێکەوەو (پییەر)و (بۆریس)یش پێکەوە.

منداڵان و بەخێوکارانیشیان لەوسەرەوە بوون. کۆنت پێکەکانی تێدەکردەوە. جاروبارێک سەیری ژنەکەی و ئەو قووچەکە رەنگاو رەنگەکەی سەری دەدا، کە لە قاپ و پەرداخە شوشەکانی سەر میزەکە وێنەکەی دەرکەوت بوو.

کۆنتیسەی ژنیشی بە ئەرکی خانەخوێیی خۆی هەڵدەستا و، جاروبارێک لە میردەکەیشی دەڕوانی.

ژنان کپ و بە دەنگی نزم دەدوان. پیاوانیش بە پێچەوانەوە. .

کۆڵۆنێلی سەرۆکی سوپا، دەینەڕاند و پێکەکانی بە خەستی هەڵدەدا. چێژی لە خواردنەکان دەبینی و، خاتوونی خانەخوێیش هانی ئەوانی تری دەدا چاو لەو بکەن.

پییەریش باسی خۆشەویستی بۆ ڤیرا دەکرد و، دەیووت:خۆشەویستی پەیوەندیەکی رەوانی ئاسمانی یە و، فڕی بەسەر زەوییەوە نییە). بۆریسیش یەکە یەکە ناوی میوانەکانی بە هاوڕێکەی دەوت و، لە ژێرپشەوە سەرنجی ناتاشای بەرامبەری دەدا !

پییەریش سەرنجی میوانەکانی دەدا و زۆری دەخوارد و، کەم دەدوا. . لە هەموو جۆری ئەو مەیانەی دەخواردەوە، کە شووشەکانیان بە دەسڕ پێچرا بوو و، خزمەتکار بۆی دەهێنا. (مەی)یەکانیش. . . (دری مادێر)و، (تووکای)و، (رین) بوو.

هەر میوانە و، چوار پەرداخی چۆڵی بۆ دانرابوو. کە هەر یەکەیان بۆ جۆرێکی مەی بوو. (ناتاشا)یش وەکوو سیازدە ساڵانێک سەیری بۆریسی دەکرد و، ئەوەی کە دەیویست سەر بنێ بە سەرییەوە و، ئەو لاوەی کە یەکەم ماچی کردبوو و، پێی وابوو، زۆری خۆش دەوێت. ئەمجا چاوی بە روخساری دەوروبەردا گێڕا و، هەر کە سەرنجی بە روخساری پییەرەوە گیرسایەوە، بێ ئەوەی بزانێت بۆچی:پێکەنین گرتی.

وا رێکەوتبوو، نیکۆلا لە سۆنیاوە دوور بوو و، لەگەڵ جوولیی کچی کاراگین، قسەی دەکرد. لەولایشەوە هەر چەند سۆنیا ڕوو بە خەندە بوو، بەڵام غیرەی دەکرد و فرە پەست بوو و، وا گوێی هەڵخست بوو، کە بەڵکو، بزانێت باسی چی دەکەن!؟

ژنە منداڵ بەخێوکەرەکەیش خەریکی چاودێریکردنی منداڵەکان بوو و ئامادەی پاراستنیان بوو و، نەهێڵێت کەسیان دەست بەرن بۆ خواردنەکانی سەر میزەکە.

مامۆستا ئەڵمانییەکەی منداڵەکانیش، هەر خەریکی لەبەر کردنی ناوی خواردن و خواردنەوەکان بوو و، لێیشی دەخواردنەوە، تاکو لە نامەی داهاتوویدا بۆ ئەڵمانیا و، خێزانەکەی، ئەو ناوانە بنووسێت.

بەشی نۆزدە
بە دەوری خوانەکەوە

تا دەهات چەلەحانێکە گەرمتر دەبوو. سەرۆکی فیرقە سوور بوو لەسەر ئەوەی، لە شاری (پێترزبۆرگ)دا شەڕ راگەیەندراوە. کۆپییەکی فەرمانە کارگێریەکەیش نێردراوە بۆ حاکمی سەربازیی مۆسکۆ و، ئەویش ئاگاداراە.

(شینشین) هاواری کرد:

ـ پێم ناڵێن بۆچی شەڕ لە بەرامبەر(ناپلیۆن)دا دەکەن؟ چ شەیتانێک چووەتە بن کڵیشەمانەوە بۆ هەڵگیرساندنی شەڕ؟ پێشتر شۆڕشی(نەمسا)ی دامرکاندووەتەوە و، ئێستایش سەرەی ئێمەیە.

سەرۆکە تێکسمڕاوە باڵابەرزە ئەڵمانییە نیشتماپەروەرەکە، سوور هەڵگەڕا و قسەکانی (شینشین)ی بە دڵا نەبوو.

بۆیە وتی:

ـ لەبەر چی. . ئازیزەکەم؟ ئاخر ئیمپراتۆر خۆی هۆیەکەی دەزانێت! لە بەیاننامەکەیشیدا هاتووە:کە ناتوانێت وەکوو تەماشاچییەک بڕوانێت و، بێدەنگ بێت لەو مەترسییانەی کە هەڕەشە لە روسیا دەکەنو، (ئیمپریاتۆریەت)و پەیماننامە و، پەیوەندیەکان.

کەوتە خوێندنەوەی بڕگەی یەکەمی بەیاننامەکە و وتی:

ــ ئیمپراتۆر بۆ پاراستنی ئاشتی ئەوروپا و، بۆ ئەو مەبەستەش بەشێکی سوپا دەنێرێتە دەرەوەی سنوور. هەروەها بۆ جێبەجێکردنی پەیماننامە نوێیەکان. ئازیزەکەم ئەمەیە هۆیەکەی.

بە ئومێدی پشتگیریکردنیش سەیرێکی کۆنتی کرد.

(شینشین)یش وتی:

ئەو پەندەت بیستووە دەڵێت:باشتر وایە دەست بە مێزەری سەرمانەوە بگرین[1]. دەڵێی ئەم پەندە بۆ ئێمە وتراوە. (سۆفۆرۆف)[2] زۆر بەهێزو توانایش بوو، ئێمە بە تۆزی پێشیدا نەدەگەیشین، کەچی شکایشو راویش نرا !

ئەمە پرسیارەکەی من بوو و خۆیشت وەڵامم بدەوە.

شینشین لە نێو زمانی رووسی و فەرەنسیدا بازبازێنی دەکرد.

سەرۆکی فیرقەیش مستێکی بە مێزەکەدا داو وتی:

ــ پێویستە تا دواتنۆکی خوێنمان بجەنگین. گەر بۆ پاراستنی (ئیمپراتۆر)ەکەمان پێویست بێت خۆیشمان بە کوشت بدەین و، زۆریش لێی نەکۆڵینەوە. پاشان بە باشی دەچینە پێشەوە. ئەی وانییە؟

چاوی بۆ کۆنت گێڕا و، چاوەڕێی پشتگیری کردنی ئەوی دەکرد.

تێهەڵچووەوە:

ــ ئێمەی سەربازانی دێرین هەر بەم جۆرە بیر دەکەینەوە. تۆ دەڵێی چی سەربازە هەرزەکارەکە؟

نیکۆلایش کە زانی باسی شەڕە، کچەی پشتگوێ خستو بە گوڕو تینەوە وتی:

ــ پشتگیری لە قسەکانت دەکەم.

قاپ و پەرداخەکانی بەردەمی خۆی لادا و لەسەری رۆیشت:

ــ بەڵێ پێموایە دەبێ رووسەکان لەم شەڕەدا یا سەربکەون یا بەسەربەرزی بمرن.

بە هەڵچوونەوە ئەمەی وت و، دەرەنگ تێگەیشت شوێنی هەڵچوون نییە.

(جوولی)ی نازداریش کە لە نزیکییەوە بوو، پشتگیری کردو وتی:

ــ راست دەکەیت. . قسەیەکی جوانە.

(سۆنیا)ش موچڕکەیەک بە لەشیدا هات و روخسار و لاملیشی سوور هەڵگەڕا.

پییەریش سەرێکی بۆ لەقاند و وتی:

---

[1] ــ ئێمە و بۆ ئەم مەبەستە کوردانیش وتوویانە: دەست بە کڵاوی خۆتەوە بگرە! و/کوردی

[2] ــ سۆفۆرۆف یا سافارۆف: (۱۷۲۹ــ ۱۸۰۰) ئەو ژەنەڕاڵە رووسە بوو شۆڕشی پۆڵۆنیای دامرکاندەوە.

ـ بیروڕایەکەت دروستە.

کۆڵۆنیلی سەرۆکی فیرقە پتر هەڵچوو و مستێکی توندی بە مێزەکەدا داو وتی:

ـ ئەی لاو. . تۆیش سەربازێکی راستەقینەیت !

لەو لاوە دەنگی (ماری دمیتریيڤنا) بڵند بووەوە و پرسیی:

ـ ئەم زرمو هورە چییە!؟ بۆ مستەکۆڵە لە مێزەکە دەدەیت؟ خۆت بە چی دەزانیت؟

کۆڵۆنیلی سەرۆک، پێت وایە:لە بەرامبەر فەرەنسیەکاندا وەستاویت؟

سەرۆکیش بە زەردەخەندەیەکەوە وتی:

ـ ئەوەی راست و دروست نەبووبێت، نەمگوتووە.

کۆنتیش لە شوێنی خۆیەوە هەڵیدایە:

ـ (ماری) گیان بۆیە زۆر باسی جەنگمان کرد، چونکە (نیکۆلا)ی کوڕم بەشداریی ئەم جەنگە دەکات. . . تێگەیشتیت؟

(ماری)یش هاتە زمان و وتی:

ـ جا چی تێدایە؟ من چوار کوڕم لە سوپادان و، بۆیشیان ناگریم. چونکە خۆمان داوەتە دەست خوا. لێرە کەسانێک لە سەر نوێنەکانی خۆیان دەمرن و، هەزارانیش لە بەرەی شەڕەکاندان و، نایشمرن!

(کۆنت)یش هەڵیدایە:

ـ بێگومان. . بێگومان.

ژوورەکە کپ بووەوە و، هەر دووانە و، کەوتنەوە چرپە چرپی خۆیان.

لەو کاتەدا (ناتاشا) قسەی بە زۆران دەدا و، دەیوت دەتوانم! چونکە براکەی بە رابواردنەوە پێی وتبوو کە پرکێشی ئەوە ناکات پرسیارەکە لەدایکی بکات !

ئەویش سوورببوو لەسەر ئەوەی کە دەتوانێت! هەستاو پییەریشی تێگەیاند کە سەیری بکات! رووی کردە دایکی و زۆر سادە و منالانە بانگیی کرد:دایە! دایە. . !

کۆنتیسە راچڵەکی و پرسیی:چیە؟

بەڵام کە زانیی کچەکەی، مەکربازانە دەیەوێت بدوێت، بە دەست تێگەیاند کە بێدەنگ بێت. میوانەکانیش کپ بوونەوە.

دیسان کێژە چکۆلانە هەستایەوە و، پرسیی:

ـ دایکە پێش نانخواردن، چیمان دەدەنێ تا بیخۆین؟

کۆنتیسە خۆی تێک نەدا و کەچی ماری پەنجەی لێ راوەشاندو پێی وت:

ـ کچە قەوقازی. . . ئاگات لە دەمی خۆت بێت و، بێدەنگ بە.

میوانەکان سەیری دەمی دایک و باوکی کچەیان دەکرد. تا بزانن چی بڵێن؟ گەر دایک و باوکی لە کچەکەیان، تووڕە ببوونایە، ئەوانیش بێزاری خۆیان لەو رەفتارەی کچەکە دەردەبڕی. خۆ ئەگەر بە لای ئەوانەوە، ئاسایی بوایە ئەوا ئەمانیش بە رووی منداڵەکەدا پێدەکەنین.

دایکی وەڵامی دایەوە:

ـ کەمێ چاوەڕوان بە.

کچە بە دەنگی بەرز پرسییەوە:

ـ دایکە پێش نانخواردن چی ترمان دەدەنێ بیخۆین؟

(پیتیا)ی کەتە و (سۆنیا) پێکەنینەکەیان شاردەوە. (ناتاشا)یش بە فیزێکەوە بە براکەی وت و سەیری (پییەر)یشی دەکرد وێستی تێیان بگەیەنێت و بڵێت:ئەوە پرسیارەکەیشم کرد.

ماری وەڵامی دایەوە:

ـ کولیچەمان بۆ دێنن و، تۆیش دەمی لێ نادەیت !

ناتاشایش کە زانیی لەسەر پرسیارەکە دایکی سزای نادات، بوێرانەتر پرسیی:

ـ کام کولیچەیە؟ من لەگەڵ ڤانێلادا، حەزم لێی نییە.

ئەژدیهاکەیش وتی:

ـ هەر لەگەڵ ڤانێلایش دەبێت.

ـ نەخێر دەبێت بە گێژەرەوە بێت!

ئەویش بە دەنگی بەرز پرسیی:

ـ چۆن کولیچەیەکە ئەی ماری دمیترییڤنا؟ دەی پێم بڵـێ.

ئەمە راست نیە. . تێم بگەیەنە.

ماری و دایکی و دانیشتوان دایانە قاقای پێکەنین. پرسیارەکانی ئەژدیهای تۆقێنەر پێکەنینێن نەبوو. بەڵکو قسەکانی کچە مەکربازە بوێرەکەی کۆنتیسە هۆی پێکەنینی میوانەکان بوو.

کە دواتر هەواڵیان هێنا کولیچەکە بە مۆزەوەیە، ناتاشا ئاهێکی تێ هاتەوە.

پێش دابەش کردنی کولیچەکە. خزمەتکاران کەوتنە پێشکەش کردنی شامپانیا. تیپی مۆسیقایش کەوتە ژەنینی ئاواز. کۆنت هەستاو ژنەکەی لە ئامێز گرت. خەڵکەکەیش بۆنەکەیان لێ پیرۆز کردن و، پێکیان لە چاوی کۆنت و کۆنتیسە و منداڵەکانیان هەڵدا. دوای مەستبوون و سەما کردن. هۆڵی سەمایان جێهێشت.

ئەوەی لە دیوەخان مایەوە، هەندێکیان بۆ باسو خواسی جەنگ، شوێن کۆنت کەوتن و بەرەو ژووری نووسینگەکەی چوون.

بەشی بیست
ئازاری عاشقان

میوانان کۆمەڵ کۆمەڵ ، بە دەوری مێزی قومارەکانەوە دانیشتن. هەندێکیان لە کۆنت کۆبوونەوەو، ئەویش وەرەقەکانی وەکوو باوەشێن لێ کردبوو. لەبەر ئەوەی وا راهاتبوو دوای نانخواردن سەرخەوێک بشکێنێت، خەو دەیبردەوە.

کۆنتیسی ژنیشی هەرزەکاران و کیژۆڵەکانی لای پیانۆکە و، لە دەوری خۆی کۆ کردبوونەوە. (جوولی)ی نازداریش لە سەر قسەی دەوروبەری، چەند پارچە مۆسیقایەکی بۆ ژەندن.

بە هەموویشیان داوایان لە ناتاشا و نیکۆلا کرد، گۆرانی بچڕن. چونکە دەیانزانی هەردوکیان هەواداری مۆسیقان. لەگەڵ ئەوەیشدا ناتاشا کەمێک شڵەژا بوو، کەچی فرە بە خۆی دەنازی، بەوەی وەکوو کچێکی گەورە هەڵس و کەوتی لەگەڵ دەکەن و، داوای گۆرانی وتنی لێ دەکەن.

ناتاشا لێی پرسین:

ـ چ گۆرانییەک بڵێین !؟

نیکۆلا وتی:

ـ گۆرانیی:کانی و سەرکانی؟

ئەویش وتی:

ـ زۆر باشە. . بۆریس تۆیش وەرە ئێرەوە. ئەی سۆنیا لە کوێیە؟

ناتاشا بۆی دەرکەوت هاوڕێکەی دیار نەماوە. چوو بۆی بگەڕێت. نە لە ژووڕەکەی خۆی و، نە لە ژووری منالەکان بوو! وا بۆی چوو، لەسەر سندوقی ڕاڕەوەکە بێت. چونکە منالەکان وا ڕاهاتبوون، هەر کە تووڕە ببوونایە، دەچوونە سەر ئەو سندوقە! هەر وایش بوو. لەوێ دۆزییەوە. هەرچەند کراسە گوڵییەکەشی لەو سندوقە گیرا و لێی دەدڕا، بەڵام چوو بووە سەری.

دەمو چاوی بە دەستەکانی داپۆشی بوو و، بە کوڵ دەگریا.

ناتاشایش خۆشییەکەی لێ تێک چوو و، بانگی کرد:

ـ سۆنیا. . ئەوە چیتە؟ چی ڕوویداوە؟

خۆیشی دەستی کردە گریان بۆی.

سۆنیا حەزی دەکرد سەری بەرز بکاتەوە و، وەڵامی هاوڕێکەی بداتەوە. بەڵام لە بەر قوڵپی گریان نەیتوانی. ناتاشایش بە گریانەوە خۆی هەڵدایە سەر دۆشەکە شینی سندوقەکە و باوەشی پێدا کرد.

سۆنیاش چاوانی سڕی و بە دەم هەنسکەبڕێوە وتی:

ـ دوای (٨) ڕۆژی تر (نیکۆلا) سەفەر دەکات. خۆی پێی وتم! خۆ من بۆ ئەوە ناگریم. پارچە کاغەزێکی لە قولی مستیدا دەرهێنا. ناتاشا بۆی دەرکەوت ئەو شیعرانەی تێدا نووسراوە، کە نیکۆلا بەسەر سۆنیادا هەڵیداوە.

ئەمجا وتی:

ـ تۆ نازانیت چەند نەفسی بەرزە !!

کە سۆنیا گوێی لەم ڕستەیە بوو، دەستی کردەوە بە گریان و وتی:

ـ تۆ بۆ خۆت بەختیاریت و، بەغیلیشت پێ نابەم. چونکە تۆ و بۆریسم زۆر خۆشدەوێت. ئاخر بۆریسیش کوڕێکی ناسکە و، هیچ بەربەستێکیش نییە بۆ مارە بڕینت لەو. بەڵام نیکۆلا. . ئامۆزامە و، گەر بیەوێت مارەم ببڕێت، دەبێت قەشە ڕەزامەندی لە سەر دەربببڕێت. بەڵام قەشە دەشتوانێت نەهێڵێت، هاوسەرگیری بکەین و، بە پێچەوانەی شەرعی دابنێت.

سۆنیا کۆنتیسی بە دایکی خۆی دادەناو، هەر وایشی بانگ دەکرد.

دیسان وتی:

ـ خوا ئاگاداره دایکم و ئێوەم زۆر خۆشدەوێت. بەڵام ڤیرا. . . نازانم چیم کردووە لە (ڤیرا)؟ چاک هەست دەکەم کە زۆر باشن. ئامادەیشم خۆم بخەمە پێناوتان، بەڵام هیچ لە خۆمدا شک نابەم!

ڕوخساری لەبەرە لەپەکانیدا شاردەوە و، ناتاشایش بە سەریدا دەهات.

لە پڕێکدا وەکوو ئەوەی بە هۆی خەمەکەی ئەوەوە زانیبێتی، هاواری کرد:

ـ سۆنیا، دوای نانخواردن (ڤیرا) تۆی دواند. . وانەبوو؟

سۆنیا وەڵامی دایەوە:

ـ بەڵێ. . نیکۆڵا بە دەستی خۆی ئەم هۆنراوانەی نووسیوە. خۆیشم هۆنراوەی ترم تێدا نووسی. بەڵام لەسەر مێزەکەم ئەم کاغەزەم دۆزییەوە. ئاخر (ڤیرا) دەیووت:ئەم نامەیە دەدەم بە دایکە. پێیشی وتم خۆم و دایکم دەبینە کۆسپی سەرەڕێ و، دایکم رازی نابێت بە مارەیڕینی تۆ. دەبینیت کە ئەو نیکۆلایە (جوولی) مارە دەکات. ئەی نابینیت چۆن نیکۆلا بە لاولووی (جوولی)دا دێت. ناتاشا باشە بۆچی ئاوا دیقە دیقەی من دەدات؟

ناتاشایش گەلێ دڵی دایەوە و پێی وت:

ـ سۆنیا گیان بڕوای پێ مەکە.

جارێکی تر، ئەوی هینایەوە گریان. بەڵام ناتاشا باوەشی پێدا کرد و، بە پێکەنینەوە، سۆنیای هەڵسانەوە سەر پێیان و، دڵی دایەوە و وتی:

ـ بیر لەو قسانە بکەرەوە کە لە ماڵەوە، لەگەڵ نیکۆلا کردمان. . . بیرت ماوە؟ چیمان وت و بڕیارماندا کە چۆن ڕەفتار بکەین، تاکو دواڕۆژمان مسۆگەر بکەین؟ هەرچەند من وردەکاریی ئەو ڕاوێژەی خۆمانم بیر نەماوە، بەڵام شتەکان بە دڵی خۆمان دەبێت. . . ئەمەت بیر نەچێت.

برایەکی مامە (شینشین)یش ئامۆزایەکی خۆی لە باوکەوە، مارە کردووە و خێزانی ئێمەیش وەک ئەوانە. بۆریسیش دەڵێت زۆر ئاساییە! خۆیشت دەزانیت کاتی خۆی، هەموو شتێکم بۆ باس کردووە! خۆ ئەویش زۆر زیرەک و نیانە. دەی سۆنیا گیان ئیدی مەگری.

بە پێکەنینەوە لە ئامێزی گرتەوە و پێیشی وت:

ـ ڤیرا دەروون پیسە و، گوێی لێ مەگرە. هیچیش بۆ دایە ناگێڕێتەوە و، خۆمان لەگەڵی ڕێکدەکەوین. لێت ڕوون بێت نیکۆلا خۆی قسە لەگەڵ دایە دەکات و، بیر لە (جوولی)یش مەکەوە.

سۆنیا بووژایەوە و، وەکوو پشیلە خۆی بۆ قەڵەمبازی سەر سندوقەکە ئامادە کرد.

بە دەم ڕێکخستنەوەی سەرو قژکەیشییەوە پرسیی:

ـ بە ڕاست تۆ وا بۆی دەچیت؟ پەیمان دەدەیت بۆم چارەسەر بکەیت؟

ناتاشایش بەدەم ڕێک خستنەوەی چەند تاڵێکی سەری ئامۆزاکەیەوە وتی:

ـ بە شەرەف وایە. پەیمانیش دەدەم!

دەستیان کردە پێکەنین و ناتاشا وتی:

ـ دەی. . بچینەوە هۆڵەکە و، با گۆرانیی (کانیو سەرکانی)یەکە بڵێین.

بەڵام ناتاشا قسەکەی پێ بڕی و وتی:

ـ ئەزانی ئەو پییەرە کەتەو ناقۆلایەی بەرامبەرم دانیشت بوو، چەند نامۆ و پێکەنین هێنە.

ناتاشا بە ڕاڕەوەکەدا ڕایکرد و، سۆنیاش خۆی تەکاند و، کاغەزەکەی خستە نێو سنگیەوە و، بە ڕاکردن لەوسەری دالانەکە گرتییەوە.

لەسەر داوا کردنی، میوانەکان، چوار کوڕ و کچەکە، دەستیان کرد بە وتنی گۆرانیی (کانیو سەرکانی)یەکە. میوانانیش چەپڵەیەکی زۆریان بۆ لێدان.

دواتر (نیکۆلا) ئەم هۆنراوەیەی بە گۆرانی وت:

مانگ تیشکی زیوین کە پەخشان دەکا
دڵـی عاشـقان سەرگـەردان دەکـا
گـومانـی نییە، لێرەیش لای خۆمان
یـارم هـەنـسکی کردۆتـە گریـان
لە ئـاسمان خـەم و پـەژارە دەڕژێ
لە زەوییش ئاگای لێم دەبێ :کێژێ
پەنجەی لـەرزۆکی بە سەر پیانۆوە
دەڵـێ کە دڵـی مـن وا بـە تـۆوە!
بەهەشت دەرگاکەی لەسەر پشت ئەبێ
بەختیاریی رەهاش بەشی گشت ئەبێ!
لا دەکاتـەوە:. . تەنیـا کەوتووە !
بە جارێ منی لە دەست دەرچووە!

هێشتا لە گۆرانییەکەی نەبوو بووەوە، میوانەکان خۆیان بۆ سەما کردن، ئامادە کرد و، تیپی میوزیک کەوتنە ساز دانەوەی ئامێرەکانیان.

شینشین و پییەریش هەر باسی سیاسەتیان دەکرد. ئەو مەبەستی بوو بیروڕای لاوێکی وەکو پییەر بزانێت، بە تایبەتی کە لە هەندەرانەوە هاتبووەوە.

هەر مۆسیقا دەستی پێکرد، ناتاشا بەرەو لای پییەر چوو و پێی وت:

ـ دایکم پێی وتووم کە سەمات لەگەڵ بکەم !

پییەر سوور هەڵگەڕاو هەستاو وتی:

ـ دەترسم جوولەکانی ئەم سەمایە نەزانم. بەڵام گەر راهێنەرم دەبیت، ئەوا ئامادەم.

ئەو کەتەیە ناچار بوو، داموکێتەوە، تا ناتاشای بەلە باریکە، بیگاتێ و، قۆڵ بکات بە قۆڵیدا.

ناتاشا بەدەم سەماکەوە، وەختەبوو لە خۆشیدا شاگەشکە ببێ. بەوەی لەگەڵ لاوێکدا سەمای دەکرد، دەمێک نەبوو لە هەندەران هاتبووەوە. بۆ میوانەکانیشی دەسەلمێنێت منداڵ نییە و، ئیدی ئەمیش گەورە بووە.

ژنێک باوەشێنەکەی خۆی دایەو ناتاشایش مۆدێرنانە بەکاری برد. جارو بارێ بۆ پییەر پێدەکەنی.

کۆنتیسە رۆستۆف بەلایاندا تێپەڕی و دەستی بۆ کچەکەی درێژ کردو وتی:

ـ ئەمە چییە؟ سەیری ئەم کچۆڵەیە بکەن !!

کچۆڵەکەیش سوور هەڵگەڕاو وتی:

ــ جا چیبە دایە! بۆ گاڵتەم پێدەکەیت!؟ چیت لە مندا بینیوە!؟

کە مۆسیقاژەنەکان ئاوازی سەمای موزیکی (ئەیقوس)ی سێیەمیان لێدا. بوو بە تەق و هۆڕی کورسییەکان و، پیرانی دەوروبەری کۆنت، پارەکانیان خستەوە گیرفانیان و، بەرەو هۆڵی سەما کردن چوون. هەر یەکە و، قۆڵی کرد بە قۆڵی ژنێکدا و، کەوتنە سەماکردن. کۆنتیش زۆر بە رەوشتەوە، خۆی نەوی کرد بۆ ژنەکەی خۆی و، هێنای.

کە سەماکردن کۆتا بوو، رووی کردە سەرۆک تیپی کەمانچەژەنو پرسیی:

ــ سیمۆن. . ئاوازی (دانیللۆ کۆپەر) دەزانیت؟

(دانیللۆ کۆپەر) جۆرێک لە سەمای ئینگلیزی بوو و، کۆنت لە هەرزەکاریی خۆیدا، زۆری حەز لێبوو.

لەولایشەوە ناتاشا بیری چوو لەگەڵ چ کەتەو کەڵەگەێکدایەو قاقایەکی لێداو وتی:

ــ سەیری بابە بکەن.

پیێەر بە رووێەکی خۆشەوە پێێەکانی بە زەوێدا دەداو خۆی لە نێو خەڵکەکەدا دەنووراند! پیاوان و خزمەتکاران لەولاوەو، ژنانیش لەملاوە، سەرنجی کۆنتی خانەخوێیان دەدا چۆن گەڕابووەوە سەردەمی لاوی خۆی.

کارەکەرێک هاواری کرد:

ــ ئای. . بە راستی سەرگەورەکەمان هەڵوێەکی راستەقینەیە.

کۆنت کە ژنەکەیشی لەگەڵی بوو سەرنجی خەڵکەکەی راکێشا. بەڵام جووڵەی ژنەکەی ناجۆر بوو. لەشە قورسەکەی نەدەجووڵان. هەر جووڵەێەکی شانەکانی (ماری دمیتریێڤنا)ش سەرنجڕاکێش بوو. سەماکەیش تا دەهات خۆشتر دەبوو. هەرچەند کۆنت و ماری ببوونە جێی سەرنجی میوانان. بەڵام ناتاشا خێرا خێرا میوانەکانی بانگ دەکرد و، کۆنتی باوکی پیشان دەدان.

کۆنتیش لە پشووەکاندا هەناسە سوار بوو. کەچی بەدەست و بە دەم تیپی مۆسیقاکەی تێدەگەیاند کە نەزمی ئاوازەکە خێراتر بکەن. خۆیشی زۆر بە خێرایی لە سەر نووکی پێ دەسووڕا و، دواتر لەسەر پاژنەکانی. جارجارەش لەش و رانەکانی گۆشە وەستاویان دروست دەکرد. دەستی هەڵدەسووڕان و، میوانان دەیاندایە قاقای پێکەنین! لە نێویشیاندا دەنگی ناتاشا دیاربوو !

کۆنت و ژنەکەی بە دەسرۆکە گرانبەهاکانیان، دەمو چاویان سڕی.

کۆنت بە ژنەکەی خۆی وت:

ــ کاتی خۆی بەمجۆرە سەمامان دەکرد، ئازیزم !

ماری دمیتریێڤنایش بە هەناسە بڕکێوە وتی:

ــ کەوابوو. . ئا ئەمە بوو، ئاوازی سەمای (دانیللۆ کۆپەر). . .

بەشی بیست و یەك
پیلان

هێندە تیپی مۆسیقاکە و سەماکەران ماندوو بوو بوون. لە سەرەتای شەشەم ئاوازی ئینگلیزییەکەوە، کەوتنە هەڵەوە و،کۆنت تێیدا جەڵتەی شەشەم لێی دا.

پزیشکەکان رایانگەیاند کە دوا ئومێدیش بڕا. ناچار کەوتنە وەرگرتنی وەسیەتەکەی‌و، ڕێو ڕەسمی ئاینییان بەجێ هێنا.

گۆڕهەڵکەنەکان دەروازەی کۆشکیان پێ گرتن. هەرکە خزمان دەگەیشتن. ئەوان لە دەروازەکە، دوور دەکەوتنەوە. فەرمانڕەوای سەربازیی مۆسکۆ خۆی هات و دەست و پێوەندەکانی لە نووکەوە ڕووداوەکەیان بۆ گێڕایەوە.

دیوەخان بە هاتووان سیخناخ بوو. دوای نیو سەعات مانەوەی لای کۆنتی نەخۆش، دادوەری مۆسکۆ هاتە دەرەوە. دانیشتووەکان هەستان و، گوێیان بۆ هەواڵی نەخۆشەکە هەڵخست. بەڵام حاکم بەنێو خزمان و، خەڵکەکەدا تێپەڕی، بێ ئەوەی وەڵامی سڵاوی کەس بداتەوە.

میر قازیلی، کە ماوەیەک بوو زەرد هەڵگەڕابوو، شوێنی کەوت و، جارو بارێک دەیچرپاند بە گوێیدا. دوای ئەوەی تا دەروازەی دەرەوە، بەڕێی کرد، گەڕایەوە دیوەخان و، قاچی خستە سەر قاچ و، ئانیشکەکانی خستە سەر ڕانی و، سەری خستە نێو بەری دەستەکانییەوە. دوای کەمێ هەستاو، جۆرێک هەنگاوی دەنا جیاواز لە جاران و، بەرەو ژووری نووسینگەکە بووەوە.

میوانەکانیش بە چرپە دەدوان. جارو بارێ جیرپەی دەرگای ژووری کۆنتی نەخۆش دەهات و، یەکێک دەهاتە دەرەوە. یان دەچووە ژوورەوە. خەڵکەکەیش بە دڵەراوکێوە لێیان دەڕوانی.

پیرە پیاوێکی ئایینی رووی لە ژنەکەی تەنیشتی کرد و وتی:

ـ کە ئەجەل هات. . ناگەڕێتەوە.

ژنەکەیش ئاینپەروەرانە پرسیی:

ـ کاتی تەڵقینی نەهاتووە!!؟

ئەویش دەستێکی بە سەرە رووتاوەکەیدا هێناو وتی:

ـ خاتوونی بەڕێز. . ئەم پیاوە رێو رەسمێکی ئایینیی مەزنی پێویستە.

گوێیان لە دەنگێکی بەرز بوو، لەوسەری دالانەکەوە دەیان پرسی:

ـ ئەوە کێیە؟ حاکمی عەسکەریی، خۆیەتی؟ چەندە گەنجیشە! دەڵێن ئەم کۆنتە داماوە، ئیستا کەس ناناسێتەوە! کەمێکی دی، تەڵقینی دەخوێنن.

ژنەکەیش وتی:

ـ وایش نییە، من یەکێک دەناسم حەوت جار (تەڵقین)یان داداوەو نەشمردووە!

دووەم ئەمیرەیشیان، لە ژوورەکەی کۆنتی سەر جێی مەرگ، هاتە دەرو، لە تەنیشت (لۆران)ی پزیشکەوە دانیشت و، پزیشکەیش لەسەر قەنەفەی ژێر تابلۆی وێنەکەی (کاترینی دووەم) بە ئیستراحەت' لێی دانیشت بوو. لە کەشو هەوایشی پرسی.

ئەویش وەڵامی دایەوە:

ـ کەشو هەوایەکی خۆشە ئەمیرەکەم! دانیشتوانی مۆسکۆ وەکوو لە دێیەکدا بژین، وایە.

خاتوون پرسیی:

ـ دەتوانین شلەمەنییەکی بدەینێ، تا بیخواتەوە؟

لۆرانیش پرسیی:

ـ ئاخۆ دەرمانەکەی خواردۆتەوە؟

ئەویش وتی:

ـ بەڵێ.

لۆران سەیرێکی سەعاتەکەی کردو وتی:

ـ پەرداخێک ئاوی کوڵاو بێنە و، لەو هاڕاوەی پێم دایت، تێی بکە.

پەنجەی خۆی کردە پێوەر و وتی:

ـ ئا. . ئەمەندەی لێ بکە پەرداخێک ئاوەوە.

پزیشکە ئەڵمانیەکەش بە یاریدەدەرەکەی خۆی وت:

ـ هێشتا شتی وام نەدیوە! کەس بەرگەی جەڵتەی سێیەمی نەگرتووە!

ئەفسەرە یاریدەدەرەکەیشی وتی:

ـ ئەم پزیشکە بایەخێکی زۆری پێداوە و، چاودێریی باشی کردووە !

بە چرپەیش لە پزیشکی پرسی:

ـ کێ میراتگرێتی؟

پزیشکەیش بە زمانێکی ناجۆر وتی:

ـ بێ میراتگر نابێت.

.جیرەی دەرگاکە هاتە گوێ و، ئەو خاتوونەی کە (لۆران)ی پزیشک دەرمانەکەی بۆ دەستنیشان کردبوو، چووە ژوورەوە.

ئەڵمانیەکەیش، لە لۆرانی پرسی:

ـ بڵێی تا سبەینێ نەمرێت؟

لۆرانیش کە پەنجەی دۆشاومژەی بەراستو چەپدا خوار کردەوە، وتی:

ـ نەخێر. . . ناگاتە ئەم ئێوارەیەیش!

میر بازیل دەرگای ژووری ئەمیرەی کردەوە و، دوو مۆمی داگیرساوی لە بەردەم وێنەیەی (قدیسە)یەکدا بینی و، بۆنی بوغوردیش دەهات. ژوورێکی کەمێک تاریک و، چەند کورسی و مێز دەرکەوت و، کەناری سیسەمێک. بە کردنەوەی دەرگایش تووتەڵە سەگێک، وەڕی.

ئەمیرە هەستا و دەستێکی بە قژە پەخشانەکەیدا هێناو وتی:

ـ ئامۆزا ئەوە خۆتیت؟ هەوالا چیە؟ منت ترساند!

میریش لەسەر ئەو کورسییە دانیشت، کە خاتوون جێی نیشتو وتی:

ـ هیچ نییە (کاتریش). بۆیە هاتووم تا لەبارەی چەند شتێکی گرنگەوە قسەت بۆ بکەم! خوایە گیان. . هەوای ئێرە وەستاوە! دانیشە با قسە بکەین.

ناوی (کاتریش)ی بە فەرەنسی بۆ منالکردنەوەی کاترین بەکار بردو، لە کاتێکدا ئەو ئەمیرە هەرە گەورەیان بوو !

خاتوونیش بە ساردییەکەوە لە بەرامبەری دانیشت و وتی:

ـ وامزانی شتێک رووبداوە! ئاخر بە نیاز بووم، سەرخەوێک بشکێنم. بەڵام خەویشم لێ ناکەوێت.

میریش پرسی:

ـ زۆر چاکە چی تریش. . . ئازیزەکەم؟

ئەویش دەستەکانی گرت و شۆڕی کردنەوە و پرسیی چیی تریش؟ هەردوکیان بێ ئەوەی هیچ بڵێن:لەو پرسیارە چاک تێدەگەیشتن.

ئەمیرە راست بووەوە و سەیرێکی خۆی و مۆمەکانی کرد و، سەرێکی باداو هەناسەیەکی قوولی هەڵکێشا. کە وا لێکدەرایەوە، خەمێکی گەورەی هەبێت. یان پێویستی بە حەوانەوە بێت.

میر وا تێگەیشت هەناسە هەڵکێشانەکەی هێمای ماندوویەتی بێت و وتی:

ـ پێت وایە ئەم بارو دۆخە بۆ منیش ماندووکەر نییە؟ بڕوا بکە بە هێندەی ئەسپێکی پۆستەبەر ماندووم. بەڵام باسەکە ترسناکە و بە بایەخە.

میر ڕوخساری تێکچوو. لەچاوانیدا شتگەلێک دەخوێنرایەوە کە لەوەو پێش نەیدەزانین. خاتوونیش دەستێکی هێنا بە سەری سەگە چکۆلەکەی سەر ڕانیداو بە وردی سەیری میر ڤازیلیی دەکرد. بەڵام لەوە نەدەچوو نیازی قسە کردنی هەبێت.

هەر بۆیە میر دوای هەڵچوونێکی دەروونی و، بە خۆدا چوونەوە، وتی:

ـ (کاترین سیمیۆنۆڤنا)ی ئامۆزا و ئازیزم. گوێ بگرە. ئا لەم بارو دۆخەدا، پێویستە مرۆڤ، بیر لە هەموو شتێک بکاتەوە. پێویستە بیر لە دواڕۆژی ئێوە بکرێتەوە. من وەکو منداڵەکانی خۆم ئێوەم خۆشدەوێت و، خۆیشت ئەمە دەزانیت.

خاتوون بە بێدەنگی سەرنجی میری داو، ئەویش لەسەری ڕۆیشت:

ـ خۆ دەبێت بیر لە خێزانەکەی خۆیشم بکەمەوە، کاترین گیان. خۆیشت دەزانیت خۆتو دوو خوشکەکەتو ژنەکەی من میراتگری پلە یەکن، لە سامانی ئەم کۆنتەدا. خۆ من دەزانم گوێ بەمە نادەیت. بەڵام من (٦٠) ساڵانم تێپەڕاندووە. دەبێت منیش ئامادەی هەموو ڕووداوێکی نەخوازراو بم.

ئاخۆ دەزانیت دوای سەیر کردنی وێنەیەکی پیپەر کۆنت خۆی، ڕایسپاردم کە بێنرم بۆ شوێن ئەم پیپەرەدا!؟

سەرنجی ئەوەیشیدا، کە ئاخۆ ئەمیرە، بیر لە قسەکانی ئەو دەکاتەوە، یان نا؟

ئەمیرەیش وەڵامی داوە:

ـ تەنیا داواکاریم ئامۆزا گیان، لە خوا ئەوەیە، بەزەیی پێیدا بێتەوە و ڕۆحی ئازاد بکات و. . .

میر ئارامی لەبەر هەڵگیرا و دەستێکی بە سەرە ڕووتاوەکەیدا هێناو وتی:

ـ بەڵێ بێگومان! بەڵام. . بەڵام ئەوەیش دەزانیت کۆنت، لە زستانی ڕابردوودا وەسیەتنامەیەکی نووسی و، پیپەری کردە تەنیا میراتگری خۆی و، بەو کارەی هەموو میراتگرەکانی تری، وەکوو ئێمەی، بێبەش کرد؟

خاتوونیش بە سارد‌ییکەوە وتی:

ـ وەسیەتنامەکان یەکێک نەبوون و، نەیشیتوانی پیپەر بکاتە میراتگری خۆی. پیپەریش کوڕێکی سروشتیی خۆیەتی.

میر ڤازیلی تەپڵەکەکەی نزیک کردەوەو بە هەڵچوونەوە پرسی:

ـ ئەی بۆ ئەوە دەڵێی چی، کە ئەو پیاوە چووە بۆلای ئیمپراتۆرو داوای کردووە بە فەرمی پیپەری بۆ بکاتە کوڕی شەرعی خۆی؟ بێگومان ئەویش بۆی دەکات! چونکە ئەمیش کاتی خۆی خزمەتێکی زۆری، عەرشی پاشایەتی ئەوی کردووە.

خاتوون بزەیەک گرتی.

میر دەستەکانی گرت و وتی:

ـ دەزانیت بڕێک لـە لایەنـە پەیوەندیدارەکانیش، ڕەزامەنـدیان بـۆ ئـەم داوایـەی کۆنـت نووسیوە و، ئەویش تا ئێستا داواکاریەکەی نەناردووە بۆ ئیمپراتۆر؟ بەڵام ئیمپراتۆر ئاگای لە ئەم ئارەزووەی کۆنت هەیە! ئێستا چارەنووسی داواکاریەکەی نادیارە. ئاخۆ ئیمپراتۆری لێ ئاگادار کردووەتەوە یان نا؟ داواکارییەکەی دڕاندووە؟ خۆ گـەر نـەدڕێنرا بێت و، کۆنت بمرێت، ئەوا ئیمەش تێدا دەچین. هـەر ئەم بمرێت، ئیمپراتۆر بە دۆسێکەیدا دەچێتەوە. ئەگەر ئەو داواکارییە ببینێت ئەوا بـە فـەرمی، پیـەر دەکاتـە کـوڕی شـەرعیی ئـەو و پیـەر دەبێتـە تەنیا میراتگری کۆنت.

میر بە بزەکەیدا دیاربوو بڕوا بە هەموو شتێک دەکات، ئەمە نەبێت، وتی:

ـ ئەی سوێند خواردنەکەی؟

میر ڤازلییش وتی:

ـ بەڵام (کاتیش)ی داماو، وەکو ڕۆژ ڕوونـە گـەر پیـەر بکرێتـە کـوڕی شـەرعیی ئـەو. . ئەوا هیچت لـەو میراتییـە بەرناکەوێت. کـەوابوو دەبێت بگـەڕێیت و گـەر ئـەو مامـەڵەیـەت بینی:هەر چۆنێ بووە، دەبێت بیدڕێنیت.

خاتوون بەلاقرتیوە وتی:

دە. . هەرا! تۆیش پێت وایە ژنان هێندە کاڵفامن! نازانن کوڕانی ناشەرعی نابنـە میراتگر! ئاخر ئەو کوڕێکی زۆڵەو نا شەرعییە. .

میر کەوتەوە دواندنی:

ـ بەڵام (کاتیش) تۆ بەو بلیمەتییەی خۆتەوە، چۆن نازانیت کۆنتی نـەخۆش گـەر بیـەوێت (پیـەر) بکاتە کـوڕی شـەرعیی خـۆی، دەمودەست ئـەو پیـەرە دەبێتـە (کۆنت بیزۆخـۆف)!؟ تەنیا میراتگری خۆی! جا ئەگەر ئـەو معامـەلەیـە لـە نێـو نـەچووبێت، ئـەوا هـەر بـە ڕێکردنی تازیکەت بۆ دەمێنێتەوە !

خاتوو میرەیش وەکو ئەوەی بیەوێت زیرەکی پیشان بدات. یـان بـەرامبـەرەکـەی بریندار بکات وتی:

ـ دەزانم وەسیەتنامەی نووسیوە. بەڵام ئـەوەش دەزانـم هـیچ بایـەخێکی نییـە! بـۆچی تـۆ پێت وایە من گێلم ئامۆزا؟

میر ڤازلییش وتی:

ـ خۆ کـە هـاتووم قسـەت لەگـەڵ بکـەم بـۆ ئـەوە نـەهاتووم زیرەکـیو فێڵبـازیی خۆمت لەگەڵدا بـە زۆران بدەم. (کـاترین سـیمیونۆڤنا) گیـان، وەکـوو خزمێکت هـاتووم و، قسـە لـە بەرژەوەندیت دەکەم. من دەڵێم گەر کاغەزەکانی مامەڵەی داواکاریی کۆنت بـۆ بـە شـەرعی کردنی پیـەر بە کوڕی خۆی مابێت، ئەوا خۆت و خوشکەکانت دەست لەو میراتییـە بشـۆن. گەر بڕوایش ناکەیت، پرسیار لە شارەزایان بکە. تۆزێک لەمەو پێش قسـەم لەگـەڵ (دیمتری

ئۆتـوویئیتش)ی پـاریژەری (کۆنـت) خـۆی کـرد و ئـەویش ئـەم قسـەیەی منـی، پشتڕاسـت کردەوە !

لەوە دەچوو ئەمیرە، بیروڕای گۆڕیبێت و وتی:

ـ بارەکە ئاڵۆز نابێت. من دانغەم بە هیچەوە لێ نەداوە و نایدەم. کەوابوو ئاوا پاداشتی ئەوانە دەداتەوە، کە خۆیان بۆ بەخت کردووە و، لە پێناویدا ماندوو بوون؟

سـەگە چکۆلـەی لـە سـەر کۆشـی لابـرد و، کراسـەکەی ڕێکخسـتەوە و، بـە بـڕوا بەخۆبوونەوە وتی:

ـ بە خوا چاکە. میر قازیلی گوێی مەدەرێ، خۆم بە ئومێدی هیچ نییم !

میر بایەخی بە قسەکەی نەدا و وتی:

ـ بەڵام خۆ تۆ هەر خۆت نیت! ئەی خوشکەکانت؟

ئەمیرەیش وتی:

ـ دەبوایە هەر زوو بمزانیبایە لەم ماڵەدا، لە سووکی و ڕسوایی و، کەمیی زیاتر هیچم بۆ نامێنێتەوە!

میریش وتی:

ـ دەزانی وەسیەتنامەکە لە کوێیە!؟

ئەویش وتی:

ـ ئای چەند کاڵفامییە، مرۆڤ خۆی بدات بە دەست خەڵکەوە و، خۆی بە قوربانیان بکات؟ لـەم جیهانـەدا تەنیـا کەسـانی نـەفس نـزم سـوودمەند دەبـن. دەشـزانم سـەرچاوەی نەهامەتییەکەمان کامەیە.

وێسـتی هەڵبسـتێت، بـەڵام میـر دایناییـەوە. لـە سـەرنجەکەیدا دیـاربوو لەخـەڵکی بێئومێد بووە، وتی:

ـ کاترین گیان. . ئازیزەکـەم. ئێسـتاش هیچمـان نەدۆڕاندووە! ئـەوەش کوتـو پڕ و، لـە سـاتە وەختێکـی تـووڕەیی کۆنتـدا و، بـە هـۆی کاریگـەریی نەخۆشـییەکەیەوە ڕوویـداوە. ئێسـتاش دەبێت ڕێـی بـدەین هەڵەکـەی ڕاسـت بکاتـەوە. تـاکو دوای مردنـی نەبێتـە هـۆی ئازاردانی کەس و کارەکەی.

خاتوونی میرەیش وتی:

ـ بە تایبەتیش ئەوانەی قوربانییان بۆ داوە.

جارێکی دی وێستی هەڵبستێت و میر دایناییەوە.

کاترین لەبەرخۆیەوە وتی:

ـ ئا ئەمەیە پێ نەزانین. دوای ئەوەی دادپەروەریو ناموس نەما، ئیتر کەس چاوەڕێی پاداشت نەکات! جیهانەیش درندەیان و دەروونپیسان دەیخوات !

میر قازیلییش وتی:

ـ هێور ببەوە. . دەزانم چەندە دڵپاکیت.

ئەویش وتی:

ـ نەخێر من دڵپاک نیم.

میریش دووبارەی کردەوە:

ـ نا نا. . من بە دڵە پاکەکەت دەزانم. هاوڕێیەتیشت مەزن رادەگرم. خوازیارم تۆیش وا بیت. هێشتا کات زووە و، با ژیرانە بیری لێ بکەینەوە. لەوانەیە رۆژێک یان چەند سەعاتێکمان بە دەستەوە مابێت. کوا وەسیەتنامەکە لە کوێیە؟ بێگومان تۆ شوێنەکەی پێدەزانیت. پێویستە ئەمە وەبیر کۆنتی نەخۆش بێنینەوە. رەنگە بە خۆیدا بچێتەوە و، معامەلەکە بدرێنێت! ئەوەش بزانە خۆی چیی پێخۆشە، ئەوەی بۆ دەکەین. منیش هەر بۆ ئەوە هاتووم، یارمەتیی تۆ بدەم.

خاتوونی ئەمیرەیش وتی:

ـ ئێستا لە هەموو شتێک تێگەیشتم. دەزانم ئەم تەنگژانە، لە کوێوەن؟

میر بازیلیش وتی:

ـ ئەوەیان پەیوەندیی بە کاری ئێمەوە نییە. . . ئازیزەکەم.

کاترین هەڵیدایە:

ئەمەیش فیتی خاتوونی میرە (درۆپتسکۆی)ی نەفرەتییە. ئەو ژنەی کە بەکارەکەری خۆمی راناگرم.

میر قازیلییش وتی:

ـ کاتەکەمان بە فیڕۆ دەدەین.

کاترین هەڵیدایە:

ـ ئەو ژنە، زستانی پارساڵ خۆی کرد بە نێو ماڵماندا و، لای ئەم کۆنتە بۆ هەر یەکەمان چیرۆکێکی هەڵبەست، کە لێوان لێو بوو لە درۆ! بە تایبەتی لەبارەی (سوفی)یەوە. ئەو هەڵبەستنە هێندە ناشیرین بوو، کە خەجاڵەتی دەکێشم بیگێڕمەوە. بەو هۆی ئەو چیرۆک هەڵبەستانەیەوە، کۆنت لە نەخۆشکەوتنیەوە کە (١٥) رۆژە، لێمان تۆراوە و، نەیهێشتووە، کەسمان بچینە لای. بێگومانم لە ئەوەی ئەو وەسیەتنامەیەی، رێک لەو کاتەدا نووسیوە.

میر قازیلی هەڵیدایە:

ـ ئێستا گەیشتیتە خاڵە گرنگەکە. باشە بۆ زووتر ئەمەت بۆ نەگێڕاومەتەوە؟

ئەمیرە کاترینیش وتی:

ـ وەسیەتنامەکە و، هەندێک زانیاری، لە جانتایەکی چەرمینداید. ئەویش لە ژێر سەرینەکەیدایە. ئەگەر رقو کینەیەکیش لە دڵمدا بێت، بەرامبەر ئەو ژنەیە و ببینم، راست و دروست پێی دەڵێم.

بەشی بیست و دووەم
ئانا میخایلۆڤنا

لەکاتێکدا لە ئوتێلەکەی کۆنت بیزۆخۆف و هۆڵی پێشوازی و لە ژووری ئەمیرە کاترین پیلان دادەنرا، پییەریش سواری ئەو گالیسکەکەی ببوو و کە بۆی نێردرابوو. ئانا میخائیلۆڤنایش بە باشی زانی و، لە تەکیدا سواربوو، تاکوو پییەر خۆی، بیگەیەنێتەوە ماڵی خۆیان.

گالیسکەکە بە تەق و هوڕ،گەیشتە سەر رێگە پووشاویەکە و، گەیشتە نێو ئوتێلەکە. ئانا کە سەرنجی سووچی گالیسکەکەی دا بینی پییەر خەوی لێکەوتووە. بە ئاگای هێنایەوەو پێکەوە دابەزین.

هەر کە بە ئاگا هاتەوە، بۆ یەکەمجار بوو، کەوتە بیر کردنەوە، لە چۆنێتیی، بینینی کۆنتی نەخۆش. سەرنجیشیدا گالیسکەکە، وەکوو جاران لەبەر تارمەی چوونە ژوورەوەکەدا نییە و، لەبەر پلیکانەی خزمەتکاراندا وەستاوە. لە ناو دەرگای بەلەکۆنەکەدا دوو خزمەتکاری بینی و لە پڕ وون بوون.

چەند کەسێکی بینی خۆیان دابووە، پەنا پایەکان. پییەریش وەکو ئانا گوێی نەدایە ئەوانەی خۆیان شاردبووەوە.

ئیدی ئەوانیش زانییان گوێیان پێ نادرێت و، کارەکەیان ئاسانە. پییەر دوای ئانا کەوت و، لەسەرخۆ بە پلیکانە بەردینە تەنگەبەرەکەدا سەرکەوت.

هەر چۆن پییەر نەیدەزانی بۆ دەبێت نەخۆشی سەرجێی مردن ببینێت. گرنگیش نەبوو بەلایەوە، گەر لە پلیکانەی خزمەتکارانیشەوە سەر بکەوێت. بەڵام گوڕ و تینی ئانای بەس

بوو، تا ئەمیش بایەخ بەم سەردانە بدات.

خزمەتکارانیش دەهاتنە خوار و دەگەیشتن بەم دووانە و خۆیان بەدیوارەکەوە دەنووسان تا رێیان بکەن. بەڵام وەختەبوو پیرە، لە ناوەڕاستی پلیکانەکەدا بەرەو خوار تلۆر ببێتەوە.

ئانا لە یەکێکیانی پرسی:

ـ ئاخۆ ئەم پلیکانانە دەیانباتەوە بەر دالانی خاتوونە میرەکان؟

خزمەتکارێک وەکوو ئەوەی پێی نەگوترا بێت بە دەنگی بەرز نەدوێت، وتی:

ـ بەڵێ بە دەرگای لای چەپدا بەرەو ژووری ئەوان دەچێت. . . خاتوونە نیانەکە.

لەوسەری دالانەکە، (پیرە) بە (ئانا)ی وت:

ـ رەنگە (کۆنت) منی بانگ نەکردبێت. بۆ من نەچمەوە ژوورەکەی خۆم؟

ئانایش هەر وەکوو کوڕی خۆی دەستی گرت و، وتی:

ـ کوڕەکەم. . منیش وەکو تۆ خەمبارم. تۆزێ پیاو بەو دان بە خۆتدا بگرە !

ئەویش زۆر سادانە وتی:

ـ لە راستیدا وا چاکە بگەڕێمەوە ژوورەکەی خۆم !

ئانایش وتی:

ـ کوڕی خۆم خراپەکانی کۆنت لەبیر خۆت ببەوە و، بیرت نەچێت کە ئەو پیاوە باوکیتۆیە. .

بە دەم هەناسە هەڵکێشانەوە وتیەوە:

بڕوات هەبێت وەکوو کوڕی خۆم سەیرت دەکەم! تۆ متمانەم پێ بکە و، منیش بەرژەوەندییەکانی تۆم بیرناچێتەوە. هەرچەند پیرە، هیچ لە مەرامی (ئانا) نەگەیشت، بەڵام قسەکانی پەسەند کرد. ئانا دەرگایەکی کردەوە و پیرەریش شوێنی کەوت. دەرگاکە کەوتبووە سەر دالانێک و، لە گۆشەیەکیدا کارەکەرێکی پیر، بە پێوە گۆرەویی خوریی دەچنی. تا ئەو کاتە پیرە، ئەم لایەی ئوتێلەکەی نەدیبوو. کەنیزەکێکی دەربار، لەسەر سینییەک سوراحییەک ئاوی پێ بوو. ئانا میخائیلۆڤنا لێی چووە پێش و، چەند جارێک بە (ژنی باش) و (ئازیزەکەم)، بانگی کرد و، هەوالی ئەمیرەکانی پرسی.

دواتر دەستی پیرەری گرت و، بە دالانە فەرش رێژەکەدا ڕۆیشتن و، بەلای چەپدا کە دەچووەوە سەر ژووری ئەمیرەکان، (پیرەر)ی راکێشا.

کەنیزەکی دەرباریش زۆر بە پەلە بوو و، بیری چوو بوو، ئەو دەرگایەی کە لێی هاتبووە دەرەوە، دایبخاتەوە. تا ئەوە بوو، پیرەر و ئانا توانیان بێ مەبەست، سەیری ناو ژوورەکە بکەن.

میر ڤازیلییان بینی بە چرپە، قسەی لەگەڵ (شازادە ـ میر) کاترینی گەورە خاتوون دەکرد. بەڵام ئەوانیش کە ئەم دووانەیان بینی، میر خۆی دایە پشت دەرگاکەو ئەمیرەیش،

به توندی دەرگاکەی داخستەوە و، بێدەنگییەکەی شڵەقاند.

ترسەکەی میر بازیل لەگەڵ هێوری و ئارامییەکەی نەدەهاتەوە. پییەریش ئەم دیمەنەی بەلاوە سەیر بوو! سەیرێکی پرسیارئامێزی کرد و، ئەویش خۆی تێک نەدا.

ئانا هەنگاوەکانی خێرا کردو وتی:

- پیاو بە. . کوڕی خۆم. . منیش دڕێغی ناکەم، لە پاراستنی بەرژەوەندییەکانت.

پییەریش لەو قسانەی نەدەگەیشت کە دەیووت:شەونخوونی بە دیار بەرژەوەندیەکانتەوە دەکێشم.

دالآنەکە بردنییەوە سەر هۆڵێکی نیوە رووناکی گەورە و، لەوێشەوە بۆ دیوەخانی کۆنت. پییەر زۆر چاک دیوەخانەکەی بینی بوو. دەیزانی پلیکانە سەرەکییەکە دەچێتەوە سەری. گۆمێکی بێ ئاوی تێدا بوو و، دەوروبەرەکەی هەروا تەڕ بوو. لەوێشەوە لەسەر نووکی پێیەکانیان، رۆیشتن و، مجێوری کڵێسە و، خزمەتکارێکی سینیی مۆم و بخوورد بەدەستیان تێپەڕاندو، نەبینران. چوونە ئەو دیوەخانەوە، کە دەرگایەکی دەچووەوە سەر باخێک و پییەر ئەو هۆڵەی بە جوانی بینی بوو و، دوو پەنجەرە ئیتالییایەکەیی بیر کەوتەوە. دەرچەیەکیشی هەبوو و، دەچووەوە، سەر باخێکی زستانە. پەیکەرێکی تا ناوقەدی، (کاترینی دووەم)یش بە سەر سەکۆیەکی بەردە مەرمەڕەوەی لێ بوو و، پەیکەری (کۆنت)یش لەبەر پێی ئەو خاتوونی ئیمپراتۆرەیەدا کڕنووشی بردبوو.

خەڵکێکی زۆریش لە دیوەخانەکە بوون و، بە چرپە دەدوانوونە ژوورەوەی ئەمان، دانیشتووەکان، بێدەنگ بوون و، لەو دووە هاتووە نۆێیان دەڕوانی. کەوتنە سەرنجدانی، ژنێکی رەنگ زەردی چاو بە فرمێسک و، ئەو لاوە کەتە کەڵەگەتەی بێدەنگ شوێنی کەوتبوو. ئانا وەکو خاتوونێکی چینە باڵاکەی کۆمەڵگا رەفتاری کرد. هەر وەکو ئەوەی لە (پیترزبورگ)ەوە هاتبێت. دەستی (پییەر)ی گرت و لەبەر ئەوەی کەسێکی هێنابوو، کە کۆنتی خوا لێخۆش بوو، داوای کردبوو. باکی بە کەس نەبوو. چاوێکی خێرای بە دانیشتووواندا گێڕاو، ئەو قەشەیەی بینی، کە چوو بووە لای کۆنتی سەر جێگەی مەرگو، گوێی لە دانپیانانەکانی گرتبوو.

بە هێواشی هەنگاوی ورد و خێرا، خۆی گەیاندە خۆی و پاشکۆکەی، بۆیا نووشتایەوە و پێی وتن:

- سوپاس بۆ خوا کە لەکاتی خۆیدا هاتوون. خێزان خەمی دواکەوتنی ئێوەی بوو.

دەستی بۆ پییەر درێژ کردو لە سەری رۆیشت:

- ئەم لاوەیش کوڕی کۆنتە. . . ئای چەند ساتێکی ناجۆرە !!

لە (لۆران)ی پزیشکیش نزیک بووەوە و بە ئەویشی وت:

- دوکتۆر ئەمە کوڕی (کۆنت)ە. ئاخۆ ئومێدێک ماوە، بۆ نەخۆشەکە؟

پزیشک رووی لە ئاسمان کردو، شانەکانی هەڵتەکاند. ئانایش ئاهێکی هەڵکێشاو چاوانی نەقاند و، وەکوو ئەوی کرد.

رووی سۆزاویشی کرده (پییەر)و وتی:

ـ ئومێد له بەزەیی خوا مەبڕە. . . کوڕەکەم.

ئامـەژەی بـە قەنەفەیـەک کرد، تـاکوو پییـەر بـڕوات و، لـە سـەری دابنیشـێت. خۆیشـی، بەرەو ئەو دەرگایە چوو، کە دانیشتووان، چاویان تێبڕی بوو. کردیـەوەو خۆی کرد بـە ژووردا و بە دوای خۆیدا، دایخستەوە.

پییـەریش سـەرنجیدا دانیشـتووان بـە ترسـەوە، لێی دەڕوانـنو زۆر بایـەخی پـێ دەدەن! ئافرەتێـک هەسـتاو شـوێنەکەی خـۆی دا بـە پییـەرو، ئەفسـەرێکیش دانەویـەوەو تاکـە دەستکێشەکەی،کە لە دەستی کەوتبووە خوارەوە، دایەوە دەستی. پزیشکەکانیش رێیان بۆ چۆڵ کرد. بۆیە هات بە خەیاڵیدا کە ئەمشەو دەبێت ئاگای لە هەڵسو کەوتی خۆی بێت و، پێویسـتە رۆڵـی خـۆی بـە جـوانی ببینێت و، بـە سـەلامەت بـڕوات. لەوانـەش گـوێگرتن بـۆ دڵدانـەوەی میوانـەکان و، قسـە هەلـەق و مەلەقـەکانیان. بایەخـدان بـە، رێو رەسـمی تازیەباری.

ئـەویش دڵپاکانـە لەسـەر کورسـییەکە دانیشـتو، وەکـو پەیکـەرە میسـرییەکان هـەردوو دەستی خستە سەر رانەکانی.

دوای کـەمێک میـر قـازیلی، هاتـە ژوورو چەنـد مـەدالیا بـە بەرۆکییـەوە بـوو. چـاوێکی کردبوو بە چوار و، بۆ پییەر دەگەڕا. هەر کە بینی دانیشتووە چووە لای.

بە تۆندی دەستەکانی گوشیو وتی:

ـ وەرە بەرز بێت. کۆنتی نەخۆش داوای بینینی تۆی کردووە. ئەمەش شتێکی باشە!

میر قازیلی ویستی بڕوات و، پییەر نەیهێشت و، پرسیی:

ـ ئێستا باری تەندروستی چۆنە؟

لە دڵەراوکێی ئەوەشدا بوو، ئاخۆ بڵێت (باوکم)؟ یان نا؟

میر قازیلییش لە وەڵامیدا وتی:

ـ نیو سەعات لەمەوپێش، لێیدایەوە، وەرە بەرز بێت.

پییەریش لەو (لێی دایەوە)نەدەگەیشت. میر (قـازیلی)یش دوای کـەمێ ورتـەورت لەگـەڵ (لۆران) بێ چرپە، خۆی کردەوە بە ژووری نەخۆشەکەدا.

گەورە شازادەکەیان، هاتە دەرەوە و، مجێوری کڵێسە و، چەند پیاوێکی کۆنت، شـوێنی کەوتبوون. دوای کەمێک ئانا میخائیلۆڤنا بە پەلە هاتە دەرو، بەرەو لای پییەرو دەستەکانی ئەوی گووشی و پێی وت:

ـ ئیستا دوا رێو رەسمی ئایینی بۆ دەکرێت، بەزەیی خوا تاهەتایە! وەرە دەی. .

پییەر شوێنی کەوتو، هەمان ئەفسەرو ئەو ژنـەی بینییـەوە، کە لـە شـوێنی خـۆی، دای نیشاندبوو! چەند خزمـەتکارێکیش بـە دوایانـەوە بـوو. لـەو جـۆرە ساتانەیشـدا، پێویسـت بـە داوای رێ پێدان ناکرێت.

بەشی بیست و سێ
دوا پێك گەیشتن

زووتر پییەر ئاشنا بوو، بەو ژووره پڕ فەرشانەی عەجەم و نایابە. رووناکییەکی سووری تێدابوو هەموو ژووره‌کەی رووناک کردبووەوە. سیسەمێکی دار (ئەباجۆ) لەو سەر بوون و، پەردەکان ئاوریشم و، کەنتۆرێک و چەند تابلۆ و قەنەفەیەکی مۆدێل ڤۆلتێریی، کە دەمێک نەبوو، سەرچەفەکەی گۆڕابوو، تێدابوو.

لەسەر پشتییە سپییە بەفرینەکەیشی، سەری مردووەکە بوو و، نێوچاوانێکی و سوور و، لاجانگەکانی تۆپەلێک مووی چڕی، سپی بوو. روخساریشی چەندین چرچ و لۆچی تێدا بوو. هەر قەشەیەک و بە مۆمێکی داگیرساوەوە، بە دەوری سیسەمەکەدا، دەسووڕان و بە ئاوازەوە دەیانخوێند.

سیسەمەکەیش، تەرمی نیوە داپۆشراوەکەی، کۆنت بیزۆخۆڤی بەسەرەوە بوو.

لەولای ئەوانەوە، دوو ئەمیرەیان، دەستەسڕیان بە چاویانەوە گرتبوو و، دەگریان. ئەمیرەی خوشکی سێیەمیشیان، لەسوچی سیسەمی مردووەکەی دەڕوانی.

ئانا و ژنە نەناسراوەکەیش، لای دەرگاکەوە وەستابوون. لەوبەر دەرگاکەوە میر ڤازیلی بوو و، ئەویش لای کورسییەکی جوانی قەیفە پۆشەوە، وەستابوو. جاروبارێک خاچێکی لەسەر سینەی خۆی دەکێشاو، ملکەچی ویستی خوابوو.

ئەفسەرێکی یاریدەدەرو، چەند خزمەتکارێک وەستابوون. ناوە ناوە، ئامادەبووانیش

خاچیان لەسەر سنگی خۆیان، دەکێشایەوە. لە سروت و ڕێو ڕەسمی ئایین زیاتر هیچی تر نەدەبیسترا.

ئانایش مۆمێکی داگیرساندو، دایە دەست پیرەر. خاتوونە منالکارە لێو سوورە لاقرتێکەرەکەی سووفیی ناو بوو، سەرنجی پیرەری دەدا و، بە دەسڕەکەی، زەردەخەنەکەی خۆی دەشاردەوە، جارێکی دی، سەرنجێکی تری دەدایەوە و، دەسڕەکەی، سەر لێوان دەنا و، پێکەنینەکەی خۆی، دەشاردەوە. دواتر ناچار بوو، خۆی بداتە پەنای پایەیەک، تا نەبینرێت.

ڕێو ڕەسمی ئایینی سەرومڕ بوو.

لە پڕێکدا هەموو بێدەنگ بوون و، کەوتنە چرپە چرپ. خزمەتکارە پیرەکەیش، چوو بووە بن باڵی تەرمی کۆنت و، بەرەو ژنان بووەوە.

ئانا میخائیلۆڤنایش، خۆی بەسەر مردووەکەدا نووشتاندەوە و، بە پەنجەیەک هێمای بە لۆرانی پزیشک دا کە نزیکی ببێتەوە. ئەویش پاڵی دابوو، بە پایەیەکەوە و، وەکو ڕێزێک بۆ بنەماڵەکە، ئەویش هەرچەند مۆمی بە دەستەوە نەبوو، بەڵام وەکوو هەر فەرەنسییەکی ئایین جیاواز، ڕێزی لە ڕێو ڕەسمەکە گرتبوو.

ئەویش نزیک بووە و، دەستی مردووەکەی خستە نێو دەستە سپییەکانی خۆیەوە. بە بێدەنگی هەستی بۆ لێدانی دڵی ڕاگرت. بڕێک شرووب کرایەوە، بە دەمی کۆنت و، جارێکی دی ڕێ و ڕەسمە ئایینیەکە دەستی پێکردەوە.

پیرەر سەرنجیدا میر ڤازیلی لە بری ئەوەی بچێتە لای نەخۆشەکە، خۆی گەیاندە ئەمیرەی گەورە و، هەردوکیان چوونە لای سیسەمە گەورەکەی ئەو دیوو پەردە ئاوریشمینەکە و، لەودیو ون بوون.

بەر لە کۆتا بوونی ڕێو ڕەسمەکە، بەرودوا دەرکەوتنەوە و، چوونەوە شوێنی خۆیان. پیرەریش پێی وابوو، ئەم ئێوارەیە، هەرچی لە دەوروبەری رووبدا ئاساییە. بۆیە هەر بایەخیشی بەو شتانە نەدەدا.

قەشەیەک لە کۆنتی ڕاکشاو، نزیک بووەوە و، خوێندنی سروتیان وەستانو چرپە چرپ پەیدا بوو و، هەموان لە تەرمی کۆنت کۆ بوونەوە.

لە نێوانیاندا پیرەر گوێی لە دەنگی ئانا میخائیلۆڤنا بوو، دەیوت:

ـ شوێنەکەی خراپە و، با بیبەینەوە سەر سیسەمەکەی خۆی.

ئەمیرە کچەکان و پزیشکان و خزمەتکاران لێی کۆبوونەوە. تا وای لێهات پیرەر دەمو چاوە سوورفل و، مووە چڕە سپییەکەی سەرو لاجانگی مردووەکەی نەدەبینی. ئەویش

وای بۆی چوو، کۆنتی سەرە مەرگ ببەنەوە سەر سیسەمەکەی خۆی.

گوێی لە خزمەتکارێک بوو دەیووت:

ـ قۆڵی مەگرە با نەکەوێتە خوارەوە. .

دەنگێکی دی دەیووت:

.ـ خوارەوەی بگرن. .

دەنگی پێ و، هەناسەبڕکێ بەرز بووەوە. وەکوو ئەوەی قورسییەکەی، لە توانای ئەواندا نەبێت! کۆمەڵە خەڵکەکە و، لاشەکەیان بە بەردەم پییەردا تێپەڕاند و، ئەویش بە سەریدا شۆڕ بووەوە و، سەیری کۆنتی کردەوە و، مووە چڕە سپییەکان و، روخسارە سوورفلەکەی کۆنتی بینییەوە.

مردن هیچی لەو کۆنتە نەگۆڕی بوو و، هەر ئەو روخسارە بوو، کە بەر لە سێ مانگ و، چەند رۆژێک، بینی بووی. ئەو کاتەی مۆسکۆی جێهێشتو بەرەو (پێترزبۆرگ) بووەوە. کۆنت بە جۆرێک سەیری پییەری دەکرد، کە کەس نەبوو لە دنیادا تێی بگات. ئیدی سەرنجێکی بێ مانا بوو بێت، یان بە پێچەوانەوە! تەنیا جیاوازییش ئەوە بوو، ئەمجارەیان، بە سەر دەستی خەڵکەوە، جەستەی دەلەرێتەوە! پییەر سەراسیمایانە چاوی دەگێڕا.

دەنگە دەنگ بەرزتر بووەوە و، خەڵکەکە لە سیسەمەکە دوور کەوتنەوە.

ئانایش هات و، دەستی پییەری گرت و، بردییە لای سیسەمەکەوە و، لەگەڵ خوێندنە ئاینییەکەدا خۆیان گونجان.

پییەر تووشی دڵەڕاوکێ بوو و، نەیدەزانی چی بکات؟ سەرنجێکی پرسایانەی ئانا میخاییلۆڤنای دایەوە! ئەویش لێوەکانی قووچاند و، هێمای کپبوونەوەی پێدا.

پییەریش بە قسەی کرد و، کەمێ سەری هێنایە دواوە و، دەستە قەڵەوەکانی کۆنتی ماچ کرد. کۆنتیش نە دەست و، نە ماسوولکەیەکی جوولا.

دیسان پەنای بۆ (ئانا) بردەوە. ئەویش سەری بۆ دانەواند و، هێمای دایە کە لەسەر سیسەمەکە دابنیشێت.

دیسان رووی لە ئانا نایەوە، کە ئاخۆ چاکی کردووە؟ هەر کە سەر لەقاندنەکەی لێ بینی، ئاسووده بوو وەکو، پەیکەرە میسرییەکان ئانیشکەکانی لەسەر رانەکانی خۆی درێژ کردەوە و، بەوە سەغڵەت بوو کە لاشەکە جێیەکی زۆری گرتووە.

لە روخساری ئانایشدا، بە رووتی دڵەڕاوکێی ئەم دواییە پێک گەیشتنی کوڕو باوکە دەخوێنرایەوە.

دوای دوو چرکەیەک، کە بەلای پییەرەوە بە هێندەی دوو سەعات بوو. ماسوولکەکانی

رووی کۆنت هاتنەوە یەک و، دەمی بچووک بووەوە و، لرخەیەکی کرد و، پیپەر تێگەیشت کە باوکی لە گیانەڵادایە.

ئانایش ئیشارەتی دایە پیپەر و شەرابەکە و، سەرچەفەکە و، بە چرپە ناوی قـازیلێ بۆ هێنا.

روخساری نەخۆشەکە و، چاوانی نائارامییان پێوە دیاربوو. نەخۆشەکە زۆر بە گران ئیشارەتی دایە خزمەتکاری پێینیەوە.

خزمەتکارەکەیش خێرا هاواری کرد:

ـ گەورەکەم دەیەوێت:بیخەینە سەر بارەکەی تری.

هـەر کـە خـۆی لێی نـەوی و لاشـەکە قـورس بـوو، پیپـەر هەسـتا و یارمـەتیی دا. بـە هەردوکیان بارەکەیان گۆڕی.

وەک ئەوەی کۆنت لە وشک بوونی، قۆڵی خۆی گەیشتبێت! سەرنجی ئەو دەستەی داو، سەرنجێکی پیپەری دایەوە و، شپرزەتر بوو.

لە کۆتایدا بزەیەکی ناوەخت، کەوتە سەر لێوانی کۆنت و لەگەڵ روخساری نەدەگونجا. لەوە دەچوو لاقرتێیەکی تاڵا بێت و، خۆی بە خۆیی کردبێت. . کە ئاوا گیانی لە جوواڵە کەوتووە.

پیپـەر هەسـتی کـرد هەناسـەی تونـد بـووە و، لـووتی دەخورێـت. هێنـدەی پێنـەچوو، فرمێسک بە چاوانیدا هاتە خوارەوە.

کۆنتیش رووی پێ کرابووە دیوارەکە.

یەکێک لە ئەمیرەکان هات و، چووە شوێنی ئانا میخائیلۆڤنا و بە پیپەری وت:

ــ رەنگە. . سەرخەو بشکێنێت. . دەی تۆیش لەگەڵ من وەرە. .

پیپەریش بێدەنگ شوێنی کەوت.

بەشی بیست و چوار
شکستی پیلانەکە

میر ڤازیلی و شازادەی گەورە، لە هۆڵەکەدا مانەوە. لە ژێر تابلۆکەی (کاترینی دووەم)دا دانیشتبوون و دەدوان. هەر کە پیپەر و (ئانا)یان بینی، بێدەنگ بوون.

شازادەی خوشکە گەورە بە چرپە وتی:

ـ هەست دەکەم توانای بینینی ئەم ژنەم نییە !

پیپەریش هات بە بیریدا، ئەو ئەمیرەی خوشکە گەورەیە، شتێکیان لێ دەشارێتەوە.

میر بازیل رووی کردە ئانا میخائیلۆڤنا و وتی:

ـ (کاتیش) لە هۆڵەکە چا بۆ میوانان دادەنێت. بچۆ بۆ ئەوێ شتێک بخۆ. ئاخر بەرگەی ئەم کارەساتە ناگرێت، خاتوونە داماوەکە.

خۆیشی قۆڵی گرت. ئانا میخائیلۆڤنایش دەستی پیاری گرت و، بەرەو هۆڵە بچکۆلەکەی بووەوە.

لۆرانی پزیشک وەکو هەموو ئەوانەی، بە هۆی گیانەڵای کۆنتەوە، شەونخوونییان کێشابوو، لای مێزێکەوە وەستا بوو،کە چێشتی ساردەوە بوو و، قۆری و پیاڵەی لەسەر بوو.

پزیشکەکە دوا چۆڕی شەرابی نێو پەرداخە تەنکی سەر سینییەکەی هەڵدا، کە سینەیشی لە خەم چۆڵ بوو و چالاکانە دوا وتی:

ـ دوای ئەو شەوە سپییە درێژە، شتێک نییە وەکو ئەم چایە رووسییە، وەرە بەخش بێت.

پیرەریش، ئەو هۆڵە چکۆلە و، ئاوێنە و، مێزانەی سالانی زووی کۆنتی وەبیر هاتەوە و، ئەو دەمەی کۆنت لە شوێنەکەی ئەمدا دانیشتبوو و، سەرنجەکانی ئەو ژنە تەپۆشانە، کە دەچوونە بەر ئاوێنە رووناکەکەی، بە دیوارەکەدا هەڵواسرابوو و، سەرنجی شان و ملە رووتە بە زنجیرە زێڕەکانی خۆیان دەدا.

ئێستاش ئەو هۆڵە دوو مۆمی تێدا دەسووتێت! ئەو پەرداخ و، قاپانەی سەر مێزەکان و، خەڵکەکەی دەوریان و، بەرگە ئاساییەکانی بەریان، بە ئاشکرا بیر نەچوونەوەی کارەساتەکەی شەویان، پێوە دیارە.

هەرچەند پیرەر، زۆریشی برسی بوو. بەڵام هیچی بۆ نەخووراو، سەیرێکی پرسیارانەی ئانا میخائیلۆڤنای کردەوە. بەڵام کە سەرنجیدا، ئەویش لە سەر نووکی پێیەکانی بەرەو هۆڵە گەورەکە دەڕوات! دوای کەمێ سێو دوو، بڕیاریدا شوێنی بکەوێت.

هەر کە چووە ژوورەوە، ئاناو کاتیشی بینی، کە بە چرپە بە گژ یەکدا دەچوونەوە و، لە یەک کاتدا، هەردووکیان پێکەوە دەدوان.

کاتیش بە شڵەژاوییەوە وتی:

ـ گوێ بگرە خاتوونی ئەمیرە. . ئاگام لە هەموو شتێکە !

ئانا وەڵامی دایەوە:

ـــ بەڵام ئازیزەکەم، بیرت نەچێت لە کاتێکدا ئەو کۆنتە، دەیەوێت بە ئارامی لە گۆڕەکەیدا سەر بنێتەوە، تۆ بەم کارەت ئازاری رەوانی دەدەیت.

میر ڤازیلییش لەسەر کورسییەک، قاچەکانی سەریەک خستبوو و، پێیەکانی دەبزوان، وەکو ئەوەی چەلەحانێی دوو خاتوونەکەی بەلاوە بێبایەخ بێت وابوو.

بۆیە هەستاو وتی:

ـ یاڵڵا. . دەی خاتوو ئانای دڵپاک. کۆڵا لە (کاتیش) بدە. ئەڵبەتە خۆت دەزانیت کۆنت چەندە کاتیشی خۆشدەویست.

شازادە (کاتیش) رووی کردە ڤازیلی و سەرنجی جانتا چەرمینەکەی داو وتی:

ـ من نازانم ئەو کاغەزە، چیی تێدا نوسراوە. بە هەرحاڵ وەسیەتنامەکە لە نووسینگەی کۆنت خۆیدایە و، ئەوەیش کە لەم جانتایەدایە، نرخێکی نییە.

ویستی بەلای ئانادا تێپەڕێت، ئانا شاتاوڵێکی بردو، جانتاکەی لێ سەندو وتی:

ـ خۆ من ئەوە دەزانم. بەڵام تکا دەکەم و، لێت دەپاڕێمەوە:هێندە رەوانی (کۆنت)ی خوالێخۆش بوو، ئەشکەنجە مەدە.

کاتیش نەیویست وەڵامی بداتەوە. چونکە لێی بهاتایەتە زمان، خراپی پێ دەکرد. بۆیە بۆ وەدەست هێنانەوەی جانتاکە، خەباتێکی کپانە لە نێوان دوو خاتوونەکەدا رووییدا.

ئانا میخائیلۆڤنا بە هەموو توانایەوە، بەرگریی لە جانتاکە دەکرد. وەکو بە سەرو

زمانیش به رەوشتێکی جوانیشەوە دەدوا.

هاواریشی کردە پیرەر:

ـ پیرەر گیان . . وەرە !

بە میر ڤازیلییشی وت:

ـ ئەمیش نامۆ نییە بەم بنەماڵەیە. . . میر گیان، ئەی وانییە؟

لە پڕێکدا کاتیش شیڕاندی و دانیشتووانی هۆڵە چکۆلەکەی ترساندو وتی:

ـ ئەوە چیە ئامۆزا!؟ زمانت بەسترا. تۆ بێدەنگ دەبیت و، خوایش ئاگاداری نێوانمانە. چۆن رێگا دەدرێت لەبەر قاپی کەسێکدا کە لە گیانەڵادا بێت، ئەم باسانە بوروژێنرێت؟

بە رق و کینەیشەوە بە ئانای وت:

ـ ئەی پیلانگێڕ !

ئانای بەکێش کرد و، ئەویش خۆی پێوە گرتەوە و، دوای ئەوەی، چەند هەنگاوێک راکێشرایە پێشەوە، هاتەوە دواوە و، جانتاکەی توندتر بە خۆوە گرت.

میر ڤازیلییش بە سەرسوڕمانێکەوە هاواری کرد:

ـ ئۆو!! ئەمە وا نا بێت! وا پێت دەڵێم واز لەو جانتایە بێنە. کاتیش بە قسەی کرد و، بە ئانایشی وت، دەی تۆیش واز لەو جانتایە بێنە. .

بەڵام ئانا میخائیلۆڤنا نەچووە ژێر ئەو فەرمانەوە.

بۆیە میر ڤازیلی هەڵیدایە:

ـ پێت دەڵێم:تۆیش وازی لێ بێنە. خۆم دەبمە کەفیلی هەموو شتێک. خۆم دەچمە بینینی و، لێی دەپرسم. . بەڵێ خۆم.

بەڵام ئانا میخائیلۆڤنا لاریی لە قسەکەی بوو و وتی:

ـ بەڵام میرم . . دوایین رێو رەسمی ئایینی بۆ کۆنت جێبەجێ کراوە. تکایە کۆڵ لە (کۆنت)ی مردوو بدە. پیرەر ئەی تۆ دەڵێیت چی!؟

لاوە لێیان نزیک بووەوە و، لە روخساری تێکچووی کاتیشی دەڕوانی.

میر ڤازیلی قیژاندی:

ـ هەرچییەک روویدا لە ئەستۆی تۆیە! جوان بیر بکەوە! چونکە خۆیشت نازانیت چی دەکەیت!؟

کاتیشیش هاواری کرد:

ـ ئای. . ژنە نەفرەتییەکە !

کتوو پڕ پەلاماری دا و، جانتاکەی لێ سەندەوە !

میر بازیل سەری بەسەر کورسییەکەدا نەوی کرد و، دەستەکانی بەردایەوە.

لە پڕێکدا ئەو دەرگایەی پیرەر زۆری پێداهەڵڕووانی بوو، هێند بە تووندی کرایەوە، دای بە دیوارەکەدا.

شازادەی دووەم دەرکەوت و، دەستی بە دەستدا کێشا و، هاواری کرد:

ـ ئەوە چی دەکەن؟ کۆنت مرد و، منتان بە تەنیا بەجێ هێشت؟

جانتاکە لە دەست (کاتیش) کەوتە خوارەوە و، ئانا هەڵیگرتەوە و، خۆی کرد بە ژووری نووستندا و، میر و کاتیشیش بە دوایەوە.

دوای چەند ساتێک کاتیش هاتە دەرەوە و، تێکچوو بوو و، لێوی خۆی دەکرۆشت. کە چاوی بە پییەر کەوت، خۆی پێ نەگیرا و، شیراندی بە سەریدا:

ـ ئاهێکت هاتەوە بە بەردا؟ خۆت ئەمەت دەویست. فرمێسک بەری قسەی لێ گرت و، بە دەستەسرەکەی روخساری خۆی داپۆشی و، بە راکردن دوور کەوتەوە.

میر ڤازیلییش بە لارۆ لارۆ، هاتەوە سەر ئەو کورسییەی کە پییەری لەسەر دانیشتبوو و، سەری خستەوە، نێو بەری دەستەکانییەوە.

ئەمجا میر ڤازیلی، مەچەکی پییەری گرتو وتی:

ـ ئاخ هاوڕێ چەندین تاوان و پیلانگێڕان روو دەدەن! ئا ئەمانە بۆچی؟ هاوڕێ گیان من لە شەستم تێ پەڕاندووە. هەموو شتەکان بە مردن کۆتایی دێت. مردنیش ترسناکە.

قوڵپی گریان میر ڤازیلیی لە قسە خست. ئانایش لە ژوورەکە هاتە دەرەوە و پییەری بانگ کرد. ئەویش سەرسامانە، لە ئانای روانی.

ئانا نێوچاوانی ماچ کردو پێی وت:

ـ کارەساتەکە رووبدا و برایەوە!!

پییەریش لەودیو چاویلکەکەیەوە سەرنجێکی ئەوی دا.

ئانا میخائیلۆڤنایش دەستی راکێشا و، پێی وت:

ـ خۆم لەگەڵتدا دەبم. تەقەلا بدە بگریت. چونکە گریان چاکترین چارە سەرەی سوک بوونی خەمی دڵانە.

پییەری بەرەو ژوورێکی تاریک برد و جێی هێشت، بەو هیوایەی لەو ژوورەدا بۆ خۆی بگرێت. کاتێکیش گەڕایەوە سەری رووانیی، قۆڵێکی درێژ کردووە و سەری کردووەتە سەری و، پرخەی خەوی دێت!

رۆژی دواتر ئانا بە پییەری وت:

ـ ئازیزەکەم هەمووان بەو رووداوە زەرەرمەند بوون. هەر تۆ نااڵێم! تۆ هەرزەکاریت و، سامانێکی فرەت کەوتۆتە ژێر دەست. وەسیەتنامەکەیش هێشتا هەڵنەبچڕدراوە. هێندە دەزانم سامان و دارایی روخسارت ناگۆڕێت. بەاڵم چەندین ئەرکت دەخاتە ئەستۆ. بۆیە پێویستە تۆیش مرۆڤ بیت. . مرۆڤ.

لە کاتێکدا پییەر کپ و بێدەنگ بوو، دەستی پێ کردەوە:

ـ رەنگە لە داهاتوودا پێت بڵێم:گەر من نەبوومایە. . هەر خوا خۆی دەیزانی چی رووی

دەدا!! مامەم خۆی دوێنێ پەیمانی پێمدا بۆریسی کوڕم، لە یاد نەکات. بەڵام بە داخەوە. . کاتی بە دەستەوە نەبوو. ئومێد دەکەم تۆ ئەو ئارەزووەی بەجێ بێنیت.

پیرەریش وڕو کاس. لە هیچ نەدەگەیشت! هێندەی بۆ کرا، بە شڵەژاوییەوە، سەیرێکی ئانا میخائیلۆڤنای کرد.

دوای ئەو گفتوگۆیانە خاتوونی درۆپتسکۆی گەڕایەوە ماڵی بنەماڵەکەی رۆستۆڤ و، لێی نووست.

. کە لە خەو رابوو، کەوتە گێڕانەوەی دوا چرکە ساتەکانی مردنی (کۆنت بیزۆخۆڤ). هەرکەس گوێی لێ بگرتایە واتێدەگەیشت مردنەکەی لەو جۆرانە بوو، کە خەڵکی ئاواتی پێ بخوازێت! کۆتاییەکەشی پەندو ئامۆژگاری بوو. دوا بە یەک گەیشتنی باوک و کوڕ بوو. جۆرێک دەدوا لە کاتی گێڕانەوەکەیدا، خۆی بۆ نەگیرا و دەستی کردە گریان.

کەس نەیدەزانی هەڵوێستی کامەیان کاریگەرتر بوو؟ باوکەکە کە هەموو کەسانی دەوروبەری خۆی دەناسییەوە، ئەو چەند رستە پرسۆزو خۆشەویستییەی لەگەڵ کوڕەکەی وت. یان پییەری کوڕی، کە زۆر تەقەلای دا خەمو پەژارەکەی لە باوکی بشارێتەوە، بۆ ئەوەی خەفەتی زیاتر نەداتە باوکی !

ئانا میخائیلۆفنا دەیوت:

ئەو چرکەساتانە چەند بە ئەشکەنجە بوون، هێندەش بە سوود بوون. چونکە رەوانی هەردوکیانی پاڵفتە کردەوە و، بینینی ئەو دیمەنە هەستی دەبزوان.

پاشان بە شێوازێکی جێگیر و لاقرتی، کەوتە باسی رەفتار و کردەوەی میر (ڤازیلی) و، (کاتیش) و، بۆ ناڵەباریی ئەو دوانەیشیان، دەستی کردە گریان.

بەڵام بۆ ئەم باسەیان بە چرپە دەدوا. وەکوو ئەوەی نەیێنی بێت و، بیپارێزێت.

بەشی بیست و پێنج
میر پۆلکۆنسکی

لە سەردەمی حوکمڕانی (پۆل)ی یەکەمەوە، ئەم میر نیکۆلا ئاندرییێتش پۆلکۆنسکی یە، لە سوپا دوور خرابووەوە. بۆیە ئەویش گەڕابووەوە، هەرێمەکەی خۆی و شارۆچکەی (لیساجوری)ی و لەگەڵ شازادە (ماری)ی کچی و، کچە (بۆرین)ی هاوڕازی کچەکەیدا، دەژیا. بەم دواییانەیش چاوەڕێی گەیشتنەوەی ئاندریەی کوڕی و بووکەکەی بوو.

یاسا و رێسای وردی ماڵەکەیی لە بیرنەکرد بوو و، دانیشتووانی گوندەکانیش بە گەورە ژەنەرالی (پاشای بروسیا)یان ناو دەبرد.

کە سەردەمی نوێی حوکمڕانی، رێی هەردوو پایتەختی بۆ کردەوە، ئەویش لە زەوییەکانی خۆیدا نیشتەجێ بوو و، هەرکەس بیویستایە ئەو ببینێت، دەبوو (٤٠)کم ڕێی بەرەو هەرێمی(لیساجووری) ببڕێت. خۆیشی، نەپێویستی بەکەس بوو نە هیچ.

هەموو جارێک ئەو پاشای بروسیایە، دەیووت:بێکارەیی و بیروباوەڕە خورافییە، بێ بنەماکان، مایەی خراپەکارییەکانی جیهانن! دوو سیفەتە پەسەندیدەکەی مرۆڤی سەر زەویش:زیرەکی و کارکردنن! تا تەمەنی کچەکەی خۆی گەیشتە بیست ساڵانیش لەسەر ئەو دوو بنەمایە پەروەردە دەکرد. . هەر خۆیشی وانەکانی (جەبر)و (ئەندازە)ی پێ دەوتەوە.

ئەم میر پۆلکۆنسکییە خۆیشی، هەمیشە کارا و چالاک بوو و، نەیدەهێشت کاتەکانی

تەمەنی بە فیرۆ بڕوات. ئەمە یاداشتەکانی خۆی دەنووسییەوەو پرسیارە قورسەکانی بیرکاری حەل دەکرد و، چاودێریی خانووبەرە گەورەکەی خۆیشی دەکرد و، قاپو قاچاغی خەزەفی دروستدەکرد و، رەزو باخەکەی خۆیشی بەڕێوە دەبرد. لەبەر ئەوەی خشتەی دابەشکردنیْ کاتەکانی خۆیی هەبوو و، بایەخی بە چرکە ساتەکانی ژیانی خۆی دەدا و، لە کاتو ساتی خۆیدا نانی دەخوارد. هەرچەند پیاوێکی کەمێک رەق و توندوتیژبوو، بەڵام بەو ڕێزی خۆی سەپاندبوو بە سەر کچو دەوروبەرەکەی خۆیدا.

هەر حاکمێکی نوێ بۆ هەرێمەکەی دابنرایە. یان بیویستایە گەشت بکات، دەبووایە سەردانی ئەم پۆلکۆنسکییەی بکردایە و، ڕێزی خۆی بۆ بنواندایە. هەر کە میوانانی وەکو ئەندیازیاران و، رەزەوانان و تەنانەت کچەکهی خۆیشی، دەگەیشتنە هۆڵی چاوەڕوانی دەبوو چاوەڕوان بوونایە تاکو میر لە خەو هەڵدەستا. کە پێیشی دەگەیشتن هەستیان بە ڕێز و هەیبەت و، نگینیی خانەخوێکەیان دەکرد.

هەردوو تاکی دەروازە دەکرایەوە و، میری کورتەبالای پیر، بە بارۆکەکەی سەرییەوە و، ئەو دوو برۆ سپییەیەوە، کە بە یەک هێنانەوەیان، بریسکەی زیرەکی و گورجی و چالاکیی، چاوانی ون دەبوو، دەردەکەوت.

ئەو بەیانییەی کە چاوەڕوانی گەیشتنی، کوڕ و بووکە، لاوەکەی خۆیان بوون، خاتوو (ماری)یش رووی کردە هۆڵی چاوەڕوانی. خاچێکی لە سەر سینەی خۆی کێشاو، بە چرپە نزای خۆی کرد. هەموو بەیانییەکیش ئەوە پیشەی بوو. نزای ئەم بەیانییەشی، وەکوو جاران، بۆ سەرکەوتنی بوو، لە پێشوازییە ترسناکەکەی باوکیدا.

خزمەتکارێکی پیر لە دەم دەرگادا پێشوازی دەکرد و بە چپە پێی وت:

ـ فەرموو. .

ئەم میوانی دەبردە ژوورەوە و، لەودیو دەرگایشەوە دەنگی خولانەوەی چەرخ دەهات.

شازادەیش دەرگاکەی کردەوە و، میری باوکی بینی. هەرچەند میر سەرێکی بڵند کردەوە و، کچەکەی خۆی بینی، بەڵام کارەکەی نەوەستان.

ژوورەکەی میر شتیەلێکی بەردەستی پێویستی تێدابوو. میزەکەی چەندین نەخشە و، کتێبی لەسەر بوو. کتێبخانەکەیشی سیخناخی کتێب بوو. هەر خانە و کلیل و کڵۆمی خۆی هەبوو. میزێکی بەرزی تێدابوو و بە پێوە لە سەری دەنووسرا. دەفتەرێکی گەورەو، چەند پێنووسێک. ئامێرێکی دروستکردنی خەزەف و، پێداویستییەکانیشی لەولاوە خۆیەوە بوو. ئەمانە گەواهی چالاکییە فرە ڕەهەندەکانی ئەو بوون. جوولّەی لاقەکانی ئەو پیرە نیانە، هێمای گورجی و توندو تۆڵیی بوو!

لەسەر ئامێرە خولاوەکەی ژێر قوڕە تەپەکە هاتە خوار و، کچەکەی بانگ کرد. کە شازادەی کچی گەیشتە لای و، ملی بۆ درێژ کرد و، باوکیشی سەری ماچ کرد.

پاشان لێی پرسی:

ـ مادام دروستیت و، بێ خەوشیت، فەرموو دابنیشە. .

کورسییە نەرم و نیانەکەی بەرەو کەناری مێزەکە پاڵدا و، دەفتەرێکی ئەندازەی هێنا و، بە پەنجە ئەستوورەکەی، ئیشارەتی لاپەڕەیەکی دەکرد.

ئەمجا پێی وت:

ـ ئەمە ئەرکی سبەینێی تۆیە.

کچەش سەری بەسەر دەفتەرەدا شۆڕ کردەوە و، باوکی پێی وت:

ـ پەلە مەکە. . نامەیەکی تۆم لە لایە !

چەکمەجەی مێزەکەی کێشایە دواوە و، بۆ ئەو نامەیەی دەستو خەتەکەی سەری ژنانە بوو، گەڕا. دەری هێناو، خستییە سەر مێزەکە. کچە هەڵیگرتەوەو بە سنگییەوە نووساندو کەمێ سوور هەڵگەڕا.

باوکی بزەک گرتی و، ددانە تۆکمەکانی دەرکەوت و پرسیی:

ـ نامەی (هیلۆبیزتک)ە؟

ئەویش بە زەردەخەنەیەکەوە وەڵامی داوە:

ـ بەڵێ خۆیەتی و لە (جوولی)یەوەیە.

باوکیشی وتی:

ـ رێ دەدەم دوو نامەی ترت بۆ بنێرێت. بەڵام سێیەمیان دەخوێنمەوە! ئێوە هەمیشە، قسەی پڕو پووچ و، بۆ یەک دەنووسن و، منیش خەمی ئەمەمە !

کچەکەیشی سوور هەڵگەڕاو، دەستی نامەکەی بۆ درێژ کرد و وتی:

ـ دەتوانیت ئەمەش بخوێنیتەوە . . . بابە گیان.

باوکیشی دەستو نامەکەی پاڵدا و وتی:

ـ پێم وتیت سێیەمیان. . سێیەم نامەیان دەخوێنمەوە.

میری باوک دەستێکی لەسەر کورسییەکەی کچەکەی داناو سەری بەسەر دەفتەری ئەندازەکەی بەردەمی کچەکەیدا شۆڕ کردەوە و، کەوتە شیکردنەوە:

ـ ئاگات لێبێت دادە! سەیری ئەو سێگۆشانە بکە کە یەکسانن بە یەک. کەوابوو گۆشەی ا ب ج. . .

سینەی کچە بە بۆنی تووتنی جگەرەی سووتاو و، پیریی باوکی پڕ ببوو. زوو زوویش

سەیری بریسکەی چاوە نزیکەکانی نزیک بە روومەتی خۆی دەکرد. بەڵام ترسە زۆرەی لە باوکی، وای لێکردبوو هیچی لێ تێنەگات! ئەم کارەش رۆژانە دووبارە دەبووەوە. جاری وابوو وای لێدەهات پیتەکانی نەدەبینی. هەموو رۆژێکیش میر تووڕە دەبوو و دەفتەرەکەی دەخستە لاوە.

بۆیە هەمیشە پەلەی ئەوەی بوو رابکاتەوە ژووری نووستنەکەی خۆی و، لەوێ بە ئارامیی، ئەندازەکە بخوێنێتەوە و، پرسیارەکان شیبکاتەوە.

ئەو رۆژە کچە بە هەڵە پرسیارەکەی حەل کرد بوو و، دیسان باوکی تووڕە بوو و دەفتەرەکەی خستەوە لاوە و پرسیی:

ـ بڵێی کچێکی لە تۆ گێلتر هەبێت!؟

میرپیرە کەوتە هاتوچۆ بە ژوورەکەدا. بەڵام دوای کەمێک گەڕایەوە پشت سەری کچەکەی و، دەستی بەسەریدا هێناو، چووەوە سەر کورسییە نەرم و نیانەکەی و، کەوتەوە دووبارە کردنەوەی بابەتی دەفتەرەکە.

کچەیش بڕێ سەرنجی لە دەفتەرەکەدا، نووسی و ویستی بڕوات.

بەڵام میری باوکی پێی وت:

ـــ پێویستە لەسەر وانەکەت سەرومڕ بیت، ئەمیرە خانم! بیرکاری گرنگترینی زانستەکانی سەر زەوییە. رێت پێنادەم، تۆیش وەکو خاتوونەکانی ئەم سەردەمە، کەللە پووت بیت. گەر کەمێک ئارام بیت لەسەری، خۆشت دەوێت. بە هۆی فێر بوونی بیرکارییەوە، ئەو خورافات و، بیروڕا پڕوپووچانە لە مێشکت دەردەچن.

دیسان خانم ویستی بڕوات و، باوکی ئیشارەتی دایەوە، وەستاندییەوە.

باوکی کتێبێکی نوێی خستە سەر مێزەکە، کە هێشتا نەخوێنرابووەوە، وتی:

ـ ئەمەیش کلیلێکی تری نهێنییە کڵۆم دراوەکە و، (هیلۆ ییز)ی هاوڕێت بۆی ناردووویت و، کتێبێکە، پشتگیریی لە ئایین و عەقیدە دەکات. منیش هەرگیز خۆم هەڵناقورتێنمە بیروباوەڕی کەسەوە. ئەوەتا. . بیبە و، بڕۆ. .

دەستێکی دا بە سەر شانیدا وتا دەم دەرگاکەیش رەوانەی کرد.

ئەمیرە ماریش، سەرباری نەخۆشییەکەی، بە روخساری ترش و خەمۆکی و بیرێکی پەرشەوە، خۆی کرد بە ژوورەکەی خۆیدا. لەسەر کورسی بەر مێزەکەی دانیشت.

مێزەیش چەند کتێبێکی بەسەرەوە بوو، پێچەوانەی ئارەزووەکانی باوکی بوو. وەکوو باوکیشی کاتەکانی خۆی، رێک نەدەخست.

بووە خولیای و دەفتەرەکەی لەولاوە فرێدا و، کەوتە کردنەوەی نامەی جوولی کاراگینی هاوڕێی منالێی و ئەوەی ئەو رۆژە لە ئاهەنگەکەی بنەماڵەی رۆستۆڤدا بینی بووی.

(جوولی) بۆی نووسیبوو:

[هاوڕێ ئازیزەکەم. . دووریی تۆ، بۆ من، زۆر ترسناکە. هەموو جارێکیش وتوومە نیوەی کەسێتیم و، بەختیاریم لە کەسێتی تۆدا دەبینمەوە. هەرچەند نێوانیشمان دوور بێت. . دڵمان لە یەک دانابڕێت. تاوانی خۆم نییەو، ڕەوانم لەو هەموو خۆشیانەی دەورو بەرم هەڵدێت و، پەژارەی دووریی تۆم پێدەبەخشێت.

ئازیزەکەم. . بۆچی وەکوو هاوینی پێشوو، کۆنەبینەوە لە ژووڕەکەتدا و، هەر ئەو قەنەفە شینەی، کە ناومان نابوو، کورسیی ددانپێدانان؟ بۆچی دەبێت لەو دوا خوا حافیزییەی (٣) مانگ لەمەوبەرەوە، بێبەش ببم لەو روانینە زیرەکانەی تۆ، کە ورەو تینی، بە منیش دەبەخشی؟ئەو روانینەی، کە زۆرم حەز لێبوو! ئەوەتا تەنانەت لە کاتی نووسینی ئەم نامەیەشدا، تۆ هەر هاتوویتەوە بەرچاوم.]

کە خاتوو (ماری) گەیشتە ئێرە. سەری بڵند کردەوە و، سەیرێکی ئاوێنەی سەر دیوارەکەی، نێوان هەردوو پەنجەرەکەی کرد. ئاوێنەکەیش وێنەی لاواز و خەمۆکی ڕوو بە ڕوو کردەوە.

بۆیە ئەمیش لە دڵی خۆیدا وتی:

ـ ئۆو. . خۆ ئەوە پێمدا هەڵدەدا !

بەڵام خۆ جوولیش بە خۆڕا بەکەسدا هەڵنادات! چونکە جوانییەک لە چاوە گەورەکانی، سەر ڕوخسارە باریکەلەکەی ماریشدا، هەست پێ دەکرا، کەموێنە بووا بەڵام لەبەر ئەوەی هەرکەسێک، لە ئاوێنەدا، لە خۆی بڕوانێت، ئەوا بێ ویستی خۆی، سەرقاڵی پشکنینی خۆی دەبێت و، لە ئاڵوگۆڕەکانی، جەستەی خۆی دەگەڕێت و، وا دەکەوێتەوە، قەشەنگیی خۆی و، بریسکەی چاوانی خۆی، نەبینێت.

دەستی بە خوێندنەوەی نامەکە کردەوە:

[لە مۆسکۆ باس هەر باسی شەڕە. برایەکم لە دەرەوەی وڵاتەو، ئەویتریانم لە (فیرقەی پاسەوان)دایەو، ڕەوانەی سنوور کراوە.

ئیمپراتۆری خاوەن شکۆیش (پیتربۆرگ)ی جێهێشتووە و، لە مەترسیی شەڕدایە. بەڵکوو ئەمە خوایە. . خوا هێندە هێز بداتە ئەم ئیمپراتۆرەی، خوا بە ئێمەی بەخشیوە، ئەو درندە (کۆرسیک)یانەی کە ئاشتیی ئەوروپایان شێواندووە، تێک بشکێنێت.

ئەم شەڕە سەرەڕای ئەوەی دوو برامی تێدا بەشداڕە، منیشی لە خۆشەویستی بێبەش کردووە. ئەوەیش بە هۆی ئەوەوە کە، نیکۆلا ڕۆستۆف، بە هۆی خوێنگەرمیی خۆیەوە بۆ نیشتمانەکەی، خۆی کرد بە سوپادا و، وازی لە خوێندنی زانکۆ هێنا. بڕوات ببێت هەر چەند دەشزانم ئەو لاوە بە توانایە، بەڵام پڕ بە دڵا خەمی بۆ دەخۆم.

وەکوو هاوینی پار بۆم باس کردی، کەسێکی تا بڵێی مەردە. تا ئەوپەڕیش، ڕاستگۆیە

و، لەم سەردەمەدا، کە سەردەمێکە:بیست ساڵانەیش، تێیدا پیر بووە، لە وێنەی کەمە!! هەر دێت، ڕۆژێک ئەو خواحافیزییەت بۆ بگێرمەوە، کە لە ئەوم کرد. چونکە بیرم ماوە و، وەکوو دوێنێ بوو بێت، وایە.

خۆ دەشزانم نیکۆلا لەوە منالّترە، تا پشتی پێ ببەستم، بەڵام ئەو هاوڕێیەتییە پاکە و ئەو پەیوەندییە شاعیرییەم، لەگەڵ ئەودا، لە خواستەکانی دڵی من بوون.

ئێ با باسەکە بگۆڕم. . دوا هەواڵێک کە مۆسکۆی هەژاندووە، مردنی (کۆنت بیزۆخۆف) و، میراتییەکەی بوو. بیهێنەوە بەرچاوی خۆت، کە هەر سێ ئەمیرەکانی کچانی کۆنت:میراتییەکی زۆر کەمیان بەر دەکەوێ!! میر (ڤازیلی)یش، هەر هیچی بەر ناکەوێت!

پییەری بەرێزیش، هەموو میراتییەکەی، بۆ دەمێنێتەوە! لە سەروو ئەمانەیشەوە، بۆتە کوڕی (بیزۆخۆف)و، ئێستا بە ناوی (کۆنت بیزۆخۆف)ەوە، بانگ دەکرێت و، خاوەنی زۆرترین سامان،ە لە هەموو ڕوسیادا! دەشڵێن میر (بازیل) ڕۆڵێکی ناجوامێرانەی، لەو کێشەی میراتییەدا بینیوە و، بە تەریقییەوە، گەڕاوەتەوە (پیترزبۆرگ!

لێت ناشارمەوە کە زانیارییەکی باشم لە بارەی میراتییەوە نییە. بەڵام ئەوەندە دەزانم لەو کاتەوەی پییەر کەوتووەتە سایەی نازناوی (کۆنت)ەوە، ژیانی گۆڕدراوە.

هەر لەو دەمەوە، منیش چێژ لە چاودێریی کچان و ژنانی دەوروبەری وەردەگرم و، گۆڕانی شێوازی گفتوگۆیان و، ڕکابەرایەتیی نێوان ژنان و کچە بە شووەکانیان، بەرامبەر ئەو کەسێتییە و، خۆ تێهەڵسوونیان. لەگەڵ ئەمانەیشدا من (پییەر) بە کەسێکی هەژار و داماو دەبینم.

دەزانیت ئانا میخاییلۆڤنای پووڕە گەورەمان، هەواڵی دامێ کە بۆ ئیشی (بیزۆخۆف) بە نهێنی پیلان دادەنێت، تا لە ئەوم مارە بکات؟ بەڵام خۆت دەمناسیت کە هەرگیز بیرم لە پلە و پایەیە نەکردووەتەوە!

دەی بزانم لەو پیلانەدا من و تۆیشیان لە کێ مارە کردووە؟ بە نیازن تۆیش لە ئەناتۆلی کوڕی میر (ڤازیلی) مارە بکەن. چونکە هەمیشە باوکی لە بیری ئەوەدایە کچە دەوڵەمەندێک بۆ کوڕەکەی بدۆزێتەوە و، بەو کارەی، پلەو پایەیەکی مەزن بۆ کوڕەکەی بسازێنێت. نازانم بیروڕای تۆ چۆنە؟ بەڵام بە پێویستم زانی ئەم پیلانی داواکردنەت پێ بڵێم و، هۆشیاریت پێ بدەم، بەرامبەر ئەو مێردە چاوەڕوان کراوەکەت کە وەکوو دەڵێن:هەرچەند لاوێکی فرە شۆخ و شەنگە، بەڵام تا بڵێی کەسێکی خراپیشە!! هەر ئەوەندەش لەبارەیەوە دەزانم.

دەی . . . با منیش ئەم چەنەبازییەم ببڕمەوە. ئەوە پەڕەی دووەمی نامەکەیشم پڕ کردەوە. دایکیشم بانگم دەکات، تا لەگەڵی بچمە سەردانی بنەماڵەی (ئەبراکسین)

ئەو کێبە ئایینیەی بۆم ناردوویت بیخوێنەوە، چونکە ئەم کێبە لێرە بە نامێیە. هەرچەند

هەندێ شتی تیایە، لە بەر بیرو ژیریی لاوازمان، بە جوانی تێیناگەین، بەڵام کتێبێکی زۆر چاکە و، رەوانی پێ ئاسوودە دەبێت. رێزو خۆشەویستیم بۆ باوکت و، دادە (بۆرین)ەکەی هاوڕازت.

ماچت دەکەم و، خۆشم دەوێی !!

جوولی

تێبینی:لە هەواڵی گەیشتنی برا و براژنە نازدارەکەت، ئاگادارم بکەوە. . .]

شازادە (ماری) کەمێک راما. بزەیەک گرتی و، ڕووی کرایەوە. بە لەشگرانیەوە هەستاو، بەرەو ژوور و نووسینگەکەی بووەوە. کاغەز و پێنووسی هێنا و، کەوتە نووسینی وەڵامی نامەکە:

ئازیز و هاوڕێی نایابم. نامەی (١٣)ی ئەم مانگەت، شادی کردم. کەوابوو (جوولی)یە خۆشەویستەکەم، تا ئێستا منت خۆشدەوێت. ئەو دابڕانەش کە باس لە خراپییەکانی دەکەیت. کارێکی ئەوتۆی لە تۆ نەکردووە. ئەی ئەوە نییە، منت بیر نەچووەتەوە!

(جازلی) گیان قسەت لە دابڕان کرد. ئەی من چۆن سکاڵای لە دەست نەکەم، لە کاتێکدامنیش لە خۆشەویستانم دوور کەوتوومەتەوە؟ خۆ تۆیش لە باشترینی هاوڕێکانمی. ئاە. . ! گەر ئایین دڵنەوامان نەبوایە، ژیانمان چەند سەخت دەبوو!

بۆ لە موعجیب بوونتدا بە لاوە، بیروڕای منت دەویست؟ خۆ من هەر بەرامبەر بە خۆم، توندو ڕەقم! بەڵام هەست بە خۆشەویستیی نێوان مرۆڤەکان دەکەم. بەڵام لەوە دەچێت خۆشویستنی (مەسیح) تەنیا و تەنیا بۆ دوارۆژ بێت! کە تیایدا دوژمنەکانیشمان خۆشدەوێت. ئەو دەمە دەبینە مرۆڤی شایستە. هەر ئەو خۆشەویستییە دەیهێنێت بە هەند وەرببگرین. هەر ئەمەیش جوانترین و، باڵاترین هەستە. ئەم خۆشەویستییە راستەقینەییەش لە چاوانی تۆدا، هەست پێ دەکرێت.

ئازیزەکەم. . بەر لە گەیشتنی نامەکەت، هەواڵی مردنی (کۆنت)مان پێ گەیشت. باوکم پەژارەیەکی فرەی بۆ خوارد. پێی وتین ئەو تەنیا کەسی، بەر لە دوایەمین کەسێتیی، سەدە رووناکەکە بوو.

ئێستا کاتی بینینی رۆڵی شیاوی خۆی بوو! بەڵام خۆی ئەم ئەرکەی خۆی دوا دەخست. خوا بمانپارێزێت.

بەڵام لە بارەی پییەرێکەوە، تۆ بە منااڵی بینیوتە، هاوڕات نیم. چونکە ئەو، هەموو کات خاوەنی دڵێکی نیانی گونجاوی نایاب بووە. منیش رێز لەو سیفەتەی دەگرم. بەڵام لەبارەی، ئەو (میراتی)یەی بۆ پییەر ماوەتەوە و، رۆڵی میر (بازیل)ەوە ئەوە بەری ماندوو

بوونی، پیلانگێڕی خۆیانە و، هەر یەکە و، وەری دەگرێتەوە!

ئـای. . ئازیزەکـەم! حـەزرەتی (مەسـیح) دەڵێـت:پێـوە کردنـی دەزوو بـە دەرزییـەوە. . ئاسانترە لە گەیشتنە ڕەوانی دەوڵەمەندان، بە مەلەکووتی ئاسمان!

بە داخـم بـۆ میـر (بازیل). هـەروەها بـۆ (پییـەر)یش. کـە بـە هـۆی ئـەو سـامانە زۆرەوە، دەترسـم شانگەشکە ببێت. چونکـە لـە ئێسـتا بـە دواوە، بـە هـۆی ئـەو سـامانە زۆرەیـەوە، چەندین حەز و ئارەزوو نیخـە نیخـەی دەدات. ئەگـەر لـە منیان بپرسـیایە لـەم دنیایـەدا چی دەخوازیت؟ بوون بە هەژارترینی هەژارانی دنیام دەخوازی !!

سـوپاس بـۆ ئـەو کتێبـەی بـۆت نـاردووم. کـە دەڵێیـت هەنـدێک بیـروڕای تێدایـە کـە خوێنەران، بە گران تێی دەگەن. گـەر وا بێت پێمواییـە خوێندنـەوەی ئـەو کتێبـە بـە فیڕۆدانی کاتە، چونکە خوێندنەوەی بێکەڵکە. تێناگەم بۆ هەندێ کەس، هێندە تامەزرۆی خوێندنـەوەی کتێبانێکن کە مرۆڤ رارا دەکات و، تووشی دڵەڕاوکێیان دەکات!؟ ئـەو جۆرە خوێنەرانـەش بـە لای منـەوە، کەسـانێکی گومانـاوی دەر دەچـن. کـە ئەمـە پێچەوانـەی سـادەییەکەی (مەسیحیەت)ەوەیە. با ئەو جۆرە خوێنەرانە، (ئەسفار)و (ئینجیل) بخوێننەوە و، فەرموودەی پیغەمبەران (د. خ). با تەقەلا بدەن بە نهێنیەکاندا ڕۆبچین. خۆ ئەگـەر خۆمـان گەندەڵا بین، ئەمەمان بۆ ناکرێت و، بەر بەستی نێوان ئێمە و، تواناکانی خوای مەزن ، دروست دەبێت! کەوابوو با تەقەلا بدەین بیروباوەڕە باڵاکانی ڕزگارکارەمـان تێبگـەین و، لـە سـەر زەویدا جێبەجێی بکەین. با پێشەنگی خۆمان بدۆزینـەوە و، شـوێنپێیەکانی هەڵبگرینـەوە. ئەوەشـمان لەبەرچاو بێت تا بیری مرۆڤایەتیی لاواز، ماندووتر بکەین، لە خواوە نزیکتر دەبینەوە.

باوکم لەبارەی مێردی داهاتومەوە، قسـەی بۆ کردووم. بە کورتییەکەی پێی وتـووم کـە، نامەیەکی میر بازیلی پێ گەیشتووە و، چاوەڕێی هاتنی خۆی دەکات.

بیرو باوەڕی خۆیشـم وایـە، زەواج کـردن سـوونەتی پەروەردگارە و، پێویسـتە مـرۆڤ ملکەچی بێت. بڕوام وایە گەر خوای بە توانا، زەواج کردن و دایکایـەتیی، لـە چـارە نووسـی بم، ئەوەی گوێ بە سۆزی خۆیشـم، بدەم لـە هـەڵبژاردنی هـاوژین، پەسـەندی دەکـەم. هـەر خـوا خۆیشـی هێـز و توانایـەکی ئـەوتۆم پـێ دەبەخشـێت، کـە بـە چـاکی ئەرکـەکانی هاوسەرگیری بەجێ بێنم !

نامەیـەکم لـە براکەمـەوە پێگەیشـتووە، کـە خـۆی و ژنەکـەی، بـەم زووانـە دەگەنـە (لیساجوری ـ کێوە ڕووت). بەڵام ئەم خۆشییەیش، کەمخایەنە. چونکە براکەم پەیوەندی بـە بەرەی ئەو جەنگەوە دەکات، کە بە سەرماندا سەپاوە و، خوا نەبێت کەس نازانێت چۆن و، بـۆچی شـەڕ دەکـەین؟ خـۆ بـاس و خواسـی شـەڕ، هـەر ئێـوەی سـەرقاڵا نـەکردووە و، گەیشتووەتە ئـەم دەشـت و دۆڵـە و، ڕەز و باخـەی ئێمـەیش! کاردانەوەیـەکی خراپیشـی بـە

سەرمانەوەیە! تەنانەت سەروبنی زمانی باوکیشم، باسی هێرشبردن و، هێرشی پێچەوانەیە و، من هیچی لێ تێناگەم.

پێرێ وەکوو جاران، بە شەقامی ئاواییدا پیاسەم دەکرد. دیمەنێکی خەماویم بینی. کاروانێکی خەڵکم بینی، لە نێو ئوتومبیلە سەربازیەکاندا و، بەرەو بنکەکانی راهێنانە سەربازییەکان دەبوونەوە، بۆ چوونە سوپاوە. ئەگەر وەکوو من بارو دۆخی دایک و باوک و، ژن و منالّەکانیانت دەبینی و، گریانەکانیان، وەکوو مـن پێت وا دەبـوو:مرۆڤایـەتی یاساکانی (خوا)و (مەسیح)یان بیر چووەتەوە، بۆیە ئا بەو جۆرە پێشبڕکێیانە، کوشتار و کاولکردن و، بەرپاکردنی جەنگ.

هاوڕێ نیانە ئازیزەکەم خوات لەگەڵ. لە سایەی خواو، مەریەمی پاکیزەدا بیت.

ماری

(بۆرین) بە پێکەنین و دەنگە گرەکەیەوە لێی پرسی:

ـ ئاە! ئەوە نامە دەنێریت. . ئەمیرەکەم!؟ منیش نامەیەکم بۆ دایکە هەژارەکەم ڕەوانە کرد.

ئەو کەنیزەکەی یاوەرەی (ماری)، چەندە بزێو بوو، هێندەیش ببووە خەمڕەوێنی ئەو !

بۆرین بە چرپە وتی:

ـ پێویستە پێت بڵێم کە میری باوکت، تووشی وتووێژێکی توند بوو، لەگەڵ (میشێل ئیڤانۆف) و، ئێستا دەروونی ئەو، ئاسایی نییە.

بۆرین هەمیشە حەزی بە باسکردنی باری دەروونی باوکی ماری بوو. زۆر بە چێژەوە، چەلەحانێکەی دەگێڕایەوە.

(ماری)یش ئەمەی پێ خۆش نەبوو و وتی:

ـ چەند جارم وت پێم خۆش نییە ،باسی باری دەروونیی باوکمم بۆ بکەیت؟ وەکوو خۆم، ڕەخنەی لێ ناگرم، حەزیش ناکەم سەرزەنشت بکرێت.

سەیری سەعاتی کرد، پێنج دەقیقە لە کارەکەی دواکەوتبوو. بە ڕوویەکی گرژەوە، هۆڵەکەی جێهێشت.

پشووی ڕۆژانەی باوکیشی لە (١٢ تا ٢)ی دوای نیوەڕۆ بوو. کە دەبوایە (ماری) ئەو کاتەی لە فێربوونی ئالەتی ژێداری مۆسیقادا بەسەر ببردایە.

بەشی بیست و شەش
کوڕ و باوکەکە

پیرەمێردی خزمەتکاریش راهاتبوو، لەو هۆڵە فراوانەکەدا، لەگەڵ پرخەی (میرە پیرە)دا، خەوی لێ بکەوێت. لەو پەڕی ماڵەکەیشەوە، سەرومڕ دەنگی چەند ئاوازێکی (دوسک)یی ئاوازدانەری چیکی دەبیستراو، ئەوکات ئەم کابرایە، ناوبانگی هەبوو. لەبەر ئەوەی دەرهێنانی ئاوازەکانی ئەو مۆسیقارە، زۆر گران بوو و بە ئاسانی دەرنەدەهات، بێزارکەرانە چەند بارە دەبووەوە. هەرچەند دەرگای ژوورەکان داخراو بوون، بەڵام بە ئاسانی دەنگەکە، دەگەیشتە گوێی پیرەی خزمەتکاریش.

لەو کاتەدا، دوو گالیسکە لەبەر دەرگا وەستان. یەکێکیان لە جۆری (بیرلین)ی داخراو بوو. ئەوی تر میچ کراوەیەکی، (بیریتشکا) بوو.

(ئاندریە) دابەزی و، دەستی خاتوونە چکۆلەی ژنی گرت و، ئەویشی هێنایە خوارەوە و، پێش خۆیی خست.

(تیخۆن)ی خزمەتکاری، سەرە بە بارۆکە، سەری بردە دەرەوە و، میرە چکۆلەی میوانی راگەیاند، کە باوکی سەرخەو دەشکێنێت و، دەرگای ژووری چاوەڕوانیی داخستەوە. رووداوەکانی رۆژانەیش، هەرچۆنێک بوانایە، بەرنامەی میری گەورەی تێکنەدەدا.

تیخۆن بە روانین لە سەعاتە، ئاندریەی تێگەیاند، کە هیچێک لە رەوتی ژیانی میرە پیرەی باوکیدا نەگۆڕدراوە و، پێویستە چاوەڕوان بێت.

(ئاندریه) به ژنەکەی وت:

ـ دوای بیست دەقیقەی دی، باوکم لەخەو هەڵدەستێت. کەوابوو با بچین بۆ ژوورەکەی (ماری).

هەرچەند خاتوونە چکۆلە، کەمێ داکەوتبوو، بەڵام لێوە تەنک و گەندەموویەکانی سەر لێوە کورتەکەی سەرەوەی و، ڕووە ناسکەکەی، هەر جوان بوو.

لیز بە هەمان شێوازی مێردەکەی، وەڵامی دایەوە:

ـ کۆشکێکی قەشەنگە! خێراکە. . با بڕۆین.

ئەمجا بۆ (تیخۆن)و مێردەکەی‌و، خزمەتکاری ڕێ پێشیاندەر پێکەنی‌و وتی:

ـ (ماری) ڕاهێنان لەسەر مۆسیقا دەکات. . . وا نییە؟ با کتوپڕ بدەین بە سەریدا! ئێوەش دەنگە دەنگ مەکەن. .

ئاندریەیش بە تیخۆنی وت:

ـ (تیخۆن) تۆیش داکەوتیت !

تا لە هۆڵەکە نزیکتر دەبوونەوە، دەنگەکە بڵندتر دەبوو. کچێکی کورتەبالای جوانیان بینی، لە دەرگایەکی تەنیشتیانەوە هاتە دەرەوە و، لەخۆشیدا وەختە بوو بفڕێت !

بە دەنگێکی ناسکیش هاواری کرد:

ـ ئای لەو بەختەوەرییەی ئەمیرەکەم! ئەوە گەیشتن و، دەبێت پێی ڕابگەیەنم !

خاتوونیش باوەشی بە فەرەنسییەکەدا کردو وتی:

ـ نا نا . . بەو خوایە تۆ لە کچە (بۆرین) بەولاوە، کەسی تر نیت؟ ئەم ئەمیر ماریبە، لە نامەکانیدا، هێندە باسی تۆی بۆ نووسیوم، یەکسەر ناسیمیتەوە! دیارە ئەو ماریبە، زۆری خۆشدەوێیت! ئەوە تۆیش چاوەڕیوانی هاتنی ئێمە بووبت!؟

میر (ئاندریە) لە بەر دەرگای هۆڵی میوزیکەکەدا وەستاو، پارچەیەک مۆسیقایش زۆر دووبارە دەبووەوە!

(لیز) خۆی کرد بە ژووردا و، ئاوازەکە وەستا. کە (ئاندریە) چووە ژوورەوە ژنەکەی و خوشکەکەی، بەتوندی یەکتریان لە ئامێز گرتبوو. کەوتبوونە ماچ وموچی یەکتری.

کچە (بۆرین)یش لەولاوە دەستی لەسەر دڵی دانابوو. لەوە بوو بداتە پرمەی گریان. ئاندریەیش برۆکانی یەک هێنابوونەوە و، شانەکانی هەڵتەکان. دوانەکەیش لە یەک دوور کەوتنەوە و، دیسان پەلاماری دەستی یەکتریان دایەوە، وەکوو ئەوەی بیانەوێ ماچی بکەن! کەسیشیان مۆڵەتی ئەوی دی نەدا بۆ ئەو کارە. باوەشیان بە ملی یەکتریدا کردەوە و، دەستیان کردە گریان. ئاندریە بێزاریی خۆی، بۆ نەشاردرایەوە! لەو لایشەوە ئەوان، بڕوایان بە خۆیان نەدەکرد. دوای کەمێک، گریانەکەیان بە پێکەنین گۆڕی و، کەوتنە قسە کردن.

ـ ئای. . . ئازیزەکەم! ئـای (مـاری) گیان! دوێنێ شـەو، خـەونم پێوە بینیت! کەوابوو چاوەڕوانی هاتنم نەبوویت! ماری گیان لاواز بوویت !

(بۆرپین)ی کەنیزەکیش، بە پێویستی زانی، قسە لە قسەیاندا بکات و وتی:

ـ هەر ئێستا منیش خاتوو لیزم، ناسی !

(ماری)یش هاواری کرد:

ـ خۆیشم چاوەڕێی ئەمە نەبووم! ئاە (ئاندریە) گیان. دەمێکە تۆیشم نەدیوە!

باوەشیان بەیەکدا کرد و (ئاندریە) پێی وت:

ـ ئێستایش هەر کچە گریاوەکەیت بۆ من؟

ئەویش کە فرمێسکەکانی، هێندەی دی ڕوخساری جوان کردبوو، چاوێکی پڕ سۆزانەی پێدا گێڕا.

(لیـز) قسـەیەلێکی فـرەی کـردو، چونکـە لێـوی سـەرەوەی کـورت بـوو، ڕیـزە دانـەکانی خوارەوەی بۆ نەدەپۆشرا، هەمیشە خەندە لە ڕووی نەدەبڕا. پاشان کەوتە گێڕانـەوەی ئەو ڕووداوەی لـە لاپـاڵی (سباسـکوائی)دا بەسـەریان هـات. کـە دەبـوو زیانمەنـدتر لەسـەریان بکەوتایـە. پاشـان چـووە سـەر باسـی کارەکـانی خـۆیو دەریخسـت کـە پێداویسـتییەکانی ماکیاژەکەی لـە شـاری (پێترز بـۆرگ) جێهێشـتووەو، شـتومەکی ماکیـاژی ئێرەیشـی بـە دڵا نییە.

مـاری گیـان (ئاندریـە)ش زۆر گـۆڕاوە. (کیتـی ئـۆدینی سـتۆف)یش شـووی کردووە بـە کابرایەکی پیر. بە ڕاستی مێردیشیان بۆ تۆ دۆزیوەتەوە. دواتر ئەمەیانت بۆ باس دەکەم.

لەکاتی ئەو هەموو گفتوگۆ دوورو درێژەو، هەواڵە جۆراو جۆرانەدا، ماری بێدەنگ بوو. لـە گەرمـەی باسـی ئاهەنگەکـەی (لیـز) لـە شـاری (پێترزبـۆرگ)دا، مـاری بەوپـەڕی خۆشەویستییەوە، بە ئاندریەیدا هەڵدەڕوانی.

(ماری) لە براکەی پرسی:

ـ ئاندریە. . هەر سووریت لەسەر ئەوەی بچیت بۆ بەرەکانی جەنگ؟

(لیز)ی ژنی، مۆڵەتی ئاندریەی نەدا و، وەڵامی ئەم پرسیارەشی دایەوە:

ـ بەڵێ بەیانی دەڕوات. لەگەڵ ئەوەشدا کە دەیتوانی لێرەش سەرموچە وەربگرێت. ئیدی لە من دادەبڕێت و، هەر خوا خۆی هۆیەکەی دەزانێت.

(ماری) سەرنجێکی باڵای براکەی دایەوەو وتی:

ـ کەوابوو گومانی تێدا نییە؟

براژنە (لیز) ڕووی وەرگێڕا و، ئاهێکی هەڵکێشاو وتی:

ـ بەڵێ! ئـای چەند تۆقێنەرە !

لێوەکانی یەکی پێگرتەوەو، سەری نا بە سینەی ماریيەوەو، دایە پڕمەی گریان.

میر ئاندریەیش برۆکانی یەکهێنایەوە و، وتی:

ـ لیز پێویستی بە حەوانەوە هەیە و، بیبە ژوورەکەی خۆت، با منیش سەرێک لە باوکم بدەم.

ـ ئەی باوکم چۆنە؟ هەر وەکوو جارانی خۆیەتی؟

(ماری)یش نیانانە وەڵامی دایەوە:

ـ بەڵێ. . هەر وەکوو ئەوسای خۆیەتی! بەڵام پێم وابێت کەمێک لە جاران خراپتر بووە. . . ئێستا خۆیشت دەیبینیت.

میر ئاندریە بۆ ئەوەی پیشانی بدات، خاڵە لاوازەکانی باوکی دەزانێت، پرسیی:

ـ ئێستایش حەزی بە رێکخستنی کاتەکانیەتی!؟ چەرخی خولانەوەی (خەزەف) و، پیاسەی نێو رارەو و درەختەکانیشی هەر ماوە؟

(ماری)یش وتی:

ـ بەڵێ! ئێستایش تامەزرۆی رێکخستنی کاتەکانیەتی و، هەر خەریکی دروستکردنی (خەزەف) و، بایەخدانی بە زانستی (ئەندازە)یە و، هەموو رۆژێک وانەی (ئەندازە)م پێ لەبەردەکات.

وایشی پیشان دەدا، خۆیشی زۆری حەز لەو وانەیەیە !

هەرکە بیست خولەکەکە کۆتا بوو، زەنگی رێکخەری کاتەکانی باوکیان لێیدا. (تیخۆن) هات و، رایگەیاند کە باوکی ئەمرۆ لەبەر بینینی کوڕەکەی، خشتەی کاتی کارەکانی پەیڕەو ناکات. وتوویەتی:بابێت تا ببینم.

کە ئاندریە خۆی کرد بە ژوورەکەیدا، پیرە لەسەر کورسییەکی چەرمینی گەورە دانیشتبوو. ئەمیش بە زەردەخەنەیەکەوە بەرەو لای چوو. ئەمیش بە رووی گرژ و خەمبارییەوە، خۆی نەکرد، بە لای باوکیدا، بەڵکوو چالاک و بزێوانە بوو.

باوکیشی لەبەری هەستا و، هاواری کرد:

ـ ئا ئەمەتا! ئەمەیش یەکێکی تر، لە پیاوانی جەنگاوەر! تۆیش لای خۆتەوە وات داناوە، ناپلێون دەبەزێنیت؟

(تیخۆن)یش لە دواوە سەر و قژەکەی بۆ رێکدەخستەوە.

پیرەمێردە لە سەری رۆیشت و وتی:

ـ زۆر چاکە. تۆیش وەکوو ئەو هەموو خەڵکە، درێغی مەکە. چونکە بێدەنگیش بین، ئەوا داگیرمان دەکات و، دەبینە پاشکۆی ئەو.

سەری لە کوڕەکەی نزیک کردەوە و وتی:

ـ بەخێر بێیت. .

میرە پیرە پێی وابوو، خەوی دوای نانخواردن (زیو)ە و، پێش نانخواردن (زێڕ)ە! لە راستیدا، ئەم کاتەی، باری دەروونی لە باربوو.

لە ژێر برۆ چرەکانیەوە، سەرنجێکی (ئاندریە)ی دا و، کوڕەیش ئەو شوێنەی روخساری باوکی ماچکرد، کە بۆی دیاریکردبوو.

بێ ئەوەی رای خۆی بۆ قسەکەی باوکی، بەرامبەر ئەو لاقرتێیەی دەربڕێ، کە بە سەربازانی جەنگاوەر و، بە کەسی (ناپلیۆن)ی کرد.

میری لاو لەگەڵ سەرنجدانی لە ئاڵوگۆڕەکانی، روخساری باوکی وتی:

ـ بەڵێ بابە ئەوە خۆمم و، ژنەکەیشم هەرچەند بارێکی تایبەتیشی هەیە، لەگەڵ خۆم هێناوە! ئەی تۆ چۆنیت؟

باوکیشی وتی:

ـ نەخۆشیەکان پەلاماری گێل و، پۆخڵەکان نەبێت، پەلاماری کەسی دی نادەن. جا بەوەی منیش کەسێکی چالاکم و رۆژ تا ئێوارە کار دەکەم، دروستیم باشە !

کوڕەکەیشی بە زەردەخەنەیەکەوە وتی:

ـ کەوابوو سوپاس بۆ خوا.

ئەویش وتی:

ـ خوا پەیوەندیی بە ئەمەوە نییە !

پاشان بە لاقرتێوە وتی:

ـــ دەی بۆم بگێڕەوە ئەڵمانییەکان چۆن راتان دێنن لەسەر سەرکەوتن بەسەر (پۆناپارت)دا؟ لە سایەی ئەو زاراوەیەی کە (ستراتیجی)یەتی ناوە !

کوڕەیش لە ڕێزی باوکی کەم نەکردەوەو وتی:

ـ جارێ مۆڵەتم بدە، با هەناسەیەک هەڵبکێشم! خۆیشم نازانم لە کوێ جێگیر دەبم.

باوکیشی هەڵەفەی پرچەکەی پشتەملی خۆی، راکێشا تا لێی بەئاگا بێ و وتی:

ـ ژوور بۆ ژنەکەت ئامادە کراوە و، (ماری) دەیباتە لای خۆی و، بە چەنەبازیی خۆیان شاد دەبن. ژنانیش لە چەنەبازی بەولاوە، هیچی دی، نازانن! خۆیشم بەختەوەرم بە بینینی بووکەکەم. دانیشە با قسەی خۆمان بکەین. هەر خۆم دەزانم سوپای (میخلسن)و سوپای (تۆلستۆی) نیازی چییانە! ئەمان پێکەوە دێنە خوارەوە. بەڵام ئاخۆ سوپای باشوور چی دەکات؟ بێگومان (بروسیا)ش بێلایەن دەبێت. بەڵام ئەی (نەمسا)و (سوید)؟ چۆن دەتوانێت بە سنووری (پۆمیرانیا)دا تێپەڕێنێت!؟

باوکە پیرە هەستا و، کەوتە هاتوچۆ بە ژوورەکەدا و، (تیخۆن)ی خزمەتکاریش بە دوایەوە و، جارجارەش پارچەیەکی جلەکانی دەدایە، تا پیرە بەدەم رۆیشتنەوە، لەبەری

بکات. کوڕەش تازە نەیدەتوانی خۆی لە باسەکە بدزێتەوە و، کەوتە قسە کردن. سەرەتا حەزی بەو بابەتە نەبوو. بەڵام دوای کەمێک، زیاتر هەژا و، زۆر بە گەرمی کەوتە قسە کردن. وەکوو جارانی، وشە رووسی و فەرەنسییەکانی تێکەڵ دەکرد و پیلانی شەڕی داهاتووی بۆ باوکی باسکرد و، وتی:

ــ سوپایەکی (٩٠٠٠٠) سەربازیی هەڕەشە لە (بروسیا) دەکات و، ناهێڵێت بێلایەن بمێنێتەوە. بەشێک لەو سوپایەش لە (سوند)، بە سوپای (سوید) دەگات. لە (ئیتالیا) و، لەسەر (رایـن) سوپایەکی (٢٠٠٠٠٠)ی (نەمسا)یی دەکەوێتە جوولّە و، ل (١٠٠٠٠٠) چەکداری رووسیشیان لەگەڵ دەبێت. (٥٠٠٠٠) سەربازی تری رووس و، (٥٠٠٠٠) سەربازی ئینگلیز دادەبەزنە (ناپۆلی)یەوە. واتە (٥٠٠٠٠٠) سەرباز پێکەوە، پەلاماری (فەڕەنسی)یەکان دەدەن. هەر کۆمەڵە و، لە خاڵێکەوە، هێرش دەبات.

میرەپیرەش بە دەم هاتووچۆی نێو ژوورەکەوە، خەریکی لەبەرکردنی جلەکانی بوو و، زۆر گوێی بەو شیکردنەوەیە نەدەدا و، تەنیا سێ جاران قسەی پێ بڕی.

یەکەمیان ئەو کاتەبوو هاواری کرد. . سپییەکە. . چونکە (تیخۆن) بە هەڵە پارچە بەرگەکەی پێدابوو، تا لەبەری بکات.

جاری دووەم کوڕەکەی وەستان و لێی پرسی:

ـ ئاخۆ کاتی منالّبوونی ژنەکەت نزیک بووەتەوە؟

جارێکیش سەری راوەشاند، تا سەرومڕ بێت.

کاتێکیش (ئاندریە) قسەکانی کۆتا بوو، باوکی ئەم گۆرانییەی وت:

مالبورگ کە بە شەڕ بێتەوە

ئـاخۆ کـەی بـگەڕێتـەوە؟

ئاندریەیش هەڵیدایە:

ـ خۆ من نەمگوتووە ئەمە چاکترینی پلانی شەڕە و، خەوی پێوە دەبینم. ئەوەم باس کردووە، کە رووە دەدات. گومانیشم نییە کە (ناپلیۆن)یش پیلانی لە بەرامبەر ئەمەدا هەیە.

میرە پیرە پشتگیری کرد و وتی:

ـ دەی با برۆینە سەر سفرەو خوان. کوڕەکەم شتێکی نوێت بۆ باس نەکردووم.

دیسان هەمان گۆرانیی وتەوە:

مالبورگ کە بە شەڕ بێتەوە

ئـاخۆ کـەی بـگەڕێتـەوە؟

بەشی بیست و حەوت
لە سەر خوانگەکە

میرەپیرە رێک بە گوێرەی خشتەی دابەشکردنی کاتەکانی خۆی، بە خۆ گۆڕینێکی جوانەوە، هاتە ژووری نانخواردن و، چاوەڕوانیی کێ و بووک و کچە بۆرین و، ئەندازیارە تایبەتییەکەی هات و چاوی پێیان کەوت. بڕوایشی بە تێکەڵبوونی چین و توێژەکانی کۆمەڵا هەبوو، راهاتبوو هەمیشە نان لەگەڵ ئەو ئەندازیارە بخوات. جارو بارێکیش بۆ نانخواردن بانگهێشتی گەورە فەرمانبەرانی هەرێمەکەی دەکرد. میر بە دەسرۆکە گوڵگوڵییەکەی لووتی سڕی و وتی:

مرۆڤانی سەر زەوی هەموو چوونیەکن.

ئەو (میخائیل ئیڤانۆڤیتش)ە ئەندازیارەی، لە کوڕەکەی بە کەمتر نەدەگرت و، جاروبارێش رووی دەمی تێدەکرد. ئەندامانی خێزانەکەش لە ژوورە دیوار بڵندەکەدا، چاوەڕوانی هاتنی میرەپیرە بوون. لە پشت هەر کورسییەکی مێزی نانخواردنەوە، خزمەتکارێک وەستابوو. سەرۆکی خزمەتکارانیش، خاولییەکی دابوو بەسەر دەستیدا و، دەستە و نەزەر وەستابوو. لەگەڵ ئاوڕدانەوە کتوپڕەکانی بۆ دەرگاکە و هاتنی میرەپیرە، چاوانیشی بە میلی سەعاتی سەر دیوارەکەوە، دەگیرسایەوە.

(ئاندریە)یش سەرنجی ئەو تابلۆ چێوە زیوینەی دەدا، کە بە تەنیشت تابلۆیەکی ترەوە بوو و، لەم کەمتر نەبوو. . تابلۆکە درەختی قەوالەی بنەماڵەی (پولکۆنسکی) بوو و، پێشتر نەیبینی بوو. ئەویش وێنەی میر (لووریک) بوو کە تاجێکی لەسەر نابوو و لە سەر عەرش دانیشتبوو. بە دوایدا نەوەکانی بنەماڵەی پۆلکۆنسکی بوو. وێنەکە جوان نەکێشرابوو. لەوە دەچوو خاوەن پەرە مووچەکەی تازەکار بووبێت.

ئاندریه وەکوو ئەوەی سەیری وێنەیەکی کاریکاتێر بکات بە لاقرتێوە وتی:

ـ ئەم وێنەیە سەرنج دەدەم.

(ماری)یش بە سەرزەنشتەوە، سەیرێکی کرد، بێ ئەوەی بزانێت بۆچی پێدەکەنێت. چونکە هەمیشە کارەکانی باوکی بە هەند وەردەگرت.

ـ (ئاندریە) وتی:

هەر کەسە و خاڵی لاوازی ژیری خۆی هەیە. ئەم وێنەگرەیش هەموو ژیری خۆی رژاندووەتە ئەم تابلۆ سەیر و سەمەرەیەوە !

(ماری) ئەو شێوە رەخنەیەی بەدڵا نەبوو. گەر لەو کاتەدا ترپەی پێی میرە پیرەی نەبیستایە، سەر زەنشتی ئاندریەی دەکرد.

میری گەورە هاتە ژوورەوە و، سەعاتی دیوارەکە دوو زەنگی لێدا. لەبەر کورسیەکەی خۆیدا وەستا و، چاوی بە دەوروبەری خۆیدا گێڕاو، لای بووکەکەی گیرسایەوە و، تووشی دڵەڕاوکێی کرد.

بە لاولوی بووکەکەیدا هاتو وتی:

ـ خۆشحاڵم بە هاتنتان.

خێرا رووی لێ وەرگێڕا و، لەسەر کورسییەکەی خۆی دانیشتو بەوانیشی وت:

ـ فەرموون جێی خۆتان بکەنەوە. (میخائیل) تۆیش دابنیشە.

ئیشارەتی بە بووکەکەی دا لە تەنیشت خۆیەوە دابنیشێت !

خزمەتکارێک بە پەلە کورسییەکی بۆ بووکەکە ئامادە کرد.

پێکەنینێکی ناقۆڵای کردو وتی:

خێراکە. . . تۆ دەبێت خێرا بیت.

(لیز)یش وای پیشاندا گوێی لە قسەکەی نەبووە بە دڵەراوکێوە دانیشت. میر پرسیاری تەندروستی باوکی و، ناسیاوانی لێکرد.

دواتر بووکەش هاتەوە سەرخۆی و، دڵەراوکێکەی رەوییەوە.

بووکە کەوتە باس وخواسەکانی پایتەخت و وتی:

ـ (کۆنتیس ئابراکیش)یش مێردەکەی مرد و، فرەیش بۆی گریا.

میر بڕێک سەرنجیدا و، لەپڕێکدا رووی لێ وەرگێڕا و، کەوتە دواندنی ئەندازیارەکەو وتی:

ـ کە گوێ لە ئاندریە دەگرین تێدەگەین ئێستا (پۆناپارت)ەکەمان لە بارێکی خراپدایە ئەی (میخائیل). پێیشمان وایە پیاوێکی بێتوانا و هیچ لەبارانەبووە !

میخائیلیش لە دڵی خۆیدا بیری لەوە دەکردەوە ئاخۆ دواین جار کەی بوو، باسی (پۆناپارت)ی لەگەڵ ئەم پیرەمیرە، کردووە؟

بەڵام ئەوەی بیر کەوتەوە، ئەم میرە پیرەیە، هەر کاتێک بیەوێت باسێک دامەزرێنێت، بە ئەو شێوەیە دەست پی دەکات. کەوتە سەرنجدانی میری لاوو نەیدەزانی چی دەبێت؟

میرە پیرەش سەیرێکی ئەندازیارەکەی کرد و بە کوڕەکەی خۆی وت:

ـ بەڵێ ئەو زۆر وریایە لە کاروبارو، پیلانەکانی جەنگدا.

دیسان باس بووەوە بە باسی جەنگ و، پۆناپارت و، سەرکردە مەزنەکان و پیاوانی دەوڵەت.

میرە پیرە نەک ئەو سەرکردانەی سوپای بە پیاوانی، بە منالا دەزانی ئاستنزم دەزانی، بەڵکوو بە نەزانیشی دەدانە قەڵەم و، بێئاگا لە پرنسیبەکانی شەڕ. تەنانەت (پۆناپارت)یشی بە رسوایەکی فەڕەنسی دەدایە قەڵەم. دەیوت گەر هەموو دوژمنەکانی وەکوو (گریگۆر ئەلکسەندرۆڤیش بۆتیمکین) و (سۆڤۆرۆڤ) بونایە، سەرکەوتنەکانی ئاوا سەرو مڕ نەدەبوو. شەڕێکی ئەوتۆیش لە ئەوروپادا دروست نەدەبوو کە شایانی باسکردن بێت. بەڵکوو سەرکردەکان وەکو بووکەسەماکەرە دەبزوێنران.

ئاندریەش لاقرتێکانی باوکی بە پێکەنینەوە وەرگرت و، فێڵبازانە کەوتە نیخە نیخەی باوکی، بۆ قسە کردنی فرەتر لەسەر ناپلیۆن و وتی:

ـ بەڵێ ئێمە هەمیشە بە رابردووی خۆماندا هەڵدەدەین. لەگەڵ ئەوەشدا هەر ئەو (سۆڤۆرۆڤ)یەی تۆ، کەوتە تەپکەی (مۆرۆ)وەو، رزگاربوونی نەبوو.

میرەپیرە رۆژنامەکەی بەردەمی خۆی، لول کردو تیخۆن وریایانە لەبەردەمی لابرد.

پاشان میرەپیرەی باوکی هاواری کرد:

ـ کێ ئەمەی پێ وتیت؟ کێ ئەمەی پێ وتیت؟ سۆڤۆرۆڤ!. . . میر ئاندریە کەمێک بیر بکەوە. ئەوانە دوان بوون و، بەس. تەنیا سۆڤۆرۆڤ و فریدریک. . مۆرۆ! گەر ئەفسەرە ئەڵمانیەکان دەستی (سۆڤۆرۆڤ)یان نەگرتایەوە، لەوە بوو (مۆرۆ)ەی دەستگیر بکرایە. لەمەودوا ئەو ئەفسەرانە دەبینی. ئێستا ئەوان، وا نەماون و، شەیتان دەخەڵەتێنن و، وەکوو کەر باری دەکەن. لە کاتێکدا سۆڤۆرۆڤ خۆی بۆ رزگار نەکرایە. پێت وایە (میخائیل کۆرتۆزۆڤ) دەیتوانی رزگاری بکردایە؟ نەخێر براکەم. ئێوە بەو ئەفسەرە بالایانەی ئێستاتانەوە، ناتوانن هیچ بکەن، لە بەرامبەر (ناپلیۆن)دا. ئەگەر دەتانەوێت ناپلیۆن بشکێنن، پێویستە پەنا بۆ خۆفرۆشە فەڕەنسییەکان ببەن. ئەوانەی نکوولی لە نەتەوەی خۆیان دەکەن. تەنیا ئەوان دەتوانن پشتی نەتەوەکەی خۆیان بشکێنن. هەر لەبەر ئەمەبوو (باهیلین) مان نارد بۆ یۆرکی نوێ واتە (نیویۆرک)ی ئێستا. تا بۆ (مۆرۆ)ی فەڕەنسی بگەڕێت.

ویستی بەم قسەیەی داخوازییەکەی رووس لە (مۆرۆ)ی فەرەنسی، بۆ یارمەتیدانی ولاتی وەبیر بێنێتەوە.

دریژەیشی دایە و، وتی:

ـ ئای لەو چەواشەبوونە! ئاخۆ (بۆتیمکین)و (سۆڤۆرۆف)و (ئۆرلۆف)و هاوشێوەکانیان لە بیانییەکان بوون؟ نەخێر وانییە ئازیزەکەم. یان ئێوە ژیریتان لەدەست داوە، یان من منالانە بیر دەکەمەوە. . . خوا یارمەتیدەرتان بێت. . دەیبینین! (پۆناپارت) پیاوێکی سەربازیی مەزنە. . . هممم !

میر ئاندریە وتی:

ــ من نەمگوتووە هەموو ئەو هەنگاوانەی نراون، چاک و بە سوود بوون. بەڵام بیروڕات بەرامبەر (پۆناپارت) سەرسامم دەکات. تۆ بە دڵی خۆت پێبکەنە، بەڵام من ئەو ناپلیۆنە، بە سەرکردەیەکی مەزن، دەبینم.

میرە پیرە رووی کردە (میخائیل)ی ئەندازیار، چونکە پێی وابوو پشتگوێ خراوە و رووی دەمی تێناکرێ و ئەویش پلە گۆشتێکی برژاوی بە دەمەوە و، وتی:

ـ ئەی میخائیل ئیڤانۆڤیتش، هەموو جارێ منیش نەمگوتووە:ناپلیۆن پیاوێکی سەربازیی مەزنە!؟ ئەوەتا. . ئەمیش هەروا دەڵێت.

ئەندازیارەیش وەڵامی دایەوە:

ـ بەڵێ بەڵێ . . . خاوەن شکۆ، وابوو. .

میریش پێکەنینە وشکەکەی کردەوە و، وتی:

ـ پۆناپارت بە شانس و بەختەوە، لە دایکبووە. یەکەم شت سەربازەکانی زۆر باشن. دووەم تا ئێستا، تەنیا رووبەرووی ئەڵمانەکان بووەتەوە. جا کێ ئەڵمانییەکانی نەبەزاندووە؟ ئەوەتەی دنیا دنیایە، ئەو سوپای ئەڵمانە، هەر لە شکست و، بەزیدان. چونکە لە دووبەرەکیی نێوان خۆیان بەولاوە، هیچی تر نازانن. ناپلیۆنیش، سەرکەوتنەکانی لەسەرشانی ئەو کەر و گایانە، وەدەست هێناوە!

میرەپیرە بە درێژی، کەوتە باسکردنی هەڵە هونەریو ستراتیجییەکانی سوپا و هەر هەمووی گەڕاندەوە بۆ کەسی بۆناپارت خۆی. وەکوو پیاوی یەکەمی دەوڵەتیش، رەخنەی لە سەری هەبوو.

کوڕەکەشی بەرپەرچی قسەکانی نەدەدایەوە. بەڵام لەگەڵ ئەو هەموو شیکردنەوەی باوکی، لە سیمایدا دیار بوو، کە هیچی لە بیروڕاکانی، بەرامبەر ئەو ناپلیۆنە، نەگۆڕیوە. زۆریشی پێ سەیر بوو، کە ئەو باوکە پیرەی لەگەڵ ئەو ژیانە دوورەپەرێزییەیشیدا لەو گوندە دوورە، ئەوەندە زانیارییەکانی، لە رووی سەربازی و سیاسییەوە، لە مێژووی ئەوروپادا، فراوانە و، ئەو هەموو وردەکارییە بە قسەکانییەوە، دیار بوو.

پیرە لەسەری رۆیشت:

ــ رەنگە پێت وابێت پیرێکی وەکوو من، لە رووداوەکانی ئەمڕۆ هیچ تێناگات. گەر وابزانیت، ئەوە هەڵەیت. شەوانە لە دڵەڕاوکێی رووداوەکاندامو، خەوم لێناکەوێت. کەواتە

ئەو دەستپێشخەرییە مەزنانەی ئەفسەرەکانی تۆ چۆن پەیدا بوو؟
کوڕەکەیشی وتی:
ـ ئەو باسە زۆر هەڵدەگرێت.
پیرەی باوکیشی هـــاواری کرد:
ـ زۆر باشە دە برۆ رووبەڕووی پۆناپارت ببەوە.
رووبشی کردە کچە بۆرییەنی هاوڕازی ماری و وتی:
ـ خۆشی لە خۆت ئەمەش موعجیبێکی تری (پۆناپارت)ە، پۆخڵەکەتە.
ئەویش وتی:
ـ میرم بۆ خۆت دەزانیت، کە من پشتگیری لە پۆناپارت ناکەم.
رووی کردەوە کوڕەکەی و وتی:
ـ هەر خوا خۆی دەزانێت:کەی دەگەڕێیتەوە.
لەسەر خوانگەکە هەستاو، لە قاقای پێکەنینە، ناقۆلاکەی خۆیی دایەوە.
لیز کپ و بێدەنگ، دەمێک لە میرەپیرەی دەڕوانی و، دەمێکیش لە ماریی کچی.
دوای خواردنەکە دەستی (ماری) گرتو، بردییە ژوورەکەی تەنیشتو وتی:
ـ باوکت فرە بلیمەتە و، رەنگە لەبەر ئەمەیش بێت لێی دەترسمو شەرمیشی لێ دەکەم.
(ماری)یش وتی:
بەڵێ ئەوە وایە. . . بەڵام پیاوێکی چاکیشە !

بەشی بیست و هەشت
چوونە بەرەی شڕەوە

هەر دوێنێ ئاندریە بوو، سبەی ئێوارە سەفەرەکەی بکاتو، پەیوەندی بکات، بە بەرەکانی شەڕەوە. باوکیشی بۆ تێکنەدانی خشتەی رۆژانەکاری، لە نیوەڕۆخوانەکە کشایەوە.

(لیز)یش چووەوە ژوورەکەی ماری و، میر (ئاندریە)یش چوو بە سەروکاری گالیسکە چکۆلەکەیەوە و، دەستێکی پێدا هێناو، جانتا سەفەریەکانی تێدا دانا. فەرمانیشی دا ئەسپەکە لە گالیسکەکەی ببەستن.

بە بەرگی سەفەرەوە چووە ژوورە تایبەتەکەی خۆی. لەگەڵ خزمەتکارەکەدا کەوتنە پێچانەوەی، شتومەکی پێویستی سەفەرەکەی.

سندوقێکی چکۆلەی، تاقمی ریش تاشین و، ئەو شمشێرەی کە کاتی خۆی باوکی لە (ئۆتشاکۆف)ەوە بە دیاری بۆی هێنابوو و، زۆر نازدارانە، لە قوماشییەوە پێچابوو، کۆیکردەوە.

ئاخر ئەو جارانەی مرۆڤ سەفەر بۆ شوێنی نادیار دەکات، یا هەست بە ئاڵوگۆڕ دەکات، لە ژیانیدا، بە باڵی خەیاڵی، حەز بە تەی کردنەوەی، رابردووی خۆی دەکات و، روانین، لە یادگارییە کۆنەکانی، کۆنی خۆی.

(ئاندریە) دەستەکانی پشت خۆی خستبوو. دەهاتو دەچوو و بیری دەکردەوە.

لە خۆیی دەپرسی:

ـ ئاخۆ شەڕ بێزاری دەکات؟ دەیترسێنێ؟ یان دڵەڕاوکێی دوورکەوتنەوەی لە ژنەکەی، تووش دەکات؟ رەنگە بیری لە هەردوو لایەنەکەیش کردبێتەوە! ئا لەو بارو دۆخەدا، گوێی لە ترپەی پێ بوو! چونکە خۆی بیری بڵاو بوو، هیچ پێی ناڕەحەت نەبوو. چووە لای سندوقێکەوەو خۆی خەریک کرد. کەمێ ئارام بووەوە. دەنگی پێیەکان خاوو خلیچک بوون و، لە (ماری) دەچوو.

هەر وەکوو ئەوەی بەراکردن هاتبێت بە هەناسەسواریەوە وتی:

ـ وتیان گالیسکەکەت ئامادەی سەفەر کردووە. منیش چاوەڕێی ئەوە بووم بە تەنیا بتبینم. خوا خۆی دەزانێت کەی یەکتر دەبینینەوە؟ ئاخۆ بەم چاوپێکەوتنەم بێزار نیت؟

وەکوو ئەوەیش، بیانوو بۆ هاتنەکەی بێنێتەوە، وتی:

ـ ئاخر لەبەر ئەوە هاتووم، تۆ زۆر گۆڕاویت ئەندرویشا گیان.

بە پێکەنینەوە نازناوەی منداڵانەکەی، براکەی وت و، پێیشی سەیربوو ئەمەی بەردەمی منداڵە چکۆلە فێڵبازەکەی جاران و، هاوڕێی منداڵیی خۆی بێت !

ئەمیش لێی پرسی:

ـ ئەی ئێستا، (لیز) لە کوێیە؟

خوشکەکەی بەرامبەری دانیشتو وتی:

ـ زۆر ماندوو بوو و، هەر زوو، لە نوێنەکەی منداڵ، لێی نوست. ئای ئاندریە گیان. بەو خوایە ژنێکە لە گەنجینەی زێڕ بە نرختر! منداڵێکی نیانە و، هەر زۆرم خۆشدەوێت !

هەرچەند ئاندریە وەڵامی نەداوە. بەڵام بە ئاشکرا گاڵتە هاتنی بەو قسانە پێوە دیار بوو.

خوشکەکەی لەسەری رۆیشت:

ـ با لێبورده بین بەرامبەر هەڵە سادەکان. . ئاندریە گیان! کێ هەڵە ناکات؟ ئەوەیشت بیر نەچێت، لە بارو دۆخێکی جەنجاڵ و پێشکەوتوودا، پێگەیشتووە. باریشی باش نییە. دەبێت خۆمان بخەینە شوێنی هەڵەکارانەوە، بۆ ئەوەی لێیان تێبگەین. کە لێیشیان تێگەیشتین، لێیان دەبوورین. تۆ بڕوانە ئەو داماوە لە مێردەکەی دادەبڕێت و، ئەم ژیانەی لێ تێکدەچێت و، ئیدی دەبێت لە لادێدا بە تەنیا بژیێت.

ئاندریەیش سەرنجێکی داو بە پێکەنینەوە وتی:

ـ ئەی ئەوە نییە خوشکێ، تۆیش لە لادێ دەژیێت! ژینی لادێ هێندەیش ناخۆش نییە!

خوشکەکەیشی وتی:

ـ ژیانی من جیاوازە. من شێوەکانی تری ژیانم نەدیوە و، هەر فێری ئەم جۆرە ژیانە بووم. بیر لەوە بکەوە، ژنێکی لاوی سەردەمیانە:لە گۆڕی لادێ دەنرێت. خۆ باوکیشم هەمیشە سەرقاڵە و، منیش خۆت دەزانیت، ژیانی ژنێکم بۆ دەستەبەر ناکرێت، کە لە چین و تویژێکی پەرەگرتووەوە هاتبێت. تەنیا کچە (بۆربین)مان بە دەستەوە دەبێت.

براکەیشی وتی:

ـ ئەو کچە بۆربینەم هیچ پێ باش نییە، کە باسی دەکەیت !

خوشکەکەی وتی:

ـ وا مەڵێ. ئەو کچێکی نیانە و، جێی بەزەییە. ئەگەر ڕاستت دەوێت، کچێکی بێ پشت و پەنایە و، خۆیشت دەزانیت، باوکم بە منااڵی، هەڵی گرتووەتەوە و، خۆی گەورەی کردووە. خۆ من پێویستیشم پێی نییە و، جاری وایش هەیە نارەحەتم دەکات. چونکە ڕەفتاری، هەمیشە هەڵچووی من و، نەرم و نیانیی ئەو، ناگونجێت. خۆیشم زیاتر حەزم لە تەنیاییە. بەاڵم باوکم زۆری خۆشدەوێت و، لەگەڵ ئەو و میخائیلدا نیانە و، قەرزاربارپشی کردوون.

(ستیرن) وتوویەتی:

ـ (ئێمە کەسانێکمان زیاتر لەبەر ئەوە خۆشدەوێت کە کاری چاکمان بۆ کردوون! نەک لەبەر ئەوەی، ئەوان کاری چاکیان بۆ ئێمە کردووە). وەکوو وتم:کاتی خۆی ئەم (بۆربین)ە چەتیوێکی فڕێدراو بوو و، باوکم لە سەرەڕێدا هەڵیگرتەوە. کە گەورە بوو، ئەم کچەی لێ دەرچوو. باوکم شێوازی خوێندنەوەکەی ئەوی زۆر بە دڵە. هەر بۆیە ئێواران شتی پێ دەخوێنێتەوە.

لەناکاو ئاندریە پرسیی:

ـ ماری گیان، ئێستا ددان بەوەدا دەنێیت کە جاروبارێک بە هۆی عەقڵییەتی باوکمەوە ئازار دەچێژیت؟

خوشکەکەیشی پرسیی:

ـ ئەوە دەڵێی چی؟ ئازار بچێژم!؟ باوکم هەمیشە قسە قسەی خۆیەتی. قسە ڕەقیشە و، ئێستای بەخەمترە لە جارانی.

لەوە دەچوو ماری بیەوێن براکەی بیترسێنێت. دەیویست بیروڕای خۆی دەربببڕێت، نەک گوێ بگرێت.

بۆیە هەڵیدایە:

ـ ئاندریە، تۆ هەرزەکارێکی نایابیت. بەاڵم لە حوکمدانەکانتدا، فرە ڕۆ دەچیت و، سەرت لێ دەشێوێت. ئەوەش هەڵەیەکی مەزنە. ئاخۆ شیاوە مرۆڤ ڕەخنە لە باوکی خۆی بگرێت!؟ با ئەوە سیفەتێکی باویش بێت. چۆن دەبێت بەرامبەر کەسێکی وەکوو باوکم، لە ڕێزگرتن بەوالوە، هیچی ترت ببێت؟ بڕوا بکە من بە نزیکیی ئەو باوکەم، ئاسوودەم. ئاواتیشم ئەوەیە ئێوەش بەختیار بن.

(ئاندریە) سەرێکی ڕاوەشاندو، (ماری)یش لەسەری ڕۆیشت:

ـ گەر ڕاستت دەوێت، ئەوەی بێزاری کردووم گوێنەدانی باوکمە بە کاروباری ئایینی. من تێناگەم پیاوێکی ژیری تێگەیشتووی، وەکوو ئەو، بۆچی ئاوا سەر لێشێواوە!؟ هەرچەند لەم دواییەدا پێشکەوتنم پێوە بینیوە. الڤرتێکانی کەمتر کردووەتەوە. تەنانەت پێشوازیی لە

قەشەیەک کرد و، بە دوورو درێژی دواندیشی.

(ئاندریە)ش بە لاقرتێوە وتی:

ـ ئازیزەکەم دەترسم ماندووبوونەکەی تۆ و، ئەو قەشەیە، بە فیڕۆ چووبێت !

خوشکەکەیشی وتی:

ـ ئای هاوڕێ. . . هەمیشە نزای بۆ دەکەم و، بە ئومێدی پەسەندبوونیشیم.

دوای کەمێ خوشکەکەی بە شڵەژاوییەوە وتی:

ـ (ئاندریە) تکایەکم لێت هەیە !

ئەویش پرسیی:

ـ تکاکەت چییە . . خوشکێ!؟

(ماری)یش وتی:

ـ پەیمان بدە پەسەندی بکەیت. نە ئەم داواکارییەم، ماندووت دەکات و، نە تەریقیش دەبیتەوە. بە پەسەندکردنیشی، دڵی من دەدەیتەوە.

ئەمجا دەستێکی بە جانتاکەیدا گێڕا و، نەیویست دەربێنێت تا پەیمانی لێ وەرنەگرێت.

دواتر بە چاوی پڕ لە پاڕانەوەوە پێی وت:

ـ (ئەندرویشا) دەی پەیمانم بدەرێ.

(ئاندریە)یش وتی:

ـ گەر ماندوویشم بکات، هەر پەیمان دەدەم.

خوشکەیش وتی:

ـ تۆ چۆن بیر دەکەیتەوە ئازادیت. دەشزانم خۆت و باوکت، چوونیەکن. بەڵام لێت دەپاڕێمەوە لە بەر خاتری من، ئەمەم بۆ بکە.

دەستی دایە دیارییەکەی و، وتی:

ـ بەم وێنە پیرۆزە، پیرۆزت دەکەم. باپیرە گەورەمان، لەم تابلۆی قدیسەی، لە هەموو شەڕەکانیدا پێ بووە. تۆیش پەیمانم بدەرێ، کە هەمیشە پێت بێت.

(ئاندریە)یش وتی:

ـ گەر هێندە قورس نییە، بە هۆیەوە:سەرم بۆ زەوی ڕابکێشێت، ئەوا حەز دەکەم بەختیاریی، بخەمە دڵتەوە.

کە ئەو خەمو پەژارە زۆرەی پێوە بینی، هەستی بە سۆزی خوشکی کردو وتی:

ـ هاوڕێ گیان، بە دڵخۆشییەکی فرەوە، جێبەجێی دەکەم.

ماریش بە ڕێزەوە، بە وێنەکەی لەسەر بەری لەپی دەستەکانی بوو. تابلۆیەکی ڕەشباوی چێوە هێلکەیی زێڕینی، زۆر کۆن و جوان بوو و، بە زنجیرێکی زێڕینەوە بوو.

پاشان بە براکەی وت:

ـ بتەوێتو نەتەوێت، ئەمە رزگارکارتە. چونکە ڕاستییەکی لە خۆدا حەشار داوە.

ئەمجا وێنەکەی ماچ کرد و، خاچێکی لەسەر سینەی خۆی، کێشایەوە.

پێشکەشی براکەی کردو وتی:

ـ تکایە لەبەرخاتریٚ من ئەمە بکە.

بریسکەی ئارامی چاوانی ماری، روخسارە نەخۆشەکەی جوانتر کردبوو. (ئاندریە) ویستی وێنەکەی لێ وەربگرێت، خوشکەکەی دەستی کەمێ گێڕاوە. ئاندریە خێرا تێگەیشتو هەرچەند هێمای لاقرتێکردنیشی پێوە دیاربوو، خاچێکی لەسەر سینەی خۆی کێشا. پاشان لێی وەرگرت و ماچی کرد.

ئاندریە کەمێ سۆزی جوڵاو وتی:

ـ سوپاس.

خوشکە نێوچاوانی ماچ کرد و، چووەوە شوێنی خۆی و، بێدەنگی بااڵی بە سەریاندا کێشا.

ماری بێدەنگییەکەی شکاند:

ــ وەکو پێم وتیت نیان و، بە بەزەیی بە. هەرچەند ئەمە پیشەی هەمیشەییتە. حوکمەکانت بەسەر (لیز)ی خێزانتدا با ڕەق نەبێت. ئەو زۆر نیان و دڵپاکە و، ئەم ساتە بەشمەینەتە.

براکەی وتی:

ـ بۆچی زوو زوو ئەمەم پێ دەڵێیت؟ کەی من گلەییم لەلای تۆ کردووە لەبارەی ئەوەوە؟

ماری وەکوو ئەوەی، هەستی بە هەڵەکەی کردبێت، کەمێ سور هەڵگەڕا.

ئاندریە لە سەری ڕۆیشت:

ـ هەرگیز من لە بارەی لیزەوە، گلەییم لەلا نەکردوی و، چەند کەسێک ئەمەیان لەلا دروست کردوویت. وا نییە؟ ئاخر خەمی پێ دەخۆم.

(ماری) پەڵە سورەکانی روخساری چوونەوە و، ویستی وەاڵم بداتەوە. بەاڵم گۆترەکارییەکەی ئاندریە، لە جێی خۆی بوو، ئەم هیچی بۆ نەوترا. ئاخر ئاندریە لیزی ژنی بە چاوی فرمێسکاوییەوە بینی بوو، لە کاتی قسە کردنیدا بۆ ماری و کاتێک باسی منااڵبوونی خۆی و، مەترسیی بە سەر منااڵوەچوونی خۆی و، سکاڵای نالەباری مێردەکەی و، باوکی بۆ دەکرد. ئەوە بوو هێندە گریابوو، بە سەریدا خەوی لێکەوتبوو.

ئاندریە بەزەیی بە خوشکەکەیدا هاتەوە و وتی:

ـ ئەوە بزانە نە لۆمەی ژنەکەمم کردووە و، نە لەمەودوایش دەیکەم. لۆمەی هەاڵس و کەوتی خۆیشم ناکەم، بەرامبەری. بە تایبەتی لەم بارە نالەبارەی خۆماندا. بەاڵم ئەگەر دەتەوێت بزانیت پێکەوە بەختیارین یان نا؟ پێت دەڵێم نەخێر. . نەخێر. . ! گەر بپرسی

لەبەرچی؟ وەڵامی ئەمەیان، خۆیشم نازانم !

ئەمجا هەستا و نێوچاوانی خوشکی ماچ کرد و، سەیرێکی دەرگا کراوەکەی پشتییەوەی کرد.

خوشکەکەیشی هەستایە سەر پێیان و، لە دەم دەرگاکەدا وتی:

ــ ئاندریە. . خۆزگە تۆیش بڕواداری ئایین بوویتایە، تاکوو داوای بەخشینی ئەو خۆشەویستییەت، لە پەروەردگار بکردایە، کە لەبەرت هەڵگیراوە و، لێی بێبەش بوویت. چونکە ئەو دەم نزاکەیشت پەسەند دەبوو.

ئاندریە بەرەو ژوورەی خوشکەکەی ڕۆیشت و، لە ڕارەوەکەدا ڕوو بە ڕووی کچە (بۆرییەن) بووەوە. ئەو ڕۆژە ئەوە سێیەم جار بوو، دوو بە دوو ببنەوە. ئەو کچەیش هەمیشە دەم بە پێکەنین بوو.

کچە بۆرییەن سەری بۆ ئاندریە نەوی کردو وتی:

ـ ئای. . وامزانی هەر لە نوێنەکانتدایت !

ئەویش جۆرێک ڕووی لێ گرژ کرد، ئەو کچەی سوور هەڵگەڕان و، هیچی نەگوت. کچەیش ڕێیەکەی بۆ چۆڵکرد، تاکوو تێپەڕێت.

لە بەردەم ژوورەی خوشکەکەیدا گوێی لە دەنگی (لیز)ی ژنی بوو، خەریکی گێڕانەوەی کۆمەڵێک ڕووداو بوو. هێندە بە خێرایی دەدوا، وەک ئەوەی پەلەی بێت لە گەیاندنی ڕووداوەکان. لە وردەکارییەکانیش نەدەگەڕا و، باسی دەکردن.

ـ (ماری) گیان، بیهێنەوە بەرچاوی خۆت:ئا ئەو پیرەژنە کۆنتسە (سۆبۆڤ)ە بە جووتێ گوارەی ساختەی مسین و، تاقمەکەی دەمییەوە، بە گڕ تەمەنی پیریی خۆیدا دەچووەوە. . . ها. . ها. . ها!!

ئاندریەیش ئەمە پێنجەم جاری بوو، ئەو بەسەر هاتە لە زاری ژنەکەی خۆیەوە ببیستێت و، بێ لە خوشکەکەی خۆی، بۆ کەسانی تریشی گێڕابووەوە!

بێدەنگ خۆیکرد بە ژووردا و، لیزی بە شیشو خوریپەکەیەوە، کەمێ سور هەڵگەڕا بوو و، چەنەبازانە، یاداشتەکانی شاری (پێترزبۆرگ)ی خۆی دەگێڕایەوە.

ئەویش دەستێکی بە قژیدا هێناو لێی پرسی:

ـ ئاخۆ ماندووبوونی سەفەرەکەت دەرچووە؟

ئەویش دوای وەڵامدانەوەی، کەوتەوە چەنەبازییەکەی خۆی !

گالیسکەیەکی شەش ئەسپی سەربەتاڵ لەبەردەم دەروازەدا وەستا. شەوەکەیش، شەوێکی پاییزیی، ئەنگوستەچاو بوو. تەنانەت گالیسکەوانەکە، کەپری گالیسکەکەی سەرەڕێی خۆی نەبینی. چەند کەسێکیش لە بەر ڕۆشنایی فانۆسێک، کاریان دەکرد. پەنجەرەکانی سەرخانەکانی باڵەخانەکەیش ڕووناک بوون. دەنگە دەنگ و، نزاو پاڕانەوەی کەنیزەک و، خزمەتکاران، بۆ سەلامەتی میر ئاندریە دەبیسترا.

میخائیل ئیڤانۆڤیتش و، ماری و، لیز و، کچه (بۆرییِن)یش، چاوەڕوانی هاتنەدەرەوەی (ئاندریه) بوون، له ژووره‌که‌ی باوکی. چونکه باوکی ویستبووی به تەنیا کوڕه‌که‌ی ببینێت. باوکیشی رۆبێکی سپیی نێومالّی له‌به‌ردابوو. چاویلکه‌که‌یشی سه‌ر لوتی نابوو و، سه‌ری به‌سه‌ر کاغه‌زێکدا شۆڕ کردبووەوه دەینووسی.

که له نووسینی نامه‌که بووەوه، له کوڕه‌که‌ی پرسی:

ـ ئێستا هەر دەڕۆی دەڕۆی!؟

دەستی کردەوه به نووسین.

ئاندریه به باوکی وت:

ـ بۆ ئەوه هاتووم، خوا حافیزیت لێ بکەم.

باوکیشی وتی:

ـ زۆر باشه. . ده. . ئێره‌ی رومه‌تم ماچ بکه!

ـ زۆر سوپاس. . زۆر سوپاس، کوڕه‌کەم.

کوڕه‌که‌یشی کوڵمه‌ی ماچ کرد و پرسیی:

ـ ئه‌ی سوپاس کردنه‌که‌ت له‌به‌ر چی بوو؟

باوکی وەڵامی دایەوه:

ـ چونکه پەیوەندی کردنه‌که‌ت به سوپاوه، له کاتی خۆیدایه. ئای له‌و به‌ختیاریيه‌ش، که پیاوانه خۆت به دامێنی کراسی ژنه‌که‌تدا هەڵناواسیت و، ئه‌رکی نیشتمانه‌که‌ت له پێش هەموو ئەرکەکانی تره‌وه دادەنێیت !

دەستی به نووسینه‌که‌ی کردەوه و، به تونديیش پێنوسه‌که‌ی به سه‌ر کاغه‌زه‌که‌دا رادەکێشا.

میره پیره وتی:

ـ هەرچییه‌کت دەوێت، بیڵێ و هیچ پێی بێزار نابم.

کوڕەش وتی:

ـ هەرخەمی ژنه‌که‌مه و، به‌راستی رووزەردی ئەوەم، که دەیکەمه هۆی ماندوو بوون و، ئەرک بۆ تۆ.

باوکیشی وتی:

ـ ئەمه چ قسه‌یه‌که؟ شتی تر بڵێ.

ئاندریه وتی:

ـ زۆر باشه. کەوابوو هەر که ژان گرتی، له (مۆسکۆ)وه، مامانی بۆ بێنه. پێداگریی ئاماده بوونی مامانیش دەکەم، باوکه.

باوکه وای پیشاندا که تێنەگەیشتووه.

میری لاو لە سەری رۆیشت:

ـ خۆ دەشزانم، سروشت خۆی یارمەتیدەر نەبێت، مرۆڤ ناتوانێت هیچی بەرامبەر بکات. ئەوەش دەزانم لە ملیۆنێک حاڵەتی وادا، یەکێکیان مەترسیدارە! بەڵام بڵێو چی، کە هەردوکمان وا بیر دەکەینەوە. ئەویش چەند خەونێکی بینیوە و، جێی خۆیەتی،.کە بترسێت !!

میرە پیرە نامەکەی بە کۆتا هێنا و، واژۆیەکی گەورەی لەسەر دانا.

لەبەرخۆیشیەوە وتی:

ـ ئەممم. . با وا بێت! ئەوەیش لە خۆیدا:شتێکی بێزارکەرە.

کوڕە پرسی:

ـ کامە؟

باوکیشی وتی:

ـ ژنەکەت !

کوڕە وتی:

ـ تێتناگەم!

ئەویش وتی:

ـ هەموویان وان! وەرە بەرمەدەو، ئەم قسەیە ناگێڕمەوە! تۆ خۆت دەزانیت چی دەکەیت؟

پێکەنینە سارەدەکەی کردەوە و، نامەکەی لە زەرف ناو مۆری خۆی لێداو وتی:

ـ چیت دەوێت؟ ژنەکەت جوانە و، بێخەم بەدرێغی لێناکەم.

هەرچەند کوڕە خەمباریش بوو، بەڵام دڵی بە قسەکانی باوکی زۆر خۆش بوو.

میرە پیرە هەستا و، نامەکەی دایە دەست کوڕەکەیو وتی:

ـ گوێ بگرە. خەمی ژنەکەتت نەبێت. درێغی لێناکەین. ئێستا ئەم نامەیەم بۆ (میخائیل ئیلاریۆنۆڤیتش) نووسیوە و، داوام لێکردووە لە شوێنێکی باش، داتبنێت و، نەهێڵێت زۆر لە (ئەرکانی گشتی)دا بمێنێتەوە. چونکە ئەو بنکانە زۆر خراپن. تێبگەیەنە کە ئەوم بیر نەچووەتەوە و، لە خۆشەویستە دێرینەکانمە. . نامەم بۆ بنێرەوە. گەر پێشوازییەکەیت بە دڵا نەبوو، لای مەمێنەوە، چونکە کۆرپی (نیکۆڵا ئاندریەڤیتش پۆلکۆنسکی)، منەتی بە یارمەتیی هەموو کەسێک نییە. با کەسانێکی باڵا و دەست رۆیشتوویش بن !

میرەپیرە زۆر بە متمانەوە قسەی دەکرد. کوڕەکەیشی بەو رەفتارەی ڕاهاتبوو. باوکی دەستی کوڕەکەی گرت و، بردییە لای سندوقێکەوە و، سندوقەی کردەوە و دەفتەرێکی دەرهێنا کە بە هێڵی درشت لەسەری نووسرابوو.

ئەمجا پێی وت:

ـ بێگومان من پێش تۆ دەمرم. جا ئەمە دەفتەری یادەوەرییەکانمە. دوای مردنم، بیدە بە

(ئیمپراتۆر) خۆی. ئەمەش نامەیەک و، ئەوەش قەوالّەی بە خاوەنبوونی (شاخی بەزەیی).

ئەمــەیان دیاریــەکی بــە نرخــە، بــۆ ئەوانــەی مێـژووی شــەڕەکانی (ســۆفۆرۆف) دەنووسنەوە. ئەم دوو بەڵگەنامەیە دەگەیەنێتە (کۆڕی زانیاری). ئەمە تێبینییەکانی من بوو و، دوای من بیانخوێنەوە.

ئەویش نەیویست بە باوکی بڵێت تەمەن درێژ بیت و، هەر هێندەی وت:

ـ بابە. . هەموو ئارەزووەکانت بە جێ دێنم.

باوکیشی وتی:

ـ زۆر چاکە. ئێستاش خوات لەگەڵ.

دەستی بۆ کوڕەکەی درێژ کرد، تا ماچی بکات و، لە ئامێزی گرت.

پاشان پێی وت:

ـ میر ئاندریە ئەوە بزانە:گەر لەم شەڕەدا بکوژرێیت، ئەوا زۆر لەسەر پیرەی باوکت دەکەوێت. خۆ ئەگەر رەوتی چالاکیەکانت، شایستەی کوڕی (نیکۆلا پۆلکۆنسکی) نەبوو، ئەوا خۆت شەرمەزار دەبیت.

کوڕەکەیشی بە زەردەخەنەیەکەوە وتی:

ـ دەبوو ئەمەت لە رووی من نەدایە و، متمانەت ببوایە کە بە دڵی تۆ دەبم.

کە بینیی باوکی بێدەنگ بوو، لە سەری رۆیشت:

ـ بابە تکایەکم هەیە. گەر لە چارەم نووسرابوو بکوژرێم و، کوڕمان بوو، حەز دەکەم لە سایەی خۆتدا پەروەردە ببێت. تکا دەکەم ئەم داوایەم پشتگوێ نەخەیت.

باوکیشی بە پێکەنینەوە وتی:

ـ ئاە. . ئاە. . . کەوابوو نەیدەمەوە دەست، دایکەکەی خۆیشی!؟ وا نییە!؟

هەردووکیان، چاویان برییە یەک و، کپ بوونەوە.

پاشان باوکەکە وتی:

ـ زۆر باشە. ئەوا خواحافیزیشمان لە یەک کرد. فەرموو خوات لەگەڵ !

دەرگاکەیشی بۆ کردەوە.

دوو ئەمیرەکــەیش ئاندریــەیان بینــی هاتــە دەرەوە. تارمــایی میــرە پیرەشــیان بینــی و تێگەیشتن، ئەویش بیری چوو بووەوە، بارۆکەکەی لەسەر بنێ و، هێشتا رۆبی ماڵەوەی لە بەردابوو و، چاویلکەکەیشی بەسەر لووتەوە بوو و، لێیان پرسی:

ـ چی بووە؟ چی!؟

ئاندریە هیچی نەدرکاند و، بە ژنەکەی خۆی وت:ـ وەرە.

(لیز) کە زەرد هەڵگەڕابوو، پرسیی:

ـ ئاندریە هەر دەڕۆیت!؟

میردەکەی لە ئامێزی گرت. ئەویش بەسەر باسکیدا شۆڕ بووەوە و، بورایەوە.
ئاندریەیش بۆ سەر کورسییەکی کێش کردو بە هێواشی بە خوشکەکەی وت:
ـ خواحافیز خوشکێ.
ئەویشی لە ئامێزی گرت و، چەند ماچێکی برایانەی کرد.
لەولایشەوە، کچە (بۆربین) پەڕۆی تەپی بە دەم و چاوی لیزدا دەهێنا.
ئاندریە دوورکەوتەوە و، (ماری)یش بەو دەرگایەیدا هەڵدەڕوانی کە براکەی لێ چووە دەرەوە و، خاچێکی لەسەر سینەی خۆی، کێشا و، خۆی گەیاندە براژنەکەی و، بە لاولۆی ئەویشدا هات. گوێیشیان لە دەنگێکی بەرزیش بوو، لە نووسینگەکەی میرەپیرەوە دەهات و، لە ریزی چەکی غەدارە دەچوو.
میرە پیرە بە خۆی رۆبەکەیەوە، خۆی کرد بە ژووردا و پرسیی:
ـ رۆیشت؟ باشتر !
چاوێکی بە ژوورەکەدا گێڕا و، بووکەکەی بە بوراوەیی بینی و، بە تووڕەییەوە دەرگاکەی بە دوای خۆیدا، داخستەوە.

پاری دووەم

بەشی یەك
ئامادەكاری بۆ نمایش

لە تشرینی یەكەمی سالّی (١٨٠٥)دا، چەند پارچەیەكی سوپای رووسی، دەستیان بەسەر چەند دێیەكی (نەمسا)دا گرت. بەرو دوایش لەو سوپایانە دەگەیشتە دیوارەكانی (برۆنۆ) و، زیانێكی زۆریان لە دانیشتووانی ئەو دەوروبەرە دەدا. قەلاّكە بنكەی سەرەكیی (كۆزۆتۆڤ)ی سەرۆكی بالاّ بوو.

سریەیەكی سوپایش، بە دووریی چارەكە میلێك، لە شارەكەوە جێگیر بوو. چاوەڕێی (٢١)ی تشرینی یەكەم و، هاتنی ئەم گەورە ژەنەرالّی سەركردەی بالایە بوو. لەگەلّ ئەو هەموو دیمەنە دڵڕفێنەی سروشتدا، هەر لە چیا بالاّكانەوە، تا ئەو هەموو رەز و، باخ و، دیوارە بەردینە، سەر بە قرمیدانەوە، تا رەوشی نامۆی دانیشتووانی گوندەكان، كە نامۆییەكەیان، هیچی كەمتر نەبوو، لە سرووشتە رەنگینەكەیان، بە سلّەمینەوە، لە ئەو سوپایانەیان دەڕوانی.

ئەو سوپا مەزنەی رووسیایش، لە ئامادەباشیی، هاتن و، پشكنینی كۆزۆتۆڤی گەورە سەركردەی خۆیاندا بوون.

رۆژی پێشووتر ئەفسەرانی سوپاكە ئاگادار كرابوونەوە لە هاتنی كۆزۆتۆڤی گەورە سەركردە و، پشكنینەكە. بەلاّم فەرمانەكە هێندە ئالّۆز بوو، سەرۆكی فیرقە نەیدەزانی ئاخۆ بە بەرگی جەنگ و گۆڕەپانەوە، پێشوازی لە گەورە سەركردە بكەن یان بە بەرگی ئاهەنگەوە؟ هەرچەند سەربازان ماندووی بڕینی (٨) میلە ڕێ بوون، بەلاّم ئەو شەوە، تا

بەیانی خەو نەچووە چاوانیان.

شتو مەکەکانیان، پاک دەکردەوە و، گۆرانییان دەوت. سەرۆک و جێگرانیشیان، سەرقاڵی سەرژمێریی سەربازەکان و، دابەشکردنیان بوون، بەسەر بنکەکانیاندا. تا بەرەبەیان لەشکرێکی (٢٠٠٠) سەربازییان، ئامادە کرد. هەر سەربازە و، شوێن و کاری دیاریکراوی خۆی دەزانی.

شتو مەکەکانیان پوختە و، تەنانەت لە قۆپچەیشیان کەم نەبوو. گەر پشکنین بۆ دەرپێکانی ژێرەوەیشیان بکرایە، بێخەم بوون. تەنیا شتێک کە بیری ئەفسەران و سەربازانی داگیرکردبوو، شرۆڵیو دڕاویی پۆستاڵەکانیان بوو.

زۆریان ئەوەی بە پێوە مابوو کە دانەماڵرا بوو. هۆی ئەو ناتەواوییەش بۆ فەرماندەی سریەکە نەدەگەڕاوە. بەڵکوو بۆ گەنجینەی سەرەکیی سەربازیی (نەمسا) دەگەڕاوە. چونکە لەگەڵ ئەو هەموو داواکاریانەی سوپادا، شتێکی ئەوتۆی بەو سوپایە نەبەخشی کە پتر لە (١٥٠) فرسەخیان، بڕیبوو.

سەرکردەی فیرقە، کابرایەکی برۆ و لاجانگ سپیی، سنگ پان بوو. بەرگە فەرمییەکەی، بە بەری تەنگ دەینواند و، کەمێ پشتی کووڕ بوو. وا بە بەردەمی فیرقەکەیدا دەهات و دەچوو، وەکوو ئەوەی، تازە بە تازە، لە جێبەجێ کردنی ئەرکەکانی گەڕابێتەوە. وا خۆیشی پیشان دەدا، زۆر دڵسۆزی فیرقەکەیەتی و، گیانی لە پێناویدا دەبەخشێت.

هەنگاوە خاوەکانیشی، وای دەردەخست، شلەشاری و، ژنانی بێت.

بە بزەیەکی بە خۆنازینەوە بە یەکێک لە سەرکردەی کەتیبەکانی وت:

ـ زۆر باشە میخائیل دیمیتریش. . هەی پاڵەوانی ئازیز! شەوی رابردوو، هەر یەکەمان بە ئەندازەی پلەکەی خۆی، ماندوو بوو. وا نییە؟ کەچی ئەوەتا ئێستایش، سریەکەمان لەو پەڕی چالاکی خۆیدایە. تۆیش پێت وا نییە؟

ئەفسەری کەتیبەکەیش بە هەمان شێوە بزەی ئەوەوە، وەڵامی دایەوە:

ـ پێم وایە لە گۆڕەپانی شەڕیشدا بوینایە، رومان گرژ نەدەبوو.

ژەنەرالیش (ئم)یکی کرد.

لەو کاتەدا دوو سوارە، لە رێگەی (برۆنۆ)وە دەرکەوتن. ئەو رێیەی کەوا چاودێری ئاگادارکردنەوە، لە هاتنی گەورە سەرکردەی بۆ دانرابوو. یەکێکیان جێگری ئەفسەر و، ئەوی دیش سوارەیەکی قەوقازی بوو و، سەرکردایەتی باڵا ناردبوونی بۆلای سەرکردەی سریە، تا زانیاریی دوێنێیان پێ بگەیەنێت.

نائب چابگ پێی راگەیاندن، کە گەورە سەرکردە، دەیەوێت سریەکە وەکوو خۆی ببینێت و، لەشکر بە بەرگی گۆڕەپانی جەنگەوە بن و هیچ ئاڵوگۆڕێک نەکرێت.

دوێنێ بەیانی (کۆتۆزۆف) یەکێک لە سەرکردەکانی هاوپەیمانانی بینیوە و، (هۆف کریجران)یش لە (ڤییەنا)وە هاتبوو. داوای لێ کردووە، سوپاکەی بگەیەنێتە سوپای (جین ئەرشیدۆق فردیناند) و (جین ماک))).

(کۆتۆزۆف)یش ئەو تێکەڵبوونی لەشکرانەی بە بێسوود زانیوە. هەر بۆیە ویستوویەتی باری نالەباری ئەو لەشکرانەی رووس، پیشانی ژەنەرالّی نەمساوی بدات. بۆیە دەیەوێت یەکە سەربازییەکان بەو جۆرە ببینێت، کە هەن.

لەبەر ئەوەی ئەو (نائب چابگ)ەی کە هەواڵەکەی هێنایەوە جوان تێنەگەیشتبوو. ئەوەندەی هەواڵا هێنابووەوە کە دەبێت بە بەرگی گۆڕەپانی جەنگەوە بمێننەوە بۆ پێشوازی. گەڵ ئەم فەرمانەیش جێبەجێ نەکرێت ئەوا (سەرکردەی باڵا) زۆر دڵگران دەبێت.

ژەنەرالّی سە رکردە سریەیش، شانەکانی هەڵتەکاندو رانەکانی بڵاو کردەوە و سەری نەوی کرد.

ئەمجا بە تووڕەییەوە بە سەرۆکی کەتیبەی وت:

ـ ئەوەتا ئێستا ئێمە لە باریکی خراپداین. (میخائیل دیمتریش) من پێم وتیت پاڵتۆکان لە پێداویستییەکانی گۆڕەپانی جەنگن. ئای خوایە. . . خۆایە!

کەوتە جوواڵەو، هاواری کرد:

ـ سەرۆک فەسیل و نەقیبەکان !

رویشی کردە نێردراوەکەی سەرکردەی باڵاو لە ئەویشی پرسی:

ـ ئاخۆ کۆتۆزۆف زوو دەگاتە لامان؟

(نائب چابگ)یش وتی:

ـ رەنگە تا سەعاتێکی تر بگەن.

دیسان پرسیی:

ـ جا سەربازەکان فریای خۆگۆڕین دەکەون؟

ئەویش لە وەڵامدا وتی:

ـ نازانم گەورەم.

ژەنەرالّا لە ریزی یەکەمی سوپا ریزبووەکەی چووە پێشەوەو فەرمانی دا:

ـ پاڵتۆکانتان لەبەر بکەن.

ئەفسەرانی فەسیلەکانیش، بە نێو ریزەکاندا گەڕان و، هەمان فەرمانیان راگەیاندەوە. چاودێرەکانیش فەرمانیان بۆ خوارتر دەرکرد.

سەربازانیش پەستی کۆنی و شڕی پاڵتۆکان بوون. کەوتنە جموجوڵاو، خشو هوڕی پشتەکۆڵەکانیان ئەو ناوەی پرکرد. کەوتنە ژماردنی پاڵتۆکان و رێکخستنەوەیان بۆ لەبەرکردن. لە نیو سەعاتدا لەبەرکرانو خۆیان رێخستەوەو بێدەنگی باڵی بەسەردا کێشانەوە ژەنەرالّەکەیان بەهەنگاوە خاوەکانیەوە کەوتە چاودێریکردن و، هاتوچۆ بە بەردەم لەشکرەکەیدا.

دواتر بە هەڵچوونێکەوە هاواری کرد:

ـ ئەمە چیە؟ یەعنی چی؟

چەند هەنگاوێکی دی چووە پێشتر و، پرسیی:

ـ با سەرۆکی فیرقەی سێ بێت.

چەند دەرەجەدارێک بەرودوا هاواریان کرد:

سەرۆکی فیرقەی سێ بچێتە بەردەم ژەنەرالا.

ئەفسەرێکیش بە ڕاکردن گەڕا بە دوی سەرۆکەکەدا. لەوبەرودوا وتنەوەیەی فەرمانی (ئەفسەری فیرقەی سێ بۆ لای ژەنەرالا) فەرمانەکە گۆڕا بۆ (فیرقەی سێ بۆ سەرۆک). (ژەنەرالا بۆ فیرقەی سێ).

ئەفسەری بانگکراویش لە ریزەکان هاتەدەر. هەرچەند هەرزەکار نەبوو، بەڵام هەر بەراکردن بەرەو ژەنەرالا چوو. هێندە ناقۆڵا رایدەکرد، قاچەکانی قاپاوێژی دەکرد و، مووچە دەرپەڕیوەکانی، هەردوو پێی، بەریەک دەکەوتن.

ڕوخساریشی هەروەکوو ئەو خوێندکارە دڵەڕاوکێدارە بوو، کاتێک مامۆستاکەی پرسیاری لەو وانەیەدا لێ دەکات، کە ئەو خۆیی بۆی ئامادە نەکردووە!! هێندە لوتی خوراندبوو، چەند پەڵەیەکی سپیی پێوە دیاربوو و، لێوەلەڕەی بوو. تا نزیکتر دەبووەوە، خاوو دەبووەوە و، هەناسە سوارتر دەبوو.

ژەنەرالا سەیرێکی سەرتاپای کردو، چەناگەی خوارەوەی کە هێمای تووڕەبوون بوو، بردە پێشەوە و، هاواری کرد:

ـ ئەمە یەعنی چی؟ ڕەنگە کەمێکی دی عابای سپیش بە سەربازەکانت بپۆشیت!

پەنجەی بۆ سەربازێک ڕاکێشا کە ڕەنگی پاڵتۆکەی لەوانی دی نەدەچوو و وتی:

ـ تۆ لە کوێ بوویت؟ ئیمە خۆمان بۆ پێشوازیی سەرکردەی بالا، ئامادە کردووە و، تۆیش شوێنی خۆت جێهێشتووە. ئای! مەرجە فێرت بکەم:ڕۆژی نمایشکردن، دەبێت سەربازەکانت چۆن بن !

سەرۆکی فیرقەیش، بە دوو پەنجەی سڵاوی سەربازیی کردو، دوو پەنجەکەی هەر بە خوودەکەیەوە بوو و، وەکوو ئەوەی هەر ئەو جۆرە سڵاوە بزانێت، وابوو !

ژەنەرالا کەمێ خاو بووەوە وتی:

ئێستا قسە بکە. ئەو سەربازە کێیە، کە پاڵتۆ ڕەنگ جیاوازەکەی پۆشیوە؟ ئەوە هەنگارییە!؟

ئەویش هاتە گۆو وتی:

ـ خاوەن شکۆ. . . خاوەن شکۆ. . .

ژەنەرالا بێزار بوو و، قسەکەی پێ بڕی:

خاوەن شکۆ! خاوەن شکۆ! وەڵامی پرسیارەکەی من، بدەوە. . .

ئەویش بە ترسەوە وتی:

ـ خاوەن شکۆ. ئەوە (دۆڵۆخۆف)ە. ئەو ئەفسەرەی پلەکەیان لێ سەندەوەو کردیانەوە بە سەربازێکی سادەی بێ پلە.

ژەنەرالا هاواری کرد:

ـ (دۆلۆخۆف) لە بری ئەوەی بکرێتە مارشالا، پلەکەیان دابەزاندەوە بۆ سەرباز!؟ ئەی باشە بۆ بەرگی سەربازیی لەبەردا نییە؟

ئەویش وتی:

ـ خۆت لە رەوەکەدا، رێت پێدا کە ئەو بەرگە لەبەر بکات.

کەمێ هەڵچوونەکەی ژەنەرالا رەوییەوە و وتی:

مـن رێـم پێـداوە!؟ مـن رێـم پێداوە؟ ئـەی هـەرزەکاران هـەمووتان یـەک جـۆرنن. یـەک وشەتان. .

دیسان هەڵچووەوە:

ـ وشـەیەکتان پـێ دەوترێت. . . دەیکەنـە. . . چییـە؟ هـا؟ بـا سـەربازەکانت بەرگـەکانیان لەبار بێت.

دەستی کردەوە بـە هەنگاونانـە خاوەکانی. سـەیرێکی تـری (نائب چابگ)ی کردەوە و، بەرەو کۆمەڵە سەربازەکە بووەوە. پێدەچوو، بۆ شتێکی تر بگەڕێت، تـا تووڕەبوونەکـەی خۆی پێ دامرکێنێتەوە.

کەوتـە پشـکنین و بـە ئەفسـەرێکی وت:یەخـەی کراسـەکەت نـا رێکـو چڵکنـە! بـە یـەکێکی تری وت:(ریزەکەت تێکداوە!)

گەیشتە فیرقەی سێ و، پێنج سەربازی مابوو بگاتە لای ئەو (دۆلۆخۆف)ەی کە رەنگی بەرگەکەی بەسەر شیندا دەپڕوانی.

لێی پرسی:

ـ ئەمە چ رێکپۆشییەکە؟ کوا رانەکانت؟ رانەکانت؟

ئەویش کەمێک جوڵا و، خۆی رێکخستەوە.

ژەنەرالا لێی پرسی:

ـ ئەم پاڵتۆ شینە چییە؟ هـەر ئێستا دایبکەنە! ئادەی چاودێر بۆی بگۆڕە بـە. .

(دۆلۆخۆف) بە شێوازێکی کەمێ رەقەوە قسەکەی پێ بڕیو وتی:

ـ گەورەم ژەنەرالا. من فەرمانی سەربازی جێبەجێ دەکەم. نەک بەرگەی. .

ژەنەرالیش وتی:

ـ بێدەنگ. لە ریزەکاندا قسەکردن قەدەغەیە. بێدەنگ بە.

(دۆلۆخۆف) بە دەنگێکی بڵندەوە قسەکانی تەواو کرد:

ـ . . . نەوەکوو بەرگەی سوکایەتی بگرم !

ژەنەرالا دەستی لە قایشەکەی پشتی توندتر کرد و وتی:

ـ فەرموو بەرگەکەت بگۆڕە. تکایە. .

پاشان لێی دوور کەوتەوە.

بەشی دوو
کۆتۆزۆڤ

یەکێک لە چاودێرانی رێگا، هاواری کرد:

ــ هـــات!

روخساری ژەنەرالا سوور هەڵگەڕا و رەشمەی ئەسپەکەی گرت و سوار بوو. شمشێرەکەی بەسەر زینی ئیسپەکەی ژێرێدا بەردایەوە و، وەرەی بە خۆی داو رووی کرایەوە.

سەربازانی سریەیش، وەکوو چۆلەکە خۆیان راوەشان و، بەرد ئاسا وشک بوون.

ژەنەرالا بە لە خۆبایی بوونەوە هـاواری کرد:

ــ ور. . . یا. . . بن !!

لە رێگا پانە دوو تەنیشت بە ریزە درەختەکەوە، یەکێک لە گالیسکە، شینی کاڵە بەرزەکانی، (ڤیەننا)یی، بە جیڕەو تەقەتەقێکی کەمەوە بە خێرایی دەهات. شەش ئەسپ رایاندەکێشاو، پاسەوانێکی کرواتیی، لە تەکدا بوو. لە بەردەم سرییەکەدا وەستا.

کۆتۆزۆڤ بە چرپە بۆ ژەنەرالێکی بەرگ سپی دەدوا کە دەتوت:پەڵەی سپیە بە دیواری رەشەوە. بە دەم قسە کردن و، سەیری یەکتری کردنەوە دابەزین. هەر وەکوو ئەوەی، ئەو (٢٠٠٠) سەربازەی کە هەناسەیان لە خۆیان بڕی بوو و، سەیری ئەوانیان

دەکرد، بوونیشیان نەبێت، وابوو !

فەرمانی درایە سرییەو، سریەش شەپۆلیداو، زرنگەی چەکەکانیان بڵند بووەوە و پاشان کپ بوونەوە. گەورە سەرکردە بە دەنگێکی نزم سڵاوی لێکردن.

ئەوانیش بە دەنگێکی بڵند وتیان:

ـ (داوای تەندروستی باش بۆ خاوەن شکۆ دەکەین).

ئەویش دیسان کپ بوونەوە. دوای ئەوەی لە جێی خۆیەوە نمایشی سرییەکەی بینی، خۆی و ژەنەرالّە سپییەکە، چوونە ریزی پێشەوەی سرییەکە و، ژەنەرالّی سەرکردەش بە دوایانەوە.

دوای ئەوەی سەرۆکی سرییە، بە شمشێرە هەڵکێشراوەکەیەوە، سرییەکەی پێشکەش کردن، وا خۆی پیشاندەدا کە هەمیشە لە بەجێگەیاندنی کاروباری سەربازەکانیدایە.

سریەکەیش لە باشترین باریدایە و، چاکترین لەشکرێکە کە گەیشتبێتە (برۆنۆ). نە (٢١٧) سەربازی نەخۆش و هەڵاتووی هەیە و، نە هیچ!! بێ لە کێشەی (پۆستالا)یش، کێشەی تریان نییە.

کۆتۆزۆقیش ناوە ناوە، بە چەند وشەیەک، ئەو سەربازانەی دەدوان، کە لە شەڕی تورکیادا ناسیبوونی. کە پۆستالّە شڕو کۆنەکانیانی دەبینی، سەری با دەدا.

جۆرێک سەرنجی ژەنەرالّە سپییەکەی دەدا، وەکوو ئەوەی بیەوێت بڵێت:لۆمەی کەس ناکەم و، تەنیا خەم بۆ سەربازەکان دەخۆم. سەرۆکی سریەش هێندە گوێڕایەڵانە، لە کۆتۆزف نزیک ببووەوە، تا نەهێڵێت یەک سەرنجی گەورە سەرکردە چییە، بە سەریدا تێپەڕێت.

یاوەرەکانی گەورە سەرکردە، کە (٢٠) کەسێک دەبوون، هێندە لێی نزیک بوون، ئەگەر بە چرپەش بدوایە، تێی دەگەیشتن. ئەو یاوەرانە بۆیان هەبوو، بدوێن و پێیش بکەنن.

(نائب چابگ) یکی قۆزیش، بە دوای گەورە سەرکردەوە بوو و، نیوی (پۆلکۆنسکی) بوو و، (نیسفیتسکی)ی هاوڕێیشی هاوشانی بوو. ئەمیشیان کەڵەگەتێکی تۆکمەی روو بە خەندە بوو. ئەمەیان لە ڕەوەکەدا پێکەنینی بە (نائب چابگ)یکی ڕەشتالّە دەهات، چونکە (ئەو نائب چابگ)ە، چاوی بڕیبووە، پشتەسەری سەرۆکی سرییەکەی بەردەمی و، لە دوایەوە، هەمان جووڵەی ئەوی دووبارە دەکردەوە.

ئەو نیستفسکییە، بەوەشەوە نەدەوەستا و، ئانیشکی لە دەوروبەرەکەیشییەوە دەژەندو سەرنجی ئەوانیشی بۆ ئەو یاریدەدەرە ڕەشتالّەیە، رادەکێشا.

کۆتۆزۆفیش بەبێ گوێدانە ئەو هەزاران سەربازە، ڕێی دەکرد. لە بەردەم (فیرقەی سێ)دا، هێندە لە ناکاو وەستا، وەختەبوو ئەوانەی دوایەوە، خۆیانی پێدا بکێشن. گەورە سەرکردە بانگی ئەو ئەفسەری فیرقەیەی کرد کە خەریکبوو پاڵتۆ.شینەکە بۆی ببێتە کێشە.

پێی وت:

ـ ئاه. . ! ئاه. . ! (تیمۆخین) !

کەس نەبوو بتوانێت وەکوو (تیمۆخین) قنج و قیت بوەستێت. کەچی هەر کە گوێی لە ناوەکەی خۆی بوو، خۆی قیت تر کردەوە !

کۆتۆزۆف دەیزانی، ئەو تیمۆخینە، ناتوانێت بەو قیتییەیەوە زۆر بمێنێتەوە، بۆیە بە بزەیەک کەوتە سەر ئەو روخسارەی، کە هێشتا شوێنی بریندار بوونە کۆنینەکەی، پێوە بوو و، لێی دوور کەوتەوە، تاکوو ئەو داماوە، بتوانێت باری حەواوەی ئاسایی خۆی، وەربگرێتەوە.

بە سەرکردەی سرییەشی وت:

ـ ئەمەیش ئەو ئەفسەرە ئازایەیە. ئاخۆ خۆشحاڵیت پێی؟

سەرۆکی سرییە قەڵەمبازێکی بۆ پێشەوە دا و، وتی:

ـ زۆر پێی پێخۆشحاڵم خاوەن شکۆ.

هەر لەو کاتەیشدا ئەفسەرە رەشتاڵەکە وەکوو ئاوێنە جووڵەکانی سەرکردەی باڵای، لاسایی دەکردەوە.

کۆتۆزۆفیش بە بزەیەکەوە وتی:

ـ هەر یەکەمان، چەند سەرنجێک لە بیریدا هەیە. بەڵام ئەو زیاد لەپێویست خۆی لە (باخوس)ی خواوەندی مەی، هەڵدەسوێت!

گەورە سەرکردە لەسەر پشکنینەکەی سەرومڕ بووەوە و، سەرکردەی سرییە نەیوێرا، وەڵام بداتەوە.

لە خۆی پرسی:

بڵێی من بەرپرس بم لەو لاوازییە؟

(نیستیفسکی) ئەفسەرە رەشتاڵەکەی بینی وەکوو خۆی لاسایی سەرکردەی سرییە دەکاتەوە! خۆی پێ نەگیراو دایە پرمەی پێکەنین. کە کۆتۆزۆف ئاوڕی دایەوە وا جووڵەی لە خۆی بڕی بوو، هەر دەتووت ئەویش نەبووە.

دوایەمین نمایشکەر کەتیبەی سێ بوو. پشکنینی بۆ کرا.

کۆتۆزۆف زۆر بیری کردەوە و، زۆریشی لە خۆی کرد، کە ئەوەی بڕیاری دابوو بیکات، بیری بکەوێتەوە. بەڵام بێسوود بوو.

لە پڕێکدا میر (ئاندریە) لە ڕیزەکەی هاتە دەرو چووە بەردەمی و، بە فەرەنسی پێی وت:

ـ گەورەم ڕاتسپاردبووم، کە دۆڵۆخۆفت وەبیر بێنمەوە! ئەو ئەفسەرەی پلەکەی داگیرابوو و، کرابووەوە بە سەربازی ئاسایی.

کۆتۆزۆف پرسیی:

ـ ئەو (دۆلۆخۆف)ە لە کوێیە؟

دۆلۆخـۆف چـاوەڕێی ڕیزبەنـدی بانگەوازەکـەی نـەکرد و، هاتـە دەرو لـە بەرامبـەر، سەرکردەی بالادا، پێیەکانی جوت کردو، لە باری وریابوونداو وەستا.

دۆلۆخۆف هەرزەکارێکی گەش و ڕوو کراوەی چاو شینی قژ خورمایی بوو. زووتر پاڵتۆ شینەکەی بە خۆڵەمێشییەکی سەربازی گۆڕی بوو.

گەورە سەرۆک لە میر (ئاندریە)ی پرسی:

ـ دەتویست شتێک بڵێیت؟

میر (ئاندریە)یش وتی:

ـ گەورەم ئا ئەمە (دۆلۆخۆف)ە.

گەورە سەرۆکیش ڕووی کردە (دۆلۆخۆف) و وتی:

ـ ئاە! بە هیوام ئەو وانەیەی پێیان داویت، بەری ڕێی خراپەت لێ ببڕێتەوە. سەربازێکی چاک بە. ئەوە بزانە گەر هەڵس و کەوتت باش کرد، ئیمپراتۆریش بە بەزەیی دەبێت و، منیش تۆم بیر ناچێتەوە.

(دۆلۆخـۆف)یـش، هـەر وەکـوو چـۆن پێشـووتر، لـە بەرامبـەر سـەرکردەی سـرییەدا کردبووی، بوێرانـە چـاوانی بڕییـە چـاوانی گـەورە سـەرۆکیش. جۆرێـک ئـەو بەربەسـتەی نەهێشتەوە لە نێوان سەرکردە بالاکان و سەربازاندا هەبوو!

بە دەنگێکی بڵندەوە وتی:

ـ تەنیا شتێک لە ئێوەی خـاوەن شکۆ داوادەکـەم. ئـەوێش ئەوەیـە ڕێـم بـدەن دڵسـۆزانە خۆم لە پێناوی ڕووسیا و، خاوەن شکۆدا بەخت بکەم و، هەڵەکانم ڕاست بکەمەوە.

(کۆتۆزۆف) ڕووی لێ وەرگێڕا. تاکوو پێکەنینەکەی هەر وەکوو چـۆن بـە (تیمـۆخین)ی سەرکردەی، شاردبووەوە، لە ئەمیشی بشارێتەوە. چونکە ئەو قسانەی بە سواو و، ماستاو کردن، دەزانی.

سرییەکەیش بڵاوەی لێکردو بە هیـوای ئـەوەوە بـوون، دوای ئـەو سـەفەرە ماندووکـەرە چاوەڕێی حەوانەوە بوون و پۆستاڵی نوێیان بەسەردا دابەش بکرێت و، بـەرگی نوێیـان پێ بدرێت.

گـەورە سـەرۆک بـەرەو گالیسـکەکەی بـووەوە و، هـەر بـەو شـەوە، گەڕایـەوە بـۆ سـەربازگەکانی دەورو بـەری (برونـز). چونکـە سـەربازگەکانی تـریش، لـە چـاوەڕوانیی، پشکنینەکەی ئەودا بوون.

تیمۆخین کەوتە ئامادە کردنی سرییەکەی، بۆ ڕۆیشتن. سـەرۆکی سـرییەیش، شـاد بـوو بەوەی لەو پشکنینە، بێ سەرئێشە، قوتاری ببوو.

بۆیە بە دڵی خۆش و، بزەیەکەوە وتی:

ـ (برۆخۆف ئینیاتیتش) گیان. خوازیارم بێزارم نەکردبیت. خۆت دەزانیت خزمەتکردنی (قەیسەر) هەروا ئاسان نییە. ئێ پیاویش کە بووە سەرۆکی فیرقە، ناتوانێت قسە و، گفتوگۆکانی وردو بە سەلیقە و، نیانانە بێت. بەڵام خۆت دەمناسیت کە هەمیشە ئامادەم داوای لێبوردن لە خۆشەویستانم بکەم. دەی ئێستا سوپاسێکی بێ پایانی تۆیش دەکەم.

دەستی تەوقە کردنی بۆ درێژ کردو، ئەویش کە سەری لووتی سوور هەڵگەڕابوو، چەناگە خوارەکەی و، شوێنی ئەو دوو دانە شکاوەی دەرکەوت، کە کاتی خۆی، لە شەڕی (ئیسماعیل)دا، قۆناغە تفەنگ شکاندبووی.

بە سەرکردەی سرییەی وت:

ـ چۆن تێناگەم؟ قسەکانت دروستن.

سەرکردەیش وتی:

ـ هەر بەم بۆنەیەوە، بە (دۆلۆخۆف) بڵێ کە سەرکردە لە بیری ناکات. دەمێک بوو دەمویست لێت بپرسم:ئاخۆ هەڵسو کەوتی ئەم (دۆلۆخۆف)ە چۆنە؟ بیروڕای تۆ چۆنە بۆی؟

ئەویش وتی:

ـ لە خزمەتکردنی سەربازییەکەیدا، زۆر وردە. بەڵام ژیری و بیرکردنەوەی. .

ژەنەرالا قسەکەی پێ بڕی و پرسی:

ـ عەقڵیەتی چۆنە؟

ئەویش وتی:

ـ بە گوێرەی کاتە خاوەن شکۆ. هەرزەکارێکی زیرەک و جاروبار بە رەوشتە. ناوە ناوەیەکیش، درندەیەکی زیانبەخشە! لە (پۆڵۆنیا) خەریک بوو، جوولەکەیەک بکوژێت !

ژەنەرالیش وتی:

ـ راستدەکەیت. بەڵام پێویستە ئێمە یارمەتیدەری هەرزەکاران بین، لە لێقەومانیاندا. کاتی خۆی، ئەو گەنجە، چەند مەدالیایەکی گرنگیشی بە دەست هێناوە. هەروەها دەتوانێت...

(تیمۆخین) بزەیەکی هاتێ و، وای پیشاندا کە تێدەگات، گەورە سەرۆک دەیەوێت یارمەتی بدات.

بۆیە بایدایەوە و وتی:

ـ فەرمان فەرمانی خۆتە . . . گەورەم.

ئەویش هەڵیدایە:

ـ چاکە چاکە!

ژەنەرالا بە سواریی دای بەلای سەربازەکاندا و، بە دەنگی بەرز پێی وتن:

ـ زۆر چاکە. لەسەر حسابی خۆم، با هەر سەربازەو پێکێک عەرەق هەڵبدات. سوپاس بۆ خوا کار لە باشیدایە.

پاشان بەرەو فیرقەیەکی تر چوو.
(تیمۆخین)یش رووی کردە (نائب چابگ)ەکەی یاریدەدەری خۆی و، وتی:
ـ پیاوێکی ئازایە و پەنجەی لەگەڵ نەرم دەکرێت !
نائب چابگ یش وتی:
ـ سەربازانیش نازناوی (شای دڵپاکان)یان پێ بەخشیوە.
سەربازان دڵیان خۆش بوو و، کاتی سەفەرەکەیان، بەدەم ڕێوە کەوتنە نوکتە گێڕانەوە و، وتوویژ:
ـ بە (کۆتوزۆف)یان دەوت لارکوێر. یان پێیان دەوت پیاوە خێڵەکە.
یەکێکیان هەڵیدایە:
ـ کوڕە تۆ هەڵەیت و چاوانی لە چاوانی تۆ، تیژترن! ئەوە پۆستاڵا و گۆرەوییەکانیان دەپشکنی، بۆیە هەر سەیری زەوییەکەی دەکرد.
یەکێکی تر هەڵیدایە:
ــ بڕوا بکەن ئەو دەمەی پێیەکانی منی دەپشکنی، هەروام لێکدایەوە.
یەکێکی دی وتی:
ــ ئەی ئەو نەمساوییەی هاوڕێیت بینی!؟ هەر دەتووت مەرەکەبی پێدا ڕژاوە !!
ئەویتر هاواری کرد:
ــ هێی ڤیدیا. هیچت نەبیست لەبارەی ئەوەوەی:ئاخۆ کەی بەرامبەر (پۆناپارت) دەجەنگین؟ ئاخر تۆ لێیانەوە نزیک بوویت. ڕەنگە ئێستا (پۆناپارت) لە (برونۆف)دا ــ مەبەستی (برونۆ) بوو- بێت.
ئەوی تر وتی:
ــ (پۆناپارت) لە (برۆنۆف - برۆنۆ)دا بێت؟ ئەمەت لەکوێوە هێنا هەی بلبلی خۆش ئاواز؟ بۆچی تۆ نازانیت تەنیا شوێنێکی سەخت هەبێت (برۆسکۆ ـ بروسیا)یە؟ کەچی تۆ پێت وایە لە (برۆنۆف - برۆنۆ)یە. پیاوێکی زیرەک نیت. چی دەبێت کەمێک چاوو گوێت بکەیتەوە!؟
یەکێکی تر هەڵیدایە:
ـ داخ لە دەست ئەو لێژنەی دابەشکردنی خۆراکەیش!! خۆیان لە دێیەکدا نیشتەجێ بوون و، هەرگیز پێش گەیشتنی ئێمە خواردن ئامادە ناکەن.
یەکێکی تر وتی:
ـ هەی پیرەی نەفرەتی. . بێگومان بە، لە لەتە پسکیتێکیشت ناگرن.
ئەوی تر پرسیی:
ـ ئەی ئەوە کێ بوو دوێنی جگەرەی دابەشکرد و بەڕێزیشت، بەرت کەوت!؟ هەر خێرا

بیرت چووەوە!؟ بگرە. بگرە ئەوە بۆ تۆ! خوا پەنات بدات.

سەربازێکی دی لەولاوە وتی:

ـ خۆزگە پشوویەکمان دەدا. ئاخر رێیەکی زۆرمان ماوە، پێش ئەوەی پاروویەک لە دەم بنێین، تاکوو بیبڕین.

یەکێکی دی بە لاقرتێوە وتی:

ـ دەخوازیت ئەڵمانەکان بە گالیسکە بتگێڕن؟ بە خوا باشە!

ئەویش وەڵامی دایەوە:

خۆ ئێمەی هەرزەکاران، جاران تاجی رووسیا بووین. کەچی ئێستا پێخاوسانی ژێر دەستی، ئەڵمانییەکانین !

ئەفسەری سەرکردەیش هاواری کرد:

ـ با تیپی مۆسیقاو گۆرانی بێژان، بێنە بەرایی ریزەکانەوە.

خێرا (٢٠) سەرباز هاتنە پێشەوەی ریزەکانەوە. سەرۆکی تیپەکە دەستەکانی درێژ کردو ئەم سروودە سەربازییەی وت:

ئەمە رۆژ نییە:هەڵات:

رووننـــی کردەوە، وڵات

بەم دێرەیش کۆتایی هات:

لەگەڵ باوە کامانسکی:

هەر پێی دەگەین، هەر پێی دەگەین

سەرکەوتنمان وە دەست دەخەین.

کاتی خۆی ئەم سروودە نیشتمانییە لە کاتی بە گژا چوونەوەی (تورکیا) دانرابوو. بەڵام ئێستا بە دەستکارییەکی سادەوە، لە کۆتا شیعرەکە. لە نەمسادا، دەوترێتەوە. لەبری (باوە کامانسکی)، (باوە کۆتۆزۆف)یان، دانابوو.

هەر کە سروودەکەیان کۆتابوو، دەستیان بۆ زەوی درێژکرد، وەکوو ئەوەی شتێک فڕێ بدەن.

تەپڵا لێدەرەکەش بە رەقییەوە لە هەموویانی روانی. کە زانی هەر بیست کەسەکەیان، سەیری ئەو دەکەن. ئەویش وەکوو ئەوەی شتێکی گرانبەهای بخاتە سەر سەری خۆی، وابوو. دواتر ئەو شتە وەهمییەی کەس نەیدەبینی، فڕێدا.

ئەمجا هاواری کرد:

ئای. . ئای کۆختەکەم!

کۆختە جوان و پوختەکەم!

((20دەنگ بە دوایدا وتیانەوە:

کۆختە جوانو نوێیەکەم !

هەرچەند تەپڵ لێدەر، بارەکەیشی قورس بوو، بەڵام هەر بە راکردن هاتە دەرەوە و، بەدەم لێدانییەوە دەسوڕا و، شانەکانی هەڵدەتەکاند.

سەربازەکانیش چالاکانە لەسەر رەزمی ئاوازەکە باسکیان دەهێنا و، دەبردو بە تووندی پێیان بە زەویدا دەدا.

دوای کەمێک جیرەی رەوڕەوەی گالیسک و، خرمەی پێی ئەسپ دەهاتە گوێ. ئەو دەنگە دەنگە:(کۆتۆزۆڤ)و یاوەرانی بوو و، بەرەو شار دەبوونەوە.

ژەنەرالا بە ئیشارەت، گەورە سەرۆکی تێگەیاند با سەربازەکان ئازادانە رێ بکەن و ریزبەندیی وێڵا بکەن. زۆریش شاد بوون بەو تیپە مۆسیقایەو، گۆرانییێژان و، ئەو سەماکەرەی پێشەنگیان بوو.

لە ریزی دووەمیشدا، سەربازە چاو شینەکەیش، بەو جوولە چالاکانەی، لەگەڵ رەزمی سروودەکەدا بە ئەسپەکەی دەکرد، سەرنجی ئەوانی تری رادەکێشا. ئەفسەرێک لە ریزەکەی هاتە دەرو، لە چاوشینەکە، کە (دۆلۆخۆف) بوو، نزیک بووەوە.

ئەفسەرەکەیش (جۆکۆف) بوو و، لە (دواکەوتووەکانی پەیوندی کردن بە سوپاوە بووە متخلفین) بوو و، دەبوو پەیوەندیی بەو فیرقەیەوە بکات، کە (دۆلۆخۆف) سەرکردایەتیی دەکرد. بەڵام کە هەستی کرد، کۆزۆتۆف، ئەو بایەخە تایبەتییەی پێدا، رەوتی لۆقەی ئەسپەکەی خاو کردەوە، تاکوو پێ بە پێی ئەو بڕوات.

بە دەنگێکی زاڵا بە سەر ئاوازەکەدا و، بە رووبەکی خۆشەوە وتی:

ـ پیرەی هاوڕێم لە چیدایت؟

(دۆلۆخۆف) بە ساردییەکەوە وەڵامی دایەوە:

ـ ئەوەم کە دەمبینیت.

(جرکۆف) پرسیی:

ـ نێوانت لەگەڵ سەرۆکەکاندا باشە!؟

ئەویش وەڵامی دایەوە:

ـ هیچ گلەییەکم نییە. ئەوان هەموویان پاڵەوانن. وەرە پێم بڵێ:ئەی تۆ چۆن خۆت کرد بە نێو (ئەرکانی گشتی)دا؟

(جرکۆف)یش وتی:

ـ وەکوو ئەفسەرێکی پەیوەند، گوازراومەتەوە بۆی.

بێدەنگ بوونەوە و، کەمێ گوێیان لەو سروودە هەژێنەرە گرتەوە، کە دەیوت:

هەلـَۆ تێی تەقاند بۆ لای ڕاستەوە

زۆر بە خێرایی و پڕ لە گواستەوە

گەر ئەو سروودە نەبوایە، گفتوگۆکەیان شێوازێکی تری بە خۆوە دەبینی.

(دۆلۆخۆف) پرسیی:

ـ راستە دەڵێن نەمساییەکان شکستیان خواردووە و، بەزیون؟

ئەویش وتی:

ـ هەرچەند خوا نەبێت، کەس نازانێت، بەڵام لەوە دەچێت.

دۆلۆخۆڤیش لەسەر نەزمی سروودەکە وتی:

ـ باشتر.

(جرکۆف) هەڵیدایە:

ـ ئێوارەیەک سەرمان لێبدە، تا بە دڵی خۆمان یاری بکەین.

ئەویش وەڵامی دایەوە:

ـ سوێندم خواردووە، تا پلە سەربازییەکەم، دەست نەخەمەوە نە دەخۆمەوە و، نە قوماریش دەکەم!

(جرکۆف)یش وتی:

ـ لە هێرشی داهاتوودا، وەدەستی دێنیتەوە.

دۆلۆخۆفیش وتی:

ـ ئەوکات منیش بیرێکی لێ دەکەمەوە.

جارێکی دی، کپ بوونەوە.

جرکۆف هەڵیدایە:

ـ هەرچییەکت پێویست بوو، وەرە بۆ (ئەرکان) و، لە خزمەتتدا دەبین.

دۆلۆخۆفیش وتی:

ـ ئازارم مەدە. من هەرچییەکم پێویست بێت، داوای ناکەم، بەڵکوو بە زۆر دەیسەندم! ئۆو! خۆ خۆیشت چاک دەیزانیت، دەمەوێ بڵێم . . . .

جرکۆفیش وتی:

ـ منیش وەکوو خۆتم!

ـ زۆر چاکە. . . خوات لەگەڵا.

دۆلۆخۆفیش وتی:

ئاگات لە خۆت بێت.

دەنگی سروودەکەیش بەرز بووەوە:

دوور دوور لە نیشتمانەوە. . . . .

جرکۆف پاژنەیەکی لە ئەسپەکەی ژێری دا و، ئەسپەش یەک دوو جار، بە دەوری خۆیدا سووڕا و، پاشان لەسەر نەزمی ئاوازەکە، کەوتە لۆقە کردن.

بەشی سێ
شکستەکەی ماك

کۆتۆزۆف و ژەنەرالّە نەمساوییەکە پێکەوە لە نمایشی سوپاکە گەڕانەوە. خۆیکردەوە بە نووسینگەکەی خۆیدا. یاوەرەکەی خۆیشی راسپارد فایلی ئەو سەربازانەی پیشانبدات کە لە رووسیاوە هاتوون. لەگەڵ بروسکەکەی (ئەرشیدۆق فردیناند) پێشەنگی سوپا.

میر (ئاندریە) بەڵگەنامە و پێویستییەکانی تری بۆ هێنا و، سەرنجیدا ژەنەرالّی گەورە سەرکردە و، ئەندامی بالّای سەرۆکایەتی، بە دەوری مێزێکەوەنو لە نەخشەیەک دەڕوانن.

کۆتۆزۆف سەیرێکی پۆلکۆنسکیی کرد، وەکو ئەوەی تێبگەیەنێت کە چاوەڕێ بێت.

بە فەڕەنسییەکی نایاب و، ددانی بە وشەکانیشدا دەناو بە چێژێکەوە وتی:

ــ با پێت بڵێم. ئەگەر ئەمە تەنیا هەر پەیوەندیی بەخۆمەوە بوایە، ژەنەرالّی بەڕێز، دەمێک بوو پەیوەندیم بە (ئەرشیدۆق)ەوە کردبوو و، ئارەزووەکەی (فرانسوا)ی ئیمپراتۆری خاوەن شکۆیشم، دەستەبەر کردبوو. بڕوا بکە زۆر حەز دەکەم سوپاکەم بدرێت بە یەکێک لە خۆم چاپوک و بە تواناتر. لە (نەمسا)یشدا سەرکردەی وریاو چالاک زۆرن. ئەو دەمە منیش، ئەم ئەرکە گرانەم لە کۆڵا دەبووەوە. بەڵام چی بکەین؟ بار و دۆخەکە بەسەرماندا زاڵە. . ژەنەڕالا.

بزەیەی پاشکۆی دوا رستەی وای پیشان دەدا بیەوێت بڵێت:

ـ گرنگ نییە بڕوا بکەیت، یان نا! ئەوە تۆیت، هیچ بیانوویەکت بە دەستەوە نییە.

ژەنەرالّی نەمساوی، دڵخۆش نەبوو، هەرچەند زمانە شیرینەکەیشی لەگەڵ رەخنەگرتنەکەی نەدەهاتەوە بەڵام کۆڵیشی نەدا، لە (کۆتۆزۆف) و وتی:

ـ نەخێر! نەخێر! خاوەن شکۆ پێزانینێکی زۆری هەیە بۆ بەشداریی و ماندوو بوونی ئێوە. دەخوازم ئێوە بڕوام پێبکەن. ئێمە پێمان وایە، هێشتا هەل نەڕەخساوە، تاجە گوڵینە بخرێتە، سەر بەشەکانی سوپاو، ئەو سەرکردانەی وەک ئێوە.

لەوەیش دەچوو ئەم رستانە، زووتر بۆ سیناریۆکە ئامادە کرابێت.

کۆتۆزۆڤ بە سەریدا نوشتایەوە و وتی:

ـ من بۆ خۆم رێز لە نامەکەی خاوەن شکۆ (ئەرشیدۆق فرناند) دەگرم. پێیشی دەزانم کە ئەو لەشکرانەی ژەنەرالا (ماک) بە رێوەی دەبات، خاوەن سەرکردەیەکی چالاک و وریان. ژەنەرالا (ماک) خۆیشی، سەرکردەیەکی هێندە بە توانایە کە پێویستی بە یارمەتیی ئێمە نییە.

ئەویش رووی گرژ کرد. چونکە هەرچەند بە فەرمیی شکستی سوپای نەمسا رانەگەیەنرابوو، بەڵام ئاماژەکان ئەو راستییەیان دەسەلماند. تەنانەت قسەکانی کۆتۆزۆڤیش هەر چەند هیچیش بە روخساریەوە دیار نەبوو، بۆنی لاقرتیان لێ دەهات! ئەو نامەیەیشی کە لە (ئەرشیدۆق)ەوە بۆی هاتبوو، تێیدا نووسرابوو، کە بارو دۆخەکە نایابە.

کۆتۆزۆڤ بە میر ئاندریەی وت:

ـ ئادەی نامەکەیم بدەرێ.

کە لێی وەرگرت، بە لاقرتیوە ئەمەی، بۆ ژەنەرالە نەمساوییەکە لێ خوێندەوە:

(خڕ کردنەوەی هێزەکانمان کە دەگەیشتنە (٧٠٠٠٠) سەرباز، بە باشی بەڕێوەچوو. بە شێوەیەک هەر کە دوژمن بیویستایە کەنارەکانی (لیخ) ببەزێنێت، پێیدا هەڵدەپژاین و، دەمانبەزاندن. بە داگیرکردنی (ئۆلم) یش هەردوو بەری (دانووب) دەکەوێتە ژێر رکێفی خۆمانەوە. هەرکاتێک دوژمن لە پەلاماردانی روباری (لیخ) کۆڵی بدایە، ئەوا ئێمە بە ئاسانی لە (دانووب) دەپەڕینەوە و، هێڵی پەیوەندیان، لێ دەبڕین. دواییش دەگەڕاینەوەو دانووب تێدەپەڕێنین و، فریای بەرەنگار بوونەوەی دوژمنانمان دەکەوین، لەو کاتانەدا، هێرش بۆ سەر دۆستانمان دەبەن. بۆیە بە خۆڕاگری و پاڵەوانییەوە، چاوەڕێی ئامادەکارییەکانی سوپای رووس دەکەین. بە یەکگرتنیشمان، چارەنووسی دوژمنانمان بە ئاسانی دیاری دەکەین.

هەر خۆی هەڵیدایە:

ـ راستی ئەم قسەیە لە من وەربگرە.

ئاسوودانە هەناسەیەکی هەڵکێشا و، سەیرێکی ژەنەرالە نەمساوییەکەی کرد.

ئەویش کە زانی سوعبەتەکەی درێژەی کێشا، وتی:

ـ بێگومان. . بەڵام دەبێت چاوەڕێی ئەنجامە خراپەکانیش بین! بێگومانم کە بەڕێزتان ئەو پەندەتان بیستووە کە دەڵێت . . . .:.

کۆتۆزۆڤ قسەکەی پێ بڕی و وتی:

ـ ببوورن!

رووپشی کردە میر ئاندریە و وتی:

ـ گوێ بگرە براکەم. برۆ بۆ لای (کۆزلۆڤسکی) و، راپۆرتەکانی سیخوڕانی خۆمانم بۆ بێنە. ئەمەیش نامەی (ئەرشیدۆق فریناند)ە و، ئەم دوو نامەیەش لە کۆنت (نۆستیتز)ەوە هاتووە. لەگەڵ خۆت ببیە و، کورتەی ئەم نووسراوانەیش بە فەڕەنسی بنووسەوە. چی زانیاری هەیە لە بارەی شەڕەکانی سوپای (نەمسا)وە. . . خۆ لێم تێدەگەیت، وانییە!؟ بە راپۆرتێک بۆم بنووسەوە. دواتر ئەو راپۆرتە بدە بە دەست خاوەن شکۆ خۆیەوە.

دوای ئەوە میر ئاندریە سەری بۆ لەقاند و، لە ناخی کۆتۆزۆف تێگەیشت، کاغەزەکانی کۆکردەوە و، بە هێمنی جێی هێشتن. هەرچەند دەمێکیش نەبوو، میر ئاندریە رووسیای جێهێشتبوو، بەڵام ماندوو بوونی پێوە دیاربوو. زۆری حەز لە کارەکەی بوو و، لە ئەرکەکانی خۆی بە ئاگابوو. هاوڕێکانیشی رەخنەیان لێ دەگرت، بەڵام ئەم گوێی لێ نەدەگرتن.

ئەو دەمەی کۆتۆزۆف لە (پۆڵۆنیا) بوو، نامەیەکی لە میرە پیرە (پۆلکۆنسکی)یەوە بۆ هاتبوو. ئەمیش پێشوازییەکی شایستەی لە میر ئاندریە کرد بوو. پەیمانیشی پێدابوو، کە ئەویشی بیر نەچێت.

بۆیەش وەڵامی نامەکەی بۆ پۆلکۆنسکیی باوکی ئاندریە، وا نووسییەوە:

ـ نوقڵانەی بوون بە ئەفسەرێکی باش، بە هۆی وریایی و وردی و بە توانایییەوە، بۆ کوڕەکەت لێ دەدرێت! بەختیاریشم بەوەی کە ئەفسەرێکی ئاوا لە ژێر دەستم دایە.

هاوڕێکانی ئاندریە لە (پیترزبۆرگ) ببوون بە دوو بەشەوە. کەمینەکەیان وایان دانابوو ئایندەیەکی باش چاوەڕێی (ئاندریە) دەکات و، چاویان لێ دەکرد. ئەویش لە بەرامبەریاندا سادە و، نیان بوو. زۆرینەکەشیان، بە کەسێکی سارد و وشکو بێزراویان دادەنا و، کینەیان لێ دەکێشا. ئەویش بە شێوەیەک لەگەڵیان دەجوولایەوە، کە سەنگینی خۆی، بە سەریاندا دەسەپاند. ئاندریە لە نووسینگەکەی کۆتۆزۆف هاتە دەرو، بەرەو ژووری چاوەڕوانی (کۆزلۆڤسکی) چوو و، لای سکرتێرەکەی، کە هاوڕێی خۆیشی بوو. لەوێوە چووە ژوورەوە و، (کۆزلۆڤسکی)ی لە بەر پەنجەرەکەدا بینی، نوسراوێک دەخوێنێتەوە.

کۆزلۆڤسکی لێی پرسی:

ـ ها. . میر؟

ئەمیش وەڵامی دایەوە:

ـ میر فەرمانی دەرکردووە، ڕاپۆرتێکی بۆ بنووسین:کە ئاخۆ بۆچی چالاکیمان نەماوە؟

(کۆزلۆڤسکی)یش پرسیی:

ـ جا دەبێت، بە هۆی چییەوە بێت؟

میر ئاندریەش شانی بێئاگابوونی خۆی هەڵتەکاند.
کۆزلۆفسکییش پرسیی:
ـ هیچ هەواڵێک لە (ماک)ەوە نییە؟
ئاندریەش وتی:
ـ نەخێر.
کۆزلۆفسکی هەڵیدایە:
ـ گەر بەزیوییەکەی راست بێت، ئەوا هەواڵمان هەر پێدەگات.
میر ئاندریەش وتی:
ـ بێگومان.
لەو کاتەدا کە میر ئاندریە دەرگای کردەوە و، ویستی بڕوات، دەرگاکە کرایەوەو ژەنەراڵێکی کەڵەگەتی نەمسایی نێوچاوان بە قوماشێکی رەش بەستراوی زنجیرو خاچی (ماری تیرنیر) بە ملدا هەڵواسراو، هاتە ژوورەوە.
میر ئاندریەیش خۆی دواخست و، چاوەڕێ بوو.
ژەنەراڵە درێژەکە کە بە قسە کردنەکەیدا، لە ئەڵمانی دەچوو، وتی:
ـ کۆتۆزۆفی. . . گەورە سەرکردەم، دەوێت.
کۆزلۆفسکییش، بە گورجی رابوو و، بەری لێ بڕییەوە و وتی:
ـ گەورە سەرکردە سەرقاڵە و، پێی بڵێم کێ ئەوی دەوێت؟
ژەنەراڵە کەڵەگەتەکەیش، وا سەیری کرد، کە پێی سەیربوو نایناسێتەوە.
کۆزلۆفسکی دووبارەی کردەوە:
ـ گەورە سەرکردە سەرقاڵە.
ژەنەراڵەکە دەفتەرێکی بەرباخەڵی دەرهێنا و، لە پەڕەیەکیدا چەند وشەیەکی نووسی و، درێندی و، دایە دەست کۆزلۆفسکی و، چووە بەر پەنجەرەکە و، لە سەر کورسییەک دانیشت. جۆرێک چاوی بە خەڵکەکەدا دەگێڕا وەکوو ئەوەی بپرسێت:بۆچی بەم شێوەیە لێی دەڕوانن؟
ژەنەراڵە نێوچاوان بەستراوەکە، ملی درێژ کرد، تاکوو قسە بکات، بەڵام پەشیمان بووەوە. دەرگای ژوور کرایەوە و، کۆزۆتۆف دەرکەوت. ژەنەراڵە نێوچاوان بەستراوەکە وا راست بووەوە و، چەمایەوە، وەکوو ئەوەی، خۆی لە مەترسیی دوور بخاتەوە.
هەنگاوەکانی خێرا کرد و، بە دەنگێکی گڕ وتی:
ـ ئاگات لە (ماک)ی نەگبەت هەیە؟
کۆتۆزۆف وشک بوو! دوای کەمێک سەرخۆی هاتەوە و، دەم دەرگاکەی بۆ ژەنەڕاڵەکە چۆڵا کرد و، ئەویش خۆی کرد بە ژووردا. دەرگاکەی بە دوای خۆیدا داخستەوە.
دەنگۆکە راست دەرچوو و، سەربازانی سوپای (نەمسا)ی دەوروبەری (ئۆلم)،

هەموویان خۆیان دابوو بە دەستەوە.

نیو سەعاتی پێ نەچوو، یاریدەدەرانی ئەفسەران، هاتنە دەرەوە و، هەواڵیان بۆ سەرۆکانی یەکە سەربازییەکان برد، کە سوپای رووس، بێدەنگی دەشکێنێت و، بەم نزیکانە رووبەڕووی دوژمنان دەبێتەوە. لە ئەرکانی گشتیش بەشێکی کەمی ئەفسەران سەرقاڵی ئەم بابەتە بوون و، میر ئاندریەش یەکێک بوو لەوان.

پەلامارەکان بە دوادا دەهاتن و، سەرکەوتنی سوپای دووەم دەستت دەکردەوە. هەڵوێستی نالەباری سوپای رووس بێنە بەرچاوت. لەو کاتە ناسکەدا، ئەو رۆڵەی بۆ خۆی دەبینێت.

کۆتۆزۆف دڵخۆش بوو بەو رسواییەی تووشی (نەمسا) بوو. چونکە ئەو نەمسایە، زۆر خۆی بە بەهێزیی سوپاکەوە، بادەدا.

بەوەش دڵخۆش بوو کە دوای (٨) رۆژی تر، رووبەڕوو بوونەوەی سوپای (فەڕەنسی) و، سوپای (رووسی) دەبینێت. چونکە لە سەردەمی (سۆقۆرۆف)ەوە، لەو بەرەنگاربوونەوەی نەبینی بوو. ترسی سەرکەوتنی (پۆناپارت)یشی لە روخساردا بۆ نەدەشاردرایەوە. ئەم بۆچوونانەی، تووشی دڵەڕاوکەی کردبوو.

ئاندریە بە چاکی زانی بچێتەوە ژوورەکەی خۆی و، (رۆژانە نامە)ی خۆی بۆ باوکی بنووسێتەوە، بەڵام لە ڕاڕەوەکەدا تۆشی (جرکۆف)ی سوعبەتچی هاوڕێی بوو، کە وەکوو هەمیشەی خۆی، دڵخۆش بوو.

کە سەرنجی رووە خەماوییەکەی ئاندریەی دا پرسیی:

ـ ئەوە بۆ خەمباریت؟

ئاندریە وتی:

ـ لەبەر ئەوەی شتێکی دڵخۆشکەر نییە.

لەوسەری ڕاڕەوەکەیشەوە، ژەنەرااڵە نەمساوییەکەی ئەندامی سەرکردایەتی بااڵ و، ژەنەراڵا (سترۆخ)ی سەر بەو (ئەرکانی جەنگ)ەی، کە کۆتۆزۆف سەرۆکی گشتیی، سەرپەرشتیاری (گەنجینەکانی ئازووخەی سوپای رووس)یش بوو و، دەرکەوتن. هەرچەند ڕاڕەوەکە بە ئاسانی دوو کەسی پێدا دەڕۆیشت.

بەڵام جرکۆف قوڵی نیسڤیتسکیی گرت و، کردی بە هەڵاو وتی:

ـ لا کەون. ئەوە هەردوکیانن. . . رێیان بۆ چۆڵا بکەن !

بەم قسانەیشی هەردوو ژەنەراڵەکەی بێزار کرد. بەڵام ئەم سەرخۆی نەهێنا و، هەنگاوێکی دی چووە پێش و، وەکوو منااڵ، قاچەکانی لە جوتکردنیاندا لە یەک خشاند.

ئەمجا لێیان نزیک بووەوە و پێی وتن:

ـ خۆشحاڵم بەوەی ئومێدی شادیتان بۆ بخوازم.

ئەندامی ئەرکانی گشتییش، بە تووڕەییەوە سەیرێکی کرد.
جارێکی دی جرکۆف وتی:
پیرۆزباییم لە گەیشتنی ژەنەرالّا (ماک)ە، بە سەلامەتی.
دەستی بۆ نێوچاوانی خۆی برد و، درێژەی پێدا:
ـ کە تەنیا برینێکی سووکەڵە، بە ئێرەوەیەتی.
ژەنەرالّا بە رووپەکی گرژەوە، پشتی تێ کرد و، لەبەر خۆیەوە وتی:
ـ ئای پەروەردگار. . چەند گەمژە و سادەیە !
(نیستیڤبسکی)یش خۆی بۆ نەگیرا و، دایە قاقای پێکەنین. قۆڵی ئاندریەی گرت و، ئەویش خۆی راپسکاند. چونکە بەو سوعبەتەی (ئاندریە)ی هاوڕێیشی تووڕە کرد.
لەخۆیدا خەمی بەزینی ژەنەرالّا (ماک)یشی بوو، بۆیە بە تووڕەییەوە پێی وت:
ــ براکەم. گەر کاری گاڵتەجاڕی بە لاتەوە باشە، من ناتوانم رێگریت بکەم. وەلێ ناشتوانم بەشدارت بم. گەر جارێکی دی لەم گاڵتەجاڕییانە، لەلای منداا دووبارە بکەیتەوە، ناچار دەبم، سەرلەنوێ فێری رەوشتی جوانت بکەمەوە.
جرکۆف و نیتسیفسکی، واقیان لە قسەکانی میر ئاندریە سوڕما و، دەمیان دابچڕی.
(جرکۆف) هەڵیدایە:
چی بوو؟ خۆ من، لە ئومێدی باش زیاتر، هیچی ترم نەگوت.
کوڕەی (پۆلکۆنسکی)یش قیژاندی:
حەز ناکەم چەلەحانێت لەگەڵ بکەم. تکایە بێدەنگ بە!
(نیسڤیتسکی) قۆڵی میر ئاندریە پۆلکۆنسکیی گرت و، لە جرکۆفی دوور خستەوەو پێی وت:
ـ هێور ببەوە، براکەم.
میر ئاندریەش کە زۆر هەژابوو، وەستاو وتی:
ـ هێور ببمەوە؟ بۆ ئێمە کێین؟ ئاخۆ ئەفسەرانێکی خزمەتگوزاری، نیشتمان و قەیسەر نین!؟ بە سەرکەوتنیان شادو، بە شکستیان خەمبار نابین!؟ بۆچی ئێمە خزمەتکارین و، گوێ بە بەرژەوەندی گەورەکانمان نادەین؟
پاشان بە فەرەنسی پرسیی:
ـ رەوایە لەولاوە (٤٠٠٠) سەرباز دەجەنگن و، سوپای هاوپەیمانان شکست بخۆن و، ئێمەش لێرەوە بابەتی پێکەنیناوی دروست بکەین!؟ مەگەر کاری ناڕەوای لەم جۆرە هەر لەو هاوڕێ رسوایەی تۆ بوەشێتەوە! خۆ ئەمە بۆ تۆیش، جوان نییە.
دیسان بە رووسی تێهەڵچووەوە:
ـ تەنیا گێل و گەمژە و، هێزان لەو جۆرە سوعبەتە دەکەن.
ماوەیەک بێدەنگ بوو و،چاوەڕێی وەڵامی جرکۆف بوو. بەڵام وا دەرنەچوو!

بەشی چوار
سوارەکانی پاڤلۆگراد

سەربازانی هێزی سوارەی پاڤلۆگراد بە دووریی دوو میل، دوور لە (برونۆ)وە سەربازگەی خۆیان دروست کردبوو. ئەو لەشکرەی (نیکۆلا رۆستۆف)ی تێدابوو، لە گوندی (سالزنک)نیشتەجێ بوو و، جوانترین خانووبەرەی دێیەکەیش بۆ کابتن (دینستۆف)ی سەرکردە، رازێندرابووەوە.

ئەم (دینسۆف)ی سەرکردەیەیش، لە نێو کەتیبەکانی سوارەدا، بە (ڤاسکا دینیسۆف) ناسرابوو، لە وڵاتی (پۆڵۆنیا)یش، (نیکۆلا رۆستۆف) پەیوەندیی بەو لەشکرەوە، کردبوو. هەر لەو کاتەوە، لەگەڵ ئەو سەرکدەیە، نبشتەجێ بوو.

لە رۆژی (٢١)ی تشرینی یەکەم و، ئەو رۆژەی هەواڵی بەزینی سوپاکەی ماک (سەرکردایەتیی گشتی)ی سوپای قڵپ کردەوە، ئەم بەشە لە (هێزەکانی سوارە)، بە ئارامی رۆژیان بەسەردەبردو، وەکوو ئەوەی مەستی ژینی لادێ بووبن، لە شوێنی خۆیان، نەجووڵابوون.

رۆستۆف دوای دابەشکردنی ئالیک، بەسەر یەکە سەربازییەکاندا، رێکپۆشانە بە سواری ئەسپەکەیەوە، گەیشتەوە ماڵی سەرۆک. سەیری کرد هێشتا دینسۆف لە قوماری کردنی، ماڵی هاوڕێکەی نەگەڕاوەتەوە.

ئەویش چووە بەر ئەو ماڵە هاوڕێیەی و وەستاو پاسەوانێکی بانگ کرد:

ـ ها بۆندارانکۆ. . . ئەوە خۆتیت، پاڵەوان!؟

سەربازەکەش بە راکردن هات و، ڕەشمەی ئەسپەکەی لێ وەرگرت.
ئەمیش کە ڕەشمەی ئەسپەکەی دایە دەستی، پێیشی وت:
ـ هاوڕێ باشەکەم. . . ئەمە لەگەڵ خۆت ببەو، کەمێ بیگێڕە.
ئەوەیش شێوازی قسە کردنی کوڕە دەوڵەمەندان بوو، لەگەڵ خەڵکیدا.
سەربازەکەیش کەمێ گودیلەکەی وەلا خست و وتی:
ـ بە سەرچاو . . گەورەم.
ئەمیش کوڕە دەوڵەمەند بوو و، شێوازی وتوێژی نیانانە بوو و، وتی:
ـ گەشتێکی باشی پێ بکە و، ئاگایشت لە خۆت بێت.
ئەمجا دەستێکی بە سمت و کەڵەفتی ئەسپەکەدا هێنا و، لەبەر خۆیەوە وتی:
ـ ئەسپێکی زۆر تۆکمە و چاکی، لێ دەردەچێت.
هەر لەو کاتەدا سەربازێکی تریش بە دەم بانگەکەیەوە هات. بەڵام پێڕا نەگەیشت و، بۆندارانکۆ لە ئاوزەنگی دابوو. ئەمە ئەوەی دەردەخست کە ئەم ئەفسەرە، بۆ دەوروبەری خۆی و، ئەوانەی سوودیان بۆی هەبوو، بەخشندە و بە سوود بوو. ڕۆستۆف بە دەم زرنگەی دوو چوکڵەکەی پاژنەکانییەوە بە پلیکانەکاندا سەرکەوت. خاوەن مااڵی لە بەردەم تەویلەی ئەسپەکاندا بینی.
خانەخوێ پیاوێکی ئەڵمانی بوو. چوارپەلەیەکی بە دەستەوە و، بەرکۆشەیەکی خوریی بە نێو قەدەوە و، کڵاو قووچێکی خوریشی لە سەر نابوو.
هەر کە ڕۆستۆفی بینی، بە ڕوویەکی خۆشەوە پێی وت:
ـ بەیانیت باش. . . بەیانیت باش!
ئەویش وتی:
ئەوە دەستت بەکار کردووە؟ بڕی نەمساوییەکان. بڕی ڕووسەکان. بڕی ئەلسکەندەری ئیمپراتۆر.
ئەمانە ڕستەیەلێک بوون دانیشتوانەکە زۆر جاران دەیانووتەوە. لە تەویلەکە هاتە دەرەوە و، کڵاو قووچەکەی داگرت و، ڕایوەشاندو، بە پێکەنینەوە وتی:
ـ بڕی هەموو جیهان!
ڕۆستۆفیش خودەکەی بڵند کردەوە و وتی:
ـ بڕی هەموو جیهان.
هەرچەند ئەو دوانە، کە یەکێکیان تەویلەکەی خاوێن دەکردەوە و، ئەویتریان ئالێکی ئەسپەکانی سوپای، بەسەر بنکە سەربازییەکاندا دابەش دەکرد، لە ڕووی چینایەتییەوە، فرە جیاواز بوون. بەاڵم لە ناخەوە دڵخۆش و بێخەم بوون و،لە ناخی دڵەوە، بەرامبەر یەک، ڕووخۆش بوون و، یەکتریان خۆش دەویشت.
ڕۆستۆف گەڕایەوە ماڵەکەی خۆی. ئەو خانووەی کە دینیسۆفیشی لەگەڵدا نیشتەجێ

بوو و، ئەڵمانییەکەش چووەوە تەویلەکە.

ڕۆستۆف لەو سەربازە خزمەتکارەی دینیسۆفی پرسی، کە بە فێڵباز ناسرابوو:

ـ ئاغاکەت لە کوێیە؟

خزمەتکارەکەشْ وەڵامی دایەوە:

ـ لە دوێنێ ئێوارەوە دیارنییە! پێدەچێت پەروبااڵیان کردبێت. چونکە هەر شەوێک براوە بێت هەر زوو بە ڕوویەکی خۆشەوە دێتەوە. خۆ ئەگەر دۆڕابێت و قیچیان کردبێت:ئەوە ئەو شەوە ناگەڕێتەوە. . . قاوەیەکت بۆ بێنم؟

ڕۆستۆفیش وتی:

ـ بیهێنە.

دوای دە خولەکێک، لافڕۆشکا، قاوەکەی هێنا و، هاواری کرد:

ـ ئا ئەوەتا. . ئەوە خۆیەتی! ئاگات لە خۆت بێت، ئێستا تووڕەیە.

ڕۆستۆفیش لە پەنجەرەکەوە، کەوتە سەیر کردنی.

دینیسۆف سوورفلێکی، چاو ڕەشی سمێڵا چڕی قژلوولی کورتەباڵا بوو. یەخە کراوە و پانتۆڵا داکەوتوو. شەپقەیەکی چڕچ و لۆچی بە پشتاکەوتووی، بە سەرەوە بوو.

بەرەو پەیژەی ماڵەکە چوو و، هاواری کرد:

ـ لافڕۆشکای بێ مێشک! وەرە ئەوسەریم لەگەڵ هەڵبگرە.

لافڕۆشکایش وتی:

ـ ئەوەتا خەریکی بەرز کردنەوەیم.

کە هاتیشە ژوورەوە، لە ڕۆستۆفی پرسی:

ـ ئەوە چۆنە لە خەو هەستاویت!؟

ئەویش وتی:

لە دابەشکردنی (ئالیک)یش بوومەتەوە. سەرێکیشم لە (فراولین ماتیل)یش دا.

(دینسۆف)یش بە زمانە فسکەکەی هاواری کرد:

ـ ئەوە بە ڕاستتە. . ئازیزەکەم!؟ ئەزانی منیش زۆر پیس دۆڕاوم! بە جۆرێک هەرگیز خۆیشم، ئەمەم بە خەیاڵدا نەهاتبوو! هەر دوای ڕۆیشتنی تۆ، ئەمەم بەسەرهات. . . ئادەی (هۆلا ـ لافڕۆشکا)، قاوەیەکیش بۆ من بێنە.

ڕووی تاڵا و دەستێکی بە قژە چڕە لوولەکەیدا هێنا و، بە ئاستەم لە دەمە نیوە داخراوەکەیەوە، ڕیزە ددانی کورت و تۆکمەی، دەرکەوت.

دەستێکی بە دەم و چاویدا هێناو وتی:

ـ ئای . . کە چوونم بۆ ماڵی ئەو جرجە چەند کارێکی خراپ بوو!! (جرج ناتۆرەیەک بوو، هەردوکیان بڕیبوویان بەسەر ئەفسەرێکی هاوڕێیاندا ـ بیهێنە بەرچاوی خۆت لەو

یارییەدا، وەرەقەیەکی باشم بۆ نەهات و. . . نەهات !

ئەو پاپەی کە خزمەتکارەکەی پێی دابوو لە نێوان دڵانەکانی دەرهێناو دای بە زەویدا و، لەسەر سکاڵاکەی سەرومڕ بوو:

ــ تەنیا بردنەوەیەکی کەم نەبێت. . ئیتر بۆم نەهات و نەهات!! پارە مۆڵەکانیش براوەکانیش، ئەو هەڵیدەلووشی.

توتنی بڵاو بووەوەی، پاپە فڕێدراوەکەش دەسوتا و، ئەو ناوەی کردبوو بە دووکەڵ. دینیسۆفیش لە داخدا پێی لەسەر ئەو پاپە کەوتووە داناو وردوخاشی کرد.

ئەمجا کەوتەوە قسە کردن بۆ رۆستۆف:

ــ خۆزگە چەند ژنێکمان لە دەورو بەر بوایە! ئاخر لەم کولانەیەدا، لە شەراب زیاتر چی دەست دەکەوێت!؟ خۆزگە زوو دەچووینە بەرەکانی شەڕەوە و، ڕوو بە ڕووی، شەڕێکی قورسیش، دەبووینەوە !

لەو کاتەدا گوێی لە ترپەی پێ و، نەرمە کۆکەیەک بوو و، هاواری کرد:

ــ ئەوە کێیە؟

لافرۆشکا وەڵامی دایەوە:

ــ (نائب ڤابگ)ەکەیە.

زەرد هەڵگەڕا و، جزدانەکەی هەڵدایە سەر مێزەکە و، بە رۆستۆفی وت:

ــ پارەی جزدانەکە بژمێرە و، بیخە ژێر ئەو پشتییەوە.

ئەویش کەوتە ژماردنی، بڕی پارەی، نێو جزدانەکە.

دینیسۆفیش چووە پێشوازی هاتووەکە و، بردییە ژوورەکەی ترو هاواری کرد:

ــ ئای. . ئای. . تیلیانین! بەخێر بێیت! دەزانیت، من دۆڕام !!

ئەویش پرسیی:

ــ لە کوێ؟ لای ئەو (جرج)ە؟ مەبەستم (بیکۆف)ە.

(تیلیانین) خۆی کرد بە ژوورەکەی (رۆستۆف)دا. ئەویش جزدانەکەی خستە ژێر پشتییەکەوە و، دەستی بۆ تەوقەکردن درێژ کرد.

کاتی خۆی، ئەم (تیلیانین)ە، لە (هێزی پاسەوانان) بوو و، دواتر بەبێ هۆیەکی تایبەتی، گوازرابووەوە بۆ (هێزی سوارە). هەر چەند هاوڕێکانی کردەوەی خراپیان لێ نەبینی بوو، بەڵام خۆشیان نەدەویست! رۆستۆفیش رق لێبوونەوەی خۆی بۆ نەدەشاردرایەوە و، خۆیشی بۆ نەدەگیرا. رۆستۆف ئەو ئەسپە چکۆلەیەی لێ کڕی بوو، کە هەر ئەو بەیانییە، دابوویە دەست بۆندارانکۆ، تاکوو بیگێڕێت.

(تلیانین) لێی پرسی:

ــ ئاخۆ لاوی سوارچاک، لەو ئەسپە رازیت، کە پێم فرۆشتیت؟

تلیانین قسەی بۆ هەر کەسێک بکردایە، سەیری چاوانی نەدەکرد.

هەرچەند (رۆستۆف)یش دەیزانی(٧٠٠) رۆبڵا دوو هێندەی نرخی راستەقینەی جوانووەکە بووە، بەڵام وەڵامی دایەوە:

ــ بەڵێ. زۆریش چاکە.

لەسەریشی رۆیشت:

ــ بەڵام ئێستا، کەمێک دەشەلێت. رەنگە پاشووی چەپی بریبێ هەبێت.

(تلیانین)یش وتی:

ــ شتێکی ئەوتۆ نییە و، فێرت دەکەم:چۆن چارەسەری بکەیت.

رۆستۆفیش کە خوا خوای ئەوەی بوو رزگاری بێت لە دەستی، وتی:

ــ کەوابوو با هەر ئێستا ئەسپەکەت بۆ بێنم.

ئەویش وتی:

ــ چۆنت پێ باشە وا بکە. چونکە وای چاک دەکەمەوە، کە سوپاسم بکەیت.

رۆستۆفیش وتی:

ــ زۆر باشە ئەمە ئەوە. بەڵام وەرە پێم بڵێ چۆنی چاک دەکەیتەوە!؟

چووە ڕاڕەوەکە، تا بانگ بکات ئەسپەکەی بۆ بێنن.

دینیسۆفیش پاپیەکەی بە لێوەوە بوو و، گوێی لە ڕاپۆرتی جێگری ئەفسەرەکە گرتبوو. هەر کە رۆستۆفی بینی، پەنجەی بۆ ئەو ژوورە درێژ کرد کە تەنیا (تلیانین)ی لێ بوو و، بێ ئەوەی هەر گوێیش بە (نائب چابگ)ەکە بدات، وتی:

ــ ئەو لاوەم بە دڵا نیە.

رۆستۆفیش شانەکانی هەڵتەکاند، وەکوو ئەوەی بیەوێت بڵێت:هەروەها منیش. بەڵام چی بکەم!؟

دوای کەمێک چووەوە بۆلای تلیانین و بینیی، بێخەمانە لێی دانیشتووەو دەستەکانی لێک دەخشێنێ.

رۆستۆف لە دڵی خۆیدا وتی:

ــ بە ڕاستی کەسانێک لەم جیهاندا هەن، حەز بە بینینیان ناکرێت و، نەفرەت لێ کراون !

مولازمەکە چاوێکی گێڕاو پرسیی:

ــ ئەوە داوات کرد ئەسپەکەت بۆ بێنن؟

ئەویش وتی:

ــ بەڵێ. . . بەڵــێ.

مولازمەکە وتی:

ــ دە با ئێمە بچین بۆ لای ئەو.

کە گەیشتنە لای دینسۆف، مولازم پرسیی:

منیش هاتووم پرسیاری فەرمانە سەربازییەکانی دوێنێ بکەم. ئەرێ هیچت لەلا هەیە؟

ئەویش وتی:

ـ هێشتا ئامادە نەکراوە. . . ئەی ئێوە بۆ کوێ دەچن؟

تلیانینیش وتی:

ـ ئەم لاوە فێری شێوە چارەسەری:پاشووی ئەسپەکەی دەکەم.

هەردوکیان چوونە تەویلەکەوە و، مولازم داوای پێویستییەکانی چارەسەری ئەسپەکەی کرد.

رۆستۆف گەڕایەوە و، دینیسۆفی بینی، پاندانێکی بە دەستەوەیە و، قاپێک عەرەق لە بەردەمیدایە.

ئەویش سەیرێکی رۆستۆفی کرد و وتی:

ـ نامەی بۆ دەنووسم.

ئانیشکەکانی لەسەر مێزەکە دانا و، کەوتە خوێندنەوەی نامەکە.

پرسیشی:

ـ تۆیش وای نابینیت ئازیزەکەم:کاتێک رقمان لە یەکێک دەبێتەوە، زەوقیشمان دەپووکێتەوە؟ مرۆڤ دەبێتە گردۆلکەیەک پۆخڵی! بەڵام کە خۆشەویستی دەکات:وەکوو خواوەندێکی لێ دێت و، هەر وەکوو مرۆڤە سەرەتاییەکانی لێ دێتەوە و، دەروونی پاکژ دەبێتەوە! . . . ئەی ئەوە کێیە!؟

کە لاقرۆشکای لێ نزیک بووەوە، هاواری کرد:

ـ با نەیبینم و، کاتی بەخێرهاتنیم نییە.

خزمەتکارەکەیش بێ گوێدانە قسەکانی ئەو وتی:

ـ دەتەوێت کێ بێت؟ (نائب چابگ)هکەیە و، بۆ وەرگرتنەوەی قەرزەکەی هاتووە و، خۆیشت بانگت کردووە !

دینیسۆف رووی گرژ بوو و، خەریک بوو هاوار بکات. . . بەڵام کپ بووەوە.

ئەمجا بە تووڕەییەوە پرسیی:

ـ رۆستۆف گیان ،،، جزدانەکە چەندی تێدابوو!؟ ئـاخ! ئـاخ !

ئەویش وەڵامی دایەوە:

ـ حەوت پارچەی نوێ و سیانی کۆن.

دینیسۆفیش لەبەرخۆیەوە وتی:

ـ ئـای . . . چ رسواییەکە !

پاشان قیژاندی بە سەر لاقرۆشکادا:

ـ چییە. دەڵێی قەدی درەختیت و، ناجوولێیت؟ دە بڕۆ:(نائب چابگ)هکەیەم بۆ بهێنە ژوورەوە.

رۆستۆفیش کەمێ سوور هەڵگەڕاو وتی:
ـ دینیسۆف گوێ بگرە. گەر پێویستت بە پارەیە:چەند دەڵێی دەتدەمێ.
دینیسۆفیش وتی:
ـ حەز ناکەم قەرز لە هاوڕێکانم بکەم و خۆشم لەو کارە نایە.
ئەویش وتی:
ـ پێم وتیت من پارەم هەیە. ئێمە هاوڕێی یەکین. ئا بەم وەڵامەیشت بریندارت کردم.
دینیسۆف هەڵیدایە:
ـ نەخێر! نەخێر! زۆر سوپاس.
لە پشتییەکەوە نزیک بووەوە، تا جزدانەکەی دەربێنێت و پرسیی:
ـ لە کوێت داناوە؟
ئەویش وتی:
ـ لە ژێر پشتییەکەدایە.
دینیسۆفیش وتی:
ـ ئەوەتا لێی نییە !
هەردوو پشتییەکەی فڕێدایە سەر زەوی ژوورەکەو وتی:
ـ ئەمە مانای چی!؟
رۆستۆفیش هەڵیدایە:
ـ پەلە مەکە. . . رەنگە لە کاتی تەکاندنی نوێنەکەدا، داکەوتبێت.
سەرچەفەکەی بەرز کردەوە و تەکاندی. بەڵام جزدانەکە دیار نەبوو !
پاشان لە خۆیی پرسی:
ـ بڵێی بیرم چوو بێت، لێرە دایبنێم!؟ نەخێر بە دڵنیاییەوە لێرەم دانا.
دینیسۆف رووبکردە لافرۆشکا و پرسیی:
ـ جزدانەکە لە کوێیە؟
ئەویش وتی:
ـ لە کوێ دانراوە هەر لەوێیە! بە تەنیاش نەهاتوومەتە، ئەم ژوورەوە.
دینیسۆفیش وتی:بـــەڵام. . .
لافرۆشکا هەڵیدایە:
ـ ئەمە پیشەی هەمیشەییتە!! شتەکانت بەملاولادا فڕێ دەدەیت و، ناچیتەوە سەریان.
دیسان کەوتەوە پشکنینی ژوورەکە. بەڵام بێسوود بوو.
ئەمجا دینیسۆف وتی:
ـ دەی تۆیش یاری منالانەمان لەگەڵ مەکە.

رۆستۆف سەرنجیدا لەگەڵ ئەمێتی. بۆیە سوور هەڵگەڕاو پیشی خواردەوەو، سەری داخست.

لاڤرۆشکا هەڵیدایە:

ـ دەبێت جزدانەکە هەر لەم ژوورەدا بێت. چونکە ئێوە هەردووکتان و، مولازم تیلیانین نەبێت، کەسی تر، نەهاتووەتە ئەم ژوورەوە.

دینیسۆف تووڕە بوو و، دەستی بڵند کردەوە، لە خزمەتکارەکەی بداتو وتی:

ـــ دەی ڕێ و جێی بۆ بدۆزەوە . هەی ناپاک! هەر ئێستا جزدانەکەم بۆ بدۆزەوە، ئەگەرنا هەموتان دارکاری دەکەم.

رۆستۆف کە نەیدەویست سەیری دینیسۆف بکات. هەستاو شمشێرەکەی کردەوە بە کەمەریدا و، شەپقەکەی لە سەر نا.

دینیسۆفیش یەخەی خزمەتکارەکەی گرت و، لە دیوارەکەی توند کرد و، هاواری کرد:

ـ هەر ئێستا جزدانەکەم دەوێتەوە.

رۆستۆفیش وتی:

ـ کۆڵی لێ بدە. من دەزانم کێ بردوویەتی.

سەری نەوی کرد و، بەرەو دەرگاکە ڕۆیشت. دینیسۆفیش خزمەتکارەی ئازاد کردو، کەمێ راما.

کە لە مەبەستەکەی رۆستۆف گەیشت. یەخەی لاڤرۆشکای گرتەوەو شیراندی:

ـ شتی وا نابێت! ناهێڵم ئەوە بڵێیت! تۆ رسوابوون بەرپا دەکەیت! جزدانەکە هەر لێرەیە و، هەر ئێستا پێستی ئەم ئاژەڵە دەکەنم! تا نەی دۆزێتەوە کۆڵی لێ نادەم.

رۆستۆفیش وتی:

ـ من دەزانم کێ بردوویەتی !

دینیسۆف ڕێی لە رۆستۆف گرت و قیژاندی:

ـ تەقەلای کاری وا مەدە. پێم وتیت کاری وا مەکە.

ئەویش هەر وەکوو خۆی لە دەست دوژمن ڕابوەشێنێت. خۆی ڕاپسکاندو وتی:

ـ ئاگات لە قسەکانی خۆت بێت. ئەم ژوورە لە من زیاتر، کەسی تری لێنەبووە. ئەمەش وا دەگەیەنێت. . . .

هەر بە پەلە خۆی لە ژوورەکە دەرباز کرد.

ـ دینیسۆفیش بە دوایدا هاواری کرد:

لە پەنای شەیتاندا بیت. خۆت و هاوڕێیانت.

رۆستۆف چووە ژوورەکەی تلیانین و، پێی وت:

ـ مولازم لە (ئەرکان)ە؟

ئەویش کە بینیی رەنگی هەڵبزڕکاوە، پرسیی:

ـ ئەوە چی رووپداوە!؟
ئەمیش وەڵامی دایەوە:
ـ هیچ نییە. .
خزمەتکارەکەیش وتی:
ـ گەر کەمێ زووتر بگەیشتایە ئێرە:دەتبینی.
هەرکە ڕۆستۆف دەستی بە یەکەم ئەسپدا گەیشت، سواری بوو و بەرەو (ئەرکانی گشتی) لە ئاوزەنگیی دا. ئەو (ئەرکانی گشتی)یەیش، نزیکەی (میل)ێک یان کەمتر، لە دێی (سالزنک)ەوە دوور بوو.
لەو دێیەدا (خان – ئوتێل)ێک هەبوو، سەربازەکانی بۆ دەچوون. ئەسپەکەی (تیلیانین)یش لە بەردەم دەروازەکەیدا بەسترابووەوە. کە چووە ژوورەوە، تیلیانینی بینی لێی دانیشتووە و، عەرەق و خواردنێکی فرەی لە بەردەمدایە.
تلیانین بەڕوویدا پێکەنی و بانگی کرد:
ـ ئای ئەوە خۆتیت ئەی لاو!؟
ڕۆستۆفیش وتی:
ـ بەڵێ . . . بەڵێ.
لەسەر مێزێک دانیشت و، هیچی تری نەگوت.
خانەکە چۆڵ بوو و، لە دوو کەسی ئەڵمانی و، ئەفسەرێکی ڕووسی بەولاوە، کەسی تری، تێدا نەبوو. لە تەقەی کەوچک و دەنگی شەویلاگەکانی ئەو زیاتر هیچی تر لەو هۆڵی خواردنەدا، نەدەبیسترا.
کە تیلیانین لەخواردنەکەی بووەوە، جزدانەکەی دەرهێناو، زۆر وریایانە پارەیەکی زێڕینی دەرهێنا و، دایە شاگردی چێشتخانەکە و پێی وت:
ـ خێراکە. . باقییەکەیم بۆ بێنەوە. . . دەڕۆم.
پارە زێڕینەکەی پێیدا نوێ بوو، بۆیە ڕۆستۆف لێی چووە پێشەوە و وتی:
ـ ئادەی ئەو جزدانەم پیشان بدە !
(تلیانین) ڕەنگی تێکچوو و، دایە دەستی و وتی:
ـ جزدانێکی جوانە. . . وا نییە!؟ ها سەیرێکی بکە کوڕی قۆز.
جزدان و پارەکەی پشکنی و، سەرنجێکی تلیانینی دا. ئەویش بێئاگایانە لێی دەڕوانی.
تلیانین هەڵیدایە:
ـ هەر گەیشتینە ڤییەنا ئەم پارانە دەبنە هەڵم. دەی لاوەکە جزدانەکەم بدەوە دەڕۆم.
بەڵام کە بینیی ڕۆستۆف هیچی نالێت، هەڵیدایە:
ـ نانت خواردووە؟ دەزانیت کە:خواردنی ئێرە فرە بە تامە!
ـ زۆر باشە . . جزدانەکەم بدەوە. لێی وەرگرتەوە و ،خستییەوە گیرفانی و وەکوو

ئەوەی بڵێت:وا خستمەوە گیرفانم و، کەسی دی خاوەنی نییە.
کەوتنە سەرنجدانی یەکتری.
تلیانین بڕۆکانی بڵند کردەوە و، پرسیی:
ـ زۆر باشە کوڕی قۆز. . . چیت دەوێت؟
ڕۆستۆف قۆڵی تلیانینی گرت و، بەرەو پەنجەرەکە و، چرپانی بەگوێیدا و وتی:
ـ ئەم پارەیە هی دینیسۆفە و، تۆ بردووتە !
تلیانینیش نکوولی لێ کرد و وتی:
ـ چۆن؟ چۆن؟ چۆن دەوێریت. . . .
بەڵام قسەکانی زیاتر لە پاڕانەوە دەچوو. ڕۆستۆفیش کە هەستی پێکرد، باڕێکی گران لە سەر شانی دامالڕا و، گومانی نەما. لە کاتێکدا زۆر دڵخۆش بوو. بەزەییشی بەو داماوەدا دەهاتەوە.
تیلیانین شەپقەکەی لەسەر نایەوەو، بەرەو ژوورێکی چۆڵا ڕۆیشتو لەبەرخۆیەوە وتی:
ـ خوا دەزانێت :ئاخۆ ئێستا خەڵکی چیمان پێ دەڵێن؟ با ڕێک بکەوین. .
ڕۆستۆفیش وتی:
ـ خۆم دەزانم چی دەڵێم. . ئامادەشم بیسەلمێنم.
مولازمەکەش وتی:
ـ بەڵام. . بەڵام من. .
بە شێوەیەک ترس دایگرتبوو، ماسوولکەکانی ڕوخساری دەلەرزین. تەنانەت ڕوویشی نەدەهات سەری بەرز بکاتەوە.
لەسەر کورسییەک دانیشتو، خۆیدا بەسەر مێزەکەی بەردەمیداو جزدانەکەی فڕێدایە سەر مێزەکە و، وتی:
ـ کۆنت. . . لاوێک لەناو مەبە و، ها ئەوە پارە نەفرەتییەکە و، بیبە. منیش تەنیا پیرەمێردێکی باوک و پیرەژنێکی هەژار شک دەبەم.
ڕۆستۆف جزدانەکەی هەڵگرت و، وێستی بێدەنگ بڕوات. بەڵام لە دەم دەرگاکەدا لێی هەڵگەڕایەوە و، بە چاوانی پڕ فرمێسکەوە پرسیی:
ـ بۆ خاتری خوا. . . چۆن وێرات ئەم کارە ناهەمواڕە بکەیت!؟
تیلیانین لێی نزیک بووەوە و بانگی کرد:
ـ کۆنت!
ڕۆستۆفیش خۆی ڕاپشکاند و، جزدانەکەی فڕێدایەوە سەر مێزەکەو وتی:
ـ دەستم لێ مەدە! گەر زۆرت پێویستە ئەوا جزدانەکە ببەوە بۆ خۆت !
زۆر بە پەلە لە ژوورەکە چووە دەرەوە و، هەر بە ڕاکردن خانەکەیشی جێهێشت.

بەشی پێنج
جەنگ

ئێوارەی ئەو رۆژە، ئەفسەرانی سوپاکە، لای دینیسۆف کۆبوونەوە و، بە پەرۆشەوە دەدوان.

ئەفسەرێکیان سوور هەلاگەڕاو بە رۆستۆفی وت:

ــ رۆستۆف . . بڕوام پێ بکە هەڵەیت! پێویستە داوای لێبووردن لە کۆلۆنێل بکەیت.

ئەمەیان کەڵەگەتێکی، قژ ماش و برنجی، سمێڵا ئەستوور بوو. کاتی خۆی بە هۆی خستنە پاڵی تاوانی نامووسەوە، پلەی سەربازییەکەی لێ دامالڕابوو و، دواتر بە دەستی هێنابووەوە.

رۆستۆفیش هاواری کرد:

ــ ڕێ نادەم هیچ کەسێک، بە درۆزن تاوانبارم بکات. چونکە ئەو پێی وتووم گوایا قسەکانی ئەوم گۆڕیوە! پێویستە کۆتایی بەمە بهێنرێت. ئەو بۆی هەیە کاری سەربازیم پێ بکات و، سزای سەربازیم بەسەردا بسەپێنێت. بەڵام کەس ناتوانێت بە زۆر داوای لێبووردنم، پێ بکات.

سەرۆک (کیرستن) بە دەنگە گرەکەی قسەکەی پێ بڕی و وتی:

ــ ئارام ببەوە. . گوێم لێ بگرە ئازیزەکەم. تۆ بە سەرۆک دەڵێیت یەکێک لە هاوڕێکانت دزی کردووە. ئەمەیشت لەبەرچاوی ئەفسەرەکانێکی دی، وتووە.

ئەویش وتی:

ــ جا لەوێبوونی ئەفسەرانیش تاوانی منە!؟ من کە خۆم کرد بە (هێزی سواران)دا،

وامدەزانی ئەوان نیانن و، وشە بژاری دەکەن. کەچی بە درۆزن ناوزەدی کردم. با ئەو لەم قسانەی پەشیمان ببێتەوە.

سەرۆک (کیرستن)یش وتی:

ـ قسەکانت دروستن و، گومانیش لە ئازایەتیت ناکرێت. بەڵام کێشەکە ئەمە نییە. تۆ خۆت، لە دینستۆف بپرسە:ئاخۆ کەس بیستوویەتی، ئەفسەرێکی بچووک، داوای لێبوردنی لە سەرۆک کردبێت!؟

دینیستۆف رەنگی زەرد هەڵگەڕا و، کەوتە کرۆشتنی، مووەکانی سمێڵی. خۆیشی هەڵنەقورتانە باسکەوە، بەڵام بە سەرلەقاندنێک وەڵامی نەخێری دایەوە.

ئەویش بە سوربوونی لەسەری وتی:

ـ دەی ئازیزەکەم. . تۆ بە ئاگاداری ئەفسەرەکان گفتوگۆت لەو بارەیەوە، لە نێو ریزی ئەفسەرەکاندا، لەگەڵ سەرۆکدا کردووە.

ئەم پیاوەیش لە نێو ئەفسەراندا بە (بۆگدانۆفیتش) ناسرابوو و، لە راستیشدا ناوی (کارلا بۆگدانۆفیتش شۆبەرت) بوو.

رۆستۆفیش وتی:

ـ راستو ڕەوان بڵێ بە درۆزن تاوانباری کردووم.

ئەویش وتی:

با وایشبوو بێت! بەڵام تۆ لە بەرامبەریدا کەرانە دواویت. بۆیە پێویستە داوای لێبووردنی لێ بکەیت.

رۆستۆفیش هاواری کرد:

ـ شتی وا نا بێت !

سەرۆک بە ورەیەکی بەرزەوە وتی:

چاوەڕێی ئەوەم لێ نەدەکردیت. هەرچەندە تاوانباریش بیت، داوای لێبووردن ناکەیت. دەبوو پرسو ڕای دەوروبەرت وەربگرتایە تاکو چی بکەیت. کەچی لەجێی ئەو کارەت چیت لەدڵدا بوو هەڵتڕشت بێگوێدانە ئەو هەموو ئەفسەرانە. ئاخر لە بەرامبەر ئەمەدا دەبوو سەرۆک چی بکات؟ دەیتوانی ئەفسەرە دزەکە بداتە دادگا و، سرییەکەیش، سوک و رسوا بکات!؟ ئەی ئا ئەمە بیروڕای تۆ نییە؟ کەوابوو ئەگەر ئەوە بیروڕای ئێوە نییە (بۆگدانۆفیتش) چاکی کردووە، کە وای داناوە تۆ راستگۆ نیت. هەرچەند ئەمەش قسەیەکی نالەبارە. بەڵام هەڵەکە، هەڵەی ئەو نەبووە ئازیزەکەم. ئێستایش لە کاتێکدا ئێمە دەمانەوێت کێشەکە سەرەونگون بکەین. تۆ دەچیتە سەربان و هاوار دەکەیت! هەر لەبەر لوتبەرزیشت داوای لێ بووردن ناکەیت! جا چۆن خزمەتی سەربازی بەم سووکایەتیی ڕۆژانەیە، دەگوزەرێت؟ لە کاتێکدا لێ نابڕێیت داوای لێبووردن لە پیرە ئەفسەرێکی ڕێزداریش بکەیت؟ خۆ (بۆگدانۆفیتش)یش بێ خەوش نییە. بەڵام پیرە سەرۆکێکی ئازایە. کەچی تۆ بە قسەکانی تێکدەچیت! بەڵام ئاخۆ بەڵای تۆوە، رسوابوونی سرییەکە ترسناک نییە!؟

سەرۆکیش وتی:

ـ کوڕەکەم . . بێگومان زۆر لێرە نامێنیتەوە و، هەر دەگوێزرێیتەوە بۆ (ئەرکان)، تاکوو بکرێیتە ئەفسەرێکی یاریدەدەر. بە لاتەوە گرنگ نییە دوای خۆت چی روو دەدات. بەوەیش ناڕەحەت نابیت، کە بوترێت لە نێو ئەفسەرانی باڤلۆگرادا دز هەیە! بەڵام بەلای ئێمەوە، زۆر گرنگە. . . ئەی وانییە، دینیسۆڤ؟

دینیسۆڤیش هەر سەیری رۆستوڤی دەکردو، ورتەی لە خۆی بڕیبوو.

سەرۆک هەڵیدایە:

ـ من چاوەڕوانی ئەمەم لێ نەدەکردیت! تۆ ناتەوێت داوای لێبووردن بکەیت و لە لوتبەرزی زیاتر، هیچی تر نازانیت! بەڵام ئێمەیەک کە لەم سریەیەدا پیر بووین، داواکارین لە یەزدان هەر لەم سرییەیەشدا بمرین. چونکە شەرەفی چەک هەڵگرتن بە لامانەوە، بە نرخە. بۆگدانۆڤیتشیش ئەمە دەزانێت. ئاخ خۆزگە دەتزانی شەرەفی چەک، لای ئێمە چەندە؟ نا هاوڕێ هەڵسو کەوتەکەی تۆ شایستە نییەو وەکوو پیاوێکی، پیاوانە ناجوولێیتەوە.

هەستا و پشتی کردە رۆستۆڤ. دینیسۆڤیش لە سەر کورسییەکەی هەستاو هاواری کرد:

ـ بە راستی ئەو لەسەر حەقە. هەستە رۆستۆڤ هەستە !

رۆستۆڤ سوور هەڵگەڕاو، چاوانی بە نێو هەردوو ئەفسەرەکەدا گێڕاو وتی:

ـ نەخێر بەڕێزان . . ئێوە چوزانن؟ خراپ لە من تێگەیشتوون. خۆیشم ئەوە دەزانم و، وەکوو ئێوە، منیش شەرەفی سرییەکە لە پەڕەی دڵمدایە. بە کردەوەش دەیسەلمێنم کە وەکوو شەرەفی ئاڵا لێی دەڕوانم. گرنگ نییە با وابێت. دانیشی پێدا دەنێم کە هەڵەم. هەر بە راستی هەڵەم. لەوە زیاتر چیتان دەوێت؟ سەرۆک بەلایدا هەڵگەڕایەوە و، دەستی خستە سەر شانی و وتی:

ـ ئێستا بەخێر بێیتەوە (کۆنت). ئا ئەمەیە قسەی پیاوانە !

دینیسۆڤیش هاواری کرد:

ـ دەبینن؟ بە راستی هەرزەکارێکی ئازایە. زووتریش ئەمەم وتووە.

سەرۆکیش هەڵیدایە:

ـ بەڵێ کۆنت من ئەمەم پێ باشە. دە بڕۆ خاوەن شکۆ:داوای لێبوردنی لێ بکە. وەکوو پاداشتدانەوەیەک بۆ رۆستۆڤ:هەموو نازناوەکانی، لە نێو کۆڕەکەدا پێدا هەڵدا.

رۆستۆفیش وەکوو پارانەوە وتی:

ـ بەڕێزان چۆنتان بوێت وا دەکەم. بەڵام داوام لێ مەکەن، داوای لێبووردنی لێ بکەم! بەڕێزان خۆ من منداڵ نیم، داوای لێبووردن بکەمو. . . .

دینیسۆڤ دایە پڕمەی پێکەنین.

(کیرستن)یش وتی:

ـ بە دڵی خۆت.

(بۆگدانۆڤیتش)یش، کەسێکی کینە لە دڵ و بوغزاوییە! بەڵام ئەم کەللە رەقییەیشت، لە سەرت دەکەوێت.

رۆستۆف هەڵیدایە:

ـ من کەللەڕەق نیم. تەنیا ئەوەیە ناتوانم وەکوو ئێوە هەستی خۆم دەربڕم. لە راستیدا ئەو کارە لە توانای خۆم بەرەوبانترە.

سەرۆکیش هەڵیدایە:

ـ دەی کەوابوو چیت پێ باشە، وا بکە! . . باشە ئەی ئەو رسوایە چی لێهات؟

ـ دینیسۆف وتی:

ـ رایگەیاند گوایە نەخۆشە و، سبەینێیش لە سەربازییەکەی (تسریح) دەکرێت.

سەرۆکیش وتی:

ـ راست ناکات و، هەڵای نەخۆشییەکەیشی بۆ خۆ دزینەوە بوو.

دینیسۆفیش وتی:

ـ نەخۆش بێت یان نا، هەر بەردەستم بکەوێت:دەیکوژم.

سەرۆک هەڵیدایە:

چۆن؟ چۆن!؟

لەو کاتەدا (جرکۆف) خۆیکرد بە ژووردا و، ئەفسەرەکە هاواری کرد:

ـ بەڕێزان. . فەرمانی چوونە شەڕەوەمان، دەرچووە! (ماک)یش بەزیوە و سوپاکەی شکستی خواردووە و، تێداچووە. بەرەو شەڕ. بەرەو شەڕ.

یەکێکیان هەڵیدایە:

ـ ئادەی قاپێک شەرابی مژدانەی بدەنێ!! بەرەو جەنگ. . بەرەو جەنگ. . جەنگ! بەڵام ئەی خۆت، چۆن گەیشتیتە ئێرە!؟

ئەویش وەڵامی دایەوە:

بە هۆی ئەو (ماک)ە نەفرەتییەوە، کە لە ڕاڕەوەکەدا بینیم. من پیرۆزباییم لەو لە ژەنەرالی نەمساوی کرد. کەچی ئەو، سکالای لەسەر نووسیم. ئەوەتا دەیبینن گواستمیانەوە و، گەڕاندمیانەوە بۆ (سرییە). . بەڵام ئەی تۆ چیتە، رۆستۆف!؟ باش نایەیتە بەرچاوم! رۆستۆفیش وەڵامی دایەوە:

ـ ئای . . . ئازیزەکەم! خۆزگە دەتزانی لە دوێنێوە کەوتووینە چ چاڵێکەوە!؟

لەو کاتەدا ئەفسەری یاوەری سەرۆک هات و، هەواڵەکەی (جرکۆف)ی پشتڕاست کردەوەو، وتیشی:

ـ فەرمانی چوونمان، بۆ بەرەی جەنگ، دەرچوو و، سبەینێ بەیانی، لەشکرەکەمان دەجووڵێت.

ئەفسەرەکەیش هاواری کرد:

ـ بەرەو شەڕ. . . بەرەو شەڕ. . . ئازیزان!

ـ سوپاس بۆ خوا. . . هەر بۆگەنمان کرد:هێندە دانیشتین!!

بەشی شەش
رامالّینەکەی کۆتۆزۆڤ

لــە (٢٣)ی تشــرینی یەکەمــدا ســوپای رووس لــە رووبــاری (ئیــنس) پەڕییــەوە. پێداویستییەکانی لەشکر و تۆپخانــەکان، بــە درێژایــی شــاری (ئیــنس)و هــەردوو بــەری پردەکەوە، تێدەپەڕین.

ســوپاکەی کۆتــۆزۆڤ، بــەرەو (ڤییــەنا) بــووەوە و، پردەکــانی دوای خۆیــان روخانــد. لەوانەیش، پردی (ئەیین) لە (بروونۆ) و، (ترۆن) لە (لینز).

پــاییزێکی فێنــک و بارانــاوی بــوو. چەنــد یەکەیــەکی تۆپخانــە بــە گردێکــەوە بــوون و، پردەکەیان دەپاراست. ئەو گردەی لە کاتی لێزمەی بارانـدا بچووک و، لەژێر تیشکی خۆردا، پــان و پۆڕتر دەینواندو، خــانووە دوورەکانی، بــە جۆرێــک دەبریســکانەوە، دەتگوت:بۆیــەی رۆن، کــراون! شــارەکەش بــە خــانووە بچووکــە سپیەکانی و، قرمیــدە ســورو کڵێســەو ئــەو پردەی کە سوپای رووس بە هەردوو بەریدا هەڵیان دابوو، رازاوە بوو.

لە پێچەیشدا، کە ئەو رووبــاری (دانووب)ە، دروستی کردبوو، چەندین کۆشک و باخ و چۆم و چغورد و، دورگەیەک و، چەند کەشتییەک و، کۆشکێکی جوان، دەبینران.

لــەو بەریشــەوە، ســەربازانی دوژمــن، بــە ئاســانی بــە شــاخەکانەوە دیــار بــوون. بــەو بەرزاییانــەوە و، لــە بــەردەم یەکــەی تۆپخانەکــەدا، ژەنــەرالّی ســەرکردەی بەشــی دواوەی سوپاو، ئەفسەرەکەی دەربــاری، بە دووربین، چاودێریی ئەو دەوروبەرەیان دەکرد.

بــە ســەر گــردە چکۆلەکەیشــەوە و، لــە بــەردەم، کەتیبــەی تۆپخانــەدا، (نیسڤیتسکی)ی سەرکردە و، (قەوقازی)یەکەی یاوەری، لە ئامادەباشیدا بوون. قەوقازییەکە قسەیەکی، پڕ

لە پسکویت کە قاپێکی عەرەقیشی تێدابوو، بۆ (نیسفێتسکی) هێناو، ئەویش دابەشی کردە سەر دانیشتوانی، سەر سەوزە گیاکە.

بڕێک لەو سەربازانە، لە سەر قەرسیلە، چووبوونە سەر ئەژنۆ و، بڕێکیشیان، تورکییانە، لە سەر قەرسیلەکە شێدارەکە، لێی دانیشت بوون.

نیسفێتسکی کەوتە قسە و، پێی وتن:

ـ میرە نەمساوییەکە زیرەک و دووربین بووە و، لێرە کۆشکێکی بۆ خۆی دروست کردووە. ئێرە شوێنێکی نایابە. . ئازیزان!. . ئەوە بۆ ناخۆن!؟

ئەفسەرێکیان دڵخۆش بوو، ئەندامێکی گرنگی ئەرکانی جەنگ، دەدوێنێ وتی

ـ زۆر سوپاس ئەی میر. بەڕاستی ئێرە شوێنێکی خۆشە! کە بە باخەکەدا تێپەڕیین، دوو خزمەتکاری ئەو کۆشکەمان بینی. ئای کە ئەو کۆشکە جوان بوو!

ئەفسەرێکی دی کە زۆر حەزی لە پسکیتێکی تر بوو و، رووی نەدەهات، وتی:

ـ بڕوانە میر! بڕوانە! چۆن هێزی پیادەمان گەیشتە ئەو کۆشکە! ئا ئەوە سیانیانە لە کێڵگەکەدایە. لە خوار ئاواییشەوە، شتێک رادەکێشن. دەشیانەوێت دیواری حەوشەی ئەو کۆشکە، هەڵبچننەوە. . . خوا یارمەتییان بدات.

(نیسفیتسکی)یش بە گوپە پڕ حەڵواکەیەوە، دەستێکی بۆ کڵێسە گومەزدارەکە راکێشا و وتی:

ـ منیش وای دەبینم. بەڵام پێم باشە خۆیشم سەرێکی لێ بدەم.

ئەمجا بە چاوە بریسکەدارەکانییەوە، سەیرێکی کردن و پرسیی:

ـ بەڕێزان ئێوەش بەلاتانەوە خۆش نییە؟

ئەوانیش دایانە قاقای پێکەنین.

یەکێکیان وتی:

ـ ئاخر ئەوە کێشەیەکی گەورە دروست دەکات! ژنە کاهینە دینداڕەکان دەتۆقن! وەکوو بیستوومە ژنە ئیتالیی جوانیشی تێدایە! تەنیا یەکجاری سەردانی کردنیان، بە پێنج ساڵی تەمەنم دەکڕم !!

یەکێک لە تۆپچییە ئازاکان هەڵیدایە:

ـ خۆ ئەوانیش، بە تاک کەوتنەوەی خۆیان، ئاسوودە نین.

لەو کاتەدا ئەفسەرەکەی یاوەری، ئیشارەتی ژەنەرالێدا، کە سەرنجی خاڵێک بدات. ئەویش دووربینەکەی ئاراستەی خاڵی مەبەست کرد.

دوای کەمێک ژەنەرالا دووربینەکەی داگرت و بۆڵەیەکی کرد:

ـ کار لە کار ترازا!

شانەکانیشی هەڵتەکاندو درێژەی دایە:

ـ ئەوا دوژمن خۆی ئامادە کردووە و، هەر بۆ پەڕینەوە، بگەینە سەر پردەکە، تۆپبارانمان دەکەن. ئیدی سەربازان چاوەڕێی چی دەکەن؟

لەو بەریشەوە بە ئاسانی، تۆپەکان و دووکەڵەکانیان دەبینران. دوای کەمێک گرمەیەکی نزم بیسترا. بە دوایدا جووڵە کەوتە نێو یەکەکانی سوپای رووسەوە.

نیسڤیتسکی هەناسەیەکی پڕ بە سییەکانی هەڵکێشا و، بە بزەیەکەوە لە ژەنەرالا نزیک بووەوە و، لێی پرسی:

ـ پارچەیەک شیرینیت بدەمێ بیخۆیت؟

ئەویش خۆی لێ گێل کردو وتی:

ـ ئای لەم کێشە نەفرەتییە! سەربازانمان دواکەوتوون.

ئەمجا نیسڤیتسکی لێی پرسین:

ـ پێویست دەکات بجوڵێین و، بە لا پاڵەکەدا، شۆڕ ببینەوە!؟

ژەنەرالیش وتی:

حەقی خۆیەتی. تکایە بڕۆو پێیان بڵێ با (هێزی سواره) دوای هەمووان بپەڕنەوە و، بە دوای خۆیاندا هەر وەکوو ئەوانیتر ئەم پردەش کاول بکەن و، بیسووتێنن. هەر ئەوە بکەن، کە زووتر فەرمانم پ]ادابوون.

نیسڤیتسکیش وتی:

ـ تێگەیشتم.

هەرچەندە قورسیش بوو، بەڵام بە ئاسانی، خۆی هەڵدایە سەر پشتی ئەسپەکەی و، یاوەرە قەوقازییەکەی کە رەشمەی ئەسپەکەی بە دەستەوە بوو، بانگ کردو، فەرمانی پێدا کە شتومەک و، زەخیرەی خواردن بپێچنەوە. خۆیشی هەڵدایە سەر پشتی ئەسپەکەی و، بە ئەفسەرە رووخۆشە چاودێرەکانیشی وت:

ـ هەر وەک دەیبینن. منیش دەچمە سەردانی ژنە پەرستیارەکان.

رێیە پێچاو پێچی، بەرەو گردەکەی گرتە بەر و، بە کابتنیشی وت:

ـ زۆر باشە. با تۆپە دوور هاوێژەکانی تۆیش ببینین. دوژمنی پێ بترسێنە.

ئەفسەرەکەش فەرمانی دەرکرد:

ـ ئادەی تۆپچییان، بڕۆنە لای تۆپەکانتان.

هەر یەکە و، چووە شوێنی دیاریکراوی خۆی و، کەوتنە تێزدانی تۆپەکانیان.

دواتر گوێیان لە فەرمانی سەروو خۆیان بوو، هاواری کرد:

ـ گڕی بدەن.

تۆپی یەکەم بە تووندی بە دوادا هات. گوللە تۆپ بە سەر سوپای رووسدا هوشپەی کرد و، دای بە لاپاڵی گردەکەدا. سەربازانی رووس قریوەیان بۆ لێدا و، هەستانە سەرپێ تا کەوتنەوەکەی ببینن. چونکە هێندە نزیکیان بوون، بە چاو دەبینران. بەڵام بە دووکەڵەکەیدا دەرکەوت، کە لەولا دوژمنەوە کەوتووەتەوە. بریسکەی گڕی یەکەمی تۆپ تێکەڵی تیشکی زیوینی خۆرەکە بوو و، دڵی پێ دەکرایەوە.

بەشی حەوت
پەڕینەوە لە پردی ئەنیس

لە گەرمەی جموجوولّی سەربازاندا، دوو گوللە تۆپ بەسەر پردەکەدا تێپەڕی. میر نیسفیتسکیی کەتەیش، لە نێو ئاپورەی سەربازەکاندا خۆی دابوو بەسەر لاوانەی پردەکەدا و، سەیری یاوەرە قەوقازییەکەی خۆی دەکرد و پێدەکەنی. ئەویش رەشمەی هەردوو ئەسپەکەیانی بە دەستەوە بوو و، تەقەلای دەدا بەرەو پێشیان بەرێت. بەلام گالیسکەیەکی زۆر و، رەوی سەربازان و، ئاپورەی ئەو هەمووە، رێیان پێ نەدەدا و، لە شوێنی خۆی چەقی بوو. بۆیە لە پێکەنین زیاتر هیچ دەسەلاتێکی نەمابوو.

قەوقازی بانگی ئەو سەربازە گالیسکەوانەی کرد، کە هەڕەشەی لە سەربازە پیادەکان دەکرد، بەوەی دەیانکات بە ژێر سمی ئەسپەکانی و، پێچکەی گالیسکەکەیەوە.

پێی وت:

ـ ئەرێ تۆ ناتوانیت پەلە نەکەیت!؟ رێی ژەنەرالا بدە با تێپەڕێت. تێدەگەیت؟

بەلام پەلەی ژەنەرالا، کارێکی لە گالیسکەوان نەکرد و، هاواری کردەوە:

ـ ئاگاتان لە خۆتان بێت و، لای چەپ بگرن.

سەربازانیش حەربەکانیان تێکەڵ بە یەک ببوو و، یەک پارچە بوون و، لەبەر تەنگەبەریی رێیەکە، نەیاندەتوانی لێک جیابێنەوە.

نیسڤیتسکیش سەیری رووبار و، ژێر پردەکەی دەکرد. شەپۆلەکانی رووباری

(ئەینس)یش، پێکیاندا دەدا و، بە قەدی پایەکانی پردەکەدا دەشکانەوە.

بەسەر پردەکەیشدا، مرۆڤی سەر پردەکەیش، وەکو ئاوەکەی ژێرەوە شەپۆلیان دەدا. شەپۆلی ئەمان دنیایەک گاڵیسکە و تووڕەکەو تفەنگی درێژ و حەربەو خودەی سەربازی و، روخساری باریکەڵە و قەڵەو و، دارستانێک ران و پوزی، لە قوڕ و چڵپاو هەڵکێشراو بوو. لەنێو ئەو شەپۆلانەدا سەربازێکی پاڵتۆ جیاواز، هەر وەکوو بە دەم شەپۆلی دەریاوە بێت، دەردەکەوت و، ون دەبووەوە. جاروبارێکیش لە نێو گالیسکەکاندا، گالیسکەیەکی بار، بە شتومەکو زەخیرەی خواردن کە بە قوماشێکی ئەستوور، توندو تۆڵا داپۆشرا بوو، لە قەدی درەختێکی پتەو دەچوو بە دەم شەپۆلی ئاوەوە.

کە قەوقازییەکە نائومێد بوو لە رۆیشتن، وتی:

ـ پیاو وا دەزانێت دیواری بەربەست هەرەسی هێناوە و، لێشاوی خەڵک دروست بووە! ئەمە کەی شەپۆلی خەڵکەکە کۆتا دەبێت!؟

سوعبەتچییەکی پاڵتۆ شڕ، بەلایدا تێپەڕی و، چاوێکی لێ داگرتو وتی:

ـ رەوتەنییەکان یەکێکیان ماوە بۆ ملیۆنێک !

پیرێکیش بە دوای سوعبەتچییەکەوە بوو و، بە تەنیشتەکەی خۆی وت:

ـ گەر لەم کاتەدا چەند تۆپێک بنێن بەم ئاپۆرەیەوە. ئەوا رۆزیی ئەسپێیەکانی، جەستەی خەڵکەکە، دەبڕن.

مەبەست لە راناوی کەسی سێیەمی رستەکەیشی، دوژمن بوو.

لە دوای ئەو پیرەیشەوە، پیرێ بەسەر گالیسکەیەکەوە بوو و، سەربازێکی دی بە هەموو توانایەوە، بە دوایدا رایدەکرد تا بۆ دۆزینەوەی گۆرەوییەکانی، بە نێو بارەکەیدا بگەڕێت و، هاواری دەکرد:

ـ کوا گۆرەویەکانم. . هەی ئاژەڵی گێل؟

گالیسکەکە جێی هێشت و، کۆمەڵێک سەربازی سەرخۆش، کەوتە نێوانیانەوە. ئەمانیش کردبوویانە پێکەنین و هەرا! ئەوەیان کە یەخەی پاڵتۆکەی لە نەرمەی گوێیەکانی دەخشا، هەردوو دەستی درێژ کرد و، هاواری کرد:

ـ خۆزگە لەو کاتەدا دەتبینی:چۆن قۆناغە تفەنگەکە دایەوە بە لوتیداو شکاندی !!

ئەوی تریشیان دایە پڕمەی پێکەنین و، وتی:

ـ بێگومان رومەتی وەکوو رانە بەرازی سوورەوەکراوەی لێهاتووە !

کاروان دەڕۆیشت و، نیسفێتسکی هەر نەیزانی ئەوە کێ بووە، رومەتی وەکوو رانە بەرازی سورەوە کراوەی لێهاتووە؟

به دوای سەرخۆشەکانیشدا، (نەقیب)یک نەڕاندی:

ـ با هەر بڵێن پاشەڵیان ئاگری پێوەیە. ئەوەتا تۆپێکیان هاویشتو نەتەقییەوە! پێیشیان وایە:هەموومان کوژراوین !

سەربازێکی هەرزەکاری دەم زل، وەڵامی دایەوە:

ـ بڕوا بکە کە گوللە تۆپەکە هوشپەی کرد، خۆم دانەواند، هێندە ترسام !

ئەو دووانەش تێپەڕین و، گالیسکەیەکی تر، کە لەوانی دی جیاواز بوو، هات. ئەمەیان لە دەستکارە خۆماڵییەکان بوو و، دوو ئەسپ رایاندەکێشا و، مانگایەکی بەڵەکیشیان، لێ بەست بوو. ئەڵمانییەکی خەڵکی ناوچەکە، لێی دەخوڕی. پانو پۆڕ، هەر لە ماڵێکی چکۆلە دەچوو. پیرێژنێکو دایک و منااڵێکی بەرمەمکانە و، کچێکی رووەت سوور هەڵگەڕاوی تێدا دانیشتبوو. ئەوانیش وەکوو خێزانەکانی دی، شەڕ ناچاری کردبووون بە رەوکردن و، نووسراویشیان بۆ کرابوو. خەڵکانی دەوروبەریشیان، سەیریان دەکردن و، بزەیان بۆ دەکردن. ئەوانیش بێدەنگ، لێی دانیشتبوون.

یەکێک بانگی کردە، گالیسکەوان و، سێ ئافرەتەکە و وتی:

ـ ها. . باوکەی قەڵەو، دەڵێی ئێوەش چۆڵی دەکەن!؟

گالیسکەوانیش سەری داخستبوو و، لە تەقەلای خێراترکردنی گالیسکەکەیدا بوو.

پاشان یەکێکی دی بانگی کرد:

ـ بە راست ئەوە کەپۆڵەکەت نافرۆشیت!؟

یەکێکی تریان هەڵیدایە:

ـ ئای خوایە گیان. . ئەو کچە چەندە قەشەنگ و جوانە!

یەکێکی دی لەولا ترەوە وتی:

ـ ها ڤیدۆتۆڤ . . ئەو کچە بەریتەوە بۆ ماڵەوە، پێت چۆنە!؟

بافیدۆفیش لە وەڵامدا وتی:

ـ لە ئەمەیش جوانترمان دیوە. . . گەنجۆ!

ئەفسەرێکی جەنگی بە دەم سێو داکرماندنەوە لە کچەکەیانی پرسی:

ـ ئا بەمشێوەیە:بەرەو کوێ دەڕۆن؟

گالیسکەوانی ئەڵمانییش، وا خۆی پیشان دا، هیچی نەبیستووە.

ئەفسەرەکەیش دەستی سێوەکەی بۆ درێژ کرد و، پێی وت:

ـ ها بیگرە.

کچەیش نیانانە لێی وەرگرت.

نیسفیتسکییش به دریژایی ڕێگاکه، وەکوو ئەوانی دی، سەیری ئافرەتەکانی دەوروبەری خۆی دەکرد. سەربازانی سەرنج دەدا و، گوێی لە لاقرتێکانیان دەگرت.

لە پڕێکدا سەرەتای ریزی سەربازەکان لەوسەری پردەکە وەستا. ئەسپی گالیسکەکان وەستان و، ئەسپانی ئازادیش لەگەڵ لێشاوی خەڵکەکە سەرو مڕ بوون. سەربازان بەسەر یەکدا کەوتن و، کەڵەکە بوون.

بووە ژاوەژاو و، ئەم قسانە لە خەڵکەکە دەبیسترا:

ــ چاوەڕێی چی دەکەن؟ یاسا نییە!؟ کەرپیاو، ئەوە هەر کۆڵت لە پاڵنان نەدا؟ بۆ هێندەت پەلەیە؟ با گڕ بەربدەنە پردەکە. . . ئەوسا وەرە ببینە! نابینن وا خەریکە ئەو ئەفسەرە بشێلین!؟

(نیسفیتسکی)یش پشتی لە خەڵکەکە کردبوو و، رووە و روبارەکە دەیڕوانی و، سەیری شکاندنەوەی شەپۆلەکانی دەکرد. لە پڕێکدا گوێی لە دەنگێکی جیاواز بوو و، شتێکی ڕەشی بینی، کەوتە ئاوەکەوە.

سەربازێک کە هەمان دیمەنی بینی بوو، لە بەرخۆیەوە وتی:

ــ ئاە. لێرە بە دواوە، دەبینە جێی بایەخی دوژمنان.

یەکێکی دی بە لاقرتێوە وتی:

ــ نا بابە نا! ئەوە دوژمنە پەلەمان لێ دەکات:تا زووتر لە پردەکە بپەڕینەوە!

ئەمجا نیسفیتسکی تێگەیشت ئەو شتە ڕەشە:گوللە توپی دوژمن بووە.

کە خەڵکەکە دەستیان بە ڕۆیشتن کردەوە، نیسفیتسکی قەوقازییەکەی وەستاندو، داوای لێکرد کە ئەسپەکەی بۆ بێنێت. بە ئەوانی تریشی وت:دەی ڕێگاکە کەمێ چۆڵا بکەن.

زۆر بە گران چووە سەر زینی ئەسپەکەی و، خەڵکەکەیش بە بۆڵە بۆڵا ڕێیەکەیان بۆ کردەوە و تێپەڕی.

بەڵام لە پڕێکدا شەپۆلی لێشاوی خەڵکەکە بە دوادا هات. وەختەبوو هەردوو ڕانی بشکێت.

گوێی لە دەنگێک بوو، لە پشتییەوە هاواری دەکرد:

ــ ها کەتەی زل. تۆ (نیسفیتسکی)یت !

ئەمیش لای کردەوە بۆ دواوە. پانزە مەترێ لە دوایەوە سوارەیەکی سووربلوی قژ لوولی بینی، کە شەپقەکەی سەری کەمێ بە پشتا کەوتبوو. ملپێچێکی خوڕییشی بە ملەوە بوو. هەرچەند کۆمەڵێک خەڵک کەوتبوونە نێوانیانەوە، بەڵام هەر زوو ناسییەوە کە (قاسکا دینیسۆڤ)ە.

دینیسۆف دەستێکی لەسەر مستوی شمشێرەکەی بوو و، هاواری کرد:

ــ بەو خوێڕییانە بڵێ:با ڕێگاکەمان بۆ چۆڵا بکەن.

نیسڤیتسکییش، بە ڕوویەکی خۆشەوە، هاواری کرد:

ــ ئاە! ڤاسکا! ئەوە چیتە!؟

دینیسۆڤیش دڕانەکانی جبڕ کردەوە و نرکاندی:

ــ مەحاڵە هێزی سواڕە، بتوانێت بپەڕێتەوە.

ئاوزەنگیی لەو ئەسپە ڕەشە عەرەبییە ڕەسەنەکەی ژێری دا، کە کاتێک بە نێو ئەو هەموو قەمەی تفەنگانەدا تەکانی دەدا، گوێیەکانیشی قوت دەکردەوە. دەتوت چاوەڕێی ئیشارەتێکی شۆڕەسواری سەر پشتێتی، تاکوو بەسەر لاوانەی پردەکەدا بەڕەو ئاوی ڕوبارەکە باز بدات.

دیسان نرکاندییەوە:

ــ ئای لەم ڕانە مەڕە!! دەی ئازەڵەکان ڕێگاکە چۆڵا بکەن! گالیسکەوان، لەگەڵ تۆیشمە. گەر نەوەستیت هەلا هەلات دەکەم.

شمشێرەکەی لێ هەڵکێشا و، کەوتە هەڕەشە کردن.

سەربازانی پیادەش لە ترساندا پاڵیان بە یەکەوە نا و، ڕێیان بۆ ئەو ئەفسەرە تووڕەیە چۆڵکرد و، ئەویش خۆی گەیاندە نیسڤیتسکی.

نیسڤیتسکی لێی پرسی:

ــ ئەوە چیت کرد؟ بڵێی سەرخۆش نەبیت!؟

ئەویش لە وەڵامدا وتی:

ــ ئاخر گیانەکەم:هێندە کاتمان بەدەستەوە نییە. تەنانەت بۆ خاوێن کردنەوەی ئاودەستەکانیش. دوژمنان، هەر جرت و فرتیانە! مادام هەر دەبێت شەڕ بکەین، دەبا لەگەڵیان بجەنگین. گەر بێدەنگ بین، مەگەر هەر خوا خۆی بزانێت چی ڕوو دەدت؟

نیسڤیتسکییش کە فەرەی سەرشانی و، ژێر زینی ئەسپەکەی، ئەوی بینی وتی:

ــ ئای شەیتان. . چەند ڕێکپۆشیت؟

ئەویش بزەیەک گرتی و، لە گیرفانە چەرمینەکەی دەسڕێکی بۆنداری دا بە لوتی ئەودا و وتی:

ــ هەرچەند ئێمە لە جەنگداین، بەڵام من ڕیشیشم تاشیوە و، بۆنیشم لە خۆم داوە و، دڕانەکانیشم شتووە!!

قەڵەوی و کەتەیی (نیسڤیتسکی)و (ڤاسکا)و (قەوقازی)یەکە، یارمەتیدەریان بوو بۆ

دڕدانیـان بـه سـەربازەکان و، لێشـاوی خەڵکەکـه و، پەڕینـەوه بـۆ ئەوبـەری ئاوەکـەو، گەیشـتنەوه بـه گروپـی تۆپخانـه و، قـەناص بـه دەسـتەکانیان و، بـه لاپـاڵی گردەکـەدا سەرکەوتن.

سەرۆک به دەم ڕێوه، ئەو ئەفسەرەی بینی، که فەرمانی سەربازیی بۆ هێنابوو. ئەمیش فەرمانەکانی لێ وەرگرت و، ئەفسەرە، گەڕایەوه دواوه.

دینیسۆڤ نەبەردانە ئەو ڕێیەی به لەشکری (هێزی سواره) بڕی و، له پەڕینەوەیشیاندا، چووه لاوه و، ئەسپەکەی رکێف دەکرد و، نەیهێشت شوێن ڕەوی ئەسپەکانی دی بکەوێت. چاودێریی پەڕینەوەکەی ئەوانیشی دەکرد.

زۆری پێنەچوو خرمەی پێی ئەسپەکان، لەسەر تەختەی پردەکە، هاته گوێ. سەربازانی (هێزی پیاده)یش تا ئەژنۆیان له قوڕو لیته چەقی بوو و، به کینه و حەسـودییەوه، سەیری ئەسپ و، جلوبەرگ و پۆشتەیی سەربازانی ئەو (هێزی سواره)یەیان دەکرد.

سەربازێکی پیاده هاواری کرد:

سەیری ئەوانه بکه. . دەڵێی بۆ نمایشی سەربازی هاتوون !!

یەکێکی دی هەڵیدایه:

ـ لەمە زیاتر چاوەڕێی چییان لێ دەکەیت!؟ ئەوانه هەر ئەوەنده دەزانن!

سوارەیەک ئەسپەکەی بەر پیادەیەک کەوت و، خستی و، پێی وت:

ـ تۆ زیخ وچەو له ژێر پێت دەردەپەڕێ، وریا به و، تەپ و تۆز دروست مەکه !

پیادەی به ژێرەوه بوویش، به سەردەستەکەی نێوچاوانی سڕی و وتی:

ـــ بەسـەر پشـتی ئەسـپەکەتەوه پێچەوانـه بـدوێ. دەسـتت خـۆش بێـت. گـەر بـه کۆڵەپشتەیەکەوه چەند فرسەخێک دەڕۆیشتیت:هەرگیز ئاوا دەمت گەرم نەدەبوو.

عـەریفێکیش بـه سـوعبەتەوه بـه سـەربازێکی باریکەلـەی چـەماوەی پشـتەکۆڵه لـه پشـتی وت:

ـ یازیگین گیان. . خۆت بڵێ ئاخۆ لێت دێت سواری ئەسپ ببیت؟ خۆزگه به سواره‌ییش دەمبینیت!

سوارەکی تریش هەڵیدایه:

ـــ بـا لقـه دارێـک بخاتـه نێـو رانـەکانی و، تـا ببێتـه شۆڕەسـوار و، ئـەوکات تـۆیش تـێ دەگەیت، چ شۆڕه سوارێکه !

بەشی هەشت
سوتاندنی پردەکە

سەربازانی پیادە و تۆپخانەکان کە لەسەرەتای پردەکەدا گیریان خواردبوو، بە کرانەوەی ئەوسەری پردەکە، وەکوو ئاوی نێو رەحەتی، بەپرتاو دەڕۆیشتن.

بە گەیشتنی گالیسکەکان، بە ئەوسەری پردەکە، کەمێ ئاپوورەکە رەوییەوە و، دوایین کەتیبەی سوپاکەیش گەیشتە، ئەوبەری رووبارەکە. تەنیا سەربازانی دینیسۆف نەبێت، کەس نەمابووەوە، بۆ بەرەنگار بوونەوەی دوژمن.

لەشکرەکەی دوژمنیش بە جوانی، بەرزاییەکانی ئەو بەرەوە، دەبینرا. ئەوەی هەبوو، یەکە سەربازییەکانی ژێر پردەکە نەدەبینران. چونکە رێڕەوی ئاوەکە چەندین پێچ و نشێوی و نەدیویی تێدابوو.

ئەفسەران و سەربازانی دینیسۆڤیش، چاویان لە سەر، ترۆپکی بانەکە و، ئەو سەنگەرانە بوو، کە بە چاو دەبینران. ئاخر ئەوانە کەتیبەکانی دوژمن بوون.

دوا نیوەڕۆی ئەو رۆژە کەش و هەوا ئارام بووەوە. خۆرەکە تیشکی زیوینی خۆی، بەسەر رووباری مەزنی (دانووب)و، دۆڵە کپ و تاریکەکاندا پەخش کردبوو.

دنیا کپ و، ناوە ناوە پۆلێک سەرباز دەهاتن و خۆیان بە یەکەکانی پێش خۆیان

دەگەیاندەوە. ئەو بێدەنگییەش هێندەی دی، ترسی دەبەخشییە بەرەی شەڕەکە.

ئەو هێڵە خەیاڵییەی بەرەی جەنگ، کە لە نێوان هەردوو سوپاکەدا بوو و سوور دەیانزانی هەر دەبێت، ببیەزێنن و، کەسێک نەیدەوێرا بە ئاسانی ببیەزێنێت. هەنگاویک بەرەو ئەو دیوی مردن بوو. ئەم دیویشی ژیان بوو. لەوێدا ئازارو مەرگ خۆی مەڵاس دابوو. لەو سێبەری دارەی ئەوبەردا و، ئەو خانووەی، کە تیشکی خۆر پەخشانی سەربانەکەیەتی، چی هەیە؟ پێدەچێت نهێنی هەبوو بێت و، مرۆڤ بیەوێت حەز بە زانینی بکات. هەر هەموویان لە بەزاندنی ئەو هێڵە دەترسان. لەگەڵ ئەوەشدا سوور دەیانزانی دەبێت ببیەزێنن. جا درەنگ بێت یان زوو، هەر دەبوو بزانن ئەوێ چی لێیە؟ دەشبوو بزانن لە پشت مردنیشەوە چی هەیە؟ ئەمانە هەستی هەر یەکێکی هەردوو دیوی هێڵە خەیاڵییەکە بوو. لە کاتێکدا هەموویان تەندروستو چالاک بوون).

ئەمانە هەستی هەر یەکێکیان بوو، لە بەرامبەر حەزرەتی دوژمندا. لەگەڵ هەر رووداوێکدا هەستێک دەبووە میوانی سۆزو ئەندێشەو، تامەزرۆییشی بە ئەوان دەبەخشی.

لە بەرزاییەکانەوە، دووکەڵێک بە ئاسماندا چوو و، گوللە تۆپێک بەسەر ئەو پۆلە سەربازەدا هاژەی کرد. بڵاوەی بە ئەفسەرە دانیشتووەکانی سەر گڕو گیاکە کرد و، هەر یەکەیان بەرەو فەسیلەکەی خۆی بووەوە.

سەربازانیش لە تەقەلای ئەوەدا بوون، ریزی ئەسپەکان تێکنەچێت. جارێکی دی، بارودۆخ ئاسایی بووەوە. سەربازانیش سەرنجی دووریان ئاراستەی دوژمن بوو و لە نزیکیشەوە، چاوەڕێی فەرمانی سەرۆک بوون.

گوللە تۆپی دووەم و، سێیەمیش بە سەریاندا هاژەی کرد و، لەولا کەتیبەکەوە، کەوتەوە.

چونکە ئەم هێزی سوارەیە کرابووە ئامانج. لە روخساریاندا وا دەردەکەوت کە گوێ نادرێت، بەو گوللە تۆپانە! بەڵام ئەو خاوەن روخسارانە، هەر لە جلوبەرگدا یەکسان بوون! وا هەناسەیان لە خۆیان بڕی بوو، هەر وەکوو ئەم کارەشیان پەیڕەویکردنی یاساکانی سەربازی بێت، وابوو.

جاروبارێکیش لەسەر ئەژنۆ دەوەستان و، بە لاچاو سەیڕی سەربازانی دەوروبەری خۆیان دەکرد، تا بزانن ئەوانیش بە هاژە و تێپەڕینی گوللە تۆپەکان هەست بەچی دەکەن!؟ هەر لە روخساری (دینیسۆف)ەوە، تا دەگەیشتە بۆقییە لێدەرەکە، ترس و هەژاندن و، ململانێیان لەگەڵ رەوانی خۆیاندا پێوە دیاربوو و، بە ئاشکرا بەلاجانگ و، کەناری لێوەکانیانەوە دەبینرا.

رەقیبی یەکەم بە رووی گرژو هەڕەشەوە، دەیڕوانییە سەربازانی خۆی. ئەو سوارە خوێندکارەیشی کە (میرۆنۆف)ی ناو بوو، لەگەڵ هاژەی تۆپەکاندا خۆی نزم دەکردەوە.

(دینیسۆف)یش بە سواری ئەسپە لاوازە جوانەکەیەوە، لە لای چەپەوە بە رووبەکی کراوەوە وەستابوو. هەر لەوە دەچوو، خوێندکارێکی وریا بێت و سوور بزانێت لە تاقیکردنەوەکەدا دەردەچێت. بەڵام لە کۆتای ئەمسەرو سەری لێوەکانییەوە، هێمای ترس دەبینرا.

بەدەم غارکردنەوە، لە راستەوە بۆ چەپ، هاواری کرد:

ـ (میرۆنۆڤ)ی سوارەی خوێندکار، ئەوە بۆ روو وەردەگێڕیت؟ پێویستە رووت لە من بێت!

(ڤاسکا دینیسۆف)ی کورتە بالایەکی دەمو چاو پڕی، قژ رەش و، قۆڵاو مەچەک توکن بوو. دەستی بە مستووی شمشێرەکەوە و، جیاوازییەکی ئەوتۆی نەبوو، لەگەڵ ئەو ئێوارانەیدا کە دوو قاپی دەخواردەوە. بەڵام کەمێ سور هەڵگەڕابوو. بە رانە کوڵەکانی زۆر بە تۆندی پاژنەی لە ژێر سکی ئەسپەکەی دەدا و، بە غار ئەمسەرو ئەوسەری دەکرد و، فەرمانی دەدا تفەنگەکانیان، بهێننە سەر پێ.

(کیرین)ی رەقیبی دووەم، بە سواری ئەسپە زلەکەیەوە هات. ئەمیان جووتێ سمێڵی چڕی پێوە بوو. چاوانیشی لە جارانی بریسکەدارتر بوو.

بە دینیسۆڤی وت:

ــ تفەنگ خستنە سەرپێ، سوودی چییە!؟ بڕوا ناکەم رووبەڕوویان ببینەوە بۆ شەڕکردن. . . دواتر ئەمەتان بۆ دەردەکەوێت!

(دینیسۆف) هاواری کرد:

بۆ خاتری شەیتان!! دەکرێت من نەزانم ئەمانە چی دەکەن!؟

ئەویش کە بینیی رۆستۆف دڵی خۆشە، هاواری بۆ کرد:

ـ ها رۆستۆف، ئەمە ئەو رۆژەیە، کە چاوەڕێمان دەکرد !

ئەفسەرەکەی دواوەیش گەیشت و، دینیسۆفیش بەرەو رووی چوو و، وتی:

ـ خاوەن شکۆ رێم بدە پەلاماریان بدەم و، لە نێویان ببەم.

ژەنەڕاڵیش وەک ئەوەی مێش لە روخساری دەربکات، برۆکانی یەک هێنایەوەو وتی:

ــ تا ئێستا کارەکە ئاوایە. ئەوە چی دەکەیت، لە ئێرە!؟ نا بینیت چاودێرانی بەرەی شەڕەکە، پاشەکشە بە سەربازانیان دەکەن؟ تۆیش بگەڕێوە نێو سەربازەکانت و پاشەکشەیان پێ بکە !

کۆمەڵە سەربازەکە بەبێ زیان گەڕانەوە دواوەو کۆمەڵە سەربازێکی دی بە دەم شوێنیێ هەڵگرتنی دوژمنەوە هاتن بە دواياندا و، کۆمەڵێک سەربازی قەوقازی هاتن کە دوایەمین سەربازانی (هێزی سواره) بوون. ئەو دوو کۆمەڵە فەرمانیان پێ درابوو کە بکشێنەوە.

کۆلاۆنیل (کارلا بۆگدانۆفیتش شۆبێرت)یش، لەشکرەکەی، تێکەڵ بە سەربازانی (رۆستۆف) کردبوو.

هەرچەند لە دوای چەلەحانێکەی (تیلیانین)ەوە، ئەوە یەکەمجاری بوو رۆستۆف ببینێتەوە، بەڵام هەر گوێیشی نەدایە و، هاوشانی رۆستۆف بە سواریی، رێی دەکرد.

رۆستۆفیش لای خۆیەوە، وا هەستی کرد:لەبەر ئەوەی لە خزمەتی سەربازیدایە، کەوابوو بیەوێتو نەیەوێت، لەژێر رکێفی ئەو پیاوەدایە، کە سووکایەتی پێ کردو، دانیشی بە هەڵەکانیدا نا.

چاوی لە ناوشانە پان و مەلە سوور و، سەرە ماش و برنجەکەی، ئەو سەرۆکەی خۆی بڕی بوو. جاری وا هەبوو، گوێنەدانەکەی ئەو سەرۆکەی، وا لێکدەدایەوە، کە ئەو کارەی بۆ تاقیکردنەوەی ئازایەتیی ئەمە! بۆیە خێرا خۆی قیت دەکردەوە و، بە غار بە بەردەم سەربازەکاندا، دەهات و دەچوو و، فەرمانی دەردەکرد.

جاری وایش هەبوو، کە ئەو سەرۆکەی لە نزیک خۆیەوە دەبینی، وای بە پێویست دەزانی ئازایەتیی خۆیی بۆ دەربخات. هەندێک جاریش وای بۆ دەچوو کە ئەو سەرۆکە، دەیەوێت هێزەکەی ئەم، روو بە رووی، جەنگێک بکاتەوە، تاکوو خۆیی، تێدا بریندار ببێت و، خۆی دەستی یارمەتیی بۆ درێژ بکات، تا بۆی بسەلمێنێ، کە هیچ کینەیەکی لە دڵدا نییە، بەرامبەری.

ئەفسەرێکی باڵا بەرز، بەغار بەرەو سەرۆک چوو. کێ هەبوو لەو هێزی سوارانەی پاڤلۆگرادا، نەی ناسیێتەوە؟ هەر ئەو (جرکۆف)ە بوو، کە هەرچەند لەو کاتەوە، لە ئەرکانی گشتی وەدەر نرابوو، تا ماوەیەکی باش، خۆی بۆ نەگونجابوو، لە نێو ئەمانیشدا، کەچی سەری زمانی و بنی زمانی ئەوە بوو، کە دەگوت:(خۆ من شێت نەبووم بچمە بەشی هێزی سوارەوە! لێرە لە ئەرکانی گشتی مسۆگەرم و، هێندەش ماندوو ناکرێم).

تەقەلایەکی زۆریشی دا، تا بووە یاوەری (باگراسیۆن)ی لێپرسراوی بەشی دواوەی سوپاکە. لەو کاتەدا، لای باگراسیۆنەوە هاتبوو، تاکوو فەرمانێکی سەربازی بۆ سەرۆکی پێشووی بەرێت.

بۆیە بە رووبەکی خەمناکەوە، سەیرێکی ئەفسەرانی کرد و، بە سەرۆکی وت:

ـ ئەی سەرۆک، فەرمان دەرچووە بوەستیت و، پردەکەیش بسووتێنیت.

سەرۆک تووڕە بوو و پرسیی:

ـ کێ ئەم فەرمانەی دەرکردووە!؟

ئەفسەرەکەیش بە وڕەیەکی بەرزەوە وەڵامی دایەوە:

ـ بەو خوایە گەورەم، منیش نازانم کێ ئەم فەرمانەی دەرکردووە؟ هێندە دەزانم میر منی راسپاردووە، بە تۆی رابگەیەنم کە پاشەکشە بکەن و، پردەکە بسووتێنن.

ئەفسەرێکی تریش دوا بە دوای جرکۆف، هات و هەمان فەرمانی سەربازیی پێ بوو.

نیسڤیتسکیی کەتە، هێندە قورس بوو، پشتی ئەسپە قەوقازییەکەی داخستبوو، لە دوورەوە هاواری کرد:

ـ ئەی خوایە گیان. من پێم وتیت، کە پردەکە بسووتێنیت. کەچی فەرمانەکە جێبەجێ ناکەیت. ئەرکانی گشتی تەنگە تاوەو، لە داخی ئەم کەمتەرخەمییەی تۆ قژی سەری خۆیان دەڕننەوە !

سەرۆک فەرمانی وەستاندنی سوپاکەی خۆی دا و،

سەرۆک فەرمانی وەستانی سوپاکەی داو پاشان وەڵامی دایەوە:

ـ تۆ تەنیا باسیT. N. T))یەکەت بۆ کردم و، باسی سووتاندنی پردەکەت بۆ نەکردووم.

نیسڤیتسکی ئەسپەکەی وەستاند و، خودەکەی لەسەر قژەکەی کە لە ئارەقەدا مەلەی دەکرد، لادا و، بە سەرسامییەوە پرسیی:

ـ چۆن سووتاندنی پردەکەم پێ نەگوتوویت گەورەم؟ جا کەوابێت بۆ پردەکەت مینڕێژ کردووە؟

ئەویش وتی:

ـ ئەی ئەفسەری ئەرکان ببوورن، یەکەم شت من گەورەی ئێوە نیم. دووەمیش تۆ پێت رانەگەیاندووم، کە پردەکە بسووتێنم. ئەرکەکانی خۆیشم دەزانم و، زۆر بە باشی جێبەجێیان دەکەم. بەڵێ وتبووت پردەکە دەسووتێنرێت. کێ دەیسووتێنێت؟ ئەوەم نەزانیبوو. خۆ رۆحی قدیسیش نەهاتووەتە خەونم و، پێم رایگەیەنێت!

نیسڤیتسکی خۆی بە سەریدا نووشتانەوە و وتی:

ـ دەی گوێیشی مەدەرێ. . . کێشە نییە.

هەر کە چاوی بە (جرکۆف)یش کەوت، هاواری کرد:

ـ ها جرکۆف! ئەوە لێرە چی دەکەیت!؟

ئەویش وەڵامی دایەوە:

ـ منیش بۆ هەمان کاری تۆ هاتووم! جیاوازییەکەیشمان ئەوەیە بەرگەکانی بەری تۆ تەڕ بووە، ئاخۆ دەتەوێت من بۆت بتگووشم؟

شۆبێرت لە قسەکانیدا، هەستی بە سووکایەتی کرد و، وتی:

ـ ئەفسەرەکەی ئەرکان تۆ وتت. . .

یاوەرەکەی هەڵیدایە:

ـ کۆڵۆنێل با پەلە بکەین! وا سەربازانی دوژمن، لێمان نزیک دەبنەوە و، خەریکە دەکەوینە بەر بەزەیی ئەوان.

ئەویش ناچار رستەکەی کۆتا نەکرد و، چاوی بە ئەفسەری یاوەر و، جرکۆڤ و ئەفسەری ئەرکاندا گێڕا و، هێندەی تر رەنگی هەڵبزڕکا.

هەر وەکو ئەوەی هیچ نەبووبێت و، تەنیا فەرمان دەسەپێنێ، وتی:

ـ چی دەبێت با ببێت. . . وا منیش پردەکە دەسووتێنم.

بە تووڕەییەوە ئاوزەنگیی، لەژێر سکی ئەسپەکەی دا و، بە غار بەرەو پێشەنگی سوپاکە بووەوە. فەرمانیشی بە کۆمەڵەی دووەم دا، کۆمەڵەی دووەمەیش لە ژێر رکێفی (دینیسۆف)دا بوو و، (رۆستۆف)یشی تێدابوو، کە بەرەو پردەکە، پاشە کشە بکەنەوە.

رۆستۆف دڵی گوشرا و، لەبەرخۆیەوە وتی:

ـ ئاە ئەوەتا تاقیم دەکاتەوە! زۆر باشە. ئێستا دەبێت بۆی بسەلمێنم کە ترسنۆک نیم !

رەنگیشی سوور هەڵگەڕابوو و، پەژارەیشی پێوە دیار بوو. ئەو خەمۆکییەی کە لە هاژەی یەکەم گوللە تۆپی دوژمنەوە ببووە میوانیان، رەوییەوە. رۆستۆفیش بە دوژمنە تایبەتەکەی خۆیدا هەڵیدەڕوانی و خوا خوای ئەوەی بوو کە گومانەکەی راست دەربچێت. بەڵام کۆلۆنێلەی هەر لێیشی نەڕوانی !

سەرۆک فەرمانی خۆی دەرکرد و، رۆستۆفیش گوێی لە کۆلۆنێل و دەوروبەری خۆی بوو، هاواریان دەکرد:

ـ خێرا بکەن! پەلە بکەن !

لە نێو حیلە و پرمەی ئەسپان و، زرنگەی ئاوزەنگی و، خرمەی پێی ئەسپەکاندا، سەربازان دابەزین و، نەیاندەزانی چی بکەن!؟ ترسی مانەوەیان لە کلکەوانەی سوپاکەدا لێنیشت و، خاچیان لەسەر سینەی خۆیان کێشا.

رۆستۆفیش کۆلۆنێلی بیرچووەوە. لە ئەسپە چکۆلەکەی خۆی دابەزی و، هەستی بە لێدانی دڵی خۆی کرد. لغاوی ئەسپەکەی دایە دەست یاوەرەکە.

دینیسۆفیش وەکوو جارانی بەسەر ئەسپەکەیەوە، کەمێ بە پشتا کەوتبوو. هاواری دەکرد و، هانی دەدان.

بەڵام رۆستۆف تەنیا سوارەکانی دەوروبەری خۆی دەبینی. کە بە شڵەژاوییەوە دەهاتن و دەچوون و، تەقەی شمشێرەکانیان دەهات.

یەکێک لە دوایەوە هاواری کرد:

ـ دەستەبەرەیەک بێنن.

رۆستۆف گوێی نەدایە ئەوەی کە بۆچییەتی؟ بە هەموو توانایەوە بەرەو دەنگەکە رایکرد. بەڵام لە بەردەم پردەکەدا، لە قوڕاوە لووسەکە هەڵخلیسکاو، بە دەمدا کەوت و، ئەوانی دی پێشی کەوتن.

گوێی لە سەرۆکەکەی بوو، بە سوارەیی و، لە نزیک پردەکەوە هاواری دەکرد:

ـ له کەناری پردەکەوە بڕۆ سەرکردە.

ڕۆستۆفیش دەستی بە پانتۆڵەکەی خۆی سڕی و، بەلای دوژمنە سەر سەختەکەی خۆیشیدا، لای کردەوە و، پێی وابوو تا بەرەو پێشەوە بە پردەکەدا را بکات، باشترە. بۆیە کەوتەوە راکردن.

(بۆگدانۆڤیتش)یش بێ ئەوەی هەر سەیریشی بکات و، بیناسێت هاواری کرد:

ـــ ئەوە کێیە لەو ناوەڕاستی پردەدا، بەرەو پێش را دەکات!؟ ئادەی ئەفسەری خۆبەدکار، بەلای راستدا و، بۆ دواوە وەرگەڕێ. ئاخر ئەی خۆبەدکاری سوارە، چ سوودێکی دەبێت، خۆت ڕووبەڕووی مەترسی بکەیتەوە!؟ فەرمانی بە دینیسۆفیش دا، لەسەر ئەسپەکەی دابەزێت.

ئەویش لەسەر زینەکە وەرچەرخا و وتی:

ـ ئای گوللە تۆپەکان! ئای! خۆ یەکێکیان، ئامانجەکەیان، نابوێرن!

جرکۆڤ و نیسفیتسکی و ئەفسەری یاوەر، لە بوونە ئامانجی تۆپخانەکان، خۆیان بە دوور گرت و، کەوتنە چاودێریی ئەو کەتیبە خودە زەردە، جل سەوزی پشتوێن و پانتۆلا شینانە، کە فرە چالاکانە دەبزوان. جارو بارەش نیگای ئەو پاڵتۆ شین و، یەکانەی تۆپخانە ئاڕاستەکراوەکانیان دەکردو، بە ئاسانی دەبینران.

سەربازانی سەر ئەو گردەی کە بەسەر ئەو پردە و ڕووبارەکەی ژێریدا دەیڕوانی، نزیک بوونەوەی لێشاوی پاڵتۆ شینان و ئەو هەموو حەربە بڵند بووەوەی سەر لوولەی تفەنگانە و، یەکەکانی تۆپخانەی دوژمنیان دەبینی و، لە خۆیان دەپرسی:کە ئاخۆ فریا دەکەون پردەکە بسووتێنن؟ یان کە فەرەنسییەکان فریایان دەکەون و هێرشیان دەکەنە سەر و، دەیانخەنە بەر لێشاوی گوللە باران!؟

نیسڤیتسکی وتی:

ـ ئێستا سوارەکان، لە ژێر بەزەیی تۆپخانەکانی دوژمندان و، دواتر تووشی هێرشێکی قورس دەبن.

ئەفسەرێکی دەربارێش وتی:

ـ هەڵە دەکات کە پاشەکشە بەو هەمووە دەکات.

ئەویش هەڵیدایە:

ـ زۆر راستە. تەنیا دوو لاو سەرو زیاد بوو !

جرکۆفیش وای پیشان دەدا، نایەوێت قسەکانی پێکەنینهێن بێت و، وتی:

ـ ئەمە چ قسەیەکە میرم؟ دوو پیاو! دەتەوێت خاچەکەی قدیس (ڤلادمیر) بە بەر لوتماندا بڕوات و تێپەڕێت!؟ ئەو کارە قوربانی فرەی لێ دەکەوێتەوە. لە بری هەموو

سـرییەکەیش، مەدالیایـەکی بەردەکـەوێت و، بۆگدانۆڤیتشـیش، خـەتێکی تـر وەردەگرێـت. ئەویش کەم نییە و، خۆی دەزانێت چی دەکات.

ئەفسەری دەربار هاواری کرد:

هــا! هەر ئێستا، گوللەبارانیان دەکەن و، لە نێویان دەبەن !

دەستیشی بۆ درێژ کردن و، ئیشارەتی بـە چەکدارانی فەرەنسـا دا، کـە دەبینران چـۆن دادەچۆڕانە سەر زەوی و، بـە چۆکدا دەهـاتن و، چەکەکانیان ئاڕاستەی سـوارەکانی سـەر پردەکە دەکرد.

سێ یەکەی تۆپخانە دەرکەوتن. گرمەی (تۆپ)ی یەکەمو چوارەم هات. دووکەڵا بەسـەر سەربازانی دوژمندا بەرز بووەوە. دوو تەقینەوە بیسترا و، سێیەم بە دواياندا.

نیسڤیتسکییش، وەکوو ئەوەی هەست بە ئازارەکانی ئەوان بکات، زریکەیەکی کرد.

قۆڵی ئەفسەری یاوەری گرت و وتی:

ــ بڕوانە! بڕوانە! ئەوە یەکێک کەوت! وا بزانم دوانن! وا نییە؟

ئەمجا رووی وەرگێڕایەوە و وتی:

ــ گەر من قەیسەر بوومایە، هەرگیز شەڕم بەرپا نەدەکرد.

تۆپ و تفەنگەکان تێز کرانەوە. پاڵتۆ شینانیش، بە گوژم بەرە و رووبارەکە بوونەوە. بە دواياندا کشانی ناو بە ناوی سەربازان دەستی پێکرد. تفەنگەکانیش کەوتنە تەقەکردن.

جاروبار دووکەڵ بڵند بووەوە و، نیسڤیتسکییش هیچ لە یەکتر بۆ جوێ نەدەکرایەوە. هەر ئەوەندە هەستی کرد، دووکەڵا بەرز بووەوە، تێگەیشت سـوارانی رووس توانیویانە پردەکە بسـووتێنن. هێرش وەستا و، ئەمانیش فریای سواربوون کەوتن. بەڵام تـا ئـەمان خۆیـان دەربـاز کـرد، سـەربازانی دوژمـن سـێ مەخزەنـە فیشـەکیان، بـە نێـو دووکەڵەکـە تەقاندبوو. دوو مەخزەنی بەراییان سەری کردبوو. بەڵام سێیەمیان لە کرۆکی فەسیلەکەی دابوو و، سیانیان لەهەڵاتووان کوشتبوو.

رۆسـتۆف لـە ناوەڕاستی پردەکـەدا وەسـتا و، نەیـدەزانی چـی بکـات؟ ئـاخر ئەمیشـیان دالّغـەی هـەرلای بۆگدانۆڤیتشـی دوژمنـی خـۆی بـوو! کەسێکیشـی نـەبینی تـاکوو پـەلاماری بدات و، شەڕە شیری لەگەڵ بکات! چونکە هەر پێشبینیشی نەکرد بوو شەڕ ئا بـەم جۆرە بێت!! نەشیتوانی لە ئاگر تێپەردانی پردەکەیشدا بەشدار بێت. بۆیـە لـە شـوێنی خـۆی واقی وڕمابوو.

لە پڕێکدا گوێی لە دەنگێک بوو، وەک دەنگی کەوتنە خـوارەوەی گوێزێـک وابـوو. گـوێی لە لرخەی یەکێک بـوو کـە لـە لاوانـەی پردەکـەوە نزیـک بـوو و، لـەسـەر ئەسـپەکەی کەوتـە

خوارەوە. هەر زوو، خۆی و چەند سەربازێک گەیشتنە سەری.

یەکێکیان هاواری کرد:

ـ دەستەبەرەیەک بێنن !

بە چوار سەرباز بەرزیان کردەوە و، بریندارەکەیش هاواری دەکرد:

ـ بۆ خاتری خوا کۆڵم لێ بدەن !

ئەوانیش خستیانە دەستەبەرەکەوە.

نیکۆلا رۆستۆف چاوانی بڕییە شەپۆلەکانی رووبارەکە و، سەرێکی بڵند کردەوە بۆ ئاسمان و، سەرنجێکی ئەو قەبارە گڕە تیشکهاوێژەی ئاسمانی دا، کە بە تینەوە، رووناکیی خۆی، بە سەر زەویدا پەخش دەکرد. لەو لایشەوە ئاوی رووباری دانووب وەکوو ئاوێنەیەکی بریسکەدار وابوو! ئەو تەپۆلکانەیشی بینی لە ژێر تیشکی خۆردا کە تا دوورتر، لێی بڕوانیایە، دیمەنەکان تاریک و لێڵتر دەبوون.

دارستانەکان کپ و ناو دۆڵەکانیش رەش. بەری ئاسۆیش تەماوییەکی تەنک بوو. ئا لەو دوورانەدا ئاشتی و بەختیاری خۆیان مەڵاس دابوو.

رۆستۆفیش لەبەرخۆیەوە وتی:

ـ ئاخ! ئاخ! گەر دەستم بەو شوێنە دوورانەدا بگەیشتایە، هیچی ترم نەدەویست! ئای لە ژێر تیشکی ئەو خۆرەدا چەندە هەستم بە بەختیاریی خۆم دەکرد! ئەوەتا ئێستاش گوێم لە نالەی سەربازانی بریندار و، چاویشم لە شڵەژانی ئەو خەڵکەیە. خوایە گیان ئەوە فەرمانی سەربازی دەرچوو و، وا سوارەکان هەڵدێن و، خوا نەبێت کەس نازانێت سەر بە کوێوە دەنێن!؟ دەی با منیش، شوێنیان بکەوم. لەوە دەچێت مەرگ بەسەر سەرمەوە بسووڕێتەوەو لە چرکەساتێکدا تیشکی خۆرم لێ ون دەبێت و ئیدی ئەو دۆڵا و، ئەو تیشکی خۆر و، ئەو رووبارە شینە نابینمەوە. . . . وا چاکە منیش وەکو ئەوان هەڵبێم.

پەڵە هەورێک، بەری خۆری گرت و، چەندین دەستەبەرەی لاشەی سەربازانی بریندار بینی و، ترسەکەی هێندەی تر، خۆشەویستییەکەی بۆ خۆر و ژیان تۆکمە کرد.

کەمێ راما و لەبەرخۆیەوە وتیەوە:

ـ ئای خوای بانی سەر، لێم خۆش ببە و، بمپارێزە و، رزگارم بکە !

دەستەبەرەکان لە چاوان ونبوون و، سەربازان خۆیان گەیاندە ئەسپەکانیان. غەڵبە غەڵبەکە جارێکی دی، وەری پێبەخشینەوە.

ڤاسکا دینیسۆف چرپاندی بە گوێی رۆستۆفدا:

ـ ئاخری بۆنی بارووتیشت کرد. . کوڕی قۆز؟

رۆستۆفیش له دڵی خۆیدا وتی:

ـ دەی بابە ترسەکە ڕەوییەوە. بەینی خۆمان بێت منیش ترسنۆکم!

ئەمجا ئاهێکی قوڵی هەڵکێشا و، ڕەشمەکەی لە یاوەری ئەسپەکەی وەرگرت و پێی لە ئاوزەنگی خستو سوار بوو.

لە دینیسۆڤی پرسی:

ـ جۆری چەکە بە کار هاتووەکان چی بوون؟ گوللەتۆپ بوون، یان فیشەک؟

دینیسۆڤیش لە وەڵامدا وتی:

ـ هەردوو جۆرەکە بوو. بەڵام ئێمەیش کارێکی مەردانە و دڵخۆشکەرمان کرد. لە هەمان کاتدا کردەوەیەکی چەپەڵیش بوو. حەزم دەکرد قسە لە بارەی هێرشێکەوە بکەم دڵ خۆش بکات. چونکە لەو کاتانەدا مرۆڤ دەتوانێت کینەی دڵی بە شمشێرەکەی بڕژێت. بەڵام ئەمەی ئێستا خۆیشم نازانم چۆن وەسفی بکەم! دوژمن بۆمان دەهاوێژێت و، ئێمەیش لێ دەگەڕێین و خۆمان دەکەینە ئامانجیان.

دینیسۆف بەرەو لای چەند کەسێک چوو کە زۆر لە ڕۆستۆڤەوە دوور نەبوون. ئەوانیش (کۆلۆنێل) و (نیسڤیتسکی)و ئەفسەری دەربار بوون.

ڕۆستۆف لە دڵی خۆیدا وتی:

ـ نەخێر کەس پێی نەزانیوم، کە چۆناو چۆن بیرم کردووەتەوە !

لە راستیشدا هەروابوو. بەڵام هەموویان ئەزموونی بەشداربوونی یەکەم شەڕیان هەبوو و، هەمان هەست و کاتی خۆیان، هەژاندنیان لەلا دروست ببوو.

(جرکۆڤ) وتی:

ـ نوسراوێکی ڕاپۆرتێکی شایستە دەنێرین! پێیشم سەیر نابێت، بکرێم بە مولازم.

(کۆلۆنێل)یش سەرکەوتووانە وتی:

ـ ئاخری کارەکە گەیشتە ئەوەی پردەکە بسووتێنم.

پاشان لە کۆمەڵەکەی پرسی:

ـ باشە ئەی گەر لە زیانەکانیان پرسییەوە، من چی بڵێم؟

سەرۆکیش لەسەرخۆ وتی:

ـ زیانێکی ئەو تۆ نییە. تەنیا دوو سوارەمان بریندارە و، یەکێکیشمان دەم و دەست مرد.

دڵخۆشیی خۆیی بۆ ڕکێف نەکرا و، زۆر بە توندی دانی بە دوایین ڕستەی "دەمو دەست مرد"دا نا !!

بەشی نۆ
ئەرکەکەی پۆلکۆنسکی

سوپاکەی کوتوزۆف بەرەو دۆڵی دانووب شۆڕ بووەوە و، سوپا (١٠٠٠٠٠) سەربازییەکەی پۆناپارتیش بە دوایەوە. سوپاکەی رووسیش (٣٥٠٠٠) سەربازێک دەبوون. دانیشتوانی ناوچەکەیش، متمانەیان بە هاوپەیمانان نەمابوو و بە رق و کینەوە، دەیانڕوانییە سوپا شکاو و، شکست خواردووەکەی رووس.

سوپای پاشەکشەکار هەستی کرد خواردنیی کەم بووەتەوە، بۆیە توانای بەرەنگاربوونەوەی سوپای پۆناپارتی نەبوو و، تەنیا شەڕی پاشەکشەی دەکرد و زەخیرە و خواردنەکەی خۆی دەپاراست.

کلکەی ئەو سوپا شکست خواردووە، لە (لامباخ) و (ئامستیتش)و (میلک) بەرەنگاری سوپای زاڵی فەڕەنسا بووەوە و تێیاندا سوپای رووس لەگەڵ ئەوەیشدا کە هەر لە بەزیندا بوو و، ئەم شەڕانەی، لە خێراتر کردنی پاشەکشەکەی، بەولاوە، سوودێکی نەبوو، بەڵام بە دڵنیانانی دوژمنەکەیشی، ئازایەتیی خۆی نواندبوو.

لەشکرەکانی (نەمسا)یش، لە شکستی (ئۆڵم) رزگاری ببوو و، خۆ بە دەستەوەدانەکەی سوپاکەی (ماک)، لە (برونۆ)، لەگەڵ سوپای رووسدا تێکەڵ بووەوە، بەڵام دواتر لە رووسەکان جیا بووەوە. ئەوە وایکرد کە سوپاکەی (کوتوزۆف) ماندوو و شەکەت ببێت و بۆی نەکرێت بەرگری لە (ڤیەننا) بکات. لە بری ئەوەی پەلاماڕە چاوەڕوانکراوەکەی دەستپێبکات کە بە ستراتیجی ناویان دەبرد و، لە (سەرۆکایەتی ئەرکانی بالا)وە لە کاتی مانەوەیدا بۆی رەنگڕێژ کرابوو. بەڵام ئەو کارەش هەروا ئاسان نەبوو و، کوتوزۆف

نەیدەویست سوپاکەی بە دەردەکەی سوپای (ماک) بچێت لە (ئۆلم)دا و، تەفرو تووڕنا بین.

هەرچەند هەروا ئاسانیش نەبوو، بەڵام بە باشی زانی، سوپاکەی بگەیەنێتەوە، بەو لەشکرە ڕووسییەی، کە تازە گەیشت بوو. بۆیە لە (٢٨)ی تشرینی یەکەمدا، سوپاکەی خۆی، لە کەناری چەپی ڕووباری (دانووب)دا، جێگیر کرد.

ڕووبارەکەی خستە نێوان سوپاکەی و، سوپای فەڕەنسییەوە. زووتر ئەوبەری چەپی ئەو ڕووبارە، کۆنترۆڵی سوپای فەڕەنسی و، لە ژێر رکێفی(مۆرتێر) دا دابوو.

لە (٣٠)ی تشرینی یەکەمدا (کۆتۆزۆف) پەلاماری سوپاکەی (مۆرتێر)ی داو بەزاندی. ئەوە یەکەمجار بوو ڕووسەکان سەرکەوتن بە دەستبێنن و، دەست بەسەر ئالایەک و دوو تۆپی دوژمندا بگرن و، دوو ژەنەرالێش دیل بکەن.

ئەوە بۆ پازدە ڕۆژ بوو، سوپای ڕووس بەو شەڕانە، پاشەکشەی سوپاکەی خۆی پەردەپۆش دەکرد و، دەیویست ڕووبەڕووی دوژمن ببێتەوە و، شکستی پێ بێنێت.

یەکەکانی سوپا شەکەت و ماندوو و بەرگی بەری سەربازەکان شڕۆڵا و پڕزۆڵا بوو. سێ یەکیان کوژراو و، بریندار و، نەخۆش و هەڵاتوو بوون.

نەخۆشخانەکەی شاری (کریمس) بەو پان و پۆڕییەی خۆیەوە، سیخناخ بوو بە سەربازان. ناچار (کۆتۆزۆف) نامەیەکی بۆ سوپای دوژمن نارد و، داوای لێکردن کە بە هانای ئەو هەموو بریندارانەیانەوە بێن. سەرکەوتنەکەی کۆتۆزۆف بەسەر (مۆرتێر)دا، ورەی سوپای بەرز کردبووەوە. پڕو پاگەندەی زۆر باش بەنا و سوپاو شارەکەدا بڵاو بووەوە. تەنانەت دەنگۆی ئەوە بڵاو بووەوە، کە ناپلیۆن، خۆیشی ترساوە و، پاشەکشەی بە سوپاکەی کردووە ! سەرکەوتنەکە گەیشتەوە:ئەرکانی گشتییش.

یەکێک دەیوت:

ـ سوپای پاڵپشت هاتوون بۆ پشتگیریمان !

یەکێکی تر دەیووت:

ـ سوپای (نەمسا)یش سەرکەوتنی باشی بەدەستهێناوە.

دیسان دەیانووت:

بە درێژایی ماوەی جەنگەکە میر (ئاندریە) لە لای ئەو ژەنەرالە نەمساوییە مایەوە کە نێوی (شمیدت) بوو. تا ئەوە بوو ئەو کوژراو خۆیشی پێکراو گوللەیەک بەر قۆڵی کەوت و، ئەسپەکەیشی دەم و دەست تۆپی.

ژەنەرالی سەرۆکی بالاش (مەدالیا)ی ڕێزلێنانی پێ بەخشی و، ناردی بۆ دەرباری نەمسا، تا هەواڵی سەرکەوتنەکانیان پێ بگەیەنێ. ئەویش بەخۆی و چەکدارەکانییەوە، لە (ڤییەنا)وە گەڕایەوە بۆ (برۆن). ئەو شارەی کە لەژێر فشاری سوپای فەڕەنسیدا بوو.

میری بنەماڵەی (پۆلکۆنسکی) ئەوەندەی کە شڵەژابوو، ئەوەندە ماندوو نەببوو. لەگەڵ ئەوەشدا کە لەشو لارێکی ناسکی هەبوو، بەڵام کەسێک نەبوو بە هێندەی ئەو، خۆڕاگر

بێت. هەر ئەو شەوە گەیشتە شاری (کریمس)و نامەیەکی لە (دوختۆرۆف)ەوە گەیاندە (کۆتۆزۆف)ی سەرکردەی بالا. تاکوو ئەویش بینێرێت بۆ (برۆن). ئەو سپاردە گرنگانە و، ئەو چالاکیانەی بەو لاوە دەدرا، مژدەبەخش بوو بۆ بەرزبوونەوەی پلە سەربازییەکەی.

شەوێکی تاریک بوو. ئەستێرەکان دەدرەوشانەوە. ڕێگاکە بە نێو دەشت و دەرەکەدا، ڕەشی دەکردەوە. ڕۆژی پێشووتر بەفر باری بوو و، ئەو شەوەیش سەرومڕ بوو. کەنارەکانی ڕێگاکە سپی دەچوونەوە.

بە سواری گالیسکە پۆستەبەرە بچووکەکەیەوە، وەڕێ کەوت و، بیریشی هەر بەلای ڕووداوە ترسناکەکەی دوێنێوە بوو. جاروبارێکیش بە سەرکەوتنەکانیان شاد دەبوو و دەکرایەوە. خواحافیزییەکەی سەرۆکی بالاو هاوڕێکانی وەبیر دەهاتەوە. وەکوو کەسێکی لێهاتبوو دوای تەقەلاو ماندووبوونی سەرکەوتنێکی پڕووکێنەرو چاوەڕێ بوون خۆری لێ هەڵبێت. هەر کە چاوانی دەنوقاند دەنگی گوللە تۆپو فیشەک تێکەڵ بە تەقە و جیرەی ڕەوڕەوەی گالیسکەکە دەبوو. هەستیشی بە سەرکەوتن دەکرد. هەندێ جاریش وای بۆ دەچوو، کە ڕووسەکان پیلانی هەڵاتن دادەنێن و، ئەمیش پێکراوە و مردووە. خێرا لە ئەندێشەکەی بە ئاگا دەهاتەوە و ڕەپ ڕادەوەستا و، دڵخۆش دەبوو، بە ئەوەی کە هێشتا زیندووە.

بەسەرکەوتنی سوپاکەی دڵخۆش دەبووەوە. چونکە بە چاوی خۆی هەڵاتنی فەرەنسییەکانی دیبوو. بە دەم ئەو ئەندێشانەوە، چاوانی سەرخەوێکی لێک نا. بە دوای ئەو شەوە تاریکە ئاسمان بە ئەستێرەیەدا، بەیانییەکی جوانیبەخش هات و، توانەوەی بەفر لە ژێر گەرمیی تیشکی خۆردا و، خرمەی پێی ئەسپەکەی و، دیمەنی ئەو شاخ و گردو پێدەشت و دۆڵانە، کە بە گوژم بە بەرچاویدا تێدەپەڕین، بۆ خۆیان قەشەنگییەکی تر بوون.

میر خەریکی گۆڕینی ئەسپەکانی ژێر گالیسکەکەی بوو، کاروانێکی سوپای ڕووسی پێگەیشتەوە و، بریندارانی سوپایان پێبوو. کاروانچیی ئەو ڕەوە گالیسکەیە، لە گالیسکەکەی یەکەمدا بوو و ماندووبوونێکی فرەی پێوە دیاربوو. خەریکی جنێودان بوو بە سەربازێک.

هەر شەش حەوت سەربازی بریندار، لە گالیسکەیەک بار کرابوون و، بریندارەکانیان، بە شاڵی پیسو پۆخڵا پێچرابوو و، ڕەنگیان زەرد هەڵگەڕابوو. هەر هەموویان کەوتبوونە بەر بەزەیی هەڵەتەکەی ڕێگا بەردینەکە. هەندێکیان بە دەنگی بەرز دەدوان و، ڕستە ڕووسییەکانیان دەگەیشتە گوێی ئەمی پۆستەبەر. هەندێکی تریان نانیان دەخوارد. بەڵام ئەوانەی بریندارەکانیان ترسناک بوو. بە بێدەنگی بە گالیسکەی پۆستەبەرەکەیاندا هەڵدەڕوانی.

میر ئاندریە لای گالیسکەیەکی بەبریندار سیخناخ وەستاو لە یەکێکیانی پرسی:

ــ ئاخۆ لە کوێ پێکراوە؟

ئەویش وەڵامی دایەوە:

ــ پێڕێ لە شەڕی (دانووب)دا پێکراین.

دەستی کرد بەگیرفانیدا و، سێ پارچە پارەی زێڕینی پێدا. ئەفسەرێکی تریش گەیشتە

لایان.

میر ئاندریه به هەموویانی وت:

ـ کوڕەکانم ورەتان بەرز بێت و، ددان بە خۆتاندا بگرن. کاری زۆرتان لە پێشە و، ئەو پارەیەش بۆ هەموتان.

کاروانچی بە پەرۆشەوە لێی پرسی:

ـ گەورەم دواین هەواڵی شەڕ چییە؟

ئەویش دوای ئەوەی بە گالیسکەوانەکەی خۆی وت کە لێ بخوڕێتو وتی:

ـ هەواڵەکان باشن.

ڕۆیشتن و لەو کاروانە دوورکەوتنەوە.

شەوێکی تاریکی ئەنگوستەچاو بوو کە میر گەیشتە (بروژن). فانۆسی شەقامەکان دەگڕان و، بەر دوکان و پەنجەرەی ماڵان، ڕووناک بوو. گالیسکەکان بەسەر شەقامەکاندا تەقەیان دەهات.

میر وا هەستی کرد خەڵکی شارەکەیە و، یەکێکە لە سەربازە گەڕاوەکانی بەرەی شەڕ. ماندوویەتیی شەوێکی تاریکو ڕێگا دوورو درێژەکەی دەرچوو و، ئارام بووەوە.

کە نزیک کۆشک بووەوە، هەستی بە چالاکییەکی زۆرتری لە دوێنێی کرد. چەندین بیر و بۆچوون، بە میشکیدا هاتن و چوون. وردەکارییەکانی شەڕەکەی وەبیر خۆی هێنایەوە و، هیچێک لە وێنەکانی ئەو شەڕەی لەلا لێڵا نەبوو بوو. هەموویان شایستەی ئەوە بوون، بخرێنە دەرباری (فرانسوا)ی ئیمپراتۆرەوە.

کەوتە بیرکردنەوە لەو پرسیارانەی لەبارەی شەڕەکەوە لێی دەکرێت و، ئەو وەڵامانەی کە دەبێت بیانداتەوە. لە ڕاڕەوی کۆشکدا فەرمانبەرێکی لێ پەیدابوو و، هەر کە هەستی کرد میر هەواڵی شەڕی پێیە بۆ دەربار، لەگەڵ خۆی بردی و، پێی وت:

ـ بەو ڕاڕەوەدا بڕۆ و، بەلای ڕاستدا وەربگەڕێوە، یاریدەدەرێکی ئەفسەر دەبینی، کە کارەکەی تۆی لایە و، ئەو دەتباتە بەردەم وەزیری بەرگری.

میر بەقسەی کردو، گەیشتە لای یاریدەدەرەکە. ئەویش پێی وت کە پەلە نەکات، تا دەچێتە ژوور و هاتنی ئەوی پێ ڕادەگەیەنێت.

دوای پێنج دەقیقەیەک، هاتە دەرەوە و بۆی داموکایەوەو، بە ڕاڕەوەکەدا بردی بۆ لای وەزیر. ئەویش ئەو کڕنووشەی بۆ میر، بۆ ئەوە بوو دەری بخات یاسا سەربازییەکان کتومتو مت بەجێ دێنێت.

لەولایشەوە تا نێردراوەکە نزیکتر بوایەتەوە، لە بری ئەوەی گەشبین بێت، دڵی زیاتر دەگیرا. لە دڵی خۆیشیدا بیانووی بۆ تووڕەبوونەکەی خۆی هێنایەوە و وتی:

ـ بێگومان ئەوانەی لەگۆڕەپانی شەڕدا بۆنی باروود ناکەن، سەرکەوتن بە کارێکی ئاسان دەزانن.

که چووه ژوور و بینیی وەزیر دوو خولەکێک ئەمی پشتگوێ خست. هێندەی دی ڕق و کینەی ئەستوور بوو.

وەزیر بە خۆی و سەرە روتاوەکەیەوە، لە پشتی مێزەکەیەوە دانیشتبوو و، دوو مۆمدان لەملاو لای مێزەکەیەوە دانرابوو. کڕکڕاگەی گوێیەکانی دێز و، بە ڕوونا‌کیی پەنجەرەکە، دەبریسکانەوە. چەند کاغەزێکی لە بەردەمدا بوو و، لێی دەخوێندنەوە و، بە پێنووسەکەی دەستی، هێڵی بە ژێر چەند ڕستەیەکیدا دەهێنا و، سەرنجی خۆی لەسەر دەنووسی.

پاشان بە ئەفسەرە یاریدەدەرەکەی خۆی وت:

ـ ئەمانە ببە بۆ شوێنی پێویست.

وای پیشاندا هەستی بە هاتنە ژوورەوەی نێردراوەکەی نەکردووە.

میر (ئاندریە)یش وا هەستیکرد کە لە بنەڕەتدا وەزیر، هەر گوێیشی بە شەڕەکانی کۆتۆزۆف نەداوە. بگرە بە سووکیشەوە لێی دەڕوانێت.

وەزیر کاغەزەکانی کۆکردەوە و، کردی بە گورزەیەک و، سەری بڵند کردەوە. زیرەکیش دەهاتە بەرچاو! بەڵام کە ڕووی وەرگێڕا، بە لای پۆلکۆنسکییدا و، بزەیەکی بە کینە لێوانی گرت، زیرەکییەکەی پووکایەوە. چونکە لەگەڵ ئەوەدا کە ڕۆژیی، چەندین کەس دەچوونە داواکاری پێداویستییەکانیان و، ئەویش هەر بەو جۆرە لەگەڵیان دەجووڵایەوە.

وەزیر لێی پرسی:

ـ تۆیت کە لەلای (فیلد مارشاڵ کۆتۆزۆف)ەوە هاتوویت و، هەواڵی خۆشت پێیە، ئاخۆ لە ڕوو بە ڕ ووبوونەوەکەتاندا لەگەڵ (مۆرتیر)، سەرکەوتوو بوون؟

دوای وەڵامەکان نامەکەی (کۆتۆزۆف)ی لێ وەرگرت و، کردییەوە.

لە پڕێکدا گرژ بوو و هاواری کرد:

ـ ئای خوایە گیان. . بۆ (شمیدت)! ئای لەم نەگبەتییە! وای لەم نەگبەتییە !

نامەکەی تەواو کرد و، لەسەر مێزەکە دایناو، کەوتە سەرنجدانی میر ئاندریە و وتی:

ـ ئای لەو نەگبەتییە! هەر چەندەش کارێکی چارەنووسساز بوو، بەڵام مۆتیر توانیی خۆی قوتار بکات. ماوەیەک کپ بووەوە و، کەوتە بیرکردنەوە.

پاشان هەڵیدایە:

ـــ بەم هەواڵانە دڵخۆشت کردم. بەڵام مردنەکەی (شمیدت)، بووە هاوتای سەرکەوتنەکەمان. بە ڕاستی خاوەن شکۆیش حەز دەکات بتبینێت.

کە میر ئاندریە لە کۆشک هاتە دەرەوە، وا هەستیکرد کە ئەو دڵخۆشییەی و بایەخەی کە دابووی بە سەرکەوتنەکەی سوپای ڕووس، هەمووی بوو بە هەڵم!

شەڕەکەیش لە میشکیدا، بووە یادەوەرییەکی زەردباو. بەڵێ. . ئەو گەنجینە جوانەی سەرکەوتنیان خستووەتە ژێر دەستی کەسانێکەوە، کە شایستەی نین!

بەشی دە
بیلیبین

میر ئاندریەش لە شاری (برۆن)و، لای (بیلیبین)ی بە سەرو زمانی هاوڕێی، کە دیپلۆماتی رووس بوو، مایەوە.

ئەویش پێشوازیی لێ کرد و پێی وت:

ــ میری خۆشەویست، گەلێک بینینی تۆم پێ خۆشتە.

فەرمانیشی بە خزمەتکارەکەی دا، کە شتومەکەکانی بۆ بەرێتە ژووری نووستنەکە.

کەوتیشە دواندنی میر و وتی:

ــ کەواتە ئێستا تۆ هەواڵی سەرکەوتنت هێناوە؟ شتێکی زۆر چاکە! بەڵام وەکوو دەمبینی، من نەخۆشم.

ئاندریەیش، دوای خۆ گۆڕین و، دوای دەست و دەم و چاو شتن، چووە نووسینگە دیپلۆماتە مەزنەکە و، خواردنێکی سووکەی بۆ ئامادە کرابوو.

میر لە سەرخوانەکە دانیشت و، (بیلیبین) لەبەر کوانووی ئاگرەکەوە بوو. میری کوڕەی (پۆلکۆنسکی)یش، کە هەر لە منااڵییەوە، لە سەر بارودۆخی ئارام و ئاسوودانەی خێزانی راهات بوو، دڵی کرایەوە. بە تایبەتی ئەوێکی ماندووی پەلاماره یەک لە دوای یەکەکانی شەڕ. لەگەڵ ماندووبوونی ئەو ڕێگا دوورە سەختەیش کە بڕی بوی، تا گەیشتبووە ئێرە.

دیار بوو، کە شوێنەواری بەسەر رەوانییەوە جێهێشت بوو. کاریگەریی ئەو پێشوازییە ساردەش کە لە لایەن وەزیرەوە کرابوو و، ئەو شێوازی قسە کردنە نالەبارەی وەزیریش، کە هەرچەند بە زمانی فەرەنسیش بوو، لەولاوە بوەستێت.

(بیلیبین) رەبەنێکی (٣٥) ساڵانە بوو. ئەویش لە بارودۆخێکی خێزانیی وەک (ئاندریە)دا، گەورە بوو بوو. پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی لەگەڵ چینی بااڵی ڤییەنایشدا، هەروەکوو (پێترزبۆرگ) بوو.

(بیلیبین)یش هەر وەکوو ئەو بوو. لاوێک بوو زۆر بەهرەمەند بوو لە هەموو بوارەکاندا و، لە سیاسەتیشدا. بۆ چاوارِوانی پاشەڕۆژێکی باشی لێ دەکرا. لەبەر ئەوەی لە (١٦) ساڵییەوە خەریکی ئەو کارە بوو. لە (پاریس)ەوە دەستی پێکردو پاشان بۆ (کۆبنهاگن). ئێستاش خاوەن ئەم پلە و پایە باشەیە لە ڤییەنا و، باڵوێزی رووسیا و وەزیری نوێنەری ئیمبراتۆرییش، رێزێکی فرەی لێ دەنا.

زمانی فەرەنسیی بە باشی دەزانی و، لەگەڵ ئەو تەمەڵی و سستییەیشیدا کاتێکی زۆری بە کار کردن، لە پشتی مێزەکەیەوە بەسەر دەبرد. دڵسۆزانە کاری دەکرد و شوێنی کارەکانی دەکەوت، تا بە ئەنجامی دەگەیاندن. حەزی لە وەاڵم دانەوەی:(چۆن؟) بوو، نەک (بۆچی؟).

راپۆرتەکانی زۆر بە وردی و سەرنجەوە، دەنووسی. هەمیشە رستەکانی هەڵبژاردە و، دانسقە بوون. لە هەموو تەلەفۆنکردن و، نووسینێکیدا وابوو. چەندە حەزی بە کار کردن بوو، هێندەش حەزی بە قسە کردن بوو. بە تایبەتی گەر قسەکان رۆشنگەرانە و باڵا بوونایە. هەر بابەتێکی بە دڵا نەبوایە قسەی تێدا نەدەکرد. پێش هەر گفتوگۆیەکی لەگەڵ پیاوە مەزنەکاندا دەبوو لە ژووری نووسینگەکەیدا خۆی بۆ ئامادە بکردایە. کارەکە وای لێهاتبوو، خەڵکی ڤییەنا بیرو راکانی (بیلیبین)یان لە باسی کێشەکانی خۆیاندا، بە نموونە دەهێنایەوە.

(بیلیبین) روخسارێکی زەردباوی داکەوتووی هەبوو. زۆری بایەخ بە پاکو خاوێنیی خۆی دەدا. دەمێک چەند چرچێک دەکەوتە نێوچاوانی و، دەمێکیش چرچەکان لەملاو لای لێویەوە ئاسۆیی دەبوون. لە کاتی قسە کردنیشدا چاوی دەبڕییە چاوی بەرامبەرەکەی.

بە میری وت:

ـ زۆر باشە. دەی ئێستا باسی پرۆژەکانی خۆتم بۆ بکە.

کۆڕی (پۆلکۆنسکی)یش باسی بینینەکەی وەزیری بەرگریی بۆ کردو وتی:

ـــ وەزیر وەکوو سەگێکی ماندووی شکستخواردووی گەڕاوە، لە وەدوو کەوتنی نێچیرەکەی، پێشوازیی لە خۆم و هەواڵی سەرکەوتنەکان کرد.

(بیلیبین)یش بە زەردەخەنەیەکەوە، سەیرێکی نینۆکەکانی کرد و وتی:

ـــ هەرچەند رێزێکی زۆرم بۆ سوپای (ئۆرسۆدوکسی) رووسی، هەیە. بەاڵم

نایشارمەوە، کە ئەو سەرکەوتنەتان لە هەرە گرنگەکان نەبوو !

هەندێ جار بە زمانی فەرەنسی و، ناوە ناوە بە ڕووسی لە سەری ڕۆیشت:

ـ تۆ بڵێ ئێوە بە هەموو هێزەکانتانەوە، پەلاماری لەشکرەکەی (مۆتێر)ی نەگبەتتان دابێت و، ئەوێش لە نێوان پەنجەکانتانەوە هەڵاتبێت و، خۆی قوتار کرد بێت. ئا بەوە بوترێت:سەرکەوتن!؟

میر ئاندریە لە وەڵامدا وتی:

ـ بە هەرحاڵا. خۆ خۆمان هەڵکێشان نابێت گەر بڵێین:ئەمەی ئێمە لە کارەساتەکەی ئۆڵم باشتربوو.

بیلیبین پرسیی:

ـ باشە بۆچی تەنیا (مارشاڵا)یکیشتان بۆ نەگیرا؟

ئاندریەش وتی:

ـ لەبەر ئەوەی لە شەڕدا، هەموو چاوەڕوانکراوەکان نایەنە دی. ئاخر شەڕ وەکوو نمایشە سەربازییەکان نییە. ئێمە دەمانویست سەعات حەوتی بەیانی پەلاماری ریزەکانی دواوەی ئەو سوپایە بدەین. کەچی خۆمان سەعات پێنجی ئێوارە گەیشتین !

بیلیبینیش بە زەردەخەنەیەکەوە پرسیی:

ـ باشە بۆچی سەعات حەوتی بەیانی نەگەیشتنە جێ؟ خۆ دەبوو لە کاتی دیاریکراودا بوایە؟

میر ئاندریەش پرسی:

ـ ئەی لە ڕێی دیبلۆماسییکانەوە، بۆ قەناعەت بە ناپلیۆن نەکرا، کە (جینیس) چۆڵا بکات؟

(بیلیبین) قسەکەی پێ بڕی:

ـ بەڵێ دانی پێدا دەنێم، کە گرتنی مارشاڵەکان، هەروا ئاسان نییە و، وەکوو قسەی کەسانی دەوری ئاگردان بێت! ئاخر تۆیش وا بیر ناکەیتەوە؟

هەر چەند تۆیش راستەکەیت، دەپرسیت بۆ (مارشاڵا)یکتان دیل نەکرد؟ پێت سەیر نەبێت، گەر پێت بڵێم:وەزیری بەرگری و خاوەن شکۆ و، ئیمپراتۆر و، (فرانسوا)ی پاشایش، بێ لەوە دڵیان بە هیچی تر خۆش نابێت. بەڵام منێکی فەرمانبەری بچووک لە باڵۆێزخانەی ڕووسیا، بە پێویستی نازانم شادمانیی خۆم بەوە دەربڕم کە سێ ڕۆبڵا بدەمە فرانزی خزمەتکارم، بۆ ئەوەی پێی بچێتە ژوانی دەسگیرانەکەی لە (شاری یاری). چونکە بڕی پارەکە کەمە و، پێویستییەکانی دابین ناکات. بەدەم قسە کردنەکەیشییەوە، چرچەکانی نێو چاوانی خاو دەبووەوە و، بە روانینەکەیشی لە ئاندریە دەیویست بە ناخیدا ڕۆبچێت.

ئاندریەش وتی:

ـ با پرسیارێکت لێ بکەم. هەرچەند وردەکارییەکانی، دیبلۆماسییەت لەوە وردترە، کە بیری کۆڵی من، هەرسی بکات، چۆن (ماک) سوپایەک دەدۆڕێنێت و، ئەو دوو (ئەرشیدۆق)ەیش، کە (فردیناند) و (شارلا)ن تەنیا یەک بەڵگەی دروستی ڕەوشی خۆیان دەرنابڕن؟ لە کاتێکدا (کۆتۆزۆف) خۆی، سەرکەوتن بە دەست دێنێ و فەڕەنسییەکان دەشڵەژێنێ. کەچی وەزیری بەرگری، هەر پرسیارێکیشی، لە وردەکاییەکانی شەڕەکە نەکرد؟

ئەویش وتی:

ــ بەڵێ تۆ راست دەکەیت! بەڵام ئازیزەکەم. . تا دەتوانیت هاواری (قەیسەر)و (ڕووسیا)و (ئایین) بکە، چونکە ئەمانە دروستن. بەڵام بەرژەوەندی ئێمە چییە لە سەرکەوتنەکانی ئێوەدا؟ مەبەستم ئەوەیە نەمسا چی دەچنێتەوە بۆ خۆی لەو سوودو بەرژەوەندییە؟ نە ئەرشیدۆق (شارلا) دەبزوێ و، نە(فردیناند)یش هەست بە ڕسوا بوون دەکات، ئەو کاتەی (ڤییەنا) دەدەن، بە دەم چارەنووسی بە خەمی خۆیەوە.

هەر وەکوو ئەوەی بە دانیشتوانەکەیشی بڵێن:خوا بە بەزەییەو هەموتان دەپارێزێت. خوا پشت و پەنای خۆتان و، پایتەختەکەتان بێت. تەنیا ژەنەرالێکی ئازیزتان بوو کە (شمیدت) بوو، بەرەو ڕووی ڕێژنەی گوللەتان کردەوە و، کوژرا. کەچی وای دادەنێن کە ئێوە سەرکەوتوون. وردتر بیر بکەوە، تا بێتە سەر قسەکەی من. نامەکەت زۆر بە خەم و ئازار بەخش بوو، وا نییە؟ وەکوو ئەوەی ئەوەتان بە ئەنقەست بوو بێت. گەر ئێوە یان (ئەرشیدۆق) شارلا خۆی شەڕەکەی ببردایەتەوە هیچی لە ڕەوشە گشتییەکە نەدەگۆڕی. کە ڤییەننا لەلایەن فەڕەنسییەکانەوە داگیر کرابێت، چ سوودێکی دەبێت؟

میر ئاندریەش پرسیی:

ــ چۆن داگیرکراوە؟ بۆچی فەڕەنسییەکان چوونە نێو ڤییەنایشەوە!؟

ئەویش وتی:

ــ گومانت نەبێت، ئێستا ناپلیۆن نیشتەجێی کۆشکی (شۆنبرۆن)ە. کۆنت (واربنا)یش، بەم نزیکانە بە فەرمانەکانی شاد دەبێت !

مێشکی میر ئاندریەش هەوالەکەی بۆ وەرنەدەگیرا. ماندووبوونی سەفەرەکەی و ئەو خوانە باشەی خواردی و، ئەو پێشوازییە ساردەی وەزیری بەرگری بەس بوو، بۆ دامرکاندنەوەی بیر و هۆشی.

بیلیبین لە سەری ڕۆیشت:

ــ ئەم بەیانییە (کۆنت لیشتنڤلس)م بینی و نامەیەکی دامێ. تێیدا بە دوورو درێژی، هاتنە ناوەوەی سوپا سەرکەوتووە فەڕەنسییەکەی بۆ ڤییەنا تێدا نووسرا بوو. میر (مۆرا) و دەستو پێوەندەکانی ڤییەنایان داگیرکرد و، سەرکەوتنەکەی ئێوەی پووچەلا کردەوە. هەر بۆیەش وەکو رزگارکەر و دەرکەوتوو پێشوازیت لێ نەکراوە.

کـه میـر ئاندریـه بچـووکیی، سـەرکەوتنەکانی لـه شـەڕی (کریمـز)دا بـۆ دەرکـەوت لـه بەرامبەر، بە دەستەوەدانی ڤییەنای پایتەختدا وتی:

ـ بەلای منەوە وەکوو یەکن. بەڵام چۆن ڤییەنایان گرت؟ ئەی سـەری سـەختی پردەکە و، میر(دویرس بێرگ) چیان لێهات؟ خـۆ بـە گوێرەی پڕوپاگەندەی خـەڵک بـەرگریان لـه شارەکە دەکرد.

(بیلیبین)یش وتی:

ـــ میـر (دوێـرس بێـرگ) لـه شـانی پردەکـەوە، بـەرگری لـێ دەکـردین. هەرچەنـد بەرگرییەکەیشی باش نەبوو، لەگەڵ ئەوەشدا ئێمـەی دەپاراست. راستە هێشتا پردەکە بـە دەستەوە نەدراوە، بەڵام بڕواش ناکەم تـا سـەر ئـەو پردەمـان بـە دەسـتەوە بمێنێتـەوە. ئـەو پردە مینڕێژ کراوە و، فەرمانی رووخاندنیشی دەرچووە. گەر وا نەبوایە، دەمێک بـوو ئێمـە بـە چیاکـانی (بوهێمیـا)وە بـووین. سـوپاکەی ئێـوەش دەکەوتـە نێـوان دوو ئـاگرەوەو، بـە خراپترین شێوە لە نێو دەچوو.

(ئاندریە) وتی::

ـ ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە شەڕ کۆتا بووە !

ئەویش وتی:

ـ گەر لـه منی وەردەگریت شـەڕ کۆتـا بـووە. ئەمـە بیروڕای کەڵـەپیاوانی ئێرەیشـە. بـا نەشـوێرن بـە ئاشـکرا بیڵـێن. ئـەوەی لـەوەو پـێش پێشـبینیم کردبـوو، رووێـدا. کوشـت و برەکەتان لە (دورسیتن)دا هیچی لە بارەکە نەگۆڕی. بـە هـەرحاڵ ئـاگر و بـارووت بڕیـاردەر و، یەکلاکەرەوە نییە. بەڵکوو داهێنەرانی بارووت و ئاگر خاوەنی دوا بڕیارن.

دوای ئـەوەی بیلیبـین رسـتە هەڵبژێرراوەکـەی خـۆی بـە کـار بـرد و، نێوچـاوانی کـەمێ کرایەوە، درێژەی دایـە:

ـــ شـتەکان بەنـدن (بـەرلین)ەوە. واتـە بـە دانوسـانەکەی، نێـوان شـای (بروووسـیا) و (ئەلسکەندەر)ی ئیمپراتۆرەوە. گەر بروووسیا، بووە هاوپەیمانی ئێمە، ئەوا پشـتی دەگـرین و شەڕ سەر هەڵدەداتەوە. گەرنا دەبێت لەسەر بە دەستەوەدانی شارەکان رێک بکەوین.

میر ئاندریە مشتە نووقاوەکەی دا بە مێزەکەدا و، هاواری کرد:

ـ وای لەم زیرەکییە سەرسووڕهێنە! های لە پیاوی بەختیار !

بیلیبین نێوچاوانی گرژ کردو پرسیی:

ـ پۆناپارت؟

دیسان پرسییەوە:

ـ پۆناپارت؟ ئێستا ئەو لە کۆشکی (شۆبنرون)ەوە، یاسـای نـوێ بـۆ نەمسـا دەردەکـات. وایشـم پـێ باشـە لـە بڕگـەی یەکـەمی ناوەکەیـدا، کـە (بیوناپـارت)ە، (ی)یەکـەی لابـبرێت و،

بکرێتە:پۆناپارت.

ئاندریەی پۆلکۆنسکیش وتی:

ـ واز لەم سوعبەتە بێنە. بەڕاست بڵێی ئەم شەڕە ببڕێتەوە؟

ئەویش وتی:

ـ نەمسایەک کە بەم بارەی خۆی رانەهاتووە، تەقەلا دەدات، کە تۆڵەی خۆی بکاتەوە و، ئاوی دەمووچاوی خۆی بگێڕێتەوە. چونکە دەڵێن هەرێمەکانی وڵاتەکەیان، کاول کراوە. لەبەر ئەوەی سوپای ئەرسۆدۆکسی کەم وێنە لە راوڕووتدا. پایتەختەکەیشیان لەبەرچاوی کاڵی خاوەن شکۆی پاشای (سەردینیا) خۆی بە دەستەوە داوە. بۆیە ئازیزەکەم بەینی خۆمان بێت، پێم وایە دەمانخەڵەتێنن. چونکە بۆنی دانوسان دەکەم، لە نێوان نەمساوییەکان و، فەڕەنسییەکاندا. ئەوان چەندین پڕۆژەی دانوسان و ئاشتیی دوو قۆڵییان هەیە.

میر ئاندریەش وتی:

ـ ئەوە هەر زۆر شەرمەزارییە! شتی وا نابێت !

بیلیبینیش وتی:

ـ تا زۆرتر بژیت، زۆرتر دەبینیت !

نێو چاوانی کرایەوە و، دەریخست کە حەز دەکات گفتوگۆکە کۆتابێت.

میر ئاندریە چووە ئەو ژوورەی کە بۆی تەرخان کرابوو، نوێنی پاک و خاوێن و، پشتیی پەڕینی بۆ ئامادە کرابوو. لەسەر سیسەمەکە لە سەرپشت راکشاو وا هەستی کرد کە شەڕ پێشینەیەکی کۆنی هەیە. بیریشی لە هاوپەیمانێتی لەگەڵ (بروسیا)و ناپاکی کردن لە (نەمسا)و، سەرکەوتنە نوێیەکەی (ناپلیۆن) دەکردەوە.

هەر هێندەی خۆش بوو، تا چاوانی لێک نا. ئیدی دەنگی تۆپباران و، تەقەی تفەنگەکان و، جیرەی رەوڕەوە و خرمەی پێی ئەسپەکان بوو دەهاتە گوێی. جارێکی دی قەرەوڵچیانی هاتەوە بەرچاو، ئەوانەی کە بە لاپاڵی گردەکەدا دەهاتنە خوارەوە و، تەقەیان دەکرد.

دڵی کەوتە پەلە کردنو، پێشڕەوییەکەی خۆی و، (شمیدت)ی هاتەوە بەرچاو و هووشپەی ئەو فیشەکانەی، کە بە سەریاندا تێدەپەڕی، دەهاتەوە بەرگوێ.

درەنگانێک چاوانی لێک نا و، خەوێکی وایکرد کە مەگەر بە منااڵی بە خۆیەوە بینی بێت. کە لەخەویش رابوو، زەردەخەنەیەک گرتی و، لە دڵی خۆیدا وتی:

ـ ئای لەو هەموو شتانەی رووياندا!!

جارێکی دی چاوانی لێکنایەوە و لێی نووستەوە.

بەشی یازدە
شا فرانسوا

درەنگانێ لەخەو رابوو و بابەتەکانی وەبیر خۆی هێناوە. یەکەمجار بە پێویستی زانی کە ئیمپراتۆر (فرانسوا) ببینێت. وەزیری بەرگریشی وەبیر هاتەوە. بە دوایدا، وتوویژەکەی دوێنێی، لەگەڵ (بیلیبین)دا.

بەرگە نوێیەکانیشی، کە دەمێک بوو، لەبەر نەبوونی بۆنەکان، لەبەری نەکردبوو، کردە بەر. لەگەڵ ئەوەشدا کە باسکێکی بریندار بە ملیدا هەڵواسیبوو، قۆز و رێکپۆشیش دەینواند !

خۆی کرد بە ژوورەکەی بیلیبیندا و، سەرنجیدا چوار سیاسەتمەداری لەلا میوانە و، تەنیا (هیبۆلیت کۆراگین)ی ئەمینداری نهێنیی، لێ دەناسێت.

بیلیبینیش ئەوی بە میوانەکان ناساند. ئەوانیش لاوانێکی دەوڵەمەندی رێکپۆش بوون، لە (برۆن)دا و بیلیبین سەرگەورەیان بوو و ناوی نابوون رێکخراوەی (کۆمەڵەکەمان).

تەنیا سیاسەتمەداران دەبوونە ئەندامی و، بەرنامەی کاریان ژیانی گشتی و، ژیانی کۆمەڵایەتی ژنان بوو. نە گوێیان بە سیاسەت و، نە بە جەنگ دەدا.

بە رەوشتێکی جوانەوە هەندێ پرسیاری سوپا و، دوایین پێشهاتی شەڕەکەیان لێ پرسی. دوایی بووە وتوویژ و، قسەکان قسەیان لێ بووەوە و، بووە چەلەحانێ و، لەو شێوانەی، لە یانەکاندا روو دەدات.

یەکێکیان باسی هاوڕێیەکی خۆی کرد و وتی:

ـ ئەوە جوان بوو کە وەزیر خۆی وتی، تەنیا گواستنەوەی ئەو بۆ (لەندەن) لە خۆیدا وەرگرتنی پلەیەکی بالایە. پێویستە خۆیشی لەو دەلاقەیەوە لێی بڕوانێت. ئێوە ڕوخسارە جوانەکەی لە بەرچاو بگرن، کاتێک ئەو توانجانەی تێ دەگیرا.

یەکێکیتریان وتی:

ـ نەخێر ترسناکترین مامەڵە:پەرچە کردارەکەی (کۆراگین) بوو، لە بەرامبەریدا. منیش ئەو دۆن جوانەتان پێشکەش دەکەم کە حیز فرسەتانە، سوود لە لێقەومانی هاوڕێکەی دەبینێت، بۆ بەرژەوەندیی خۆی. ئای پیاوێکی ترسناکە !

میر (هیبۆلیت) لەسەر قەنەفەکە دڕێژ ببوو و، لاقەکانیشی دڕێژ کردبوو و لەسەر قۆڵی قەنەفەکە دڕێژ کردبوو.

ئەویش بە قاقای پێکەنینەوە وتی:

ـ دەی ئەوەم بۆ بگێڕەوە. . . .

هەندێکی تریان وتیان:

ـ ئای . . ئـای. . کوڕی قـۆز!

بیلیبین وتی:

ـ میر ئاندریە تۆ لەوە بێئاگایت، کە ئەو هەموو بێعارییەی سوپای فەڕەنسی ـ خەریک بوو بڵێم سوپای ڕووسی ـ لەگەڵ ئافرەتان دەیکەن.

هیبۆلیت بەدەم سەیر کردنی قاچەکانی خۆیەوە وتی:

ـ جا چییە. ئافرەت بێ پیاو نایکرێت.

بیلیبین و (کۆمەڵەکەمان) دایانە قاقای پێکەنین.

میر ئاندریە بەمەدا بۆی دەرکەوت کە ئەو (هیبۆلیت)ە نیانە بەڕەوشتە نییە کە کاتی خۆی لە کۆتایی ئاهەنگەکەی (ئانیت – شیرەر)دا بەرامبەر بە ژنەکەی خۆی دەینواند! بەڵکو دۆگمابوون بوو. چونکە ئەوەتا بووەتە گاڵتەجاڕی کۆڕەکە.

بیلیبین چرپاندی بە گوێی میر ئاندریەدا:

ـ ئەرکی خۆمە بە کۆراگین بێتاقەتیی تۆ دەر بکەم. لەم کاتانەدا نرخی هەر تەواو نابێت. خۆ ئەوەتا کە باسی سیاسەت دەکات، بە ڕوونی بەخۆ نازین بە ڕوخساریەوە دەبینیت.

پاشان لەلای هیبۆلیتەوە دانیشت و، باسی سیاسەتی بۆ کردەوە. کوڕەی پۆلکۆنسکی و، ئەوانی تریش لێیان کۆبوونەوە.

هیبۆلیت چاوێکی بە کۆڕە بازنەییەکەدا گێڕاو وتی:

ـ ئەنجومەنی وەزیرانی بەرلین، پێیانەوە دیار نییە کە ئارەزوومەندی هاوپەیمانێتی بن. هەرچەند لە ڕێنماییەکانی ئەم دواییەشدا، ئەمە هاتووە. ئێوە لە ئەمە تێدەگەن. دواتر ئەگەر ئیمپراتۆری خاوەن شکۆ، دژی هاوپەیمانێتی بێت . . . .

ـ پەلەم لێ مەکەن، هێشتا قسەکەم تەواو نەکردووە! من بە لای ئەوەدا دەیشکێنمەوە، کە دەستێوەردان بەهێزترە لە بروسکەکەی(٢٨)ی تشرینی یەکەممان. رووداوەکە خۆی وا کەوتەوە.

قۆڵی کوڕەی پۆلکۆنسکی بەردا و نیشانەی ئەوە بوو هیچی تری پێ نەماوە تاکوو بیڵێت.

بیلیبین قیت بووەوە و، دەریخست کە پشتگیریی دەکاتو وتی:

ـ ئای (دیموستین) بەو خڕە چەوانەدا دەیخەیتە دەمە زێڕینەکەتەوە. دەتناسمەوە.

کۆڕەکە دایانە قاقای پێکەنین. قاقاکەی هیپۆلیت خۆیشی، بەسەر ئەوانی تردا زاڵ بوو. دواتر هەناسەیشی سواربوو.

کە کپ بوونەوە، بیلیبین وتی:

ـ بەڕێزان ئێستاش گوێ بۆ میر ئاندریە پۆلکۆنسکی بگرن، کە خۆیشم بە نیازم بەشداری لە خۆشیی شارەکەمدا پێ بکەم. گەر لە قییەنا بوونایە، کارەکە پێچەوانە دەبووەوە. بەڵام لێرە لەم دەستبەسەرییە نەفرەتییەدا، خەمەکە لەوە گرانترە، کە داوای یارمەتی لە ئێوە بکەم.

پێویستە جوانترینی ئەوانەی پیشان بدەین کە لە شاری (برۆن)دا هەیە. پەیمانیشی بدەنێ کە بە گشت هۆڵی شانۆکاندا بیگێڕنو منیش لای خۆمەوە بە چینو تۆڕە بااڵکانی کۆمەڵگای دەناسێنم.

هیپۆلیت تۆیش لە رووی ئافرەتەوە، درێغیی لێ مەکە. یەکێک لە ئەندامانی (کۆمەڵەکەمان) پەنجەکانی دەستی خۆی ماچ کرد و وتی:

ـ پێویستە بەو (ئەمیل)ەی بناسێنیت کە بۆ خۆی زێڕێکی ڕیز پەڕە!

بیلیبین هەڵیدایە:

ـ بە کورتییەکەی، لەسەرمانە ئەم سەربازە خوێناوییە بگێڕینەوە نێو بازنەکانی سۆزی مرۆڤایەتی و، نێو یانە و ئاهەنگەکان.

ئاندریەش سەیرێکی سەعاتەکەی کرد و وتی:

ـ ببوورن بەڕێزان، کە ناتوانم سوود لە لا لێکردنەوەکانتان ببینم. چونکە دەبێت هەر ئێستا جێتان بهێڵم.

یەکێکیان پرسیی:

ـ بۆ کوێ دەچیت؟

ئەویش وەاڵمی دایەوە:

ـ بۆ لای ئیمپراتۆر.

یەکێکی دی هەڵیدایە:

ـ ئـۆو! ئـــۆو!

بیلیبینیش پێی وت:

ـ خوات لەگەڵ میری کوڕی پۆلکۆنسکی. زوو بگەڕێوە. لە سەر خوانەکە چاوەڕێت دەبین.

لەگەڵی رۆیشت تا دالانەکە و لەوێ پێی وت:

ـــ لـــە کـــاتی چاوپێکـــەوتنی ئیمپراتـــۆردا، زۆر هەڵبـــدە بـــە بەشـــی (گەنجینـــەکان)و بەڕێوەبەرێتیەکەیدا، هەڵا بڵێیت و، بە باشی وەسفیان بکە.

میر ئاندریەش وتی:

ـ خۆیشم هەر وام دەکرد. بەڵام دەستەوسانم، چونکە وێژدانم راستی پەرستە و، درۆ پەسەند ناکات !!

بیلیبینیش هەڵیدایە:

ـــ بـــە هـــەرحاڵا تـــا بـــۆت دەکرێـــت، قســـەی بـــۆ بکـــە. ئـــەویش هـــەموو ئارەزووەیـــەکی چاوپێکەوتنی خەڵکە. لەبەرئەوەی قسەزان و زمان رەساو نییە، حەزی بەوەیە قسەی بۆ بکرێت، نەکوو خۆی قسە بکات! بە بینینیشی، ئەم راستییەت بۆ دەردەکەوێت.

بەشی دوازدە
پردی تابوور

ئیمپراتۆر (فرانسوا) لە نمایشە سەربازییەکەدا بە هێندە کۆڵیدا بە تیلە چاوێ سەرنجی میر ئاندریە بدات. ئاندریەیش لە ریزی ئەفسەرانی نەمسا، دانیشت بوو و بە دوایدا، ئیمپراتۆر سەرە درێژکۆلەکەی بۆ لەقاند.

دوای ئاهەنگە سەربازییەکە، هەمان (نائب ڤابگ)ی پێشوو و، ئەوەی زووتر برد بووی، بۆ ژووری ئیمپراتۆر، زۆر بە نیانی پێی راگەیاند کە ئیمپراتۆر دەیەوێت ببینێت.

ئیمپراتۆر کە لە ناوەڕاستی نووسینگەکەیدا وەستابوو، پێشوازیی لێکرد. میر ئاندریە ئیمپراتۆری کەمێ بە شڵەژاوی هاتە پێش چاو و، بە جۆرێک کە خۆیشی نازانێت چی دەڵێت. تەنانەت سوور هەڵگەڕانەکەی دەمو چاویشی بۆ چار نەدەکرا. بەوەیشدا راستی قسەکەی (بیلیبین)ی بۆ دەرکەوت، لە بارەی ئیمپراتۆرەوە.

ئیمپراتۆر لە ئاندریەی پرسی:

ـ پێم بڵێ کەی شەڕەکە دەستی پێکرد؟

میر ئاندریەش وەڵامی دایەوە.

هەندێ پرسیاری تری کردو هیچیان لە پرسیاری پێشووتر باشتر نەبوو. وەکو:

ـ (کۆتۆزۆف) چۆنە!؟ دەمێکە (کریمز)ی جێهێشتووە؟

بە قسەکانی ئیمپراتۆردا، وا دەردەکەوت کە دەیەوێت پرسیارێکی فرە بکات. کەچی پێیشییەوە دیار بوو، کە هەر گوێیشی بە وەڵامەکان نەدەدا !

سەرلەنوێ پرسییەوە:

ــ لە سەعات چەندا بوو، شەڕەکە دەستی پێکرد؟

ئاندریەش لە وەڵامدا وتی:

ـ هەرچەند کاتی دەست پێکردنی شەڕم، لە هەموو بەرەکەدا بۆ دیاری ناکرێت، بەڵام ئەوەم لێ روونە، سەعات شەشی ئێوارە، شەڕ لە (دورنستن)ەوە دەستی پێکرد و، لەو کاتەدا خۆم لەوێ بوم. ئاواتی ئاندریەی کوڕەی پۆلکۆنسکی ئەوەبوو، باسێکی راستەقینەی شەڕەکەی بۆ بکات و، ئەو رستانەی بۆ بڵێتەوە، کە پێشووتر، پرۆژەی لەسەریان کرد بوو. بەڵام ئیمپراتۆر بە بزەیەکەوە قسەکەی پێ بڕی:

ـ چەند میلێک دەبێت؟

ئاندریەش پرسیی:

ـ لە کوێوە بۆ کوێ خاوەن شکۆ؟

ئیمپراتۆریش وتی:

ـ لە (کریمز)ەوە بۆ (دورنستن)؟

ئاندریەش وەڵامی دایەوە:

ـ سێ میل و نیوێک دەبێت . . خاوەن شکۆ.

ئیمپراتۆری خاوەن شکۆ پرسییەوە:

ـ ئەی فەڕەنسییەکان لای چەپی پردەکەیان چۆڵکرد؟

ئەویش وتی:

ـ بە گوێرەی راپۆرتی چاودێرەکانمان، دوایین کۆمەڵەی سەربازە فەڕەنسییەکان بە لۆرییەکانیانەوە، شەوی. . .

ئیمپراتۆر قسەکانی پێ بڕی و پرسیی:

ـ ئەی ئەسپەکانتان ئالیکیان لێ نەبڕا؟

ئەویش وەڵامی دایەوە:

بە هێندەی پێویست ئالیکیان. . .

دیسان ئیمپراتۆر قسەکانی پێ بڕییەوە:

ـ ئەی سەعات چەند (شمیدت) کوژرا؟

ئەویش وتی:

ـ پێم وا بێت سەعات حەوت.

ئەویش وتی:

سەعات حەوت! بە داخەوە. . . زۆر بە داخەوە.

ئیمپراتۆر کەمێ بۆی داموکایەوە تا تێی بگەیەنێت چاو پێکەوتنەکە کۆتابوو و سوپاسی کرد. ئاندریە هەر هێندەی خۆش بوو، تا لە نووسینگەکەی ئیمپراتۆر هاتە دەرەوە. هێندەی زانی، ئەفسەران و پیاوانی دەربار لێی کۆبوونەوە و، کۆمەڵێک پرسیاریان بە سەردا دابارا‌ن. (نائب ڤابگ) هەر لەوێدا خانووەکەی خۆی بۆ تەرخان کرد، تا شەو تێیدا بحەوێتەوە. وەزیری بەرگریش زۆر بە جوانی و، بە چەند رستەیەکی رازاوە، تێی گەیاند، کە ئیمپراتۆری خاوەن شکۆ، مەدالیایەکی پلە سێی (ماری تیریز)ی پێ بەخشیوە.

یەکێک لە دەرگاوانانی دەربار، پێی راگەیاند کە خاتوونی ئیمپراتۆریش دەیەوێت ببینێت. هەروەها تێیشیانگەیاند، کە خاتوو (ئەرشیدۆق)یش، دەیەوێت ببینێت. ئاندریەیش نەیدەزانی گوێ لە کامیان بگرێت و، وەڵامی کێ بداتەوە؟

بەڵێزی رووسیایش قۆڵی گرت و، لە ئاپۆرەکەی دوور خستەوە. بە پێچەوانەی پێشبینییەکەی (بیلیبین)ەوە، ئەو سەرکەوتنە، یەکێک بوو لەو هەوڵانەی کە دەنگێکی باشی لە نێو کەسانی ناسراو و، گەورە پیاوانی دەربارەدا، دابووەوە و، زۆر دڵخۆشیشی کرد بوون. لە کڵێسەکانیشدا، نوێژی سەرکەوتنیان، بەو بۆنەیەوە کرد. (مەدالیا)ی خاچی (ماری تیریز)یش بە (کۆتۆزۆف) بەخشرا. دیاریەکی زۆریشیان بەخشی بە سوپا سەرکەوتووەکە. دەعوەتکردنی میر ئاندریەش، زۆر بوو و، ناچار ئەو رۆژەی، لەگەڵ گەورە پیاواندا بەسەر برد. دواتر چووە کتێبخانەیەک و، هەندێ کتێبی کڕی، تاکوو لە گەڕانەوەیدا بۆ ناو سوپاکەی، سوودیان لێ ببینێت.

لە گەڕانەوەیدا بۆ لای بیلیبین، بیری لە نووسینی نامەیەک دەکردەوە بۆ باوکی تا بە وردی باسی شەڕەکە و، ئەم هاتنەیشی بۆ (برۆن) بۆ بکات. لەبەر دەرگادا گالیسکەیەکی تا نیوە بارکراو، بە شتومەکی بینی.

لە (فرانز)ی خزمەتکاری (بیلیبین)ی پرسی، کە جانتایەکی دەهێنایە دەرەوە:

ـ ئەوە چی رووبداوە!؟

ئەویش کە نکەنکی بوو، بە جانتاکەوە و، خستیە گالیسکەکە، وتی:

ـ ئەو نەفرەتییە هەر بە دوامانەوەیە! دەگوێزینەوە ئەی خاوەن شکۆ.

میر ئاندریەش بە سەرسامییەوە هاواری کرد:

ـ چۆن!؟ چۆن!؟ ئاخر چی رووبداوە؟

بیلیبین هاتەوەو بەخێری هێنا. ئەویش کە سەیری روخساری کرد کەمێک شڵەژاوی پێوە بینی.

دواتر بیلیبین وتی:

ـ دەی تۆیش دانی پێدا بنێ، کە لە پردی (تابوور)یش پەڕیونەتەوە.

میر هیچی لێ تێنەگەیشت !

بیلیبین پرسیی:

ـ ئەی تۆ لە کوێوە هاتوویت؟ خۆ گالیسکەوانانی شاریش دەزانن !

میر ئاندریەش وتی:

ـ ئێستا لای خاتونی (ئەرشیدۆق) گەڕاومەتەوە. کەسیش ئەمەی پێی نەگوتوم کە تۆ باسی دەکەیت!

بیلینیش لێی پرسی:

ـ ئەی ئەو هەموو خەڵکە نابینیت، جانتاکانیان ئامادە دەکەن و، خۆیان دەپێچنەوە؟

میریش به سەرسامییەوە وەڵامی دایەوە:

ـ هەرگیز! هەوڵا چییە!؟ چی رووبداوە!؟

بیلیبینیش وەڵامی دایەوە:

ـ چی رووبداوە!؟ ئەو پردەی (ئۆپرسێرگ) دەپپاراست، سەربازانی فەڕەنسی لێوەی پەڕینەوە! چونکە ئەو نە پردەکەی رووخاند بوو و، نە هیچ و، هەروا بۆی جێ هێشتن. (مورا)یش زۆر بە ئارامی بە سەریدا پەڕییەوە! ئەمڕۆ یا سبەی دەگەنە ئێرەش !!

میریش وتی:

ـ دەگەنە ئێرە! خۆ پردەکە زووتر مینڕێژ کرابوو، بۆ ئەوەی لە کاتێکی وادا بیتەقێنەوە!

بیلیبینیش وتی:

ـ منیش هەمان پرسیارت لێ دەکەم. بە هەرحاڵ، کەس ئەو هۆیە نازانێت. تەنانەت ناپلیۆن خۆیشی، ئەو هۆیە نازانێ.

میر ئاندریەش شانەکانی هەڵتەکاند و وتی:

ـ جا گەر سوپای فەڕەنسی، لەو پردە پەڕیبێتەوە، ئەوا سوپای ئێمە تێدادەچێت! چونکە هەر لەوێدا دەکرێت بە دوو بەشەوە.

بیلیبینیش وتی:

ـ قسەی تۆیە! گوێ بگرە. وەکوو پێم وتیت، سوپای فەڕەنسا چووە ڤییەناوە. زۆر باشە. . لەولایشەوە، رۆژی دواتر، کە دوێنێ بوو، مارشاڵە بەڕێزەکانی (مۆر)و (لان) و (بیلیار) کۆبوونەوە و، ئاوزەنگییان لێدا بەرەو پردەکە. کە گەیشتن سەرنجیان دا، سێ کەسی (گاسکۆنیا)ی فەرەنسی، لە نێو خۆیاندا قسەیان دەکرد.

یەکێکیان وتی:

ـ بەڕێزان. . . خۆتان دەزانن پردی (تابوور) مینڕێژ کراوە. ئەوسەریشی زۆر تۆکمەیە و، (١٥٠٠٠) سەربان، ئەوسەری پردەکە دەپپارێزن. دوور نییە، لە ناکاو فەرمانی تەقینەوەی پردەکەش دەربکەن و، نەهێڵن بە سەریدا بپەڕینەوە. بەڵام گەر ئەو پردە بگیرێت، ئەوە هەر زۆر (ناپلیۆن) دڵخۆش دەکات! دەی با بە هەرسێکمان ئەم پردە داگیر بکەین.

دوانەکەی تر وتیان:

ـ دەی فەرموون.

ئەوەتا ئەو پردەیان داگیرکرد و، ئێستا بەرەو ئێمە پێیدا دەپەڕنەوە. گەر ئێوەش بێن، ئەوا رێی هاتوچۆتان لێ دەبڕنەوە.

میر ئاندریەش بە ترسێکی زۆرەوە وتی:

ـ پەکوو!! لەم پڕو پاگەندە تۆقێنەرە !

بیلیبینیش بە دوایدا وتی:

ـ نەخێر سوعبەت ناکەم! من هەوڵێکی راستت پێ رادەگەیەنم، کە زۆر کاریگەرە. سێ

فەرەنسییەکە بە دەستەسرە سپییەکانیانەوە، بە سەر پردەکەدا، گەیشتوونە ئەمسەری پرد و، لای سوپاکەی ئێمە. ئەمانیش بێخەمانە، وایانزانیوە، کە ئەو سیانە ئالا بە دەستانە، مارشالانێکن و هاتوون، ئاگربەستیان پشتڕاست کردووەتەوە و، بە مەبەستی وتوێژ دەیانەوێت، (ئۆیرس بۆرگ) ببینن. بۆیە ئەفسەرانی پاسەوانیش، ڕێیان پێداون، کە بەسەر پردەکەدا بپەڕنەوە. کە ئەو سێ (گاسکۆنیا)ییە دەگەنە ئەمبەر، باوەش بە ئەفسەرانی ئێمەدا دەکەن و، تێروپڕ سوعبەت دەکەن و، کارێک دەکەن، گومانی ئەفسەرانی ئێمە، دەڕەوێننەوە.

دەکەونە درۆیەلێکی وەکوو:

ژوانێک بۆ ئیمپراتۆر (فرانسوا) دانراوە، تاکوو ناپلیۆن ببینێت. ئێمەیش ئارەزوومانە کە میر (ئۆیرس بۆرگ) ببینن. کورت و کەم، فێڵێک نەماوە ئەو (گاسکۆنیا)ییانە، پەنای بۆ نەبەن. گوایا ئەفسەری پاسەوان نێردراوە تا ئەوەی بیستویەتی بۆ (ئۆیرس بۆرگ)ی بگێڕێتەوەو پرسوڕای پێ بکات. دوانەکەی تر ئەمانی تر لە ئامێز دەگرنو دەچنە سەر لووڵە تۆپەکان. لەو کاتەدا فیرقەیەکی فەرەنسی پەیدا دەبن و، پردەکە داگیر دەکەن. دوای ئەوەی چەندین تەقینەوە لە ئاوەکەدا دەکەن، بەرەو ئەوبەری پردەکە دەڕۆن.

درەنگانێ ژەنەرالی دووەم میر (ئۆیرس بۆرگ)ی خۆشەویست دەگات. ئەوانیش دەیگرنو پێی دەڵێن:

ئەی دوژمنی ئازیزمان! شاگوڵی سوپای نەمسا. ئەی پاڵەوانی شەڕەکانی تورکیا! ئێستا شەڕ بە کۆتایی گەیشت و، دەتوانین دەستمان لە شمشێر بەربدەین و دەست بۆ یەکتری درێژ بکەین !

(ناپلیۆن)یش بە تاسەی ناسینی تۆی میر (ئۆیرس بۆرگ)ەوەیە !

بە کورتی ئەوانە لە خۆڕا (غاسکۆنیا)یی نەبوون. هێندەیان بە شانو باڵی (ئۆیرس بۆرگ)دا هەڵدا و، خۆیشی هێندە بەرگی (مۆرا)و خودە و پەڕە تاووسەکەی سەری پێ جوان بوو، بیری چووەوە کە پێویستە گڕیان تێ بەربدا.

میر ئاندریە قسەکەی پێ بڕی.

بەڵام ئەم کە زانی میر ئاندریە لێی تێگەیشتووە کەوتەوە گێڕانەوە:

ــ فیرقە فەرەنسییەکە بۆی کشاو گەیشتە سەرەتای پردەکە. تۆپخانەکانی لە کار خست و، پردەکەی داگیر کرد.

بیلیبین کەمێک هەڵچوو و، بێدەنگ بووەوە و، دواتر تێهەڵچووەوە:

ــ سەیرەکە لەوەدایە، ئەفسەرێک لە (بۆیرس بۆرگ) چووە پێش، کە دەر کردنی فەرمانی تەقاندنەوەی پردەکەی، بە تەقاندنی گوللە تۆپێکی تایبەت پێ سپێردرابوو، چرپاندبووی بە گوێیدا:

میرم. ئەوانە فریوت دەدەن و، دەتخەڵەتێنن. . . فەرەنسییەکان فێڵاوین.

(مۆرا)ی گاسکۆنیی پیسیش، بۆی دەرکەوت گەر ڕێ بەو ئەفسەرە بچووکە بدات، زیاتر لە سەری بڕوات، ئەوا پیلانەکەی ئەمان هەڵدەوەشێنێتەوە. بۆیە بە (ئۆیرس بۆرگ)ی وتبوو:

ـ چۆن دەبێت ڕێ بدەیت:ئەفسەرێکی بەردەستی خۆت بەم شێوەیە بدوێت؟ خۆ سوپای نەمسا بە سەپاندنی یاسا سەربازییەکانی، بەناوبانگە !

ئەو قسانە کاری لە (ئۆیرس بۆرگ) کرد بوو و، هەر لەوێدا فەرمانی بە بەند کردنی ئەفسەرەکە دابوو. بڕوات هەبێت چیرۆکی (پردەکەی تابوور) زۆر بە چێژە. ئەوەی ئەوانیش کردویانە ڕسوایی نییە. میر ئاندریە کە لە داڵغەی خۆیدا ون ببوو، پاڵتۆ خۆڵەمێشییەکان و بریندارەکان و، بارووەدو، دووکەڵا و، تەقەی تفەنگ و، گیزەی گوللە و، سەرکەوتنی چاوەڕوانکراوی، هاتەوە بەرچاو.

بۆیە خێرا وتی:

ـ ڕەنگە ئەوە، ناپاکی بێت !

ئەویش لە وەڵامیدا وتی:

ـــ نەخێر ئەوە هەر ناپاکی نەبووە و بڕابێتەوە. بەڵکوو وڵاتیشی خستووەتە هەڵوێستێکی زۆر خراپەوە.

کەمێ وەستا وەکوو ئەوەی، بۆ زاراوەی گونجاو بگەڕێت، دەستی پێکردەوە:

ـ ئەوە (ماک)یانە، بووە و، ئێمەیان غافڵگیر کردووە.

پێیشی خۆش بوو کە زاراوەی ماکیانەی بۆ یەکەمجار داهێنا و، لێیشی ڕوون بوو، لێرە بەدواوە دەبێتە بنێشتەخۆشەی بن دڕانی خەڵکی.

لە پڕێکدا میر ئاندریە هەستاو بیلیبین لێی پرسیی:

ـ بۆ کوێ دەچیت؟

ئەویش وەڵامی دایەوە:

ـ دوایی دەگەڕێمەوە.

بیلیبین دووبارەی کردەوە:

ـ بۆ کوێ!؟

میر یش وتی:

ـ بۆ نێو سوپا.

بیلیبینیش بیری خستەوە و، پرسیی:

ـ ئەی تۆ نەتگوت دوو ڕۆژی تریش لێرە دەمێنمەوە؟

ئاندریەش وتی:

ـ ڕاست دەکەیت. بەڵام هەر دەبێت بڕۆم.

دوای ئەوەی خزمەتکارەکەی ئاگادار کردەوە، کە دەیەوێت بڕوات و، چووەوە ژوورەکەی خۆی.

به دوایدا بیلیبین چووه ژوورەوە و وتی:

ـ بیرم لێت کردەوە و، بۆ خاتری شەیتان بۆ دەبێت، سەفەر دەکەیت؟

هەر چەندیش وای پیشاندا کە زۆر بە راستیتی، بەڵام ئاندریە سەیرێکی کرد و، بێدەنگ بوو.

بیلیبین تێ هەڵچووەوە:

ـ ئاخر چی پێویستییەکت بە رۆیشتنە؟

خۆیشت دەزانیت ئەرکی سەر شانتە لەپزی سوپادا بیت. بە تایبەتی کە ئێستا لە مەترسیدایە. ئەوەش دەزانم کە ئەمەیشت لە پاڵەوانێتیتە.

ئاندریەش وتی:

ـ نا ئەمە پەیوەندی بە پاڵەوانێتیەوە نییە.

ئەویش وتی:

ـ بەڵێ بەڵێ. بەڵام ئەوەیە تۆ فەیلەسوفیشیت! دەشزانم ئەرکەکەت دەیسەپێنێت بە سەرتا کە بمێنیتەوە و، خۆت تووشی مەترسی نەکەیت. شوێنی ترسناک بۆ ئەوانە جێبێڵە کە بەکەڵکی هیچ نایەن. نە فەرمانت بۆ دەرچووە بگەڕێیتەوە و، نە ڕێت پێدراوە. پێیشم وایە ئێمە پاشەکشە دەکەین بۆ (ئۆکمۆتز). شارێکی زۆر جوانەو بە بێ ماندووبوون، بە سواری گالیسکەکەی خۆیشم دەڕۆین.

ئاندریەیش وتی:

ـ هێندە سوعبەت مەکە بیلیبین.

ئەویش وتی:

ـ من وەکوو هاوڕێیەکی دڵسۆز، قسەت بۆ دەکەم. باش بیری لێ بکەوە. ئاخر کە لێرە بتوانیت بمێنیتەوە، بۆ بیر لە رۆیشتن دەکەیتەوە؟

دیسان تێهەڵچووەوە:

دوو گریمانە هەیە. یەکێکیان ئەوەیە زوو پەیمانی ئاشتەوایی مۆر بکەین، و پێش ئەوەی بگەڕێیتەوە بۆ لای سوپاکەت. یان ئەوەتا دەبێت تێکشکاندنی سوپاکەت بە چاوی خۆت ببینیت. لەوە دەچوو میر ئاندریە، قەناعەتی کردبێت. کەمێ کرایەوە و، نێوچاوانی ڕوون بووەوە.

وەڵامی دایەوە:

ـ ئیدی هیچم بۆ ناوترێت.

لە دڵی خۆیشیدا وتی:

ـ جا خۆ ڕۆیشتنیشم و، پەیوەندی کردنیشم، بۆ ڕزگار کردنی سوپاکەم بوو.

بیلیبینیش پێی وت:

ـ پاڵەوانیت پاڵەوان. . . . ئازیزەکەم!

بەشی سیازدە
زێڕەکەی ئینگلتەرە

هەر لەو شەوەدا ئاندریە پۆلکۆنسکی، لە مۆڵەتی لە وەزیری بەرگری خواست کە پەیوەندی بکاتەوە بە سوپاکەیەوە و، ڕێی گرتەبەر، بێ ئەوەی شوێنی سوپاکەی خۆیشی بزانێت. زۆر لەوەیش دەترسا، کە بێ ئەوەی ئاگای لە خۆی بێت، لە سەر ڕێی بەرەو شاری (کریمز) بگیرێت و، بکەوێتە بەردەستی فەڕەنسییەکان.

پیاوانی دەربارێ شاری (برۆن)یش، جانتا بچووکەکانیان ئامادەی سەفەر دەکرد و، شتومەکە قەبە و، قورسەکانیشیان پێش خۆیان ناردبوو بۆ (ئۆکمۆتز).

کە (ئەتزلسدۆڤ)یشی تێپەڕاند، ئەو ڕێگایەی گرتەبەر، کە سوپای ڕووس، لە پاشەکشەکە خێراکەیدا، گرتبوویە بەر. ئەو ڕێگا پانو پۆڕەیش، بە گالیسکە گەورە بارهەڵگرەکان، تەنگەبەر ببوو و، ڕێی لە ریزی فەسیلەکان بڕی بووەوە.

میری ماندووی برسی، ناچار بوو داوای ئەسپ لە یەکێک لە ئەفسەرە قەوقازییەکان بکات. یەکێکیان ئەسپەکەی دایە و، خۆیشی شوێنی کەوت.

دوای ئەوەی میر گالیسکەکانی تێپەڕاند، چاوی بۆ، ژەنەرالی (سەرۆکی بالا)و گالیسکەکەیدا دەگێڕا. ژاوەژاوی یەکە سەربازییە هەڵوەشاوەکان و، جیرە و تەقە تەقی، ڕەوڕەوەی گالیسکەکان، گوێی کەڕ دەکرد. ئا لەو کاتەدا، بەشێک لە وتارەکەی (ناپلیۆن)ی بیرهاتەوە، کە لە سەرەتای شەڕەکەدا، بۆ سەربازەکانی خوێندبووەوە و وشەکانی لە

بەرچاوی ئەمدا سەمایان دەکرد:

(پێویستە ئەو سوپای رووسەی، کە زێڕی ئینگلتەرەیە و، لەوپەڕی وڵاتەوە هێناویەتە سەرمان، شکست پێ بێنین. هەر وەکوو ئەو شکستەی کە بەسەر لەشکرەکانی (ئۆڵم)ماندا هێنا.)

چەند ئەو رستەیە هەستی بریندار دەکرد، ئەوەندەش بەو (ناپلیۆن)ە بلیمەتە سەرسامی کرد بوو.

کەوتەوە وەبیر هێنانەوەی رستەکانی ناپلیۆن:

(ئەگەر لە مردن زیاتر، هیچ چارەیەک نەما، ئەوا خۆم دەزانم چۆن وەکوو ئەوانیتر دەمرم.)

میر ئاندریە بە قیزەونییەوە لەو یەکە سەربازییە، تێکەڵ و پێکەڵا و، ئەو گایسکانە و، یەکەی تۆپخانە پەرش و بڵاو و، شپرزانەی، ڕێگا کشتوکاڵییەکانیشیان گرت بوو، دەڕوانی. لەو کاروانە دوور و درێژەی، گالیسکەکانی خەڵکەکەی دەڕوانی، کە هەر بە سێ چواریەکیان، ڕێیەکەیان گرتبوو و، بە یەک ئاراستەیش، دەڕۆیشتن و ڕەوڕەوەکانیان، لە قوڕو چڵپاودا دەچەقین و، دەردەهێنرانەوە.

هەندێ جاریش تامۆنیان دەکرد و، پێکیاندا دەدا و، یەکتریان هەڵدەوەشاند. لەوێدا لە هاوارو قیژە و نەڕەنەڕ بەولاوە، کە تێکەڵ بە جیڕەی ڕەوڕەوەی گالیسکەکان و، ترپەی پێی هێستر و ئەسپەکان و، هاژەی قامچی وەشاندن و، جنێوی پیسی ئەفسەران و سەربازان و، هاواری فریاکەوتن دەبوون، زیاتر هیچی دی نەدەبیسترا. جاروباریک گالیسکە تێکشکاوەکان، بەمبەرو ئەوبەری ڕێگاکەوە دەبینران و، نیشتەنیانی سەریان، چاوەڕێی سواربوونی گالیسکەی تر بوون.

چەندین ئەسپی تۆپیو و، ئەسپانێکی پێستی شان و مل داماڵراو، لە ژێر قایشی گالیسکە بار قورسەکاندا، لە سەرە ڕێیەکەدا دەبینران. لەو کۆمەڵە سەربازە دواکەوتووانەیشدا، کەسانێکی شەقاوە هەبوون، لە ملوومووشی دزینی شتومەکی پاشماوەی ئەو سوپا بەزیوەدا بوون. بە دەم ڕێوە لایان دەدا و، خۆیان دەدا بەسەر ئەو دێهاتە نزیکانەی، ئەمبەرو ئەوبەری ڕێیەکەدا و، قەل و مریشک و، زەخیرەی خۆراک و، خواردنەکانی بەردەستیان، زەوت دەکردن.

تا دەهات سەربازەکان بە گرد و، پێدەشتەکانەوە زۆرتر دەبوون. ئەوانەی لێیان دەڕوانین، وای بۆ دەچوون، کە ئەو سەربازانە، وەکوو لە زەوییەوە هەڵتۆقیی بوو بێتن وابوو. ئەوان زۆر ماندوو و شەکەت بوون و، بە دەردەسەرییەکی زۆر گالیسکە چەقیوەکانیان لە قوڕدا بۆ دەردەهاتەوە و، خۆیشیان تا ئەژنۆیان قوڕ بوو. دەبوو لوولە

تۆپەکانیش لەگەڵ خۆیان پاڵدەن و، کە چەقیشن، جێیان نەهێڵن و، دەریان بێننەوە.

دیسان لێشاوی جنێو و گاڵتەجاڕی، تێکەڵ بە فەرمانە سەربازییەکان بوونەوە. کۆمەڵێک گالیسکەی شکاو و، ئەسپی تۆپێویان هاتەوە سەرە ڕێ. ئەفسەرە بەرپرسەکانی پاراستنی یاسای پاشەکشە، بە غار دەهاتن و دەچوون. بە نێو گالیسکەکاندا تێدەپەڕین و، دەیانقیژاند و، فەرمانیان دەردەکرد. بەڵام قیژەکانیان دەبوو بە ژێر ژاوەژاوی، ئەو هەموو مرۆڤ و ئاژەڵانەوە. بە ڕوخسارە زەرد هەڵگەڕاوەکانیانەوە دیاربوو، کە ئەو ژاوەژاو و تەقو هوڕەیان بۆ کپ ناکرێتەوە. میر ئاندریە هەر خەریکی سەرنجدانی ئەو تێکەڵەیە بوو. قسەکەی (بیلیبین) لە گوێیدا دەزرنگایەوە کە لە بارەی سوپای ڕووسەوە، وتبووی:سوپای ئەرسۆدۆکسی ئازیز !

ئەمیش لەبەرخۆیەوە وتی:

ـ کەوا بوو ئەمەیە سوپای ئازیزی ڕووسی!

بە هیوای چنگ کەوتنی، هەواڵی شوێنی (ئەرکانی گشتی) سوپاکەی، لە کاروانێکەوە، نزیک بووەوە، بۆ پرسیارکردن. لەو کاتەدا گالیسکەیەکی نامۆی چکۆلەی بینی، کە تەنیا ئەسپێک بە کێشی دەکرد. لەوەش دەچوو دەستکاری میللی بێت و، سەربازەکان خۆیان دروستیان کرد بێت. کاروانەکەش تێکەڵەیەک بوو، لە گالیسکەی بارهەڵگر و گواستنەوەی خەڵک.

میر ئاندریە سەربازێکی بینی، ڕەشمەی ئەسپی، گالیسکەیەکی چکۆلەی بە دەستەوە بوو و، ئافرەتێکی تێدابوو و، پەردەیەکی چەرمینیش، دا داربووەوە و، لە سووچێکیدا هەڵتروشکابوو و، بەڕەو ڕووی ئەم دەهات.

ئەمیش ویستی لەو سەربازە بپرسێت، بەڵام گوێی لە قیژەی ئەو ژنە بوو. ئەفسەری سەرقافڵەچیش بەر بووە گیانی گالیسکەوان. چونکە دەیویست لە گالیسکەی ئەویشی تێپەڕێنێت. قامچییەک پەردە چەرمینە باران گیرەوەکەی، کەوتووە و، قیژاندویەتی.

هەر کە ئافرەتەکە میر (ئاندریە)ی بینی ئاوڕدامانە چەرمینەکەی ڕەواندەوە و بە قۆڵە باریکەکەی، کەوتە ئیشارەت کردن، تا سەرنجی ڕابکێشێت و هاواری کرد:

ـ هـا ئەفسەری یاریدەدەر. . . بۆ خاتری خوا، سوارم بکە. ئای خۆیشم نازانم چیم بەسەر دێت. ژنی پزیشکی فەیلەقی حەوتی قەرەوڵانانم. ئێمە ڕێمان هەڵە کردووە و، ئەوانیش ناهێڵن بڕۆین.

ئەفسەری سەرقافڵەچییش، قیژاندی، بە سەر سەربازەکەدا:

ـ لا کەوە. . با هەلا هەلات نەکەم! هەی خۆت و ئەو ژنەش بە نەفرەت بن !

ژنەی پزیشکیش دووبارەی کردەوە:

ـ بمپارێزه، نائب چابگ. . . ئاخر ئەمە یانی چی؟

ئەویش لە ئەفسەری سەرقافڵەچی نزیک بووەوە و پێی وت:

ـ رێی ئەو گالیسکەیە بدە، با تێپەڕێت. نا بینیت کە ژنێکی تێدایە؟

ئەویش سەیرێکی ئەمی کرد و، هەر وەڵامیشی نەدایەوە و شیراندی:

ـ پێچ بکەوە و، بگەڕێوە! دەنا بە گوللەیەک کوناوەرت دەکەم !

میر ئاندریەیش، ددانەکانی سەر یەک ناو هاواری کرد:

ـ پێم وتیت:رێی بدە با تێپەڕێت !

ئەفسەرەیش سەیرێکی کرد و پرسیی:

ـ تۆ کێیت وا فەرمانم بە سەردا دەدەیت ها؟ تۆ کێیت!؟

میر ئاندریەش وتی:

من سەرکردەتانم. . نەک تۆ! لە بەرچاوم ون ببە! با هەلا هەلات نەکەم!

ددانیشی بە کۆتایی وشەکاندا بە تونـدی نـا و، هەستیکرد زۆر تووڕەیە. بەڵام نەیدەویست کارێکی وای لە دەست بقەومێت، ببێتە گاڵتەجاڕی ئەفسەر و سەربازەکان.

بەڵام کە گوێی لە سەربازێک بوو، وتی:

ـ ئەوا ئەو ئەفسەرە لووتبەرزەیش، بۆی بوو!!

هێندەی دی توڕە بوو و، خۆی بۆ نەگیرا و، پەلاماری ئەفسەری سەرقافڵەچیی دا و، قامچییەکەی لێ سەندو هاواری کرد:

ـ رێ. . ی. . ب. . ده. . با. . بڕوات، تێگەیشتیت؟

ئەویش بە ناچاری رێی گالیسکەکەی دا و، لەبەر خۆیشییەوە وتی:

ـ ئەم لێقەوماوی و داماوییە، هەمووی بە هـۆی دەست و پێوەندەکانی ئـەرکانی گشتییەوەیە !

میر ئاندریە بە پەلە جێی هێشتن و، هەر گوێیشی بە ژنی پزیشکەکەیش نەدا.

لە کاتێکدا ژنەکە بە ئەمی وت:

ـ هەر بژیت فریادڕەس !

میر ئاوزەنگی لێدا بەرەو ئەو دێیەی، کە زۆرێک لە سەربازەکان، وتبوویان ژەنەرالّی (سەرکردەی گشتی) و (دەستەی ئەرکانی جەنگ) لەوێن.

بە دەم رێوە کەوتە بیرکردنەوە، لەو رووداوە قێزەونـەی تـوزێ لەمـەوپێش بەسـەری هاتبوو.

هەر کە گەیشتە دێیەکە، دابەزی و، وێستی خۆی بکات بە یەکەم مالّدا. تاکوو شتێک بخوات و، کەمێک بحەوێتەوە و، مێشکی جەنجاڵیشی، کە پڕبوو لە بیروڕای پەژارە بەخش،

خاوێن بکاتەوە.

هاتبووە سەر ئەو قەناعەتەی، کە ئەمە سوپا نییە، ئەمان هەیانە! ئەمانە جەردە و رێگر و خوێنڕێژن! پێش ئەوەی بگاتە ئەو دەرگایەی خۆی بۆ دەکوتا، گوێی لە دەنگێکی ئاشنابوو بە گوێی. هەر کە ئاوڕی دایەوە، نیسفیتسکی قۆز و شۆخی بینی, لە بەر پەنجەرەیەکی بچووکدا شتێکی دەجوو!

بانگی دەکرد و، بە دەستیش ئیشارەتی دەکرد:

ــ میر ئاندریە پۆلکۆنسکی. . . ئەوە تۆ کەڕیت؟ وەرە بۆ ئێرە !

میر ئاندریە چوو بۆ لای و، ئەفسەرێکی یاریدەدەری دەرباری لەگەڵدا بینی نانیان دەخوارد. خێرا هەواڵی شەڕیان لێ پرسی و، دڵەڕاوکێیشیان پێوە دیاربوو. بە تایبەتی رووە جوانەکەی نیسفیتسکی.

میر ئاندریە لێی پرسین:

ــ ژەنەراڵی سەرکردە لە کوێیە؟

(نائب چابگ)ەکە وەڵامی دایەوە:

ــ لێرەیە. . . لە ماڵەوەیە.

لە (نیسفیتسکی)یشی پرسی:

ــ هەر بە راست ئێستا ئێمە لە دانوسانی خۆ بەدەستەوەدان داین!؟ کە ئەمە دەپرسم، چەرمە سەربیەکی زۆریشم بە سەرهاتووە، تا گەیشتوومەتە لاتان.

(نیسفیتسکی)یش وتی:

ــ خۆزگە دەمزانی، لێرە چی دەگوزەرێت، ئازیزەکەم؟ خۆ من گڕم گرتووە. ئەوسا گاڵتەمان بە بەزیوی (ماک) دەکرد. ئەوەتا ئێستاش خۆمان لەو خراپتر بەزیوین. . دانیشە . . دانیشە. نانمان لەگەڵ بخۆ.

(نائب چابگ)ەکە وتی:

ــ لێرە هیچمان بەدەستەوە نەماوە. تەنانەت گالیسکەیەکیش! هەر خوا خۆی دەزانێت (بیوتەر)یش، بەرەو کوێ سەری خۆی هەڵگرتووە!؟

نیسفیتسکی هەڵیدایە:

ــ داربەستیان بەسەر پشتی دوو ئەسپەوە بۆ هەڵبەستووم و، شتومەکەکانیان بە سەریدا دابەستووە. بەمەش دەتوانم لە کاتی پێویستدا بە شاخەکانی (بۆهیمیا)دا هەڵبێم.

کە میری بەو شێوەیە بینی، وەکوو ئەوەی مشتێ خوێ بکەن بە برینەکانیدا، راپەڕی و پرسیی:

ــ ئەرێ گیانەکەم ئەوە چیتە!؟ بۆ وا هەڵدەلەرزیت!؟ خۆ نەخۆش نیت!؟

کورەی (پۆلکۆنسکی)یش لە وەڵامی دایەوە:

ـ نەخێر. . نەخۆش نیم.

دیسان هەڵوێستی بەرامبەر ئەفسەری سەرقافڵەچی و ژنی پزیشکەکە و قیژە قیژەکەی بیرهاتەوە.

لە پڕێکدا پرسیی:

ـ ئەی باشە (سەرکردەی گشتی) لێرە چی دەکات؟

نیسفێتسکییش وتی:

ـ هیچی لە بارەوە نازانم !

میر ئاندریە هەستاو وتی:

ـ منیش هەر ئەوەندەی لێ تێگەیشتووم، بێزم لەمانە و، رق و کینەم دەبزوێنن.

پاشان بەرەو ژوور و بەر هەیوانەکەی ژەنەرالّی (سەرکردەی گشتی) بووەوە.

گالیسکەکەی (کۆتۆزۆف) و، ئەفسەرانی یاوەری هاتە بەر چاو و، ئەسپە شەکەت و ماندووەکانیان.

کۆمەڵێک قەوقازی بە دەم قسە کردنەوە، بە لایدا تێپەڕین. لەو کاتەیشدا (کۆتۆزۆف) لە بنکەکەی خۆیدا لەگەڵ (باجراسیۆن)و (وێرودر)ی ژەنەرالّی نەمساویدا دەدوا، کە بە فەرمانی سەربازی لە شوێنی (شمیدت)ی کۆژراو دانرابوو.

لە راپەوەکەیشدا (کۆزلۆڤیسکی)یە چکۆلە و، ئەفسەرێکی (ئیعاشە)ی بینی کە دەفتەرێکی، لە سەر بنی نیوە بەرمیلێکی هەڵگەڕاوە دانابوو. بە پەلە ئەوەی دەنووسییەوە، کە (کۆزلۆڤسکی) پێی دەوت.

هەرکەس بیبینینایە، وا تێدەگەیشت کە دەمێکە چاوانی خەوی بە خۆوە نەدیوە! هەر کە کۆزلۆڤسکی میر ئاندریەی بینی، سەری سڵاوی بۆ نووشتانەوە و دەستی کردەوە بە قسەکردن و، ئەویش بە نووسینەوە.

ئەمجا لێی پرسیی:

ـ دێڕی دووەمت چۆن نووسیوە؟

ئەویش وتی:

ـ کۆمەڵە سەربازەکانی (کیئف)ی هێرشبەر و، کۆمەڵەکەی (یودولی). خاوەن شکۆ. گەر ئاوا پەلەم لێ بکەیت، فریا ناکەوم، بیان نووسمەوە !

هەر لەو کاتەدا دەنگی تووڕەی (کۆتۆزۆف) لەودیو دەرگاکەوە دەبیسترا و، ناوە ناوەش، قسەی یەکێکی تری تێکەڵ دەبوو. کۆزلۆڤسکییش هەر گوێیشی بەو ژاوەژاوە نەدەدا و، لەسەر کەناری پەنجەرەیەک دانیشتبوو و، بە ئەفسەری (ئیعاشە)کەی دەنووسییەوە.

ئەمــە و ئــەو ژاوەژاوەی پێکــەنینی قەوقازییــەکانی ئــەودیو ئــەو پەنجەرەیــەی کــە کۆزلۆفسکی لێی دانیشتبوو، کینە و تووڕەیی ئاندریەی فرەتر کرد. لــە تــووڕەیی خۆیدا بــە لێشــاو پرســیاری لــە کۆزلۆفســکی کــرد و، ناچــاری کــرد پێی بڵێت ببــوورن. کەوتــەوە نووسینەوە بە ئەفسەری (ئیعاشە)کە.

.میر ئاندریەش پرسییەوە:

ــ ئەی چی لەبارەی خۆبەدەستەوەدان هەیە؟

ئەویش وەڵامی دایەوە:

ــ خۆبەدەستەوەدان بوونی نییە و، شەڕ دەست پێدەکاتەوە!

میر ئاندریە بــەرەو ئــەو دەرگایــە بــووەوە، کــە دەنگــە دەنگەکــەی لێوە دەهــات. بــەڵام لــە پڕێکدا دەرگاکە کرایەوە و، لەدەم دەرگاکەدا، کۆتۆزۆڤ بە خــۆی و، ئــەو لوتــە درێژەیــەوە، کە روومەتی کردبوو بە دوو بەشەوە، دەرکەوت.

میر ئاندریــەش لــە پڕێکدا خــۆی لەبــەر دەســتی (ســەرکردەی گشــتی)دا بینییــەوە. بــەڵام گرنگیی کێشــەکان و، مەترســیداریی ئاڵوگۆڕە کوتــوپڕە بێزارکــەرەکان، وای کــرد کــە میــر ئاندریە نەناسێتەوە.

بۆیە هەڵگەڕایەوە و لە کۆزلۆفسکیی پرسی:

ــ زۆر باشە. تەواو؟

ئەویش وتی:

ــ خولەکێک. . گەورەی پایەدار.

دەمو چاوێکی گرژ و مۆن، لە پشت سەرکردەی گشتییەوە دەرکەوت. کورتــە بااڵیــەکی قژلوول بوو، کە هێشتا هەرزەکار بــوو و، کەســێتییەکی رۆژهەاڵتیانەیشــی هــەبوو. توومــەز ئەویشیان میر (پاگراسیۆن) بوو.

میر ئاندریە زەرفێکی پێ بوو. دەستی بۆ سەرکردەی گشتی درێژکرد و وتی:

ــ خۆمت پێ بناسێنمەوە.

کۆتۆزۆفیش وەڵامی دایەوە:

ــ ئای ئەوە لە ڤییەناوە گەڕاویتەوە؟

دوایی دەتبینمەوە. دوایی.

لەگەڵ پاگراسیۆندا چوونە دەرەوە.

بەڵام هەڵگەڕایەوە و بە میری وت:

ــ کارێکی گرنگی گرانت بۆ دانراوە. هــەر لــە ئێستاوە پیرۆزباییت لــێ دەکــەم. خــوات لەگەڵ.

کەمێک رووی کرایەوە و، دەستی چەپی خستە، سەرشانی (پاگراسیۆن)و بە دەستی راستیشی کەموستیلەیەکی گرانبەها لە پەنجەیەکیدا بوو، راست و چەپێکی بەرەو سنگی میر ئاندریە کێشا. لێوە ئەستوورەکانیشی، لە رووەتی پاگراسیۆن نزیک کردەوە، تاکو ماچی بکات.

لە تەکیدا بەرەو گالیسکەی چاوەڕوان چوو و پێی وتەوە:

ـ خوا بتپارێزێت. خوات لەگەڵا.

گەڕایەوە لای میر ئاندریە و پێی وت:

ـ سەرکەوە.

هەر کە بینیشی میر دوو دڵە لە سەرکەوتنە ناو گالیسکەکە، پێی وتەوە:

ـ منیش پێویستم بە ئەفسەرێکی نایاب هەیە. بەڵێ منیش وەکوو ئەو پێویستم پێیەتی.

هەردووکیان بە بێدەنگی، چوونە گالیسکەکەوە و، ماوەیەکی زۆر رۆیشتن.

کۆتۆزۆف هاتە گۆ. . .

ـ ئا ئەوەیە! کارێکی زۆرمان لە پێشە بیکەین! بەڵێ. . . زۆر زۆریش!

ویستی بەو قسەیەی دەربیخات کە ناخی میر ئاندریەی خوێندووەتەوە.

لەبەرخۆیشییەوە وتی:

ـ گەر سبەینێ دەیەکی سوپاکەیشم بە ساغی بگەڕێتەوە، ئەوا سوپاسی خوا دەکەم.

لەو کاتەدا میر چاوانی بڵند کردەوە و، پرسایانە سەیری چاوانی سەرکردەکەی کرد و، چاڵییەکەی لا چاوی کە شوێنی پێکراوی شەڕی (ئیسماعیل) بوو، سەرنجی راکێشا.

لە دڵی خۆیشیدا وتی:

ـ حەقی خۆیەتی! وا خەمساردانە، باسی ئەوانە بکات کە تێداچوون.

بە دەنگی بڵندیش وتی:

ـ هەر لەبەر ئەوانەیش بێت، تکات لێ دەکەم خاوەن شکۆ، بمێنرن بۆ ئەوێ.

کۆتۆزۆڤ هەر وەڵامیشی نەدایەوە. چونکە هێندە نقومی دڵخەکانی خۆی بوو بوو و، خۆی دابوو بە دەم هەڵتەکەی گالیسکەی سەر رێگا پڕ چاڵا و چۆڵییەکەوە، پێندەچوو هەر گوێیشی لە قسەکانی میر ئاندریە، بووبێت.

دوای پێنج خولەێک بەلای میر ئاندریەدا لای کردەوە و، لەسەرخۆ کەوتە پرسیاری ئیمپراتۆر و، پێشوازییەکەی لەم و، چی وتراوە دەربارەی (کریمز)؟

ئەوەیشی لە بیر نەچوو، کە پرسیاری ئەو ئافرەتانەی لێ بکات کە میر ئاندریە پەیوەندی پێوە کرد بوون.

بەشی چواردە
پردی ڤییەنا

یەکەم رۆژی تشرینی دووەم، تەتەرێک نامەیەکی مەترسیداری بۆ کۆتۆزۆف هێنا. نێردراوەکە زارەکییش پێی وت:

ـ باری سوپاکە زۆر شڵەژاوە و، سەربازان وڕەیان بەرداوە و، ئومێدیان لە رزگار بوون بڕیوە! هەواڵەکەیش راستبوو. چونکە فەرمانبەرەکان، بە سوپایەکی مەزنەوە پردەکەی ڤییەنایان تێپەڕاندبوو و، رێی بەستنەوەی سوپای کۆتۆزۆفی بە رووسیاوە، خستبووە مەترسییەوە. بە جۆرێک گەر سوپاکەی کۆتۆزۆف لە (کریمس)دا بمێنێتەوە، ئەوا لەشکرە (١٥٠٠٠٠) سەربازییەکەی ناپلیۆن، گەمارۆیان دەدا و، سوپا گەمارۆدراوە، ماندوو و شەکەتە هەڵوەشاوەکەیش، بە هیچ شێوەیەک ناتوانێت بەرەنگاریان ببێتەوە. کەوابوو چارەنووسی کۆتۆزۆف و سوپاکەی باشتر نابێت لە چارەنووسی (ماک) و، سوپاکەی لە (ئۆڵم)دا! گەر رێی (ئۆڵمۆتز)یش جێ بهێڵێت، ئەوە ئومێدبڕاو دەبێت، لە گەیشتنەوە بە سوپاکەی (بۆکزۆیڤدن) و دەبێت رێگا سەخت و قیرتاو نەکراوەکانی بەرەو چیا سەختەکەی (بۆهیمیا) بگرێتە بەر. دواییش هەر دەبێت روو بە ڕووی سوپای دوژمنێک ببێتەوە کە ژمارەیان لەمان زۆرترە و، خاوەن پێداویستی لۆجستی خۆیانن و، سەربازەکانیشیان وڕەیان بەرزە.

گریمانی سێیەمیش کە لەبەر دەمیاندایە، ئەوەیە کە سوپا ماندوو و شەکەتەکەی، بە رێی (کریمس)دا بگێڕێتەوە، بۆ (ئۆڵمۆتز)، تا تێکەڵ بە چەند یەکەیەکی سوپای حەساوە و چالاک، ببێتەوە و، وەرەی ئەم سوپا ماندووەی خۆیشی پێ بەرز دەبێتەوە. بەڵام ئەمەش گریمانێکی ترسناک هەڵدەگرێت. ئەویش ئەوەیە مەترسیی ئەوەیان دەبێت کە سوپای (ناپلیۆن) بگاتە سەریان و، رێیان پێ بگرێت و ناچاریان بکات، بە بەگژاچوونەوەیەکی نا بەرامبەر. لە کاتێکدا سوپای رێگر پڕ چەک و، کارا و وەرە بەرزن. سوپاکەی ئەمانیش ماندووی گواستنەوەی شتومەک و سەفەری دوورو درێژ و، شکستخواردوویشن. لەمانەش خراپتر ئەوان سێ هێندەی سوپای ئەمان دەبن! لەبەر ئەمانە، هەرسێ رێگاچارەکە، یەک لە یەک خراپتر بوون.

(کۆتۆزۆف) رێگاچارەی سێیەمی هەڵبژارد. گەر تەتەرەکە راست بکات و، نامەکە درۆ نەبێت، ئەوا سوپای فەڕەنسی زۆر بە پەلە بەرەو (زەنایيم) دەڕۆن. ئەمەیش شارێکە، دەکەوێتە سەرەڕێی پاشەکشەی سوپاکەی (کۆتۆزۆڤ)و، گەر سوپاکەی بتوانێت زووتر بگاتە ئەو شارە، ئەوا رزگاربوونی مسۆگەر کردووە.

خۆ ئەگەر مۆڵەتی سوپای فەڕەنسییش بدات، زووتر بگەن، ئەوا سوپاکەی تووشی شکستێک دەبێت. زۆر لە بەزینەکەی سوپای (ماک) لە (ئۆڵم)دا، خراپتر دەبێت. لەگەڵ ئەوەشدا دەبێتە لەکەیەک بە نێوچاوانی سوپای رووسەوە و، لێی نابێتەوە.

بە هەرحاڵ. بە هەموو بارێکدا، هەر بە بەرژەوەندیی فەڕەنسییەکان دەشکایەوە. چونکە لەوە دوورەدەست تربوو، کە سوپاکەی کۆتۆزۆڤ، بتوانێت بەر لە سوپای فەڕەنسییەکان، خۆی بگەیەنێتە شاری (زەنایيم). چونکە رێگای نێوان سوپای فەڕەنسا، لە ڤییەناوە بۆ ئەو شارە، قیرتاو و ئاسان و قەدبڕ بوو. بەڵام رێی سوپاکەی کۆتۆزۆڤ کە دەبوو لە رێی کریمسەوە بۆی بکشێت، سەختو دوورتر بوو.

هەر ئەو شەوە کۆتۆزۆڤ، فەرمانی بە رێکەوتنی بۆ سوپاکەی (پاگراسیۆن) دەرکرد، کە (٤٠٠٠) سەرباز بوون و، پێشەنگی سوپای رووس بوون. لای راستی رێی (کریمس ـ زەنایيم) بگرنەبەرو، بە چیاکاندا هەڵبگەڕێن و. دەبێت یەکبینە سوپاکەیان بەڕێوەببێت و، گەر بەرەنگاری سوپای فەڕەنسییش بوونەوە، ئەوا بیان وەستێنێت و، تا دەتوانێت رێیان نەدات بڕۆن.

سوپاکەی کۆتۆزۆڤیش لەگەڵ پاشماوەی سوپاکە و، زەخیرە و خواردنی یەکەکاندا، راستەوخۆ بەرەو (زەنایيم) ببنەوە.

دوای ئەوەی سوپاکەی (پاگراسیۆن) دە فرسەخی بڕی. لە شەوێکی باران و باو بۆڕفتدا (٤٠٠٠) سەربازی شەکەت و ماندوو و، شڕو پێخاوس، کە نزیکەی سێ یەکیان لە رێگا مرد بوون، گەیشتنە (هۆلابرۆن).

سوپاکەی کۆتۆزۆفیش کەوتبووە سەرڕێی، (قییەنا ـ زەنایم). هەرچەند سەربازان، ماندووی بە کێشکردنی بارو بارخانە و، سەفەرێکی دوورودرێژ بوون و، گەیشتنە شوێنی مەبەستیش، کارێکی خەیاڵی بوو، بەڵام هەندێ جار قەدەر کاری دووەم دەست، دێنێتە بوون.

• ئەوە بوو سوپاکەی (کۆتۆزۆف) بە چەند سەعاتێک، پێش سوپای فەڕەنسا گەیشتەجێ. چونکە کاتێک لە رێگا سوپا شڕۆڵە ماندووەکەی (پاگراسیۆن) بە پێشەنگی سوپای فەڕەنسا دەگات، دەکەوێتە شەڕەوە. لەبەر پەرش و بڵاویی سوپای رووس، لەبەرچاوی سوپا فەڕەنسییەکە زۆر زۆر دەنوێنن.

(مۆرا)ی سەرکردەش کاتی خۆی، لە شەڕی پردەکەدا و، بە فڕو فێڵا بە ئاسانی و، بێ تەقە پردەکەی داگیرکرد بوو. بۆیە خۆی کۆکردەوە و، بۆ جارێکی دی پەنا بۆ (فێڵی شەڕ) ببات‌ەوە و، پێکدادانی سوپاکەی لەگەڵ ئەم سوپای رووسەدا دوا بخات. تا یەکەکانی سوپا دواکەوتووەکەی خۆیان پێیان دەگەنەوە و، زۆرتر ببن و بردنەوەی شەڕەکە، مسۆگەر بکەن.

(مۆرا)ی سەرکردەی سوپای فەڕەنسا، کە لەگەڵ (پاگراسیۆن)ی سەرکردەی سوپای رووس کۆ بووەوە، پێی وت:کە ئێستا ژێر بە ژێر دانووسان لە نێوان هەردوو حوکمەتەکەیاندا هەیە و، تاوانە لە خۆڕا چەندین سەرباز لە هەردوو لا بکوژرێن. جا تاکوو ئەنجامی ئەو دانووسانە دەردەکەوێت، پێویستە ئێمە ئاگربەستێکی سێ رۆژە، مۆر بکەین.

پاگراسیۆنیش بەلایەوە پەسەند بوو. بەڵام رایگەیاند کە مۆر کردنی فەرمانی ئاگربەست، لە دەست ئەودا نیە و، دەبێت لیژنەیەک بنێردرێتە لای (کۆتۆزۆف)ی سەرکردەی گشتیی هێزەکان. بۆیە هەر زوو، ئەو لیژنەیەی ڕەوانەی ئەوێ کرد. ئاگربەست راگەیەنرا و، هەردوولا کەوتنە رێکخستنەوەی سوپاکانیان.

لەو لایشەوە (کۆتۆزۆف) سوودی لەو ئاگربەستە بینی و، گەیشتە شوێنی مەبەست. ئەوە بوو ئەو رێکەوتنە، ئومێدێکی زۆری بەخشی بە (کۆتۆزۆف) و، کەوتە رێکخستنەوەی سوپاکەی و، دابەشکردنەوەی ئەرکەکان، بە سەر یەکەکانی سوپاکەیدا. بەڕاستی ئەوە هەلی حەوانەوە و خۆڕێکخستنەوەیە، سوپای رووسی لە تێداچوون رزگار کرد.

لەولایشەوە سوپا ماندووە تێکشکاوەکەی پاگراسیۆن دەبوو، لە شوێنی خۆی نەجوڵێت و، لە پشتی ئەوەوە، سوپاکەی (کۆتۆزۆف) بە زووترین کات بگاتە، دوا مەنزڵگای خۆی، کە شاری (زەنایم) بوو.

کۆتۆزۆفیش وریایانە، چەند ئەفسەرێکی ڕەوانەی دواوەی سوپاکەی کرد، تا پەلەیان پێ بکرێت، بۆ گەیشتن بە (زەنایم). چونکە دەیزانی ناپلیۆن لە سەربازگەیەکی شەش فرسەخ دوور لە شاری (هۆلابرۆن)ەوە، هەڵیداوە.

هـەر کـە نـاپلیۆن هـەواڵی ئاگربەسـتەکەی (مـۆرا)ی بیسـتەوە، تێگەیشـت کـە (مـۆرا) هەڵەیەکی گەورەی کردووە. نامەیەکی بە پەلەی بۆنارد. تێیدا هاتبوو:

(شۆیبزن) (٢٥)ی بریمەر (١٨٠٥)
کات (٨)ی سەر لە بەیانی. . .
ناتوانم رستەگەلێکی شیاو بدۆزمەوە، تاکوو تووڕە بوونی خۆمت بۆ دەربببڕم. تۆ تـەنیا دەسـەڵاتی بـەڕێوەبردنی یەکـەکانی پێشـەوەت هەیـە. بـە بـێ ئاگـاداریی مـن بـۆت نییـە (ئاگربەست) مۆر بکەیت.
تـۆ بەرهـەم و رەنجـی شـەڕەکانی مـن، بـە فیـڕۆ دەدەیـت! هـەر زوو ئاگربەسـتەکەت بشکێنە و، پەلاماریان بدە.

هەواڵیشیان بدەرێ، کە ژەنەراڵەکانی ڕووس، لـە توانایاندا نییـە، هـیچ (ئاگربەست)ێک مـۆر بکـەن. ئـەوە کـار و دەسـەڵاتی ئیمپڕاتـۆری ڕووسـیایە. ئەمـەی ئێـوە کردووتانـە، لـە فریـودان زیـاتر شـتێکی دی نییـە! پێشـڕەوی بکـە و، ئـەو سـوپایەی ڕووس تێـک بشـکێنە. پێگەی تۆ هێندە بـە هێزە، دەتوانیت بیانبـەزێنیت و، دەست بەسـەر یەکەی تۆپخانەکانیاندا بگریت.

یاریدەدەرەکەی سەربازانی ڕووسیا هیچەو، هەر ئەفسـەرێکیش توانای جێبـەجێ کردنـی فەرمانی نەبێت، قورسایی نییە. هەرچەند فڕو فێڵەکەت لەوسـەری پردەکـەدا سـەری گرت. ئەوە تا یاریدەدەرێکی ئیمپڕاتۆری ڕووسیاش تۆی فریوداوە.

(ناپلیۆن)

لە کاتێکدا یەکێک لە ئەفسەرانی ناپلیۆن ئـەم نامـە ترسناکەی پێ بـوو و، بـەرەو (مـۆرا) باڵی بە ئەسپەکەی گرتبووەوە.
ناپلیۆنیش هێندەی لـە ئەفسـەرانی ڕانـەدەبینی، بۆیـە سـوپای کۆ کردەوە و بـە جۆرێک ئامادەی شەڕی کردن، کە هیچ مۆڵەت بـە دوژمنەکـەی نـەدات و، بـەزەیی پێدا نەیەتـەوە و، تەفرو تونایان بکات.
لـەو لایشـەوە سـوپا (٤٠٠٠) سـەربازییەکەی (پاگراسـیۆن) بـێ خەمانـە، ئاگریـان کردبووەوە و، جلوبەرگە تەڕەکانیان پێ وشک دەکردەوە. دەمێکیش بوو فریا نەکـەوتبوون خواردنێکی باش بخۆن. داماوانە نەیاندەزانی چارەنووسیان بە چی دەگات!

بەشی پازدە
پێشڕەوییەکەی پۆلکۆنسکی

دوای ئەوەی کۆتوزۆڤ ڕەزامەندیی دەربڕی کە میر ئاندریە، پەیوەندی بکات بە سوپاکەی پاگراسیۆنەوە، ئاندریە سەعات چواری دوانیوەڕۆ، گەیشتە (گرانت) و خۆی بە پاگراسیۆن ناسان.

لەولایشەوە هێشتا نامەکەی ناپلیۆن، بە (مۆرا)ی سەرکردەی سوپای فەڕەنسا نەگەیشت بوو و، شەڕ هەڵنەگیرسابوو. سەربازانی هەردوولایشیان چۆن بڕوایان بە کۆتا بوونی جەنگ نەدەکرد، ئاواش بڕوایان بەو ئاگربەستە نەدەکرد.

پاگراسیۆن دەیزانی، کە میر ئاندریە، خۆشەویستی کۆتوزۆڤەو بەخێرهاتنێکی شایستەی کرد. تێیشیگەیاند، کە پێکدادان لە ئانووساتدایە. بۆی هەیە لەگەڵ خۆیدا لە بەرەکانی شەڕدا بێت. یان بچێتە دواوەی سوپاکەیان کە ئەمەشیان مەترسی کەمتر نەبوو لە ئەویتر.

ئەمجا میر ئاندریەی هێور کردەوە و وتی:

ـ بە هەرحاڵا لەوە ناچێت، ئەمڕۆ شەڕەکەمان دەست پێ بکات.

لەبەر خۆیشییەوە وتی:

ـ ئەم ئەفسەرە سەر بە سەرکردایەتیی گشتییە و، بۆ بەدەست هێنانی (مەدالیا) هاتووە. من بزانم چوونە دواوەی سوپا هەڵدەبژێرێت. خۆ ئەگەر لەگەڵ خۆیشمدا لە پێشەوە مایەوە، ئەوا ئەفسەرێکی ئازایە و، سوودی بۆمان دەبێت.

هەرچەند میر ئاندریە، گوێی لەم لاقرتێیەش بوو، بەڵام بێدەنگ بوو و، داوای لێکرد ڕێگای بدات بە سواریی سەربازەکان، بەسەر بکاتەوە و، بیان بینێت. دەیویست جێ و ڕێی یەکە سەربازییەکان ببینێت. لە ئاستی چەک و زەخیرەیان تێ بگات. تا لە کاتی بەرپا بوونی شەڕدا، بزانێت چی بکات. لەگەڵ ئەفسەرێکی یاریدەدەری پوخت و، ڕێکپۆشدا کە موستیلەیەکی ئەڵماسی لە پەنجەدا بوو و، بە فەرەنسییەکی شەق و شڕ قسەی دەکرد، ڕۆیشت و، ئەفسەرانی بە کزو کۆڵەواری و دڵەڕاوکێوە، بینی. هەندێ لە سەربازانیش دەرگا و کورسییە شکاو و، شتومەکیان لە ئاواییەکانی دەوروبەرەوە هێنا بوو.

(نائب چابگ)ەکە وتی:

ــ سەیری ئەو پیاوانە بکە . . ئەی میر. هەروا ئاسان نییە لەم ڕەفتارە نالەبارانە، ڕزگاریان ببێت. سەرکردەکانیان پەتیان بۆ بەرداون.

دەستیشی بۆ دەوارێک ڕاکێشا و وتی:

ــ سەیری ئەو مەیخانەیە بکە. چەند جارێک پێم چۆڵا کردوون. با بڕۆین کەمێک بیان ترسێنین. . . هێندەمان پێ ناچێت.

کوڕەکەی (بۆلکۆنسکی)یش فریا نەکەوتبوو نان بخواتو شتومەکی پێویست بکڕێت.

میر ئاندریەیش وتی:

ــ با بڕۆین. بەڵکوو بڕێ نان و پەنیریش، بۆ خۆم بکڕم.

نائب چابگ یش وتی:

ــ ئەی زووتر بۆ قسەت نەکرد؟ گەر زووتر دەمزانی، پێش ئەوەی بگەڕێین دەمبردیتە دەوارەکەی خۆم و، تێرم دەکردیت. دابەزین و چوونە ژوورەوە. ڕوانییان چەند کورسی و مێزێکی بڵاو و، چەند ئەفسەرێکی شڕۆڵە و ماندوو، دانیشتوون.

ئەفسەری یاوەر بە بێزارییەوە وتی:

ــ ئەمە چییە بەڕێزینە؟ پاگراسیۆنی سەرکردە، فەرمانی داوە و، بۆتان نییە بنکەکانی خۆتان جێ بهێڵن. کابتن (تووشین) تۆ لەم کردەوەیەی خۆت، تەریق نابیتەوە؟

کابتن (تووشین) یەکێک بوو، لە ئەفسەرانی تۆپخانە و، کورتەباڵایەکی باریکەلە بوو و، بەرگێکی شڕۆڵەی پۆخڵی، لەبەردا بوو. پێخاوس و تەنیا گۆرەوییەکانی لە پێدا مابوو، چونکە پێڵاوەکانی هەڵخستبوو تاکوو وشک ببێتەوە. ناچار شەرمنانە هەستایە سەرپێ و هیچی بۆ نەگوترا.

ئەفسەری یاوەر دەستی پێکردەوە:

ــ ئاخر چۆن لەم کردەوەیەت تەریق نابیتەوە!؟

تۆ ئەفسەری تۆپخانەیت و، دەبوو نموونە بوبیتایە، بۆ ئەوانی دی. ئەمە بێ لەوەی کە پێخاوسیشیت.

ئەفسەرەکەی تۆپخانەیش بزەیەکی بێ مانای هاتە لێوان.

پاشان بە شێوەی داخوازی وتی:

ـ بەڕێزان هەر هەمووتان بچنەوە، بۆ بنکەکانی خۆتان. . . فەرموون.

تۆشینیش دەمێ قورسایی لەشی دەخستە سەر رانی چەپی و، دەمێکیش دەیخستە سەر رانی ڕاستی. دەمێ بە چاوە پڕ زیرەکییەکەی سەیری ئەفسەری یاوەری دەکرد و، دەمێکیش میر ئاندریە.

لە دواییدا وتی:

ـ سەربازان دەڵێن بازدانی پێخاوسان، لە بارترە لەوانی دی !

وا شڵەژابوو، کە پێی وابوو، ئەم قسەیەی لەم هەڵوێستەی ڕزگاری دەکات. بەڵام کە زانیی ئەم هەوڵەیشی بێسوود بوو، هێندەی دی شڵەژا !

جارێکی دی ئەفسەرەکە فەرمانی دا:

ـ فەرموون بچنەوە بنکەکانی خۆتان.

میر ئاندریەش چاوی هەر لەسەر توشین بوو. پێی وابوو، هەرچەند پیاوێکی سوعبەتچی دیارە، بەڵام کەسێکی خاوەن کاریزمایە.

هەردووکیان سوار بوونەوە و، ڕۆیشتن. کە گەیشتنە ئەوسەری ئاوابیەکە چەندین ئەفسەر و سەرباز، بە لایاندا تێپەڕین. لە لای چەپیانەوە چەند کۆختەیەکیان بینی، بە قوڕە سوورە، دروستکرا بوون و، هەروا نوێ بوون.

سەربازانێکی زۆر بە کراسە سپیەکانیانەوە دەبینران و، هەندێکیان مەترەلۆزەکانیان دادەبەست. هەندێکیش گڵی تەڕو شێدارییان، لە سەنگەرەکانیانەوە فڕێ دەدایە دەرەوە.

لە پڕێکدا بڕێ سەربازیان بینی، لە خۆخاڵی کردنەوە هاتبوونەوە و، لە بەرزاییەکەوە دەهاتنە خوارەوە. لەبەر بۆگەنی ئەو شوێنە دەیانویست زووتر دوور بکەونەوە.

یاوەرەکەی میر ئاندریەش دەستی بە لووتییەوە گرتو وتی:

ـ پاشەڕۆی هەموو سەربازان، بەسەر ئەو گردەوەیە.

گەیشتنە سەر گردەکە، بۆ ئەوەی لەوێوە بە ئاسانی سوپاکەی فەرەنسا ببینن.

میر ئاندریە کەوتە سەرنجدانی، شوێنە ستراتیجییەکانی ئەو سوپایە و هێڵەکانی پەیوەندییان.

ئەفسەری یاوەری دەستی بۆ شوێنێکی بڵندی سوپاکەی خۆیان ڕاکێشاو وتی:

ـ ئا لەوێدا یەکەیەکی تۆپخانەی خۆمان هەیە و، ئەفسەرە گاڵتەجارە پێخاوسەکەیش، فەرماندەیەتی. لەوێوە دەتوانیت هەموو شتێک ببینیت. دەی میرم با بڕۆین.

میر وێستی لەم خۆ تێهەڵقورتاندنەی ئەو ڕزگار ببێت، وتی:

ـ خۆم دەتوانم بە تەنیا بگەڕێمەوە. بە قوربان خەمی منت نەبێت.

ئەفسەرە یاوەرەکەی لە کۆڵا بووەوە و، بە تەنیا ڕۆیشت. تا بەرەو هێڵی سووری

بەرەی شەڕەکە بڕۆیشتایە، ریزەکانی سوپای رووس تۆکمەتر دەینواند. بەڵام بەرەکانی هەرە پێشەوەی سوپاکە، کە سێ فرسەخ لە سوپای فەڕەنساوە دوور بوو، شڵەژاوییان، پێوە دیار بوو.

لە (گرانت)یش بە هەمان شێوە بوو. ئەمەیش سەرنجدەرانی تووشی دڵەڕاوکێ دەکرد. بەڵام لێرە شتەکان پێچەوانەیە. هەرچەند زۆریش دوور نەبوون لە دوژمنەکەیانەوە، بەڵام ورەی بەرز بە سەربازەکانەوە دیاربوو.

سەرۆکێک بە هۆی، ئەفسەرێکی یاوەری خۆیەوە، سەربازەکانی سەر ژمێر دەکردەوە. گەیشتە دوا سەربازی ریز، بە تووندی پەنجەی بەسەر سنگیدا نا و وتی:

ـ دەستت بەرز بکەرەوە.

لەملاو لایش چەندین سەربازت دەبینی، دار و تەختە و، گورزە گیایان پێبوو و کۆختە و ژووریان، دروست دەکرد. دەم بە پێکەنین و، خەریکی نوکتە گێڕانەوە بوون. بە سەدانیش بە دەوری ئاگردانانداا کۆ ببوونەوە.

هەندێکیان پۆشتە بوون و، هەندێکیشیان پێ پەتی و، نیمچە رووت بوون و، جلەکانیان هەڵخستبوو.

هەندێکی تر دانیشتبوون و، دەیانخواردەوە. بڕێکیش سەیری عەریفێکیان دەکرد و، ئەویش قسەیەک خواردنی بە دەستەوە بوو. دەیبرد بۆ سەرۆک تا تامی بکات و بزانێت، بە کەڵک دێت!؟ پاشان دابەش کرا بەسەر سەربازاندا.

لێپرسراوی خواردنیش لەبەر دەرگای کۆختەکەیدا و، لەسەر قەدی درەختێکی بەڕاوە دانیشتبوو. ناوشان پانێکی دەم و چاو ئاوڵاوی بوو. جاروبارە دادەموکایەوە و پێکی سەربازەکانی پڕ دەکردەوە و، ئەوانیش هەڵیان دەدا.

هەندێکیان کە پێکەکەی چۆڕبڕ دەکرد، بە سەردەستەکەیشی، لێوانی خۆیی دەسڕی. هەر کەسێک بیبینیایە وایدەزانی نە لە بەرەی شەڕدان و، نە مەترسیی شەڕیشیان هەیە. ئەوەی کە نەدەهات بە خەیاڵیاندا ئەوە بوو، کە سبەینێ نە نیوەیان دەکەونە سەر زەوی و نەدەکوژرێن !

سەربازگەی تیرهاوێژانی شاری (کیێف) بە تەنیشت سەربازگەی قەرەوڵەوانانەوە بوو و، کۆلۆنێڵی سەرۆکی فیرقەی تێدابوو. لە بەردەم فەسیلێکی تیرهاوێژاندا، کەسێکیان بە رووتی لەسەر زەوی دردێژ کردبوو و، بە تووڵێکی تەڕ لە پشتە رووتەکەیان دەدا. سەربازە داماوەکەیش پڕ بە خۆی دەیقیژاند.

سەرۆکێکی خوێڕیش بە غار بە بەردەمی فیرقەکەدا دەهاتو دەچوو و هاواری دەکرد:

ـ زۆر عەیبە سەرباز دزی بکات. پێویستە دەس پاک و ئازا بێت. هەرکەس دزی لە هاوڕێکەی بکات، بێ شەرەفە. سووکو رسوایە. خێراکەن لێی دەن.

ئەوانیش کەوتنە لێدانی و، هوشپەی شوولەکە، تێکەڵ بە نالەی قوربانییەکەی دەبوو.

میر ئاندریە سەرنجی دەدا هەردوو بەری هێڵی سوور، زۆر لێک نزیکنو سەربازانی فەڕەنسی، زۆر باش سەربازە رووسەکان دەبینن و، لە هەندێ شوێنیدا دەتوانن قسە لەگەڵ یەکیش بکەن! ئەمسەرو ئەوسەری سوپاکەیش بڵاو بوو.

جاروبارێک سەربازانی رووس، زۆر لە بەرەکە نزیک دەبوونەوە و، رووسەکان، بە سەرسامییەوە لە جلوبەرگی سەربازە فەڕەنسیەکانیان دەڕوانی! چونکە لەو جۆرە بەرگەیان هەرگیز نەدیبوو. هەرچەند فەرمانیشیان بۆ دەرچووبوو، کە هێندە لە سەربازە فەڕەنسیەکان نزیک نەبنەوە و، هەرچەند ئەفسەران زۆریان تەقەلا دابوو، تێکەڵی یەکتر نەبن، بەڵام بێسوود بوو. پاسەوانانیش زۆر بە پەلە بوون، بۆ جێگۆڕکێ پێکردنیان. هێندە پێک ئاشنا ببوون، جاروبار یەکتریان دەدواند. دواتر بۆ ئەوانی تریان دەگێڕایەوە. میر ئاندریە وەستا و لە سوپا فەڕەنسییەکەی رووانی.

سەربازێکی ئەوان دەستی بۆ یەکێک لە تیرهاوێژەکانی رووس درێژ کرد، کە یاوەری ئەفسەرێک بوو و، لە قسە کردندا بوو، لەگەڵ تیرهاوێژێکی خۆیان و وتی:

ــ سەیری ئەوە بکە، چەند زمانی درێژە؟ چۆن لەگەڵ ئەو هەرزەکارە فەڕەنسییە خەریکە؟ نایشتوانێت لێی ببڕێتەوە. (سیدرۆف) تۆپش شتێک بڵێ.

ئەویش بەلایاندا ڕۆیشت و، بە فەڕەنسییەکی پێرفێکت وتی:

ـ بهێڵە گوێیان لێ بگرم. بڕوا بکە دەتوانێت بۆڕی فەڕەنسیەکە بدات !

ئەمەش کە ئەم قسەیەی کرد (دۆلۆخۆف) بوو و، لەگەڵ سەرۆکەکەی خۆی بوو. هەر لە بنکەکەی خۆیانەوە بەلای چەپی بەرەکەدا هاتبوون. تەنیا بۆ ئەوەی بە قسە کردنیان لەگەڵ سەربازانی فەڕەنسیدا شاد ببن.

کابتن دۆلۆخۆڤی هان دەدا، سەرومڕ بێت لە سەر قسە کردن لەگەڵ فەڕەنسییەکەدا و، خۆیشی بێ ئەوەی یەک وشەیشیان لێ تێبگات، بە جۆرێک گوێی هەڵخستبوو، وەکوو ئەوەی نەیەوێت، یەک وشەیشی لە کیس نەچێت !

ئەمجا بە دۆلۆخۆڤی وت:

ــ سەرومڕ بە . . ئەوە دەڵێت چی؟

ئەویش دەستی پێکردەوە. گفتوگۆکەشیان لە بارەی شەڕەوە بوو. فەڕەنسییەکە بە ئەمی دەوت کە سوپای رووس، لە شەڕی شاری (ئۆلم)دا، شکستی خواردووە. ئێستایش لە هەڵاتندایە.

دۆلۆخۆڤیش وا قسەی کرد، کە ئەو هەواڵانە پڕو پاگەندەن و، دەیووت کە گوایە ئەمان سوپای فەڕەنسایان شکاندووە. هەرگیز خۆیشیان بە دەستەوە نەداوە !

پاشان وتی:

ــ فەرمانمان پێ دراوە دەرتان بکەین و، هەر دەریشتان دەکەین.

فەڕەنسییەکەیش بە لاقرتیوە وتی:

ـ ئاگاتان لە خۆتان بێت، چونکە هەمووتان بە (دیل)ی ناهێلینەوە. قەوقازییەکانیش هاوپەیمانتانن.

سەربازە فەڕەنسییەکانی تریش دایانە قاقای پێکەنین.

دۆلۆخۆڤیش وتی:

ـ ئێمەش هەڵتاندەپەڕێنین! هەر وەکوو چۆن پێشووتر، لە بەردەم (سۆفۆرۆڤ)یشدا هەڵپەڕین.

فەڕەنسییەکە پرسیی:

ـ ئەم کابرا رووسییە دەیبزڕکێنێت !

یەکێکی تریان وای مەزەندە کرد مێژوویەکی کۆنە و، باسی دەکاتو وتی:

ـ ئەم سۆڤارەکەی تۆ و ئەوانی تر دەبینن، کە ئیمپراتۆرمان، چ پیلانێکی بۆ ئامادە کردوون!؟

دۆلۆخۆڤیش وتی:

ـ پۆناپارت. . .

فەڕەنسییەکە قسەکەی پێ بڕی و، بە تووڕەییەوە وتی:

ـ پۆناپارتی چی؟ بڵێ ئیمپراتۆر. . . هەی نەزان !

ئەویش وتی:

ـ ئەی شەیتان . . . ئیمپراتۆرەکەتان لەناو ببات !

بە رووسییش کەوتە ئەو جنێوە پیسانەی، سەربازان بەکاری دەبەن. تفەنگەکەی هەڵگرت و ،ڕۆیشت.

بە سەرۆکەکەیشی وت:

ـ دەی (ئیڤان لۆکیتش) با بڕۆین.

رووسەکانی دەوروبەریشی وتیان:

ـ ئا ئەوەیە فەڕەنسی زان !

ئەویش گوایە بە فەڕەنسی قسە دەکات، لەبەرخۆیەوە وتی:

ـ کری. . مالا. . ئاڤا. . ساڤی. . کاسکا. . !

لە نەشارەزایش وابوو، فەڕەنسییەکەی پێرفێکتە و، دوکەڵا ناکات !

دەوروبەرەکەی جۆرێک پێکەنین، کە سەربازە فەڕەنسییەکانیش گوێیان لێ بوو. هەر کەسێ سەیری بکردنایە، وای بۆ دەچوو کە کەمێکی دی، تەقەی خۆشی دەست پێدەکەن و، هەر یەکەیان دەگەڕێنەوە ولاتی خۆیان. بەڵام فیشەک لەبەر کاردا و لولە تۆپەکانیش رووبەڕووی یەک بوون و، گالیسکەکانیش بەرەو دوا کرابوونەوە و سەنگەرەکانیش لە

ئاماده باشیدا بوون.

بەشی شازدە
تۆپخانەکەی توشین

دوای ئەوەی میر ئاندریە هەردوو باڵی راست و چەپی سوپاکەی پشکنی، بەرەو ئەو بەرزاییە چوو کە ئەفسەرەکەی یاوەری پیشانی دابوو و، وتبووی بە سەر هەموو گۆڕەپانی شەڕەکەدا دەڕوانێت. نزیک بووەوە و، گەیشتە لای چوارەم تۆپی دامەزراو. هەر چواریشی ئامادەی تەقاندن بوون و، سەربازێک پاسەوانی بوو و، دەهات و دەچوو.

ئەو گالیسکانەی تۆپەکانیان هێنابوو، لە نزیکەوە وەستا بوون و، لەولا تریشەوە، چەپەری ئەسپەکانیان بوو. هەر لەوێدا ژوورێکی تازە دروستکراو هەبوو و، دەنگی ئەفسەرەکانی نێوی دەبیسترا.

ئەفسەرەکەی یاوەریشی بوو، راستی کردبوو، وتبووی:گۆڕەپانی شەڕەکە لە ژێر رکێفی خۆماندایە.

میر تێگەیشت کە لە شوێنێکی زۆر لەباردا دامەزراوە. نەک هەر گۆڕەپانی شەڕەکە، بەڵکوو بەشێک لە سەربازگەی فەڕەنسییەکانیش، لە ژێر بەزەیی قەرەوڵی ئەم تۆپخانەیەدایە.

لە پشت سوپای ڕووسەوە و، بە هێڵێکی ئاسۆیی، ئاوایی شۆپنگراین دەبینرا. بە لای ڕاستو چەپی ئاواییەکەشدا، لە سێ شوێن دووکەڵا بەرز ببووەوە. کە هەرسێکیان بنکەی ئەفسەرە فەڕەنسییەکان بوون و، بە ڕوونی هەستی پێ دەکرا، کە سەربازانی ئەو سوپا فەڕونسییە زۆرە و، دەستی بە سەر ئەو دێیە و، گردەکەی بەرامبەریدا گرتبوو.

لای چەپیشیەوە کۆمەڵێک گڕو گیا دەبینرا، کە لە پێگەی تۆپخانەی ئەوان دەچوو. بەڵام لەبەر چەقە دووکەڵا، بە چاوی ئاسایی یەکلایی نەدەکرایەوە، کە یەکەی تۆپخانەیە یان نا.

لای ڕاستی ڕووسەکان تەپۆڵکەیەک بوو، سەرکەوتنی سەخت بوو. بەڵام شوێنەکە زاڵبوو بەسەر سوپای فەڕەنسییەکاندا. فەسیلێکی پێشەنگی سوارەی لێبوو کە دەبوو

ئەوانە، بە سوارەیی و بە پیادەییش بجەنگن.

چەند یەکەیەکی پیادەش هەر لەوێ هەڵیاندابوو. یەکەکەی تووشینیش بە لاپاڵێکەوە بوون و، دەیانتوانی بە ئاسانی بجووڵێن.

تەنیا جۆگەڵەیەک لە نێوان ئەوان و ئاوایی شۆپنگرایندا بوو. بەڵام لای چەپی سوپاکەی رووس، بە سەر دارستانێکدا دەیڕوانی. سەربازەکان ئاگریان بە دارە وشکەکەی دەکردەوە و، قەدی داری پێویستیان دەبڕییەوە و، پێویستیی شەڕیان، پێ دابین دەکرد.

هێڵی درێژبوونەوەی سوپای دوژمن، درێژتر بوو لە سوپاکەی رووس. پشتەوەی سوپای رووس، دۆڵێکی قوواڵ بوو. هەروا بە ئاسانی پاشەکشەی سوپای تێدا نەدەکرا. بە تایبەتی یەکەکانی تۆپخانە.

میر ئاندریە دەفتەرێکی بچووکی بەرباخەڵی دەرهێنا و، شانی لەسەر لولەی تۆپێک دادا و، هێڵکێشی هەڵکەوتەی شوێنەکەی کێشا و، بە قەڵەم لە سەر دوو شوێنی دامەزراوی، سوپاکە سەرنجی خۆی نووسی. بەوەی دەیویست لە کاتی پێویستدا ئەو شوێنانە پیشانی پاگراسیۆن بدات. وای داناابوو یەکەکانی تۆپخانە لە ناوەڕاستی سوپاکەدا، کۆ بکرێنەوە و، یەکەکانی سوارەیش، بکشێنەوە دواوە، بۆ ئەودیو دۆڵەکە.

زووتر میر ئاندریە، یاوەری ژەنەرالا (یسیم) بوو و، راسپێردرابوو شەڕە میژوویەکان بنووسێتەوە. لەبەر ئەوە لە جووڵەی یەکە سەربازییە مەزنەکاندا شارەزا بوو. بۆیە خۆی وا بینییەوە، کە بەرپرس بێت لە هێڵە سەرەکییەکانی بەرەکانی شەڕی داهاتوو.

وردەکارییەکانی پشتگوێ خست و، دوو تا سێ گریمانی لێقەومانی دەستنیشان کرد، کە چاوەڕوانکراوی رووداتی شەڕەکە بوون.

لە دڵی خۆیدا دەیووت:

گەر لای راستەوە دوژمن هێرشی هێنا، ئەوا پێویستە چەکدارەکانی (کیێف) و نیشان شکێنەکانی یۆدولی، خۆ ڕابگرن، تا یارمەتییان لە ناوەڕاستی سوپاوە پێدەگات. لە هەمان کاتدا، هێزەکانی سوارەی دراگۆن پەلاماری ئەو قۆڵە دەدات و دووریان دەخاتەوە. بەڵام ئەگەر پەلاماری، ناوەڕاستی سوپاکەما درا، ئەوا تۆپخانەی سەر گردەکە تۆپبارانیان دەکات و، لای چەپی سوپاکەی خۆیشمان دەپارێزێت. دواتر تۆپخانەکەمان، بە رێکوپێکی، بەرەو دۆڵەکە دەکێشێتەوە.

لەگەڵ ئەوەشدا کە هیچیان لێ تێنەدەگەیشت، گوێی لە هەموو گفتوگۆکانی نێوان ئەفسەرانی نێو ژوورە نوێیەکە بوو.

لە پڕێکدا دەنگێکی بەرز وای لە میر ئاندریە کرد، کە گوێی بۆ شل بکات و، وای بە خەیاڵدا هات کە خاوەنی ئەو دەنگە دەناسێتەوە.

کەسەکە دەیووت:

ـ ناگوڵەکەم. . گەر بتوانرایە بزانرایە دوای مردن، چی روو دەدات، ئیدی کەس لە مردن نەدەترسا!

دەنگێکی لەو هەرزەکارانەتریش، قسەکەی پێ بڕی:

ـ مرۆڤ بترسێت و نەترسێت، دەبێت مردن بچێژێت.

کەسی سێیەمیش وتی:

ـ خۆ ئەمەیش بەر لە ترسی مرۆڤ ناگرێت! ئای زانایان، ئێوەش هەر ئەوەندە دەزانن بخۆن و بخۆنەوە و، هیچی تر!!

بە دوایدا، لە قاقای پێکەنینی دا.

دەنگی کەسی یەکەم وتییەوە:

ـ بەڵێ ئەوە نابێتە ڕێگر لە بەردەم ترسی مرۆڤدا، لە مردن. ئاخر مرۆڤ لەو نهێنییانە دەترسێت! بێگومان ئەمە وایە، هەرچۆنێک چۆنیکیش ئاسمانی ڕەوانمان بۆ باس بکەن، دەزانین ئاسمان بۆشایی گەردوونە.

دەنگە گرەکەیان هەڵیدایە:

ـ دەی تووشین ئەوە چیتە!؟ تۆیش لە عەرەقەکەی خۆتمان پێ بنۆشە.

میر ئاندریەش لە بەرخۆیەوە وتی:

ـ ئێستا زانیم! ئەوە ئەفسەرە پێخاوسەکەی، لای مەی فرۆشەکەیە !

ئاندریە بۆی دەرکەوت ئەوە تووشینە و، خۆشیی لە قسە فەلسەفییەکانیشی هات.

تووشین وتی:

ـچەندتان لەو مەیە بۆ هەڵقوڕا، دەتاندەمێ. بەڵام دەربارەی زانیاری ڕۆژی دوایی.

کات ڕێی پێ نەدا ڕستەکە کۆتا بکات و، هاژەیەک لە ئاسمانەوە هات و، تا دەهات مەزنتر دەبوو. دوای کەمێک گوللە تۆپێک لەولا ژوورەکەیانەوە، کەوتەوە. زەوییەکە لەرییەوە و، قوڕو چڵپاو بەرز بووەوە.

تووشینیشش سەبیلە کورتەکەی بە لا لێوەوە بوو و، ڕەنگی زەرد هەڵگەڕابوو و بەرەو دەرەوە ڕای کرد.

خاوەن دەنگە گرەکەیش، کە ئەفسەرێکی کەتەی هێزی پیادە بوو، بە دوایدا و بە دەم ڕاکردنەوە قۆپچەی پاڵتۆکەیشی دادەخستەوە.

بەشی حەڤدە
میر پاگراسیۆن

میر ئاندریە بە سەر پشتی ئەسپەکەیەوە، لە نزیک یەکەیەکی تۆپخانەی خۆیانەوە، سەرنجی وردی زەوییە پان و پۆرەکەی بەردەمی خۆی دەدا. دەیویست بە هۆی دووکەڵی تۆپهاویژەکەوە، شوێنی ئەو گوللە تۆپە بزانێت، کە دوژمن ئاراستەی کردوون. هەموو یەکەکانی تۆپخانەی دوژمن - کە زووتر کپ و خامۆش بوون - ئێستا لە جموجووڵێکی خێرادان.

لای چەپەوە پێچاڵی تۆپێکی بینی کە هێشتا دووکەڵی تەقینەکەی بە سەرەوە بوو. ئەفسەرە یاریدەدەرەکانی ئەرکانی فەرەنسیەکانیشی، بە سواری ئەسپەکانیانەوە دەبینی.

فەسیلێکی سەربازیش بە لاپاڵی گردەکەدا هەڵدەگەڕان. دیار بوو بۆ پاڵپشتی کردنی، باڵێکی چەسپیوی سەر گردەکە دەچوون.

هێشتا پەڵە دووکەڵی یەکەم نەڕەوی بووەوە، پەڵەی دووەم بەرزبووەوە و گرمەیەک هات. شەڕ دەستی پێکرد و، کوڕەی پۆلکۆنسکی، رووی ئەسپەکەی وەرگێڕا و، بە غار چووە سەر رێی گرانت، تاکوو پاگراسیۆن ببینێت. بە دوایدا دەنگی تۆپەکان زۆرتر بوون و، ئەمەیان دەنگی تۆپە رووسییەکان بوون، وەلامیان دانەوە. هەر لەو شوێنەی ئاگربەستیان مۆرکردبوو، تفەنگەکان کەوتنە تەقە.

لۆماروای پۆستەبەر پێش چەند ساتێک، نامە رسواکەر و، ترسناکەکەی ناپلیۆنی دابوو بە (مـۆرا). ئەویش ویستی هەڵەکەی خۆی راست بکاتەوە و، فەرمانی دەرکرد، بەرایی سوپاکەی رووسیای تۆپباران بکەن. وایش بە نیاز بوو پێش ئەوەی دنیا تاریک بێت و، ئیمپراتۆر بگاتە بەرەی شەڕەکە، ئەو دەستی خۆی بوەشێنێت و، ئەو سوپایەی رووس، تێک و پێک بشکێنێت.

میر ئاندریە لە دڵی خۆیدا وتی:

ـ ئەوە شەڕیش دەستی پێکرد! ئاخۆ کەی بێت، منیش ئەو (تۆلۆن)ە ببینم، کە ناپلیۆن، لە چنگی ئینگلیزی دەرهێنا؟

هەستی بە دڵەکوتەی خۆیشی کرد. بە بەر ئەو سرییانەدا تێپەڕی، کە بەر لە چارەکە سەعاتێک، نانیان دەخوارد و، ڤۆدگایان دەخواردەوە. ئێستا جوولەیەکی خێرایان هەیە. فەرمانی جەنگ جێبەجێ دەکەن و، لە یەک ریزدا وەستان و تفەنگەکانیان تێز دەکەنەوە.

ئەمیش وایدەبینین، ئەفسەران و سەربازان پێکەوە بڵێن:ئەوەتا ئەوە شەڕەکە دەستی پێ کرد. . هەرچەند ترسناکیشە، بەڵام جۆرێکە لە یاری کردنیش!

خۆیشی بە رزگارکەری سوپای رووس دەزانی. بۆیە لە خۆی پرسی:

ـ ئاخۆ منیش وەکوو ئەو ناپلیۆنە، لە کام پێگەی شەڕەوە، ناوبانگ دەردەکەم؟

ئێوارەی ئەو پایزە و، بەر لە ئەوەی میر ئاندریە بگاتە ئەو خانووانەی، هێشتا تەواو نەکرابوون، کۆمەڵێک لە هێزی سوارەی بینی، کە لە سەنگەرەکان نزیک دەبوونەوە. سوارەیەکی ئەسپ سپی، پارچە فەروویەکی توکنی قەوقازی لەسەر شان و تەقیلە بە سەر، پێشەنگیان بوو. ئەو سوارەیەش (پاگراسیۆن) بوو.

وەستا و، بە دەم روانین لە گۆڕەپانی شەڕەکەوە، بانگی ئاندریەی کرد و، راوێژکارەکەیشی راپۆرتێکی بۆ دەخوێندەوە.

لە روخسارە برۆنزییەکەی پاگراسیۆندا وا دەردەکەوت کە بڵێت:

ـ کەوابوو ئا ئەمەیە شەڕ !

میر ئاندریەش گەیشتە لای و، دوای ئەوەی بە وردی روخساری سەرنج دا، لە خۆیی پرسی:

ـ ئاخۆ ئەم پیاوە بیر لە چی بکاتەوە؟ هەستی چۆن بێت؟ ئاخۆ چی لە پشت ئەو روخسارە ورە بەرزەوە، خۆی حەشارداوە؟

پاگراسیۆنیش لەگەڵ گوێگرتنیدا بۆ راپۆرتەکەی میر ئاندریە و، لەگەڵ هەر کۆپلەیەکیدا سەری دەلەقاند و، زۆر باشەی لێ دەکرد.

میر ئاندریە و راوێژکارەکەیشی ئەو شتانەیان بۆ دەخوێندەوە، کە لە گۆڕەپانی شەڕەکەدا هەن و، ئەوانەش کە چاوەڕوان دەکرێت، رووبدەن. ئەویش وای پیشان دەدا، کە زووتر ئەو شتانەی بیستووە.

میر ئاندریه به هۆی غارکردنەکەیەوە، ماندوو بوو و، رستەکانی بە هەناسەسواری بەرودوا، دەوت. پاگراسیۆنیش بە پێچەوانەوە و، زۆر بە هێمنی وشە و رستەکانی، لێ وەردەگرت. وەکوو ئەوەی بیەوێت، تێی بگەیەنێت کە پەلە نەکات لە قسە کردندا.

پاگراسیۆنیش لغاوی بۆ ئەسپەکەی شل کرد، بەرەو تۆپخانەکانی تووشین. ئاندریەش بە ئەندامەکانی خۆی گەیشتەوە و، لەنێوانیاندا ئەفسەرێکی دەربارێ ئیمپراتۆری رووس هەبوو و، یاریدەدەرە تایبەتەکەی پاگراسیۆن و، ئەفسەرێکی (روکن)ی ئینگلیزی سوارەیش. لەگەڵ فەرمانبەرێکی دەوڵەت. ئەمەیان پیاوێکی کەتەی گووپنی بزێو بوو. هەمیشە بەسەر ئەسپەکەیەوە چاوی دەگێڕا. خۆی داوای کردبوو، رێی بدەن، لە نزیکەوە، سەیری جەنگەکە بکات! جلوبەرگ و پاڵتۆ شڕەکەی پێکەنین هێن بوو.

لە نێو ئەو شۆڕە سوارانەدا، (جرکۆڤ) بە ئاندریەی وت:

ـ ئا ئەوە ئەو بەڕێزەیە کە دەیەوێت شەڕەکە ببینێت! گەدەیشی ئازاری دەدات.

فەرمانبەرە دەوڵەتییەکەش، فێڵبازانە و بە شتێک سادەییەوە، وەڵامی دایەوە:

ـ بەڵام نا. ئای لەو سوعبەتەی تۆیش !

لەوە دەچوو پێی خۆش بوو بێت، کە جرکۆڤ سوعبەتی لەگەڵ دەکات. بۆیەش زیاد لە پێویست خۆی بە دەبەنگ پیشان دەدا.

ئەفسەرە روکنەکە بە فەڕەنسییە شڕەکەی وتی:

ـ میرم بە راستی ئەوە پێکەنینهێنە !

دەشیزانی کە بە فەڕەنسی، دەبێت هەمیشە وشەیەک لە پێش وشەی (میر)ەوە بێت. بەڵام بۆ نەگبەتی نەیدەزانی ئەو وشەیە کامەیە !

پاگراسیۆن و کۆمەڵەکەی، گەیشتنە پێگەی تۆپخانەکەی تووشین و، گوللە تۆپێک لە نزیکیانەوە کەوتەوە.

فەرمانبەرە دەوڵەتییەکە گێڵانە پرسیی:

ـ ئەوە چی بوو کەوتەوە!؟

جرکۆڤیش وەڵامی دایەوە:

ـ بابۆڵە خواردنی فەڕەنسی بوو !

ئەویش وتی:

ـ ئای چەند سەیرە! بڵێی بە بابۆڵەی خواردەمەنی، کوشتار بکەن؟

لەگەڵ قسە کردنەکەیشیدا، لەشە کەتەکەی بە دەم پێکەنینەوە دەلەرییەوە. هێشتا پێکەنینەکەی کۆتا نەببوو، هاژەیەک هات و، گوللە تۆپێکی دی کەوتەوە. قەوقازیەکی ئەولا پیاوە کەتەکە خۆی و، ئەسپەکەی بە دوادا هاتن و کەوتن. جرکۆڤ و ئەفسەرە روکنەکەش، باوەشیان بە ملی ئەسپەکانیاندا کرد و، بۆی دەرچوون. بەڵام فەرمانبەرە

دەوڵەتییەکە جوولەی نەکرد و، کەوتە سەرنجدانی قەوقازییەکە و، بۆی دەرکەوت گیانی لە دەست داوەو، ئەسپەکەیشی تۆپیوە.

پاگراسیۆن ئاوڕێکی بۆ دواوە دا. کە شڵەژاوییەکەیانی بینی، سەیرێکی کردن وەکوو ئەوەی سەرزەنشتی ئەوەیان بکات، کە ئەمە رووداوێکی هیچە و، ئەوە ناهێنێت. لەسەرخۆ شمشێری لێ هەڵکێشا و، شمشێرەکەی هێندە کۆن بوو و، لەوانیتر نەدەچوو !

سۆقۆرۆڤی بیرکەوتەوە، کە چۆن کاتی خۆی، لە شەڕی ئیتالیادا، شمشێرێکی بەخشیوە بە پاگراسیۆن و، کاریگەری باشی لە رەوانیدا جێ هێشتبوو.

پاگراسیۆن لە سەربازی گڕدەری تۆپەکانی پرسی:

ـ تۆ لە کام یەکەی تۆپخانەیت؟

لە راستیدا دەیویست تێی بگەیەنێت کە نەترسێت. سەربازەکەیش باڵا رێکێکی قژ خەنەیی دەم و چاو ئاوڵاوی بوو. هەر کە ئەو پرسیارەی لێ کرا، چووە باری وریا بوونی سەربازییەوە و وتی:

ــ لە یەکەی تۆپخانەی (تووشین)م . . خاوەن شکۆ.

پاگراسیۆنیش وتی:

ـ زۆر باشە. زۆر باشە.

پاشان وێستی لە لولە تۆپەکان نزیک بێتەوە و، لەو کاتەدا گوللە تۆپێک تەقییەوە و، گوێی کپ کرد. هەر لەو کاتەشدا ئەمانیش تۆپی چوارەمیان تەقی و ناو سکی خۆی فڕێدایە دەرەوە.

میر و دەوروبەرەکەی، لە نێو دوکەڵدا نقووم بوون. چەند سەربازێکیش لولە تۆپەکەیان راکێشایەوە شوێنەکەی خۆی.

یەکەم سەرباز لاوێکی ناوشان پان بوو. فڵچەیەکی داری بە دەستەوە بوو کە ئەوسەری بە پارچە لبادێک پێچرابوو و، نێو لولەتۆپەکەی پێ پاک کردەوە و، خێرا چووەوە لای پێچکەی تۆپەکە. سەربازی ژمارە دوو، گوللەتۆپی دووەمی بەردایەوە نێو لولەی تۆپەکەوە.

تووشینی سەرکردە، خۆیدا بەسەر لێواری سەنگەرەکەیدا و، بە دەستێکی سێبەری بۆ چاوانی کرد و، سەیرێکی دوور بە دووری دوژمنی کرد و، هەر ئاگایشی لە پاگراسیۆن نەبوو.

هاواری کرد:

ــ کورتی کرد و، دوو خەرتووشی تری بخەنە سەر. . با بگاتە ئامانجەکەی خۆی.

دەنگیشی لەگەڵ لەشە خڕو کورتە باڵاکەیدا، نەدەهاتەوە !

دیسان هاواری کردەوە:

ـ یەکەی دووەم گڕ بدەن. . . دەی میدفیدیڤ تۆیش.

پاگراسیۆن بانگی کرد و، ئەمیش سێ پەنجەی سەر برۆ نا، کە زیاتر لەو سڵاوانە دەچوو، کە بۆ قەشە دەکرێت، نەک سڵاوێکی سەربازی بێت.

هەرچەند کاری یەکەکانی تۆپخانەکەی بۆ کوتانەوەی، بەرایی سوپای فەڕەنسی دانرابوو، بەڵام تۆپبارانی ئاوایی شوینگرابن و، چالاکییە زۆرەکەی سەربازانی فەڕەنسیشی پێ دەکرد. لەبەر ئەوەی هیچ فەرمانێکی سەربازیی پێ نەدەگەیشت، خۆی فەرمانی بە نائب چابگ زاخارتشنکۆ دابوو و، ئەویش بە باشی زانی بوو کە ئەو شوێنە بۆردوومان بکات.

کە پاگراسیۆن بەمەی زانی، خێرا وتی:

ـ زۆر باشە! زۆر باشە !

پاگراسیۆن کەوتە سەرنجدانی هەموو بەرەکە و، وەکوو ئەوەی پیلانێکی جەنگی دابنێت، وابوو. چالاکیی فەڕەنسییەکان لای باڵی راستی بەرەکەوە فرەتر بوو، تا دۆڵا و رووبارەکە و، نزیک ئەو تەپۆڵکەیەی کە سرییەی (کیێف)ی پێوە بوو. گوللەبارانەکە زۆر چڕبوو. تەقەکان دڵیان دەگوشی. تووشین یەکەیەکی فەڕەنسیی پیشانی پاگراسیۆندا، کە چۆن لای راستی بەرەکەوە، چڕ بوونەتەوە. لای چەپیشییەوە، دارستانێکی چڕ بوو. پاگراسیۆن فەرمانی بە دوو سرییەی ناوەڕاست دا کە بەرەو لای راستی بەرەکە بڕۆن و، ئەو لای تۆکمە بکەن.

تووشین پڕکێشیی کرد و، رایگەیاند کە بە رۆیشتنی ئەو دوو سرییەیە، پشتی تۆپخانەکەمان چۆڵا دەبێت. پاگراسیۆن سەیرێکی کرد و، هیچی نەگوت. بەڵام سەیر کردنەکەی، بە لای میر ئاندریەوە، پەسەند بوو.

لەو کاتەدا ئەفسەرێکی خۆیان هات و پێی راگەیاندن، کە کۆلۆنێلی سەرکردەی سرییە، لە ناو دۆڵی روبارەکەدا لە شەڕدایە، لەگەڵ دوژمن. رایشی دەگەیەنێت کە سەربازانێکی زۆر، پەلاماری داوین و، ئێمەش بە ناچاری کشاوینەتەوە، بۆ بەردەم سرییەی نیشان شکێنەکەی کیێف.

پاگراسیۆن سەرێکی بۆ لەقاندو، ئەفسەرێکی بە خێرایی نارد، بۆ لای سوارانی دراگون تا هێرش بەرن.

نیو سەعاتێکی پێنەچوو، ئەفسەرەکە گەڕایەوە و، رایگەیاند کە سەرکردەی سرییە ناچار بووە، بە کشانەوە بەرەو لای راستی دۆڵەکە. ئەویش لەبەر لێشاوی هێرشبەرە فەڕەنسیەکان و، نەیشیویستووە، سەربازانێکی زۆر لە دەست بدات. بەڵام هەندێک لە نیشان شکێنانی ناردۆتە دارستانەکەوە، تاکوو بەر بە فەڕەنسییەکان بگرن.

پاگراسیۆن وتی:

ـ زۆر باشە.

هەر کەمێک ئەفسەرەکە دوورکەوتەوە و، لێشاوی گوللەباران دەستی پێکرد. لەبەر

دووریی لای چەپی سوپاکە و، پێڕانەگەیشتنی، فەرمانی بە جرکۆڤ دا کە خۆی بگەیەنێتە ژەنەرالّی سەرکردەی ئەو باڵە. ئەو ژەنەرالّەی کە لە (برۆنۆ) سەربازەکانی پیشکەش بە کۆتۆزۆڤ کرد، کە بە زووترین کات، پاشەکشە بکات، بۆ پشتی دۆڵەکە. چونکە لای چەپ، زۆر خۆی بۆ ناگیرێت، لە بەردەم هێرشی دوژمندا. بەڵام کەس تووشین و، سوپا پاڵپشتەکەی بیرنەبوو.

میر ئاندریە کە زۆر بە بایەخەوە، سەرنجی ئاڵا و گۆڕی، ئەو سەنگەرانەی دەدا کە پاگراسیۆن پێی دەکردن. خۆیشی هیچ فەرمانێکی دەرنەکرد. چونکە دەیویست دەوروبەرەکەی، وا تێبگەن کە ئەوانەی روو دەدەن، لە ژێر فشاریەلێکی کوت و پڕ دان. رووداوەکانیش بە هۆی فەرمانی ئەفسەرەکان، خۆیانەوەن. پێیشی وابوو کە هەر ئەوەندە بەسە، کە کەسێتی پاگراسیۆن، خۆی سەرکردەیەکی هێند لێهاتووە، دەبێتە هۆی، بەرزبوونەوەی ورەو، سەرکەوتن.

پاگراسیۆن بە لای هەریەکەیەکی سەربازیدا بڕۆیشتایە، پێیاندا هەڵدەدا و، سەرنجڕاکێشانە، ورەیان بەرز دەبووەوە و، دەکەوتنە خۆ نواندن لەو شەڕانەیاندا.

بەشی هەژدە
هێرشەکە

میر پاگراسیۆن و کۆمەڵەکەی، بە رێگا پێچ و لولەکەدا و، بە نێو دوکەڵی گوللە تۆپ و، تەقەی تفەنگەکانی سەر گردەکەدا، شۆڕ بوونەوە. تا لە هێڵی سووری بەرەکە نزیکتر بوونایەتەوە، بە هۆی دووکەڵەوە مەودای بینینیان کەمتر دەبووەوە. هەستییشیان بە نزیک بوونەوە لە شەڕە راستەقینەکەوە دەکرد.

هێندەی پێ نەچوو، بەرایی بریندارەکان گەیشت. یەکێکیان سەرە رووتەکەی کە هەر خوێن بوو، بە سەر مەچەکی دوو سەربازەوە شۆڕ ببووەوە. هەناسەبڕکێی بوو و، خوێنەکەی بە قوڵپ دەردەپەڕی. لەوە دەچوو گوللە لاملی پێکابێت.

یەکێکی تریان زۆر ئازایانە رێی دەکرد و، دەستێکی بڵند کردبووەوە و، وەکوو ئاو، خوێنی پێدا دەهاتە خوارەوە. وڕوکاسیش دیار بوو. بەوەی هیچی پێوە دیار نەبوو، پێدەچوو دەمێک نەبووبێت، پێکرابێت.

میر ئاندریە و هاوڕێکانی، درێژەیان بە رۆیشتنەکەیان دا. گەیشتنە شوێنێکی سەخت و رووتەنی و چۆڵ. ناوە ناوەش لاشەی سەربازانێکی پێکراوی مردوویان دەبینی، کە لەو کۆمەڵە سەربازانە بە جێما بوون، کە زۆر بە گران و هەناسەبڕکێ بە لاپاڵی گردەکەدا سەردەکەوتبوون. بە دەم رۆیشتنەوە دەستیان دەجووڵاند و قسەیان دەکرد.

میر و هاوڕێکانی زۆر بە باشی سەربازە پاڵتۆ خۆڵەمێشییەکانیان بۆ جیا دەکرایەوە. هەر پاگراسیۆنیان لێدەرکەوت، ئەفسەرێکیان غاری دا و، بەری لە سەربازە هەڵاتووەکان بڕییەوە و، داوای لێکردن کە بگەڕێنەوە ریزەکانی خۆیان.

پاگراسیۆن لە ریزەکانەوە، نزیک بووەوە. بەڵام هووشپەی گوللە تۆپەکان بە سەر فەرمانە سەربازییەکاندا زاڵا بوو. هەوا کەیلی دووکەڵا بوو و، روخساری سەربازەکانی دێز و پۆخڵا کردبوو. هەندێکیان بە تۆڵەداری باریک، لوولەی ساچمە زەنەکانیان دادەگرتەوە. یان تەرەقەیان سەر دەخست.

کۆمەڵێکی دی لێیان وەردەگرتن و، دەیانتەقاندن. بەڵام ئاڕاستەی کێیان دەکرد؟ خۆیشان نەیاندەزانی! چونکە چەقە دووکەڵا و، هەوای وەستاو و، مۆڵەتی بینینی بەرامبەری نەدەدان. ناوە ناوەیش ویزەیەک یان غەڵبەغەڵبێک دەهاتە گوێ.

میر ئاندریە لە جەنگاوەرەکان نزیک بووەوە و، لێی پرسین:

ــ ئا ئەمە چییە؟ خۆ هێرش نییە! ئەوەتا سەربازەکان لە شوێنی خۆیان وەستاون. چەند کۆمەڵە چوارگۆشەیەکی رێکخراویان پێکهێناوە و، ئەمەش پێچەوانەی فەرمانەکانە.

سەرکردەی سرییەکە پیرێکی لەرو لاوازبوو. پێڵوە نیوە نیشتووەکانی گەواهی فێڵبازیی بوو. غاری بە ئەسپەکەی دا و، چووە بەردەم پاگراسیۆن و، هەر وەکوو خانەخوێیەکی نانبدە، پێشوازییەکی شیاوی لێکرد.

میر تێگەیاند کە سەربازەکانی بەر پەلاماری هێزی سوارەی فەرەنسییەکان کەوتوون. هەرچەند پاشەکشەی بە ئەو هێرشە کردووە و، شکاندوونی، بەڵام نیوەی سەربازەکانی لە دەستداوە.

زۆر وەستایانە باسی بەرپەرچدانەوەکەی کرد. لە راستیدا بێ ئاگابوو لەوەی کە لە نیو سەعاتدا چی رووبداوە. ئاخۆ ئەوان، تاسەر خۆیان بۆ راگیراوە؟ یان شوێنەکانیان بۆ هێرشبەرەکان چۆڵکردووە؟ هەر ئەوەندە بە ئاگا بووە، کە بەر رێژنەی تۆپبارانێکی خەست کەوتوون و، کتوپڕ نیوەی سەربازەکانی لە دەستداوە !

گوێی لە بڕێ سەرباز بوو بوو، کە هاواریان کردبوو:

ــ ئەوە سوارەکانی فەرەنسین و، ئەوانی دی، دەستریژی گوللەیان لێکردوون. لە ئەنجامدا، سوارەکانی دوژمنانیان گەڕاندبووەوە دواوە. بەڵام دەستڕێژی ئەمان، لەوان نەبوو. بەڵکوو لە هێزە پیادەکەیان کردبوو. ئەو هێزەی کە لە دۆڵەکەوە هاتبوون و، زۆریش لێیان نزیک ببوونەوە.

پاگراسیۆن وا سەری لەقان، وەکوو ئەوەی رابیگەیەنێت، کە رووداوەکان هەر وەکوو ئەوە بوون کە خۆی چاوەڕوانی دەکردبوو. فەرمانی بە (نائب چابگ)یک دا کە بچێتە سەر گردەکە و، ئەو دوو سرییەیە، بێنێتە خوارەوە، کە سەر بە فیرقەی شەشی شکێنانن و، خۆی کەمێک لەمەوپێش بە لایاندا تێپەڕی بوو.

میر ئاندریەش زۆری پێ سەیر بوو و، لە روخساریدا وای خوێندەوە وەکوو ئەوەی پیاوێکی هەڵپڕوزکاوی رۆژێکی گەرم بێت و، بڕیاری خۆ هەڵدانە ئاوەوەی دابێت! سەرنجە سادە ساردەکەی، گۆڕدرا بە گەرم و وردی، چاوانیشی وەکو چاوانی هەڵۆیەکی ئامادەباشی، پەلاماری لێهات.

پاگراسیۆن بە دڵەراوکێوە، بۆ بەردەمی دەڕوانی و، ئەو ئاڵۆگۆڕە، ئەوی لە پیاوێکی دامەزراوەوە، گۆڕی بۆ کەسێکی ناجێگیر.

سەرکردەی سرییەکەش، کەوتە پاڕانەوە لێی و، داوای لێکرد، کە ئەو شوێنە جێ بێڵێت و، شوێنەکەی بە مەترسیدار دەزانی.

خێرا خێرا دەیووت:

ـ بۆ خاتری خوا. خاوەن شکۆ.

دەیشیویست چاوان ببڕێتە چاوی، تاکوو ترس و بیمەکەی ببینێت و، شوێنەکە جێ بهێڵێت. بەڵام پاگراسیۆن چاوی لە بەرامبەری خۆی بڕیبوو و، نە قسەی ئەو و، نەپشتگیری کردنەکەی (چابگ روکن)ەکەی دەبیست.

سەرکردەی سرییە، جارێکی دی میر وتی:

ـ بۆ خاتری خوا. . . بۆ خاتری خوا. . . باش سەرنجی دەوروبەرت بدە!

سەرنجیشی بۆ هوشپەی گوللەتۆپەکان و، کەوتنەوەیان، رادەکێشا و دەیوت:

ـ ئەی خاوەن شکۆ. . . ئەمە کاری تۆ نییە! بەڵام ئێمە تووشی ئەم بەڵایە بووین و، پێی ڕاهاتووین. بەڵام تۆ بەم کارەت لە بریندار بوون و، پێکران زیاتر، هیچت دەست ناکەوێت.

هەرکەس سەرنجی چاوانی نیمچە نوستووی ئەو پاگراسیۆنە و، گوێی لە وەڵامی بوایە، وایدەزانی، ئەو هەموو گوللەتۆپ و فیشەکانەی لە دەوروبەری دەکەونەوە، ناتوانن زیانی پێ بگەیەنن !

جێگری ئەرکانی گشتیش، پشتگیریی سەرۆکی کرد. هەموو قسە کردنەکەی پاگراسیۆن ئەوەبوو:فەرمانیدا سەربازەکان پاشەکشە بکەن و، دوو سرییە نوێیەکە، جێیان بگرنەوە.

لەو کاتەدا هەر وەکوو ئەوەی، قەدەر یارمەتیی بدات، بایەک هەڵیکرد و، دووکەڵی سەر سوپاکەی بەلای چەپدا برد. پاگراسیۆن ڕەوی سەربازانێکی فرەی فەڕەنسیی، بەوبەری گردەکەی بەرامبەریانەوە، بینی، کە بە ریزی پێچا و پێچ، پێشڕەوییان دەکرد. بە ئاسانی پەڕی سەری سەربازەکان دەبینرا. تەنانەت بە چاوی ئاسایی ئەفسەر و سەربازەکان، لێک جوێ دەکرانەوە و، ئاڵاکانیشیان دەبینرا.

یەکێکی نزیکی خۆی وتی:

ـ چەند یاسایی و ڕێک و پێک دەڕۆن !

پێشڕەویان گەیشتە دۆڵەکەو وا چاوەڕوان دەکرا لەگەڵ سوپای ڕووسدا تێکەڵ ببن. سەربازانی ڕووسیش زۆر خێرا کۆبوونەوە و، بەرەو دوای سوپاکە پاشەکشەیان کرد. دوو سرییەکەی فەیلەقی شەشی نیشانشکێنانیش، لە چەند ریزێکی ڕێک و پێکدا، کەوتنە ڕێ و، خرمەی پێیان دەهات. تا ئەوەبوو، جێیان گرتنەوە.

دەست و پێوەندەکانی پاگراسیۆن و هەرزەکارە قۆز و شۆخەکەی سەرکردەی ئەو سریەیان بینی، کە لەگەڵ کەوتنەوەی یەکەم تۆپدا، بە ڕاکردن لە دەوارە مەیخانەکەی

(تووشـین) هاتـه دەرەوە. دەم و چـاوە درێژکۆلەکـەی، گێلانـە دەردەکـەوت و، هەسـت و نەستی سەربازەکانیشی لە خۆی باشتر نەبوو.

ئەو سەرکردەیە هەر خەریکی چاودێریکردن بوو. ئەو پێیانەی کە بـە زەویدا دەکێشا، دەتووت لە گۆمێکی ئاودا مەلەی پێ دەکات !

رۆیشتنە رێکوپێکەکەی، لەگەڵ خرمەی پێی سەربازەکانیدا، یەکی دەگرتـەوە. شمشێرە بێ کالانە باریکەکەی، کە لە شمشێری ئەوانی دی نـەدەچوو، بـە کەمەریدا شـۆڕ ببـووەوە. دەمێک بە دەم رێوە سەیری پاگراسیۆنی دەکرد و، دەمێکیش سـەربازەکانی خـۆی. زۆری تەقـەلا دەدا، کـە رەوتەکـەی رێکوپێک بێت. بـەوەش شـاد بـوو کـە ئەرکـەکانی بـە باشـی بەجێهێناوە. جووڵەی پێیەکانی. راست. . چەپ. . راست. . چەپ.

هەرچەنـد هـەر یەکـەو لـە شـوێنێکەوە هـاتبوون، کـەچی روخسـاریان وێـک دەچـوون. هەموویشـیان پشـتیان لـە ژێـر بـاری شـتومەکە پێویسـتەکانی کۆڵیانـدا، چـەما بـووەوە. ئەفسەرێکی پلە مەیجور تۆپەڵە گڕو گیایەکی بەرپێی، پێ جوان بوو و، ئاگای لـە (راست. . چـەپ)ەکـە نـەما و، سـەربازێکی دواکـەوتوویش، خـۆی گەیاندەوە ریزەکـە و، هـاژەی گوللـە تۆپێـک، پێش ئـەوەی خـۆی بماڵێت بـە سـرییەکەدا و، زیـانێکی زۆریـان لـێ بـدات، بـە سـەر پاگراسیۆندا تێپەڕی. بەڵام دیوارە تۆکمەکەی سەربازەکان لە رەوی خۆیان نەکەوتن.

(چەپ. . چەپ). ئەوە نەبێت ئەفسەرە قۆزەکە هاواری کرد:

ـ ریزەکان تێک مەدەن.

سـەربازەکانیش بازنەیـەکیان بـە دەوری ئـەو چاڵـەدا دروسـتکرد کـە گوللـە تۆپەکـە بـە شێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو، لە نێویاندا دروستی کردبوو و، بە تێپەڕینیان، هاتنەوە یەک.

یـەکێک لـە سـەرکردەی فەسـیلەکان، دواکـەوت. ئەفسـەرێکی پیـری بـەرۆک بـە چەنـدین مەدالیا، کەوتە ژماردنی کوژراوەکان و، خێرا خۆی گەیاندەوە سرییەکەی و، هـەنگاوەکانی لەگەڵ رەزمی رەوەکەدا رێکخستەوە. چەند جارێ بـە تووڕەییـەوە لای دەکردەوە. دیسـان (راست. . چەپ. . راست . . چەپ) بێدەنگییەکەی شڵەقاندەوە.

پاگراسیۆن بە سەربازەکانی وت:

ـ دەی کوڕەکانم . . ئێستا کاتی پاڵەوانێتییە.

سەربازەکانیش بە یەک دەنگ هاواریان کرد:

ـ درێغی ناکەین . . ئەی خاوەن شکۆ!

سـەربازێکی هـەرزەکاری روو گـرژی لای چـەپی پاگراسـیۆن سـەیرێکی کـرد، وەکـوو ئەوەی بیەوێت بڵێت:ئێمە دەزانین چی بکەین . . نەفرەت لە شەیتان!

یەکێکی دی بێ ئـەوەی سـەر بـەرز بکاتـەوە و، ریزەکـە تێک بـدات، پڕ بـە دەم هـاواری کرد:

ـ فەرمانی وەستان و داگرتنی کۆڵەکانمان دراوە !

پاگراسیۆن بە بەر ریزەکاندا غاری دا و، پاشان لـە کۆڵی ئەسپەکەی هاتـە خـوارەوە و،

لغاوەکەی دا بە قەوقازییەک و، فەروەکەی سەر شانیشی، هەڵدا بۆ قەوقازییەکی دی و، لاقەکانی کەمێ جوڵە پێکرد، تا چالاک ببنەوە. کڵاو قووچەکەی، کەمێ رێکخستەوە. هەر لەو کاتەدا کەتیبە فەڕەنسیەکەش گەیشتبووە سنووری لاپاڵەکە.

پاگراسیۆن نەڕاندی:

ـ بۆ پێشەوە. . . پشت بە خوا.

هەندێ بە لای سەربازەکاندا وەرچەرخا و، پێی چەپی هەوادا، وەک ئەوەی یاسای ڕەوتکردنی هەرگیز بە جێ نەهێنا بێت، بە زەوییە شەقار شەقارەکەیدا دایەوە و، بەرەو دوژمن ڕۆیشت. بە دەستیشی ئیشارەتی دەدا.

میر ئاندریەیش وەکوو ئەوەی، هێزێکی نهێنی پاڵنەری بێت، شوێنی کەوت.

ئەم شەڕە ئەوە بوو، کە تیێر ی میژوونووس، لەبارەیەوە وتبووی:

ـ لەو شەڕەدا ڕووسەکان، ئازایەتی خۆیان نواند. شتی وای تێدا دەبینرا، کە زۆر کەم لە شەڕەکاندا ڕوو دەدەن!

دوو کۆمەڵە مرۆڤ، بە ورەیەکی بەرزەوە، بەرەنگاری یەک دەبوونەوە. بێ ئەوەی هیچ لایەکیان پێش بەرەنگار بوونەوە، ریزەکانی خۆیان تێک بدەن.

ناپلیۆنیش لە بارەی ئەو شەڕەوە، لە (قدیسە هیلین)ی شوێنی تاراوگەکەی خۆی و، کاتی دوور خستنەوەکەی، نووسیبووی:

ـ هەندێ لە یەکەکانی سوپای ڕووس:ئازایەتیەکی کەم وێنەیان نواند !

فەڕەنسیەکان زۆر نزیک ببوونەوە و، میر ئاندریە کە لەگەڵ پاگراسیۆندا دابوو، زۆر بە ئاسانی تۆپە ڕاکێشراوەکان و قاییشە ڕاست و چەپە، سووڕەکانی سەرشانی سەربازانی دوژمنی دەبینی.

ئەفسەرێکی گێڕی فەڕەنسی هاتە بەرچاو، کە زۆر بە گران بە گردەکەدا سەر دەکەوت.

پاگراسیۆن بێباکانە پێشڕەویی دەکرد و، سوپاکەی بە دوایەوە. لە ناکاو فیشەکێک تەقی! نەخێر، بوو بە دوو! سێیەم و. . . دووکەڵا بەرز بووەوە و، بوو بە قرمە! هەندێک لە سەربازانی ڕووس کەوتن.

ئەفسەرە قۆزەکەی کەمێ لەوەو پێش، پێش سەربازەکانی کەوتبوو و، ریزەکانی ڕێک دەخستەوە و، هاواری دەکرد:ڕاست . . چەپ، لە نێو کەوتووەکاندا بوو.

پاگراسیۆن یەکەم تەقەی بیست، وەستا و، ڕووی لە سەربازان کرد و نەڕاندی:

ـ هوورا !

هەر هەموو سەربازەکانیش بە یەک دەنگ هاواریان کرد:

ـ هوراااااا. . .

زۆر چالاکانە شاڵاویان برد. ئەوانیش وەک فەڕەنسییەکان، ریزەکانیان تێکچوو و بەرەو دامێنی گردەکە بوونەوە.

بەشی نۆزدە
پیکرانی رۆستۆف

هێرشەکەی فەیلەقی شەشی، نیشان شکێنان، رێی خۆش کرد بۆ کشانەوەی باڵی راست. لە کاتێکدا یەکە تۆپخانە بێ ئاگاکەی تووشین، رێی پێشڕەوی کردنی لە سوپاکەی فەڕەنسا بەرەو ناوەڕاستی سوپاکەی خۆیان، بڕی بووەوە و، سەرقاڵی کوژاندنەوەی ئەو ئاگرەی کرد بوون، کە تۆپخانەکەی لە ئاوایەکەی بەردابوو. ئەوەش رێی خۆش کرد، بۆ سوپای رووس بە بێ شڵەژاوی، بە دۆڵەکەدا بگەڕێتەوە. بەڵام مارشاڵ (لان) کە لە رووی چەندایەتیو چۆنایەتییەوە سەربازەکانی لە سوپاکەی رووس باشتربوو، توانیی هێزەکانی رووس کە بریتی بوون لە فەیلەقەکانی کێڤ و بۆدولی و، سوارانی دراگون لەبەر یەک هەڵبوەشێنێت و، گەمارۆیان بدات.

ناچار پاگراسیۆن، جرکۆڤی نارد، بۆ لای ژەنەرااڵی سەرکردەی ئەو فەیلەقانە، تا فەرمانیان بداتێ بە زووترین کات، پاشەکشە بکەن.

جرکۆڤ دەستی سڵاوی گەیاندە کلاو قووچەکەی و، لای چەپی سوپاکەی گرت و، بۆی دەرچوو. بەڵام هێندە دوور نەکەوتبووەوە لە پاگراسیۆن، کە ترسێکی کوشندە، باڵی بە سەردا کێشا و، سەری لێ تێکدا. شوێنی ژەنەرااڵ و سەرکردەکانی بۆ نەدەدۆزرایەوە! بە هەڵە بەرەو ئەو شوێنانە دەچوو، کە لە گەرمەی شەڕدابوون. لەبەر ئەوە، فەرمانی پاشەکشەکە، نەگەیشتە ژەنەرااڵی سەرکردە.

پێشڕەوی کردنی لای چەپ، خرابووە ئەستۆی، ئەو ژەنەرالەی کە لە سەربازگەکەی، نزیک ئاوایی برونۆ دوای سڵاوی سەربازی، سوپاکەی خستە بەردەست کۆتۆزۆڤەوە، بۆ پشکنین. لەبەر ئەوەی زۆرترین خزمەتی سەربازیی هەبوو، کرابووە سەرکردەی ئەو سێ فەیلەقەی بەرەی چەپی سوپای رووس. کە هەر لەوێدا جرکۆڤیش، سەربازێکی سادەی لە پلەی سەربازی دامالراو بوو.

ئەوسەری ئەو سوپاکەیش، لە ژێر دەستی کۆڵۆنێلەکەی باڤلۆگرادا بوو. فەیلەقەکەی رۆستۆڤیش، لە چێوەی ئەو سوپایەدا بوو.

بە هۆی بەدحاڵی بوونەوە، جۆرێک دابڕان لە نێوان سەرکردەکەی بافلۆگراد و رۆستۆڤدا هەبوو و، هەریەکەیان رقی لەویتر بوو.

لە کاتێکدا چالاکییەکانی سوپای فەرەنسا، لای راستەوە سەرومڕ بوو. فەرەنسیەکان لەوەدا بوون لای چەپیشەوە پەلامار بدەن. ئەو دوو سەرکردەیەش لە گفتوگۆکەیاندا لە رەخنەگرتن و لاقرتێ بەیەک کردن زیاتر هیچیان نەکرد. لەشکرەکانیان ئامادەباشیی شەڕ نەکرابوون. چاوەڕوانی ئەوەش نەبوون ئەو رۆژە شەڕ دەست پێ بکات و، سەربازەکانیان خەریکی کۆکردنەوەی داری سووتاندن و، ئالیکدان بوون، بە ئەسپەکانیان.

سەرکردەی هێزی سواره، بە تووڕەییەوە بە ئەفسەرێکی ژەنەرالی وت:

ــ ددانی پێدا دەنێم، ئەو لە من لە پێشترە، لە پلە سەربازییەکەیدا. چۆنی دەوێت با وا بکات. بەڵام رێی پێ نادەم، سوارەکانم بەکوشت بدات! ئادەی بووق بە دەست، فووی پاشەکشەی پێدا بکە.

کاتێکی تەنگەتاوبوو! خێرایی پێویست بوو. لە ناوەڕاست و، باڵی لای راستەوە، تەقەی تفەنگ و هوشپەی گوللە تۆپەکان، چڕ بووەوە. سەربازە پیادە، پاڵتۆ لەبەرەکانی سوپای مارشاڵ (لان)ی فەرەنسی، بە رووتی دەبینران، چۆن بەرەو لای باڵی چەپ دەڕۆیشتن. دوژمن کەوتە بەر بەزەیی قەرەوڵی تفەنگەکانی سوپای رووسەوە. سەرکردەی هێزی پیادە، سواری ئەسپەکەی بوو و، بەرەو لای سەرکردە (پاڤلۆگراد) رۆیشت. دوای سڵاو، هەر یەکە و، تووڕەیی خۆی شاردەوە.

ژەنەرالا وتی:

ــ کۆلۆنێل گوێ بگرە. . . من ناتوانم نیوەی پیاوانم لە دارستانەکەدا بهێڵمەوە. تکا دەکەم تۆ پەلامار بدە و، شوێنێکی گونجاویان لێ داگیر بکە. . . گوێت لێمە؟

سەرۆکیش وەڵامی دایەوە:

ــ منیش تکات دەکەم خۆت هەڵمەقورتێنە ئیشی کەسەوە. گەر سوارەیەکی. . .

ئەویش قسەکەی پێ بڕی:

ــ کۆلۆنێل من پلەی ژەنەرالم هەیە، بێ ئەوەی سوارەش بم. ئەگەر لەمەش بێ ئاگایت...

کۆلۆنێلیش سوور هەڵگەڕاو وتی:

ـ زۆر باش ئەمە دەزانم. . خاوەن شکۆ. فەرموو لە سەر زینەکەت بێرە خوارەوە و، لەگەڵم وەرە بۆ بەرەی شەڕەکە. تا ببینیت بردنی سەربازەکانم بۆ ئەوێ، بێسوودە و، بۆ رازی کردنی تۆیش بە کوشتیان نادەم.

ژەنەرالێش وتی:

ـ کۆلۆنێل تۆ خۆتت بیر دەچێتەوە!! من لێرە بیر لە هەموو شتێک دەکەمەوە، رازی کردنی ئارەزووەکانی خۆم نەبێت! لەبەر ئەوە رێگا نادەم بەم شێوەیە قسەم لەگەڵ بکەیت.

کۆلۆنێل قامچییەکی لە ئەسپەکەی دا، بۆ پێشەوەی بەرەکە و، ژەنەرالێش بە غار شوێنی کەوت. وەکوو ئەوەی مشتومڕەکەیان لە ژیر رێژنەی گوللەدا نەبێت، یەکلایی نەکرێتەوە. هەر گەیشتنە ئەوێ وێزەی چەند گوللەیەک بە سەریاندا تێپەڕی. لەبەر گوللەبارانەکە، نەیانتوانی گۆڕەپانەکە بپشکنن. بۆیان دەرکەوت بە هۆی ئەو چەم و چغورد و لاپاڵە سەختانەوە، مەحاڵە سەربازان لەوێدا جێگیر ببن.

فەڕەنسییەکانیش بەلای چەپدا پێچیان دەکردەوە. بۆیە ترسناکانە چاویان بڕییە یەکتری. هەر وەکوو دوو کەڵەشێری پێش پێکدا هەڵپژانیان لێهاتبوو. پێیان شەرم بوو، کە ترسی خۆیان بۆ یەکتری دەربڕن. هیچیشیان بۆ نەگوترا. کەسیان ئارەزووی جێهێشتنی ئەو شوێنەیان پێشان نەدەدا. گەر ئەو رێژنەی گوللەبارانەی فەڕەنسییەکان، لە نێو ئەو دارستانەدا نەبوایە، بۆ سەر کۆمەڵێک سەربازی دار کۆکەرەوەی رووسی، ئامادەش بوون ماوەیەکی زۆرتر تێیدا بمێننەوە، تا ئازایەتیی خۆیان بنوێنن.

دوژمن لای چەپی رێی کشانەوەی لێ بڕی بوونەوە. بۆیە دەبوو بە زۆرەملێ بە نێو سەربازانی دوژمندا و، لە زەوییەکدا کە تاودانی ئەسپی تێدا سەخت بوو، رێگا بۆ خۆیان بکەنەوە. سەربازانی رۆستۆڤیش، فریا دەکەوتن، خۆیان کۆ بکەنەوە بۆ شەڕ و، بەرەنگار بوونەوە.

پردی ئەنزیش لە نێوان ئەمان و سوپای دوژمندا، ئەو هێڵە خەیاڵییە بوو کە مردن و ژیانی لێک جوێ کردبووەوە. سەربازانی هەردوولایش، چاک هەستیان بەوە کرد بوو.

بۆیە لە ناخەوە، لە خۆیان دەپرسی:

ــ ئاخۆ دەیبەزێنن؟ یان دووجار پەرێزیی لێ دەگرن؟ چی بکەن بۆ بەزاندنی یان نەبەزاندنی؟

هەر خێرا کۆلۆنێل وەکوو ئەوەی بیری جەڕی بێت، بە تووڕییەوە چەند فەرمانێکی ناڕۆشنی دا بەو ئەفسەرانەی، کە بۆ پرسیار و کۆڵینەوە هاتبوون.

هەر چەند فەرمانی پەلاماردانیش روون نەبوو، تەنیا قاوی نێو سەربازەکان بوو و، ئەوان لە نێو خۆیاندا باسیان دەکرد.

فەرمان دەرچوو:

ـ وریا بن.

بـه دوایـدا زرنگـەی هەڵکێشـانی شمشـێر بـەرز بـووەوە. چونکـە تـا ئـەو کاتـە، فـەرمان دەرنەچوو بوو، کەس نەجووڵا. یەکەکانی لای چـەپ بـە سـوارەو پیادەکانیانـەوە، دەیـانزانی کە ئەفسەرانیش نازانن چی بکەن.

رۆستۆف کە زانیی کاتی چێژ کردنی هێرش بردن هاتووە، لە دڵی خۆیدا وتی:

ـ خێرا! خێرا! با دەست پێ بکەین.

کوتوپڕ بە دەنگی بەرز هـــاواری کرد:

ـــ پشت بە خوا. بۆ پێشەوە.

ملی ئەسپەکانی هێڵی یەکەمی سوارەکان، شـەپۆلی دا و، سـەربازان جـوڵان. رۆسـتۆف کـەمێ لـەولا سـەربازەکانییەوە، هێڵێکـی تـاریکی بینـی. هـەرچەنـد جـوان بـۆی رووەن نـەبوو، بەڵام وای دانا ئەوە هێڵی دوژمنانە. تەقەی تفەنگی دوور بە دووریش دەبیسترا.

فەرمانێکی تریان بۆ دەرچوو، کە خێراتر بڕۆن. رۆستۆف درەختێکی گەورەی لـە پێش خۆیەوە بینی، کـە لـە نێو ئـەو هێڵـە تاریکەدابوو، کـە زووتـر بـە هێڵـی سـەربازانی دوژمنـی دانابوو. وا بێ ترس و بێباکانە ئەو هێڵەشی بڕی. ئارام بوون و کرانەوەی زۆرتر بوو.

مستی لە مستووی شمشێرەکەی توندتر کرد و، لە دڵی خۆیدا وتی:

ـــ ئاە. . چۆن شمشێریان لێ رادەدەم و، پارچە پارچەیان دەکەم؟

هـــاواری هورا دەنگی دایەوە !

رۆستۆف لە دڵی خۆیدا وتی:

ـــ دەی هەرچییەک دێتە پێش، با بێتە بەرامبەرم !

بە پاژنەی پێی دای بە ژێر سکی شـۆکادا و، بـە غـار لـە سـوارەکان دوور کەوتـەوە. لـە ناکاو دوژمن دەرکەوت. بە دوایدا رێژنەیەکی گوللەباران، کە لـە هوشـپەی داوەشـاندنەوەی قامچی گورزە دەچوو، بە سـەریاندا دابارى !

رۆستۆف بۆ پێداکێشان، شمشێری بڵند کردەوە. هەر لەو کاتەیشدا سـوارەیەکی دی لـە ریزەکە دەرچوو و، لەگەڵ ئەمدا خۆی گەیاندە پێشەوە. کە نـاوی (نیکیتنلۆ) بـوو. خـۆی بـە ئەمدا کێشا.

رۆستۆف لە دڵی خۆیدا وتی:

ـ ئەرێ ئەوە چییە؟ ناتوانم بجووڵێم!

لە ناخییەوە وەڵامەکەی وەرگرتەوە:

ـــ تۆ پێکراویت و، کەتوویت و، مردوویت!

لـە گۆڕەپـانی شـەڕەکەدا بـە تـاک مایـەوە و، تـەنیا زەوییـەکی پـان و پـۆڕ و، ژووڕە

قوڕینەکانی دەوروبەری خۆی دەبینی. ئیدی نە ئەو سوارانەی کە باوەشیان بە ملی ئەسپەکانیاندا کردبوو و، نە غارکردنیانی بینی. هەستی بە گەرمیی خوێنەکەیشی دەکرد بەسەر پێستی لەشییەوە.

لە دڵی خۆیدا وتی:

ـ نەخێر. من بریندارنیم و، شۆکای ژێرم کوژراوە !

راستیشی دەکرد. شۆکا ویستی هەستێتەوە سەر چوارپێیان، بەڵام کەوتەوە و رانی سوارەکەی کەوتەوە ژێری. سەرو چاوی ئەو ئەسپە، خەڵتانی خوێن بوو. هەر ئەمدیوو ئەودیوی دەکرد. رۆستۆڤیش ویستی هەستێتەوە، بەڵام بەرگەکەی لە زینی ئەسپەکە گیرابوو و، ئەویش نەیتوانی.

بەڵام ئەی سەربازەکان چیبان لێهات؟ ئەی دوژمن لە کوێیە؟ هیچی لێ تێ نەگەیشت. چونکە کەسی لە دەوروبەری خۆی نەبینی! بە هەر حاڵێک بوو توانیی رانی لە ژێر ئەسپەکە دەر بێنێت و هەستێتەوە.

لە خۆی پرسی:

ـ هێڵی سووری ئاگرینی بەرەی شەڕەکە لە کوێوە بێت؟

ئەمەیشی بۆ وەڵام نەدرایەوە.

کاتێک هەستی بە سستبوونی قۆڵی چەپی کرد، بە خۆی وت:

ـ رەنگە رووداوێکی خراپم بەسەر هاتبێت! ئاخۆ ئەم کارەساتە چاوەڕوان کراو بوو؟ کەوابوو ئێستا دەبێت من چی بکەم!؟

ئەو دەستەی وەکوو نامۆ بێت، بە جەستەی، وابوو. بە جەستەی خۆیدا بۆ شوێنە بریندارەکانی کەوتە گەڕان. فیرقەیەکی سەربازی بینی، پیاوێکی پاڵتۆ شین پێشڕەویی دەکردن. کڵاوێکی قووچی سەیری بە سەرەوە بوو. رەشتاڵەیەکی لووت کوڕ بوو.

ئەمیش بە تامەزرۆییەوە وتی:

ـ ئاخری چەند کەسێکیان پەیدا بوون! هەر ئێستا یارمەتی منیش دەدەن.

ئەو پیاوە لوت کووڕە، یەکەمجار دوو کەسی لەگەڵدابوو. دواتر زۆر بوون. یەکێکیان قسەی دەکرد و، وشەکانی لە رووسی نەدەچوو! بە سیانیان سوارەیەکی رووسییان گرتبوو و، یەکێکی تریشیان رەشمەی ئەسپەکەی بە کێش دەکرد.

رۆستۆڤیش لەبەرخۆیەوە وتی:

ـ بێگومان ئەوە سەربازێکی خۆمانە و، دیل کراوە! بەڵێ هەر وایە! بڵێی منیش دیل بکەن!؟ ئاخۆ ئەمانە کێ بن!؟ ئێ. . بەڵکوو فەڕەنسییەکان بن! مەحاڵە خۆیان نین! جوان دەیبینین کە نزیکی دەبوونەوە و، بڕوای بە خۆی نەدەکرد.

لە خۆیی پرسی:

ـ ئەرێ ئاخۆ ئەمانە کێ بن!؟ ئەی بۆ وا رادەکەن!؟ بڵێی بۆ من بێن!؟ بڵێی بمکوژن!؟ بە

تایبەتی، منێک کە هەموو خەڵکی خۆشی دەوێم !

بیری لەوە کردەوە، کە چەند خۆشەویستی دایکێتی! بۆیشی دەرکەوت کە چەندە خێزانەکەی خۆشدەوێت! چەندە خۆیشی دڵسۆزی هاوڕێکانی بوو! تا گەیشتە ئەو بڕوایەی مەحاڵ بێت، دەستیان بچێتە کوشتنی !

لە دڵی خۆیشیدا پرسیی:

ـ ئەی ئەگەر نیازیان کوشتنم بوو، چی بکەم؟

ساتێک تاسا! فەڕەنسییە لووت کووڕەکەش، هێندە لێی نزیک بووبووەوە، کە چرچو لۆچەکانی نێوچاوانی دەبینرا. قەمەیەکیش بەسەر لوولەی تفەنگەکەیەوە بوو. رۆستۆف دەمانچەکەی دەرهێنا. بەڵام لە بری ئەوەی بیتەقێنێت، تێی گرتو بەرەو دارستانەکە هەڵات. هەر دەتووت کەرۆێشکە و، تولە و تانجیی بە دواوەیە.

ئێستای وەکوو ئەو کاتەی شەڕی پردی لینز خوازیاری شەڕ نەبوو و، ترس بە سەریدا زاڵا بوو. ترسی لە دەستدانی ژیانە خۆش و شیرینەکەی بوو. بەو کێڵگەیەدا رایدەکردو بەسەر چاڵاوەکاندا قەڵەمبازی دەدا. هەر وەکوو راکەری بازدەری سەر بەربەستەکانی لێهات بوو. جاروبارێکیش رووە زەردەهەڵگەڕاوە رەنگی مردوو گرتووەکەی بەرەو دوا وەردەچەرخاند و، تەزوویەکی سارد بە برپرەی پشتیدا دەهات.

لە بەرخۆیەوە وتی:

ـ نەخێر لا نەکەمەوە گەلێ باشترە !

پێش ئەوەی بگاتە دەغڵەکە، جارێکی دی لای کردەوە. بۆی دەرکەوت کە زۆر لە فەڕەنسییەکە دوور کەوتووەتەوە. کەچی ئەو پیاوەی بینییەوە کە پێشڕەوی سەربازەکان بوو.

لە دڵی خۆیدا وتی:

ـ نەخێر دەبێت من هەڵەبم! مەحاڵە بیانەوێت من بکوژن !

هەستی کرد ناتوانێت لەمە زیاتر دوور بکەوێتەوە. چونکە قۆڵە سست بووە لە کار کەوتووەکەی، هێندەی تر قورسی کردووە.

فەڕەنسییەکەش ماندووانە وەستابوو و، لولەی تفەنگەکەی ئاراستەی سەر سنگی رۆستۆف کرد بوو.

رۆستۆفیش پرزە بڕاوانە نوشتایەوە و، فیشەکێک و دووان، بە سەریدا ویزەی کرد. ئەمیش ناچار دەستی سست بووی چەپی، بە راستی هەڵگرت و، تینی بە خۆی دا و، کەوتەوە راکردن بۆ نێو ئەو دەغڵەی، کە نیشان شکێنەکانی رووس، بە نێویدا، بڵاو بوو بوونەوە.

بەشی بیست
ئازایەتیی توشین

ئەو سەریە پیادەیانەی کە لە دارستانەکەدا لە ڕوو بە ڕوو بوونەوەدا بووون لەگەڵ دوژمن، هەر وەکوو مێگەل، کەوتنە هەڵاتن.

چونکە سەربازێکیان زۆر گێلانە هــاواری کردبوو:

ـ کوڕینە. . . دوژمن ڕێی پاشەکشەی لێ بڕیوینەتەوە.

ئەم قسەیە هێندەی تر، ترس و دڵەڕاوکێی خستە دڵی سەربازەکانەوە و کاریگەرییەکی فرەی هەبوو. چونکە هەر وەکوو ئاگری ناو پووش بڵاوبووەوە.

هەڵاتووەکان هاواریان دەکرد:

ـ گەمارۆ دراوین! تازە تێداچووین !

ئەو ژەنەرالەی گوێی لە تەقەکان بوو، کە ئەو شڵەژاوییەی نێو سرییەکانی ڕووسی بینی، خەمی ئەوەی بوو، هۆی ئەو شڵەژاوییە بدەنە پاڵا ئەو. بۆیە عاسی بوونەکەی کۆلۆنێلی لە بیر کرد و، بێ گوێدانە هیچ، باوەشی بە ملی ئەسپەکەیدا کرد و، بە غار خۆی گەیاندەوە بەرەکە.

ئەو پیاوە ژەنەرالێکی کۆنی ورە بەرزبوو. بەختی بەوە یار بوو و، ڕێژنەی گوللە بارانەکەی بڕی و نەپێکرا. خەمی گەورەیشی ئەوە بوو، هۆی ئەو شڵەژاوییەی بەرەکە بزانێت، تا بە هەموو توانایەوە ئەو شڵەژاوییە چارەسەر بکات.

ئەوێک کە بیست و دوو ساڵی لە خزمەتی سەربازیدا بەسەر بردبوو، بێ ئەوەی ڕەخنە و لۆمەیەکی هاتبێتە سەر. ریزەکانی سەربازە فەڕەنسیەکانی بە بێوەی بڕی و گەیشتنە ئەو شوێنەی کە سەربازانی ڕووس فەرمانە سەربازییەکانیان، هەر وەکو ئەوەی گوێیان مسی تێدا بێ٘ت، نەدەبیست.

کات ئەو کاتە دەگمەنانە بوو، کە بیرو هۆش تێیدا دەجەڕێت. بڵێی سەربازان گوێڕایەڵی سەرکردەی خۆیان بون؟ یان بە دەم هەڵاتنەوە بێباکانە، سەیری سەرکردەیان دەکەن و، پشتگوێی دەخەن!؟ گریمانی دووەمیان چاوەڕوانکراوتر بوو.

هەر چەند لەگەڵ ترس لەو ڕوخسارە سوور هەڵگەڕاوە و، بەجێ هێنانی فەرمانە سەربازییەکانی ڕاهات بوون، بەڵام هەر لەسەر هەڵاتن سوور بوون. فیشەکەکانیان بە ئاسماندا دەتەقاند و، سەرپێچییان لە فەرمانەکان دەکرد و، هەر هاوار و قیژەیان بوو. هەموو گیانیان ترس دایگرتبوو و هەموو تەقەلایەکیشیان خۆ ڕوتار کردن بوو.

قورگی سەرکردە پڕ بە دووکەڵی بارووت بوو. هێندەی قیژاندبوو، دەنگیشی نووسا بوو. هەستی کرد هیچی بە دەستەوە نەماوە بیکات و، پرزە بڕاوانە لە جێی خۆی وشک بوو.

بەڵام لە ناکاو و، بە بێ هیچ هۆیەکی ئاشکرا سەربازە هێرشبەرە ڕاونەرە فەڕەنسییەکان بە شوێن سەربازە بە زیوە ڕووسیەکانەوە بوون. هەر وەکوو ئەوەی موعجیزە ڕووی دابێت، بەرەو دوا وەرچەرخان و، کشانەوە و، دارستانەکەیان بەجێ هێشت. تەنیا فەسیلەکەی تیمۆخین کە فەسیلێکی نیشان شکێنان بوو، ریزەکەیان تێک نەچوو بوو. هەر ئەوانیش ببوونە کەمین لە دارستانەکەدا و، خۆیان مەڵاس دابوو، تا ئەو سوپا فەڕەنسییەی بە دوای سوپا بەزیوە ڕووسییەکەوە بوون، دەگەنە بەر قەرەوڵی چەکەکانیان. ئەمانیش لێیان دێنە دەست و، دەیان شکێنن و، بەرەو دوایان دەکەنەوە.

تیمۆخین خۆی تەنیا شمشێرێکی کولی بە دەستەوە دەبێت و، جۆرێک دەقیژێنێت بە سەر سەربازە هێرشبەرە فەڕەنسیەکاندا. دەستڕێژی گوللە دەست پێدەکات. فەڕەنسییەکان دەشڵەژێن و، سەریان لێ تێکدەچێت و، بڕێکیان چەکەکان فڕێ دەدەن و، بەرەو دوا هەڵدێن.

دۆلۆخۆف ڕوو دەکاتە تیمۆخین. ئەویش هەر بە دەم ڕێوە سەربازێکی فەڕەنسی دەکوژێت و، قورقوڕاگەی ئەفسەرێکی فەڕەنسیش دەگرێت و، دیلی دەکات. ئەمە بۆ خۆی کارێکی ناکاو دەبێت و، بە بەرچاوی سوپا هەڵاتووە ڕووسییەکەوە ڕوو دەدات. کاریان تێدەکات و ئەوانیش هەڵدەگەڕێنەوە و، جارێکی دی بەرەنگاری دوژمن دەبنەوە و، بەشی لای چەپی دوژمن بەرەو دوا هەڵدەبڕن.

بەو شێوەیە هێزەکانی دواوەی بەرەکە، لەگەڵ هێزەکەی تیمۆخیندا تێکەڵ دەبنەوە و، تیمۆخینیش دەستی پێیاندا ناگات. ئیدی سوپا فەڕەنسییەکە هەڵ دەبڕن.

ژەنەرالا پاگراسیۆن و مێجۆر ئیکۆنۆمۆڤیش لە نزیکی پردەکەوە بوون و سەرپەرشتیی، کشانەوەی بنکەکانی سوپاکەیان دەکرد.

لە ناکاو سەربازێکی پالتۆ مەیلە و شین، خۆی بە سەر پشتی ئەسپەکەیەوە لار کردەوە. نە تووڕەکەی پێداویستیی خۆی و، نە کڵاوە قووچەکەی پێ مابوو. رەنگی تێکچوو بوو و، نێوچاوانی بەستبوو. شمشێرێکی ئەفسەری بەدەستەوە بوو. بزەیەک سەر لێوانی کەوت بوو و، لە سەرکردەکەی خۆی دەڕوانی. هەرچەند سەرکردە سەرقاڵی فەرماندان بوو بە مێجۆر، بەڵام ئەو سەربازە سەیرە سەرنجی راکێشا.

دۆلۆخۆڤیش تووڕەکە چەرمینە بچووکەکە و، شمشێرەکەی بەرز کردەوە و هاواری کرد:

ــ ئەی خاوەن شکۆ . . ئەم دوو شتەی پێمە دەستکەوتم بوو هو، ئەفسەریکی دوژمنیشم دیل کردووە! سرییەکەیشمان ئەو شایەتییەم بۆ دەدەن، کە من بوومە هۆی خۆڕاگرییان! خوازیاریشم ئەم کارەی منت بیرنەچێتەوە.

ژەنەرالیش وتی:

ــ زۆر باشە. . . زۆر باشە.

ویستی دەست بکاتەوە، بە فەرماندان بە (چابگ رکن)ەکە. بەڵام دۆلۆخۆڤ کۆڵی نەدا و، پەڕۆکەی لە نێوچاوانی کردەوە و، خوێنە وشکەوەبووەکەی سەری دەرکەوت و وتی:

ــ ئا ئەم بریندارییەشم، بە هۆی نوکە حەربەیەکەوە بوو. بەڵام خۆیشم راگرت و هەڵنەهاتم. خۆزگە خاوەن شکۆ منت لە بیرنەکردایە. تۆپخانەکەی تووشین لە بیر هەمووان چوو بووەوە! ئەو تۆپخانەیەی کە هەر چەند شەڕیش وەستابوو، کەچی ئەو هەر لە تۆپبارانی دوژمن نەدەکەوت و، هەر زرمەی دەهات. سەرکردە (چابگ رکن)ەکەی نارد بۆلای تووشین و، بەدوایدا میر ئاندریەش تا تۆپبارانەکەی بوەستێنێت و، هەر زوویش پاشەکشە بکات. لەگەڵ ئەوەشدا کە سەربازە بەرەنگاربووەوەکان بێ ئەوەی بزانن کە کێ فەرمانی کشانەوەی پێداون، گەڕانەوە. ئەو تۆپخانەیە، هەر سەرومڕبوو لە تۆپبارانی دوژمندا. هێرشبەرە فەرەنسییەکان ناحەقیان نەبوو، کە بە پەلە شکان و کشانەوە. چونکە کەس چاوەڕوانی نەدەکرد کە بە تەنیا ئازایەتی سەرومڕبوونی چوار تۆپ لە تۆپباراندا و، خۆڕاگرییان بتوانن سوپایەک پاشەکشە پێ بکەن! چونکە فەرەنسییەکان لای خۆیانەوە، وایان دانابوو کە رووسەکان هەموو هێزەکانیان لەو ناوەڕاستی بەرەیەدا چڕ کردووەتەوە. هەرچەند دووجاریش هێرشیان هێنا، بەڵام لەبەر دەستوبردی سەربازانی ئەو چوار تۆپەی سەر یاڵەکە و، خەستیی بۆردوومانەکە، هەردوو جارەکە بەزین و، کشانەوە دواوە.

هەر کەمێک دوای گەڕانەوەی پاگراسیۆن، تووشین توانیی ئاگر بەربداتە ئاوایی شوبنگرابن. ئەو سەربازانەی لوولە تۆپەکانیان پاک دەکردەوە و، گوللە تۆپەکانیان بەر دەدایەوە ناویان و هاواریان دەکرد:

سەیر بکەن چۆن گڕمان بەردایە دوژمن. ئای چ چڕە دووکەڵێکە! بەراستی چاکی دەپێکین.

هەر چوار تۆپەکە تۆپبارانی خۆیان دەکرد و، کاری خۆیان باش دەزانی و چاوەڕێی فەرمانە بالاکان نەبوون. لەگەڵ تەقاندنی هەر گوللە تۆپێکدا ئەو قسانەیان دووبارە دەکردەوە و، یەکتریان هان دەدا:

ـ خێراکەن! خێراکەن! ئا ئەوەتا ئامانجەکانتان پێکاوە.

بایەکەش یارمەتیدەرێکی باشی ئاگرە کەوتووەوەکە بوو و، کارێکی وایکرد سەربازە فەڕەنسییەکانی دەوروبەری ئاواییەکە، شوێنەکانیان چۆڵ بکەن و، پاشەکشە بکەن. بەڵام ئەوانیش بێدەنگ نەبوون و، لە لای راستی ئاواییەکەوە تۆپەکانیان دابەست و، بە ئاراستەیەکی زۆر وردو پڕ بایەخەوە، کەوتنە بۆردوومانی یەکەی تۆپخانەکەی تووشین. بەڵام ئەمان خۆیشیان تێکنەدا، تا ئەو دەمەی دوو گوللە تۆپ کەوتەوە. بە دوایدا چواری تر، کەوتە چەقی تۆپخانەکەیانەوە. گوللە تۆپێکیان، دوو ئەسپی کوشت و، یەکێکی تریان رانی گالیسکەوانی، گالیسکەی بارووەد و، گوللە تۆپ گوازەرەوەی پەڕاند. بەڵام ئەمەش نەبووە هۆی کۆڵدانی تۆپچییە رووسەکان و، خێرا دوو ئەسپی تریان، خستە شوێنی دوانە پێکراوەکە. بریندارەکەشیان گواستەوە.

ئەمانیش لوولەی هەر چوار تۆپەکەیان کردە یەکەکەی تۆپخانەی فەڕەنسییەکان. هێشتا سەعاتێک بە سەر شەڕەکەدا تێنەپەڕی بوو، لە کۆی (٤٠) سەربازی تۆپخانەکەی تووشین، حەڤدە سەربازیان بریندار بوون. زۆربەیان بریندەکەیان سەختبوو و، گوازرانەوە بەشی دواوەی بەرەکە. ئەوانەی لە تۆپخانەکە مابوونەوە وردیان بەرنەدا و، نەڕووخان. بە دەستی خۆیان، دوو هێرشی فەڕەنسییان تێکشکاند و، بەزاندیانن.

ئەو کورتە باڵایەی، کە هەمیشە جووڵە سەربازییەکانی نادروست بوو، هەر جارە و، تۆپێکی دەتەقاند، داوای پاداشتەکەیشی دەکرد، بەوەی کە دەبوو سەبیلەکەی لا لێوی بە تووتن بۆ دابگرنەوە. هەر تۆپێکی دەتەقاند، خۆی بە لێواری پێگەکەدا دەدا و، دەستی سەر نێوچاوانی دەنا و، سەرنجی کەوتنەوەی گوللە تۆپەکەی خۆی دەدا، تاکوو شوێنی کەوتنەوەکەی ببینێت و، هاواریشی دەکرد:

ــ کوڕینە. ئاگری تێبەردان !

پێش ئەوەی گوللە تۆپەکە بتەقێت، خۆی دوور دەخستەوە و، دوایی لەگەڵ هاوڕێکانیدا تۆپەکەیان رادەکێشایەوە، شوێنی خۆی. هەر خۆیشی لوولە تۆپەکەی قەرەوڵا دەکردەوە. هەتا تووشین لەوێ بوایە، هەر ئەو سەرپەرشتیی دەکردنو ئەمیانی قەرەوڵا دەکردەوەو حەشوەی ئەویانی زیادو کەم دەکردو، فەرمانی دەدا ئەسپە بریندار و تۆپیوەکان دوور بخەنەوە.

بە هەموو لایەکی خۆیدا، فەرمانی دەدا. نالّەی تەقینەوە و، دووکەڵی بارووت کەڕو کوێری کردبوو. هەر سەربازێکی لی بریندار ببوایە، یان بکوژرایە، برۆکانی یەک دەهێناوە و، تووڕەبوونەکەی بە سەربازە زیندووەکان دەڕشت و، لێیان تووڕە دەبوو، کە بۆچی سستی دەکەن، لە گواستنەوەی تەرمەکانیاندا؟

سەربازەکانیش کە هەمیشە سەربازی تۆپخانەکان قۆزو بەخۆوە بوونو لەوانی تر تۆکمەو ناوشان پانتر بوون، وەک منالّی بە کێشە هەر بە چاو پرسیان دەکرد. تووشین ئەوەی باشبوو، نەدەترسا و، خۆی تێک نەدەدا. هەر گریمانی ئەوەشی دانەنابوو کە بپێکرێت. زۆریش گورجو گۆلّاو رۆح سووک بوو. وا راهاتبوو لە یەکەم تەقەوە واتزانیبایە دەمێکە تۆپباران دەکات. هەرچەند یەکەم جاری بوو، شوێنی تۆپخانەکەیشی بینی بوو، کەچی دەتووت هەر لەو شوێنەدا گەورە بووە. هەستی بە هەموو شتەکان دەکرد و، هیچیشی بیر نەدەچووەوە.

هەڵسو کەوتی زۆر لەباربوو، لەگەڵ ئەفسەرەکاندا. بەڵام لە گەرمەی تۆپبارانەکەدا، هەر لە سەرخۆش دەچوو و، هەڵچوونی پێوە دیاربوو.

نالّەی تەقینەوەکان و، گیزەی گوللە و، جوولّەی سەربازە بەکاربەری تۆپەکان، کە نوقمی ئارەقەی خۆیان بوون و، روخسارە بریسکەدارەکانیان و دیمەنی خوێنی بریندارانو کوژراوان و، ئەسپە پێکراوەکان و، چرپی ئەو دووکەڵە بەرز بووەوەیە تێی گەیاندن، کە بوونەتە ئامانجی تۆپخانەکانی دوژمن.

تێکشکاندنی تۆپ و پێکرانی سەرباز و، کەوتنە سەر زەویی ئەسپەکان، چاوەڕوان کراوبوو و، چەندین دیمەنی لای تووشین دروست دەکرد و، دنیایەکی سیحر ئامێزی ئەندێشەیی، کە حەزی پێی نەبوو، هێنابووە ئاراوە.

تۆپخانەکانی بێگانەی بە سەبیلەکەی و تەقینەوەکانی بە دووکەڵەکەی دادەنا. باوەشێک دووکەڵا لە تۆپخانەکەی دوژمنەوە، بەرز بووەوە و، بایەکە بەلای چەپیدا برد.

ئەمیش لای خۆیەوە وتی:

ــ مژێکی تری لێ بدە. چاوەڕوانیش بە هەر ئێستا گوللەتۆپە هاوێژراوەکەی خۆت دەگرینەوە و، بۆ خۆتی هەڵدەدەینەوە.

سەربازی گڕدەری تۆپێکیان لێی پرسی:

ــ گەورەم پێویستە چی بگێڕینەوە بۆیان؟

تووشینیش وەڵامی دایەوە:

ــ هیچ هیچ! گوللە تۆپەکانی خۆیان!

لەبەر خۆیشیەوە وتی:

ــ رۆژ رۆژی:خۆتە ماتقییڤنا!

ماتقییڤنایش، ناوی یەکێ لە تۆپە مۆدێل کۆنەکانی بوو و، خۆی ئەو ناوەی لێ نابوو.

بەرپرسی تۆپی دووەم، کورێکی قۆز بوو و، سەربازێکی عارەق خۆریشی لە بەردەستدا بوو. ئەمیشیانی ناو نابوو مامە. سەرنجی زۆری ئەو لاوە بەرپرسەیشی دەدا. چونکە خۆشی دەهات لە شێوەی بەکار بردنی تۆپەکە.

تووشین سەربازەکانی یەکەی تۆپخانە فەرەنسییەکەی بە ئاسانی دەبینی. کە وەکوو مێرووله لە کارا بوون. لێشاوی تەقەی تفەنگ و، کپ بوونەوەی و، دەست پێکردنەوەی لە هەناسەدانی مرۆڤ دەچوو.

تووشین هاواری کرد:

ـ ئەە. . . ئەوە دەستیان پێکردەوە !

پێی وابوو خۆیشی بووەتە پاڵەوانێکی زەبەلاح و، بە دەستەکانی خۆی گوللە تۆپەکان فڕێ دەداتە، نێو دوژمنە فەرەنسییەکانەوە.

لەکاتی تەقینی تۆپی چوارەمدا، خۆی لادا و هاواری کرد:

ـ دەی ماتقییڤنا پیرەی لەبەر دڵان!

لەناکاو گوێی لە دەنگێک بوو، لە دوای خۆیەوە، هاواری دەکرد:

ـ کابتن تووشین . . کابتن.

ئەو (چابگ رکن)ەی بینی، کە کاتی خۆی لە ڤرانتی دەرکردبوو.

زۆر ترسا و هاواری کردەوە:

ـ ئەوە تۆ خەریکی چیت؟ شێت بووییت؟ ئەوە دووەم جارە فەرمانی پاشەکشەت بۆ دەردەچێت:کەچی تۆ. . .

ئەمیش سەری بڵند کرد و، سەیرێکی سەرکردەکەی کردو وتی:

ـ چیی ترتان لە من دەوێت؟

دوو پەنجەی گەیاندە لێواری خودەکەی و، سڵاوی کرد و، کەوتە ورتە ورت:

ـ من؟ هەرگیز. . . من. . .

سەرکردەکە فریای فەرمان دەرکردنەوە نەکەوتەوە و، گوللە تۆپێک وا بەسەر سەریدا تێپەڕی کە خەریک بوو، قژی سەری بەرێت و، خۆی نووساند بە ملی ئەسپەکەیەوە. دیسان خۆی قیت کردەوە و، وێستی قسە بکات و، گوللە تۆپێکی دی هات. ناچار هەر هێندە فریاکەوت، بەغار هەڵبێت.

بەدەم غار کردنەکەیشییەوە هاواری دەکرد:

ـ پاشەکشە بکەن. . . هەر هەموتان بکشێنەوە.

سەربازەکانیش پێی پێدەکەنین. خولەکێکی پێ نەچوو (نائب چابگ)یکی تر کە میر ئاندریە بوو پەیدابوو و، فەرمانی کشانەوەی پێ ڕاگەیاندن.

یەکەمین دیمەنێک بەرچاوی ئەویش کەوت، ئەسپێک بوو، دەی حیلان و وەکوو جۆگەلە

خـۆیان لـه رانەکانییـەوە فیچقـەی دەکـرد. لاشـەی کـەوتووی کـۆژراوانی نێـو گالیسـکە بەکێشـکەرەکانی تۆپـەکان بـوو. هووشـپەی بـەرو دوای گوللـە تۆپـەکان بـە سـەریـدا، تەزوویەکی ساردی بە بڕبڕەی پشتیدا هێنا.

دوای کەمێ هێور بووەوە و لە سەر ئەسپەکەی دابەزی و لەبەرخۆیەوە وتی:

ـ نابێت بترسم !

فـەرمانی کشـانەوەکەی بـە تووشـین راگەیانـد و، بڕیاریـدا خۆشـی سەرپەرشـتیی کشـانەوەکە بکـات. تووشـین و ئاندریـە، بـە سـەر لاشـەی کۆژراوانـدا، هـەنگاویان دەنـاو سەرپەرشتیی کشانەوەکەیان دەکرد.

گڕدەری تۆپەکان بە میر ئاندریەی وت:

ـ چەند بەختەوەریت! تۆ لـە فـەرمان هێنەکـەی پێش خـۆت ئازاتریت! ئـەوێتر هـەر بـە هەڵاتن، هەڵات! هەر وەکوو رەشەبا، بۆی دەرچوو !

میـر ئاندریـە یـەک وشـەیش، لەگـەڵ تووشـین نـەدوا. ئـەویش لەبـەر سـەرقاڵبوونی بـە کارەکـەوە، لـە ئـەم بـێ ئاگـا بـوو. سـەربازەکانیش ناچـار بـوون، تـۆپێکی شـکاو و، گوللەتۆپەکانی بەجێ بهێڵن. دوو تۆپی تریان هێنا و، بەکێشیان کردنەوە.

میر ئاندریە ئەسپەکەی بەرە و تووشین تاودا و، دەستی بۆ درێژکرد و وتی:

ـ دەی خوات لەگەڵ . . هـــاوڕێ.

توشینیش بە دەم تەوقە کردنەوە وتی:

ـ خوات لەگەڵ ئەی هاوڕێی بە وڕە و ئازا.

بێ وێستی خۆی، فرمێسک بە چاوانیدا هاتە خوارەوە و، دەستی بۆ هەڵتەکان.

بەشی بیست و یەك
ئارامییەکی کاتەکی

بایەکەی خست و پەڵە هەورەکان داکەوتن و، لەگەڵ دووکەڵەکەدا تێکەڵ بوون. تا خۆر بەرەو ئاوابوون بچوایە، ئەو دوو پەڵە ئاگرەی کەوتبوونەوە، رووننتر دەبینران. تۆپبارانەکەش کەمتر دەبووەوە. بەڵام گیزەی گوللەباران و، دەستڕێژی تفەنگەکان لە بەرەکانی دواوە، هەر بە لێشاو بوو. تا بەرەو لای راستیش بوویتایەوە، توندتر دەبوو.

تۆپخانەکەی تووشین، هێڵی بریندارەکانی تێپەراند، بەرەو دۆڵەکە تا لە ناوچەی ئاگرینی شەڕەکە دووربکەوێتەوە. بە دوایدا لەگەڵ سەرکردە و نائب چاوش کان کۆ بوونەوە و، بێگومان جرکۆڤیش لە نێویاندابوو.

ئەو جرکۆڤەی دووجار نێردرابوو بۆ پێگەکەی تۆپخانەکەی تووشین، تا فەرمانی کشانەوەی تۆپخانەکەی پێ رابگەیەنێت و، هەردوو جارەکە پێگەکەی بۆ نەدۆزرابووەوە و، سەرکردەکانیش، زوو زوو قسەیان پێ دەبڕی و، لە سەر بەجێ نەهێنانی ئەو فەرمانە سەربازییەی، کە بۆ کشانەوەکە، دەرکرابوو سەرکۆنەیان دەکرد.

تووشین نەیدەوێرا بەرپەرچی لۆمەکانیان بداتەوە، چونکە دەیزانی گەر وەڵامیان بداتەوە، قورگی پڕ دەبێت و، دەگری. هەر بۆیە بە بێدەنگی شوێن یەکەی تۆپخانەکەی کەوت. هەرچەند فەرمانیش دەرچوو بوو، کە بریندارەکان بەجێ بهێڵن، بەڵام زۆربەیان شوێن سوپاکە کەوتبوون و، هەر هاواری سوار بوونی گالیسکەی بە کێشکەری تۆپەکانیان بوو.

ئەو ئەفسەرە قۆزە بالابەرزەی، کە پێش دەست پێکردنی شەڕ، لە کووخەکەی تووشین، رایکردە دەرەوە و، خۆی گەیاندە یەکەکەی خۆی. لە گالیسکەکەی (ماتڤییڤنا)دا راکشابوو و، گوللەیەک لە جەستەیدا بوو.

بە لاپاڵی گردەکەیشەوە، سوارەیەکی بێهێز بە دەستە ساغەکەی قۆڵە بریندارەکەی گرتبوو و، لە تووشین دەپاڕایەوە، کە سواری گالیسکەی بکات.

بە شەرمێکی زۆرەوە هاواری کرد:

ـ کابتن گیان. . قۆڵم کەڵکی نەماوە و، ناتوانم بڕۆم. بۆ خاتری خوا سەرم بخە !

لەوە دەچوو بەر لە ئەمیش، بەو دەنگە گڕو لاوازەی، لە خەڵکی تریش پاڕابێتەوە و، گوێیان پێ نەدابێت.

دیسان وتییەوە:

ـ لێت دەپاڕێمەوە. . . ڕێم بدەیت با سەر بکەوم.

تووشینیش بانگی کرد:

ـ جێی بکەنەوە. . . جێی بکەنەوە.

ڕوویشی کردە سەربازە خۆشەویستەکەی و، فەرمانی دایە:

ـ لای مامە پاڵتۆیەکی بۆ رابخە.

چاویشی بۆ بریندارەکەی تر گێڕا و، پرسیی:

ـ ئەڕێ ئەوە کوا، سەربازە بریندارەکەی تر؟

یەکێکیان وەڵامی دایەوە:

ـ خۆتان خۆش! جێی ئەویشمان سازدا.

تووشینیش پێی وتن:

ـ جێیەک بۆ ئەمیش چاک بکەن. ئەنتۆنۆڤ پاڵتۆکەی بۆ رابخە. دانیشە کوڕم دانیشە.

ئەو ئەفسەرە بالابەرزەی کە بەر لە دەست پێ کردنی شەڕەکە، لە کۆختەکەی تووشینەوە رایکردە دەرەوە و، دەیویست خۆی بگەیەنێتەوە بە یەکە سەربازییەکەی لە نێو گالیسکەکەی ماتڤییڤنا راکشابوو و، گوللەیەک لە جەستەیدا بوو و، لە گالیسکەکەدا، مردبوو. ڕۆستۆڤیش تای لێهاتبوو و، لاجانگەکانی دەلەرزی. بە دەستە ساغەکەیشی قۆڵە پێکراوەکەی هەڵگرتبوو.

لە نێو گالیسکەکەی ئەو ماتڤییڤنایە و، لە شوێنی ئەفسەرە مردووە دانرا. چونکە پاڵتۆکەیشی خوێناوی بوو، هەردوو دەستی و پانتۆڵەکەیشی خوێناوی بوو.

تووشین وتی:

ـ تۆ پێکراویت، کوڕەکەم؟

ڕۆستۆڤیش وەڵامی دایەوە:

ـ نەخێر تەنیا قۆڵم شکاوە.

تووشین پرسیی:

ـ ئەی ئەو خوێنە چییە، بە پاڵتۆکەتەوە؟

تۆپچییەکیان وەکوو ئەوەی داوای لێبووردن بکات، وەڵامی دایەوە:

ـ گەورەم ئەوە خوێنی ئەفسەرە مردووەکەیە.

پاشان کەوتە سڕینەوەی خوێنەکە.

لـە هـەوڵا و تێکۆشـانێکی زۆرو، بـە یارمەتیـدانی سـەربازە برینـدارەکان، تووشـین سەرکەوتوانە، توانیی تۆپخانەکە بگەیەنێتە بەری ئەوبەری رووبارەکە.

بەرایی سوپا کشاوەکەیش، گەیشتبووە دەوروبەری کۆنترسدورف و لەوێدا وەستان. دنیا تاریک داهات و لە دووری دە هەنگاوەوە رەنگی بەرگی سەربازەکان جیا نەدەکرایەوە. تەقەی تفەنگیش نە دەبیسترا. بەڵام هێندەی پێ نـەچوو، تەقە و گیزەی گوللـە و قیژە و هـاوار، دەستی پێکردەوە. گڕی لولـە تفەنگـە تـەقیوەکان لای راسـتی سـوپاکەوە دەبینـرا. ئەمەیش دوا هێرشی سوپای فەڕەنسی بوو.

سـەربـازە رووسـیەکان لـەناو ماڵەکانـدا خۆیـان حەشـار دابـوو و، وەڵامـی دەسـترێژی دوژمنیـان دەدایـەوە. تـەنیا تۆپخانەکـەی تووشـین نـەبێت، هـەموو سـەربازە رووسـیەکان ماڵەکانیان جێهێشت و، لە ئاواییەکە دوورکەوتنەوە. لەبەر ئەوەی تووشـین و تۆپخانەکـەی، هێندە ماندوو بوون جوولەیان بۆ نەکرا. بۆیە بە ترس و دڵەڕاوکێوە لـە یـەکتریان دەڕوانـی و، هیچیان نەدەگوت.

تەقە نەما و سەربازانیکی فرە، بە دەم غەڵبەوە غەڵبەوە، لە کۆڵانەکانی ئاواییەکەوە، هاتنـە سەر ڕێی سەرەکی ئاواییەکە.

یەکێک لە هاوڕێکەی پرسی:

ـ پیترۆف خۆ بریندار نیت!؟

یەکێکی دی وتی:

ـ چاکمان پێ کردن! بەجۆرێک بوو جارێکی دی نەتوانن بەرەنگارمان ببنەوە.

سێیەمیش وتی:

ـ لەم تاریکییەدا هیچ دەرناکەوێت. لەبەر ئەوە نازانین چەندمان لێ کوشـتوون. شـەیتان بە نـەفرەت بێت، کـە ئـاوا هـیچ نـابینین! باشـە هاوڕێیان ئـەوە چـۆن قـومێ عارەقمـان چنگ بکەوێت؟

دواجار سوپای فەڕەنسا کشایەوە. هەر بەو شـەوە، تۆپخانەکەی تووشین کەوتە ڕێ و، سەربازان لە دەوری تووشین کۆبوونەوە و، ئەویش وەکوو شاهەنگ ڕێی دەکرد.

ڕەو کردنی ئـەو شـەوە و، جیرەی ڕەوڕەوەی گالیسکەکان و، خرمـەی پێی ئەسـپ و، سـەربازان و، نرکـە و نالـەی بریندارەکان، وەکوو دەنگی رووبارێکی خـوڕ وابـوو. هـەروا

ئاسان نەبوو.

شۆڕە سوارێکی ئەسپ چەرموو دەڕۆیشت و، پاسەوانان بە دوایەوە. سەربازان بە دەم ڕێوە، کەوتنە پرسیار کردن لە یەکتر.

ـ سوارەکە چی دەوت؟

ـ ئاخۆ دەستخۆشیی لێ کردین؟

ـ ئەرێ بەرەو کوێ دەڕۆین!؟

ـ بڵێیت، لێرە لا بدەین؟

لەبەر ئەوەی بەرایی سوپاکە وەستابوون، لە دواوە بوو بە پاڵەپەستۆ. سەربازانیش بە چرپە لە یەکترییان دەگەیاند، کە فەرمانی وەستان و، حەوانەوە دەرچووە. هەر وایش بوو. لەو ڕێ سەختەدا ئەو خەڵکەیان وەستان. دوای ئەوەی فەرمانی مانەوەی ئەو شەوەیان لەو شوێنەدا دەرچوو. لە دوو شوێن ئاگریان کردەوە.

ڕۆستۆڤیش بە دەم لەرزەوە، خۆی گەیاندە تووشین. ئازاری قۆڵی هێندە توند بوو، خەوی لە چاوان تەراندبوو. لەبەر ئاگرەکە دانیشت و، چاوانی لێک دەنا و دەیبڕییەوە ئاگرەکە. جاروباریش لە دانیشتنە تورکییەکەی سەر زەوییەکەی تووشینی دەڕوانی، چۆن دانیشتبوو و، پشتی کوڕ کرد بووەوە. لەو بڕوایەشدا بوو، کە تووشینە فرە خەمی بە خەمییەوەتی و، حەزیش دەکات یارمەتی بدات. سەربازەکانیش بازنەیەکیان بە دەوری ئاگرەکەدا دروست کردبوو.

خرمەی پێی ئەسپەکانی دەست یاوەرەکان و، قرچە قرچی دارە سووتاوەکان، تێکەڵ بە غەڵبە غەڵبی سەربازەکان ببوو و، لە هاژەی شکاندنەوەی شەپۆلەکانی دەم ڕەشەبای دەریا دەچوو. ڕۆستۆڤیش گوێی گرتبوو و، سەیری دەکردن.

سەربازێکی هێزی پیادە لە ئاگرەکە نزیکتر بووەوە و، دەستەکانی بە ئاگرەکەدا دا و ڕووی کردە تووشین و وتی:

ـ بەڕێزتان ڕێم دەدەن، کەمێ خۆم گەرم بکەمەوە؟ ئاخر من سرییەکەی خۆم لێ ون بووە. هەر ناشزانم لە کوێوە لێیان دابڕاوم؟ هیوادارم بێزارم نەکرد بێت.

لەو کاتەدا سەرکردەی هێزی پیادە پەیدابوو و، داوای لە تووشین کرد کە گالیسکەکانی سەر ڕێگاکە لا بدات، تاکوو ڕێ بۆ لەشکرەکەی خۆش ببێت و، تێپەڕن. بە دوایدا دوو سەرباز کەوتنە جنێودان بە یەکتری لەسەر جووتێک پێڵاو و هەر یەکەیان دەیوت هی منە.

یەکێکیان نەڕاندی:

ـ خوێڕی ئەمە پێڵاوی تۆ نییە.

سەربازێکی تری، لاواز پەیدابوو، کە ملی بە گۆرەوییەکی خوێناوی پێچرابوو. داوای ئاوی بۆ سەربازانی تۆپخانەکە کرد و، هەر بۆڵەی دەهات.

لە بەرخۆیشیەوە وتی:

ـ ئەمانە ناهێڵن تەنانەت وەکوو سەگیش بتۆپم.

تووشین داوای لێکردن، کە یارمەتیی ئەویش بدەن.

یەکێکی دیی سوعبەتییش پەیدا بوو و، داوای بزووتکێکی ئاگری لێکردن، تا بیبات بۆ هاوڕێکانی. .

کە بزووتکەکەیان پێدا، ئەویش سوپاسی کردن و، پێیشی وتن:

ــ خۆتان گەرم بکەنەوە و، خەمی ئاگرەکەتان نەبێت. هەر کە بێچووی کرد، ئەم بزووتکەتان، بۆ دەگەڕێنمەوە !

دوای کەمێک چوار سەربان، هەر یەکە و، چمکێکی پاڵتۆیەکی قورسیان بەکێش دەکرد.

یەکێکیان پێی لە شتێک هەڵکەوت و وتی:

ـ ئای بە نەفرەت بن، کە ئاوا ئەم رێیەتان پرکردووە لە پارچە تەختە!

یەکیکی تریان وتی:

ـ خۆ ئەمە هەر مردووە! مردووە! ئیدی گواستنەوەی بۆچییە!؟

ئەوی تریان بە دەم ماندوویەتییەوە وتی:

ـ ئاە!! دەک خوایە سەر باڵی شەیتان بکەوێت !

خۆیان و بارە گرانەکەیان لە تاریکییەکەدا ون بوون.

تووشین بە چرپە لە رۆستۆڤی پرسی:

ــ ئێستاش ئازارەکەی قۆڵت هەر ماوە!؟

ئەویش وەڵامی دایەوە:

ـ بەڵێ گەورەم.

سەربازێکی گڕدەری تۆپەکان هات و وتی:

ـ گەورەم ژەنەرااڵ تۆی دەوێت. ئەوەتا لە یەکێک لەم خانووە نزیکانەدایە.

تووشین خێرا هەستا و، قۆپچەکانی داخستەوە و وتی:

ـ هەر ئێستا دێم هاوڕێ.

بــە دەم خۆڕێکخســتنەوە دوور کەوتــەوە. پاگراســیۆن لــە خانوویــەکی بــە پەلــە دروستکراوی نزیک تۆپخانەکە، قسەی بۆ سەرکردەی چەکە جۆراوجۆرەکان دەکرد.

پیرە کورتەباڵا چاو نیوە نیشتوەکەیشی لێبوو و، بە تامەزرۆییەوە خەریکی کڕانەوەی پەراسوی برژاو بوو. هەر ئەو پیاوە رێکپۆشەی کە (٢٢) ساڵا خزمەتی سەربازیی هەبوو، دوای ئەو خواردنە بە چێژە، قۆدگایشی بەسەردا کرد.

(چابگ رکن)ەکەیش، ئەوەی موستیلە ئەڵماسەکەی لە پەنجەدابوو، لەگەڵ (جرکۆف)یشدا و ئەمیشیان سەرنجەکانی پرزە برِاوانەبوو. هەروەها میر ئاندریەی چاوان بە بریسکەی، هیوا بەخشی لە ئەوێ بوون.

لە سووچێکی کووخەکەدایشدا، ئاڵایەک هەڵپەسێردرابوو و، زووتر لە چنگی دوژمنیان دەرهێنابووەوە.

کەسێکی ئاساییش، دەستی بۆ قوماشی ئەو ئاڵایە برد و، گێلانە سەری دەجوێلاند. نەشدەزانرا شڵەژاوییەکەی هی ئەوەبوو، کە فریای ئەو گۆشت برژاندنە نەکەوتبوو و، کەس قەرمووی لێ نەکردبوو، یان بۆ ئەوەی بوو، ئەستوورییی قوماشەکە بزانێت؟

لە ژوورەکەی ئەوبەریشەوە، ئەفسەرە رووسەکان، ئەو ئەفسەرە دیلەی پلە سەرۆکی فەرەنسییان دەپشکنی، کە سواڕەکانی دراگۆن گرتبوویان.

پاگراسیۆن دەستخۆشیی لە سەرکردەی یەکەکانی سوپای رووس کرد و، هەواڵی چۆنیەتی بەڕێوەچوونی شەڕەکە و، زیانەکانی سوپاکەی خۆیانی لێ پرسین، لە کاتی پاشەکشەکەیاندا. سەرکردەی ئەو سریەیەی، کە لە نزیک شاری برونۆ وە، کۆتۆزۆف خۆی پشکنی بووی، بۆ میری گێڕایەوە، کە چۆن لە سەرەتای شەڕەکەدا، ئەو سەربازانەی کۆکردۆتەوە، کە لە دارستانەکەدا داریان دەبڕی و، رێکی خستوونەتەوە. کاتێکیش فەرەنسییەکان گەیشتبوونە سەریان. ئەمانیش بە شەڕی دەستە و یەخە و، بە نووکی حەربەکانیان، پاشەکشەیان بە سوپا فەرەنسییەکە کردووە.

پاشان وتی:

ــ هەر کە بینیم لیواکەمان شپرزەیە، بەدەست فەرەنسییەکانەوە، بڕیارمدا کە رێیان بدەم، تا دێنە پێشەوە. پاشان دەیاندەینە بەر رێژنەی گوللە. هەروایشم کرد. . خاوەن شکۆ.

زۆر بە داخیش بوو کە پیلانەکەی سەرکەوتنی تەواوی بە دەست نەهێنا. رەنگە هەڵەیشی نەکردبێت. چونکە کێ لەو پشێوی هێرشە بەر بڵاو و تونەدا، دەیپەرژایە سەر، جیا کردنەوەی ئەندێشە، لە راستی؟

سەرکردەی گشتی لەسەر قسەکانی ئەو دوا و، هاوڕێایی خۆی لەگەڵیدا دەربڕی و، چیرۆکی بە یەک گەیشتنەکەی لەگەڵ دۆلۆخۆڤدا وە بیرهاتەوە.

وتی:

ــ نابێت ئازایەتی دۆلۆخۆڤی کۆنە ئەفسەر، لە بیر بکەین. ئەو پیاوە ئەفسەرێکی فەرەنسیشی دیل کرد بوو! من بە چاوی خۆم ئەوەم بینی !

جرکۆڤ بە شڵەژاوییەوە لە دەوروبەری خۆی روانی و، هەڵیدایە:

ــ هەر لەو کاتەدا منیش بۆم رێکەوت، سەرسامانە، هێرشی سواڕەکانی پاڤلۆگراد ببینم. هەقیشیبوو بشڵەژێت. چونکە ئەمەی ئەو وتی، قسەی سەربازێکی تر بوو و، خۆی نەیبینی بوو.

لە سەری رۆیشت و وتی:

ــ بە چاوی خۆم بینیم دوو یەکەی سوپای دوژمنیان، بڵاوە پێ کرد !

ئامـادە بـووانیش بـەدەم پێکەنینـەوە، لێیـان ڕوون بـوو کـە جرکـۆڤ درۆ دەکـات و چاوەڕێی نوکتەیەکی سوێریشیان لێ دەکرد. .

پاگراسیۆن ڕووی کردە ئامادەبووان و، سوپاسـی کردن. زیـاتریش مەبەستی کۆڵۆنێلە پیرە بوو.

دیسان وتی:

ـ سوپاسی هەموتان دەکەم بەڕێزان. هەڵسو کەوتی چەکە جۆراوجۆرەکانی پیادە و سوارە و، تۆپخانەکان پاڵەوانانە بوو.

پاشان چاوی بۆ کەسێک گێڕا و پرسیی:

ـ بەڵام ئەوە چۆن بوو دوو یەکەی تۆپخانـەمان، لە ناوەڕاستی هێڵی بەرەکەدا جێ هێشت!

پاگراسـیۆن باسـی تۆپخانـەی لای چـەپی نـەکرد. چونکـە دەیزانـی هـەر لـە سـەرەتای شەڕەکەوە، فەڕەنسییەکان دەستیان بەسەردا گرتبوو.

هەر بۆیە ڕووی کردە (چابگ رکن)ەکە و پرسیی:

ـ ئەی پێم نەوتیت سەرپەرشتیی کشانەوەی تۆپخانەی دەستە راست بکە؟

(چابگ رکن)ەکەش وتی:

ـ تۆپێکیان لەکار کەوتبوو. بەڵام نـەمزانی بۆچی تۆپەکانی تریشیان بـەجێ هێشـتووە؟ مـن کـاری پێویسـتم بـۆ کردبـوو. تـا کـاتی کشـانەوەیش ئـەو یەکـەی تۆپخانەیـەم جـێ نەهێشتبوو.

لە بەر خۆیشییەوە وتی:

ـ لە ڕاستیشدا لولە تۆپەکان هێندە گەرم ببوون، تاویان سـەندبوو. هەندێکیان بـە چرپە بە یەکتریان وت:

ـ کـابتن تووشـینی سـەرکردەی تۆپخانـە، لای دەسـتە ڕاسـتەوە بـوو و، لـە بنکـەی سەرکردایەتییەوە نزیک بوو. ناردبوویشیان بە شوێنیدا.

پاگراسیۆن بە میر ئاندریەی وت:

ـ بەڵام ئەی تۆ؟ پێم وا بێت لەو کاتەدا تۆ لەوێ بوویت.

(چابگ رکن)ەکە بە زەردەخەنەیەکەوە ڕووی کردە میر (ئاندریە)و وتی:

ـ بێگومان خاوەن شکۆ وابوو. من و ئەو بەڕێزە لە ڕێیش یەکمان بینی.

میر ئاندریەش هەڵیدایە:

ـ بە داخەوە کە بەختی بینینی تۆم، نەبوو !

ژوورەکـە خـامۆش بـوو. لـەو کاتـەدا تووشـین پەیـدابوو. ئـەویش هـەر وەکـوو جـارانی خۆی، بە بینینی سەرکردەکانی خۆی، شڵەژایەوە. کە بـە پشـتی ئەفسـەرەکاندا دزەی کـردە

ژوورەوە، هێندە شڵەژابوو، بەر پێی خۆی نەبینی و، لە داری ئالاکە هەڵکەوت و، بووە مایەی پێکەنینی هەندێکیان.

پاگراسیۆن بڕۆکانی هێنایەوە یەک، زیاتر لە جرکۆڤی سەربە گۆبەن و پرسیی:

ـ ئەوە چۆن بوو:کە تۆپێک لە گۆڕەپانی شەڕەکەدا پشتگوێ خراوە؟

ئا لێرەدا تووشین بۆی دەرکەوت، کە هەڵەیەکی گەورەی کردووە. زۆر تەریقی ئەوە بوو، کە دوو تۆپی ون کردووە و، خۆی بە زیندویی ماوەتەوە. تا ئەو کاتەش هەر بیری لێنەکردبووەوە.

پێکەنینی ئەفسەرەکانیش، هێندەی دی، ورەی پێ بەردا و، بە شڵەژاوییەوە لە پاگراسیۆنی دەڕوانی.

هەر چۆنێک بوو توانیی بڵێت:

ـ خۆیشم نازانم خاوەن شکۆ. ئاخر هێندەم سەرباز نەما بووەوە، خاوەن شکۆ!

پاگراسیۆنیش وتی:

ـ دەتتوانی لە سەربازانی پاڵپشت، چەند سەربازێکی تر ببەیتە لای خۆت.

لە راستیدا هاواری کرد بوو، بەڵام ئەم نەیدەویرا بیڵێت کە سەربازانی پاڵپشت هەر بوونیان نەبوو، تا من سەربازیان لێ بێنم بۆ لای خۆم.

چونکە ترسی ئەوەی بوو، کە سەرکردەکانی تر تووش ببن و، پێیان بزانرێت کە هەر زوو فەرمانیان بەو سەربازە پاڵپشتانە دابوو، کە پاشەکشە بکەن.

تووشین وەک ئەو خوێندکارەی لێهات بوو، کە وەڵامی پرسیارەکان نازانێت! هەر سەرنجی پاگراسیۆنی دەدا و، یەک وشە چییە نەیوت.

ماوەیەکی باش دانیشتووەکان بێدەنگ بوون و، پاگراسیۆنیش نەیدەویست وەکوو پیاوێکی تووڕە، دەربکەوێت. بۆیە ئەویش هیچی بۆ نەگوترا. کۆڕەکەیش کپ بوون و، کەسیان حەزیان نەدەکرد لە سەر ئەو بابەتە هیچ بڵێن.

میر ئاندریەش دەستەکانی دەلەرزی و، سەرنجی پاگراسیۆنی دەدا.

لە ناکاو دەنگە زوڵاڵەکەی کپی و، مەنگییەکەی شڵەقاند و وتی:

ـ بەڕێزتان منتان نارد بۆ لای تۆپخانەکەی تووشین. کە گەیشتمو سەرنجمدا دوو سێ یەکی سەربازەکانی یەکەکەی ئەم بەڕێزە، کوژرابوون و بریندار بوو بوون! لە کۆی چوار تۆپەکە دوانیان، لە کارکەوتبوون. یەک سەربازی پاڵپشت چییە لە دەوری نەبوو.

پاگراسیۆن و تووشین چاویان بڕی بووە، ئاندریە پۆلکۆنسکی.

ئەویش بە هەژانێکی بەرچاوەوە لە سەری ڕۆیشت:

ـ ئەگەر ڕێم بدەن، کە بیروڕای خۆم بڵێم، ئەوا دەڵێم:بەشێکی زۆری هۆی سەرکەوتنەکەمان، دەگەڕێتەوە بۆ یەکەی تۆپخانەکەی تووشین و، ئەو نەبەزییەی تووشین و سەربازەکانی، نواندیان.

بێ ئەوەی میر ئاندریە چاوەڕوانی وەڵام بێت، هەستاو مێزەکەی جێهێشت.

پاگراسیۆنیش سەرنجێکی تری، تووشینی دایەوە. لەبەر ئەوەی حەزی نەدەکرد گومانی خۆی لە قسەکانی میر ئاندریە دەر بخات، بەسەر لەقاندن تێی گەیاند کە ئەویش بۆی هەیە بچێتە دەرەوە. تووشین چووە دەرەوە و میر ئاندریە بە دوایدا.

لە دەرەوە تووشین پێی وت:

ـ سوپاست دەکەم هاوڕێ، کە ئاوا منت رزگارکرد.

میر ئاندریەش لەبەر ئەوەی کە ئەوانەی لە کۆڕەکەدا بیستبووی بەلایەوە نامۆ بوو. ئەوە نەبوو کە لە خەیاڵی خۆیدا دابنابوو. بۆیە وەڵامی ئەوی نەدایەوە.

لەولایشەوە ڕۆستۆڤ کە ئەو تارماییانەی دەبینی، بە بەردەمیدا تێدەپەڕین لە خۆی پرسی:

ـ ئەمانە کێن؟ چی دەکەن لێرە؟ چییان دەوێت؟ کەی ئەمە کۆتایی دێت؟

ئازاری قۆڵی زۆرتر بوو و، لە بێخەویدا چاوانی سوور هەڵگەڕابوون و، هەڵنەدەهاتن. دەنگە دەنگ و ڕوخسارە جۆراو جۆرەکان و، هەست کردنی بە غوربەت، هێندەی دی ئازارەکەی توند کردبوو.

سەربازەکانیش تێکەڵەیەکی ساغ و، بریندار بوون. ئەویش جار جارە دەبووە ژێر دەست و پێوە و، قۆڵە بریندارەکەیان دەکولانەوە و ئازاریان دەدا. بۆیە زۆری حەز دەکرد لەو سوارانە بە دووربێت. ناچار چاوی دەنووقاند. هەر کە بۆ ساتێک خەو دەیبردەوە، هەزاران ڕوخساری بینی. دایکی هاتە خەو و، دوو هێلکەی گەورەی بە دەستەوە بوو.

سۆنیا و مەچەکە باریکەکانی و، ناتاشا و چاوە بریسکەدارەکانی و، دینیسۆڤ و دەنگە گڕ و، سمێڵە گەورەکەی و، تیلیانین و چیرۆکی پێکەوە بوون و، هاوڕێیەتی بۆگدانۆڤیتش)ی بیرکەوتەوە.

لەپڕێکدا دوو تارمایی قۆڵە شکاوەکەیان گرت و، ئەمیش بە ئازارێکی زۆرەوە ویستی دەستیان لابەرێت. بەڵام یەک تۆزیش دەستی بۆ نەجوواڵا.

ڕەنگە گەر بەو دڕندەیەتییە دەستیان نەشکاندایەتەوە، زوو چاک ببوایەتەوە. بەڵام وا ڕایانکێشا، کە چاکبوونەوەکەی دوورخستەوە و، هیچیشی بۆ نەکرێت.

سەری بەرزکردەوە و، چاوی بەو تاریکییە ئەنگوستەچاوەدا گێڕا. خۆ ئاگرەکەیش، هەر دوو سێ پێی، دەوروبەری خۆیی، بۆ ڕووناک دەکرایەوە و پریشکی دارە گڕگرتووەکان تێیدا دەردەپەڕین.

تا ئەو کاتەش تووشین نەگەڕابووەوە و، پزیشکەکەیش نەگەیشت بوو. تەنیا سەربازێکی ڕووت و قووتی زەرد و لاوازی لەلابوو، کە جلەکانی بەری وشک دەکردەوە.

ڕۆستۆڤ لە دڵی خۆیدا وتی:

ـ کەس نابینم گوێم بداتێ و، تیمارم بکات و، چاکم بکاتەوە. خۆ دەمێک نییە و، هێشتا بیرم نەچووەتەوە، کە لە مالّەوە چەند قەڵەو و چالاک بووم و، گوێیان پێ دەدام و، خۆشیان دەویستم.

هەناسەیکی هێندە قوولّی هەڵکێشا، سەربازە رووتەکەی بە ئاگا هێنایەوە و، بە دەم هەڵتەکاندنی کراسە تەڕەکەیەوەی دەستییەوە لێی پرسی:

ــ ئەوە چییە. ئازارت هەیە؟

چاوەڕێی وەڵامی نەکرد و هەر خۆی وتی:

ـ ئای لەم داماوییە! ئەمڕۆیش خەڵکێکی زۆر بریندار بوون !

ڕۆستۆڤ گوێی لە قسەکانی ئەو نەبوو و، سەیری ئەو کلووە بەفرانەی دەکرد کە دادەوەرینە ئاگرەکەوە و، زستانی ڕووسیا و، ژووڕە فێنک و ڕووناکەکەی مالّەوە و، گالیسکەی خلیسکێنە بە گوژمەکانی، سەر بەفرەکەی، بیرهێنایەوە. بە خەیاڵی خۆی، کوڕە چالاکەکەی جارانە و، دەوروبەرەکەی خۆشیان دەوێت و، بە لاولوویدا دێن.

بۆیە لە دڵی خۆیدا وتی:

ـ پف لەم بیرۆکەیەی منیش، کە بەم ڕۆژەی گەیاندم !

بەیانیی ڕۆژی دواتریش، فەڕەنسییەکان هێرشیان نەهێنا و، سوپا دەرباز بووەکەی پاگراسیۆن بە پێگەی سوپا یارمەتیدەرەکەی کۆتۆزۆف گەیشتەوە.

پاری سێیەم

بەشی یەك
كۆنت پیزۆخۆڤ

میر بازیل نە لەو كەسانە بوو، كە پیلان بۆ دوا ڕۆژ دابنێت، نە بۆ بەرژەوەندیی خۆیشی زیانی بە كەس دەگەیاند. لە پیاوماقوولان بوو و هەمیشە لە كارەكانیدا سەركەوتوو بوو. ئەو كارەكانی لەگەڵ باری دەوروبەریدا دەگونجان و، بە ئاقاری گونجاوی خۆیدا دەبرد. بێ ئەوەی خۆیشی بزانێت كە ئەوە نهێنی بوونی خۆیشییەتی. هەمیشە كۆمەڵە پیلانێكی بۆ گەیشتن، بە یەك ئامانج هەبوو. كە هەیانبوو سەركەوتوو بوو و، هەشیانبوو بە پێچەوانەوە و، جاری وایش بوو پیلانەكە پێش جێبەجێ كردنی دەپووكایەوە. هەرگیز بە خۆیشی نەدەوت فلان كەس سەركەوتنی بە دەست هێناوە و، با خۆمی لێ نزیك بكەمەوە و، متمانەم پێ بكات.

بۆ نموونە بە خۆی بڵێت:

ـ ئا ئەوە پییەر دەوڵەمەندبووە و، سامانێكی فرەی هەیە و، با كچەكەی خۆمی لێ مارە بكەم و، دواتر (٤٠٠٠٠) ڕۆبڵی لێ قەرز بكەم و، بیكەمە دەستمایە.

بەڵام هەر لە یەكەم ڕوو بە ڕووبوونەوەیدا لەگەڵی، بەبێ هیچ بیركردنەوە و پیلانێكی پێشوەخت، بیری وا بۆی جووڵا، كە ڕەنگە ئەو پیاوە بە سوود بێت بۆی و، با كەمێك پێیدا هەڵا بڵێت و، وەكوو نزیكێكی بیدوێنێت. دواتر لا بە لاو بە چەند وشەیەك مەبەستی خۆی تێ بگەیەنێت.

لەبەر ئەوەی لەو کاتەدا پییەر لە مۆسکۆ بوو و، لە بەردەستی خۆیدا بوو. تەقەلای وەدەست هێنانی پلەیەکی دا، کە هاوتای راوێژکاری دەوڵەت بێت. پێی لەسەرئەوە داگرت کە دەبێت لەگەڵیدا بڕوات بۆ (پیترزبۆرگ)و میوانی بێت. تا ئەو دەمەش هیچی لە مەبەستەکەی بۆ نەدرکاندبوو. بەڵام زۆریش مەبەستی بوو کچەکەی خۆی لێ مارە بکات.

میر بازیل هەمیشە ئارەزووی ئەوەی بوو لە کەسانێک نزیک ببێتەوە کە لە خۆی بااڵتر و، دەست رۆیشتووتر بن. زۆر باشیش دەیزانی، کەم و زۆر،سوودیان لێ ببینێت.

پییەریش کە لە شەو و رۆژێکدا بووە کۆنت پیزۆخۆڤی زۆر دەوڵەمەند. لە پڕێکدا چەندین کۆمەڵە ناسیا و، دەوریان گرت. ئەوێک کە پێشتر ژیانێکی دوورەپەڕێزی رەبەنانەی بێ سەر ئێشەی بە سەر دەبرد، ئێستا زۆر سەرقاڵە و، مەگەر لەسەر نوێنەکەی و، کاتی نوستن بحەوایەتەوە. چونکە دەبوایە رۆژانە لە نوسینگەکەی هەر خەریکی کارکردن و، واژۆی نووسراوەکان بوایە.

کۆمەڵە کارێکی دەکرد، کە سودەکەیانی نەدەزانی. دەبوو ئامادەی ئاهەنگە مەزنەکان ببێت. زوو زوو پرسی بە راوێژکارەکەی دەکرد و، سەری مووڵکەکانی دەوروبەری شاری مۆسکۆی دەدا. هێندە پێشوازیی خەڵکی کردبوو، لە ژماردن نەدەهاتن! کەسانێکی تیابوو کە جاران ئەمیان هەر نەدەخوێندەوە و، ئێستاش خوا خوای ئەوەیانە قسەیان لەگەڵ بکات! هەر لە پیاوانی کارەوە، تا خزمان و ناسیاوە سادەکان. هەر وەکوو ئەوەی، هەموو لەسەر ئەوە رێککەوتبن، کە خزمەتی ئەم پییەرە تازە پیاکەوتووە بکەن. یان هاوڕابن لە سەر ئەوەی، کە پییەر بە رەوشتی جوان و رەوانی پاک و، پیاوەتی و زیرەکی تاکە و، پێویستە ئەوانیش چاوی لێ بکەن.

ئا لەم رستانەیشی زۆر لێ دەبیستن:

ــ بە دڵپاکییەکەی خۆت! بەچاکییەکەی خۆت! لەبەر رەوانە بەرزەکەی خۆت! ئەگەر زیرەکیی تۆی ببوایە و. . . هتد. ئەویش لە ناخەوە بڕوای بەو سیفاتانە دەکرد و، بڕوای وابوو دڵپاکە و، زیرەکییەکەیشی کەم وێنەیە! یارمەتی دەدان و درێغیی لێ نەدەکردن.

ئەوانەی تا دوێنێیش گوێیان نەدەدایە و، بگرە بە رەقییەوە دەیاندواند، ئێستا زۆر نیانن لەگەڵیدا! خاتوونە گەورە باریکەلە کەڵەگەتەکە لە جەژنی (خبازە)دا بە روخسارێکی شەرمەزارەوە، هاتە بەردەمیو داوای لێبووردنی لێکرد و، ددانی بەوەدا نا کە بۆی نییە لەمەودوا داوای هیچی لێ بکات. داوای ئەوەی لێکرد رێی بدات کە چەند هەفتەیەکی دی لە خانووەکەدا بمێنێتەوە، چونکە یادەوەرییە شیرینەکانی منااڵیی خۆی تێدایە. خۆیشی بۆ نەگیرا و، دایە پڕمەی گریان.

ئەوەندە بەس بوو، بۆ نەرم بوونی دڵی پییەر بەرامبەری. چونکە دەیزانی کاتی خۆی، چەندە لوتبەرز و بە خۆناز بووە و، هێندە پتەو بووە، بە بەردە مەڕمەڕ چووە.

ئەویش دەستەکانی گرت و، داوای لێبووردنی لێکرد، بێ ئەوەی هیچی لێ تێگەیشت بێت. لەو کاتەوە کە گەورەترینی خاتوونەکان ئەو رەفتارەی نواند، بووە جێی بایەخی پییەر

و مامەڵەیەکی تایبەتی لەگەڵ دەکرد.

رۆژێکیان میر بازیل چەکێکی (٣٠٠٠٠) رۆبڵیی خستە بەردەستی پییەرو وتی:

ـ واژۆی بکە. ئەمە بۆ خاتوونی ئەمیرەی کچی خوالێخۆش بووە و، کاتی خۆی باوکت تا لە ژیاندا بوو، زۆری ئازار دابوو.

لە راستیدا میر بازیل، ترسی ئەوەی بوو، نەبادا ئەمیرە، باسی هاندانەکەی بکات، بۆ دزینی ئەو جانتاکەیەی، وەسیەتنامەکەی تێدابوو و، ئەو پیلانە گڵاوەی بۆ ئەو ئەمیرەی کچە گەورەی خوا لێخۆش بووی، داڕشتبوو. تاکوو خۆشەویستیی خۆیشی بۆ ئەو کچە داماوە، دەربخات.

پییەریش چەکەکەی واژۆکرد و، ئەمیرەی کچە گەورەیش، زیاتر خۆی لە پییەر بردە پێشەوە. دوو خوشکەکەی تریشی وەکوو خوشکە گەورەکەیان دەکرد بۆ پییەر و، پەلەیان دەکرد لە خۆ بردنە پێشەوەدا، لە ئەو پییەرە. تەنانەت خوشکە چکۆلەکەیان چەند جارێک سەرنجی پییەری بەوە راکێشا، کە پییەری ببینیایە خۆی دەشڵەژاند و، ئەوی تووشی دڵەڕاوکە دەکرد.

پییەریش لای خۆیەوە، ئەو هەموو خۆشەویستی دەربڕینەی خەڵکەکەی دەوروبەری بە شتێکی زۆر ئاسایی دەزانی. بۆ ساتێکیش گومانی لە هیچ کەسێکی دەوروبەر نەدەکرد. هێندەش کاتی نەبوو تا بیر لە راستگۆیی و، خۆپەرستی دەوروبەرەکەی خۆی بکاتەوە. لە جۆرە خەیاڵێکی سەرخۆشی بە چێژدا دەژیا. پێیشی وابوو چەقی جوڵەی کەسانی دەوروبەرێتی و، هەمیشە چاوەڕوانی زانیاری ئەون. گەر سەرپەرشتییان بکات ئەوا کارەکان سەرکەوتووانە بە ڕێوە دەچنو بەختیارییان پێ دەبەخشێت.

هەر لە سەرتاوە هیچ کام لە راوێژکاران و، کاربەدەستانی پییەر وەکوو میر بازیل بە دڵسۆزی کاریان بۆ نەکرد و، زۆر لای نەدەمانەوە. هەر بە بەرژەوەندییەوە نەوەستا و، گەیشتە پییەر خۆیشی. لەو کاتەوەی کۆنتی گەورە مردبوو، بۆ ساتێکیش دوور نەدەکەوتەوە و، هەمیشە خۆی وا پیشان دەدا، کە زۆر ماندووی کارو فەرمانەکانی پییەرە. نە خۆی دەدایە دەست مەترسییەکانی قەدەر و، نە رێیشی دەدا دز و دەستبڕەکان ئەو پییەرە سادە و دڵپاک و، بێ فێڵە بکەنە پاروویی چەوری خۆیان. پییەرێک کە کۆڕی هاوڕێیەکی خۆشەویستییەتی و، سامانێکی فرەی هەیە.

ئەو چەند رۆژەی دوای ناشتنی تەرمەکە، میر بازیل دەستبەرداری پییەر نەبوو و یان بانگهێشتی ماڵی خۆیانی دەکرد، یان خۆی دەچوو بۆ لای و، ڕێ و شوێنی کاری رۆژانەی بۆ دیاری دەکرد. هەموو جارێکیش بە شێوازە راوێژکردن و، وتوێژە ماندووەکەی، هەوڵی ئەوەی دەدا، پییەر تێ بگەیەنێت:من زۆر ماندوو و شەکەتی بە دواداچوونی کارە سەختەکانی تۆم ئەی پییەر. پێویستە تۆیش ئەو خێرەم پێ بکەیت و، پارەم بۆ دابین بکەیت. خۆ ئەو کارانەی بۆت دەستنیشان دەکەم چاکترینی ڕێ و شوێنە گونجاوەکانە.

رۆژێکیان میر بازیل، دەستی خستە سەرشانی پییەرو وتی:

ــ هاوڕێ. . . کاتی خۆیەتی و، سبەینێ سەفەر دەکەین.

بە شێوازی قسەکەیدا وای پیشاندا، کە دەمێکە لەسەری کۆکن و پێویست بە لاری بوون، لەو سەفەرە، ناکات.

لە سەریشی رۆیشت:

ــ بەڵێ سبەینێ لەگەڵ خۆم سەردەکەویت و، شاد دەبم بەوەی لە گالیسکەکەمدا دەبیت. کاری بایەخداری وا نەماوە لێرە بمانهێڵێتەوە و، دەبوو لە مێژ بوایە، مۆسکۆما جێ بهێشتایە. ئا. . . بیرم کەوتەوە:وەڵامێکم لە راوێژکاری یەکەمی دەوڵەتەوە، بۆ هاتووە کە لە سەر ئەو داخوازییەی من بۆم کردوویت، کراویت بە (خانەدانێکی کارگێڕی) سیاسەتمەدار و، وا دواڕۆژیش ئامێزی بۆ کردیتەوە !

هەرچەند پییەر زۆریش بیری لە دواڕۆژی خۆی کردبووەوە، وێستی هاواری ناڕەزایی بکات.

میر بازیل فریا کەوت و، ریتمی قسەکانی گۆڕی و، زۆر بە هێواشی، کە زۆر کەم ئەمەی بە کار دەهێنا، بۆ ڕەواندنەوەی لاری بوونی ئەو، وتی:

ــ ئازیزەکەم. . ئەمەم لەبەر خۆم کردووە. داوایشم نەکردووە سوپاسم بکەیت. تا ئێستا کەسم نەدیوە دەردەدڵا لە ئەوە بکات، کە خەڵکی خۆشی دەوێت! پاشان خۆیشت ئازادیت و دەتوانی لە سبەینێ زووتر نییە، ئەو هەموو خەڵکە دەربکەیت. گەر پێ باشە، دەتوانیت هەر لێرەوە، لە پیترزبۆرگەوە ئەوە بکەیت. بەڵام پێم وایە کاتی ئەوە هاتووە بە یەکجاری خۆت لە بیرەوەرییە ئازاراوییەکانت رزگار بکەیت.

ئاهێکی هەڵکێشا و وتییەوە:

ــ ها. . . هاوڕێ رێکەوتین!؟

ــ ئای ئای! خۆ خەریک بوو بیرم بچێت! خۆت دەزانیت کە پەیوەندی دارایم لەگەڵ خوالێخۆشبووی باوکتدا هەبوو. بڕێک پارەی کرێی مولکەکانی (ریازان)م لە لا ماوەتەوە و، دەزانم پێویستیت، بەو پارەیە نییەو، دوایی لە سەری رێکدەکەوین.

بە گوێرەی قسەکانی میر بازیل بڕە پارەکە زۆر کەم بوو. کەچی چەند هەزار ڕوبڵێک بوو. میر بازیل بە مافی خۆی دەزانی و دەستی بەسەردا گرتبوو.

پییەر وای دەبینی کە لە پیترزبۆرگیش وەکو مۆسکۆ دەبێتە جێی سەرنجی خەڵکەکەی. بەڵام لە پیاهەڵدان زیاتر هیچی تری لێ نەبینین.

پییەر بیری لەوە کردەوە، کە لەبەرئەوەی خۆی سەرپەرشتی کارەکانی خۆی ناکات، ناچارە ئەو پێگە کۆمەڵایەتییەی دەوڵەت پەسەند بکات، کە میر بازیل بۆی دەستەبەر کردووە. بەوەش خەڵکێکی زۆری لێ کۆ دەبێتەوە و، کاری زۆرتری لە کارەکانی مۆسکۆ، بەسەردا دەسەپێت. لەبەر ئەوە دیسان هەستی بە کەوتنە نێو گێژاوێکی مەزنتری، کارە

گرنگەکانەوە کرد و، پێی بەختیارتر بوو.

هێندە هاوڕێی لە پیترزبۆرگدا نەبوو. فیرقەی پاسەوانان لە بەرەی شەڕ بوون و، دۆڵۆخۆفی هاوڕێیشی، لەوێ لە پلە سەربازیەکەی دامالّرابوو. ئەناتۆلیش هەر لە سوپادا بوو. خۆیشی لە دەوروبەری شار، بە دوور بوو. بۆیە بەسەربردنی شەوانە کۆڕە خۆشەکانی لەگەڵ ئەو هاوڕێیانەدا لە دەستدابوو. کەسێکی تریشی وەکوو هاوڕێ بە تەمەنەکەی، دەست نەدەکەوت، تاکوو راز و نهێنیی خۆیی، بۆ بگێڕێتەوە. شەوانی بە بانگهێشت و بانگێشتکاری و، ئاهەنگە پڕ سەماکان لە بەین دەچوو. زۆرترینیشیان لەگەڵ میر بازیل و، ژنە کەتەکەی و، هیلینی ناسک و نازاداری کچی دابوو.

ئاهەنگەکانی ئانا پاڤلۆڤنایش لەو لە جارانی جیاوازتر نەبوو. پییەریش ئالّوگۆڕێکی بنەڕەتیی پیشانی ئانا دا. جاران هەرچییەکی لای ئانا بووتایە، پێی وابوو نادروستە و، پێویست بوو کە ئانا بۆی راست بکردایەتەوە. کەچی ئێستا رەفتارە گێلانەکانی و، کەرێتییەکانی، پەسەندی خەڵکەکە بوو!! بگرە بە زیرەکانەشیان دادەنا. ئێستا شتەکان لنگەوقوچ بوونەتەوە! ئێستا ئەم گەندترین وشە بڵێت، بە لای خەڵکەکە جوان و نایابە !

لە سەرەتای زستانی سالّی (١٨٠٥ ـ ١٨٠٦)دا، پییەر کارتێکی بانگهێشتی نانخواردنی پێگەیشت، لە دامێنییەوە ئەم تێبینییە نووسرابوو:

ئەو هیلینە جوان و نازداریش دەبینێت، کە چاو تێر نابێت لە تەماشای.

کە پییەر ئەمەی خوێندەوە، وای هەستکرد کە پەیوەندییەک لە نێوان خۆی و هیلیندا پەیدابووە. لەو پەیوەندیانەی کە لای خەڵکی دروستە. بەڵام ئەو لێی دەترسا و، پێیشی وابوو کە ئەو جۆرە پەیوەندییە، بە ئەو دەستەبەر ناکرێت. بەڵام ختووکەیشی دەدا و، پێی خۆش بوو.

ئەم ئاهەنگەی ئانا پاڤلۆڤنایش لەوانی دی جیاوازتر نابێت، ئەوە نەبێت کە دیبلۆماتێکی نوێ لە بەرلینەوە هاتووە و لەوێیە و، نوێترین هەواڵی هاوپەیمانێتی ئیمپراتۆر ئەلکسەندەری پێیە.

ئەو دوو هاوڕێیەی کە پێکەوە هەمیشە بەرگری لە رەگەزی مرۆڤ دەکەن. ئانا پاڤلۆڤنایش وەکوو هەر یەکێک، لە میوانەکانی، بە رووبەکی خەمۆکەوە پێشوازیی لە پییەر کرد. ئەو خەمەیش گوایا خەمی مردنی باوکێک بوو، کە پییەر بە منالّی بینی بووی و هیچیتر. ئەو خەمەیشی لەو خەمەی دەچوو، ئەو دەمانەی قسەی لە بارەی خاتوو ماری فیودۆرۆڤناوە دەکرد. ئەمەش پییەری تووشی نامۆ بوون کرد.

ئانا وریایانە، میوانانی کرد بە چەند گرووپێکەوە. کۆمەڵەی سەرەکیش کۆمەڵەکەی میر بازیل بوو و، چەند ژەنەرالّێک بە تامەزرۆییەوە باسی شەڕەکەیان دەکرد. پییەریش زۆری ئارەزوو بوو، کە تێکەڵی ئەو کۆمەڵەیە بێت. کۆمەڵەیەکی تریش، بە دەوری مێزی چا خواردنەوەکەوە بوون. بەڵام ئانا هەر پییەری بینی، بە پەلە خۆی گەیاندێ و، هەر وەکوو

خۆی سەرپەرشتیاری کۆرەکان بێت، بە رووبەکی خۆشەوە قۆڵی گرت.

بۆ هیلینیش پێکەنی و، بە پیپەری وت:

ـ چاوەڕێ بە. . ئەم ئێوارەیە تۆ لە ژێر سایەی خۆمدایت.

رووبشی کردە هیلین و بەویشی وت:

ـ هیلینە جوانەکەم. . پێویستە ئەم ئێوارەیە چاکەی خۆت بۆ (ماتانت) بنوێنیت و، چەند خولەکێک لای بمێنیتەوە. منیش کۆنتت پێشکەش دەکەم کە ئامادەیە نەهێڵێت بێتاقەت ببیت و، بەختەوەریشت بکات.

هیلین چوو بۆ لای پیرەژنە ماتانت و، ئانایش قۆڵی پیپەری راکێشا و بە پێویستی زانی ئامۆژگاریشی بکات.

کاتێ هیلین بە ناز و خۆ بادانەوە بەرەو ماتانت دەچوو، ئانا پێی وت:

ـ دەبینیت چەند جوانو قەشەنگە!؟ ئای لەو قەدو بااڵ رێکە! هەرچەند تازەیش پێدەگات، کەچی زۆر زیرەک و، دامەزراوە. تا بڵێی دڵپاکیشە. ئای بۆ بەختەوەریی ئەو کەسەی، دەبێتە خاوەنی. خۆ گەر کەسێکی نەشارەزا و ناشیش ببێتە مێردی، ئەوە لای ئەو فێری رێ و رەسمی تۆیژە باڵاکانی کۆمەڵگا دەبێت. تووخوا وانییە!؟

لە کاتێکدا پیپەر سەرنجی جوانیی هیلینی دەدا، ئانا بەکێشی کرد. ماتانت پێشوازی لەو دوو لاوە کرد. بە دڵەراوکێوە دەیشی ڕوانییە کوڕەزاکەی. ئانایش بە دەم بەکێش کردنی پیپەرەوە، سەیرێکی هیلینی کرد و بەمی وت:

ـ هیوادارم ئیدی بە ئاهەنگ و میواندارییەکەم نەڵێیت: بێ تامن !

هیلینیش بە بزەیەک وای پیشاندا کە کەس ناتوانێت ببینێت و پێی سەرسام نەبێت. ماتانتیش کەمێ کۆکی و تفەکەی قوتدایەوە و، پێخۆشحاڵیی خۆی بە بینینی هیلین پیشاندا و، دوای نەرمە کۆکەیەکی دی، هەمان هەستی بۆ پیپەریش دەربڕی.

هەرسێکیان قسەیەکی زۆری بێ سەروبەریان کرد. جاروبارێک هیلین بە بزەیەک لەو بزانەی، کە بە هەموو کەسێکی دەبەخشی، قسەکانی بە پیپەر دەبڕی. ئەو زەردەخەنەیە لای پیپەریش بێتام بوو و، زۆر گوێی پێ نەدەدا.

ماتانت دەستیکرد بە پیاهەڵدانی ئەو قووتوە برنوتییانەی، کە کۆنت پیزۆخۆڤی خوالێخۆش بوو، بۆی هەڵبژاردبوو. خێرایش قووتوە برنوتییەکەی دەرهێنا و، پیشانی دوو لاوەکەی دا. هیلین داوای لێکرد کە وێنەی مێردەکەی پیشان بدات و، هەر ئەو وێنەیەی کە بە سەرقاپی قوتووەکەوە بوو.

پیپەر وتی:

ـ ئەو وێنەیە دەستکاری ڤینیسی وێنەکێشی بە ناوبانگە !

لەو کاتەدا کە داموکایەوە، بۆ سەیر کردنی، وێنەی سەر قوتووەکە و، گوێیشی بۆ قسەکانی کۆرەکەی نزیکیان شل کردبوو. خەریک بوو وەرچەرخێت، بە دەوری مێزەکەدا تا قوتووەکە هەڵ بگرێت. ماتانت بە پشتی هیلیندا بە قوتووەکەوە دەستی بۆ پیپەر درێژ

کرد، تا بیداتە دەستی. هیلینیش بزەیەکی بۆ پیپەر کردو، خۆی داموکاندەوە. بەرگێکی لەبەر کردبوو، کە سنگی قوت کردبووەوە و، بەشێکی پشتیشی ڕووت بوو. بەلای پیپەریشەوە ناوقەدە سفتەکەی لە تاشراوی بەردی مەڕمەڕ دەچوو. هەرچەند چاوانی پیپەر، کورتبینیشی هەبوو، بەڵام هێندە لەو ناوقەدە مەڕمەڕییەوە نزیک بوو، گەر کەمێکی دی داموکایەتەوە لێوانی بەری دەکەوت. ناسکیی لەش و لاری هیلینی ژێر بەرگەکەی هەست پێکرد و، بۆنەکەی هەڵمژی. بۆی دەرکەوت کە چ جوانییەک خۆی مەڵاس داوە. کە بەو شێوەیە ئەو جوانی و ناسکییەی هەست پێکرد، کارێکی بە دااڵغە لێدان نەما.

لە ڕوخساری هیلینیشدا وا دەردەکەوت کە بڵێت:

ـ جا تۆ چیت دیوە!؟ ئێستا من ئافرەتێکی پێگەیشتووم و بڕاوەتەوە. بەڵێ بەڵێ! ئێستا من ئەو ژنەم کە دەیەوێت، ببێتە موڵکی تۆ، یان هەر کەسێکی دی.

پیپەریش وای بۆچوو، کە پێویستە لە خۆی زیاتر نەهێڵێت بۆ کەسی دی بێت.

میر بازیلیش هەر وەکوو ئەوەی، چووبێتە لای قەشە و، پیپەر و کچەکەی مارە بڕدرا بێت و، پیرۆزباییشی لێ کردبن، ئاوا لێی ڕوون بوو، کە پیپەر تەنیا و تەنیا، کچەکەی ئەو مارە دەکات. بەڵام ئەوەی کە لێی ڕوون نەبوو، چاک یان خراپیی، کارەکە بوو.

هیلین هێندە نزیک بە پیپەر وەستا بوو، کە تا سەر ئێسک کاری تێ کردبوو. پیپەریش سەرێکی بەرز کردەوەوە و، ئاواتی خواست، ئێستایش وەکوو جاران، دووڕە دەست بوایە و، لەو جۆرەی کە مەحاڵ بوو، هەر نزیکیشی بکەوێتەوە! بەڵام دواتر ئەم بیرۆکەیەیشی، پێ باش نەبوو. ئاخر ئەو کات، بینینی ئەو جوانییە، هەر وەکوو بینینی، درەختێکی بەرزی نێو قەرسیلێکی چڕ دەبوو، لە ڕۆژێکی تەم و مژاویدا و، جوان نەدەبینرا.

ئانا پاڤلۆڤنا بە دەنگی بەرز وتی:

ـ زۆر چاکە . . ئێستا لەو گۆشەیەدا جێتان دێڵم.

پیپەر سوور هەڵگەڕا و، خەمی ئەوەی بوو نەبادا، هەڵەیەکی کرد بێت و، بە شڵەژاوییەوە سەیرێکی دەوروبەری خۆی کرد. چونکە پێی وابوو، خەڵکەکەیش، بە بیر کردنەوەکانی ئەویان زانیوە !

پاشان پیپەر خۆی کرد بە کۆڕە گەورەکەدا.

ئانایش کە پێی زانی، لە کۆڕە گەورەکەدایە، خۆی گەیاندێ و لێی پرسی:

ـ ڕاستە دەڵێن خانووەکەی پێترزبۆرگ، نۆژەن دەکەیتەوە؟

لە ڕاستیشدا هەر وابوو. بێئەوەی خۆیشی بزانێت بۆچی؟ بە قسەی ئەندیازارەکەی خۆی کردبوو و، فەرمانی نۆژەن کردنەوەی ئەو کۆشکە مەزنەی (پێترزبۆرگ)ی دابوو !

ئانا جارێکی دی کەوتە قسە کردن و، بە زەردەخەنەیەکەوە وتی:

ــ هەر ئەوەت چاک کردووە. بەڵام مااڵی میر بازیلیش جێ مەهێڵە! چونکە ئەویش هاوڕێیەکی باشە بۆ تۆ. خۆیشت ئێستا بۆت دەرکەوتووە کە منیش شتێک دەزانم لە بارەی

تۆوە؟ ئاخر تۆ هێشتا هەرزەکاریت و، هێشتا پێویستیت بە ئامۆژگاریی هەیە. خوازیارم لێم زێز نەبیت گەر بڵێم منیش پیرییەکەم رێم پێ دەدات کە ئامۆژگارکار بم.

کەمێ لە چاوەڕوانی ئەوەدا مایەوە و چاوەڕوانی ئەوەبوو، بە گوێرەی مجامەلەی باو، لاربیان لە پیرییەکەی هەبێت.

پاشان لە سەری رۆیشت:

ـ بەڵام گەر ژن بێنیت، ئەوە هەڵوێستەکە جیاواز دەبێت.

پاشان سەیرێکی پییەر و هیلینی کرد. ئەو دوانە، هەرچەند سەیری یەکتریشیان نەدەکرد. بەڵام هیلین بە تەواوی خۆی نووساندبوو، بە پییەرەوە. پییەریش سوور هەڵگەڕابوو.

پاشان گەڕایەوە بۆ ژوورەکەی خۆی‌و خەو لە چاوانی تۆرا. هەر خەریکی بیر کردنەوە بوو لەوەی ئەو ئێوارەیە بە سەری هاتبوو. هەستیکرد ئەو کچەی هەر لە منالییەوە دەیناسی و، هەر کاتێک باسی جوانییەکەیان بکردایە، ئەم گوێی نەدەدایە. ئێستا دەهێنێت بیری لێ بکاتەوە. خۆ دەشێ ببێتە خاوەنیشی.

لە دڵی خۆیدا وتی:

ــ بەڵام ئەم کچە کەمێ گێلۆکەیەو، زۆر جاران ئەمەم بە خۆم وتووە. شتێکی لە سووکایەتی و نزمی، تێدایە و، بە قسەی وتووانیش ئاناتۆلی برای خۆیشی، عاشقی بووە و، ئەمیش عاشقی ئەو بووە. رەنگە هەر لەبەر ئەوەش بووبێت کە ئاناتۆلیان، لە خۆیان دوورخستووەتەوە. ئەوەش هیپۆلیتی برای و ئەوەش میر بازیلی باوکێتی. . . ئەمانە هەر هەموویان بە دڵی من نین!

سێ ودووی خۆی کردو، نەگەیشتە هیچ ئەنجامێک و، بڕیاری کۆتایی. زەردەخەنەیەک بوو، گرتی. ددانی بەوەدا نا، کە ئەمە بیرکردنەوەی، فرەتری گەرەکە. هەرچەند گومانی لە سووکیی ئەو کچە نەمابوو، بەڵام هەر خەوی بەوەوە دەبینی ببێتە ژنی. بە خۆی دەگوت:رەنگە دوای مارە کردنی، منی خۆش بوێت و، ئەم بیروڕایانەم هەڵ بووەشێنێتەوە. چونکە دوور نییە، بنەماکانی ئەم بیروڕا خراپانە تۆکمە نەبن. بەڵام ئاخۆ بۆ جاران بەم شێوەیە بیرم نەدەکردەوە!؟ سەر لە نوێ ئەو بیروڕایەیانی پەسەند بووەوە. کە ئەم ژن هێنانەی بێ خەوش نابێت و، بگرە قێزەونیش دەبێت. ئەوە ئاسایی نییە و بێشەرەفییشی تێدایە. قسەکانی هیلین و سەرنجەکانی دەوروبەری وەبیرهاتەوە. قسەکانی ئانا بۆ نۆژەن کردنەوەی کۆشک و هۆشداریيە لابەلاکانی میر بازیل بۆ کچەکەی و، قسەی بۆنەکانی ئەویشی هاتەوە بیر. ترس و دڵەڕاوکە، بیرو هۆشی داگیرکرد.

لەخۆی پرسی:

ـ ئاخۆ ئەم کارە خۆ فرێدانە گێژاوەوە نییە و، نابێتە هۆی رەخنە و تانە لێدان بۆم؟ بێگومان دەبێتە هۆی ئەمانە و، پێویستە خۆ وەدوور بگرم لێی.

لە هەمان کاتیشدا ئەو شەوە ئەرخەوانییەی هێنایەوە پێش چاوی خۆی.

بەشی دوو
نیشان کردنی کارەکەری کۆشک

میر بازیل بڕیاریدا، لە تشرینی یەکەمی ساڵی (١٨٠٥)دا، چوار هەرێم، بە سەر بکاتەوە و، سەرێک لە مواڵکەکانی خۆیشی بدات، چونکە بارودۆخیان دروست نەبوو و، ئەمەیش تووشی، دڵەڕاوکەی کردبوو.

بە نیازیش بوو، ئەناتۆڵای کوڕیشی، کە فیرقەکەی هەر لەو شوێنە بوو، لەگەڵ خۆی ببات بۆ سەردانی میر پۆلکۆنسکی. ئەو میرە پیرەی کە بە هیوای ئەوەبوو، داوای کچە، میراتگری ئەو باوکە دەوڵەمەندە بکات، بۆی. بەڵام بڕیاریشی دابوو تا کێشەکەی پییەر یەکلا نەکاتەوە، هیچ نەکات.

لە راستیشدا ئەوە چەند هەفتەیەکیش بوو، پییەریش بە هیچ لایەکدا نەچوو بوو. ببوو بە کێشەی هیلینە ناسک و نازدارەوە و، ئەویش وەکوو عاشقانی تر، گێل و هێڕو شەرمن ببوو. بەڵام ئەوەی هەبوو، ئەمیان بە پێچەوانەی میر بازیلەوە بوو و، هێشتا بڕیاری خۆی نەدابوو.

سەر لە بەیانیی رۆژێکیان میر بازیل لە دڵی خۆیدا وتی:

ـ هەتا ئێستا کارەکە باش هاتووە، بەڵام خۆ دەبێت کاریان لەسەر بکەم و، بە کۆتایان بێنم.

هەناسەیەکی قوولّی بە خەمی هەڵکێشا. لە راستیدا دەبوو خوا پەنای پیاوەر بدات. چونکە خۆیشی نەیدەزانی چی بکات. لەولایشەوە پیاوەر کاریەلێکی فرەی لە پێش بوو و، دەبوو خوا پشت و پەنایان بوایە. وەنەبێت خۆیشی سەرکەوتوو بێت، تێیاندا.

میر بازیلیش بەم شێوەیە بە خۆی وت:

دوو سبەی بۆنەی یادی لە دایکبوونی لیۆلیایە. "لیۆلیا نازناوی هیلینی کچی بوو" دەبێت چەند کەسێک بانگهێشت بکەم. ئەگەر پیاوەریش، ئامادەبوون، بە ئەرکی خۆی نەزانێت، من ئەرکی خۆم بە جێ دێنم. چونکە من باوکی کچەکەم.

شەش هەفتە بەسەر ئاهەنگەکەی ئانا پاڤلۆڤنادا تێپەڕی بوو و، ئەو شەوەی خەو نەچووە چاوی پیاوەر و، دڵەڕاوکەی ئەوەی بوو، ئەگەر ئەو کچە مارە بکات، تووشی خەم و خەفەت دەبێت و، پێویستە بە هەر نرخێک بووە، لە دەستی هەڵبێت و، خۆی لێی بە دوور بگرێت. بەڵام هەر لە مااڵی میر بازیل مایەوە و بە لای خەڵکیشەوە وابوو، تا لەوێ بمێنێتەوە، کاریگەریی زیاتری، هیلینی بە سەرەوە دەبێت. دوورکەوتنەوەیش بە "لایەوە ئەستەم دەبێت. خۆیشی هەستی کرد لە توانایدا نییە خۆی لەو مەترسییە قوتار بکات و، دوور بکەوێتەوە.

خۆ ئەگەر ئاهەنگە یەک لە دوای یەکەکانی میر بازیل نەبوایە، لەوە بوو بتوانێت لێیان دوور بکەوێتەوە. ئاهەنگەکان وا رێکدەخران ئامادەبوونی پیاوەر زۆر پێویست بێت. گەر خۆیشی بدزییایەتەوە، ئەوە میوانانی، لە چاوەڕوانیدا دەهێشتەوە و، ئاهەنگەکە تێک دەچوو. هەر میر بازیل هەستی بکردایە، پیاوەر چووەتەوە ماڵەکەی خۆی و، دەیەوێت خۆی بدزێتەوە، بە هەڵەداوان دەگەیشتە سەری.

کە جێیشی دەهێشت، نێوچاوانی ماچ دەکرد و پێی دەوت:

ـ خوا حافیز . . . تا سبەینێ.

یان پێی دەوت:

ـ گەر بۆ نانخواردنی نیوەڕۆ، لەگەڵم نەبیت، ئەوا ئیتر منیش نامەوێت بتبینمەوە.

یاخود دەیوت:

ـ دەبێت بێیت و، چاوەڕێت دەکەم.

تەنانەت دوو وشەیشی لەگەڵ بوتایە، ئەم نەیدەتوانی وەڵامی بداتەوە و، بەرهەڵستیی بکات.

هەموو جارێکیش لەدڵی خۆیدا دەیووت:

ـ پێویستە زیاتر و زیاتر، لەم کچە بکۆڵمەوە. تا بگەمە ئەو راستییەی کە ئاخۆ هەر ئەو کچەیە، کە جاران بیرم لێ کرد بووەوە؟ ئەو دەمە هەڵەبووم؟ یان ئێستا هەڵەم و، نەخێر کچێکی گێل نییە و، زۆر باشو جوانە و، هیچ کارێکی خراپی نەکردووە. وەکوو کەمدووە،

که قسەیش دەکات، راستگۆیە. دەروونێکی دامەزراوی هەیە و، رۆژێک نەمدیوە هەڵبچێت. کەوابوو کەسێتییەکی جیاوازە.

هەندێ جاریش بە پرسیارکردن لە هیلین خۆی، دەیویست بگاتە ئەنجام. هیلینیش یا بە وەڵامی کوزت و پوخت. یان بە بزەیەک وەڵامی دەدایەوە. کە بەلای پییەرەوە ئەرێنی دەکەوتەوە.

هیلین هەمیشە بزەیەکی تایبەت بە پییەری پڕ مەبەستی هەبوو. خەڵکیش بۆ بڕانەوەی ئەو کێشەیە، چاوەڕێی قسەی پییەر بوون. خۆیشی دەیزانی دەبێ هەر قسەیەک بکات. ئیدی درەنگ بێت یان زوو. هەرجارێکیش بیری لێ بکردایەتەوە ترس دایدەگرت.

لەو شەش هەفتەیەدا، پییەر هەزاران جار لە خۆی پرسی و، هەستیشی بەوە کردووە کە رۆژ لە دوای رۆژ، هۆگرتر دەبێت بەو هیلینە و، بەرەو هەڵدێری ئەو ترسە دەڕوات.

ناچار لە خۆی پرسی:

ـ چەند سەیرە! بە بڕیاردانێک کێشەکە کۆتا دەبێت. بڵێی دەستەوەستان بم، لە ئاستی بڕیارێکی یەکلاکەرەوەدا؟

هەر جارێ پییەر سوور بوایە لە سەر، بڕیاری کۆتاییدان. بڕیارەکەی کاڵا دەبووە و، هەڵدەوەشایەوە. چونکە لەو رۆژەوەی قوتووی بڕنوتییەکەی لە (ماتانت) وەرگرت بوو، حەزی پییەر چەسپی بوو و، لە بەرامبەر هیلیندا لاواز بوو.

لە رۆژی جەژنی هیلیندا میر بازیل، پێشوازی لە چەند کەسێکی کەمی، خزمان و، دۆستان کرد و، بە هەڵسو کەوتیدا وای پیشان دەدا، لەم ئاهەنگەدا بڕیاری چارەنووس سازی کچەکەی تێدا دەدرێت.

خاتوو کۆراگین، خاتوونێکی کەتەبوو و، هێشتا گێژەڵووکەی تەمەن نەیتوانی بوو، جوانی و قەشەنگییەکەی بشێوێنێت. سەردەستەی مێزی خوانەکەو، کەسی دیاری ئامادەبووانی مێزەکە بوو.

مێزەکەیش کەسانی باڵا و بەناوباگی بە دەورەوە بوو. لەوانە ژەنەرالە پیرە و، ژنەکەی و، ئانا پاڤلۆڤنا شیرەر و. . . هتد.

بە هەردوو بەری مێزەکەیشەوە، میوانانێکی خوارتر و، کەم تەمەنتر دانیشتبوون. پییەر و هیلینیش لە نێویاندا بوون و، بە تەنیشت یەکەوە دانیشت بوون.

میر بازیل بەشداری نانخواردنەکەی نەکردن. هێندە ئاسوودە بوو، دەمێ لای ئەم میوان و، دەمێ لای ئەو میوان دادەنیشت. رستەیەکی پێا هەڵدەدانی، بە گوێی ئەمیاندا، دەدا و، قسەی خۆشی بۆ ئەوی تریان دەکرد. هانیشی دەدان بۆ خواردنەکان. بەڵام خۆی نەدەدا، لە قەرەی پییەر و هیلین و، لێیان نزیک نەدەبووەوە. هەر وەکوو ئەوەی، نەیشیان ناسێت.

قاپە زیوینەکان و، پەرداخە کریستاڵەکان و، ئەو زێڕانەی بە ژنانەوە بوو، لە ژێر

تیشکی مۆمەکاندا بریسکەیان دەهات.

خزمەتکارانیش بە بەرگە سوورەکانیانەوە، چالاکانە هەڵدەسوڕان و، داوای میوانەکانیان بەجێ دەهێنا. تەق‌و هووڕی کەوچک و، چەتاڵ و پەرداخ و قاپەکان، تێکەڵ بە غەڵبە غەڵبی میوانان ببوو.

لەوسەری مێزەکەوە، دەنگی دەرگاوانێکی پیر بەرز بووەوە، کە بە ژنە بارووناێکیدا هەڵدەدا و، وایکرد باروون خانوون لە قاقای پێکەنین بدات.

لەولا تریشەوە، ماری ڤیکتۆرڤنا بوو، خەریکی سەغڵەت کردنی دەوروبەری خۆی بوو.

لە ناوەندی مێزیشەوە، میر بازیل جێی سەرنجی دانیشتووەکان بوو. بە بزەیەکی لاقرتێ ئامێزەوە، باسی دوایین دانیشتنی (ئەنجوومەنی راوێژکاران)ی دەوڵەتی دەکرد.

سەیرێکی کردن و وتی:

ـ ئەو دانیشتنە رۆژی چوارشەمەی رابردوو بوو و، بە ئامادەبوونی (سێرج کورمتیش فیازمێتۆف حاکمی سەربازی پیترزبۆرگ بوو. کە تێیدا فەرمانێکی خوێندەوە بە دەست و خەتی ئەلکسەندەر خۆی نووسرابوو. ئەو نامەیەش لە سوپاوە بۆی هاتبوو. لەو نووسراوە ئیمپراتۆر رووی کردبووە فیاز میتینۆڤ‌و وتبووی کە لە هەموو لایەکی ولاتەوە نامەی پێ دەگات‌و تێیدا پشتگیری لێ دەکەن‌و دڵسۆزی خۆیانی بۆ دەردەبڕن. ئەوەیشی کە لە پیترزبۆرگەوە پێگەیشتووە بە هەندی وەرگرتووە. لە بەر ئەوە لای خۆیەوە، بە شانازیی دەزانێت، کە سەرۆکی رووسیایە. درێغیش ناکات لە خزمەتکردنیدا.

نامە پیرۆزەکە ئاوا دەستی پێکردبوو:

سێرج کۆزمیس. لە هەموو لایەکەوە پێم دەگات. . . .

خانمێک پرسیی:

ـ کەوابوو هەر ئەوەندەی بۆ خوێنرابووەوە! سێرج کۆزمیش. . .

میریش بە پێکەنینەوە وەڵامی دایەوە:

ـ نەخێر هەر ئەوەندە نەبوو، بەڵکوو:سێرج کۆزمیس. لە هەموو لایەکەوە. . لە هەموو لایەکەوە. . . سێرج کۆز. . . میس . .

ئەو نەگبەتە نەیتوانی لەو رستەیەی تێپەڕێنێت. هەموو جارێک دەچووەوە سەرەتای رستەکە و دەیووت:کۆز. . . دەستی بە گریان دەکرد و، جارێکی دی دەستی پێ دەکردەوە. لە بڕگەی کۆزەکەدا قورگی پڕ دەبوو و، لە میتسەکەیشدا لە پڕمەی گریانی دەدا. دوای (لە هەموو لایەکەوە) هیچی بۆ نەدەوترا و، دەستە سڕێکی دەردەهێنا. دوای کەمێکی دی تێهەڵدەچووەوە. ناچار نامەکەی دا بە یەکێکی تر بیخوێنێتەوە.

یەکێکیان بە پێکەنینەوە وتی:

ـ کۆزمیتش. لە هەموو لایەکەوە: پاشان دەگریان و، نااڵە و هاوار !!

لەوسەری مێزەکەوە ئانا پاقڵۆقنا، پەنجەی ڕاوەشاند و، هاواری کرد:

ـ عاقلاً بن عاقلا! ڤیاز میتنۆقنا تا بڵێی پیاوێکی چاک و ئازایە!

میوانەکان هەموویان دایانە قاقای پێکەنین. لەو پێکەنینانەی کە بەڕەوا و ناڕەوا پەیدادەبوو. هیلین و پییەر نەبێت، بێدەنگییان لێکردبوو و بزەیەکی کاڵا بە سەر لێوانیانەوە بوو. بزەکەیشیان پەیوەندیی بە باسی سێرج کۆزمیتشەوە نەبوو. بەڵکو بزەیەکی شەرمنی بوو بەرامبەر بە یەکتری.

لەگەڵ ئەوەدا کە میوانەکان مەیی (ڕین)یان هەڵدەدا و، چێژیان لە خواردنەکان وەردەگرت و، خۆیان وا پیشان دەدا، کە ئاگایان لەو دوو لاوە هەر نییە. بەڵام لە ڕاستیدا نوکتەکەی سێرج کۆزمیتش و بارو دۆخەکان، هەڵخەڵەتاندن بوو. چونکە میوانان بایەخیان هەر بە پییەر و هیلین دابوو. تەنانەت لە ئەو کاتەیشدا میر بازیل لاسایی گریان و فیغانەکەی کۆزمیتشی دەکردەوە و، لەگەڕمەی پێکەنینەکەیشیدا، خۆیشی سەرنجی هیلینی کچیشی دەدا.

لە ڕوخساریشیدا ئەمە دەخوێنرایەوە:

ـ هەموو شتێک لە جێی خۆیدایە و، ئەم ئێوارەیە بڕیاری لێ دەدرێت!

ئانا پاقڵۆقنایش بەرگریی لە ڤیاز میتیۆقنا کردبوو و، بە پەنجەیەکی هەڕەشەی لێ کردبوون، کەچی میر ڕوخساری ئانای وا خوێندەوە کە گوایا پیرۆزبایی لە کچەکەی دەکات و، هیوای بەختەوەریی بۆ دەخوازێت.

ئەمیرەیش مەیی بۆ دەوروبەری خۆی، تێ دەکردەوە و، جاروبارێک سەیرێکی کچەکەی دەکرد. وەکوو ئەوەی پێی بڵێت:

ـ بەڵێ ئازیزەکەم. . . هەر هێندەمان ماوە شەرابی شیرینییەکەی تۆ بخۆینەوە. ئەوەش بە دەست ئەو بێچووە شێرەیە، کە شاد و بەختەوەرمان بکات.

سیاسەتمەدارێکیش کە ئەو دوو عاشقەی خستبووە ژێر چاودێرییەوە، لە خۆیی پرسی:

ـ بۆ هێندە گوێ بەو گێڕانەوەیە بدەم!؟ بەختیاری ڕاستەقینە ئەمەیە کە دەیبینم!

لە گەرمەی خۆ خەریک کردنی خەڵکەکە بەو کێشە هیچەوە، لەو ئاهەنگەدا، هەرچەند ئەوە شتێکی سرووشتی بوو. کەچی هەستکردنێکی نوێ هاتە ئاراوە. ئەویش ئەوە بوو کە ئاخۆ ئەو دووانە چۆن هەست بە یەکتری دەکەن؟ بابەتی ئەو دوانە، ببووە شتێکی سەرەکی و، بەسەر ئەو هەموو وڕە ورت و، وتوویژەیاندا زاڵا بوو و، کێشەی ئەو دووانە بە جۆرێک تەشەنەی کردبوو، ببووە ورتە ورتی نێو خزمەتکارەکانیش. هەرچەند ئەوانیش خۆیان لەو دووانە بە دوور دەگرت، بەڵام چاویان هەر لەسەریان بوو.

پییەر خۆیشی هەستی بەوە کردبوو، کە سەرنجی هەموو میوانەکانی ڕاکێشاوە. بۆیە هەر چەند بەختیارو ئاسوودەیش بوو، بەڵام جاروبارێک تووشی دڵەڕاوکە و، ناجێگیری

دەروونیی دەبوو. بە هێندەی کەسێکی زۆر سەرقاڵا ئاگای لە دەوروبەری نەمابوو.

بۆیە ئەویش لە دڵی خۆیدا وتی:

ـ کەوابوو کار لە کار ترازاوە. باشە ئەمە چۆن بەم خێراییە رووید‌ا؟ خۆیشم نازانم! کوڕە چش! پێم وابێت، دەبوو ئەمە هەر ڕووی بدایە! دەبا ڕووبدات و ببڕێتەوە. گەر لەبەر خۆم و خۆیشی نەبێت. لەبەر خاتری ئەو هەموو خەڵکەی کە چاوەڕێی ئێمەن. منیش هەرچەند بیرم لێ کردووەتەوە، ڕێگرێکی ئەوتۆ نییە وام لێ بکات نائومێدیان بکەم. خۆیشم نازانم چی بکەم. ئەوەندە دەزانم دەبێت ئەمەی ئەمانە چاوەڕێی دەکەن، دەبێت ڕوو بدات.

پییەر بە دەم ئەم بیرکردنەوەیەوە، چاوە تامەزرۆکانی، خستبووە سەر، شانە مەڕمەڕیەکانی هیلینی ناسک و نازدار. لە ناکاو تەریقیی ئەوەی کێشا، کە خەڵکەکەی تووشی دڵەڕاوکە کردووە و، خۆیشی بەختەوەرە. هەر دەڵێی پاریسی دەزگیرانی کچە هێلانەیە و، ئەمیش خەریکی وەدەست هێنانی دڵی هیلینە !

پاشان دڵی خۆی دایەوە و لەبەرخۆیەوە وتی:

ـ نەخێر دەبێت ئەمە ببێت. بارو دۆخەکە لەمە زیاتری هەڵنەدەگرت. جا باشە کوا من هێندە خۆم بەم کارەوە، خەریک کردووە؟ تا ئەو دەمەیشی لەگەڵ میر بازیلدا مۆسکۆیشمان جێ هێشت، هیچ شتێکی لەم جۆرە، لە ئارادا نەبوو! ئەوەی بیرم لێ نەکردبووەوە، مارە کردنی ئەم هیلینە بوو!! نەشم دەتوانی دەست بنێم بە ڕووی میر بازیلەوە، بۆیە لە مااڵیشیان مامەوە. هەرچەندە کاغەزێنیشم لەگەڵ هیلین کردووە و، لەگەڵیدا بۆ پیاسە چووم و، جارێکیشیان جانتام بۆ هەڵگرتووە، بەاڵم خۆیشم نازانم ئەمە کەی و چۆن ڕووید‌ا؟

ئێستاش وا لە تەنیشتییەوە دانیشتووە. دەڵێی دیاریی کردووە و، دەستگیرانێتی. هێندە لێیەوە نزیکە، بۆنی هەناسەی دەکات. بڵێی بوونی پییەر خۆی بێت، یا جوانیی هیلین، کە بەو شێوەیە، سەرنجی خەڵکەکەی ڕاکێشاوە؟

ئەی بۆ نا؟

بەخۆ نازینێکەوە کەمێ خۆی قیت کردەوە و، سەری بڵند کردەوە! وا هەستیکرد گوێی لە دەنگێکی ئاشنایە. بەاڵم هێندە سەرقاڵی بیرکردنەوە بوو لە خۆی، هیچی لێ تێنەگەیشت.

تا ئەوەبوو بۆ سێیەمین جار میر بازیل لێی پرسییەوە:

ـ لێم پرسیت کەی نامەکەی پۆلکۆنسکییت، وەرگرت؟ ئای خۆ بیرت پەرژ و بڵاوە، ئازیزەکەم.

میر بازیل بزەیەکی کردو، سەرنجیدا خەڵکەکەیش بەزەردەخەنەوە، سەرنجی خۆی و هیلین دەدەن.

یۆیە لە دڵی خۆیدا وتی:

ـ چاوەڕێی چیی تر دەکەن؟ خۆ خۆتان ئاگاتان لە هەموو شتێکە! ئەمەش راستییەکی حاشا هەڵنەگرە !

ئەمیش پێکەنینێکی منالانەی دڵپاکیی کرد و، هیلینیش، بزەیەکی بۆ کرد.

جارێکی دی پرسییەوە:

ـ کەی ئەو نامەیەت وەرگرت. . . بۆ قسە ناکەیت؟لە ئۆڵمۆتزەوە هاتبوو؟

پییەریش لە خۆی پرسی:

ـ ئاخر ئەمانە بۆچی گوێ بە ئەم رەفتارە پڕو پووچەی من دەدەن؟

بە میر بازیلیشی وت:

ـ بەڵێ لە ئۆڵمۆتزەوە هاتبوو.

نانخواردنی ئێوارە دوایی هات و، پییەریش وەکوو ئەوانی دی، قۆڵی کرد بە قۆڵی هیلیندا و، بەرەو هۆڵەکە بووەوە. میوانانیش بە دوایاندا و، هەندێکیان بۆ خوا حافیزی کردنیش نەدەچوون بەلای هیلیندا، تاکوو لێیان تێک نەدەن و، دوور بە دوور بۆیان دەنووشتانەوە و خواحافیزیان دەکرد. بەو کارەیان نەیاندەهێشت بە ڕێو ڕەسمی میوانداری هەڵبستن و تا دەروازەی دەرەوە لەگەڵیان بڕۆن.

سیاسییەکەش، لەبەر ئەوەی ژیانی خۆی بە هیچ زانی لە چاو ژیانی پییەردا، بێزارانە چووە دەرەوە. پیرەی ژەنەرالێش ژنەکەی خۆی بەکێش کردو، ژنەیش هەر هاواری ئازاری لاقی بوو.

ئەمیش لەبەرخۆیەوە، بە خۆیی وت:

ــ ئەی پیرەی ئاژەڵا! سەیری هیلین ڤاسیلییڤنا بکە. . . بەو خوایە، تەمەنی بگاتە پەنجا ساڵیش، ئەم قەشەنگ و جوانییەی هەر دەمێنێت !

ئانا پاڤلۆڤنایش چرپانی بە گوێی دایکی هیلیندا:

ـ پێم وایە کاتی ئەوە هاتبێت، پیرۆزبایی ئەو دووانەت لێ بکەم.

پاشان لێی نزیکتر بووەوە و وتییەوە:

ـ تووشی هەڵامەتیش نەبوومایە. زۆرتر دەمامەوە.

هەر لەو کاتەدا دایکی هیلین سەرنجی کچەکەی دەدا و بەغیلی پێ دەبرد. بۆیە هیچی بە ئەم نەگوت.

میر بازیل و ژنەکەی، بە بەڕێکردنی میوانانەوە سەرقاڵا بوون و، پییەریش دەوروبەری چۆڵا بوو.

هەرچەند لەو شەش هەفتەیەدا، چەندجارێک پییەر لەگەڵیدا، دوو بە دوو ببووەوە، بەڵام باسی خۆشەویستیی بۆ نەکردبوو. بەڵام ئێستا بە پێویستی دەزانێت کە قسە بکات. بەڵام

چی بکات؟ شەرمی دەکرد و، نەیدەزانی چۆن دەست پێ بکات؟

هەستیشی دەکرد کە لە ناخییەوە پێی دەوترێت:

ـ تۆ شایستەی ئەم بەختەوەرییە نیت. . . بزانە خوا بە کێی تری داوە!!؟

لەگەڵ ئەوەشدا دەبوو شتێک هەر بڵێت. کوتوپڕ بڕیاریدا قسە بکات. ئیدی هەرچییەک بێت. پرسیاری ئەوەی لێکرد کە ئاخۆ ئاهەنگەکە شاد و بەختەوەری کردووە؟ هیلینیش زۆر بە دڵپاکییەوە وەڵامی دایەوە، کە ئەو رۆژە خۆشترینی رۆژە جەژنەکانی بووە.

هێشتا هەندێک لە ناسیاوان لە دەوروبەری دایکی هیلین و لە هۆڵەکەدا مابوونەوە. کە میر بازیل بەرەو دوو هەرزەکارەکە چوو، پییەر لەبەری هەستا و تێگەیاند کە کات درەنگە و، دەبێت ئەویش بڕوات.

میر بازیلیش وا سەرنجی،دا کە ئەوەی ئەو دەیڵێت نەشیاوە. وێستیشی بە دەمی ئەمەی پێ بڵێت، بەڵام دانی بە خۆیدا گرت. دەستی پییەری گرت و، بە رووبدا پێکەنیو داینیشانەوە.

وەک باوکێک نازی کچە خاوەن نازدارەکەی بکێشێت، لە هیلینیشی پرسی:

ـ ئێ لولیا !

بەدەم خولانەوەی قۆپچەکەی سەر ورگییەوە، پییەریشی وت:

ـ سێرج کۆزمیتش. . . لە هەموو لایەکەوە. . .

هەر چەند پییەر بزەیەک گرتی، بەڵام دیار بوو بەو نوکتەیە پێکەنینی نەهات. بۆ میر بازیلیش دەرکەوت، کە پییەر ئەو گێلە نییە، کە ئەم تێی گیشتبوو. بە بۆڵە و خوورتەوە گەڕایەوە دواوە. پییەر بە شڵەژانی میرە پیرەی دەم و چاو چرچ و لۆچی، زانیو هیلینیش کەمێ تێکچوو و، جۆرێک لە پییەری روانی وەکوو ئەوەی تێی بگەیەنێت هەڵەکە، هەڵەی ئەم بووە.

پییەر لە دڵی خۆیدا وتی:

ـ گومانی تێدانییە دەبێت پەلە بکەم لە گەیشتن بە ئەنجامێک. بەڵام چی بکەم؟ ناتوانم. . . ناتوانم!

کەوتەوە پرسیاری بێ سەروبەر و، لە هیلینی پرسی:

ـ بەراست ئەوە چیرۆکی سێرج کۆزمیتش چۆن بووە؟ لێی تێنەگەیشتم!

هیلینیش بە پێکەنینەوە وەڵامی دایەوە:

ـ بڕوا بکە منیش هێندەی تۆی لێدەزانم!

کە میر بازیل گەڕایەوە هۆڵەکە، ژنەکەی باسی پییەری بۆ پیرەژنێک دەکرد و دەیوت:

ـ راستە بە خزمایەتی کردن، لەگەڵ ئەو لاوە براوە دەبین، بەڵام بەختەوەرییش ئازیزەکەم. . .

پیرەژنەیش قسەکەی پێ برِی و وتی:

ــ ژن هێنان و شوکردن، بە دەست خوایە.

لەوە دەچوو میر بازیل هەر گوێیشی لەو گفتوگۆیە نەبووبێت. لەولا ئەوانەوە خۆی بەردایەوە، نێو کورسییەک، وەکوو ئەوەی سەرخەو بشکێنێت، چاوانی لێک نا. کە سەری شل بوو و، کەوتەوە سەرسنگی بە ئاگا هاتەوە.

بانگی کردە ژنەکەی:

ــ ئالین. بچۆ بە لای ئەو دووانەوە، بزانە چی دەکەن!؟

ژنەکەیشی بە کەمێ پەشۆکاوییەوە، چووە دەرەوە و، چاوی بە هۆڵی دووەمدا گێڕا و، هیلین و پییەری بینی قسە دەکەن.

ئەویش گەڕایەوە دواوە و بە میَردەکەی وت:

ــ خەریکی قسە کردنن.

هەر کە میر بازیل ئەمەی بیست، برۆکانی یەک هاتنەوە و، رووی گرژ بوو و هەستایە سەر پێ و، سەری بەرز گرت و بە نێو ژنانەکاندا تێپەڕی و، بێ ئەوەی گوێ بە کەسیان بدات.

هەر کە گەیشتە بەر دەرگاکە و، پییەر دەم و چاوی بینی، لەبەری هەستا.

میر وتی:

ــ سوپاس بۆ خوا ژنەکەم هەموو شتێکی بۆ گێڕاومەتەوە.

خێرا کچەکەی نوساند بە سنگییەوە و، باوەشی بە ملی پییەریشدا کرد و، بۆنێکی ناخۆشی کرد بە سەر ئەو داماوەدا و، وتــی:

ــ لولیا. . کچە شیرینەکەم. . . من زۆر بەختەوەرم. . .

پاشان رەزمی دەنگی گۆڕی و وتی:

ــ پییەر. . تۆیش خۆشەویستترینی باوکت بوویت. ئیدی ئەم کچەم دەبێتە هاوڕێیەکی شیاو بۆ تۆ. . . پیرۆز بە یەک بن !!

سەیرەکەیش لەوەدابوو، پییەر هەستی بە تەڕ بوونی چاوانی خۆی کرد. چەند جارێکیش دەستەکانی هیلینی ماچ کرد.

میر بازیل هاواری کرد:

ــ وەرە خاتوون. . . وەرە !

دایکی هیلین بە پەلە خۆی گەیاندە کچەکەی و، دەستی کردە گریان. پیرەژنەیش بە دەم گریانەوە، شوێنی کەوت.

پییەریش لە دڵی خۆیدا وتی:

ــ دەبوو ئەم کارەساتە هەر زوو رووی بدایە!! دیاری کردنی وەڵامی:ئاخۆ ئەمە کارێکی

باشه، یان خراپه:یاری به ژیریی خۆ کردنه! ئێستاش وا کێشەکە رەوییەوە و، لە دڵەڕاوکە رزگارم بوو. چونکە پاشگەز بوونەوە مەحاڵە. ئەمەش بە تەنیا بۆ خۆی قازانجە. بە دەم سەیری لا مل و گەردنی دەستگیرانەکەیەوە، دەستەکانیشی گرت و وتی:

ـ خۆشم دەوێیت. . .

لە دڵی خۆیشیدا وتی:

ـ لەم بۆنانەدا مرۆڤ هەر دەبێت شتێک بڵێت! بەڵام بۆ ئەو کاتە پێویستە هیچ وشەیەکی بۆ نەهاتە سەرزار. هەر بە سەیر کردنەکەی ئەبڵەق ببوو !

هیلینیش پەنجەی بۆ چاویلکەکەی سەر لوتی پییەر راکێشاو وتی:

ـ ئای کەمێک ئەوە بڵند بکەوە !

کە چاویلکەکەی لابرد، ئاسانتر روخساری دەخوێنرایەوە. هەر کە ویستی داموکێتەوە و، دەستەکانی ماچ بکاتەوە، هیلین گورج و گۆڵانەیەکی چاوەڕوان نەکراو، لێوانی نزیک لێوی پییەر کردەوە و، کەمێ شڵەژا.

پییەریش دریغی نەکرد و لە دڵی خۆیشیدا وتی:

چی دەبێت با ببێت! ئەم کارە هێندە چووەتە پێشەوە کە پاشگەزبوونەوەی مەحاڵ بێت. سەرەڕای هەموویشی، خۆشم دەوێت !

بۆیە بە دەنگی بەرزیش وتی:

ـ خۆشم دەوێیت. . .

کەچی درەنگانێک هەستی بە کاریگەریی قسەکە کردو کۆڵێک تەریق بووەوە !

دوای شەش هەفتە، پییەر زەماوەندی کرد. بەمەش بووە خاوەنی جوانترین ژن! ئەمەیش لە نێو خەڵکیدا بڵاوبووەوە. دواتر هیلینی گواستەوە کۆشکە نۆژەن کراوەکە و، شوێنی کۆنتەکانی بنەماڵەکەی پیزۆخۆڤ.

بەشی سێ
میوانی ناوەخت

لە تشرینی دووەمی ساڵی (١٨٠٥)دا، میرە پیرە نیکۆلا ئاندرییتش پۆلکۆنسکی نامەیەکی لە میر بازیلەوە پێگەیشت و پێی ڕاگەیاندبوو، کە لەگەڵ کوڕەکەیدا دێتە سەردانی.

بۆی نووسیبوو:

ـ هیچ گرنگ نییە بە لامەوە، کە بیست و پێنج فرسەخ ڕێ دەبڕم بۆ بینینی ئێوەی زێدە ئازیز.

ئاناتۆلیش هاوڕێی سەفەرەکەمە و، ئەویش دەبێت بچێتە ریزەکانی سوپاوە. ئومێدەوارم ڕێی ئەویش بدەیت، ڕوو بە ڕوو ڕێز و خۆشەویستیی خۆیت بۆ دەربببڕێت.

کە ئەمیرە چکۆلە، ئەم نامەیەی خوێندەوە، بە سەرەڕۆییەوە وتی:

ـ پێویست ناکات ماری بترنجرێنرێتە ئەم جۆرە نێوەندانەوە. کچ خۆی لە هەر کوێ بێت، ئەوا داواکارانی شوێنی دەکەون !

بەڵام پۆلکۆنسکی ڕووی تاڵ کرد و، هیچی نەگوت.

دوای پازدەی ڕۆژ پیاوانی میر بازیل هاتن و، ڕایانگەیاند کە سبەینێ بەیانی، میر بازیل دەگاتە جێ.

پۆلکۆنسکیی پیرەمێرد، خۆشیی لە عەقڵیەتی میر بازیل نەدەهات و، بە تایبەتی، ئەوێک

که بەرز بوونەوەی پلە و پایەکەی لە سەردەمانی (پۆل) و ئەلکسەندەردا بوو. پیرە هەر بە قسەکانی نێو نامەکە و، ئەوەی کە (لیز)ی بووکی باسی کردبوو، مەبەستی سەردانەکەی میر بازیلی لا گەلاّلە بوو. خۆشیشی لەو کارە نەدەهات.

ناجێگیریی دەروونی و، تووڕەیی رووی لە پیرە کرد. بە تایبەتی ئەو رۆژەی کە میر بازیل گەیشتەجێ. تەنانەت تۆخینیش ئامۆژگاریی ئەندازیاری دەرباری کرد کە پۆلکۆنسکی تووڕەیە و، جارێ راپۆرتەکەی خۆی نەخاتە بەردەست میرە پیرە.

لە کاتێکدا گوێیان بۆ ترپەی پێی، میرە پیرە شل کردبوو، تۆخین پێی وت:

ــ ئەی نابیستیت چۆن پاژنەکانی دەدات بە زەویدا؟ ئێمە خۆمان دەزانین ئەوە چی دەگەیەنێت.

لەگەڵ ئەمانەیشدا، سەعات نۆی ئەو بەیانییەش، پیاسەکەی خۆی بە کلاّوە قووچ و، ملپێچە توکن و، چاکەتە یەخە بە توکی سمۆرە داپۆشراوەکەیەوە کرد.

هەرچەند ئەو شەوە بەفرێکی فرەیش باری بوو. خزمەتکاران هەر زوو بەفری ڕاڕەوەکانیان ماڵی بوو و، شوێنەواری بەفرماڵەکان بەسەر بەفرەکەوە جێمابوو. میرە پیرە بێدەنگ دەگەڕا و، رەزی پرتەقاڵ و تەویلەی ئەسپەکان و، ڕێ و بانەکانی بەسەر دەکردەوە و، جێگری کارەکانیشی بە دواوە بوو.

میرە پیرە لێی پرسی:

ــ بەم شێوەیە، بڵێی بتوانن گالیسکەی خلیسکێنەکان بەکاربێنن؟

جێگری کارەکانیشی، پیرێکی روو تاڵی مۆن بوو، شێوەی خۆیی وەرگرتبوو وتی:

لە راستیدا بەفرێکی رە باری بوو. منیش فەرمانم پێدان، ڕاڕەوەکان بماڵن.

میر پۆلکۆنسکییش کە گەیشتەوە بەر دەروازەی کۆشک، بێدەنگ سەری رازی بوونی بۆ لەقاند.

پیرەی جێگریش لە دڵی خۆیدا وتی:

ــ سوپاس بۆ خوا، کە وەکوو رەشەبا، هەڵی نەکرد!

بە میرە پیرەیشی وت:

ــ گەر وام نەکردایە، وەزیر لە سەردانەکەیدا، نەیدەتوانی بەو ڕاڕەوانەدا، پیاسە بکات.

ئەوەی جێگر لێی دەترسا، رووبدا و، میرە پیرە هەڵگەڕایەوە و، بە تووڕە بوونەوە، لە جێگری رووانی و قیژاندی:

ــ چی؟ چی؟ وەزیر؟ کام وەزیر!؟ ئاخر کێ ئەمەی بە تۆ وت؟ لەبەر خاتری من و، خاتری خاتوونی گەورە پاکت نەکردووەتەوە و، لەبەر خاتری وەزیر ماڵیوتە! من وەزیر ناس نیم!

جێگریش وتی:

ــ خاوەن شکۆ. . . من پێم وابوو. . .

میر قیژاندی و، زۆر خێرا وشەکانی دەردەپەڕاند:

ـ پێت وابوو. . پێت وابوو!ئاخ . . هەی ئاژەڵە نەگریسەکە!! مەرجە تێتبگەیەنم پێت چۆن بێت !

دارەکەی دەستی لێ هەڵبڕی، تاکوو بیدات بە سەری ئەلیاتیتشی جێگریدا. بەڵام ئەو خۆی لادا.

میرە پیرە وتییەوە:

ـ کەوابوو. . . پێت وابوو. . . هەی نەگریسی پیس!!؟

هەرچەند ئەلیاتیتش لەوەش ترسابوو، کە خۆی لە دارەکەی لادابوو. بۆیە زۆرتر خۆی لێ نزیک کردەوە و، سەرە رووتاوەکەی بۆ نەوی کرد، تاکوو لێی بدا.

رەنگە شەرمی تەمەن و، نەوازشەکەی لێ کردبێت، بۆیە دەستی لێ پاراست و دارەکەی لێ هەڵنەبڕی، تاکوو پێیدا بکێشێت. بەڵام لە جنێودانی خۆی نەکەوتبوو. خێرا خێرا دەیووت:

ـ پیسی رسوا. . پیسی رسوا!

ئەمجا خۆی کرد بە کۆشکدا و وتی:

ـ پێیان بڵێ. . بەفرەکە بکەنەوە سەر ڕاڕەوەکان و، وەکوو خۆی لێ بکەنەوە !

نیوەڕۆ خاتوو ماری و کچە بۆرژین، چاوەڕێی هاتنی میرە پیرەیان دەکرد و، لەو بارە دەروونییەیشی بەئا گابوون. لە ڕوخسارە گەشەکەی کچە بۆرژینیشدا وا دەخوێنرایەوە کە بڵێت:

ـ نامەوێت هیچ بزانم! دەمەوێت وەکوو هەمیشەیی خۆم بم !

بەڵام خاتوو ماری، چاوانی داخستبوو و، ڕووی تاڵا بوو. لە کاتێکیشدا سوور دەیزانی کە دەبێت، لەم کاتە ناسکانەدا، ڕووخۆش و، کراوە بێت و، هەر وەکوو بۆرژین بێت.

بەڵام تەقەلاکانی بێسوود بوو. ئەم بەدوادا هاتنەیشی هێندەی تر نیگەرانی کردبوو.

لە دڵی خۆیشیدا دەیووت:

ـ ئەگەر خۆم واپیشان بدەم، کە هەر سەرنجیشی نادەم، وا تێدەگات کە گوێی نادەمێ. خۆ ئەگەر خۆیشم بە خەفەتباری پیشان بدەم، وا دەزانێت کەسێکی خەمۆکم.

هەر کە میرە پیرە ڕووە دریژکۆلەکەی کچەی بینی، بە پرتە و بۆڵەوە وتی:

ـ ئای ئەوە چیتە!؟ دڵت نییە؟ یان خۆت زۆر کەریت؟

کە بینیشی بووکەکەی لە سەر میزی خواردنەکە نییە، لە دڵی خۆیدا وتی:

ـ ئەمە ئەمیان و، ئەوی تریش لێرە نییە! ڕەنگە چەنەبازییان لەگەڵ کردبێت.

بۆیە بە لاقرتێوە پرسیی:

ـ ئەی خاتوونەکەی تر لە کوێیە؟ بڵێی خۆی شاردبێتەوە؟

کچه بۆرییەنیش به پێکەنینەوە وەڵامی دایەوە:

ـ لە ژوورەکەی خۆیدایەو، تەندروستیی باش نییە. ئەم بارەیش لە ژنانی جۆری ئەو چاوەروانکراوە.

میرە پیرە بە پرتە و بۆڵەوە دانیشت و وتی:

ـــ ئـــــم. ئم.

چاوی گێڕا بە شتەکانی سەر مێزی خواردنەکەدا و، قاپێکی بە دڵا نەبوو و پەنجەی بۆ شوێنە پۆخڵەکەی راکێشا و، فرێی دا. بەڵام تیخۆن فریای کەوت و گرتییەوە و، دایەوە بە سەرگەورەی خزمەتکاران.

هەرچەند خاتوونە چکۆلەش، باری دەروونیی لەبار نەبوو، بەڵام ئاگای لە ئاڵۆزی میرە پیرە بوو. بۆیە بە باشی زانی بوو لەو بارانەدا روو بە ڕووی نەبێتەوە و، بە گوێی کچە بۆرییەنیشیدا چرپاندبوو، کە لە کۆرپەلەکەی سکی دەترسێت و، هەر خوا دەیزانێت لە کاتی ترساندنی خۆیدا، منداڵەکەی چیی بە سەر دێت و، چوو بووەوە ژوورەکەی خۆی.

چونکە هەر لەو کاتەوەی، گەیشتبووە لیسیاگۆری هەستی بە جۆرێک لە ترس دەکرد، لە خەزووری و، خۆی بە دوور دەگرت. خۆیشی نەیدەزانی بۆ هێندەی لێ دەترسێت!؟ هەر ئەو ترسە وای لێکردبوو، رقیشی لێی ببێتەوە. بەڵام هۆگری دەوروبەری ببوو و، بایەخی زۆریشی بە کچە بۆرییەن دەدا و، زۆرینەی رۆژەکەی لەگەڵ ئەودا بەسەر دەبرد. تەنانەت داوایشی لێکردبوو، نوێنەکانی بێنێت و، شەو لای خۆیدا بنوێت. بەم کارەیشی خەزووری بێبەری کرد لە وتوێژەکانی بۆرییەن.

بۆرییەن بە دەست و پەنجە ناسکۆکانی، خاوڵییە پوختەکەی قەد کردو وتی:

ـــ میرم. . ئێمەش دەچینە پێشوازیی میوانان. وەکوو بیستوومە میر (کۆراگین) و، کوڕەکەی ئەمڕۆ دەگەنە جێ. . . وا نییە!؟

میرە پیرەش هەر لەسەر ڕەزمەکەی بۆرییەن وەڵامی دایەوە:

ـ ئـم. ئەو خاوەن شکۆیەی تۆ باسی دەکەیت، ئەوە نییە! من خۆم ئەو پیاوەم کردووە بە وەزارەتدا. بەڵام من تێناگەم کوڕەکەی چیی لە من دەوێت!؟ تێناگەم. ڕەنگە خاتوو ئەلیزابیس کارلۆفنا و، خاتوو ماری ئەمە بزانن. ئەوەی دەیزانم. من پێویستیم بەو کەسایەتییە نییە.

کە سەرنجی ڕوخساری پەشۆکاوی کچەکەی دا، پرسیی:

ـــ چییە دەڵێی تۆیش ناساغیت؟ ڕەنگە تۆیش وەکوو ئەلیاتیتشی جێگرم، لە وەزیر بترسیت !

کچەکەیش وتی:

ـــ نەخێر بابە گیان.

هەرچەند کچە بۆرییەن بێ مەبەست باسەکەی هێنایە نێو قسەکان. نەیشیویست، وەکوو

دۆڕاوێک پاشەکشە بکات. بە رووبەکی خۆش و کراوەوە، کەوتە باس کردنی مالّە زستانەی کچەکان. هێشتا میرە پیرە خواردنەکەی کۆتا نەهێنابوو کە روخساری گەشی و خۆشیی، بۆ گەڕایەوە و، تووڕە بوونەکەی ڕەوییەوە.

پاشان بەرەو ژووری بووکەکەی چوو و، سەیری کرد لەسەر کورسییەکی نزم دانیشتووە و، خەریکی قسە کردنە لەگەڵ ماشای کارەکەریدا.

ئەویش هەر کە چاوی بە خەزووری کەوت، روخساری تێکچوو و، ڕەنگی زەرد هەڵگەڕا. هەر چۆنێک بوو وەڵامی هەواڵپرسینەکەی خەزووری دایەوە:

ـ هەست بە بڕێک لەش قورسی دەکەم.

پاشان خەزووری لێی پرسی:

ـ پێویستت بە هیچ نییە!؟

لیزی بووکیشی وتی:

ـ نەخێر. . زۆر سوپاس باوکە گیان.

خەزووریشی وتی:

ـ با وابێت. . زۆر باشە.

گەڕایەوە دواوە و، لە دالّانەکەدا ئەلیاتیتشی جێگری کارەکانی، بینی سەری داخستبوو. لێی پرسی:

ـ بەفرەکەیان خستەوە سەر ڕێ و بان و، ڕاڕەوەکان؟

ئەویش وەڵامی دایەوە:

ـ بەڵێ خاوەن شکۆ. . دەخوازم لەو هەڵەیەم ببووریت، کە کردم. بە ڕاستی گێلانە ڕەفتارم کردبوو.

میرە پیرەیش بە پێکەنینەوە وتی:

ـ دەی لە بیر خۆتی ببەوە. . . زۆر باشە.

دەستی بۆی درێژکرد و، ئەویش خێرا، ماچی کرد. پاشان چووەوە نووسینگەکەی خۆی.

دوا نیوەڕۆی ئەو ڕۆژە، میر بازیل گەیشت. هەندێک لە خزمەتکاران و، گالیسکەوانەکان چوونە پێشوازیان و، لەمبەرو ئەوبەری ئەو ڕێگایەی، کە بەفرەکەی تێکرا بووەوە وەستابوون. بە ناڕەحەتییەکی زۆر گالیسکەی خلیسکێنەکەیان، گەیاندە بەر دەروازەی کۆشک. خێرا دوو ژووریان بۆ میر بازیل و کوڕەکەی تەرخان کرد.

ئەناتۆل پالّتۆکەی داکەندو، لەسەر کورسی و مێزێک دانیشت و، بە چاوە گەورە جوانەکانی، کەوتە سەرنجدانی ژووڕەکە. هەردوو دەستی خستبووە کەمەری و، بە بزەوە وا بیری دەکردەوە، کە ژیانی هەمووی جەژنە و، دەستێکی نادیار سەرپەرشتی

کارەکانێتی. هەر لەو تیلەچاوەوە، سەردانی ئەم پیرە نەگریسە و، کچە ناشیرینەکەی دەکات. بیری لەو گاڵتەجارییەش کردەوە. کە رەنگە خۆشیش بێت.

بە خۆیی وت:

ـ مادام ئەو کچە هێندە دەوڵەمەندە، بۆچی مارەی نەکەم؟ خۆ هەرگیز سامان نەبووەتە هۆی تێکدانی ژیان !

دەستێکی بەرپشیدا هێنا و، کەمێ بۆنی لە خۆی دا و، وەکوو کەسێکی زاڵا بەسەر هەڵوێستەکاندا. بە بەخۆ نازییەوە، خۆی کرد بە ژوورەکەی باوکیدا. دوو خزمەتکار بە دەوری باوکییەوە بوون و، ئەویش خەریکی خۆ ڕێکخستن بوو. سەرێکی ئاسوودەیی بۆ کوڕەکەی نەوی کرد، وەکوو ئەوەی بیەوێت بڵێت:زۆر چاکە. زۆر جوانیت و، منیش دەمویست، ئەمڕۆ بەم شێوەیە بتبینم.

کوڕەیش بە باوکی وت:

ـ کۆڵا بدە لە سوعبەت کردن. پێم بڵێ ئاخۆ ئەم کچە زۆر ناشیرینە؟

باوکیشی وتی:

ـ ئای کە کەریت! ئەمەیان گرنگ نییە و، ئەوەیان گرنگە، تۆ پەسەندی باوکی بیت. دەبێت وا بیر بکەیتەوە، کە دوا رۆژت بەندە، بە رازی بوونی ئەوەوە لە تۆ.

کارەکەرەکانیش لە ژوورەکەی خۆیاندا بە ئاگابوون، لە گەیشتنی میرو کوڕەکەی. هێندەیان باس کردبوون، هەموو شتێک دەربارەیان زانرابوو. خاتوو ماریش خۆی خزاندە ژوورەکەی خۆی و، هەوڵی دەدا کە زاڵا بێت بەسەر شڵەژان و، پەشۆکاوییەکەی خۆیدا.

ماری لەبەر ئاوێنەکەدا وەستا و، کەوتە سەیر کردنی خۆی و پرسیی:

ـ ئاخۆ بۆچی بە نامە، ئەم هەواڵەیان دابوو پێم؟ ئەی لیز بۆ ئەمەی تێگەیاندم؟ دوای ئەوەی کە لە نیازی بە ئاگام. نا. . نا. . پێویستە لە هۆڵی میوان بم، خۆم لەبەر دەمیدا بۆ ناگیرێت !

بە تەنیا بیرکردنەوە، لە ڕوو بە ڕوو بوونەوە، لەگەڵ باوکیدا و، وتوێژ لەو بارەیەوە، لە پەل و پۆی خستبوو.

ماشای هاوڕازی لیز بە راکردن خۆی گەیاندە ئەمیرە و بۆریین و، ڕاپۆرتێکی دوورو درێژی لە بارەی وەزیر و، ئەناتۆلی کوڕییەوە پێدان.

هەرچەند باوکەکە زۆر بە گران بە پلیکانەکەدا سەر دەکەوت، بەڵام کوڕە هەرزەکارەکەی، وەک هەڵۆ لە دواوە سەردەکەوت و، سێ پلیکانەی بە قەڵەمبازێک دەبڕی. تا بڵێی کوڕێکی قۆز و، شۆخ و شەنگیش بوو.

کە دوو خاتوونەکە ئەم زانیارییانەیان وەرگرت، زۆر بە بایەخەوە لێی دووان و کەوتنە شیکردنەوەی و، بە جۆرێک لە ڕاڕەوەکەوە دەنگیان دەبیسترا. تا بەردەم ژوورەکەی

ماریش له وتوویژەکەیان نەبووبوونەوە.

لیز بە قەبە بوونی سکی نارەحەت ببوو،لەسەر کورسییەک دانیشت و وتی:

ـ ئاخۆ ماری گیان . . دەزانیت هەردوکیان گەیشتوون!؟

لیز بەرگی شەوی گۆڕی بوو و، جوانترین بەرگی پۆشی و، خۆی رازاندبووەوە و، قژی داهێنابوو.

بەڵام ماری ماندوویەتی و، بێزاری لە رووی نەبڕابوو. ئەو بەرگەیشی کە تەنیا بۆ ئاهەنگ و، بۆنەکان دەیپۆشی، لەبەرکرد بوو و، هێندەی تر ناشیرینی کردبوو !

بۆربینیش میکیاژێکی تەنکی کردبوو و، پێی وابوو، زۆر پێوەی دیار نابێت. بەڵام هێندەی تر جوان و شۆخ و شەنگی کردبوو!

بۆربین رووی کردە ماری و پرسیی:

ــ ئەمە چییە ئازیزەکەم. دەڵێی نیازت نییە، هیچ لە خۆت بکەیت؟ خۆ هەر، هێندە دەزانیت، ئەوان دەچنە هۆڵەکە. ئەو کاتە دەبێت ئێمەش بچین و، فریای هیچی تر ناکەوین. کەچی تۆیش ئارایشتی خۆت نەکردووە !!

لیز لە جێی خۆی هەستا و، بە زەنگ لێدان هاوڕازەکەی خۆی بانگ کرد. خاتوو ماریش کەمێ خەجاڵەتی کێشا، بەوەی کە دوو هاوڕێیەی چاوەڕێی ئەوەیان لێ نەکردبوو. لە خۆیشی پرسی:کە ئاخۆ چۆن دەبێت هەر بە هاتنی داواکار بۆی، بشڵەژێت؟

حەزیشی نەدەکرد لەبەر چاوی ئەوان، شڵەژاویی پێوە دیار بێت. هەر وەکوو نێچیرێکی دەستەمۆ، خۆی دا بە دەست لیز و بۆرینەوە و، ئەوانیش دڵسۆزانە کەوتنە ئارایشتی.

هەرچەند ناشیرینییەکەیشی بێ سنوور بوو، بەڵام ژنان ئارایشتکردنیان وا لە دڵا و میشک و دەروونداچەسپیوە، کە پێیان وایە بە بێ ئارایشت، جوانییەکەیان ون دەبێت و، دەرناکوێت !

لیز کەمێ چووە دواوە و سەرنجێکی دا و وتی:

ـ نەخێر ئازیزەکەم، ئەم بەرگەی بەرت لێ نایەت. پێیان بڵێ با بەرگە ماساکاکەت بۆ بێنن. (ماساکایش قوماشێکی رەنگ باینجانیی دوا مۆدێل بوو.) ئاخر ئەمەی ئێمە دەیکەین زۆر گرنگە و، رەنگە چارەنووسی تۆی پێوە گرێ درابێت! باش بزانە کە ئەم بەرگە رەنگ کاڵەی بەرت لێ نایەت.

لە راستیشدا بەرگەکەی بەری نالەباربوو. دەم و چاوی نالەباربوو. خۆزگە هەر روخساری وا نالەبار بوایە. هەموو لەش و لاریشی ناجۆر بوو. بەڵام چی بوو، لیزو بۆربین ئەم راستیەیان نەدەزانی. ئەوان پێیان وابوو، گەر قژیان کەمێک بەرز بکردایەتەوە و، بۆیان ببەستایە و، پشتوێنێکی قوماشیان لە ناوقەدی و چی و چی. خەمیان دەڕەوێتەوە و، ماری بەدڵی هەمووان دەبێت. ئەوەیان نەدەزانی کە هەرچەند خەریکی ببن، روخسارە

ناشیرینەکەیان بۆ ناگۆڕدرێت. ئەو ڕوخسارەی کە خاوەنەکەی لە تەنیایدا چەندین ئاخ و حەسرەت و، فرمێسکی بۆ هەڵڕشت بوو!

چەپڵەیەکی بۆ کارەکەرەکەی لێدا و هاواری کرد:

ـ کاتیا گیان. . کراسە بۆرەکەی خاتوونت بێنە.

لیز ڕووی کردە بۆریین و وەکوو هونەرمەندێکی کارامە، وێنەی ماری هێنایە پێش چاوی و وتی:

ـ سەیرم بکەن. . بزانن ئێستا بە و کراسە چەند جوانی دەکەم !

کارەکەرەکە کراسەکەی هێنا و، ماریش هەر سەرنجی لیزی دەدا. لیزیش کە لە ئاوێنەکەدا سەرنجی چاوانی ئەوی دا، بە فرمێسک بوون. لێوانیشی لەڕەی گریانیان پێوە دیار بوو.

بۆریین بە لیزی وت:

ـ خاتوونەکەم. . خۆتی زیاتر پێوە ماندوو بکە.

ئەویش کراسەکەی بە سنگیدا شۆڕ کردەوە و وتی:

ـ ئازیزەکەم، ئەمەیشت لەگەڵ تاقی دەکەمەوە. دەشبینیت چەند جوانت دەکات.

بۆرین و کاتیا کردیانە پێکەنین و، ساتێکی خۆشیان سازان.

ماریش بە ناسۆرەوە هەڵیدایە و نەخێر، تەنانەت بااڵندەکانیشی بێدەنگ کرد.

کە ئەو سیانە ئەو دیمەنەیان بینی، تێگەیشتن نەک ئاسنی سارد دەکوتن و بەس، بەڵکوو خەمی ماریش زۆرتر دەکەن.

لیز وتی:

ـ کەوابوو شێوەی قژەکەت بگۆڕە.

بە گلەییشەوە بە بۆرییەنی وت:

ـ سەلامەت بێت. . پێم وتیت ئەم قژ داهێنان و، بەرزکردنەوەیەی لێ نایەت. بەڵێ لێی نایەت! قوربانت بم بۆی بگۆڕە.

ماریش بە چاوی فرمێسکاوییەوە وتی:

ـ هەر چۆنێکی لێ بکەن بێسوودە !

لیزو بۆرییەنیش لەدڵی خۆیاندا، ددانیان بەو ڕاستییەدا نا. تێیشگەیشتن کە ماریان ناشیرینتر کردووە. بەاڵم تازە چاریان نەماوە. ماری سەرنجێکی دان و ئەوانیش کپ بوونەوە.

بۆ یەکجاریش سەرنجی ئاوێنەکەی بەرامبەری خۆی نەدا و، خۆی دا بە دەست زیندە خەوەکەی خۆیەوە و، زاوای بە کەسێکی خاوەن کەسێتی تۆکمە هاتە بەرچاو و، وای دانا، کە پەلی ئەمیش بگرێت و، پەلکێشی جیهانە خۆشەکەی خۆی بکات. خۆیشی وەکوو دایەنکەی خۆی بینی و، ئەو منااڵەی کە دوێنێ بە سنگی خۆیەوە، نووساند بوو و، وا

هاتەوە بەرچاوی کە مێردە نوێیەکەیشی بە سۆزەوە، لێیان دەڕوانێت!

بەڵام هەر زوو بە ئاگا هاتەوە و، لە دڵی خۆیدا وتی:

ـ بەڵام نەخێر. . . مەحاڵە! من زۆر ناشیرینم !

کارەکەرەکەیشی لەودیو دەرگاکەوە بانگی کرد:

ـ وا چایەکیش ئامادە بوو و، هەر ئێستا میر بازیل و کوڕەکەی، دەگەن.

زیندەخەوەکەی ماری رەوییەوە و، لەو خەڵاتەی خۆی ترسا و، جارێکی دی، خۆی دا بە دەست ئێستای خۆیەوە. پێش ئەوەی بچێتە دەرەوە، چووە ژوورەکەی خۆی و، شوێن نوێژەکەی و، بەردەم ئەو پەیکەرە رەشەی، بە تیشکی چرا داگیرساوەکەی بەرامبەری، رووناک ببووەوە و، دوو دەستی لە سەر سنگی خۆی، دانابوو. بیری وێڵی ئەو گومانە بوو:کە ئاخۆ بانگهێشتی چەشتنی چێژی ئەو خۆشەویستییە دنیاییە کرابێت؟ کە هەر بۆ پیاو لواوە!؟

هەرجارێک بیری لە شوو کردن کردبێتەوە، بیریشی لە بەختیار بوون بە منالا و، خێزان کردبووەوە. ئەمانە زرنگەیان دەهات لە میشکیدا و، تەقەلای دەدا بیان شارێتەوە و، بە خۆیی دەوت:

ـ خوایە گیان، چی بکەم، تا لەم حەزە شەیتانییە، رزگارم ببێت؟

هێشتا نزاکەی کۆتا نەبوو بوو، کە هەستی بە وەڵامە ئاسمانیەکەی ئاوا کرد:

ـ حەز بە شتێک مەکە، کە بە سوودی خۆت بگەڕێتەوە. خۆت ماندووی گەڕان مەکە، بە دووی شتەکاندا. بەغیلیش بە کەس مەبە! پێویستە ئەم دنیایشت وەکوو ئەو دنیات، نادیار بێت. گەر ویستی خوای لەسەر بوو، ئەوا شوو بکە و، بێ سێو دوو کردن مەرجەکانی جێبەجێ بکە.

بەبێ بیرکردنەوە لە قژداهێنان و، خۆ جوانکردنیش و، بۆ پەسەندبوونی نزاکەیی و، گەیشتنی بە خۆشەویستی، خاچێکی لەسەر سینەی خۆی کێشا. بە پلیکانەکاندا چووە خوارەوە و، بەرەو هۆڵەکە.

تەنانەت بیری لەوەیش نەکردەوە، کە ئاخۆ لە نێو میواناندا، چی دەبێت و، پێویستە ئەم چی بکات؟ چونکە ئەمانە هەر هیچ نین لە بەرامبەر ویستی خوادا. ئەو خوایەی کە بە بێ ئاگاداریی ئەو، مووێک لە سەران بەر نابێتەوە!

بەشی چوار
خەونەکانی کچە بۆرییەن

کە ماری خۆی کرد بە هۆڵەکەدا، میر بازیل و کوڕەکەی، قسەیان بۆ خاتوونە چکۆلە و، کچە بۆرییەن دەکرد. لە سەر پاژنەی پێیەکانی رۆیشت و، چووە ئەو لای بۆرییەنەوە و، لێی دانیشت. دوا بە دوای بۆرییەن، میر بازیل و کوڕەکەی، هەستانە سەرپێ.

لیز بە رووبەکی خۆشەوە وتی:

ـ ئەوەیش ماری.

ماریش سەیرێکی کردن. میر بازیلیش، بە زەردەخەنەیەکەوە، وەکوو پێوەی راهات بوو، پیشوازیی لێکرد. لیزیش سەرنجی هەردوکیانی دا، تا بزانێت چ کاریگەرییەکی لە سەریان دەبێت؟

بۆرینیش بەجوانی و نازداریەکەی خۆی، هۆڵەکەی رازاندبووەوە. هەرچەند ئەناتۆل زۆر گوێی نەدەدایە، بەڵام ماری تێگەیشت، کە ئەو کوڕێکی قۆز و سەرنجڕاکێشە.

میر بازیل بەرەو رووی چوو و، داموکایەوە و، دەستی ماچ کرد. ماریش نێو چاوانی ئەوی ماچ کرد و، بە خێری هێنا.

بە دوایدا ئەناتۆل چووە پێشو، ئەمیش هیچ سەرنجێکی روخساری نەدا. بەڵام هەستی بە دەستە نەرمەکەی کرد، لە نێو دەستیدا.

بە سەیرکردنی روخساری ئەناتۆل، سەرسامی جوانییەکەی بوو. ئەناتۆلیش خۆی دابوو بەسەر لاقێکیداو پەنجەیەکی دەستە راستی لە گیرفانی نابوو و، سەرنجی ماری دەدا و، بیریشی لای ئەو نەبوو. هەرچەند ئەناتۆل گەنجێکی سەرن جڕاکێش و، زمان پاراو و، قسەزان نەبوو، بەڵام هێمنی و، ساردیی لەگەڵ دەور و بەریدا و، بڕوا بوونەکەی بە خۆی،

جێی سەرنج بوو !

خۆ وەنەبێت، فرە قسەزان و، لەبلەبانیش بێت. کەچی ئەناتۆل لەگەڵ بێدەنگ بوونەکەیدا، بە فیزێکەوە، دوو پەنجەی لە گیرفانی پانتۆلەکەی نابوو و، سەرنجی ماریی دەدا. دیار بوو دەیشیتوانی زیاتر سەرنج بدات.

وا دەردەکەوت لە دڵی خۆیدا بڵێت:

ـ گەر بێدەنگییەکەم ئازارت دەدات، تۆ قسە بکە. چونکە من زۆر حەزم لە قسە کردن نییە !

ئاناتۆلا هەمیشە لووتبەرزانە هەڵس و کەوتی لەگەڵ ژنان دەکرد. ئەمەش ژنانی دەبزواند بۆ هەڵچوون و، خۆشەویستی. گەر بیرکردنەوەیشی وا نەبوایە، بەو رەوشتەی وای پیشان دەدا، کە دەیەوێت بڵێت:

چاکت دەناسم. دەزانم کە خۆ بردنە پێشەوە، لە تۆ بێسوودە. گەر وا نەبم دڵی تۆی پێ خۆش دەبێت !

ئەم ئەناتۆلە، وایش ناسرابوو، کە زۆر حەزی بە بیرکردنەوە نەبوو. ماریش بەو رەفتارەی کە نواندی، گەیشتە ئەو بیرکردنەوەیە. بۆیە ئەمیش وای پیشاندا، کە رووی ناداتێ و، رووی کردە میرە پیرە و، کەوتە قسە کردن و، ئەوانیش دریژەیان بە وتوویژەکان دا.

لیزیش لە قسە کردن دریغی نەکرد. گەندەمووەکانی سەر لێوە، کەمێک کورتەکەیشی، وا کەوتبووەوە، کە هەمیشە، ددانە سپییەکانی بە دەرەوە بێت. بەم قسانەیدا کە بۆ میر بازیلی دەکرد، وای پیشان دەدا، کە زۆر پێک ئاشنان. بەڵام لە راستیدا هەر وانەبوو.

میر بازیلیش رقی لەو شێوە گفتوگۆیە نەبوو. بگرە هانی لیزیشی دەدا، بۆ فرە بێژی. لیزیش زۆرێک لە هەوالا و، رووداوە نوکتە ئامێز و، سەیرەکانی هەر لە ئەوێدا دروست دەکرد و، گەرمو گوڕ بوون.

ماریش وا ئالودەی بیرەوەرییەکانی لیز ببوو، گرنگی ئەو بارودۆخەی دەور و بەری و، هەڵوێستەکانیانی بیرچوو بووەوە.

لیز بە زمانی فەرەنسی وتی:

ـ خۆ لانیکەم ئەمجارەیان، لە بینینت تێر دەبین و، وەکوو ئاهەنگەکەی خاتوو ئانیت نابێت. بیرتە خۆت دەدزییەوە! خۆ خاتوو ئانیت بیر ماوە؟

میر بازیلیش وتی:

ـ بەڵام تۆ وەکو (ئانیت) باسی سیاسەتت نەدەکرد !

لیزیش پرسی:

ـ یان ئەو کاتەی بە دەوری مێزی چا خواردنەوەکەدا، دانیشت بووین !

میر بازیلیش وتی:

ـ ئای. . . بەڵێ !

پاشان لیز رووی کردە ئەناتۆل و پرسیی:

ـ باشە ئەی بۆ لە ئاهەنگەکەی ئانێتدا تۆم نەبینی؟ ئۆو ئێستا دەزانم! ئێستا!

چاوێکی داگرتو وتی:

ـ (هیبۆلیت پییەر)ی برات، پرۆژەکانی تۆی بۆ باس کردووم.

پاشان پەنجەیەکی هەڕەشە ئامێزی لێ ڕاوەشاند و وتی:

ـ تەنانەت لە کارە هەرزەکانی (پاریس)یشت بە ئاگام.

میر بازیل قۆڵی لیزی گرت و، بە کوڕەکەی خۆیشی وت:

ـ بەڵام ئەوەی باش کردبوو، کە باسی ئەم خاتوونەی بۆ کرد بوویت، کە چۆن ئەم ئەناتۆلەی لە خۆی و ئەو، دوور خستووەتەوە.

رووی‌شی کردە ماریش و وتی:

ـ ئاە! ئەم خاتوونەیشمان، مرواریە. . مرواری!

بۆرییەنیش خەیاڵی هەر لای پاریس بوو و، لە ئەناتۆلی پرسی، کە ئاخۆ دەمێکە پاریسی جێ هێشتووە؟ بڵێی ئەو شارە کاریگەریی لەسەر ژیانی بووبێت؟

ئەویش بە بزەیەکەوە، وەڵامی دایەوە و، باسی نیشتمانەکەی خۆی بۆ کرد.

لەو کاتەوە ئەناتۆل چاوی بەم کیژە فەڕەنسییە، ناسک و نازدارە کەوت بوو، بێزار بوونەکەی لەو (لیساگوری)یە ڕەوییەوە.

بە وردی سەرنجی بۆرییەنی دا و لە دڵی خۆیدا وتی:

ـ کچێکی خراپ نییە. لە ڕاستیدا خراپ نییە! خۆزگە دوای ماڕە کردنەکەی ماری ، ئەم کیژەی هەر لای خۆی دەهێشتەوە. ئا ئەم کیژۆڵەیە زۆر ناسکۆڵەیە !

میرە پیرەش زۆر بە کاوەخۆیی، خۆی دەگۆڕی. هەرچەند بە هاتنیشیان ناڕەحەت بوو، بیریشی بە لای ئەوەوە بوو، کە چۆن چۆنی پێشوازی لە میوانەکانی بکات؟

لەبەرخۆیەوە وتی:

ـ ئاخر من چ پێویستییەکم بە میر بازیل و بێچووەکەیەتی!؟

لە ڕاستیدا خۆشی نەدەهات لەوەی بۆی هاتبوون. هەر بۆیەش لێیان بێزاربوو. بە خۆیی وت کە باوکی ئەم کوڕە فێڵبازە و، گومانی تێدا نییە، کوڕیش دەچێتەوە سەر باوکی خۆی !

شووکردنی ماری بەلایەوە زۆر گران بوو و، زۆری بیر لێ کردبووەوە. زۆر جاریش لە خۆی پرسیبوو کە ئاخۆ ڕۆژێک بێت بە هۆی ئەو شوو کردنە نەفرتییەوە لە ماری دابڕێت؟ هەرچەند وای پیشان دەدا، کە بەلایەوە گرنگ نییە، ماری شوو بکات، بەڵام بێ ماری هەڵیشی نەدەکرد.

کەوتە بیرکردنەوە. بۆچی دەبێت بیدەم بە شوو؟ ئەوەتا لیز شووی کردووە و کوڕەکەم باشترین میردیشە بۆی. بەڵام بووکەکەم هەر لە دوارۆژی خۆی رازی نییە! ئاخر

کێ هەیە بە خۆشەویستی ماری کچم مارە بکات؟ ئەم کچەی من وەکوو ناشیرینیشە، زۆر وریا و قسەزان و کۆمەڵایەتییش نییە!! هەر کەسێکیش مارەی بکات، لەبەر دەوڵەمەندی و ناسراوییەکەیەتی. بڵێی گەر ژیانی بە قەیرەیی بەسەر بەرێت بە لایەوە ناخۆش بێت!؟

ــ نەخێر!! منْ پێم وایە زۆر شاد و بەختەوەریش دەژی.

لە کاتێکدا کە بە دەم خۆ گۆڕینەوە، خەریکی ئەم سێ و دووەی خۆی بوو، وا هەستی کرد کە لێکدانەوە و، شیکردنەوە کۆن و نوێیەکانی لە یەکتری جیاوازن.

ــ لەو لایشەوە میر بازیل و کوڕەکەی، بۆ ئەوە هاتوون، کە داوای ماری بکەن و، ئەمڕۆ بێت و سبەینێ، خۆ هەر دەبێت وەڵام بدرێنەوە.

کەوتەوە پرسیار لە خۆ کردن و، رامان لە وەڵامەکان.

ــ هەرچەند پلە و پایەی کوڕەکەی ئەو و، کچەکەی من، هاوتان. بەڵام ئاخۆ کوڕەکەی ئەو، شایستەی کچەکەی منە!؟

سەرێکی بادا و، وەڵامی خۆی دایەوە.

پاشان بە دەنگی بەرز لەبەرخۆیەوە وتی:

ــ دەیبینین. . دوای کەمێکی تر، لامان روون دەبێتەوە !

هەنگاوە خێراکانی، گەیانییە هۆڵەکە و، سەرنجێکی دانیشتووانی دا و قژ بەستنەکەی ماری و، پشتوێنەکەی ناوقەدی و، ئەو بزەیەی بۆ ئەناتۆل. لە هەمان کاتدا دووڕە پەرێزییەکەی و، کپ بوونەکەی، ئەو کات و، لە گۆشەیەکی هۆڵەکەدا، سەرنجی راکێشا.

بۆیە لە دڵی خۆیدا وتی:

ــ فەرموو. . . تۆ بزانە. . تۆ بزانە! کچەکەم وەکوو گێلێک خۆی پیشان دەدات !

بەرەو رووی میر بازیل چوو و وتی:

بە خێر بێیت و، شادم بە بینینت.

میر بازیلیش بە زمانێکی راوەستاوانە و، نیان و شیرین وتی:

ــ لە پێناوی بینینی تۆدا بڕینی دوو فرسەخە ڕێ، هەر هیچ نییە. ئەمەیش کوڕە پاشەبەرەکەمانە و پێتی دەناسێنم.

میر نیکۆڵا ئاندرییتش سەرنجێکی ئەناتۆلی داو وتی:

بەڕاستی هەرزەکارە. وەرە با لە ئامێزت بگرم.

رووبشی بۆ وەرگێڕا و ئەناتۆل باوەشی بە ملی میرە پیرەدا کرد و، چاوەڕێی جوڵەی ئەو بوو.

میر نیکۆڵا لەسەر کورسییەک دانیشت و، کورسییەکی تری راکێشایە لای خۆیەوە و، فەرمووی لە میر بازیل کرد، کە بچێتە لای خۆیەوە.

ئەویش هەرچەند خەریکی سەرنجدانی کچەکەی بوو، بەڵام وای پیشان دەدا، کە گوێی لە قسەکانی ئەو گرتووە.

میرە پیرە هەستا و، بەرەو کچەکەی چوو و وتی:

ـ کەوابوو ئێستا هەواڵەکان لە پۆستدامەوە دێن؟

لە کچەکەیشی پرسی:

ـ ئەمە بۆ میوانەکان ئەم گاڵتەجارپییەت، بە سەر خۆت هێناوە؟ رەنگە ویست بێتت وای دەربخەیت کە زۆر جوانیت! ئەوا لەبەرچاوی، ئەم میوانانە فەرمانت پێ دەدەم، کە بە بێ ئاگاداریی خۆم، شتێوەی داهێنانی قژت نەگۆڕیت.

خاتوونە چکۆلەیش سوورهەڵگەڕاو وتی:

ـ بەڕاستی ئەوە هەڵەی من بوو مامە.

میرە پیرەیش وتی:

ـ تۆ بۆ خۆت ئازادیت، کە چی دەکەیت. بەڵام پێویست ناکات ئەم خۆی ناشیرینتر بکات.

لەولاوە لێی دانیشت، بێ ئەوەی هەر گوێیش بە هەستی کچەکەی بدات، کە چۆن تەریقی کردەوە و، خستوویەتییە گریان!

میرە پیرە رووی لە ئاناتۆل کردو وتی:

ـ دەی کوڕی قۆز! یان با پێت بڵێم، میرە هەرزەکارەکە. لە راستیدا نازانم چۆن بانگت دەکەن؟ وەرە. . وەرە لای خۆمەوە، با زیاتر بدوێین و یەکتر بناسین.

ئەناتۆل بزەیەک گرتی و، چووە لای میرە پیرەوە و، لە دڵی خۆیدا وتی:

ـ ئاە! ئەوا گاڵتەجارپییەکە دەستی پێکرد !

پاشان میرە پیرە وتی:

ـ وەکوو بیستوومە. . ئازیزەکەم، تۆ لە هەندەران گەورە بوویت. کەوابوو گومانی تێدانییە، کە وەکوو من و باوکت، بیر ناکەیتەوە. چونکە کاتی خۆی، یەک جۆرە جرجی کڵێسە، من و باوکتی فێری نووسین و خوێندنەوە کردووە.

خۆی لێ بردە پێشترەوە و لە سەری ڕۆیشت:

ـ پێم بڵێ. . ئاخۆ لە (پاسەوانانی سوارە)دا، خۆت ناونووس کردووە؟

ئەویش هەر چۆنێک بوو، پێکەنینەکەی شاردەوە و وەڵامی دایەوە:

ـ نەخێر! لە (سوپای کارا)دا خۆم ناونووس کردووە.

میرە پیرەیش وتی:

ـ زۆر چاکە! چاکت کردووە هاوڕێ. ئێستا ئێمە لە جەنگداین و تۆیش لە خزمەت کردنی نیشتمان و قەیسەردایت. . وا نییە؟ لاوێکی وەکو تۆیش ئەرکی خۆیەتی کە بەشداری ئەو شەڕە بکات. . . ئەی وا نییە؟

ئاناتۆلیش لە وەڵامدا وتی:

ـ نەخێر میرم، هەرچەند فیرقەکەم لە بەرەی شەڕدایە، بەڵام من لە بەرەی شەڕەکەدا نیم و، لە یەکەیەکی پاشکۆی ئەو فیرقەیەدام و، دوورم لە بەرەکەوە.

به پێکەنینێشەوە رووی کردە باوکیشی و لێی پرسیی:

ـ بیرم چووەتەوە. . ئای شەیتان بە نەفرەت بێت! بابە پاشکۆکە نێوی چییە؟

میرە پیرەیش پێکەنینێکی ساختانەی کرد و وتی:

ـ ئائەمەیە خزمەتی نیشتمان. پاشکۆکە نێوی چییە؟ بۆ خاتری شەیتان. ها. . ها

ئەناتۆلیش لە ناخەوە لەگەڵیدا دەستیکردە پێکەنین.

ـ میرە پیرە برۆکانی هێنایەوە یەک و پێی وت:

ـ زۆر چاکە. . ئێستا لێم دوور بکەوەوە و برۆ.

ئەناتۆل بە زەردەخەنەیەکەوە هەستا و، چووەوە نێو خاتوونەکان و، میرە پیرەیش رووی کردە میر بازیل و وتی:

ـ بە راستی لەو هەندەرانە، زۆر جوانت پەروەردە کردووە. . . وا نییە!؟

میر بازیلیش لە وەڵامیدا وتی:

ـ لە راستیدا دڕێغیم لێ نەکردووە. گەر راستت دەوێت رۆشنبیریی ئەوروپا لە هی خۆمان باشترە.

میرە پیرەش وتی:

ـ ئەوە گومانی تێدا نییە! جێی مشت ومڕیش نییە، کە هەموو نوێگەرییەک بۆ خۆی جوانە و، ئەمیش گەنجە. دەی فەرموو با برۆینە شوێنی تایبەتی خۆم.

بەرەو نووسینگەکەی خۆی دەستی، میر بازیلی گرتو، هەر کە گەیشتن و دانیشتن، میوانەکە وێست و ئارەزووەکەی خۆی بە خانەخوێ وت.

میرە پیرەش بە گرژییەوە وتی:

ـ تۆ لەو بڕوایەدایت کە من ببمە رێگری بەختەوەریی کچەکەم و، نەتوانم بە بێ ئەو بژیم!؟ نە بیکە بە هەرا و نەهیچ. لە سبەینێ زووتر نییە. بیبە و برۆ. هەرچەند من نابمە بەربەستی، بەڵام هێندەم دەوێت، کە باشتر زاواکەم بناسم. خۆت دەمناسیت کە حەزم لە پێچ و پەنا نییە. سبەینێیش لە بەرچاوی خۆت پرسیار لە کچەکەم دەکەم. گەر پەسەندی بوو، ئەوا تۆیش ڕێ بدە، بە کوڕەکەت کە ماوەیەک لێرە لامان بمێنێتەوە، تاکوو باشتر لێی تێ بگەم. پاشان چۆن ئەناتۆلی لە هۆڵەکەدا لە خۆی دوورخستەوە، بە هەمان شێوە ئەمیشی دوورخستەوە و پێی وت:

ـ با کچەکەم مارە بکات. با مارەی بکات. بەڵامەوە گرنگ نییە.

میر بازیلیش وەکوو ئەو پیلانگێڕەی کە دەزانێت بەرامبەرەکەی بۆ ناخەڵەتێت، وتی:

ـ لە راستیدا چوونە دەروونی خەڵکییەوە، کارێکی زۆر گران نییە! هەرچەندە ئەناتۆلیش داهێنەری بارووت نییە، بەڵام لاوێکی پاڵفتەی دڵپاک و کوڕێکی چاکە.

میرە پیرەیش وتی:

ـ زۆر چاکە. . . با بزانین.

ئەو ژنانەی لیساگۆری وەکوو ماوەیەکی زۆر لە پیاوان دابڕابووبن، وا بوون. بە هاتنی ئەناتۆل، مقۆمقۆ کەوتە نێویانەوە، هەموویان بووژانەوە. ئیدی ئەو ژیانە رۆتینەی کە لە تاریکیدا بە سەریان دەبرد، نەما و، چێژیان بە ژیانی خۆیان دا.

خاتوو ماریش سەرداهێنانە شوومەکەی خۆی بیرچووەوە. ئەو هەرزەکارە رووگەشە قۆزە خوێن گەرمە، کە چاوەڕێی ئەوەیەتی ببێتە مێردی داهاتووی، بیرو هۆشی داگیر کردبوو. زۆر چاک دەیزانی کە دڵپاک و بەخشندە و، بڕوا بەخۆ بووە. بە هەزاران خەون و خەیاڵی وای لەلا گەلاڵە کردبوو، کە نەیدەتوانی دەستبەرداریان بێت.

لە دڵی خۆیدا وتی:

ـ بڵێی ساردبوونم لە بەرامبەریدا، پێوە دیار نەبێت؟ دیارە تاکوو ددان بە خۆمدا بگرم و، نەیدوێنم، خراپ دەکەوێت لە سەرم. رەنگە وا تێ بگات کە پێی سەرسام نیم. کەوابوو دەبێت:خۆم وا پیشان بدەم، کە زۆر شاد و ئاسوودەم، بە هاتنی ئەو لاوە.

ئاناتۆلیش لە دڵی خۆیدا دەیوت:

ــ ئای لەم کچە داماوە . . چەند ناشیرینە !

هەر بە هاتنی ئەو هەرزەکارە، بیرکردنەوەیەکی جیاواز لە مێشکی بۆرییندا چەکەرەی کردبوو. زۆر دەمێک بوو، ئاواتەخوازی ئەوەبوو، کە میرێکی رووسی لێ نزیک بێتەوە. یەکەمجار بوو، هەستی بە زاڵیی خۆی و، سەرکەوتوویی دەکرد بە سەر دەوروبەرە گێلە کاڵفامەکانیدا و، ئەوانەی کە تەنانەت نازانن، بەرگێکی گونجاو و، سازاویش بپۆشن و، سەرنجراکێش بن. هەرچەند ئەوەیشی دەزانی کە کچێکی جوانی وەکوو ئەو، بێبەرییە لە پلەی کۆمەڵایەتی و، لە نیشتمانیش، بەڵام خۆ نابێت هەر بەم شێوەیەش، ژیان بەڕێ بکات و، هەر خەریکی خزمەت کردنی نیکۆلا ئاندریەییتش و کارەکەرێتی خاتوو ماری بێت !

بۆرییەن زۆر خۆشی دەهات لەو چیرۆکەی کە کاتی خۆی پووڕەی، خوشکی باوکی، بۆی گێڕابووەوە و، هەرجارەی بیری دەکەوتەوە، بە خەیاڵی خۆی بۆ دەزگیرانەکەی خۆی دەگێڕایەوە، کە چۆن کیژە پاڵەوانی ئەو چیرۆکە، پیاوێک فریوی دەدات و، بێ ئەوەی مارەی بکات، خۆی دەدات بە دەستەوە و، تێرو پڕ بۆی دەگریا. بەڵام ئەو پاڵەوانەی ئێستا ئەم چاوەڕێی دەکات، خەیاڵا نییە و، ئێستا لەبەر دەستیدایە. ئەویش میرێکی رووسیی تۆخە. هەوڵیش دەدات دڵی بفرێنێت و، وای لێ بکات کە مارەی بکات. ئەمە بەرنامەی بەرچاوی کچە بۆرییەن بوو. بە نیازیش بوو کە پەیرەوی بکات. هەر بە خەیاڵا تان و پۆی تۆرەکەی، وا رادەخست، کە لە (ئەناتۆل)ەوە بئاڵێت. ئەو ئەناتۆلەی کە ببووە پاڵەوانی زیندەخەوەکانی ماریش. (لیز)یش لە ئەسپی سێرکی راهێنرا و، دەچوو. بە بۆقیەی خاوەنەکەی، هێندە خەریکی لەنجەولاری خۆی بوو. باری تەندروستی خۆیی، بیرچووبووەوە. تەنیا ئارەزووی خۆنواندن بوو و، ئامانجی تری نەبوو.

ئەناتۆلیش بۆی رەخسابوو و، کەوتبووە نێوان ئەو ئافرەتانەوە. چێژێکی زۆری لەو بار و دۆخە دەبینی. چونکە دەیبینی ئەوان چۆن بایەخی پێدەدەن. سەرەڕای ئەمانەش، هەر

زوو، کەوتـە ژێـر کاریگـەریی جوانییەکـەی کچـە (بـۆرییـن)ەوە. زۆر مەترسـیی تـووش بوونیشی بوو بە هەڵەیەکەوە. دوای چا خواردنەوە، میوانان بەرەو هۆڵا برانەوە. داوایان لە مـاری کـرد کـە (ئـارگۆن) بژەنێـت. (ئانـاتۆل)یـش بـە تەنیشـت بۆرییـنـەوە دوو ئانیشـکی خستبووە سەر مێزی ئاراگۆنەکەوە. بزەو سەرنجەکانیشی بۆ بۆرین بـوو. مـاریـیش کـەمێ شـڵەژانی پێـوە دیـاربوو. هەرچەنـد زۆر دڵخـۆش بـوو. بـەڵام ببـووە جێـی سـەرنجی میوانـەکانیش. ئـەو پارچـە ئـاوازەی کـە بـەلای خۆیـەوە زۆر خۆشـبوو، پەلکێشـی دنیـای ئەندێشـەی پڕ بەختـەوەریی کردبـوو. گـوێگرتنی میوانـەکانیش بـۆ ئاوازەکـەی، هێندەی تر، گەشە و کراوەیی، پێ بەخشی.

مارى چاوەڕێی رۆژێکی وا نەبوو، کە خەڵکانێکی وا زۆر گوێ بۆ ئاوازی ئەو را بگرن. جاروبـارێکیش لـە ژێـر مێـزی ئارگۆنەکـەوە، سـەرنجی پـاو پـوزی، کچـە بـۆرییـنی دەدا و، چۆناو چۆن، ئەو ئاناتۆلە، رانی خۆیی، پێوە نووساندبوو.

بـۆرییـنیش وەکـوو ئـەوانیتر، هـەر خـەریکی سـەرنجدانی مـاری بـوو. لـە چاوانیشـیدا، بەختیارییەکی تێکەڵ بـە داماوی دەبینرا. خواخـوای ئەوەیشـی بـوو، کـە مـاری هەسـت بـەو رەفتارەی ئەناتۆل نەکات.

ماریـیش لە دڵی خۆیدا وتی:

ـ ئای بۆرییـن ئای! ئاخۆ چەندە منی خۆش بوێت!؟ ئاخۆ چ بەختەوەرییەکیش چاوەڕێی من بێت، لەم شـوو کردنەمدا؟ بـە تایبـەتی، منێک کـە خـاوەنی هاوڕێیـەکی دڵسـۆزی وەکـوو بـۆرییـن و، مێردێکـی شـۆخ و قـۆزی وەکـوو ئانـاتۆل بـم! تـۆ بڵێـی ئـەم لاوە ببێتـە مێـردی راستەقینەم!؟ هەرچەند هەستی بە سـەرنجەکانی ئەناتۆل دەکرد، بەڵام نەیدەوێرا، سـەرنجی ئەو بدات. دوای نـانخواردنی ئێوارەیش، ئـەناتۆل دەسـتی مـاریی مـاچ کردەوە. هەمدیسـان، کچـەی سەرسـامی بوێرییەکـەی خـۆی کـردەوە! کچـەیش هـەر کـە سـەرنجی روخسـارە جوانەکـەی ئـەناتۆلی دا، نیگـەرانیی کـاتی ئـاواز ژەندنەکـەی لـەو رەفتـارەی لەگـەڵ بۆرییندا نواندبووی، بیر چووەوە. ئەناتۆل ویستی دەستی بۆرییـنیش ماچ بکات. بۆیـە بـۆرییـنیش بـە سەرسامییەوە، سەیرێکی ماریی کرد !

ماری لە دڵی خۆیدا وتی:

ـ ئای چەندە ئەم بۆرییـنە، هەسـت ناسـکە! خـۆ ئیمیلی ـ ئیمیلی نـاوی یەکەمی بـۆرییـن بوو ـ پێی وایە گومانم لە دڵسـۆزی و خۆشەویستیی ئەو هەیە.

لێی چووە پێشەوە و، توند لە ئامێزی گرت، تـا تێی بگەیـەنێت، کـە دڵی لێی پیس نییـە. ئاناتۆلیش لە لیز نزیک بووەوە، تا دەستی ماچ بکات.

بەڵام خاتوونە چکۆلە، پەنجەی لێ راوەشاند و پێی وت:

ـ نـا نـا! تـا باوکت نووسـراوێکی رەوشـت پاکیـت نـەداتێ، دەسـتی خۆمـت نـادەمێ تـاکو ماچی بکەیت !!

بەشی پێنج
وەڵامەکەی ماری

ئاناتۆل ئەو شەوە، تەنیا کەسی ئەو کۆشکە بوو، ئاسوودانە لێی نووست. بەڵام ئەوانی تر شەویان بە دڵەڕاوکێ بوو.

ماریش زوو زوو لە خۆیی دەپرسی:

ــ هەرچەند لەوەیش ناچێت دڵپاک و چاکیش بێت، بەڵام بڵێی ئەم هەرزەکارە ببێتە میردم؟

هەندێ جار تووشی سڵەمینەوە دەبوو. جۆرە ترسێکی پەیدا کردبوو، کە پێشتر نەی بوو. هەر کە دەچووەوە ژوورەکەی خۆی، لە سووچە تاریکەکانی دەترسا و، پێی وابوو، کە پیاوێکی چوارشانەی سپی پێستی برۆ رەش، خۆی بۆ مەڵاس داوە و، شەیتان چووەتە بن کڵێشەیەوە! هەر ئەو ترسە پاڵی پێوە نا، کە زەنگێک بۆ کارەکەرەکەی لێ بدات و، داوای لێ بکات، تا لێرە بە دواوە، شەوانە بێتە لای و، لە ژوورەکەی ئەو بنووێت.

ماوەیەکی زۆر بۆرپین، بە نێو باخەکەدا پیاسەی دەکرد و، چاوەڕێی شۆڕە سوارەکەی خۆی بوو. دەمێک بۆی پێدەکەنی و، دەمێکیش فرمێسک دەزایە چاوانی.

لەولایشەوە خاتوونە چکۆلە، کە سەرنجیدا، نوێنی ژوورەکەی تێک ئاڵۆزاوە. خۆیشی نە لە سەر لا و، نە لە سەر دەم، ناتوانێت بنوێت و، هەر بجوولایەتەوە، ئازاری پێ دەگەیشت. هێندە ئەو سکەی بۆی ببووە خەم، لەبەر ئەوە لە کارەکەرەکەی تووڕەبوو. ئەو بیرەوریانەی، ئەناتۆل بۆی گێڕابووەوە، سەردەمی ئاسوودەیی، پێش ئەم سکەی بیر

هێنابووەوە. خۆی لەسەر کورسییەک لێی دانیشت و، (کاتیا)ی هاوڕازیشی، هەرچەندە ماندوو و خەو لە چاوان تۆراو بوو، کەوتە ڕێکخستنەوەی نوێنەکان و، جوڵاندنی دۆشەکە پەڕینە قورسەکە.

لیز بە دەنگێکی گریاناوییەوە هاواری کرد:

ـ پێم وتیت کە جێیەکەم، زۆر چرچ و لۆچە! منیش پێویستم بە نووستن هەیە و، هەر خۆم نیم !

میرە پیرەیش بە پێچەوانەی شەوانی پێشووەوە، تا درەنگ نەنووست. تیخۆنیش کە بە نووستوورییش چاوێکی هەر کراوە بوو، گوێی لە ترپەی پێی و، هەناسە هەڵکێشانەکەی بوو.

میرە پیرە وا بۆی چوو بوو، کە بەم داوا کردنە سەرکۆنە کراوە. زۆریش کاری تێکرد بوو. چونکە وای دانابوو، کە ناڕاستەوخۆ و، بە هۆی ئەو کچەیەوە، کە لە خۆی خۆشتر دەوێت، سووکایەتیی پێکراوە. هەرچەند وایشی دانابوو، کە بە بیر کردنەوە، کێشەکە چارەسەر بکات. بەڵام سات لە دوای سات، هەڵچوونەکەی تۆکمەتر دەبوو.

لە دڵی خۆیدا دەیووت:

ـ ئەمە یەکەم داواکاریی کچەکەمە! ئای چۆن خۆی جوان کردبوو! ئاخۆ چەندە پەلەی شوو کردن و، دوورکەوتنەوەی بێت لە باوکی؟ لە کاتێکدا دەشزانێت کە هەرگیز پشتگوێم نەخستووە. ئای لەو کوڕە هەرزەکارە گێلەیش!! خۆ چاوی لە (بۆرییەن) نەدەتروکاند! بەو خوایە:گۆڕ وایە ئەو بۆرییەیش لە مااڵ دەربکرێت !

ئەی باشە ماری بۆ هەستی بە ڕەفتاری ئەو دوانە نەدەکرد!؟ دەبوو گەر شەرمەزاری کچەکەیشم نەبوونایە، شەرمەزاری من ببوونایە و، تەریق ببوونایەتەوە. پێویستە من ماری تێ بگەیەنم، کە ئەو کوڕەی، دزەی بۆ دەکات و دەیەوێت ببێتە مێردی ئەو، هەرگیز بیر لەو ناکاتەوە! بەڵکوو بیری بە لای بۆرییەنەوەیە. لەبەر ئەوەی خۆی هەستی پێناکات، کە وابوو پێویستە، وەکوو باوک چاوی بکەمەوە و، ئەم ڕاستییەی تێ بگەیەنم.

میرە پیرە دەیزانی گەر بتوانێت بۆ کچەکەی خۆی بسەلمێنێت کە ئاناتۆل هەر بەالو و لوی بۆرییندا دێت، ئەوا بە سەریدا دەسەپێنێت، کە لە ئاناتۆل، دوور بکەوێتەوە. کە میر لە بیر کردنەوەکەیدا گەیشتە ئەم ئەنجامە، زەنگێکی لێدا.

لەو کاتەدا تۆخین، خەریکی شاردنەوەی سەر سنگە بۆرەکەی بوو، بە مووە ڕەشو سپیەکان و، ڕێکخستنەوەی ژووری نووستنەکە.

میرە پیرە لە دڵی خۆیدا وتی:

ـ هیچ پێویستیم بە سەردانی ئەم دووانە نەبوو. ئەم دووانە هەر بۆ ئەوە هات بوون، کە ژیانی من قڵپ بکەنەوە.

هێشتا ملی لە یەخەی بلووزەکەی دەرنەهێنا بوو، هاواری کرد:

ــ لەولاتر بچن لەگەڵ شەیتاندا. . . دۆزەخ جێیان بێت !

تۆخین ئاغای خۆی چاک دەناسی و، دەیزانی هەندێ جار ئاغای بە دەنگی بەرز بیردەکاتەوە. هەربۆیە بە ڕوویەکی خۆشەوە، لەچاوانی زیتی، سەر و کەللە، تازە دەرهاتووەکەیەوە لە بلوزەکەیی، ڕووانی.

میرە پیرە لێی پرسی:

ــ هەموویان نووستوون!؟

تۆخین زیرەک بوو و، تێگەیشت کە مەبەستی میر بازیلو کوڕەکەیەتی و وتی:

ــ بەڵێ ئاغام، ڕووناکیی ژوورەکەیشیان کوژاندووەتەوە.

میرە پیرە بە بێزارییەکەوە لەبەرخۆیەوە وتی:

ــ هەر وەکوو ئەوەی زۆر پێویستم پێیان بێت.

پاشان چووە سەر نوێنەکەی و، لێی ڕاکشایەوە. هەرچەند ئاناتۆل و بۆرییەن وشەیەک چییە، بۆ یەکتریشیان دەرنەبڕی بوو، بەڵام هەستیان کرد، کە قسەی زۆریان پێیە بۆ یەک. پێویستە لە شوێنێکی چۆڵدا پێکەوە کۆببنەوە. هەر یەکەیشیان هەستی بە باری دەروونی ئەویتر کردبوو، کە دەستەمۆ بووە !

بەیانی ڕۆژی دواتر، هێشتا خۆر، چاوی نەڕشت بوو، کە ئەو دووانە بۆ یەکتری دەگەڕان.

ماڕییش خۆی کرد، بە لای باوکیدا، تاکوو بەیانی باشی لێ بکات. هەستی کرد، لەرزینەکەی لە ڕۆژانی پێشوو، پتر ە !

کە لای باوکی گەڕایەوە. وەکوو تارمایی نێو تەم، بەملاو ئەولادا لەتری دەدا. هەر وەکوو ئەوە وابوو، کە ڕەشمەی دواڕۆژی خۆی، بە دەست خۆی نییە، بەڵکوو حەز و ئارەزوو و، خەون و بیر کردنەوەکانیشی، لە دەست خۆیدا نەماوە! ئەوەتا هەموو دەوروبەرەکەی بە ئەویان زانیوە! ئەی ئەوە نەبوو، کاتێک ئەو خزمەتکارەی، ئاوە گەرمەکەی بۆ ژووری میر بازیل دەبرد، چۆن بە جۆرێک لە پەڕۆشییەوە، بەیانی باشی کرد! لەگەڵ ئەمانەیشدا، ئەو سەرنجەی باوکی، بۆ دەزگیرانەکەی و بۆرییەن، هاتەوە بیر و، پانتایی لێکدانەوەی داگیرکردەوە.

ئەو بەیانییە، باوکیشی هێندە خەمساردانە، وەڵامی بەیانی باشەکەی، ماریی دایەوە، تێی گەیاند، کە میزاجی هەروەکوو ئەو ڕۆژانە نەگریسە، کە بە هۆی، تێ نەگەیشتنی، بیرکارییەکەوە، لێی تووڕە دەبوو.

یەکەم شتێک کە میرە پیرەی باوکی ماری کردی، بە ڕاناوی (ئێوە) لە بری (تۆ) دەستی پێ کرد و، بزەیەکی سەر لێوان خست و وتی:

ــ کەسانێک هاتوون، بۆ داوا کردنی (ئێوە)، لە من. گومانی تێدا نییە، کە هیچ شتێک

بەلای ئێوەوە، گرنگ نییە و، لە بەر چاوی جوانی من هیچ بڕیارێک مەدن. ئەوە میر بازیل و، کوڕە ناتەواوەکەی ـ مەگەر هەر خۆی بزانێت، بە چ مەبەستێک ئاناتۆلی بە کوڕە ناتەواوەکە وەسف کرد! ـ هاتوون داوای (ئێوە)یان لێ کردووم. هەر وەکوو خۆیشت، باش من دەناسیت، من بڕیار نادەم و، بریار، بڕیاری، (ئێوە) دەبێت.

ماریش، دەمێک گرژ دەبوو و، دەمێک سوور هەڵدەگەڕا کە وتی:

ـ هیچ تێنەگەیشتم. . . باوکە! چۆن تێ بگەم؟

میرە پیرەیش هاواری لێ هەستا و وتی:

ـ چۆن تێی دەگەیت!! میر بازیل بە کچێکی باشت دەزانێت و، دەیەوێت، بتکاتە بووکی خۆی و، داوات دەکات بۆ ئەو کوڕە ناتەواوەی خۆی. ئا ئەمەیە. . کە دەبێت، تێی بگەیت!! . . . چۆن تێ بگات؟ هەا! تەنیا خۆت دەتوانیت، وەڵام بدەیتەوە.

ماریش بە پچەپچ وتی:

ـ من هیچ نازانم. . . باوکە! ئەی خۆت چۆن لێی دەڕوانیت. . .

ـ من چۆن لێی دەڕوانم!؟ ئاخر خۆ ئەم شتە، پەیوەندیی بە منەوە نییە! بۆ من گرنگ نییە! خۆ من شوو ناکەم! (ئێوە) چۆن بیر دەکەن)ەوە؟ دەمەوێت ئەمە بزانم.

ماری تێگەیشت، کە باوکی، داواکارییەکەی، بە دڵا نییە. بەڵام لە ئەوەیش گەیشت، کە ئەمە چرکە ساتێکە، چارەنووسی خۆیی، تێدا دیاری دەکرێت.

سەری داخست و، خۆی لە روانینە زاڵەکەی چاوانی باوکی، بە دوور گرت. ئەو روانینەی کە دەروازەکانی بیرکردنەوەی، لێ دادەخست و، تەنیا بژاردەی خۆ بە دەستەوەدانی، بە ویستەکانی باوکی، بۆ دەخستە سەر پشت.

بۆیە کچەکەی وتی:

ـ ئارەزووی من:تەنیا جێبەجێ کردنی، ویستەکانی تۆیە. جا کە تۆیش دەتەوێت، بیروڕای من بزانیت، لە بارەی ئەمەوە. . . . . .

بەڵام نەیتوانی قسەکانی کۆتا پێ بێنێت، چونکە میرەی باوکی هەڵیدایە:

ـ زۆر باشە، کەوابوو، میر بازیل خۆت و جیازییەکەت. کچە بۆربینیش، لەگەڵ خۆی دەبات و، لەسەر حیسابەکەیە و، هەر ئەو کچەیش دەبێتە ژنی، نەکوو تۆ و. . .

بەڵام کە هەستی کرد، ماریی کچی سەری داخستووە و، ئەم قسانەی دوایی، هەژاندوویەتی و، خەریکە بگری، بێدەنگ بوو.

دواتر پێی وت:

ـ گوێ مەدەرێ سوعبەتم لەگەڵ کردیت. . . سوعبەتم لەگەڵ کردیت! تۆ بۆ خۆت من دەناسیت و، پێویستە تۆیش بە ویستی خۆت بکەیت. بۆیە جوان بیر بکەوە و، بە دڵی خۆت بکە. تەنیا هێندەت لە بیر بێت:بەختەوەریت، بەم بڕیارەی خۆتەوە، بەستراوەتەوە. حەزیش

ناکەم دواتر، وەکوو رێگر لەم کارەدا، باس بکرێم.

ــ بەڵام لە راستیدا، باوکە. . .

ــ من دەست وەرنادەمە، ئەم کارەوە! بەڵام خۆ ئەویش پەکی ناکەوێت و، دەتوانێت، ژنی خۆی بهێنێت. تۆیش لای خۆتەوە، ئازادیت لە هەڵبژاردنی مێردەکەتدا. ئێستایش بڕۆوە، ژوورەکەی خۆت و یەک سەعاتی ڕێک، بیری لێ بکەوە. دواتر دێیتەوە و، لە بەردەم ئەوان و منیشدا، بڕیاری یەکلایی کەرەوەی خۆت دەدەیت. ئیدی یا بە بەڵێ. . . یا بە نەخێر. خۆ زۆر باشیش دەزانم:هەر کە گەیشتیتەوە، ژوورەکەی خۆت، کڕنووش بۆ پەیکەرەکە دەبەیت. چی دەکەیت بیکە. . . نوێژ و نزایە. . . هەرچیەکە! بەڵام خۆ دەبێت بە وردییش بیر بکەیتەوە. . . دەی ئێستا بڕۆ. . .

بە دوایشیدا بە دەنگی بەرز وتی:

ــ بەڵێ . . . . یان نەخێر !

بەڵام ئەو ناو هێنانەی کچە بۆرییەنیش، بۆ خۆی، بیری تێک دابوو.

ڕاستە و ڕاست، بە باخەکەدا تێپەڕی، بێ ئەوەی هیچ ببیستێت و، هیچ ببینێت.

لە پڕێکدا چرپەی کچە بۆرییەنی هاتە گوێ!! کە سەری هەڵبڕی، ئەناتۆلی بینی:تۆند بۆرییەنە فەڕەنسیی، بە خۆیەوە نووساندووە و، دەچرپێنێ بە گوێیدا، خەیاڵا بڵاوییەکەی، هاتەوە یەک.

هەر کە ئەناتۆل ماریی بینی، زۆر شڵەژا. وەکوو ئەوەی بیەوێت بڵێت:

ــ چییە. . چیتان لە من دەوێت؟ مەڕۆ . . وا هاتم.

ماریش سەرنجی بۆرییەنی دەدا و، وەکوو ئەوەی بڕوای بە چاوانی خۆی نەبێت! لە پڕێکدا کچە فەڕەنسی قیژانی و، لە دەستی هەڵات. ئاناتۆلیش خۆی تێکنەدا و، بۆ ماری داموکایەوە و، بزەیەکی خستە سەر لێوانی، وەکوو ئەوەی بیەوێت، وا لەویش بکات، کە بەو کارە ئەنتیکەیە، پێبکەنێت! شانێکی هەڵتەکاند و بەرەو دااڵنەکە و، لەوێشەوە بەرەو ژوورەکەی باوکی بووەوە.

دوای سەعاتێک و، کاتێک ماری بۆرییەنی لە ئامێز گرتبوو و، دەستی بە سەرو قژیدا دەهێنا، هێندەی زانی تۆخین هات و، بە ماریی ڕاگەیاند، کە میر بازیل سیرگییتش و باوکی، چاوەڕێی دەکەن.

ئەویش هەر سەیری ڕوخساری بۆرییەنی دەکرد. ئەو ڕوخسارەی کە بە فرمێسک تەڕبوو بوو. لە ڕاستیشدا بە هەست و سۆزێکی، کەیلی خۆشەویستییەوە، لە کچە بۆرییەنی دەڕوانی.

بۆرییەنیش خێرا خێرا دەیوتەوە:

ــ نەخێر ئەمیرەکەم. . بۆ تا هەتایە تێداچووم! تازە جارێکی دی جێی خۆم، لەو دڵە پاکەتدا بۆ ناکرێتەوە!

ماریيش وەڵامی دایەوە:

بۆچی وا دەڵێیت؟ لە جاران زیاتر لام خۆشەویستیت!! تاکوو لە بتوانامدا بێت، کار بۆ بەختەوەریی تۆ دەکەم.

بۆرییەنیش وتی:

ـ بەڵام من هەر پێم وایە، کە بەو دڵە پاکەی خۆیشتەوە، هەر دەمبوغزێنیت. چونکە ناتوانی لەم هەڵە سروشتییەم، کە هەڵەی ئارەزووە گلاوەکانی نەفسم بوو، تێبگەیت! عەقڵم نای بڕێت.

ماریيش بە دەم بزەیەکی خەمگینەوە وتی:

ـ نەخێر جوان تێدەگەم. . بێخەم بە هاوڕێی ئازیز.

ئەمجا هەستایە سەر پێ و، لە سەری ڕۆیشت:

ـ ئێستایش . . دەبێت بچم بۆ لای باوکم.

میر بازیل لەسەر کورسییەک دانیشتبوو و، ڕانی لە سەر ران دانابوو و، قوتووە بڕنوتییەکەی بە دەستەوە بوو و، دەم و چاویشی، کەمێک پێی سوور هەڵگەڕابوو.

هەر ماری هاتە ژوورەوە، بزەیەکی بۆ کردو، لە بەری هەستا و پێشوازیی کرد.

دەستەکانی گرت و، ئاهێکی هەڵکێشاو وتی:

ـ ئای کچە دڵپاک و بێگەردەکە! ئێستا چارەنووسی کوڕەکەم لە دەستی تۆدایە! ماری ئەی کچی باش، تۆیش بڕیاری خۆت بدە. منیش بە. . ئەویش بزانە، منیش بە هێندەی کچی خۆم، خۆشم دەوێیت.

میر بازیل ڕێیەکەی بۆ چۆڵکرد، تاکوو تێپەڕێت و، بە ئاسانی فرمێسکە قەتیس ماوەکەی گۆشەی چاویشی دەبینرا.

میرە پیرەیش هەناسەیەکی هەڵکێشا و وتی:

ــ ئەم میرە بە ناوی کوڕەکەیەوە، داوای تۆ دەکات. ئاخۆ دەتەوێت شوو بکەیت بە ئەناتۆل کۆراگین؟ کچەکەم:بڵێ بەڵێ یان نەخێر. دوای تۆ منیش قسەی خۆم هەیە. وەکوو وتم:تەنیا قسەی خۆم هەیە و هیچیتر.

بۆیە ڕستەی هیچیترەکەی دووبارە کردەوە، چونکە ڕوخساری میر بازیلی وا هاتە بەرچاو کە لێی بپاڕێتەوە.

میرە پیرە دیسان لێی پرسییەوە:

ـ دەڵێی چی؟ بەڵێ. . . یان نەخێر !

ماریيش زۆر ڕاوەستاوانە، سەیرێکی میر بازیلی کرد و، پاشان ڕووی کردە باوکیو وتی:

ـ وا بیر دەکەمەوە کە هەرگیز لە تۆ جیا نەبمەوە . . بابە گیان! بۆیە نامەوێت شوو

بکەم !!

باوکی کچە زەرد هەڵگەڕاو وتی:

ـ ئای لەم گێلییە! سووکایەتییە. . . سووکایەتی !

لەگەڵ ئەوەشدا بە جۆرێک هەردوو دەستی ماریی گوشی، کە ئازاری پێگەیاند.

میر بازیلیش لە جێی خۆی هەستا و وتی:

ــ ئازیزەکەم . . . من ئەم چرکەساتەم بیرناچێتەوە. تۆیش دڵت بێگەرد و گەورەیە! تروووسکەیەکی ئومێد بە دڵی خۆت و ئێمەیش بدەوە و، بەم بڕیارەتدا بچۆوە. کچەکەم بڵێ رازیم و، ئایندەیەکی بەربڵاو چاوەڕێت دەکات. دەی بڵێ رازیم.

ماریییش وتی:

ـ نەخێر میرم نەخێر. من راشکاوانە قسەی خۆم کرد و، سوپاسی ئەوەت دەکەم، کە شەرەفی بەربژێرییەکەی تۆم، پێ بەخشراوە. بەڵام هیچیتر ناڵێم و، شوو بە کوڕەکەت ناکەم !

میرە پیرە هەڵیدایە:

ــ بازیلی ئازیز. . . ئەوە ئەم کێشەیەیش تەواو. دوای ئەو دابڕانە زۆرە، زۆریش خۆشحاڵبووم بە بینینەوەت.

باوەشی کرد بە میر بازیلدا و، بە ماریییشی وت، کە دەتوانێت جێیان بێڵێت.

ماریییش لە دڵی خۆیدا وتی:

ــ ئەرکی سەرشانی من وەکوو هی خەڵکی تر نییە. من ژیانی ئەم دنیام بە قوربانی ژیانی ئەو دنیا کردووە.

ئەو داماوە، بە هەر نرخێک بوایە هەر ئەو دنیای گەرەک بوو! بۆ ئەو هەڵەیەیش بە داخ بوو کە رووبدا. قەناعەتی بە خۆیشی کردبوو، کە لە باوک و میر ئاندریەی برایشی بپارێتەوە، تاکوو بۆربین، لە ئاناتۆل مارە بکەن. چونکە کچە بۆرییەنی داماو، بێپشت و پەنایە. گەر ئەو بۆرییەنەیش هەر دەوڵەمەند نەبوو، ئەوا پارەیەکی باشیشی بداتێ.

پاشان لە دڵی خۆیدا وتییەوە:

ـ ئای چەند بەختیار دەبم، بەوەی کە شوو بکات بە ئاناتۆل. ئاخر بۆرییەنیش، داماو و، بێکەسە و، پشت و پەنایەکی نییە. . . ئاخ . . ئاخ !

بــڕوانە. . . هێندەی ئەو ئەناتۆلە خۆش دەوێت، بۆیە بەو شێوەیە خۆی دابوو، بە دەستییەوە! خۆ رەنگە لۆمەیش نەکرێت!!

بەشی شەش
نامەکەی نسکۆلا

زۆر دەمێک بوو، بنەماڵەکەی رۆستۆف لە هەواڵی نیکۆلا بێئاگابوون. لە چلەی زستاندا نامەیەکیان پێگەیشت، کە بە دەست و خەتی کوڕەکەی خۆیان نووسرابوو. هێندە کاریگەر بوو، سۆزی کۆنتی وا جوڵان، کە بێخشپە و، لە سەر نووکی پێیەکانی، خۆی بگەیەنێتە، ژوورەکەی خۆی و، دەرگا لەسەر خۆی دابخات و بە کاوەخۆی، نامەی کوڕەکەی بخوێنێتەوە و، هەواڵەکەیش لەوانی تری بشارێتەوە.

هەرچەند ئانا میخاییلۆڤنا بووژابووەوە و، باری ئابووریی باش بوو بوو، بەڵام هەر لە نێو بنەماڵەکەی رۆستۆڤدا مابووەوە.

وایش راهاتبوو کە ئاگای لە هەموو رووداوەکانی دەوروبەری خۆی بێت. هەر بۆیە پێی زانی و، شوێنی کەوت و ئەویش بە دوایدا، خۆی کرد بە ژوورەکەدا. کە سەرنجیدا، وا کۆنت نامەیەکی بە دەستەوەیە و، دەمێک پێدەکەنێت و، دەمێکیش دەگری.

ئەویش وا خۆی دەرخست، کە زۆر بە خەمە بۆی و پرسیی:

ــ ها هاوڕێی ئازیز. . . ئەوە چیتە!!؟

ئەویش بە گریانەوە وەڵامی دایەوە:

نامەی نیکۆلای کوڕمە! . . . لە بەرەی شەڕەکەدا، پێکراوە و، بریندار بووە. . . ئازیزەکەم! بەڵێ بەڵێ. . . سوپاس بۆ خوا، کە مژدەی بوون بە ئەفسەرییشیان پێداوە. . . ئێستا نازانم چۆن ئەم هەواڵە بدەم بە کۆنتیسەی دایکی !

ئانا میخاییلۆڤنایش لە نزیکییەوە دانیشت و، بە دەسڕۆکەکەی خۆی، چاوانی ئەوی سڕییەوە. پەیمانی پێدا، کە کاتی نان و چا خواردنی بەیانی، کۆنتیسە ئاماذەی وەرگرتنی هەواڵەکە دەکات و، وا نەکات، کتوپڕ بیزانێت.

ئەو بەیانییە، بە دەم نانخواردنەوە، کەوتە گێڕانەوەی هەواڵەکانی بەرەی جەنگ و، بە دووریشی نەگرت، هەر بەم نزیکانە، نامەیش لە نیکۆڵاوە، بگات. ئەم قسەو باسانە، کۆنتیسەی تووشی دڵەڕاوکە کردبوو و، دەمێک لە روخساری کۆنتی مێردی دەڕوانی و، دەمێکیش، لە ئانا میخایلۆڤنای هاوڕێی.

ناتاشایش بەو وردبینییەی خۆیەوە، گوێی هەڵخست بوو و، لە رەنگ و رووی، قسەکەرانی، کۆمەڵەکەی دەڕوانی و، هەستی بە نهێنی و، شتێکی نامۆ کردبوو، لە نێوان باوکی و، ئانا میخایلۆڤنادا و، لە بارەی نیکۆڵایشەوەیە. هەرچەند فرە سەرکەش و بوێریش بوو، بەڵام پرکێشیی نەکرد، پرسیار لە دایکی بکات و، جێیشی بە خۆی نەدەگرت، لە سەر کورسییەکەی! ناچار ددانی بە خۆیدا گرت، تاکوو دەوروبەر چۆڵا بوو و، لە نان خواردن بوونەوە. هەر کە ئانا میخایلۆڤنا دوور کەوتەوە، رایکرد بە شوێنیدا و، باوەشی بە ملیدا کرد و، پێی وت:

ـ پووره جوانەکەم. . پێم بڵێ! دەی چی رووبداوە؟

ـ هیچ هەواڵێکی نوێ نییە. . ئازیزەکەم!

ـ هەیە. . . هەیە! من لێم روونە، تۆ هەواڵێکی نوێت لە لایە! دەی خێراکە. . خۆت دەمناسیت، تا پێم نەڵێیت:لە کۆڵت نابمەوە !

ئانا میخایلۆڤنایش، هەناسەیەکی هەڵکێشا و وتی:

ـ ئای کە تۆیش:هەستیاریت و، زوو هەست بە شتەکان دەکەیت. . . کچۆڵەکەم !

ـ نامەی نیکۆڵا گەیشتووە. . . . وا نییە؟

هەر کە هەستیشی کرد، گریمانەکەی خۆی راستە، لە سەری رۆیشت:

ـ بەڵێ . . بەڵێ! نامەی نیکۆڵا گەیشتووە. . بەڵێ.

ـ دەی . . دەی! هەر ئێستا. . . هەر خێرایش بۆ دایکمی دەگێڕمەوە. . .

ئانایش قسەکەی پێ بڕی و، سوێندی دا، هەواڵەکە بۆ کەسی تری نەگێڕێتەوە.

ناتاشایش دوای بیستنی هەواڵەکە وێنەی خاچێکی لەسەر سینەی، کێشاو وتی:

ـ بە شەرەفم بۆ کەسی ناگێڕمەوە.

پاشان ئەویش، خۆی گەیاندە سۆنیا و، بە دڵێکی خۆشەوە هەواڵەکەی پێدا:

ـ سۆنیا، ئەوە نیکۆڵا پێکراوە و، بریندارە! نامەیەکیشی ناردووە.

سۆنیا رەنگی تێکچوو و، هەر هێندەی بۆ وترا:

ـ نیکۆڵا!؟

کە ناتاشا زانیی سۆنیا زۆر پێی تێکچووە، باوەشی بە ملیدا کرد و، فرمێسکەکانی، سینەی تەڕ کردبوو.

پاشان کەوتە دڵدانەوەی و وتی:

ـ برینەکەی سووکە و، دوای ماوەیەکی کەم، پلە سەربازییەکەیشی، بەرز دەکرێتەوە، بۆ ئەفسەر! برینەکەی لە چاکبوونەوەدایە و، نامەکەی بە دەست و خەتی خۆی، نووسیووە.

پیتیای نۆ سالانەی برا بچووکی نیکۆلایش، بە نێو ژوورەکەدا دەهات و دەچوو و پێی وتن:

ـ ژنان هەر وان! لە گریان زیاتر، هیچی تر نازانن! من بەلای خۆمەوە، شانازی بە نیکۆلای برامەوە دەکەم، کە ئاوا بە هۆی ئازایەتیی خۆیەوە پێکراوە.

ناتاشا بە چاوانی بە فرمێسکەوە، بزەیەکی بۆ کرد.

سۆنیایش لێی پرسی:

ـ تۆ بۆ خۆت نامەکەیت خوێندووەتەوە؟

ئەویش لە وەڵامیدا وتی:

ـ نەخێر. . . بەڵام پێیان وتووم، کە چاکیش بووەتەوە و، لە ماوەیەکی کورتیشدا دەکرێتە ئەفسەر!

سۆنیا خاچێکی لەسەر سینەی خۆی، کێشاو وتی:

ـ سوپاس بۆ خوا. . بەڵام رەنگە راستیان لەگەڵ نەکردبیت! دەی با بچین بۆلای دایە. . بزانین هەواڵەکە راستە. . یان نـە ؟ پیتیا کە بە ژوورەکەدا هەر دەهات و دەچوو، وتیەوە:

ـ من لە جێی نیکۆلا بوومایە، زیاتر و زیاترم لە فەرەنسییەکان دەکوشت! تا بمتوانیایە لێم دەکوشتن !

دەستێکی بەرز کردەوە و، لە سەری رۆیشت:

ـ خەرمانێکم لە لاشەی ئەو درندانە، هەڵدەدایەوە!

خوشکەکەی پێی وت:

ـ ئەوە بە راستتە!!؟ ئای کە کەریت !

ئەویش هەڵیدایە:

ـ من کەر نیم. . ئێوە کەرن! کە بە راست و چەپدا:هەر خەریکی گریانن !

دوای کەمێ بێدەنگی، ناتاشا پرسیی:

ـ سۆنیا ئەوت بیرماوە؟

سۆنیایش بە زەردەخەنەیەکەوە وتی:

موبارەک نەبێت! لە نێو هەموواندا، لە من دەپرسیت ئاخۆ نیکۆلام بیرماوە!؟

ئەویش وتی:

ـ نەخێر مەبەستم ئەوە نەبوو سۆنیا. . ویستم بپرسم هەموو شتە وردەکانی ئەوت بیرماوە!؟ خۆم هەموو شتەکانی روخساری ئەوم بیر ماوە. بەڵام بە تەواوی بۆریسم بیرچووەتەوە . . . .

سۆنیایش بە سەرسامییەوە هاواری کرد:

ــ چۆن شتی وا دەبێت!؟ ئێستا تۆ بۆریست بیرچووەتەوە!؟

ئەویش وتی:

ــ من نالێم خۆیم بیرچووەتەوە! بەڵام وەکوو شێوەی نیکۆلا لام نەچەسپیووە !

پاشان چاوانی لێکنا و وتی:

ــ هەر چاوان لێکدەنێم، نیکۆلا دێتەوە بەرچاوم. بەڵام بۆریس بە پێچەوانەی ئەوەوەیە و، نایبینم.

ئەمەی وت و سەیرێکی هاوڕێکەی کرد. هەر وەکوو ئەوەی وتوویەتی بێبایەخ بێت.

وەکوو ئەوەی لەگەڵ یەکێکی تری بێت وتی:

ــ ئاخ ناتاشا! ئــاخ! براکەتم زۆر خۆشدەوێت و، هەرچییەکیش رووبدات، من هــەر لــە سەر خۆشەویستیی خۆم، دەمێنمەوە.

ئەویش راچڵەکی و کەوتە سەرنجدانی روخساری کچەی ئامۆزای و، هیچی نەگوت.

بەڵام گومانی لەو خۆشەویستییە و، قسەکانی سۆنیا هەبوو. ئاخر خۆی، ئەزموونێکی، لەو جۆرەی نەبوو.

پاشان لێی پرسی:

ــ بە نیازیت، نامەی بۆ بنووسیت؟

سۆنیاش کەوتە بیرکردنەوە. ئاخر خۆیشی، دەمێک بوو لە خۆی پرسی بوو، کە ئاخۆ شیاوە نامــەی بۆ بنووسێت؟ گــەر بــۆی بنووسێت:ئــەوا چیی بــۆ بنووسێت؟ چۆن چۆنی هەستی خۆی دەربببڕێت؟

ئاخر ئێستا ئــەوەتا بووەتــە پاڵــەوان و، پلــەی ئەفســەریی پــێ دەبەخشــرێت. بڵێی ئــەم نامەیەم وا لێک بداتەوە، کە پەیمانی خۆشەویستییەکەی بیردەخەمەوە؟

بۆیە بە تەریقییەوە وتی:

ــ لە راستیدا خۆیشم نازانم. بەڵام لەبــەر ئــەوەی ئــەو دەست پێشــخەریی کردووە و، نامەی ناردووە. کەوابوو دەبێت ئێمەیش نامەی بۆ بنووسینەوە.

دیسان لێی پرسییەوە:

ــ ئەوە شەرم دەکەیت، نامەی بۆ بنووسیت!؟

سۆنیایش بە زەردەخەنەیەکەوە وتی:

ــ هەرگیز. . . بۆچی شەرم بکەم!؟

ئەویش وتی:

ــ بڵێم چی؟ هەر وا پرسیم !

پێتیایش لەولاوە هەڵیدایە:

ــ بەڵام من دەزانم بۆچی تەریقی دەکێشیت؟ لەبەرئەوەی دوای ئەوەی بۆریست خۆش ویست، ئێستا هەڵگەڕاویتەتەوە و، ئەو هەرزەکارە کەتە، چاویلکە لە چاوەت خۆش دەوێت !!

مەبەستی پییەری تازە کۆنت بوو و، ئەو وەسفەی بۆ ئەو لاوە سادەیە هەڵبژارد بوو.

ـ ئێستایش ئەو، هەر شەیدای گۆرانیبێژەکەیە.

مەبەستی لاوە ئیتالییەکە بوو، کە ببووە مامۆستای میوزیکی ناتاشا. هەر لەبەر ئەمەیە کە شەرم دەکات.

ناتاشایش وتی:

ـ ئای چەندە کەریت. . پیتیا !

ئەویش وەکوو پیرێکی بە ئەزموون، وەڵامی دایەوە:

ـ چەندە کەریش بم، بە هێندەی تۆ کەر نیم!

خاتوونی کۆنتیسەیش، لە ژوورەکەی خۆیدا، بیری هەر بە لای قسەکانی ئانا میخایلۆڤناوە بوو. ئەو قسانەی لە سەر مێزی نانخواردن بۆی کرد بوو.

کەوتە سەرنجدانی ئەو وێنەیەی کوڕە بچووکەکەی، کە بە سەرقاپی قوتووی برنوتییەکەیەوە بوو. فرمێسکیش برژانگەکانی تەڕو بە بریسکە کردبوو.

لەو کاتەدا ئانا میخایلۆڤنایش لەسەر نووکی پێ دەهات و، نامەکەیشی لە گیرفاندا بوو و، کۆنتیش شوێنی کەوتبوو.

ئانا هەڵگەڕایەوە و بە پێی وت:

ـ کەمێک لە دەرەوە، چاوەڕێ بکە.

پاشان خۆی کرد بە ژووردا و، دەرگاکەی بە دوای خۆیدا داخست. بە دوایدا کۆنت گوێی نا بە کونی دەرگاکەوە و، چاوەڕێی کاتی گونجاو بوو، بۆ ئەوەی بچێتە ژوورەوە. سەرەتادا چەند باسێکی بێبایەخی لێبیستن.

پاشان ئانا بە دوور و درێژی، قسەی کرد و، کۆتایی قسەکانیشی بە قیژەیەک هات. بێدەنگییەکەیان بە هاوارو خۆشی دوو هاوڕێکە شڵەقا.

پاشان ئانا چوو دەرگاکەی کردەوە. هەر وەکوو ئەو پزیشکە دەهاتە بەرچاو، کە تازە لە نەشتەرگەریيە سەرکەوتووەکەی بووبێتەوە و، فەرموو لە میوانان بکات. زۆر بە شانازییەوە بە کۆنتی وت، کە سەرنجی کۆنتیسەی ژنی بدات.

ئەویش کە رووانیی ژنەکەی قوتووی برنوتییەکە، بە دەستێکییەوەیە و، نامەی کوڕەکەیشی، بە دەستەکەی تریەوە و، بە تامەزرۆییەوە، دەیخوێنێتەوە. جارێک وێنەی کوڕەکەی کە بەسەرقاپی قوتووەکەوە بوو، ماچ دەکرد و، جارێکی دی، نامەکەی ماچ دەکرد.

ئانا ئاوڕی دایەوە و وتی:

ـ هەموو شتێک تەواو بوو.

هەر کە کۆنتیە، کۆنتی مێردی بینی، هەستا و، باوەشی بە ملیدا کرد. پاشان هەندێکی لە نامەکە بۆ خوێندەوە و، سەیرێکی وێنەکەی کردەوە.

هەر لەو کاتەدا منالّەکانی کە ڤیرا و ناتاشا و، سۆنیا و، پیتیا بوون، هاتنە ژوورەوە. جارێکی تریش نامەکە بۆ ئەوانیش خوێنرایەوە.

نیکۆلا بە کورتی باسی ئەو دوو شەڕەی کردبوو، کە خۆی تێیدا بەشدار بوو. پاشان هەواڵی ئەوەیشی نووسیبوو، کە کراوە بە ئەفسەر. پاشان نووسیبووی کە دەستی دایکی ماچ دەکات و، داوای نزا و پاڕانەوە، دەکات لێیان.

نێوچاوانی ناتاشاو ڤیرا و پیتیاو سۆنیا، ماچ دەکات. سڵاوی خۆی دەنێرێت بۆ شیللنج و خاتوو شووس و، دایەنەکەی.

داوایشی کردبوو، لە بری ئەو، سۆنیای زێدە ئازیز، ماچ بکەن. پێشی بڵێن ئێستایش هەر خۆشی دەوێت و، لەگەڵ بیرەوەرییەکانی ئەودا دەژی.

کە خاتوو کۆنتێ گەیشتە ئەم کۆپلەیەی نامەکە، سۆنیا سوور هەڵگەڕاو فرمێسک زایە چاوانی. کە زانیشی خۆی لە ئاستی سەرنجەکانی دەوروبەریدا بۆ ناگیرێ، بەڕاکردن خۆی گەیاندە هۆڵەکە و، باوەخولێکی بە خۆی دا و، کراسەکەی بە بایەکە فشۆڵا بوو و، لە تەختی زەوی هۆڵەکەدا، بە پێکەنین و دڵخۆشییەوە، لێی دانیشت.

کۆنتیسەیش دەستیکردە گریان بۆ کوڕەکەی.

ڤیرا پێی وت:

ـ ئەرێ ئەوە بۆچی دەگرییت . . دایە؟ نامەکەی ئەو، مایەی خۆشحاڵ بوونە نەکوو گریان! هەرچەند بە ڕاستی سەرنجەکەیشی لەجێی خۆیدابوو. بەڵام کۆنت و، کۆنتیسە و، ناتاشا و ئەوانیتر، بە سەرزەنشتەوە، سەیریان کرد.

دایکەکەی لە خۆیی پرسی:

ـ ئاخۆ ئەم کچەم دڵی بەکێ دابێت؟

هەر کەسێک بیویستایە ئاگاداری ناوەرۆکی ئەو نامەیە بێت، دەبوو بچووایە لای دایکی و، داوای لێ بکردایە، بۆی بخوێنێتەوە. چونکە دەستی بە سەر نامەکەدا گرتبوو. هەر بەو شێوەیەش سەرگەورەی خزمەتکاران و، دایەن و، میتانکا و، زۆرێک لە هاوڕێیان، لە نامەکە بە ئاگا ببوونەوە.

هەر داوایشی لێ بکرایە، زۆر بە تاسووقەوە، دەیخوێندەوە. خۆیشی هەر جارە و، شتێکی نوێی لە نامەکەدا بۆ دەردەکەوت. ئا بەو جۆرە ئەو کوڕەی کە (٢٠) ساڵا لەوەو پێش لە سکیدا دەجووڵا. ئەو منالّەی کە بە هۆیەوە، چەندین جار شەڕی لەگەڵ کۆنتدا کردووە. هەر ئەو کۆنتیسەی کە نازیشی دەکێشا، کەچی یەکەم وشەیەک، کە لە زاری هاتەدەر هەڵووژە بوو. بە دوایدا وشەی (خاتوون)ی گۆ کرد. ئا ئەو منالّە ئێستا لێی دوورە! تەنیا و نامۆیە و، کەس نییە نازی بکێشێت! ئەو منالّە، ئێستا کاری پیاوانە دەکات !

ئای ئەمە چەند دخۆشکەرە! دەهێنێت کە پێی سەرسام بین! تا ئێستایش زۆرینەی کۆمەڵگا پەی بە ئەوە نابەن:کە هەر منالانن، دەبنە کەڵەپیاوان و، پاڵەوانان و، کەسە مەزنەکانیان لێ پەیدا دەبێت !

ئەمیش تاکوو کوڕەکەی خۆی بەو شێوەیە نەبینی، هەستی بەم راستییە نەکرد بوو. کۆنتیس بیری چوو بووەوە، کە بە ملیۆنان هەر بەو شێوەیەی کوڕی ئەو بوون و، یەکەم جار منالا بوون و، دواتر بوونە پیاو و، پالەوان. بڕوایشی نەدەکرد کوڕەکەی بوو بێتە پیاو!

ئاخر بیست سالا لەوەوپێش، لە سکیدا و، نزیک بە دڵی بوو. کەچی بڕوای نەدەکرد کە شیری مەمکەکانی خۆیی، پێ بدات و، دواتر قسە فێر ببێت. ئیستایش بڕوا ناکرێت، کە بووبێتە پالەوانێکی ئەوتۆ، کە نەک هەر خەڵکی چاوی لێ بکەن، بەڵکوو هەموو جیهانیش، شۆڕنپێی ئەو هەڵبگرێت.

هەر کە دارشتنی نامەکەی دەخوێندەوە، لەبەر خۆیەوە دەیووت:

ـ ئای لەم شێوازە نووسینە جوانە! چەند شارەزایانە وەسفی شتەکان دەکات! ئای کە دڵەکەی گەورەیە! نە چرپەیە! نە حەز و ئاواتێکی خۆیی، تێدا نووسیووە و نە هیچ! تەنیا ناوی کەسێکی هێناوە، کە ناوی دینسۆڤە. لەگەڵ ئەوەشدا کە لە هەموویان پالەوانترە، زۆریش باسی نارەحەتییەکانی خۆیی نەکردووە. بە هۆی ئەم دێڕانەوە، هەست بە دڵە گەورەکەی دەکەم. بڕوانە سڵاوی بۆ هەموویان ناردووە و، کەسی بیرنەچووە! خۆیشم، هەموو جارێک دەموت خاوەنی دڵێکی گەورەیە !

هەشت رۆژی رەبەق کار و پیشەی ئەو بنەماڵەیە، بوو بوو، بە نامە نووسین و دڕاندنی، لەبەر ئەوەی بە دڵیان نەبوو و، دووبارە و، چەندبارەیان دەکردەوە! بە سەرپەرشتی کردنی کۆنتیسە، کۆنت کەوتنە ئامادە کردنی مالا، بۆ پێشوازی کردن لە ئەفسەری نوێ و، سازدانی پێداویستییەکان.

ئانایش بایەخێکی زۆری بە کوڕەکەی خۆی دا و، کار و ئامادەکاریەکانی سپارد بە کەسانی شارەزا. بە هۆی ڕێنمایی ئاناوە، توانرا هەر زوو و، بە پێچەوانەی نیکۆلاوە، پەیوەندی بکرێت بە کوڕەکەیەوە. چونکە پۆستەبەرەکەی ئانا، غەراندۆق کۆنستانتان پاقلۆڤیتشی سەرۆکی (پاسەوانانی گشتی) خۆی بوو و، کاتی خۆی، پەیمانی گەیاندنی نامەکانی ئەوی، بە دەستی کوڕەکەی، پێدابوو.

ڕۆستۆڤ پێی وابوو، تەنیا نووسینی ناونیشانی (پاسەوانانی ڕووسی دەرەکی) لە سەر نامەکان، کە جاروبار پارەیشی لەگەڵدا بوو، بەسە بۆ گەیشتنی نامەکان بە شوێنی خۆی. دەیانووت مادام نامەکان دەگاتە (غەراندۆق)ی سەرکردەی (پاسەوانانی گشتی). کەوابوو لەوێیشەوە دەگاتە سرییەی پاقلۆگراد کە گومانی تێدا نییە بۆریس لەوێوە نزیکە و، پێی دەگات.

هەر بۆیە نامەکانی پاشانرەی کۆنت و، کۆنتیسە و، پیتیا و ڤیرا و سۆنیا و ناتاشا کۆکرانەوە و، (٦٠٠٠) ڕۆبڵیش، خرایە سەر نامەکان و، لەگەڵ ئەو شتومەکانەی کە کۆنت پێی وابوو، نیکۆلا پێویستی پێی دەبێت، بە پۆستی غەراندۆقدا نێردرا.

بەشی حەوت
نیکۆلا لە نێو پاسەوانانی ئیمپراتۆردا

لە دوازدەی تشرینی دووەمدا سوپاکەی کۆزۆتۆف کە لە سەربازگەی ئۆلمۆتزدا هەڵیان دابوو. خۆیان ئامادەی نمایش کرد. تاکوو رۆژی دواتر لە بەردەم ئیمپراتۆری رووسیا و نەمسادا، ئەنجامی بدەن.

سوپای (پاسەوانانی رووس)یش، کە بەم دواییە گەیشتبوون و، لە دووری (٤) کیلۆمەتر لە ئاوەدانییەوە هەڵیاندابوو، دەبوو سەعات دەی سەر لە بەیانیی رۆژی دواتر، ئامادەی ئەو نمایشە ببن. هەر ئەو رۆژەیش نیکۆلا رۆستۆف، لە بۆریسەوە، هەواڵی پێگەیشت، کە فیرقەی ئیسماعیل، (٤) کم دوور لەئۆلمۆتزەوە، هەڵیانداوە و، چەند نامە و، بڕێک پارەی، لە ماڵی باوکییەوە بۆ هاتووە و، چاوەڕێی هاتنی دەکات، تا پارە و، نامەکان وەر بگرێت. بە هۆی هاتنی چەندین چەرچی و، دوکانی دەستگیڕی جوولەکەی نەمساوی و هەڵدانیان لە نزیک سەربازگەکەیان و، چەندین کاڵای پێویستیان پێ بوو. نیکۆلایش پارە و پولی لە دەست بڕابوو و، زۆری پێویست بە پارە بوو.

رۆژانی ئەفسەرانی پاقڵۆگرادیش، هەر بە دەعوەت و دەعوەتکاری دەگوزەرا و، ئەوان زوو زوو، لە ئۆلمۆتز دادەبەزین. لەوێیش ژنە هەنگارییەک، کە نێوی کارۆلینا بوو، مەیخانەیەکی هەبوو و، کارگوزارانی هەموویان ژن بوون.

کوڕەی رۆستۆفیش، چەند رۆژێک لەوەوپێش ئاهەنگی وەرگرتنی پلەی ئەفسەریی بۆ هاوڕێکانی گێڕابوو. ئەسپێکیشی لە دینسۆف کڕی بوو. بۆیە قەرزاری دوکاندار و

هاوڕێکانی بوو. هەر کە هەواڵی گەیشتنی پارەی بیست، دابەزی و، خۆی گەیاندە (ئۆلمۆتز) و، لەگەڵ هاوڕێیەکیدا نانی خوارد و، قاپێک مەیی بەسەردا کرد. پاشان کەوتە گەڕان بە شوێن هاوڕێی منداڵیی خۆیدا.

لەبەر ئەوەی هێشتا شتومەکی سەربازی، بە تەواوی وەرنەگرت بوو، ئەسپێکی رووسیی، لە قەوقازییەک سەندبوو و، بەرگێکی سەربازیی کۆنیشی لەبەردابوو، خاچێکیش، بریسکەی دەهات پێوەی و،شمشێرێکی سوارانی دراگۆنی لە کەمەر بەست بوو. فێستێکی ناشیرینیشی بە سەرەوە بوو. هەر کە لە سەربازگەی پاسەوانان نزیک بووەوە، لە خۆی پرسی:کە ئاخۆ بەو خۆ گۆڕینەیەوە، کاریگەرییەکی چۆن، لە سەر بۆریس و سەربازانی پاسەوان دابنێت!؟

لە راستیدا ئەو فیرقەی پاسەوانانە، کە پەیوەندیی بەم سوپای شەڕکەرەوە کردبوو، هەر وەکوو بۆ سەیران هات بێت، وابوو. ئەندامانی لە خۆش گوزەرانیدا بوون و، هەموو کەشخە و، جل و بەرگیان پوختە و، بێخەوش بوو. پاسەوانان رێیەکی فرەیان نەبڕی بوو و، شتومەکی خۆیان و فیرقەکەیان بە گالیسکەی سەربازی گوازرابووەوە. بێ لەمەش گەورە بەرپرسانی نەمسایش باشترین خواردەمەنیان، لە قۆناغەکانی، ئەم هاتنەیاندا، بۆ دەستەبەر کردبوون.

هەر کە ئەو سرییەیانە، لە شوێنە ئاوەدانەکانەوە نزیک دەبوونەوە، لە سەر رەزمی میوزیکی سەربازی دەڕۆیشتن و، کە لێیشی دەچوونە دەرەوە، بە هەمان شێوە بوو. ئەمەیش وایکردبوو، ئەندامانی ئەو فیرقەیە بە خۆیان بنازن و، ئەفسەرانیان نقوومی جلوبەرگی جوان و شایستە بن.

بۆریس لە بڕینی رێگادا هاوشانی بێرجی سەرکردەی سرییە بوو. ئەو بێرجەیش بە هۆی وریایی و، یاسایی بوونی خۆیەوە بوو. هەموو فەرماندەکانی سرییەکەیش متمانەیان پێی بوو. کەسێک بوو، پشتگوێ نەدەخرا.

بۆریسیش لای خۆیەوە، پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەوانەی ناسراو و دەست ڕۆیشتوو بوون، تۆندو تۆڵ کردبوو. لەوانە خۆ نزیک کردنەوە، لە میر ئاندریە پۆلکۆنسکی. ئەوەیش بە هۆی ئەوەوەی کە پییەر بۆزۆخۆف، زووتر داوای لە ئاندریە کردبوو:ئاگای لە بۆریس بێت. هەر بە هۆی ئەویشەوە بوو، کە لە سوپای (ئەرکانی جەنگ)ە وەرگیرا، کە کۆتۆزۆف سەرکردەی گشتیی بوو.

بێرج و بۆریس خۆیان رازاندبووەوە و، بێخەم و ئارام بوون. زۆربەی کاتیان لە ژوورێکدا کە بۆیان تەرخان کرابوو، بە یاریی شەترەنجەوە بەسەر دەبرد. پاپێکەی بێرج دوکەڵاوی و، بۆریسیش یاریی بە کۆمەڵە سەربازە کوژراوەکانی، شەترەنجەکە دەکردو، سەرەی بێرج بوو بجوولێت. بێرجیش فەلسەفەکەی ئەوە بوو، کە خەریکی کارێک ببوایە،

هەموو هۆش و بیری، بۆ تەرخان دەکرد و، دەوروبەری، پشتگوێ خست بوو.

بۆریس جوولەیەکی کرد و، پێی وت:

ـ دەی فەرموو . . بزانم ئیستا چۆن خۆت رزگار دەکەیت؟

بێرجیش قەڵایەکی جوڵان و وتی:

ـ ئێمەیش دریغی ناکەین.

لە ناکاو دەرگا کرایەوە و، کوڕەی ڕۆستۆف هاواری کرد:

ـ ئا ئەوە خۆیەتی! بێرجیش لێرەیە !

ئەمجا کەوتەوە، لاسایی کردنەوەی، پیرەژنە دایەنەی کۆنی مااڵی خۆیان و ئەو کاتانەی منااڵ بوون و، بانگی دەکردن:دەی منااڵە جوانەکانم! بڕۆنە سەر جێگاکانتان و، بنوون.

بۆریس هەستا و، پێشوازیی لە ڕۆستۆف کردو پێی وت:

ـ ئای خوایە گیان! چەندە گۆڕدراویت !

لە مێزەکە دوور کەوتەوە و وێستی کوڕەی ڕۆستۆف لە ئامێز بگرێت، بەاڵم ئەو نەیهێشت. چونکە زۆرجاران لاوان باوو نەرێتە کۆنەکانیان پشتگوێ دەخەن و، لە جیاتییدا شتی نوێ دادێنن. بەو کارانەشیان بە خۆیان دەنازن. بۆیە وێستی مۆدێرنانە پێشوازی لە هاوڕێی خۆی بکات. بەاڵم بۆریس بە پێچەوانەی ئەوەوە، لە بەر ئەوەی شەش مانگ بوو یەکتریان نەدیبوو، بێ شەرمکردن سێ جاران لاملی ئەوی ماچ کرد.

هەر یەکە و کەوتە سەرنجدانی ئەویتر و، باسکردنی شێوەی ئەو گۆڕانانەی لەش و لاری ئەویتر. چونکە ئەوە شەش مانگ بوو، یەکتریان نەبینی بوو.

ڕۆستۆف جۆرێک قسەی دەکرد، سەربازانە و، بۆریس پێی رانەهاتبوو و وتی:

ـ ئای ساختەچیانە! ئێوە جلو بەرگەکانتان چەندە نوێ و پوختەیە! هەمیشە دەڵێی بۆ سەیران دەچن. ئێمەی داماویش بەرگی کۆن و شڕی:بەرەی شەڕمان لە بەردایە.

ژنە ئەڵمانیی خاوەن خانووەکەیش، هات و هاوارەکەی پێ سەیربوو، لە دەم دەرگاکەوە سەیرێکی کردن.

نیکۆلا چاوێکی لە ئەویش داگرت و پرسیی:

ـ ها خاتوونە جوانەکە. . . چی هەیە؟

بۆریس هەڵیدایە:

ـ هاتو هاوار مەکە و، مەیانترسێنە! لە راستیدا چاوەڕێی هاتنی ئەمڕۆی تۆ نەبووم. چونکە دوێنێ بە (نائب چابگ)ێکی کۆتۆزۆفدا، نامەم بۆ ناردیت. ئاخر چۆن وا زوو پێتگەیشت!؟ پێموا نەبوو، وا زوو دەگاتە دەستت! دەی ئێستا چۆنیت؟ بێگومان ڕوو بە ڕووی، شەڕیش بوویتەوە.

ڕۆستۆفیش خاچەکەی جۆرجی پیرۆز، کە بە زنجیرێکەوە، بە ملیدا هەڵواسرا بوو و، بە

سەر دەستە هەڵواسراوەکەی ملیدا، شۆڕ بوو بووەوە، کەمێک جوڵاند و بە زەردەخەنەیەکەوە، سەیرێکی بێرجی کرد و، هیچی نەگوت.

بەڵام دوای کەمێک وتی:

ـ پێموابێت:باشم.

بۆریسیش بە بزەیەکەوە وتی:

ـ ئەڵبەتە ئەڵبەتە! زۆر باشە. ئێمەیش لای خۆمانەوە، سەفەرێکی خۆشمان کرد. خۆیشت دەزانیت سەرۆک پێشمان کەوتبوو و، ئێمەیش بە دوایدا. بۆیەیش زۆر بە خۆشییەوە ڕێمان دەبڕی. جارێ ئەوە لە پۆڵۆنیا، هەر نەمانزانی کاتەکەمان، چۆن لێ ڕابووردا! ئیدی لەم ئاهەنگەوە بۆ ئەو ئاهەنگ و، لەم دەعوەتەوە بۆ ئەو دەعوەت بوو.

بە هۆی وەر گرتنی ئەو نازناوەوە، بە فەرمی درابوو بە سیزاریڤیتسنی کۆڕی قەیسەرو، دوای خۆی دەبووە جێنشین، ئەویش خەڵاتی ئەفسەرانی کرد.

هەر یەکە و، کەوتە باسی کارەکانی خۆی. یەکەمیان بە (هێزی سواران)یدا هەڵدەدا و، باسی ئازایەتیی دەکردن، لە شەڕەکاندا و، سوودەکانی ئەو دەستگرتنەوەیان لە خەرجییەکاندا.

ئەمیشیان باسی ئەو فەنتازیایەی دەکرد کە سوپاکەیان هەی بوو و، ئەو ڕێزەی لای هاوڵاتییانەوە، لێیان دەنرێت.

ڕۆستۆف وتی:

ـ ئای پیاوانی پاسەوانان. . هەر ئێمە چاکتان دەناسین! ئادەی داوای قاپێک مەی بکە.

بۆریش گرژ بوو و، وتی:

کە هەر سووریت لە سەری، دەنێرم بۆ قاپێک مەی.

جزدانی پارەکەی لە ژێر پشتی نوێنەکەیدا دەرهێنا و، فەرمانیدا قاپێکی بۆ بێنن. هەر بەم بۆنەیەیشەوە نامەکان و، ئەو بڕە پارەیەی بۆت هاتووە، دەدەمەوە دەستت.

ڕۆستۆف گوورزەی نامەکان و، پارەکەی وەرگرت و، زەرفی پارەکەی فڕێدایە سەر مێزەکە و، ئانیشکی دانا و، کەوتە خوێندنەوەی نامەکە. کە هەستی کرد بێرج چاودێریی دەکات، بە بێزارییەوە سەیرێکی کرد و، نامەکەی کردە پەردەیەکی نێوان چاوانی خۆی و ئەو.

بێرجیش سەیرێکی جزدانە بێ پارەکەی خۆیی کرد و وتی:

ـ لەوە دەچێت پارەیەکی زۆریان بۆ ناردبیت! بە خوا کاکی (کۆنت) ئێمەیش داماوین و، لە موچەی خۆمان زیاترمان نییە! بە تایبەتی منێک کە لە تاکێکی ئەم (هێزی پاسەوانان)ە بەولاوە هیچی تر نیم.

ڕۆستۆف کە ئەمەی بیست، هاواری کرد:

ـ گوێ بگرە بێرج. ئەگەر رێکەوت و، تۆ لە بەر چاوی من پارەت لە کەس و کارتەوە بۆ هات و، ئەویش بە هەزاران پرسیاری لێ کردیت، بڕوا بکە دەبێت پارە بدەیت و، لە خۆتی دوور بخەیتەوە. . ئیدی چی دەبوو با ببوایە! جیرو جەهەنەم !

. دواتر هەستی کرد باشی نەوگوتووە. دەستەکانی بێرجی گرت و بە دەنگێکی نزم پێی وت:

ـ ئازیزەکەم. . . لە قسە لە روویيەکەم تووڕە مەبە و ببووڕە. . هەر چۆنێک بێت، من وەکوو هاوڕێیەکی کۆن لەگەڵت هەڵسو کەوتم کرد و، لێم رابینیت. . ببووڕە !

بێرجیش هەستا و وتی:

ـ کۆنت. . گوێ مەدەرێ و، لێت تێدەگەم.

بۆریسیش پرسیی:

ـ دەزانیت کە خانەخوێیەکەت، داوات لێدەکات لێرە بمێنیتەوە؟

بێرج چاکەتە خاوێنەکەی هەڵگرت و چووە بەر ئاوێنەکە و، کەوتە سەرداهێنان. بزەیەکی کرد و بە سەرنجی میوانەکەدا بۆی دەرکەوت کە رێکپۆشە.

رۆستۆفیش هەناسەیەکی هەڵکێشا و، کەوتەوە خوێندنەوەی نامەکەی بەردەستی.

لەبەر خۆیەوە وتی:

ـ ئای کە منیش ئاژەڵم!

ئەویش کە گوێی لە ورتە ورتەکەی بوو، پرسیی:

ـ چی؟ چی؟ چی روویداوە؟

رۆستۆفیش سوور هەڵگەڕاو دووبارەی کردەوە:

ـ بە خوا منیش ئاژەڵم! چونکە تاکوو ترسیان لا دروست نەکەم، نامەمەیان بۆ نانێرم. ئای چ ئاژەڵێکم !

لەسەری ڕۆیشت:

ـ ئەرێ تۆ خزمەتکارەکەتت نارد، بۆ قاپە مەیەکە؟ چونکە ئەوە هەڵدەگرێت کە چەندین پێک هەڵبدەم.

کۆنتیسەی دایکیشی لە نامە تایبەتەکەی خۆیدا، بۆی نووسی بوو، کە ئانا میخایلۆڤنا، نامەیەکی بۆ پاگراسیۆنی ناردووە و، داوای لێ کردووە کە ئاگای لە تۆ بێت.

نیکۆلایش نامەکەی هەڵدایە ژێر مێزەکەوە و، هاواری کرد:

ـ ئای لەم کاڵفامییەی ئەوانیش !

بۆریسیش پرسیی:

ـ ئەوە بۆچی ئەو نامەیەت، فرێدایە ژێر مێزەکەوە؟

نیکۆلایش وتی:

ـ چونکە ئەمە نامەیەکی واسیتەیە، بۆ پاگراسیۆن و، کارم پێی نییە.

بۆریس لێی پرسی:

ـ پێم ناڵێیت:لەبەرچی؟

ـ چونکە واسیتە کردن، کاری خزمەتکارانە، نەک سەربازان.

بۆریسیش سەرێکی بادا و پرسیی:

ـ تۆ ئێستایش هەر خەیاڵ پڵاوەکەی جارانیت و، نەگۆڕدراویت !

نیکۆڵایش وتی:

ـ تۆیش هەر ئەو دپلۆماتە زۆرزانەی جارانیت و نەگۆڕدراویت! بەڵام تۆ واز لەمە بێنە. پێم بڵێ ئێستا بوویت بە چی و هەواڵت چییە؟

ئەویش لە وەڵامدا وتی:

ـ تا ئێستا باشم. . . بەڵام ددانی پێدادەنێم، کە حەزم لە سوپا نییە:تا بۆ ماوەیەکی زۆر تێیدا بمێنمەوە. بە تایبەتی ئەم بەشەی کە ئێستا تێیدام. بەڵام رقم لە بوون بە ئەفسەری یاریدەدەریش نییە.

نیکۆلایش پرسی:

ـ بۆچی؟

ئەویش وتی:

ـ چونکە ئەگەر ژیانی سەربازی، بۆ خۆم هەڵبژێرم، ئەوا دەبێت کەسێکی بە ناوبانگ بم.

نیکۆلایش کە لەوە دەچوو بیری لای خۆی نەبێت وتی:

ـ بە راست؟

چاوانیشی بڕی بووە نێوچاوانی هاوڕێکەی. لەوە دەچوو بۆ وەڵامێک بگەڕێت و، پیرەی خزمەتکاریش قاپە عەرەقەکەی هێنا.

بۆریس وتی:

ـ رەنگە وا باش بێت کە ئالڤۆنس کارالیتشی ئەڵمانیش، بانگ بکەم. چونکە ئەو چۆڕ لە قاپەکە دەبڕێت و، منیش ماوەیەکە خواردنەوەم تەرک کردووە.

نیکۆڵایش بە زەردەخەنەیەکەوە وتی:

ـ ئەوەیش خراپ نییە. تۆ پێم بڵێ ئەو ئەڵمانییە پیاوێکی چۆنە؟

ئەویش لە وەڵامیدا وتی:

ـ هەرزەکارێکی دروست و نیانە. . . تا بڵێی ئازایشە.

کوڕەکەی رۆستۆف سەیرێکی بۆریسی کرد و، هەناسەیەکی هەڵکێشا. هێندەی پێنەچوو، بێرج گەڕایەوە و، عەرەقەکەیش زمانی پژاندبوو.

هەردوو ئەفسەرەکە کەوتنە گێڕانەوەی بڕینی رێگاکەیان، بۆ کوڕەی رۆستۆف و، ئەو

پێشوازییەی کاتی تێپەڕبوونیان بە رووسیادا، لێیان کرابوو. زۆر بە وردی باسی سەرۆک و سەرکردەکانی خۆیانیان بۆ کرد. بە تایبەتیش، هەڵس و کەوتی غەراندۆق و، چەندین باسی نوکتە ئامێزی هەڵچوونەکانی.

بێرج قسەی تێدا نەدەکرد. مەگەر ئەو باسانە بوایە، کە خۆیشی تێدا بوو. بەڵام لە باسی غەراندۆقدا، زۆر بە شانازییەوە باسی ئەوەی کرد کە چۆن بۆی لواوە و، لە هەرێمی جالیسیا قسەی لەگەڵ کردووە. ئەو دەمەی کە لە پشکنینی یەکە سەربازییەکانی بەرەی شەڕ، گەڕاوەتەوە و، پێوەی دیاربوو لێیان رازی نەبوو.

بێرجیش لە سەر بابەتە کۆنەکە رۆیشت و وتی:

ـ سیزارتیش ئەسپەکەی تاودا و قیژاندی بە سەریاندا:

ـ وای لەم کۆمەڵە باشبۆزغانە !

(ئەو زاراوەیەیش باشترین لاقرتی بوو بەلای خاوەن شکۆیەوە). پاشان داوای لە فەرماندەی سرییەکە کرد کە بێتە بەردەمی.

دیسان وتی:

ـ بە گیانی خۆم هەرگیز نەترساوم! چونکە سوور دەزانم من بەرپرسی ئەو کارە نیم! ئەی کۆنت. . خۆم هەڵناکێشم گەر بڵێم رۆژانە هەرچی فەرمانێکی سەربازی دەرچووە، وەک چۆن نوێژم لەبەرە، ئاوا ئەوانیشم لەبەر بووە. هەموویشیانم جێبەجێ کردووە. هەرگیز لە یاسا لام نەداوە. هەر بۆیەش ئاوا ئاسوودەم.

پاشان بێرج هەستاو خۆیکرد بە فەرماندەی سرییەکە و وریابوونێکو سڵاوێکی سەربازی کرد و، کەوتە لاسایی کردنەوە.

سەیرێکی کردن و لەسەری رۆیشت:

ــ بە فیزێکەوە وەستام. ئەویش کەوتە جنێودان پێم. شتنێکی جوان، دایشتم. جا برادەرینە کردمی بە باشبۆزغ و، رسوا و هەڵاتووی سیبیریا. وشەیەکی ناشیرین نەما کە پێم نەڵێت !

بە زەردە خەنەیەکەوە دەستی پێکردەوە:

لەبەر ئەوەی دەمزانی هیچێک لەو سیفاتانەم تێدانەبوو، هیچم بۆ نەوترا. تووخوا کۆنت چاکم نەکرد؟

ئەمجا قیژاندی بە سەرمدا:

ـ ئەرێ ئەوە تۆ کەڕو لاڵیت!؟

بەڵام من هەر بیدەنگیم لێکرد. بڕوا بکە خاڵە کۆنت رۆژی دواتر، هیچی بیر نەمابوو! نە سزا درام و، نە هیچ! ئەمەیش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە توانیم دان بە خۆمدا بگرم.

ئەمجا مژێکی قوولّی لە سەبیلەکەی دا و، چەندین هەڵەفەی بە دووکوڵەکەی دروستکرد.

بزەیەکی زاڵبوونی بۆ کرد.

کوڕەی ڕۆستۆف بە زەردەخەنەیەکەوە وتی:

ـ بەڵێ . . . هەر ئەوەت چاک کردووە.

بـۆریس وا هەسـتی کـرد کـە لێـرە بـە دواوە، کـوڕەی ڕۆسـتۆف، نیـازێتی بـە بێـرج رابـبوێرێت. هەر بۆیە فریای ئەو کەوت و لە ئەمیانی پرسی:

ـ کەی و لە کوێ و چۆن پێکراوە و، بریندار بووە؟

نیکـۆلایش کەوتـە گێڕانـەوەی بەسـەرهاتەکەی و، باسـی شـۆینگرابن و، هـەر وەکـوو سـەربازان کەوتـە پیاهەڵـدانی هێزەکـەیان و، چییـان کـردووە و، چییـان نـەکردووە. ئـەو نیکۆلایەی کە بەڕاستگۆیی بە ناوبانگ بوو، باسەکانی بـە دڵی خـۆی ڕێک دەخست. نـەک وەکوو ئەوەی کە ڕوویدابوو و، خەڵکانی دی دەیانگێڕایەوە.

هەر چەندە لە سەرەتای قسەکانیدا، زۆر ڕاستگۆیانە کەوتە گێڕانـەوەی بەسـەرهاتەکان، بەڵام دواتر بێئەوەی ئاگای لە خۆی بێت، کەوتـە پیاهەڵـدان و زێدەڕەوی و، خۆهەڵکێشـان. نەیدەتوانی خۆی لەو گێڕانەوەیەیش دەرباز بکات.

لەبەر ئەوەی دوو هاوڕێکەی نیکۆلا پێشووتر بڕێک زانیاریان لە بارەی چەند شـەڕێکی ئەمانەوە هەبوو، بۆیە چاوەڕێی ئەوەیان لێ دەکرد کە ڕووداوەکان وەکوو ئـەوە بـن، کـە بیستبوویان. گەر نەیزانیایە کە ڕووداوەکان زۆر جوان بڕازێنێتـەوە، ئـەوا هـەر زوو پێیـان دەزانی. بـە تایبـەتی ئـەو زێدەڕەوییـەی بەرامبـەر (هێزی سـواڕە) کرد بـووی. پاشـان ئـەو قسانەی دەربارەی خۆی، کە چۆن چۆنی بۆ خـۆ ڕزگـار کـردن لـە دەسـت فەڕەنسـییەکان، غاری کردووە و، بەو هۆیەوە گلاوە و، دەستی شکاوە.

چونکە ئەمان چاوەڕێی ئەوەیان لێ دەکرد کە باسی ئەوەیان بۆ بکات، کە چـۆن چـۆنی، پاڵەوانانە پەلاماری یەکەکانی فەڕەنسای داوە و، بە شمشێرەکەی کەرتـو پـەرتی کـردوون و، بـە ڕاسـت و چەپـدا هێرشـی بـۆ بـردوون و، تـا خـۆی مانـدوو و شـەکەت بـووە، لێـی کوشتوون.

کـوڕەی ڕۆسـتۆفیش هێڵکێشـێکی نزیـک لـەو شـێوەیەی بـۆ کێشـابوو. باسـێکی زۆری پاڵەوانێتی خۆی و، بریندار بوونی بۆ کردبوون.

لە گەرمەی هەڵچوونەکەیدا وتی:

ـ ناتوانیت ئـەو گـڕو تینـە سـەرسـووڕهێنە بێنیتـە بـەرچاوی خـۆت، کـە مـرۆڤ لـە کاتی هێرشبردندا تووشی دەبێت.

کاتێک ئاندریە پۆلکۆنسکی چووە ژوور و، بۆریس لە چاوەڕوانییدا بـوو. ئاندریـە خـۆی بە پارێزەری لاوان دەزانی و، حەزی دەکرد کە بەرگرییان لێ بکات. بە تایبەتیش پاراسـتنی بۆریسێک، کە هاوڕێیەتیی دوێنێی ئەوی، بەلاوە خۆش بوو.

کـه پێـی سـپێردرا چەنـد کاغـەزێک بگەیەنێتـه تسـیزاریتش، هەلەکـەی قۆسـتەوەوە و، سەردانی بۆریسیشی کرد و، پێی وابوو، بە تەنیا دەیبینێت.

بەڵام کە ئەو سەربازەی (هێزی سوارە)ی لەلای ئەو بینی و، بە ئـەو شـێوەیە خـۆی بە شەڕەکانەوە با دەدا و وای پیشان دەدان کە پاڵەوانێکی کەم وێنە بووە، نارەحـەت بـوو. بـە رووی بۆریسـدا پێکەنی و دەستیشـی بـۆ رۆسـتۆڤ بـەرزکردەوە و ماندووانـە لـەوڵاوە لـە سەر کورسییەک دانیشت. هەر خەمی ئەوەیشی بوو کە نەوەکو لە کاتی قسەکردندا، دەمـی لـە دەمـی یـەکێک بگیرێت. وەکـوو ئـەوەی رۆسـتۆڤیش هەسـتی بـەوەی کردبێت. سـوور هەڵگەڕاو لە دڵی خۆیدا وتی:

ــ بۆچی گوێی بدەمێ؟ خۆ من هەر نایشیناسم.

بـۆریس هـەوالّی (هێـزی سـوارە)ی لـێ پرسـی. بـەڵام خـۆ نـەدەبوو میـرەی کـوڕی پۆلکۆنسکی، هەموو ئەو هەوالانەیان بۆ بگێڕێتەوە، کە گرنگ بوون. چونکە خەڵکی نامۆیان تێدابوو.

بۆیە هەر هێندەی وت:

ــ پێم وایە بەرەو باشتر هەنگاو دەنێین.

ئیدی لە سەری نەڕۆیشت.

بۆریس هەلی بێدەنگییەکەیئەوی قۆستەوەو زۆر بە ڕێزەوە پرسیی:

ــ ئاخۆ نیازیانـە بـڕی ڕۆژانـەی ئالیکی ئەسـپەکان زیـاتر بکـەن؟ وەکـوو ئـەوەی لـە نێو سوارەکاندا بڵاوبووەتەوە؟

کوڕەی پۆلکۆنسکییش ئاشکرای کرد، کە ئـەوە باسێکی مەترسـیدارە و، نابێت قسـەی لێوە بکرێت! بەڵام بێرج ئەم بەهانەیەی بە ساردییکەوە لێ وەرگرت.

کوڕەی پۆلکۆنسکی سەیرێکی ڕۆستۆڤی کرد و بە بۆریسی وت:

ــ دواتر لەبارەی کێشەکەی تۆیشەوە قسە دەکەینو هەڵا دەدەین رازیت بکەین.

چاوێکی بە ژوورەکەدا گێڕا و، سەیرێکی کوڕەی ڕۆستۆڤی کرد و پێی وت:

ــ پێم وابێت باسی کێشەی شوێنگرابنت بۆ دەکردین. ئاخۆ تۆ خۆت لەوێ بوویت؟

ئەویش وتی:

ــ بەڵێ خۆیشم بەشداریم تێدا کرد.

ئەمیش وتی:

ــ هەر یەکەو بە جۆرێک ئەو ڕووداوانە، دەگێڕنەوە !

ڕۆستۆڤ دەمێک لە نیکۆلاو، دەمێکیش لە بۆریسی ڕوانی و بە تووڕەییەوە وتی:

ــ هەر جارەو بە جۆرێک دەیگێڕنەوە! بەڵێ بەڵێ. بەڵام ڕاستییەکەی بەلای ئێمەوەیە. چونکە ئـەوە ئێمـە بـووین، بـە گڕەکـەی هـەڵپڕووزکاین. نـەکوو ئەوانـەی جلوبـەرگی نایـاب

دەڕۆشن و، خۆیان خزاندۆتە پەنا و پەسێوی، ئەرکان و سەرکردایەتییەوە و، بە دەستی بەستراویشەوە، مەدالیایان پێدەبەخشرێت !

کوڕەی پۆلکۆنسکیش هەڵیدایە:

ـ ئێوە پێتان وایە:کە منیش یەکێکم لەو جۆرانە . . وانییە!؟

ئـەو لەسـەرخۆییەی کـوڕەی پۆلکۆنسـکی رێـزو خۆشەویسـتی لای رۆسـتۆف بـۆ دروستکرد.

هەر بۆیە لە وەڵامی ئەودا وتی:

ـ مەبەستم تۆ نییە. چونکە نەدەتناسم و نەدەشمەوێت! من بە شێوەیەکی گشتی قسە لە پیاوانی (سەرۆکردایەتیی گشتی) دەکەم.

ئاندریەی کوڕەی پۆلکۆنسکییش وتی:

ـ منیش دەڵێم دەتەوێت من بجووڵێنیتو سەرکۆنەم بکەیت. ئەگەر رێزی خۆت لابێت، ئـەوا کـاری واناکـەیت. ئـەوەیش بزانـە ئێـرە شـوێنی ئەمـە نییـە. بـەڵام بـەم نزیکانـە زۆرانبازییەکی راستەقینە دەکەین. هەرچەند بۆ نەگبەتی خۆیشـم ڕووت پێمدا هەڵنایەت. دۆرپتسکۆییش، کە خۆی بە هاوڕێت دەزانێت، بۆی نییە خۆی لە ئێمە هەڵقورتێنێت.

پاشان هەستایە سەر پێو لە سەری ڕۆیشت:

ـ خۆت دەمناسیت و، دەزانیت کە لە کوێ بمدۆزیتەوە. ئاگاداریش بە، زیاد لـە پێویست سووکایەتییەکە گەورە مەکە. باشـە دۆرپتسکۆی؟ ئەوە ڕۆژی هەینی و دوای نمایشـەکە چاوەڕێت دەکەم.

پاشان خواحافیزیی لە دوانەکە کرد و، جێی هێشتن. کوڕەی ڕۆستۆف کەمێک وڕ بـوو. کـە هیچـی بـۆ نـەوترا، چـووە دەرەوە و، ئەسـپەکەی بـە دوای خۆیـدا بـەکێش کـرد و، خواحافیزیی لە بۆریس کرد و، ئەویش گەڕایەوە بۆ سەربازگەکەی خۆی.

بە درێژی ئەو ڕێگایە، لێکدانەوە و، سێودووی کرد و، نائارامی، دڵ و دەروون، بیرو هۆشی داگیر کردبوو.

لە خۆیی پرسی:

ـ ئاخۆ پێویست بکات لە سەبەینێ زووەوە، بچێت بۆ (سەرکردایەتیی گشتی) و، لەوێ بەڕەنگاری ئەو چەوڕەی ڕسوایە ببێتەوە؟ یان باشتر وایە، شتی وا نەکات؟

جارێک بەوە دڵخۆشبوو، کە بـە خـەیاڵی خۆی، لولـەی دەمانچەکـەی خستووەتە سـەر سنگی ئەو ڕسوای چەوڕەیە! جارێکیش ددانی بەوەدا دەنا، کە هاوڕێیەتیی، ئەو چـەوڕەی ڕسوایە:زۆر زۆر خۆشە !

بەشی هەشت
نمایشە خرۆشەکە

رۆژی یەکتر بینینی رۆستۆف و بۆریس و، روو بە روو بوونەوەکەیان، هەر ئەو رۆژە بوو، هەردوو سوپای هاوپەیمانان، کە (٨٠٠٠٠) سەرباز بوو، نمایشیان دەکرد. فیرقەیەکی تریش لە رووسیاوە نێردرابوو بۆ سوپاکەی کۆتۆزۆف و، تێکەڵیان ببوو. سوپاکەی کۆتۆزۆفیش تازە بە تازە لە پەلامارەکەی ئەورووپا گەڕابووەوە. خۆیان ئامادەی نمایشێک دەکرد و، شانشین و سیزاریۆیتشی رووس و، ئیمپراتۆری نەمسا و ئەرشیدۆق ئامادەی دەبوون.

ئەو بەیانییە هێشتا خۆر تیشکی خۆی پەخشان نەکردبوو، کە ئەو سوپا مەزنە لە گۆڕەپانی قەڵاکەدا و، لە ریزی ڕێک و پێکدا خۆیان ئامادە کردبوو. هەر حەربە بوو، چوو بوو بە ئاسماندا و، هەر ئاڵا بوو دەشەکایەوە. هەر ڕەوی ریزبەندی سەربازان بوو، لە سایەی ئەفسەرانیدا بۆشاییەکانیان پڕدەکردەوە و، ریزیان دەبەست. جاری وایش هەبوو، بە هەزاران سەرباز بە ریز و لەسەر ڕەزمی تەپڵا و حیلەی ئەسپەکان و، بریسک وباقی شمشێرانیاندا ڕەویان دەکرد.

تیپی جوق و مۆسیقایە بەسەر ئەسپە ڕەنگاورەنگەکانیانەوە، پێش سوپاکە کەوتبوون. ڕەزمی میوزیکیان لەگەڵ جیرەی پێچکەکانی ئەو تۆپخانە بریسکەدارە جوانانە و خرمەی پێی ئەو ئەسپانەی گالیسکەکانیان رایاندەکێشا، بوو.

ئەو هەموو دەنگانە تێکەڵ بە خرمەی پێی سەربازانی پیادە دەبوو. ژەنەرالّەکانیش، چیان پێ بەخشرا بوو، لەو ئەستێرەی زێڕین و، مەدالیای ڕێزلێنانەیان، بە بەرۆکیاندا هەڵواسیبوو. ئەفسەران و سەربازانیش، چونکە هەموویان گرنگی ئەو نمایشەیان هەست پێکردبوو، خۆیان شتبوو و، بەرگەکانی بەریان خاوێن بوو. . بایەخێکی زۆریان بە چەک و پێداویستیەکانیان دابوو. دەستو رانی ئەسپەکانیان لە ژێر تیشکی خۆرەکەدا بە جۆرێک دەبریسکایەوە، دەتووت موو بە موویان، پاککراونەتەوە! هەر لە ژەنەرالێکەوە تاکوو سەربازێک، دەیزانی کە دەنکێکە لە لمی ئەو بیابانی سەربازانەی شەپۆل دەدەن.

لە هەمان کاتدا بە خۆیشیان دەنازی، کە یەکەیەکی پێکهێنەری ئەو سوپا مەزنەن. هەر لە بەرەبەیانەوە خەریک بوون و، پێش سەعات دەی بەیانی، لە ئامادەباشیدا بوون.

سوارەکان پێشەنگ بوون. یەکەکانی تۆپخانە لە ناوەڕاستدا بوون. هێزەکانی پیادەیش لە سێ ریزی تۆکمەدا، لە دوای دواوەی گۆڕەپانەکەدا، وەستابوون. لە نێوان هەر یەکەیەک و یەکەیەکی تری سەربازاندا، ئەگەر بۆشاییەک هەبوایە، ئەوا یەکە جوڵاوەکان، پڕیان دەکردەوە. ئەوان هەر لە شەقامێکی پان و پۆڕ دەچوون.

لە ئەو سێ یەکە سەربازییەدا، سوپاکەی کۆتۆزۆڤیش هەبوو. ئەو سوپایەی کە ئەو شەڕە مەزنەی پێشووتریان کردبوو. لە پێش هەموویشیانەوە سوپاکەی پاقلۆگراد بوو و، بە جل و بەرگی پوختەوە وەستابوون. پاشان یەکەکانی سەر بە هێزی پاسەوانان و، ئەو یەکانەی کە تازە لە ڕووسیاوە گەیشتبوو. بە دوایدا یەکەکانی نەمسا بوون.

پارچە مەزنەی مرۆڤییەکە، سەرکردەیکیان بوو و، یەک دەنگ هاواریان دەکرد:

ــ ها. . هم! ها. . هم !

ئەو دەنگە وەکوو ئاگری نێو پووش، بە ناو سەربازاندا تەشەنەی دەکرد. دوای دواین جووڵەیان، وەکوو شەپۆلی دەریا، هێور بوونەوە و، ئامادەی نمایشەکە بوون.

کۆمەڵێک سەرباز لەسەرەڕێی ئۆڵمۆتزەوە دەرکەوتن. هەر لەو کاتەیشدا کە هەر هەموو یەکە سەربازییەکان، وەکوو تەختە بێ جوڵە وەستابوون و، شنەبایەک بە ڕوویاندا تێپەڕی و، ئەو هەموو ئاڵایەی بە دار ئاڵاکەوە بوون، شەکاندەوە. لە تەماشاچیانیش وابوو، کە ئەو شەکاندنەوەیە، بە مەبەستی پێشوازی کردن بووە لە هەردوو پاشاکە.

دوا بە دوای ئەو دیمەنە سروشتییە، ئەفسەران بە یەک دەنگ هاواریان کرد:

ــ وریا. . . بن.

لە ڕاستیدا ئەم هاوارەیان لە قوقەی کەڵەشێری بەیانیان دەچوو. بە دوایدا گۆڕەپان وەکوو گۆڕستان کپ بووەوە. هەر کە سەرکردەکانی وڵات گەیشتن، دەنگی ئاوازی تایبەت بڵند بووەوە و، خرمەی پێی ئەسپەکان، پەردەی گوێیەکانی دەلەراندەوە.

هەموو فەیلەقەکان پێکەوە، یەک پارچە موسیقایان ژەند کە بەهۆیەوە شادی و پێخۆشحاڵیی سەربازانیان دەردەبڕی، بە گەیشتنی هەردوو سەرۆکەکە.

لـه پرێکدا دەنگی ئەلکسـەندەری ئیمپراتـۆر زاڵا بـوو بەسـەر مۆسـیقاکەدا و، سـڵاوی لێکردن.

فەیلەقی یەک، بە یەک دەنگ هاواریان کرد:

ــ هُۆرا !

لەبەر ئەوەی هەست بە زۆری سەربازەکان دەکرا، دەنگەکە زۆر ترسناک بوو.

سـەرەتا ئیمپراتـۆر، سـوپاکەی کۆتـۆزۆڤی پشکنی و، رۆسـتۆڤیش لـە رێزی پێشـەوەیدا بوو. بیرکردنەوەی ئەویش وەکوو هەر سەربازێکی تری ئەو سوپایە بوو. کە خۆنەویسـتی و برِوا بە تۆکمە بوونی هێزو توانا و، لێوەشاوەیی بێسنوور بوو.

وا هەستی دەکرد، کە یەک وشەی پاڵەوانی یەکەم، ئـەم هـەموو سـەربازە دەجوولێنێت، لە کاتێکدا خۆیشی گەردێکی بچووکە تێیدا. ئامادەیشـە خـۆی فرِێ بداتـە نێو ئاگرەوە، یـان ئاوی بێ ئامانەوە و، بـەرەو مـەرگ برِوات و، وەدووی تـاوان باراندا بچێت. یـان بـە دوای پاڵەوانبووندا بگەرێت.

هەر کە سەرکردەی وڵات لێی نزیک بووەوە، هەستێکی وا دڵاو مێشکی داگیرکرد، کە خـەریکبوو بکـەوێت. لـە هـەموو لایەکـەوە (هـۆرا) تێکـەڵ بـە ئـاوازی مۆسـیقا بـوو. بـەوە پێشوازیان لە ئیمپراتۆر کرد.

ناوە ناوەیش چەند شیعارێک دەوترا. هەر هەموو فەیلەقەکان، پێش گەیشتنی ئیمپراتۆر، وەکـوو پارچەیـەک تەختـە کـپ و بێدەنگ بـوون. هـەر کـە ئیمپراتـۆر دەگەیشـتە بـەردەمی یەکەیەک، سەربازانی ئەو یەکەیە، چالاکیی تێ دەکەوت و زۆر بە تونـدی هوتافیـان دەکێشـا و، هاواریان دەکرد.

چەنـد سـەد سـوارەیەک دەجـوڵان و، ئەسـپەکانیان دەبـزووت. دوو شۆڕەسـواریش لـە پێشـەوەیاندا بـوون، کـە هـەردوو ئیمپراتۆرەکـە بـوون. لـە پشـت ئەوانیشـەوە کۆمـەڵێک سوارەی پاسەوانانی ئیمپراتۆرەکان بـوون و، زۆر وریایانـە بەسـەر ئەسـپەکانیاندا زاڵبـوون و، ببوونە جێی سەرنجی ئەو هەموو سەربازە وەستاوانەی نێو رێزە رێک و پێکەکان.

ئەلکەسـەندەری ئیمپراتۆری هەرزەکار، بە بەرگی (هێزی پاسـەوانان)ەوە بـوو و کـەمێک شەپقەکەی بەلای گوێیدا لار کردبووەوە. وا دەردەکەوت کـە کەسـێکی ئـارام و رووکراوە بێت و، جێی سەرنجی ئەو هەموو سەربازە بوو.

رۆستۆڤیش کە نزیک بـە کۆمەڵـەی ئاوازژەنـان بـوو، تـوانیی، دوور بـە دوور ئیمپراتـۆر ببینێت و، بکەوێتە سەرنجدانی جووڵەکانی. بەڵام کـە کارەکـە وای لێهـات بیسـت هـەنگاوێک لێی دوور بـوو، نـەیتوانی بـە جـوانی روخسـاری ئـەو لاوە قـۆزە ببینێت. لەبـەر ئـەوەی هەستێکی وا دایگرت بوو، کە پێشتر بیری لێ نەکردبووەوە.

ئەویش قۆزی و جوانی و رێکپۆشی ئیمپراتۆر بوو.

ئەلکسەندەر لە ئاستی فەیلەقەکەی پاڤلۆگراددا وەستا و، چەند قسەیەکی بۆ ئیمپراتـۆری نەمسا کرد و، بزەیـەک گرتـی. رۆسـتۆڤیش هێنـدە ئیمپراتـۆری بـە دڵداچوو، حـەزی دەکرد

بچێته بەردەمی و، خۆشەویستی خۆیی بۆ دەربخات. کە هاتەوە هۆش خۆی و، تێگەیشت ئەو هەلەی بۆ نارەخسێت، فرمێسک زایە چاوانی.

لەو کاتەدا ئیمپراتۆر سەرکردەی فەیلەقەکەی بانگ کرد و کەوتە دواندنی.

رۆستۆف لەدڵی خۆیدا وتی:

ـ ئای خوایە گیان! باشە خۆ ئەگەر هەردوو ئیمپراتۆرەکە من بدوێنن، ئەوا گومانی تێدانییە، هەر لەوێدا گیانم دەردەچێت !!

ئەلکسەندەر سوپاسی ئەفسەرانی فەیلەقەکەی کردو پێی وتن:

ـ بەڕێزینە. . . لە ناخی دڵمەوە سوپاستان دەکەم.

ئەو وشانە و ئاوازەکانی، بەلای رۆستۆفەوە، وەکوو لە ئاسمانەوە دابوەرن، وابوو. ئای چەند پێی خۆشبوو لەو کاتەدا، لە پێناوی ئیمپراتۆردا خۆی بەخت بکات !

ئیمپراتۆر لەسەر قسەکانی رۆیشت:

ـ بەراستی وتە پیرۆزەکانی باوکە جۆرجی پیرۆزتان چەسپاند و، لەمەو دوایش درێغی ناکەن.

رۆستۆفیش لای خۆیەوە، وا بیری کردەوە:

ـ بەڵێ مردن لە پێناوی ئەم ئیمپراتۆرەدا ئەوپەڕی ئاواتمە !

ئەلکسەندەر چەند قسەیەکی تری کرد و، رۆستۆف لێی تێنەگەیشت.

هەر هێندەی زانی سەربازان هـاواریان کرد:

ـــ هۆرا !

رۆستۆفیش خۆی بـە سـەر قـەڵپووزی ئەسپەکەیدا دا و، وەکوو ئـەوان هـاواری کـرد. ئامـادەبوو ئەگـەر ئـەو هـاوارە دڵسـۆزیی ئـەو دەربخـات بـۆ ئیمپراتـۆر، ئـەوا هێنـدە تونـد بقیژێنێت، تاکوو سییەکانی دەدڕێن.

ماوەیـەک ئەلکسـەندەر وەکـوو سەرسـامێک لەبـەردەم هێـزی سـواراندا وشـک بـوو و نەجوڵا.

رۆستۆف لە خۆیی پرسی:

ـ ئـای! ئـای! چۆن دەبێت ئیمپراتۆر سەرسام بێت!!؟

بـەڵام دوای کـەمێک، ئیمپراتـۆر کەوتـەوە جووڵـە و، کۆمـەڵێکی زۆر لـە ئەفسـەرانی یاریـدەدەر، شـوێنی کـەوتن. ئـەویش سەرسـامی رەوییـەوە و، پاژنـەی پـێڵاوە نـووک باریکەکەی، لە ژێرسکی ئەسپەکەی توندکردو، دەستە بە دەستکێشەکانی یەکخستنەوە.

وردە وردە ئیمپراتۆر، دوور دەکەوتەوە و، لە بەردەم فەیلەقەکاندا هەڵوێستەی دەکرد. هێندە لە رۆستۆفەوە دوورکەوتەوە، کە تەنیا پەڕە سپییەکەی سەر شەپقەکەیی دەبینی، لە نێو ئەو هەموو سەربازانەدا، بایەکە دەیشەکاندەوە.

رۆستۆف لە نێو سوارەکانی ئیمپراتۆردا، میر پۆلکۆنسکیی بینی کە سوارچاکانە رەوتی

دەکرد. رووداوەکەی دوێنێ و، دەمەقاڵەکەی بیرکەوتەوە و، ئەو پرسیارە بێ وەڵامەی کە لە خۆی پرسی بوو:ئاخۆ بەربەرەکانێی بکات و روو بەرووی ببێتەوە؟

دەمو دەست لەوێدا وەڵامی خۆی دایەوە و وتی:

ـ ئێستا کاتی ئەوە نییە و، بەربەرەکانێی ناکەم. ئەمەی ئێمە هەر هیچ نییە لە بەرامبەر ئەم وەفا و قوربانیدان و دڵسۆزیانەدا، بۆ نیشتمان. هەر بۆیەش من لای خۆمەوە هەموو کەسێکم خۆشدەوێت و، لێیان دەبووڕم.

دوای ئەوەی ئیمپراتۆر هەموو فەیلەقەکانی بەسەر کردەوە. ریزەکان بە بەردەم ئیمپراتۆردا زۆر بە رێکوپێکی تێپەڕین. ڕۆستۆفیش بە سواریی ئەو ئەسپە (بیدوان)وە بوو، کە لە دینیسۆفی کڕی بوو و، لە دوای کۆمەڵەکەی خۆیەوە دەڕۆیشت. چەند جارێک لە ئەسپەکەیەوە ژەند و، سەرکەوتووانە کلکی بەو ئەسپە بەرز کردەوە و، ملی پێ شۆڕی زەوی کرد و، لۆقەیەکی زۆر جوان و گونجاوی پێکرد و، لەگەڵ ئاوازی مۆسیقا سەربازییەکەدا گونجاو بوو.

دیمەنەکە هێندە جوان بوو و، سەرنجی ئیمپراتۆری بۆ لای خۆی راکێشا. بەو هێنانەوەیەکەی هەردوو رانی رۆستۆف، بۆ دواوە و، سنگ بردنە پێشەوەی بەسەر ئەسپەکەیەوە، هەر وەکوو ئەوە وابوو، پارچەیەک بێت لە ئەسپەکە.

بە بەردەم ئیمپراتۆردا تێپەڕی و هەر وەکو دینسۆف وتبووی:لە (شەیتانی دۆزەخ) دەچوو.

کە گەیشتنە ئاستی ئیمپراتۆر، پێی وتن:

ـ چۆنن شۆڕە سوارانی پاقڵۆگراد؟

ڕۆستۆفیش لە دڵی خۆیدا وتی:

ـ ئای خوایە گیان چەند بە بێباکی و دڵخۆشییەوە:گەر ئیمپراتۆر فەرمانم بداتێ، خۆم لە پێناویدا، فڕێ دەدەمە ئاگرەوە !!

دوای نمایشەکە، ئەفسەرانی ڕووس و ئەو ئەفسەرانەی تازە بە تازە لە ڕووسیاوە گەیشتبوون، کۆ بوونەوە. چەند بازنەیەکیان لە سەر زەوییەکە دروستکردبوو و، هەر خەریکی قسە کردن بوون، لە بارەی ئەو خەڵاتە چاوەڕوانکراوانەی، کە دەبێت بکرێن و، سەربازە نەمساییەکان و، جلوبەرگەکانیان و، پێگەی ناپلیۆن و، مەترسیدارتر بوونی، بە هۆی پەیوەندی کردنی فەیلەقەکانی ئێیسن بە سوپاکەی ناپلیۆنەوە و، هاتنی بڕووسیایشەوە بۆ نێو هاوپەیمانانی لەشکری ناپلیۆنەوە.

بەشێوەیەکی گشتیش، باس هەر باسی ئەلکسەندەر بوو. هەر یەکە و بە جۆرێک جموجوڵەکانی ئەوی لێکدەدایەوە. دەمی هەر کەسێکیانت بکردایەتەوە، ئاواتی ئەوە بوو، هێرش بکەنە سەر دوژمن.

ڕۆستۆف و ئەفسەرانی تر، پێیان وابوو کە سوپایەک ئا ئەو قەیسەرە پێشەوای بێت، هەرگیز شکست ناخوات. بۆیە وا هەستیان دەکرد کە لە سەرکەوتنەوە نزیکن.

بەشی نۆ
هەڵپەکانی بۆریس

هەر رۆژێک دوای نمایشەکە، بۆریس خۆی گۆڕی و، بە خۆی و دنیایەک خواحافیزیی و، ئومێدی بەختەوەریی بۆ خواستنی، بێرجی هاوڕێیەوە، بەرەو (ئۆڵمۆتز) سەفەری کرد. لە ناخیشەوە، بە نیازی ئەوەوە بوو، بە هۆی پلە و پایەی پۆلکۆنسکییەوە، لە شوێنێکی زۆر باش دابنرێت.

چاویشی بڕیبووە ئەوەی، کە ببێتە ئەفسەری یاریدەدەری، کەسێکی دەستڕۆیشتوو و بە نێوبانگ و، جۆرێک بێت، دۆستو ناسیاوانی ئیرەیی پێ بەرن.

لە دڵی خۆیشیدا وتی:

ـ جێی خۆیەتی رۆستۆف، مل بۆ کەس نەوی نەکات و، واسیتە قبوڵا نەکات. چونکە ئەو هەر جارە و (١٠٠٠٠) رۆبڵی لای دایک و باوکییەوە بۆ دێت. بەڵام منێک کە لە وریایی خۆم بەولاوە، هیچ شک نابەم! بۆیە پێویستە من بۆ پێگەیاندنی خۆم بە دەست و دەم، پڕ بکەم بە هەڵەکاندا و، بیانقۆزمەوە، بۆ بەرژەوەندیی خۆم.

ئەو رۆژە میر ئاندریە لە ئۆڵمۆتز نەبوو. بەڵام بنکەی سەرکردایەتی گشتیو هەردوو ئیمپراتۆرەکە، لەوێ بوون. ئەمانە وایان کرد کە بۆریس زۆر بە تاسەی شوێنە

چاوەڕوانکراوەکەی خۆی و، دنیای ئەو پلەیەوە بێت کە بە لایەوە نوێ بوو.

هەرچەند بەرگەکەی بەری پوختەو نوێ بوو. بەڵام کە ئەو هەموو سەربازانەی بینی، کڵاو قووچەکانیان پەڕی پێوەیە و، شتومەکی زێڕین بە بەرگەکانیانەوەیەو، قەڵپووزی زەردی زینەکانیان دەبریسکێتەوە و، بە لوتبەرزییەوە دێن و دەچن، بۆی دەرکەوت لە خواریانەوەیە و، لەوان نزمترە، قێزی لە خۆی هاتەوە. تەنانەت لە کاتی گەڕانی بە شوێن کوڕەیدا پۆلکۆنسکی و پرسیار کردنیدا، بە دەیانی دەبینی و، هەستی دەکرد، رۆژانە بە دەیان کەس هەواڵی پۆلکۆنسکی دەپرسن و، ئەم هەر لە هیچەوە دیار نییە، لە چاو ئەواندا و، بگرە ئەفسەران و دەرگاوانانیش لە پرسیارکەران وا بێزار ببوون، پشتگوێیان دەخستن.

ئەو رۆژە هیچی بۆ نەکرا و گەڕایەوە. رۆژی دواتر کە پازدەی تشرینی دووەم بوو، دیسان هاتەوە بۆ ئۆلمۆتز و، چووەوە ئەو ئوتێلەی کە کۆتۆزۆف و پاسەوانانی ئەوی لێبوو. پێیان وت کە میر لێرەیە.

بردیانە هۆڵێکەوە و، لێی دانیشت. دوای چاو گێڕان بەو هۆڵی چاوەڕوانییەدا، بەو پێنج چرپای نێو ئەو ژوورە پان و پۆڕەدا و، ئەو پیانۆیەی کە لە سووچێکیدا بوو، بۆی دەرکەوت کە ئەو هۆڵە، کاتی خۆی شوێنی سەما کردن بووە.

لەبەر دەرگایەکی تردا ئەفسەرێکی یاریدەدەر، کە پاڵتۆیەکی فارسیی لە بەردابوو، دانیشتبوو. میزێک و چەند کاغەزێکی لە بەردەمدا بوو. ئەوەکەی تەنیشتی نیستیڤسکیی کەتەی سورفل بوو. کە لەگەڵ هاوڕێیەکی تەنیشتی خۆی سوعبەتی دەکرد. سێیەمیشیان لەسەر پیانۆکە ئاوازێکی ڤاڵسی دەژەند، کە لە ڤییەنا، فرە بە نێوبانگ بوو.

چوارەمیش بە سەر میزی پیانۆکەدا داموکابووەوە و، گوێرانیی دەگوت. کەسیان بە بینینی بۆریس خۆیان تێکنەدا. ئەوەیشیان کە بۆریس هەواڵی پۆلکۆنسکیی لێ پرسی بوو، هەر خەریکی نووسین بوو. بە بێزارییەوە بە لایدا وەرچەرخا و، پێی وت کە پۆلکۆنسکی سەرقاڵی کارێکی تایبەتە و، گەر هەر دەیەوێت ببینێت، با لەو دەرگایەوە، بچێتە دەرو بەلای چەپدا بڕوات و، لە هۆڵی چاوەڕوانی دابنیشێت بۆ بینینی.

بۆریس سوپاسی کرد و، بەرەو هۆڵەکەی بۆی دیاری کردبوو، چوو. کە گەیشت، سەرنجیدا چەند ژەنەراڵا و ئەفسەرێک، لە چاوەڕوانی ئەودا دانیشتوون. ژەنەراڵێکی رووسیی بینی، سەرسنگی پڕ بوو لە (مەدالیا) و، ئاڕمی سەربازی.

لە باری وریا بوونی سەربازیدا بوو و، بە رووبەکی پڕ رێزەوە، خەریکی کۆتایی پێ هێنانی ڕاپۆرتەکەی بوو، بۆ کوڕەی پۆلکۆنسکی. میریش بە ماندوو بوونێکەوە گوێدێڕی بوو و، دەوروبەری خۆی تێگەیاند کە لاقرتنی بە ڕاپۆرتەکە دێتو گەر ئەرکی سەربازی نەبوایە، هەر گوێیشی لێ نەدەگرت.

بۆریس گوێی لێ بوو میر پێی وت:

ـ زۆرباشە. فەرموو چاوەڕێ بە.

گفتوگۆکەی بە رووسی و لە سەر شێوازی زمانی فەرەنسیی پێکەنینهێن بوو.

لەو کاتەدا چاوی بە بۆریس کەوت و، ژەنەرالەکەی پشتگوێ خست و، بەرەو ئەو گەنجە چوو و، هەر لە دوورەوە بزەیەکی بۆ کرد.

بۆریس ئەو بیرۆکەیەی پێشووی بۆ سەلما کە تەنیا پلە سەربازییەکان گرنگن، نەک تەنیا و تەنیا گوێڕایەڵی و، جێبەجێ کردنی فەرمانە سەربازییەکان. هەر ئەوەیش بوو هەناسەی ئەو ژەنەرالە دانیشتووەی سوار کردبوو. چاوەڕێی کۆتابوونی راپۆرتی ئەو ژەنەرالە بوو، لەبەردەم کوڕەی پۆلکۆنسکیدا. بۆریسیش تێگەیشت کە دەبێت لە فەرمانە سەربازییەکان زیاتر بایەخ بەو ریزبەندی پلەو پایە سەربازیانە بدات و، هەرچەند ئێستا سەربازێکی سادەی ئالا هەڵگرە، بەڵام بە هۆی ئەو نامەی واسیتەوە کە پێیەتی، دەتوانێت زاڵا بێت بەسەر هەر ژەنەرالێکی پلەداریشدا و تێکی بشکێنێت.

میر قۆڵی بۆریسی گرت و وتی:

ــ ببوورن کە دوێنێ منتان نەدی بوو. ئەوە چوو بووم بۆ (ڤیرۆرهەر). خەریکی پشکنین و چارەسەر بووین. ئاخر ئەم ئەڵمانیانە، رۆژانی منیان بە خەسار داوە. هەر کە دەکەوینە بینین و پشکنینیان، ئیدی وا بە ئاسانی تەواو نابین.

هەرچەند بۆریس ئەوە یەکەمجاریشی بوو ئەو ناوە ببیستێت، بزەیەکی بڕوا پێ کردنی بە قسەکان، بۆ کرد.

پۆلکۆنسکی لەسەری رۆیشت:

ــ کەوابوو . ئازیزەکەم، ئێستاش هەر دەتەوێت ببیت بە ئەفسەری یاریدەدەر؟ وا نییە؟ ئەم ماوەیەیش هەر لە بیرم بوویت.

بۆریسیش بێ ئەوەی خۆیشی بزانێت بۆچی سوور هەڵگەڕاوە، وتی:

ــ بەڵێ سوورم لەسەر ئەوەی، داواکارییەک بخەمە دەرباری، ژەنەڕاڵی سەرۆکی بااڵ. بۆ ئەمەیش، میر کۆراگین ئامۆژگاریی کردووم.

وەکوو ئەوەی هۆ بزۆێتەوە، بۆ داوای گواستنەوەکەی، لە سەری رۆیشت:

ــ خەمی ئەوەیشمە:نەکوو (فەیلەقی پاسەوانان) بەشداری شەڕ نەکەن.

میریش وتی:

ــ زۆر باشە. دواتر لە بارەی ئەوەیشەوە قسە دەکەین. ئێستا با ئەو بەڕێزە بێتە الم و، دواتر تەرخانی تۆ دەبم.

ژەنەرالەکەیش کە بڕوای پلەکانی سەربازی هەبوو. بە ڕق و کینەوە سەیرێکی بۆریسی دەکرد. چونکە بە الیەوە، ئەو چەورەیەکی ئالا هەڵگری سادەی سوپایە.

بۆریس هەستی بەو ناڕەحەتییە کرد و رووی لە ژەنەرالەکە وەرگێڕا و، چاوەڕوانی هاتنەوەی میر بوو. میریش ئەوی بەرەو تارمەکە و، شوێنی پیانۆکە برد.

لە ئەوێ پێی وت:

ـ من وا بۆی دەچم، کە باش نەبێت، داوا بەرز بکەینەوە بۆ (سەرۆکایەتیی بالا) چونکە هێندە رووی خۆشت دەداتێ، داواکارییەکەت بیر دەباتەوە و، رەنگە بانگهێشتی نان خواردنێکیشت بکات. بەڵام هیچت بۆ ناکات. کەوابوو گوێ لە من بگرە. ئێستا ئەفسەرانی یاریدەدەر، زۆر زۆرن. من هاوڕێیەکم هەیە، ناوی (دۆلگۆرۆکۆڤ)ە. گەنجێکی زۆر باشە و سەرۆکی ئەفسەرانی دەربارێ ئیمپراتۆرە. رەنگە ئەوەیش نەزانێت کە (کۆتۆزۆڤ)و دەستەی ئەرکانەکەی و ئیمەیش لەگەڵیاندا، ئێستا دەستمان ناڕوات. هەموو شتەکانیش کەوتووەتەوە دەستی ئیمپراتۆر خۆی. بۆیە ئێستا من دەمەوێت ئەو (دۆلگۆرۆکۆڤ)ە ببینم.

وەرە با پێکەوە بچین بۆ لای ئەو. زووترین باسی تۆم بۆ کردووە و، رەنگە جێیەکی باشت لای خۆی بۆ دابین بکات. یان لە شوێنانی تر هەوڵێکت بۆ بدات.

تا دەهات ئەم میر ئاندریە پۆلکۆنسکییە، زیاتر سوور دەبوو، لەسەر یارمەتیدانی گەنجان بە گشتی. تا ئاراستەی هەنگاوەکانیان بەرەو ئاسۆی روون بەرێت و یارمەتییان بدات لە دروستکردنی خۆیاندا. بەڵام لوتبەرزییەکەی خۆی ڕێی پێ نەدابوو، خۆیشی وا بکات و، داوای یارمەتی لە کەسی دەوروبەر بکات.

تێکەڵویی میر ئاندریە لەگەڵ چینە ناسراو و کەسایەتییە دەست ڕۆیشتووەکاندا و، خۆ نزیک کردنەوە لێیان، سەرکەوتنی بۆ ئەویش مسۆگەر کردبوو. بۆیە تەقەلادانی بۆ بەرژەوەندییەکانی بۆریس، بە ڕەوا دەزانی و، پێی خۆش بوو و، لەگەڵ خۆی بردی بۆ لای میر (دۆلگۆرۆکۆڤ).

هەر کە چوونە کۆشکی (ئۆڵمۆتز)ەوە. بەشێکی تەمەنی شەوگار بەسەرچوو بوو و، تاریکی باڵی بەسەر ئەو شوێنەدا و، ئیمپراتۆر و، کەسانی دەربارداً، کێشابوو. ئەو ڕۆژە کۆنگرەیەک گیرابوو و، هەموو ئەندامانی سەرۆکایەتی ڕووسیا و، نەمسای تێدا بەشدار بوون. هەر لەو کۆنگرەیەدا بڕیاریان دابوو، کە هێرشێکی هەمە لایەنە بکەنە سەر، سوپاکەی (ناپلیۆن)و، ئەو بڕیارەیش پێچەوانەی ویستی هەردوو پیرەکە، (کۆتۆزۆڤ)و (شوارزنبێرگ) بوو.

ئەو دەمەیشی ئەم دوو هاوڕێیە گەیشتن، تازە کۆنگرەکە کۆتا بووبوو. هەواڵی (دۆلگۆرۆکۆڤ)یان پرسی.

بەشدارە هەرزەکارەکانی کۆنگرەکە، دڵخۆش بوون بەوەی، لە بڕیاردانی شەڕدا زاڵا بوون بەسەر سەرکردە پیرەکاندا و، لەو بڕوایەدا بوون، کە ئەنجامی جەنگەکەیش بە سەرکەوتنی خۆیان دەبێت. پێیان وابوو لەبەر ئەوەی سوپاکەی ئەمان زۆرتر و لەبان تر، شەڕەکە بە بەرژەوەندیی هاوپەیمانان (ڕووسیا و ئەڵمانیا و نەمسا) دەشکێتەوە.

دابەزینی هەردوو ئیمپراتۆرە مەزنەکەیش بۆ نێو سەربازان، هێندەی دی وزەی سوپاکەی بەرەو بان بردووە. ژەنەرالا (ڤیرۆزەر)یش، ئەو شوێنەی سوپای فەڕەنسییەکان، زۆر بە باشی شارەزایە. لە سەر نوێترین نەخشە، هەموو تەپۆلکە و دۆڵ و نشێوەکانی، دیاری کردووە.

سەرەڕای ئەمانەیش ناپلیۆنیش شەڕی وەها مەزن و، بەرەیەکی وا بەربڵاوی بۆ ناکرێت. دۆلگۆرۆکۆڤیش یەکێک بوو، لەو سەرکردانەی کە زۆر سوور بوو لەسەر ئەو شەڕو هێرشبردنە. زۆر ماندوانە لە کۆنگرەکە هاتە دەرەوە و، بڕستی لەبەر بڕابوو. لەگەڵ ئەمانەشدا بە خۆی دەنازی کە سەرکەوتوو بوو، لەو کۆنگرەیەدا.

میر ئاندریە چووە بەردەمی و، تەوقەی لەگەڵ کرد و، ئەویش بێ ئەوەی هیچ بڵێت پێشوازی لێکرد. بەڵام کە لە حەزەکەی نێو سنگی بە ئاگا بوو، بێزار بوو.

رووی کردە میر ئاندریە و وتی:

ـ ئای ئازیزەکەم! لەو شەڕە گەورەیەی، کەمێک لەمەوبەر لە کۆنگرەدا کردمان. بەڵکوو ئەمە خوایە، لەمەودوایش هەر ئێمە زاڵ بین.

ـ ئازیزەکەم. . دەزانیت منیش بۆ خۆم لایەنگیری نەمساوییەکان بووم، لەوەدا کە داوایان دەکرد و، بە تایبەتی (ڤیرۆزەر)یان، بۆ پەلاماردانی فەڕەنسییەکان. ئەوەیە سەرنجی ورد و کارامە! ئەمە شارەزایی لە چۆنیەتی هەڵکەوتەی زەوییەکانی گۆڕەپانی جەنگ هەیە. ئای لەو زانیاریە زۆرانەی بۆ شەڕەکە! بڕوا بکە:زۆر جاران ویستی نەمسا و رووسیا، یەکیان گرتووە. ئیدی لەمە زیاتر چیمان دەوێت؟

میر ئاندریەیش وتی:

ـ کەوابوو بڕیاری هێرشبردن دراوە؟

دۆلگۆرۆکۆڤیش بە زەردەخەنەیەکەوە وتی:

ـ تازە (ناپلیۆن)یەکان، هەموو شتێکیان لە دەست دەردەچێت! ئاخۆ ئاگاداری ئەوە هەیت، کە ئیمپراتۆری ئێمە، نامەیەکی لە (ناپلیۆن)ەوە بۆ هاتووە؟

ئەویش وتی:

ـ بەڕاستتە!؟ ئاخۆ چی تێدا نووسرابێت؟

دۆلگۆرۆکۆڤیش وتی:

ـ ئاخۆ لە تورەهات زیاتر، چیی تێدا بووبێت؟ تەنیا بۆ سوود وەرگرتن بووە لە کات. بڕوا بکە جڵەوی ئەو بەدەست ئێمەوەیە.

بە پێکەنینیشەوە هەڵیدایە:

ـ بەهۆی ئەو ناوەوە لە نامەکە درابوو، نەتوانرا وەڵام بدرێتەوە. ئەوان نەیاندەویست زاراوەی (کونسوولا) بەکار بەرن، چ جای ئیمپراتۆر.

لەسەری رۆیشت:

مەن داوام کرد کە وەڵامم بدرێتەوە و، نازناوی (ژەنەرالا پۆناپارت)ی لەسەر بنووسرێت.

میر ئاندریە پۆلکۆنسکییش وتی:

ـ گەر رێی قسەم بدەیت، دەبێت وەکوو ئیمپراتۆر ددانی پێدا نەنرێت. بەڵام ناونانی بە

(ئیمپراتۆر پۆناپارت) . ..

(دۆلگۆرۆکۆڤ)یش به پێکەنینەوه قسەکەی پێ بڕی:

ـ هەر ئەوەی تۆیە! ئێستا ئەم بابەتە پێکەنینهێنه و، ئەو سوعبەتچییەیش وتوویەتی، با نازناوی (ستەمکاری. . دوژمنی مرۆڤایەتی)ی لێ بنێین !

قاقایەکی لێدا.

میر ئاندریە پرسیی:

. ـ ئەمە هەموو شتەکە بوو!؟

ئەویش وتی:

ـ نەخێر. . دواجار، (بیلیبین)ی وەستای لاقرتێ، نازناوی پڕ بە پێستی بۆ دۆزییەوە!! ئای کە ئەم پییاوەیش بلیمەتە !

ئەویش پرسیی:

ـ ئەو نازناوە چی بوو؟

دۆلگۆرۆکۆڤیش بە فیزێکەوە وتی:

ـ سەردێڕەکەی وا دانابوو (بۆ. . سەرۆکی دەوڵەتی فەڕەنسا).

بەڵام ئەمە لەم کێشەیەمان رزگار ناکات.

میر ئاندریەیش وتی:

ـ هەرچەند ئەو نازناوە شیاوە، بەڵام بە لایەوە جوان نابێت !

دۆلگۆرۆکۆڤیش وتی:

ـ بە پێچەوانەوە. . . ئەو برایەم، چاکی دەناسێت! جارێکیان براکەم لە چێشتخانەیەکدا، نانی لەگەڵ خواردبوو. بۆی گێڕامەوە:کە پیاوی دیپلۆمات و، بە سەرو زمان و، زمانلووسی وەکوو خۆی، زۆر کەمە! سیفەتی وەرەی ئیتالی و، نیانیی فەڕەنسییەکانی تێدایە. ئاخۆ تۆ چیرۆکەکانی پەیوەندی ئەو پیاوەت بە (کۆنت مارکۆڤ)ەوە بیستووە!؟ ئەو پیاوەی کە تەنیا هەر خۆی زانیویەتی لە پێک گەیشتنێکی فەرمیدا، بوێرانە ڕەفتاری شیاو، بەرامبەر ئەو پۆناپارتە، بنوێنێت! هەر بە نموونە:تۆ چیرۆکی دەستەسڕەکەی ناپلیۆنت بیستووە!؟

دۆلگۆرۆکۆڤ زۆر سادانە کەوتە گێڕانەوەی و، دەمێک سەیری (بۆریس)ی دەکرد و، دەمێکیش میر ئاندریە.

ـ جارێکیان ئەم پۆناپارتە لە دەرەوەی وڵات، لەگەڵ (مارکۆڤ)ی نوێنەرمان لە بە یەک گەیشتنێکی فەرمیدا، کۆدەبێتەوە و، پۆناپارت مارکۆڤ تاقیدەکاتەوە و، دەستەسڕەکەی دەستی بەر دەداتەوە، سەر زەوی و، چاوەڕێی ئەوە دەکات، کە مارکۆف، بۆی هەڵبگرێتەوە و، بیداتەوە دەستی. مارکۆڤی وریایش، دەستەسڕەکەی خۆی بەر دەداتەوە، سەر دەستەسڕە کەوتووەکەی پۆناپارت و، دادەنەوێتەوە و دەستەسڕەکەی خۆی

هەڵدەگرێتەوە و، هەر گوێیش نادات بە دەستەسرەکەی ناپلیۆن !!

میر ئاندریە هەڵیدایە:

ـ هەر زۆر چاکی کردووە !

بەڵام میرم رێم بدە داوایەکت لێبکەم، پەیوەندیی بە ئەم لاوەوە هەیە، کە لە خزمەتتدایە. هێشتا قسەکەی تەواو نەکردبوو، کە ئەفسەرێکی یاریدەدەر هات و، بە خانەخوێی راگەیاند کە ئیمپراتۆر دەیەوێت، ببینێت و، با بچێت بۆ لای.

ئەویش گورجانە هەستا و، دەستەکانی میر ئاندریەی گوشی و وتی:

ئـــاە! ئەوە دەستیان گرتم و، سەرقاڵا بووم. زۆر ئارەزووم بوو، یارمەتی خۆت و، ئەم لاوە بدەم. خۆیشت دەزانیت کە چەند خاتری تۆم لایە.

بزەیەکی بۆ بۆریس کردو وتی:

ـ بەڵام ئەوەتا خۆتان دەیبینن. . . بۆ جارێکیتر.

بۆریسیش لە دڵی خۆیدا وای دانا، کە زۆر نزیک بە و دەسەڵاتە مەزنەی دەوڵەت بۆتەوە، کە ئەو قەبارە مەزنەی سەربازان دەجووڵێنێت. دەریایەک لەو مرۆڤانەی کە خۆی گەردیلەیەک بوو تێیدا.

دۆلگۆرۆکۆڤ و میر ئاندریە و بۆریس، بە ڕاڕەوەکەدا ڕۆیشتن. هەرکە گەیشتنە بەر دەرگای ئیمپراتۆر و جێگرەکەی، ئەو خۆی کرد بە ژووردا.

ئەمانیش لەو کاتەدا، کورتە باڵایەکی لا جانگ قۆقزی ڕوخسار فێڵاوییان بینی، کە تازە لای ئیمپراتۆر هاتبووە دەرەوە. هەر کە میر دۆلگۆرۆکۆڤی بینی، سەری سڵاوی بۆ نەوی کرد و، بە ساردێکەوە سەرنجی میر ئاندریەیشی دا و، چاوەڕێی ئەوەی کرد کە ڕێی بۆ چۆڵا بکات و تێپەڕێت. ئەمیش لای خۆیەوە ڕووی لێ گرژ کرد.

بۆریس پرسی:

ــ ئەمە کێ بوو!؟

ئەویش وەڵامی دایەوە:

ـ پایە بەرزترینی پیاوانی دەوڵەتە! ترسناکترینیشیانە! منیش لای خۆمەوە ڕقم لێیەتی. ئەو پیاوە میر ئادەم تزارتۆرسکییە و، وەزیری دەرەوەیە. پیاوانی وەکوو ئەم:چارەنووسی میللەتان دیاری دەکەن.

لەو کاتەیدا کە لە کۆشک دەچوونە دەرەوە، میر ئاندریە هەناسە قوڵەکەی خۆی بۆ پەنهان نەکرا.

ڕۆژی دواتر سوپاکان بەرەو بەرەی شەڕەکان کشان و، بۆریس نەیتوانی جارێکی دی، میر ئاندریە و دۆلگۆرۆکۆڤ ببینێتەوە.

مانەوەیشی لە فەیلەقی (ئیسماعیل)دا، بێزاری کردبوو.

بەشی دە
خۆشییەکانی سەرکەوتن

بەرە بەیانی (١٦)ی تشرینی دووەم، نیکۆلا رۆستۆف، لەگەڵ یەکەی سوارانی خۆیدا کە دینسۆف سەرکردەیان بوو و، سەر بە سوپاکەی پاگراسیۆن بوون، سەربازگەیان بەجێهێشت. هێشتا چواریەکی رێیان نەبڕی بوو، کە فەرمانیان پێگەیشت تا بووەستن.

رۆستۆف سەربازە قەوقازییەکانی بینی کە بە بەردەمیدا تێپەڕین. بە دوایاندا دوو کۆمەڵە سەربازی (هێزی سواڕە) تێپەڕین. پاشان هەموو فەیلەقەکانی پیادە و هێزی تۆپخانە. بە دوای ئەوانیشدا، هەردوو ژەنەراڵەکە. پاشان پاگراسیۆن و دۆلگۆرۆکۆڤ و، ئەفسەرانی یاریدەدەر.

لەم جارەیاندا رۆستۆف تەقەلای زۆری دا، کە ترسی پێوە دیار نەبێت. چونکە ترسی لێ نیشت بوو! ئەوە دووەم جاریشی بوو، کە خەون بە پاڵەوانێتیی خۆیەوە ببینێت لە بەرەکانی شەڕدا و، خۆی وەکوو شۆڕەسوارێکی راستەقینە پیشان بدات! بەڵام ئەوا خەونەکەی بەوە هەڵوەشایەوە، کە ئەم یەکە سەربازییەی ئەوی تێدایە پاشکۆی بەرەکانی پێشەوەیە و، لە بەرەکانی دواوەی شەڕەکەوە دەبێت.

ئەمێک کە زۆر ئارەزووی بەشداریی شەڕەکە دەکات، ئێستا دەستی بە حەزەکەیدا ناگات و، هیچی بۆ ناکرێت. سەعات نۆ، گوێی لە تەقەی تفەنگ بوو و، هاوار و نەعرەتەی سەربازان !هێندەی زانی کۆمەڵێکی زۆر لە سەربازی قەوقازی هاتن و، بریندارەکانیان هێنابووەوە دواوە. بە دوای ئەوانیشدا هەروا سەد سەربازێکی سوارەی قەوقازی پەیدا

بـــوون و، چـــوار دەوری چەنـــد ســـەربازێکی فەڕەنســـییان دابـــوو! هـــەواڵی خۆشـــی سەرکەوتنیشیان، دا بە سەربازانی بەرەکانی دواوە. تەنانەت وتیشیان کە سوپای رووس، لە شـەڕی (ویشـوو)دا سـەرکەوتوون و، کۆمەڵـەی سـوپاکەی دوژمنیـان، بـە تـەواوی دیـل کردووە و، بێ کەم و زیاد، دەستیان بە سەر دوژمندا گرتووە.

سەرپۆشی شـەختە و بەستەڵەکە بریسکاوەکەی ، ژێر تیشکی خۆرەکە، زەوییەکەی داپۆشی بوو.و، هێندەی تر جوانی و خۆشیی، خستبووە دڵی سەربازەکانەوە.

نیکۆلا ڕۆستۆڤیش لە بەرئەوە دڵی تەنگ بوو، کە دەبێت، ڕۆژێکی تریش، بگوزەرێنێت و، بەشداریی ئەو شەڕە نـەکات. لـە قـەراغی ڕێگاکـە، بـە دیـار قاپێک مەیـەوە دانیشتبوو و، قاپێکی لە بەردەم خۆیدا دانابوو. ئەفەسەرەکان لە دەوری سندوقەی ئەو دانیشت بـوون و، نانی بەیانییان دەخوارد. یەکێک لەو ئەفسەرانەی، نانی بەیانیی دەخوارد، دەستی درێژ کرد، بۆ ئەو سەربازە دراگۆنە فەڕەنسییە دیل کراوەی، کە بـە پێیـان، لـە نێوان دوو سـەربازی قەوقازییدا دەڕۆیشت و، وتی:

ـ هە ئەوەیش یەکێکی تڕە و، هێناویانە!

ئەسپی ئەو فەڕەنسییە دیلە، کەتەیەکی جوان بـوو. قەوقازییـەکیان، ڕەشـمەکەی گرتبـوو و، بە دوای خۆساندا، بە کێشی دەکرد.

دینسۆف لە قەوقازییەکەی پرسی:

ـ ڕەنگە بیفرۆشم. . . خاوەن شکۆ.

سـەربـازە ئەلزاسـی یەکـە، سـوور هەڵگەڕابوو. هـەر کـە گـوێی لـە ئەفسـەرەکان بـوو، بـە فەڕەنسـی دەدوان، ئـەویش کەوتـە قسـە کـردن و، دەمێـک لەگـەڵ ئـەمیان و، دەمێکـی دی، لەگەڵ ئەوێتریان. پێی وتن:گەر کەللەڕەقیی عەریفی مەفرەزەکەی نەبوایە، ئاوا دیل نەدەکرا. ئاخر چەند جارێک هۆشداریـیشم پێدا، کە ڕووسەکان، شارەکەیان داگیر کردووە! بەڵام ئەو ناردوویەتی تاکوو لبادەکە بهێنێتەوە. بە دەم ئەم قسانەیشەوە، دەستی بە یاڵی ئەسپەکەیدا دەهێنا و دەیوت:

ـ تکاتان لێ دەکەم، توندو تیژ مەبن، لەگەڵ ئەسپەکەم.

هـەر لەوێدا دوو قەوقازییەکـە ئەسـپی دیلـە فەڕەنسـییەکەیان، فرۆشـت بـە دوو پاچـە پارەی زێڕ، بە ئەو ڕۆستۆفەی، کە لەوانیتر پارەدارتر بوو.

دیل کراوەیش بە خەیاڵی خۆی، خۆی بـە سـەر سـەرکردەکانیدا بـادەدا، بـەوەی هێنـدە ئـازابووە، لـە گەرمـەی شـەڕدا گیـراوە و، دیـل کـراوە ! دینیسـۆڤیش لەوبـەری ڕێگاکـەوە دانیشت بوو و، بانگی ڕۆستۆڤی کرد:

ـ وەرە با پێکەوە، خۆمان نقوومی مەی بکەین.

لـەو کاتـەدا ڕۆسـتۆف ڕەشـمەی ئەسـپەکەی لـێ وەرگـرتن. دیلەکـە دەسـتی بـە یـاڵی ئەسپەکەی ژێریدا هێناو وتی:

ـ تکا دەکەم خراپ مەبن بۆ ئەسپەکەم و، ئازاری مەدەن.

رۆستۆف بزەیەک گرتی و بڕێک پارەیشی دا بە دیلە ئەلزاسییەکەی خاوەنی.

یەکێک لە قەوقازییەکان پاڵێکی بە دیلەکەوە ناو وتی:

ـ بڕۆ. . . دەی با بڕۆین.

لە ناکاو یەکێک هاواری کرد:

ـ ئیمپراتۆرە! ئیمپراتۆر!

هەر هەموویان بەرەو دەنگەکە رایانکرد. رۆستۆفیش لای کردەوە و، کۆمەڵە سوارەیەکی بینی، کە هەر یەکێکیان پەڕێکی سپی بە کڵاو قووچەکەیەوە بوو.

لە چاو نووقاندنێکدا، هەموو وشک وەستان و، چاوەڕێی هاتنی کەسێک بوون. رۆستۆفیش سواری ئەسپەکەی بوو و گوێی بە هیچ نەدا.

لە پڕێکدا ئەو لوتەلا بوونەی لە رستە سواوەکانی چەند دەم و چاوێکی بێزراوی دووبارە بووە، رەوییەوە. ئاگای لە خۆیشی نەمابوو. ئەوەیش بە هۆی ئەوەوە بوو کە گوێی لە هەواڵی هاتنی ئیمپراتۆر بوو. رۆستۆف هێندە تامەزرۆی بینینی ئیمپراتۆر بوو، وەکوو ئەو عاشقەی لێ هاتبوو، کە لە چاوەڕوانی دەزگیرانەکەیدا بووبێت. هەر چەند پێویستی بە لا کردنەوە نەبوو، تا بزانێت ئیمپراتۆر گەیشتووە. بەڵام یاساشی بیر نەچوو بوو، کە دەبوو هێندە بەملاو ئەولادا لانەکاتەوە. ئەو هەڵوێستە خۆشی و کرانەوەی خستە دەروونی سەربازە سوارەکانەوە. رۆستۆفێک کە تا دەهات ئیمپراتۆر وەکوو تیشکی خۆر رووناکتری دەکردەوە و، دەنگە ئارامەکەیشی دڵی دەکردەوە و، سەربازانیش کپ بوونەوە. ئەو دەنگە بڵند بووەوە:

ـ سەربازانی پاقڵۆگراد !

رۆستۆفیش هەستی کرد کە گوێی لە دەنگی کەسێکە، وەکوو خۆی مرۆڤە و، وەکوو ئەوی تر فریشتە نییە.

ئەم دونگەیشیان سەرکردەی فیرقە پاشکۆکەی خۆی بوو کە هاواری کرد:

ـ بەڵێ . . . ئەی خاوەن شکۆ!

ئیمپراتۆر لە بەرامبەر رۆستۆفدا وەستا و، روخساری ئەوی لەو دوو رۆژەی نمایشەکە گەشاوەتر کرد، کە کاتی خۆی پێوەی دیاربوو و، لە هەرزەکارێکی (١٤) ساڵا دەچوو ! ئیمپراتۆر چاوی بە سەربازانی سوارەدا گێڕا و، دیسان قولاپی چاوانی لە چاوانی رۆستۆف گیربووەوە و، لایدا وەستا. نزیکەی دوو چرکەیەک لە چاوە شینەکانی رۆستۆفی روانی. بڵێی دڵا و میشکی ئەوی خوێندبێتەوە!؟ لە پڕێکدا قامچی لە ئەسپەکەی رادا و، دوور کەوتەوە. ئیمپراتۆر ئارەزووی بۆ شەڕ کردن بۆ نەشاردرایەوە و، سەربازانی بردە بەرەی پێشەوە و، لە گەرمەی شەڕەکەدا، هەواڵیان بۆ هێنا کە سەرکەوتنی بە دەست هێناوە. ئەوە بوو کە سوپا و، ئیمپراتۆری سەرکردەی، بوونە تابلۆیەک لە دڵی رووسییەکاندا.

دووکەڵی زۆری گۆڕەپانی شەڕیش، مژدەدەری سەرکەوتن بوو. تەنانەت لە کاتی خۆیدا وایان بڵاو دەکردەوە، کە سەرلەبەری سوپای فەڕەنسا، پاشەکشەی کردووە. چەند دەقیقەیەک بەسەر گەڕانەوەی ئیمپراتۆردا تێپەڕی و، فەرمانی جوڵە کردن بۆ سوپا دەرچوو و، لەشکری (پاڤلۆگراد)یش پاشکۆی ئەو سوپایە بوو.

قەدەر بۆ رۆستۆڤی رەخسان، کە جاری دووەمیش، لە شاری (ویشسۆ)و لەو کاتەدا، کە هێرش کرابووە سەر سوپاکەی و، هێشتا لاشەی کوژراوان و، بریندارانی لە شارەکەدا کەوتبوون، شەڕ بوونی هەبوو، ئیمپراتۆر ببینێتەوە.

ئەوکات ئیمپراتۆر بە سواری هەمان ئەسپی نمایشەکەوە نەبوو. بەڵکوو ئەسپێکی چوارپەڵ سپیی ئینگلیزی بوو. چاویلکەی زێڕینەکەی بە دەستەوە بوو و، کەسانێکی ناسراوی دەوڵەتیی، بە دەورەوە بوو و، سەرنجی سەربازێکی پێکراوی لەپەو ڕوو کەوتووی سەر زەوی دەدا کە، خوێنێکی زۆر بە سەری و پشتییەوە بوو. پۆخڵا و دیمەنێکی بێزراوی بوو. رۆستۆڤیش خەمباری ئەوە بوو، کە ئیمپراتۆر ئەو دیمەنەی پۆخڵەی ببینیوە.

ئیمپراتۆریش مووچڕکەیەکی پێدا هات و، پاژنەی چەپی لە ژێر سکی ئەسپەکەی توند کرد، تاکوو لەو دیمەنە دوور بکەوێتەوە. بەڵام ئەسپە ڕاهێنراوەکەی ملی بادا و، جوڵەی نەکرد. رۆستۆڤیش هەر خەریکی سەرنجدانی ئیمپراتۆر بوو.

دواتر ئەفسەرێکی یاریدەدەر، لە ئەسپەکەی دابەزی و، لاشەکەی بڵند کردەوە و، لەو لایشەوە دەستەبەرەیەکیان هێنا و، خستیانە سەری. سەربازە بریندارەکە هاواری لێ هەستا. ئیمپراتۆریش وەکوو بریندارەکە تەنگەنەفەس بوو و پێی وتن:

ـ لەسەرخۆ بن. . . ئازاری مەدەن. . . بێدەنگ و لەسەرخۆ هەڵی بگرن.

رۆستۆڤ بە چاوی خۆی فرمێسکە قەتیسماوەکەی چاوانی پاشای خۆی بینی. گوێیشی لێبوو چۆن بە داخ و حەسرەتەوە، بە (کزارکۆریسکی)ی دەوت:

ـ ئای کە شەڕ ناڵەبارە! ئای کە دیمەنەکانی تۆقێنەرن !

پێشەنگی ئەو سوپایە لە دەوروبەری شار و، بەرامبەر دوژمن خۆیان جێگیر کرد. ئیمپراتۆر سوپاسی یەکە شەڕکەرەکانی کرد و، پەیمانی پێدان کە خەڵاتیان بکات. هەر لەوێدا مەیێکی زۆری پێیان بەخشی. یەکە سەربازییەکان ئاگرێکی زۆریان کردبووەوە و، گۆرانی و سەمایان بە جۆش و خرۆش بوو. ئەو شەوە دینیسۆڤیش بە هۆی وەرگرتنی پلەی میجۆرەوە، ئاهەنگی خۆی گێڕا. هەرچەند زۆری خواردبووەوە و بەدمەست ببوو. بەڵام پێش کۆتابوونی ئاهەنگەکەی پێکەکەی بەرز کردەوەو هاواری کرد:

ـ گوێم لێ بگرن. من نااێم لە چاوی ئیمپراتۆر و تەندروستی ئەو. هەروەکو ئەوەی لە بۆنە و ئاهەنگەکاندا باوە. بەڵام داوا دەکەم لە چاوی (ئەلکەسەندەر)ی ئیمپراتۆر. ئەو هەرزەکارە نیانە جوانە. بخۆنەوە و داوای دروستی بوونی بۆ بکەین. لە چاوی

سەرکەوتنەکانماندا بەسەر سوپای فەرەنسادا. سەرکەوتنی کۆتایی مسۆگەرە و، هەر ئێمەیش بووین، لە شەڕی (شوویگرابن)دا، فەرەنسییەکانمان بەزاند. ئێمە ئیمپراتۆر رێبەرمان بێت، دەبێت هەڵوێستمان چۆن بێت؟ هەموومان هەر لە خۆشیاندا دەمرین. وانییە بەڕێزینە!؟

رەنگە سەرکەوتوانە و، وەکوو پێویست نەمتوانی بێت ناخی خۆم دەربڕم. بەڵام بە شێوەیەکی کورت، هەستی خۆم و خۆتانم دەربڕی.

ـ هۆرا! بخۆنەوە! بە دروستیی ئەلکسەندەری یەکەمەوە.

ئەوانیش هەموویان بە یەک دەنگ هاواریان کرد:

ـ هۆرا!

ئەفسەران پێکەکانیان هەڵدا و، پەرداخەکانیان شکاند و، تەنانەت (کیرستن)ی پیرە سەرۆکیش بە دەم ئەم هاوارەیانەوە، هەژابوو.

لەو کاتەدا بەرەو سەربازگەکە دەڕۆیشت و، تیشکی کڵپەی ئاگرەکە، سەرو سمێڵە ماش و برنج و، سنگە سپییەکەی زۆر جوان رووناک کردبووەوە.

ئەویش بە دەنگێکی پیری شۆڕەسوارانە هاواری کرد:

ـ ئادەی هەرزەکاران. . . بخۆنەوە بە خۆشی و دروستیی ئیمپراتۆرەوە. بخۆنەوە بە خۆشی و سەرکەوتنەکانمانەوە، بەسەر دوژمندا. . هۆرا !

سەربازان لێی کۆبوونەوەو هوتاف کێشا و، پێکیان هەڵدەدا و، هاواریان دەکرد:

ـ هۆرا !

نیوە شەو هات و، سەربازانی ماندوو و شەکەت، بڵاوەیان لێکرد.

دینسۆف دەستە بچووکەکانی، خستە سەر شانی رۆستۆف و وتی:

ـ ئاخر کەسی تر نەبوو، لە سرییەکە کە خۆشت بوێت، ئیمپراتۆر نەبێت؟

ئەویش وتی:

ـ ئای دینسۆف! سوعبەتی وام لەگەڵ مەکە! ئەوەی من وتم، هەستێکی جوانی کەم وێنە بوو.

دینسۆفیش وتی:

ـ بێگومان. . . بێگومان! لەوەدا منیش لەگەڵتام.

ئەویش وتی:

ـ نەخێر، تۆیش تێمناگەیت !

رۆستۆف هەستا و کەوتە نێو سەربازگەکانەوە. هێندە خۆشەویستی نیشتمانی رووسیا و ئیمپراتۆر، کاریگەریی لەسەری هەبوو، کە هەموو حەز و ئارەزووی ئەوە بوو، بە بەرچاوی ئیمپراتۆرەوە، لە پێناوی نیشتمانداا بکوژرێت. لەو چەند رۆژەی پێش شەڕی ئۆستەرلیتزدا، ئەوە هەر هەست و تێگەیشتنی رۆستۆف نەبوو بە تەنیا، بەڵکوو لە سەدا نەوەدی سەربازەکانیش، هەمان هەستیان هەبوو.

بەشی یازدە
دانوسانە شکستخواردووەکە

رۆژی دووەمیش ئەلکسەندەر، لە شاری فیسشۆ مایەوە و، ناردی بە شوێن ڤیلیبیری پزیشکی تایبەتی خۆیدا. چونکە تووش بوونی ئیمپراتۆر، بەو پەتایەی لە نێو سەرکردایەتی گشتی و، یەکە سەربازییەکانی دەوروبەریدا، بڵاوبووەوە. مقۆمقۆی ئەوە کەوتە ئاراوە، کە گوایە ئیمپراتۆر هێندە کوژراو و، بریندار و خوێنی رژاوی بینیوە، نەفسی گیراوە و، ئارەزووی خواردن ناکات.

بەرە بەیانی رۆژی (١٧)ی مانگ، ئەفسەرێکی فەرەنسی بە ئاڵایەکی سپییەوە هاتە پێشەوەی بەرەی شەڕەکە و، داوای بینینی ئیمپراتۆری کرد.

ئەفسەرانی رووسیش گەیاندیانە شوێنی ئیمپراتۆر. بەڵام پێیان راگەیاندن کە ئیمپراتۆر نوستووە. ناچار ساڤاری چاوەڕوان بوو، تاکوو لە خەو هەڵدەستێت. چێشتەنگاوێکی درەنگ ساڤاری چووە بەردەم ئیمپراتۆر و، نزیکەی سەعاتێکی پێچوو. کە هاتە دەرەوە دۆلگۆرۆکۆڤ)ی لەگەڵ بوو. لەنێو سەربازانیشدا بوو بە هەرا و، بڵاوبووەوە کە ناپلیۆن ئەو ئەفسەرەی ناردووە، تا داوا لە ئیمپراتۆر بکات، لەگەڵیدا کۆبێتەوە و، دانووسان بکەن. بەڵام ئیمپراتۆر پەسەندی نەبووە. بەمەیش هێندەی دی ورەی سەربازان بەرز بووەوە و، بەخۆنازینیان تۆکمەتر بوو.

ئیواره‌ی هه‌مان رۆژ، دۆلگۆرۆکۆڤ گه‌ڕایه‌وه ده‌ربار و، چووه لای ئیمپراتۆر و زۆری پێچوو. رۆژانی (١٨) و (١٩)، که ده‌یکرده یه‌ک و دووی کانوونی یه‌که‌م، سوپای رووس، پێشڕه‌ویی کردو، سوپای فه‌ڕه‌نسایش دوای به‌رگرییه‌کی که‌م و بێبایه‌خ، که‌مه که‌مه، له به‌رده‌میاندا ده‌کشایه‌وه. به‌ڵام لێره به دواوه، جووڵه‌یه‌کی له ناکاو درێژه‌ی هه‌بوو. ساڤاری تاکوو به‌ره‌به‌یانی ڕۆژی (٢٠)ی تشرینی دووه‌م که ده‌یکرده ١٨٠٥/١٢/٢، ئه‌و رۆژه‌ی که شه‌ڕی (ئۆسترلیتز) ی مێژوویی تێدا رووید‌ا. جووڵه‌و هاتوچۆی سوپا و، کاره‌کانی ئه‌فسه‌رانی یاریده‌ده‌ر، تا ئه‌و رۆژه هه‌ر له سنووری پێگه‌ی سه‌رکرداییه‌تیی گشتیی ئیمپراتۆردا بوو. به‌ڵام له (١٩)ی تشرینی دووه‌مدا، جموجووڵیان له‌و سنووره‌یش تێپه‌ڕی و، گه‌یشته پێگه‌ی که‌تیبه و یه‌که‌کانیش.

تێیدا فه‌ڕه‌نسییه‌کان سوپای رووس و نه‌مسای به‌زاند. ئه‌مه‌ش گه‌وره‌ترین سه‌رکه‌وتنی ناپلیۆن بوو. سه‌رکردایه‌تی کۆتۆزۆڤ‌و ئه‌رکانی جه‌نگ‌و که‌تیبه‌کان‌و یه‌که‌کانیش. ئه‌وه‌یش به هۆی کارابوونی ئه‌فسه‌رانی یاریده‌ده‌ره‌وه. له شه‌وی ٢٠/١٩ ی تشرینی دووه‌مدا، کارایی ئه‌فسه‌رانی یاریده‌ده‌ر، گه‌یشته ئه‌وپه‌ڕی و، ئه‌و قه‌باره سه‌ربازه‌ی که ژماره‌که‌ی ده‌گه‌یشته (٨٠٠٠٠) که‌س، به‌سه‌ر هێڵی شه‌ڕه‌که‌دا دابه‌ش کران. هێڵێک که درێژیه‌که‌ی (١٠) کم ده‌بوو. جووڵه له پێگه‌ی ئیمپراتۆره‌وه ده‌ستی پێکرد و، هه‌موو یه‌که سه‌ربازییه‌کانی گرته‌وه. پێچکه‌ی یه‌که‌م گالیسکه‌ی سه‌ربازی خولایه‌وه و، به دوایدا دووه‌م و سێیه‌م و، به‌و شێوه‌یه تا ده‌هات سه‌ربازان جووڵه‌یان خێراتر ده‌بوو.

سه‌رله‌به‌ری سوپاکه له مه‌کینه‌ی سه‌عاتێک ده‌چوو. یه‌که‌م جووڵه له پێچکه‌ی گالیسکه‌ی یه‌که‌مه‌وه، ده‌ستی پێده‌کرد و، وه‌کوو چه‌رخی ئامێری سه‌عات:ددانه گرنجه‌کان پێکدا ده‌ئاڵان و، ورده ورده ئه‌و چه‌رخه دوورانه‌یشیان ده‌جووڵاند، که پێت وابوو، به سه‌د ساڵی تر ناجوڵێن! دواتر هه‌موو سوپاکه ده‌جووڵا. هه‌روه‌کوو چۆن یه‌که‌م جووڵه‌ی چه‌رخێکی سه‌عات به جووڵه‌ی میله‌که‌ی کۆتا ده‌بێت، ئاوایش ئه‌و جووڵه‌یه به گه‌یشتنی (١٦٠٠٠٠) سه‌ربازی رووسی و، فه‌ڕه‌نسی کۆتابوو. که تێیدا حه‌ز و ئاره‌زووان و، به خۆنازین و، جۆش و خرۆش و ترس و، بیم و تۆقاندن، تێکه‌ڵ به یه‌ک ده‌بوون.

ئه‌و شه‌ڕه ناونرا:شه‌ڕی (سێ زه‌به‌لاحه‌که)! که بێگومان به زیانی گه‌وره‌ی لایه‌کیان کۆتا ده‌بوو. ئه‌ویش شه‌ڕی ئۆسته‌رلیتز بوو. سێ زه‌به‌لاحه‌که‌یش سێ ئیمپراتۆره‌که‌ی رووسیا و، نه‌مسا و فه‌ڕه‌نسا بوو.

له راستیدا ئه‌و شه‌ڕه، جووڵه‌ی میلی مێژووی گشتی بوو له‌سه‌ر مێژووی مرۆڤایه‌تی.

میر ئاندریه له خزمه‌تی ژه‌نه‌رالی باڵا کۆتۆزۆڤدا بوو و، بۆ ساتێکیش لێی دوور

نەدەکەوتەوە. سەعات شەشی ئێوارە، کۆتوزۆڤ گەیشتە پێگەی سەرکردایەتی ئیمپراتۆر و، دوای پێک گەیشتنێکی کورت، بەرەو لای تۆلستۆی بووەوە، کە مارشاڵی باڵای وڵاتِ بوو.

میر ئاندرْیە هەستی کرد کە کۆتوزۆڤ باری لەبار نییە و، خەفەتبارە. هۆیەکەیشی ئەوە بوو، کە لە لایەن پیاوانی دەرباری ئیمپراتۆرەوە، بە ساردێکەوە پێشوازی کرابوو. ئەمیش دەیویست هۆیەکەی بزانێت. کە کۆتوزۆڤ چووە بۆ لای تۆلستۆی، میر ئاندریەش دەستی بەتاڵا بوو. چووە لای دۆلگۆرۆکۆڤ و بیلیبین و، کەمێ لای دانیشت و ئەویش پێی وت:

ــ بەخێر هاتیت ئازیزەکەم. سبەینێیش جەژنە. ئاخۆ پیرەی لای تۆ چی دەڵێت؟ باری لەبار نەبوو! وا نییە؟

ئەویش لە وەڵامیدا وتی:

ــ کێشەکە باری دەروونییە. پێم وایە ئەو دەیەوێت گوێی لێ بگیرێت.

بیلیبینیش هەڵیدایە:

ــ لە بەستنی کۆنگرەی جەنگدا گوێمان لێگرت. هەر کاتێکیش ژیرانە بدوێت، گوێی لێدەگرین. بەڵام نابێت ناپلیۆن پشتگوێ بخەین تا شتێک نەبێت لێی بترسێت.

ئەویش وتی:

ــ راستە. . ئەوە ناوی ناپلیۆنت هێنا. . پێم بڵێ:خۆت چۆن لێی تێدەگەیت؟ تۆیەک کە ئەویشت بینیوە و، قسەیشت لەگەڵ کردووە.

ئەویش وتی:

ــ بەڵێ من بینیومە! پۆناپارت لە هیچ ناترسێت، لەوە نەبێت کە شەڕێکی سەرتاسەری لەگەڵدا بکرێت !

دۆلگۆرۆکۆڤ ئەوەی وت و، زۆر لە خۆی رازی بوو، کە بەو ئەنجامە گەیشتووە.

دیسان لەسەری رۆیشت:

ــ ئەگەر ناپلیۆن لە شەڕی سەرتاسەری نەترسایە، ئاوا داوای دانووسانی نەدەکرد. ئەی ئەگەر نا، بۆچی ئەو هەرایەی بۆ دانووسان نایەوە؟ ئەی باشە بۆچی پاشەکشە دەکات؟ ئەوێک کە کشانەوە، لە بەرنامەیدا نییە. بڕوام پێ بکە پیاوێکی ترسنۆکە! لە شەڕی سەرتاسەری زۆر دەترسێت. بۆیە کاتی ئەوە هاتووە شەڕێکی سەرتاسەریی لەگەڵ بکرێت. . . بڕوا بکە !

میر ئاندریە هەمان پرسیاری لێکردەوە:

ـ پێم بڵێ:تۆ ئیمپراتۆرت چۆن هاتە بەرچاو؟

ئەویش لە وەڵامدا وتی:

رینکۆتێکی خۆڵەمێشی لەبەر دەکات و، زۆریش حەز دەکات:خەڵکی بە خاوەن شکۆ بانگی بکەن! بەڵام من لە داخی ئەو، هیچ نازناوێکی لێ نانێم. لەوەیش زیاتر هیچیتر نییە.

بزەیەکی بە رووی بیلیبینیشدا کردو پێی وت:

ـ لەگەڵ رێزمدا بۆ (کۆتۆزۆف)ی پیرەمێرد. ئەگەر سستیمان کرد و، رارا بووین لە پەلاماردانیدا، ئەوە رێی بۆ خۆش دەکەین، رزگاری ببێت. بەمەیش باشترین خێری پێدەکەین. ئاخر ئێستا لەبەر دەستماندایە. دەبێت قسەکەی سۆفۆرۆفی پۆڵاییمان بیر نەچێت کە وتوویەتی:"مۆڵەتی دوژمنت مەدە هێرشت بۆ بێنێت و تۆ دەستپێشخەری بکە."

بڕوام پێ بکە چالاکی لاوان لە شەڕدا، بەوەدا جیاوازە، کە ئەوان دووربینترن لە سەرکردە پیرەکان.

میر ئاندریە بەرپەرچی دۆلگۆرۆکۆڤی دایەوە. ئەویش داوای لێکردن کە رێی بدەن پیلانەکەیان بۆ باس بکات، کە بۆ ئەو شەڕەی دانابوو. لە چ بارێکدا و، بەرەو کوێ هێرش بەرن؟

لەسەری رۆیشت:

ــ هەر زوو بۆ خۆم چوومە پێشەوەی بەرەکانی شەڕەکە و، تێگەیشتم کە مەحاڵە بتوانم، شوێنی هێزە سەرەکییەکەیان دیاری بکەم.

نەخشەیەکی لەسەر مێزەکە پەخش کرد و وتی:

ـ ئەوە چ گرنگییەکی هەیە، ئەگەر هێزەکانی لە (بۆن)دا بن؟

زۆر بە خێرایی دۆلگۆرۆکۆڤ پیلانەکەی (ڤیرۆزەر)ی لەسەر نەخشەکە بۆ باس کردن، کە چۆن دانرابوو، بۆ گەمارۆدانی سوپای دوژمن.

میر ئاندریەیش، بەرپەرچی ئەو پیلانەیشی دایەوە و، کەوتە باس کردنی پیلانەکەی خۆی. کە هەر وەکوو پیلانەکەی ڤیرۆزەر وابوو. تەنیا لەخاڵێکدا یەکیان نەدەگرتەوە. کەوتە دیاری کردنی خاڵە باشەکانی پیلانەکەی خۆی و، خراپەکانی پیلانەکەی تر.

دۆلگۆرۆکۆڤیش پشتگوێی خست و، نەگوێی لێدەگرت و، نە سەیری نەخشەکەیشی لەگەڵ دەکرد.

دۆلگۆرۆڤ پێی وت:

ــ زۆر باشە ئاندریە. . ئەم پاش نیوەڕۆیە، کۆنگرەی جەنگ لە نوسینگەکەی (کۆتۆزۆڤ) دەبەسترێت و، دەتوانیت لەوێ ئەم سەرنجانەی خۆت بخەیتە روو.

میر ئاندریەش کەمێک لە مێز و نەخشەکە دوورکەوتەوە و وتی:

ـ خۆیشم نیازم وایە:هەروا بکەم !

بیلیبین کە تا ئەو دەمە بێدەنگ بوو، لە هەلێک دەگەڕا چەند وتەیەکی بە نرخ بڵێت و وتی:

ـ چ سوودێک لە دروست کردنی ئەم دڵەڕاوکێیە دەبینن، کە بۆ خۆتانی دروست دەکەن؟ گەر سبەینێ شکستمان هێنا، یان سەرکەوتین، هیچ لە مەزنیی سوپای رووس ناگۆڕێت. بەڵام ئەگەر کۆتۆزۆڤ لە سەرۆکایەتیی سوپا لا ببەین، کەسێکی شیاوی ترمان نییە، بۆ پۆستی سەرۆکایەتی سوپا. ئەوانەشی بە کەڵکی ئەو پۆستە بێن، ژەنەرالا ویمبفن و کۆنت دولانگیرۆن و میر دولیتنشتاین و، میر دو هو هنلوە و، برشد. . . برشد. . هتد.

دۆلگۆرۆکۆڤیش هاواری کرد:

ـ بیدەنگ بە. زمان بەد! ئەوانەی ناوت هێنان، هیچیان راست نین! تەنیا دوو سەرکردە هەن، کە ئەوانیش میلۆرادۆڤیتش و، دوختۆرۆڤن. رەنگە سێیەمیشیان ئاراکتشیڤ بێت. هەرچەند ئەمەی دواییان زۆر ژیریش نییە.

میر ئاندریە پۆلکۆنسکییش وتی:

ـ پێم وابێت، بینینەوەی میخائیل ئیلاریۆنۆڤیتش کۆتایی پێ هاتبێت. وا من دەڕۆم و، خواتان لەگەڵ.

تەوقەی لەگەڵ کردن و، لەگەڵ کۆتۆزۆڤدا بەرەو پێگەی سەرکردایەتی گشتی بوونەوە و، بەدرێژیی رێگاکە، پرسیارێکی لە کۆتۆزۆڤ کرد و ئیدی ورتەی نەکرد.

ئەویش دوای کەمێک بێدەنگی وەڵامی دایەوە:

ـ من پێم وایە، ئەو شەڕەی سبەینێ دەدۆڕێنین! ئەم قسەیەیشم بە کۆنت تۆلستۆی وتووە و، تکایشم لێکردووە، کە ئەم قسەیەم، بە ئیمپراتۆریش بگەیەنێت. ئەزانی وەڵامی ئەو چی بوو؟

وەڵامەکەی ئەو ئەوە بوو وتی:

ـ ئـای ژەنەرالی ئازیز. . ئـای! من لای خۆمەوە تەنیا گوێ بە قوبوولی‌و گۆشتی پەراسوو دەدەم. ئێوەیش لای خۆتانەوە، هەر گوێ بە شەڕ بدەن!

ـ ئەمە ئەو وەڵامە بوو، کە وەرمگرتەوە.

بەشی دوازدە
کۆبوونەوەی سەرکردەکان

سەعات (١٠)ی شەو، ڤیرۆزەر، بە کۆمەڵێک کاغەز و نەخشەوە، چوو بۆ ماڵی کۆتۆزۆڤ. چونکە بڕیار بوو، شەوی پێش پەلامارداناکە، لەو ماڵەدا، سەرکردە سەربازییەکان، کۆببنەوە. ڤیرۆزەر زۆر بە بڕوا و تاسە و، رووپەکی خۆشەوە، ئامادە بوو و، بە پێچەوانەی کۆتۆزۆڤی، روو گرژەوە بوو.

پیلانی هێرشبردنەکە، ڤیرۆزەر داینابوو. هەرچەند کۆتۆزۆڤ، دادوەری پیلانی شەڕەکە و، سەرۆکی کۆڕەکە بوو، بەڵام ئەو هێرشبردنەی پێخۆش نەبوو. خۆ وەنەبێت ڤیرۆزەریش هەستی بە مەترسییەکانی ئەو شەڕە نەکردبێت. دەیزانی ئەو شەڕە زۆر مەترسیدارە و، وەکوو رەوتی ئەو گالیسکەیەیە، کە بە لێژییەکدا دێتە خوارەوە و، قورسی گالیسکەکەیش پاڵا بە ئەسپەکانەوە دەنێت و، سەربازان پاڵی پێوە بنێنن و، پاڵی پێوە نەنێن، وەکوو یەکە و، هیچ لە کێشەکە ناگۆڕێت. تەنیا ئاواتیش بڕینی لێژییەکەیە و، بێ گوێدانە چاڵا و چۆڵیو، مەترسیی تێکشکاندن و، ماندوو بوون.

هەر ئەو ئێوارەیە دووجاران، بەرەی شەڕەکەی بە سەر کردەوە. تاکوو پێگەی سەربازانی دوژمن ببینێت و، دیاریی بکات. هەرجارە و راپۆرتێکی بۆ دوو ئیمپراتۆرەکە دەنووسی.

چووەوە نووسینگەکەی و، بە زمانی ئەڵمانی کەوتە نووسینەوەی پیلانی شەڕەکە. کە کۆتۆزۆف گەیشتە بەر دەرگا ماڵ، ئەو هێندە ماندوو بوو، زۆر بە ناڕەحەت خۆی بە پێوە بۆ دەگیرا. تەنانەت، ئەرکی خانەخوێی و، یەخێر هێنانی کۆتۆزۆفیشی بیر چوو! قوڕ و چڵپاوێکی فرە، بە جلوبەرگەکانییەوە بوو و، قسەکانی بە ژەنەڕاڵەکە دەبڕی و، زۆر بە پەلە دەدوا و، رستەکانی بێ سەروبەر بوون. وەڵامی پرسیارەکانی نەدەدایەوە و، بە قسەکانیدا وا دیاربوو، کە وڕە نڕم و بیر بڵاو بێت. لەگەڵ ئەمانەیشدا سەقامگیر و بەخۆناز دەردەکەوت. کۆتۆزۆف لە کۆشکێکی نزیک بە، ئۆستراڵیتز، نیشتەجێ بوو. لە هۆڵە گەورەکەی ئەو کۆشکەدا، ئەفسەران دانیشتبوون و، خەریکی چا خواردنەوە بوون و، چاوەڕێی گەیشتنی میر پاگراسیۆن بوون، بۆ دەست پێ کردنی کۆنگرەکە.

چەند خولەکێک لە سەعات حەوت، لای دابوو، کە ئەفسەرێک هاتە ژوور و، داوای لێبووردنی لە دانیشتوان کرد، کەوا میر پاگراسیۆن، ناتوانێت ئامادە ببێت.

میر ئاندریەیش خۆی گەیاندە کۆتۆزۆف و، هەمان هەواڵی ئامادە نەبوونی پاگراسیۆنی، پێ راگەیاند. هێندە ڤیرۆزەر بە گران هەستایە سەرپێ، وەکوو ئەوەی دەستیان دابێتە بن باڵی. بە دوایدا رووی کردە ئەفسەران و وتی:

ـ لەبەر ئەوەی پاگراسیۆن خۆی نەیتوانی ئامادەی کۆڕەکەمان ببێت، وا ئێمە کۆڕی خۆمان دەست پێ دەکەین.

لە مێزەکە نزیک بووەوە و، نەخشەیەکی پان و پۆڕی، لەسەر راخست، کە زۆر بە وردی شوێنەکانی دەوروبەری (برۆن)ی تێدا دیاریکرابوو.

کۆتۆزۆڤی مل ئەستووریش، لەسەر کورسییەکی مۆدێل ڤۆلتێر دانیشتبوو. دوو مەچەکە ئەستورەکانی شۆڕ کردبووەوە بەملاولای کورسیەکەدا و، خەوەنووچکەی بوو.

کە ڤیرۆزەر بە دەنگی بەرز ئەو قسەیەی کرد، کۆتۆزۆف بە ئاگا هاتەوە و وتی:

ـ بەڵێ. . بەڵێ. . کات درەنگە !

دیسان پێڵوی چاوانی قورس بوونەوە و، سەری بە سەر سنگیدا شۆڕ بووەوە. گەر ئەفسەران گوێیان لە پرخەی نەبوایە، وایان دەزانی کەوا کۆتۆزۆڤی ژەنەراڵیسم گاڵتەی بە پیلانەکەی ڤیرۆزەر دێت. بەڵام لە راستیدا نووستنیش، پێویستییەکی سروشتییە و، گرنگیی خۆی هەیە. بۆیە لێی نوست و، پرخەی ئەو ناوەی گرتەوە.

ڤیرۆزەر سەرنجێکی ئەویدا، تا بزانێت هەر بە راستی نووستووە؟ پاشان وا جوڵا کە دانیشتووان تێ بگەیەنێت، کە ناتوانێت یەک دەقیقە چییە بە فیڕۆی بدات. کاغەزێکی بە دەستەوە گرت و، کەوتە خوێندنەوەی پیلانە داڕێژراوەکەی و، وای پیشاندا، کە کەسی تر یارمەتی نەداوە. سەردێڕی باسەکەی نووسرابوو:

(پیلانی هێرش بردنە سەر پێگەی دوژمن، (کۆبیلینتز) و (سوکولینتز) کە کەوتوونەتە ئەو دیو زۆنگەکانەوە.)

لەو کاتەیشدا باسکی بەرەو ئەو ناوچانە درێژ کرد.

لەسەری رۆیشت:

ـ ئێمە بەرەی لای چەپی سوپاکەمان، لەگەڵ بەرەی لای راستی دوژمن روو بە ڕوو دەکەینەوە. لە ئێستایشدا وا باشە پەلاماری ئەو لایە بدەین. ئەویش دوای ئەوەی هەردوو گوندی (کۆبیلیتز)و (سوکولینتز) داگیر دەکەین. چونکە هەر لەوێیشەوە دەست دەگرین بەسنەر لای راستی سوپای دوژمندا و، لە نێوان دەشتەکانی (شلابااینتز) و، دارستانی (تۆراس)دا، بە گیریان دێنین. بەوەیش خۆمان بە دوور دەگرین لە لەشکرەکەی (شلاینتز)و (سەربازگەی بلۆیتز). بۆ گەیشتنیش بە ئامانجی سەرەکیمان. . . پێویستە . . . فیرقەی یەک و. . . دوو بڕوات.

ژەنەرالەکان هیچ خۆشحالا نەبوون بەو رستە ئاڵۆزە، گرانانە. ئەوە ژەنەرالا (پۆکسوفدن)ی کەڵەگەت بوو، لای دیوارەکەوە، وەستابوو و، وا سەرنجی مۆمەکەی بەردەمی خۆی دەدا، وەکوو ئەوەی، نەک هەر گوێی لە قسەکانی نەگرت بێت، بەڵکوو نایەوێ گوێیشی لێ بگرێت. ژەنەرالا (میلۆرادۆڤیتش)ی سمێڵا فشی سوورفلیش، هەردوو دەستی لەسەر رانەکانی درێژ کردبوو و، چاوانی بڕی بووە وتاربێژەکە.

هەر کە سەرکردەی ئەرکانی نەمسایی، لە باسە دوورو درێژەکەی بووەوە، میلۆرادۆڤیتشیش سەرنجێکی دانیشتوانیدا. بەڵام کەس بیری بە لای مەترسیی ئەو سەرنجەیدا نەچوو. نەیاندەزانی:ئاخۆ پلانەکەی پێ باش دەبێت، یان نە؟

کۆنت (دۆلانگرۆن) کە لە تەنیشتی ڤیرۆزەرەوە دانیشتبوو، خەریکی سەرنجدانی پەنجەکانی خۆی و، ئەو قوتووە بڕنووتاوەییە بوو، کە تابلۆیەکی دەستکرد، بە سەر قەباغەکەیەوە بوو. بزەیەکی وا لەسەر روخسارە فەرەنسییەکەی بوو، کە دەریدەخست خەڵکی خواروووی فەرەنسایە. لە نێوەڕاستی، قسەکانی ڤیرۆزەردا، ئەم جوڵەی قوتووە بڕنووتییەکەی نێو پەنجەکانی وەستان و، بەرپەرچی قسەکانی ئەوی دایەوە. بەڵام ژەنەرالە نەمساییەکە، قسەکەی خۆی نەبڕی و، بڕۆکانی هێنایەوە یەک و وەکوو ئەوەی بڵێ:

ـ دواتر! دواتر بیروڕای خۆتم پێ بڵێ. بەڵام تکا دەکەم ئێستا هەنگاو بە هەنگاو، لەگەڵ شیکردنەوەکەی من وەرە.

ئەمیش چاوێکی گێڕا و، سەیرێکی (میلۆرادۆڤیتش)ی کرد. وەکوو ئەوەی داوای قسەی زیاتر لەویش بکات. بەڵام کە بینیی، خەمسارد و، زۆر بێباکانە دەڕوانێت، کەوتەوە جووڵاندنی قوتووە بڕنووتییەکەی، نێو پەنجەکانی.

بۆڵە بۆڵێکی کرد و، ویستی، دەوروبەرەکەی گوێی لێبێت و، وتی:

ـ وانەی جوگرافیایە !

(برزینیسزۆسکی)یش کرکڕاگەی گوێی وا ئاراستەی ڤیرۆزەر کردبوو، هەر وەکوو ئەوەی، گوێی لە بابەتێکی بە چێژ و، خۆش گرتبێت و، نەیەوێت رستەیەکی بەسەردا تێپەڕێت و، ئاگای لە خۆی نەبێت.

دوختۆرۆفی کورتەبالایش، بەرامبەر ڤیرۆزەری وتاردەر، خۆی بەسەر نەخشەکەدا نوشتاندبووەوە و، لەو شوێنانەی دەکۆبیەوە کە نەیدی بوون. بایەخدانیشی بە وتارەکە، پێوە دیاربوو. چەند جارێکیش قسەکانی پێ بڕی و، رستەکانی پێشووی پێ دوبارە دەکردەوە، تا باشتر تێیان بگات. بە تایبەتیش ناوی هەندێک لە گوندەکان و، ئەویش بە قسەی دەکرد. ئەمیش خێرا، لە دەفتەری سەرنجەکانی خۆیدا، دەینووسینەوە.

دوای سەعاتێک وتارەکە بە کۆتا گەیشت و، لانگیرۆنیش خولانەوەی قوتووی برنووتییەکەی وەستان و، بێ ئەوەی روو بکاتە ڤیرۆزەر، بە هاوڕێکەی تەنیشتی خۆی وت:

ـ زۆر سەختە ئەم هێرشە کە هەموو پاڵپشتەکەی ئەوە بێت، ئێمە شارەزای شوێن و پێگەی، سوپای دوژمن بین، سەرکەوتن بە دەست بێنێت! چونکە یەکەکانی ئەو پێگە و شوێنانەی دوژمنیش، لە جوواڵەی سەرومڕدا دەبن و، ئێمە ئاگامان لێیان نابێت.

هەرچەند ئەو بەرپەرچدانەوەیە عەقڵبڕ بوو، وێستی بەو ڕەفتارەی ئەو ژەنەرااڵە تێگەیەنێت، کە ئەو ژەنەرااڵ و ئەفسەرانەی، کە ئەو بە نەزان و کاڵفامیان تێدەگات و، خۆی بەسەریاندا با دەدات، زۆر لەوە ژیرترن، کە ئەو تێی گەیشتووە و، هەریەکەیان دەتوانن سەرکردایەتی ئەو هێرشە سەرکەوتووانە بکەن.

لەم کاتەدا ڤیرۆزەر بێدەنگ بوو و، بەرپەرچدەرەوانە دەدوا، کۆزۆتۆڤ وەکوو ئاشەوانێک، بە دەم هارەی ئاشەکەیەوە خەوت بێت، پێڵووی چاوەکانی بەرز کردەوە و، بە ئاگا هاتەوە. کەمێ گوێی لە قسەکانی لانگیرۆن گرت و، چاوانی لێک نایەوە.

وەکو ئەوەی لە دڵی خۆیدا بڵێت:

ـ بۆ خاتری خوا. ئەوە ئەم باسە هیچ و پووچەکە، هەر سەرومڕە؟

دیسان سەرە قورسەکەی بەسەر سنگیدا کەوتەوە. ئامانجی لانگیرۆنیش هەر ئەوە بوو:کەمێ لوتی ڤیرۆزەر بشکێنێت و، لە بەخۆنازینەکەی کەم بکاتەوە. هەر بۆیە بۆ گوێگرانی روون کردەوە. سوپای ناپلیۆن کە هێرشی کراوەتە سەر، دەتوانێت لەو بارە ناهەمواوە خۆی رزگار بکات و، ببێتە سوپایەکی هێرشبەر.

بەڵام ڤیرۆزەر وەڵامی یەکە یەکەی قسەکانی ئەوی نەدایەوە. تەنیا بزەیەکی لاقرتێی دایەوە بە روویدا. وا پیشانی دا کە نەک هەر ئەم ڕەخنانە، بەڵکوو وەڵامی هەموو پرسیارێکی پێیە.

پاشان رووی تێکرد و وتی:

ـ گەر سوپای فەڕەنسی بیتوانیایە هێرش بەرێت، هەر ئەمڕۆ هێرشی دەکردە سەرمان.

لانگیرۆنیش بەرپەرچی دایەوە:

ـ تۆ لێت روونە کە ئەو سوپایە لاوازە!؟

ڤیرۆزەریش وەکوو پیرێژنێکی چارەسەرکاری گژوگیا وەڵامی دایەوە:

ـ ژمارەی سوپاکەی ناپلیۆن هەر (٤٠٠٠٠) سەربازێک دەبێت.

لانگیرۆنیش بە لاقرتێوە وتی:

ـ کەوابوو بە دەستی خۆی، گۆڕ بۆ خۆی، هەڵدەکەنێت!

دیسان چاوی گێڕایەوە و چاوەڕێی پشتگیریی (میلۆرادۆڤیتش) بوو. بەڵام بە ئەوەوە دیاربوو کە هەرگیز بایەخی بە قسەکانی نەداوە.

بەڵام ئەویش هێندەی وت:

ـ بەم کەللەیە. . . ئەمانەی ئێوە دەیڵێن، لە گۆڕەپانەکەدا نەبێت، نازانرێت. هەر لەوێیش نەبێت، راستییەکان ساغ نابنەوە.

ڤیرۆزەریش هەر بە زەردەخەنەوە، وەڵامی زۆربەی پرسیاری ئەو ژەنەرالّە رسوا و رووسیانەی دەدایەوە. بۆیە ئەمانیش رێیان بە خۆیان دەدا، بەو شێوەیە بەرپەرچی پیلانەکە بدەنەوە.

هەرچەند ڤیرۆزەر قەناعەتی بە هەردوو ئیمپراتۆرەکە کردبوو. کەچی قەناعەتی بەمان بۆ نەدەکرا!

ناچار بە گوێگرەکانی وت:

ــ ئەوەتا. . دوژمن ئاگربڕی جێبەجێ کردووە و، فیشەکێک ناتەقێنێت. ژاوەژاویش کەوتۆتە نێوانیانەوە. بەڵای ئێوەوە ئەمانە چی دەگەیەنێت؟ ئاخۆ پاشەکشە دەکات؟ یان جێگۆرکێ دەکات؟ ئاخۆ دەبێت ئێمە لەو جێگۆڕکێیە بترسین؟

بێ ئەوەی بزەکەی لێوی ون بکات، درێژەی دایە:

ــ گەر ئێمە وای دابنێین، کە سوپاکە دوور دەکەوێتەوە و، دەچێتە (تۆراس)، ئەوا ماندووبوونێکی زۆرمان لە سەر شان لادەبەن. بە هەرحاڵا ئێمە پیلانەکەی خۆمان جێبەجێ دەکەین و، بە سادەترینی خاڵەکانیشیەوە.

میر ئاندریەیش، دەیویست لاری بوونی خۆی دەربڕێت و، هەڵەکەی قۆستەوە:

ـ ئەوە چۆن دەبێت؟

لەوکاتەدا کۆتۆزۆڤ خەبەری بووەوە و، کۆکەیەکی بۆ کرد و، چاوی بە ژەنەرالّەکاندا گێڕا و وتی:

ــ بەڕێزینە. . پیلانەکەی ئەمڕۆمان، چونکە کات دوای (١٢)ی شەوە، گۆڕین و دەستکاری کردن هەڵناگرێت و، پێویستە بە ئەرکی خۆمان هەڵبستین.

دوای کەمێک بێدەنگی هەڵیدایەوە:

ـ بۆ ئەم کاتەیش، هیچ شتێک ناگات بە نووستن. نوستن لە شەڕەکە پێویستترە بۆمان. فەرموون بگەڕێنەوە نێو خێزانەکانتان.

بە گران هەستا و، میر ئاندریەیش شوێنی کەوت و، دانیشتوانیش بە دوایدا. کات نزیک بە یەکی شەو بوو و، میر ئاندریەیش خەمباری ئەوە بوو، کە نەیتوانی بوو، قسەی خۆی لەو کۆنگرەیەدا بکات.

ئاخۆ کام لایان راست بکەن!؟ دۆلگۆرۆف و ڤیرۆزەر، کە هێرشبردنیان پێ باشبوو؟ یان کۆتۆزۆف و، لانگیرۆن و، ئەوانی تر، کە هێرشبردنیان پێ باش نەبوو؟

میر ئاندریە لە خۆیی پرسی:

ــ ئاخۆ دەهێنێت بۆ رازی کردنی کەمێک لە ماستاوچیان و، خۆهەڵواسەرانی نزیکی ئیمپراتۆر، هەزاران سەرباز بە کوشت بدرێن؟ تەنانەت خۆیشم تیدا بچم؟

لەپڕێکدا دیمەنی مردنی خۆیی، هاتە بەرچاو. لەو خەیاڵەیدا خواحافیزیی لە باوکی کرد و، بۆ یەکجاری، ژنەکەی جێ هێشت. پاشان کاتی دەزگیرانی و، دواتر دوو گیانیی ژنەکەیی بیرکەوتەوە. زۆریش بەزەیی بە خۆی و (لیز)ی ژنیدا هاتەوە. ئیدی بووە نێچیری خەم و دڵەڕاوکێ و، جێی بەخۆی نەدەگرت. بۆیە لەو ماڵە چووە دەرەوە کە (ئستیڤسکی)ی تێدابوو و، کەوتە پیاسە کردن.

تەمێکی تەنک دێیەکەی داپۆشیبوو و، تیشکی لاوازی مانگیش، بە ئاستەم ئەو تەمەی بۆ دەبڕدرا.

لەبەر خۆیەوە وتی:

ــ بەڵێ. . سبەینێ هەموو شتێک کۆتا دەبێت. یەکێک لە ناخمەوە پێم دەڵێت:سبەینێ بۆم رێک دەکەوێت و، هێزو توانای خۆم دەردەخەم!

هێنایەوە پێش چاوی خۆی، کە چۆن دەبێتە هات و هەرا و، شەڕ بەرپا دەبێت. پەلامار لە شوێنێکدا چڕ دەبێتەوە. هەلیش بۆ ئەم دەڕەخسێت و، ئەویش (تۆلۆن)ەکەی خۆی، بە دەست دێنێت!میر ئاندریەیش لە خەیاڵی خۆیدا، پیلانەکەی خۆی خستە بەردەم کۆتۆزۆف و بە بڕوایەکی پتەوەوە، وردەکارییەکانی بۆ خوێندەوە. خۆی گەیاندە ڤیرۆزەریش و بۆ ئەویشی خوێندەوە. تەنانەت هەردوو ئیمپراتۆرەکەیشی لێ تێگەیاند.

دواتر هەموویان، سەریان لە وردەکاریی پیلانەکە سوڕما! بەڵام کەسیان نەچوونە ژێر باری کاراکردنی ئەو پیلانە. ئەم پشتگوێ خستنە، ناچاری کرد کە بۆ خۆی سرییەیەک پێک بێنێت و، پەلاماری شوێنێکی گەرمی شەڕەکە بدات و، سەرکەوتنی تێدا بە دەست بێنێت. ئەوەبوو هێرشی بردە شوێنێک کە سوپای رووسی تێدا گەمارۆ درابوو و، لەوەدا بوو، دوژمنەکانی خۆیان بەدەستییەوە بدەن.

هەر لەم خەیاڵەیدا لە خۆیی پرسی:

ــ ئەی باشە مردن! ئازارەکانی؟

بەڵام ئاندریە خۆی بە وەڵامی ئەم پرسیارەوە ماندوو نەکرد و، لە سەر پەیڕەوی پیلانەکەی خۆی رۆیشت. هەرچەند پلە سەربازییەکەی ئەو، پاشکۆی سەربازیی سەرۆکایەتی (کۆتۆزۆف) بوو، بەڵام بە تەنیا خۆی، پیلانی هێرشی داهاتوویشی دانا، تاکوو یەکە یەکە دەستکەوتەکانی لە چنگی دوژمن دەرهێنا.

هەر لەو دالغە لێدانەیدا، دواتر دەستیان بە کۆتۆزۆف لە پلە سەربازییەکەی پێکێشایەوە

و، میر ئاندریەیان خستە شوێنی. بەو جۆرە میر ئاندریەی کوڕی پۆلکۆنسکی، بووە، سەرکردەی بالا.

لە ناکاو لە ناخی خۆیەوە هاوارێکی بۆ کرا:

ـ ئەی دوای ئەمانە:چی دەبێت!؟

هەر لە دڵی خۆیدا وەڵامی ئەمەیشی دایەوە:

ـ دوای ئەمانە؟ باشە دوای ئەمانە. ئاخر ئەمانەش لە کاتێکدا دێنە دی، کە دەیان جار بریندار نەبیت. یان هەر زوو نەکوژرێیت. یان بەلای کەمەوە، تاوانی خیانەتکردنت نەدرێتە پاڵا.

سەرێکی باداو لەسەر خەیاڵکردنەوەکەی رۆیشت:

دوای ئەمانە. دوای ئەمانە! چوزانم دوای ئەوانە چی روو دەدات؟ حەزیش ناکەم بزانم. بەڵام ئەگەر بەڕاستی دەمەوێت بە شوێن سەرکەوتنو دەرکەوتندا بگەڕێم، لۆمە ناکرێم. چونکە ویستی خۆم بووەو خەباتم بۆ کردووە. هەرچەند لای کەس ئەمە نادرکێنم، بەڵام خوایە گیان چی بکەم؟ ئاخر ئەمە گەورەترین ئاواتمە! ئاواتەکەیشم دیارە کە سەرکەوتنو دەرکەوتنە. بریندار بوونو لە دەستدانی خێزانەکەمو لە سەروو ئەمانە هەموویشیانەوە، باوکو خوشکو ژنەکەیشم. تەنانەت مردنی خۆیشم. ئامادەم ئەمانە هەموو بخەمە پێناوی ساتێکی سەرکەوتنو وەدەستهێنانی خۆشەویستی خەڵکانێک کە نە ناسیومنو نە هیچ.

لە ناکاو گوێی لە غەڵبە غەڵبی کەسانێک بوو لە ماڵەوە.

ئەمیش لە سەر بیرکردنەوەکەی رۆیشت و لە بەر خۆیەوە وتی:

ـ لە پێناوی خەڵکانێکی، وەکوو ئا ئەمانەدا!

دەنگە دەنگەکەیش کەسانی ماڵی کۆتۆزۆڤ بوون و، خەریکی ئامادە کردنی جێ و نوێنی نووستن بوون. گالیسکەوانێکیش دەیویست چالێنەرەکەی کۆتۆزۆڤ تورە بکات. ئەو چاپچییەی کە میر ئاندریەیش باشی دەناسی.

گالیسکەوانەکە بانگی کرد:

ـ(تیت). . . هێی (تیت) !

تیتیش وەڵامی دایەوە:

ـ چییە؟ چیت دەوێت؟

گالیسکەوانەکەیش بە سوعبەتەوە وتی:

ـ برۆ بۆ لای ناسکۆڵە و نازدارەکەت.

یەکێکی دی هەڵیدایە:

ـ دەک سەربالی شەیتان بکەویت!

میر ئاندریەیش لە دڵی خۆیدا درێژەی پێدایەوە:

ـ هەر چۆنێک بێت، من بۆ بەرژەوەندی هەموان داوای سەرکەوتن دەکەم. ئەو هێزە نادیارەی کە بەسەر سەرمەوەیە، پیرۆز دەکەمو هیچی تر

بەشی سیازدە
خەونەکانی رۆستۆف

ئەو ئێوارەیە کۆمەڵە سەربازەکەی رۆستۆف، کەمینی پشکنین بوون و، ئەو کارەیان بۆ سوپاکەی پاگراسیۆن دەکرد. دابەش ببوون بە سەر، دوو فەسیلدا و، بە درێژایی هێڵی بەرەی شەڕەکەدا، بڵاو ببوونەوە. رۆستۆفیش بە سەریاندا دەگەڕا و، دەیپشکنین. هەر خەوەنووچکەیشی بوو.

ناوە ناوە تروسکەی ئاگرە کزەکانی، سوپای رووسی بەدی دەکرد و، لەو تارکییە ئەنگوستەچاوەدا، سوپای دوژمنی بۆ نەدەبینرا. هەندێ جار وا بۆی دەچوو، کە چەندین تارمایی جوڵاوی بینیوە و، ئاگریان پێ بووە. بەڵام دڵی خۆی بەوە دەدایەوە، کە ئەوانە گۆترەکارین و، راست نین. چاوانی لێک نا. بەڵام کتوپڕ ئیمپراتۆر و، پاشان دینسۆف و، بیرەوەرییەکەی هاتەوە، پێش چاو. خێرا چاوانی کردەوە. بەڵام لە سەرو کەللە و، گوێیەکانی ئەسپەکەی زیاتر، هیچی تری نەبینی.

لە کاتێکدا کە تاریکی باڵی بەسەر دوژمنەکەیدا کێشا بوو، لە دڵی خۆیدا وتی:

ـ ئەی بۆ نا! رەنگە گەر بتوانم ئیمپراتۆر ببینم، کارێکم پێ بسپێرێت، لەو کارانەی کە بە ئەوانی تری دەسپێرێت. یان رەنگە پێم بڵێت:ئادەی برۆ پشکنینێکی بەرەی پێشەوەی شەڕەکە بکە و، بزانە چی هەیە و چی نییە؟ چونکە هەندێ جار وا رێکەوتووە کە ئیمپراتۆر ئەفسەرێکی بینیوە و، کارێکی گرنگی داوە بە سەریدا. چی دەبێت ئەو هەلە بۆ منیش بڕەخسێت؟ ئای! ئەی دەبینن چۆن خۆم بەخت دەکەم، لە پێناوی ئیمپراتۆردا! ئای چ

تەقەلایەک دەدەم، تاکوو ناپاکانی بۆ دەستنیشان بکەم !

خەیاڵیشی بۆی ڕەخساند کە تووشی ببێت، بە تووش دوژمنێک، یان ناپاکێکی ئەڵمانیەوە و، پەلاماری بدات و، لە بەرچاوی ئیمپراتوردا، بیدات بە زەویدا.

قیژەیەکی ناکاو بە ڕۆستۆفی بە ئاگا هێنایەوە و، گۆمی ئەندێشەکەی شڵەقاند.

لە خۆیی پرسی:

ـ ئێستا من لە کوێم!؟ ئـۆی! خۆ ئەوە، لە بەرەی پێشەوەی شەڕەکەدام! وشەی نەهێنی، بۆ یەکتر ناسینەوەمان:(تیمۆن. . . ئۆلتمز)ە! ئای لەم نەگبەتییە! سبەینێ ئێمە لە دواوەی، بەرەی ئەم شەڕەین و، پاشکۆ و یەدەگین. . . جا چییە؟ خۆم داوای بەشدار بوون دەکەم، لەم شەڕەدا. ڕەنگە بە هۆی بەشداری کردنەکەمەوە بتوانم هیچنا:ئیمپراتۆر ببینم! ئێستایش فڕەیەک لێ دەدەم. دواتر سکاڵایەک دەنووسم و، دەیدەمە دەست ژەنەرااڵ.

ڕۆستۆف پاژنەی لە ژێر سکی ئەسپەکەی ژێری دا و، خۆی قیت کردەوە و، بە لای ڕاستیدا ڕووانی و، لێژی و لاپاڵێکی بینی و، بە لایەکەی تریشدا:گردێکی لە تاریکییەکەدا بینی، کە لە دیوارێکی بڵند دەچوو. لە لوتکەکەیشیدا پارچەیەکی سپیی بینی، نەیزانی چییە!؟

خوایە گیان! بڵێی ئەو باسکە سپییە، توێژێکی بەفر بێت؟ ڕەنگە ڕیزە ماڵا بێت! وای بۆ چوو، کە ئەو توێژاڵە سپییە، دەجوواڵێت. نەخێر. بەفرە بەفر !

کەوتەوە جیهانی زیندەخەو:

ـ ئای ناتاشا! خوشکە چاو ڕەشەکەم! بڵێی گەر بۆی بگێڕمەوە، کەوا ئیمپراتۆرم بینیوە، سەرسام ببێت!؟

یەکێک لەو لایەوە هـاواری بۆ کرد:

ـ ئاگات لەخۆت بێت. . . نەکەویت! ئەوەی بەر پێت:زۆنگ و چغوورده !

ئەمیش ڕاچەنی و، سەرنجی خۆیدا، سەری لە سەر قەڵپووزی زینەکەیەتی. خێرا خۆی گەیاندە نزیک سوارەی هاوارکەرەوە. تووماز خەو بردبوویەوە و، ئەو سوارەیە ـ کاری ڕاست بێت ـ بە ئاگای هێنابووەوە!

دیسان کەوتەوە سێ و دووی خۆی:

ـ ئەڕێ بیرم لە چی دەکردەوە!؟ ئـای! دەڵێی بیرم چووەتـەوە! ئا ئا بیرم لـەوە دەکردەوە:چی بە ئیمپراتۆر بڵێم؟ وا نەبوو!؟

ـ نـا نا! ئەوە بۆ سبەینێ هەڵدەگرم. ئێستا بیرم کەوتەوە. بیرم لە (ناتاشا) دەکردەوە! ئای ئـەی! بە خوا سبەینێ کارێکی گرنگ چاوەڕێمان دەکات.

پاشان لەخۆیی پرسی:

ـ ئەمانە کێن؟ سوارەکانن! بەڵێ بەڵێ! سواره سمێڵا فشەکانن! ئەڕێ ئەوە لە کوێ بوو، سوارەیەکی سمێڵا فشم بینی!؟ ئا ئا! بیرم کەوتەوە. لە شەقامی (تڤیر) بوو!! ئەو شەقامەی، ماڵی (جۆزیڤ)ە پیرەی لە سەر بوو. ئای ئەو بنەماڵەیەی (دینسۆڤ)ە، چەند پاڵەوانن! ئای

ئەم بیرکردنەوەی منیش:چ جۆرە کەرێتییەکە! گرنگ ئەوەیە:ئیمپراتۆر لێرەیە! پێم وابێت:ئەو دەمەی کە سەرنجی منیدا، دەیویست شتێکم پێ بڵێت! بەڵام بۆی نەکرا کە پێم بڵێت. . . بەڵێ بەڵێ! نەیتوانی پێم بڵێت. . . ئێی! بە خوا ئەمانەی من بیری لێدەکەمەوە کەرێتییە !

ـ ئۆو. . . بیرم لە چی دەکردەوە!؟ ناتاشا باسکە سپییەکە. ئەرکە سەربازییەکە.

دیسان سەری خەوالووی نایەوە. وا هاتە خەیاڵی، کە کەسێک تەقەی لێدەکات. کوتوپڕ سەری بەرز کردەوە:

ـ ئەوە چییە؟ شمشێرەکە. . .

لە پڕێکدا گوێی لە جەنجاڵییەک و، تەق و هۆرێکی زۆر بوو! ئەسپی خۆی و سوارەکەی تەنیشتی، گوێیان قوت کردەوە. بروسکەیەک لەسەر گردەکەوە دەرکەوت و، بە دوایدا رووناکییەکی دی. هێندەی پێنەچوو، بە درێژایی بەرەی پێشەوەی شەڕەکە، رووناک بووەوە. تا دەهات تەق و هۆرۆ، غەڵبە غەڵب، زۆرتر و، نزیکتر دەبووەوە! لەبەر چڕیی ژاوە ژاوەکە، دەنگەکانی لە یەکتری بۆ جوێ نەدەکرایەوە. بەڵام بە گوێرەی شێوەی گفتوگۆکان، ئەوانە دوژمنە فەڕەنسییەکان بوون!

لە سوارەکەی تەنیشتی پرسی:

ـ ئەمە چییە؟ تۆ دەڵێی چی؟ لە دەنگی سەربازگەی دوژمن دەچێت. . وا نییە؟

دوای ئەوەی بە تەمای وەڵامی سوارەکەی تەنیشتی نەما، پرسییەوە:

ـ چییە؟ گوێت لێم نییە؟

ناچار سوارەکەیش وەڵامی دایەوە:

ـ بەڕێز. . . خوا نەبێت، کەس نازانێت ئەوانە کێن!؟

رۆستۆف هەر سووربوو، لەسەر پرسیارەکە:

ـ ئەگەر بمانزانیایە کە ئێرە شوێنی دوژمنە، ئەوا دەمانزانی دەنگە دەنگەکە ئەوانن.

سوارەکەیش وتی:

ـ رەنگە وابێت. . رەنگە وایش نەبێت! لەم تاریکییەدا هەروا ئاسان نییە.

ئەسپەکەی رۆستۆف، کەمێ بە دوادا هات و، ئەویش هاواری لێ کرد:

ـ هێی! کاڵفام مەبە.

لەوە دەچوو، ئەسپەکە حەزی بە رووناکییەکە بوو بێت، بۆیە جێی بە خۆی نەدەگرت و، گوێیەکانی بۆ قوڵاغ کردبوو و، سمی لە زەوی دەدا. بە درێژایی بەرەی شەڕەکە، تروسکایی ئاگر بوو و، دەنگە دەنگ و، خرمەی پێی ئەسپ دەبیسترا و، دەتووت:بە هەزاران سوار غار دەدەن. دواتر تارماییەکان باشتر دەبینران.

گوێی لە هاواریان بوو دەیان قیژان:

ـ بژی ئیمپراتۆر! بژی بژی!

ئەو دەنگە وەکوو قامچییەک وابوو، بدرێت بە رۆستۆفدا.

رووی کردە سوارەکەی تەنیشتی و وتی:

ـ لەوە ناچێت لێمانەوە دوور بن. رەنگە لەوبەری رووبارەکەوە بن. وا نییە!؟

سوارەکە هەناسەیەکی قوڵی هەڵکێشا و، نەرمە کۆکەیەکی بۆ کرد و هیچی تر.

لە نێو ئەو تەم و مژەوە، تارماییەک هات و وتی:

ـ گەورەم. . . وا ژەنەرالەکان گەیشتن.

ئەویش لە کاتێکدا کە گوێی بۆ هوتاف و شیعارەکان هەڵخستبوو، شوێن (نائب چابگ)ەکە کەوت. چەند سوارەیەکی هاتە بەرچاو و، یەکێکیان ئەسپێکی سپیی لەژێردا بوو. تووماز ئەوانە میرەکان بوون! کە لەنێویاندا میر پاگراسیۆن و، میر دۆلگۆرۆکۆف و، دەست و پێوەندەکانیان بوون. ئەو دوو میرەیش، بۆ ئەوە هاتبوون تا لە نزیکەوە، هۆی ئەو غەڵبە غەڵبە بزانن.

رۆستۆف لە میر پاگراسیۆن چووە پێشەوە و، زانیاریی خۆیی، پێشکەش کرد و، گەرایەوە ریزی ئەفسەرەکان و، بە هۆشدارییەوە، گوێدێری ژەنەرالەکان بوو.

دۆلگۆرۆکۆف بە سوور بوونەوە وتی:

ـ بڕوا بکەن، ئەمەیش فێڵێکی تری جەنگە! ئەو هوتاف کێشانەیش، بۆ ئەوەیە ئێمە تێبگەیەنن، کە لە شوێنی خۆیاندا چەسپیون. لەولایشەوە پاشەکشە بە سوپاکەی دەکات. . . ئەمەیە خەڵەتاندن !

پاگراسیۆن وەڵامی دایەوە:

ـ گومانم لەو قسەیەت هەیە! چونکە هەر ئەم ئێوارەیە بڕێ لە سەربازەکانیانم لە سەر ئەو گردەی ئەوبەرەوە بینی. گەر بە تەمای پاشەکشە بوونایە، ئەوا ئەو سەربازانە، بەسەر ئەو بارستاییەوە، نەدەمان.

لە رۆستۆفیشی پرسی:

ـ ئەڕێ ئەی ئەفسەر. . ئاخۆ ئێستاش سەربازە پارێزەرەکانی باڵی راست و، چەپی سوپاکەیان، هەر لە شوێنی خۆیانن!؟

رۆستۆفیش لە وەڵامیدا وتی:

ـ تا ئەم ئێوارەیەیش، لە شوێنی خۆیان مابوون. بەڵام بۆ ئەمشەویان بێئاگام. گەورەم. گەر فەرمان بدەیت، هەر ئێستا لەگەڵ سوارەکانمدا دەڕۆم و، هەواڵتان بۆ دێنمەوە.

پاگراسیۆن کەمێ بێدەنگ بوو و، وردتر سەرنجی رۆستۆفی دا، تا باشتر بیناسێت و وتی:

ـ زۆر باشە. . . کەوابوو بڕۆ و بیپشکنە.

ئەویش وتی:

ـ فەرمانتانە . . گەورەم.

ئەویش ڤدتشنکۆی نائب چابگ و دوانی تری بانگ کرد، تاکوو شوێنی بکەون و، لە ژێر سکی ئەسپەکەی دا و، رۆیشتن.

بە غار بە لێژیەکەدا شۆڕبوونەوە و، بەرەو غەڵبەکە بوونەوە. لەگەڵ ئەوەشدا کە رۆستۆڤ دەترسا، دڵیشی خۆش بوو، بەوەی کە ئاوا ئەرکی ترسناکی پێ سپێردراوە. ئەرکێک کە بە کەم کەس دەکرێت. هەر کە گەیشتە نزیک بەرزاییەکەی ئەوبەر، پاگراسیۆن هاواری بۆ.کرد، کە لە چەمەکە نەپەڕێتەوە ئەوبەر.

بەڵام هەرچەند، پەڕینەوەکە، ترسناکیش بوو، ئەو هەر پەڕییەوە.

زەویەکانی ئەوبەر، کرابوون بە دەغڵا و دانێکی زۆر. بەرزاییەکی جەنگەڵا و، چغوورد بوو.

رۆستۆڤ گەیشتە ئەو دیوو و، کەوتە نەدیوی. ئاگرەکانی لێ ون بوو و، غەڵبەغەڵبەکەی لێوە نزکتر بووەوە.

سەیری بەردەمی خۆی کرد و، پێی وابوو جۆگە ئاوەکەیە. بەڵام کە نزیک بووەوە، بۆی دەرکەوت، کە ئەوە رێگایە. لەوێدا سەری لێ تێکچوو. نەیدەزانی چی بکات؟ ئاخۆ بە رێیەکەدا بڕوات، یان بگەڕێتەوە؟

رێگاکە لە نێو تەمو مژەکەدا دەبریسکایەوە و، گەر پێیدا بڕۆیشتایە، هەر زوو دەبینرا.

بۆیە بەوانی تری وت:

ــ شوێنم بکەون.

لە رێگاکە پەڕییەوە ئەوبەر و، دای بە لاپاڵی ئەو شاخەدا، کە ئێوارە سەربازانی دوژمنی پێوە بینی بوو.

سوارەیەکی دینسۆڤ وتی:

ــ ئا ئەوە خۆیەتی بەڕێز !

رۆستۆڤ فریا نەکەوت سەرنج بدات، تارماییەک لە بەرامبەریدا، قوت بووەوە. تەقە هات و ویزەی فیشەکێک بەسەر سەری چوار سوارەکەدا تێپەڕی. هەرچەند دەنگی فیشەکی دووەمیان نەبیست، بەڵام پریشکی گڕی تەرەقەکەی، شوێنی تەقەکەرەکەی دەرخست.

رۆستۆڤ بە خێرایی رەشمەی ئەسپەکەی راکێشا و، بەرەو دوا:ئاوزەنگیی لێدا. ناو بە ناوێک، گوێیان لە تەقەی چوار فیشەکی تر بوو. بە دوایدا ویزەی گوللەکان تەم و مژەکەی دەبڕی.

ئەسپەکەی رۆستۆڤ وەکوو سوارەکەی شڵەژا بوو. بۆیە لە خێرایی غارەکەی کەم کردەوە.

لەبەر خۆیەوە وتی:

ـ دەی فیشەکێکی تریش !

بەڵام تەقە وەستا! چەند هەنگاوێکی مابوو بگاتە پاگراسیۆن، ئەسپەکەی وەستان. دوو پەنجەی گەیاندە ئاستی خوودەکەی و سڵاوی لێکرد.

تا ئەو دەمەیش، دۆلگۆرۆکۆڤ سووربوو لەسەر ئەوەی، کە سوپای دوژمن لە پاشەکشەدان و، ئەو غەڵبە غەڵبەیش، فیڵێکی تری جەنگە.

هەر بۆیەش وتی:

ـ پێتان وایە ئەو چەند فیشەکەی کە تەقاندوویانە، چی دەگەیەنێت؟ ئاخر دوور نییە، ئەوان چەند سەربازێکیان هێشتبێتەوە تاکوو تەقە بکەن و، فریومان بدەن.

پاگراسیۆن وەڵامی دایەوە:

ـــ ئەی میر! بڕوا بکە:کە پاشەکشەیان نەکردووە. بەیانیش ئەم راستییەمان بۆ دەردەکەوێت.

رۆستۆڤیش کە تازە گەیشتبووە پێشەوە، وتی:

ـ گەورەم. . . سەربازە چاودێرەکانی ئێوارە، هەر بەسەر گردەکەوەن و، شوێنەکەیان چۆڵا نەکردووە.

خۆیشی بە پێشدا خستبوو و، زۆرباش سەرکەوتنەکەی خۆی لە کارە مەترسیدارەکەی پێوە دیار بوو. بە تایبەتی کە بەر دەستڕێژی دوژمنیش کەوت بوون.

پاگراسیۆن وتی:

ـ زۆر چاکە. . سوپاست دەکەم ئەی ئەفسەر.

رۆستۆڤیش وتی:

ـ گەورەم. . داوایەکم لێت هەیە.

پاگراسیۆنیش وتی:

ـ بیڵێ.

رۆستۆڤ وتی:

ـ سبەینێ یەکەکەی ئێمە، یەدەکە و، لە پاشکۆی بەرەی شەڕەکەدا دەبین. داوا دەکەم ببڕێینە بەرەکانی پێشەوە.

پاگراسیۆن لێی پرسی:

ـ تۆ نێوت چییە!؟

ئەویش وەڵامی دایەوە:

ـ کۆنت رۆستۆف.

پاگراسیۆنیش وتی:

ـ ئاه! زۆر باشه. . تۆ وەکوو ئەفسەری دەربار، لەگەڵ خۆمدا بمێنەوە.

دۆلگۆرۆکۆڤیش لێی پرسی:

ـ تۆ کوڕی (ئیلیا ئاندرییتش)یت؟

رۆستۆف خۆی لە پرسیارەکەی گێل کرد و، پرسیی:

ـ گەورەم. : ئومێدم هەبێت بە داواکەم؟

پاگراسیۆن وەڵامی دایەوە:

ـ من فەرمانی خۆمت بۆ دەردەکەم.

رۆستۆڤیش لە دڵی خۆیدا وتی:

ـ رەنگە سبەینێ نامەیەک یان راپۆرتێکم پێدا بنێرێت!! سوپاس بۆ خوا.

تومەز هۆی ئەو هات و هووتو هوتافکێشانەی سوپای دوژمن، هاتنی ناپلیۆن خۆی بوو و، بە سواری ئەسپەکەیەوە و، پشکنینی یەکە یەکەی سەربازەکانی بوو. لە هەمان کاتدا، سەرکردەی یەکەکان، وتارەکەی ناپلیۆنیان بۆ سەربازەکانیان دەخوێندەوە. ئەوەبوو سەربازان ناپلیۆنیان دی بوو، لەخۆشیاندا، ئاگریان کردبووەوە و، مەشخەڵی داگیرساویان بەرز کردبووەوە و، هاواریان دەکرد:

ـ بژی ئیمپراتۆر.

لە وتارەکەی ناپلیۆندا هاتبوو:

سەربازان. . ئەم سوپای رووسەی لە بەردەمتاندا وەستاوە، خۆی بۆ ئەوە ئامادە کردووە، تۆڵەی بەزین و شکستی سوپای نەمسای هاوپەیمانی لە (ئۆڵم)دا بکاتەوە. سوپای دوژمنیش هەر لەو یەکانە پێکهاتووە کە کاتی خۆی لە (هۆلابرون)دا بەزاندتان. تاکوو ئێستاش بەو سەرکەوتنانەتانەوە دەنازن و، دەهێنێت. سەربازان. لەم بەرەنگار بوونەوەیەشدا، خۆم بەڕێوەتان دەبەم. ئەگەر توانیتان بە ئازایەتییەکەی خۆتان، ریزەکانی دوژمن بشڵەژێنن، ئەوا من لە ئاگرەکە بە دوور دەگرن. خۆ گەر زانیشم سەرکەوتنمان لە مەترسیدایە، ئەوا بە دەستی خۆم، خۆم دەدەمە بەر گوللەی دوژمن. سوور دەشزانم کە سەرکەوتوو دەبین. لەم شەڕەیشدا شەرەفی هەموو فەرەنسییەکانیش، بەندە بە سەرکەوتنی سوپاکەیەوە. نابێت و ناکرێت بە بیانووی برینداربوونەوە، سوپاکە چۆڵا ببێت. ئەوە بخەنە پێش چاوی خۆتان کە دەبێت سوپای ئینگلیز ببەزێنن. ئەو ئینگلیزەی کە رقێکی زۆری لە ئێمەیە. بەم سەرکەوتنەمان هێرشیان دەوەستێت. ئیدی بە ئاسانی دەتوانین سەربازگە زستانییەکانمان، دروست بکەین و، ئەو یەکە سەربازییانەی کە تازە پێکەوە دەنرێن، پەیوەندیمان پێوە بکەن. دواتر ئەو ئاگر بەستە دەکرێت، کە ئێوە شایستەین.

بەشی چواردە
نـــاپلیۆن

هەرچەند کات لە (٥)ی تێپەڕاندبوو، بەڵام دنیا هێشتا تاریک بوو. باڵەکانی راست و چەپ و، تەنانەت ناوەڕاستی سوپاکەی پاگراسیۆن، هێشتا لە جێی خۆیان مابوون. باڵی چەپ لە پیادە و سوارە و تۆپخانە پێکهاتبوو. کە بە گوێرەی پیلانەکە دەبوو ئەوان بەرەو خوار بوونایەتەوە و، رووە و شاخەکانی بۆهیمیا بڕۆیشتنایە و، پەلاماری باڵی راستی دوژمنیان بدایە. هێشتا تاریک بوو، کە ئەفسەران خەریکی خواردنی نان و چای بەیانی بوون. سەربازانیش هەرچی پارچە کورسییە شکاو و، پاکەت و ئەو شتانەیان دەسووتان کە پێویستیان پێی نەمابوو و، بۆیان بار نەدەکرا.

بە گەڕانەوەی تەتەرە سیخوڕە نەمساویەکان، بە سوپای رووس و، هێنانی زانیاری دەربارەی شوێنڕەوی سوپای دوژمن، ئەوە نیشانەی رەوی سوپاکە بوو. هەر سەرباز بوو شت و مەکەکانی فڕێ دەدایە گالیسکە بارهەڵگرەکانەوە و، رای دەکردە ریزەکانی سوپاوە و، تفەنگەکەی دەخستە سەرشانی و، ئامادە دەبوو. ئەفسەرانیش بەرگەکانیان لەبەر دەکرد و، نیتاقەکانیان لە پشت دەبەست و، تووڕەکەکانیان سەردروو دەکرد و، بە پەلە دەچوونەوە لای یەکەکانی خۆیان و، بە سواری دەهاتن و دەچوون و، فەرمانیان بۆ دەردەکردن. گالیسکەوانانیش نێڵەکانیان لە ملی ئەسپەکانیان دەکرد و، تووڕەکەکانی سەربازانیان هەڵدەچنی.

لە ناکاو خرمەی پێی سەربازان دەستی پێکرد و، کەوتنە جوڵە بێ ئەوەی بزانن بۆ کوێ دەچن. چەندیش لە مەترسیدا بوونایە، هەر چاویان لە (ئیڤان میتریش)ی سەرکردەی خۆیانەوە بوو.

ئەو هەموو سەربازانە خرابوونە چەندین ریزەوە و، هەر وەکوو دەریا شەپۆلیان دەدا. سەربازانیش پێیان بە زەویدا دا و، بێ ئەوەی چاویان لە بەرپێی خۆیان بێت و، چالا و چۆڵی بەرپێی خۆیان. ئیدی هەرچییەک رووی بدایە، سەربازان تەنیا چاویان لە سەربازانی بەردەمی خۆیان و، سەرکردەکەی پێشیانەوە بوو.

وەکوو ئەو کەشتییەوانانەیان لێ هاتبوو، کە بەسەرباز پڕ دەبن، لە کۆڵەکەی کەشتییەکە بەولاوە، هیچی تر نابینن. ناپرسن کە بۆ کوێ دەچن. بەڵام کە شەڕ دەست پێدەکات و، ژیانیان دەکەوێتە مەترسییەوە، لە هەموو شت دەپرسن و، دەیانەوێت هەموو شتێکی دەوروبەری خۆیان بزانن. هەرچەند رۆژیش بوو، بەڵام تەم و مژێک بوو، کە سەربازەکان لە دە هەنگا و زیاتری، بەردەمی خۆیان نەدەبینی. بەڵایانەوە گژو گیاکە، لە بێشە و دارستان و نشێوەکانیش لە دۆڵا دەچوو. هەمیشە مەترسیی ئەوەیان بوو، کە لوتیان بتەقێت بە لوتی دوژمندا. کورت بینییەکەشیان بە هۆی تەم و مژەکەوە هێندەی دی، بارە دەروونییەکەیانی ئاڵۆز کردبوو. بە لاپاڵەکەدا شۆڕ بوونەوە و، بە بەرەو ژوورییەکەدا هەڵگەڕان و دایان بە لای ئەو هەموو رەز و باخانەدا، بێئەوەی لەگەڵ فەرمانبەرەکاندا روو بە ڕوو ببنەوە. ئەوەی کە سەربازان دڵیان پێی خۆشبوو، ئەوە بوو، کە ئەو هەموو سەربازەیان دەبینی پێکەوەن و، یەک ئامانجی نادیاریان هەیە.

لە نێو ریزەکانیاندا ئاوا دەدوان:

ــ ها ئەمانە، ئەو سەربازە رووسیانەن لە (کۆرشک) دەوە هاتوون !

یەکێکی دی بە تورەییەوە وەڵامی دایەوە:

ــ ئاخر براکەم. ئەوان زۆرن و بە هەزارانن! ئەو دەمەی ئاگرم دەکردەوە، هەر خەریکی ژماردنیان بووم. بەڵام هێندە زۆر بوون، بۆم نەژمێردران. لە راستیدا گەر لە نێویاندا بوویتایە واتدەزانی لە مۆسکۆدایت.

سەرکردەکانیش لە کۆنگرە حیزبییەکەیانەوە، هێندە دەروون ئاڵۆز بوون، لە یەکە سەربازیەکانیان دواکەوتبوون. بێزاری سەرەتای شەڕەکە بوون. هەرچەند گوێیان بە وردەی سەربازەکانیان نەدەدا، بەڵام پیلانە سەربازیەکەیان وەکوو خۆی جێبەجێ دەکرد. زۆرینەی یەکە سەربازییەکان، دوای سەعاتێک رۆیشتن، ناچار بوون لەو تەم ومژەدا بووەستن. دڵەڕاوکێ و بێزاری باڵی بە سەریاندا کێشابوو. هەرچەند نازانرێت کە چۆن ئەو هەستی دڵەڕاوکێیە، بەو خێراییە بە نێو سەربازاندا بڵاو دەبێتەوە. ئەو بارە دەروونییە وەکوو بڵاو بوونەوەی ئاو بە زەوییەکی لێژدا، بوو. رێی تێدەچوو ئەگەر سوپای رووس، هەر خۆی بەشداری ئەو شەڕە بووایە و، هاوپەیمانانی لەگەڵدا نەبوایە، ئەو هەستە

زیانبەخشە وا زوو بڵاو نەبوایەتەوە. ئەفسەران و، سەربازانیش بۆ ئەمە، لۆمەی (ئەڵمانە گێلەکان)ی بۆق خۆریان دەکرد.

یەکێک وتی:

ـ ها چییە؟ ڕێگا بڕاوە وا ناجووڵێیت؟ یان لوتمان بە لوتی فەڕەنسییەکاندا تەقیوەتەوە، وا تێک چوویت!

ئەویش وەڵامی دایەوە:

ـ نەخێر. . گەر وابوایە، ئێستا بەر ڕێژنەی گوللە دەکەوتین.

یەکێکی دی هەڵیدایە:

ـ کەوابوو بۆیە هەر لە بەیانی زووەوە، لۆقەمان پێ دەکەن، تاکوو لەم چۆڵەوانییەدا بمانوەستێنن.

ـ ئا ئەمەیش بە هۆی هەڵەی ئەڵمانییە گێلەکانەوەیە !

ئەوی تر وتی:

ـ ئەگەر بە دەستی من دەبوو، بە خوا بە خوا، دەمخستنە پێشەوەی سوپاکە. چونکە ئێستا ئەوان کە لە دواوەی سوپاکەوەن، زۆر ئاسوودە و حەواوەن. ئەوان بە ئارەزووی خۆیان دەلەوەڕێن و، ئێمەیش گەدەمان چۆڵە !

ئەفسەرێک شیڕاندی:

ـ ئەڕێ ئەوە هەر لە قسە کردن نەبوونەوە! لە سەرکردەکانیش وایە ئێمە ڕێ دەبڕین.

یەکێکی دی وەڵامی دایەوە:

ـ چی لەو ئەڵمانیە گێلانە بکەین؟ ئەوان تەنانەت شارەزای وڵاتەکەی خۆیشیان نین.

ئەفسەرێکی یاریدەدەر وەکوو ئەوەی تازە گەیشتبێت، هاواری کرد:

ـ تۆ لە کام فیرقەیت؟

ئەویش وەڵامی دایەوە:

ـ فیرقەی (١٨).

ئەفسەرەکەیش پرسیی:

ـ کەوابوو چی دەکەیت لێرە؟ دەبوو دەمێک بوایە لە پێشی پێشەوە بوبیتایە. بەڵام ئێستا دەبێت، تا ئێوارە چاوەڕێ بکەیت.

ئەو ئەفسەرە دوورکەوتەوە و وتی:

ـ تۆ بڵێیت کارەکە هێندە ئاڵۆز بێت!؟ خۆیشیان نازانن چی دەکەن.

ژەنەراڵێک گەیشت و بە زمانێکی بیانی و، بە دەنگێکی بەرز هاواری کرد. یەکێک لە سەربازەکانیش دەستی بۆ ئەو ئەفسەرە درێژ کرد، کە خەریک بوو دوور بکەوێتەوە وتی:

ـ تاڤا. لاڤا. تێیناگەین مانای چی دەگەیەنێت. دەبوو ئەو ڕسوایانە گوللەباران بکرانایە.

لە هەموو لایەکەوە بوو بە هەرا و دەیانووت:

ـ دەبوو پێش سەعات (٩) شوێنی خۆمان لە بەرەی شەڕەکەدا بگرتایە. بەڵام هێشتا نیوەی ڕێگەکەیشمان نەبڕیوە. ئا ئەمە ناجۆریی ڕێکخستن و، ئامادەکاریەکانیان دەردەخات. هەر بۆیەش وەرەی سەربازان دابەزی و، بەو هەڵە گەورانە، ڕق و کینەیان بەرامبەر ئەڵمانەکان ئەستوورتر بوو. ئەو ژاوەژاوەیش کە کەوتە نێوان سەربازەکانەوە، بە هۆی بڕیارەکەی سەرۆکایەتیی باڵاوە بوو. چونکە بۆی دەرکەوت بوو، یەکەکانی ناوەندی سوپا، لە باڵی ڕاستەوە دووڕە و، فەرمانی بۆ هێزی پیادە دەرکردبوو، کە ڕەویان بوەستێت. تاکوو یەکەکانی هێزی سوارەی نەمساوییەکان، دەگەنەوە جێی دیاری کراوی خۆیان. ئەم فەرمانەیش ژەنەرااڵە ڕووسییەکەی سەرکردەی سوپای پیادەی تووڕە کردبوو. ئەمیان داوای دەکرد ڕەوی ئەو هەزاران سوارەیە، بوەستێنرێت و، سەربازە پیادەکان، دەست بە ڕۆیشتن بکەنەوە. ئا لەم وەستاندنەدا سەربازان وەریان بەردا.

دوای سەعاتێک کەوتنەوە ڕێ و، شۆڕی قوڵایی گۆلەکەی بەردەمیان بوونەوە. لە ناکاو دوو گوللە بە نێو تەمەکەدا و، بە بەردەمی سەربازەکاندا وێزەی کرد و، بە دوایدا چەند گوللەیەکی دی. دوای کەمێک تەقە زیادی کرد. بە تایبەتی لە کەنارەکانی جۆگەی (گۆڵدباخ)دا. سەربازە ڕووسییەکان هەرگیز لەو شوێنەدا چاوەڕێی ڕوو بە ڕووبوونەوە نەبوون لەگەڵ دوژمنـدا. بێ ئەوەیش هیچ فەرمانێکی سەربازیشیان بۆ دەرچووبێت، تێکەوتن و کەوتنە تەقە کردن. لە هەموویشی سەیرتر ئەوەبوو، چاویان لە بەردەمی خۆیان نەبوو. پێیشیان وابوو دواکەوتوون. زۆر لەسەرخۆ وەڵامی تەقەکانی دوژمنیان دایەوە. دەمێک پێشڕەوییان دەکرد و، دەمێکیش دەوەستان. لەگەڵ ئەوەیشدا کە تەمومژەکە ئەفسەرانی دەوروبەری سەرکردەکانی وەکوو سەربازان، تووشی کورتبینی کردبوو، بە ئاسانیش نەدەگەیشتنەوە بە یەکە سەربازیەکانیان.

ئا بەو جۆرە فەیلەقی یەک و، دوو و، سێ، بەلاپاڵی بەرزاییەکانی (براتزن)دا هاتنە خوارەوە و، تەنیا فەیلەقی چوار کە کۆتوزۆڤ سەرکردەیان بوو، لەسەر تەپۆلکەکە مایەوە و، کەوتنە شەڕەکەوە. تەمو مژێکی چڕیش، بەرەی شەڕەکەی داپۆشی بوو.

لە بەرزاییەکانیشدا، هێندە تەنک بوو، کە سەربازان دەیانزانی لە دەوروبەریاندا چی دەگوزەرێت. کەسیان بڕوایان بەو گریمانەی ڕووس نەبوو، کە سوپای فەڕەنساییەکان دوو سێ میلێک لێیانەوە دووڕە و، لەودیو تەمو مژەکەوەن.

کە سەعات بوو بە نۆ، تەمو مژ چڕتر بووەوە و، هەموو پانتاییەکەی تەنی بوو. ئەوبەریش ئاوایی (سلایاینتز) بوو و، لە بەرزاییەکەیشیدا ناپلیۆن و مارشاڵەکانی دەوروبەری بەرەی شەڕەکەیان خستبووە ژێر چاودێرییەوە.

ئاسمانی سایەقەی شین و، گۆی خۆری سوور، تیشکی بە سەر ئەو دەریا سپییە پەخشان کردبوو. ئەوە هەموو ژەنەراڵ و، هەموو سوپاکەی ناپلیۆن نەبوو، کە لە قوڵایی زۆنگاوەکانی (سۆکۆلبنتز) و (شلابایتز) و، ئەوبەری چۆمەکەوە بوون. ئەم شوێنەی

سوپای ناپلیۆن تێیدا، ئامادەباشیی هێرشبردنە سەر سوپای رووسی کردبوو، هێندە لە رووسەکانەوە نزیک بوو، کە هەر بەسەیر کردنی ئاسایی، ناپلیۆن دەیتوانی سەربازان و، ئەفسەرانی سواڕە و پیادە، لە یەکتر جیا بکاتەوە.

ناپلیۆن بە سواری ئەسپێکی مارۆنیی تۆخی عەرەبییەوە بوو و، کەمێک پێش سەربازەکانی کەوتبوو. پاڵتۆیەکی شینیشی لە بەردابوو، کە هەر بەو پاڵتۆیەشەوە، کاتی خۆی هێرشی کردبووە سەر (ئیتالیا).

سەرنجی ئەو بەرزاییانەی دەدا کە دوور بە دوور، یەکەکانی رووسی تێدا دەجوڵا و، وا دەردەکەوتن کە لە قوواڵیی تەم و مژەکەوە، هەڵقوواڵبن. لە دۆڵەکەیشەوە قرمەی دەستڕێژ پەیدابوو و، ماسولکەیەکی روخساری ئەمی نەبزواند و، روانینی لە سەر ناوچەیەک چڕ کردبووەوە و، گریمانەکەی راست دەرچوو و، ئەوەی چاوەڕوانی بوو، رووبدا.

بەشێک لە یەکەکانی سوپای رووس، بەرەو دۆڵەکە و رووە و زۆنگاوەکان شۆڕبوونەوە. بەشەکەی تریشی، سەرقاڵی چۆڵکردنی (براتزن) بوون. چاوی وا بڕی بووە ئەو بەرزاییانە و، پێی وابوو، کلیلی هەموو جوڵە سەربازییەکانێتی. بە رووڕی یەکە رووسیەکان و، بریسکەی حەربەکانیان، لە تەمو مژەکەدا دەبینرا. زانیارییەکانی دوێنێ ئێوارە و، ئەو هەراو هوریایەی، پاسەوانانی شەو و، ئەو زرم و هوڕو، دەنگی رەوڕەوەی گالیسکانە، وای پیشان دەدا، کە دوور بن لێیانەوە. ئەوەیشی دەسەلماند کە ئەو فەیلەقەی لە نزیکی (براتزن)ەوە بزوابوو، ناوەڕاستی سوپای رووس بوو. بۆیشی روون بووەوە کە ئەو ناوەڕاستە، زۆر لاوازە. لەگەڵ ئەوەیشدا هەر فەرمانی نەدا کە هێرش ببەن. ئەم رۆژەی بەلاوە پیرۆز بوو. بە رۆژی بوونە ئیمپراتۆری فەڕەنسای خۆیی دادەنا. چەند سەعاتێکی بۆ نوستنی خۆی رەخساند و، کە هەستایەوە، هەستی بە گورج و گۆڵیی خۆی کرد. هەموو شتەکان بە لایەوە، بریسکەدار بوو. پۆناپارت سواری ئەسپەکەی بوو و، بەرەو بەرەی شەڕەکە بووەوە. چاوانیشی بڕی بووە ئەو بەرزاییانەی، کە سوپای رووسی پێوە بوو. بە ئاسانی لە نێو تەمەکەدا، سەربازەکانی دەبینی. بەختیاری و ئاسوودەیی بە روخسارییەوە دیاربوو. هەر وەکوو بەختیاریی ئەو عاشقەی کە دەزگیرانەکەی بۆی دەتریقێتەوە. ریزێک مارشاڵیشی بە دواوە بوو و، کەسیان نەیان دەوێرا ئەو هێمنی و، ئاسوودەییەی لێ تێک بدەن. ئەویش دەمێک سەرنجی بەرزاییەکانی (براتزن)ی دەدا و، دەمێکیش ون بوون و، دەرکەوتنەوەی خۆرە بێتینەکەی نێو تەم و مژەکەی دەدا.

تەمەکە رەوییەوە و، خۆر تیشکی خۆی، پەخشانی سەر زەوی کرد. ناپلیۆنیش وەکوو ئەوەی چاوەڕێی ئەو چرکەساتە بووبێت، دەستکێشەکەی لە دەستە ناسکەکەی داکەند و، فەرمانی بە ژەنەراڵەکانی دەوروبەری خۆیدا کە هێرش ببەن.

ئەوانیش لای خۆیانەوە، ئەفسەرەکانیان بە نیو سوپادا بڵاو کردەوە. دوای چەند خولەکێک، پەلاماری بەرزاییەکانی (براتزن)یان دا. ئەو بەرزاییانەی کە سوپای رووس، خەریکی چۆڵکردنی بوون و، بەرەو دۆڵەکە ببوونەوە.

بەشی پازدە
دوو ئیمپراتۆرەکە

سەعات هەشت، کۆتۆزۆف سواری ئەسپەکەی بوو و، بەرەو پراتزن چوو. هەر کە گەیشتە فەیلەقی چوار. ئەوەی لە ژێر سەرکردایەتیی میلۆرادۆڤیتش دابوو و، شوێنی هەردوو فەیلەقەکەی برزیبیزۆسکی و لانگیرۆنی گرتبووەوە و، لە ڕێی بەرەو پێگەی ئەواندا پێیان گەیشتبوو و، سڵاوی سەربازییان لە یەک کردبوو. خۆی فەرمانی ڕۆیشتنی بۆ دەرکردن، کە ئەمە بۆ خۆی نیشانەی ئەوە بوو، کە لە ژێر فەرمانی خۆیدان. کە گەیشتیشە پراتزن، وەستا.

میر ئاندریەیش ئەودەم ئەفسەری یاریدەدەر بوو. ئەمیش دەستەمۆی ئەو ئارەزووەی خۆی ببوو. وێڵی وەڵامی ئەوە بوو، کە ئاخۆ ئەو زیندەخەونەی چۆن ڕوو دەدات؟ بەڵام گومانی نەبوو، لە ڕوودانی. پیلانەکەی خۆی بیر چوو بووەوە. ئەو پیلانەی کە جێبەجێ کردنی مەحاڵ بوو و، پیلانەکەی ڤیرۆزەری جێبەجێ دەکرد. ئەو ڤیرۆزەرەی کە لە خەڵکی زیاتر، شارەزای ناوچەکە بوو. لەو ساتەیشدا میر ئاندریە بیری لەوە دەکردەوە، کام هەنگاوی پیلانەکەی خۆی، تێکەڵ بە پیلانەکەی ڤیرۆزەر بکات و، سەرکەوتن مسۆگەرتر بکات؟

ویزەی گوللەکان دڕی بە تەم و مژەکە دەدا و، میر ئاندریە لە دڵی خۆیدا وتی:

ـــ قورسایی شەڕەکە دەکەوێتە ئەوێ. منیش خۆم دەکەمە پێشەنگی سوپایەک و، ئالآیەک بە دەستەوە دەگرم و، پێشڕەوی دەکەم. هەموو بەربەستەکانیش تێک دەشکێنم.

کە دەیشی بینی ئالآکان بە سەر یەکەکانی سوپاکەیەوە دەشەکایەوە، دڵی دەکرایەوە.

لە کاتێکدا کە خەریکی ژماردنی ئالآکان بوو، لە دڵی خۆیدا وتی:

ـــ رەنگە بمنێرن و، ئالآیەک بدەنە دەستم و، بۆم بلوێت سەرکردایەتیی یەکە سەربازییەکان بکەم.

تەمو مژەکەی ئەو شەوە، زوقمێکی تەنکی لێ بەجێما و، دواتر لە ژێر تیشکی خۆرەکەدا، بوو بە شەونم. بەڵام لە دۆڵەکەدا، دەریا سپییەکە هەر وەکوو خۆی بوو. پەرینەوە و بینینی ئەوبەری زۆر سەخت بوو. هەر بۆیەش سوپای رووس، شوێن و ژمارەی سوپای دوژمنەکەی خۆی نەدەزانی. بەڵام لە بەرزاییەکاندا ئاسمان سایەقە و بێ گرێ بوو. بە لای راستیشدا گۆی خۆر دەبینرا و، لەوبەر جۆگەکەیشەوە، تەم و مژێکی لەبار بوو، بۆ ون کردنی سوپای دوژمن. دەرکەوتنی دوور بە دووری تارماییەکانیش، هەر ئەمەیان دەسەلماند. لای راستیشەوە، هەر جێرە و تەق و هوڕی پێچکەی گالیسکەکان و، خرمەی پێی ئەسپ و بریسکەی حەربەی سەربازان بوو. ئەمانە دەریاندەخست کە لە قوڵایی تەم و مژەکەدا، رەوی پاسەوانانە و، چەندین سریەی سەربازە و، کەوتوونەتە کەناری ئاوایيەکەوە.

پێشبەند و پاشبەندی سوپاکەیش، سەربازانی هێزی پیادە بوون، دەجوڵان. کۆزۆتۆف لە دەمی ئەو رێیەدا وەستا بوو، کە لە ئاوایيەکەوە دەردەچوو. ماندوو و شەکەت، چاودێریی سەربازەکانی دەکرد.

کە وەستاندنی هێزی پیادەی بینی، هاواری لە ژەنەرالی سەرکردەیان کرد:

ـ بۆ خاتری خوا. . ئەوە چاوەڕێی چی دەکەیت؟ بۆ فەرمان بە لەشکرەکەت نادەیت، کە بە دەوری ئاوایيەکەدا بخولێتەوە؟ دەی گەورەی ئازیز. . یا باشتر بڵێم:خاوەن شکۆ! ئەوە کاتی پەلاماردانیشیان بۆ سەر دوژمن، هەر بە شێوەی ئێستایان بە رێگاکەدا پان دەبنەوە؟

ژەنەرالەکە لە وەڵامیدا وتی:

ـ گەر بەڕێزتان لێم ببوورن، بیرم لەوە دەکردەوە، کە لەوبەری ئاوایيەکەوە رێکیان بخەمەوە.

کۆتۆزۆف بە تووڕەییەوە و بە دەنگێکی گڕ وتی:

ـ بە راستتە؟ بۆ بە نیازیت بەرایی لەشکرەکەت، بخەیتە بەر دەستی دوژمنەکەت؟ بە خوا جوانە !

ژەنەرالەکەیش وتی:

ـ ئاخر خاوەن شکۆ. . هێشتا سوپای دوژمن لێمانەوە دوورە! پیلانەکە. . .

کۆتۆزۆف نکوولّی لەوە کرد و بە تووڕەییەوە وتی:

ـ پیلانەکە! ئەوە کێ ئەمەی بە تۆ وتووە؟ فەرموو. . لە فەرمانەکان دەرمەچۆ.

ئەویش وتی:

ـ فەرمایشتە.

نیسڤیتسکی چرپاندی بە گوێی میر ئاندریەدا:

ـ میرە پیرە، بازی دەروونیی نالەبارە !

لەو کاتەدا ئەفسەرێکی نەمسایی بەرگ سپی، کە پەڕی شەپقەکەی سەری سەوز بوو، لە کۆتۆزۆف نزیک بووەوە و، تێی گەیاند کە ئیمپراتۆر پرسیاری ئەوەی کردووە، کە ئاخۆ فەیلەقی چوار، بەشداری شەڕەکەی کردووە؟

کۆتۆزۆڤیش لای کردەوە و وەڵامی نەدایەوە. ڕێکەوت و چاوی بە میر ئاندریە کەوت، هێور بووەوە. چونکە بۆی دەرکەوت کە ئەفسەرە یاریدەدەرەکەی خۆی، لەو هەڵەیە بێئاگایە.

بە ئەنقەست ئەفسەرە نەمساویەکەی پشتگوێ خست و، بە میر ئاندریەی وت:

ـ ئازیزەکەم. . بڕۆ بۆ لای فەیلەقی سێ و بزانە ئاواییەکەیان تێپەڕاندووە؟ پێیان رابگەیەنە کە بوەستن. نەجوڵێن تا فەرمانیان بۆ دەردەکەم.

ئەویش پشتی پێی هەڵکرد.

نەمساویەکەی پشتگوێ خستەوە و، بانگی ئەوی کردەوە و پێی وت:

ـ بپرسە و بزانە:(نیشان شکێتانیان)یان لە سەنگەرا دامەزراندووە؟ سەرنجیان بدەو بزانە چی دەکەن؟

ئاندریە بە پەلە بۆی دەرچوو. بە لای لیواکانی پیادەدا تێپەڕی و، گەیشتە فەیلەقی سێ و، وەستاندنی و، بە دڕێژیی ئەو بەرەیەی ئەوان، نیشان شکێتان دانەمەزرابوون و، پاسەوانیی ڕەوی سەربازیی، فەیلەقەکانیشیان نەکردبوو.

کۆلۆنێل کە ئەو فەرمانەی، لە میر ئاندریەوە وەرگرت، زۆری پێ سەیر بوو! چونکە پێی وابوو، کە چەند یەکەیەکی تر، پێشی کەوتوون و، دوو سێ قۆناغیان ماوە بۆ بەرەنگار بوونەوەی سوپای دوژمن. ڕاستیشی دەکرد. چونکە دەشتە چۆڵەکەی بەردەمیان، لە دوژمنی جیا کردبوونەوە.

دوای ئەوەی میر ئاندریە، فەرمانەکەی سەرۆکی باڵای پێ ڕاگەیاند و، ئاموژگاریی کرد، کە هیچ هەڵەیەکی سەربازی نەکات، گەڕایەوە.

کۆتۆزۆڤی بە سواری ئەسپەکەی و، هەر لە شوێنی خۆیدا بینیەوە. پێڵوی چاوانی کەمێک نیشتبوو و، هەر خەوەنووچکەی بوو. یەکە سەربازیەکانیش هەر لە شوێنی خۆیان بوون.

کۆتۆزۆف سەرنجی ژەنەرالەکەی دا، کە خەریکی سەعاتەکەی بوو، پێی وت:

ـ زۆر باشە! زۆر باشە! کاتمان بە دەستەوە ماوە، خاوەن شکۆ.

کۆتۆزۆفیش کەوتەوە باوێشکدان. بە گوێرەی پیلانەکە، سەربازان گەیشتنە نێو دۆڵەکە و گوێیان لە هوتافکێشان بوو و، تا نزیکتر دەبوونەوە، دەنگەکە زیادی دەکرد و، دەریدەخست بەرەو لای ئەمان دێن.

هەڵوێستەیەکی کردو، سەیرێکی پرسایانەی کرد و، کۆمەڵێک لە سوارەکانی بینی لە پراتزنەوە بەرەو رووی دەهاتن. کە سەرنجی دان، بەرگەکانیان لە یەک نەدەچوون. یەکێکیان بەرگی رەش و پەڕێکی سپی بە کڵاوەکەیەوە بوو و، ئەسپێکی ئینگلیزی لە ژێردا بوو. ئەوی تریان، بەرگی سپی و، ئەسپێکی بەڵەکی لە ژێردا بوو. کە گەیشتنە پێشەوە، دوو ئیمپراتۆرەکە بوون. کۆتۆزۆف وەکوو سەربازێکی پیری، پێ لە ملی یاسا سەربازیەکانی لێهاتبوو.

قیژاندی بەسەر سەربازەکانیدا:

ـ وریا. . . بن. . .

هەر زوو کەوتە ژێر رکێفی ئیمپراتۆرەوە و، خۆی لێ نزیک کردەوە و، سڵاوی لێکرد. هەرچەند پێشوازییەکەی ئیمپراتۆریشی بە دڵا نەبوو، بەڵام روو گرژییەکەی ڕەوییەوە و، وەکوو تەمێکی تەنکی، بەر تیشکی خۆری لێهات، بە سەر ڕوخساریەوە.

ئیمپراتۆر لەڕتر لە جارانی دەبینرا. دوور نەبوو، بە هۆی ئەو نەخۆشییەی دواییەوە بوو بێت. میر ئاندریە لە رۆژی ئاهەنگی خۆپیشاندانەکەی ئۆڵمۆتزدا، ئەوی بەو لاوازییە نەبینی بوو. هەرچەند کەمێک ماندووی سەفەرەکەی بە سەر ئەسپەکەوە پێوە دیاربوو، بەڵام هەیبەت و، نگینی بە چاوە جوانەکانییەوە، هەر مابوو. هەڕەتی لاویی بە سەر هەموو سیفەتەکانی تریدا زاڵا بوو. دەوروبەری ئیمپراتۆر، پاسەوانانێکی هەرزەکار بوون و، کزارتۆریسکی و نۆڤۆ سیلتسۆف و میر ڤۆلکۆنسکی و سترۆگانۆف، لە نێوان ئەواندا بوون. ئەو هەرزەکارانە، بەرگی شایستەیان پۆشی بوو و، ئەسپی نایابیان لە ژێردا بوو. دوور لە ئیمپراتۆر و، لە ئامادە باشیدا وەستابوون. ئیمپراتۆریش نزیک بە فڕانسوای ئیمپراتۆری نەمسا بوو. هەرزەکارێکی دەموچاو درێژکۆلە، بە سواری ئەسپێکی بەڵەکەوە بوو. یەکێک لە یاریدەدەرانی خۆی بانگ کرد و، پرسیارێکی لێکرد.

میر ئاندریەیش لە دڵی خۆیدا وتی:

ـ رەنگە پرسیاری کاتی چوونە دەرەوەی، لەم کۆشکە لێ بکات.

خۆی بۆ نەگیرا و، یەکەم روو بە ڕوو بوونەوەی لەگەڵ ئەو ئیمپراتۆرەدا بیر کەوتەوە. پاسەوانانی هەردوو ئیمپراتۆرەکە، لە باشترینی سوپاکە بوون و، لە نێو سەربازانی ڕووسیا و نەمسادا، هەڵبژێردرا بوون. تەنانەت ئەسپەکانی ژێریشیان لە باشترینی

ئەسپەکانی تەویلەی دوو ئیمپراتۆرەکە بوو. بوونی ئەو پاسەوانانە، لە نێو سوپادا، وەکوو چوونە ژوورەوەی شنەبای فێنک بوو، لە پەنجەرە ماندووەکانی سوپاوە.

ئەلکسەندەری ئیمپراتۆر لە کۆتۆزۆڤی پرسی:

ـ ها میخائیل لاریۆنۆڤیتش. . یاسا دەرناکەیت بۆیان؟

کۆتۆزۆڤیش سڵاوێکی سەربازیی بۆ کرد و، وتی:

ـ چاوەڕێ دەکەم، خاوەن شکۆ.

ئەلکسەندەر بڕۆکانی هێنایەوە یەک و، خۆیدا بە سەر قەڵپوزی ئەسپەکەیدا وەکوو ئەوەی هەر وەڵامەکەیشی نەبیستبێت. میر ئاندریەیش سەرنجی لێوی خوارەوەی کۆتۆزۆڤی دا، نائاسایی دەلەرزی.

کۆتۆزۆف جارێکی دی وتی:

ـ خاوەن شکۆ. . هێشتا یەکەکان وریا نەبوونەتەوە و، چاوەڕوانم.

ئیمپراتۆر کە چاوەڕوانی ئەو وەڵامە نەبوو، سەیرێکی نۆڤۆسیلیتۆڤیی کرد وەکوو ئەوەی سکاڵای کۆتۆزۆڤی لا بکات.

بۆیە وتی:

ــ بەڵام میخائیل لاریۆنۆڤیتش، ئێمە لە گۆڕەپانی (تساریتسێۆ)ی راهێناندا نین، تا چاوەڕوانی پێداویستیەکانمان بین.

دیسان سەیرێکی تری فرانسوای ئیمپراتۆری نەمسای کردەوە و، تێی گەیاند کە لانیکەم، گەر قسەیش لەم بارەوە ناکات، با ئاگاداری بێت. بەڵام فرانسوا هەرگوێیشی پێ نەدا.

کۆتۆزۆف بە دەنگێکی بەرزی، وا قسەی کرد، تا ئیمپراتۆر گوێی لێ بێتو وتی:

ـ خاوەن شکۆ کە دەست پێ ناکەم، دەزانم کە لە خۆپیشاندانی سەربازیدا نیم.

ئەفسەرەکانی دەوروبەریان رووبان گرژ کرد و، ئەو وەڵامەیان پێ ناخۆش بوو.

وەکوو ئەوەی کە لە دڵی خۆیاندا بڵێن:

ـ با کۆتۆزۆف پیریش بێت، نەدەبوو بەو شێوەیە وەڵام بداتەوە.

کۆتۆزۆف وەکوو سەربازێکی پێ لە ملی فەرمان جێبەجێکار، وتی:

ـ بە هەرحاڵ. . گەر ئیوەی خاوەن شکۆ، فەرمان دەدەن. . .

پاشان قامچییەکی لە ژێر سکی ئەسپەکەی دا و، فەرمانی هێرشبردنی بۆ سیلۆرادۆڤیتش دەرکرد. سەرلەنوێ ئەو پارچە بەرینەی مرۆڤ کەوتەوە جووڵە.

دوو لیوا لە فەیلەقی نۆڤۆگۆرود بە بەردەمی ئیمپراتۆردا تێپەڕین. بە دوایاندا لیوایەکی فەیلەقی ئەبشەرون.

لە کاتێکدا کە بە بەر ئیمپراتۆردا تێدەپەڕین، میلۆرادۆڤیتش، بە رووخسارە

سوورباوەکەیەوە و، بە سواری ئەسپەکەیەوە و، بە بێ پاڵتۆ، سەرسنگی بە مەدالیای دەستخۆشییانە رازابووەوە و، پەڕێکی گەورەی جوانیش بە سەر کڵاوەکەیەوە بوو. بە غار هات و، لە بەردەم ئیمپراتۆردا وەستا و، سڵاوێکی سەربازیی بۆ کرد.

ئەلکسەندەریش پێی وت:

ــ خوا بتپارێزێت، ژەنەرالا.

ئەویش بە زمانێکی فەرەنسی ناجۆر، وەڵامی دایەوە:

ــ ئێمەیش درێغی ناکەین:ئەی خاوەن شکۆ !

ئەفسەرانی دەوروبەریان کە گوێیان لەو شێوازە ناجۆرەی فەرەنسیەکەی بوو، خۆیان بۆ نەگیرا و، دایانە قاقای پێکەنین.

میلۆرادۆڤیتشیش ملی ئەسپەکەی بادا و، بە غار چووە پشتی ئیمپراتۆرەوە و، وەستا. سەربازانیش بە رووبەکی خۆشەوە، بە بەردەم ئیمپراتۆردا تێپەڕین.

میلۆرادۆڤیتش، ئیمپراتۆری بیرچووەوە و، هاواری کرد:

ــ ئادەی. . ئازاکانم:خۆتان بنوێنن! خۆ ئەمە یەکەم جارتان نییە !

سەرەڕای ئەوەیش خۆیشی لەگەڵیاندا بە شداریی شەڕی سۆفۆرۆڤیشی کردبوو. ویزەی گوللە، نزیک بوونەوەی شەڕەکەی پیشان دەدا.

سەربازانیش هــاواریان کرد:

ــ درێغی ناکەین.

لە دەنگی ئەو سەدان سەربازە، ئەسپەکەی ئیمپراتۆر راچەنی. لەو لایشەوە ئەسپەکەی (فرانسوا)ی ئیمپراتۆریش، گوێیەکانی قوڵاغ کردبوو.

ئەلکسەندەر بەلای دڵسۆزێکی خۆیدا لای کردەوە و، دەستی بۆ لیوا ئازاکەی ئەبشەیرون درێژ کرد و، بە زەردەخەنەوە شتێکی بۆ گێڕایەوە.

بەشی شازدە
تۆلۆن پۆلکۆنسکی

کۆتۆزۆف و ئەفسەرانی یاوەری، کەوتنە دوای غەدارە بە دەستان و، بە پێ کەوتنە شوێن فەیلەقەکەیان. هەر (٥٠٠) مەتریکی بڕی بوو، کۆتۆزۆف لای خانوویەکی چۆڵدا وەستا، کە پێدەچوو، کاتی خۆی، خان بووبێت.

خانەکەیش کەوتبووە سەر دووڕێیانێک و، سەربازانی پیادەی پێدا دەهاتنە خوار. تەم و مژەکە، کەم ببووەوە و، سەربازانی دوژمن بە سەر گردەکەی بەرامبەریانەوە، دەبینران. بە ئاسانی دەنگی تەقەیش لای چەپەوە دەبیسترا.

کۆتۆزۆف چەند قسەیەکی لەگەڵ ئیمپراتۆری نەمساوی کرد. هەرچەند میر ئاندریە، کەمیک دواکەوتبوو، بەڵام بە وردی سەرنجی دەدان و، داوای دووربینی لە ئەفسەرێکی هاوڕێی کرد.

دوای کەمێک هاواری کرد:

ـ سەیر بکەن! سەیر بکەن !

دەستی بۆ زۆر دوور دریژ نەکرد. بەڵکوو بۆ لاپاڵی گردەکەو وتی:

ـ ئەوەتـان! ئەوە فەڕەنسییەکانن !

دوو ئەفسەریش کردیانە دەنگە دەنگ، لە سەر دووربینەکە. رەنگو رووی ئەفسەرانیش تێکچوو بوو و، ترس دایگرت بوون، بەوەی لە ناکاو، ئەو دوژمنەیان لەبەردەمدا قوت بووەوە. چونکە پێیان وابوو هێشتا لێوەی دوورن.

له غەڵبە غەڵبەکەیاندا ئەمانە دەبیسترا:

ـ دوژمنە و خۆیەتی!

ـ مەحاڵە!

ـ بەڵام راستە!

ـ سەیر بکەن. . . خۆیەتی!

ـ ئەمە مانای چی؟

میر ئاندریە بە چاوی خۆی، یەک فەیلەق سەربازی فەڕەنسیی بینی، کە بۆ بەرەنگار بوونەوەی لەشکری ئابشەیرون هات بوون و، هەر (٥٠٠) هەنگاوێک، دوور بوون لەو شوینەوەی کۆتوزۆڤی لێ وەستا بوو.

میر ئاندریە لە دڵی خۆیدا وتی:

ــ ئەمە ئەو کاتەیە، کە چاوەڕێمان دەکرد !

پاژنەی لە ژێر سکی ئەسپەکەیدا و، هاتە لای کۆتوزۆڤ و وتی:

ــ ئەی خاوەن شکۆ. پێویستە لیوای ئابشەیرون، بوەستێنیت. قسەکانی نقوومی دووکەڵی بارووت بوون. دەستریژەکان نزیک بوون، لێیانەوە.

لە ناکاو دەنگێکی نزیک بە کۆتوزۆڤ پەیدابوو:

ـ خەڵکینە. . لە نێویان بەرن !

لەبەر ئەوەی قسەکە، لە فەرمان پێدان دەچوو، هەر یەکە و، بە لایەکدا هەڵات. شوێنەکەیش هەر ئەو شوێنە بوو، کە (٥) خولەک پێشتر، سەربازان تێیدا، نمایشیان لە بەردەم کۆتوزۆڤدا دەکرد.

ئێستایش وا بۆتە تێک چڕانێک، مەحاڵ بوو بتوانرایە لێشاوی سەربازەکان بوەستێنرێت. کەس نەیدەتوانی بەرگری لە رامااڵینی خۆی بکات و، خۆی نەدا بە دەمیانەوە.

میر ئاندریەیش پێی خۆش نەبوو، بکەوێتە دوای لەشکرەکە و، بە سەرسامییەوە، لێی دەڕوانین !

بەڵام نیستیفسکی زۆر تووڕەبوو و، هاواری برد بۆ کۆتوزۆڤ و قیژاندی:

ـ ئەگەر نەگەڕێیتە دواوە، ئەوا دوژمن دەستبەسەرت دەکات.

بەڵام کۆتوزۆڤ، شوێنەکەی خۆی جێ نەهێشت و، وەڵامی نەدایەوە. دەستەسڕەکەی دەرهێنا و، دەمو چاوە خوێناویەکەی خۆی، پاک کردەوە.

میر ئاندریەیش دڕی بە خەڵکەکەدا و، وێستی خۆی بگەیەنێتە کۆتوزۆڤ و کە گەیشت، پرسیی:

ــ ئەوە بریندار بوویت!؟

کۆتوزۆڤ وەڵامی دایەوە کە دەمو چاوم بریندار نەبووە و، ئا ئێرەم بریندارە. کەچی بە

دەستی ئیشارەتی بۆ سەربازە هەڵاتووەکانی دەکرد و، هەر خەریکی سرپینەوەی دەم و چاویشی بوو.

کۆتۆزۆڤ هاواری کرد:

ــ بیان وەستێنن! بەڵام هەر زوو تێگەیشت، مەحاڵە فەرمانەکەی جێبەجێ ببێت. لە ئەسپەکەیەوە ژەند، تا بگاتە لای راستی رەوە بە لێشاوەکەوە. بەڵام لێشاوی کۆمەڵێکی سەربازی دی، خستیانە نێوان خۆیانەوە و، گەڕاندیانەوە دواوە.

هەڵاتنی سەربازەکان، هێندە بە لێشاو بوو، کە ئەگەر یەکێکیان هەڵنووتایە و بکەوتایە، هەستانەوەی بۆ نەبوو.

یەکێک هاواری کرد:

ــ ئەوە چاوەڕێی چی دەکەیت؟ خۆت قوتار بکە. بجوڵێ.

یەکێکی دی تەقەی دەکرد و، دوا بە دوا هەڵدەهات.

یەکێکی دی خۆی کێشا بە ئەسپەکەی کۆتۆزۆڤدا. ئەویش کە ئەفسەرانێکی کەمی بە دەورەوە بوو، زۆر بە عاجبایەتی، رزگاری بوو !

تەقەلایاندا بە دەم دەنگی گوللە توپەکانەوە، بەرەو توپخانەکەی لای چەپ بڕۆن. میر ئاندریەیش تەقەلای زۆری دا، کە بە کۆتۆزۆف بگاتەوە. بە دەم غار کردنەوە، تۆپێکی رووسیی بینی، بە ناوەندی لاپاڵی بەرزاییەکانەوە بوو و، پێگەی سەربازە فەرەنسییەکانی تۆپباران دەکرد.

دووکەڵێکی زۆر ئاسمانی تەنی بوو. فەیلەقێکیشی بینی وەستابوون! نە وەکوو سەربازانی دی هەڵدەهاتن و، نە بە هانای ئەو تۆپەیشەوە دەچوون، کە خەریکی تۆپبارانی دوژمن بوو. ژەنەرالەکەیان بەرەو کۆتۆزۆڤ غاریدا.

کۆتۆزۆفیش، تەنیا چوار ئەفسەری یاریدەدەری بە دەورەوە مابوو و، روو گرژو هەر سەیری یەکتریان دەکرد.

کۆتۆزۆڤ ماندووانە هاواری کرد:

ــ ئەو رسوایانە بووەستێنن !

بە دەستیش ئیشارەتی بۆ سەربازە هەڵاتووەکان دەکرد. ڕێژنەیەکی گوللە بەسەر سەربازە وەستاوەکاندا باری. هەر وەکوو ئەوە وابوو، دوژمنان گاڵتەیان بە فەرمانە سەربازیەکەی کۆتۆزۆڤ بێت، وابوو. چونکە رووی هێرشی سوپای فەرەنسی بۆ لاپاڵەکە و توپخانەی کۆتۆزۆڤ بوو.

هەر کە ئەو فەیلەقە وەستاوەیان بینی بوو، رووی تفەنگەکانیان تێ کردبوون. ژەنەرالەکە دەستی بە رانیەوە گرت و، چەندین سەرباز کەوتن. سەربازی ئاڵا بە دەستیان، بە ئاڵاکەوە لوول بوو و، کەوتە سەر تفەنگی سەربازێکی کۆژراو.

بێ ئەوەی فەرمانی تەقە کردن بدرێت، چەندین فیشەک تەقین.
کۆتۆزۆڤ نالاندی:
ـ ئـــۆو! ئۆو !
بێهێزییەکەی، پیرییەکەیی سەلماند.
چاوانی گێڕا و بە میر ئاندریەی وت:
ـ کورەی پۆلکۆنسکی:ئەمە چی بوو؟
بە دەستیش ئیشارەتی بۆ فەیلەقە هەڵوەشاوەکەی خۆیان و، هاتنی سوپای فەڕەنسی کرد. کۆتۆزۆڤ لە قسەکانی نەبیووەوە، میر ئاندریە خۆی هەڵدایە خوارەوە و، پەلاماری ئالاکەی داو هاواری کرد:
ـ هەرزەکاران. . بۆ پێشەوە !
لە کاتێکدا کە توند داری ئالاکەی گرتبوو، لە دڵی خۆیدا وتی:
ـ ئەمە کاتێکی هەستیارە و، جیاکەرەوەکەیە بۆ خۆی !
زۆر بە خۆشییەوە گوێی لە ویزەی گوللە بوو، بە دەوروبەریدا تێدەپەڕی.
ئەم جارەیان هاواری کرد:
ـــ هـــۆرا!
هەر چەند ئالاکە بە شەکاوەیی قورستربوو بە دەستییەوە، بەڵام لێی روون بوو کە سەربازانی فەیلەقەکە، هەموویان شوێنی دەکەون.
هەر وایشبوو و، دوای چەند هەنگاوێک، سەربازێک شوێنی کەوت. بوو بە دوو سەرباز و سیان و، هەموو فەیلەقەکە شوێنی کەوتن و، بەرەو دۆڵەکە بوونەوە. سەربازان کەوتنە هوتاف کێشان و، بەرەو شەڕەکە بوونەوە. ئالاکە دەشەکایەوەو ئەفسەرێک وێستی ئالاکەی لێ وەربگرێت، بەڵام هەر زوو پێکرا و مرد. ئالاکەیش دەشەکایەوە و، ئاندریەیش بەرەو پێشەوە رایدەکرد. هەندێ لە تۆپەکانی بینی کە سەربازە هەڵاتووەکان جێیان هێشت بوو. بەڵام کەمێکیشیان لەسەر تۆپبارانکردن سەرومڕ بوون.

سەربازە فەڕەنسییەکانیش لوولەی تۆپە جێماوەکانیان وەردەگێڕا بەرەو دواوەو سوپای رووسیان پێ تۆپباران دەکرد.
هەر (٢٠) هەنگاوێکی مابوو، بگاتە سەنگەری تۆپەکە و، ویزەی گوللەیش بە دەوروبەریدا دەهات. جاروباریش لەملاولایەوە هاوار بەرز دەبووەوە و، هاوڕێکانی دەپێکران و دەکەوتن. بەڵام ئەم گوێی بە هیچ نەدەدا و، بیری هەر بەلای تۆپەکەوە بوو. رووانیی تۆپچییەکی سوورفل، کڵاوێکی لاری لە سەردابوو. دەستەو یەخە بوو لەگەڵ سەربازێکی دوژمندا. ئەمەندە تووڕە بوون، کە ئاگایان لە دەوروبەریان نەمابوو.
میر ئاندریە پرسیی:

ـ ئەو دووانە چی دەکەن؟ ئەرێ ئەوە سوورفلەکەیان کە چەکی پێ نییە، بۆ هەڵنایەت؟ یان سەربازە فەڕەنسییەکە بۆچی حەربەیەک ناکات بە سەرسنگیدا و، نایکوژێت؟هەر فەڕەنسییەکە حەربەکەی خۆیی بیر بکەوێتەوە، سەربازەکەی ئێمە فریای راکردن ناکەوێت !

لە ناکاو سەربازێکی فەڕەنسی تر پەیدابوو و، حەربەیەک بەسەر لولەی تفەنگەکەیەوە بوو و، لە هەردوکیان نزیک بووەوە. سوورفلە رووسییەکەیش لە کێشمەکێشی ئەوەدا بوو، کە لولەی تۆپەکەی لە ژێر دەستی فەڕەنسییەکە دەربێنێت و، بێئاگابوو لە دەوروبەری خۆی.

میر ئاندریە کۆتایی ئەو بگرەو بەردەیەی نەبینی. چونکە هەستی کرد یەکێک بە هەموو توانای خۆی داربکی بەسەریدا دا. پیاکێشانە کوتوپڕەکە، بەڵام بە هێندەی ئەوە ناخۆش نەبوو، کە نەیتوانی ئەنجامی شەڕەکەی سەربازە رووسی و فەڕەنسییەکە بزانێت !

لەدڵی خۆیدا وتی:

ـ ئەمە چی بوو؟ لاقەکانم رووزەردم دەکەن و، خەریکە بکەوم.

لەسەر پشت کەوت و، ئەسپەکەیشی لێی دوورکەوتەوە. چاوی کردەوە و بە هیوای ئەوەبوو، ئەنجامی شەڕی سەربازە رووسییە تۆپچییەکەو، فەڕەنسییەکە بزانێت. خولیای ئەوەی بوو، کە ئاخۆ سەربازە رووسییەکە کوژراوە و، دەستگیراوە بەسەر تۆپەکەیدا؟ دواتر یەکەی تۆپخانەکەیان لە دەست دەرهێنراوە؟

بەڵام لە ئاسمانی شین بەولاوە، کە چەند پەڵە هەورێکی بەرزی پێوەبوو، هیچی تری نەبینی.

لە دڵی خۆیدا وتی:

ـ ئای لە خۆشیی ئەم کپییە! لە مەزنیی ئاشتی! ئای لەو جیاوازییە بەرینەی نێوان هوتافکێشانی ئێمە بۆ شەڕ و، رکو کینەی سەربازە رووسییە تۆپچییەکە و، فەڕەنسییەکە! کە هەردوکیان تێڵای فڵچە پاککەرەوەکەی لولەی تۆپەکەیان رادەکێشا! توندو تیژی و، بگرەو بەردەی ئەوان و رەوی لە سەرخۆ و ئارامی، ئەو پەڵە هەورە بەرزانەی ئاسمانی شین و، کپیی پۆشەری گۆی زەوی! ئاخۆ بۆچی منیش، پێش ئێستا، بیرم لەمانە نەکردبووەوە. ئای چەندە بەختیارم کە ئەم راستییەم بۆ دەرکەوت! بەڵێ بەڵێ ئەم ئاسمانە بەرینە و، ئەم ئاسوودەییە نەبێت، ئیدی شتەکانی تر درۆیینەن! رەنگە ئەمەیش پریشکێکی رووناکی و، پرتەوێک بێت و، هەر زوو بپووکێتەوە. رەنگیشە هەر لە بنەڕەتدا، هیچ شتێک بوونی نەبێت:بێ لە گەردوون و، ئارامی و ئاسوودەیی! سوپاسو ستایش هەر بۆ خوای مەزنە.

بەشی حەڤدە
ئەرکەکەی رۆستۆڤ

سەعات (٩) بوو و، دۆلگۆرۆکۆڤ پەلەی بەشداری کردنی ئەم باڵەی شەڕەکەی بوو، بەڵام هێشتا ئەوان نەجەنگی بوون. پاگراسیۆنیش پێی خۆش نەبوو، کە باڵی راست بەشداری بکات و، تەنیا بەرپرسیارێتیی لە کۆڵا خۆی دەکردەوە. بۆیە یەکێکی نارد بۆ سەرۆکایەتیی باڵا، تا فەرمانی بۆ بێنێت.

نێوان دوو باڵەکەی سوپا، سێ میلێک دەبوو. دەیشیزانی کە رەنگە تەتەرەکەی لە رێگا بکوژرێت. یان تا باڵەکەی دەگەیەنێتە لای سەرۆکی باڵا، ئێوارە دادێ. بە بێزاریەوە، چاوێکی بە سەربازانیدا گێڕا و، رووخسارە منالانە گەشەکەی رۆستۆڤ سەرنجی راکێشا و، ئەوی هەڵبژارد تا ئەرکێکی پێ بسپێرێت.

رۆستۆڤیش هێشتا دوو پەنجەی سڵاوی بە کەناری خوودەکەیەوە بوو، پرسیی:

ـ ئەی ئەگەر پێش گەیشتنم بە سەرۆکی باڵا. . . . ئیمپراتۆرم بینی؟

دۆلگۆرۆکۆڤ مۆڵەتی پاگراسیۆنی نەدا و وەڵامی دایەوە:

ـ ئەو کاتە فەرمانی سەربازی، لە خاوەن شکۆ خۆیەوە وەربگرە.

رۆستۆڤ ماندوویەتی سەرە ئەرکی دوێنێی دەرچوو بوو و، ئاسوودە و تامەزرۆی دوارۆژی خۆی بوو. بۆیە ئەرکە سەربازییەکانی بەلاوە ئاسان بوو. شەڕە دەست پێ دەکات و ئەمیش بەشدارە.

ئەوەتا سەر بە ژەنەرالێکە، لە هەرە ئازاکانی سوپا. لە هەموویشی گرنگتر ئەرکێکی پێسپێررراوە، بۆ لای کۆتۆزۆڤ. رەنگە ئیمپراتۆریش ببینێت. لەشێکی چالاک و، دەروونێکی لە بارو، ئەسپێکی چاک و، بەیانییەکی خۆشیشی هەبوو.

ئاوزەنگی لێدا و، بە غار دای بە کەناری سوپا وەستاوەکەدا و، گەیشتە لەشکری سوارەی (ئۆڤارۆف)، کە ئەوانیش ئامادەی بەشەڕهاتن کرابوون. لەوانیش دوور کەوتەوە و، گوێی لە غەڵبە غەڵب بوو و تێی نەگەیشت.

دواتر بۆی دەرکەوت ئەوە دەنگی تۆپباران و، دەستڕێژی گوللە بووە. تا غاریشی بکردایە، دەنگەکە نزیکتر دەبووەوە. ئاسمان کپ و دەنگە دەنگێکی دوور بە دوور دەبیسترا.

وا ئێستا دنیا شڵەقا. لە لاپاڵەکانی پراتزنەوە وەکوو هەورە بروسکە، گرمە دەهات. بەڵام چۆن ناڵەیەک؟ چەخماخە و بروسکەیەکی ترسناک و، بە هۆی تۆپ و تفەنگەکانەوە بەرپا ببوو و، جیهانی کردبوو بە دۆزەخ.

بە درێژایی ئەو لاپاڵە دووکەڵ بوو، بریسکەی حەربەی سەر لولەی تفەنگەکان، زۆریی سەربازەکانی دەردەخست. هێڵە دووکەڵە باریکەکانی ئاسمانیش، شوێنی تۆپەکان و، تفەنگەکانی دیاری دەکرد.

رۆستۆف هەڵوێستەیەکی کرد و، ویستی سەرنجی رەوتی شەڕەکە بدات و نەیتوانی. چونکە تۆپەڵی سەربازان وەکوو چەند دیوارێکی جوڵاو، لە نێو دووکەڵەکەدا دەبینران. بەڵام سەربازەکان کێ بوون و، بۆ کوێ دەچوون و، چی دەکەن؟ مەحاڵ بوو وەڵامی ئەم پرسیارانە بزانرێت. بەڵام ئەو بارە نائاسییە وردەی بە رۆستۆف بەرنەدا و، وردەی بەرزتر بووەوە.

هەر کە گوێی لە تەقینەوەی گوللە تۆپێک دەبوو، هاواری دەکرد:

ــ دوبارە! بەهێزتر !

بەرەو ئەوبەری بەرەکە، ئەسپەکەی تاودا. سەربازانیش کەوتبوونە شەڕەوە.

لە خۆیی پرسی:

ــ ئەرێ چی رووێداوە لەوبەرەوە؟ خۆیشم نازانم! بەڵام لێم رووونە کە بەخێر دەگەڕێت !

فەیلەقە نەمساوییەکەی تێپەڕاند و، گەیشتە (هێزی پاسەوانان).

رووانیی سەرگەرمی جەنگن و ئەمیش لە دڵی خۆیدا وتی:

ــ زۆر چاکە! بەس نییە ئاوا لە نزیکەوە، بە چاوی خۆم شەڕەکە دەبینم. بە هێڵی پێشەوەی بەرەکەدا تێپەڕی و، بۆی دەرکەوت هەندێک لە رمبەدەستانی پاسەوانانن و، ریزەکانیان هەڵوەشابووەوە و، لەشەڕ گەڕابوونەوە. لەو کاتەدا کە بەلایاندا تێپەڕی، یەکێکیانی بینی خوێناوی بوو.

دیسان لە دڵی خۆیدا وتی:

ــ ئەمانە چییانە؟

چەند سەد هەنگاوێکی بڕی و، کۆمەڵێکی پاسەوانانی بینی، بەرگەکانیان لەگەڵ رەنگی

رەشی ئەسپەکانیان زۆر ناجۆر بوو. بە درێژیی هێڵی پێشەوەی بەرەی شەڕەکە، بڵاو ببوونەوە. چەند چەکدارێک بەرەو رووی رۆستۆف هاتن. ئەویش لەبەر گرنگیدان بە ئەرکەکەی سەرشانی، زۆر خۆی لە تێوەگلانی شەڕ دەپاراست. بۆیە جڵەوی بۆ ئەسپەکەی شل کردو، ئەسپیش وەکوو تیسکەی تفەنگ بۆی دەرچوو. سوارەکانیش دایان لە ئاوزەنگی و، شوێنی کەوتن. تا دەهات دەنگی چوارنالەی ئەسپەکان و زرم و کوتی چەکەکانیان، نزیکتر دەبیسترا. کە لای کردەوە، بە رووبی روخساری بینین. چونکە تا دەهات غارەکەیان خێراتر دەبوو.

گوێی لە ئەفسەرێکیان بوو هاواری کرد:

ـ خێراتر!

غار کردنی ئەسپەکانیان خێراتر بوو و، هەر ئەوە نەبوو، کە ژێرسکی ئەسپەکانیان لە زەوی نەدەدا. رۆستۆف ترسی ئەوەی لێ نیشت، کە بیگرنەوە. کەوتە غاردانی خێراتر. زۆر سەیر بوو بە لایەوە کە رزگاری بوو لە چنگیان.

سوارەیەکی زەبەلاحی رووخسار ئاوڵاوی زۆر، لێی نزیک بووەوە. ناچار رۆستۆف هەڵگەڕایەوە و، قامچییەکی سرەواندە سەرو گوێڵاکی ئەسپی ئەو روخسار ئاوڵاوییە. ئەسپەکەیش سڵەمییەوە و، بە دوادا هات و، گەڕایەوە. بەڵام چوارشانەکە کۆڵی نەدا و، رووی ئەسپەکەی وەرگێڕایەوە و، شوێنی کەوتەوە.

هەر چونێک بوو، رۆستۆف رزگاری بوو. دوای کەمێکی تر، گوێی لە هوتافکێشان بوو. کە لای کردەوە، سەربازانی خۆیان بوو و، لە گەرمەی شەڕدا بوون. حەزی دەکرد سەرنجی شەڕەکە بدات. بەڵام لە ناکاو، تۆپێک تەقییەوە و، بە دوایدا تۆپێکی تر. دووکەڵ ئەو ناوەی پڕکرد و، سەربازەکانی تێدا ون بوو.

رۆستۆف کەوتە دڵەڕاوکێی ئەوەی، کە ئاخۆ بەشداریی شەڕەکە بکات یان نا؟ هێرشەکە زۆر خێرا و، توند بوو. ئازا ئەو کەسە بوو، خۆی تێدا بنوێنێت. فەرەنسییەکانیش سەریان لە ئازایەتی رووسەکان سوڕمابوو. بەڵام دواتر دەرکەوت کە لەو هەموو سوارچاک و، گوڵە جوانانە، (١٨) سەرباز دەرباز بوو !

رۆستۆف وا بیری کردەوە:

ـ بۆیە خۆزگەیان پێ ناخوازم، چونکە منیش رۆڵی خۆم دەبینم. رەنگە بۆیشم رێک بکەوێت و، ئیمپراتۆریش ببینم.

رێگەی گرتە بەرو لە سوارەیەک نزیک بووەوە، کە بە پێیان دەڕۆیشت و، بۆی دەرکەوت، کە ئەمانە بە دوای یەکێک لە فیرقەکانەوە بوون و، کراونەتە ئامانجی تۆپخانەی دوژمن.

گوێی لێبوو یەکێک بانگی دەکرد:

ـ رۆستۆف. . .

ئەویش بێ ئەوەی دەنگی (بۆریس) بناسێتەوە وەڵامی دایەوە:

ـ ها. . چیبە؟
بۆریس کە شاد بوونی بە بەشداریی لەو شەڕەدا پێوە دیاربوو، وتی:
ـ ئا ئەوەتا ئێمە، لە پێشەوەی بەرەی شەڕەکەداین !
رۆستۆڤیش وەستا و هاواری کرد:
ـ بە راستتە؟ چیتر؟
بۆریسیش کە هەڵچوونی پێوە دیاربوو، وتی:
ـ شکاندمانن !
چونکە زۆر حەزی لە قسە کردن بوو، باسی ئەوەی بۆ کرد، کە فەیلەقی هێزی پاسەوانان گەیشتووەتە شوێنی دیاری کراوی خۆی. ئەو شوێنەی کە پێشتر دوژمن زەوتی کرد بوو. ئەمان وایان زانیبوو، کە ئەوانە سوپای نەمساوین. کاتێکیان زانی بوو، ئەوانە ئەمانیان تۆپباران کردبوو. پاشان بۆیان دەرکەوت بوو کە بە هەڵەدا چوون. بەڵام رۆستۆڤ چاوەڕوانی ئەنجامی ئەو سەر لێ تێک چوونەی نەکرد و، بە غار بۆی دەرچوو.
بۆریس هاواری کرد:
ـ بەرەو کوێ؟
ئەویش وەڵامی دایەوە:
ـ ئەرکێکم پێ سپێرراوە بۆ خاوەن شکۆ.
لە بۆریسیش وابوو، مەبەستی لە سەرکردایەتیی بالایە، بۆیە هاواری کرد:
ـ ئا ئەوە خۆیەتی !
دەستیشی بۆ (غەراندۆق) راکێشا کە هەر (١٠٠) هەنگاوێک لێیەوە دوور بوو و بەرگی سەربازانی لەبەر بوو و، خوودەی ئەوانیشی لە سەر بوو و، قسەی بۆ ئەفسەرێکی نەمساوی دەکرد و، رەنگی زەرد هەڵگەڕابوو.
رۆستۆڤ وەڵامی دایەوە:
ـ ئاخر خۆ ئەوە غەراندۆقە! ئەرکەکەی منیش لە نێوان سەرۆکی بالا و ئیمپراتۆردایە. ویستی دیسان غار بدات. بەڵام (بێرج) کە هەژابوو، بەرەو رووی هات و هاواری بۆ کرد.
دەستە بەستراوەکەی خۆی کە بە خوێن سوور بوو، پیشانداو وتی:
ـ کۆنت . . کۆنت! ئەها پێکراوم و، دەستی راستم بریندارە! ئێستا شمشێر بە دەستی چەپمەوە دەگرم. ئاخر بنەماڵەی فۆن بێرج، هەموو پاڵەوان بوون.
هەندێک قسەی تری کرد. بەڵام رۆستۆڤ زۆر دوورکەوت بووەوە و، هیچی نەبیست.
کەوتە نێو دەشتاییەکی چۆڵ و، بە دەم غار کردنەوە، بڕیاریدا کە جارێکی دی نەچێتە ریزەکانی پێشەوەی جەنگ. بۆیە بە درێژی بەرەکانی دواوەی شەڕەکە، غاری دەکرد و، دوورتر دەکەوتەوە. لە ناکاو سوپای دوژمنی بینی، کە پەلاماری بەرەکانی دواوەی سوپای رووسیان داوە !

لە دڵی خۆیدا وتی:

ـ ئەمە چییە؟

بڵێی دوژمن گەمارۆی دابین؟ مەحاڵە!

لە ترسی ئەنجامی شەڕەکە، گیانی کەوتە لەرزین و، بە خۆیی وت:

ـ هـەر چۆنێک بێت، نابێت خـۆم بدزمـەوە. دەبێت سـەرۆکی بـاڵا بدۆزمـەوە. ئـەرکی سەرشانمە، منیش وەکوو ئەم سەربازانە، خۆم بە کوشت بدەم.

رۆسـتۆف گەیشـتبووە سـنووری ئـاوایی یراتـزن. لەوێـدا سـەربازانی بەشـە جۆراوجۆرەکانی سوپا شڵەژاو و، بێسەروبەر هەڵات بوون. تاکوو زیاتر دەچووە قوڵایی بەرەکەوە، خەمەکەی گرانتر دەبوو.

بە دەم رێوە لە چەند سەربازێکی رووسی و نەمساویی پرسی:

ـ ئەرێ ئەم دەستڕێژانە کام سوپا دەیکات؟

ـ چی رووبداوە؟

سەربازە هەڵاتووەکانیش، بە رووسی و ئەڵمانی و چیکی وتیان:

ـ هـەر جنۆکەکان دەزانـن کـە دەسـتڕێژکەران کـێن. ئەوەندە دەزانـین کـە هیچمـان بـە دەستەوە نەماوە و، تێداچووین.

یەکێکیان هاواری کرد:

ـ مردن بۆ ئەڵمانەکان!

یەکێکی دی:

ـ یاخوا ئەو ناپاکانە بەر گوررزی شەیتان بکەون!

ئەڵمانیەکیش لەبەر خۆیەوە وتی:

ـ رووسەکان بەر گوررزی شەیتان بکەون !

هەندێک لە سەربازە بریندارەکان، بێهێزانە بە کەناری رێگاکەدا خۆیـان بـەکێش دەکرد. هاوار و ژاوەژاوی قسە کردن و، نالەی بریندار و، جنێودان، ئەو ناوەی پڕ کردبوو.

ئەوە دەنگی تەقەی تفەنگیش، هێندەی تر زیادی کرد بوو. لێرەدا بۆی دەرکەوت کە ئەو دەستڕێژانە، لە نێوان سوپای رووس و، سوپای هاوپەیمانە نەمساوییەکانی خۆیدایە !

رۆستۆف لە خۆیی پرسی:

ـ بـۆ خـاتری خـوا! ئەمـە یـانی چـی؟ جـا بـەڵکوو ئیمپراتـۆر بیـان بینێت. ئەمانـە چەنـدە رسوان؟ با لێیان دوور بکەومەوە !

هەرگیز رۆستۆف بیری بە لای بەزینی لەم شێوەیەدا نەچوو بوو! سەربازانی فەڕەنسی بـە سـەر بەرزاییـەکانی پراتزنـەوە بـوون. تۆپخانـەکانی سـوپای فەڕەنسیشـی بینـی کـە تۆپبارانی هاوڵاتیانی دەکرد.

ئەرکی سەرشانی خۆیشی دۆزینـەوەی سـەرکردەی بـاڵا بوو. بۆیـە بیـری هـەر بـە لای ئەرکەکەی خۆیەوە بوو. حەزیشی بە روو بە ڕوو بوونەوە نەبوو، لەگەڵ واقیعەکەدا.

بەشی هەژدە
شکستێکی قێزەون

دوای پرسیار کردنێکی فرە، بەدەم رێوە، وای دانا لە دەوروبەری پراتزن سەرکردەی بالا و، ئیمپراتۆر بدۆزێتەوە. بەڵام هیچیانی بۆ نەدۆزرایەوە. تەنانەت سەرکردەیەکیشی نەبینی.

ویستی لە سەربازانی هەڵاتووی بەشەکان دوور بکەوێتەوە و، ئاوزەنگیی لێدا. بەڵام تاکوو غاری زیاتری بکردایە، رەوی زۆرتری هەڵاتووانی دەبینی.

بە بەری چەپی رەوەکەدا، گالیسکەیەکی زۆری سەربازیی، لە گەورە و بچووکی بینی، کە بە سەربازانی پیرو پێکراو سیخناخ بوو. هاوار و قسەو ژاوەژاویان ئەو ناوەی پڕ کرد بوو.

رێژنەی تۆپبارانو دەستڕێژی گوللەی فەرەنسییەکان، بەسەر سەربازە بەزیوە هەڵاتووە بێ وڕەکانی رووس و نەمساویدا، سەرومڕ بوو.

رۆستۆفیش نائومێدانە، زوو زوو لێی دەپرسین:

ـ ئیمپراتۆر لە کوێیە؟

ئەی کۆتۆزۆف لە کوێیە؟

ناچار بوو، توند یەخەی سەربازێکی راتەکاند تا وەڵامی بداتەوە !

سەربازەکە لە وەڵامیدا وتی:

ـ براکەم. . یارییەکە هێندە گەرم بوو، ئەوانیش هەڵاتن.

ڕۆستۆف وایزانی ئەو سەربازە بەدمەستە. دەستی لە یەخەی ئەو بەردا و چووە لای سەربازێکی دی، کە لەوە دەچوو، بەردەستی ئەفسەری پلەدار بوو بێت و بە پرسیار کردن زۆری بۆ هێنا.

ئەویش لە وەڵامیدا وتی:

ـ ئیمپراتۆر بە سەختی پێکراوە و، ئەوە سەعاتێک دەبێت، خراوەتە گالیسکەکەیەوە و بەڕێوەیە !

ڕۆستۆف بەڕەرچی دایەوە:

ـ تۆ هەڵەیت! چەندە تۆ بریندارێت، ئەویش ئەوەندە !

کابرا بە بڕوایەکی زۆر و بە زەردەخەندەیەکەوە وتی:

ـ من تۆ ناخەڵەتێنم! ئاخر من بە چاوی خۆم، پێکرانی ئیمپراتۆرم بینی. تۆ پێتوایە من ئیمپراتۆر ناناسمەوە؟ چەندین جار ئەوم بینیوە. تەنانەت لە پێترسبۆرگیش ئەوم بینیوە. بەڵێ. ڕەنگی مردووی لێنیشتبوو. ئەو گالیسکەیەیشی کە ئەوی بار کردبوو، (٤) ئەسپی بەڵەک رایان دەکێشا. ئاخر من ئەسپ و گالیسکە و، گالیسکەوانی ئیمپراتۆر دەناسم و ناوی ئیلیا ئیڤانیتشە. پێم وابێت هەر ئەویش گالیسکەکەی لێ دەخۆڕی.

ڕۆستۆف کەوتەوە ڕێ و، لە ناکاو ئەفسەرێکی پێکراو بانگی کرد:

ــ ئەوە پرسیاری کێ دەکەیت؟ ئاخر سەرکردەی باڵا، سەرکردەی ئێمە بوو. گوللە تۆپێک دای لە سەرسنگی و لە جێدا کوشتی !

ئەفسەرێکی دی هەواڵەکەی بۆ پشتڕاست کردەوە و وتی:

ـ نا بابە نا! بریندار بوو.

ڕۆستۆف پرسیی:

ـ ئەی کامیان کوژرا؟ کۆتۆزۆف؟

ئەویش وەڵامی دایەوە:

ـ نەخێر ئەویان نا! ئەویتر. ئای شەیتان بە نەفرەت بێت! ناوەکەیم بیر چووەتەوە. دەی گرنگ نییە. پارچە پارچە بوو.

دواتر دەستی بۆ گوندی گۆستیرادیک درێژکرد و وتی:

ئا ئەو ئاواییەی ئەوبەر دەبینی!؟ خۆت بگەیەنە ئەوێ و، هەموو پلەدارەکان دەبینی.

ڕۆستۆف بە شڵەژاوی و، دڵەڕاوکێوە، ڕێگای گرتەوە بەر و لە خۆیی پرسی:

ـ بڵێی ئیمپراتۆر پێکرابێت؟

بڕوای بە قسەکانیان نەبوو. هێندە لە ئاواییەکەوە نزیک بوو، گوێی لە زەنگی کڵێسەکەی بوو.

لەبەرخۆیەوە وتی:

ـ تازە سوودی چییە، من بیان بینم؟ چی بە ئیمپراتۆر یان کۆتۆزۆف بڵێم؟

سەربازێک هاواری بۆ کرد:

ـ بەو لایەدا مەڕۆ. . ترسناکە و، دەکوژرێیت.

یەکێکی دی ئامۆژگاری کرد:

ـ ئەوە ئەو کابرایە چی دەڵێت؟ ئاخر ئەم ڕێیەی ئێستات، قەدبڕە.

دوای کەمێک سێو دوو، ڕۆستۆف ڕێیە مەترسیدارەکەی گرتە بەر.

لە دڵی خۆیدا وتی:

ـ مادام ئیمپراتۆر بریندارە و، نەمتوانیوە بیپارێزم، بشکۆژرێم گرنگ نییە.

ڕۆستۆف بەو زەویانەدا غاریدا، کە سوپاکەی گەورەترین شکستی تێدا خواردبوو. هەرچەند سوپای ڕووس ئەو زەویانەی چۆڵ کردبوو. بەڵام هێشتا سەر لە بەری ئەو زەوییانە، نەکەوتبوونە ژێر دەستی فەڕەنسییەکانەوە. هەر (١٠) هەنگاوێک دوور لەوانەوە و، بە لاپاڵی بەرزاییەکانەوە، بە سەدان کۆژراو کەوت بوون و، بریندارانیش بە ئاە و ناڵەوە خۆیان بە کێش دەکرد. هەندێکیشیان بە درۆ دەیان نااڵند.

ئەو دیمەنانە کارێکی زۆریان کردە سەر ڕۆستۆف و، دەروونی ئاڵۆز بوو. هەستی کرد تووشی خەمۆکی بووە و، لە وڕەی خۆی ترسا و، ئەسپەکەی وا تاودا، کە لەو دیمەنە خەمناکە ڕزگاری ببێت.

فەڕەنسییەکانیش کە بۆیان دەرکەوت ئەو زەویانە چۆڵ کراوە، تۆپبارانیان وەستان. بەڵام هەر کە ئەم ئەفسەرە یاریدەدەرەیان بینی، لولەی تۆپێکیان تێکردو چەند گوللە تۆپێکیان پێوەنا.

کە ئەو دیمەنە ترسناکانە و، هوشپەی ئەو گوللە تۆپانە، کارێکی زۆریان کردە سەر دەروونی ڕۆستۆف و، بەزەیی بە خۆیدا هاتەوە.

دواییین وەڵامی کە نامەکەی دایکی بوو، بیر کەوتەوە و، لە دڵی خۆیدا وتی:

ـ ئاخ دایکم ئەم هەڵوێستەی ئێستام ببینێت و، بزانێت بوومەتە ئامانج بۆ تۆپەکانی دوژمن، چی بڵێت و چی بکات؟

ئەو یەکە سەربازیانەیشی بینی، کە لە گۆستییرادیک بوون. ئەمانیش هەڵات بوون و، جیاوازیان لەگەڵ ئەوانی تردا هەر ئەوەندە بوو، ئەمان بە شێوەیەکی ڕێکخراوی سەربازی هەڵات بوون. گوللەتۆپەکان و، دەنگی دەستڕێژی تفەنگەکان، هەرچەند دەبیستران، بەڵام نەدەگەیشتنە سنووری گوندەکە.

سەربازان و پلەداران، لە سەر ئەوە کۆک بوون، کە سوپاکەیان شکستی خواردووە. کەسیش نەیتوانی شوێنی ئیمپراتۆر و کۆتۆزۆف بزانێت و، بە ڕۆستۆفی بڵێت. هەندێکیان

پێی له سەر ئەوە دادەگرت، کە ئیمپراتۆر بریندارە. هەندێکی دی ئەو هەواڵەیان، بە درۆ دەخستنەوە و، دەیانووت کە ئەو بریندارەی لە گالیسکەکەدا بینراوە، تۆلستۆی بووە. چونکە ئەو مارشاڵە پاشکۆی ئیمپراتۆر بووە و لەگەڵیدا چووەتە بەرەکانی پێشەوەی شەڕ. یەکێکی دی دەستی بۆ لای چەپی ئاواییەکە درێژ کرد. کە گوایە ئیمپراتۆری لەوێ بینیوە.

ڕۆستۆڤیش بۆ ئاسوودە کردنی خۆی، ڕووی لەو شوێنە کرد. زۆر دوور نەکەوت بووەوە کە دوو سوارەی بینی، لە نزیکی بێستانێکدا، بە دەوری چاڵێکەوەن. یەکێکیان کڵاوێکی بە سەرەوە بوو، کە پەڕێکی سپیی تێ چەقیبوو و، نامۆ نەبوو پێی. بەڵام ئەویتر کە سواری ئەسپێکی جوان بوو و، پێی وابوو بینیویەتی، بەڵام لە کوێ؟ هەرچەندی کرد بیری نەکەوتەوە.

ئەمەیان بە ئەسپەکەوە بازی دایە ئەوبەر چاڵەکە و، ڕووی کردە کڵاوپەڕی سپی بەسەرو زۆر بە ڕێزەوە بۆی دەدوا.

ڕۆستۆڤیش وای بۆچوو کە پێی بڵێت، بازدە و مەترسە.

بەڵام کڵاو پەڕە سپیدارەکە، بە ئیشارەت تێی گەیاند کە ناتوانێت.

لە ناکاو تێگەیشت کە ئەو سوارە، ئیمپراتۆر خۆیەتی. کەوتەوە خەفەتی ئەوەی کە سوپاکەی شکستی خواردووە.

لە دڵی خۆیدا وتی:

ـ بەڵام مەحاڵە! نابێت ئیمپراتۆر لەم چۆڵەوانییەدا، بەم شێوەیە دەوروبەری چۆڵ بێت.

لەو کاتەدا ئیمپراتۆر ئاوڕی دایەوە، ڕۆستۆڤ ڕووە پیرۆزەکەی ئەوی بینی و ناسییەوە. لێوە تەنکەکانی و، چاوە بە قوواڵچووەکانی، هێندەی تر جوانیان کرد بوو.

بەڵام لە هەمووی خۆشتر بە لای ڕۆستۆڤەوە، ئەوە بوو کە ئیمپراتۆر بریندار نەبوو و، ئەوەی بیستبووی درۆ بوو. هەستی کرد کە جێی خۆیەتی قسەی لەگەڵ بکات و، نامەکەی دۆلگۆرۆکۆڤی پێ بگەیەنێت. بەڵام وەکوو ئەو عاشقەی لێ هاتبوو کە چۆن بە بینینی دەستگیرانەکەی، دەشڵەژێت و گیانی دێتە لەرزین و، سەرو دەستی ون دەکات و، چاو بۆ فریادڕەسێک دەگێڕێت، وای لێهاتبوو. لە نزیک بوونەوەیشی دەترسا. بیانووی نەبینینی دەدۆزیەوە و، بە خۆیی دەوت ڕەنگە عەیب بێت.

لەبەر خۆیەوە وتی:

ـ دەی چییە؟ چۆن دەبێت منیش ئەو هەلە بقۆزمەوە، کە هەر خۆیەتی و لەم بەزینەیدا بیدوێنم و، خەفەتی بدەمێ؟ ئەوا سووریش دەزانم بە یەکەم سەرنجی ئەو، گەر زمانیشم نەبەستێت، ئەوا تەتەڵە دەکات و، رکێفی خۆمم پێ لە دەست دەدات.

ئەو قسەیەل و، ڕستانەی پیشووتر بۆ ڕوو بە ڕووبوونەوەی ئیمپراتۆری ئامادە

کردبوو، هەمووی بیر چووبووەوە. هەرچەند رستەیەلەکەی ئەو، بۆ باری شکستی سوپاکە و بەدواداهاتنی دەوڵەتیش ئامادە نەکرابوون. بەڵکوو رستەیەلێکی سەرکەوتن و بە خۆنازین بوون. ئەو داینابوو، کە بە پێکراوی و کەوتوویی، لە بەر پێی ئیمپراتۆردا بیانڵێت. ئەویش گوێی لێ بگرێت. تا پێ ی بڵێت کە هەموو دەمێک ئامادەم خۆم بخەمە پێناوت ئەی ئیمپراتۆر !

لەبەر خۆیەوە وتی:

ـ دواتر چ فەرمانێک دەربکات بۆ باڵی راستی سوپا، کە ئێستا سەعات (٤)ە و کار لە کار ترازاوە و، شەڕەکەمان دۆڕاندووە؟ نەخێر هەر پێویستیش ناکات لێی نزیک ببمەوە. پێویست ناکات لە دالّغەیشی بدەم. مردنم باشترە لەوەی خراپ تێم بگات، یان سەرنجێکی قێزەونانەم بدات.

دوور کەوتەوە و جاروباڕێک لای دەکردەوە، بەلای ئیمپراتۆرە خۆشەویستەکەیدا. کاتێک ئەم بە دڵێکی خەمبارەوە، لێی دوور دەکەوتەوە، (ڤۆن تۆل)ی سەرکردە، لە ئیمپراتۆری سەرکردە نزیک بووەوە و، ئامادەباشیی خۆی بۆ گوێڕایەڵی ئیمپراتۆر دەردەخست.

یارمەتیشی دا و، بە پیادەیی پەڕاندییەوە ئەوبەری خەندەقەکە. ئیمپراتۆر لاواز و ماندوو بوو. ڕۆستۆڤ لە دوورەوە بینیی کە چۆن (ڤۆن تۆل) ڕاشکاوانە قسەی بۆ دەکرد و، ئەویش دەستی تەوقە کردنی بۆ درێژکرد و، بە دەستەکەی تری دەمو چاوی شاردەوە.

ڕۆستۆڤ بە خۆیی وت:

ـ دەبوو منیش، وەکوو ئەو سەرۆکەم لەگەڵ بکردایە.

گرژ بوون، سەرتاپای داگیر کردبوو. کەوتەوە ڕێ بێ ئەوەی، خۆیشی بزانێت بۆ کوێ دەچێت؟ تا زیاتر بیری لەو هەڵوێستە بکردایەتەوە، زیاتر لاوازیی خۆیی بۆ دەردەکەوت.

کە ئا ئاوا ئەو هەلە زێڕینەی بینینی ئیمپراتۆر و، یارمەتیدانی، لە دەستدا و خەمێکی زۆری لاوازیی خۆیی خوارد. چونکە دەیتوانی خۆی لە ئیمپراتۆر نزیک بکردایەتەوە و، دەبوو هەر وایشی بکردایە. ئەوە هەلێک بوو کە دەیتوانی وەفاو دڵسۆزی خۆی تێدا بۆ ئیمپراتۆر دەربخات. جارێکی تریش بۆی ڕێک ناکەوێتەوە.

بە خۆیی وت:

ـ چیم کرد بە خۆم؟

ڕووی ئەسپەکەی وەرگێڕا و، بە غار بەرەو شۆێنەکەی ئیمپراتۆر. بەڵام کە گەیشت کەس بە دەوروبەری خەندەقەکەوە نەمابوو. ڕێگاکەیش بە گالیسکە سەربازییەکان پڕ بوو. کە گەیشت بووە کەناری ئاوابیەکە، یەکێک لە سەربازان پێی وتبوو کە کۆتۆزۆف و ئەرکانی حەرب لە دێیەکەدان.

ئــەمیش شــوێن کــاروانی خــەڵک و گالیســکەکان کــەوت. ســەرقافڵەچی ئەســپە زینکراوەکانیش، درابووە دەست یاوەری ئەسپەکانی کۆتۆزۆف و، ئەویش خزمەتکارێکی ناوگەڵ بڵاوی بە دواوە بوو.

سەرقافڵەچی هاواری کرد:

ــ هێی تیت! تیت !

خزمەتکارە پیرەی شەپقە بەسەری گەڵ بڵاو، لە سەرخۆ وەڵامی دایەوە:

ــ چیت دەوێت؟

ئەویش وتی:

ــ بچۆ ژوانی دەستگیرانەکەت !

پیرەیش تفێکی تێکرد و، بەدەم بۆڵە و خوتەوە وتی:

ــ گەوجە !

دواتر کپ بوونەوە و کەوتنەوە رێ.

دوای کەمێک سەربازان کەوتنەوە سوعبەت کردن و، پیرەش خۆی لە وەڵامدانەوەیان گێل دەکرد.

سەعات (٥)ی ئێوارە، شەڕ لە هەموو بەرەکاندا وەستا. فەڕەنسییەکان دەستیان گرت بەسەر (١٠٠) پێگەی تۆپخانەدا.

برزیبیسزۆسکی و فەیلەقەکەی، خۆیان دا بەدەستەوە. فەیلەقەکانی تریش هەر یەکە و زیاتر لە نیوەی سەربازەکانیان لە دەست داو، بە شڵەژاوییەوە کشانەوە. لەولایشەوە پاشماوەی فەیلەقەکانی (لانگیرۆن) و (دوختۆرۆف) لە دەوروبەری زۆنگاوەکانی کەنار دەریا و، بەربەستەکان چڕ ببوونەوە.

دوای سەعاتێک فەڕەنسییەکان ئەو شوێنانەیشیان تۆپباران کرد. ئەوان هەر بەو تۆپە گیراوانەی لە سوپای رووسەوە لە بەرزاییەکانی پراتزنوە دەستیان خستبوو، تۆپبارانی بەرەکانیان پێدەکرد.

لــە هێڵــەکانی دواوەی بەرەکــەوە دوختــۆرۆف و، ســەرکردەکانی تــر خــەریکی رێــک خستنەوەی سوپاکەیان بوون. ئەوەیش بۆ ئەوەی پەلاماری رەوی لێشاوی سەربازە فەڕەنسییەکان بدەن، کە وەدووی سەربازە بەزیوەکانی رووس کەوتبوون. راونانەکەی فەڕەنسییەکان و، وەدووکەوتنەکەیان، لەگەڵ تۆپبارانەکەی سوپای فەڕەنسی بۆ سەر سوپاکەیان، بوەستێنن. چونکە بەو تۆپبارانە زیانێکی زۆریان بە سوپای رووس گەیاندبوو. کەمە کەمە دنیا تاریک دەبوو. لەسەر بەربەستە تەنگەکەی (ئوگویزد)، کە کاتی خۆی ئاشەوانە پیرەکە ماسیی زۆری تێدا راو کردبوو و کوڕەزا بچووکەکەیشی یاری زۆری بە ماسییە بچووکە زیوییەکانی نێو تەنەکەکەی کردبوو. ئەو بەربەستەی کە سالانێکی زۆر

(مۆرافی)یە جل شینە کلاو قەیفەکانی پێدا رۆیشت بوو و، گەنمەکەیان بە ئاردی دەبردەوە و، سەر و پۆتەلاکیان تۆزاڵێکی ئاردی سپی بوو. کەچی ئێستا ئاپوورەی سەربازانێکی زۆری بە سەرەوەیە و، شەڕیانە لەسەر هەرچی زووتری پەڕینەوەی.

گالیسکەکانیش، سەربازە لاواز و پێکراوە بێتواناکانیان دەکرد بە ژێرەوە. لەبەر قەرەباڵغیی، ڕێی ڕۆیشتن زۆر زەحمەت بوو. ئازا ئەو کەسە بوو، بیتوانیایە بپەڕێتەوە.

هەر (١٠) چرکە و، گوللە تۆپێک دەکەوتە نێو ئەو ئاپوورەیەوە و، دەتەقییەوە و، دەیانی لێ دەکوشتن و، سەدان سەربازی زیندوویشی خەڵتانی خوێنی کوژراوان دەکرد.

دۆلۆخۆڤیش کە تازە پلە سەربازیە داماڵراوەکەی بۆ گەڕێنرابووەوە. لەگەڵ ئەفسەرێکی سەرکردەی سریەکەیدا بە سواری ئەسپەوە بوون. لەو فەیلەقەی خۆی هەر ئەو دووانە و، چەند کەسێک، کە کەوتبوونە نێو لێشاوی ئاپوورەی هەڵاتووانەوە و، بەرەو دەمی پردەکە پاڵەپەستۆ دەیبردن، مابوونەوە. ئەسپی گالیسکەیەک خلیسکا و، سەربازان تەقەلایاندا کە هەڵیبستێننەوە و، ڕێگاکە بۆ خۆیان ئاچوخ بکەن و زووتر بپەڕنەوە.

لە دوایانەوە گوللە تۆپێک کەوتەوە و، یەکێکی کوشت و، سەربازێکی تریشی بریندار کرد و، بەپێشدا هەڵیدا و، جلەکانی بەری دۆلۆخۆڤی خۆێناوی کرد. سەربازان لە ترساندا کەوتنەوە پاڵنان.

دیسان وەستانەوە و، لە نێو خۆیشیاندا مقۆمقۆی ئەوەیان بوو، کە هەر سەد هەنگاوێکیان ماوە بگەنە ئەوبەری پردەکە و، ڕزگاریان ببێت. خۆ گەر ئاوا دوا بکەون، هەر لەوێدا دەکوژرێن.

دۆلۆخۆڤی گیرخواردوو، دوای پاڵنان بە دوو سەربازەوە و، ماندوو بوونێکی زۆر، توانیی خۆی بگەیەنێتە ئەوبەری پردی بەربەستەکە. لەوێشەوە بەسەر زوقمی ئەستووری زۆنگاوەکەدا خۆی خلیسکاند و، بە دەم بازدان و قرچە قرچی زوقمی ژێر پێیەکانیەوە ڕۆیشت.

هاواری کرد:

تۆپەکە بگەیەننە ئێرە! چونکە زوقمی ئەم شوێنە ئەستوور و تۆکمەیە !

هەرچەند تۆزێ زوقمەکە بەرگەی قورسیی ئەوی گرتبوو، بەڵام دیار بوو کە کەمێکی دی ورد و خاش دەبێت. جا ئیدی چۆن بەرگەی قورسیی تۆپێک و چەند سەربازێکی تۆپچی دەگرت؟

هەر بۆیە سەربازەکانیش سەیریان دەکرد و، بە قسەیان نەدەکرد. ژەنەڕاڵیش بەسەر ئەسپەکەیەوە، خۆی قیت کردەوە و، بە قامکی لێوانی سڕییەوە و، وێستی قسە بکات. لە ناکاو هووشپەی تۆپێک، کە هێندە نزم بوو، سەربازەکان سەریان دانەواند، هات و لەولاوە کەوت و گرمەی هات.

ژەنەرالەکەیان بینی خەڵتانی خوێن بوو و، لە سەر ئەسپەکەی کەوت بووە خوارەوە. نە کەس گوێی پێدا و نە کەس هەڵیگرتەوە.

دوای کەوتنی ژەنەرالا، بە هەزاران هاواریان دەکرد:

ـ بەسەر سەهۆڵەکەدا، بەسەر زوقمەکەدا، تۆپەکە بەکێش بکەن. . ئەوە کەڕن؟ وەرنە پێشەوە. . بێنە سەر زوقمەکە !

ئەو تۆپەی ئەم داوای دەکرد بەکێشی بکەنە سەر زوقمەکە، هێشتا لە دەمی پردەکە لە قەرەبالغییەکەدا بوو.

گالیسکەوان ئەو گالیسکەیەی کە ئەو تۆپەی لێ بەسترابوو، ئامادەی ئەو کارە مەترسیدارە نەبوو. بە سەدان سەربازیش لە کەنارەکانی ئەو سەهۆڵبەندانە وەستابوون.

سەربازێک هاتە پێش و چووە سەر سەهۆڵەکە و، زوقمی ژێر پێیەکانی شکا و، ئەو داماوە کەوتە نێو سەهۆڵاوەکەوە و، تا ناوقەدی نقووم بوو. ئەوانەی ریزی پێشەوەیش، کپ و بێدەنگ بوونەوە.

ریزەکانی دواوەیش هەر هات و هاواریان بوو:

ـ بەسەر سەهۆڵەکەدا! ئەوە بۆچی وەستان؟ بۆ پێشەوە.

گالیسکەوان گالیسکەی ئەو تۆپەی وەستان. چونکە بە سەدان دەست نەوینە ئەسپ و گالیسکە و تۆپەکە و، نرکە نرکیان لێ پەیدا بوو و، زۆر ترسناکانە دەیان نالاند. دواتر ناچاربوون بەسەر زوقمەکەدا بڕۆن.

لە ناکاو هاڕە هات و، سەهۆڵبەندانەکە داڕوخا و، (٤٠) سەربازێک کە خۆیان بە یەکترەوە گرت بوو، لێژ بوونەوە بۆ ناو سەهۆڵاوە نیمچە بەستووەکە و، باوەشیان بە یەکتریدا دەکرد، تاکوو نەخنکێن.

لەولایشەوە هەر گوللە تۆپ بوو، دەکەوتە نێو ئاوەکەوە. جار و بارێکیش دەکەوتە نێو تۆپەڵی سەربازەکانی نێو ئاوەکەوە. ئەو گوللە تۆپانە قەرەبالغیی رێگا تەنگەبەرەکەشیان بێبەش نەکردبوو.

بەشی نۆزدە
دوای جەنگەکە

میر ئاندریەیش بە بریندارى بە لاپاڵى بەرزاییەکانى پراتزنەوە کەتبوو و خوێنى لە بەر دەڕۆیشت. ئاڵاکەیشى توند گرتبوو. بە دەم ئازارەوە دەینااڵند. دەمەو ئێوارە بوو، کە لە هۆش خۆى چوو. دواتر سەرئێشەکەى بە ئاگاى هێنایەوە.

لە خۆى پرسى:

"کوا ئەو ئاسمانە شینە قوڵەى، کە پێشتر نەى دى بوو؟ هەرگیز ئازارى وایشم نەچەشت بوو. بەڵێ جاران هیچم نەدەزانى. بەاڵم ئەى ئێستا لە کوێم؟"

گوێى لە خرمەى پێى ئەسپ و، دەستڕێژى تفەنگ بوو، لە نزیکى خۆیەوە. چاوانى کردەوە و، گومەزە شینە قوواڵکەى بینى، پەڵە هەورەکان مەلەیان تێدا دەکرد. رووى وەرنەچەرخان، سەیرى دەوروبەرى خۆى بکات. چونکە بە دەنگیاندا دیار بوو کە زۆر لێوەى نزیکن.

تووماز ئەوان ئیمپراتۆر و ئەفسەرانى یاریدەدەرى بوون و، بە گۆڕەپانى بەرەکەدا دەسووڕانەوە. هەر ئەویش فەرمانى دابوو، کە پاڵپشتى ئەو تۆپخانەیە بن کە تۆپبارانى پرد و، بەربەستەکەى دەکرد.

هـەر خۆیشـی بەسـەر گۆڕەپـانی شـەڕەکەدا دەگـەڕا و، پێکـراوو، کـوژراوانی بەسـەر دەکردەوە. یەکێک لـە "قەرەوڵانان"ی رووسی بینی، کـە لەپـەو ڕوو کـەوتبوو و دەستێکی درێژ کردبوو.

ئیمپراتۆر وتی:

"ئەمانە لە هەرە قۆزەکانی مرۆڤن !"

یـەکێک لـەو ئەفسـەرە یاریدەدەرانـەی، کـە لـە لایـەن ئـەو تۆپخانەیـەوە نێردرابـوو کـە "ئۆگویزد"ی تۆپباران دەکرد، وتی:

"خاوەن شکۆ. گوللە تۆپی تۆپخانەکە کۆتا بوو !"

ناپلیۆنیش وتی:

"تۆپە یەدەکەکانی ئەو تۆپخانەیە، ببەنە جێی ئەو تۆپانە. "

چەند هەنگاوێک لـە میر ئاندریـەیش نزیک بـووەوە و، ئـەویش لەسـەر گـازی پشت لێی کـەوتبوو و، کـەمێک لـەولا خۆیـەوە دار ئالاکـەی دەسـتی بـوو و، سـەربازە فەڕەنسـییەکان قوماشی ئالاکەیان لە دارەکەی دامالّی بوو.

ناپلیۆن وتی:

"مردنێکی جوانە!"

میر ئاندریەیش جوان تێگەیشت کە ئـەوە ناپلیۆنـە و، لەگـەڵ ئەویشـیتی. چونکە تۆزێک لەوەو پێش گوێی لێ بوو کە یەکێکیان بە خاوەن شکۆ بانگی کرد.

دەنگەکە وەکو وژەی باڵی میشولەیەک گەیشتە پـەردەی گوێی و، زۆر بایـەخی پێنـەدا. دوای کەمێک بیر کردنەوەیشی لە دەست داو. هەستی دەکرد گەرمابیـەک لـە سـەریدایە و، خوێن لەبەری دەڕوات. سـەرنجی بـەرز و دووری دەدا و، هەستی کرد کە ئەو ناپلیۆنەی کە بـەلای ئـەوەوە باشـترین پاڵەوانـە، نزیکێتـی. کـەچی لـەو سـاتەدا وا هەسـتی کـرد کـە ئـەو ناپلیۆنە، زۆر سووک و رسوایە! چونکە بۆتە هۆی ئەم کارەساتە. هـەر گوێیشی بـەو چەند کەسە نەدا، کە سـەریان بەسـەریدا شۆڕ کردبووەوە و، باسیان دەکرد. بەڵام حـەزی دەکرد یارمەتی بـدەن و جارێکی دی بگەڕێتـەوە بـۆ ژیانـە خۆشـەکەی. هـەر ئـەو ژیانـەی کـە بـەم دواییانـە تێی گەیشـت بـوو. ئـەو هێز و توانایـەی کـە مـابووی، دایـە خـۆی و تـوانیی لاقی بجوڵێنێت ،و نووزەیەکی نزم بکات.

ناپلیۆن کە بەوەی زانی وتی:

"ئـــۆو! خۆ نەمردووە !"

ئادەی هەڵی بگرن و، بیگەیەنە گالیسکەی ئیسعافەکە.

ئیدی ئەویشی جێ هێشت و، بە دەم رێوە، پێشوازی لە مارشالا "لان" کرد و پیرۆزبایی ئەم سەرکەوتنە مەزنەی لێکرد. ئەویش شەپقەکەی داگرت و بە رووبەکی خۆشەوە، سڵاوی ئیمپراتۆری سەندەوە.

قووڵیی بڕینەکەی میر ئاندریە و، گواستنەوەکەی بە دەستەبەرەکە لە گالیسکەی ئیسعاف نانەکە، بە. فەرمانی ئیمپراتۆر، بووە هۆی ئەوەی کە ئیدی گوێی لە قسە و باسی دەوروبەری نەمێنێت و، بۆی بووە هۆی لە سەرخۆ چوونێکی درێژخایەن و، دەمەو ئێوارە و، لە کاتی گواستنەوەیدا لەگەڵ چەند سەربازێکی رووسی، بۆ خەستەخانەی سەربازی بە ئاگا هاتەوە و، هەستی کرد کەمێ باشترە. چاوانی گێڕا و، چەند وشەیەکی وت.

لەکاتی گواستنەوەیاندا ئەفسەرێکی فەرەنسی وتی:

"با لێرەدا کەمێک بوەستین".

ئەمەیش یەکەم رستە بوو، کە میر ئاندریە دوای بە ئاگا هاتنەوەی بیبیستێت !

ئەفسەرەکە هەڵیدایە:

"کەمێکی دی ئیمپراتۆر خۆی بە ئێرەدا تێدەپەڕێت. بێگومان بە دیل بوونی ئەم پلەدارانە خۆشحاڵا دەبێت. "

ئەفسەرێکی دی وتی:

"کوڕە بابە. . ئەمە چ قسەیەکە؟ ئێستا ئێمە هێندەمان دیل هەیە کە ئیمپراتۆر لێیان بێزار بێت. "

ئەفسەرەکەی یەکەمجار ئەوەی وتبوو، هەڵیدایە:

"ئەوەیش راستە !"

دەستیشی بۆ ئەفسەرێکی سوارەی بەرگ سپی راکێشا، کە ئەوەندەی ئەو ئاگاداراە، ئەمەیان "سەرکردەی باڵا"ی هەموو فەیلەقەکانی (ئەلکسەندەر)ە.

میر ئاندریەیش هەر لەوێدا بۆی دەرکەوت، کە ئەو ئەفسەرە بریندارە (ربنین)ە و چەندین جار لە کۆڕ و کۆبوونەوە باڵاکاندا بینی بووی. کە هەمیشە ئەفسەرێکی (٢٠) سالانە یان منالتری لەگەڵ بوو.

ناپلیۆن و سوارەکانی دەوروبەری کە گەیشتنە ئاستی ئەمان، کەمێ وەستان.

ناپلیۆن کە چاوی بە دیلەکان کەوت، پرسیی:

"کامیان پلە سەربازیەکەی لە هەموویان باڵاترە؟"

ئەوانیش وتیان:

"میر "ربنین"ی سەرکردە.

ناپلیۆن رووی کرده ئەوەیان و لێی پرسی:

"تۆ سەرۆکی باڵای پاسەوانانی سواره‌ی "ئەلکسەندەر"ی ئیمپراتۆر بوویت؟ "

ئەویش له وەڵامیدا وتی:

"من سەرۆکی یەکەیەکی "پاسەوانانی سواره" بووم. "

ناپلیۆنیش وتی:

ـ فەیلەقەکەت ئەرکە سەربازییەکانی خۆی زۆر جوان جێبەجێ کرد.

ئەویش وتی:

"پیاهەڵدانی گەوره ئەفسەران، بۆ سەربازە بچووکەکان، باشترین خەڵاته !"

ناپلیۆنیش هەڵیدایه:

ـ به دڵنیاییەوه سەرسام بوونی خۆمت پێ ڕادەگەیەنم.

ـ ئەی ئەو لاوه ڕاکشاوەی تەنیشتت کێیە؟

میر "ربنین" وەڵامی دایەوه:

ـ ئەویش ملازم "سوختلن"ه.

ناپلیۆن وتی:

"بەم منداڵییەی خۆیەوه، خۆی له قەرەی ئێمه داوه؟"

میر "ربنین"یش وتی:

"منداڵی و کەم تەمەنی، هەرگیز نەبوونەته ڕێگر بۆ ئازایەتی !"

ناپلیۆنیش بزەیەک گرتی و وتی:

"وەڵامێکی جوانه! تۆ به پلەی باڵاتریش دەگەیت. "

میر ئاندریەیش که قەدەر ڕیزی یەکەمی ئەو تابلۆیەی بەردەم ناپلیۆنی پێ بەخشی بوو، کەوته بەر دیدەی و جوڵە و شێوەی. ئەو لاوەی که له گۆڕەپانی شەڕەکەدا دیبووی که به"ئەی لاو" بانگی کردبوو، بیر خستەوه.

بۆیە لەویشی پرسی:

"تۆ ئەی لاو! هەست به چی دەکەیت؟"

میر ئاندریەیش که کەمێک پێشتر توانی بووی چەند قسەیەک بکات، چاوانی بڕی بووه ناپلیۆن و وا هەستی کرد که ئامانجێکی گرنگی لەم گفتوگۆیه نییه. زۆریش لەو سەرکەوتنه سەربازییانەی بچووکتره.

لەو ئاسمانه بەرینه پڕ دادو خێر و خۆشییەش زۆر بچووکتره. ئەو راستییەی که خۆیشی تازه به تازه بۆی دەرکەوت بوو، هەروا چاوانی بڕی بووه ناپلیۆنو بیری له ژیان

دەکردەوە کە چەند کورت و بێبایەخە. بیری لەو ژیانە دەکردەوە کە کەس تێی ناگات. ئەو مردنەی کە هەرگیز زیندووەکان لە بەهاکەی ناگەن !

کە ناپلیۆن وەڵامی میر ئاندریەی وەرنەگرتەوە، رووی‌کردە پیاوانی‌و فەرمانی دا:

دەمەوێت بایەخ بەم بەڕێزانە بدرێت و لە سەنتەرەکەی خۆم دابنرێن. بە "لاری" پزیشکی خۆیشم بڵێن:تا چارەسەری برینەکانیان بکات. بە رووە گەشەکەیەوە، کە بەڵگەی بەختیاریی بوو پاژنەی پێی دا لە ژێر سکی ئەسپەکەی. سەربازێکی فەڕەنسی کە وێنە پیرۆزەکەی سەر سنگی میر ئاندریەی دامالّی بوو، لەوانەی کە ئەم پێکراوەکانیان راگوێز دەکرد، هەر کە بایەخی زۆری ناپلیۆنی بینی بۆ ئەو بریندارانە، بە شەرمێکی زۆرەوە، وێنە پیرۆزە زرێدارەکەی کردەوە ملی ئاندریە. میر ئاندریە هەر ئاگایشی لەو کارە نەبوو.

کە بەئاگا هاتەوە و ئەو وێنە پیرۆزە و چێوەکەی‌و، زریزە زێڕەکەی بەسەر سنگییەوە بینی.

ئەوەی کە خوشکەکەی بە دەستی خۆی، زۆر بە ڕێزەوە کردبوویە ملّی وتی:

ـ ئاخۆ بۆ دەبێت شتەکان ڕوون و ئاشکرا وەکوو ئەوە نەبن، کە ماری خوشکم بڕوای پێیەتی؟ ئای لەو خۆشی و ئارامییەی گەر مرۆڤ بیزانیبایە لە پشت گۆڕەکەیەوە چی هەیە! ئای لەو ئاسوودەییە! لەو کپ و خامۆشی و ئارامییە! گەر بمتوانیبا بڵێم ئەی مەزن! بەزەییت پێمدا بێتەوە! ئەی باشە ڕووی نزام بکەمە کێ و لێی بپاڕێمەوە؟

ڕوو لەو هێزە بێ سنوورە بەرجەستە نەبووە، بنێم کە نە گفتووگۆم لەگەڵیدا بۆ دەکرێت، نە دەتوانم پیاهەڵدانی خۆمی پێ بڵێم. ئاخۆ ئەو هێزە "عەدەم" بێت؟ یان کۆی هەموو شتەکانی دنیایە؟ یان ڕوو بکەمە ئەو خوایەی کە ماری خوشکم لە وێنەی ئەم قدیسەدا چڕی کردووەتەوە؟ شتێکی نەگۆڕ نییە. مەگەر وای دابنێم کە خۆم نەزانم. خۆم زانیارییەکی کەم و کورتم هەیە. ئەو هێندەیشی کە تێی نەگەیشتووم و، لێی بێئاگام، زۆر مەزنە و هەر پڕ بایەخ ماوەتەوە.

دەستەبەر بەدەستەکان، بریندارەکانیان هەڵگرت و کەوتنەوە ڕێ. بە جوڵەو لەزەی دەستەبەرەکە، میر ئاندریە تووشی ئازار دەبوو. تایەکی گەرم و بە تین دایگرت و کەوتە قسە بزڕکاندن.

زۆر شتی وەبیر هاتەوە. لەوانە وێنەی باوک و ژن و خوشکەکەی و ڕوخساری ناپلیۆنی زەرد و لاواز و، دیمەنی ئاسمانی شینی بێ سنوور، مێشکی پێیان سیخناخ بوو. خۆی لە "لیسیاجوری"دا بینیەوە و، ژیانێکی ئاسوودە و، بەختیار. بەڵام هێندەی پێ نەچوو، ڕووخساری ناپلیۆنی هاتەوە پێش چاو و، پەلکێشی نێو ئازارو ترس و گومانی کردەوە.

دیسان کەوتەوە سەرنجدانی ئاسمانی شین و، سایەقە و مێشکی ئاسوودە دەبووەوە. ئەم لێکدانەوەیەی میر ئاندریە تاکوو بەرەبەیانی رۆژی دواتر سەرومڕ بوو.

"لاری"ی پزیشکی تایبەتی ناپلیۆنیش پێی وابوو. کە ئەو تا لێهاتنەی هەر دەمێنێت و لە مردنەوە نزیکتر دەبێت، تا ژیان.

لاری لەسەر ئەوە سوور بوو و وتی:

"کەسێکی تووڕەو رەشبینە. . لە مردن رزگاری نابێت. "

دەستبەرداری ئاندریە و چەند برینداریکی تر بوون، چونکە بێ ئومێد بوون لە چاک بوونەوەیان، لەبەر ئەوە بۆ بەزەیی دانیشتوانی ناوچەکەیان جێ هێشتن! بە کورتییەکەی:بەرپرسیارێتیی تیمار کردنی ئەو بریندارانەیان هەڵ نەگرت و، لە کۆڵا خۆیانیان کردەوە.

پاری یەکەم

بەشی یەك
گەڕانەوەی ڕۆستۆف

دینسۆف دەیویست بگەڕێتەوە بۆ "ڤۆرویجی" و سەردانی بنەماڵەکەی خۆی بکات و" ڕۆستۆفیش بۆ سەرەتای ساڵی (١٨٠٦) و جەژنی سەری ساڵ، مۆڵەتی سەربازیی وەرگرتبوو. بۆیە ڕۆستۆف لەگەڵی ڕێکەوت کە پێکەوە سەفەرەکەیان بکەن و، لە مۆسکۆیش چەند ڕۆژێک بمێننەوە و، دواتر دینسۆف سەفەرەکەی خۆی، بەرەو شارۆچکەی "ڤۆرۆیج" و بنەماڵەکەی خۆی بکات.

لە دوا دوای سەفەرەکەیاندا ڕۆستۆف دەعوەتی خواردنەوەیشی کرد و خۆیشی سێ قاپی خواردەوە. بە دوایدا دینسۆف، دای لە خەوێکی قوولا.

تا لە شوێنی مەبەست نزیکتر دەبوونەوە، تاسەی ڕۆستۆف بۆ خزمان زیاتر دەبوو و، ئارامیی لەبەر هەڵدەگیرا.

بۆیە لە دڵی خۆیدا وتی،"ئەوە چی بوو! هەر نەگەیشتین؟ ئەوە ئەو شەقام و دوکان و، گڵۆپانە هەر نەبڕانەوە؟ ئارامی لەبەر بڕیم!"

دوای مۆر کردنی مۆڵەتەکەی خۆی و هاوڕێکەی. لە دەرگای شارەوە خۆی کرد بە مۆسکۆدا، بێ ئاگا خۆی بە پێشدا خست هەر وەکوو ئەوەی، بیەوێت لە خێرایی گالیسکەکە زیاتر بکات.

پاشان وتی،"دینسوف. . . ئەوە گەیشتین! ئای لەم ئاژەڵە! هێشتا خەبەری نەبووەتەوە!"

ئەویش وەکو ئەوەی وڕێنە بکات وتی،"ئای ئەمە ئەوبەری ئەو ڕێیەیە کە هەموو جارێک "زاخار"ی لێ دەوەستێت. ئا ئەوەیش زاخار خۆیەتی! ئەسپە کۆنەکەی جارانی

خۆی پێیە و، هەرگیز نایگۆڕێت! ئەوەیش هەمان ئەو دوکانەیە، کە حەڵوامان لێ دەکڕی. "

"خێراکە. . . دەی خێراتر. "

گالیسکەوانەکەیش پرسیی:

" لە کوێ بوەستین باشە؟"

ڕۆستۆف وەڵامی دایەوە:

"لەوپەڕی شەقامەکە و بەردەم گەورەترین ماڵ. ئاخر ئەوە ماڵی ئێمەیە. "

ڕووی کردە دینسۆڤیش و وتی:

"کۆرە دینسۆڤ! دینسۆڤ! ئەوە گەیشتین!"

دینسۆڤ کۆکەیەکی بۆ کرد و، سەری بەرز کردەوە و، هیچی نەگوت.

ڕۆستۆف لەسەر لاوانەی گالیسکەکە دانیشتبوو، لە خزمەتکارەکەی پرسی:

"دیمیتری. . . ئاخۆ ئەو ڕووناکییە، هی ماڵی ئێمە نییە؟"

ئەویش لە وەڵامیدا وتی:

"ڕووناکییەکە ڕێک ماڵی ئێوەیەو ژوورە ڕووناکەیش نووسینگەکەی باوکتە. "

پاشان ڕۆستۆف وتی:

"کەوابوو هێشتا نەنووستوون. . . تۆ دەڵێی چی؟"

"چاکەتە هەنگارییەکەی منت بیرنەچێت و، زوو لە جانتاکە بۆم دەربێنە. "

دەستێکی بە سمێڵە گەندەمووەکەیدا هێنا و وتی:

"دەی خێراکە . . دەی!"

بە گوێی دینسۆڤی نووستوویشدا شیراندی:

"ڤاسیا. . . تاکەی هەڵناسیت!؟"

هەمووی سێ ماڵی مابوو، بگاتە ماڵیان، کەچی بەویشی وت،"قامچی لە ئەسپی گالیسکەکە بدە! تاکوو منیش سێ ڕۆپڵ زیاترت بدەمێ!"

لەبەر ئەوەی خۆی پەلەی بوو، پێی وابوو ئەسپەکان لە جێی خۆیان وەستاون. گالیسکەکە بەلای ڕاستدا وەرچەرخا و، خۆی کرد بە ڕاڕەوەکەی ماڵی ڕۆستۆفدا. خۆیشی ئەمبەرو ئەوبەری ڕێگاکە و، گەچە دارووخاوەکەی ناسییەوە. هەر زوو خۆی لە سەر گالیسکەکەوە فڕێدایە خوارەوە و، بەرەو دالانەکە ڕایکرد.

بەڵام دالان چۆڵ و هۆڵ بوو. کپی کۆشکەکە وای پێشان دەدا، کە لێرە گوێ بە هاتوان نادرێ. بۆیە بە دڵێکی گوشراوەوە لەبەر خۆیەوە وتی،"ئای خوایە گیان! بڵێی شتێکی خراپ نەقەومابێت؟" کەوتەوە ڕاکردن بە پلیکانەکەدا و، بە هەنگاوێک سێ چوار پلیکانەی دەبڕی! دەسکە چڵکنەی کێلوونی بەلەکۆنەکەی، کە هێڵنجی بە بینەری دەدا و، کۆنتیسەی دایکی، ڕقی لێی دەبووەوە گرت و، لە بەر شکاویشی و کۆنیی بە ئاسانی دەجووڵا، کردەوە. مۆمێک لە ڕاڕەوەکەدا بوو. میخائیل لەسەر سندوقێک نووستبوو. بەڵام "بروکۆپ" ئەو

خزمەتکارە زەبەلاحەی کە دەیتوانی دواوەی گالیسکەیەکی دوو ئە سپی بەرز بکاتەوە! بە ئاگا بوو.

هەر کە دەنگی دەرگاکەی بیست هاواری کرد،"پەنا بە خوا و فریشتەکانی بەهەشت! ئەوە کۆنت خۆیەتی! بڵێی ئەمە ڕاست بێت!"

بە پەلە بەرەو دەرگاکە رایکرد، تا هەواڵەکە بڵاو بکاتەوە. بەڵام وەستا و خێرا هاتەوە و، میرەِ چکۆلەی لە ئامێز گرت.

ڕۆستۆف خۆی لە ئامێزی ڕزگار کرد و پرسیی:

"هەموویان باشن؟"

ئەویش وەڵامی دایەوە:

"سوپاس بۆ خوا، هەموو شتێک ئاساییە. دەمێک نییە نانی ئێوارەمان خواردووە. گەورەم ڕێم بدە با لە بینینت تێر ببم! "

ئەویش دووبارەی کردەوە،"بە راست هەموو شتەکان ئاساییە!؟"

ئەمیش وتی،"سوپاس بۆ خوا. . . سوپاس بۆ خوا. "

ڕۆستۆف لە پەلەپەلیدا دینسۆڤی بیر چووەوە و، چاکەتەکەی داکەند و، لە سەر نووکی پێیەکانی بەرەو هۆڵە تاریکەکەیان چوو. شتەکانی نێو هۆڵەکە هەموو لە شوێنی خۆیاندا بوون. چۆن جێی هێشتبوون هەروا مابوونەوە.

لەوە دەچوو پێی زانرا بێت، بۆیە هەر وەکو گێژەڵووکە یەکێکی لێ پەیدا بوو و، توند گوشیی بە خۆیەوە و، بە دوایدا دووەم و سێیەم. بوو بە شڵپەی ماچ و موچ ، سەرسام بوون و، هاوار و دەنگە دەنگیان ئەو ناوەی پڕ کرد. بە جۆرێک سەریان لێ تێکدا کە باوک و دایکی و پیتیا و ناتاشای بۆ لە یەک جیا نەدەکرایەوە. بە یەکەوە دەدوان و بە یەکەوە هاواریان دەکرد. هەر پێکیشەوە، لە ئامێزیان دەگرت. بەڵام هێندەی لێ ڕوون بوو، کە دایکی لە نێو پێشوازیکەراندا نییە!

یەکێکیان وتی،"نیکۆلای هاورێم، من چاوەڕێی بینینی تۆ نەبووم. "

یەکێکی تر وتی،"ئەمە کورە هەرزەکارە جوانەکەمانە! چەندە گۆڕاوە! ئادەی مۆمی داگیرسا و بێنن. . . چا بێنن!"

یەکێکی تریان وتی،"ئەی من! گلێنەکەم. . . ئەی من؟"

دیسان گەلەکۆمەکەیان لێکردەوە و باوەشیان پێداکردەوە و، بە سنگی خۆیانەوە نووساند.

لە سۆنیاوە بۆ ناتاشا و پیتیا و، لە وێیشەوە بۆ ئانا میخائیلۆڤنا و، بۆ پیرە کۆنت و، بۆ سنگی خزمەتکاران و کارەکەران.

پیتیا باوەشی بە رانیدا کرد بوو و، هاواری دەکرد،"ئەی من؟ ئەی من؟"

بەڵام ناتاشا ـ کە هەر خەریکی ماچ کردنی شانی بوو ـ لە پڕێکدا لێی دوور کەوتەوە و، خولێکی بە دەوری خۆیدا دا و، کردییە قیژە قیژ!

سەرنجەکانی دەوروبەری پڕ سۆز و خۆشەویستی بوون و، چاوانیان بە فرمێسک. ڕوخساری سۆنیایش لەو گوڵە سوورە پاراوە دەشتەکییە دەچوو، کە بە ڕووی بەختەوەریدا کرابێتەوە. دەستەکانی ڕۆستۆفی ڕادەتەکاند و، بە چاوانی، ئاماژەی دا کە سەیرێکی ئەمیش بکات.

سۆنیا تەمەنی لە شازدە ساڵان تێپەڕاندبوو. دڵخۆش بوونەکەیشی بە بینینەوەی ڕۆستۆف، هێندەی دی جوان و قەشەنگی کردبوو. دەست لەسەر دڵان سەرنجی ڕۆستۆفی دەدا. هەرچەند ئەم بە تامەزرۆییەوە لە ڕۆستۆفی دەڕوانی. بەڵام ئەو دڵغەی هەر لای بینینی، دایکی بوو. دەنگی پێی کەسێک لای دەرگاکەوە دەهات. بەڵام بە خێراییەکەیدا بۆی دەرکەوت، کە ئەوە دایکی نییە. کەچی دایکی بوو و، بە پەلە هاتبوو! هەرگیز بەو ڕازاوەییە نەیدی بوو. ڕێیان بۆ چۆڵکرد و، ئەویش ڕۆستۆفی لە ئامێز گرت و، بە دەم گریانەوە، توندتر بە مەدالیا هەڵواسراوەکانی سینەیەوە بە خۆیەوە نووساند.

بێئەوەی کەس پێی بزانێت، دینسۆف خۆی بە هۆڵەکەدا کرد. لە سەر دوو لاقی بڵاوی وەستا و، سەرنجی دیمەنەکەی دەدا.

لە کۆنت چووە پێشەوە و وتی،"من ڤاسیلی دینسۆفی هاوڕێی کوڕەکەتانم."

کۆنت ئامێزی بۆ کردەوە و وتی،"بەڵێ. . . بەڵێ! نیکۆڵا لە نامەکانیدا باسی تۆی بۆ کردووم. بەخێر بێیت. ناتاشا . . . ڤیرا:ئەمەیش دینسۆفی هاوڕێیەتی!"

ئیدی سەرنجەکان ڕوو بە ڕووی دینسۆفی کەتە بوونەوە.

ناتاشا قریشکەیەکی کرد و، خۆی بە ملی دینسۆفدا هەڵواسی و وتی،"ئای دینسۆفی ئازیز! . . . ئازیزەکەم!"

هەرچەند ئەو ڕەفتارە منالانەی ناتاشا، کۆمەڵەکەی شڵەژاند. بەڵام دینسۆف خۆی تێک نەدا و، دەستی کچەکەی گرت و ماچی کرد.

پاشان بەرەو ژووری میوان چوون. لە ژووری نووستنەکە دەورەی ڕۆستۆفیان دایەوە و، دایکی هەردوو دەستی کوڕەکەی گرت و، خێرا خێرا ماچی دەکرد.

ئەوانی تریش سەرنجی ڕۆستۆفیان دەدا. برا بچووکەی و، خوشکەکانی پێشبڕکێی بردنە پێشەوەی کورسییەکانیان بوو لە ڕۆستۆف. ئەمە دەستەسڕیان بۆ دەهێنا و، چاو و پایپ. ڕۆستۆفیش بەوە زۆر دڵخۆش بوو، کە دەیبینی هێندەیان خۆشدەوێت و، بە لاولوویدا دێن.

ئەو شەوە دوو میوانەکە خەوێکی قوووڵ و خۆشیان کرد و، تا سەعات دەی بەیانی هەڵنەستان. لە ژووڕەکەی تەنیشتیانیشەوە جانتای کراوە و جلوبەرگ و شمشێرەکانیان و، پیلاوی قوڕاوی تێکەڵو بوو بوو.

"بزوجین"ی خزمەتکار هات و، شتومەکی ژوورەکەی ڕێکخستەوە و، پێڵاوەکانی دوای پاککردنەوەیان، بە دیوارەکەدا هەڵپەسارد. . یەکێکی دی ئاوی گەرمی ریشتاشینی بۆ بردن. سێیەمیشیان بەرگی نوێی بۆ بردن. ژوورەکەیان کەیلی بۆنی تووتن بوو.

ڤازیلی دینسۆڤ هاواری لێ هەستا،"هیلا. . . گریشکا. . . سەبیلەکەم بۆ بێنە. "

"ڕۆستۆڤ ئەوە تۆپش تێرخەو نەبووین؟"

ئەویش چاوانی بەرز کردەوە و، سەری خوراند و، چاوە نیوە نیشتووەکانی هەڵگلۆفت و وتی،"هەستم!؟ بۆچی زۆر درەنگە؟"

ناتاشا وەڵامی دایەوە،"بەڵێ زۆریش! وا سەعات دەیە. "

لە ژوورەکەی تەنیشتیانەوە، خشەی کراس دەهات و، پێکەنین و چرپە چرپ. لە دەرگاکەوە شتێکی شین و ڕوخسارێکی کراوە و شاد دەرکەوتن. ئەوانەیش سۆنیا و، ناتاشا و پیتیا بوون و، لە چاوەڕوانیی هەستانی براکەیاندا بوون.

ناتاشا لە دەرگاکەیاندا وەستا و دووبارەی کردەوە،"هەستە نیکۆلا. . . دە هەستە. "

ئەویش وەڵامی دایەوە،" هەر ئێستا. "

هەر کە پیتیا شمشێرەکانی لە ژوورەکەدا بینی. یەکێکیانی بە دەستەوە گرت و، هەڵیسووڕاند. بێئەوەی گوێ بەوە بدات کە نابێت خۆی و خوشکەکانی پیاوە نیوە ڕووتەکان ببینن.

هەر بە قەڵەمباز کچۆڵەکان لە ژوورەکە دوورکەوتنەوە! دینسۆڤیش ڕاچڵەکی و لاقە تووکنەکانی کردەوە بە ژێر نوێنەکەدا و، بە سەرسووڕمانەوە سەیری هاوڕێکەی کرد! کە پیتیا ڕۆیشت، ئەمیش هەستا و، دەرگاکەی داخستەوە و، گوێیشی لە پێکەنینی کچۆڵەکان بوو.

گوێی لە ناتاشا بوو دەیوت،"نیکۆلا بە ڕۆبەکەیەوە دێتە دەرەوە. "

ڕۆستۆڤ خێرا ڕۆبەکەی لەبەرکرد و، چووە دەرەوە. ناتاشایش ئاسنی پاژنەی پێڵاوەکانی بەستەوە و، کەوتە ئامادەکردنەوەی جووتە پێڵاوەکەی تر. سۆنیایش لە خۆشیدا، هەر بەدەوری خۆیدا دەخولایەوە. هەردووکیان بەرگی شینیان لەبەردا بوو و، لە یەک دەچوون. هەردوکیان ڕوو شاد و لێو سورێکی کاڵی جوان بوون.

سۆنیا کە نیکۆلای بینی، سڵی لێکردەوە. بەڵام ناتاشای خوشکی نیکۆلا، دەستی گرت و، بەدەم فرەبێژییەوە، بردییە ژووری نوستنەکەی خۆی، تا ئەو دەمەیش بۆیان نەڕەخسابوو، چەند پرسیارێک لە یەکتر بکەن، بۆیە هەلەکەیان بۆ ئەم مەبەستە قۆستەوە.

ناتاشا هەر وشەیەکی نیکۆلای دەبیست، پێدەکەنی و، پێکەنینەکەشی بە هۆی دەستبازیی براکەیەوە نەبوو. بەڵکو هەر خۆی شاد و بەختەوەر بوو.

هەموو جارێک دەیوت:

"ئـای چەند چاکە! ئۆی چەند جوانە!"

ڕۆستۆف هەستی کرد کە لە هەژدە مانگ لەمەو بەرەوە، بەم شێوەیە ڕووی گەشاوە و، دڵی لە ناخەوە خۆش نەبووە.

خوشکەکەی پێی وت،"گوێ بگرە. . . ئێستا تۆ بوویتە، پیاوێکی پیاوانە. منیش شانازی بە خوشکایەتیی تۆوە دەکەم!"

دەستێکی بۆ سمێڵی براکەی برد و وتییەوە،"ئای! ئای! چەندەم حەز دەکرد، لە دنیای پیاوان شارەزا بم! بڕوا ناکەم ئێوەی پیاو هیچتان لە ئێمە بچێت!"

ڕۆستۆفیش لێی پرسی،"ئەوە بۆ سۆنیا سڵەمییەوە و، ڕایکرد؟"

ناتاشا وەڵامی دایەوە،"ئای کاکە گیان! ئەوەیش بۆ خۆی چیرۆکێکە! ئەرێ چۆن چۆنی دەیدوێنیت؟"

ڕۆستۆفیش وتی،"چۆن هات بەسەر زمانمدا، وا دەیدوێنم."

خوشکەکەی هەڵیدایە،"من تکات لێ دەکەم، لە جیاتی جێناوی (تۆ) (ئێوە)ی لەگەڵدا بەکار بێنە و، دواتر هۆیەکەییت پێ دەڵێم. جا ئەوەی بۆ چییە؟ هەر ئێستا پێت دەڵێم. خۆت دەزانیت سۆنیا هاوڕێمەو، هاوڕێیەکی نزیکمە و، پێویست بکات، قۆڵێکی خۆمی پێناو دەخەم!

قوماشی سەرقۆڵەکەی هەڵکرد و، سەرشانی سووتاوی خۆی، پیشاندا. ئەو سوتاویەشی بۆ سەلماندنی رادەی ئەو خۆشەویستییەی بوو، بۆ ئەو هاوڕێیەی.

پاشان وتی،"ئەم سەرشانەی خۆم بۆ سۆنیا، سووتاندووە، تا خۆشەویستی خۆمی بۆ بسەلمێنم."

هەر کە ڕۆستۆف لەسەر کورسییە لاشان دریژەکەی، ژووری سەعی کردنەکە دانیشت، کەوتە بەر ڕوانینی خوشکەکەی و، هەستی بە خۆشی و بەختەوەریی خۆی و خێزانەکەی کرد. گەڕایەوە بۆ دنیای منااڵی خۆی و، چێژەکانی ژیانی ئەو سەردەمەی، تەمەنی خۆی.

هەر بۆیەش ئەو کارەی خوشکەکەی بە هەند وەرگرت و، لێی پرسی:

"چیی تر؟ هیچی تر نااڵییت؟"

خوشکەکەیشی وتی:

"سۆنیایش هەر بەم جۆرە ئێمەی خۆشدەوێت."

کەمێ سوور هەڵگەڕا و لە سەری ڕۆیش،"بەر لە ڕۆیشتنی خۆتت بیر ماوە!؟ ئێستا داوات لێ دەکات کە هەموو شتێکت بیر بچێتەوە. پێیشی وتووم، کە تا دەمرێت:تۆی خۆشدەوێت! تۆیشی ئازاد کردووە کە چی دەکەیت، تاکوو بیکەیت! کە ئەوە بۆ خۆی کارێکی چاکە. ئەو کچە کەسێتییەکی بەرز و باڵای هەیە. . . وانییە!؟"

هێندە سوور بوو، لە سەر قسەکانی، لەگەڵ قسەکانیدا دەگریا!

دوای هەندێک بیر کردنەوە وتی،"لەو پەیمانەی پێمداوە پەشیمان نیم. ئەو کچێکی زۆر

جوانه و، خۆ من گێل نیم، که دەستبەرداری بم.

ناتاشا هـاواری کرد،"نەخێر! نابێت تۆ وا بیر بکەیتەوە! چونکە گەر بە ئەرکی سەرشانی خۆتی بزانیت، دەبێت مارەی بکەیت. ئێمەیش چاوەڕوانی ئەم قسیەمان لە تۆ دەکرد. بەڵام ئەمە هەڵەیە، چونکە ڕۆژێک دێت بڵێیت بە ئەرکی سەرشانی خـۆمم زانیوە کە مارەی بکەم. . . نەک بە خۆشەویستی."

ڕۆستۆف هەستی بەوە کرد، کە قسەکەی زۆر ڕاستە! دوێنێ جوانییەکەی سۆنیا سەرسامی کردبوو! ئەم بەیانیەیش کە بینی بووی هەر بەڵایەوە جـوان بـوو. ئـەو لەشوڵارە کە لە شازدە سـاڵانی تێپەڕاندبوو. ڕۆستۆفی زۆر خۆشدەویست. ئەمیش گومانی لەو خۆشویستنەی سۆنیا نەبوو. بەڵام ئەی ئەم بۆ ئەوی خۆشناوێت!؟ یان باشتر بیڵێین. . . ئەی بۆ مارەی ناکات!؟

ڕۆستۆف لە دڵی خۆیدا وتی،"بەڵێ. . . ئەو دوو کێژە ڕاست دەکەن! باشتر وایە دەستکراوە و ئازاد بم!"

بە خوشکەکەیشی وت،"زۆر باشە! ئەم قسانە هەڵدەگرین بۆ جارێکی تر. ئای خوشکێ چەند خۆشحاڵم بە بینینت! بەڵام پێم بڵێ. . . خۆ ناپاکیت لە بۆریس نەکردووە؟"

ناتاشا بە پێکەنینەوە وتی،"ئەمانە ژیرانە نییە. نە بیر لە ئەو دەکەمەوە! نە لە کەسی تر!"

براکەی هەڵیدایە،"ئەمەی تۆ دەیڵێیت مەحاڵە! ئەی بیر لە چی دەکەیتەوە؟"

ناتاشایش وتی،"من؟ ئـەرێ تۆ دوبۆرت، بینیوە؟"

براکەیشی وەڵامی دایەوە،"نـــە ء !

خوشـکەکەی هەڵیدایـە،"دیبـۆر، سـەماکەرە فەڕەنسـییە بەناوبانگەکـە! چـۆن هـەرگیز نـەتبینیوە!؟ کەوابوو تێناگەیت. سەیرم بکە."

دامێنی کراسەکەی خۆی گرت و، کەمێک دوور کەوتـەوە و، بـە دەم قەڵەمبازەکەیـەوە، قاچـەکانی پێکدادا. کە ئـەوە یەکـەم جوواڵـەی سـەماکانی ئـەو سـەردەمە بـوو. پاشـان چـەند هـەنگاوێک لـە سـەر نـووکی پەنجـەکانی ڕۆیشت. بـەڵام وەکـوو سـەماکەران، نـەیتوانی زۆر بمێنێتەوە.

پاشان لێی پرسی،"توانیم وەکوو سەماکەران بمێنمەوە. . . وانییە!؟ ئـەوە بزانـە نامـەوێت شوو بکەم. هێندەم دەوێت کە ببمە سەماکەر! تکایە ئەم حـەزەم بە کەس مەڵێ."

ڕۆستۆف قاقایەکی وای لێدا، دینسۆف لە ژووڕەکەی خۆیەوە بەغیلیی پێ دەبرد.

ناتاشایش بە دوایدا لە قاقای دا.

پاشان لە براکەی پرسی،" توخوا. . . ئەمە کارێکی جوان و باش نییە؟"

ڕۆسـتۆفیش وتی،"بـەڵێ شـتێکی جوانـە! سـەماکارێکی جوانـە! بـەڵام ناتوانیـت شـوو بـە بۆریسیش بکەیت؟"

ناتاشایش کە سوور هەڵگەڕابوو وتی،"جارێکی تر دەیڵێمەوە، کە نامەوێت شوو بە کەس بکەم! هەر کاتێکیش خۆیم بینی، ئەمەی پێ دەڵێم."

ڕۆستۆڤیش بە لاقرتیوە وتی،"گوێ لەو قسەیە بگرن، ئەمە چ قسەیەکە؟

ناتاشایش وتی،"ڕەنگە ئەمەیش جۆرە کەرێتییەک بێت! ئەرێ بڵێی ئەو دینسۆڤە پیاوێکی نیان بێت!"

ڕۆستۆڤیش وتی،"هەر زۆر نیانە."

ناتاشا وتی،"زۆرباشە خوات لەگەڵ. . بڕۆ خۆت بگۆڕە. . ئەو دینسۆڤەیش بە هەیبەتە! ها!"

ڕۆستۆڤیش هەڵیدایە،"ڤاسکا، بە هەیبەت و تۆقێنەر بێت!؟ نەخێر ئەو تەنیا لاوێکی سەرنجڕاکێشە."

ناتاشایش وتی،"ڤاسکای پێی دەڵێت؟ پێکەنینهێنە! وتیشت زۆر نیانە!"

براکەیشی وتی،"بە هێندەی هەموو دنیا نیانە!"

خوشکەکەی هەڵیدایە،"دەی خێراکە. . . دوایی هەموو پێکەوە چا دەخۆینەوە."

لەسەر نووکی پەنجە چووە دەر و، بزەیەکی منالانەی شادیی لەسەر لێوان بوو.

کە ڕۆستۆڤ گەیشتە ڕاڕەوەکە، سۆنیای بینی و، سوور هەڵگەڕا! سەری لێ شێوا و، نەیزانی کە چۆن چۆنی ڕەفتاری لەگەڵ بکات؟ دوێنێ بە هۆی مۆڵەتەکەیەوە کە گەڕابووەوە لە ئامێزی گرتبوو. کەچی ئەم بەیانییە، ناتوانن وەکو دوێنێ یەکتر لە ئامێز بگرنەوە! نیکۆلا هەستی بە سەرنجە پرساکانی دایکی و خوشکەکانی کردبوو، کە ئاخۆ چی بکەن بەرامبەر سۆنیا؟ نووشتایەوە و دەستەکانی سۆنیای ماچ کرد و، بە جێناوی کۆ دواندی. بەڵام چاوانیان بە جێناوی تاک یەکتریان دەدواند و، ڕاستەوخۆ یەکتریان ماچ دەکرد. هەر بە چاوانی، سوپاسی ئەوەی کرد کە ئازاد و دەستکراوەی کردووە، لە هەڵبژاردنی ژیانیدا. بۆیشی دەرکەوت کە لەو کچانەیە دەچێتە دڵەوە.

ڤیرا بێدەنگیی کۆڕەکەی قۆستەوەو وتی،"ئای چەند پێکەنینهێنە! ئەوە خۆ ڕۆستۆڤ و، سۆنیا دەڵێی بە یەک نامۆن! وا بە جێناوی کۆ یەکتر دەدوێنن!

هەر چەند سەرنجەکەی عەقڵبڕ بوو، بەڵام دڵخۆشکەر نەبوو، بۆ دانیشتوان! دڵەڕاوکێکەیش هەر نیکۆلا ڕۆستۆڤ و، سۆنیا و ناتاشای نەگرتبووەوە. بەڵکوو کۆنتیسی دایکی ڕۆستۆڤیش سوور هەڵگەڕا و، خەمی ئەوەی بوو، کە نەبادا بەو قسەیە سۆنیای عاشق بێبەری ببێت، لە شوو کردنی بە ڕۆستۆڤ."

لەو کاتەدا دینسۆڤ خۆی کرد بە ژووردا و، ڕۆستۆڤیش سەرسامی خۆگۆڕین و، بەرگە نوێیەکەی بوو! لەوەیش سەیرتر بەلایەوە، چوونی دینسۆڤ بوو بۆ لای کچۆڵەکان و، قسە کردنی بوو لەگەڵیاندا!

بەشی دوو
ئەرکی پیرەمێردە ڕۆستۆف

خێزانەکەی ڕۆستۆف کوڕەکەیان وەکوو پاڵەوانێک پێشوازی کرد و، خزمانیشی وەکوو کوڕێکی بە ڕەوشت و نیان. دانیشتوانی مۆسکۆیش وەکوو مولازمێکی هەرزەکاری هێزی پاسەوانانی ڕێزدار. لای دایکانیش وەکوو ئەو هەرزەکارەی کە خەڵکێکی فرە، خوازیارن، بیکەنە زاوای خۆیان!

پیرە کۆنتیش دەوڵەمەندی ئەو پارە زۆرە بوو، کە لە بارمتەی زەوی و زارەکانیدا وەری گرتبوو. هەر ئەمەیش بەختەوەریی ژیانی بۆ نیکۆلا ڕۆستۆفی کوڕی دەستەبەر کردبوو.

بە سەر ئەسپە تایبەتەکەیەوە، بە بەرگێکی سوارەی واوە، دەبینرا کە لە هەموو مۆسکۆدا نەبینرابوو!

ڕۆستۆف نوێترینی مۆدێلی پێڵاوی لە پێدابوو، کە بە دوو سەرە نێزەی زیوین پاژنەکانی ڕازابووەوە! هەرچەند ئەوە دوو ساڵێک بوو، ڕۆستۆف لەو ژیانە پرخۆشییە دابڕابوو، بەڵام خاوەن گەشەیەکی باش‌و لەش‌ولارێکی تۆکمە و، بە خۆوە بوو.

لەگەڵ ئەمانەشدا هەر حەزی دەکرد، بگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ڕابردووی خۆی و ئەو کاتانەی کە سەرباز نەبوو و، ئازادیی خۆی لە دەست نەدابوو. سەردەمی شۆخێنی کردنی و ماچکردنە خێراکانی سۆنیا و، ئەو قەرزە گەمانەی لەو گالیسکەوانەی دەکرد، کە نێوی "جاڤریل" بوو و، خۆیشی بە کردەوەیەکی منالانەی ناوی دەبردن. ئەوسای لە کوێ و

ئێستای له کوێ!؟ ئێستا ئەفسەرێکی پله مولازمه و، له "هێزی سواره"دایه. خاچێکی وێنەی قەشه "سان جۆرج"ی به ملەوەیه و، پلەی زیونی به شانەوه. ئەسپەکەیشی له ڕاهێناندایه، بۆ پێشبڕکێیەک که هەره سوارچاکه به ناوبانگەکان بەشداریی تێدا دەکەن! بەم دواییانەیش لەگەڵ خاتوونێکی ناسراودا، بووەتە ئاشنا که "بولڤاریا"ییه و، ئێواران سەری لێدەدا و بەشداریی ئاهەنگەکانی سەمای لەگەڵ دەکات و، لەبارەی شەڕیشەوه، گفتوگۆ لەگەڵ مارشاڵ "کامنسکی" دەکات. پێ له یانەی ئینگلیزی نابڕێت و، به جێناوی تاکیش لەگەڵ ئەو سەرۆکی باڵایه دەدوێت، که کاتی خۆی دینسۆف پێی ناساندبوو.

دوای ئەوەی لەو ڕووداوانەدا ئیمپراتۆری بینی بوو و، پێی سەرسام بوو بوو، ئێستا سەرسام بوونەکەی به ئەو، کاڵ ببووەوه. که باسیشی دەکرد، وای پیشان دەدا که هێشتا هەموو شتێکی له بارەی ئەوەوه نەگوتووه.

پشتگیریی ڕووسەکانی دەکرد، له خۆشەویستیاندا بۆ ئەلسکەندەری یەکەم. تەنانەت خەڵکەکه، ئەلسکەندریان دەپەرست و، به فریشتەی هۆگر ناویان دەبرد. مانەوه کەمەکەی نیکۆلا ڕۆستۆف، له مۆسکۆ بووه هۆی دابڕانی له سۆنیا. سۆنیایش قەشەنگ و جوان بوو و، سۆز له چاوانی دەباری. بەڵام ڕۆستۆف ـ وەکو خۆیشی دەیووت ـ سەرقاڵبوونەکەی دەرفەتی ئەوەی نەدەدا، کاتی خۆی، بۆ ئەو شتانه تەرخان بکات. ئەو له تەمەنێکدا بوو، که له کچان دەترسا و، خەمی ئەوەی بوو که به هۆی پەیوەندیی به کچانەوه، دەستکراوەیی و، ئازادیی ڕەبەنییەکەی خۆی، له دەست بدات!

هەر جارێکیش بیری له سۆنیا بکردایەتەوه به خۆی دەوت،"جا ئەوه چییه!! خۆ ئەم جیهانه هەر ئەو کچەی تێدا نیه و بڕابێتەوه! من وا دروست بووم، زۆرێک له کچان بناسم. ئێستا بۆم ناکرێت، چونکه چەندین ئامانجی ترم له بەردەمدایه. بەڵام هەر کاتیشم دەبێت بۆ خۆشەویستی."

لەو دەمەی خۆی به پیاو دادەنا، خۆی لەوه بە گەورەتر دادەنا، که له ئاهەنگەکاندا هەر به شوێن دۆزینەوەی جوانترین قوماشی ژنانەوه بێت. بەڵام خۆی وا پیشان دەدا، ناچاری هاتن کراوه! بەڵام بۆ یانەکان و، پێشبڕکێی ئەسپسواری و، سوعبەت و لاقرتێکانی دینسۆف، ئەوه خۆی لەگەڵیدا سازا دابوو و حەزی لێی بوو.

ئەو یانه ئینگلیزییەی که کۆنت ڕۆستۆفی پیره، دەستی له دامەزراندنیدا هەبوو و ئەندامی بەڕێوەبردنیشی بوو، ویستی ئێواره خوانێک بۆ باگراسیۆن ساز بدات. جا لەبەر ئەوەی پیره ڕۆستۆف، پیاوێکی کارا و به سەلیقه بوو، دەستەی دامەزرێنەری یانەکەیش بوو، سازدانی ئەم ئاهەنگەیان پێ سپارد.

پیره یەکێک بوو لەو کەسانەی، که دڕێغیی نەدەکرد و، له گیرفانی خۆیشی پارەی دەخسته سەر بڕی تێچوونی ئاهەنگەکان. ئەو پیره له مااڵیشەوه بە ڕۆبەکەی ماڵەوەی به ژوور و هۆڵی کۆشکەکەیدا دەهات و دەچوو و، فەرمانی دەدا به خەزێنەدار و تیۆکتیستی

بەرپرسی چێشتخانەکەی کە چێشتلێنەرێکی بە ناوبانگ بوو. هەر خۆیشی جۆرەکانی گۆشتی بۆ دیاری دەکرد. "تیۆکتیشت"ی خەزنەداریش زۆر نیانانە گوێڕایەڵی کۆنت بوو. چونکە دەیانزانی دەستبڵاوە و قازانجێکی باش لەو خواردن ئامادە کردنە دەکەن. جا هەر لەبەر ئەوەی پیرە"کۆنت خۆیشی، چڵێس بوو، مانگانە بڕی تێچوونی سفرە و خوانەکەیان چەند هەزار ڕۆپڵێکی تر زیادی کرد.

کۆنت وتی،"ئاگاتان لە لێنانی کەڵەشێرەکان بێت و، شۆرباکە. . . تێگەیشتن؟"

دیسان وتی،"هەر سێ جۆری شۆرباکە دڵکەرەوە دەبن! وا نییە؟

دوای کەمێک بیرکردنەوە. هەر خۆی وەڵامی خۆی دایەوە،"بەڵێ نابێت لەمانە کەمتر ئامادە بکەین. ئەوا وتمان شۆربای مایۆنیز و شۆربای. . .

خەزنەدار قسەکەی پێ بڕی،"ئەی ماسیی "ستێرلە". . . ماسیی گەورەی لێ هەڵدەبژێرین! وا نییە؟

کۆنتیش وتی،"ئا. . . ئا با گەورەکانیان بێت. ئای بەڕێز خەریک بوو، بڕێک خواردنی پێش نانخواردنیشمان بیر بچێت!"

چەناگەی خستە نێو هەردوو بەرە لەپی دەستییەوە و لەسەری ڕۆیشت،" ئەها. . . ئەی دەسکە گوڵەکان کێ لە بازارەوە بۆمان دێنێتەوە؟ میتانکا! ئا ئا میتانکا بۆ ئەو کارە باشە. ڕاکە بچۆ بۆ خانووە هاوینەییەکەم و، بە نێوی منەوە بە "ماکسیم"ی باخەوان بڵێ کە (٢٠٠) دەسکی گوڵە زستانە ئامادە بکات و ڕۆژی هەینی بیگەیەنێتە لام. "

میتانکایی پارە بە دەست، بە پەلە ڕۆیشت تا فەرمانەکەی جێبەجێ بکات.

کۆنتیش بە ماندوویی و شەکەتییەوە چوو بۆ لای کۆنتیسەی خێزانی، تا کەمێک بحەوێتەوە. بەڵام شتێکی بیر کەوتەوە و، سەرگەورەی چێشتلێنەران و خەزێنەداری بانگ کردەوە و، کەوتەوە قسە کردن بۆیان.

لە ناکاو دەنگی دەرگا هات و کۆنتی بچووک ــ کە تازە گەندە موو، سمێڵێکی بۆ دروست کرد بوو و، ئارامیی ژیان لە مۆسکۆدا ماندوویی دەرکردبووــ بە ڕوویەکی خۆشەوە خۆی کرد بە ژووردا.

پیرە ڕووی کردە ئەویش و وتی،"ئای هاوڕێ سەرم بە گێژەوە دەچێت و، فریامان بکەوە. ئاخر لەسەرمانە چەند گۆرانیبێژێک ئامادە بکەین. هەرچەندە تیپێکی مۆسیقام هەیە، بەڵام تۆ پێت وانییە میوانان زیاتر دڵیان بە بوهیمیەکان دەکرێتەوە!؟ ئاخر ئێوەی سەربازانیش دڵتان بەو جۆرە مۆسیقایانە دەکرێتەوە. "

کوڕەکەیشی بە ڕوویدا پێکەنی و وتی،"بە راستی هەر بە ئارەزوو خۆت ماندوو دەکەیت و، پتر لە ماندووبوونەکەی پاگراسیۆن خۆی، کاتی پێش شەڕەکەی شۆپنگرابن!"

پیرە کۆنتیش خۆی تووڕە پیشاندا و وتی،"باشە تۆ خۆت بخەرە شوێنی من، ئەوسا

بۆت دەردەکەوێت که کارەکه هێندەیش سووک نییه، وەک دەردەکەوێت.

کۆنت گەورە چێشتلێنەری بانگ کرد، که پیاوێکی فێڵاوی بوو و پێی وت،"خۆ ئاگات لێیه که هەرزەکاران، چۆن گاڵته به ئێمەی پیران دەکەن!؟"

گەورە چێشتلێنەریش وتی،" ئەوان هەمیشه قاپی پڕیان دەوێت! بەڵام هەرگیز ناپرسن که ئەو قاپانه چۆن پڕ خواردن کراون!؟

کۆنتیش هاواری کرد،"راست دەکەیت! زۆر راسته. "

پاشان دەستەکانی کوڕەکەی گرت و، لەسەری ڕۆیشت،"که ئاوا بە ئاسانی تۆم بۆ گیراوە. . . هەر وا بە ئاسانیش لە چنگم دەرناچیت! خۆشحاڵم دەکەیت، گەر هەردوو ئەسپەکه له گالیسکەکەمان ببەستیت و، خۆت بگەیەنیته ماڵی پیزۆخۆڤ و پێی بڵێیت:کۆنت ئیلیا ئاندریەیتش بۆ بەری دار فرێز و مۆزەکه، که بەری باخەکەی خۆیین، منی ناردووە. بەڵکوو بۆمان بنێرن. "

"چونکه مەحاڵه لە بازاڕ دەستمان بکەوێت. . کوڕەکەم!. کوڕەکەم گەر پیزۆخۆڤ خۆیشی له ماڵ نەبوو، ئەوا له ئەمیره خاتوونەکان داوا بکه. دوای ئەو ماڵەیش بچۆ بۆ "ڕازۆگۆلیە" و "هیبات"ی گالیسکەوانمان شارەزای ڕێیە. " خۆ ئیلوشیا دەناسیتەوە؟ ئەو پیاوەی که له ئاهەنگەکەی کۆنت "ئۆرلۆف"دا عەباکەی به شاندا دابوو و، سەمای دەکرد. "

ڕۆستۆڤیش بە پێکەنینەوە وتی،"گەر بە لاتەوە باشە، ئەوا گۆرانییبێژەکانیش دەهێنمە ئێرە!"

کۆنتیش به تووڕەییەوە وتی،"دەمت دابخە. . . !"

لەو کاتەدا ئانا میخایلۆڤنا بێ چرپە خۆی کرد بە هۆڵەکەدا و، وەکو هەمیشە لەگەڵ ماندوو بوونیشیدا، هەمیشە بڕوای تۆکمە بوو بە مەسیح. وەکو هەمیشەیشی لە بەردەم پیرە کۆنتدا قوت بووەوە. هەموو جارێکیش کۆنت داوای لێبووردنی لەو دەکرد.

پاشان بە هێواشی بە کۆنتی وت،"گرنگ نییە هاوڕێ نیانەکەم. خۆم ڕاسپاردەکەی بنەماڵەی پیزۆخۆڤ جێبەجێ دەکەم. تازە پییەر گومانی تیانییە، کە خۆیشم ببینم دەم و دەست بەرهەمی باخەکەیان پێشکەش دەکات. دوای ئەوە خۆیشم هەر دەمویست ببینم. چونکە بەم دواییانە نامەیەکی بۆریسی کوڕمی بۆ ناردم و، سوپاس بۆ خوا کەوا ئەو کوڕەم له "ئەرکانی گشتی" وەرگیراوە.

کۆنت ئەمەی ئانا میخایلۆڤنای پێ خۆش بوو و، فەرمانیدا که گالیسکەکەی بۆ ئامادە بکەن.

پێیشی وت،"بە پیزۆخۆڤیش بڵێ چاوەڕێی دەکەین و، ناوی لە لیستی میوانان دا دەنووسین. بڵێ با ژنەکەیشی لەگەڵ خۆی بێنێت. "

لە چاوانی ئانادا خەمێکی قوواڵ دەخوێنرایەوە و، ڕووی کردە ئاسمان و وتی،"ئای هاوڕێ! ئەو زۆر داماوە. گەر ئەوەی لە بارەیەوە دەیڵێن ڕاست بێت ئەوا زۆر. . . زۆر

داماوە! کێ چاوەڕوانی ئەوەی بۆ دەکردا!؟ پیزۆخۆڤی هەرزەکار مرۆڤێکی نیان و مەزنە. زۆر بە داخم بۆ کێشەکەی. زۆریش تەقەلا دەدەم، کە لە خەمەکانی کەم بکەمەوە."

کوڕو باوک پرسییان. "بۆ خاتری خوا، چی رووی داوە!"

ئەویش وتی،"دەڵێن کەوا دۆلۆخۆڤ کوڕی ماری ئیڤانۆڤنایە! دەیشڵێن گوایە پییەر خەریکە لە خەمیدا بمرێت!"

"کۆنت هەڵیدایە،"لەگەڵ هەموو ئەمانەیشدا، تۆ هەر بانگهێشتی یانەکەی خۆمانی بکە. . . بـا لانیکەم، خەمەکانی بـیر بچێتەوە. چونکە ئێمەیش زۆر دەستبڵاوانە سفرەمان ڕازاوە دەبێت!"

دوانیوەڕۆی (٣)ی ئازار (٢٥٠) ئەندامی یانەی ئینگلیزی و (٥٠) میوان چاوەڕوانی هاتنی پاگراسیۆنی پاڵەوانی شەڕی نەمسا بوون. ئەو پیاوەی کە ئەو خوانەی بۆ رازابووەوە.

ئـاخر شکسـت و بەزینەکـەی ئۆسـتەرلیتز، دانیشـتوانی مۆسـکۆی تووشـی شـۆک و، سەرەگێژە کرد بوو! تەنانەت زۆربەی خەڵکەکە، بڕوایان بـەو هەواڵە نـەبوو! بـە تایبـەتیش ڕووسـەکان. چـونکە ئەوان بـە سـەرکەوتنی یـەک لـە دوای یـەک ڕاهـاتبوون. هـەر بۆیـەش هەندێ کەس، لە هۆیەکانی ئەو بەزینەیان دەکۆڵییەوە.

یـانەی ئینگلیزی خۆی لەو ئەندامە باڵایانەی خۆی، دزییـەوە، کـە زۆریـان حـەز بـە قسـە کردن بوو، لە سەر سیاسەت و، بانگهێشتیان نـەکردن. لەوانـە کۆنت ڕۆستۆبشین و، میر ئیۆری ڤلادیمیرۆڤیتش دۆلگۆرۆکی و "ڤالوەیڤ" و کۆنت "مارکۆڤ" و میر "ڤیازمسکی". هـەندێک لە ئەندامەکانی تریشیان وەکوو ئیلیا ئاندرییتش ڕۆستۆڤ. کە ئـەمانەیان زمانشرِ بوون و، خۆیان بۆ نەدەگیرا و، هەواڵیان بڵاو دەکردەوە.

دوای کۆبوونەوەی ئەندامانی یانەی ئینگلیزی و، بە چەندین جار وتوویژ لـە سـەر ئـەو بەزینـەی سـوپای ڕووس، گەیشـتنە قەنـاعەت و، هۆیـەکانی بـەزینەکە. چـونکە لـە هـەموو گۆشە و کون و کەلەبەرەکانی ڕووسییەکان باسی ئەو بەزینەیان دەکرد.

تـا ئـەوە بـوو، گەیشـتنە ئـەم ئەنجامـە،"پیسـی و رسـوایی نـەمساییەکان و، پـاشقول گرتنیـان. دەسـتەبەر نـەکردنی ئـازووقە و خراپیـی خۆراکـەکانی سـوپا. ناپـاکی کردنـی برزیبیسزۆکیی پۆلۆنی و لانگیرۆنی فەرەنسی. دەستەوسانی کۆتوزۆڤ لە ئاستی تەگەرەو تـەنگو چەڵەمـەکانی شـەڕدا. لەگەڵ هـەرزەکاری و، تـەمەنی کـەمی ئیمپراتـۆر و، کـەمیی ئەزموونەکانی. ئەمەیش بووە هۆی ئەوەی پشت بە کەسانێکی خوێڕی و، هیچ لەبارانەبوو ببەستریت.

لە هەمان کاتدا هاوڵاتیان لە سەر ئـەوەیش کۆک بوون، کە سوپای ڕووس، زۆر شیاو و بەڕێزیسـیارانە، بـە ئەرکـەکانی خۆیـان هەسـتابوون و، قوربـانیی زۆریشـیان داوە و، پـاڵەوانانە جـەنگاون. پاڵـەوانی پاڵـەوانانیش باگراسـیۆن بـووە. ئـەو پیـاوەی دوای شـەڕی

شوپنگرابن و، پاشەکشەکەی لە ئۆستەرلیتز، پاڵەوانێتیەکەی دەنگی دایەوە. چونکە توانیی فەیلەقەکەی رێک بخاتەوە و، خۆڕاگر بێت بەرامبەر ئەو سوپای دوژمنەی کە ژمارەیان دوو هێندەی سوپاکەی ئەم بوو. هەر ئەمەیش بوو وایکرد کە مۆسکۆڤییەکان ئەو پاگراسیۆنە بە پاڵەوانترینی پاڵەوانان دابنێن. ئاخر چۆن دەبێت سەرکەوتنی ئەم لە کەمتەرخەمیی کۆتوزۆڤ باشتر نەبێت!؟

ئەم سفرە و خوانەیش بۆ ئەو پاڵەوانە بوو و، بۆ ئەوەی کە مۆسکۆڤییەکان، ئەو پاڵەوانە لە بیر کراوە، جارێکی دی بناسنەوە. ئاخۆ ئەمەیان لە هەمان کاتیشدا، رسوا کردنێکیش نابێت، بۆ کۆتوزۆف؟

شینشینی زمان درێژیش کاوێژی بەم وتەیەی قۆلتێر دەکردەوە،"گەر ئەم پاگراسیۆنەمان نەبوایە. . . پاگراسیۆنێکی ترمان دەدۆزییەوە!"

بەڵام لە بارەی کۆتوزۆفەوە، کەس هیچی نەدەگوت. خۆ ئەگەر ناویشی بهێنرایە، ئەوا بە چرپە زەمیان دەکرد و، بە رسوا و هەڵەشە، ناویان دەبرد و ناویان نابوو:پیاوە راڕاکەی دەربار!

مۆسکۆییەکان هەمیشە وتە بە ناوبانگەکەی دۆلگۆرۆکۆڤیان دەوتەوە، کە وتبووی:

"خەڵکی بە شتێکەوە دەلکێن، کە خۆی لە خۆیدا:لینج و راکێش بێت! بریتی بەزینەکانیش تەنیا بە بیرهێنانەوەی، سەرکەوتنەکانی پێشوو ساڕێژ دەبنەوە!"

هەروەها وتەی رۆستۆپتسینیش کە وتبووی،"سەربازە فەڕەنسییەکان بە قسەی قەبە و هەڵنان نەبێت، ناچنە گۆڕەپانی شەڕەوە! بەڵام سەربازە ئەڵمانیەکان بە هۆکارە مەنتقییەکان! بۆیە لە سەرکردە سەربازییەکانیان دەخوازن، بۆیان بسەلمێنن کە هەڵاتن لە بەرەنگاربوونەوە ترسناکترە، ئەو کات شەڕ دەکەن! بەڵام سەربازە ڕووسییەکان بە پێچەوانەوە! داوا لە سەرکردەکانیان دەکەن:ڕێک بخرێنەوە و، ئارامییان بۆ بگێڕنەوە، تاکو بجەنگن.

یەکێکیان ئالایەکی رزگار کردووە و، ئەوی تر، پێنج فەڕەنسیی کوشتووە! سێیەمیشیان، هێندە پاڵەوان بووە، لە یەک کاتدا سێ تۆپی بەکار بردووە! هەندێکی دی لە خەڵکەکە، دەیانووت:**دەستی ڕاستمان بریندار بووە و، بە دەستی چەپ شمشێرمان بەکار هێناوە و، لە ژێر رێژنەی گوللەدا، بەرەو پێش چووین و جەنگاوین!** بەڵام کەس باسی ئاندریەی نەدەکرد. تەنیا دڵسۆزەکانی خەمی جوانەمەرگ بوونی ئەو، یان خەمی ژنە دووگیانەکەی ئەویان بوو! کە دەبوایە لە سایەی ئەو خەزووڕە مێشک چەقبەستووەدا ساواکەی لە دایک ببوایە!!

بەشی سێ
خوانەکەی یانەی ئینگلیزی

ڕۆژی (٣)ی ئازار، ژووڕەکانی یانەی ئینگلیزی، جمەی دەهات. ئەندامانی یانەکە و میوانان ـ کە هەندێکیان بارۆکەیان لەسەردا بوو ـ خۆیان گۆڕی بوو و هاتووچۆیان بوو. هەندێک بە پێوە و، هەندێکیان دانیشتبوون و، هەر لە پۆلە هەنگی بەهاران دەچوون.

لە دەروازەی دەرەوەیش، خزمەتکارە پێ بە گۆرەوی و، دەست بە دەستکێشی خوری و، جل وبەرگی سوورەوە، وەستابوون و، چاودێریی میوانەکانیان دەکرد و، ئامادەی بەجێهێنانی فەرمانەکانیان بوون.

میوانانیش کە زۆرینەیان، کەسانێکی پەنجە ئەستووری تێکسمڕاوی بە تەمەنی تەندروست و، بە جوولّە و وتووێژ دامەزراو بوون. هەر یەکەیان وەکوو پاشا لە جێی دیاریکراوی خۆی، دانیشتبوو. سەریان کردبوو بە یەکدا و دەدوان.

چەند میوانێکی کەمی ناوەختیش گەنج بوون. ئەوانیش وەکوو دینسۆف و ڕۆستۆف و، ئەو دۆلۆخۆڤەی کە تازە بە تازە، بوو بووە ئەفسەر، لە فەیلەقەکەی سیمینۆفسکییدا.

لە ڕوخسارە فێلّاوییەکانیاندا، بە ڕوونی لاقرتێ کردن بەو پیرانە دەخوێنرایەوە و، وەکو ئەوە وابوو پێیان بڵێن:

ئەو ڕێزلێنانەی ئێوە دەتانەوێت، لای ئێمە دەست ناکەوێت! نە ئەو هەڵسوکەوتەیش کە چاوەڕێی دەکەن، لە ئێمە! بیریشتان دەخەینەوە، کە داهاتوو هی ئێمەیە!

نیستیفسکییش که ئەندامێکی کارای یانەکە بوو، لەم کۆڕەدا بوو. پییەریش کە بۆ رازی کردنی ژنەکەی دەستبەرداری چاویلکەکەی بوو بوو، کەوتبووە بەر سەرنج و ورتە ورتی میوانان و، بەو ماستاو کردن و خۆ نزیک کردنەوەیەی میوانان، کە هەمیشە چاوەڕێی دەستی ئەو بوون و، ئەویش بەو لووتبەرزیەی خۆی راهاتبوو. هەرچەند تەمەن هەرزەکاریی، پێ بەخشی بوو. بەڵام سامانی زۆرو رەفتار کردنی وەکوو کەسێتییەکی ناسراو و ئەتەکێتە باوەکانی. . . پیر بوونی بۆ دەستەبەر کردبوو! بۆیە ئەو داماوە، لە نێوان ئەو دوو بەرەیەدا بازبازێنی بوو.

ئەو شەوە میوانان، بە دەوری چەند کەسێکی ناسراودا، کۆ بووبوونەوە و، گوێیان بۆ هەواڵەکانیان شل کردبوو. "ڕۆستۆبتشین" و ناریشکین و ڤالرییڤ، لە هەمووان فرەتر ئاپووڕە درابوون. "ڕۆستۆبتشین[1]"یش لەسەر ئەوە سوور بوو، کە سەربازە ڕووسییەکان سەرسام بوون بە هەڵاتنی کتوپڕیی نەمساییەکان! تەنانەت زۆر بەگرانیش دەیانتوانی درێان پێ بدەن و، ڕێ بۆ خۆیان بکەنەوە! "ڤالوییڤ"یش بە نهێنی قسەی لەوە دەکرد، کە "ئۆڤارۆڤ" لە شاری پیترزبۆرگەوە، تەتەری نارد بوو بۆ نێو مۆسکۆڤییەکان تاکوو هەواڵی ئۆستەرلیتزی بۆ بێتنەوە. ناریشکینیش یادەوەریی ئەنجومەنی سۆڤۆرۆڤی سەربازیی، وەبیر دەوروبەری دەهێناوە شینشینیش گوێی گرتبوو.

بەڵام لە ناکاو هەستی کرد، کاتی زمان درێژییەکەیەتی و وتی،"هەرچەند لاسایی کردنەوەی کەڵەشیر، کارێکی گران نییە، بەڵام پێدەچێت کۆتۆزۆڤ قووقەی کەڵەشێریش، لە سۆڤۆرۆفەوە فێر نەبووبێت!

پیرەکانی دەوروبەری بە رق و کینەوە، سەیری ئەو قێزەونەیان کرد.

کۆنت ئیلیا ئاندرۆییتش ڕۆستۆڤیش، ماندووانە پێڵاوە نەرمەکانی بە ژووری نانخواردندا، بەرەو هۆڵەکە بەکێش کرد و، سڵاوی لە خاس و خراپیان کرد. چاوانی پێدا گێڕان و، زۆربەیانی دەناسی و، جاروبارێک چاوانی بە کێژۆڵەیەکی جوانەوە دەگیرسانەوە و، چاوێکی لێ دادەگرت.

ڕۆستۆڤی لاو- واتە کوڕەکەی - لە دەرگای ژووڕێکدا قسەی لەگەڵ دۆلۆخۆڤی هاوڕێی نوێی دەکرد.

کۆنت خۆی گەیاندە دۆلۆخۆڤ و پێی وت،"خۆشحاڵم بە هاتنت. تۆ هاوڕێی کوڕەکەی منیت و، وەکوو ئەو پاڵەوانیت. "

پیرەمێردێک بە لایاندا تێپەڕی و بەویشی وت،"ئای ڤاسیلی ئینیاتیتش چۆنیت ئازیزەکەم؟"

---

[1] ــ ڕۆستۆبشین:سیاسەتمەدارێکی ڕووسی بەناوبانگ بوو. (١٨١٢)حاکمی مۆسکۆ بوو و بەر لە هاتنە ناوەوەی سوپای فەرەنسی شاری مۆسکۆی سوتاند.

قسەکانی لە نێو ژاوەژاوی هۆڵەکەدا بزر بوو.

خزمەتکارێکیش بە هاوار هاوار هاتو وتی،"ئەوە خۆیەتی! گەیشت!"

دەنگی زەنگ و ترپەی پێی خەڵکەکە، لەو هۆڵەدا تێکەڵ بە یەک بوون. ئەندامانی لیژنە و خەڵکەکە، بەرەو دەرگا و تارمەی هۆڵەکە بوونەوە و، وەکوو گەنمی ڕژاوی، بە گەسک کۆکراوەیان لێهات.

پاگراسیۆن لەدالانەکەوە دەرکەوت و، بە ڕێ و ڕەسمی یانەکە، خزمەتکاران شمشێر و شەپقەکەیان لێ وەرگرت. بەو شێوەیە نەبوو، کە جاری پێشوو و، پێش شەڕەکەی ئۆستەرلیتز.

سەری ڕووت و قەمچییەکی چەند تاڵە چەرمیی بە دەستەوە بوو، دیبووی! ئێستا بەرگێکی نوێی تەسک و تروسکی لەبەردایە و، سەرسنگی بە مەدالیای ڕووسی ڕازاوەتەوە. سەرو ڕوخساری دابووە دەست سەرتاشێک و، ئەویش جۆرێک تراشی بۆ کردبوو، شێوەی لاجانگەکانی لەگەڵ دەم وچاویدا نەدەهاتنەوە، چونکە سادەیی و نگین و کەسێتیی، لەگەڵ دیمەنەکەیدا پێچەوانەیەکی پێکەنینهێن بوو.

بە ڕێکەوت بیکلیشۆف و فیودار پیترۆڤیتش ئڤارۆڤیش، لە هەمان کاتدا، گەیشتن. لەبەر ئەوەی میوانەکە پاڵەوان بوو. لە سەری وەستان، تاکو پێشیان بکەوێت. پاڵەوان خەجاڵەتیی کێشا و، کەمێک وەستا. بەڵام دواتر پێشیان کەوت.

پاگراسیۆن بە کەمێک شڵەژاویەوە، خۆی کرد بە هۆڵەکەدا و، دەستەکانی خۆی لێ بووبوو، بە تەوق و، نەیدەزانی چییان لێ بکات؟ ئەو ڕاهاتبوو، لە شەڕەکەی شوپنگرابندا پێشڕەویی فەیلەقی کۆرسکی کرد بوو، لەو زەوییە وەردە قەڕاوەدا بڕوات، بەڵام نەیدەزانی لەو ڕاڕەوەدا بڕوات! کەچی ڕۆیشتنی نێو ئەو هۆڵەی پێ سەخت بوو!

دەستەی بەڕێوەبەرێتی یانەکە، بۆ پێشوازیی لە بەردەرگا وەستابوون. پاگراسۆنیان بەخێر هێنا، بێ ئەوەی چاوەڕێی وەڵامی ئەو بن. چواردەوریان گرت و بەرەو هۆڵەکەیان برد. هۆڵەکەیش هێندە سیخناخ بوو، میوانان بە زەحمەت دەیانتوانی بچنە ژوورەوە. وا چاویان بە میوانەکەدا داپچڕی بوو، دەتووت سەیری ئاژەڵێکی نامۆ دەکەن! بە قاقالێدانەکەیدا دیار بوو، کە لە هەموویشیان دڵخۆشتر ئەو کۆنت ئیلیا ئاندرییتشە بوو.

کۆنت دڕی بە خەڵکەکە دا و، ڕێی بۆ خۆی کردەوە و، لەبەر خۆیەوە دەیووت،"ڕێم بکەن. . . ئازیزەکانم! ڕێم بدەن با بڕۆم."

تا ئەوەبوو توانیی میوانە پاڵەوانەکە، بگەیەنێتە هۆڵەکە و، لە نێوان بیکلیشۆف و ئۆڤارۆڤدا و، لەسەر کورسییەک دایناِ. دیسان دڕی بە خەڵکەکە دایەوە و، لە هۆڵەکە چووە دەرەوە و، دوای کەمێک گەڕایەوە و، یەکێک لە ئەندامانی بەڕێوەبەرێتی یانەکەی لەگەڵ خۆی هێنابوو و، سینیەکی زیوینی بە دەستەوە بوو و، سینیەکە پارچە شیعرێکی بە خەتی

جوان نوسراوی له سەر بوو و، پێشکەش به پاڵەوان کرا. ئەویش سەرنجێکی دا و، چاوانی گێڕا. وەکوو ئەوەی داوای یارمەتی بکات تا به هانایەوە بچن. بەڵام ئەوان که سەرنجیان دەدا، وا دەردەکەوت که داوای لێ بکەن خۆی به دەستەوە بدات. ئەویش تونـد سینیەکەی لێ وەرگرتن و، چاوانی بڕیيە کۆنت. یەکێک به هانایەوە چوو و، سینیەکەی له دەست گرت و، ئەوی لەو کارە شڵەژێنەرە رزگار کرد.

وا چاوی بڕی بووە پارچە شیعرەکە، وەکوو ئەوەی به میوانان بڵێت:

بـاشە! باشە! خەڵکینە دەیخوێنمەوە.

بەڵام شیعردانەرەکە، کاغەزی شیعرەکەی قۆستەوە و، دەستی کردە خوێندنەوەی.

پاگراسیۆنیش که بەپێوە وەستابوو، دەستی سەردەست نـاو، سەری داخست و گوێی بۆ شیعرە پیاهەڵدانەکە شل کردبوو.

بـا نەمر بێت:سەدەی (ئەلکسەندەر) شا

"تیتۆس[1]"ی پاسەوانـی به ئاگای کورسیی شاهانە

سەرکردەی تۆقێنەر و هەم چاکەخـوازی مەزن

هەر وەکو لادێیە بۆ نیشتمان و قەیسەرە له شەڕدا

ئەوە چاکیی تۆیە ناپلیۆنی بەختیار

ڕووبەڕوو نابێتەوە . . .

هێشتا له خوێندنەوەی شیعرە پیاهەڵدانەکە نەبوو بووەوە، کە سەرکاری خزمەتکاران ڕایگەیاند،"خواردنی خاوەن شکۆی میوانی بەڕێز، ئامادەیە."

دەرگای ژووری نانخواردن، لەسەر سروودی نیشتمانیی بۆلۆنیز والا بوو. . .

دەرکـــەوە ئـــەی بـــروسکـــــەی سەرکـــەوتـــــن

ئەی ڕووسە ئازاکان ئێوەیش مل بدەنە بەختەوەری

کۆنـت ئیلیـا ئانـدریێش سـەرنجێکی شـاعیری ئـەم پیاهەڵدانـە خـەواڵووە و خوێنـەری شـیعرەکەیدا، کـە هێشـتا هـەمووی نەخوێندبووەوە و، هـەموو هەسـتان و بـەرەو ژووری سـفرە و خوانەکـە بوونـەوە. "بـە دڵنیاییـەوە میوانـان خوانەکـەیان پـێ بـە چێژتـر بـوو لـە شیعرەکە".

میـر پاگراسـیۆن لـە شـوێنی شـیاوی مێـزی خوانەکـە و، لـە نێـوان دوو ئەسـکەندەردا دانیشت. کە ئەلکسەندەر بیکلیشۆڤ و، ئەلکسەندەر ناریشکین بوون. کە ئەمە لە خۆیدا بۆ ڕێز لێنـان بـوو، لـە ئەلکسـەندەری ئیمپراتـۆر. هـەر (٣٠٠) میوانەکـەیش، بـە گـوێرەی پلـە و پایـەیان، کورسـیان بـۆ دیـاری کرابـوو. خـاوەن بـەرزتـرین پلـە و پـایەی کۆمەڵایـەتی، لـە نزیکترین کورسی له دەستەی بەڕێوەبـەرێتی یانەکەوە دانیشتبوو.

---

[1] ـ تیتۆس:کوڕی ئیمپراتۆری ڕۆمان بوو. دڵسۆزانە به خەمی گەلەکەی.

کەمێک پێش دەست دریژکردن بۆ خواردنەکە. کۆنت "ئیلیا ئاندرییتش" بە چەند ڕستەیەکی تێکەڵ و پێکەڵ، میوانانی کۆڕەکەی بە میر پاگراسیۆن ناساند و چاوانی بەخۆ نازینیشی بە نێو میواناندا گێڕا و، زۆریش دڵخۆش بوو، بەو کارەی.

نیکۆلا"ڕۆستۆڤ و دینسۆڤ، لەگەڵ دۆلۆخۆڤی هاوڕێی نوێیان، نزیک بە ناوەڕاستی مێزی خواردنەکەوە دانیشتبوون و، میر نیسڤیتسکی و پییەر بەرامبەریان بوون. کۆنت ئیلیا ئاندرییتش بە تەنیشت دەستەی بەڕێوەبەرێتیی یانەکەوە و، بەرامبەر پاگراسیۆنەوە دانیشتبوو. زۆر بە جوانی ڕۆڵی خانەخوێیەکی مۆسکۆڤیانەی بە ناوبانگی دەبینی. هەرچەند باشترین و بە چێژترین جۆری خواردنی ئامادەی مێزەکە کردبوو. بەڵام تا دەستکێشانەوەی میوانانیش لە خواردنەکان، ئەم هەر لە دڵەڕاوکێدا بوو. هەر خەریکی فەرماندان بوو، بە سەرکاری خزمەتکاران و، چێشتلێنەران بە چاو داگرتن و چرپاندن بە گوێیاندا. بە وردی چاودێریی ئامادە کردنی جۆرە جیاوازەکانی خواردنەکە بوو. خواردنەکانیش بێخەوش بوون.

هەر تەپەی تەپەدۆری سەری شووشە شەمپانیاکان و، پڕ کردنی پەرداخەکان بوو. هەرکە ماسییە سوورەوەکراوە گەورەکەیان هێنایە سەر مێزی خوانەکە، کۆنت ئیلیا ئاندرۆیتش لە خۆشیدا سوور هەڵگەڕا. ناحەقیشی نەبوو، چونکە ماسییەکە، هێندە گەورە بوو، سەرنجی هەمووانی ڕاکێشا!

کە لە خواردنەکە بوونەوە، کۆنت ئیلیا سەیرێکی دەستەی بەڕێوەبەرێتی کرد و، چرپانی بە گوێیاندا کە شتیەلێکی زۆر هەن، کە بە خۆشییانەوە پێک هەڵبدەین. کەوابوو وا چاکە، دەست پێ بکەین. هەستایە سەرپێ و، پێکەکەی بڵند کردەوە و میوانانیش بێدەنگ بوون.

بە چاوانی پڕ فرمێسکی سۆزەوە هاواری کرد:

ـ لە دروستیی ئیمپراتۆری خاوەن شکۆ. .

تیپی مۆسیقایش بە سروودی:"بە دەنگەوە بێن ئەی بروسکەکانی سەرکەوتن." دەستی پێ کرد و، نانخۆران هەموویان هەستانە سەرپێ و، بە یەک دەنگ هاواریان کرد:

هوورا. . . !!

پاگراسیۆنیش هەر وەکو ئەوەی، لە شەڕەکەی شوێنگرابندا بێت و، ئەوانی لەگەڵدا بێت. هاواری دەکرد. دەنگی بە سۆزی ڕۆستۆڤیش لە نێوانیاندا دیار بوو و فرمێسکەکانی چاوانی بۆ نەدەشاردرایەوە.

ئەویش هاواری کرد:

بە دروستیی ئیمپراتۆر! هوورا!

پێکەکەی هەڵدا و پەرداخەی دا بە زەویدا و، شکاندی. ئامادەبووانیش بە شێوەی ئەویان کردو، بە جۆرێکی وا هاواریان کرد، هۆڵەکە دەنگی دایەوە. میوانان ڕوو بە

زەردەخەنەوە دانیشتنەوە و، کەوتنەوە قسە کردن و، خزمەتکارانیش دوای کپ بوونەوەی ئەوان، پارچەکانی پەرداخە شکاوەکانیان کۆ کردەوە.

جارێکی دی کۆنت هەستایەوە و پارچە کاغەزێکی تەنیشت قاپەکەی هەڵگرتو نەڕاندی:

لە چاوی پاڵەوانی دوادواین هێرشمان:بیوتەر ئیڤانۆڤیتش پاگراسیۆن!!

برژانگەکانیشی تەڕی فرمێسکەکانی بوو.

سێ سەد گەرووپش، پێکەوە هاواریان کرد:

هوورا!

پاشان گۆرانیبێژان دەستیان کرد بە وتنی ئەو سروودەی، کە شیعرەکەی، باڵۆڵ ئیڤانۆڤیتش کۆتۆزۆڤ، خاوەنی بوو.

بەربەستەکان چییان بۆ دەکرێت لە بەرامبەر ڕووسدا؟

ئازایەتییان پێشەکییە بۆ سەرکەوتن.

با چەند کەسێکی وەک پاگراسیۆنمان هەبێت دەبینن کەسانێکی فرە لە دوایەوە دەبن!

گۆرانیبێژان لەم سروودە بوونەوە. هەریەکە و، لای خۆیەوە لە چاوی بۆەوی تر دەیانخواردەوە. تا دەهات کۆنت ئیلیا ئاندرییتشیش زیاتر دەهەژا و، پەرداخێکی زۆر شکێنران و، لە چاوانی بیکلیشۆڤ و ناریشکین و، ئۆڤارۆڤ و، دۆلگۆرۆڤ و ئەبراکسین و، ڤالوییڤ و، دەستەی بەڕێوەبەرێتی شەراب خورایەوە.

لە چاوی کۆنت ئیلیا ئاندرییتشیش خواردیانەوە و، ئەویش زۆرتر هەژا و فرمێسکەکانی دادەوەرین و، بە دەستەسڕەکەی چاوانی دەسڕییەوە.

بەشی چوار
مکوور بوون

پییەر کە بەرامبەر نیکۆلا ڕۆستۆڤ و، دۆلۆخۆڤ دانیشتبوو، وەکوو جارانی بە تاسووقەوە، پاروویی دەگلاند و، بە دواید شەرابی هەڵدەدا. ناسیاوەکانیشی بۆیان دەرکەوت بوو، کە زۆر گۆڕدراوە. لەکاتی نانخواردنیدا بیدەنگانە چاوە کورتبینەکانی دەگێڕا و، ناوە ناوە لووتی دەخوراند. ڕوو گرژ و، هەر لە یەک بیرۆکەدا سەرە گێژەی بوو و، ئەویش گومان بوو. وای لێهاتبوو کە دەوروبەرەکەی خۆیشی بە باشی نەدەبینی و گوێی لێیان نەبوو.

ئەو گومان پەیدا کردنەیشی، بە هۆی قسەی لابەلای خاتوونێکی مەکربازەوە بوو، بە ئاگای هێنابووەوە و، گومانی لا دروست کردبوو. نامە گێلانەکەی ئەو بەیانیەش هێندەی دی گومانەکەی چەسپاند، بە تایبەتی لەو کاتەوەی گەیشت بووەوە مۆسکۆ، کە نووسەرەکەی بە لاقرتیوە نووسیبووی. . .

"بە هۆی کورتبینیەکەتەوە و، لابردنی چاویلکەکەت بێئاگایت لە پەیوەندیی توند و تۆڵی نێوان ژنەکەت و دۆلۆخۆڤ. ئەگەرنا مەگەر گێلەکان لەو پەیوەندییە بێئاگابن!"

بۆیەیش هەر کە دۆلۆخۆڤی لە بەرامبەری خۆیدا دەبینی، بێزار دەبوو. هەر کە چاوە جوانەکانی ئەوی دەبینی، گێژەڵووکەیەک لە دەروونیدا هەڵی دەکرد و، ڕووی لێ وەردەگێڕا. ڕابردووی هیلین و شێوەی هەڵسوکەوتی ئەو، لەگەڵ دۆلۆخۆڤ وای دەکرد، کە ئەوەی بیستبووی بە راستی بزانێت. گەڕانەوەی دۆلۆخۆڤی بۆ پێترزبۆرگ و، پەنادانەکەی و، تەنانەت قەرز پێدانەکە و، رابردووە پڕ سەرەڕۆییەکەیی و، دیمەنی

زەردەخـەنەکانی هیلینـی بیـر هاتـەوە، لـە کـاتی گفتوگـۆ کـردن لەگەڵیـدا. رقـی لـە خـۆی دەبـووەوە. بـەوەی کـە میـوانێکی نالـەباری وەکـوو ئـەوی بردووەتـە مـاڵی خـۆی. هـەروەها زمانە لاقرتی ئامێزەکەی ئەو کاتەی، کە پیرۆزبایی جوانی و قەشەنگیی ژنەکەیی لێ دەکرد. ئەوەیشی هاتەوە بیر، کە لەو کاتەوە خۆی و ژنەکەی، لێک دانەبڕاون.

لـە دڵـی خۆیـدا وتی،"بێگومـان ئـەو گـەنجێکی زۆر قـۆزە و، خۆیشـم چـاکی دەناسـم. تـەگبیری بـەرژەوەندییەکانی ئەویشم زۆر کردووە و، پەنایشـم داوە و، یارمەتیشـم داوە. دیارە رێیشم بۆ خۆش کردووە، کە ناوم بزڕێنێت و، ناوم پۆخڵا بکات. لەبەر ئـەوە ناپاکی کردنەکەی کاریگەریی زۆرترە. ئەگـەر ناپاکی کردنەکـەی ڕاست بێت. . . بـەڵام. . . نـەخێر، بڕوا ناکەم ئەمە ڕاست بێت! بۆم نییە بڕوا بکەم! گۆڕ وایە هـەر زوو بڕوا نەکەم."

لەو کاتەدا ڕووە مۆنەکەی دۆڵۆخۆڤی بیر کەوتـەوە. ئـەو دەمـەی ورچەکـەی بەست بـە پشتی پۆلیسەکەوە و، فڕێیدایە ئاوەکەوە. یان ئـەو ڕۆژەی کە میوانەکەی تووڕە کرد و، پێی وت:**وەرە بەرامبەرم بـا شـەڕە شـیر بکـەین.** کـە هـیچ پێویسـتیی بـەوە نـەدەکرد. یـان ئـەو جارەی کە ئەسپی تەتەرەکەی بە فیشەکی غەدارەکەی دەستی کوشت.

لـە ناکـاو سـەرنجە ڕنـدانـەکەی دۆڵۆخـۆڤی بیـر کەوتـەوە و، بـە خـۆیی وت،"بـەڵێ دۆڵۆخـۆف چێـژ لـە کوشـت و بـڕ وەردەگرێـت! گـەر پیـاویش بکوژێـت دوایـی پەشـیمان نابێتـەوە، لـەو کـارەی!! بگـرە پێیشـی وایـە، کـە خـەڵکی لێی دەترسـن و بەمـەیش دڵخۆشـە! بێگومان وا دەزانێت منیش لێی دەترسم! هـا. . خـۆ ئەگـەر وایش بیر بکاتـەوە، بـە هەڵـەدا نەچووە!!" دیسـان گێژەڵووکەیـەکی ڕووخێنـەر، لـە هەناویـدا بـەرپـابوو. دۆڵۆخـۆڤیش لەگـەڵ دینسـۆڤ و ڕۆستۆڤدا، لـە سـوعبەت و قسـەکردندا بـوو. بـە دوو هاوڕێکەیشـیەوە دەنـازی، بەوەی یەکێکیان سـوارەیەکی ئازا و، ئـەویتریان سـەربازێکی بـە توانا بـوو. جاروبـارێکیش سـەیری پیـیـەری کەتـە و ڕوو گـرژی سـەرنجڕاکێشـی دەکـرد. هـۆی ڕق و کینـەی ئـەو سەربازە لاوە، بە لای کەسەوە شاراوە نەبوو. چونکە پیـەر شارۆیـیەکی زۆر دەوڵەمەند و، خاوەن ژنێکی زۆر جـوان بوو.

بـە کورتییەکـەی، ئـەو پیـیـەرە پیـاوێکی بوودەڵـە بـوو. لـە لایـەکی تریشـەوە وەڵامـی سڵاوەکەی ئـەوی نەدابووەوە. وەکوو ئەوەی هەر نەیشی ناسیبێت.

کـاتی خواردنـەوە هـات و پیـرە کۆنـت داوای لـە میوانـان کـرد، لـە چـاوی دروسـتیی ئیمپراتۆر بخۆنەوە. پیـەر لە دنیای ئەندێشەی خۆیدا، وا نقووم بـوو بـوو، نـە هەسـتا و، نـە پێکەکەی هەڵبڕی.

ڕۆسـتۆڤیش لـە لـووتی دا و پێـی وت،"ئـەوە چـی دەکـەیت!؟ نـا بیسـتیت کـە لـە چـاوی دروستیی ئیمپراتۆر دەخۆنەوە؟"

پیـیـەر بـە ئاگـا هاتـەوە و، لـەو کاتـەدا خەڵکەکـە، خـەریک بـوون دابنیشـنەوە، هەسـتا و، پێکەکەی هەڵـدا و، خێرا لەگەڵیاندا دانیشتەوە.

به زەردە خەنەیەکی بێماناوە، بە ڕۆستۆڤی وت،"خۆ من نایشتناسم!"

بەڵام ڕۆستۆڤ هێندە بە هوتافکێشانەکەیەوە لەگەڵ میوانان هەژابوو، هەر ئاگایشی لە پییەر نەمابوو.

بۆیە دینسۆڤ پێی وت،"بۆچی خۆتی پێ ناناسێنیتەوە؟"

ڕۆستۆڤیش لە وەڵامیدا وتی،"خۆشیم نایەت لە ناسینی، ئەم گێڵە!"

دینسۆڤیش وەڵامی دایەوە،"بەڵام پێویستە پیاو سەرو دەروویی، لەگەڵ کەسانی خاوەن ژنی جوانیشدا هەبێت! هەرچەند پییەر لە قسەکەیان نەگەیشت. بەڵام زانیی باسی ئەو دەکەن و، سوور هەڵگەڕا و، ڕووی لێ وەرگێڕان.

دۆلۆخۆڤیش بە هەردوکیانی وت،"با لە چاوی ژنانی جوان بخۆینەوە.

پاشان هەستا و، ڕووی کردە پییەر و وتی،"بیترۆشا. . . لە چاوی ژنانی جوان و دۆستەکانیان!"

پییەر چاوانی داخست و بێ ئەوەی سەیری دۆلۆخۆڤ بکات پێکەکەی هەڵدا.

خزمەتکارێک هات و کۆپیی ئەو شیعرە پیاهەڵدانەی کە بەسەر پاگراسیۆندا بوو، بەسەر کەسە ناودارەکانی نێو میوانەکاندا دابەش کرد و دانەیەکیشی لە بەردەم پییەردا دانا. پییەر دەستی بۆ درێژ کرد و، دۆلۆخۆڤ لە دەستی سەند و، کەوتە خوێندنەوەی. ئەویش سەیرێکی کرد و، دیسان گێژەڵووکەکەی دەروونی هەڵی کردەوە.

خۆی بە سەر مێزەکەدا درێژ کرد و شیراندی،"ئەو کاغەزانە بخەوە شوێنی خۆی. . .."

نیستیڤسکی شڵەژا و، وێستی بارەکە راست بکاتەوە و، هاورێکەی تری دۆلۆخۆڤ بەهانایانەوە چوو.

بە هەردوکیان وتیان،"ئارام ببەوە! ئەوە چییە؟"

دۆلۆخۆڤ بە ڕەوانییەکەی خۆی و، بزەیەکی تونەوە، سەرنجێکی پییەری دا وەکوو ئەوەی بیەوێت بڵێت،"ئای! ئەی!! من لەم کارەم پەشیمان نیم!"

بە دەنگی بەرز بە پییەریشی وت،"نەخێر! ناتدەمەوە.

پییەر ڕەش داگەڕا و، کەوتە لێوە لەرە و کاغەزەکانی لە چنگ دەرهێنا.

شیراندیشی بە سەریدا،"ئای کە گیانلەبەرێکی ڕسوایت! من و تۆ و، سبەینێ و ڕوو بە ڕوو بوونەوە لە باخی ڤۆکۆنیە.

کورسییەکەی بۆ دواوە پاڵدا و، مێزەکەی جێهێشت. وایش بۆی چوو، کە بەم ڕەفتارەی کێشەی ژنەکەی و دڵەڕاوکێی (٢٤) سەعاتەی یەکلا کردووەتەوە. بۆ هەتایش لە ژنەکەی جیابووەتەوە! ئەم کارەی خۆیشی بەباش زانی.

هەرچەند دینسۆڤ سەرکۆنەی دۆلۆخۆڤی کرد، بۆ ئەو ڕەفتارەی. کەچی ڕۆستۆڤ پشتگیریی ڕۆستۆڤی کرد.

که ئاهەنگەکە کۆتابوو، پیرەر بەرەو ماڵ بووەوە. بەڵام ڕۆستۆف و دینسۆف، بە دەم دەمەتەقێوە، مانەوە و گوێدێری گۆرانیی بووەیهیمی و، گۆرانیبێژەکانی سەر بە سوپا بوون. دواتر لە دەروازەی یانەکە، لێک جیابوونەوە.

دۆلۆخۆف پێی وتن،"خوا حافیز، تاکو سبەینێ و، یەکگرتنەوەمان لە باخی ڤۆکۆنیە."

ڕۆستۆف لێی پرسی،"ئێستا ئارام بوویتەوە؟"

دۆلۆخۆڤیش هەڵگەڕایەوە و وتی،"گوێ بگرە هاوڕێ. . . بە دوو وشە نهێنی زۆران و شەڕە شیرەکەت بۆ دەردەخەم. ئەگەر ئێوارەی دوێنێ بچوویتایە بۆ ئەو بەرەنگار بوونەوەیە، ئەوە دەبوو وەسیەتنامە و، چەندین نامەی سۆزاویت بۆ خزمانت بنووسیایە! ئەمە گەر بهاتایە و گریمانی ئەوەت دابنایە، کە لەبەرەنگار بوونەوەدا لەگەڵ دوژمنەکەت بریندار دەبوویت یان دەکوژرایت. وەکو ئەو گێلەت لێ دەهات کە بە دەستی خۆی گۆڕی بۆ خۆی هەڵکەندا! بەڵام گەر بە پێچەوانەوە بیرت کردەوە، کە بە زووترین کات دوژمنەکەت دەکوژیت. ئەوا:گریمانەکەت دێتەدی. ڕاوچییانی ورچ، لە "کۆستڕۆما" ئەم بۆچوونە لە نێوانیاندا باوە. هەر کە درندەکە، دەردەکەوێت خوا خوای ئەوەیانە بەرەو ڕوویان بێت. ئێستا منیش هەر ئەو خوا خوایەمە! ئیدی ئێمە و ئێوە و، سبەینێ . . . ئازیزەکەم."

بەیانیی ڕۆژی دواتر پیرەر و نیستیڤسکی گەیشتنە باخی ڤۆکۆنیە و، دۆلۆخۆف و دینسۆف و ڕۆستۆف، لەچاوەڕوانی ئەودا بوون و، لە تیشکێکی بەرامبەر دەچوون. پیرەر ئەو شەوە نەنووست بوو و، هەر بیری لەم کارەی خۆی، کردبووەوە. تەنیا بیری لە دوو شت کردبووەوە. تاوانبار کردنی ژنەکەی بوو، ئەویش دوای بیرکردنەوەیەکی قووڵ، گەیشتبووە ئەو بڕیارەی کە دۆلۆخۆف بێتاوانە!! وایشی دانابوو دۆلۆخۆف سەنگێکی ئەوتۆی نییە، تاکو تۆڵەی شەرەفی لێ بکاتەوە.

لە دڵی خۆیدا وتبووی،"دۆلۆخۆف بێتاوانە! ئاخر گەر منیش لە جێی ئەو بوومایە، داخۆ هەر بەو جۆرە ڕەفتارم نەدەکرد!؟ بێگومان منیش بوومایە، هەر وام دەکرد. کەوابوو هیچ پێویست بەم شەڕە شیر و هێنان و بردنە ناکات! پێویست بە کوشتن ناکات. من ئەو بکوژم! یان ئەو من بریندار بکات! ئیدی یان سەرم یان ئەژنۆم. . . چوون یەکە!"

کە ئامادەیش بوو، بیری لە خۆی دەکردەوە و، لە دڵی خۆیدا دەیوت:چی دەبێت گەر خۆم، لەم شەڕەشیرە، بدزمەوە؟"

پاشان بە خەمساردی و، دەنگێکی دلێرەوە پرسیی،"ئاخۆ ئێمە، ئامادەی شەڕەشیرەکەین!؟

ئامادەبووانیش ساچمەزەنەکانیان داگرتەوە. چەند شمشێرێکیان لە بەفرەکە دا شمشێرێکیان بۆ دیاری کردنی سنووری گۆڕەپانەکە چەقاند.

نیستڤسکی لە پیرەر نزیک بووەوە و پێی وت،"پێم وایە ناپاکیت لەگەڵ دەکەم، گەر پێت

نەڵێم ـ بە تایبەتی لەم کاتە ناسکەدا ـ کە ئەم زۆرانبازی و شەڕەشیرەت، لەجێی خۆیدا نییە و، هۆیەکی گرنگ نییە پاڵت پێوە بنێت، تاکو گیانی خۆت بەم شێوەیە بخەیتە مەترسییەوە. کێشەکەیش ناهێنێت خوێنی تێدا بڕژێت. تۆ هەڵەیت و، ئەمەی دەیکەیت راست نیە و، هەڵچوونێکە و بەس!"

پیرەڕیش پشتگیری کرد و وتی،"بەڵێ منیش بە کارێکی هیچ پووچی دەزانم!"

پاشان نیسفنسکی وتی،"کەوابوو ڕێم بدە، بە ناوی تۆوە، داوای لێبووردن بکەم. لێم ڕوونە کە دوژمنەکەی بەرامبەریشت، قسەکەت پەسەند دەکات. ئەوەیشت بیر بێت هێندە کەسێکی لەبارە، کە دڵان بە هەڵەکانی خۆیدا دەنێت. خۆ نە سووکایەتیتان بە یەک کردووە و، نە هیچ. ڕێم بدە با دانووسانی لەگەڵ بکەم."

نیسفێتسکی وەکوو کەسێکی پسپۆڕی زۆرانبازی کەوتە بەینیانەوە. بەڵام سەری سوڕما. کە پیرەری بینی هاوار دەکات:**نەخێر ئەمەی تۆ دەیڵێیت بێسوودە و، گرنگ نییە! دەی ئامادەن؟ پێم بڵێن لە کوێوە ساچمەزەنەکەم قەرەوڵا بدەم و بیتەقێنم؟**

زەردەخەنەیەکیش لە سەر لێوانی بوو. ساچمەزەنەکەی هەڵگرت و بێئەوەی دان بەوەدا بنێت کە هەرگیز چەکی بەکار نەهێناوە. بۆیە لە دەوروبەرەکەی پرسی کە ساچمەزەنەکەی دەستی:چۆن دەتەقێت!؟

پاشان خۆی تێک نەدا و وتی،"ئێ ئێ! ئێستا بیرم کەوتەوە، کە چۆن چۆنی دەتەقێت!"

لەولایشەوە هاوڕێی دوژمنەکەی بەرامبەری، داوای لە "دۆلۆخۆف" دەکرد کە ئەم شەڕی بەرامبەرێنە نەکات و، داوای لێبووردن بکات.

بەڵام دۆلۆخۆف هاواری کرد،"نەخێر شتی وا نییە! داوای لێبووردنیش ناکەم!!"

پاشان ئەویش بەرەو شوێنی دیاریکراوی خۆی بووەوە و، خۆی ئامادەی ڕوو بە ڕوو بوونەوەکە کرد.

درێژیی گۆڕەپانەکەیان (٨٠) هەنگاوێک لە ڕێگای دارستانەکەوە دوور بوو و، هەردوکیان گالیسکەی خلیسکێنەکەی خۆیان لەوێ جێهێشت بوو.

ئەو ساڵەیش کاتی توانەوەی بەفر زووتر هات بووە پێشەوە. هەردوو دوژمنە سەرسەختەکەی یەک، لە گۆڕەپانەکەدا بەرامبەر یەک وەستان و، نێوانیان هەر (٤٠) هەنگاوێک دەبوو. جێ پێی ئامادەبووانیش، بەسەر بەفرە فشۆڵەکەوە جێماببوو. جێ پێی هەژمارکاری دووریی چل هەنگاوەکەی نێوانیشیان لەمسەر و، ئەوسەری گۆڕەپانکە و، لای هەردوو شمشێرە چەقیوەکەی، نیستیفسکی و، دینسۆڤ کۆتا دەبوو. تەم و مژەکەیش، هێندە چڕ بوو، کە مەودای بینین، بڕی چەند هەنگاوێک بەولاوە تر‌ەوەی، نەدەکرد. سێ خولەکێک دەبوو کە ئامادەکارییەکان کۆتا ببوو و، خەڵکەکەیش کپ و خاموش.

بەشی پێنج
بە گژا چوونەوە

دینسۆف هەردوکیانی بانگ کرد،"زۆر چاکە. . . دەی فەرموون."

پییەریش بە زەردەخەنەیەکەوە وتی،"دەی . . . فەرموو."

لەوە دەچوو کار لە کار ترازابێت و، کاتێک بۆ پەشیمان بوونەوە نەمابێت. کارەکە تۆقێنەر و، لە سنووری توانای دەوروبەر بۆ وەستاندنی ئەو بەرامبەرێنە، چوو بووە دەرەوە.

دینسۆف خۆی گەیاندە شوێنی دیارکراو بۆی و، هاواری کرد،"لەبەر ئەوەی دوو دوژمنەکە ڕێکنەکەوتن و ئاشت نەبوونەوە. وا منیش تاکو سێ دەژمێرم. دەبێت چەکەکانتان ئامادە بن و، لە شوێنی دیاریکراوی خۆتان بن."

پاشان بە دەنگی بەرز هاواری کرد:

یەک . . . دوو . . . سێ.

شوێنەکەی خۆی جێهێشت. هەر یەک لە بەرامبەرێنەکان، بۆیان هەبوو تەقە لەوی تر بکات و، کەوتنە ڕۆیشتن بەرەو ڕووی یەکتر و، هەر یەکەو، بە ڕچەی شکاوی سەر بەفرەکەدا و، ئەو شوێنپێیانەدا ڕۆیشتن، کە ئامادەکارانی گۆڕەپانەکە لەسەر بەفرەکە، جێیان هێشتبوو. تا لە یەکتر نزیک بوونایەتەوە، تارماییەکانیان لای یەکتر و، لە نێو تەم و مژەکەدا ڕوونتر دەبووەوە.

دۆلـۆخۆڤ لوولـەی سـاچمەزەنەکەی شـۆڕ و، چـاوانی شـینی بڕیبـووە پیـەر و، بـە ئـارامیی دەڕۆیشت.

پیـەریش وتـی،"کەوابوو هـەر کاتێک بمەوێت تـەقە بکەم:بـۆم هەیە. . . وانییە!؟"

هـەر کە ژمارە سێی، گـوێ لێ بوو، بە دەم ڕاکردنـەوە، لـە ڕێگەکـەی خـۆی لایدا. لـەوە دەچـوو، لـە ساچمەزەنـەکەی دەسـتی خـۆی تـرسابێت! چەکەکـەی بـە درێژیـی بـاسکی چەپـی ڕاکێشابوو و، بـاسکەکەی تریشی، لە پشتی خـۆی توند کردبـوو. ئـەوە پێچەوانـەی ڕێ و ڕەسمی شـەڕی بەرامبەرێنەکە بوو. پاشان سـەیرێکی پێیە چـەقیوەکانی خـۆی لـە نێو بەفرەکەدا کرد و، سـەیرێکی دۆلۆخۆڤی بەرامبـەری کرد و چۆن فێر کرابـوو، ئـاوا پەنجـەی لە پەلەپیتکەکە گیر کرد.

لەبـەر ئەوەی، چاوەڕوانی ئەو نـاڵە مـەزنەی تـەقینـەکەی خـۆی نـەدەکرد. هـەر کـە نـاڵە لەدەسـتییەوە هـات، لـە ترسـاندا کەوتـە ڕاکـردن! خەڵکەکـەیش چـاوەڕوانی تـەقەی دووەم بـوون. بـەڵام دەنگ نـەبوو!!

پیـەر وەستایەوە. تـەم و مژەکەیش، نـەیدەهێشت دوژمنەکەی خـۆی ببینێت. تـا لـە ناکاو دۆلـۆخۆڤی دوژمنـی خـۆی، لـە نێـو تـەم و مژەکـەدا پـەیدابوو! سـوور هەڵگـەڕابوو و، دەستێکی بە کەمەریەوە بوو و، بە دەستەکەی تری، ساچمەزەنـە لوولە شـۆڕەوەبووەکەی گرت بوو.

ڕۆستۆڤ بە ڕاکردن، بەرەو لای دۆلۆخۆڤ چوو و، چەند قسـەیەکی لەگەڵ کرد.

دۆلـۆخۆڤیش کـە دڵنـەکانی لـە یـەک توند کردبـوو وتی،"نـەخێر!! هێشتا شـەڕەکەمان دوایی نەهاتووە."

بـە دەم لەتردانـەوە چـەند هەنگـاوێکی تـر، هـاتە پێشـەوە و، لـە ناکـاو لـە تەنیشـت شمشێرێکی چەقیوەوە، کەوتە سـەر بەفرەکە! دەسـتە خوێنـاوییەکەی بـە بەرگەکـەی بـەری خـۆی سـڕی و، خـۆی بـە شمشـێرەکەدا هەڵـواسی و هەسـتایەوە. بـەڵام ڕەنگی سـوور هەڵگەڕابوو و، دەڵـەرزی.

زۆر بـە گران و بە گلمە گلم وتی،"ڕێ. . . ڕێ بدەن. . . . . "

پیـەر خەریک بوو، دەست بکاتە گریـان! بـە ڕاکردن بـەرەو ڕووی دۆلـۆخۆڤ چـوو و، بیری چووبووەوە، کە نابێت لە سنووری گۆڕەپانەکە بچێتە دەرەوە!

دۆلـۆخۆڤیش هـاواری کرد،"سنوور نەبەزێنیت!!"

پیـەر لـە هاوارەکـەی گەیشت و، لای شمشـێرە چەقیـوەکەی خۆیـدا وەسـتا. کـە هـەر هـەنگاوێک لـە دۆلـۆخۆڤـەوە دوور بـوو. دۆلۆخـۆڤیش سـەری کـرد بـە بەفرەکـەدا و، کـە دەریهێنایەوە، دەمی پڕ بوو لە بەفر! خۆی بە ناڕەحەت راست کردەوە و، خێـرا دانیشت و کەوتـە مژینی بـەفرەکەی نێو دەمی. لە چاوانیشیدا ڕق و کینەیەکی زۆر دەبینرا.

نیستفیتسکی ئامۆژگاریی پییەری کرد و وتی،"لەسەر لا بەرامبەری بووەستە و، خۆت بدە پەنا ساچمەزەنەکەت."

دینسۆڤیش هەر چەند دوژمنەکەی دۆلۆخۆڤیشی بینی بوو هاواری کرد:"ئای.خوایە گیان! کورە خۆت داشارە! خۆت بشارەوە!"

بەڵام پییەر، بە گەڵە بڵاو و، سنگە پانەکەیەوە، خۆی کردبووە، ئامانجی دۆلۆخۆڤ و، بە چاوێکی پڕ بەزەیی و، پەشیمانییەوە لێی دەڕوانی.

دینسۆڤ و ڕۆستۆڤ و، نیسڤیتسکی هەر کە گوێیان لە نالەی ساچمەزەن و، بە دوایدا هاوارێکی پرزە بڕاوانە بوو، چاوانیان نوقاند.

ئەوەیش هاواری دۆلۆخۆڤ بوو قیژاندی،"لێم نەدا و، ئامانجەکەم نەپێکا!!"

داڕووخاو لەپەو ڕوو کەوتەوە سەر بەفرەکە.

پییەریش هەردوو دەستی بەسەرییەوە گرت و، بەرەو سنەوبەرەکان بە دەم راکردنەوە هاواری دەکرد،"ئەمە زۆر قێزەونە! کارێکی ناشیرینە! مردن؟ ئەمانە رسواییە!"

نیستیڤیتسکی خۆی گەیاندێ و بردییەوە بۆ ماڵەوە.

ڕۆستۆڤ و دینسۆڤیش، پێکراوەکەیان هەڵگرت و، بردیان و لە نێو گالیسکەی خلیسکێنەکەدا دریژیان کرد. هەرچیشیان لێ بپرسیایە، وەڵامی نەدەدایەوە.

هەر کە خۆیان کردەوە بە شاری مۆسکۆدا، دۆلۆخۆڤ دەستی ڕۆستۆڤی توند گوشی و، چاوانیشی سۆزی لێدەباری و، لە کەسێکی دی دەچوو!

ڕۆستۆڤ کە بڕوای بە چاوانی خۆی نەدەکرد لێی پرسی،"باشە ئێستا چۆنیت؟"

ئەویش لە وەڵامیدا وتی،"زۆر خراپم! هەستیش بە بریندار بوون ناکەم. ئێستا ئێمە لە کوێین؟ لە نێو مۆسکۆ داین؟ هەرچیم بەسەر بێت، گوێی نادەمێ. بەڵام ئەی ئەو ژنە چی؟ ئاخر لە سوێی مندا، دەمرێت! من ئەوم کوشت و، هەرگیز بەرگەی ئەم کۆستە ناگرێت. هەرگیز. . . هەرگیز!"

ڕۆستۆڤیش لێی پرسی،"ئەو ژنە کێیە؟"

"دایکم. . . دایکم! ئەو فریشتەیەی، هەمیشە من کڕنووشی بۆ دەبەم."

سەرلەنوێ دەستی ڕۆستۆڤی گوشییەوە. کە ئارام بووەوە بۆ ڕۆستۆڤی ڕوون کردەوە کە لەگەڵ دایکیدا دەژی و، گەر بەم شێوەیە ببینێت، بەرگە ناگرێت و، دەمرێت. داوایشی لێکردن، کە پێش ئەوەی بیگەیەننەوە ماڵەوە، دایکی ئارام بکەنەوە و، نەهێڵن تووشی شۆک ببێت.

ڕۆستۆڤ ڕاسپێرییەکەی پەسەند کرد و، سەرسام بوو بەوەی، کە ئەم رسوایە هەر لەگەڵ دایکی دەژی! بۆچی هێندە حەزی بە کوشتن و خوێنڕشتنە!؟ خۆ ئەمە لە مۆسکۆ و، لەگەڵ دایکی و خوشکەکە قەموورەکەیدا دەژی.

بەشی شەش
هەڵچوونەکەی پییەر

لێرەیش لە مۆسکۆ، هەمیشە پییەر مالّی بە میوان بوو. هەرگیز رێک نەدەکەوت لەگەڵ ژنەکەیدا یەک بگرێتەوە. لە پیترزبۆرگیش ئەوە حاڵی بوو.

شەوی دوای ڕوو بە ڕووبوونەوە و، بەرامبەرێنەکەی، لەگەڵ دۆلۆخۆڤدا، لەو ژوورەدا، نوست، کە پیرە کۆنتی، تێدا مرد. مانەوەکەیشی لەو هۆڵەدا درێژەی کێشا. حەزیشی بە چوونە ژووری نووستن نەبوو. بە ئومێدی نووستن و خۆدزینەوە لە بیرکردنەوە لە ڕوو بە ڕووبوونەوە و، بەرامبەرێنەکەی، لە سەر قەنەفەیەکی درێژ بوو. بەڵام بەسەر هەڵوێستەکەدا زاڵ نەبوو و، بە لێشاو بیر و بۆچوون و، بیرەوەری و سۆز، هێرشیان بۆ هێنا! نە دەیتوانی بنوێت و نە دەیتوانی هەستێت.

بە قەڵەمبازێک لەسەر قەنەفەکە هاتە خوارەوە و، بەهەنگاوی خێرا، کەوتە هاتوچۆ کردن، بە هۆڵەکەدا. وێنەیەلێکی فرەی رۆژانی مارە کردن و، گواستنەوەکەی، هیلینی هاتەوە بەرچاو و، ئەو دەمەی سەرنجی شان و پشتە ڕووتەکەی دابوو. لە هەمان کاتدا، ڕووە قەشەنگ و، چاوە شینەکانی دۆلۆخۆڤیش.

دیسان ڕووە کراوە جوانەکەی هیلین و، بە دوایدا ڕووە گرژەکەی دۆلۆخۆڤ، لە کاتی پێکرانیداو، کەوتنە نێو بەفرەکەیەوە.

بۆیە لە خۆی پرسی،"ئاخۆ دواتر چی ڕوویدابێت!؟ من دۆستی ژنەکەمم کوشت! بەڵێ! بەڵێ! ئاخر ئەمە بۆ!؟ چۆن گەیشتمە وەها بڕیارێک؟"

لە نێو دەروونی خۆیشییەوە، ئەم وەڵامەی بۆ هاتەوە،"چونکە تۆ ئەو ژنەت مارە کردووە!"

پاشان لە خۆی پرسییەوە،"بەڵام من تاوانم چییە؟"

دەنگەکە وەڵامی دایەوە،"تاوانەکەت ئەوەیە، بێئەوەی خۆشت بوێت، ئەو ژنەت مارە کردووە! بەو کارەت خۆت و ئەوت فریو داوە!"

لە ناکاو ئەوەیشی بیرکەوتەوە، کە ئەو ئێوارەیەی لە مااڵی میر قازیلی بوو، چۆن هات بە دەمیدا و، بە هیلینی وت:خۆشم دەوێیت!

پاشان نەدەبوو، ئەو ڕستە قوڵ و پڕ واتایەم، وا بە ئاسانی بە دەمدا بهاتایە! ئاە چەند هەنگاوێکی سەقەتم بە دوایدا هەڵهێنا و، هەستەکانم بە هەڵەیاندا بردم!

کە بیرەوەرییەکانی مانگی هەنگوینیی بیرکەوتەوە، سوور هەڵگەڕا! بە تایبەتی ئەو بەیانییەیان کە لە ژووڕەکەی خۆیان هاتنە دەرەوە و، کات (١١)ی بەیانی بوو و، بە بریکارە گشتیەکەی خۆی گەیشت و، زۆر بەختیارانە، پاڵتۆکەی بە سەر شانیدا دابوو، بە گەرمییەوە سڵاوی لێ کرد.

بریکاری گشتیش بە زەردەخەنەیەکەوە وەڵامی دایەوە. چونکە تا ئەو بەیانییە زەردەخەنەی بە ڕوخساری پییەڕەوە نەبینی بوو!

بە خۆیشی وت:

هەر من بووم، چەندین جار شانازیم بە هیلینەوە دەکرد و، خۆم بە جوانییەکەی ئەوەوە هەڵدەکێشا! بە پاکی و ئەو شێوازی پێشوازی کردنەی میوانانییەوە، لە شاری پێترزبورگ، سەرسام بووم! ئاخر خۆ سیفاتی وایشی تێدابوو کە شانازیی پێوە بکرێت. وام دانابوو کە من لەو ناگەم و، لۆمەی خۆمم دەکرد و، زیاتر و زیاتر کۆڵینەوەم لە هەڵسوکەوتی ئەو دەکرد. لەو سادەییە و، وەدەرنەکەوتنی حەز و ئارەزووەکانی خۆی. بەڵام ئەم زاراوە تۆقێنەرەی "بەدڕەوشتی". ئەم بەدڕەوشتییەی ڕێی ڕووناک کردمەوە! هەر جارێک ئاناتۆل پارەی لێ قەرز دەکرد. شانە ڕووتەکانی ماچ کرد. ئەو جارانەشی قەرزەکەی نەدەدایە، لاری لەوە نەبوو شانە ڕووتەکانی ماچ بکات! جاروبارێکیش باوکی تانەی ئەوەی لێدەدا، کە قەرز بە کەس نادات! ئەویش دەیووت خۆ ئاژەڵ نیم، ئیرەیی بەرم. ئەو جارەیش کە لە هیلینی ژنم پرسی:***هەست ناکەیت کە سکت هەبێت و دوو گیان بیت؟*** بە لاقرتیوە وەڵامی دامەوە:**کە هێندەیش گێل نییە تا حەز بە دووگیانی بکات! بە هەرحاڵ بە تەمای ئەوەیش نییە منداڵی لە من ببێت!**

لەدڵی خۆیشیدا، ئەوەی دووبارە کردەوە کە هەڵس و کەوتی لەگەڵ داب و نەریتی ئەو چینە باڵایەی خۆیشیدا، نایەتەوە. لەمەیشدا سەرزەنشتی خۆی کرد.

جاری وابوو هیلین دەیوت:

پێتوایە من هیچ و پووچم!؟ تاقیبکەرەوە. . . با ببینم. بڕۆ بەڕێی کاری خۆتەوە.

پیێەر لەوهیش ڕاما، کە بۆچی خەڵکی هێندە خۆشیاندەوێت!؟ کەچی خۆی هەست بە خۆشەویستیی هیلین ناکات!

هەر خۆیشی بە خۆی دەیوت:

نەخێر گومانی تێدانییە، کە هەرگیز ئەوم خۆش نەویستووە. دەشمزانی کە سۆزانییە! بەڵام ئەو ئازایەتییەم نەبوو، ئەم ڕاستییە بە خۆم بڵێم! ئا ئەوەتا دڵۆڤخۆف دەکەوێتە سەر بەفرەکە. زۆرپشی تەقەڵا دا بزەیەک بکات. ڕەنگە بشمرێت و، نەتوانێت بەو بزەیە سوپاسی پەشیمانییەکەم بکات. منیش لای خۆمەوە، کە ئازایەتییەکەم بێ ئەندازەیە!

هەرچەند پیێەر زۆر بڕوا بەخۆ نەبوو! بەڵام نهێنیی خەمەکانی خۆی بۆ کەس دەرنەدەخست. هەمیشە کاوێژی پێ دەکردنەوە و دەیهێنانەوە بیری خۆی.

لە دڵی خۆیدا وتی:

هیلین تاوانبارە! هەمووی تاوانی ئەوە! بەڵام من چی بکەم؟ ئاخر باشە من بۆچی مارەم کرد!؟ ئاخر بۆچی ئەم ڕستە کوژەرەی "خۆشم دەوێیت"م پێ وت!؟ خۆ ئەو قسەیەم گەورەترین درۆ بوو! کەوابوو تاوانباری ڕاستەقینە خۆم بووم! بۆیە لەسەرمە خەم و خەفەتەکەی لە ئەستۆ بگرم. بەڵام ئایا بەرگەی پۆخڵیی شەرەفم دەگرم!؟ یان دوژمنایەتی؟ نەخێر ئەمە ئابڕوو چوونە و، ناشیرین بوون! ئاشکرایە کە کەسێتیم لە نێو دەچێت.

لویسی شازدەیان کوشت و وتیان:بێشەرەفە و، بە تاوانباریان لە قەڵەم دا! بەڵام ئەوانەیشی لەپێناویدا قوربانیان دەدا و، شەهید دەبوون، بە پیاوانی پیرۆزیان نێودەبران! ئاخۆ ئەمانیش ڕاست نەبوون؟

دواتر "ڕۆبسپیر"[1]یان کوشت. چونکە "ئەوان" پێیان وابوو، زۆردار بووە! پێیان وابوو خۆیان لە سەر حەقن! کەچی کەسانێک بوون بەرگەی شەهید بوون و قوربانی دانیان لە پێناویدا گرت و، بە کەسێکی پیرۆزیانزانی بوو! ئیدی کام لایان ڕاستە و، کامیان هەڵەیە؟ بێگومان هیچ کامیان.

منیش ڕێت پێ دەدەم بژیت هیلین خان. چونکە هەر ڕۆژێک دێت وەکو سەعاتێک لەمەو پێشی من بمرێت و، بژێیتەوە. ئاخۆ شتێک هەیە لە بوونداء، کە مرۆڤ لە پێناویدا ئەشکەنجە بدرێت؟ بە تایبەتیش کە ئاشکرایە کە ئەو کاتەی تێیدا دەژین چرکەیەک لە زەمەن نا هێنێت!

لەو کاتانەیشدا کە پێی وا بوو بەو دادپرسی و دادپەروەرییە دەروونییە، ئارام

---

[1] ـــ دو ڕۆبسپیر:لە ١٧٨٥لە دایک بووەو کەڵە ئەندامی "لیژنەی ڕزگاریی میللی" بوو. بەڵام لە ١٧٩٤/٧/٢٧گەلەکەی لێی هەڵگەڕایەوەو بردانە بە ئامێزی سەر پەڕاندن ـ مقصلە. وکوشتیان

بووەتەوە، دیسان چرکەساتی خۆدان بە دەستی هیلینەوە و، ئەو ڕستە ناڕاستەی، کە پێی وتبوو:"خۆشم دەوێی"ی بیر دەکەوتەوە. هەستی دەکرد خوێنەکەی دڵی وەستاوە و خەریکە دەتەقێت!

کەوتەوە هاتوچۆ بە ژوورەکەدا و، هەرچییەکی بەردەست بکەوتایە دەیشکاند.

دیسان کەوتەوە پرسیارکردن لە خۆی:

بۆ خاتری شەیتان، بۆچی پێم وت:خۆشم دەوێیت!؟

دوای ئەوەی دەیان جار ئەو پرسیارەی لە خۆی کردەوە، وتە بە ناوبانگەکەی "مۆلێر"ی بیرکەوتەوە.

بەڵام بۆ خاتری شەیتان . . . لەو دۆزەخەدا ـ کە کەشتییەک بوو ـ دەیەوێت چی بکات!؟ دەیویست بڵێت:چی وای لێکردووە، ئەو ڕێگا نشێو و ڕۆ هەڵەتە بگرێتە بەر؟

پاشان دەستی کردە پێکەنین بە داماوییەکەی خۆی! پێش خزمەتکارەکەی کەوت و، فەرمانی دایە:شتومەکی سەفەری بۆ ئامادە بکات. بڕیاریشی دا کە ئەو شەوە ژنەکەی نەبینێت و، سبەینێ نامەیەکی بۆ جێ بهێڵێت و، ئاگاداری بکاتەوە کە دەڕوات و، جارێکی دی نایبینێتەوە و، هەر زوویش لە ماڵ دەر بچێت.

بەیانی خزمەتکارەکە قاوەیەکی بۆ هێنا. پییەریش لە سەر پشت ڕاکشابوو و، کتێبێکی کراوە، لەسەر سنگی بوو. ڕاپەڕی و چاوی بە دەوروبەری خۆیدا گێڕا و، بیری کەوتەوە، کە بۆچی لەوێدایە و، دوێنێ شەو بڕیاری چی دابوو؟

خزمەتکارەکە پێی وت،"کۆنتیسەی ژنت، داوات لێ دەکات گەر پێت دەکرێت ببینیت."

بەڵام ئەم فریانەکەوت وەڵام بداتەوە و، ژنەکەی بە کراسێکی تەنکەوە و، دوو زوڵفی لەتە بازنەیی کە لە گەردنی ئاڵابوو، خۆی کرد بە ژوورەکەیدا. لۆچی ڕوخسارە گرژەکەی جوانییەکەی تێکدابوو.

ئاخر هەواڵی شەڕی بەرامبەرێنەکەی بیستبوو و، دەیویست لە زاری خۆیەوە، جارێکی دی، ببیستێتەوە. هێمنانە دانی بە خۆیدا گرت تا خزمەتکارەکە چووە دەرەوە.

پییەریش شەرمنانە و، وەکو تووڵە و تانجیی ڕاوچی، هاتبێتە سەر، سەرنجی ژنەکەی دا.

ویستی خۆی بە کتێبەکەوە خەریک بکات، بەڵام تێگەیشت کە بێ سوودە. بە پارێزەوە کەوتەوە سەرنجدانی ژنەکەی. ئەویش بە بزەیەکی لاقرتێ ئامێزەوە" کەوتە سەرنجدانی پییەر.

لە پییەری پرسی،"دیسان گۆبەنگت ناوەتەوە؟ ئەمە چی دەگەیەنێت!"

---

[1] ـ جان باتیست بوکلان "١٦٢٢ـ١٧٧٣": دواتر ناونرا "مۆلێر" نووسەرێکی "تەنز"ی فەڕەنسی بوو. ڕۆڵێکی بااڵی لە شانۆی فەڕەنسیدا هەبوو. بەڕێوەبەری تیپێکی شانۆییش بوو.

پییەریش پرسیی،"من؟ چیم کردووە؟"

هیلین هەڵیدایە:

"ئەی ئەوە نییە، بوویتە پاڵەوانی شەڕ و شۆڕ! ئەو بەرامبەرێنەت لە چی!؟ دەتویست چی بسەلمێنیت؟ کە پرسیارت لێ دەکەم، وەڵامم بدەرەوە."

پییەریش کەمێک بە گران بۆی وەرگەڕا و، ویستی شتێک بڵێت. بەڵام هەرچەندی کرد نەیتوانی.

هیلین هەڵیدایە:

"زۆر چاکە... مادام وەڵام نادەیتەوە، ناچار خۆم قسە دەکەم. هەرچییەک بۆ تۆ دەگێڕنەوە، بڕوا دەکەیت. ئەوەتا وایان تێگەیاندوویت کە... دۆڵۆخۆڤ دۆستی منە!"

ئەمەی وت و دایە قاقای پێکەنین. نە بەو قسەیەی شەرمەزار بوو و، نە تەریقیش بووەوە!

ئەمجا لەسەری ڕۆیشت و وتی،"تۆیش ئەو قسە هەڵبەستراوانەت بە ڕاست زانی!! بەڵام بەو شەڕە بەرامبەرێنەت:چیت سەلماند؟ هەر تەنیا سەلماند، کە گێلیت! خەڵکیش لە گێلیت بە ئاگان! تۆ دەتەوێت بمکەیتە گاڵتەجاڕی دانیشتوانی شاری مۆسکۆ!! خەڵکی دەڵێن... کە لە کاتی بەدمەستیتدا، خۆت بۆ نەگیراوە و، بەرەنگاری پیاوێک بوویتەوە چونکە غیرەت لێکردووە!"

هیلین بە دەنگی بەرزتر هاواری کرد،"بەڵێ ئەو پیاوەی بەرامبەرت، لە تۆ زیاتر جێی ڕێز و ئاوڕ لێ دانەوەیە!"

پییەر بێئەوەی سەیری هیلین بکات، نەڕاندی:

"هم... ! هم... !"

هیلین پرسیی:

"چی وای لێکردیت، پێت وابێت دۆڵۆخۆڤ دۆستی منە!؟ هەر لەبەر ئەوەیە کە من چێژ لە دواندن و هاوڕێیەتی ئەو وەردەگرم!؟ ئەگەر بمزانیبایە تۆ زیرەکتریت، بە تۆوە زیاتر ئالووردە دەبووم! نەک ئەو."

پییەریش نەڕاندی:

"بە ئارامی بم هێڵە! لێت دەپاڕێمەوە."

هیلین لێی پرسی:

"بۆچی بێدەنگ بم؟ مافی خۆمە ئەوەی دەیزانم، بیڵێم. ڕاستگۆیانە پێت دەڵێم:لەگەڵ مێردێکی وەکو تۆدا، هەموو ژنێک هەڵدەگرێت کە چەند دۆستێکی هەبێت! لەگەڵ ئەوەیشدا من شتی وام نەکردووە."

هەرچەند پییەر ویستی قسەی تر بکات. بەڵام دوای ئەوەی سەرنجێکی هیلینی دا و، بە

دڵەراوکێوە لە سەر قەنەفەکە دانیشتەوە. هەناسەی سوار بووبوو و، وەختە بوو سنگی یەکاڵا بێتەوە. هەرچەندەیش دەیتوانی سنوور بۆ ئەشکەنجەکانی دابنێت. بەڵام هەر زوو پەشیمان بووەوە.

دواتر بە دەنگێکی پچڕ پچڕ وتی:

"چاکترین چارەسەر جیا بوونەوەیە."

هیلینیش هەڵیدایە:

"جیا بوونەوە؟"

ئای لەو خۆشییە! بەڵام بەو مەرجەی هێندەم بدەیتێ، پێی بژیم. لەوە بە دواوە، گاڵتەم بە شتەکانی ترت دێت.

پییەر لەسەر قەنەفەکە هاتە خوارەوە و، بە دەم لەتردانەوە قیژاندی:

"دەبێت بە دەستی خۆم بتکوژم . . . !"

پەلاماری مێزەکەی دا و، پارچەیەکی لێکردەوە و، لێی بەرز کردەوە. هیلین ڕووی گرژ کرد و، قیژاندی و، هەنگاوێکی خێرای بۆ دواوە نا. هەرچەند پییەر سوور هەڵگەڕابوو، بەڵام چێژێکی زۆری لە تووڕەبوونەکەی خۆی بینی! پارچە مەڕمەڕی مێزە شکاوەکەی فڕێدایە ئەولاوە و، وردوخاش بوو.

دەستەکانی پێکدا دا و، قیژەیەکی کرد کۆشکەکە دەنگیدایەوە و وتی:

"بـــڕۆ دەرەوە!"

گەر کوتوپڕ هیلین ڕاینەکردایەتە دەرەوە، مەگەر هەر خوا بیزانیبایە چی ڕووی دەدا؟

دوای هەشت ڕۆژ پییەر سەفەرەکەی بە نێو مووڵکەکانیدا دەست پێکرد. ئەو مووڵکانەی کە لە نیوەی سامانەکەی زیاتر بوو.

بەشی حەوت
کارەساتەکەی پیرەمێردە پۆلکۆنسکی

دوای دوو مانگیش لە گەیشتنی، هەواڵی شەڕەکەی ئۆستەرلیتز بە ئەو "لیساجوری[1]"ەی، کە پۆلکۆنسکی پیرەمێردی تێیدا نیشتەجێ بوو، ئاندریە وەکو ون بوویەک مابووەوە و، هیچ هەواڵێکی نەبوو. هەر چەند ئەو پیرەی باوکی تەقەلایەکی زۆریشی لە ڕێی سەفارەتەکانەوە دابوو، تا هەواڵی ئاندریەی کوڕی بزانێت. بەڵام ناوی کوڕەکەی هەر لە نێو لیستی ونبووانـدا بوو. چونکە نە لە نێو لیستی ئەفسەرە کوژراوەکاندا و، نە لە نێو لیستی دیل کراواندا ناوی نەبوو. ئەمەیش بووە خەمێکی گەورە بۆ پیرەمێردەکەی باوکی. چونکە وای لێکدەدایەوە، لە شوێنێکی نادیاردایە و، بێ خزمەت و بێکەسە! پیرە یەکەمجار بە هـۆی ڕۆژنامەکانەوە، بۆی دەرکەوت کە سوپای ڕووس، شکستی خواردووە. ئەویش هەر وەکو عادەتی ڕۆژنامەنووسان، نووسیبوویان کە سوپا دوای چەندین شەڕی پاڵەوانانە و، سەرکەوتوانە، بە ناچاری لە چەند شوێنێک، زۆر بە ڕێکوپێکی کشاوەتەوە.

دوای هەشت ڕۆژ پیرە پۆلکۆنسکی نامەیەکی لە کۆتۆزۆفی سەرکردەی ئاندریەوە پێگەیشت و بۆی نووسیبوو:

---

[1] ـ لیساجوری: واتا کێوە ڕووت.

به بەرچاوی خۆمەوە، کوڕەکەتان لە کاتێکدا ئالای نیشتمانی بە دەستەوە بوو، کەوتە سەر زەوی و، کەوتنێکی پاڵەوانانە! کەوتنێک، کە شایستەی باوکی خۆی بێت. شایستەی نیشتمانی خۆی بێت!! خۆم و سوپاوە، بە داخەوەین کە نازانین مردووە یان ماوە! دوای دانووسانمان لەگەڵ دوژمن. لیستی ئەفسەرانی کوژراومان لێیانەوە دەستکەوت و، من خۆم بە ئەو لیستەدا چاوم گێڕاوە و، ناوی "ئاندریە"م نەبینی. بەمەیش ئومێدی ڕزگار بوونی کوڕەکەتان زۆر زۆرە!

شەوێکی درەنگ بوو و، پیرەمێردە پۆلکۆنسکی لە ژوورەکەی خۆیدابوو، کە ئەم نامەیەی پێگەیشت و، کەوتە خوێندنەوەی. بەیانیی ڕۆژی دواتر، کەوتەوە گەڕان بە باخەکەیدا و، هەر وەکو ئەوەی هیچ ڕووی نەدابێت! بەڵام لەگەڵ بریکاری کارەکانی و باخەوانەکان و، ئەندازیارەکەیدا ڕەفتار تووڕە بوو. هەرچەند تووڕە دەینواند، بەڵام دەوروبەرەکەی سەرکۆنە نەدەکرد و، لێیان تووڕە نەدەبوو.

ئەو بەیانییەیش وەکو بەیانییەکانی تر، ماریی کچی چوو بۆ لای و، بەیانی باشی لێکرد. باوکیشی کە دەستی لە نێو شتومەکەکانی دەزگای دروستکردنی سیرامیکەکەدا بوو، سەری بڵند کردەوە بۆی.

لە ناکاو بە هەناسە ساردییەکەوە وتی:

"ئـــای ماری!"

ئەسکەنەکەی دەستێ لەولا خۆیەوە دانا. لەولا تریشیەوە دەزگای خەزەفەکەی دەخولایەوە و، خڕەی دەهات و، وردە وردە دەنگەکەی کەم دەبووەوە. هەرچەندە ڕوخساری خەماوی و، ماندوویی پێوە دیار نەبوو، بەڵام ماری بگرە و بەردەیەکی دەروونیی وای پێوە دەبینی:دەری بخات کە کارەساتێک بەڕێوەیە:ڕووخێنەر! بۆ ماری کارەساتێک بێت، کە هەرگیز بڕینەکەی ساڕێژ نەبێت و، بیر نەچێتەوە!

بۆیە بێئاگا و شێتانە هاواری کرد:

"بابە. . . ئاندریە!!"

باوکی نەیتوانی دڵان بە خۆیدا بگرێت و ڕووی لە کچەکەی وەرگێڕا و، دەستی کردە گریان.

حەزیشی دەکرد کچەکەی لە خۆی دوور بخاتەوە و وتی:

" کۆتۆزۆف نامەی بۆ ناردووم و هەواڵم پێ گەیشتووە کە ناوی لە نێو بریندارەکاندا نییە! لە نێو لیستی کوژراوەکانیشدا ناوی هەر نییە!. کەوابوو ئاندریە نەمردووە! هەرچەند کچەکەی، زووتر زەرد هەڵگەڕابوو، بەڵام نە تووشی سەرە گێژە بوو، نە بوورایەوە. بە بیستنی هەواڵەکە تەنیا سوور هەڵگەڕا و وڕبوو.

دڵانی بە خۆیدا گرت و، باوەشی بە ملی باوکیدا کرد و پێی وت:

"بابە گیان. . . وابزانە منی هەر لێ نیم و، با پێکەوە تێر تێر بگرین. "

پیرەیش خۆی لە دەستی کچەکەی ڕزگار کرد و هـاواری کرد:

"ڕسوابینە! درندەبینە! بۆچی سوپاتان لە نێو برد و پیاوەکانتان بە کوشت دا؟"

"بڕۆ "لیز"یش تێ بگەیەنە. "

خاتو ماری خۆیدا بەسەر کورسییەکدا و، دەستی کردە گریان. براکەی هاتەوە بیر کە چۆن خواحافیزیی لێکردن و، چۆن چۆنی لەگەڵ لیزی ژنیدا خواحافیزییان لە یەک کرد. خۆیشی هاتەوە بەرچاو کە چۆن زنجیر و وێنە پیرۆزە، چێوەدارەکەی کردە ملی براکەی و، ئەویش چۆن بە لاقرتێوە، ملی بۆ دانەواندن!

لە خۆیشی پرسی:

بڵێی بـڕوای هێنابێت و ئیماندار بووبێت!؟

پاشان لە باوکی پرسی:

"بابە گیان. . بۆم بگێڕەوە کە کارەساتەکە چۆن ڕوویداوە؟"

باوکیشی وەڵامی دایەوە:

"دەی دەی بـڕۆ "لیـز"یش تێبگەیەنـە، کـە مێردەکـەی لـە شـەڕدا کـوژراوە و، لەگـەڵ لەدەستدانی سەرکەوتنماندا، کەڵەپیـاوانێکی ڕووسیی، زۆریشمان لـە دەست داوە. تۆ بـڕۆ و هەر ئێستا بە دواتدا منیش دێم. "

مـاری بـاوکی جێهێشت و، خـۆی کـرد بـە ژوورەکـەی "لیـز"دا و، سـەیری کـرد لـە بـەردەم تەونەکەیدا دانیشتووە و تەون دەکات.

هەر کە "لیـز"، ماریی بینی دەستی لە تەونەکەی هەڵگرت و پێی وت:

"ماری دەستت بێنە!"

دەسـتی گـرت و خستییـە سـەر سـکە پڕەکـەی، چـاوانی سـەرنجە منالانەکەیشـی، لـە چاوەڕوانیـدا بـوو. مـاریش لـە بەردەمیـدا بـە چۆکـدا هـات و، سـەری لـە نێـو کراسـی بـراژنەکەیدا نقووم کرد.

لیزیش بە چاوە بریسکەدارەکەیەوە وتی:

"ئـا لێرە! ئێرە! هەستی پێدەکـەیت! وا نـا؟ زۆرم پێ سـەیرە! دەزانیت ئـەم منالـەم زۆر خۆشدەوێت!"

ماریش سەری بەرز نەکردبووەوە، دەگریا.

براژنەکەی لێی پرسی:

"ئەرێ ئـەوە چیتە؟"

ماریش وەڵامی دایـەوە:

"هیچم نییە! هەرکە ئاندریەم بیر دەکەوێتەوە. . . ئارەزووی گریان دەکەم. "

چاوانی بە کراسی براژنەکەی سڕی و، چەند جارێک هـەوڵی ئـەوەی دا، ئامـادەی بکات

تا هەواڵە ناخۆشەکەی بداتێ. بەڵام هەنسک قورگی دەگرت و، نەیدەتوانی قسە بکات.

لیزیش نەیدەزانی چی پاڵ بە ماریەوە دەنێت، کە بەو شێوەیە بگری! بەڵام هەرکەسێکی گێل و سادەیش، ئەو هەواڵەی ببیستایە، خۆی بۆ نەدەگیرا و دەگریا. هەرچەند ماری هیچی نەدرکاند، بەڵام بە دڵەڕاوکێوە، چاوی بە ژوورەکەدا دەگێڕا.

میرە پیرەی باوکی بینی، بە ڕوویەکی گرژ و خەماویەوە، بەرەو ژوورەکە هات. بووکەیش بە بێدەنگی سەرنجی دا و، وەکو هەر ژنێکی دووگیان ماندوو بوونی پێوە دیار بوو.

لە ناکاو براژنەکەی دەستی کردە گریان و پرسیی:

"هیچ هەواڵێکتان لە ئاندریەوە پێ نەگەیشتووە؟"

ماریش هەڵیدایە:

"نەخێر بۆ خۆت دەزانیت کە هێشتا زووە بۆ ئەوە. بەڵام بەوە خەفەتبارم کە باوکم زۆر بۆی بە خەمە."

لیزیش دووبارەی کردەوە:

"کەوابوو تا ئێستا هیچی لە بارەوە نازانن!"

دشەکەیشی وتی:

"نەخێر. . . هیچ نازانین."

ماری بڕیاریدا کە نەهێڵێت براژنەکەی هەواڵی ئەو کارەساتە بزانێت، تاکو منداڵە چاوەڕوانکراوەکەی دەبێت و، باوکیشی تێگەیاند تا هەواڵەکە بشارێتەوە. ئیدی باوک و کچە، هەر یەکە و لای خۆیانەوە دەدانیان بە خۆیاندا گرت و، خۆیان خواردەوە. هەرچەند میرە پیرە کەسێکی ڕاسپاردبوو، کە لە نەمسایش بە دوای هەواڵی کوڕەکەیدا بگەڕێت، بەڵام ئومێدی بڕی بوو. خۆی یەکلا کردبوو، کە کوڕەکەی کوژراوە. تەنانەت ناردبووی، تا لە مۆسکۆ پەیکەرێکی بۆ بێنن و، بە یادی کوڕە کوژراوەکەیەوە، لە باخەکەیدا دایبنێت.

هەرچەند زۆریشی تەقەلا دەدا، هەڵسو کەوتی خۆی نەگۆڕێت، بەڵام هێز و بڕستی جارانی نەمابوو و، لە پیاسە کردنەکەی نێو باخەکەیشی کەم کردبووەوە. ئارەزووی خواردن و خەویشی کەم بوو بووەوە. ڕۆژ لە دوای ڕۆژ خراپتر دەبوو.

کچەکەیشی هەمیشە لە نوێژکردنیدا نزا و پاڕانەوەی خێری بۆ براکەی دەکرد ودەیخواست بە بێوەی بگەڕێتەوە.

بەشی هەشت
گەڕانەوەی ئاندریە

دوای نانخواردنی ئێوارەی (١٩)ی ئازار، خاتوونە چکۆلەی بووک وت،"هاوڕێ نیانەکەم. . . دەترسم ئەم شێوەی ئێوارانە، بە گەدەم قورس بێت و، ناڕەحەتم بکات. "

لە بەر ئەو کارەساتە ناڵەبارە، دانیشتوانی ماڵەکە، نە لە قاقایان دا و، نە دڵی خۆشیان، پێوە دیار بوو. لیزیش بێئەوەی، ئاگای لە کارەساتەکە بێت، وەکو ئەوان لە سەر خەمۆکی ڕاهاتبوو و، بزەکانیشی خەمبارانە بوو.

ماری بە پەلە ڕایکردە لای براژنەکەیەوە و هــاواری کرد:

"ئەوە چیتە ئازیزەکەم!؟ خوایە گیان. . . ڕەنگت هەڵبزڕکاوە!"

کارەکەرێکیان وتی:

"خاوەن شکۆ. . با بنێرین بە شوێن"ماری بوگدانۆڤنا"دا.

ماری بوگدانۆڤنا:مامان بوو و، نیشتەجێی دێیەکی ئەوبەر "لیساجوری" بوو. هەروا (١٥) ڕۆژێکیش بوو، کە باری کردبوو و، لە شارۆچکەی لیساجوری"نیشتەجێ بووبوو.

ماری هاوڕای بوو و، هــەڵیدایە:

ــ بێگومــان بانگ کردنــی مامــان پێویستە. فریشتەکەم ددان بەخۆتدا بگرە و، وا خۆم دەچم بە دوایدا. نێوچاوانی لیزی ماچ کرد و ڕۆیشت.

لیزیش به دەم ئازارەوە هـاواری کرد:

"ئۆو. . . نا. . . نا. . . ئازارەکەم، هی گەدەمە. پێی بڵێن گەدەیەتی.

پاشان دەستی کردە گریـان و، منالانە دەست و مەچەک جوولانەکەی لە خۆنەکردانە دەچوو.

ماریش هەڵگەڕایەوە و، بزەیەکی بۆ کرد و، بە دەم ڕێوە دەیووت:

"ئۆو! ئۆو خوایە گیان! ئـای خـوایە!"

لـە سـەرەڕێدا مـاری بۆگـدانۆقنای بینـی، کـە بـەرەو مـاڵی ئـەمان دەهـات و، دەسـتە خرپنەکانی پێکدا دەکێشا.

ماریش چاوە کراوەکانی شڵەژاوانە بڕییە مامانەکە و وتی:

"ماری بۆگدانۆقنا گیان. . . پێم وابێت، کە ژان دەیگرێت!"

مامانەکەیش بێئەوەی پەلە بکات لە هەنگاونانیدا، وتـی:

"سـوپاس بـۆ خـوا . . خاتوونەکـەم. بـەڵام تـۆ چـی دەکـەیت لێرە!؟ خـۆ نابێت کچـان ئاگاداری ئەم کارانە بن!"

ئەمیش دوای کەمێک لە خۆی پرسی:

"باشە بۆچی لە مۆسکۆوە، پزیشکمان نەهێنایە سەری؟"

لەسـەر داوا کردنـی ئاندریـە و لیـز، کـاتی خـۆی پزیشـکێکی منـاڵبوون لـە مۆسـکۆ ڕاسپێردرابوو، کە ئامـادەی منالبوونەکەی لیز بێت. هـەموو خێزانەکـەیش ئامـادەی هـاتنی بوون.

مامانەکەیش وەڵامی دایەوە:

"نائومێد مەبە . . خاتوون. پێویست بە پزیشک ناکات. هەموو شتێک ئاسان دەبێت. "

دوای پێـنج خولـەکێک و کاتێـک مـاری لـە ژووەرەکـەی خۆیـدابوو. گـوێی لـە دەنگـی گواسـتنەوەی شـتێکی قـورس بـوو. کـە دەرگاکـەی کـردەوە، چەنـد خزمـەتکارێکی بینـی قەنەفەیـەکی چـەرمینیان پـێ بـوو و، لـە ژووەرەکـەی میـر ئاندریـەوە، دەیانگواسـتەوە بـۆ ژووەرەکەی لیز.

ماری لە ژووەرەکەی نـەچووە دەرەوە و، جاروبـار لـە دەرگاوە، سـەیرێکی ڕاڕەوەکـەی دەکرد و، گوێیشی لە ترپەی پێ و تەق و هووڕەکە دەگرت.

چەنـد کارەکـەرێکیش دەهـاتن و دەچـوون و، لـە سـەرنجە پرسـاکانی مـاری، خۆیـان دەدزییەوە.

ئەمیش پرکێشیی نەدەکرد کە پرسیاریان لێ بکات. دەرگاکەی داخستەوە و لە سـەر

کورسییەک دانیشت، پاشان بەرەو رووی وێنە پەیکەرە بچووکەکە چوو، هەردوو دەستی لە سەر سنگی ناو کەوتە نزا و پاڕانەوە. خەمەکانی هێندە توند و مەزن بوو، کە بە پاڕانەوەش سەبووریی بۆ نەدەهات.

لە ناکاو دەرگای ژوورەکەی کرایەوە و، لەچکبەسەرێک هاتە ژوور. ئەویش پیرەژنە "براسکۆ"ی دایەن بوو. کە بە فەرمانی میرە پیرە، نەدەبوو بچێتە ژوورەکەی ماریییەوە.

دایەنەکە پێی وت:

"ماری گیان. . فریشتەکەم. هاتووم تا کەمێک پێکەوە بین و، چەند مۆمی هاوسەرگیریی باوکت و دایکتم هێناوە و، لە بەردەم "پیری قدیس"دا دایان بگیرسێنم. "

ماریش وتی:

"ئای چەند بەختەوەرم، کە لە تەک تۆدا دەبم. . دایەنی جوان!"

دایەنەکەیش وتی:

"خوا بە بەزەییە. . . فریشتەکەم. "

مۆمە بە وەرەقی ئاڵتوونی پێچراوەکانی لە بەردەم، پەیکەرە پیرۆزەکەدا داگیرساند و، هاتەوە نزیک دەرگاکە و، دانیشتەوە. کە غەڵبە غەڵب و ترپەی پێش دەهات، سەیری یەکتریان دەکرد.

ماری کتێبی پیرۆزی بە دەستەوە بوو، دەیخوێندەوە. سەرنجەکانی ماری بە دڵەڕاوکە بوو. ئەم بارە نەک هەر ئەو، بەڵکو هەموو ماڵەکەی گرت بووەوە و، تەنیا دایەنەکە ئارام بوو.

خورافەیەکی پێشینەی کۆن هەیە دەڵێت:

"تاکو ژمارەی ئەو کەسانەی کە ئاگایان لە ژنانی دووگیان هەیە، کەمتر بێت، ئەوا ئازاری ژانی ئەو ژانگرتووە، کەمتر دەبێت. "

لەبەر ئەمە دانیشتوانی ماڵەکە، وا خۆیان پیشان دەدا، کە بێ ئاگان لە ژان گرتنی لیز. تەنانەت بە چرپەیش قسە و باس نەبوو! بەڵام سۆز و بەزەیی، لە نێو ماڵدا زۆر بوو و، وایان دەردەخست کە ڕووداوێکی مەزن بەڕێوەیە!

لە ژووری کارەکەر و خزمەتکارانیشەوە، پێکەنین و قاقاڵیدان نەبوو. لە ژوورەکانی تر مۆم داگیرسابوون و، هەموو بە ئاگا بوون. میرە پیرەیش بۆ ئەوەی دەنگە دەنگ دروست نەکات، لەسەر نووکی پێیەکانی دەهات و دەچوو.

میرە پیرە، تیخۆنی بانگ کرد و، ڕەوانەی لای ماری بوگداڤنای کرد و پێی وت:

"بڕۆ پرسیاری لیزم بۆ بکە و، هەواڵەکەم بۆ بێنەوە. "

هەر کە گەیشتە لای مامانەکە و، پرسیارەکەی کرد، ئەویش وەڵامی دایەوە:

"بڕۆ بە میرە پیرە بڵێ. . . ژانەکەی گەڕاوەتەوە دواوە!"

تیخۆن گەڕایەوە و هەواڵەکەی پێدا.

میرە پیرەیش دەرگاکەی بە دوای خۆیدا داخستەوە و وتی:

"زۆر باشە . . . تێگەیشتم."

ماڵ ئارام بووەوە و، دوای کەمێک تیخۆن بە بیانووی پاک کردنەوەی مۆمەکانەوە، خۆی کرد بە ژوورەی میرە پیرەدا و، بینیی لە سەر قەنەفەیەک دراژێ بووە. بە ئارامی لێی نزیک بووەوە و، شانی ماچ کرد و چووە دەرەوە. ماڵ لە نهێنییەکی کپ و چاوەڕوانییەکی پیرۆزدا دەژیا.

شەو داهات و ئارامی و نهێنی و خامۆشییەکە پتر بوو. تا دەهات پیرۆزیی ئەو شتە نهێنییەی ماڵەکەیش، تا دەهات، پەرەی دەسەند و، بە لوتکە دەگەیشت.

ئەو شەوەیش، شەوێکی مانگی ئازار بوو و، لە شەوانەی، کە پێی دەڵێین، شینی چلە دەکات و، بەهار نزیکە! هەر بۆیەیش بەفرێکی زۆر باری بوو.

چەند سوارەیەک لەو شەقامە کەیلی بەفرەدا، بەرەو دوا و لە گۆشەیەکیدا وەستابوون و، بە فانۆسی داگیرساوەوە، چاوەڕێی گەیشتنی ئەو پزیشکە ئەڵمانییە بوون، کە لە مۆسکۆ وە دەهات. تاکو بیگەیەننە ماڵی میرە پیرە و، بە دالانەکانی کۆشکدا یەکسەر بۆ ژووری دوو گیانەکەی بەرن.

سوارانێکیش بەرەو شەقامی سەرەکی بوونەوە، بۆ پێشوازی کردن لە پزیشک. ماریش دەمێک بوو، کێبە پیرۆزەکەی خستبووە ئەولاوە و، بە چاوە بریسکەدارەکانی سەرنجی زوڵفە شۆڕەوەبووە، سپیەی دایەنەکەی دەدا. کە هەر بە پیزۆکە دەچوون.

دایەنە "سافیشنا"یش بە چەرپە و بێئەوەی بەرامبەرەکەی تێی بگات، چیرۆکێکی دەگێڕایەوە، کە سەدان جار گێڕابوویەوە! ئەویش باسی ناردنی ماری بوو، بە منادڵی بۆ هەرێمێک، کە ناوی "کیشینیف[1]" بوو و، خاتوونێکی "مۆڵداڤی[2]"یە، لەو کارەیدا یارمەتیی دابوو.

پاشان قسەکەی خۆی بڕی و وتی:

"خوا بەزەیی پێماندا دێتەوە. . . پزیشک بە تەنیا، هیچی بۆ ناکرێت."

لەناکاو بایەکی توند هەڵیکرد و، تاکی پەنجەرەی ژوورەکە کرایەوە و پێکدا درایەوە و،

---

[1] ـ هەرێمێکی یەکێتیی سۆڤیەتی جاران بوو.

[2] ـ ناوەکە ڕۆمانییە و هەرێمێکی سەر ڕووباری دانووبە.

پەردەکەی هەڵدایەوە. کە زووتر بە فەرمانی پیرە، تاکێکی کرابووەوە. چونکە دەمەو بەهارانی ساڵ کاڵاوکوڕە ـ کە بۆ خۆی هێمای هاتنی بەهار بوو ـ پەیدا دەبوو. میرە پیرەیش خۆی و کۆشکی ئامادەی وەرزی بەهار دەکرد. هەر لەبەر ئەوەیش بوو کە ئەو تاکی پەنجەرەیەیش پشتکۆڵ نەدرابوو. ئەوە بوو بایەکە کردیەوە و، پێکی دادایەوە و، مۆمەکەی کوژاندەوە.

ماری زۆر ترسا و، دایەنەکەیش چوو، تا پەنجەرەکە دابخاتەوە و، نیوەی ناوقەدی بە پەنجەرەکەدا بردە دەرەوە، بۆ ئەوەی تاکەکانی پەنجەرەکە ڕابکێشێتەوە و، بایەکەیش زوڵفەکانی ئەوی، دەهێنا و، دەبرد.

بە دەم ڕاکێشانەوەی تاکەکانی پەنجەرەکەوە وتی،"خاتوون. . . کچە ئازیزەکەم. ئەوە چەند کەسێکی فانۆس بە دەستن و، پزیشکەکەیان هێنا. "

ماریش بە ڕاکردن چووە دەرەوە و وتی،"سوپاس بۆ خوا. . . دەبێت بچمە پێشوازیی. چونکە پزیشکەکە زمانی ڕووسی نازانێت. "

ملپێچەکەی دایەوە بە شانیدا و ڕۆیشت. لە دالانەکەدا گالیسکەیەکی بینی کە چەند فانۆسێکی داگیرساوی تێدابوو. بەو پلیکانەدا هاتە خوارەوە، کە مۆمێکی داگیرساو، لە نێویدا لەتەک بایەکەدا لە شەڕدا بوو و، ئەو ناوەی ڕووناک کردبووەوە.

لەو کاتەدا گوێی لە تەقەی پێ و دەنگێک بوو، کە پێی ئاشنا بوو و، دەیوت،"سوپاس بۆ خوا. . ئەی باوکم کوا؟"

"دامیان"ی سەرگەورەی خزمەتکاران، بە ڕاکردن بەرەو خوار بووەوە و وتی،"دەمێک نییە، نوستووە!"

دەنگەکە چەند پرسیارێکی کرد و، دامیان وەڵامی دایەوە. دەنگی پێیەکانیش تا دەهات، نزیکتر دەبووەوە.

ماری لە خۆی پرسی،"بڵێی ئەو دەنگە، دەنگی ئاندریە بێت!؟ مەحاڵە!! عەقڵم نای بڕێت!"

لە ناکاو فانۆسێک و، ڕوخساری ئاندریە دەرکەوت! دواتر، لەش ولاری. یەخەی پاڵتۆکەیشی بە بەفر سپی بوو بوو. بەڵێ ئاندریە خۆی بوو! بەڵام زۆر زەرد و لاواز بوو و، بە ئاسانی نەدەناسرایەوە.

هەر کە گەیشتە خوشکەکەی لە ئامێزی گرتو وتی،"نامەی منتان پێ نەگەیشت بوو؟"

وەڵامی پرسیارەکەی دەست نەکەوتەوە، چونکە ماری نەیدەتوانی قسە بکات. ئاندریە کە هەر دەستیشی لە ملی خوشکەکەیدا بوو، هاتەوە خوارەوە بۆ لای پزیشکەکە.

پاشان وتی،"ڕێکەوتێکی سەیرە! وا نا. . . ماری گیان؟"

پاڵتۆکەی داکەند و، بەرەو ژوورەکەی لیز بووەوە.

بەشی نــۆ
منالبوونەکەی لیز

خاتوونە چکۆلە لەسەر سیسەمەکە ڕاکشابوو و، قژە ڕەشەکەی، بە سەر ڕوومەتەکانیدا و، بەرەو لێوە تەڕ و پاراوەکانی درێژ بووبووەوە. ژانەکەی پچڕ پچڕ و ناوە ناوە پشووی پێ دەدا. هەر کە ئاندریە لای سیسەمەکەیەوە وەستا، ئەویش وەکوو منالێکی ساوای ترساو، چاوانی پێوە گیرساوە. بەلام هیچ لە ڕوخساریدا نەگۆڕا.

لە چاوانیدا ئەمە دەخوێندرایەوە:

هەموتانم خۆشدەوێت. ئازاری کەسیشم نەداوە. ئەی بۆ دەبێت ئاوا ئازار بچێژم!؟ تکایە لە ئازارەکانم کەم بکەنەوە.

ئاندریە هاتە لای سەریەوە و، نێوچاوانی ماچ کرد و وتی،"ئارامی گیانم. . . خوا بە بەزەییە."

ئەم پەنا بۆ خوا بردنەیشی بۆ یەکەم جاری بوو.

ژنەکەیشی فرمێسک زایە چاوانی بە گلەییەوە و، هەر وەکو ئەوەی بڵێت،"من چاوەڕێی دڵدانەوەی تۆ بووم! کەچی تۆیش هەر وەکوو ئەوانی تریت و، جیاواز نیت لێیان!"

هاتنە بەردەمی مێردەکەیی پێ سەیر نەبوو. بەڵام هۆی هاتنەکەیی نەدەزانی. هاتنی مێردەکەی پەیوەندیی بە کەمکردنەوەی ژانەکانی و سوک کردنییەوە نەبوو و، بگرە ژانەکەی توندتر بوو.

ماریی مامان، خۆی کرد بە ژوورەکەدا و، تکای لە ئاندریە کرد، ژوورەکە جێ بهێڵێت. ئەویش بە چرپە قسەی بۆ ماریی خوشکی دەکرد و، ماریش ورتەی لە خۆی بڕی بوو، تا بە باشی گوێی لێ بێت.

ماری خوشکی وتی،"دەی ماری فەرموو. . . "

ئاندریەیش خۆی کرد بە دالآن و ژوورەکەی لیزدا، کە بە تەنیشت ژووری نووستنەکەیەوە بوو. پێش چوونە ژوورەوەی، ژنێک بە ڕوویەکی گرژ و، خەماوییەوە، هاتە دەرەوە. هەر کە بە ئەم گەیشت بە دەستەکانی ڕوخساری خۆی شاردەوە.

لە ژوورەکەی لیزیشەوە دەنگی گریان دەهات و، جۆرێک بوو، کە دڵی دەتەقاند و، هەر لە ناڵەی ئازەڵێکی نێو لانە دەچوو.

ئاندریە پاڵی بە دەرگاکەی لیزەوە نا و، کەسێک لەو دیوەوە، دایخستەوە و نەیهێشت بچێتە ژوورەوە.

پاشان لە خۆی پرسی:

ـ دەنگی ئەو منداڵە چی بوو!؟ بڵێی منداڵێکیان بردبێتە ژوورەوە؟

حەقی خۆی بوو، ئەو پرسیارە بکات، چونکە یەکەم گریانی ساوابوو، کە وەکوو دایک و باوک، بیبیستێت و، مایەی خۆشی بوو! گریان و هەنسک، قوڕگی گرت.

لەو کاتەدا پزیشکەکە هاتە دەرەوە و، دەستکێشەکانی لە دەست دادەماڵی و ڕوخساری گرژ و تاڵ بوو. خۆی لە وەڵامدانەوەی میر ئاندریە گێل کرد و، لەسەر کورسییەک دانیشت.

ژنێک بەڕا کردن دەهات، کە میر ئاندریەی بینی، لە جێی خۆی وشک بوو و، وەستا! بۆیە میریش بڕیاریدا، خۆی بکات بە ژووری نووستنەکەدا و، لیزی ژنی ببینێت. هەر کە چووە ژوورەوە و، سەرنجی ژنەکەی دا، هەر ئەو لیزە بوو، کە پێنج خولەکێک پێشووتر بینی بووی.

بەڵام کە وردتر سەرنجیدا، مردبوو! سەرنج و ڕامانەکەیشی، هەر وەکوو ئەوە بوو کە زووتر بینی بووی.

ڕوخساریشی وا دەخوێندرایەوە، کە ویستبێتی بڵێت،"خراپیم بۆ کەس نەبوو و، هەموو تانم خۆشدەوێت. ئەی ئێوە چیتان بۆ من کرد؟"

لە نێو ژوورەکەیشدا شتێکی سووری چکۆلانە، لە نێو دەستە خرپنەکانی "ماری بۆگدانۆڤنا"دا دەگریا! دوای دوو سەعاتێک، میر ئاندریە لە سەرخۆ بەرەو ژوورەکەی چوو.

میرە پیرەیش لە کارەساتەکە بە ئاگا بوو و، لای دەرگاکەوە وەستا بوو. هەر کە ئاندریە دەرگاکەی کردەوە، هەردوو دەستی وەکو گیرە لە ملی کوڕەکەی تووند کرد و،

منالّئاسا دایه پرمەی گریان.

ڕۆژی سێیەمیش، ئاندریە بە سەر دارە مەیتەکەدا، شۆڕ بووبووەوە و، خواحافیزیی لێکرد و، خاتوونە چکۆلەیان ناشت.

هەرچەند لیز چاوانی لێکنابوو، بەڵام لە ڕوخساریدا ئەمە دەخوێندرایەوە،"ئای چیتان پێ کردم؟"

ئاندریە وا هەستی دەکرد، کە هەناوی دادەکەوێت. چونکە وا بۆی چوو بوو کە لەمەدا تاوانبارە و، جێی بەخشین نییە. هەرچی کرد و کۆشا، نەیتوانی بگری.

میرە پیرەیش بۆ بووکەکەی دانەویەوە و، دەستە بلوورینە سەر یەک نراوەکانی ماچ کرد.

ڕوخساری مردووەکەیش، هەر وەکوو ئەوەی لەویش بپرسێت،"ئای چیت بە سەر هێنام! ئاخر بۆچی؟"

بۆیە ئەویش بە گرژییەوە ڕووی لە بووکە و پرسیارەکانی وەرگێڕا.

دوای پێنج ڕۆژ، ئامادەکاریی ئەوە کرا، کە نێوی کوڕە ساواکە بنێن و، بانگ بدەن بە گوێیدا.

دایەنەکە مەلۆتکەکەی بۆ قەشەکە گرت و، ئەویش بە پەڕێکی چەور هەردوو بەری دەست و، بنی پێیەکانی منالّەکەی هەنوو.

میرە پیرەیش کە بە هەردوو دەستی منالّەکەی بۆ گرت بوو و، لە کەوتنە خوارەوەی دەترسا. بۆیە ئەویش منالّەکەی خستبووە نێو تەشتێکی فافۆنەوە. دواتر دایەوە دەست ماریی کچی.

میر ئاندریەیش لە ژوورەکەی تەوە، چاوەڕێی کۆتا بوونی، ئەو ڕێ و ڕەسمی نێونانە بوو و، خەمی ئەوەی بوو، لەو کارەیاندا منالّەکەی لە تەشتە ئاوەکەدا بخنکێت.

هەرکە کۆرپە چکۆلەی بینی، بە دەست دایەنەکەوە. دڵی کەوتە پەلە پەل و، بەرەو لای چوو و، بەدەم گوێگرتن بۆ قسەکانی دایەنەکەی، کەوتە یاریکردن بۆی.

دایەنەکەیش ئەوەی بۆ دەگێڕایەوە، کە لە کاتی نێونانەکەیدا دڵۆپێک مۆمی تواوە، بە چەند تاڵە موویەکی منالّەکەوە نووساوە و، کەوتووەتە ئاوی ناو تەشتەکەوە و، ژێر ئاو نەکەوتووە![1]

---

[1] ـ کلتووری کۆنی ڕووسەکانە.

بەشی دە
دایکی دۆلۆخۆڤ

کۆنتی پیر گەلێک ماندوو بوو، تاکو کاریگەریی ئەو ڕوو بە ڕوو بوونەوەیەی 'دۆلۆخۆڤ ـ پیزۆخۆڤ'ی لای بەرپرسیاران، تێپەڕاند.

ئەوانیش لە بری ئەوەی لە پلەی سەربازیی کوڕەکەی کەم بکەنەوە. پلەکەیان بەرزتر کردووەتەوە و، کردیانە ئەفسەری یاریدەدەری دادوەری گشتیی، شاری مۆسکۆ.

دۆلۆخۆڤیش بە هۆی پلە نوێیەکەیەوە دەبوو لە شاری مۆسکۆدا بمێنێتەوە و، هەر لەبەر ئەوەیش بوو کە نەیتوانی شوێن خێزانەکەی بکەوێت و، هاوین لە دێیەکەیاندا بەسەربەرێت و، ئەو هاوینە لە مۆسکۆدا مایەوە.

چونکە دۆلۆخۆڤ خۆشەویستی دایکی بوو و، دایکیشی زۆری بایەخ پێ دەدا، بۆیە هەر زوو برینەکەی ئەویش، سارێژ بووەوە. لە کاتی سارێژ بوونەوەکەدا، هاوڕێیەتیەکەی لەگەڵ ڕۆستۆڤدا قوولتر بوو. پیرەژنە ماری ئیڤانۆڤنای دایکیشی، ئەو هاوڕێیەی ئەوی خۆش دەویست و، ئاوا وەسفی کوڕەکەیی بۆ دەکردو دەیوت،'کوڕەکەم پاکیزەیە و، ڕەوانێکی باڵای هەیە و، لە کەسی ئەم سەردەمە ناچێت! ئەمڕۆ مرۆڤی باش خۆشەویست نییە! تۆ پیزۆخۆڤ بێنەوە، بەرچاوی خۆت. ئاخۆ ئەو کەسێکی باشە؟ کوڕەکەی من هێندە

ئەوی خۆشدەوێت، لەگەڵ ئەو کارە ناهەمواربێشیدا، تا ئێستا قسەیەکی خراپی پێ نەگوتووە! تۆ هەر ئەو کێشەیەی شاری پێترزبۆرگ و ئەو پۆلیسە بێنەوە پێش چاوی خۆت! هەرچەند هەر خوا بۆ خۆی دەزانێت چۆن رووبداوە. بەڵام خۆ هەردوکیان پێکەوە بوون!؟ کەچی پیەر پیزۆخۆف، خۆی لە ئاکامەکەی دزییەوە و، قورسایی ئەو کێشەیە کەوتە سەر شانی ڤیدیا دۆلۆخۆڤی کوڕە ئازیزی من! کە مەگەر هەر خوا خۆی بزانێت، چەندەی نالاندبێت بە دەست ئەو کێشەیەوە!؟ تا ئەوە بوو دواتر پلە سەربازیەکەیان بۆ گێڕایەوە. بە خوا بە خوا، ئازا و دڵسۆزی وەکوو کوڕی من کەمە! تەنانەت سوپایش پێویستیی بە کەسانێکی وەکوو ئەو هەیە.

من لە تۆ دەپرسم،ئەو جۆرانەی وەکو پیەر پیزۆخۆڤن، دڵ و شەرەفیان هەیە!؟ ئاخر خۆ ئەو دەیزانی ڤیدیا دۆلۆخۆڤی کوڕم، تاقانەیە! کەچی ئاوا روو بە ڕووی بووەوە و، پێکای! سوپاس بۆ ئەو خوایە:کە ئەمی پاراست. ئاخر چ پێویستی بەوە بوو، تا ئەو بەرامبەرێن و بەرنگاربوونەوەیە بکات!؟ ئەگەر دڵیشی لە ژنەکەی پیس بوو. بۆچی لە ماوەی ئەو ساڵەدا، پێی نەگوتبوو و، ئەو هەموو ئەرکی میوانداریێتییەی ئەوی، لە کۆڵ خۆی نەکرد بووەوە! ئەو پێی وابووە لە بەر ئەوەی کوڕەکەم، قەرزاریێتی و، پارەی ئەوی لایە، چاو شۆڕی دەبێت و، شەرم دەیگرێت و لەبەری هەڵدێت و، شەڕی بەرامبەرێنی لەگەڵ ناکات! ئەوە چ سەرشۆڕییەکە!؟ کۆنتی بەڕێز من لێم ڕوونە تۆیش، دۆلۆخۆڤ باش دەناسیت. هەر بۆیەش من تۆم خۆشدەوێت. دۆلۆخۆڤیش هەر بەو شێوەیە قسەی بۆ ڕۆستۆڤ دەکرد.

دۆلۆخۆڤیش وتی:

ـ دەزانم کەسانێکی زۆر هەن، من بە کەسێکی خراپ تێ دەگەن! گرنگ نییە. منیش حەز بەوە دەکەم، کە هەر ئەوانە بناسم:کە خۆم خۆشم دەوێن. کە یەکێکیشم خۆش ویست، هێندەم خۆش دەوێت، کە خۆم بکەمە قوربانیی! ئەوانەیش منیان خۆش ناوێت، لە نێویان دەبەم! دایکێکم هەیە، وەکو پەرستن دەیپەرستم و، هەرچییەکی بۆ بکەم، پاداشتی ئەوم بۆ نادرێتەوە. بۆ ئەو سێ هاوڕێیەش هەر وەهام و، تۆیش یەکێکیت لەو سیانە. بەڵام ناسیاوانی دی، بە هێندەی سوودیان بۆ خۆم، خۆشم دەوێن. کە لەوەیش دەچێت، زۆرینەی ناسیاوانم زیانبەخش بن بۆم. بە تایبەتی کۆنتیسەکان و، ئافرەتانی کارەکەر و، چێشتلێنەران. چونکە هێندەی کەسە ناسراو و دییارەکان بە ڕەوشت و باشن، ئافرەتانیان بەو شێوەیە نین! هێشتا ئافرەتێکی پاک و بێگەردم بۆ ڕێنەکەوتووە کە بە دڵی خۆم بێت. تاکو ژیانی خۆمی پێ ببەخشم. بڕوا بکە، خۆیشم زۆر ئارەزوومە، کە پەریی ژیانی خۆم بدۆزمەوە. بەڵکوو ڕەوانم پاک بکاتەوە. خەمی ئەوەیشمە کە تۆ لێم تێ نەگەیت.

ڕۆستۆفیش که زۆر به قسەکانی دۆلۆخۆف سەرسام بوو، وتی:بە پێچەوانەوە زۆر باش لە تۆ دەگەم.

پاییز هات و بنەماڵەی ڕۆستۆف، گەڕانەوە بۆ مۆسکۆ. لە سەرەتای زستاندا بوو کە ڕۆستۆف سەردانی کردن و، لە ماڵیان مایەوە. ئەو ساڵی (١٨٠٦)ە هەردوکیان ئەو زستانەیان پێکەوە بە سەر برد و، خۆشترین زستانی ئەو خێزانە بوو. بە هۆی نیکۆلاوە لاوانێکی زۆر هات و چۆیان دەکردن.

ڤیرا تەمەنی (٢٠) ساڵان بوو و، زۆر جوان و ناسک بوو. سۆنیایش (١٦) ساڵان بوو و، نیان و، خان ومان بوو. ناتاشایش تازە هەڵچوو و، دەستە بوو. بنەماڵەی ڕۆستۆف، لە سۆز و خۆشەویستییەکی کەم وێنەدا دەژیان و، پڕ بوو لە کێژانی شۆخ و شەنگ. هەر کۆمەڵە گەنجانێک ڕوویان لەو ماڵە بکردایە، ئەو نازدارانە بەرەو ڕوویان دەبوونەوە. دیار بوو کە بەختەوەری بە سەریاندا دەباری و، ماڵ پڕ دەبوو لە ئاواز و گۆرانی و، ژاوە ژاوی ژنان و پیاوانی تەمەن ناوەند.

دۆلۆخۆڤیش بە هۆی ئەوەوەی هاوڕێی ڕۆستۆف بوو، لە کەسانی یەکەمی نزیک بەو بنەماڵەیە بوو. دۆلۆخۆڤێک کە دەور و خولی هەموویانی دەدا، ناتاشا نەبێت. چونکە بە هۆی ئەوەیانەوە، خەریک بوو لەگەڵ براکەیدا تووشی شەڕ ببێت!

ناتاشا لەسەر ئەوە سوور بوو، کە شەڕە بەرامبەرێنەکەی لەگەڵ پییەردا کردبووی لە خراپیی دۆلۆخۆڤەوە بووە.

بە ڕووی براکەیدا قیژاندبووی‌و وتبووی،"نامەوێ تێی بگەم و، بە لایشمەوە گرنگ نییە. هەر دینسۆڤی هاوڕێت بە نموونە دێنمەوە. بە ڕاستی ئەو کەسێکی ڕسوا و پیسە. هەر شتێکی خراپ بەرامبەر ئەو بڵێن ڕاست دەکەن! کەچی ئەمانە نابنە ڕێگر لە بەردەممدا، بۆ ئەوەی خۆشم نەوێت! نایشم دەوێت تێی بگەم! نازانم چۆن چۆنی تۆ تێ بگەیەنم؟ بەڵام خۆ ئەوی تریان هەموو شتەکانی ئامادەکراون و، باشن. هەر ئەوەیشە وام لێ دەکات دووڕەپەڕێزیی بم. بەڵام دینسۆڤ. . . "

نیکۆلا قسەکەی پێ بڕی و وتی،"دینسۆڤ زۆر جیاوازە. . . پێویستە لە ڕەوانی ئەو گەنجە بگەیت و، بزانیت کە خاوەنی چ دڵێکە و هەڵسو کەوتی لەگەڵ دایکیدا چۆنە؟"

دەیویست بەو قسانەی بیسەلمێنێت، کە هەرگیز دینسۆڤ بە دۆلۆخۆڤ بەراورد ناکرێت.

ناتاشایش وتی،"من ئەمانە نازانم. هەر کە دەیبینم، دەشڵەژێم! ئەی ئەوە دەزانیت، کە ئەویش بە سۆنیا سەرسامە؟"

ئەویش هەڵیدایە،"ئای کە گێلە!"

ناتاشایش وتی،"من لێم روونە کە ئەمە وایە و، لەمەو دوایش بۆت دەردەکەوێت!"

ڕاستیشی دەکرد. چونکە ئەو دۆلۆخۆفەی کە حەزی بە تێکەڵو بوون نەبوو، لەگەڵ ئافرەتان میوانی بەردەوامی مااڵی ڕۆستۆف بوو! هەرچەند تا ئەو دەمەیش یەک وشە چییە دۆلۆخۆف نەیدرکاندبوو، هەندێک لە دانیشتوانی کۆشکیش دەیانزانی سەردانەکانی دۆلۆخۆف، لەبەر خاتری سۆنیایە. هەر جارێکیش دۆلۆخۆف بهاتایە ژوورەوە و، لەدااڵنەکەوە دەر بکەوتایە، سۆنیا سوور هەڵدەگەڕا! تەنانەت زۆربەی ژەمەکانی نانخواردنی دۆلۆخۆفیش لە مااڵی ڕۆستۆف بوو.

تەنانەت لە ئاهەنگی یادی سااڵڕۆژی تایبەتیی منااڵنی خێزانەکەیشدا! کە ئەو ئاهەنگەیش "ئۆیۆگیل"ی ڕاهێنەری مامۆستای ڕاهێنەر، بۆی ئامادە دەکردن و ئافرەتانێکی زۆر ئامادەی دەبوون. ئەو کاتانەیش کە بە لاولوی سۆنیادا دەهات و، پێی سەرسام بوو. دایکی سۆنیا و هەروەها ناتاشایش شەرم دایدەگرتن.

ئەو پیاوە بە هێزە ڕەفتار ڕیزپەڕە، لە بەردەم ئەو سۆنیا منااڵکارە گەنم ڕەنگەدا! خۆی بۆ نەدەگیرا! نیکۆلایش بێ ئەوەی چاودێریی ئەو دوانەی کردبێت، هەستی کرد، کە پەیوەندیی نێوان ئەو لاوە و سۆنیا زۆر بە تینە.

لە دڵی خۆیشیدا وتی،"ئای خوایە گیان! خۆ ئەو دوو شتە پیسە، ڕۆژ نەبوو کە ئیغرای یەکدی نەکەن!!"

وایشی هەست دەکرد، کە خۆشی لە بینینی ئەو دوانە نایەت. هەر بۆیەش خۆی لە ماڵەوە دەدزییەوە و، زۆرینەی کاتەکانی لە دەرەوە بەسەر دەبرد.

ساڵی (١٨٠٦) باس و خواسی شەڕ، کەوتە سەر زاران و، شەڕ کردنی ناپلیۆن بووە جێی بایەخی خەڵکەکە. دەوڵەتیش بڕیاریدا لە هەر هەزاری هاوڵاتیان دەیان لێ بکاتە سەربازی کارا. لە هەزاردا نۆیشی بکاتە سەربازی ئاسایی و، لەسەر هەموو جۆرەکانی چەک و شەڕ کردن رایان بهێنن.

قەشەکان لە هەموو کەنیسەکانەوە و، لە وتارەکانیاندا پەلاماری ناپلیۆنیان دا. بنەماڵەی ڕۆستۆفیش بە هۆی سەربازی کردنی نیکۆلا ڕۆستۆفی کوڕیانەوە نەبوایە، هەر گوێیشیان بە هەڵگیرساندنی شەڕ نەبوو. بەڵام لاوەکە خۆی مانەوەی لە مۆسکۆ پێ خۆش نەبوو. چاوەڕێی کۆتابوونی مۆڵەتەکەی دینسۆف بوو، تا بۆ ئاهەنگی یاد کردنەوەی سەری سااڵ، لەگەڵیدا بگەڕێتەوە بۆ یەکە سەربازییەکەی.

بەشی یازدە
دڵدارییەکەی دۆلۆخۆڤ

نیکۆلا سێیەم ڕۆژی سەری ساڵ، نانی نیوەڕۆی لەگەڵ بنەماڵەکەی خوارد. ئەو نانخواردنەیشی لە دواین نانخواردنی ماڵئاوایی دەچوو. چونکە بڕیاری ڕۆیشتنی دابوو. ئەو سفرە و خوانەیش (٢٠) نانخۆری لە دەور بوو. دۆلۆخۆڤ و دینسۆڤیش لە نێویاندا بوو. هەرگیز بەرامەی خۆشەویستی بەو شێوەیەی ئەو ڕۆژە، لەو ژووڕەی بنەماڵەکەی ڕۆستۆڤدا بڵاو نەبوو بووەوە! ڕووخسارەکان ئەمەیان دەدرکاند:

تەنیا شتێکی بە بایەخ ئێمە گرنگیی پێ دەدەین خۆشەویستیە و! لەمەیش ترازا ساختەیە، کەوابوو ئامێز بۆ خۆشەویستی بگرەوە و، ڕێ بدە کە ئەوانی تر تۆیان خۆش بوێت.

نیکۆلایش دوای ئەوەی هێندە ئەم کۆڵان و ئەو کۆڵانی کرد بوو و، بۆ هاوڕێکانی گەڕابوو. بە تاودان ئەسپی گالیسکەکەی ماندوو کردبوو. بێ ئەوەی داواکاریی هەموویانی بۆ جێبەجێ بکرێت و، توانیبێتیشی هەر هەموویان ببینێت. هەر وەکو جارانی کەمێک پێش لە نانخواردن گەیشت. کە خۆی کرد بە هۆڵەکەدا، هەستی بە شێوەیەک لە بەرامەی ئەو خۆشەویستییە و، شڵەژانی هەندێکیان کرد. هەژاندنێکی فرەیش بە کۆنتیسە و، سۆنیا و ناتاشا و، بە زۆرییش بە دۆلۆخۆڤەوە دیار بوو. گەیشتە ئەو بڕوایەیش، بەر لە نانخواردن ڕووی داوە و، لە نێوان دۆلۆخۆڤ و سۆنیادا بووە. لەبەر ئەوەی خۆیشی سۆزینە و هەستیار بوو، ویستی کەمێک خۆی لەو بارودۆخە بە دوور بگرێت.

وا بڕیار بوو کە "ئێوجیل"ی ڕاهێنەری سەما، ئاهەنگێکی سەما ساز بکات و، کوڕ و، کچانی خوێندکارانی سەما تێیدا بەشداری بکەن.

ناتاشا لە نیکۆلای پرسی،"نیکۆلا گیان ئاخۆ تۆیش دێیت بۆ مالّی ئێوجیل؟ چونکە ئەو ئێوجیلە زۆر پشتی بە تۆ بەستووە. . . دینسۆڤیش پەیمانی داوە، کە بێت. دینسۆڤیش کە خۆی بە هاوڕێی ناتاشا دادەنا. "

لەولاوە هەڵیدایە،"جا بۆچی، شوێنێک هەیە کە کۆنتیسە چکۆلە فەرمانی چوونم بۆی بدات و، بۆی نەچم!؟ بە ئاسوودەییەوە بۆی دەچم و، سەمایشی تێدا دەکەم و، دڵی پێی خۆش دەکەم. " نیکۆلایش هەڵیدایە،"هەر یەک چرکەیشم بە دەستەوە بێت. هەرچەند پەیمانیشم بە بنەماڵەی ئارخرۆڤ داوە کە ئامادەی ئاهەنگەکەی ئەوانیش ببم. . . ئەوا منیش دێم. ئەی تۆ؟"

ئەم پرسیارەیشی لە دۆلۆخۆڤ کرد. بەڵام دواتر هەستی کرد کە پرسیارەکەی لە دەم دەرچووە و، نەدەبوو ئەو پرسیارەی بکردایە.

دۆلۆخۆڤیش بە ساردییکەوە وەڵامی دایەوە،"ڕەنگە. . . منیش بێم!"

دڵۆخۆڤ سەرنجێکی سۆنیای دا و، ئەویش هەستی بەو سەرنجە کرد. دواتر ئاراستەی سەرنجەکان بەرەو ڕۆستۆڤ بووەوە و، دۆلۆخۆڤیش لە سەر خوانەکە سەرنجی پییەری دا. نیکۆلایش لە دڵی خۆیدا وتی،"گومانی تێدا نییە، کە شتێک ڕوویداوە. "

بەوەیش ئەم گومانەی لێ بوو بە ڕاست، کە دۆلۆخۆڤی بینی، لە دوای نانخواردنەکە کشایەوە.

بۆیە نیکۆلاش ناتاشای بانگ کردە لاوە و، لێی پرسی،"کە ئاخۆ چی ڕووی داوە!؟ منیش دەمویست قسەت بۆ بکەم. من زووتر ئاگادارم کردیتەوە. بەڵام تۆ بڕوات پێ نەکردم!"

ناتاشا وا دەدوا بۆی بسەلمێنێت کە بۆچوونەکەی زووتری ڕاست دەرچوو! داوای لە سۆنیا کردووە کە شووی پێ بکات!! هەرچەند لەم دوا دواییانەیشدا نیکۆلا سۆنیای پشتگوێ خستبوو. کەچی کە ئەم هەواڵەی بیست. . . دڵی گوشرا!

دۆلۆخۆڤ نێچیرێکی باش بوو، بۆ چەتیوێکی بێ باوکی وەکوو سۆنیا! مەحاڵیش بوو، کۆنتیسە و و ئەندامانی تری خێزانەکە، دەست بنێن بە ڕوویەوە و، ڕازی نەبن شووی پێ بکات. هەر چەند نیکۆلا ویستی پێی بڵێت:**دەی با وابێت پەیمانە منداڵانەکەی ئەوسات وەلاوە بنێ و، ڕازی ببە.** بەڵام **بۆی نەڕەخسا پێی بڵێت.**

دوای کەمێک بیدەنگی ناتاشا وتی،"بیهێنە بەرچاوی خۆت، کە چۆن سۆنیا بە ڕەقی وەڵامی دایەوە! تەنانەت ئەوەیشی پێ وتبوو، کە کەسێکی تری خۆشدەوێت. "

نیکۆلایش لە دڵی خۆیدا وتی،"منیش هەر چاوەڕێی ئەوەم لێ دەکرد. "

ناتاشا لە سەری ڕۆیشت،"هەر چەند لەگەڵیدا خەریک بووم، بەڵام بێسوود بوو! لەو بڕوایەیشدام کە هەرگیز لە قسەی خۆی پەشیمان نابێتەوە. "

نیکۆلایش به بێزارییەوە وتی،"دایکیشم هەر لێی پاڕایەوە؟"

ناتاشا لە وەڵامیدا وتی،"بەڵێ. . . تکایە گوێ بگرە و تووڕەیش مەبە. خۆ من سوور دەزانم تۆ مارەی ناکەیت. نەخێر من لێم ڕوونە کە مارەی ناکەیت! مەگەر هەر خوا خۆیشی هۆیەکەی بزانێت! بەڵام من بڕوام بە قسەی خۆم هەیە."

نیکۆلا بەڕپەرچی دایەوە،"ئەوە شتێکە کە تۆ نایزانیت . . کەوابوو پێویستە منیش قسەی لەگەڵ بکەم. . ."

بزەیەکی هاتە سەر لێوان و لە سەری ڕۆیشت،"ئەو سۆنیایە زۆر ناسک و جوانە!"

ناتاشایش باوەشی بە ملی براکەیدا کرد و، خۆی پێدا هەڵواسی. دواتر بە ڕاکردن بۆی دەرچوو. دوای چەند خولەکێک سۆنیا بە شلەژان و شەرمێکەوە پەیدابوو. وەکو کەسێکی تاوانبار خۆی پیشان دەدا. نیکۆلا بەرەو ڕووی چوو و، دەستەکانی ماچ کرد. ئەوە یەکەمین جار بوو دوو بە دوو ببنەوە و، کەس بە دەوریانەوە نەبێت و، ڕاستگۆیانە قسە بۆ یەک بکەن. نیکۆلا کەمە کەمە ورەی بە خۆی دا و وتی،"سوڤی. . . سوڤی. . . چۆن ژیریت بڕی کرد و، ئەو داوا کردنە چاکەت ڕەت کردەوە!؟ ئاخر ئەو گەنجێکی دڵپاکە و، هاوڕێی منیشە!"

سۆنیایش قسەکەی پێ بڕی‌و وتی،"پەسەندم نەکرد و، بڕایەوە."

نیکۆلایش وتی،"ئەگەر لەبەر خاتری من لاریت لەو کارە بووە و پەسەندت نەکردووە، منیش لای خۆمەوە دەترسم. . ."

سۆنیایش جارێکی تر قسەکەی پێ بڕی و وەکو ئەوەی هانای بۆ بەرێت وتی،"نیکۆلا تۆ ئەمە بە من مەڵێ." هەرچەند کەمێک بەخۆ نازینی پێوە دیارە بەڵام دەبێت ئەمە هەر بڵێیم:ئەگەر بە هۆی منەوە دۆلۆخۆفت ناوێت. . . ئەوا دەبێت ڕاستییەکت پێ بڵێیم. گومانیشی تێدا نییە کە تۆم خۆشدەوێت. بڕوایشم وایە، شتێک نییە لە دنیادا. . ."

سۆنیایش سوور هەڵگەڕا و، بە بێزارییەوە وتی،"هەر ئەوەندە بۆ من بەسە."

نیکۆلا وتی،"ئەو قسەیەی تۆ ڕاستە. بەڵام خۆ ئەمە یەکەمین جار نییە، لەم بارەدا ژیابم. ئێستایش ئەوەتا دووبارە دەبێتەوە! لەگەڵ تۆدا لە هەموو کەس زیاتر هەست بە ئاسوودەیی و، خۆشەویستی دەکەم. بەڵام دایکیشم نایەوێت من ژن بێنم. بە کورتییەکەی من پەیمانی هیچ نادەم. داوایشت لێ دەکەم جارێکی تر، بە وردی بیر لە داوا کردنەکەی دۆلۆخۆف بکەرەوە." لەو کاتەدا زۆر بە گران ناوی دۆلۆخۆفی هاوڕێی هاتە سەر زمان.

سونیا پرسیی،"بۆچی ئەمە بە من دەڵێیت!؟ خۆ من داوای هیچم لێ نەکردووێت! هەر وەکوو برایەکی خۆم، خۆشم دەوێیت. ئیدی لەمە زیاتر پێویستە من چی بکەم؟"

نیکۆلا هەڵیدایە،"تۆ فریشتەیەکی پاکیت و، من شایستەی تۆ نیم. دەترسم نەتوانم پاداشتی ئەو چاوەڕوانییە، دوورو درێژە و ئارام گرتنەت بدەمەوە! جارێکی دی دەستەکانی ماچ کردەوە."

بەشی دوازدە
ئاهەنگی منالان

ئەو ئاهەنگانەی ئویوجیل جاروبارە سازی دەدا، خۆشترینی ئاهەنگەکانی شاری مۆسکۆ بوو. دایکانی جگەرسۆزیش بە دەم چاودێری کردنی پێهەڵنانی سەمای منالەکانیانەوە، لە کاتی ڕاهێنانەکانیاندا، هەر ئەمەیان دەگوت و، وای لێ کرد بوون چێژ لەو ئاهەنگانە ببینن.

هەرزەکاران و کێژۆلانیش هەمان بیروڕای گەورەکانیان هەبوو، دەربارەی ئەو ئاهەنگانە. بە ناوی هاودەنگیی ئەوانیشەوە بەشداریان دەکرد و، لە هەموو ئاهەنگەکانی تر زیاتر چێژیان لێ وەردەگرت.

ئەو ساڵە تیپی سەمای ئویوجیل، دوو ئاهەنگی ژنهێنانی سازدا. کە یەکێکیان ئاهەنگی گۆرتشاکۆڤی ناسک و نازدار بوو. هەر بە هۆی ئەو دوو ئاهەنگەوە ناوبانگی ئەو تیپی سەمایە، گەیشتە کەشکەڵانی فەلەک! ئاهەنگەکانیش وا بەڕێوەچوون کە نە خاوەن هۆڵی ئاهەنگ و، نە خانەخوێیش، دەستیان لە چۆنیەتیی بەڕێوەچوون و، چاودێریی لاوانی ئاهەنگ گێڕاندا نەبوو.

ئویوجیلیش ڕاهێنەریکی سەمای نیان و، سێبەر سووک بوو. ڕێزی بۆ هەموو کەسێک دەردەخست و، دەنوشتایەوە بۆی و، زۆر بەباشی میوانانی لە خۆی رازی دەکرد. خۆیشی زۆر ئارەزوومەندی سەما بوو. هەر ئەوەیشی، دەبووە دڵخۆشییەکی زۆر، بۆ کچانی تازە پێگەیشتووی سیازدە و چواردە ساڵان. ئەمەیش دەبووە هۆی جۆش و خرۆشێکی زۆر بۆ زۆرینەی ئامادەبووان.

قوتابیانی ئویوجیلیش لە هەرە سەماکەرە چاکەکانی بوون. لەوانەی کە زۆر باش سەمای شالیان دەزانی و، ئەو جۆرە سەمایەیش، سەمایەکی باوی ئەو سەردەمە بوو. ناتاشایش لە باشترینی قوتابیانی ئەو جۆرە سەمایە بوو. بەڵام ئەو سەمایانەی لە بەرنامەی ئەو شەوەی ئاهەنگەکەدا بوون:سەمای ئەیکۆسیا و ئینگلیزی و مازۆکا بوو.

ئەو سەمایانەیش ناوبانگێکی فرەیان، لە نێو هاوڵاتیاندا هەبوو. ئویوجیلی راهێنەریش، یەکێک لە هۆڵەکانی کۆنت پیزۆخۆڤی بە کرێ گرتبوو. تا ئەو ئاهەنگی سەمایەی، تێدا بگێڕێت و، ئاهەنگەکەیش زۆر سەرکەوتوو بوو و، دەنگی دایەوە.

ئەو شەوە، کچانێکی زۆری شۆخ و شەنگ، ئامادەی ئاهەنگەکە بوون. دوو کێژە پڕ و چڕەکەیش، لە جوانترینی کێژانی ئامادەبووان بوون و، بەختیاریی فرەتریان بە بەشداربووان بەخشی. سۆنیا زۆر بە خۆی دەنازی بەوەی کە دۆلۆخۆڤ داوای کردووە و، ئەمیش پێی رازی نەبووە. دواتریش دانووسانی لەگەڵ ڕۆستۆڤ کردووە. ئەمانە وایان لێ کردبوو کە لە دنیای باڵابوونی خۆیدا، ون ببێت و، تووشی گەشکەیەکی سەرشێتانەی بکات و، ئاڵو گۆڕێکی سەرتاپاگیریی تێدا رووبدابوو! ناتاشایش لە سۆنیا کەمتر نەبوو لە بەخۆ نازینیدا. چونکە یەکەمجاری بوو، کراسێکی ئاوا ئاوادامان لەبەر بکات و، لە ئاهەنگێکی بەربڵاوی لەو جۆرەدا بەشدار بێت! ئەمە هێندە بەختەوەری کردبوو کە جێی بە خۆی نەدەگرت! هێشتا ناتاشا، نەچوو بووە هۆڵی سەماکەوە، دەستەمۆی حەزەکانی خۆی ببوو، خەڵکەکەی لە یەکتری بۆ جیا نەدەکرایەوە و، بە هەمووان سەرسام بوو! چاوانی بە هەر کەسێکەوە دەگیرسایەوە، عاشقی دەبوو!

بە دەم سەما کردنییەوە، کە ڕوو بە ڕووی سۆنیا دەبووەوە، پێی دەوت،"ئای کە ئەمە قەشەنگە!"

نیکۆلا و دینسۆڤیش کە ئەو دوو سەماکەرەیان لە هات وچوونیاندا دەبینی، پێیان سەرسام دەبوون!

دینسۆڤ وتی،"ئەو کێژە زۆر سەرنجڕاکێشە! لە ئایندەدا دەبێتە خەرمانێک لە جوانی!"

ڕۆستۆڤیش لێی پرسی،"کام کچەیان؟"ئەویش دوای کەمێک بیرکردنەوە وتی،"کۆنتیسە ناتالی. . . ئاخر ئەو زۆر کارامانە سەما دەکات! ئای لە شۆخ و شەنگیی ئەویش! "

ڕۆستۆڤیش پرسییەوە،"ئەوە تۆ لە بارەی کێوە قسە دەکەیت؟"

ئەویش لە وەڵامیدا وتی،"بۆ تێ ناگەیت!؟ لە بارەی خوشکەکەتەوە دەدوێم!"

ڕۆستۆڤیش زەردەخەندەیەک، هاتە سەر لێوانی.

ئویوجیل هاتە لای نیکۆلا ڕۆستۆڤەوە و پێی وت،"کۆنتی ئازیز. . . تۆ لە چاکترینی قوتابیانی منیت! پێویستە سەما بکەیت. بڕوانە ئاهەنگەکەمان، چەندین کێژی جوانی تێدایە! بە هەمان شێوەیش، تکای لە دینسۆڤ کرد، کە سەما بکات. ئاخر زەمانێک بوو، ئەویشیان قوتابیی خۆی بوو.

دینسۆقیش پێی وت،"نەخێر. . نەخێر ئازیزەکەم، هەڵەی زۆر لە سەماکەدا دەکەم و، وەکو پێویست لە کاتی خۆیدا سوودم لە وانەکانت وەرنەگرتووە. ئەوە بیرت چووەتەوە؟"

ئویوجیلیش دڵی دایەوە و وتی،"ئای. . . ئای! نەخێر. هەر چەند بایەخێکی زۆرت بە وانەکان نەدەدا، بەڵام تواناکانت خراپ نەبوون."

" هەر چەندە ئاوازی مازۆکا نوێ بوو لە وڵاتدا. بەڵام ژەنرا. نیکۆلا ڕۆستۆڤ بە قسەی ئویوجیلی کرد و، چووە نێو سەماکەرانەوە و، دەستی لە کەمەری سۆنیا خست.

نیکۆلا نەیدەزانی کە دینسۆڤ، زۆر شارەزای سەمای مازۆکایە و، تەنانەت، دەتوانێت لە پۆڵۆنیای خاوەن سەماکە خۆیشیدا، سەما بکات و، سەرنجی ئامادەبوانی ئەوێیش، کێشی خۆی بکات"! دینسۆڤیش چووە نێو پیرەژنان و لێی دانیشت و، چەناگەی خستە سەر مشتووی شمشێرەکەی و، لەگەڵ نەزمی تەپڵەکەدا پاژنەی لە زەوی دەکوتا. باسی جوانی و چێژەکانی بۆ دەکردن. چاوانیشی لەسەر هەرزەکارە سەماکەرەکان بوو. ئویوجیلیش یەکەمینی سەماکەران بوو و، دەستی لە کەمەری ناتاشا خست بوو و، شانازیشی پێوە دەکرد. چونکە ئەو کێژە لە باشترینی سەماکەرانی بوو!

ناتاشایش زۆر بە سووکی پێیەکانی لەگەڵ سەماکەرەکەی ڕاهێنەریدا دەخلیسکاند.

دینسۆڤیش سەرنجەکانی لەسەر ئەو نەدەگواستەوە و، لەگەڵ نەزمی تەپڵەکەدا لە زەویی دەدا. ئەمەیشی بۆ ئەوە دەکرد، کە نەبادا دەور وبەرەکەی پێیان وابێت ئەو سەمایە نازانێت. بەڵکوو خۆی سەما ناکات.

ڕۆستۆڤ بە دەم سەما کردنەوە لە ناتاشاوە نزیک بووەوە، بانگی کرد:

"ئەم ئاوازە مازۆکای پۆڵۆنی نییە!"

"نەخێر ئەمە مازۆکا نییە!"

بە هەرحاڵ ئەم سەمایەیش داهێنەرانەیە! چونکە نەیدەزانی ڕۆستۆڤ ئەم سەمایە دەزانێت و، گەر لە پۆڵۆنیا خۆیشیدا سەماکە بکات دەتوانێت سەرنجی خەڵکانێکی زۆری ڕاکێشێت!!

بۆیە خۆی گەیاندە ناتاشا و پێی وت،"بڕۆ بە دینسۆڤ بڵێ:با بێت تا سەمات لەگەڵ بکات. هەرچەند ئەو ئەم سەمایەش نازانێت."

ڕۆڵی ناتاشا هات و لە سەر پێڵاوە بچووکەکانی کەوتە خلیسکاندنی خۆی بە دەم سەماکەوە. لە بەر ئەوەی بوو بووە جێی سەرنجی ئامادەبوان، تا گەیشتەوە ئەو گۆشەیەی دینسۆڤی لێ بوو، سوور هەڵگەڕابوو.

ڕۆستۆڤ سەرنجیدا، ناتاشا داوای بەشداربوونی لێ دەکات و، ئەویش زۆر بە ڕێزەوە داواکەی ڕەت دەکاتەوە. بۆیە خێرا خۆی گەیاندە ناتاشا، تاکو پشتگیریی لێ بکات.

کە نزیک بووەوە گوێی لێ بوو ناتاشا پێی دەوت:

"ڤازیلی دیمیتریش (واتە دینسۆڤ). . . تکایە وەرە."

دینسۆڤیش دەیوت:

"ببووره کۆنتیسه. . . "
لەو کاتەدا ڕۆستۆف چووە نێوانیانەوە و وتی:
ـ دەی ڤاسیا (واتە دینسۆف). . . بۆ گوێڕایەڵی نابیت!؟
دینسۆڤیش بە لاقرتێوە وتی:
"ئاخر پێم دەڵێن بە لاولوویدا دێت!"
ناتاشایش پەیمانی پێدا و وتی:
"پەیمان بێت هەموو ئێوارانێک گۆرانیت بۆ بڵێم. . . "
دینسۆف شمشێرەکەی لە شوێنەکەی خۆی دەرهێنا و وتی:
"ئای لە خۆ بردنە پێشەوەی ئەم کچەیش! خۆ بە ئارەزووی خۆی دەمهێنێ و دەمبات! لە نێو کورسییەکان هاتە دەرەوە و، دەستی ناتاشای توند گوشی و، سەری بڵند کردەوە و، لاقی درێژ کرد و، چاوەڕێی دەنگی تەپڵەکەی کرد. لە دوو باردا دینسۆف دەیتوانی خەوشی بالاکەی بشارێتەوە. لە کاتی ئەسپ سواریدا و، لە کاتی ئەم سەمای مازۆکایەدا. لە هەردوکیانیشدا، زۆر بە لێ هاتوو خۆی پیشان دەدا. بە جووڵەیەکی کوتوپڕ، ناتاشای بەکێشی کۆڕی سەماکەران کرد. لە سەر یەک پێ تا ناوەڕاستی هۆڵەکە خۆی خشاند، بێ ئەوەی هیچ دەنگێک دەر بکات. وایشی پیشان دەدا، کە ئەو هەموو کورسییەیشی هەر نەدیوە. لەگەڵ ئاوازەکەدا دوو ئاسنی پاژنەی پێیەکانی لە یەک دەدا و، بەزەویدا دەدانەوە. خولێکی زۆر وردی بە هۆی لاقەکانییەوە دەدا و، تێکەڵ بە سەماکەران دەبووەوە و، گورجانە پاژنەی ڕاستی بە چەپیدا دەداوە. دەخولاوە و، دەمێک بە دەستی ڕاستی و، دەمێکیش بە چەپی، ناتاشای دەگرت.
هێندە بە گوژم سەماکەرە هاوتاکەی بەکێش دەکرد، کە تەماشاچیان، پێیان وابوو هەر ئێستا لە هۆڵەکەی تێدەپەڕێنێت! کەچی لە کاتێدا کە خەڵکەکە چاوەڕوان نەبوون، لە ناکاو دەوەستا! پاشان بە دەم سەماکەوە، بازنەیەکی گەورەی دروست کرد و، ناتاشای گەیاندەوە ئەو کورسییەی، کە زووتر لە سەری دانیشت بوو.
بە گوێرەی ڕێو ڕەسمی سەماکە، دەبوو ناتاشا بۆ دینسۆف داموکایەتەوە و سوپاسی بکردایە. بەڵام ناتاشا بە زەردەخەنەیەکەوە جۆرێک سەیری دینسۆڤی کرد، وەکوو ئەوەی بۆ یەکەم جاری بێت، ببینێت!
بە سەرسامییەوە چاوێکی لێ داگرتو پرسی،"ئەمە چی دەگەیەنێت!"
هەر چەند ئویوجیلی ڕاهێنەر، وا باسی ئاوازەکەی دەکرد، گوایا مازۆکا نییە. بەڵام سەما سەرسوورهێنەکەی دینسۆف، میوانانی سەرسام کردبوو! پیران یادەوەریی هەرزەکاریی خۆیان بیر هاتەوە و، کچانیش خۆیان دەگەیاندە دینسۆف و، داوایان لێ دەکرد، کە سەمایان لەگەڵ بکات. دینسۆڤیش بە تەنیشت ناتاشاوە دانیشت بوو و، دەمو چاوی دەسڕییەوە. تا کۆتایی ئاهەنگەکەیش لە ناتاشا، دوور نەکەوتەوە.

بەشی سیازدە
ئاهەنگەکەی دۆلـۆخۆڤ

تا دوو رۆژ دوای شەوی ئاهەنگەکەیش، دۆلۆخۆڤ سەردانی بنەماڵەی ڕۆستۆڤی نەکردەوە.

دواتر و شەوی سێیەم، نامەیەکی دۆلـۆخۆڤ گەیشتە ڕۆستۆڤ و، تێیدا هاتبوو:

لەبەر ئەو هۆیانەی کە خۆت دەیزانیت:نیازم نییە بێمە ماڵتان. بەم نزیکانەیش پەیوەندی بە سوپاوە دەکەم و، دەبمە سەرباز. ئەمشەویش ئاهەنگێک لە سەر خوانی ئێوارە ساز دەکەم و، خـواحـافیزی، لە هاوڕێیان دەکەم. بۆیە لە ئوتێل چاوەڕێی تۆیش دەکەم .

ڕۆستۆڤ و خێزانەکـەی کـە بـە یـاوەریی دینسـۆڤ چووبوونـە یانەیـەکی شـەوانەوە. هاتنەوە دەرەوە و، کات نزیکەی (١٠)ی شەو بـوو، بـەرەو ئـوتێلی ئینگلتـەرە بـوونـەوە و، خزمەتکار بردنییە بـاشترینی ژووری ئەو ئوتێلەی کە دۆلـۆخۆڤ بۆی هەڵبژاردبوون.

ڕۆسـتۆڤ (٢٠) کەسـێکی بـە دەوری مێزێکی سـەر بـە چەندین کۆمەڵـە پـارەو پارچـە زێـڕەوە بینـی. دۆلـۆخۆڤیش لـە نێـوان دوو مـۆمی داگیرسـاودا، دانیشـتبوو و، کاغـەزی قوماری بە سەریاندا دابەش دەکرد.

نیکـۆلا ڕۆسـتۆڤ کـەمێک ترسـی ڕوو بـە ڕووبوونـەوەی ئـەو هاوڕێیـەی کـە لـەو شەوەوەی سۆنیا داوای شوو پێ کردنەکەی ڕەت کردبووەوە کەوتە دڵەوە. کە چـاوانی بە چـاوانی دۆلۆخۆڤەوە گیرسایەوە، هەستی بە ساردیی ڕوانینەکەی کرد.

دۆڵۆخۆڤ پێی وت،'ئـای کـه دەمێکـه یـەکترمان نـەدیوه! سـوپاس بـۆ هاتنەکـەت. دوای تـەواو بوونی، بانکی ئـەم قومارەش ئیلیوشیا و، گۆرانی بێژەکانی دەگەن.

ڕۆسـتۆڤ قسـەکەی ئـەوی پـێ بـاش بـوو، حـەوت لۆیـەکی کـوپی، لـە وەرەقـە سـووتاوەکانی حەوزەکـە ڕاکێشـا. سـالانێکی زۆر یـادەوەریی ئـەو وەرەقـە سـووتاوە لـە مێشـکیدا مایـەوە. بـە خـەتێکی جـوان لەسـەر پشـتی ئـەو وەرەقەیـە ژمـارەی (٨٠٠)ی نووسیبوو. دواتر پێکێکی شامپانیای ـ کە لەو کاتەدا دەیانگێڕا ـ هەڵدا.

بـزەیەکی بۆ دۆڵـۆخۆڤ کردو بە تامەزرۆییەوە چـاوەڕێی وەرەقەی بانک بـە دەسـتو ژمارە حـەوت بوو. هـاتنی حـەوتی کـوپ و بردنـەوەی، یـان دۆڕاندنی مەترسـییەکی زۆری بۆی هەبوو. چونکە ئیلیا ئاندرییتشی باوکی (٢٠٠٠) ڕۆپڵی پێ دابوو و، داوای لێ کردبوو، دەسـتی پێوە بگرێت و، تـا مـانگی ئایـاری داهـاتوو، ناتوانێت، پـارەی تـری بـداتێ. ئـەمیش وتبـووی:گـەر دەسـتبڵاویش بکـەم لـە خەرجکردنیـدا، تـا بـەهاری داهـاتوو بەشـم دەکـات. سوێندیشی بۆ خواردبوو' کە تا ئەو مێژووەی ئەو بۆی دیـاری کردبوو، داوای پـارەی تر نەکات. ئێستایش کە (٨٠٠) ڕۆپڵی دۆڕاندووە و، (١٢٠٠) ڕۆبڵی پێ ماوەتەوە، چارەنووسی ئەو (٨٠٠) ڕۆپڵە دۆڕاوە، بەو (٧)ی کوپەوە بەستراوەتەوە!

خـۆ کارەکـە بـە دۆڕاندنـەوە نەوەسـتاوە. چـونکە ئـەو پەیمانیشـی داوە و خیانـەت لـە پەیمانەکـەی خـۆی دەکـات. هـەر بۆیـەش بـە دڵەڕاوکێیـەکی زۆرەوە، سـەیری دەسـت و وەرەقەکانی دۆڵۆخۆڤی دەکرد.

لە دڵی خۆیدا وتی:

دەی ئەو وەرەقەیەی خـۆمم بدەرێ. خـێراکە بـا بـڕۆم نانەکـەم لەگـەڵ دینسـۆڤ و نـاتاشا و، سۆنیا بخۆم. سوێندیش دەخۆم، کە لەمەودوا لە کارتـەکانی قومارەوە نزیک نەبمەوە!

لـەو کاتـەدا ڕووداوە سـادە و سـاکارەکانی نێـو خێزانەکـەی بـیرکەوتەوە. وەکـوو سـوعبەتەکانی پیتیـا و، خـۆ بادانەکـەی و، قسـەکانی لەگەڵ سـۆنیا و، گۆرانییـەکانی دوو بـە دووی، لەگەڵ ناتاشادا و، هەڵوێستەکانی خۆی، بەرامبەر باوکی. تەنانـەت تـەپا و تلی سـەر نوێنەکەی خۆیشـی. ئـەو خۆشـی و شـادیانەی کـە هەمیشـە تونـد بـە خۆیـەوە گرتبـوونی و، دەسـتبەرداریان نەدەبوو. ئەو دەمانەی کە چارەنووسی خۆی نەدەبەسـتەوە بـە (٧) لۆیـەکی کوپی خـوێڕییەوە.

لەگەڵ ئـەو هـەموو ئەندێشـەیانەیدا، چـاودێری وردی دەسـتەکانی دۆڵۆخـۆڤ بـوو. ئـەو دەسـتانەی کە لە مەچەکەکانیەوە، تووکە چڕەکانی دەردەکەوت. ئـەویش وەرەقەکانی لەسـەر مێزەکـە دانـا و، بـە دەسـتێکی پێکـە شـەمپانیاکەی هەڵـدا و، بـە دەسـتەکەی تـری پایپەکـەی گرتبوو.

دۆلۆخۆف پرسیارەکەی دووبارە کردەوە،"کەوابوو. . . لەوە ناترسیت کە یاریم لەگەڵ بکەیت! وا نا؟"

پاڵی بە کورسییەکەی خۆیەوە دا، وەکو ئەوەی چاوەڕێی بیستنی چیرۆکێکی خۆش بێت.

زەردە خەندەیەک هاتە سەر لێوانی و وتی،"بەڵێ بەڕێزان. جارێکیان جۆرێک قسەم کرد و، لە مۆسکۆدا، بە فێڵاوی قومار ناسرام! بۆیە ئامۆژگاریتان دەکەم کە ئاگاتان لە خۆتان بێت! "

ڕۆستۆف پێی وت:

"خێرا کە. . . وەرەقەکان بەش بکە. "

ئەویش وەرەقەکانی لە سەر مێزەکە هەڵگرتەوە و وتی،"ئای لە پیرەژنانی مۆسکۆیش!"

دەستی بۆ سەرو قژی خۆی برد. تومەز ئەو (٧)ی کوپەی ئەو پێویستی بوو یەکەم وەرەقە بوو و، نەدەگەیشتە لای ئەو! بۆیە هێندەی دۆڕاند کە بۆی نەدەدرا.

دۆلۆخۆف تیلەچاوێکی دایە و پێی وت:

"مەسڵەمێوە. . . ئای!"

دەستی کردەوە بە بەشکردنی وەرەقە.

بەشی چواردە
دۆڕاندنەکەی ڕۆستۆڤ

دوای سەعات و نیوێک قوماڕەکە، خاو بووەوە و هەر ئەوەبوو، یاریکەران نەکشابوونەوە، دەنا بە پارەیەکی زۆر کەم یارییان دەکرد. قوماڕەکەیش لەسەر ڕۆستۆڤ چڕ بوو بووەوە. ژمارەی قەرزەکانی لە لیستی سەر مێزەکەدا درێژ بوو بووەوە. کە کۆی کردنەوە، زیاتر لە (١٠٠٠٠) ڕۆپڵ بوو. لە کاتێکدا کە کەمێک لەوەو پێش (١٦٠٠) ڕۆپڵی تێپەڕاند بوو و، دواتر گەیشتە زیاتر لە (١٥٠٠٠) ڕۆپڵ. بەڵام دواتر بووە (٢٠٠٠٠) ڕۆبپڵ.

دۆلۆخۆڤ گوێی لە دەوربەرەکەی نەگرت و، چیرۆک گێڕانەوەکەی وەستان، بە تیلەی چاوانیشی، لەگەڵ سەرنجدانی وردیدا، لە ڕۆستۆڤی دەڕوانی. ئەویش بە قەرزەکانیدا دەچووەوە. ئەمیشیان، لە دڵی خۆیشیدا بڕیاری دابوو، تا قەرزەکانی ڕۆستۆڤ نەگەیەنێتە (٤٣٠٠٠) ڕۆبڵا، دەستی لێ هەڵنەگرێ.

ڕۆستۆڤیش دوو ئانیشکی لە سەر مێزەکە دادابوو و، چەناگەی نێوانی دوو بەری لەپی نابوو و، بە لیستی قەرزەکانی سەرشانی خۆیدا دەچووەوە. ئەو لیستەی کە لە نێو جەنجاڵیی مێزە داپۆشراوەکە، بە وەرەقەی قومار و شەمپانیای ڕژاودا، کەوتبوو.

ڕۆستۆڤ لەو کاتەدا هەستێکی لەم جۆرە بە سەریدا زاڵا بوو:

ئەو دوو دەستەی بەو دوو مەچەکە تووکنەوەیە، چەند خۆشەویست بوون هێندەیش رقم لێیان دەبێتەوە. چونکە ئێستا لە سایەی بەزەیی ئەواندام! (٦٠٠) رۆپڵ. . . دوو ئاس. . . (٩) لۆیەک. ئومێدم لە گەڕاندنەوەی بڕی پارە دۆڕاوەکە بڕیوە. ئای چەندە کاتی خۆشم بەسەر بردا لاوێک مایەپووچ بێت! نا بەخوا! شتی وا! نەخێر بڕوا ناکەم بەو شێوەیە هەڵس و کەوتم لەگەڵ بکات!

هەر کە ڕۆستۆف بە بڕی پارەی زۆر قومارەکەی بکردایە، دۆڵۆخۆف خۆی دەدزییەوە و، بە ئارەزووی خۆی، بڕی پارەکەی بۆ دیاری دەکرد. ڕۆستۆفیش هانای بۆ خوا دەبرد و، خۆیشی وا دەر دەخست کە هێمن و ئارامە. نزا و پاڕانەوەکەیشی هەر وەکو پاڕانەوەکەی وەکو ئەوەکەی شەڕی "ئەمستیتین"ی خۆی بوو.

هەندێک جار وای دادەنا کە فڵان وەرەقەی ئەو دەستە تووکنە سوورباوانە لە توانایدایە رزگاری بکات. جاروبارێکیش ئومێدی وابوو، کە هەموو ئەو پارەیەی دۆڕاندوویەتی بە یەک فڕەی قومارەکە، ڕادەستی دەبێتەوە و، دەیباتەوە! یان چاوەڕوانی نگینی دەوروبەرەکەی دەبوو. کە سەیری ڕوخساری دۆڵۆخۆفیشی دەکرد لە توندی و وشکی بەوڵاوە، هیچی تری نەدەبینی.

لە دڵی خۆیدا وتی:

ئای خوایە گیان. . . خۆ دەیشزانێت ئەم دۆڕاندنەم، زۆر دەکەوێت لە سەرم! بڕوا ناکەم کە بیەوێت تێکم بشکێنێت! خۆ ئەمە هاوڕێمە و، دەشزانێت کە چەندم خۆشویستووە! تا ئێستایش هەڵەی لەگەڵ من نەکردووە. بەخت یاوەری بووە و، دەستی خۆیی تێدا نەبووە.

منیش بێتاوانم! نەکەسم ئازار داوە و، نە کەسیشم کوشتووە. ئەم بەختە ڕەشە چی بوو کە ئەمشەو هەم بوو!؟ ئەمە لە کەیەوە بەختم ڕەش و خراپ بووە؟ زۆر دەمێک نەبوو کە نیازم بوو، پاکەتێک دیاری بۆ دایکم بکڕم بە (١٠٠) ڕۆڕۆپڵ و، ویستم پارەکەی لە سەر ئەم مێزی قوماڕە ببەمەوە و، بگەڕێمەوە! ئەو دەمە شاد و بێباک بوم. بەختیار و ڕەها بووم.

کەچی، هەر هەستیشم بەو بەختیارییە نەکردبوو!! لە کوێڕا ئەم هەڵوێستە تۆقێنەرە، جێی ئەو بەختیارییەی گرتەوە!؟ کوێڕا ئەم وەرچەرخانە مەزنە ڕوویدا!؟ نە جێگام چۆڵ کرد و، نە لە ڕاکێشانی وەرەقەی قومار کۆڵم دا! هەمیشەیش چاوم بڕی بووە ئەو مەچەکە تووکنە سوورباوانە!

ئەرێ ئەمە چی بوو، چی ڕوویدا؟ خۆ دروستییشم باشە و، لە جێی خۆم نەجوولاوم! بێگومان ئەمە خەونێکی ناخۆشە و هیچی تر!

هەرچەند گەرمیی ژووڕەکە، مام ناوەند بوو، بەڵام ڕوخساری ڕۆستۆف ئارەقی کردبووەوە. ددانی هێندە بە تووندی بە خۆیدا گرت، تا وای پیشان بدات، کە ئارام و

لەسەرخۆیە. سوور هەڵگەڕابوو و، ڕوخسارێکی تۆقێنەری هەبوو. بە هۆی ئەو کارەیشییەوە، بوو بووە جێی بەزەیی پێداهاتنەوەی دەور و بەرەکەی. ئەوەبوو کۆی قەرزەکانی لە لیستەکەدا گەیشتە ژمارە فرە ترسناکەکە کە (٤٣٠٠) لەگەڵ بوو. ڕۆستۆف بە نیاز بوو بە (٣٠٠٠) ڕۆپڵ وەرەقە رابکێشێت. دۆلۆخۆف وەرەقەی لیستی قەرزەکانی راکێشایە بەردەمی و کەوتە کۆ کردنەوەی قەرزەکان. هێندە بە توندی دەستی لەسەر کاغەزەکە نابوو قەڵەمەکە لە نێو پەنجەکانیدا شکا!

دواتر وتی،"کاتی خۆیەتی و بوەیهیمیەکانیش گەیشتن."

لە راستیدا لەو دەمەدا کۆمەڵێک ژن و پیاو، خۆیان کرد بە هۆڵەکەدا. سەرماکەی دەرەوە سوورى هەڵگەڕاندبوون و، بەزمانی بۆهیمی قسەیان دەکرد. نیکۆلا ڕۆستۆف تێگەیشت، کە هەموو شتێک کۆتابوو. بە شێوەیەک دووا کە یارییەکە کاری لە ناخی کرد بێت.

تەنیا هێندەی وت:

چۆن!؟ ئەی سەرومڕ نەبین، لەسەر یارییەکەمان؟ من وەرەقەیەکی وام ئامادە کردبوو، کە تۆ بتدۆڕاندایە.

لە دڵی خۆیشیدا وتی:

هەموو شتێک کۆتابوو! تێداچووم! هیچم لە بەردەمدا نەماوە بیکەم. ئەوە نەبێت ساچمەزەنێک بنێم بە سەری خۆمەوە.

زۆر بە نیانی بە دۆلۆخۆفیشی وت:

"بەڵێ. . . وەرەقەیەکی ناوازە! دەی با لەسەر یارییەکە سەرومڕ بین و، فڕەی دووەمیش لێ بدەینەوە."

ئەویش کە لە کۆ کردنەوەی وەرەقەکان بووەوە وتی:

"با قسەی تۆ بێت. بە (٢١) ڕۆپڵ دەستپێدەکەین. بۆیەش ئەو (٢١) ڕۆبڵەی لەگەڵدا دەرچووەوە، چونکە ئەو بڕە لە (٤٣٠٠٠) ڕۆبڵەکەی نێو لیستەکە زیاتر بوو. بەڵام کە سووچی وەرەقەکەی خۆی هەڵداوە (٢١) ڕۆبڵی تری بۆ نووسی.

ڕۆستۆفیش وتی:

"بۆمن وەکو یەکە، هێندەم دەوێت بزانم دەڵێیەکم دەدەیتێ، یان وەرەقەکەم دەسووتێنیت."

دۆلۆخۆف وەرەقەکانی وەستایانە تێکوەرداوە و، کەوتە دابەش کردنی.

ئای لەو کاتەدا ڕۆستۆف، چەندە رقی لەو دەست و مەچەکەی بوو! ئا ئەو دەستە ئەستوورانەی، کە بە پەنجە کوڵەکانی کۆتا دەبوو. ئەو مەچەکە تووکنانەی، کە ڕۆستۆفیان خستبووە ژێر سایەی بەزەیی خۆیانەوە!

دە لۆکە هات و دۆلۆخۆف بە گران هەستایە سەر پێ و پێی وت:

"کۆنت. . . ئێستا تۆ (٤٣٠٠٠) ڕۆپڵ قەرزاری منیت! ئای شەیتان بە نەفرەت بێت! ئـای ئەوە چۆن توانیومە تا ئێستا لە جێی خۆم و بێ جووڵە دابنیشم!؟"

ڕۆستۆفیش وتی:

"بەڵێ. . . بەڵێ! منیش ناتوانم لەمە زیاتر لێرە بمێنمەوە. "

دۆڵۆخۆف تێگەیاند کە قسەکەی لە جێی خۆیدا نییە و پێی بڕی:

"کەی ئەم قەرزەم دەدەیتـەوە؟"

ڕۆستۆف سوور هەڵگەڕا و، پیپەریش دەستی گرت و، بردییە ژووورێکی تر.

بەڵام ڕۆستۆف ددانی بەوەدا نا و وتی:

"ناتوانم هەموویت بەسـەریەکەوە بدەمـەوە. بەڵگەنامـەیش بۆ ژمـارەی ئەو قەرزەی لام واژۆ دەکەم. "

ئەویش بە ساردێکەوە سەرنجیدا و بزەیەکی بۆ کرد و وتی:

جوان گوێم بۆ بگرە. . . ڕۆستۆف. ئەو پەندەت بیستووە کە دەڵێت:

ئەوەی بەختەوەری خۆشەویستییە. . . بێبەختی قوماڕە! ئاگایشم لەوەیە کە کچە مامت زۆری حەز لێتە.

ڕۆستۆفیش لە دڵی خۆیدا وتی:

"ئای کەوتنە ژێرسایەی بەزەیی ئەم پیاوەوە، چەندە سەخت و بە ئازارە!"

دەشـیزانی کـە باسـکردنی ئـەم دۆڕاندنـەی، چ کاریگـەریی سـەختی دەبێت، بـە سـەر خێزانەکەیـەوە! ئـای چەندە خۆشـی هێنـە، گـەر بتوانێت خـۆی لـەم هەڵوێسـتە خەوشـدار و شەرمهێنە، ڕزگار بکات! ئەوەیشـی دەزانـی کـە دۆلۆخۆف دەتوانێت ڕزگـاری بکـات. بـەڵام ئەوەیش وەکو یاریی "پشیلە و مشک"ە.

دۆلۆخۆف بە وڕەیەکی بەرزەوە وتی:

"کچـە مامەکەت . . . "

ڕۆستۆفیش بە تـووڕەییەوە قسـەکەی پێ بڕی:

" کچە مامی من، پەیوەندیی بەم کێشەیەوە نییە. . کۆڵی لێ بدە. "

دولـۆخۆفیش لێی پرسییەوە:

"کەوابوو . . کەی ئـەم قـەرزەم دەدەیتەوە؟"

"سبەینێ . . . "

بەشی پازدە
لە دنیای عیشقدا

زۆر ئاسانە بە قسە بڵێت:سبەینێ قەرزەکەت دەدەمەوە. بەڵام هەر کە بگەڕێتەوە و، خوشک و براکانی و، دایک و باوکی ببینێت و، دڵدان بەو قەرزەدا بنێت. بە تایبەتی ئەوێکیش کە پەیمانی دەستگرتنەوەی بە پارە خەرجکردنەوە، بە باوکی دابوو. ئەمە زۆر ترسناک بوو بۆی.

هێشتا کەسیان نەنووستبوون و، هەر لە بینینی شانۆگەرییەکە گەڕابوونەوە، هەموویان خۆیان گەیاندبووە پیانۆکە. هەرکە ڕۆستۆڤ گەیشتە هۆڵەکە، هەستی بە کەشی عیشق و خۆشەویستی و ڕۆمانسی کرد. ئەو بارەی کە بە درێژایی ئەو زستانە ئەم بنەماڵەیەی داپۆشیبوو. دوو کیژۆڵە ناسکۆڵەکەیش پێش چوونیان، بەرگی شینیان بۆ شانۆگەرییەکە پۆشی بوو. بە شانازیی بە خۆکردنەوە، بە جوانییەکەیان لە تەنیشت ژەنەری پیانۆکەوە وەستابوون و، زەردەخەنە بە سەر لێوانیانەوە بوو. ڤیرایش لە هۆڵەکەدا شەترەنجی لەگەڵ شینشین دەکرد. کۆنتیسەی دایکیشی یاریی بەختگرتنەوەی لەگەڵ پیرەژنێکدا دەکرد، کە لە ماڵەکەی خۆیاندا و لەگەڵیاندا دەژیا و، چاوەڕێی هاتنەوەی کۆڕ و مێردەکەی بوو.

دینسۆڤی قژبڕیش لە بەرامبەر پیانۆکەدا دانیشت بوو و، پێیەکانی خستبووە ژێر خۆی و، بە پەنجە کوڵەکانی پیانۆی لێدەدا و ئەو گۆرانیی عیشووەیەی دەچڕی، کە شیعرەکەی هی خۆی بوو. چاوانیشی بە دەوروبەری خۆیدا دەگێڕا بۆ ئەوەی یەکێک گۆرانییەکەی لەگەڵدا بڵێتەوە.

بە گۆرانییەوە وتی،"ئای جادووگەر . . . ئـاە! چ هێزێک پاڵنەرمە:

بۆ زیندوو کردنەوەی ئەم ژێیە نوستووانە.

بە چ توانایەکەوە دڵی منت لە ئامێز گرتووە!

ئەمە چ پەرۆشییەکە، لە سەر پەنجەکانمەوە، دەر دەپەڕێت!

بە دەم وتنی ئـەم گۆرانییـەوە چـاوە مرواریـیـەکانی، لـە ناتاشـا بـڕی بـوو. ئـەویش چـوو بـووە گۆرانییەکەی ئەمەوە و، زۆریش دەترسا.

ناتاشا بێ ئەوەی ئاگای لە هاتنە ژووروەوەی براکەی بێت، هاواری کرد:

"زۆر خۆشە! دەی . . . کۆپلەیەکی تریشی لێ بڵێ."

نیکۆلایش لە دڵی خۆیدا وتی:

کەوابوو شتەکان ئاساییە.

چاوێکی بە هۆڵەکەدا گێڕا و، ڤیرا و دایکی و پیرەژنەکەی بینی.

ناتاشایش کە چاوی پێکەوت، بەرەو ڕووی چوو و، هاواری کرد:

"ئـــاە!! ئەوە نیکۆلایە!"

ئەویش پرسیی:

"باوکم لێرەیە؟"

ناتاشا ئەم پرسیارەی پشتگوێ خست و پرسیی:

"ئـای چەندم پێخۆش بوو، هاتیتەوە! ئێمـە لێرە خـۆش دەیگوزەرێنین. دەزانیت ڤازیلی دیمتریتیشیش، بڕیاری داوە، لەبەر خاتری من، ڕۆژێکی تریش لێرە بمێنێتەوە!؟

سۆنیایش وتی:

"نەخێر، هێشتا بابە نەگەڕاوەتەوە."

کۆنتیسەیش بە دەنگی بەرز هـاواری بۆ کرد:

"ها کوکو ئەوە خۆتیت!؟ وەرە بۆ لام هـــاوڕێکەم!"

نیکۆلایش بە قسەی کرد و، بەرەو لای چوو و، دەستی ماچ کرد و، بێدەنگ لەولایەوە دانیشت. لە هۆڵی سەماکەیشەوە و، هاواریان بۆ ناتاشا دەکردو پێ دەکەنین.

گوێی لە دینسۆڤ بـوو، دەیوت،"نـەخێر. . نەخێـر! پۆزش و بەهـانە هێنانـەوەم، پەسـەند نییـە! تـۆ گۆرانییـەک قـەرزاری منیت. . . ئـەی بارکـارولا، کـەوابوو پێویسـتە، بـۆم بڵێیت. . ئەوەتا لێیشت دەپارێمەوە." کۆنتیسە سەرنجێکی پرسایانەی کوڕەکەی دا و، وتی،"چیت بـە سەر هاتووە!؟" کوڕەیش کە لە پرسیارەکەی بێزار بوو وتی،"هیچ نەبووە. . ئاخۆ باوکم بەم زووانـە دێتەوە؟"

دایکیشی وتی،"بێگومان."

نیکۆلا ڕۆستۆڤیش لە دڵی خۆیدا وتی:

"هەموو شتێک ئـاسایە و، ئەوان ئـاگایان لە هیچ نییە. باشە ئەی من بۆ کوێ بـڕۆم!؟"

بەرەو هۆڵە گەورەکە بووەوە.

سۆنیا خۆی بۆ پێشەکیی، ئاوازی "بارکارۆلا" ئامادە دەکرد و، بە دینسۆف سەرسام بوو.

دینسۆڤیش بە ناتاشا سەرسام بوو، لە کاتی ئامادەباشیدا بۆ وتنی گۆرانییەکە سەرنجی ئەوی دەدا. نیکۆلا ڕۆستۆڤیش بە پەژارەیەکی زۆرەوە، لە هۆڵەکەدا دەهات و دەچوو.

بە خۆیشی وت:

"پف لە ئەویش! داوای گۆرانی لە کێ دەکات! هەر وەکو، ناتاشایە، زۆر لە گۆرانی بزانێت و، سەرکەوتووانە بیچڕێت!"

پاشان کەوتەوە بیرکردنەوە لە خۆی:

"ئای خوایە گیان! خوایە گیان! منیان لە نێو برد! ناموووس و ڕەوشتی خۆم دۆڕاند! گۆڕ وایە گوللەیەک بە سەری خۆمەوە بنێم. هەر ئەوە دێنم و باشترین سزایشە بۆ من. لەوە دەچێت منیش هەر ئەوەندە بێنم، کە گۆرانیم بۆ بڵێن! دەی بڕۆ! ئاخر بۆ کوێ بچم!؟ بە هەرحاڵ مادام دڵیان دێنێ، با گۆرانی بڵێن. "

بە ڕەنگی زەردەوە کەوتەوە هاتوچۆ کردن بە هۆڵەکەدا و، سەرنجی بێ سەروبەری دینسۆف و، دوو کچەکەی دەدا و، خۆیشی لە سەرنجی هەموان دەدزییەوە.

سەرنجەکانی سۆنیایشی وا ئاراستە بوو، وەکو ئەوەی لێی بپرسێت:

"ئەوە چیتە نیکۆلا ڕۆستۆف؟"

لەوە دەچوو سۆنیا هەستی بە شتێک کردبێت بۆیە ڕۆستۆف خۆی لە سەرنجەکانی دەدزییەوە. ناتاشای هەستیاریش، لەو کاتەوەی براکەی هاتبووە ژوورەوە، هەستی بە ئاڵۆزیی دەروونی ئەو کرد بوو. بەڵام لەبەر ئەوەی خۆی دڵی خۆش بوو، بیری بەلای ڕووداوی خراپدا نەچوو.

لە دڵی خۆیشیدا وتی:

"ئاخر چ سوودێکی هەیە، گەر ئەم بارە خۆشە، لە خۆم بشێوێنم. . . تا بەشداریی خەمی ئەوانی تر بکەم!؟ پاشان دوور نییە، بە هەڵەدا چووبم و، هەروایش نەبێت! بێگومان هەر ئێستا ئەویش بەختەوەرە و شاد و دڵخۆش. "

ئەویش وەکو کێژێکی منداڵکار بیری هەر هێندە بڕی کرد.

دواتر ناتاشا پرسیی،"سۆنیا تۆیش ئامادەیت"

خۆیشی سەری بڵند کردەوە و، باسکەکانی وەکو سەماکەران بڵاو کردەوە و، هەژاوانە بە هەنگاونانی پێیەکانی بە زەویدا دا و خۆی گەیاندە ناوەڕاستی هۆڵەکە و، لە ناکاو وەستا. وەکو ئەوەی بیەوێت بە دینسۆف بڵێت:

"ئا ئەوە منم و ئەوەیشم کە دەمبینیت!

نیکۆلایش لە خۆی پرسی:

"ئاخر بڵێ. . . چ چێژێک لەم جوولە دەستکردانە دەبینیت! ئەمە نەبڕایەوە؟ ئای کە مایەی شەرمەزاریيە!!"

ناتاشا کۆپلەی یەکەمی گۆرانییەکەی چڕی. قورگی نەرم بووەوە و، سنگی بەرز و، سەرنجەکانی هەستیارانە و، بیری بەلای هیچی تردا نەمابوو. ئەو دەنگەی لە نێوان دوو لێویەوە دەهاتە دەرەوە و، هەموو کەسێک دەیتوانی وەکو ئەو لێوان ببزوێنێت و بیڵێت. گەر هەزار جاریش خۆمان بگرتایە و گەرمی نەکردینایە. ئەوا دواتر هەر دەهەژاین و دەیگریاندین. بە درێژایی ئەو زستانە و، بە هاندان و پشتگیریی دینسۆف گۆرانیی چڕی. تا لەو شێوازە لەرەی دەنگییە منالانەی کە لە چێژی ئاوازەکەی کەم دەکردەوە ڕزگاری بوو. دوای کۆتابوونی گۆرانییەکان، ئاوازدانەر و، ژەنیارەکانیش لە بارەی ئەوەوە دەیانووت،"هەرچەند دەنگی زۆر خۆشە، بەڵام پێویستی بە مەشق و ڕاهێنانی زۆرترە تا هاوکێشە بێتەوە. خۆیشی کە دەیبینی هاندەدرێت و، ڕێزی لێدەنێن. زۆر خۆی ماندوو دەکرد. تا بە شێوەیەکی جوان گۆرانییەکانی بچڕێت.

دەنگی لەگەڵ هەڵە هونەرییەکانیشیدا، وا دەهاتەوە کە گوێگرانی پێیان وابوو، ئەگەر ڕاست بکرێتەوە، ئەوا ئەو دەنگە تازەپێگەیشتووە:چێژ و جوانیی خۆی لە دەست دەدات.

نیکۆلا ڕۆستۆف چاوانی زەق بوو و لە خۆی پرسی،"ئەمە چیە!؟ چی ڕوویداوە، وا ئەمڕۆ بەشێوەیەکی زۆر جوان و خۆش گۆرانی دەڵێت!"

بە تامەزرۆییەوە گوێی بۆ دێڕ بە دێڕی گۆرانی و شیعرەکەی ناتاشا ڕاگرت و، بە گۆرانییەکەدا ڕۆچوو. دواتر بە ئاگا هاتەوە و، کەوتە ورد بوونەوە، لە ڕستی مۆسیقاکەی.

پاشان لە دڵی خۆیدا وتی:

"یەک. . . دوو. . . سێ. یەک. . . دوو. . . سێ. یەک . . . ئۆی. . . بوونمان بۆ خۆی ڕسواییە! ئا بەم هەموو، بەدبەختییەی سواری کۆڵم بووە! تووڕەبوون، بێزاربوون. شەرەف و ناموس! ئەوانە هەموویان تووڕەهاتن. ئەمە نەبێت! ئەی یاخوا ورەت بەرز بێت ناتاشا. وڕە بدە بەر خۆت! ئافەرین زۆر چاکی دەچڕیت!

ڕۆشتۆفیش ـ بێئەوەی بە خۆی بزانێت ـ دەستی پێ کرد و، لەگەڵ تۆنەکەدا بەرز بووەوە، تاکو یارمەتیی بدات. ئاوازەکەی بڵند کردەوە و گەیاندییە قۆناغی سێ یەمی (tirce) کە بڵندترینی بوو.

پاشان ناتاشا لە خۆی پرسی،"ئای خوایە گیان، چەند خۆش بوو! بە ڕاست ئەوە منم سەرکەوتووانە ئەم نۆتەیەم دەرهێنا!؟ ئۆو ئەم ئاوازە چەند کەسانی نێو ژوورەکەی هەژاند!! چ کاریگەرییەکیشی لە سەر ناخی ڕۆستۆف دانا!

ڕۆستۆفیش بە دنیای ئەندێشەدا وا فڕی بوو، کە هیچێک لە شتەکانی سەر زەویی بیر نەمابوو! زیان و دۆڕاندنی قوماری چی! دۆلۆخۆف و پەیمانی چی! ئەوانە تووڕەهاتن! لە هەمان کاتدا چۆن مرۆڤ دەتوانێت:بکوژێت و بدزێت. . . ئاوایش چێژ لە شتەکان وەربگرێت و، بەختەوەر بێت.

بەشی شازدە
بێئومێدیی دینسۆڤ

هێشتا ناتاشا گۆرانیی "بارکارۆلا"کەی کۆتا نەکردبوو، ڕۆستۆڤ بە ئاگا هاتەوە. تا ئەو کاتەیش ڕۆستۆڤ هێندەی ئەو ڕۆژە، حەزی بە گۆرانی نەکردیوو.

ڕۆستۆڤ بێدەنگ هۆڵەکەی جێهێشت و بەرەو ژوورەکەی خۆی بووەوە. دوای چارەکە سەعاتێک پیرە کۆنتی باوکی، بە دڵێکی خۆش و ڕوویەکی کراوەوە. گەیشتەوە ماڵ. ئەمیش هەر کە گوێی لە دەنگی بوو، خۆی گەیاندێ. "ئیلیا ئاندرییتش ـ کۆنتیش" هەر کە کوڕەکەی بینی پرسیی، "ها کوڕی لاو! ئاخۆ کاتێکی خۆشت بەسەر برد؟"

نیکۆلا ڕۆستۆڤیش ویستی بە بەڵێ وەڵامی بداتەوە، بەڵام هەنسک قوڕگی گرت. لەو کاتەدا باوکی پایپەکەی بە دەستەوە بوو و سەرقاڵی گڕدانی بوو، بۆیە هەستی بە هیچ نەکرد. ئەمیش لای خۆیەوە بڕیاریدا بارە نالەبارە ترسناکەکەی خۆی، بۆ بگێڕێتەوە و بە خۆیی وت،"دەی پێویستە هەموو شتێکی بۆ بگێڕمەوە و، بابەتەکە بە کۆتا بێنم."

کتوپڕ و هەر وەکو ئەوەی قسە لەگەڵ گالیسکەوانێک بکات تاکو بیگەیەنێتە ناو شار وتی،"باوکە دەمویست قسەت لەگەڵ بکەم. پێویستم بە پارەیە!"

ئەویش بە دڵێکی خۆشەوە وتی،"ئای خوایە گیان! هەر وتم:هەموو ئەو پارەیەی پێم داوە، خەرجی دەکات. ئەو بڕەی دەتەوێت زۆرە؟"

نیکۆلایش بە بێزاریەوە وتی،" بەڵێ بڕەکە زۆرە! بڕێک پارەم دۆڕاندووە. مەبەستم ئەوەیە کە بڕەکە، کەم نیە و (٤٣٠٠٠) ڕۆپڵە.

کۆنتیش پیرانە لا ملی سوور هەڵگەڕا و هاواری کرد:

"چی. . ی. . ی!؟ لەگەڵ کێ!؟ نا نا. . . دەزانم کە سوعبەتم لەگەڵ دەکەیت!!"

نیکۆلا ڕۆستۆڤیش وتی،"پەیمانیشم داوە، کە سبەینێ هەموو ئەو بڕە قەرزە بدەمەوە!

کۆنت خۆی بەردایەوە، نێو تاکێک قەنەفە و وتی،"ئای خوایە گیان!!"

ڕۆستۆڤی کوڕیشی پرسیی،"ئێستا ئێمە چی بکەین؟ ئەمە بەسەر کەسانی تریش دێت و، لێقەوماندن هەر بووە! بەڵام لە ناخدا خۆی بە ڕسوا و بێ نرخ دانا و، گەیشتە ئەوەی کە دەهێنێت لەسەر ئەم کردەوەیەی بکوژرێت!! بەڵام لە جیاتی ئەوە، لە دڵی خۆیدا وتی. . . هەموو کەسێک لێی دەقەومێت. "

دەبوو لە بەردەم باوکیدا بە چۆکدا بهاتایە و دەستەکانی ئەوی ماچ بکردایەو، داوای لێبوردنی لێ بکردایە!

کە "ئیلیا ئاندرۆییتش"ی باوکی ئەوەی لێ بیست، چاوانی شۆڕی زەوی کرد.

بە وردی وشەکانی هەڵبژارد و وتی،"بەڵێ بێگومان. . . ئامادە کردنی ئەو بڕە پارەیە، هەروا ئاسان نییە! زۆریش لێی دەترسم! بەڵێ بێگومان هەموو کەسێک لێی دەقەومێت. "

تیلەچاوێکی دایە کوڕەکەی و، بەرەو دەرگاکە بووەوە. هەرچەند ڕۆستۆڤ چاوەڕێی بەرپەرچدانەوەیەکی تووندوتیژ و دەنگە دەنگ بوو، بەڵام وا دەرنەچوو!

بۆیە بە دەم گریان و هەنسکدانەوە هاواری بۆ کرد،"باوکە! باوکە! لێم ببووڕە. . . "

ڕایکردە لای و هەردوو دەستی گوشی و، لەم دیمەن و کاتە ناسکەی ئەو کوڕ و باوکەدا، ماچی کردن و، دەستی کردە گریان.

باری دایک و کچەکەیشی لەو دووانە باشتر نەبوو! ئەوانیش ئامێزیان بۆ یەکتر کردبووەوە. ناتاشایش بەڕا کردن و، بە هەژاندنێکی زۆرەوە بەرەو لای دایکی بووەوە و باوەشی پێداکرد و وتی:

" دایە! دایە! من. . . من. . . "

دایکیشی لێی پرسی:

"چی ڕوویداوە؟"

"خۆشەویستیی خۆی، بۆ من ئاشکرا کرد! . . پێی وتم:خۆشم دەوێیت!"

کۆنتیسی دایکیشی بڕوای بە خۆی نەکرد، کە دینسۆڤ بە ناتاشای وتووە:خۆشی دەوێت! بە کێیش!؟ بە ناتاشایەک کە هەتا دوێنێیش، یاریی بە بووکەشووشە دەکرد! ناتاشایەک کە تا ئێستایش دایەنەکەی فێرە خوێندنی دەکات!

بە هیوای ئەوەبوو، ئەوەی کە بیستبووی سوعبەت بووبێت و، وتی،"دەی ناتاشا گیان، قسەی بێ مانا مەکە!"

ناتاشایش بە سەرسامییەوە وتی:

"بۆچی قسەکەم بێ مانایە و کەڕێتیە!!؟ ئەمەی وتم هەرگیز کەڕێتی نییە! بە بڕوایەکی

فرەوە قسە دەکەم. هەر بۆیەیش هاتم پرسیارت لێ بکەم. کەچی تۆیش قسەکانم بە کەرێتی ناو دەبەیت!"

دایکیشی شانەکانی هەڵتەکاند و وتی:

"ئەگەر دینسۆڤ داوای کردوویت پێی بڵێ، کە کەر و بێ مێشکە! ئیدی ئەوە جێی هەموو قسەیەک دەگرێتەوە. "

"نەخێر دایە. . . ئەو کەر و بێ مێشک نییە!"

کۆنتیسەی دایکیشی وتی:

"کەوابوو چیت دەوێت ئا لەم تەمەنەدا. کەللەی یەکێکتان بێ خۆشویستن نییە. زۆرباشە. . . گەر هێندە بە گوڕ پێی سەرسامیت، شووی پێ بکە و، خوای بە بەزەییش لێتان پیرۆز بکات. "

"بەڵام نا! دایە. نا. من دینسۆڤم خۆشناوێت و، لانیکەم، هەست ناکەم کە خۆشم دەوێت!"

"کەوابوو ئەمەیانی پێ بڵێ. "

"دایە تۆ تووڕە بوویت! وانا؟ تکایە لێم نیگەران مەبە. ئاخۆ ئەمە هەڵەی منە؟"

دایکیشی زەردەخەنەیەکی بۆ کرد و وتی:

"نەخێر! هەرگیز تووڕە نیم. دەی دەتەوێت خۆم قسەی لەگەڵ بکەم؟"

"نەخێر. . خۆم قسەی لەگەڵ دەکەم. تەنیا هێندەم لە تۆ دەوێت کە پێم بڵێیت چیی پێ بڵێم؟" بزەیەکی بۆ دایکی کرد و لەسەری ڕۆیشت:

"نابینیت کە شتەتەکان بەلای تۆوە چەند ئاسانە! خۆزگە ئەو کاتەی ئەو قسەی بۆ دەکردم، تۆی لێ دەبوویت! لێیشم ڕوونە کە بە نیاز نەبوو، پێم بڵێیت و لە دەمی دەرچوو. "

"جا خۆ ئەوە وا ناگەیەنێت، کە ئیدی نابێت، دەست بە ڕوویەوە بنێیت. "

"بەڵام نا! کاری وا ناکەم. چونکە کەسێکی نیانە و بەوە ئازاری پێدەگەیەنم!"

دایکیشی بە لاقرتیوە پێی وت:

"جا کەوابوو بە پەلە و بێ دواکەوتن:شووی پێ بکە، تا قەیرە نەبوویت!"

"ئای دایە گیان. . . تۆ نازانیت کە چەندە خەمی پێدەخۆم! خۆیشم نازانم چۆن وەڵامی بدەمەوە و، چیی پێ بڵێم؟"

دایکیشی خەمی ئەوەی بوو، کە خەڵکەکە، هەڵسوکەوتی کچێکی پێگەیشتووی لەگەڵ دەکەن و وتی:"شیاو نییە، تۆ وەڵامی بدەیتەوە و، خۆم قسەی لەگەڵ دەکەم. "

"ئۆو نەخێر! من قسەی لەگەڵ دەکەم و تۆیش لەودیو دەرگاکەوە گوێ بگرە. "

ناتاشا گەڕایەوە هۆڵەکە و، دینسۆڤیش هەر لە شوێنی خۆی دانیشت بوو و سەریشی لە نێو هەردوو بەری دەستیدا بوو.

هەر کە ناتاشای بینی، بەرەو ڕووی چوو و پێی وت:

"ناتالی گیان. . . ئایندەم لە دەستی تۆدایە و، بۆم دیاری بکە!"

"ڤازیلی دیمیترۆش، هەرچەند تۆ نیانیشیت. بەڵام زۆر بێزارم دەکەیت. نابێت وا بکەیت و لە ڕاستیدا نابێت وا بێت. بەڵام لە سەر خۆشویستنت هەر دەمێنمەوە."

لەو کاتەدا کە دینسۆڤ داموکایەوە بۆی، گوێی لە دەنگە دەنگ بوو. هەرچەند گوێی لە خشپەی کراسەکەی دایکیشی بوو. لێوانی بە قژە زەردەکەیەوە نووساند.

کۆنتیسە بە هەژانەوە ـ کە دینسۆڤ پێی وابوو تووڕەیە وتی:

"ڤازیلی دیمیترۆش. . . سوپاس بۆ ئەو شەرەفەی بە ئێمەت داوە، بەڵام کچەکەی ئێمە، هێشتا زۆر منداڵە! جا لەبەر ئەوەی هاوڕێی کوڕەکەی منیت چاوەڕێم لێ دەکردیت، بۆ ئەم جۆرە کارانە، یەکەمجار بە خۆم بڵێیت. لەگەڵ ئەوەیشدا ئەم هەڵەیە پاڵی پێوە نەناوم، بۆ ئەوەی دەست بە ڕووتانەوە بنێم."

دینسۆڤ وەکو تاوانبار لەبەردەمیدا وەستا و بە هێواشی وتی:

"کۆنتیسەی خاتوون. . ."

هەرچەند ویستی قسە بکات. بەڵام هیچی بۆ نەوترا! ناتاشایش کە ئەو شڵەژاوییەی دینسۆڤی بینی، خۆی بۆ نەگیرا و دەستی کردە گریان. دوای کەمێک دینسۆڤ توانیی بە دەنگە لەرزۆکەکەی بڵێت:"کۆنتیسە هەرچەندە ڕەنگە مافی خۆتم پێنەدابێت و هەڵەم کردبێت. بەڵام ئەوە بزانە کە ڕێزێکی زۆر لە کچۆڵەکەت و، هەروەها بنەماڵەکەیشتان دەگرم. ئامادەیشم ـ گەر لەدەستمدا بووایە ـ نەهەنگم پێشکەش بکردنایە!"

بەڵام کە بینیی، کۆنتیسە ڕووی گرژە، ئەویش بێدەنگ بوو.

کتوپڕ توندڕەوانە وتی:

"دەی خواتان لەگەڵ."

دەستی کۆنتیسەی ماچ کرد و، لێیدا و ڕۆییشت. هەر ئاوڕیشی لە ناتاشا نەدایەوە.

ڕۆژی دواتر نیکۆلا خواحافیزیی لە دینسۆڤ کرد. چونکە دینسۆڤ نەیویست، یەک ڕۆژی تر، لە مۆسکۆ بمێنێتەوە. بەڵام ڕۆستۆڤ ناچار بوو (١٥) ڕۆژی تر لە مۆسکۆدا بمێنێتەوە. تا پیرە کۆنتی باوکی بڕی پارە قەرزەکەی بۆ کۆ بکاتەوە. بۆیە ئەو چەند ڕۆژە، خۆی لە ژووری کچان توند کرد و بە دانانی ئاوازەوە خۆی سەرقاڵ کرد.

سۆنیایش لە جاران زیاتر، سۆزی بەرامبەر دەنواند و، وای پیشان دەدا، کە ئەو دۆڕاندنەی کەسێتیی بە هێزتر کردووە. ڕۆستۆڤیش گەیشتبووە ئەوەی کە شایستەی ئەو کچۆڵەیە نییە. لە کۆتایی تشرینی دووەمدا، ڕۆستۆڤ توانیی بڕی قەرزەکەی کە (٤٣٠٠٠) ڕۆپڵ بوو، بنێرێت بۆ دۆلۆخۆڤ و، واژۆی وەرگرتنەوەی قەرزەکەی لێ وەربگرێت. بێ ئەوەی خواحافیزی لە هیچکام لە هاوڕێکانی بکات. گەڕایەوە بۆ یەکە سەربازییەکەی، کە لە پۆڵۆنیا بوو.

پاری دووەم

بەشی یەك
ڕێبوارە نەناسراوەكە

لە ئەنجامی ئەو شەڕەی لەگەڵ ژنەكەی كردی. پیەر چوو بۆ پێترزبۆرگ. بە گەیشتنی بە تۆرگۆك، داوای ئەسپی حەواوەی كرد و، سەركاری شوێنگەی گۆڕینی ئەسپەكان، ئەو شەوە ئەسپی حەواوەی نەبوو. ناچار پیەر لەسەر قەنەفەیەكی چەرمین. كە مێزێكی لە بەردەمدا بوو، قاچە بە گۆرەوییە خوورییەكانی درێژ كرد و، خۆی دا بە دەست بیرەوەریەكانی خۆیەوە.

یاوەرەكەی لێی پرسی،"جانتاكان ئامادە بكەم و چات بۆ بێنم؟"

پیەر هەر وەڵامیشی نەدایەوە. ئەو نە هیچی دەبینی و، نە هیچی دەبیست. چونكە لەو دوادواییەدا، پیەر بیرو هۆشی بە كەمەری شتێكدا دەخولایەوە، كە زۆر ترسناك بوو. وایشی لێ هاتبوو گوێی بە هیچی تر نەدەدا. بەلایشییەوە گرنگ نەبوو، كە زوو یا درەنگ، بگاتە ئەو ئامانجەی.

بەڕێوەبەری بنكەكە و، ژنەكەی و یاوەرەكەی و، "پێستە فرۆشەكە"[1] بە نۆرە دەچوونە بەردەمی و، لێیان دەپرسی:كە ئاخۆ پێویستی بە هیچ نییە؟

---

[1] ـ دەباغانەكانی تۆرجوگ بەناوبانگ بوون و زۆرینەی پێستە خۆشكراوەكانی ڕووسیا لە و تۆرجوگەوە دەهێنرا.

ئەویش بێ ئەوەی بجوولێت و لاقەکانی دابگرێتە خوارەوە، سەرنجی دەدان و هیچی نەدەگوت. هەر نەیشیدەزانی چی دەڵێن! ئەوەیشی پێ سەیر بوو لە کاتێکدا کە ئەم دڵی خۆیتی لێ دەتکا، ئەوان نەیاندەتوانی یارمەتیی بدەن!

لەو کاتەوەی کە لە شەڕی بەرامبەرێنەکەی، لە باخی ڤۆکۆنیەدا گەڕابووەوە، کێشەکانی پیپەر، هەر وەکوو خۆیان بوون. لەو شەوە ترسناکەی بیرکردنەوەیدا ئەو پرسیارانەی لە خۆی کردبوون و، وەڵامیان نەبوو. سەفەرەکەیش هێندەی دی، لە دڵیدا کاریگەریی هەبوو. حەزیشی نەدەکرد لەو چەقی بیرکردنەوەیەی خۆی، دەر بچێت و دوور بکەوێتەوە.

سەرگەورە و بەڕێوەبەری بنکەکە، هاتەوە و پێی راگەیاند، کە دوو سەعاتێکی تر چاوەڕان بێت و، دواتر ئەسپەکانی پۆستەبەری دەداتە دەست. ئەویش لە سەر بەرپرسیارێتی خۆی. هەر بە ئاشکرا دیار بوو، کە ئەو بەڕێوەبەرە درۆی لەگەڵ دەکرد، دەیویست ئەو پیاوە بەڕێزە زیاتر دوابکەوێت. تا پارەی زۆرتری لێبسەنێت.

پیپەر لە خۆیی پرسی:

ئەمەی ئەم بەڕێوەبەرە، بەرامبەر بە من دەیکات، ڕاستە یان هەڵەیە و خراپە؟ ڕەنگە هەڵە نەبێت. بەڵام گەر بۆ ڕێبوارانی تریش ئاوا هەڵسوکەوت بکاتن ئەوا هەڵەیە. چونکە ئەوان لەوە هەژارترن کە بتوانن درێژە بە سەفەرەکەیان بدەن.

دوای کەمێک ئەفسەرێکی بانگ کرد و، داوای کرێی وەستاندنی گالیسکەکەی لێکرد و ئەویش نەیدا. بۆیە دەستی کرد بە لێدانی ئەو ئەفسەرە و، توند و تیژیی بەرامبەری نواند. ئەگەر ئەفسەرەکە پەلەی بوو بێت و، ئەو ڕاست بێت ئەوە غەدری لێ کراوە.

ئەوەی منیش هەر وابوو. **لەبەرئەوە تەقەم لە دۆلۆخۆف کرد، چونکە پێم وابوو سووکایەتیی پێ کردووم! جا خۆ لویسی شازدەیەمیشیان بۆیە لە سێدارە دا چونکە پێیان وابوو تاوانبارە! کەچی هەر دوای ساڵێک ئەوانەیان لە سێدارە دایەوە کە بڕیاری لە سێدارەدانی لویسی شازدەیەمیان دەرکردبوو!! بێگومان ئەمانیش بیانووی خۆیان هەبووە. کەوابوو خراپە خۆی لە خۆیدا چییە؟ ئەی پێناسەی چاکە چییە؟ پێویستە مرۆڤ چی خۆش بوێت و، ڕقی لە چی ببێتەوە!؟ بۆچی پێویستە مرۆڤ بژی؟ ئەی ئەم"خود - أنا"یە چییە؟ ژیان بۆخۆی چییە؟ ئەی مردن چیە؟ ئەو هێزە چییە کە ئەمانە لە ژێر ڕکێفیدان؟**

بۆ ئەو هەموو پرسیارانە یەک وەڵامی هەبوو. کە ئەویش لە خۆیدا هەر وەڵام نەبوو!

وەڵامەکەیش ئەمە بوو:

هەر دەبێت بمرێت. کە هەر دەمرێت. ئەو دەمە هەموو شتێک دەزانێت و، کۆڵ لە پرسیار کردن دەدەیت لە بارەی خۆتەوە! بەڵام مردنیش بۆ خۆی تۆقێنەرە!

ژنێکی فرۆشیاریش هاواری دەکرد و، جووتێک پێڵاوی پیاوانی پیەر دا کە "شیفرۆ"ی چەرمین بوو.

- پیەرەیش لە دڵی خۆیدا وتی:

من بە سەدان ڕۆپڵم هەیە و، نازانم چیان پێ بکەم! ئەم ژنەیش بەم کۆڵوانە شرەی سەرشانییەوە، ساکارانە داوای ئەوە دەکات، کە یارمەتیی بدەم! بەڵام ئاخۆ هەر بە ڕاست پێویستی بە پارەیە؟ بڵێی بە پارە بتوانێت هۆقەیەک بەختەوەری بکڕێت؟ نەخێر هیچ شتێک لە دنیادا نییە، بتوانێت بەرگریمان لێ بکات و نەهێڵێت هێندە، پێ لە ملی خەمەکانمان بنێ! یان لە خەمی مردنمان، کەم بکاتەوە! مردنێک کە ئەمڕۆ بێت یان سبەی کۆتایی بە هەموو شتەکان دێنێت. ئەم تەمەنەی ئێستایشمان چرکەیەکە لە چاو تەمەنی ئەو دنیاماندا!

لە ناکاو گەڕایەوە سەر چەقی ئەو خەمەی کە بە کەمەری هزر و بیریدا دەخولایەوە، بیئەوەی بە هیچ ئاکامێکی گەیشت بێت.

خزمەتکارەکەی کتێبێکی دایە دەست، کە نیوەی پەڕەکانی هەڵوەری بوو. کتێبەکەیش ڕۆمانی "نامەکانی خاتوو دوسۆزا" بوو. ئەمیش کەوتە خوێندنەوەی چیرۆکی پێکدا هەڵپژانە مەزنە چاکخوازییە ڕەواکەی، ئەو کەسەی کە نێوی "ئەمیلی دۆمانسفیلد"[1] بوو.

کەوتەوە پرسیار کردن:

بۆچی بەگژیدا دەچێتەوە، کە سوورییش دەزانێت خۆشی دەوێت! خۆ خوا کۆمەڵە ئارەزوویەکی نەخستووەتە دڵییەوە، تا پێچەوانەی ئارەزووەکانی خۆی بێت!

ژنەکەی ئەوسام خەباتی نەکرد "ڕەنگە لەوەیشدا ڕەوا بێت". . . نە شتێکی دەرخستووە و، نە شتێکی داهێناوە. ئەوەیشی کە دەتوانین بیزانین ئەوەیە، کە هیچ نازانین! ئەمەیش ئەوپەڕی حیکمەتی مرۆڤایەتییە. هەموو شتێک لە ڕەوانی پیەر و دەوروبەریدا ڕاچڵەکین و، لەرینەوەی بیزارکەر و، ژاوەژاوی نامۆی نائاسایی بوو. بەڵام لە لۆیەکانی ئەو دژوارەدا، ڕێی چێژ وەرگرتن لێی و، ووروژاندن بۆ پیەر، ڕەخسابوو.

سەرکاری ئەسپەکان ڕێبوارێکی تری هێنایە ژوورەوە. کە نەمانی ئەسپ لەو بنکەیەدا، ئەویشی ناچاری مانەوە کردبوو.

---

[1] ـ هێنری ڤانگۆی وەرگێڕی ئەم شاکارە بۆ زمانی فەڕەنسی لە پەراوێزێکدا بۆ ئەمە نووسیویەتی :تۆلستۆی لە ئەمەدا بە هەڵەدا چووە! چونکە نووسەری ئەم ڕۆمانی "نامەکانی خاتوو دوسۆزا"یە "ئەمیلی دۆمانسفیلد" نییە و ڕۆمانەکەیش سالی ١٨٠٣ چاپ بووە.

پێی وتن:

"تکایە - ئەگەر نابێتە ئەرک بۆتان - جێگەیەکی بچووک بۆ ئەم بەڕێزە دابین بکەن."

ڕێبوارەکەیش پیرەمێردێکی ئێسک دەرپەڕیوی، کورتەبالا بوو. بڕۆ خۆڵەمێشییەکانی، سێبەریان خستبووە سەر دوو چاوە خۆڵەمێشییە بریسکەدارەکانی.

پییەر هەردوو لاقی خستەوە سەر ئەو نوێنەی کە بۆی ئامادە کرابوو. سەرنجی ڕێبوارە نوێیەکەی دەدا و، گوێی پێ نەدەدا. ئەویش شەکەت و ماندوو بوو. بەرگەکەیشی پێستە مەڕ بوو و پێڵاوەکانیشی لبادێکی تۆکمە بوو و، تاخوار ئەژنۆ باریکەکانی هەڵکشابوو. کەلە زلە تاشراو و، لاجانگە ئەستوورەکانی بە لاشاندا خست و، سەرنجێکی پیزۆخۆڤی دا. ئەوی سەرسام کرد. بۆیە هەستی کرد حەز دەکات، قسە لەگەڵ ئەم ڕێبوارە نوێیە بکات.

پرسیارەکەیشی لە چۆنیەتیی ڕێگاکەی بوو. بەڵام پیرە چاوانی لێکنا و پەنجەکانی دوو دەستی - کە یەکێکیان - موستیلەیەکی گەورەی تێدا بوو - ئاڵشتی یەک کردن. دواتر ئەو دەستە باریکانەی سەر سنگ نا.

لە پییەریش وابوو دالغە لێ دەدات. خزمەتکارە تایبەتیەکەشی سەماوەرێکی هێنا کە ئاوەکەی دەکوڵا. قۆرێ و پیالەی بۆ ئامادە کرد. ئەو خزمەتکارەیش، پیرێکی کورتەبالای کۆستە بوو و، هەرگیز ریشی نەتاشی بوو. کە ئیشەکەی تەواو بوو، چایەکی بۆ خۆی تێ کرد و، چایەکیش بۆ سەر ڕووتاوەکە.

پییەر پێی وابوو، کە پێویستە بیدوێنێت. دوای کەمێک خزمەتکارەکە کوپەکەی بە هەڵگەڕاوەیی هێنایەوە. کە هێمابوو، بۆ ئەوەی کە حەزی لە چایەکی تڕە و، لەولایشیەوە کلۆیەک شەکر مابووەوە. خزمەتکارەیش لێی پرسی کە ئاخۆ هیچی تری ناوێت.

ئەویش وەڵامی دایەوە،"نەخێر! کتێبەکەم بدەرەوە."

پییەریش وای بۆچوو کە ڕەنگە کتێبی خواپەرستی بێت. ئەو کەوتە خوێندنەوەی و، پییەریش سەرگەرمی سەرنجدانی پیرەی ڕێبوار بوو. لە ناکاو پیرەی بینی کتێبەکەی داخستەوە و، بەسەر گۆشەی قەنەفەکەدا سەری بەردایەوە و، چاوانی داخست. بەڵام فریا نەکەوت بارە ڕاکشاوەکەی خۆی بگۆڕێت، کە پیرە چاوانی کردەوە و، کەوتە سەرنجدانی ئەم! پییەریش بە شڵەژاویەوە، پڕ بە دڵ حەزی دەکرد، لەو سەرنجانەی ئەو چاو خۆڵەمێشییە، رزگاری بێت.

بەشی دوو
ئۆسیب بازدییڤ

ڕێبوارەکە بە دەنگێکی توندی چەسپاو وتی،"گەر بە هەڵەدا نەچووبم، شەرەفی ئەوەم بەرکەوتووە، قسە لەگەڵ کۆنت پیزۆخۆگ بکەم . . . وا نییە؟"

پییەریش ئەنگۆی هەڵنەهێنایەوە و، بە تیلەچاو و لەودیو چاویلکەکەی سەر لووتییەوە، سەرنجێکیدا.

ڕێبوارە نامۆکەیش لە سەری ڕۆیشت،"لە دەمی خەڵکەوە بیستم، کە تووشی چ نەهامەتییەک بوویت!"

بە شێوازی قسە کردنەکەیدا دیاربوو، کە دەیویست دەربیخات، کە ئەوەی لە شاری مۆسکۆدا بە سەری هاتووە، بە ڕاستی نەهامەتییە! "

دیسان وتی،"خۆیشت دەیبینیت، کە چەندە بە پەرۆشم بۆت. "

پییەریش کەمێک تەریق بووەوە و، سوور هەڵگەڕا. بزەیەک هاتە سەر لێوانی.

پیرەی ڕێبوار لە سەری ڕۆیشت،"من وەکو ڕێبوارێکی سەرەڕێ، هەستی خۆم دەرنابڕم. بەڵکو بە بایەخەوە دەتدوێنم. ڕووی وەرچەرخاند و، چاوانی بڕییە چاوانی پییەر و، تێگەیاند کە بـا ئەویش بێتە نزیکییەوە. هەر چەند پییەر ڕێبوارەکەیشی نەدەچووە دڵەوە، بەڵام بە قسەی کرد و لێی نزیک بووەوە.

ڕێبوارە نامۆکە دەستی پێ کردەوە،"هەرچەند تۆ هەرزەکاریت و، منیش پیرم. بەڵام گەورەم تۆ زۆر داماویت! حەزیش دەکەم، بە هێندەی توانا و لێهاتوویی خۆم، یارمەتیت بدەم. "

پییەریش بە زەردەخەنەیەکەوە وتی،"ئۆو! زۆر سوپاسی ئەو کارەت دەکەم. ئەرێ پێت نەگوتم لە کوێوە هاتوویت؟"

ڕێبوارە پیرە لەسەری ڕۆیشت،"لەگەڵ ئەمانەیشدا گەر ئەم باسە بێزارت دەکات ئاگادارم بکەرەوە ئازیزەکەم."

پییەری وا بە خۆی کێش کردبوو، کە بەرگریی لە خۆیی بۆ نەدەکرا! لە ناکاو بزەیەکی پڕ سۆز و خۆشەویستیی باوکانە، هاتە سەر لێوانی، کە چاوەروانکراو نەبوو.

پییەریش بە دەم سەرنجدانە موستیلەکەی پەنجەیەوە وتی،"نا نا. . . بە پێچەوانەوە. زۆرم حەز بە ناسینی تۆیە."

کە بۆیشی دەرکەوت نقێمی موستیلەکەی پەنجەی، وێنەی کەللەسەری مردووی بەسەرەوەیە و، ئەوەیش هێمای، ئارمی ماسۆنییەکان بوو.

وتی،"ڕێم دەدەیت پرسیاری ئەوەت لێبکەم:کە ئاخۆ ماسۆنیت؟"

پاشان پیرە وردتر سەرنجی دا و وتی،"بەڵێ سەر بە کۆمەڵەی ماسۆنیانم. ئێستایش بە نێوی خۆم و هاوڕێکانمەوە دەستی برا بوونت بۆ درێژ دەکەم."

ئەویش بە بزەیەکەوە، سەرسامبوونی بەو بڕوابوون بە خۆیەی و، حەزی خۆیشی بە سووکایەتی بە ئایدیای ماسۆنییەوە وتی،"زۆر خەمی ئەوەمە کە نەتوانم! نازانم چۆن ئەمەت تێ بگەیەنم؟ خەمی ئەوەیشمە کە بیر و بۆچوونی خۆم، بۆ جیهانی فەلسەفەیەک، زۆر لەوەی تۆوە دووەوە و، هیچ دانووسانێک لە نێوانماندا سەرکەوتوو نابێت!

پیرە ماسۆنیش هەڵیدایە،"ئاگاداری بیروباوەڕی تۆم و، لە ناخدا تایبەتمەندییەکی نەگۆڕ نییە! ئەوەی تۆ، بەرهەمی گشتگیری کۆمەڵگایە و، نەزانی و تەمەڵیی ئەوان! بم بەخشە بەڕێز گەر نەمزانیبا چۆن بیر دەکەیتەوە ئەم قسانەم لەگەڵت دانەدەبەست. بیروڕا و باوەڕەکانت بۆخۆیان هەڵەیەکی خەماویی گەورەن!"

پییەر بە ڕوویدا وەستایەوە و وتی،"منیش دەتوانم بە هەمان شێوە، لە بارەی بیرو باوەڕەکەی تۆوە بدوێم."

پیرە ماسونیش ـ کە پییەر پیزۆخۆڤی سەرسام کردبوو ـ وتی،"منیش پڕکێشیی ئەوە ناکەم، بڵێم سەرلەبەری ڕاستییەکانم پێکاوە. کەسیش ناتوانێت بڵێت کە بە ڕاستیی ڕەها گەیشتووە! ئەو پەرستگا گەورەیەیش کە شایستەی خوای مەزن بێت، بەرد بەرد هەڵچنراوە و، هەر لە بوونی ئادەمەوە کاریان بۆ کردووە و، ئاکامی تەقەلای هەمووانە!"

پییەر چووە ژێر ڕکێفی قسەکانی پیرە ماسۆنییەوە و چاوانی لێک نا.

ئەویش وتی،"ناچارم لە بەرامبەر تۆدا دان بەوەدا بنێم من بڕوام بە خوا نییە!"

پیرە ماسۆنییش هەروەکو، دەوڵەمەندێکی ملیۆنەر، شڕۆڵەیەک، هاتبێتە بەردەمی و، داوای پێنج ڕۆپڵی لێ بکات و، بڕە پارەکەیش شادی بکات.

بزەیەکی بۆ کرد و وتی،"ڕاست دەکەیت گەورەم! چونکە نەدەیناسیت و، نە دەشتوانی بیناسیت! هەر بۆیەش پرزە بڕاویت!"

پیرەریش هەڵیدایە،"بە راستی پرزە بڕاو و داماوم! بەڵام دەتوانم چی بکەم؟"

ماسۆنییەکەیش بە دەنگێکی تونـد و لەرزۆکـەوە وتـی،"ئاخر ئـەوە نایناسـیت، بۆیـە داماویت گەورەم! ئەو لێرەیە و تۆ نایناسیت! خوا لە نێوم دایە و، لە وشەکانیشم دایە! لە تۆیشدایە! ـ لێرە بە دواوە جێناوی تاکی بەکار برد، تا کۆتایی قسەکانی ـ تەنانەت لەو ڕستە خراپانەیشدا بوو، کە کەمێک لەمەوبـەر بە کارت بردن! پـیرە ماسۆنی هەناسـەیەکی هەڵکێشا و، بێدەنگ بوو و وێستی ئارام بێتەوە.

لەسـەرخۆتر دەسـتی پـێ کـردەوە،"گـەر خـوا بـوونی نەبوایـە، ئـاوا نـەدەبووە مایـەی وتووێژی نێوانمان! ئەی ئێستا ئێمە لە بارەی کێوە دەدوێین؟ . . . کێ نکولیی لێ دەکات؟ . . "

لە نـاکاو دەنگی بڵند کردەوە،"ئەی ئەگەر بوونی نییە! کێ ئەوی داهێنا؟"

ئـاخر گەر بوونی نەبووبێت، ئەی ئەو بیرۆکەی بـوونی تواناداریکی وات لە کوێوە هێنا، کە ئێمە ناتوانین بیهێنینە بەرچاومان و وێنای بکەین!؟ ئەی هەموو گێتی و، خودی خۆت بیرۆکەی زیندەوەرێکی زۆر بە توانای هەمیشە نادیارەت لە کوێوە هاتووە؟

ماوەیەکی باش کپ بووەوە. پیرەریش نەتوانیی و، نە وێستیشی ئەو بێدەنگییە بشکێنێت.

پیرە ماسۆنیش لە جیاتی ئەوەی سەیری پیرەر بکات. چاوی بڕییە بەردەمی خۆی.

کەوتـە هەڵدانـەوەی پـەڕەکانی کتێبەکـە و وتی،"خـوا بـوونی هەیـە، بـەڵام وا بـە ئاسـانی تێیی ناگـەن. ئەگـەر پیـاوێکی بـەرجەستە بـوایە. دەسـتیم دەگرت و، دەمهێنایـە بـەردەمت. بـەڵام منێکی بوودەڵە و بێ توانا، چـۆن دەتـوانم باڵایـەکی نـەمری بـەهێزی، پڕ بـەزەیی وەکو خـوا پیشـانی کەسـانێک بدەم، کـە چـاویان وا نووقاندووە، نـە هـیچ دەبینن و نـە لـە شتەکان تێدەگەن؟ کەسانێک خراپی و بەدڕەوشتییەکانی خۆیان نابینن. . . "

بێدەنگ بووەوە و، کـەمێک بـاری دانیشـتنەکەی خـۆی گـۆڕی و، بزەیـەکی لاقرتێیـاوی کرد و وتی:

کەوابوو تۆ کێیت؟ بەڵێ تۆ کێیت؟ پێت وایە زانا و دانا و زۆر حەکیمیت!؟ هەر لەبەر ئەوەی دەتوانیت بـەو ڕسـتەیەلە قێزەونانـە بدوێیت!؟ بـەڵام لـە ڕاسـتیدا تـۆ گێلترین و، رسواترینیت! هەر وەکو ئەو منداڵەیت، کە تاکو بێزار دەبێت، یاری بە چەرخەکانی سەعاتێک دەکـات. دواتـر چونکـە نازانێـت چـۆن کـار دەکـات و، بـۆچی باشـە. سـەعاتەکە و داهێنەرەکەیشی بەرز ڕاناگرێت؟

تێگەیشتن لە خوا زۆر گرانە! ئاخر لە سەردەمی ئادەمەوە، تاکو ئەمڕۆ، ئێمە بیری لێ دەکەینەوە، کەچی هێشتا زۆر دوورین لە خواوە و، پێی نەگەیشتووین! کە ئەمەیش بۆ خۆی، نیشانەی لاوازیی ئێمە و، مەزنیی ئەوە!

جۆرێک له پیره ماسۆنیی دەڕوانی که وەختەبوو، دڵی له لێدان بکەوێت! هێندە بە دڵ گوێی لەو پیرە ماسۆنییەی که نەیدەناسی گرتبوو، که پرسیاری لێ نەدەکرد تا قسەکەی پێ نەبڕێت.

بێگومان پییەر بڕوای بە قسەکانیشی هێنابوو. ئاخۆ مل دەدات بەو بیروڕایەی ئەو پیرە نەناسراوە؟ بڵێی ڕێ بە خۆی بدات، وەکوو منانێک مل بدا بەو پیاوە و، هەڵچوونەکانی و، دەنگە بڵندو نزم بووەوە و، پچڕ پچڕەکەی؟ ئاخۆ دەچێتە ژێر رکێفی ئەفسوونی ئەو خاوەن چاوە پڕ بریسکەی و، ئیمان و بڕوابوونەی؟

بە هەرحاڵ حەزی لە ملدان بوو، بەو قسانە و، بەو بڕوابوونە. هەستی بە چالاکی ڕەوانی خۆی و، کەم بوونەوەی بارستایی خەمەکانی کرد و، گەڕانەوەی بۆ ژیانێکی ئاسوودە.

پیرە ماسۆنیش وا کۆتایی بە قسەکانی هێنا،"زیرەکیی مرۆڤ نایگاتێ، بەڵام ژیان بەرەو ئەومان دەبات."

پییەر هەستی بە دڵەڕاوکێ کرد و، گومان زایە دەروونییەوە. ئاخۆ ئەمەی بە هۆی لاوازیی قسەکانی بەرامبەرەکەیەوە بووبێت!؟ یان بیرۆکەکەی تەمو مژاوی بوو؟ ئەو خەمی ئەمەیانی بوو.

پییەر بەرپەرچی دایەوە،"تێناگەم! ئاخر بۆچی بیرو ژیریی مرۆڤ:ناگاتە ئەم ڕاستیەی کە لێوەی دەدوێین؟"

پیرە ماسۆنیش بزەیەکی باوکانەی بۆ کرد و وتی،"حیکمەت"ی ڕاستەقینەی رووت، زۆر پوخت و پاڵفتە و ڕوونە و، وەکو ئەو شلە پاڵفتەیەیە کە دەمانەوێت هەڵی بقورتێنین. ئاخۆ ئەگەر ڕۆی بکەینە پەرداخێکی پۆخڵەوە، دەتوانم بڵێم ئەو شلەیە:پاک و بێگەردە!؟ ناتوانم ئەو شلەیە بە پاک دابنێم. دەبێت خۆم کاری تێدا بکەم و، پاکی بکەمەوە."

پییەر هاواری لێ هەستا و وتی،"بەڵێ. . . بەڵێ هەر ئەوەیە کە تۆ دەیڵێیت!"

ئەویش لەسەری ڕۆیشت:

بۆ گەیشتن بە "حیکمەت" تەنیا پشت بە عەقڵ و ژیری نابەستریت! یان تەنیا بە زانست! وەکو کیمیا و فیزیا و لقەکانی زانستە مرۆییەکان. "حیکمەتی مرۆڤایەتی" بۆ خۆی یەکەیەکی سەربەخۆیە. بەڵام حیکمەتی ڕەها یەک زانستی هەیە. ئەویش "زانستی گشتگیر"ە - الکل - ئەوەیش زانستێکە کە شیکردنەوە بۆ هەر زیندەوەرەو شوێنو جێی دەکات، لەکوێی مرۆڤدایە جا بۆ ئەوەی مرۆڤ جێی ئەم زانستە لە نەفسی خۆیدا بکاتەوە. پێویستە نەفسی خۆی پاک بکاتەوە و خۆی نوێ بکاتەوە. یان باشترە بڵێین دەبێت یەکەمجار بڕوادار بێت. دواتر زانست فێربێت. بۆ یارمەتیدانی ئێمەیش بۆ گەیشتن بەم ئامانجانە لە ڕەوانی خوا لە نەفسماندا دانراوە.

پیەر پشتگیریی کردو وتی،"بەڵێ! بەڵـــێ!"

پیرە ماسۆنی درێژەی دایە،"بە چاوی رەوانت، سەرنج لە کەسێتیی ناوەوەی خۆت بدە و، بپرسە:ئایا لە نەفسی خۆت ڕازییت؟ بیر و فەلسەفەی کاروانی مرۆڤایەتیت بە کوێ گەیاندووە؟ تـۆ هـەرزەکارێکی دەوڵـەمەند و زیـرەک و ڕۆشـنبیریت. ئاخـۆ ئـا بـەو سیفاتانەی پێت بەخشراوە، چیت کردووە و، چۆن بە کارت بردوون؟ ئاخۆ لە ڕەوان و خود و نەفسی خۆت ڕازیت؟ لە ڕێبازی ژیـانی خۆت ڕازیت؟"

پیـەریش بێزارانـە دانی پێداناو وتـی،"نەخێر! بگرە رقیشـم لـەو شـێوە ژیـانەی خـۆم، دەبێتەوە!"

پیرە ماسۆنییش وتی،"گەر قێزت لەو شێوە ژیانەی خـۆت دەبێتـەوە:بیگـۆڕە و سـوودی لـێ ببینـە. تـاکو زیـاتر نەفسـت پـاک بێتـەوە، زیـاتر لـە حیکمـەتی ژیانـەوە، نزیـک دەبیتـەوە. گەورەم سەرنجێکی ژیانی خۆت بدە و، بزانە تا ئـەمڕۆ چیت کردووە؟

ژیـانی تـۆ چەنـد هەڵەفەیـەکی خـراپ و قێزەونـــە و، زێدەڕەوییـەکە لـە خراپـە کـردن! کۆمەڵگا هەموو شتێکی پێ بەخشیویت و، تۆ هیچت بە کۆمەڵگا نەبەخشیوە! سامانەکەت بە پێی خۆی، بۆ لای تـۆ هـاتووە. ئـەی تـۆ چـۆن هـەڵس و کـەوتی لەگەڵ دەکـەیت!؟ چیت بـۆ ڕۆژی دوایـی خـــۆت کـردووە؟ ئـــەی بـــیرت لـــەو دەیـــان هـــەزار "کۆیلانـــەی زەوی ــ ممالیک"کەکان کردووەتـەوە؟[1] ئـاخۆ هـیچ یارمـەتیی جەستەیی و ویـژدانیی ئـەوانت داوە؟ نەخێر هیچت بۆیان نەکردووە و، سوودت لە بـەری ماندوو بـوونی ئـەوان وەرگرتـووە و، لەم ژیـانە پڕ پشێوییەی خـۆتدا بە کارت بردووە! تۆ هەر ئەمەت کردووە. ئاخۆ بۆ هەندێک کار گەڕاویت و، کردووتە کە سوودی بۆ ئەو دنیات بوو بێت!؟

نەخێر تـۆ ژیانت لە گێژاودا بە سەر بردووە. ژنیشت هێنا و، بەرپرسیارێتییەکی مـەزنت خستە سەرشانی خۆت. چیت کرد؟ لـە جیـاتی ئـەوەی ڕێی لـێ بگریت و، بـــەرەو ڕاستیی ببەیت. لـە دنیای درۆ و نەهامەتیدا نقوومت کرد! پیاوێک سووکایەتی پێ کردیت و، شەڕت لەگەڵیـدا کـرد. ئـەوەتا ئێسـتاش خـوا ناناسـیت و، قێـزت لـە خـۆت دێتـەوە. ئەمـەیش سەرسوڕهێن نییە!

کە پیرە ماسۆنی گەیشتە ئەم قسەیەی سەری بە پشتدا خست و، پاڵی بە قەنەفەکەوە دا و، چاوانی لێک نا.

پیەر سەرنجی ڕوخسارە پڕ وڕەکەی ئەوی دا و، بەم ڕستەیە لێوانی جووڵاند:

"ئای کە منیش ژیانێکی قێزەون و ڕسوایانە ژیام!"

هەرچەندیشی کرد و کۆشا، نەیتوانی ئەو بێدەنگییە بشکێنێت.

---

[1] ــ لەو سـەردەمەدا گەر دەرەبەگێک چەند دۆنمێک کێڵگەی بکڕیایە، دەبووە خاوەنی کۆیلەکانیشی و ئەو جوتیارانەیشی پێوە دەکڕی.

ماسۆنییەکە کۆکەیەکی بۆ کرد و، خزمەتکارەکەی بانگ کرد،"ئەسپەکان چییان بەسەر هات؟"

خزمەتکارەکە وەڵامی دایەوە،"وا خەریکن بۆت ئامادە دەکەن. بەڵام ئەی تۆ، بۆ کەمێک ناحەوێتەوە؟"

"نەخێر! ئەسپەکان لە گالیسکەکە ببەستە. "

پییەریش لە جۆی پرسی:

بڵێی پیرەمێردە بڕوات و هەموو قسەکانی خۆیم بۆ نەکات؟ پەیمانم نەداتێ کە یارمەتیم بدات؟

هەر دەهات و دەچوو و، ناوە ناوەیش سەرنجی پیرەی دەدا.

دواتر لەبەر خۆیەوە وتی:

بەڵێ لەمەو پێش ژیانێکی قێزەون و ڕسوایانە، ژیاوم و، پێچەوانەی خواستەکانی خۆم بووە و، خۆشیم لێی نەهاتووە! بەڵام ئەگەر ئەم پیرەپیاوە بیەوێت دەتوانێت بەرچاوم ڕوون بکاتەوە.

پڕ بە دڵیش حەزی دەکرد، لە بەردەم پیرەدا، ددان بەم ڕاستییەدا بنێت، بەڵام هێندە ئازا نەبوو، بتوانێت ئەو ڕاستییە بدرکێنێت.

پیرە، فێستەکەی سەری کەمێک جوڵاند و، شارەزایانە کەوتە ئامادە کردنی پێداویستیی چا خواردنەوە.

لای کردەوە بە لای پیرۆخۆڤدا و، بە زمانێکی بە ڕەوشتانەوە پرسیی،"بە نیازیت بۆ کوێ سەفەر بکەیت. . . گەورەم؟"

پییەریش بە زمانێکی منااڵنەی بێ وڕەوە وەڵامی دایەوە:

"من!؟ بۆ پێترزبۆرگ دەچم. سوپاسیشت دەکەم و پڕ بە دڵ بڕوام بە بیروڕاکانت هەیە. وایش بۆی مەچۆ، زۆر بەدرەوشتانە بژیم! تینووی ئەوەیشم کە بگەمە ئەو پلەیەی تۆ پێت باشە. بەڵام لەمەوپێش کەس دەستی نەگرتووم و، یارمەتیی نەداوم. فێری کەم کردنەوەی ڕسوایی خۆم نەکراوم.

ئێتر قوڕگی گیرا و، هیچی تری بۆ نەوترا و، ڕووی وەرگێڕا. لەوە دەچوو وەکو ماسۆنییەکەیش بیر بکاتەوە.

دوای کەمێک کپ بوونەوە پیرە وتی،"خوا هەر خۆی یامەتیدەرە، بەڵام ڕێکخراوەکانیش لە سنووری دەسەڵاتی خۆیاندا، دەتوانن یارمەتیت بدەن. کە بۆ پێترزبۆرگیش دەچیت. تکا دەکەم ئەمەیش بگەیەنە دەست کۆنت ڤیلارسکی.

کاغەزێکی لە جزدانەکەی دەرهێنا و، شتێکی تێدا نووسی. دواتر چوارقەدی کرد و، دایە دەستی و پێی وت،"ڕێم بدە بـا ئامۆژگاریـەکت بکـەم. هەرکـە گەیشتیتە پایتـەخت. چەند

ڕۆژێک بچۆرە خەڵوەتەوە و، تەنیا بیر لە خۆت بکەرەوە و، نەگەڕێیتەوە سەر ڕێبازە کۆنەکەی ژیانت.

کە خزمەتکارەکەیشی هاتە ژوورەوە، جارێکی دی پێی وت،"ئێستایش گەورەم، بە هیوای سەفەرێکی خۆش بۆ تۆیش."

دواتر پیەر سەیری دەفتەری تۆماری شوێنگەکەی کرد و، بۆی دەرکەوت کە ئەو پیرە ماسۆنییە "ئوسەیب ئەلکسییڤیتش بازدیڤ" بووە! کە لە سەردەمی "نۆڤیکۆڤ[1]"دا، یەکێک بووە، لە هەوادارانی قدیس مارتن و ماسۆنییەکان.

ماوەیەکی باشیش دوای ڕۆیشتنی ڕێبوارەکە. بە ژوورەکەدا دەهات و دەچوو و، نە بیری لە چوونە جێگاوە دەکردەوە و، نە داوای ئەسپەکانیشی دەکرد بۆ کێش کردنی گالیسکەکەی! ژیانە پۆخڵەکەی خۆی دەهێنایەوە بەرچاوی خۆی. هەر زۆر بە بڕواوە چاوەڕێی ژیانێکی جوانی بۆ لە مەودوای خۆی دەکرد. داهاتوویەک کە پڕ بێت لە چاکە کردن و، بەختەوەری. زۆر بە ئاسانیش بۆی دەستەبەر دەکرا. جارانێک کە کوێر بوو، لە ئاستی چاکە کردن و جوانیدا! ئێستا گومانی ڕەویوەتەوە و، بڕوای وایە پیاوانێکی یەککرتوو لە نێوان خۆیاندا دەتوانن بە شوێن چاکەدا بگەڕێن و بیکەن. بێگومان ماسۆنییەکانیش ئەمەیان کردووە.

ڤیلارسکی درێژەی پێدا،"کە گوێت لە دەرگادان بوو، دەتوانیت دەسڕەکە لابەیت و، چاوت بکەیتەوە. خوازیارم ئازایەتییەکی فرە و، بەختێکی باشت هەبێت.

---

[1] ـ نیکۆلا ئیڤانۆڤیتش: نووسەرێکی بە بەرهەم بووە و چەند گۆڤارێکی دەرکردووە و" لە سەدەی ١٨ دا هەواداری بیری ماسۆنی بووە.

بەشی سێ
کۆنت ڤیلارسکی

پیـیـەر کەسـی ئاگـادار نـەکردبووەوە، لـەوەی کـە سـەفەری بێترزبـۆرگ دەکـات. چەنـد رۆژێکـی بـە خۆیندنـەوەی کتێبـی "پێشـەنگ"ەوە، بەسـەر بـرد. ئـەم کتێبـەی لـە کەسـێکی نەناسـراوەوە، گەیشـتبووە دەسـت. خوێندنـەوەی ئـەو کتێبـە چێژێکـی پـێ بەخشـی، کـە لەوەوپێش بە خۆیەوە نەیدی بوو. ئەوەیش بڕوا بوون بوو، بـەوەی کە مـرۆڤ دەتوانێت، لەم دنیـای دوونییەدا، بە پێگەیشتن و خۆشەویستیی برایانە، بگات. ئەمـەیش ئـەو برایەتییـە بوو کە ئۆسیب ئەلکسییڤیتش پێی وتبوو.

دوای هەشت رۆژ لـە گەیشـتنی پیـیـەر. کـۆنتی پۆلـۆنی:ڤیلارسـکی، کـە کـاتی خـۆی لـە کۆمەڵگایانی بێترزبۆرگدا، بـە رێکـەوت پیـیـەر، بینـی بـووی، هاتـە نووسـینگەکەیەوە و، ئـەو ڕوخسـارە ترسـناکە فەرمییـەی هـەبوو، کـە پێـوەی نـاسرابوو، کـە بـەرەو لایشـی چـوو، دۆلـۆخۆڤیشی بینی بوو. دەرگاکەی بە دوای خۆیدا داخستەوە.

کە بۆی دەرکەوت دەوروبەریان چۆڵە، بە پیـیەری وت،"ئەی کۆنت. . . کەسـێک منـی بـۆ کارێـک بـۆ لای تـۆ نـاردووە. کەسـێکی دەسترۆیشـتووی بـاڵادەسـت هاتووەتـە نێـو کۆڕەکەمانـەوە و، داوای پەسـەند کردنـی پێشـوەختی تـۆی کـردووە. منیشـیان کردووەتـە کەفیلی تۆ. گوێڕایەڵیی ئەو کەسـە بـاڵایەیش، بـە ئـەرکێکی پیـرۆز دەزانـم. ئـاخۆ تـۆ دەبێتـە ئەندامێکی ماسۆنی. . . تاکو منیش ببمە کەفیلت؟"

پییەر سەری لەو ورەیەی و، قسانەی سووڕما! ئاخر هەر جارێک ئەوی لە کۆڕەکاندا بینی بووبێت، دەم بە خەندە و نیان بووە و، لەگەڵ خانماندا، دەم بە خەندە بووەو، زۆر نزیک بووە لە هەرە شۆخ و شەنگەکانیانەوە!

پییەریش وەڵامی دایەوە،"بەڵێ ئەوەی تۆ دەیڵێیت:ئارەزوی منە. "

ڤیلارسکییش پشتگیریی کرد و، شانەکانی هەڵتەکاند و وتی،"دوا پرسیار دەکەم و، تکا دەکەم کە بە ڕاست و دروستی، وەڵامم بدەوە. هەر بە وەنا کە ماسۆنیت، بەوەیشی کە لاوێکی ڕاستگۆ و، بە ئەمەکیشیت:

"ئاخۆ پشتت لە بیروباوەڕە کۆنەکەت کردووە و، بڕوات بە خوا هەیە؟"

دوای کەمێک بیرکردنەوەنگی پییەر وتی،"بەڵێ بەڵێ . . بڕوام بە خوا هەیە. "

ڤیلارکییش وتی،"کەوابوو لەم بارەدا. . . . "

پییەریش قسەکەی پێ بڕی و وتییەوە،"بەڵێ بڕوام بە بوونی خوا هەیە. "

ڤیلارسکی قسەکانی پێشووی درێژە پێدایەوە،"لەم بارەدا، دەتوانین پێکەوە بڕۆین. گالیسکەکەیش لەبەر دەرواوەیە و لە پەزێراییتدایە. "

بە درێژی ڕێگاکە ڤیلارسکی ورتەی لە دەم نەهاتە دەرەوە. تەنیا وەڵامی ئەو پرسیارانەی پییەری دەدایەوە. کە لەبارەی ئەرکەکانی لەمەودوایەوە بوو. هەڤاڵانی لە خۆی باڵاتر پرسیاری لێدەکەن و، تاقیی دەکەنەوە و، پێویستە بڕوات پێیان هەبێت. دوای ئەوەی لە بەردەم کۆشکێکدا دابەزین و، بە پلیکانەیەکی تاریکدا سەرکەوتن، بە ڕاڕەوێکی تەنگەبەردا تێپەڕین و، چوونە ژوورێکەوە.

لە دەرگایەکی تریشەوە پیاوێک هاتە ژوورەوە. بەرگێکی سەیری نامۆی لە بەردا بوو.

ڤیلارسکی بەرەو ڕووی چوو و، بە هێواشی و بە فەرەنسی، کەوتە قسە کردن لەگەڵیدا. لە دۆڵابێکەوە نزیک بووەوە. کە جلوبەرگێکی تێدابوو، هەرگیز پییەر نەیبینی بوو!

ڤیلارسکی دەستەسرێکی دەرهێنا و، چاوانی پییەری پێ بەست و، چمکەکانی گرێ دا، پاشان نێوچاوانی ماچ کرد و لەگەڵ خۆی بردی. پییەریش بڕێک لە قژی لە پشتەوە تێکەڵ بە گرێی دەستەسرەکە ببوو و، ئازاری دەدا.

بزەیەکی شەرمنانەیشی لەسەر لێوان بوو.

ئەو پیاوە کەتەیەی بەرگەکەی نامۆ و سەیر بوو، بە هەنگاوە بڵاوەکانییەوە شوێنیان کەوت.

دوای چەند هەنگاوێک ڤلارسکی وەستا و پێی وت،"هەر چیەکت تووش بوو. لەبەر ئەوەی حەز دەکەیت ببیتە ئەندام و برا لە کۆمەڵەکەماندا دەبێت ئازا و خۆڕاگر بیت لە

بەرامبەریدا. پییەریش سەری پەسەندی بۆ لەقاند.

ڤیلارسکی لە سەری ڕۆیشت،ـکە گوێت لە دەرگادان بوو، بۆت هەیە دەستەسرەکە لا ببەیت و، چاوانت بکەیتەوە. دەخوازم کە ئازایەتییەکی باشت ببێت و، بەخت یاوەرت بێت.

پاشان دەستی بەردا و، گەڕاوە دواوە. پییەریش کە تاک بووەوە، بزەیەک نیشتە سەر لێوانی. شانەکانی هەڵتەکاند و، چەند جارێک ویستی دەستەسرەکە لە چاوانی بکاتەوە. بەڵام پاشگەز بووەوە. هەرچەند پێنج خولەکێک بە سەریدا تێپەڕی بوو، بەڵام بەلای ئەوەوە بە هێندەی سەعاتێک بوو. هەستی دەکرد دەستەکانی مێرووڵە دەکەن و سڕن و، لاقەکانی ماندوون و، گیانیشی داهێزرابوو. خەمی ئەوەشی بوو ترسەکەی خۆی بۆ نەشاردرێتەوە. بەڵام حەزیشی لەوەبوو بزانێت دواتر چیی لێ دەکەن و، چی ڕوو دەدات!؟ تا زیاتر بڕۆیشتایە کارەکەی لا شیرین و خۆشتر دەبوو. چونکە ڕێخۆشکەر بوو بۆ گەیشتن بە پەسندیدە بوون و، چاکە کردن و، ئەوەی کە هەر لە یەکەم گەیشتنی بە ئۆسیب ئەلکسییڤیتشەوە خەوی پێوە دەبینی.

بە تۆندی لە دەرگا درا و، ئەمیش خێرا دەستەسرەکەی لە سەروچاوی کردەوە و، کەوتە ڕوانین بە دەوروبەری خۆیدا.

ژوورەکە تاریک بوو و، قوتیلەیەکی لە نێو شتێکی سپیدا بینی. لێی نزیک بووەوە، ڕوانیی ئەویش لەسەر سفرەیەکی ڕەش دانراوە و، کتێبێکی ئینجیلیشی لە سەرە. شتە سپیەکەیش کەللەسەرە! ئەم چەند وشەیەیشی خوێندەوە:

لە سەرەتادا کردەوە هەبووە. . کردەوەیەیش لە خودا دایە.

لەو لا تریشەوە سندوقێکی داخراو بوو. کە پێدەچوو پڕ بێت لە ئێسک و پروسکی مرۆڤ! ئەمانە پییەریان سەرسام نەکرد! چونکە چاوەڕوانی شتی لەمانە سەرسوڕهێنتری کردبوو. چاوەڕوانییەکەشی، هەر لەبەر ئەوەبوو، کە دەیویست ژیانێکی نوێ بۆ خۆی دروست بکات. بۆ کەللە سەر و، سندوقی دارەمەیتەکەیش، چاوەڕێی لەوەیش زیاتر بوو.

بۆ ئەوەی زیاتر خۆی پابەند بکات، لەبەرخۆیەوە وتی:

خوا. . . مردن. . . خۆشەویستی. . . برایەتی.

لەو کاتەدا دەرگا کرایەوە و، کەسێکی کورتەبنە هاتە ژوورەوە. پییەریش چاوانی بە تاریکییەکە ڕاهاتبوو. پێدەچوو ئەو کورتەبنەیە، ڕاڕابێت لە هاتنە نێو ژووڕە تاریکەکەوە. دەستانی بە دەستکێش و، بەرکۆشەیەکی سپی بە بەرۆکییەوە بوو و، تا سەر ئەژنۆکانی درێژ بووبووەوە. شتێکیش لە ملیدا بوو، لە ملوانکە دەچوو.

ڕووی کردە ئەو شوێنەی کە دەنگی پییەری لێ دەهات و پرسیی،ـئەی ئەو کەسەی، کە

نـه ڕووناکی دەبینیت و، نـه بڕوایشت پێیـەتی. . . بـۆ هاتوویت بـۆ ئێـرە!؟ چیت لێمـان دەوێت!؟ حیکمەت و زانست و پەسەندیدەیی؟"

لەو کاتەوەی دەرگا کرایەوە، بۆ ئەو کەسە نامۆیە، تاکو بێتە ژوورەوە، پییـەر هەستی بـە دڵەڕاوکێیـەکی پـڕ ڕێـز دەکـرد. لـە شـێوەی ئـەوەی لـە منالّییـدا و، لـە کـاتی دان پێدانانەکانیدا هەستی پێ دەکرد!

لەو کاتەدا ڕوو بە ڕووی کەسێک بـووەوە، کە لـە ژیانی ڕۆژانـەی کۆمەڵایـەتیی خۆیدا هەر بایەخیشی پێ نەدابوو. بەڵام برایەتی، مرۆڤایەتی، وای لێکرد هەست بکات زۆر نزیکە پێی و بە ڕەوانی ئاشنایە!

خەریک بوو دڵی لە سینەی بێتە دەرەوە! یـان بتـەقێت! لـەم وتـاربێژەوە نزیک بـووەوە. ئـەم جۆرە کەسـانە، لـە نێوەنـدە ماسـۆنییەکاندا وتاربێژانیان، پـێ دەوتـرا و، کاریـان وشیار کردنەوە و، ڕۆشنبیرکردنی ئەندامە نـوێیەکانی ماسۆنییان بوو.

کە لە ڕووناکییەکەوە نزیک بووەوە، پییەر ئـەوی ناسـییەوە، کـە ئەمـە "سمۆلیانینۆڤ"ی ناسـیاوێتی! بـەڵام ئـەوەی لـە مێشکی خـۆی دەرکرد و، ماوەیـەک بێدەنگ بـوو و، وەڵامـی نەدایەوە.

ناچـار وتـاربێژ پرسیارەکەی دووبارە کردەوە. پاشـان پییـەر بـە مینجـە مینج وەڵامـی دایەوە.

سمۆلیانینۆڤ دریژەی دایـە:

زۆر باشە. ئـاخۆ شتێک لە بارەی کۆمەڵە پـیرۆزەکەمانەوە دەزانیت؟ ئـەو کۆمەڵەی کە گەیشتن بە ئامانجەکانی خۆتت، بۆ دەستەبەر دەکات!

پییەریش بە شڵەژاوی و، دەنگێکی لەرزۆکەوە وەڵامی دایەوە:

"من چاوەڕوانی. . . کە. . . هانـا بێنم. . . "

ئـەو ڕانـەهاتبوو، بـە زمـانی ڕووسـی قسـەی دڵی خـۆی بکات. بـە تایبـەتی قسـەیەڵێکی فەلسەفیش! هەر بۆیەش قسەکانی بە جوانی بۆ نەدەهـات.

ئـەویش پرسی:

چۆن لە ماسۆنییەت گەیشتوویت؟

پییەریش بە تەریقییەکەوە، وەڵامی دایەوە:

"وای دەبینم کـە ماسۆنییەت، کۆمەڵەیەکی بـرایەتی بێت و، بـڕوای بە یەکسـانی هـەبێت. چەندین ئامانجی پەسەندیدەی هەیە و. . . "

لەوە دەچوو قسەکەر وەڵامەکەی ئەوی بە دڵ بووبێت و وتی:

زۆر باشە. . . کەوابوو ئایینت پشکنیوە و، گەڕاویت بە شوێن هۆیەکانی گەیشتنت بە ئامانجەکانت.

ئەویش لە وەڵامیدا وتی:

"نەخێر! چونکە من پێم وابوو کە ئایین خەڵەتاندن و فریودانە و، سەرنجی ڕێ و شوێن و بنەماکانیم نەدابوو."

بە دەنگی نزم ئەمانەی وت و وتاربێژەکە داوای لێکرد دەنگی بڵند بکاتەوە.

قسەکەر لێی پرسی:

کەوابوو تۆیش لە بێ بڕوایان بوویت؟

دوای کەمێک بێدەنگی قسەکەر وتی:

تۆ وێڵی ڕاستیت و ڕەوا بوونیت، تاکو بچیتە ژێر ڕکێفیەوە و، یاساکانی جێبەجێ بکەیت. دواتریش بۆ حیکمەت و پەسەندیدەکان دەگەڕێیت. . . وانا؟

پێیەریش پشتگیریی قسەکانی ئەوی کرد و وتی:

بەڵێ. . . بەڵێ.

قسەکەر دەستە بە دەستکێشەکانی لەسەر سنگی خۆی ئاڵشت کرد و وتی:

پێویستە ئەو پیلانە مەزنەی کۆمەڵەی خۆمانت بۆ دەربخەم، کە پەیڕەوی دەکەین. جا ئەگەر لەگەڵ ئاوات و ئامانجەکانی تۆیشدا هاتەوە، ئەوا سوود لە بەشداری کردنت لە کۆمەڵەکەماندا دەبینیت. *ئامانجی سەرەکی ڕایانی ئێمە و ئەوەی کۆمەڵەکەی ئێمەی لە سەر بەندە:هێز نییە لەقی بکات. پاراستنی نهێنیەکانە و گەیاندنییەتی بە نەوەکانی داهاتوو. ئەو نهێنیانەیش، لە سەدە هەرە کۆنەکانەوە، بە ئێمە گەیشتووە. بگرە لە سەرەتای پەیدا بوونی مرۆڤەوە! ئەو نهێنیانەش، چارەنووسی مرۆڤایەتیی پێوە بەند بووە. لەبەر ئەوەی ئەم نهێنییانە تایبەتمەندیی خۆیان هەیە، دەبێت هەڵگرانی ئەو نهێنیانە، نەفسی خۆیان پاک بکەنەوە. لەبەر ئەمەیشە، کەسانێکی کەمیی لێ ئاگادار دەکەینەوە. لەبەر ئەمە ئەرکی دووەممان پاک کردنەوەی نەفسی ڕایانە. لە ڕوون کردنەوەی مێشکیاندایە و، بەو شێوازەی کە کۆڵەرەکانی ئەو نهێنییانە پێی گەیشتوون. تا وا لە ئەندامان بکرێت، کە دروست و بە سوود بن.*

لە قۆناغی سێیەممانداً بە هەموو تواناماندەوە، تەقەلا دەدەین ڕەگەزی مرۆڤ پاک بکەینەوە. ئەندامانمان پاکژ دەکەینەوە و، ئامادەی نێو کۆمەڵگای دەکەینەوە. دواتر ئەوانە دەبنە نموونەی "خۆگرەوە" و"پەسەندیدە" و "چاک"یی. هەر بەم ڕێگایەیش دەچینەوە، بەگژ ئەو شەڕ و تاوانانەدا، کە لە جیهاندا باڵاو بووەتەوە.

تۆ بیر لەمانە بکەرەوە، منیش کەمێکی تر دەگەڕێمەوە بۆ لات.

وتاربێژ ئەمەی بە پیرەر وت و، بەجێی هێشت.

پیرەر لەبەر خۆیەوە ئەمەی دەوتەوە:

ئەو بەگژا چوونەوەی شەڕ و تاوان و، خراپەیەی کە باڵی بە سەر جیهاندا کێشاوە، هەروا ئاسان نییە! لەوێشدا بڕیاری ئەوەی دا، کە لێرە بە دواوە چالاکی خۆی لەم رێگایەدا بخاتە گەڕ. خۆیشی وا دەهاتەوە بەرچاو، کە (١٥) ڕۆژ دوای ئێستایەتی و، ئیدی ئەوە:ئامۆژگاریی پیاوخراپانی دەکرد و، بە کردەوە و ڕەوشت یارمەتیی دەدان. چارەسەری هەژاران و بێنەوایانی دەکرد. چەوساوەی لە چنگ چەوسێنەران رزگار دەکرد. ڕێزی لە بنەمای سێیەم زۆر دەگرت. کە سازدانەوەی ڕەگەزی مرۆڤ بوو. ئەوەیش وابوو کە نەێنییە ترسناکەکەی ئەو پیاوە، قسەی لێوە دەکرد، سەرنجی پیرەری ڕاکێشابوو. بەڵام بنەمای دووەم. کە پاک کردنەوەی نەفسی مرۆڤ بوو. بایەخی زۆری پێنەدا. چونکە خراپەکارییە کۆنەکانی خۆیی لە لا کاڵ بوو بوونەوە و، چوو بوونە ڕەفەی یادەوەریەکانییەوە و، خۆی بە پاک دەزانی. لە ئێستایشیدا، تەنیا بایەخ بە چاکە کردن دەدات.

نیو سەعاتی پێ نەچوو و، قسەکەر گەڕایەوە، تاکو ئەو (٧) چاکەیە بە قوتابیەکەی ڕابگەیەنێت، کە لەسەر هەر ماسۆنییەک پێویست بوو، لە ویژدانی خۆیدا بیچەسپێنێت.

حەوت چاکەکەیش ئەمانە بوون:

١ ـ پاراستنی نەێنیی کۆمەڵەکە.

٢ ـ گوێڕایەڵیی بۆ ئەندامانی لە خۆ باڵاتر.

٣ ـ بوونی خوو و ڕەوشتی باڵا و جوان.

٤ ـ مرۆڤدۆستی.

٥ ـ ئازایەتی.

٦ ـ بەدەیی و دەستکراوەیی .

٧ ـ مەرگدۆستی.

کە قسەکەر پیرەری جێهێشت بوو، بۆ ئەوەبوو تا بە هێمنی بیر بکاتەوە.

پیرەریش لە دڵی خۆیدا وتی:

ــ بەڵێ پێویستە کارەکە وابێت. بەڵام هەست دەکەم، کە هێندە بێ توانام، ژیانم لا خۆشەویستە! تازە بە تازەیش بە ژیاندا ڕۆدەچم و، خەریکم لە کاکڵەکەی تێ دەگەم! بەڵام ئەو پێنج چاکەیەی تری ـ کە بە پەنجەکانی دەی ژماردن ــ وە بیر خۆی هێنانەوە، کە:

بوونی خوو ڕەوشتی جوان و، مرۆڤدۆستی و، ئازایەتی و، بەدیی و بەخشندەیی و، مەرگدۆستی بوو. هەستی کرد کە لە خۆیدا هەن! بە تایبەتی گوێڕایەڵی کە وا بۆی دەچوو، بەختەوەریی بۆ دەستەبەر دەکات. ئارەزووی خۆ بە دەستەوە دانیشی بۆ ئەوانەی کە ڕاستییەکیان لابوو، هێندە تۆکمە بوو، کە کەس نەیدەتوانی بەرەنگاری بێتەوە و، پێی خۆشحاڵا بوو. بەڵام چاکەی حەوتەمی بیر خۆی بردەوە.

پیەر لە خۆی پرسی:کە ئاخۆ هەر سوورە لە سەر ئەم بڕیارەی و، ئارەزوومەندانە، دەچێتە ژێر رکێفی ئەم (کۆمەڵە)یەوە!؟

بە خۆیی وت،"من بۆ هەموو شتێک ئامادەم."

قسەکەریش پێی وت،"پێویستە ئەوەیشت پێ بڵێم، کە کۆمەڵەکەمان مەبدەئەکەیان تەنیا قسە نییە. بەڵکو بە کردەوەیش و، بەو شتانەی کە چاکە و حیکمەت و دڵسۆزی و، پەسەندیدەیی دەیسەپێنێت، بە سەریاندا. ڕەنگە ئەو ڕێ و شوێنانە، لە قسەی زارەکی گرنگتر بن. دەبێت ئەوەی ئەم ژوورەی پێ رازاوەتەوە، زۆر کاریگەر بێت لە سەر دڵت. بیرکردنەوەکەت دڵسۆزانە بێت. کۆمەڵەکەمان ئەمەیانی لە نێودا بڵاوە."

کۆمەڵە باڵاو ڕیشەدارەکانیش، لە نووسینی هیرۆگلۆفی دەچوون و، بە شێوازی مەتەڵ و، تەم و مژیەکانییەوە، ڕێ و ڕەسمی تایبەت، بە خۆیان بڵاو دەکردەوە.

دوای کەمێک بێدەنگ بوون وتی،"هێماکانی هێرۆگلیفیش نەدەچوونە سنووری هەستەکانەوە. کەچی سیفەتەکانی خۆیشیان ون نەکرد بوو! پیەریش زۆر جوان واتای زاراوەی هیرۆگلفیی دەزانی. بەڵام نەیوێرا هیچ بڵێت. چونکە هەستی بەوە دەکرد کە تاقی دەکرێتەوە."

قسەکەر کەمێک لێی نزیک بووەوە وتی،"ئەگەر هەر سووریت لە سەری، ئەوا ئەرکی خۆمە، لە کۆمەڵەکەماندا وەرت بگرم. ئێستایش بۆ ئەوەی بەدیی و بەخشندەیی خۆت بسەلمێنیت. تکایە هەرچییەکی گرانت هەیە بمدەرێ!"

لە پیەریش وابوو، هەر هەموو سامان و دارایی و موڵکەکانی لێ داوا دەکەن.

بۆیە وا بەرپەرچیی داوە:

"بەڵام هیچم لەگەڵ خۆم نەهێناوە."

قسەکەریش لێی وتی،"لێرە چیت پێیە لە سەعات. . . پارە. . . موستیلە. . . "

پیەر جزدانی پارەکەی و سەعاتەکەی و، زۆریش خەریکی دەرهێنانی موستیلەی هاوسەرگیریەکەی بوو لە پەنجە ئەستوورەکەیدا. ئەوانەی پێدان.

قسەکەرە ماسۆنییەکە پێی وت،"ئێستایش خۆت ڕووت بکەوە و، بەرگەکانت دابکەنە. تاکوو ئەم کارەیشت بەڵگەی گوێڕایەڵی بێت."

ئەویش یەلەگ و جلوبەرگەکەی داکەند و، تاکی چەپی پێڵاوەکەی.

قسەکەریش قۆڵی چەپی کراسەکەی داکەند و، دانەویەوە بۆ کەمەری و، قایش و پانتۆڵەکەی تا سەر ئەژنۆی هێنا.

پیرەریش ویستی تاکی ڕاستی پێڵاوەکەیشی دابکەنێت و نەیکاتە ئەرک بەسەر ئەو قسەکەری کە دەیناسی و، کاتی خۆی هەر حسابیشی بۆ نەدەکرد!

بەڵام ئەو تێگەیاند کە ئەو کارەی گرنگ نییە و، تاکێک سۆلەی پێی چەپی دایە.

پیرەریش بزەیەکی شەرمنانەی گاڵتەجاڕی منالانەی هاتە سەر لێوان. بە دوو لاق و دوو باسکی بڵاوەوە، لە بەرامبەر قسەکەردا وەستابوو و، چاوەڕێی فەرمانی تر بوو.

ئەویش وتی،"ئێستایش بۆ سەلماندنی دڵسۆزیی خۆت. خاڵی لاوازی سەرەکیی خۆتمان پێ بڵێ."

پیرەریش لە وەڵامیدا وتی،"خاڵی لاوازی خۆم! خاڵی لاوازی خۆم! ئاخر خاڵانێکی لاوازی زۆرم هەیە!"

قسەکەریش وتی،"ئەو خاڵە لاوازەی کە دەبووە بەربەست و ڕێگر، لە بەردەم کاری چاک و پەسەندیدەکاندا."

پیرەریش کەوتە بیر کردنەوە و، هەڵسەنگاندنی تاوان و گوناهەکانی. لەوانە:عەرەق خواردنەوە. . . خواردنی خۆش و بەتام و ژیانە خۆشەکەی. . . بێکارە بوونی و تەمەڵییەکەی. . . تووڕە بوونەکەی. . . دڵپیسیی. . . ژنان. . . خۆیشی نەیدەزانی کامەیان پێش ئەوانی تر بخات!؟

دواتر بە دەنگێکی نزم وتی،"ژنان!!"

ماسۆنییەکە ماوەیەکی باش، بیرەنگ مایەوە و، جوولەی نەکرد. دواتر دەستەسڕەکەی لە سەر مێزەکە هەڵگرتەوە و، جارێکی تر چاوانی بەستەوە.

پاشان پێی وت،"بۆ دواین جار پێت دەڵێم:لە نەفسی خۆتدا قوول ببەوە! بە ناخی خۆتدا بچۆوە! سۆزەکانی خۆت کۆت و پێوەن بکە! لە نێو دڵی خۆتدا، بۆ بەختەوەری بگەڕێ! نەکو بۆ حەز و ئارەزووە جەستەییەکانت! چونکە سەرچاوەی بەختەوەریی تا هەتا، لە نێو نەفسی خۆماندایە!"

پیرەریش وا هەستی کرد کە سەرچاوەی بەختەوەریی تاهەتا خەریکە لە دڵیدا دەتەقێتەوە و، نقوومی سۆز و خۆشەویستی دەبێت!

بەشی چوار
کۆڕی ماسۆنییان

دوای کەمێک، یەکێک هات و پییەری پێش خۆی دا. ئەویش ڤیلارسکی بوو. چونکە بە دەنگیدا ئەوی ناسییەوە. پرسیاری ئەوەی لێ کردەوە، کە ئاخۆ هەر سوورە لەسەر ئەم کارەی؟

پییەر وەڵامی دایەوە،ـ بەڵێ! بەڵێ! من سوورم لە سەر ئەم کارەم و پێی رازیم.

بزەیەکی منالانە هاتە سەر لێوانی و، سنگە ڕووتەکەی دەرپەڕاند و، کەوتە ڕۆیشتن. بەڵام هەنگاوەکانی تێکەڵ و پێکەڵ بوون. تاکێکی پێیەکانی پێڵاو و، ئەوی تری سۆلە بوو!

ڤیلارسکی شمشێرێکی ڕووتی لە سەر سنگی پییەر دانابوو و، ئەویش خەریکی ڕۆیشتن بوو. بە ڕاڕەوە پێچاو پێچەکەدا ڕۆیشتن. تا گەیشتنە دەرگای ناوەڕاست. ڤیلارسکی کۆکەیەکی بۆ کرد و، چەند جارێک لە دەرگاکە درا. یەکێک بە دەنگی گڕ، پرسیاری ناوەکەی و شوێنی لێ کرد.

دیسان بە چاو بەستراوی پێش خۆیان دایەوە. هەندێکیان بە دەم ڕێوە باسی سەختی ڕێگاکەی بۆ دەکرد و، هاوڕێیەتی پیرۆز کراو و، ئەندازیاری گەردوون و، نەمری تا هەتا. ئازایەتی ئەو کەسەی بەرگە بگرێت!

پییەر هەستی کرد، هەندێ جار بە لێکۆڵەر و، ناوە ناوەیش بە ئازار چەشتوو! جاری وایش هەبوو پێیان دەوت پرسا! جارجارەیش شمشێرەکەیان پێدا دەکێشا! ئەوان بەرەو

شوێنێکی دیاریکراویان دەبرد و، ئەمیش هەستی بە ڕاپرایی دەکرد. چونکە بە چرپە قسەیان دەکرد و، گوێی لێ بوو یەکێکیان سوورببوو لە سەر ئەوەی کە دەبێت بەسەر ڕاخەرە سوورەکەشدا ببیەن. دواتر دەستی ڕاستیان گرت و، لە سەر شتێک دایان نا. پرگاڵێکیشیان دایە دەستی چەپی و، داوایان لێ کرد، لە سەر گۆی مەمکی چەپی خۆی توند بکات. پاشان داوایان لێ کرد کە سوێندی "کۆڕی ماسۆنی"یان، لەگەڵ بڵێتەوە.

ئەویش سوێندخواردنی دڵسۆز بوون بوو، بۆ "کۆڕی ماسۆنی"یان. پاشان مۆمەکانیان کوژاندەوە و، چراوگەکانیان داگیرساند.

پیرەڕیش بە هۆی بۆنکردنەوە بە ئەمەی زانی. ئاگاداریشیان کردەوە، کە ئێستا تیشکە چکۆلە دەبینێت! دەستەسرەکەیشیان لە سەرچاوانی داماڵی. هەر کە چاوی کردەوە وەکو ئەوەی خەو ببینێت. کۆمەڵە کەسێکی لە دەوروبەری خۆی ببینی، کە بەرکۆشەی سپیان بە بەرۆکەوە بوو! شمشێرەکانیشیان ئاراستەی سەر سنگی ئەم کردبوو.

یەکێکیشیان کراسێکی خوێناویی لەبەردابوو! ئەویش هەر وەکو ئەوەی حەز بە مردن بکات. خۆی دا بە سەر نووکی شمشێرەکانیاندا. بەڵام ئەوان شمشێرەکانیان ڕاکێشایەوە دواوە. خێرا پەلاماریان دا و چاویان بەستەوە.

یەکێکیان پێی وت،"وا تیشکە چکۆلەیشت بینی."

دیسان مۆمەکانیان داگیرساندەوە. ئاگاداریشیان کردەوە، کە کەمێکی تر:تیشکە مەزنەکە دەبینێت! جارێکی دی چاوە بەستراوەکەیشیان کردەوە.

گوێی لێ بوو دوازدە کەس پێکەوە ئەمەیان دەوتەوە:

بەم شێوەیە بااڵیی جیهان تێدەپەڕێت!

وردە وردە پیرەر وەرەی وەبەر خۆی هێنایەوە و، کەوتە سەرنجدانی ئەوانەی دەوروبەری و، ئەو ژوورەی تێیدایە.

دوازدە کەسی بە دەوری مێزێکی بە قوماشی ڕەش پۆشراوەوە، بینی دانیشت بوون. سەرۆک نەبێت، زۆربەیانی دەناسی. سەرۆکەکەیشیان، هەرزەکارێکی مل بە مەدالیا بوو. لای ڕاستی سەرۆکەوە، باوکی ڕۆحیی ئیتالی بوو. کە پارسااڵ لە ماڵی "ئانا پاڤلۆڤنا" بینی بوونی. فەرمانبەرێکی مەزنی دەوڵەت و، مامۆستایەکی سویسریی ناسیاوی، بنەماڵەی "کۆراگین"ی لێ بوو. هەموویان کپ و بێدەنگ بوون. گوێیان بۆ چەکوش بە دەستێک شل کردبوو. دیوارەکەیش ئەستێرەیەکی بریسکەداری پێوە بوو. لە لایەکی مێزەکەوە، ڕاخەرێکی بچووک هەبوو، کە چەندین هێمای تێدا نەخشێنرابوو. لەوڵا تریشەوە کتێبێکی ئینجیل و کەڵە سەرێک بوو. ژوورەکەیش حەوت مۆمدانی گەورەی لێ بوو، لەوانەی کە لە کڵیسەکاندا هەن.

دوو هەڤاڵیان پیرەریان بەرەو شوێنی سەربڕینەکە برد و، ڕایانکێشا و، لاقەکانیان بڵاوکردەوە و، شێوەی سێگۆشەیان پێ دروست کرد. ئەمەیشیان وا تێگەیاند کە ملکەچی و

ترسه، بۆ پەرستگا.

یەکێکیان بە دەنگێکی نزم وتی:

ئەوەی کە پێویستە بڵێی. . .

یەکێکی دی هەڵیدایە:

نـەخێـر! پێویستی بە هیچ نییە.

پیـەر خۆی نەدا بەدەستەوە و چاوانی ماندووی بە دەوربەری خۆیدا گێـڕا.

لە ناکاو دڵی گومانی تێ زا و، بە خۆیی وت:

من لە کوێم!؟ چی دەکەم!؟ بڵێی ئەمانە پێم رانەبوێرن!؟ ئاخۆ دواڕۆژ کە ئەمانەم بیر کەوتەوە، تـەریقی ناکێشم!؟

بـەڵام کە سەرنجی دەوروبەرەکەی دا، ئاوا زۆر بە ڕاستی و دڵسـۆزییەوە کار دەکەن، دڵەڕاوکێکەی ڕەوییەوە. هەستی کرد دوای ئەو هەمووماندوو بوونـەی و، ئـەو قۆناغانـەی بڕیویـەتی، گرانـە بتوانێت پاشـگەز بێتـەوە. دیسـان حـەزی بـە بوونـە ئەندامی لـە کۆمەڵـەی ماسۆنییاندا بیر کەوتەوە. هەستی ئایینیی لـە بـەردەم پەرستگاکەدا بزوا و، ڕاکشـاو زۆری پێچوو. دواتـر بە زۆر هەڵیان ساند. بەرکۆشەیەکی وەکو ئەوەی خۆیان پێدا و، کەمچەیەک و، سێ جووت دەستکێش.

گەورە مامۆستاکەیان هاتە قسە و، تێی گەیاند کە دەبێت ئـەو بەرکۆشـە بپارێزێت و، سپێتییەکەی پیس نەکات، چونکە ئـەوە هێمـای بـڕوا بـوون و پاکیزەییـە. دڵیشـی لـە پیس و پۆخڵی پاک بکاتەوە. کەمچەکەیش یارمەتیدەری دەبێت، لـە پـاک کردنـەوەی پۆخڵیی دڵیدا. هەروەها بۆ ڕێخستنەوە و، تەخت کردنـەوەی کۆمـەڵگا و، دوورخسـتنەوەی لـە تونـدرەوی. بۆ یەکـەم جووتـە دەستکێشـیش هیچیـان بـۆ ڕوون نـەکردەوە. هـەر هێندەیان تێگەیاند، کـە دەبێت بپپارێزێت. جـووتە دەستکێشی دووەمیان دەبێت تەنیا بۆ کۆبوونـەوەکان لـە دەسـتی بکات. جووتە دەستکێشی سێیـەم، پێچەوانەی ئەوانی تر بوو و، ژنـانە بوو.

گەورە مامۆستا لە بارەی ئەو دەستکێشە ژنانەوە وتی:

ــ بـرای ئـازیز. . ئـەم دەستکێشـە ژنـانەیەیش، هـەر بـۆ تـۆ دروسـت کـراوە. دەبێت بیبەخشیت بـەو ژنـەی، کـە ڕێزی لـێ دەگریت. بـەم دەستکێشـانە سـپێتیی دڵی خـۆتی بـۆ دەسەلمێنیت. دواتر هەر ئەو ژنە ماسۆنییە هەڵدەبژێریت.

دوای کەمێک بیدەنگی لە سەری ڕۆیشت:

ــ بەڵام ئاگاداربە، نەهێڵیت ئەم دەستکێشانە، دەستی ناپاکی پێ بڕازێتەوە.

لە نێوەندی قسەکانی گەورە مامۆستادا. وا بـە خـەیاڵی پیـەردا هـات، کـە ئـەمە کارێکی شـیاو و لـەبار نییـە و، دڵـەڕاوکێیەکەی هەڵیدایـەوە. سـوور هەڵگـەڕا و منداڵانـە و بـە دڵـەڕاوکێوە کەوتـە سـەرنجدانی دەوروبـەری خـۆی. کـەمێک بیدەنگ بـوونەوە و پاشـان

یەکێکیان هات و پیپەری بەرەو ڕاخەرەکە برد و، کەوتە خوێندنەوەی کتێبێک کە لە بارەی نەخش و هێماکانی نێو ڕاخەرەکەوە بوو.

هێماکانیش "خۆر" و "مانگ" و "چەکوش" و "کەمچە" و "تاوێرە بەرد" و "خشتەک" و "ستوون" و "سێ پەنجەرە" و. . . هتد.

پاشان شوێنێکیان لە کۆڕ و کۆبوونەوەکاندا، بۆ دیاری کرد و، وشەی نهێنییان پێدا. دواتر ڕێیان دا کە دابنیشێت.

گەورە مامۆستا پەیڕەو و پڕۆگرامێکی دوور و درێژی بۆ خوێندەوە. پیپەریش هێندە دڵخۆش بوو، باش تێینەگەیشت و، تەنیا دوا کۆپلەی بیر مابوو.

کە ئەمە بوو:

لە پەرستگاکانماندا هیچ پلە و پایەیەک نییە بۆ جیا کردنەوەی چاکە و خراپە! ئاگادار بە ناجۆرییەک دروست مەکە، ئەو یەکسانییە تێک بشکێنێت. بێ جیاوازی پەلە بکە، لە یارمەتیدانی براکاندا. دەستی ڕێ ونکەران بگرە و، کەوتووان هەستێنەوە. مەهێڵە ڕق لێبوونەوە، لە هاوڕێکانت لە دڵتدا جێی ببێتەوە. ڕووناکیی پەسەندیدە، لە نێو دڵەکاندا دابگیرسێنە. با بەختیاریت لەگەڵ کۆمەڵدا بێت. مەهێڵە ئێرەیی و ئازەزووەکانت، ئەو بەختەوەرییەت لێ بفرێنن. لە دوژمنەکانت خۆش ببە و، بە چاکە بەرپەرچیان بدەوە و، تۆڵەیان لێ مەکەرەوە. ئەگەر بەم شێوەیە یاسات جێبەجێ کرد، ئەوا ونبووە مەزنەکەی خۆت دەدۆزیتەوە.

هەر کە گەورە مامۆستا لە خوێندنەوەی پەیڕەوە ناوخۆکە بووەوە. هەستا و نێو چاوانی پیپەری ماچ کرد. دواتر لە هەموو لایەکەوە، پیرۆزباییان لێ کرد. پیپەر هێندە هەژابوو، نەیزانی وەڵامی ئەو هەستی هاوڕێیەتیە بداتەوە. لە خۆشیدا دەیڕوانی پێیاندا و، فرمێسک زابووە چاوانی. بیری چووەوە کە پێشتر هەندێکیانی ناسی بوو، هەموویانی وەکو بۆ خۆی، سەیر دەکرد و، تامەزرۆی هەرچی زووترە کار کردن بوو، لەگەڵیان.

گەورە مامۆستا چەکوشی بە مێزەکەدا دا و، یەکێکی تریان دوایەمین وانەی فێری پیپەر کرد، کە کرنووش بردن بوو. هەر کە گەورە مامۆستا فەرمانی بە دوایین ئەرک دا. فەرمانبەرە گەورەکە پلە و شوێنی بۆ پارەوەرگری دیاری کرد. بە سەر هەموویاندا گەڕا و پیپەریش خوازیاری ئەوەبوو، کە هەموو سامانەکەی ببەخشێت. بەڵام ترسی ئەوەی بوو، پێی بڵێن:کەسێکی بەخۆ نازە. لەبەر ئەوە ئەویش بڕێک پارەی بە هێندەی بڕی ئەوان بەخشی.

کۆڕەکە کۆتا بوو و، پیپەر گەڕایەوە ماڵی خۆی. وا هەستی کرد کە لە سەفەرێکی دوور و درێژ گەڕاوەتەوە و، دەیان ساڵا بەڕێوەبووە! دواتر زۆر گۆڕدرا و، نەچووەوە سەر خوو و ڕەوشتە کۆنەکانی.

بەشی پێنج
هەوڵدانەکەی میر ڤازیلی

دووەم ڕۆژی وەرگرتنەکەی پییەر، لە کۆمەڵەی ماسۆنییان. لە ماڵەوە دانیشت بوو و، سەیری ئەو چوارگۆشەیەی زۆر بە قوواڵی دەکرد. لایەکیان هێما بوو، بۆ خوا و، لایەکەی دی بۆ دنیای بیر و ژیری. ئەوی تریش بۆ دنیای خواروو- دونی ـ چوارەمیشیان بۆ هەردوو دنیا.

جاروبارێکیش کتێب و چوارگۆشەکەی لەوڵای خۆیەوە دادەنا و، جڵەوی بۆ بیرکردنەوەی خۆی شل دەکرد. بنەماکانی ژیانە نوێیەکەی خۆی دادەنا.

لە کۆڕەکەدا ئەو هەواڵەیان پێدابوو، کە ئیمپراتۆریش بە شەڕی بەرامبەرینەکەی ئەمی زانیوە! بۆیە گەر بۆ ماوەیەکی کەمیش بووە لە پێترزبۆرگ دوور بکەوێتەوە، ئەوا کارێکی ژیرانە دەکات. بە نیاز بوو سەردانێکی خواروو بکات و، زەویەکانی بە سەر بکاتەوە و، بایەخ بە جوتیارەکانی بدات. لە کاتێکدا میر ڤازیلی خۆی کرد بە ژووردا، کە ئەو نقوومی ئەندێشە خۆشەکانی خۆی بوو.

بەبێ پێشەکییەک بۆ گفتوگۆکانی لە پییەری پرسی:

ـ هاوڕێ چیت کرد لە مۆسکۆ؟ بۆ خاتری شەیتان بۆ لەگەڵ (لیولیا)دا تێکت دا؟ تۆ هەڵە بوویت! چونکە ئاگام لە هەموو شتێکە و، دەتوانم بڵێت بسەلمێنم "لیولیا ـ هیلین" هەر هێندەی مەسیح هەڵەیە بەرامبەر جووەکان!! ئەو هەڵە نییە. . . براکەم!

پییەر وێستی وەڵام بداتەوە. بەڵام میر ڤازیلی مۆڵەتی نەدا و، لەسەری ڕۆیشت،"بۆچی هەر وەکوو هاوڕێیەکی خۆت، نەهاتیت بۆ لام. . . تا راوێژم پێ بکەیت؟ ئاخر من لە هەموو شتێک ئاگادارم. هەرچەند تۆ وەکو پیاو بەرگریت لە ناموسی خۆت کردووە. بەڵام پەلەت کردووە. ئەمانەش بخەرە ئەولاوە. بیر لەوە بکەوە کە خۆم و کچەکەمت خستووەتە چ بار و دۆخێکەوە، لە بەرامبەر کۆمەڵگە و دەربارێ دەوڵەتدا؟

ئەمەیانی بە دەنگێکی نزم وت و هەر وەکو جارانی، قۆڵی پییەری گرت و، لەسەری ڕۆیشت،" ئێستا ئەو لە مۆسکۆیە و، تۆیش لێرەیت! کەوابوو:دەی با بڕۆین بۆ لای. رەنگە خۆیشت ئەوە بزانیت کە ئەمە تەنیا بەدحاڵی بوونێکە. با نامەیەکی بۆ بنووسین. تا بە پەلە بێت و، ئەو ساردییەی نێوانتان بڕێتەوە. ئەگەر نا ئازیزەکەم، ئەم کێشەیە بە جۆرێک دەکەوێتەوە، کە دواتر بە داخ ببیت بۆی. هەر بۆیەش حەزم کرد زوو ئاگادارت بکەمەوە.

دوای سەرنجێکی واتادار لەسەری ڕۆیشت،"بەڵێ لە سەرچاوەیەکی باوەڕ پێکراوەوە، پێم وتراوە کە بێوەژنە ئیمپراتۆرەیش، بایەخێکی زۆری بە کێشەکەی ئێوە داوە! خۆیشت دەزانیت کە ئەو خاتوو ئیمپراتۆرە:چەندە هیلینی خۆشدەوێت! "

چەند جارێک و لە کاتی دڕێژدارییەکەی خەزووریدا، وێستی قسەکەی پێ ببڕێت. خەمی ئەوەیشی بوو زمانی توندوتیژ بێت لە ڕەتکردنەوەی داواکاریەکەیدا. لە ناکاو یەکێک لە بەندەکانی پەیڕەوی ماسۆنییانی وەبیرهاتەوە. . کە فەرمان بوو بە ئارام بوون و بە سۆز بوون لە قسەکردندا. برۆکانی یەک هێنانەوە و چەند جارێک بە نزاوە و، لە دڵی خۆیدا ئەو بەندەی پەیڕەوەکەی وتەوە. لەبەر ئەوەی لەگەڵ دەروونی خۆیدا لە کێشمەکێشدا بوو، چەند جارێکیش هەستا و، دانیشتەوە و، زووتر شتی وای بە خۆوە نەدیبوو! لە بەر ئەوە حەزی نەدەکرد بەرامبەرەکەی ناڕەحەت بکات.

هەرچەندە جاران ڕوو بە ڕووبوونەوەی میر ڤازیلی بەلاوە ئاسان بوو. دەیشیزانی بەو وشانەی کە دەیڵێت، چارەنووسی خۆی پێ دیاری دەکات. بەڵام لەم کاتەیدا نەیدەتوانی بەرەنگاری بێتەوە. ئاخۆ بگەڕێتەوە بۆ هەڵە کۆنەکانی خۆی!؟ یان ئەم ڕێبازە نوێیەی ماسۆنییان بگرێت، کە درێغییان نەکرد لە پیاهەڵدانییدا؟ بێگومان پەیڕەو کردنەکە نوێ بوونەوەیەکی تێدا بەرپا دەکرد، کە خۆیشی تامەزۆی بوو.

میر ڤازیلی له سەری ڕۆیشت:

ــ دەی ئــازیزم. . . تــۆ ڕازی ببــە و، خــۆم نامەکــە دەنووســم. ئیــدی هــەر ئاهــەنگی ڕەوینەوەی بەدحاڵی بوونــەکە دەمێنێت کە بیگێڕین.

هێشــتا ڕستەکانی کۆتــا نــەبوو بــوو، کــە بــاوکی ئاســا بــە ڕوویــەکی گــررژەوە، ڕاست بووەوە و وتی،"لەوە ناچێت، کە بانگهێشتی مــاڵی خــۆمت بکــەم، بــۆ ئــەو ئاهەنگە و، بــڕۆ دەرەوە! تکایە بــڕۆ دەرەوە!"

بەرەو دەرگاکە چوو و دەرگاکەیشی بۆ کردەوە.

هەرچەند بڕوایشی بە خۆی نەبوو، بەڵام وتییەوە،"بڕۆ دەرەوە."

میر ڤازیلی هەڵبزکا و، ڕەنگی تێکچوو و لێی پرسی،"ئەوە چیتە!؟ خۆ نەخۆش نیت!"

پییەریش دووبارەی کردەوە،"پێم وتیت:بــڕۆ دەرەوە."

ناچار میر ڤازیلی بێئەوەی هیچ تێگەیشت بێت! بێدەنگ چووە دەرەوە.

دوای هەشت ڕۆژ، پییــەر دیاریــەکی بــە نرخــی بــە هــاوڕێ نوێیــەکانی بەخشــی. پاشــان چووە سەردانی زەوییەکانی. ماسۆنیانی هــاوڕێی، چەند نامەیــەکیان پێدا تــاکوو بیگەیەنێتە ماســۆنییانی شــارەکانی "کییــف"[1] و "ئۆدیســا"[2] پەیمانیشــیان دایــە کــە ڕێنــوێنیی بکــەن، لــە چالاکییە نوێیەکانیدا.

---

[1] ـ کییف: پایتەختی ئۆکرانیا بوو. دەکەوێتە سەر ڕووباری دینبەر و پیشەنگا ناسراوە.

[2] ـ ئۆدیسا: شارێکی ئۆکرانیایە و بەندەرێکی سەر جەریای ڕەشە.

بەشی شەش
دەنگۆی نێو یانەکان

هەرچەند ئیمپراتۆر تۆندوتیژ دەینواند، بەرامبەر شەڕەشیرکەران و، ئەوانەی شەڕی بەرامبەرێن دەکەن و، ئەوانەیشی دەبنە "دیتوو"[1] بە سەریانەوە. بەڵام شەڕە بەرامبەرێنەکەی پییەر و دۆڵۆخۆف کێشەی بە دوادا نەهات. چ بۆ شەڕکەر و، چ بۆ دیتووانی. بەڵام قسە و قسەڵۆک لە بارەی هۆیەکانی شەڕی ئەو دوانەوە بڵاو بووەوە.

لێکدابڕانی پییەر و هیلین، هێندەی تر دەنگۆکەی پشتڕاست کردەوە و، چینە باڵاکانیشی، لێ بە ئاگا هاتەوە و، هەموو نێوەندەکانی تەنییەوە.

پییەرێک هەرچەند بە کوڕی کەسێکی خوێنڕێژیش ناسرابوو، لە دەوڵەتدا. زۆر بە نەرم و نیانی هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەکرا. هەر لە ژنهێنانەکەی بە دواوە زۆرێک لە کەسێتیی خۆی لە دەست دا. لەو بایەخ پێدانەی دەوروبەری خۆیشی کەم بووەوە.

دایکانێک خەویان بەوەوە دەبینی، کە کچی خۆیانیانی لێ مارە بکەن! کچانێک کە دەیانویست بیکەنە میردی خۆیان. پشتگوێیان خست! لەبەر ئەوەی خۆیشی ماستاو کردن و، خۆتێهەڵسوونی لە خەڵک نەدەزانی، یانە و چین و تۆێژەکانیش پشتیان تێکرد. چونکە پێیان وابوو پییەر خۆی بەرپرسی سەرەکیی کێشەکەیە! بە کەسێکی رسوا و چاوچنۆک و، ریزپەڕ و، وەکو باوکی توندو تیژ و، خوێناوی و هەمیشە هەڵچوو و، نالەبار سەیریان دەکرد.

---

[1] ـ دیتوو: بینەر... شاهد

دوای ئەوەی پییەر پێترزبۆرگی جێ هێشت. هیلین لە یانەکان دەرکەوتەوە. بە هۆی ئەو کێشەیەی تووشی بوو بوو، دەوروبەر بە ڕێز و خۆشەویستییەوە پێشوازییان لە هیلین کردەوە.

کە باس دەبووە باسی مێردەکەی، لە ناخییەوە پاڵی پێوە دەنرا کە لووتبەرز و سەنگین، خۆی پیشان بدا! ئەگەر لە بابەتی باسەکانیش تێنەگەیشتایە. وای دەردەخست، کە شانی داوەتە بەر کارەساتەکە و، ئەم شوو کردنەی "خاچە بەڵاینە"[1]ی خوایە و، دەبێت خۆڕاگر بێت لە بەریدا.

میر ڤازیلیش، زۆر جاران پەنجەی خستبووە نێوچاوانی و وتبووی،"پییەر پیاوێکی هەڵەشە و، کەللەڕەق و پیسە. هەمیشەیش ئەمەم وتووە.

ئانا پاڤلۆڤنا زۆر جاران پشتی دەگرت و دەیوت،"ڕاست دەکەیت. زۆر جار ئەوەت دەگوت و، بەر لە هەموو کەسێک ئەوەت زانی بوو."

کەچی ئانا خۆیشی لەسەر ئەوە سوور بوو، کە یەکەم کەس بووە، وا بۆی چووە پییەر پیاوێکی پۆخڵ و نالەبارە.

ئانا تێهەڵچووەوە،"بەڵێ من پێش هەموو کەسێک، ئەمەم وتووە:بیر و باوەڕی ئەم زەمانە بۆگەنە، هەندەران بیر و ژیریی ئەو لاوەی لەق کردووە. هەر کە لە هەندەران گەڕایەوە، خەڵکەکە هێندەیان بڵند کردەوە و، بە مەزنیان لە قەڵەمدا و، گەیاندیانە سەروو هەورەکان! تەنیا خۆم نەبێت، کە بۆ یەکەمجار ئەو حوکمەم بە سەریدا دا."

ئەو ئێوارەیە بوو کە وەکو "مارا"[2] دەدوا! ئاخۆ بیرتان نەماوە؟ دواتر نازانن چۆن کۆتا بوو! هەر لەو کاتەوە من حەزم لەو ژنهێنان و مارە بڕینە نەبوو! چونکە پێشبینیی، ئەم ئەنجامەم دەکرد!

ئەم "ئانا پاڤلۆڤنا"یە، هەر دەستی بەتاڵ دەبوو، ئاهەنگێکی ساز دەدا و، هەر خۆی دەیزانی چۆنی ڕێک بخات. هەر وەکو خۆی دەیوت. . . کاکڵەی چینی بالای بانگهێشت دەکرد و، هەڵاڵەی بیری بالای کۆمەڵگای پێترز بۆرگی دەمژی.

هەر جارە و لە ئاهەنگەکانیدا دوو شتی گرنگی پێشکەش بە ئامادەبووان دەکرد. . یەکەمیان میوانێکی نوێی خاوەن کەسێتی. دووەمیش ئەوەبوو، ئەو کەسەیش هەڵسەنگاندنێکی زانستیانەی تەرازووی سیاسەت لە نێوەندی حوکمدا و دەربارەی دەوڵەت

---

[1] ـ خاچە بەڵاینە: واتە ئەو خاچە بە ئازارو ستەمەی مەسیحی پێدا هەڵواسرا بوو بەر کەوتووە! دەبێت ئەو کەسەی ئەم خاچە بەڵاینەی بەر بکەوێت دەبێت وەکو مەسیح خۆڕاگر بێت! خۆمان بۆ ئەمە دەڵێیت: "بەڵای خوا"!

[2] ـ شۆڕشگێڕێکی بە نێوبانگ بوو و کتێبی "هاوڕێی گەل"ی دانا بوو. هاندەری قەتڵوعامی ئەیلولی بە نێوبانگ بوو.

و شارەکەی پێشکەش ئامادە بووان دەکرد. بێگومان ئەو زانیارییانەیش ڕاست و دروست بوون و، لە هیچ شوێنێکی تر دەست نەدەکەوتن.

ئانا لە کۆتایی ساڵی (١٨٠٦)دا ئاهەنگێکی لەو جۆرەی گێڕا. لەو کاتەدا بوو، هەواڵە یەک لەدوای یەکەکانی سەرکەوتنی ناپلیۆن لە "ئیینا"[1] و "ئۆیرستایدت"[2]ەوە دەهات و، بە دەستەوەدانی نزیکەی هەموو قەڵا بەرگرییەکانی بروسیا! تازە گەیشتبووە پایتەخت. هەر لەو دەمەیشدا، یەکە سەربازییەکانی ڕووسیایش چوو بووە بروسیاوە. پەلاماری دووەمی سوپای ڕووسیایش بۆ سەر ناپلیۆن بەڕێوەبوو.

پوختەی نیانانی ڕاستەقینەی کۆمەڵگە، ئەو ئیوارەیە، ئامادەی ئاهەنگەکە بوون. هیلینی ناسک و بێتازی پیاو لێ تۆراو و، مۆرتمارت و، میرە قۆزەکەی کە ناوی پییەر بوو، کە دەمێک نەبوو لە ڤییەنا گەڕابووەوە. لەگەڵ دوو سیاسەتمەدار و، ماتانت و ئەو هەرزەکارەی یاوەری ئیمپراتۆر، کە نازناوی "بلیمەت"ی پێ بەخشرابوو. لەگەڵ هەندێک لە کەسانی تری، لە خوارتر لەوێ بوون. نۆبەرەی کۆڕەکەیش کە دەبوو ئانا بە ئامادە بوونی بناسێنێت "بۆریس بتسکۆی" بوو.

تەرازووی سیاسەتەکە وای دەخوێندەوە:

میران و ژەنەرالان بۆیان هەیە، پەیمان لەگەڵ ناپلیۆن ببەستن. چۆنیشیان بوێت وا بکەن. دەتوانن ببنە مایەی بێزار کردنی "من" و "ئێمە". بەڵام بۆچوونی ئێمە لە بارەی ئەوەوە نەگۆڕە. لە دەربڕینی ڕای خۆمان لەم بارەیەوە بێدەنگ نابین. لەمەیش بەولاوە، ناتوانین هیچ بە شای بروسیا و ئەوانی تر بڵێین:خۆتان و کردەوەی خۆتان. خۆت ئەوەت ویستووە ئەی "جۆرجی دندان"[3]

کە بۆریس خۆی کرد بە هۆڵەکەدا، وا بڕیار بوو ئەو میوانەکان بحەوێنێتەوە. میوانان کۆ بووبوونەوە و، ئانا پاڤلۆڤنایش هەر وەکوو عادەتی بوو، وتوویژەکەی بە ئاقاری باسی پەیوەندی دیبلۆماسیی نێوان ڕوسیا و بروسیادا بردبوو و، ئەو ئومێدی بەرەیەی نێوانیان کە لە دڵی خەڵکەکەدا سەری هەڵدابوو.

بۆریس بەرگێکی نایابی (ئەفسەرانی یاریدەدەر)ی پۆشی بوو. تەڕوبڕ و نێوچاوان گەش بوو. لە جارانیشی پیاوانەتر بوو. گورج و گۆڵانە دەڕۆیشت بەڕێوە.

ئانا پاڤلۆڤنایش دەستە وشکەوەبووەکەی، بۆ درێژکرد و، ئەویش ماچی کرد. ئەمجا لەگەڵ خۆی بردییە بەردەم ماتانات. تا بۆی داموکێتەوە. دواتر بردییە نێو هۆڵەکەوە و، بە چەند کەسێکی ناساند و، بەدەنگێکی نزم ناوەکانی ئەوانی پێ دەگوت:

---

١ ـ ئیینا: شارێکی ئەڵمانیایە و دەکەوێتە سەر ڕووباری سالا.بە دروستکردنی هاوێنە عدسە بە ناوبانگ بوو.

٢ ـ ئۆیرستاید: یەکێک بوو لە گەڕەکەکانی سایسی بڕوسیا.

٣ ـ شانۆگەرییەکی سێ پەردەیی و مۆلێرە.

" ئەمە "هیبۆلیت ـ کۆراگین"ە. . . لاوێکی سەرنجکێشە!"
پاشان بە هیبۆلیتیشی وت:
"ئەمیش "کروگ"ە و نوێنەر لە کۆپنهاگن. "
رووی کردەوە بۆریس:
"ئەمەیشیان ڕێزدار شیتۆفە. . . پیاوێکی فرە بەهرەیە!"
بە هۆی شێوازە کاراکەی ئانا پاڤلۆڤناوە لەگەڵ توانا و زیرەکی خۆیدا بۆریس کەسێتیی خۆی سەپاند و، ئەو پلە بالایەی وەرگرتبوو. ئەو ئەفسەری یاریدەری کەسێکی ناسراو بوو. دواتر توانی چالاکی بەرچاو لە بروسیادا بکات.
لە "ئۆڵموتز" ئەو بیرۆکەیەی لەلا دروستبووو ئەمەی خستە پێش چاوی خۆی:
بڵند بوونەوە و وەرگرتنی پلە و پایە، بە تەقەلا و ئازایەتی و خۆڕاگری و ئارامی نییە! بەڵکو لە بەهرەی ئەو کەسەدایە، کە وای لێ دەکات ناسراو بێت و، شایانی پلەی بالا وەرگرتن بێت.
بە سەرکەوتنەکانی خۆی سەرسام بوو و، گەیشتبووە ئەوەی لە خۆی بپرسێت:ئاخۆ بۆچی خەڵکانی تریش چاو لە من ناکەن، تاکوو سەرکەوتوو بن!؟ ئەم لێکدانەوەی کە پێویستە خۆی، لە کەسە ناسراو و، بالاکانی کۆمەڵگاوە، نزیک بکاتەوە:ژیانی قڵپ کردەوە. هەرچەند هەژاریش بوو. بەڵام دوا پوولی خۆی لە ڕێکپۆشی و، کەشخەیی خۆیدا خەرج دەکرد.
خۆی لە زۆر حەز و ئارەزوو بێبەش کردبوو. تا بە بەرگی کۆنەوە بە شەقامەکانی پێترزبۆرگدا نەگەڕێت و، لە گالیسکەیەکی کۆندا نەبینرێت. لەگەڵ کەسانی بالا و ناسراویشدا نەبوایە پەیوەندیی نەبوو. بۆیەش دەبوایە هاوڕێکانی ناسراو و، بالا بوونایە، تاکوو لە داهاتوودا سوودیان بۆی هەبوایە! شاری پێترزبۆرگی خۆشدەویست و، ڕقی لە مۆسکۆ دەبووەوە.
یادەوەرییەکانی نێو بنەماڵەی ڕۆستۆڤ و دڵدارییە منداڵانەکەی لەگەڵ ناتاشا بێزاری دەکرد. تەنانەت لەو کاتەوەی بووە، سەرباز، ئیدی سەردانی ئەو بنەماڵەیەی نەکرد.
بۆریس بانگهێشت کردنەکەیشی بۆ ئاهەنگی ماڵی ئانا پاڤلۆڤنای بە هەنگاوێکی مەزنی، بەرەو پێشەوەچوونی خۆی دەزانی، بۆ داهاتووی. لەو ڕۆڵەی خۆیشی گەیشت، کە دەبێت ببینێت.
لە تەنیشت هیلینەوە دانیشت چونکە ئەو شوێنەیان بۆ دیاری کردبوو. زۆر بە وریاییەوە گوێی لە دانیشتووەکان گرت بوو.
بریکاری کارەکانی دانیمارک دەیوت،"ڤییەنا وای دەبینێت کە بنەماکانی دانووسانە چاوەڕوانکراوەکە هێندە دوورەدەستە، کە بە چەندین سەرکەوتنی مەزنی بەرودوایش،

وەدەست ناخرێت! گومانیش لە سەرکەوتنی هەیە! نووسینگەی وەزارەتی ڤییەنایش لەسەر ئەو قسەیە سوورە.

ئانایش خۆی تێهەڵقورتاند،"ئای ڤیکۆنتی ئازیز! ئیروبا پێی وابوو، ئەگەر بە فەرەنسی زاراوەکە بڵێت ئەوا دەگۆڕدرێت و دەبێتە ئەوروپا. ئەمەیش ناسکی دەدات بە شێوازەکەی" خوا نەبێت کەس نەیدەزانی ئەم بیرۆکەیەی لەکوێوە هێناوە!؟ هەرگیز ئەوروپا نابێتە هاوپەیمانمان."

نەیشی دەویست کە بۆریس بەشداریی ئەو گفتوگۆیە بکات. بابەتەکەی گۆڕی و کەوتە هەڵدان بە ئازایەتی و خۆڕاگرییەکەی پاشای بروسیادا.

بۆریسیش بە بایەخەوە و، بە بێدەنگی گوێدێری گفتوگۆکانی دەوروبەری بوو و، چاوەڕێی کاتی بەشداری کردنی خۆی بوو. ئەمەیش نەبووە رێگری سەرنجەکانی بۆ دراوسێ ناسک و جوانەکەی، کە هیلین بوو.

هیلینیش درێغیی نەدەکرد و، بە رووی ئەم لاوە قۆزەدا پێدەکەنی. ئانایش تکای لە بۆریس کرد. لە بەر ئەوەی، باس باسی بروسیایە. ئەویش باسی سەفەرەکەی بە سادەیی بۆ شاری "گلوگۆ"[1] بۆ میوانان بکات و، باری سوپای بروسیای وەکو ئەوەی بە چاوی خۆت بینی بووی، کرد.

بۆریس کەوتە پێدانی زانیاریی ورد و، وردەکارییە گرنگەکان بە زمانی فەرەنسیی پێرفێکت و، زۆر بە وردەوە. خۆیشی بە دوور گرت لەوەی کە بیروڕای خۆی لە سەریان دەربببڕێت. ماوەیەکی باش سەرنج و بایەخی خەڵکەکەی بۆ خۆی راکێشا. ئانا پاڤلۆڤنایش زۆرباش هەستی بەوە کرد، کە میوانان چێژێکی زۆریان لەو باسە وەرگرتووە. بە هیلینیشەوە دیاربوو، کە بایەخێکی فرە بە بۆریس و وەڵامی پرسیارەکانی میوانان دەدات.

هیلین بە بزە ئاساییەکەیەوە، بە لای بۆریسدا وەرچەرخا و پێی وت،"پێویستە رۆژی سێ شەممە لە نێوان سەعاتی (٨ ـ ٩)دا، سەرێکم لێ بدەیت. هیچ بیانوویەکی نەهاتنیشت لێ وەرناگرم.

شێوازی قسە کردنەکەی وابوو، کە هۆیەکەی زۆر گرنگ بێت و، پێویستە ئەو سەردانەی هەر بکرێت. ئەویش پەیمانی ئامادەبوونی دا. کەوتە قسەکردنی دوو بە دوو لەگەڵیدا.

پاشان ئانا پاڤلۆڤنا بانگی کرد و، تێگەیاند، کە ماتانت زۆر بە تاسەی گوێ گرتنە لێی.

کە دوور کەوتنەوە بەزەیی خۆی بۆ هیلین دەر بڕی و وتی،"پێم وایە تۆیش مێردەکەی دەناسیت! ئای چەند ژنێکی جوان و نازدارە! هێندەیش داماوە! تکایە ڕوو بە ڕوو هیچی پێ مەڵێ. چونکە زۆر خەمی پێ دەخوات."

---

[1] ـ گلوگۆ: شارێکی بروسیایە کەوتۆتە سەر ڕووباری ئۆدر.

بەشی حەوت
هاورێیەکی نوێی هیلین

کـە ئانـا و بـۆریس گەرانـەوە، هیۆلیـت خـۆی هەڵقورتانـدبووە بابـەتی گفتوگـۆی کۆڕەکەوە.

هیۆلیت خۆی بە پێشدا خستبوو و هاواری دەکرد،"پاشای بروسیا! "

خـۆی دایـە قاقـای پێکـەنین و، ئـەوانیش سـەیریان دەکرد. پاشـان بـە شـێوەی پرسـیار، قسەکەی دووبارە کردەوە،"پاشای بروسیا؟"

سەرلەنوێ لە قاقای دایەوە!!

گەڕایەوە لای کورسییەکەی و، بە سەنگینییەوە دانیشتەوە.

چەند ساتێک ئانا پاقڵۆقنا چاوەڕوان بوو. دواتر تێگەیشت کـە هیۆلیـت ئـارەزووی دریژەدانی نییە بە قسەکانی، ئانا کەوتە باسکردنی ئەوەی کە ئەو ناپلیونە زندیقە لە شـاری "پۆستدام"، شمشێرەکەی فریدریکی گەورەیشی دزیوە!

کە ئەم بەشەی رستەکەی خۆی دووبارە کردەوە:

"ئەو شمشێرەی فردریکی گەورەی . . . "

بەڵام پییەر قسەکەی پێبڕی وتیەوە،"پـاشای بروسیا. . . "

ئامادەبووان رووی سەرنجیان تێکردەوە و، روون کردنەوەیان دەویست. ئەویش ناچـار داوای لێبووردنی لێ کردن. ئـانا پاقڵۆقنایش هەڵوێستی نەرێنیانەی وەرگرت.

مۆرتمارتی هاورێیشی هانی دا، کە لە سەری بڕوات و پێی وت،"دەی قسـەت لـە بـارەی بروسیاوە بۆ کێ دەکرد و ئەم شێوە قسەکردنە چییـە؟"

هیچ‌ولیت بە پێکەنینەوە وتی،"نەخێر هیچ نەبوو. تەنیا دەموبست بڵێم. . . دەموبست بڵێم. . . ئێمە بە هەڵەدا چووین، کە لە پێناوی پاشای بروسیادا دەجەنگین." لە راستیدا ئەم نوکتەیە لە ڤییەنا فێر بوو بوو. بە درێژایی ئەو ئێوارەیەیش، لە پارێزی ئەوەدا بوو هەڵێک بقۆزێتەوە و، ئەم قسەیە دووبارە بکاتەوە.

ئانا پاڤلۆڤنایش پەنجەی هەڕەشەی لێ ڕاوەشاند و وتی،"یاری کردنت بە وشەکان زۆر ناشیرینە! هەرچەند ورد و زیرەکانەیش دەربان دەبڕیت، بەڵام دادپەروەرانە نییە! ئێمە لە پێناوی پاشای بروسیادا ناجەنگین. بەڵکو لە پێناوی بیر و باوەڕێکی بااڵدا دەجەنگین! وای کە ئەم میر هیچ‌ولیتەیش شەیتانە!"

بە درێژیی ماوەی ئاهەنگەکە گفتوگۆکان درێژ بوونەوە. باسەکان بوونە باسی سیاسەت و، تا نەهاتنە سەر باسی ئەو خەاڵتانەی بە ناوی ئیمپراتۆرەوە بەخشرا بوونەوە، باسەکە سارد نەبووەوە. پیاوێکی کارامە وتی،"سااڵی پار "ن. ن" قووتویەکی بڕنووتیی پێبەخشرا و سەرقاپەکەی وێنەیەکی لەسەر هەڵکۆڵرابوو. ئەی باشە "س. س" بۆ لەو خەاڵتەی نەدرایە؟" دیپلۆماتێک هەڵیدایە،"داوای لێبووردنت لێدەکەم. بەڵام ئەو قوتووەی من کە سەرقاپەکەی بە وێنەی ئیمپراتۆر ڕازابووەوە، وەک ڕێزلێنان پێم نەبەخشرابوو. بەڵکو بە خەاڵت پێیان دابووم. یان باباڵێم پێشکەشم کرابوو."

پیاوەی کارامە لە سەری ڕۆیشت،"ڕووداوی لەم جۆرە زووتر ڕوویدابوو. بۆ نموونە "شوارزن بێرگ". . .

یەکێکی دی قسەکەی پێ بڕی،"ئەوەی دەیڵێیت مەحاڵە!"

پیاوە کارامەکە وتیەوە،"گرەوی لەسەردەکەیت؟ ئاخر لاسک و مەدالیاکە جیاوازە."

کە کاتی بەڵاوە کردن و کۆتابوونی میوانان هات. هیلین بێدەنگییەکەی شکاند و، بە شێوازی فەرمان کردن بە بۆریسی وتەوە،"زۆر پێویستە بتبینم."

لە چاوانیشیدا وا دەخوێنرایەوە، کە داوا لە ئانا پاڤلۆڤنا بکات، بە هانایەوە بچێت. لەوە دەچوو لە کاتی وتوویژەکەی بۆریسەوە، لە بارەی سوپاکەی بروسیا بە دواوە، بۆی دەرکەوتبێت، کە هەر دەبێت ببینێت.

لەگەڵ ئەوەیش کە بۆریس لە ڕۆژی دیاریکراو چووە ژووری کۆنتیسەی ڕێکپۆش و، چاوەڕێی ئەوەی لێ دەکرد، هۆی ئەو هەڵسوکەوتەی ئەو ڕۆژەی هیلینی پێ بڵێت. ئەو دەمەیشی کە بۆریس دەستی ماچ کرد و، ویستی بڕوات. هەندێک کەس لە هۆڵەکە کۆ بووبوونەوە، بۆیە هیلین لە قسەی هاکەزایی زیاتر هیچی پێ نەگوت.

بەڵام کە بۆریس ویستی بڕوات، هیلین بە سادەیی چرپاندی بە گوێیدا،"سبەی ئێوارە وەرەوە. کاتی نانخواردن پێویستە تۆ ئامادەبیت."

ئیدی بە درێژایی ئەو ماوەیەی بۆریس لە پیترزبۆرگ مایەوە، بووە هاوڕێی هیلینی کۆنتیسەی خاتوونی پییەر پیزۆخۆف.

بەشی هەشت
میرەپیرە پۆلکۆنسکی

شەڕ هەڵگیرسایەوە و، لە سنووری رووسیا نزیک بووەوە. هەرکەس دەمی دەکردەوە نەفرەتی لە ناپلیۆن دەکرد. وایش نـاوزەد کرابوو، کە ئەو نـاپلیۆنە دوژمنی ڕەگەزی مرۆڤـە! لە شارو شارۆچکەکانیشدا چەکدار کردنی هاوڵاتیان بۆ پێکهێنـانی سوپای کـارا و ڕاژە هونـەریەکانی سوپا، سەرومڕ بوو. پرۆپاگەندەیەکی زۆری جۆرا و جۆریش، بە سەر زارانەوە بوو، لە بـارەی ئەو شـەڕانەوە و، جاروباریش دژ بە یـەک بـوون! زۆر جـارانیش هەواڵەکان هەڵە و، گێرەشێوێنانـە بوو.

لە سـاڵی (١٨٠٥) بە دواوە، ئاڵوگۆڕی مەزن لە شێوازی ژیانی میرەپیرەی "پۆلکۆنسکی" و منـاڵەکانیدا ڕوویدا.

هەشت فەیلەقی سەربازی لە شارەزایانی سـەربازی خانەنشینان و دوور خراوەکـان و، ئەوانەی دووبارە بانگ کرابوونەوە بۆ نێو سوپا، پێکهێنرا. یەکێک لـەو فەیلەقانە خرابووە ژێر دەستی میرەپیرەوە. ئەم کارەیشی لەو کاتەدا پێسپێردرا کە وا هەواڵـی کوڕەکەی بۆ هاتبوو، لە گۆڕەپانی شەڕدا کوژراوە.

بانگهێشتەکەی ئیمپراتۆری زۆر پێ باش بوو. سـەرەڕای ئـەوەیش ئـەم ئەرکە نوێیـەی هەلێکی باشی بۆ دەڕەخساند، بۆ گەڕانەوەی هێز و ئازایی بۆی.

بێ وچان سەردانی ئـەو سێ هەرێمەی دەکرد، کە پێی سـپێردرابوو و، دەیپشکنین و، زۆر توند و دڵسۆزانـە. بە ڕەقییش ڕەفتاری لەگەڵ ژێردەستەکانی خۆی دەکرد. بـە وردی و دەستپاکییەوە، ئەرکەکانی خۆی بەجێ دەهێنا.

ماریی کچیشی، دەبوو هەموو بەیانییەک بە پێی خۆی لەگەڵ نیکۆلای بچووک و دایەنەکەی کە ناوی ساڤیشنا بوو، بچوایەتە بەردەمی باوکی و وانەی ئەندازەی بخوێندایە.

ماری زۆرینەی تەمەنی، بۆ خزمەت کردنی برازاکەی تەرخان کردبوو. کچە بۆرییەنیش هەر زۆر ئەو منالّەی خۆشدەویست. تا ئەو رادەیەی زۆر جاران ماری منالّەکەی رادەست دەکرد. ئەویش یاری بۆ دەکرد و، هەر بە پاشا چکۆلەم بانگی دەکرد.

بە تەنیشت کەنیسەی لیساجوورییەوە، ماری گوومەزێکی چکۆلەی بۆ (لیز) دروست کردبوو و، ئەو پەیکەرە بچووکە مەرمەڕەی لە نێویدا دانابوو، کە لە ئیتالیاوە هێنابووی. پەیکەرەکەیش وا بالّەکانی بلّاو کردبووەوە، کە نیازی فڕینی بوو بێت. لێوی سەرەوەی پاشا چکۆلەیش وای نیشان دەدا، کە نیازی زەردەخەنەی بێت.

ڕۆژێکیان ئاندریە و ماری، پێکەوە لە گوومەزەکە دەهاتنە دەرەوە. گەیشتنە ئەوەی کە ڕوخساری پەیکەرەکە، زۆر دەچێتەوە سەر "لیز"ی جوانەمەرگ. شتێکی تریش هەبوو کە ئاندریە خوشکەکەی لێ ئاگادار نەکردبووەوە. ئەویش ئەوەبوو کە بێئەوەی پەیکەرتاشەکەی بە خۆی بزانێت هەرچەند ڕوخسار و، هێماکانی کتومت وەکو لیزی ڕەحمەتی وابوو. . وای هەڵ پێکابوو، وەکو ئەوەی بە بینەرەکەی بڵێت:

ئای. . . ئەوە بۆچی ئاوا مامەڵەت لەگەڵ کردم؟

دوای ماوەیەکی کەم، لە گەڕانەوەکەی ئاندریەی لاو. باوکی سلفەیەکی لەو بەشە میراتییەی، کە لە زەوییەکانی "بوجوتشارۆڤۆ" بەری دەکەوت و، لە (٤) فرسەخێکی ڕووسی لە "لیساجوری"یەوە دووربوو، پێدا. تەنیا ناوهێنانی لیساجوورییش، دەبووە وەبیرهێنانەوەی، ئازارەکانی میری لاو. کە دواتر زۆر جاران بۆ دوورە پەرێزی لە تووندوتیژیەکانی باوکی و، تاک بوونەوە، ڕووی لەو زەوییە نوێیانەی خۆی دەکرد. . . هەر لەبەر ئەوەیش بوو، دڵی بە ئەو "بوگوتشارۆڤۆ"یە دەکرایەوە و، چەند خانوویەکی تێدا دروست کردبوو و، زۆربەی کاتەکانیشی تێدا بەسەر دەبرد.

دوای شەڕەکەی ئۆستەرلیتز، میر ئاندریە بە یەکجاری لە خزمەتی سەربازیی کشایەوە. بەڵام کە شەڕەکە هەڵگیرسایەوە، کەوتە یارمەتیدانی باوکی، لە بە سەرباز کردنی خەڵکەکەدا و، ئەم کارەی لە سەربازی کردنەکەی خۆی بەلاوە باشتر بوو.

میرە پیرەی باوک، گەشبین بوو، بە ئەنجامی شەڕەکە و، ئاندریەی کوڕیشی بە چاویلکەی ڕەشەوە، لێی دەڕوانی و، بەداخیش بوو، بە هەڵگیرساندنی جەنگ.

لە (٢٦)ی شوباتی (١٨٠٧)دا، میرە پیرە سەردانێکی پشکنینی کرد و، میر ئاندریەیش وەکوو جارانی، کە باوکی دەڕۆیشت بەملاولادا، خۆی لە لیساگوری دەمایەوە.

ئەوە چوار رۆژ بوو، نیکۆلای چکۆلـە نەخۆش بوو. ئەو گالیسکەوانانەی میرە پیرەیان گەیاندبوو، گەڕانەوە و، ئەو پۆستەیەی بۆ میر ئاندریەیان هێنابوو، بردیانە ژوورەکەی و میر ئاندریەی لێ نەبوو.

خزمەتکارەکەی میر بۆی گەڕا و، کە چووە ژوورەکەی ماریی خوشکی بۆی دەرکەوت، کـە ئـەو ناردوویـەتێ بـۆ لای، دایـەنی منالّەکـەی، تـاکو بیبینێت. یـەکێک لـە کارەکـەرەکانی کۆشک، میر ئاندریەی بینی، کە لەسـەر کورسییەکی بچـووک دانیشت بـوو و، ڕەنگی زەرد هەڵگەڕابـوو و، ڕووی گـرژ و، دەسـتەکانی بـە دەم دەرمـان کردنـە نێـو پـەرداخی نیـوە ئاوەکەوە، دەلەرزی.

پێی وت،"ببوورن خاوەن شکۆ. پیتروشا لە بەر دەرگایە و، کاغەزی پێیە."

ئاندریەیش لێی پرسی،"چی ڕوویداوە؟"

کـاتێکی زانـی لـە ڕادەی پێویسـت زۆرتـری کردووەتـە پەرداخەکـەوە. ناچـار ڕشـتی و، پەرداخەکەی ناردەوە، تاکو ئاوی تری بۆ تێ بکەنەوە.

ژوورەکـە سیسـەمێک و، دوو سـندوقی بچـووکو قەنەفەیـەکو مێزێکـی منالّانـە و، کورسییەکی بچووکی تێدابوو. هەر جارێک ئـاندریە بچوایەتە ئـەو ژوورەوە. لـە سـەر ئـەو کورسییە دادەنیشت. لەسەر تەپڵەکێک مۆمێک دەسـووتا و، دەفتـەرێکی نۆتـەی مۆسیقایش بە تەنیشتییەوە بوو و، تیشکی مۆمەکەی لە سیسەمەکە دەشاردەوە.

خاتوو ماریش کە بە دیار منالّە نەخۆشەکەوە بوو وتی:

"نـەخێر! تـۆ هەمیشـە لـەم قسـە هـیچ و پووچانـە، دەکـەیت. هەمیشـە داوا دەکـەیت پەلـە نەکەین."

خوشکەکەیشی وتی:

"لێت ڕوون بێت، لە شیرین خەودایە و، باشتر وایە هەڵی نەستێنین."

ئـاندریەیش کە پەرداخە دەرمانەکەی هەر بە دەستەوە بوو هەستاو وتی:

"بە ڕاست؟ کوابوو وا چاکە هەڵی نەستێنین؟"

ئەویش کە بینیی براکەی هاتە سـەر قسـەکەی بە شەرمەوە وتی:

"چۆنت پێ باشە وا بکە. بەڵام من وا بەباشی دەزانم. تۆیش ئارەزووی خۆتە."

کارەکەرەکە بـە چرپـە مـاریی تێگەیاند و، ئەویش براکەی لێ بـە ئاگا هێنایـەوە. لەبـەر ئەوەی بڕوایان بـە پزیشکی بنەمالّە لەق بوبوو، ئەوە دووەم شەویان بوو، کە شەونخوونی بـە دیار ئەو منالّە "تا"دارەوە بکێشن. ناردیان لـە شـارەوە پزیشکی تر بێت. هێندەشیان دەرمانی بێسوود بە منالّەکە دابوو وڕەیـان زۆر ڕووخابوو و، تووشـی دڵەڕاوکێ ببوون. بۆیە زۆر کات لۆمەی یەکتریان دەکردو دەمەبۆڵەیان بوو.

کارەکەرەکەیش هەر ئەوەی دەووتەوە:

"پیتروشا لێرەیە و، چەند کاغەزێکی لە باوکتەوە هێناوە. "

میر ئاندریە بە دەم بۆڵەبۆڵەوە ڕازی بوو، پیتروشا ببینێت و وتی:

"ئای کە لە کاتی خۆیدایە!"

پاشان خزمەتکارەکە پۆستەکەی پێدا و ئامۆژگاریەکانی میرە پیرەیشی، بە دەمی پێ وت.

ئەویش گەڕایەوە لای سیسەمی کوڕەکەی و لە خوشکەکەی پرسی:

"ئەرێ چی بوو؟"

ئەویش هەناسەیەکی گەرمی هەڵکێشا و وتی:

"هەر وەکوو خۆیەتی. لێت دەپارێمەوە کە چاوەڕوان بیت. "

ئاندریە لە منااڵەکەی نزیک بووەوە و هەستی بۆ لێدانی دڵی ڕاگرت.

لەبەر ئەوەی بە هۆی "تا"یەکەیەوە، دەستەکانی منااڵەکە گەرم داهاتبوو.

هاواری کرد:

وازم لێبێنە.

بە پەرداخە دەرمانەکەی دەستییەوە لە منااڵەکە نزیکتر بووەوە.

ماریش وتی:

"وازی لێ بێنە. . . وازی لێ بێنە!"

ئەمیش بە خەم و تووڕەییەوە، سەرنجێکی ئەوی دا و، بە سەر منااڵەکەدا نووشتایەوەو وتی،"هەر سوورم لەسەر ئەوەی دەبێت ئەو دەرمانە بخوات. بگرە، تۆ ببیدە بە منااڵەکە. "

ماری شانەکانی هەڵتەکاند و نەیوت نا.

کارەکەرەکەی بانگ کرد و، ویستی بە هەردوکیان دەرمانەکەی بدەنێ. منااڵەکەیش بە دەم ئازارەوە دەینااڵند.

میر ئاندریە زەرد هەڵگەڕا و، هەردوو دەستی بە سەرییەوە گرت و، بە پەلە خۆی کرد بە ژوورەکەی تەنیشتدا. پاشان بیری کەوتەوە کە پۆستە و نامەکانی باوکی هەر بە دەستەوەیە. دەستی کرد بە کردنەوە و، خوێندنەوەیان.

خەتی میرەپیرەیش بە گەورەیی وشەکان و درێژکردنەوەی پیتەکانیدا دەناسرایەوە.

لە نامەیەکیدا هاتبوو:

تەتەرێک هەواڵێکی بۆ هێنام، کە خۆشترین هەواڵی ئەم ساتەیە. بەو مەرجەی هەواڵەکە لە خۆیدا راست بێت!

هەواڵەکە دەڵێت:

سوپاکەی "پینیگسن" لە هەرێمی "ئیلۆ"دا بە سەر سوپاکەی ناپلیۆندا زاڵبووە و، هەموو

خەڵکی پێترزبۆرگیش لەو خۆشییەدان. خەڵاتیش بە سەر سوپادا باریوە! ئەو پینیگسنە "هەر چەند بە ڕەگەز ئەڵمانیشە" بەڵام دەهێنێت، شەپقەکەمی بۆ بڵند بکەمەوە! بۆ خاتری شەیتان. . . ئاخر "خاندریکۆڤێک" کە لە هەرێمی کۆرتشیڤادا، سەرۆکایەتیی سوپا دەکات، دەتوانێت چی بکات؟ ئەوێک کە تا ئێستا بۆ پشتگیری کردنمان نەیتوانیوە، نە سەربازمان بۆ بنێرێت و، نە ئازووخەی خواردەمەنی! هەر زوو خۆتی بگەیەنێ و تێی بگەیەنە:کە ئەگەر لە ماوەی (٨) ڕۆژدا، هەموو شتێکمان بۆ ئامادە نەکات. ئەوا ئەو سەرەی بە سەر شانەکانییەوەیە، تاسەر پێی ڕاگیر ناکرێت و، بە هی خۆیی نەزانێت! سەرکەوتنەکانی برۆسیخ. چونکە نامەیەکم لە پاگراسیۆن خۆیەوە، بۆ هاتووە و، خۆیشی بەشداریی ئەو شەڕەی کردووە، پێداگریی ئەوە دەکات، کە سەرگەوتوون.

هەر دەمێکیش ئەوانی تر خۆ تێ هەڵنەقورتێنن، ئەوا هەر زوو سوپای ناپلیۆن دەبەزێت. تەنانەت لە بەردەم ئەڵمانیەکانیشدا! دەڵێن سوپاکەی ناپلیۆن لەوپەڕی شپرزەیی و ئاڵۆزیدایە. کەوابوو بە پەلە خۆت بگەیەنە هەرێمی کۆرشیڤا و ئەم فەرمانەم جێبەجێ بکە.

ئاندریەیش دوای هەڵگێشانی هەناسەیەکی قوواڵ، نامەیەکی تری کردەوە و، دوو کاغەزی تێدابوو. بە دەست و خەتە ورد و جوانەکەیدا دیار بوو بیلیبین نووسیبووی.

نووشتاندیەوە و چووەوە سەر نامەکەی باوکی. کە گەیشتە سەر ئەو دێڕەی نووسرابوو:**بە پەلە و بێ دواکەوتن، خۆت بگەیەنە کۆرشیڤا و، فەرمانەکەم جێبەجێ بکە،** لە دڵی خۆیدا وتی:

"نەخێر . . ببوورن! تا کۆرپەکەم چاک نەبێتەوە ناچم."

بەرەو دەرگاکە بووەوە و، سەیرێکی خوشکەکەی کرد و، لە شوێنی خۆیدا ئەوی بینی، کە بە هێمنی دەستی بە پشتی منااڵەکەدا دەهێنا.

میر ئاندریە کەوتە بیر کردنەوە و لە خۆی پرسی:

"ئا. . . با بزانم. ئاخۆ هەواڵە بێزارکەرەکەی چی بوو؟ ئۆو! بە سەر ناپلیۆندا زاڵبووین! شەڕەکەمان بردەوە! منیش لە سوپاوە دوورم! دەی قەدەر پێم ڕادەبوێرێت! سوپاس بۆ ئەوقەدەرەیش."

نامەکەی بیلیبینی هێنایەوە بەرچاوی خۆی و، سەیرێکی خێرای کردەوە. نیوەی خوێندەوە، بێئەوەی هیچی لێ تێ بگات.

لە ڕاستیدا ئەو نامەکەی بە وردی نەدەخوێندەوە، بەڵکو ئەو کارەی هەڵاتن بوو لە ئازارە قوواڵەکانی خۆی.

بەشی نۆ
نامەکەی بلیبین

لەبەر ئەوەی بیلیبین پاشکۆی سیاسی بوو، لە ئەرکانی گشتی. شارەزایانە و بە زوبانی فەرەنسی هێندە راستگۆیانە نووسی بووی. رووسییەکان خۆیان رەخنەیان لە خۆیان دەگرت و، گاڵتەیان بە خۆیان دەهات. هەر لەوێشدا ددانی بەوەدا نا، کە شاردنەوەی راستییەکان، بێزاری کردووە. ئیستایش دڵی بەوە خۆشە، کە ڕاستییەکان بۆ هاوڕێیەکی متمانە پێکراوی خۆی، دەدرکێنێت. مێژووی نامەکەیش کۆنو پێش شەڕەکەی پرۆسیخ - ئیلۆ نووسرابوو.

بیلیبین نووسیبووی:

هەر وەکو خۆیشت دەزانیت. . . میری ئازیز. لە کاتی سەرکەوتنە مەزنەکەی ئۆسترلیتزەوە تەنیا رۆژێکیش، لە سەرکردایەتیی گشتی دانەبڕاوم. لە راستیشدا لە هەوادارانی شەڕەکان بووم! هەر ئەوەم چاک کردبوو. ئەوەی من لەم سێ مانگەدا بینیم. باوەڕ پێ نەکراو بوو. دەمەوێت لە سەرەتاوە، دەست پێ بکەم. دوژمنی ڕەگەزی مرۆڤایەتی بە شەڕ کردن لەگەڵ بروسیادا، دەستی پێ کرد. هەر وەکو خۆیشت دەزانیت. کە بروسیاییەکان هاو پەیمانانو زۆر دڵسۆزمانن و لە ماوەی سێ ساڵدا، تەنیا سێ جاران ئێمەیان خەڵەتاندووە! هەر بۆیەش لە کار و کێشەیاندا پشتگیریان دەکەین. بەڵام ئەوەی ئاشکرایە ناپلیۆنی دوژمنی ڕەگەزی مرۆڤایەتی، گوێ بە وتارە جوانەکانمان نادات. بە شێوازە بێشەرمانە دڕندانەکەی خۆی، پەلاماری بروسیاییەکانی دا. لە سەرەتای نواندنە سەربازییەکانیاندا مۆڵەتی نەدان و، تالاوی کرد بە قوڕگیاندا و، تا سەر ئێسکان ئازاری پێگەیاندن! لە ماوەیەکی کەمیشدا، لە کۆشکی "بۆتسدام" نیشتەجێ بوو.

پاشای بروسیا بۆ ناپلیۆنی نووسیبوو:

زۆر حەز دەکەمان ببیتە میوانی کۆشکەکەم، تا هەڵس و کەوتی شایستە بە خۆتان لەگەڵدا بکەین. بە هێندەی دەسەڵاتی خۆیشم ئامادەباشیم کردووە، بۆ ئەو میواندارییە. خوازیاریشم لەم تەقەلایەمدا سەرکەوتوو بم.

ژەنەرالە بروسیاییەکانیش رێز و خۆشەویستییان بۆ فەرەنسیەکان هەیە. هەر لە یەکەم دەستپێژەوە خۆ بە دەستەوە دەدەن و، خۆیان لە چەک دادەماڵن! لەم دواییەیشدا بە هۆی کۆ بوونەوەکانی 'تروومان' و 'ستالین' و 'چەرچڵ'ەوە ناوبانگی دەرکرد.

سەرکردەی بەرگریکار لە گۆلگۆ. کە (١٠٠٠٠) پیاوی لە ژێر رکێفدایە. ناردوویەتی بۆ لای من و، پرسیاری ئەوەی لێکردووم. . گەر داوای خۆبەدەستەوەدانی لێکرا چی بکات؟ بێگومان ئەمەیش پەرچدانەوەیەکی ئەرێنییانەیە. . .

بە کورتی ئێمە بە هیوای ئەوە بووین، کە لە ڕووی سەربازییەوە کاریگەریمان لە سەر هەڵوێستەکە هەبێت. کەچی خۆمان لە بەرامبەر شەڕێکی ڕاستەقینەدا بینییەوە! شەڕێک لەسەر سنوورەکەمان. کە ئەمە بۆ خۆی، خراپ و تاڵ بوو. هەموو شتێک لە شوێنی خۆیەتی و، تەنیا شتێکی بچووکمان گەرەکە. ئەویش 'سەرکردەی گشتی'یە. کە ئەو سەرکەوتنەیشمان لە شەڕی ئۆستەرلیتز، لە چارە نووسرابوو، دەبوا کەمتر کەللەڕەق و گیر بوایە. . . گەر سەرکردەی گشتیمان بە تەمەنتر بوایە. ناوی گەلێک لە نەوەی هەشتاکان دەخرانە ڕوو. دوای بەراورد کردنی نێوانیان 'کامنسکی' بە لەبارتر زانرا لە 'پرۆزۆرۆڤسکی'. دواتر هەر لە سەر ڕێ و شوێنی 'سۆڤۆرۆف' بە چەپڵە لێدان و هەلهەلە کێشان، پێشوازیی لێ کرا.

لە چواری ئەم مانگەیشدا، یەکەم پۆستەی پێترزبۆرگ گەیشت و، سندوقەکان گەیەنرانە نووسینگەی مارشاڵ. چونکە دەبوو هەموو شتەکان لای خۆیەوە دەست پێ بکات. منیش بانگ کرام بۆ جیا کردنەوەی نامەکان و، هێنانی ئەو نامانەی کە بۆ خۆمان هاتووە.

لە کاتی خەریکبوونماندا، مارشاڵ لامان دانیشت بوو و، سەیری دەکردین. چاوەڕێی ئەوانەیان بوو، کە بۆ خۆی نێردرابوون. هەرچەند گەڕاین هیچ بۆ ئەو نەهاتبوو! تا ئەوەبوو ئارامی لەبەر هەڵگیرا و، خۆی کەوتە گەڕان و، پشکنینەوەی سەرلەنوێی گورزەکانی پۆستەکە. چەند نامەیەکی بینی کە لە ئیمپراتۆرەوە ڕوو بە ڕووی کۆنت (ت) و میر (ڤ) و، کەسانی تر کرابوونەوە.

لێرەدا زۆر خراپ هەڵچوو و، کەوتە جنێودان بە خەڵکەکە. نامەکانی کردەوە و، کەوتە خوێندنەوەی ئەوانەیان کە ئیمپراتۆر نووسیبوونی.

پاشان وتی،'ئاخ. . . ئاخ! کەوابوو ئاوا مامەڵەم لەگەڵ دەکەن! متمانەیشیان پێم نییە!

چاویشیان خستۆته سەر من! زۆر باشە. . . دەی ئێوە بڕۆنە دەرەوە.

فەرمانی ڕۆژانەیشی بۆ ژەنەرال "بینیگسن" دەرکرد:

بریندارم و ئە سپسواریم پێ ناکرێت. کەوابوو سەرکردایەتیی سوپایشم پێ ناکرێت. فەیلەقەکەی تۆیشم لە "پۆلتۆسک"[1] ەوە بە پشێوی و شپرزەییەوە هێناوەتەوە. ئێستایش لە بەر "بەزەیی دوژمندان و بێ ئالیک و، داری سووتاندنن! کەوابوو پێویستە" هەر وەکو چۆن هەر خۆیشت ئەو هەواڵەت بە "بۆکزۆیڤدن" دابوو" ئاگات لە خۆت بێت و، کشانەوەتانبێت لە سنوورەکانمان. . دەبێت خۆیشت ئەم فەرمانە جێبەجێ بکەیت.

بۆ ئیمپراتۆریشی نووسی:

بە هۆی ئەو ڕەوە زۆرانەمەوە و، خشاندنی ڕانەکانم لە زینی ئەسپەکەم و، ئەو هەموو ماندوو بوونەیشم، ناتوانم سەرکردایەتیی سوپایەکی هێندە زۆر بکەم. لەبەر ئەمە سەرکردایەتیەکەم، سپاردووە بە کۆنترین ژەنەرالی دوای خۆم. کە ئەویش کۆنت "بۆکزۆیڤدن"ە. ئامۆژگاریشم کردووە، کە گەر برسێتی زۆری بۆ هێنان، بە سنووری "بروسیا"دا پاشەکشە بکەنەوە. لە ڕاستیشدا بەشی تەنیا یەک ڕۆژ، خواردنیان ماوە! تەنانەت هەندێک لە سرییەکانی خواردنی ئەمڕۆیشیان نییە! ئەمەیش بە گوێرەی قسەی بەڕێزان:سەرکردەکانی فەیلەقی ئۆسترمان و مۆرییدزکی.

ئەمەیشیان دوای ئەوە بەسەر هاتووە کە زەخیرەی دێهاتەکانیشیان ماشیوەتەوە. خۆیشم لە خەستەخانەی "ئۆسترۆلنکا"دا بۆی دەکەوم، تاکو چاک ببمەوە. جێی شانازییە بۆ من، کە ڕاپۆرت بۆ بەڕێزتان بەرز دەکەمەوە، لە بارەی زەخیرە و خۆراکەوە.

سەرتان بۆ نەوی دەکەم و، پێتان ڕادەگەیەنم کە ئەگەر سوپا تا پازدە ڕۆژی تر، لە شوێنی خۆیدا بمێنێتەوە، ئەوا ئەم بەهارە یەک سەربازمان نامێنێت، کە بە کەڵکی خزمەتی سەربازی بێت!

ڕێ بەم پیرە بدەن بە کۆڵێک شەرمەزارییەوە، بگەڕێتەوە دێیەکەی خۆی. ئەو پیرەی کە شکستی خوارد لە بەجێهێنانی ئەرکە مەزنە پیرۆزەکەیدا! ئەو ئەرکەی کە بۆیان هەڵبژاردبووم.

لە خەستەخانە دەکەوم و، چاوەڕێی فەرمانی ڕێپێدانی ئێوەی دڵپاک و نیانم. تا لە بری ئەوەی ڕۆڵی سەرکردەیی ببینم. تەنیا نووسەری شەڕەکان نەبم! دەستکێشانەوەیشم لە سوپا پشێوی ناخاتەوە و، هەر وەکو چوونە دەرەوەی کوێرێکی لێدێت. ڕوسیایش بە هەزارانی وەکو منی تێدایە.

ئا بەو شێوەیە مارشاڵ لە ئیمپراتۆر تووڕە بوو و، سزای ئیمەیشی دا. جا ئەوە ڕەوایە و ڕاستە!؟

---

[1] ـ پۆلتۆسک: شارێکی پۆلۆنیایە و دەکەوێتە سەر ڕووباری "نایڤ".

ئەمە ئا ئەمەیش یەکەم کاری ئێمە بوو:دوای ڕۆیشتنی مارشاڵ، خۆمان لەبەر قەرەووڵی فیشەکەکانی دوژمندا، بینییەوە! ئەمەیش وای کرد پەلاماریان بدەین و، شەڕیان لەگەڵ بکەین. بەو ڕێ و ڕەسمەی کە بۆکزۆیڤدن کۆنترین ئەفسەر بوو لە سوپادا، ئەو بووە سەرکردە. بەڵام "بینیگسن" لەگەڵ ئەمەدا نەبوو. ئەویش لەبەر ئەوەی، لە بەرامبەر دوژمندا بوو و، هەڵی بۆ ڕەخسا بوو. ویستی وەکو ئەڵمانیان دەڵێن **شەڕێکی پوختە** بکات. . ئەوەبوو هێرش برا و شەڕی پۆلتوسک روویدا. هەرچەند بەڵای منەوە بەو شێوەیە نەبوو، بەڵام بە سەرکەوتنێکی مەزن هەژمار کرا.

لە نێو ئێمەی "شارۆیی ـ مەدەنی"یشدا ئەم باوە قێزەونە هەیە، کە دەبێت سوود و زیانەکانی شەڕ بخەملێنین. هەموو جارێک دەڵێین هەر لایەک لە هەر شەڕێکدا پاشەکشەی کرد، ئەوە ئەو لایە دۆڕاوە! هەر لەسەر ئەو بنەمایە، ئێمەیش شەڕەکەمان دۆڕاند! بە کورتی دوای شەڕەکە، ئێمە پاشەکشەمان کرد و، هەواڵی سەرکەوتنیشمان بە پۆستەدا بۆ پێترزبۆرگ نارد!

ژەنەراڵیش بە هیوای ئەوەی لە پێترزبۆرگەوە پلە و پایە و، نازناوی "سەرکردەی باڵا"ی پێ ببەخشرێت و، وەک خەڵات و دەستخۆشانە، ئەو سەرکەوتنەی لێ وەربگیرێت. چونکە پلەی سەرکردەی باڵا هەروا، بە چۆڵی مابووەوە و، پۆستی سەرکردەی گشتیی، نەسپارد بە بۆکزۆیڤدن!

لەو نێوەندەیشدا ئامانجی ئێمە، نە هێرشبردن بوو، بۆ سەر دوژمن و، نە خۆ پاراستنیش بوو لێی. بەڵکو تەنیا خۆ بە دوور گرتن بوو، لە ژەنەراڵ بۆکزیڤدنێک. کە بە هۆی زۆریی ڕاڤە سەربازییەکەیەوە سەرکردەمان بوو. بە وردی چاودێریی ئامانجی خۆمان دەکرد و، پەڕینەوە لە ڕووباریش هەروا ئاسان نەبوو. دوای پەڕینەوەیش لە پردەکە. ئەو پردەمان تێکدا، تاکو دووڕە دەستی دوژمن بین. خۆ ئەو دوژمنەی خۆمان لێ بە دوور دەگرت. بۆناپارت نەبوو! بەڵکو بۆکزیفدن بوو! مەگەر بە سوپایەکی مەزن لەشکرەکەی گەمارۆ بدرایە. دەنا هەر بە دوامانەوە بوو. ئێمەیش گیانێکمان بە تۆپبارانە ڕێکوپێکەکەی خۆمان بوو. ئەوانیش زۆر شارەزایانە لە ڕووبارەکە دەپەڕینەوە. دواییش پێمان گەیشتنەوە. ژەنەراڵی هەردوو لایش هێندە تووڕە بوون، داوای شەڕی دەستەویەخە و بەرامبەڕێنیان دەکرد. پۆستەکەیش لە پێترزبۆرگەوەو لەکاتی خۆیدا هات. چونکە هەر لەو پۆستەدا سەرکردەی باڵا دەستنیشان کرابوو.

هەواڵی سەرکەوتنمان لە شەڕی پۆلتۆسکدا گەیشت. هەر ئەوەیش بووە هۆی سەرکەوتنمان، بەسەر "بۆکزۆیڤدن"دا. کە وەکو زووتر وتم دوژمنی سەرسەختی سەرەکیمان بوو.

ئێستا دەتوانین بیر لە دوژمنە نوێیەکەی، دوای ئەو بکەینەوە، کە ناپلیۆن بۆناپارتە.

بـەڵام هـەر لـەو کاتـەدا، دوژمنـی سـێیەم لـە بەردەمماندا قـوت بـووەوە. ئـەویش سـوپای ئەرسۆزۆکسی بوو. ئەو سوپایەی کە ئێستایش نـەمزانی بۆچی بـە دەنگی بـەرز هـاواری پسکیت و نان و، گۆشت و ئالیکیان بوو!؟

گەنجینـەکانی خواردەمـەنی چۆڵ بـوو بـوون! بـۆیە لـە رێ دەرچـوون و کەوتنـە ڕاو و ڕووت کردن. بە شێوەیەک لە هێرشەکانی ڕابردوودا تۆ نەتبینیوە! بە شێوەیەک بوو. کە نیوەی سربیەکەیان بەو ناوەدا بڵاوبوونەوە و، کەوتنە کوشت و بڕی خـەڵکی ئـەو نـاوە. دانیشـتوانی ئـەو ناوچانـە، زۆرخـراپ ڕووتێنرانـەوە و، مااڵیـان کـاول بـوو. خەستەخانەکانیش بـە نـەخۆش پڕ بـوون. قـات وقڕییش باڵی بـە سـەر ناوچەکـەدا کێشـا. تەنانەت "بنکەی سەرکردایەتیی گشتی"یش دوو جاران کەوتـە بـەر پـەلاماری ڕاو و ڕووت کـەران و، ئـەو بنکەیـە ناچـار کـرا داوای لیوایـەک سـەرباز بکـات بـۆ دەرکردنـی هـاوڵاتیە برسییەکان.

جارێکیان سـندوقێکی چـۆڵ و ڕۆبەکـەی خۆیشـمیان بـرد! ئیمپراتـۆر دەیـەوێت دەسـتی سـەرۆکی فەیلەقـەکان والا بکـات، لـە گوللـەباران کردنـی سـەربازە ڕاو و ڕووت کەرەکاندا. منیش هـەر خـەمی ئەوەمـە. گـەر ئـەمـە جێبـەجێ بکرێت. ئـەوا نیـوەی سـوپا، نیوەکـەی تـری دەداتە بـەر دەستریژی گوللە!!

میر ئاندریە بە چـاوان ئـەمـەی خوێندەوە. دوای کەمێک کەوتـەوە تـەواو کردنی نامـەکـەی بیلیبین. وایشی لێ کردبوو گومانی لە ڕاستی و دروستیی هـەواڵەکان هـەبێت.

کە گەیشتە ئێرەی ئـەو نامـەیـە، لـوولی کـرد و، فڕێی دایـە ئـەولای خۆیـەوە. بـە هێندەی ئەوە نامـەکە پـەستی نـەکرد، کـەوا ئـەو دوور بووە لـە ئـەو ڕووداوانـەوە و، زۆریش سـەرسـام بوو بوو! چـاوانی لێکنا و، هـەردوو دەسـتی بـە نێوچـاوانییـەوە گـرت. وەکـو ئـەوەی بیـەوێت بیر کردنـەوە لـە مێشکی بتارێنێت. ئـەو بیرکردنـەوەیـەی کـە نامـەکـە بـۆی دروسـت کردبـوو. پاشان گوێی هـەڵخست، بۆ ئـەو ژوورەی کە منااڵەکەی لێ بوو.

لـە ناکاو وا هـەستی کرد، گوێی لـە دەنگێکە. ڕۆیشت تـا پرسیاری ئـەوە بکات، کـە ئـاخۆ بـاری کوڕەکـەی خراپتـر نـەبووە؟ بـێ خشـپە چـووە بـەر دەرگاکـە و کردییـەوە. لـەڕاڕەوەکەیشدا خزمـەتکارێکی بینـی. شـتێکی شـاردبووەوە و ڕوخساریشـی گـرژ بـوو و" نیگەران دیار بوو.

گوێیشی لە ماری بوو لە دوایەوە وتی:

هاوڕێ. . .

ئـەمیش کـە سـەرنجیدا قسـەکانی بێـورەیی و، پرزەبـڕاویی پێـوە دیـارە. زۆر شـڵەژا. ئەمیش هـەر وەکو کەسێک کە ماوەیەکی زۆر بە دڵـەڕاوکێوە نااندبێتی" ترسا. بەوانەی کە بینی بوونی و بیستبوونی، وا دەردەکەوت کە منااڵەکەی مرد بێت.

لە دڵی خۆیدا وتی:

کەوابوو هەموو شتێک کۆتـا بووە.

ئەو دەمەی لـە سیسـەمی منالّەکەیـەوە نزیک بـووەوە. ئارەقەیـەکی سـاردی کـردەوە و، چاوانی کەوتە ڕێشکەوپێشکە. چونکە پێی وابوو جێگەکەی چۆڵە و، ئەو خزمەتکارەکەی لە ڕاڕەوەکەدا بینی بووی، لاشەی منالّەکەی ئەوی پێ بووە.

ماوەیەک بـەرچاوی لێڵ بـوو و، هیچـی نـەبینی. کـەچی ئـەوێک کـە پێیـوا بـوو منالّەکـەی مردبێت، منالّەکـەی بینـی! سـەری لـە سـەر سـەرینەکەی نییـە و دوو باسـکی بـڵاوە و، نێـو چاوانی ئاڵ و هەناسەکانی ڕێکـو پێکە. زۆر خـۆشحاڵ بوو.

لێوانی سەر پێستی نا. تا لە پلەی لەشی بە ئاگا بێت و، ماری خوشکی ئەمەی فێر کرد بـوو. کـە دەسـتی خسـتە سـەر سـەری. هەسـتی بـە تـەڕپی کـرد. چـونکە منالّـەکە ئـارەقی کردبووەوە و، هەر بەو ئارەق کردنەوەیەیش، ژیـانی هات بووەوە بە بەردا.

میر ئاندریە زۆر حەزی کرد، منالّەکە بەسنگی خۆیەوە بنووسێنێت. بەڵام نـەیوێرا ئـەوە بکـات. بـە سەرسـامییەوە لـە سـەر و دەسـتی منالّـەکەی دەڕوانـی! هەسـتی بـە خشـەی پەردەکان کرد. لە پەنجەرەکاندا سێبەرێکی بینی و، لای کردەوە، مـاریی خوشـکی بـوو و، خەریکی دادانـەوەی پەردە بوو. میر دەستی بۆ خوشکەکەی درێژ کرد و ئەویش زۆر توند گوشیی.

میر ئـاندریە پرسیی:

عارەقەی کردووەتەوە!

ئەویش وتی:

خۆیشم بە نیاز بووم ئەوەت پێ بڵێم.

منالّەکە تۆزێک جوڵا و، بزەیەک هاتە سەر لێوە بچووکەکانی و نێوچاوانـی خوراند. لـە ژووڕە کـەمێک تاریکەکەیشـدا ئـاندریە سـەرنجی چـاوە بـە بریسکەکانی مـاریی دا. پاشـان هەردوکیان بیدەنگییان لێ کرد. بۆ ماوەیەک هەرسێکیان لەو ژووڕەدا، دنیایەکی تـایبەت بە خۆیـان پێکهێنا و، دواتر زۆر بە گران لێی هاتنە دەرەوە.

میر ئاندریە، سەری خستە نێو قوماشە مۆزلینەکەی سەر نوێنی منالّەکەیەوە.

هەناسەیەکی قوواڵی هەڵکێشاو وتی:

"دەی. . . منیش هەر ئەمەم بۆ ماوەتەوە تاکو پێوەی سەرقـاڵ ببم. "

بەشی دە
تەقەلاکانی پییەر

دوای ماوەیەکی کەم، لە بە ئەندام بوونی پییەر، لە کۆمەڵەی "برایانی ماسۆنی"دا. رێنماییان پێدا تاکو لە ژیانی خۆیدا و، لە کاتی سەردانیدا بۆ سەر زەوی و زارەکانی، پەیڕەویی بکات. ئەویش چووە سەردانی زەویەکانی لە کێڤ. زۆربەی کرێکارەکانی بینی، کاریان دەکرد.

بە گەیشتنی نۆێنەر و نووسەرانی نووسینگەی سەرەکیی خۆی، بانگ کرد و هەموو نیاز و ئارەزووەکانی خۆی بۆ باس کردن و، ڕایگەیاند کە بە زووترین کات دەبێت جوتیاران لە سەر زەوییەکان ئازاد بکرێن و، دەبێت لێدان و سزای جەستەیی نەمێنێت و، تەنیا بە قسە کردن و، ئامۆژگاری بۆیان بەڕێوە ببرێن.

پێویستە هەر ناوچەیەک خەستەخانە و، قوتابخانە و، پەناگەی تایبەت بە خۆی، تێدا بکرێتەوە. دەبێت سوغرە و کاری زۆرەملێ، لەسەر منالان و ژنان، لا ببرێت.

دانیشتووەکان و نووسەرەکانی بە سەرسامییەوە، گوێیان بۆ گرتبوو! بەو قسانەیدا بۆیان دەرکەوت لە شێوازی بەڕێوەبردنیان و، هەڵس و کەوت و غەدر کردنیان لە جوتیاران رازی نییە. هەندێکیشیان پێیان وابوو، سوعبەتیان لەگەڵ دەکات. کۆمەڵێکی تریش لە ئامادەبووان وایاندەزانی هەر بۆخۆشی ئەو قسانە دەکات. بەڵام وریاکانیان و، لە سەروو هەموویانەوە، نووسەرانی دەربار، تێگەیشتن کە دەبێت چی بکەن، تا سەرۆک بە ئامانج بگەیەنن.

سەرکردەی نووسەران، زۆر خۆشی بە پرۆژەکانی پییەر هات. ڕایشیگەیاند، کە دەبێت ئامادەکاریی باش بکرێت، بۆ بارە ئاڵۆزەکە و، دواتر چاکسازییەکان بخرێنە بواری جێبەجێ کردنەوە.

هەرچەند ئەوە ڕاست بوو پییەر ببووە خاوەنی سامانە مەزنەکەی کۆنت پیزۆخۆڤی باوکی. بۆلام وەکو دەوترا:داهاتی سالانەی دەگەیشتە (٥٠٠٠٠٠) ڕۆپڵ. بەڵام خۆی لەو بڕوایەدا بوو، کە ئەو دەمەی باوکی سالانە (١٠٠٠٠) ڕۆپڵی دەدایە بۆ خەرجیی، خۆی دڵێکی دەوڵەمەندتری بوو! چونکە دەیزانی کە ئەو بڕە داهاتی سالانەی ئێستایەتی و، لەسەر ئەوە ژیانی خۆی ڕێکدەخست. بەڵام ئێستای وا دادەنرێت (٨٠٠٠٠) ڕۆپڵی سالانە دەدا. (٣٠٠٠٠) ڕۆپڵیشی سالانە دەدا بە "ئەنجومەنی پاراستنی مووڵکەکان"ی. ئەمەیشیان بۆ نۆژەن کردنەوەی کۆشکەکەی مۆسکۆی و، خانووی ناو دێ و، ئەوەکەی ناو شاری و، فەرمانبەرەکانی بوو. (١٥٠٠٠) ڕۆپڵیش خەرجیی تری بوو. لە وانە:دامەزراوە خێرخوازییەکان و، بە هاناوە چووان. ئەوە کۆنتیسەی خاتوونیش سالانە (١٥٠٠٠) ڕۆپڵی لە خۆیدا خەرج دەکرد. بڕی تێچوونی دروست کردنی کڵێسەیش، لە دوو سالی دواییدا، گەیشتە نزیکەی (١٠٠٠٠) ڕۆپڵێک. سوودی ئەو قەرزانەیش کە سالانە دەدران دەگەیشتە نزیکەی (٧٠٠٠٠) ڕۆپڵ.

ئەوەیشی کە دەمایەوە، نزیکەی (١٠٠٠٠) ڕۆپڵ دەبوو. بە جۆرێک خەرج دەبوو کە پییەر خۆیشی، نەیدەزانی! تا وا کەوتەوە ناچار بە قەرز کردن دەبوو!

سەرەڕای هەموو ئەمانەش، هەموو سالێک نوێنەرە گشتییەکەیشی، هەواڵی سووتاندنی برێک لە بەروبووم کشتوکاڵییەکانی پێ دەدا. یان وشکەسالێی هەرێمێک. یان خراپ بوونی برێک لە بەرهەمەکانیان و خراپ بوونی خانوو و پێویست بوونی بە نۆژەن کردنەوەی، پێ ڕادەگەیەنرا. ئەمانە وای لە پییەر دەکرد، سەرقاڵی بەرژەوەندییەکانی خۆی بێت و، بێزاریشی کردبوو. هەموو ڕۆژێکیش بە پشت بەستن بە نوێنەرەکەی، خەریکی ڕێکخستنەوەی کارەکانی بوو. دواتر کارەکان پڕ هەڵە دەبوون و، بەرژەوەندییەکانی ئەموستێک نەدەچوونە پێشەوە! چونکە نوێنەرە گشتییەکەی، زۆر بە خراپی ڕێنوێنیی کارەکانی بۆ دەکرد. بە قەرزدانەوەیدا هەڵدەدا و، بێگاری زۆرتری دەخستە سەرشانی کۆیلەکانی زەوی.

ئەمەیش کارێک بوو کە پییەر، پێی ڕازی نەبوو. لە لایەکی تریشەوە، لەسەر ئەوە سوور بوو:کە دەبێت قەرز بۆ جوتیاران ئامادە بکرێت. بەڵام نوێنەرە گشتییەکەی ئەو کارەی پییەری پێ باش نەبوو. تەنیا لەو کاتەدا نەبێت کە قەرزەکەی "ئەنجومەنی پاراستن و نۆژەنکردنەوە" دەدرێتەوە. یان دەمودەست دەتوانرێت قەرز بدرێتە جوتیاران، ئەگەر هاتوو دارستانەکەی کۆسترۆما و زەوییە قووڵەکانی"ڤۆلگا" کە ڕێ و ڕەسمی فرۆشتنی، بە گوێرەی قسەکانی "نوێنەرە گشتی"یەکەی پییەر، ڕێ و ڕەسمی زۆر ئاڵۆز بوو. ئەویش بە

هۆی بگرەو بەردەی مامەڵەی دەستلێکێشانەوە و مۆڵەت وەرگرتن و. . . وایدەکرد کە پیپەر تووشی سەرە گێژە بێت.

تا وای لە پیپەر دەکرد، بێزار ببێت و بڵێت:

مادام وایە. . . خۆت چۆنی بە باش دەزانیت وا بکە.

پیپەر بێبەش بوو، لە بە گەڕخستنی تواناکانی و، لە چارەسەرکردنی کێشەکانیدا، لە بەر ئەوە خۆی لەو کارەکان دەدزییەوە. بەڵام لە بەردەم بەرپرسی تۆمارگەی گشتی دا وای پیشاندەدا کە بایەخێکی زۆر بە کارەکانی دەدا. نوێنەرە گشتییەکەشی، هەمیشە وای پیشاندەدا، کە کارەکانی ماندووی دەکەن و زۆر بە سوودن بۆ پیپەر.

بێگومان لە شارێکی گەورەی وەکوو کێڤدا، پیپەر نەک ناسراوانێکی خۆی دۆزییەوە، بەڵکو کەسانێکی نوێیش، بوونە ناسیاوی و، شانازیشیان بەوەوە دەکرد کە دەوڵەمەندێکی وا دەناسن:خاوەنی پان و پۆرترینی زەوی و زارە لە هەرێمەکەدا. پەلەیشیان بوو لە بانگهێشتکردنیدا، بۆ ئاهەنگ و بۆنەکانیان. هەر بۆ خاتری ئەو، ئاهەنگی مەزنیان ساز دەدا. ئەو هەڵنانانەی بۆی دەکرا. لەبەر ئەو لاوازیانە بوو، کە پیپەر لە یەکەم کۆڕی ماسۆنیدا ددانی پێدانا بوو. وای لێهات بوو خۆی لەبەر ئەو ئاهەنگانەدا بۆ نەدەگیرا و، ئارامیی لەبەر هەڵدەگیرا. پیپەر گەڕایەوە سەر شێوازە کۆنەکەی ژیانی پێترزبۆرگی و، تەنیا جیاوازیش هەر لە ڕووکەشدا بوو. ناچار ددانی بەوەشدا نا، کە ئەو سێ ئەرکەی بیروباوەڕە ماسۆنییەی کە لەسەرشانی بوو، لەوانەی کە هەر ماسۆنییەک چاوەڕێی بوو، لەودا بێت و تا بۆیان ببێتە نموونەیی و پێشەنگ. بۆی جێبەجێ نەکراوە. دوو تایبەندمەندییە چاکەکەیش کە ـ ڕەوشتی چاک و مەرگدۆستی بوو ـ لە نەفسی پیپەردا جێی نەبووبووەوە. ئەمەیشی لە دڵی خۆیدا دەدایە پاڵ ئەوەی کە بە کاری ترەوە سەرقاڵە. کە ئەویش تەقەلای پوختە کردنی ڕەگەزی مرۆڤە. ڕەوشتی باشی تریشی تێدابوو، وەکو:خۆشەویستیی کۆمەڵگا. ئەمەیش لەو بەدەیی و بەخشندەییەیدا وەدیار دەکەوت. بڕیاری دا بەهاری (١٨٠٧) بگەڕێتەوە بۆ پێترزبۆرگ و سەردانی ئەو مولکانەیشی بکات، کە دەکەوتنە سەر ڕێی سەفەرەکەی. پابەندی ئەوەیش بوو بە دوادا چوون بۆ فەرمانەکانی پێشووی خۆی بکات و، بزانێت ئاخۆ باری بژێویی خەڵکەکەی ئەوێی، کە سپاردەی خوا بوون و، لە ئەستۆی ئەودا بوون، لە چیدایە؟ چونکە هەمیشە دەیویست چاکەیان لەگەڵ بکات. بەڵام بریکار و نوێنەرە گشتییەکەی، وای دەبینی کە ئەم پرۆژانەی کۆنتی هەرزەکار، هیچن و، بگرە زیان بە خاوەن مولک و جوتیارانیش دەگەیەنن! تەنانەت بە خودی خۆیشی. بۆیە بڕیاریدا بڕێک پارە و خەڵات، بداتە جوتیاران و، گەورەکەی لە خۆی ڕازی بکات. لەو بڕوایەشدا بوو، کە مەحاڵە کۆیلەکان ئامادە بکرێن بۆ ئازاد کردن و نیشتەجێ کردنیان. بەڵام نوێنەری گشتی بە بۆنەی سەردانی گەورەکەیەوە، فەرمانیدا ڕەنگی بناغەی خانووی گەورە بڕێژن، تا بکرێنە قوتابخانە و خەستەخانە و، شۆینی دادەی بێنەوایان. دوای لێکۆڵینەوەیەکی فرە. لە خوو

و خدەی سەرۆکەکەی گەیشتبوو. کە پێشوازی لێ کردنی و قەرەبالغی بێزاری دەکات. لە جێی ئەوە، خێر و چاکە بکرێت و، نان و خوێ لەگەڵ وێنەی پیرۆزدا دابەش بکرێت. چونکە هەر ئەم کارانە، کار لە هەست و دڵی کۆنت دەکات.

سەردانە کوتوپڕەکەی ئەو بەهارە و، بە گالیسکەیەکی نیان و، خۆشی مۆدێل ڤییەنا و، تەنایبەکەی کاریگەرییەکی باشی لەسەر ڕەوانی پییەر دانا. ئەو مولکانەی کە ئەوە یەکەمین جار بوو سەردانیی دەکردن، رازاوە بوون. لە هەرکوێیەکیدا لای بدایە. باشیی بژێوی بە ڕوخساری دانیشتوانەکەیەوە دیار بوو و، بە دڵسۆزی و خۆشییەکی فرەوە، پێشوازییان لێ دەکرد. پییەریش تەریقی و، شڵەژانی پێوە دیار بوو.

لە یەکێک لە مولکەکانیدا جوتیاران نان و خوێیان لەگەڵ وێنەی دوو پیرۆزی بۆل پێشکەش بە پییەر کرد. داوایشیان لێکرد ئامادەی سەربڕینی قوربانییەکەی کڵێسە بێت. کە لە سەر ئەرکی خۆیان دەیکەن. ئەو کارەیشیان وەکوو ددان پێدانانێک بوو بەخێر و چاکەکانی پییەردا.

لە شوێنێکی تردا، کۆمەڵێک ژنی منالّەبەر، پێشوازییان لێ کرد و، سوپاسگوزاری ئەوە بوون، کە سوغرە و، کاری زۆرەملێیان لەسەر هەڵگیراوە.

لە قۆناغی سێیەمدا، قەشە خۆی هاتە پێشوازیی و، خاچێکی بە دەستەوە بوو، کۆمەڵێک منالّ بە دەوریەوە بوون و، فێری ئایین و بنەماکانی لاتینیی دەکردن. کە ئەمەش جێبەجێ کردنی فەرمانێکی تری پییەر بوو.

ئەو خانووانەیشی بینی، کە کاریان تێدا دەکرا و، لە سەر یەک شێوەی هێڵکاریی بیناسازی بوون. خانووەکان لە بەرد دروست دەکران و، وا چاوەڕوان دەکرا، بەم نزیکانە ببنە قوتابخانە و، خەستەخانە و، خەڵوەتگەی بێنەوایان. لە هەموو لایەکەوە نوێنەرەکانی، ڕاپۆرتیان بۆ دەنارد و، رایاندەگەیاند کە جوتیاران کار و ماندووبوونیان کەم بووەتەوە و، کاری زۆرەملێ لە سەریان هەڵگیراوە و، بە کراسە شینەکانیانەوە، بەرەو ڕووی دەهاتن و، پڕ بە دڵ دڵسۆزیی خۆیان بۆ دەردەبڕی و، سوپاسگوزاری بوون.

پییەر نەیدەزانی کە ئەو گەرەکەی نان و خوێیان، تێدا پێشکەش کرد، گۆڕەپانێکی بازرگانی و، پێشانگای کڵێسەی "سان پییەر" بووا! ماوەیەک بوو دەوڵەمەندەکانی دەوروبەرەکە، خەریکی دروست کردنی بوون. ئەو کوشتارە خێرەیش، کە لەوێ کرا. هەر دەوڵەمەندانی ئەوێ پێکیان هێنابوو. لە کاتێکدا جوتیاران، رەش و ڕووت بوون. کارە زۆرەملێکانیان بۆ دەبرایە ماڵەکانیانەوە و گرانتر بوو، لە کارە زۆرەملێکانی ئەوسای سەرشانیان. نەیشیدەزانی ئەو قەشەیەی کە پێشوازیی لێکرد و منالّەکانی بە دەورەوە و خاچێکی بە دەستەوە بوو، بەو کارەی باری سەرشانی جوتیارانی هێندەی تر گران کردبوو! چونکە لە بەرامبەر فێر کردنی منالّەنیاندا، پارەیەکی زۆری لە خێزانەکان دەسەند و بە گریانەوە منالّەکانیان دەدایە دەست. ئەوەیشی نەدەزانی کە بە پارەی جوتیارە

داماوەکان ئاهەنگ دروست کراوە و، هەر بە زۆر پارەی خەرجییەیان لێ سەندراوە! کارە زۆرە ملێکانیشیان لە سەر گرانتر کرابوو و، هەر لە سەر کاغەز سووک کرابوو. بێ ئاگایش بوو لەوەی کە فلان و فیساریان، لە لای ئەودا بە خۆبادانەوە و، بە بەڵگەی دەفتەری تۆمارەوە ڕایاندەگەیاند، کە سێیەکی ئەرکەکانی سەرشانیان لە کار کردنیاندا کەم کردووەتەوە.

لە ڕاستیشدا کارە سوغرە و زۆرەملێکانیان، دوو هێندە کرد بووەوە.

چەند سەیر بوو! پیرەر لەو گەڕانەیدا، زۆر ئاسوودە بوو و، هەستی بە ئارامیی دەروونی خۆی دەکرد! نامەیەکی هەڵقوڵاو لە ناخییەوە، نارد بۆ براکەی ـ واتە ڕابەرە ڕەوانییە ماسۆنییەکەی ـ پڕ بوو، لەو هەستە مرۆڤدۆستییەی کە لە پێترزبۆرگ، فێر کرابوو.

لە دڵی خۆیشیدا وتی:

چەند بە ماندوو بوونێکی کەم و بە ئاسانی دەتوانرێت ئەم هەموو خێرو چاکانە بکرێت! لە ئاسانیی ئەو کارەیشدا چەندە بێئاگایانە وێڵی دەکەین!

هەرچەند لە بەرامبەر ئەوەدا، کە جوتیاران هەستی خۆیان بەرامبەر چاکەکانی دەردەبڕی، دەشڵەژا. بەڵام پێیشی ئاسوودە دەبوو. چونکە بەو ڕەفتارەیان، بیریان دەخستەوە، کە دەتوانێت زۆر شت بۆ ئەو خەڵکە سادە دڵپاکانە بکات.

نوێنەرە گشتییەکەی، ئەو ڕاستییەی بۆ دەرکەوت بوو، کە ئەو گەنجە چەندە زیرەکە، هێندەیش سادە بیرە! ئاسانە بیکاتە داشی دامە، بەدەست خۆیەوە. هەر کە بۆیشی دەرکەوت، ئەو کارە لە ناکاوە خێرایانەی، لە کاتی سەردانەکەی پییەردا کردی، کاریگەریی زۆری لە سەری هەبووە. فێڵبازانە کەوتە قسە کردن بۆی و، وای بۆ باس دەکرد کە گوایە نیشتەجێ کردنی جوتیاران، سوودێکی ئەوتۆی نییە، بۆ ئەوان. زۆریش دوورە دەستە، ئەو نیشتەجێ کردنە بکرێت. لەگەڵ ئەو هەمووماندوو بوونەدا، جوتیاران بەختەوەر ناکات. پییەر خۆیشی هاوڕای بوو و وا بە خەیاڵیدا دەهات، کە لە هیچ کام لە هەرێمەکانی دەوروبەردا، جوتیارانی ئاسوودە و بەختەوەری، وەکو جوتیارانی بندەستی خۆی نین! لە کاتێکدا کە ئەوانەی لەبەر خاتری خوا و دادوەری بوو. سوورێش بوو، لە سەر ئازاد کردنی جوتیاران. تەنانەت دوای ئازاد بوونیشیان خەمی چارەنووسیانی بوو.

بریکارە گشتییەکەیشی، پەیمانی پێدا، کە درێغی نەکات و، تەقەلای جێبەجێ کردنی بدات. دەیشیزانی کە گەورەکەی، دوای فرۆشتنی دارستانەکە و، ئەو مووڵکانەیشی کە وا بڕیار بوو، بفرۆشرێن و، بە پارەکەی قەرزی ئەنجومەنی چاودێری پێ بدرێتەوە. ناتوانێت خۆیشی ئەو کارە بکات. کەوابوو هەر بێئاگا دەبێت، لەو خانووبەرانەی کە هەریەکەیان، بە ئامانجێکی تایبەت بە خۆی، دروست دەکرێن. بە تایبەتی جوتیارانێک، کە ئەوەی لە دەستیاندا بوایە، دەیان داو. ئەوەشیان بۆ نەکرایە. کاریان تێدا دەکرد.

بەشی یازدە
سەردان و مزگێنیی ئایینی

هەرکە پییەر لە خواروو گەڕایەوە و، دەروون ئاسوودە و، کراوە و دڵخۆش بوو. ئەم هەڵەی قۆستەوە بۆ سەردانی ئاندریەی هاوڕێی. کە ئەوە دوو ساڵ بوو نەیبینی بوو.

پۆگۆتشارڤۆیش هەرێمێک بوو، میرە پیرە بەخشی بووی بە ئاندریەی کوڕی. هەرێمەکەیش کەوت بووە تەختاییەکی چۆڵەوە. کە لە نێوان کێڵگەکانیدا، دارستانی سنەوبەر و "سندر" پەرشوبڵاو و، لە هەندێک شوێنیشیدا چڕ و لێک نزیک بوون. بە درێژایی ڕێگا گەورەکەیش، ناوە ناوە دێیەکان دروست کرابوون. بەڵام ئەو بارەگایەی کە سەرۆکی تێدا دادەبەزی. لە پشت گۆمێکی گەورەی ئاوی تازە دروست کراوەوە بوو. کە کەنارەکانی هێشتا نەکرابووە ڕێی چاک کراو. ئەمەیش لە نێو دارستانێکی تازە دروست کراودا نەمامەکانی نێزرابوو و، چەندین داری گەورەی تێدا هەبوو.

یەکەکەی ئەو ڕێگا گەورەیە سەرەڕای زەوییە بەیارەکەی. چەندین گەوڕ و ئەستەڵ، لەگەڵ سەرشۆرک و، گەرماو و، شوێنی بەرژەوەندیی گشتیی تێدا بوو. لەگەڵ خانوویەکی لە بەرد دروستکراوی، ڕووکار نیمچە بازنەیی کە هێشتا تەواو نەکرابوو. باخێکی نوێیش بە دەوری خانووەکەدا بوو. تەیمانی باخەکە و، دەرگای خانووەکە، هەردوکیان تەختە بوون. لە نزیک گوێسوانەی خانووەکەیشەوە، دوو تورومپای ئاو و بەرمیلێکی بۆیەی

سەوز کرا و هەبوو. کە بۆ کوژاندنەوەی ئەو ئاگرانە دانرابوو کە دەکەوتنەوە.

ڕێگا و بانەکان زۆر بە ڕێکو پێکی دروستکرابوون. پردەکانیش تۆکمەو لەبار بوون. ڕێکوپێکیی شتەکانیش نیشانەی خۆشەویستیی ژیانی دێهاتە کشتوکاڵیەکان بوو.

پیرەر شوێنی گەورەکانی لە خزمەتکاران پرسی و، ئەوانیش شوێنێکیان لە کەنارێ گۆمەکە پیشان دا. ئەنتۆنی خزمەتکار یارمەتیی دا و، لە گالیسکەکە دابەزی و، بەرەو خانووەکە بووەوە.

ئەو خزمەتکارە هەر لە منداڵییەوە پیرەری دەناسی و، کارەکانی بۆ رادەپەڕاند بوو. بردیە ژوورێکی خاوێنەوە. ئەم خانووە، سادە و ساکارە، زۆر پێچەوانە بوو لەگەڵ ئەو ژیانە دەستبلاّو و، شۆخێنییە دەولەمەندانەی ئەودا. کە دوایەمین جار پیرەر هاوڕێکەی پێتزبۆرگی تێدا بینی، ئەوی سەرسامی ئەو گۆڕانەی ژیانی خۆی کرد. لەوێشەوە خۆی کرد بەو هۆڵەدا، کە هێشتا گەچکارییەکەی تەواو نەبوو و، بۆنی تەختەی سنەوبەری لێ دەهات.

دواتر ویستی بچێتە ژوورەکەی تەنیشتی. بەڵام ئەنتوان لەسەر نووکی پێیەکانی ڕۆیشتە پێشەوە و، لە دەرگاکەی دا.

هەر کە دەسکی دەرگاکەی گرت دەنگێک لە ناوە هاتو پرسی:

"کێیە؟"

ئەنتوان وەڵامی دایەوە:

" کەسێکە و، بۆ سەردانیی تۆ هاتووە. "

"با چاوەڕوان بێت. "

دەنگی جوڵاندنی کورسییەک هات. کە پیرەر تەکانی دا بەر میر ئاندریە کەوت. لەگەڵ گرژ و مۆنییەکەیدا داکەوتوویی و پیریی پێوە دیار بوو.

چاویلکەکەی لا برد و، باوەشی پێدا کرد و لە ئامێزی گرت و ماچی کرد. پاشان کەوتە سەرنجدانی.

ئاندریەیش وتی:

"بۆ خاتری شەیتان. . . چاوەڕێی ئەمە نەبووم! زۆر خۆشحاڵم بە بینینت. "

پیرەر سەری لەو ئاڵ و گۆڕە مەزنەی ئاندریە، سوڕما! بە بێدەنگی لێی دەڕوانی. هەرچەندە حەزی دەکرد ڕووگەش و کراوە بێت. بەڵام بێسوود بوو. ئای چەندە پۆلکۆنسکی گەورە و پیر بووە! گەر پیرەر سەرنجی ئەو چرچ و لۆچەی نێوچاوانی ئاندریەی نەدایە، کە نیشانەی چڕ کردنەوەی بیر کردنەوەکانی بوو بە یەک شتەوە. گوێی بەو سەرنجە بێگیانانەی ئەو نەدەدا. ئەمانەیش ترسی دوور کەوتنەوەی لەو هاوڕێیەی لا دروست کرد. کاتێکی زۆریشی دەویست تاکو پێی ڕابێتەوە.

قسەکانیان لە گفتوگۆی دوو هاوڕێ دەچوو، کە ماوەیەکی زۆر بێت یەکتریان نەبینێ بێت. باسەکان فرە رەهەند بوون. دواتر ئاسایی بووەوە. کەم بایەخانەیش لە چەند بابەتی جیاوازی گرنگەوە دوان. باسی رابردووی خۆیان و داهاتوویان کرد. لەگەڵ سەردانەکەی پیەر و جەنگ و. . . هتد.

وردە وردە کەوتنە لێک تێگەیشتن و، بڕیاریاندا کە هەر بابەتێک بە جیا باس بکەن. قوواڵبوونەوە و، یەک نەگرتنەوە، لە قسەکاندا بە ئاندریەی هاوڕێیەوە دیار بوو. بە هۆی بزەکەی سەرلێویەوە، لە کاتی قسە کردنی کۆنتدا، بە جوانی دەردەکەوت. ئەویش زۆر بە تامەزرۆییەوە، لە پرۆژەکانی داهاتوویی و رازەکانی خۆی دەدوا. هەرچەند بە شێوازێکی زۆر خۆش دەدوا، بەڵام کاریگەریی لەسەر ئاندریە دانەنا و، هەر پێیشیەوە دیار نەبوو.

وەنەبێت پیەر بەمەی نەزانی بێت! تێگەیشت کە ئەو بە هەند گرتنی خەون و، ئاواتەکانەی لە جێی خۆیاندا نین. لەبەر ئەوە، بیرە ماسۆنییە نوێیەکەی بە کەمێک شڵەژاوییەوە، بۆ میر ئاندریە خستە روو و، ئەو سەفەرەی و رووداوەکانی و، هەستی خۆی دوای گەڕانەوەکەی. بڕێک قسەکانی خۆی کۆنترۆڵ کردەوە. ئەمەیشی بۆ ئەوەی میر بە کەسێکی ساکاری تێنەگات. بەڵام زۆر بە تاسەی ئەوەیشەوە بوو:هاوڕێکەی تێ بگەیەنێت، کە ئێستا ئەو پیەرێکی ترە! ئەوە نییە کە لە پێترزبۆرگ ناسی بووی.

وتیشی:

"ناتوانم کە هەموو شتێکت لە بارەی خۆمەوە بۆ دەربخەم. کە لەم رۆژانەی دواییدا بەسەرم هاتووە. چونکە تازە بە تازە خەریکم خۆم بناسم!"

میر ئاندریەش وتی:

"بەڵێ ئێمە زۆر گۆڕدراوین. "

"ئەی پرۆژە و پیلانەکانی تۆ چین؟"

"پرۆژەکانی من؟"

پرسیارەکەی بەلاوە سەیر بوو، بۆیە پرسییەوە:

"پیلانەکانم؟ خانوویەک دروست دەکەم، بە هیوای ئەوەی ساڵێکی تری، تێیدا نیشتەجێ ببم. "

پیەر سەرنجی رووخسارە داکەوتووەکەیی دایەوە و وتی،"پرسیارەکەی من:لەو بارەیەوە نەبوو. ویستم پرسیاری ئەوەت لێبکەم"

ئاندریەیش قسەکەی پێ بڕی و وتی،"قسەو باسی من سوودی چییە؟ وا چاکە سەفەرەکەی خۆتم بۆ بگێڕیتەوە. ئاخۆ مووڵکەکانت چی لێ کردووە؟"

پیەریش دەستی کردە باس کردنی، ئەو چاکسازییانەی بۆ کۆیلەکانی زەویە کشتوکاڵییەکان، کردوویەتی و، ئەو ژیانە خۆشەی بۆ جوتیارانی خۆی سازاندووە. رۆڵی

سەرەکیی خۆیشی لەو چاکسازییانەدا دەشاردەوە.

ئاندریەش هەندێ جار، رستەکانی بۆ تەواو دەکرد. هەر وەکوو ئەوەی، زووتر لێی بە ئاگا بووبێت. بەڵام پێیشیەوە دیاربوو، کە بایەخێکی ئەوتۆ، بە قسەکانی نادات و، بە تورەهاتی دەزانێ!

دواتر پییەر بێزار بوو و، بێدەنگیی لێکرد. بێگومان ئاندریەش هەر وەکو ئەو بوو. لەبەر ئەوە، کەوتە بیر کردنەوەی ئەوەی:ئاخۆ میوانەکەی حەزی لە چ بابەتێکە؟ تاکوو بۆی باس بکات؟ چونکە هیچێک لە بیروڕاکانی لەگەڵ بیروڕای ئەودا نەدەهاتەوە!

ئاندریە پێی وت،"بۆ خۆت دەزانیت، کە من لێرە هەڵم داوە. هاتووم چاوێک بگێڕم بە کارەکانتدا و، دواتر دەگەڕێمەوە بۆماڵ و، لای خوشکەکەم. هەرچەند پێم وابێت زووتر بینیوتە. بەڵام هەر دێت پێتی بناسێنم. رەنگە دوای نانخواردنی ئەم ئێوارەیە بچینەوە ماڵا. ئیستایش حەز دەکەیت، سەردانی زەوییەکەم بکەیت و ببینیت؟

تاکو دەمەو ئێوارە و، کاتی نانخواردن، گەڕان وتوویژیان کرد. هەر لەوەش دەچوو، رووکەشانە لە یەکتر و هاوڕێکانیان و سیاسەت بڕوانن!

تا ئاندریە نەکەوتە باسی رێکخستنەوە نوێیەکەی خۆی، لە قسەکردنیدا چالاک نەبووەوە. لە ناکاو قسەکانی خۆی بچڕاند و، بێدەنگ بوو.

پاشان کەوتە پێداهەڵدانی خانووە چاوەڕوانکراوەکەی خۆی و وتی،"دواتر ئەمە بایەخێکی فرەی نییە. دەبا پێش چوونمان بۆ کۆشک، بچینە سەر خوانەکە. لە سەرخوانەکەیش باسی ژنهێنانەکەی پییەر کرا .

ئاندریە وتی،"ئەو هەواڵە سەرسامی کردم!"

پییەر هەر وەکو جارانی سوور هەڵگەڕایەوە و وتی،"هەر رۆژێک دێت، چیرۆکی رووداوی ئەمەت بۆ بگێڕمەوە. تەنیا ئەوە بزانە کە بۆ تا هەتایە، ئەوە کۆتایی هاتووە. "

ئاندریەیش وتی:

"تا هەتایە!؟ هیچ شتێک تاسەر نامێنێتەوە. "

پییەریش هەڵیدایە:

" بۆچی نازانیت ئەوە چۆن کۆتایی هات!؟ هیچیشت لە بارەی شەڕە بەرامبەرێنەکەوە نەبیستووە!"

ئاندریەیش وتی:

"بەڵێ ئەوەیش دەزانم، کە گەیشتوویتەتە سەر ئەو رێیەیش! "

پییەریش وتی:

"تەنیا شتێک کە بۆی سوپاسگوزارم:ئەوەیە کە ئەو پیاوەم نەکوشت!"

ئاندریە وتی:

"جا ئەوە سوپاسگوزاری بۆچییە؟ کوشتنی سەگی بەرەڵا:بۆ خۆی کارێکی چاکە. "

ئەویش وتی:

"نا نا. کوشتنی ئەو پیاوە، لە خۆیدا گوناهە و تاوانە و، رەوا نییە."

ئاندریەیش هەڵیدایە:

"ناڕەوایە!؟ بۆچی مرۆڤ خۆیشی بڕیاری رەوا و ناڕەوابوونی نییە!"

پییەریش وتی:

"دادپەروەری و زۆرداری. رەوا بوون و یەکسانی، لەو خاڵانەن کە مرۆڤ لە هەموو شتەکانی دی، لە ژیانیدا پتر تێیدا بە هەڵەدا دەچێت! سەرومڕیش بە هەڵەدا دەچێت!"

پییەر خۆشحاڵ بوو، بەوەی کە توانیی بابەتێک بوروژێنێت، سەرنجی ئاندریەی پێ ڕابکێشێت. لەوەیش دەچوو بیەوێت، ناخی خۆی، بۆ هەڵبڕێژێت. بە تایبەتی ئەو شتە گرنگەی، بەم دواییە پێی گەیشتبوو.

بۆیە وتی:

"هەر شتێک زیانبەخش بوو، بە کۆمەڵگا، ئەوە ئەو شتە، دادپەروەرانە نییە."

ئاندریەیش پرسیی:

"کێ ئەو شتانەی بۆ تۆ دەستنیشان کردووە، کە زیانبەخشن بە کۆمەڵگا؟"

پییەریش وتی:

"چۆن وا دەبێت؟ هەموومان دەزانین کە چ شتێک زیانبەخشە بە کۆمەڵگە."

ئاندریەش کە لە ناخیەوە، ئارەزووی بوو، تیلەچاوی نوێی خۆی، بۆ پییەر دەر بخات و وتی:

"بەڵێ دەزانین. بەاڵم ئەوەی زیان بە کەسی خۆم دەگەیەنێت. ناتوانم لە کۆمەڵگادا بیکەم."

بە پەرۆشییەوە و، بە فەرەنسی وتی:

"من لای خۆمەوە لە دوو شتی خراپ ــ کە لە ژیاندا هەن ــ زیاتر نازانم. ئەوانەیش:گریانی ویژدان و نەخۆشینەکانە. هیچ شتێکیش بە هێندەی ئەوە بۆ مرۆڤ باش نییە، کە ئەو دوانە لە نەفس و جەستەیەوە دوور بن! پەند و حیکمەتی ئێستای منیش، لەوەدا چڕ دەبێتەوە:**بۆ خۆم بژیم و لەو هەردوو بارە نادروستەیش خۆم بە دوور بگرم.**"

پییەریش لێی پرسی:

"ئەی خۆشەویستیی کۆمەڵگە و گیانی قوربانیدان!؟"

"ببوورن کە ناتوانم هاوڕای ئەو بۆچوونەت بم. . . کە مرۆڤ تەنیا بۆ خۆی بژی و، تەنیا بۆ ئەوەی لە گریانی ویژدان دوور بێت، دووڕە پەرێزی کۆمەڵگە بێت. ئەوە شتێکی بێبایەخە! ئاخر منیش هەر وام کرد. تاکو ژیانی خۆم تێک و پێک شکاند. بەاڵم ئێستا بۆ

ئەوانی تر دەژیم."

پاشان ویستی قسەکەی راست بکاتەوە و وتی:

"مەبەستم ئەوەیە تەقەلا دەدەم:بۆ خەڵکی بژیم. هەر بۆیەش بارەکەم پێچەوانە بووەتەوە و، هەست بە چێژی ژیان دەکەم. نەخێر هاوڕات نیم و خۆیشت بڕوات بە قسەیەی خۆت نییە."

ئاندریەش بە بزەیەکی لاقرتی ئامێزەوە، سەرنجێکی دا و وتی:

"دواتر ماریی خوشکم دەبینیت و، تێدەگەیت، ئەویش هاوڕاتە."

دوای کەمێک بیدەنگی درێژەی بە قسەکانی دا:

"ڕەنگە بە لای تۆوە ئەوە راست بێت. بەڵام هەر کەسە و، ئارەزووی خۆیەتی کە چۆن دەژی. تۆ وات داناوە، کە بۆ خۆت ژیاویت. خەریک بووە بوونی خۆت بۆگەن بکەیت و، ژیانی خۆت تێک بشکێنیت. هەستیشت بە بەختەوەری نەکردووە تا ئەو دەمەی کە بۆ خەڵکانی تریش ژیاویت. بە ئەزموونی پێچەوانیشدا ڕۆیشتوویت و، بۆ بالابوونی خۆت ژیاویت. هەروەها بالابوونیش لە خۆیدا خۆشەویستیی کۆمەڵگەیە."

حەز کردن بەوەی، شتێک لە پێناوی کۆمەڵگەدا بکەیت، هەوڵدانە بۆ پێدا هەڵدانی کۆمەڵگە بە خۆتدا. کەوابوو بۆ خەڵکی ژیایت و، ژیانی خۆت تێکشکاند. بەڵام من لەو کاتەوەی دەستم کردووە، بەوەی بۆ خۆم بژیم. هەستم بە پێچەوانەکەی هەستی تۆ و، بە بڕێکی زۆر لە ئاسوودەییو ئارامی کردووە.

پییەر بە پەرۆشەوە پرسیی:

"بەڵام مرۆڤ چۆن دەتوانێت تەنیا و تەنیا:بۆ خۆی بژی!؟ ئەی باوک و خوشک و کوڕەکەم چی؟"

ئاندریەیش وتی:

"ئەوانە دەچنە دنیای "خود - أنا"وە. ئەوان وەکو کەسانی تر نین. کەسانی تر کۆمەڵگەن. ئەو کۆمەڵگەیەی کە تۆ و ماری خوشکت ناوتان لێناوە. تەنیا ئەوانیش هۆی سەرەکیی هەڵە و شەڕن. کۆمەڵگە جوتیارانی ئەو "کێڤ"ەن، کە تۆ دەتەوێت چاکەیان لەگەڵ بکەیت.

پییەر وای بۆ چوو، کە بەم بۆچوونە لاقرتی ئامێزەیەوە، بەرەنگاری ئەم دەبێتەوە.

بۆیە بە هەڵچوونێکەوە وتی:

"بێگومان سوعبەت دەکەیت! ئەگەرنا چۆن دەبێت حەز کردنم لە کاری چاک و خێر کردن، هەڵە و شەڕ بێت؟ ڕەنگە هەڵەم لە ڕێکخستنی و جێبەجێ کردنیدا کرد بێت. بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەیشدا نیازی من پاک و چاک بووە. هەندێک کاری چاکەخوازیم کردووە. ئاخر ئەوە کاری شەڕ و خراپەیە:ئەگەر باری سەرشانی جوتیارانمان سووکتر

بکەین!؟ ئەو جوتیارانەی کە هەر وەکو ئێمە مرۆڤن. ئەوان گەورە دەبن و دەمرن، بێ ئەوەی لە بارەی خوا و رەوابوونەوە شتێکی ئەوتۆ بزانن. جگە لە بەجێ گەیاندنی هەندێ لە رێ و رەسمی کەم سوودی ئایینی و، نزا و ویرد و پارانەوە. چ نالەباری و هەڵەیەک لەوەدایە پیاوان خۆیان لە مردن بە دوور بگرن، بێ بەهاناوە چوونی مادی؟ یان فێری ئەوە بکرێن کە لە رۆژی دواییدا، پاداشتی کارە چاکەکانیان وەردەگرنەوە. یان لەدابینکردنی پێویستیەکانیان لە پزیشک و چەندین خەستەخانە و، هەوارگەی بێنەوایان؟ کە ئەمانە زۆر زەحمەت نین. ئاخۆ بەخشینی کەمێک حەوانەوە، بەو نەگبەتە بێچارانە و، ئەو دایکە لاوە منالەبەرانەی کە خۆیان بە سەر کارە سەختەکانیاندا دەمرێنن، خێر و چاکەیەکی:کەم وێنە نییە!"

پیرەر لەم رستانەی دواییدا بە پەلە دەدوا. دواتر خاو بووەوە و، بە متمانە بەخۆوە وتی:

"هەر چەند کارەکە نیوەناچڵ بوو و، بە کەم و کورتی کردیان. بەڵام من ئەمەم کرد. تۆیش هەر چیەک بڵێیت و، هەرچیەک بکەیت، بڕوات پێ ناکەم کە وەک من بیر نەکەیتەوە. چێژ وەرگرتن لە چاکەکردن بەختەوەریی ڕاستەقینە بە ژیان دەبەخشێت. لە ناخیشەوە بڕوام بە ئەمە هەیە و، بە بنەمایەکی سەرەکییشی دەزانم.

میر ئاندریە دریژەی پێدا:

"جا. . . لەسەر ئەم بنەمایە، بابەتەکە شێوەیەکی جیاواز لە خۆ دەگرێت. من خانوویەک دروست دەکەم، یان درەختێک دەنێژم. تۆیش چەند خەستەخانەیەک دروست دەکەیت. هەر یەکە لەمانە ئاسوودەیی و، ئارامیی خۆی، بە دەروون دەبەخشێت. بەڵام کامە خێرە و کامە ڕەوایە!؟ ڕێ بە ئاگای ئاگایان بدە با خۆی بڕیاری لە سەر بدات! بڕیاری ئەو خێر و چاکە و، ڕەوابوونەیش، کاری ئێمە نییە! گەر هەر دەتەوێت قسەی لە سەر بکەین. . . فەرموو.

ئاندریەیش وتی:

"زۆر چاکە. . . با درێژەی پێ بدەین. تۆ وتت دروست کردنی قوتابخانە و کڵێسە و، چیی تر بوو؟"

لەو کاتەدا جوتیارێک بە بەردەمیاندا تێپەڕی و، سڵاوی لێ کردن.

ئەویش دەستی بۆ ڕاکێشا و وتی:

تۆ دەتەوێت ئا ئەوە لە بارە ئاژەڵییەکەیەوە، بە کێش بکەیت و، کەم و کورتییەکانی هزر و بیر و ڕەوشتی، بۆ پڕ بکەیتەوە و، چیی کەمە بیدەیتێ!؟ بەڵام بیروڕای من پێچەوانەی ئەمەیە! ئاخر دەبێت ئەوە بزانیت کە بەختەوەریی ئەو، لە بەسەربردنی ئەو ژیانە ئاژەڵییەیدایە! هەر ئەو ژیانەی کە تۆ دەتەوێت ئەوی لێ دوور بخەیتەوە و، لێی

دابماڵیت! له کاتێکدا تۆ خـودپەرستیی دەکەیت. بۆیە من سەراسیمەم! دواتر دەڵێیت بـا لە کار کردن و، ئەرک و ماندوو بوونیان کەم بکەینەوە! بەڵام من پێچەوانەکەی بە ڕاست دەزانم! کاری جەستەیی بە ڕاست دەزانـم بۆ خـۆم و خۆیشت! تـۆ هـەرگیز ناتوانیت بیرکردنەوە لە ژیانی ڕۆژانەت دوور بخەیتەوە و وێڵی بکەیت! منیش ناتوانم شەوانە پێش سەعات (٢) بنووم. چونکە مێشکم بە بیر و بۆچوون، پڕ دەبێت. هێندە تەپاو تل دەدەم و، ئەم دیو و ئەودیو دەکەم:خەوم لێ ناکەوێت! هۆی ئەمانەیش ئەوەیە، کە لە بیرکردنەوە زیاتر هیچ کارێکی ترم بۆ ناکرێت! کەوابوو ئەو جوتیارەیش ناتوانێت دەستبەرداری کێڵان و دروێنە بێت، چونکە لەوانە زیاتر هیچی تری بۆ ناکرێت! خـۆ ئەگەر دەستبەرداری کارەکـەی خـۆی بـوو. ئـەوا ڕوو دەکاتـە:مەیخانـە و بـارەکان و، دەبێتـە نێچیـری نەخۆشینەکان!

من لای خـۆمەوە، بـەرگەی کار و ماندووبوونـە جەستەییەکەی ئەو ناگرم و، لـە ماوەی هەفتەیەکدا دەمکوژێت! ئـەویش بێکارە بوون:قەڵەوی دەکات و، دەیکوژێت! سێیەمیش تـۆ خۆت چیت دەوێت؟"

ـ ئا بیرم کەوتـەوە. . .

پەنجەی سێیەمیشی نوشتاندەوە و لە سەری ڕۆیشت:

گەر جەڵتەیەک لە جوتیارێکیدا دەمرێت" کەچی تۆ دەتەوێت چارەسەری بکەیت. بـاشە وا چارەسەرت کرد و (١٠) ساڵی تر ژیـا. ئەو دەم لە پێ دەکەوێت و، تواناکانی لە دەست دەدات و، دەبێتە ئەرک، بۆ ئەوانی تر! کەوابوو تۆ بوویتە هۆی ئەوەی، کە ئەو جویارە ئازاری زیاتر بچێژێت! کەوابوو مردنەکەی باشتر بوو! گەر بەخەمیشیت بۆ لە دەستدانی کرێکارێکت ـ کە من لای خۆمەوە هەر ئەمەم داناوە ـ ئـەوا لەبەر ئەوەی کەسانێکی زۆری تر، لە دایک دەبن و، بە سەرومڕی جێگای مردووان دەگرنەوە. ژمارەی خەڵکیش کـەم نابێتەوە" تۆیش بۆ جوتیار دانامێنێیت!

بـا وا بێت. . ! بەڵام نـەء! تۆ کە دەتەوێت چارەسەری ئەو جوتیارە بکەیت. ئەوە خۆتت خۆشدەوێت! ئەو پێویستیی بە یارمەتیی تـۆ نییە. دواجار. . . زانستی دڕووستیی مرۆڤ و پزیشکان، تاکو ئێستا چارەسەری کێیان کردووە؟ خۆ زانست و پزیشکانیش لە کوشتن زیاتر هیچی تر نازانن!

ڕووە تووڕەکـەی وەرگێڕا. هـەر چەنـد زۆر بـە ڕوونـی و کـراوەییش دەدوا و، وەکـو ئەوەی ماوەیەکی دوور و درێژ لە مێشکی خۆیدا بیری لێکردبێتەوە و، سێ و دووی خۆی کردبێت و، ئێستایش هەڵـی بۆ ڕەخسـا بێت قسـە بکات وابوو. چی لـە مێشـک و سنگیدا بـوو، هەڵـی ڕشت. تـا دەرئـەنجـامی قسەکانیشی نالەبـار و مەینەتبارتر بوایـە، بریسکەی چاوانیشی باشتر وەدەر دەکەوت.

پییەریش وتی:

ئای ئەمانەی دەیڵێیت چەند تۆقێنەرن! ئای کە تۆقێنەرن! ئاخر مرۆڤ چۆن دەتوانێت بەم بیرۆکانەوە، بژیێت!؟ هەرچەند ئەو دەمەی سەردانی مۆسکۆم کرد. بۆ چەند ساتێک منیش بەم شێوەیەی تۆ بیرم کردەوە و، پێوەی دەژیام. بەڵام وەکو تۆ نەکەوتبوومە ئەم خەمە قوورڵەوە. هەستم بە ژیان نەدەکرد و، شتەکان لە بەرچاوم قێزەون و نەخوازراو بوون و، تەنانەت خۆیشم لە بەرچاو کەوتبوو! تا ئەوەی نە نانم بۆ دەخورا و، نە خۆیشم دەشۆری!

پاشان لێی پرسی:

"باشە ئەی ئێستا تۆ چۆنییت؟

ئاندریەیش لە وەڵامیدا وتی:

جا خۆ پیشتگوێ خستن بۆ!؟ ئەوە لە خۆیدا پیس و پۆخڵییە! پێویستە بە پێچەوانەی ئەمەوە بین. دەبێت مرۆڤ تا دەتوانێت ژیانی خۆی خۆش بکات و، شایستە بژیێت. ئەمە هەڵەی خۆم نەبوو، کە هاتمە بوون. کەوابوو با هەموان باشترین ژیان بژین و، لە چاوەڕوانیی مەرگیشدا بین.

پییەریش وتی:

بەڵام کە مرۆڤ، ئا ئەوە بیرۆڕای بوو:چۆن دەتوانێت، چێژ لە ژیان وەربگرێت و، هەستی پێ بکات!؟ چاکتر وایە بچێتە کونجێکەوە و، هەر خەریکی بیرکردنەوە و، خەیاڵپڵاوی بێت.

ئاندریەیش وتی:

ئەی نابینیت کە ژیان مۆڵەتی حەوانەوەمان نادات! ئەگەر وا نەبوایە منیش بەختیار نەدەبووم، بە ژیانێک کە کاری تێدا نەکەم. لە سەرەتادا کۆمەڵێک لە کەسانی دەوڵەمەندی بالای هەرێمەکە ویستیان من بکەنە سەرکاری خۆیان و سەرپەرشتیی بەرژەوەندیەکانیان بکەم. بە گران تێانیم تێیان بگەیەنم:کە من ئەو کەسە بە توانایە نیم. چونکە ئەو کارە کەسێکی پێویستە کە لە ڕووی دەروونییەوە شایستەی ئەو کارە بێت و، کەسێکی سوک و ڕسوا و، گومڕا بێت. ئەم خانووەیشم کە دروست کردووە. بۆ ئەوەمە کە کونجێکی تایبەت بە خۆمم هەبێت و، تێیدا بحەوێمەوە."

دواتر باسی ڕۆڵی هێزە چەکدارەکان هاتە پێشەوە و پییەر پرسیی:

"ئەی بۆ نەگەڕایتەوە بۆ خزمەتی سەربازی؟"

میرئاندریەیش بە کزۆڵەییەکەوە وتی:

ـ دوای شەڕی "ئۆستەرلیتز"! نەخێر. . . لەگەڵ ڕێزیکی بێپایاندا. پەیمانم بە خۆم داوە، کە نەگەڕێمەوە بۆ ئەو خزمەتە و، پەیمانەکەیشم دەبەمە سەر. تەنانەت گەر ناپلیۆن

بۆناپارت بگاتە بەر دەروازەی سمولنسک و، لیساجوورییش بکەوێتە بەر هەڕەشەیەوە جارێکی دی ناگەڕێمەوە بۆ نێو سوپا.

دوای ئەوەی کەمێک هێور ببووەوە لە سەری ڕۆیشت:

"هەر وەکو پێم وتیت:باشترین هۆیەک بۆ قوتار بوونم لە دەست خزمەتیَ سەربازی، ئەوە بوو کە ببمە جێگرەوەی سەربازیی باوکی خۆم. کە سەرکردەی ناوچەی سێی ئامادەکارییە، بۆ سازدانی هێزە چەکدارەکان.

پییەریش وتی:

"کەواتە تۆ ئێستایش لە خزمەتی سەربازیدایت. . . وا نا؟"

دوای ماوەیەک بێدەنگی پرسییەوە:

"ئەی بۆ خزمەتی سەربازی دەکەیت؟"

ئاندریەیش وتی:

"ئێستا هۆیەکەیت بۆ ڕوون دەکەمەوە. باوکم لە کەسە ناوداڕە گرنگەکانی سەردەمی خۆیەتی. هەرچەند پیاوێکی ڕەق نەبوو. بەڵام ئێستا پیر بووە و هەندێک لە تووندو تیژیی تێدایە. ئیمپراتۆریش دەسەڵاتێکی بەربڵاوی پێداوە و، کردوویەتی بە سەردەستەیَ فیرقە هونەرییەکانی سوپا. سەرەڕای ئەمانەش لەبەر ئەوەی فەرماندەی سوپا بووە، هەمیشە بخۆڕ بووە و، مەترسیی لێ دەکرێت. پازدە ڕۆژێک لەمەوبەر و لە ئیوخنۆڤ. ئەگەر دوو سەعاتێک درەنگتر بگەیشتمایە. بەندییەکی لە سێدارە دابوو!

بزەیەک گرتی و لە سەری ڕۆیشت:

"کەوابوو ئا لەبەر ئەوەیە، کە خزمەتی سەربازی دەکەم. کەسێکی تریش نییە وەکوو خۆم کاریگەریی بە سەر بیرو ژیریی باوکمەوە هەبێت. هەر منیشم کە دەتوانم ناو ناوە:بەری لێ ببڕمەوە و، نەهێڵم کارگەلێک بکات کە دواتر پەشیمانیی بکێشێت. "

پاشان ڕووی کردەوە پییەر و وتی:

"ئێستا دەبینیت. . . کە چۆن بووە؟"

دیسان درێژەی پێدا:

"بەڵێ. . . بەڵام ئەمە بەو جۆرەیش نییە تۆ دەیهێنیتە بەرچاوی خۆت و لێکی دەدەیتەوە. نە داوای هیچم لەو بەندکراوە کردووە و، نە داوایشی لێ دەکەم. بەڵکو لەوەبوو بە خۆشییەوە سەیری لە سێدارەدانەکەیشیم بکردایە. بەڵکو بەزەییم بەخۆم و باوکمدا هاتەوە. "

بەرە بەرە هەژاندنەکەیَ میر بەرە وبان دەچوو. لە هەمان کاتدا زۆریشی هەوڵ دەدا کە بۆ پییەری بسەلمێنێت کارەکانی خۆی شتێکی لە ویستی خێرو چاکە کردن بۆ خەڵکی تێدا نەبووە.

لەسەر قسەکانی رۆیشت:

"کەواتە ئێستا تۆ دەتەوێت کۆیلەی زەوییەکان ئازاد بکەیت و، نیشتەجێیشیان بکەیت. ئەوە لە خۆیدا نیازێکی بالایە. بەڵام هیچ سوودێکی بۆ خۆت نییە. تۆیەک کە هێندەی من ئاگادار بم، هەرگیز فەرمانی دارکاری کردنیانت نەداوە و، ئاوارەی سیبریات نەکردوون. بگرە من پێموایە ئەگەر دارکاریش بکرێن و دووریش بخرێنەوە، زۆر کاریگەر نابێت بەلایانەوە. چونکە ئەگەر بۆ سیبریایش دوور بخرێنەوە، درێژە بە ژیانە ئاژەڵییەکەی خۆیان دەدەن. هەروەکو ئەوەی هیچیش ڕووی نەدابێت! بڕینی جێ قامچیەکانی سەر جەستەیشیان سارێژ بووەوە. بەختیارییەکەی جارانیان بۆ دەگەڕێتەوە. لەگەڵ هەموو ئەمانەیشدا، ئازاد بوون و، نیشتەجێ کردنیان کارێکی زۆر پێویستە بۆیان. بەڵام بۆ ئەوانەی کە لە نەفسی خۆیاندا گریانی ویژدانیان خنکاندووە. دوای ئەوەی وردە وردە هەستیاریی ڕەوانیان پووکاوەتەوە. تۆندو تیژی لە نەرێتو ڕەوشی خراپیاندا بۆ خۆیان بە ڕەوا دەبینن. ئەوەیش لە سزادانی ڕەوا و نارەوای بەردەستانیاندا ڕەنگ دەداتەوە. ئەوانەن کە من بەزەییم پێیاندا دێتەوە. خوازیاریشم بەهۆی نالەباریی ئەو جۆرە کەسانە خۆیانەوە پەلکێشی ئازادکردنی جوتیاران بکرێنەوە. ڕەنگە هەندێکیان نەناسیت. بەڵام من کەسانێکی ناسراوم لێ بینیون کە بە سایەی نەرێتی دەسەڵاتی ڕەهاوە گەشەیان کردووە. سالانیان تێپەڕاند و زیاتر و زیاتر تووڕەییان لە خۆ گرتووە. تۆندو تیژتر و دڕندەتر بوون. هەرچەند خۆیان باش ناناسن. بەڵام ناشتوانن بە سەر ئارەزووەکانی خۆیاندا زاڵ ببن. بۆیە کڵۆڵی و غەمگینییان فرەتر دەبێت."

ئاندریە زۆر بە پەرۆشەوە دەدوا. پییەریش بێ ویستی خۆی، بە بیریدا هات کە دزە کردنی ئەو بیروڕایانە، بە هۆی کاریگەریی کوڕەکەیەوە بووە.

ئاندریە درێژەی بە قسەکانی دا:

بەڵێ ئەوانەن کە بەزەیی من دەجووڵێنن. مەبەستم لە ئابڕوومەندیی مرۆڤ و ئاسوودەیی ویژدان و، پاکیزەیی ڕەوانە. بەڵام هەرچەند ناوشان و پشت و سەرانی پشت و سەری جوتیاران بەر قامچی بدەیت و بیانتاشیت، هەر بە پشت و سەری خۆیانەوە دەمێننەوە.

پییەریش وتی:

نەخێر! هەزار جار نەخێر! هەرگیز بۆ ئەمە هاوڕات نابم.

بەشی دوازدە
وتووێـــــژ

کە تاریک داهات. ئـاندریە و پییەر، چوونە گالیسکەکەوە و، بەرەو لیساجوری بوونەوە. جاروبـار ئـاندریە تیلـەچاوێکی دەدایـە پییـەر و، بێدەنگییەکـەی دەشـکاند و، چـەند باسـێکی خۆشی بۆ دەگێڕایەوە. بەدەم ڕێوە کێڵگەکانی پیشان دەدا و، قسـەی لەسـەر بەرهـەمەکان و چاکسازییەکانی، تێیاندا دەکرد. بەڵام پییەر کورت و بە وشـەیەک وەڵامی ئەوی دەداوە. کە ئەوە بۆ خۆی، هێمای سـەرقاڵبوونی بوو بە بیر کردنـەوەوە. بیری لەوە دەکردەوە، کە ئـەم هاوڕێ کۆنۆڵـەی بە هەڵەدا چووە و، ڕووناکیی ڕاستەقینەی لێ ون بووە. ئـەرکی خۆیـەتی بیروڕاکـانی ڕووناک بکاتـەوە و، لـەو خەمـەی بێنێتـە دەرەوە. بـەڵام کـە بیـری لـە قسـە و شـێوازی وتووێژەکـەی کـردەوە، زانیـی بـە یـەک وشـە دەتوانێت وتووێژەکـە لـە بـەر یـەک هەڵبوەشێنێتەوە. بۆیەش پڕکێشیی ئەوەی نەکرد. خەمی ئەوەی بوو گاڵتە بە پیرۆزییـەکانی بکات.

بەڵام دوای کەمێک وەکو گایەک کەللەی ئامادەی شـەڕە شۆق بکات، سـەری نەوی کرد و وتی:

پێم بڵـێ:ئەم بیروڕایـەت لـە کوێـوە هێنـاوە؟ ئـاخر پێویست ناکات، بـەم جۆرە بیر بکەیتەوە.

میر ئاندریەیش بە سەرسامییەوە پرسیی:

کام بیروڕا؟

پییەریش وتی:

ــ بیروڕات بەرامبەر ژیان و، ئامانجەکانی مرۆڤ. منیش بیروڕایەکی وام هەبوو. بەڵام دەزانیت چی منی لێ ڕزگار کرد؟ ئەو ماسۆنییە بوو، منی ڕزگار کرد. . ئاە! دە با بزە نەتگرێت! ماسۆنی بوون، ئەوە نەبوو کە من پێم وابوو ئایین و مەزهەبێکی پڕ سروت و پەرستنە و، پیرۆز بوون! لە ڕاستیدا جوانترین دەربڕی ناخی ئەو هەستانەی ناخی مرۆڤە و، تا هەتایی و نەمرە!

پاشان بە گوێرەی تێگەیشتنی خۆی، کەوتە دوان لەسەر ماسۆنی بوونی خۆی و، لەسەر ئەوە سوور بوو، کە پاکترینی بیری مەسیحی و،ئازادبوونە لە کۆت و بەندەکانی حکومەت و، شەریعەتی یەکسان بوون و، برایەتی و، خۆشویستن.

لە سەری ڕۆیشت:

"کۆڕە پیرۆزەکەمان یەکەمینە:لەوەیدا کە خاوەنی واتای ڕاستەقینەی ژیانە! ئیدی لە بیروڕاکانی ئەوان ترازا. دەچنە خانەی زیندەخەون و خەیاڵپڵاویەوە! هەموو ئەو شتانەی، دەرەوەی بازنەی کۆڕ و ئەنجومەنی ئێمە هەڵە و درۆ و ساختەیە. پیاوی زیرەک و باڵایش هەر ئەوەی بۆ دەمێنێتەوە، کە بژی و تا ئەو دەمەی دەمرێت:لە تەقەلای ئەوەدا بێت بۆ کەسانی تر خراپ نەبێت. ڕێک وەکو ئەوەی تۆ دەیکەیت. من لەگەڵ ئەوەی تۆدا هاوڕام. ئەگەر ببیتە ئەندامی کۆڕ و کۆمەڵەی ئێمە و، بیروڕای ئێمە وەربگریت و، جڵەوی خۆتمان بدەیتە دەست. ڕێمان بدەیت ڕێنماییت بکەین و، ڕێ پیشاندەرت بین. کتوپڕ هەست بەوە دەکەیت، کە زووتر خۆم هەستم پێکردووە. هەست دەکەیت کە بوویتە هەڵەفەیەک لەو هەڵەفە زۆرانەی کە نابینرێن و، سەرەتاکەی لە ئاسمانە بڵندەکاندا ون دەبێت.

هەر چەند ئاندریە بە بێدەنگی لە پییەری دەڕوانی. بەڵام بیری بڵاو بوو و، تەقو هوڕی گالیسکەکەیش نەیدەهێشت گوێی لە قسەکانی بێت. بۆیە تکای لێ کرد کە هەندێک لە ڕستەکانی بۆ دووبارە بکاتەوە.

بێدەنگیی ئاندریە و بریسکەی چاوانی، بوونە هاندەری پییەر تاکو لە سەر قسەکانی بڕوات. هەستیشی کردبوو، قسەکانی هەروا بە سانایی بەسەریدا تێناپەڕێت و، لەوەیش ناترسێت هاوڕێکەی قسەی پێ ببڕێت و، لاقرتیی پێ بکات.

گەیشتنە سەر جۆگە ئاوێکی هەستا و و لافاو و، ناچار بوون بە "کەڵەک - قەیاغ"ە مەزنەکەی سەری، لێی بپەڕنەوە. ئەو کاتەی خزمەتکاران گالیسکە و ئەسپەکانیان خستە سەر کەڵەکەکە. ئەمانیش سواربوونەوە و، دانیشتن و درێژەیان بە قسەکانیان دایەوە.

ئاندریە لە شکاندنەوەی، تیشکی خۆرە ئاوابووەکەی، نێو ئاوی رووبارە بە خوڕەکەی دەڕوانی.

پیەر لێی پرسی:

"زۆر بڕاشە. . . تۆ بیروڕات لەو بارەوە چۆنە؟ بۆچی وا کپ و بێدەنگیت؟"

ئاندریەیش لە وەڵامیدا وتی:

"بیرو ڕای من چۆنە؟ بەڵام خۆ من گوێم لە تۆ گرتووە! بێگومان ئەمانەی باست کردن، جوان و باشن. تۆ دەڵێیت وەرە کۆڕ و کۆمەڵەکەمانەوە. تا مەبەست لە ژیان و چارەنووسی مرۆڤ و، ئەو یاسایانەت فێر بکەین، جیهانی پێ بەڕێوە دەچێت. ئێمە کێین؟ ئێمە لە زیندەوەرانێکی بە کۆتابووی فەنابوو زیاتر، هیچی تر نین. ئەوە چۆنە ئێوە هەموو شتێک لە بارەی مرۆڤەوە دەزانن!؟ ئەوە چۆنە ئەوەی ئێوە دەیبینن، تەنیا من نایبینم!؟ ئێوە فریشتەکانی سەر زەوی دەبینن و، من لەم سەر زەوییە، نایبینم!؟"

پیەر قسەکانی پێ بڕی و وتی:

"تۆ بڕوات بە "ئەو دنیا" و، ڕۆژی دوایی هەیە؟"

ئەویش پرسیی:

"ڕۆژی دوایی و ئەو دنیا؟"

لەبەر ئەوەی لەوەوپێش دەیزانی ئاندریەی هاوڕێی، کەسێکی بێ بڕوایە. وای دانا پرس و شیکردنەوەکەی پەرچکردنەوەی بیروڕاکانە.

مۆڵەتی وەڵامدانەوە و شیکردنەوەی نەدا و، لە سەری ڕۆیشت:

"تۆ دەڵێیت مەحاڵە فریشتەی خێر و چاکە و، ڕەوابوون لەسەر زەوی ببینیت! خۆ منیش وەکو تۆ نایبینم. ئەگەر کۆتابوونی ژیانی خۆمان، لە سەر زەوی بە کۆتابوونی جیهان بزانین، ئەوا ناکرێ لەسەر ئەم زەوییە بیان بینین. "لەو کاتەدا دەستی بۆ دەشتاییەکە درێژ کرد" حەق و ڕەوابوون نامێنێت. هەموو شتێکی تێدا دەبێتە درۆو دەلەسە و، شەڕو خراپەکاری. بەڵام لە هەردوو دنیادا، و شتەکانی گەردوونداً، حەقیقەت و ڕەوابوون بەرکەماڵە. هەرچەند بۆ ماوەیەکی کەم، ڕۆڵەی سەر زەوین. بەڵام ڕۆڵەیەلێکی تاهەتای گەردوونین. ئەی من لە قوولایی ناخمدا، هەست بەوە ناکەم، کە پرزۆڵەیەکی بچووکی ئەم گەردوونە لەبن نەهاتووە رێک و پێک خراوەم؟ ئەی من لە ناخی خۆمدا هەست ناکەم، کە لە کۆمەڵەی ئەو زیندەوەرە تایبەتمەندارەی کە چۆنت بوێت وا توانا و هێزی باڵای منی تێدا وەدەر دەکەوێت؟ منیش هەڵەفەیەکی بچووک. یان پلەیەکی پەیژەی زیندەوەرانم کە بە ڕووەکێکی بچووک دەست پێ دەکات و دەگاتە مرۆڤ. کە تواناگەلێکی باڵای تێدا دەبینرێت. بەڵێ زۆر بە ڕوونی ئەو پەیژەیە دەبینم. کەوابوو بۆچی وا بۆی ناچم کە لە منیشی تێ دەپەڕێنێت و، ئەو ریزبەندییە لە منی مرۆڤدا کۆتایی

دێت!؟ لەجیاتی ئەوە پێویستە:وا بیر بکەمەوە کە دوایی درێژ دەبێتەوە و، لە منیش دوور دەکەوێتەوە. وا هەست دەکەم منیش وەکوو شتەکانی تر، لەم گەردوونەدا ون نابم و، دەمێنمەوە! هەست دەکەم تا هەتاییم و، لە تا هەتاییدا دەمێنمەوە. هەست بە بوونی رەوانەکانی تر دەکەم و، لە خۆم بالاترەکانیش لەم گەردوونەدا لەگەڵ من دەژین! لەم گەردوونەیشدا:حەقیقەت و رەوابوون نیشتەجێیەو بەرجەستە دەبێت.

ئاندریەیش وتی:

"بەڵێ ئەمەی تۆ دەیڵێیت بیروباوەڕی "هیردەر[1]"ە. بەڵام ئازیزەکەم تەنیا ژیان و مردن، ناتوانێت قایلم بکات و، بڕوام پێ بێنێت. ئەوەی بڕوات پێ دێنێت ئەوەیە، کە تۆ زیندەوەرێک ببینیت:کە زووتر ئالوودەی بوویت و، تاوانباری لە بەرامبەریدا. دەتەوێت گوناهەکانت بسڕیتەوە - بە هۆی هەژاوییەوە دەنگی گڕ بوو و ڕووی وەرگێڕا - جا دەڵێم لە ناکاو، ئەو زیندەوەرە ئازیزە بەهادارە، ببینیت ئازارێکی تۆقێنەر بچێژێت، ژیان لە دەست بدات. ئەمە بۆ؟ خۆ نابێت ئەم پرسیارە وەڵامی نەبێت. لەو بڕوایەدام وەڵامی هەبێت. ئەمە شتێکی بڕوا هێنە و، ئەمەش بڕوای بە من هێناوە.

پییەریش وتی:

"بەڵێ! بەڵێ!! منیش هەر ئەمەم پێ وتیت."

ئاندریەیش وتی:

"هەرگیز ئازیزەکەم. باش گوێم لێ بگرە. ژیانی ئەو دنیا بیانوویەک نییە پێویست بێت بۆ سەلماندنی ئەمە. بەڵکو ڕاستییەکەی ئەمەیە:مرۆڤ کە دێتە ژیانەوە، دەستی بە یەکێکی تر‌ەوەیە. لە پڕ ئەویتر لە نەماندا ون دەبێت. ئیدی ئەمیش لە کەناری نەماندا، خۆی دەبینێتەوە و، چاو دەگێڕێت. من بۆ خۆم لەوێدا چاوم گێڕاوە و پشکنیومە."

پییەر وتی:

"زۆر باشە. . . کەوابوو تۆ زانیت کە"ئەوێ"و "ئەوان" هەن. ئا ئەو"ئەوێ"یە، ئەو دنیایە و، "ئەوان"ەکەیش خوایە!"

ئاندریە وەڵامی نەدایەوە و، گالیسکەکەیشیان بە قەیاغەکە گوازرابووەوە ئەوبەر و، ئەسپەکانی بەرودوا لەێ بەسترابووەوە. خۆریش لە ئاوابوونداا بوو. زوقمی ئاوە وەستاوەکانیش:وەکو ئەستێرە لەسەر کەنارەکە دەبریسکانەوە. بەڵام دوو بەڕێزەکە هەر لەسەر قەیاغەکە وەستابوون و، جێیان نەهێشتبوو. ئەمەیش خزمەتکارانی سەرسام کردا ئەوانیش بە وتووێژەوە مابوونەوە. بێئەوەی کەسیان بیر لە جێهێشتنی ئەو شوێنە بکاتەوە.

پییەر دەستی بۆ ئاسمان ڕاکێشا و وتی:

---

[1] ـ جان جۆتگرید هێردەر: نووسەرێکی ئەڵمانیی بەناوبانگ بوو و، نووسەری کتێبی "فەلسەفەی مێژووی مرۆڤایەتی"یە.

که خوا و ژیان و ئەو دنیا هەبوو:ئەوا حەقیقەت و پەسەندیدەییش دەبێت. ئاواتی بالا و بەهەشتی هەمیشەییش دەبێت. بۆ کۆشش کردن بۆ زانینی ئەو دوانە و ناسینیان، پێویستە مرۆڤ خۆشویستنی ببێت و، بیرو بۆچوونی وا نەبێت کە تەنیا هەر لەسەر ئەم زەوییە دەژی. بەڵکو لەو دنیایش دەژی. و ژیانی ئەوێیش لە خۆیدا گشتگیرە.

ئاندریەیش شانی لەسەر لاوانەی قەیاغەکە دادابوو و، هەرچەند گوێی بۆ پییەر شل کردبوو، چاوانیشی لە شەپۆلە شینەکانی ڕوبارەکە نەدەتروکاند. ئەو شەپۆلانەی کە خۆری ڕۆژئاوابوون، تیرە سوورەکانی خۆی تێدەگرت.

ئاندریە کپ بووەوە و، بێدەنگی باڵی بەسەردا کێشان. تەنیا دەنگ کە بێدەنگییەکەی دەڕەواندەوە:شکانەوەی شەپۆلی ئاوەکە بوو، لە هەردوو جەمسەری قەیاغەوە. وەکو ئەوەی ئەو قسەیەی پییەر لە مێشکیدا دەنگ بداتەوە کە وتبووی:"بڕوام پێ بکە ئەوە ڕاستییەکەیە. " وابوو.

هەناسەیەکی هەڵکێشا و بە بەزەییەوە، چاوانی بڕییە پییەر. هەرچی پییەریش بوو، لەگەڵ شەرمنییەکەیدا بەرامبەر ئەو هاوڕێیەی، زۆریش بە تاسەوە بوو بۆ بینینی.

پێی وت:

"بەڵێ کارەکە وابوو. دەی با سەر بکەوین و بچینە نێو گالیسکەکەوە. "

کە لە قەیاغەکە دابەزی. سەیرێکی ئەو ئاسمانەی کردەوە، کە کەمێک لەمەوبەر، پییەر دەستی بۆ ڕاکێشابوو. سەرلەنوێ و بۆ یەکەمجار لەو ئاسمانە قوولە بەرینە تا هەتاییە راما، کە کاتی خۆی لە ئۆستەلیتز، بینی بووی. ئەو گرتەیەی گۆڕەپانی شەڕەکە و، سۆزو دڵکرانەوەکەی ئەوێی بیرکەوتەوە. کە زۆر دەمێک بوو، لەو هەستە دابڕابوو.

کتووپڕ گەڕایەوە سەرخۆی و، خەیاڵەکەی ڕەوییەوە. لە کاتێکدا دەشیزانی ئەو هەستە، گەشەی کردووە و، تا هەتایە لە ناخیدا دەمێنێتەوە. هەرچەند ئەو هەستانەیشی، پێوە دیارنەبوو، کە بە هۆی ئەو وتووێژەوە، لە نێوان ئەو و پییەرەوە دروست بوو بوو، بەڵام ئاسۆی خۆرهەڵاتنێکی نوێی جیاوازی لە ناخیدا هێنابووە بوون.

بەشی سیازدە
پیاوانی خوا

گالیسکەکە شەو گەیشتە لیساجوری و، لە بن دیوار و گوێسوانەی خانووەکەدا وەستا. ئاندریە پییەری هاوڕێی لەوە ئاگادار کردەوە کە هەر بە گەیشتیان بە بەر تارمەی ماڵەوە، چ بشێوی و سەرقاڵییەکیان بۆ خزمەتکاران ناوەتەوە! پیرەژنێکی پشت کووڕیان تێدابوو هەمبانەیەکی بەسەر شانەوە بوو. پیاوێکی کورتەبالای ڕەشپۆشی قژ درێژ دەستی گرتبوو و، ڕایدەکێشا.

بە دوای ئەواندا، دوو ژن ڕایاندەکرد و، دەیانویست بیانگرنەوە. کە پێیان گەیشتنەوە، بە ترس و لەرزەوە، سەرنجی گالیسکەکەیان دەدا. پاشان بەرەو پلیکانەی خزمەتکاران بوونەوە.

ئاندریە وتی:

"بە لای ماریی خوشکمەوە، ئەوانە پیاوانی بۆ خوا ڕەخساون! ئەوانیش لەو باوەڕەدان کە هەمیشە ئەو پێشوازیان لێ دەکات. باوکیشم لای خۆیەوە درێغی ناکات لە دەرکردنیان لە ماڵەکە! ئەمەیش تەنیا ڕەفتارێکی باوکمە کە خوشکەکەم، بە دڵی نەبوو.

پییەر لێی پرسی:

ـ مەبەستت لە "پیاوانی خوا"[1] چییە؟ ئەوان کێن؟

---

[1] ـ کەسی "بۆ خوا ڕەخساو": ئیمە بە اولیاء و پیاوچاک نێویان دێنین. وەرگێڕی کوردی

ئاندریه کاتی وەڵامدانەوەی ئەوەی نەبوو و، خزمەتکاران بە پەلە هاتنە پێشوازیان و، ئەویش پرسیاری باوکی خۆی لێ کردن. ئەوانیش تێیان گەیاند تا ئێستا لە شارە و، چاوەڕێی گەڕانەوەی ئەون و، هاکا هاتەوە.

پاشان میوانەکەی بەرەو ژوورەکانی میوان برد. ماوەیەک بە تەنیا جێی هێشت. تاکو هەواڵی کوڕەکەی خۆی بزانێت و، ببینێت.

· دواتر گەڕایەوە لای و پێی وت،"ئێستایش با بچین بۆلای خوشکەکەم. هێشتا ئەوم نەبینیوە و، لە ژوورەکەی خۆیدا و، لەگەڵ چاودێرەکانیدایە. ئێمە لە بەردەمیدا قوت دەبینەوە و، ئەویش شەرم دایدەگرێت! تۆیش پیاوانی خوا دەبینیت. ئەو پیاوانی خوایانەیش، سەرنجراکێشیش دەبن بۆت!"

پیەر جارێکی دی پرسیەوە:

ـ چەمکی پیاوانی خوا چی دەگەیەنێت!؟

ئاندریەیش وتی:

"کەمێکی دی بە چاوی خۆت دەیان بینیت!"

ماری چووە ژوورەوە و ڕوخساری سوورهەڵگەڕابوو و، شەرمێکی زۆر دایگرتبوو. چراکان لە نزیک پەیکەرە پیرۆزەکانەوە، داگیرسابوون. لەسەر کورسییەک و، لە بەرامبەر لاوێکی لووت درێژی قەشەپۆشدا، دانیشت و دەستی کرد بە چا خواردنەوە و، لە تەنیشتیشییەوە، پیرەژنێکی لاوازی دەم وچاو ساکاری منالانە، لە سەر کورسییەکی نەرم و شل دانیشتبوو.

ماری بە گلەییەوە لە ئاندریەی برای پرسی:

"ئەوە بۆچی پێش هاتنت هەواڵت نەدامێ؟"

بە پەلە هەستا و هەر وەکو ئەوەی مریشکەبەکڕ بێت و، جووجەڵەکانی بپارێزێت، چووە نێوان میوانەکانی و ئاندریە وتی:

"ئەی کۆنت. . . زۆر خۆشحاڵم بە بینینت. "

پاشان دەستی ماچ کرد.

هەر لە منالییەوە، ئەو دوانە یەکتریان دەناسی. ئێستایش ئەو هاوڕێیەتییەی لەگەڵ براکەیدا و، کێشەی هاوسەرگیرییەکەی و، ڕوخسارە پاک و نیانەکەی، وای کرد کە هەواداری بێت. بۆیە بە چاوە بریسکەدارە جوانەکانی، کەوتە سەرنجدانی پیەر و، وەکوو ئەوەی بیەوێت بڵێت:من زۆرم خۆشدەوێیت و، تۆیش کەمێک بەزەییت هەبێت و، لاقرتێ بە میوانەکانم مەکە.

چۆن و چاکیی ئاسایی خۆیان کرد و دانیشتن.

ئاندریە بە بزەیەکەوە ڕووی کردە "پیاو چاک"ە هەررزەکاریان و وتی:

"ها. . . ئەوە خۆ ئیڤانۆشکایش لێرەیە!"

ماری به شێوه پاڕانەوەوه هاواری کرد:

"ئاندریـه. . . "

به پیـەریشی وت:

"پێویسته ئەوه بزانیت:ئەمه ژنه و پیاو نییه! ئەوەیش نییه تۆ بۆی چوویت!"

پاڕانەوەکەی له ئاندریه دووباره کردەوه:

"بۆ خاتری خوا. . . ئاندریه!"

دیـار بوو ئـاندریه، زووتر بەو پیاوچاکانەدا هەڵشاخابوو. بۆیه بەرگرییەکەی بێسوود بوو و، ئەوه کاری ئێستایان نەبوو.

ئاندریه وتی:

"بەڵام کێژه هـاوڕێ نیانەکەم. . . پێویستە سوپاسی ماندوو بوونی ئەوەم بکەیت، کە پەیوەندی و ئـالوودەییت، لەگەڵ ئەم لاوەدا دەخەمە روو!"

پیـەر بەدەم سەرنجەکانی ئەودیو چاویلکەکەیەوە:ترسناکانە سەرنجی پیاوە پیرۆزەکەی دا.

ماریش سوپاسگوزاری ئەو سوورڕبوونەی بوو.

پیـەریش وتـی:

"ئەوە بە ڕاستتە؟"

پاشـان ئیڤانۆشـکا تێگەیشت کـه باسـی ئـەو دەکـەن و، کەوتـه سـەرنجدانێکی فێڵاویانـه! ماری هەڵـەی کرد، که بەرگری له کۆمەڵەکەی کرد و ترسی ئەوانیشی بوو. چونکه ئـەوان خۆیان بەو سەرنجانەی ئەو دوانـه نەشڵەژابوون.

پـیرەژنـەیش چاوه شۆڕەکانی له نێو بازنـەی سـەرنجی روخسـاری دوو میوانەکـەدا، لـه دزەی روانیندا بـوو. پیاڵەکـەی لـه سـەر ژێرپیاڵەکـه درێژ کرد و، لـەلای کڵۆ شـەکرە نیـوه داکرماوەکەوه دایـنا و، لەسـەر کورسییەکی وشک و بێدەنگ چاوەڕێی چایەکی تری دەکرد.

ئیڤا نۆشکایش فێڵاویانه و ژنانه له ڕوخساری ئەو دوانەی دەڕوانی و هێمنانه سەرقاڵی هەڵقوڕاندنی پیاڵه چایی و ژێرپیاڵەکەی دەستی بوو.

ئاندریه له پیرەژنـەی پرسی:

"ئـاوا له کوێوه هاتوویت؟ له "کییڤ"وه هاتوویت؟ بێگومان. . . "

پیرەژنەش خۆشحاڵ بوو به کرانەوەی زمانه بەستراوەکەی و وتی:

"چووم بۆ شاری "کییڤ" . . باوه گیان. جەژنی له دایکبوونی پیرۆز بوو و، نزیکیم بـه نزیک گۆڕی پیاوچـاکان خـۆشحاڵی کردم. . بـاوکه. ئێستایش لـه "کۆلیـازین"وه هـاتووم. ئەو شارەی موعجیزه مەزنەکەی تێدا ڕوویدا. . باوکی من.

ئەویش پرسیی:

"ئاخۆ ئیڤانۆشکایشت لەگەڵ بوو؟"

ئەویش کە هەوڵی ئەوەی دا، بە دەنگی نزم وەڵام بداتەوە وتی:

"نا. . . بابە! من بە ڕێی خۆمدا ڕۆیشتم و، تا گەیشتمە ئەیخنۆڤیش. بە بیلاگۆیشکادا نەگەیشتمەوە. "

بەڵام پیرەژنە ڕێی نەدا، دریژەی بداتێ و، بە تاسەی ئەوەوە بوو، ئەوە بگێڕێتەوە کە بینی بووی و وتی:

"ئاخر باوکە لە شارۆچکەی "کۆلیازین" موعجیزەیەکی گەورە وەدیارکەوت!"

ئاندریەیش پرسیی:

"چی ڕوویدابوو!؟ پاشماوەی جەستەی پیرۆزی پیاوچاکێک دۆزرایەوە!"

ماریەیش وتـــی:

"ئاندریە تکایە. . . "

بیلاگۆیوشکا. . . تۆیش هیچ مەگێڕەوە. "

ئەویش پرسیی:

" بۆچی نەیگێڕمەوە. . دایـە!؟ ئاخر ئەوم زۆر خۆشدەوێت و، هەڵبژێردراوی خوایـە و، دڵی زۆر نیانە و، بیـرمە کە جارێکیان دە ڕۆبڵی پێدام! ئەو دەمەی لە کیێف بووم، بە ڕێکەوت کیرۆشای پاک و بێگەردم بینی. کە بە پێخاوسی زستان و هـاوین دەسـووڕایەوە و، کەسێکی پیرۆز بوو. "

هەر خۆیشی پێی وتم:

"هاتوویت چی بکەیت لێـرە؟ ئێـرە شـوێنی تۆ نییـە و، بگەڕێوە بۆ "کۆلیـازین". لـەوێ وێنەیەکی سەرسوڕهێن هەیە! دایکە پاکیزەی زۆر پیرۆزمان وەدیار دەکەوێت!" خـۆی وای پێ وتم. منیش پیاوچاکانم جێهێشتو هاتم.

کپ و بێدەنگ چاویـان بڕیبووە لێوانی ئـەم پاکیزە خۆگرەوەیـە و، ئەویش ڕاشکاوانە چیرۆکەکەی خۆی دەست پێ کردەوە:

"هەر کە گەیشتم خەڵکەکە پێیان وتم:فەڕو پیرۆزیی خوا:وەدەرکـەوت! دەرمـانی شـیفای پیـرۆزیش، لـە نێوچـاوانی دایکـی پـاکیزە دەپـژا! دەسـووڕایەوە و، دەنگـی هەناسەدانیشـی دەبیسترا! "

ماریەیش هەڵیدایـە:

"دەی هێندە بەسە. . . هەردێ جارێکی تر بۆمان بگێڕیتەوە. "

پیـەریش قسـەکەی پێ بڕی و وتی:

"ڕێم بدە با پرسیارێکی تری لێ بکەم:تۆ بە چاوی خۆت ئەوەت بینی؟"

ئەویش وەڵامی دایەوە:

"بێگومان بابە. . . شەرەفی بینینی ئەوەم پێ بڕا. ڕوخساری دایەی نیانمان بینی، کە بـە

رووناکی ئاسمان دەبریسکایەوە و، تنۆک تنۆک دەرمانی چارەسەر لە نێوچاوانی دەباری.
پیەر کە زۆر بە سادەیی گوێی لەو پیرەژنە گرتبوو بە بایەخەوە هاواری کرد:
"بەڵام ئەمە ئەفسانەیە!"
ئافرەتەکەیش، سڵەمییەوە و سەرنجێکی هانابەرانەی ماریی دا و وتی:
"ئـەوە تـۆ دەڵێی چی . . . باوکە؟"
پیەریش لەسەر بیروڕاکەی سوورتر بوو وتی:
"ئـاخر ئا بەم شێوەیە، میللەت فریوو دەدەن."
ئـافرەتە سەرگەردانەکەیش خاچێکی لەسەر سنگی خۆی کێشا و هاواری کرد:
"ئۆی ئەی یەسووعی مەزن! بەم شێوەیە مەدوێ . . بابە!"
ئاخر ژەنەرالێکیش لە لامانەوە بوو و، ئەویش وەکو ئێستای تۆنەیتوانی بە بینینی ئەو موعجیزەیە بڕوا بە خۆی بکات و هاواری کرد:
"ئەمە فریودانێکی قەشەکان خۆیانە!"
بـڕوا بکەن:هەر لەوێدا کوێـر بوو!"
دواتریش "دایەی پیرۆزمان" لە "کریبت" چووە بووە خەوی و پێی وتبوو:
"دە بڕوا بە ئەو رووداوە بێنە. . . با چاکت بکەمەوە!"
ئەویش کەوتبووە پاڕانەوە و وتبووی:
"چـاکم بکەرەوە. . منیش قەیسەر چیی پێم بەخشیووە دەیبەخشمەوە بە تۆ."
"باوکە . . . ئـەمە راستە!"
"خـۆم ئەستێرەیەی سەر شانـەکانیم بینی، "مەبەستی پلەی ژەنەرالییەکەی بوو کە بە وێنە پیرۆزەکەدا هەڵواسرابوو. ئیدی چاوانی ڕووناک و بینایی بۆ گەڕایەوە! ئەوە گوناهـە کە بەو شێوەیە قسە دەکەیت! خوایش سزات دەدات."
پیەریش هەر گوێی بە سووربوونەکەی ئەو نەدا و پرسیی:
"بەڵام چۆن ئـاوا کتوپڕ ئەستێرەکانی سەرشانی بە وێنەکەی ئەودا هەڵواسرا؟"
ئاندریەیش دوا بە دوای ئـەو، بە پێکەنینەوە وتی:
"بڵێی پلەی ژەنەرالیان بە "دایکی نیان"یشمان نەبەخشی بێت؟"
بیلاگویوشکا زەرد هەڵگەڕا و خۆی سوورکردەوە و دەستی بەدەستدا کێشا و وتی:
"ئای لەم گوناهە! وای لەم گوناهـە! بێدەنگ بـە باوکە! تۆ خاوەنی کوڕێکیت. . . چیت وت. . . چیت وت؟"
خاچێکی لە سەر سنگی خۆی کێشا و، بە دەم پاڕانەوەوە وتی:
ـ خوا لێت خۆش بێت! خوایە لێی ببووڕە!
ڕووی کردەوە ماری و وتی:

"ئەمە چی دەگەیەنێت؟"

هەستا و خەریک بوو بداتە پڕمەی گریان. هەگبەکەی کۆ کردەوە و، لە روخساریدا وا دەردەکەوت، کە خەجالەتیی ئەو میوانبوونەی خۆی بکێشێت، کە بۆ ماڵەکە کردوویەتێ. چونکە ئەمانە بەم شێوەیە دەدوێن. پێیشیەوە دیاربوو کە بە داخ بوو بەوەی ناچار دەبێت:لەمەودوا پێ لەم ماڵە ببڕێت.

ماری هەڵیدایە:

"چیتانە! چ چیژێک لەم قسانە وەردەگرن!؟ خۆ دەتانتوانی ئێرە جێ بێڵن!"

پیەر وەڵامی دایەوە:

"بیلاگۆیۆشکا" مەن ویستم کە سوعبەتت لەگەڵ بکەم. ئەمیرەکەم بە ناموووسم نەمویستووە گاڵتەی پێ بکەم و، هەستی بریندار بکەم. گومانیشم لێ مەکە. بە فێڵبازییەوە و بە لاقرتێوە قسەم نەکردووە."

بە روو زەردی و پێداگرتنەوە لە سەری رۆیشت:

"ئەویش وەکو من سوعبەتی دەکرد."

پێوەی دیاربوو، کە دەیویست هەڵەکەی خۆی راست بکاتەوە و، پەشیمانییش بە روخساریەوە دیاربوو.

ئاندریەیش بە چاوی بەزەییەوە، دەمێک لە پیەری دەڕوانی و، دەمێکیش لەو پیرەژنە سەر لێ شێواوەکە.

ئەویش هەرچەند سەرەتا، بڕوای بە تۆبە کردنەکەی نەکرد. بەڵام دواتر بڕوای بە داوای لێ بووردنەکە کرد.

بەشی چواردە
گەڕانەوەی میرە پیرە

پیرەژنە خوانـاس، بـە بـڕواوە کەوتـەوە قسـە کـردن و، ماوەیـەکی بـاش بـە باوکـە ئـامۆژگیدا هەڵدا. گوایا هێندە خـۆگرەوە و، پشت لە دنیا و پیرۆز بووە:کە دەستەکانی بۆنی بوخووردیان لێ هاتووە!

پاشان دەستی کرد بە گێڕانەوەی چیرۆکێک، لە بارەی پلە ڕۆحانیەکەی خۆیـەوە لە "کێـف". ئەوەیشـی گێڕایـەوە، کـە چەنـد قەشـەیەکی ناسـیاوی خـۆی، کلیلـی کڵێسـا و گوومەزێکیان پێداوە و، ئەویش (٤٨) سـەعات لەگەڵ پیاوانی خوای بەختـەوەردا ماوەتـەوە و، تەنیا پسکیتی خواردووە.

لە سەری ڕۆیشتی ڕۆیشت و تی،"دوای ئەوەی نوێژە درێژەم، لە بەردەم گۆڕێکدا کرد، چوومـە بـەر گۆڕێکی تر و نـوێژ کردن و، خـۆ پیرۆز کردن. سـەرخەوێکی کـورتم لەوێدا شکاند. بە ئاگا هاتمەوە و، بـۆ خـۆ پیرۆز کردن، کەوتمـە مـاچ کردنی گۆڕەکە. دنیا کپ و خـۆشنوودیی ئاسـمانیی، چـووە دڵمـەوە و قـوڵپی دەدا! تەنانـەت حـەزم بـە چوونـە بـەر هەتاوی ڕووناکیی خوایش نەدەکرد!

پیـەر بە ئاگاییەکی ترسناکەوە، گوێی لێ گرتبوو. بەڵام ماری نەیهێشت زۆر بەو جۆرە بمێنێتـەوە. چونکە ئـاندریەیش خـۆی لـە کۆڕەکـەیان دزی بـووەوە و، خـوانـاسانی، بـە دەم چاخواردنەوە جێهێشت بوو.

بۆیە ماری بە پیـەری وت:

"ئای چەندە دڵت نیان و بێگەردە!"

پیـەریش وەڵامی دایەوە:

"ئاه! لە ڕاستیدا هەرگیز بیرم لەو گاڵتە پێکردنەی ئەو نەکردبووەوە! منیش لای خۆمەوە، لەم هەستانە تێدەگەم و، ڕێزیشیان لێ دەگرم."

ماری بە بێدەنگی و بە بزەیەکی پڕ لە بەزییەوە پێیدا هەڵدەنواڕی و وتی:

"دەمێکە دەتناسم و، بە هێندەی برایەکی خۆم، خۆشم دەوێیت."

نیئەوەی مۆڵەتی وەڵامی ئەو ڕستانەی بداتەوە، لە سەری ڕۆیشت:

ـ ئەی ئاندریەت چۆن دێتە پێش چاو؟ لە دڵەڕاوکێی ئەودام. ئەم زستانە باش بوو. بەڵام دەمە و بەهار، بڕینەکەی کولایەوە و، پزیشک ئامۆژگاریی کرد، کە لە هەندەران چارەسەری خۆی بکات. هەروەها باری دەروونیشی ناڕەحەتی کردووم. ئەو نەچووەتەوە سەر خۆمان و، وەکو ئێمەی ژنان بە گریان، باری شانی خۆی سووک ناکات و، خەمەکانی دەخاتەوە، نێو دڵی خۆی. کە ئەمڕۆیش کراوە و ڕووخۆشە، بە هۆی ئەوەوەیە کە دڵی بە تۆ دەکرێتەوە و، بە خۆشیی تۆوەیە. ئەگەرنا ئەستەمە ئاوا بە کراوەیی و دڵی خۆشەوە ببینرێت. خۆزگە ڕازیت دەکرد بەوەی کە سەفەرێک بکات و ئاو و هەوایەک بگۆڕێت. چونکە پێویستیی بە جوواڵە و چالاکی هەیە. با ئەم ژیانە ڕۆتینە نەیکوژێت. خۆیشم نەبێت کەس وا بە ڕوونی هەست بەمە ناکات.

کات لە سەعات نۆی تێپەڕاندبوو. ژاوە ژاو و تەق و هوڕ، لە دەرەوە پەیدابوو و میرە پیرە لە شار گەڕابووەوە. خزمەتکاران بە بن دیوارەکاندا و، بەڕاکردن چوونە پێشوازیی. ماری و پییەر و ئاندریهی، بە دوایاندا.

هەر کە میرە پیرە لە گالیسکەکە دابەزی و پییەری بینی پرسیی:

"ئەمە کێیە!"

کە ناسیشیەوە هاواری کرد:

"ئاه! بەخێر بێیتەوە. . . ئا ئێرەم ماچ بکە!"

باری دەروونی لە بار و، هەڵس و کەوتیشی لەگەڵ پییەر نیان و بە سۆز بوو. پێشی کەوت و بەرەو نووسینگەکەی خۆیی برد. کە ئێوارەیش هاتەوە لایان، پییەر و ئاندریە لە مشت ومڕێکی گەرم و گوڕدا بوون.

پییەر لەسەر ئەوە سوور بوو کە ڕۆژێک دێت شەڕوشۆڕ نەمێنێت. میر ئاندریەش بە زمانێکی شیرین و نیان، بیرۆکەکەی ئەوی ڕەت دەکردەوە.

میرە پیرە دەستی خستە سەرشانی پییەر و وتی:

"تەنیا ڕێیەک بۆ ڕێنەدان بۆ بەرپابوونی شەڕ، گۆڕینی خوێنی دەمارەکانە بە ئاوا! ئاخر ئەمانەی تۆ دەیڵێیت:تووڕەهاتن و زیندەخەونی ژنانە!

پاشان لە میزەکەی ئاندریە نزیک بووەوە. ئاندرەیەش خۆی بەو کاغەزانەوە سەرقاڵ کردبوو، تا بەشداریی وتوویژەکەیان نەکات.

میرە پیرە کەوتە قسە کردن لە بارەی کارەکانییەوە و وتی:

"کۆنت ڕۆستۆف بەو سیفەتەی سەرۆکی هەرێمەکە بوو. نەیتوانی نیوەی پیاوە

هەڵاتووەکانیشمان بداتەوە. بیهێنە بەرچاوی خۆت:دواتر هەر خۆیشی هات بۆ شار و بانگهێشتی ئێوارەخوانێکی کردم! منیش خۆی و ئێوارەخوانەکەییم رەوانەی. . . ! تۆ شتی وات بینیوە!دەی هەروا لێی ڕابمێنە!"

پاشان بە خۆشەویستییەوە دەستی دا بە شانی پیرەردا و وتی:

"جا هەر بەم بۆنەیەوە ئازیزەکەم. دەزانیت بەم هاوڕێیەت سەرسامم! ئەمیش لاوێکی جەربەزەیە و، گوڕو تین و شانازیم پێ دەبەخشێت! هەر کەسێکی تر لەو بابەتە هەستیارەی ئەوی بکۆڵییایەوە، قێزەونی دەکرد و، کارێکی دەکرد، مرۆڤ قێزی لێ بکاتەوە و، چێڕ لە گوێگرتنی وەرنەگرێت. بەڵام ئەو هەرچەند هەرزەکارە، کەچی بەم پیرییەی خۆیشمەوە دەمبەزوێنێت! ڕاتان ناگرم و، بڕۆن نانەکەتان بخۆن. ڕەنگە دواتر بۆ مشتومڕەکە و، سەرلەنوێ بەرەنگار بوونەوەتان بێمەوە لاتان. . "

ئەوان ڕۆیشتن و، میرە پیرە هەناسەیەکی هەڵکێشا و لە بەرخۆیەوە وتی:

"هەوڵیش بدە، بە چاوی سۆزەوە لە ماریی کچم بڕوانیت. "

لەو ماوە کەمەی کە پیرەر لە لیساجوری دا مایەوە، چێژێکی زۆری لەو هاوڕێیەتییەی بینی، کە لەگەڵ ئاندریە هەیبوو. ئەو چێژەیش هەر بە هۆی ئەوەوە نەبوو، بەڵکو ترازاندبووی بۆ هەموو ئەندامانی خێزانەکەیش. تەنانەت بۆ ناسیاوانی پۆلکۆنسکیش. هەرچەند وەکو پێویست شارەزای میرە پیرەی کەللەڕەق و، مارییە شەرمنەکەی کچیشی نەبووبوو. کەچی ئەو دەمەی هاودەمی کچەکەی دەکرد، لە ناخەوە هەستی بە ئارامی دەکرد. ئەوانیش هەر زوو پیرەریان خستە نێو دڵیانەوە و خۆشیانویست. ماری بە شێوازی قسە کردنە ناسکەکەی و ئەو هەڵسوکەوتە، نیانەی لەگەڵ بۆ خوا ڕەخساوەکانی لای ئەمدا کردبووی، سەرسام بوو! ئەمە وایکرد کە ماری بە گەشبینی و کراوەییەوە سەیری پیرەر بکات. نیکۆلای بچووکیش کە سااڵێکی تەمەنی تێنەپەڕاند بوو و، میرە پیرەی باپیرەی، هەر بە میرە چکۆلە بانگی دەکرد، یاریە منااڵنەکەی پیرەری بەاوە جوان بوو و، لاریی نەبوو لەوەی پیرەر بیکاتە باوەشی و یاریی بۆ بکات. بەڵام میخائیل ئیڤانۆڤیتش و، کچە بۆرییەن، دەیانبینی لە ناخەوە بۆی پێدەکەنین. یان ئەو دەمەی کە لەگەڵ میرە پیرە دەدوا. ئەمانیش لە ناخەوە ڕووی خۆشیان پێدەدا. تەنانەت میرە پیرەیش، وەک دەرخستنی خۆشەویستی بۆی، ئێواران لەسەر خوانەکە، نانی لەگەڵ دەخواردن.

بە کورتییەکەی لەو دوو ڕۆژەدا کە پیرەر لایان مایەوە، توانیی سۆزی میرە پیرە بە لای خۆیدا ڕابکێشێت و، هۆگری خۆیی بکات. تەنانەت میرە پیرە داوای لێ کرد کە لە مەودوایش پێیان لێ نەبڕێت. دواتر پیرەر بنەماڵەی پۆلکۆنسکی جێهێشت. هەروەکو وا باو بوو، خێزانەکە کۆ بوونەوە بۆ وتوویژ کردن لەسەر میوانە ڕۆیشتووەکەیان و، هەریەکەیان سەرنجی خۆی بەرامبەر ئەو میوانە وت. سەیرەکەیش لەوەدابوو کە هەموویان وەسفی میوانەکەیان بە باشی کرد.

بەشی پازدە
گەڕانەوەی ڕۆستۆف

بۆ یەکەمجار و دوای گەڕانەوەی لە مۆڵەتەکەی، ڕۆستۆف تێگەیشت کە دینسۆفی زۆر خۆشدەوێت. بە گەڕانەوەیشی بۆ فەیلەقەکەی و ئەو دەمەی کە سوارەیەکی بە بەرگە قۆپچە کراوەکانییەوە بینی و، بە دوایدا "دیمانتییف"ە سووڕە و ئەسپە سپییە سووربراوەکەی، هەمان ئەو هەستەی لا دروست بوو کە دوای ئەو دابڕانە دوور و درێژەی، لە ماڵە باوکی، گەڕابووەوە نێویان.

بە تایبەتی ئەو کاتەی لاڤرۆشکای خزمەتکاریان هاواری کرد:

"ئا ئەوە کۆنت گەیشت!"

یان ئەو کاتەی دینسۆف بە قژە بژە حەڵواییەکەیەوە و، دوای ئەوەی خێرا لە نوێنەکانی هاتبووە دەرەوە و بە ڕاکردن بەرەو ڕووی هاتبوو، تاکو بەخێر هاتنەوەی بکات.

دواتر ئەفسەرەکانی تریش، ئاهەنگیان بە بۆنەی گەڕانەوەیەوە گێڕا. ئەویش کە ئەو دیمەن و هەڵوێستانەی بینی. ئەو هەستەی لەلا دروست بووەوە کە کاتی خۆی دایکی بە لاولۆیدا دەهات و، باوکی سوعبەتی لەگەڵ دەکرد و، خێزانەکە هەموویان پێشوازییان دەکرد.

یەکە سەربازییەکە مالێکی خۆشەویستی تری وەکوو مالی باوکی لێ هاتبوو بۆی. ئەو دەمەی چووە لای کۆلۆنێلی باوکی و، هاتنەوەی خۆی پێگەیاند. دواتر باوکیشی دڕێغی نەکرد و، نارددییەوە هەمان شوێنی کۆنی خۆی.

ڕۆستۆف کەوتەوە نێو هەمان ئەو سەرقاڵییە زۆرەی ڕۆژانەیەی خۆی و، بێبەش بوونی لە ئازادیی ڕەهای جارانی ـ کە خزمەتەکەی سەپاندبووی بە سەریدا ـ لەگەڵ ئەو پەیوەندییە تۆندوتۆڵەی بە ئەندامانی یەکە سەربازییەکەوەی کە وای لێ کردبوو وا هەست بکات، کە لە نێو مالی خۆیاندایە و، پشت ئەستوورە بە هاریکارییە مادی و ڕەوانییەکانی خێزانەکەی و، لێرەش لە جێی شیاوی خۆیدایە. ئێرەیەک کە ئەو ژیانە کۆمەڵایەتییەی تێدا نییە، کە لێشاوەکەی مرۆڤ هەڵ بگرێت و خۆیشی نەزانێت کەی دەگیرسێتەوە و سەقامگیر دەبێت و، خۆی بەچیدا هەڵبواسێت و، خۆی بگرێتەوە؟

ئێرە سۆنیای لێ نییە، تا لە خەمی ئەوەیدا بێت، چۆن و چ پۆزش و بیانوویەکی بۆ بێنێتەوە.

ئەو ڕاڕاییەی جارانیشی نەماوە، لە بیر کردنەوە لە بەسەر بردنی کاتەکانیدا. ئەو ڕۆژە درێژانەیش بەسەرچوو، کە بیست و چوار سەعاتە سەرقاڵ دەبوو و، سەدان ئیش و کار چاوەڕێی بوو. ئەو کۆمەڵە مرۆڤانەیش ون بوون، کە شتێک نەبوو ئەوی پێانەوە ببەستێتەوە و، کەچی وا هەستی دەکرد کە تەواو پێیان نامۆ نییە و، ئەوانیش لەمەوە دوور نین!

لێرە پەیوەندیە ئابووری و داراییەکانی، لەگەڵ باوکیدا کۆتایی پێ دێت، کە ناوەناوەیەک ڕاستگۆ نەدەبوو لەگەڵیدا و، دۆڕاندنە مەزنەکەیشی لە قوماردا دەبووە هەڵم و بیردە چووەوە.

لێرە و لە یەکە سەربازییەکاندا، شتەکان سادە و سنووردارن. لێرە دنیا بوو بووە دوو بەشەوە. بەشی یەکەم: "فەیلەقەکەمان پاقڵۆگراد" بوو. ئەوی تریش هەموو ئەوانە بوو کە لە جیهاندا مابووەوە. کە ئەوەیان بە لای مرۆڤەوە بێ بەهایە.

لێرە دەزانین کە کێ "ملازم"ە و کێ سەرۆکە. ئازا کێیە و خراپ کێیە؟ پێویستە کێ بکەینە هاوڕێی خۆمان؟ لێرە فرۆشیاری سەربازگەکە، بە قەرز شت دەفرۆشێت و، بە قیست پارەکەی وەردەگرێتەوە. نە پێویستت بە بیر کردنەوەیە و، نە بە هەڵبژاردن و جوێ کردنەوە. هێندەت بەسە خۆت بە دوور بگریت، لە خراپەکانی فەیلەقی "پاقڵۆگراد". هەر کارێکیان پێ سپاردیت. پێویستە بە گوێرەی ڕێنماییەکانی کارە ئاشکراکە خۆی جیبەجێیان بکەیت. ئیدی شتەکان باش دەبن و، لە جێی خۆیاندا دەبن.

هەر کە ڕۆستۆف چووەوە ژێر رکێفی یاسا و ڕێساکانی سەربازییەوە، هەستی بە کرانەوە و دڵدانەوە و چالاکی کردەوە. وەکو ئەو ماندووەی لێ هات کە دوای حەوانەوە کرانەوە و، ڕەوینەوەی ماندوویەتی، چالاک دەبێتەوە. هەر ئەو شێوە ژیانەیش لە کاتێ شاڵاوەکاندا، گەشە و نەشئەی پێ دەبەخشی.

هەرچەند ئەو دەمەی تووشی دۆڕاندنە مەزنەکەی کاغەزێن بوو. دایک و باوکیشی زۆر دڵیان دەدایەوە و نازیان دەکێشا، بەڵام ئەو هەر سوورببوو لە سەر ئەوەی، کە زۆر چالاکانەتر لە نێو کۆمەڵەکەیدا کار بکات و بە شێوەیەک بێت، کە ئەو هەڵە مەزنەی خۆی بسڕێتەوە. چاوەڕوانی ئەوەی لە خۆی دەکرد ببێتە هاوڕێیەکی ڕاستەقینە و ئەفسەرێکی نموونەیی.

بە کورتی دەیویست ببێتە پیاوێکی پێگەیشتوو. گەیشتنیشی بەوە بە گران و دوورەدەست دەزانی. لە کاتێکدا کە لە یەکە سەربازییەکەیدا، شتەکان سادە و ساکار بوون. بە نیازی ئەوەیش بوو لە ماوەی پێنج ساڵدا، قەرزی ئەو خزمانەی بداتەوە کە کاتی خۆی پێیان دابوو. بڕیاریشی دابوو، لە بڕی ئەو (١٠٠٠٠) ڕۆپڵەی ساڵانەکەی، ساڵی (٢٠٠٠) ڕۆپڵ خەرج بکات و، ئەوەی دەمێنێتەوە، بیگەڕێنێتەوە بۆ دایک و باوکی. چونکە کاتی خۆی، ئەوان پارە دۆڕاوەکەیان بۆ قەرز کرد بوو و بۆیان دابووەوە.

دوای چەندین جوواڵەی سەربازی و شەڕەکانی پۆلتوسک و"پرۆسیخ ـ ئیلۆ"، سوپای ڕووس لە "بارتنشتن"دا، سەربازگەی خۆی دروست کرد و، چاوەڕێی هاتنی ئیمپراتۆر و دەست کردنەوە بە کردەوە سەربازییەکانیان بوون.

سوارانی پاڤلۆگراد، چەند جارێک لە بەرەنگار بوونەوەیاندا لەگەڵ دوژمن، بەشداربیان کرد و چەند دیلێکیشیان دەستکەوتبوو.

جارێکیشیان دەستیان بەسەر گالیسکەکانی ئازووخە و خواردەمەنیی لەشکرەکەی "ئۆدینۆ"[1]دا گرتبوو.

فەیلەقەکەی پاڤلۆگراد سەر بەو یەکە سەربازییە بوو، کە ساڵی (١٨٠٥) شەڕێکی کردبوو و، دواتر گەڕابووەوە بۆ ڕووسیا، تاکو سەر لەنوێ، خۆی بە سەرباز پڕ بکاتەوە. لەبەر ئەمە بوو لە شەڕە بەراییەکاندا بەشدار نەبوو بوو. هەر کە گەڕایشەوە بۆ گۆڕەپانی شەڕ. بووە یەکەیەکی سەر بە فەیلەقی پلاتۆف و سەربەخۆ و ئازادانە کاری دەکرد.

فەیلەقەکەی پاڤلۆگرادیش، لە پێش مانگی نیساندا لە دەوروبەری دێیەکی کاولکراوی

---

[1] ـ نیکۆلا شارل ئۆدینۆ(١٧٦٧ـ ١٨٤٧): لە ئازایەتیدا هەروەکو خالدی کوڕی ولیدی عەرەب بوو. لە شەڕەکانی "ئۆستەرلیتز" و "ئۆسترۆلنکا" ناوبانگی پەیدا کرد.

ئەڵمانیدا چادریان هەڵدا و، چەند هەفتەیەک مانەوە. لە مانگی نیساندا و بە هۆی توانەوەی بەفرەوە، ئاوی ڕووبارەکان زۆر بوو و، لافاو هەستا. ڕێگاوبانی نێوان دێهاتەکاول و ڕووخاو و چۆڵکراوەکان، گیرا و هاتوچۆ سەخت بوو. دنیا سارد و ڕێی هاتنی ئازووخە و خواردەمەنی بڕا. ناچار سەربازان کەوتنە گەڕان بۆ پەتاتە و، پەتاتەیش زۆر بە ئەستەم وەچنگ دەکەوت. بۆیە هەرچییەکیان دەست بکەوتایە، دەیانماشییەوە.

زۆرینەی ئەو خێزانانەیش، کە نەیانتوانی بوو ڕەو بکەن و، دێیەکانیان جێ بهێڵن:ناچار کران ئەوانیش ڕەو بکەن! ئەو بڕە کەمەیشی، کە مابوونەوە و، نەیانتوانی بوو هەڵبێن، بارودۆخی ژیانیان لە هەڵاتووە سوالکەرەکان نالەبارتر بوو. هێندەیشیان شتومەک و خواردەمەنی نەمابوو، تا لێیان زەوت بکرێت. سەربازانیش تۆڕێکی خاوەن سۆز و بەزەیی کەمن و، لەگەڵ ئەو هەموو نەهامەتیانەی دێ نشیناندا، پاڕووی دەستیان بەشدەکرد.

فەیلەقێکی وەکو فەیلەقەکەی پاقڵۆگراد، کە لە شەڕەکانیدا دوو سەربازی لێ نەکوژرابوو. کەچی بە هۆی بڵاو بوونەوەی ئەو برسێتی و نەخۆشینانەوە، زیاتر لە نیوەی سەربازانی لەدەست دابوو.

لە خەستەخانەکانیشدا، مردن هێندە مسۆگەر بوو، سەربازە تووشبووەکان بە هەڵایسانی ریخۆڵە، بە هۆی بەدخۆراکییانەوە، (تا)دارەکانیان کاری زۆرەملێی سەربازگەکانیان پێ باشتربوو لە کەوتنیان لەو خەستەخانانەدا!

کە وەرزی بەهار هات. سەربازان ڕووەکێکیان دۆزییەوە، کە لە زەوی دەردەهات و، زۆر لە هلیۆن دەچوو. زۆریش تاڵا بوو. هەر خوا خۆی دەیزانی کە بۆچی و بەچ هۆیەکەوە ناویان نابوو "ڕەگی شیرینی ماری"!

سەربازان بە کێڵگەکانی دەوروبەردا بڵاودەبوونەوە و، هەرچەند هۆشداریشیان پێ درابوو، کە خواردنی ئەو ڕووەکە زیانبەخشە، بەڵام بە نووکی شمشێرەکانیان ئەو ڕووەکەیان دەردەهێنا و، دەیانخوارد. بە هۆی خواردنی ئەو ڕووەکەوە، تووشی نەخۆشییەکی نوێ دەبوون. ئەویش هەڵایسانی دەست و قاچ و، دەموچاویان بوو. پزیشکانیش لای خۆیانەوە، ئەو نەخۆشیانەیان دەدایە پاڵ خواردنی ئەو ڕووەکە.

بەڵام یەکە سەربازییەکەی دینسۆف، سەرۆمۆ ئازووخەیان هەبوو، هەر سەربازێک ڕۆژانە چارەکە کیلۆیەک پسکیتی وەردەگرت. بەڵام لەبەر ئەوەی درەنگانێک پەتاتەیان پێگەیشت بوو، زۆقم لێی دابوو و خراپ بوو بوو. ئەسپەکانیان هێشتا تووکی لەشیان نەوەری بوو، پازدە ڕۆژێکیش بوو پووش و پەلاشیان پێدەدرا و، سەربازەکان لە سەربان

و میچی کۆختە و خـانووە چۆڵکراوەکانەوە، بۆیان دەهێنان.

لەگەڵ ئـەو هـەموو سـەختی و نالەبارییانـەدا، ئەفسـەران و سـەربازان، ژیـانی ئاسـایی رۆژانـەی خۆیـان بـە سـەر دەبـرد. سـوارەکان لـە سـەر گـەڕان و پشـکنین و، پـاکـو خـاوێن راگرتنـی خۆیـان و ئەسـپەکانیان و، پاکردنـەوەی پێڵاوەکانیـان و، هەڵپـەی زۆرەملێـی کـۆ کردنەوەی ئالیک، سـەرومڕ بوون. بـەم دواییـەش پـووش و پەڵاشیان بـۆ ئالیکی ئەسپەکان بـەکاردەبرد و، رێـکـو پێـک لـە سـەرەی خـواردن وەرگرتنـی خۆیانـدا دەوەسـتان. کـە زۆر جاران چۆن بە برسێتی دەچوونە ریزەکانەوە، هەروا بە برسێتیش دەگەڕانـەوە!

لەگەڵ هـەموو ئەمانەیشدا گاڵتـە و لاقرتێیـان بـە ورگ و گـەدە و، تووڕەکـە چۆڵـەکانی خۆیان دەکرد. وەکو خۆیـان مابوونەوە و، کە کارەکانیان کۆتـا دەبـوو، ئـاگریان دەکردەوە و، بـە ڕووت و قـووتی، لێی کـۆ دەبوونـەوە و، دەکەوتنـە جگـەرە کێشـان. یـان دەچوونـە کێڵگەکانـەوە و پەتاتـە خراپبووەکانیـان کـۆ دەکـردەوە و، دەهاتنـەوە و، سـەلکەی پەتاتـە کاڵەکانیان هەڵدەخست، بـۆ ئـەوەی بگات. ئـەو کارەیشیان بـە دەم گوێگرتن لـە چیرۆک و ئـەفسانە میللیـەکانەوە دەکرد و، قسە و کـارە کاریـگـەرەکانـی "بـۆتمکین" و "سـۆڤۆرۆڤ" و، سـەرکێشییـەکانی "ئـەلیوشا"ی فێڵباز. کە هـەر لـە چیرۆکـەکانی شاکر حسنی عارەبان و قـەشـە میکۆلکا تووڕەی ڕووسییـەکان دەچوو.

ئەفسـەرانیش هـەر دوان و سیانیان پێکەوە، لـە خانوویـەکدا دەژیان. کـە بـا لـەم سـەرییـەوە خۆی پێدا دەکرد و، لـەو سـەرییـەوە دەردەچـوو! لـە هـەمان کاتدا گـەورە ئەفسـەرانیش، لـە خـەمی دابین کردنـی پەتاتـە و کـادا بـوون. چونکـە کـاری هـەرە بـە بایـەخیان دابین کردنـی خواردن بوو. لەگەڵ ئەوەیشدا کـە ئـازووخـە و خـواردن کـەم بـوو، پـارەکـە زۆر بـوو. بۆیـە ژێردەستەکانیشـیان هـەر خـەریکی کاغـەزین و قومـار بـوون. یـان خۆیـان بـە یارییـە سـادەکانەوە خـەریک دەکرد. وەکـوو یـاریی لوولەکـەکان و، (سـعایکا). کـە ئەمـەی دواییـان شیشێک بوو، دەیان چەقاندە زەوی و، یاریزانان هەڵەفـەیان بـۆ هەڵدەدا و، دەیانوێسـت لـە دوورییـەکی دیاریکراوەوە، بیکەن بـە ئـەو مێخـە چەقیوەدا.

بـەڵام رەوتی شـەڕەکان و ئەنجامەکانیان، ئـەوە کەسیان لێوەی نەدەدوا! لەبـەر دوو هـۆ. یـەکەمیان ئـەوە بوو:هەواڵی باشیان لێ نەبیسترابوو. هۆی دووەمیش ئـەوە بوو، کە هـەر لـە خۆیانەوە وا هـەستیان دەکرد، کە ئـەو شـەڕانـە ڕوو لە باشی نـەبن.

ڕۆستۆڤ و دینسۆڤ، لـە خانوویـەکدا بـوون. لـە دوای دواییـن مۆڵەتیانـەوە هاوڕێیـەتیان پتـەوتر بوو. هـەرچـەند دینسـۆڤ، لـە خێزانـی ڕۆسـتۆڤ نـەدەدوا. بـەڵام لـەو خۆشویسـتن و نیانییـەی سـەرۆکێک بـۆ ئەفسـەرە یاریدەدەرەکـەی، بـە ڕوونـی پێـوە دیـاربوو. ڕۆسـتۆڤی

نەدەنارد بۆ کارە سەربازییە ترسناکەکان و، دەیپاراست. خۆ ئەگەر ناچاریش بوایە و بینارداید و بەرەنگاری دوژمن ببوایەتەوە و، بە بێوەیی بگەڕایەتەوە. ئەوا دڵخۆشی خۆی، بە بێوەیی نیکۆلا ڕۆستۆف، بۆ نەدەشاردرایەوە.

لە یەکێک لە کارە پێسپێردراوەکانی ڕۆستۆفدا. کە چوونە نێو دێیەکی چۆڵ بوو. چونکە پێیان وابوو، ئازووخە و خواردەمەنی و، ئالیکی تێدایە. پیرە پۆڵۆنیەک و، کچەکەیان دۆزییەوە. کچەکەیشی بەرمەمکانەیەکی بە بەرەوە بوو. ئەو داماوانە نقوومی قوڕو لیتە بوو بوون. هێندە برسی و بێ توانا بوون، کە نەیاندەتوانی ئەو شوێنە جێ بهێڵن و، خۆیان بگەیەننە گالیسکەیەک.

هەرچەند هێندەیشیان پارە پێ نەبوو کرێی گالیسکە بدەن و بار بکەن. ڕۆستۆفیش پێش خۆی دان و، بردنییەوە ماڵەکەی خۆی و، تێری کردن و، چەندین هەفتە بە خێوی کردن و، چاوەڕێی چاکبوونەوەی پیرەمێردە نەخۆشەکەی دەکرد.

جارێکیان هاوڕێیەکی هاتە سەردانی و دوای کەمێک، باس بووە باسی ژنان. لێرەدا هاوڕێکەی بە سوعبەتەوە پێی وت کە گوایە بە فێڵبازی ئەو ژنە پۆڵۆنییە جوان و نازدارەی، لە هاوڕێکانی شاردووەتەوە و، نەیهێشتووە کەس پێی بزانێت.

ڕۆستۆف ئەو سوعبەتەی بە هەند وەرگرت و چووەوە بە گژ ئەو ئەفسەرەی هاوڕێیدا و، کردییە شەڕێکی هێندە قورس. کە زۆر بە گران دینسۆف توانیی لێکیان بکاتەوە و، ئاشتیان بکاتەوە.

کە ئەفسەرە میوانەکە ڕۆیشت. دینسۆف سەرزەنشتی نیکۆلا ڕۆستۆفی کرد بۆ ئەو کردەوە ناشیرینەی، بەرامبەر ئەو ئەفسەرە نواندی. لە کاتێکدا دینسۆف خۆیشی هیچی نەدەزانی، بەرامبەر پەیوەندیی ئەو ئەفسەرە لاوە و کچە پۆڵۆنییەکە.

ڕۆستۆف وەڵامی دایەوە،"من وەکو خوشکێکی خۆم، سەیری ئەو ژنە دەکەم. ناتوانم ئەو هەستەی خۆمت بۆ دەربېڕم، کە چەندم ئازار بە قسەکانی ئەو چەشت و، هەستم بە چی دەکرد، چونکە. . . چونکە. . . "

دینسۆف دەستی خستە سەرشانی. پاشان ئەویش بێئەوەی سەیری دینسۆف بکات، کەوتە هاتن و چوون بە ژوورەکەدا. .

دواجار وتی:

"ئێوە هەموتان لە خێزانەکەتاندا. . . گێلن!"

بەڵام کە سەرنجی چاوانی دینسۆفی دا تەڕی، فرمێسک بوون.

بەشی شازدە
کێشەکەی دینسۆڤ

گەڕانەوەی ئیمپراتۆر لە مانگی نیساندا، ژیان و جۆش و خرۆشی بۆ یەکەکانی سوپا گێڕایەوە. ڕۆستۆڤ بۆی نەکرا، ئامادەی ئەو نمایشەی سوپا ببێت، کە بە بۆنەی هاتنی سەرۆکەوە لە بارتنتشتن، بەڕێوە چوو. چونکە ئەوکات سوارانی پاڤلۆگراد لە هێڵەکانی پێشەوەی بەرەی شەڕەکەدا بوون.

ڕۆستۆڤ و دینسۆڤیش لە کۆختەیەکی بچووکی ژێر زەویدا بوون، کە بە لق و پۆی درەخت و، پووش‌و پەڵاش سەری داپۆشرابوو. ئەمەیش ڕێ و شوێنی دروست کردنی ئەو زنجانە بوو، کە لە نێو سوپادا بەربڵاو بوو.

خەندەقێکیان لێدەدا پانیەکەی مەترێک و قوواڵییەکەی مەتر و نیوێک و، بەرزییەکەی دوو مەتر بوو. لە یەکێک لە جەمسەرەکانییەوە، پلیکانەیەک دروست دەکرا، کە ڕاستەوخۆ دەچووە ئەو زنجەوە، کە هەر لە خەندەقەکە خۆی بوو. تازە بە تازە ئەفسەرانیش وەکو سەرۆکی پۆلەکان، پارچە تەختەیەکیان پێ دەدرا. کە لەسەر دوو کۆڵەکە دادەنرا و، لە هەردوو تەنیشتی خەندەقەکەوە بە قووڵایی شەست سم هەڵدەکەندرا و، دەکرایە سەکۆ بۆ نووستن.

میچەکەیشی هێندە بڵند بوو، کە ڕێی بەوە دەدا مرۆڤ بە پێوە لە ژێریدا بوەستێت. لە هەمان کاتدا، تەنیا کەسێکیش لەسەر ئەو مێزە، سیسەمئاسایە، دەیتوانی دابنیشێت.

دینسۆف خاترێکی زۆری لای سوارەکانی خۆی هەبوو و، ئەوان زۆرینان خۆشدەویست. هەر بەو هۆیەوە، ئەو زنجەیان بۆ رازاندبووەوە و، بۆیان خۆش کرد بوو. پارچەیەیەک شووشەیان لە پێشی زنجەکەدا دانابوو، کە ئەو شوشەیە وەکوو پەنجەرە، رووناکی پێدا دەهاتە ژوورەوە. هەرچەند شوشەکە درزیشی بردبوو. بەڵام ژیرانە پێکیانەوە لکاندبووەوە. کە هەوایش سارد دەبوو، ئەو پارچە تەختەیەیان، دەخستە سەردەمی ڕاڕەوی پلیکانەی ئەو زنجە. ئەو شوێنەی کە دینسۆف ناوی نابوو دیوەخان، لە سەر پارچە پلێتێک چەند پشکۆیەکیان لەو ئاگرەی خۆیان، کە زووتر کردبوویانەوە، بۆ دادەنا. ئیدی ئەو دیوەخانەی خۆش دەکرد. کە زۆر جاران وای لە ئەفسەرانی دی دەکرد، لەگەڵ ئەو دوانەدا کۆ ببنەوە.

سەعات هەشتی بەیانییەکیان، ڕۆستۆف دوای بەسەر بردنی شەوێکی سپیی ئێشککرتن. لەبەر ئەوەی بەرگەکانی بەری، تەڕ بوو بوو، داوای کرد مەقەڵی و پشکۆکانی بۆ بێنن.

بەرگەکانی گۆڕی و، نوێژەکەی خۆی بەجێ گەیاند. بە دەم چا خواردنەوە، خۆی گەرم کردەوە و، کەوتە ڕێکخستنەوەی جلوبەرگەکانی و، پاکردنەوەی سەر مێزەکەی. پاشان لە سەر گازی پشت، خۆی لە سەری درێژ کرد و، هەردوو دەستی خستە ژێر سەری. بە هۆی کزەبا سارەکەوە، ڕوخساری سوور هەڵگەڕابوو.

کەوتە بیری ئەوەی کە دڵخۆشبوو، بەو پشکنینەی، بە سەرکەوتوویی کرد بووی و، پلەی سەربازیی پێ وەرگرتبوو.

زۆر بە تامەزرۆییەوە چاوەڕوانی دینسۆفی هاوڕێی بوو. تاکوو قسەی لەگەڵ بکات. لە ناکاو لە پشت زنجەکەوە، گوێی لە دەنگە تووڕەکەی دینسۆف بوو. ئەویش بەرەو پەنجەرەکە کشا، تاکوو بزانێت سەرۆک قسە لەگەڵ کێ دەکات؟ تۆبتشییانکۆی ئەفسەری بینی.

دینسۆف هاواری لێکرد،"تۆ بە ویست و ئارەزووی خۆت، فەرمانت داوە بە نەخواردنی ئەو ڕەگی ماریپە. ئێستایش ئەوەتا ئەو لازارتشۆکە، ئەو رووەکە پۆخڵە لە کێڵگەکان هەڵدەکەنێت!"

ئەفسەرەکەیش وتی،"بەڕێز من فەرمانی خۆم بە بە پێداگرییەوە پێ ڕاگەیاندن، کاری وا نەکەن، بەڵام ئەوان گوێیان لێ نەگرتم."

ڕۆستۆفیش گەڕایەوە شوێنی خۆی و لێی ڕاکشایەوە. و لەبەرخۆیەوە وتی:

"جا چییە!؟ با ئەویش کەمێک خۆی ماندوو بکات. من کاری خۆمم کردووە و، لە

نووستن بەو لاوە هیچی تر ناکەم. . . خێریش هەر لەمەدایە!"

هەر کە دەنگی ئەفسەرەکە تێکەڵ بە دەنگێکی تر بوو، ڕۆستۆفیش ئەو دەنگەی ناسییەوە، کە ئەوە دەنگی لاڤرۆشکای فێڵباز بوو و، دوا بە دوای دەنگی دینسۆف دەبیسترا. ئەو لاوە دەیوت:کە گوایە لە کاتی چوونیدا بۆ دابەشکردنی ئازووخە و خواردەمەنی، کاروانێکی زۆری گۆشتی گا و پسکیتی بینیوە.

بە دوایدا گوێی لە شیرەی دینسۆف بوو فەرمانی دا:

"گرووپی دووەم. . . با ئەسپەکانیان زین بکەن. "

ڕۆستۆفیش لای خۆیەوە لە خۆی پرسیی،"بۆ خاتری شەیتان! ئەو سەربازانە بۆ کوێ دەبات؟"

دوای پێنج خولەکێک، دینسۆف خۆی کرد بە زنجەکەدا و، هەر بە پێڵاوە قوڕاوییەکانیەوە، لەسەر نوێنەکەی خۆی لێی ڕاکێشا و، پڕ بە پڕی دەمی دووکەڵی پایپەکەی هەڵمژی. نوێن و جێگاکەی تێکوپێک دا و شمشێر و قامچییەکەی هەڵگرت و، ویستی بڕواتە دەرەوە. کە ڕۆستۆف لێی پرسی:دەیەوێت چی بکات؟ ئەویش بە تووڕەییەوە وەڵامی دایەوە:کە کارێکی هەیە و، دەبێت جێبەجێی بکات.

بە پەلە چووە دەرەوە و وتی،"با خوا و ئیمپراتۆر دادوەریم بکەن! "

هەرچەند ڕۆستۆف گوێی لە دەنگی پێی ئەسپ بوو لە پشت زنجەکەوە. بەڵام نەیویست لەوە زیاتر لە بارەی کارەکەی دینسۆفەوە بزانێت. ئەمەیشی هەر لەبەر ئەوە بوو، کە ئەو سووچەی ئەوی لێ ڕاکشابوو، فێنک بوو، ئەویش خەوێکی قوونڵی کرد و تا ئێوارە بە ئاگا نەهاتەوە.

ئاوو هەوا بەرەو فێن کبوون دەچوو و، هێشتا دینسۆفیش نەگەڕابووەوە. دوو ئەفسەری لەوبەری زنجەکەوە بینی، کە لەگەڵ هاوڕێیەکیاندا یارییان دەکرد. لە قوڕ و لیتەکەدا چەقی بوون و، هەڵدەسووڕان و پێدەکەنین. ئەویش خۆی کرد بە نێویاندا. لە کاتێکدا ئەوان خەریکی یاری کردن بوون، پازدە سەربازی سوارەیان بە سەر پشتی ئەسپانێکی لاوازەوە بینی و، چەند گالیسکەیەک. هەر کە نزیک بوونەوە. خێرا کۆمەڵێک سواڕە گەمارۆیان دان.

ڕۆستۆف هاواری کرد:

"ئەوە ئازووخە و خواردنیش گەیشت. "

کەچی دینسۆف هەر دەستبەرداری ئازار و بێزارییەکەی خۆی نەبوو!

ئەفسەرەکە وتی:

"ئای ئێستا ئەمە چەندین سەرباز دڵخۆش دەکات!"

دینسۆڤیش بە نێو دوو ئەفسەرەی پیادەدا و بە دەم قسە کردنەوە، بەرەو کاروانەکە بووەوە. ڕۆستۆڤیش بە ڕاکردن بەرەو ڕووی چوو.

ئەفسەرێکی بەلە باریکەیان، کە لە تووپە دەچوو وتی:

"کاپتن ئاگادارت دەکەمەوە. . . "

دینسۆڤ قسەکەی پێ بڕی و وتی:

"هیچ شتێک ناگەڕێنمەوە. "

ئەویش وتی:

"کاپتن. . . خۆیشت دەزانیت، چیت کردووە؟ زەوتکردنی ئازووخەی هاوسەنگەرانت بە لادان و هەڵگەڕانەوە هەژمار دەکرێت! خۆ ئەوە دوو ڕۆژە سەربازەکانی منیش، هیچیان نەخواردووە. "

دینسۆڤیش هەڵیدایە:

"بەڵام ئەوانەی من ئەوە پازدە ڕۆژە بێ خواردنن!"

ئەفسەرە پیادەکەیش بە دەنگی بەرز وتی:

"بەڵام ئەمەی تۆ دەیکەیت دزینە! گەورەم. . . لێپرسینەوەی لە سەرە! "

دینسۆڤ ئارامی لەبەر هەڵگیرا و هاواری کرد:

"ئیدی بێزارم مەکە. . لێم دەپرسنەوە؟ زۆر باشە! با وابێت. خۆ تۆ بەرپرسیار نابیت. بێدەنگ بەو ئاگاداری خۆت ببە! گەرنا لەبەر چاوم ون ببە!

ئەفسەرە پیادەکەیش خۆی تێکنەدا و وتی:

"زۆر باشە. . . ئەمە دزییە و من. . . "

دینسۆڤیش ئەسپەکەی بەرەو ڕووی تاودا و نەڕاندی بە سەریدا:

"شەیتان پشت و پەنات بێت. . . "

ئەفسەرەیش هەڕەشە ئامێزانە وتی:

"باشە. . . باشە. . . "

جڵەوی ئەسپەکەی ڕاکێشا و، ملی ئەسپەکەی بادا و دوور کەوتەوە.

بۆ ئەوەی ئەفسەرەکە گوێی لێ بێت هاواری کرد:

"هەی سەگی ڕستکراو!"

ئەمەیش ڕستەیەکی باوی ئەو دەمە بوو و، سوارەکان بۆ لاقرتێکردن بەو پیادانەی کە سواری ئەسپ دەبوون، بەکاریان دەهێنا.

بە قاقای پێکەنینەوە لە ڕۆستۆڤ نزیک بووەوە و پێی وت:

"هەر بە زۆر ئازووخە و زخیرەکەیانم لێ سەند. من ناتوانم پیاوەکانم ببینم لە برساندا

بمرن و پشتگوێیان بخەم."

هەرچەند ئەو زەخیرە و ئازووخەیە، بۆ فەیلەقێکی پیادە نێردرابوو. بەڵام دینسۆف هەر بە زۆر، بۆ سوارەکانی خۆیی گلدایەوە.

تووماز کە لاقرۆشکای فێڵباز دینسۆفی ئاگادار کردبووەوە، لە ئەوەی کە ئەو قافڵەیە هیچ پاسەوانێکی سەربازی بە دەورەوە نەبووە. ئەویش هەڵەکەی قۆستووەتەوە و، چەند سەربازێکی لەگەڵ خۆی بردووە و، هەر بە زۆر ئەو زەخیرە و ئازووخەیەی، لە چنگ ئەو دوو ئەفسەرە داماوە، دەرهێناوە و، زەوتی کردووە!

پسکیتەکەی دادوەرانە بە سەر سەربازەکانیدا دابەشکرد و، ئەوەیشی کە لێیان زیاد بوو، ناردی بۆ یەکەکانی تر.

ڕۆژی دواتر سەرۆک دینسۆفی بانگ کرد و، ڕوومەتەکانی لە نێو هەردوو دەستی نابوو وتی،"شێوە روانینی من، بۆ ئەو کێشەیە ئاوهایە. . . نە هیچ دەزانم و، نە خۆیشم دەخەمە ئەم بابەتەوە. بەڵام ئامۆژگاریت دەکەم کە خۆت بگەیەنێتە "ئەرکانی گشتی" و "فەرمانگەی ئازووخە" و، تەقەلا بدە چارەسەری کێشەکەت بکەیت و لیستی ئەو بڕە ئازووخەیە واژۆ بکە، ئەگەرنا ئەو کێشەیە لێکۆڵینەوەی جدیی بۆ دەکرێت و، کۆتاییەکەی خراپ دەبێت.

هەر کە دینسۆف، لە ژووری سەرۆک هاتە دەرەوە. بەرەو (ئەرکانی گشتی) بووەوە و، سوور بوو لە سەر جێبەجێ کردنی ئامۆژگارییەکانی سەرۆکەکەی. ئێوارە بە شێوەیەکی ماندوویی و، تووڕەیی و، هەناسەبڕکێی واوە گەڕایەوە، کە هەرگیز ڕۆستۆف بەو شێوەیە نەیبینی بوو!

دینسۆف بە دەنگی بەرز کەوتە جنێودان و، قسەی هەڕەشە ئامێز. ڕۆستۆفیش زۆری لێترسا و، هەستا و بەرگەکانی لەگەڵدا لەبەرداکەند و، ئاوی بۆ برد و، ناردی بە دوای پزیشکدا.

دینسۆف هاواری کرد،"بە تاوانی زەوتکردن مەحکەمەم دەکەن! من. . . ئا کەمێک ئاوی ترم بدەرێ ـ باشە با مەحکەمەم بکەن. ئەمە نابێتە بەربەست بۆ تێکشکاندنی ئەو دوژمنە درندانەمان! هەر خۆم لەم بارەیەوە قسە بۆ کەسی ئیمپراتۆر خۆی دەکەم. ـ ئا پارچەیەک سەهۆڵم بدەرێ ـ"

پزیشکەکەیش هەڵیدایە:

"پێویستە خوێن لە دینسۆف بگرین."

دوای ئەوەی خوێنی ڕەشیان لە قۆڵە تووکنەکەی گرت، ڕووداوەکەی ئەو ڕۆژەی بۆ گێڕانەوە.

بەم شێوەیە کەوتە قسە کردن،"کە گەیشتمە ئەوێو پرسیارم کرد سەرۆکەکەتان لەکوێیە؟ پیشانیاندام و ئامۆژگاریان کردم کە کەمێک چاوەڕوان بم. "

منیش پێم وتن،"من کاری خۆم هەیە و، هەشت فرسەخم بڕیوە! بڕۆن هاتنی منی پێ ڕابگەیەنن. "

پاشان سەرکردەی دزان دەرکەوت و، بەڕێزی کەوتە وانەدادانم و ئامۆژگاریکردنم و وتی،"ئەو کارەی کە من کردوومە. . . دزێتییە!"

منیش پێم وت،"ئەو کەسە دز نییە کە، دەست بەسەر ئازووخەدا بگرێت، تاکو سەربازە برسییەکانی خۆی پێ تێر بکات! بەڵکو دز ئەو کەسەیە، کە بۆ بەرژەوەندیی گیرفانی خۆی، ئەو کارە بکات. "

ئەویش فەرمانی پێم دا، کە بێدەنگ بم! زۆر باشە. . .

لە سەری ڕۆیشت،"بڕۆ لای بریکاری ئازووخە و، ددانپێدانانەکانی خۆت واژۆ بکە. با کێشەکەت ڕێی یاسایی خۆی بگرێتەبەر. "

منیش چوومە ئەوێ و، بە بەڕێزی گەیشتم و وتم،"دەی خۆت بیخەملێنە. . کێ وامان لێ دەکات کە لەبرساندا بمرین؟"

بە تووندی مستە کۆڵەیەکی لە مێزەکە دا و، پەرداخەکان بەریەک کەوتن و، وەختەبوو مێزەکە هەڵبگەڕێتەوە.

پاشان وتی،"دەزانی بریکاری ئازووخەکە کێ بوو!؟ تلیاتین بوو!"

پێم وت،"ها ئەمە تۆیت کە ئاوا پشتگوێمان دەخەیت:تا لە برسانا بتۆپین؟"

"تەە! تەە! لەو ڕوخسارە پفدراوە قەڵەوەی!"

"ئای دڕندەی پیس! تەە تەە!"

بە شێوەیەک هاواری کرد، لە قیژە کردن دەچوو و، ددانە سپییەکانی ژێر سمێڵە ڕەشەکەی دەرکەوت و لە سەری ڕۆیشت،"تووڕەییەکەم جۆشی سەند و، چاوانم سوور هەڵگەڕان. گەر لە ژێر دەستیان دەرنەهێنامایە، کوشتبووم! "

ڕۆستۆفیش وتی:

"دەی مەشیرێنە و هێور ببەوە! ئەوە سەرلەنوێ، خوێن بەربوونەکەت بۆ گەڕایەوە! ئارام بە. . با بڕینەکەت بۆ تیمار بکەم!"

قۆڵی دینسۆڤی پێچا و بردییەوە سەر نۆێنەکەی خۆی.

ڕۆژی دواتر لە خەو ڕابوو. ئارام بوو بووەوە. بەڵام لە دەوروبەری نیوەڕۆدا، ئەفسەرێکی ڕوو گرژ و مۆن هات و چووە زنجی دوو هاوڕێکە وئەو نووسراوە فەرمییەی دایە دەست میجۆر دینسۆڤ، کە لەلایەن کۆلۆنێل خۆیەوە هاتبوو. چەند

پرسیارێکی لە بارەی کێشەکەی دوێنێوە تێدابوو.

ئەفسەری یاریدەدەر وتی،"کێشەکە چووەتە قۆناغێکی زۆرخراپەوە. لیژنەی لێڵینەوە و ساغکردنەوەی لەسەر دروست بووە. سادەترینی ئەو گریمانانەی دینسۆف چاوەڕێی بوو:دامالینی پلە سەربازییەکەی بوو. ئەویش بە گوێرەی یاسا نوێیە سەختەکانی پەیوەست بە تاوانی زەوتکردن و، سەرپێچی کردن.

سکالاکارانیش وایان هەڵبەستبوو، کە سەرەڕای ئەوەی دینسۆف ئازووخەکەی زەوتکردوون، بێ ئەوەی کەس بانگی کردبێت. بە سەرخۆشیش چووەتە سەر بریکاری گشتیی ئازووخەیش و، بە دزیکردن ئەوی تۆمەتبار کردووە و، هەڕەشەیشی لێ کردووە. کە دەریشکراوە، پەلاماری نووسینگەکەی داوە و، بە جنێو دایشتوون و، دارکاریی کردوون و، قۆڵی یەکێکیشیانی لەجێ بردووە.

پاشان ڕۆستۆف کەوتە پرسیار کردن، لە هاوڕێکەی و، ئەویش ددانی بەوەدا نا کە کەسێکی تریش خۆی لە شەڕەکەی ئەمەوە ئالاندووە. خۆیشی وا پیشان دەدا کە کێشەکەی شتێکی ئەوتۆ نییە و، گالتەیشی بە هەموو دادگاییەکان کردووە.

دەیوت،"ئەگەر ئەو دزانە بوێرن بێنە بەرامبەری، ئەو ئامادەیە بە گژیاندا بچێتەوە. کارێکیشیان پێ دەکات. . . کە تا لە ژیاندا بن بیریان نەچێتەوە!"

هەرچەند دینسۆف وای پیشان دەدا کە هەر بایەخیش نادات بە کێشەکەی. بەڵام زۆرباش هاوڕێکەی خۆی دەیناسی و، دەیزانی کە زۆر خەمی ئەنجامی کردەوەکەی خۆیەتی. بەڵام خۆی ئەوەی لە هاوڕێکەی دەشاردەوە.

هاتنی نووسراوی لیژنەی بە دواداچوون و، پرسیار کردنیان و، وەڵامدانەوەی دینسۆف تاکوو سەرەتای مانگی ئایار، سەرومڕ بوو. دواتر فەرمانی فەرمیی بۆ هات، کە سەرکردایەتی بە کۆنترین ئەفسەری دوای خۆی بدات و، خۆیشی لە بەردەم سەرۆکایەتی فەیلەقدا ئامادە بێت، بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکان. . . دەربارەی ئەو کێشەیەی لە بەڕێوەبەرایەتیی ئازووخە دروستی کردبوو.

دوێنێ بلاتۆف هەستابوو، بە کاری ئاگادار بوون و، بە دواداچوون لەگەڵ دوو سرییەدا، لە سواره قەوقازییەکان و، دوو گرووپی سەربازانی سواره. دینسۆفیش بە شێوە هەڵەشەکانی جارانی، خۆی کوتایە پێشەوەی بەرەی شەڕەکە و، گوللەیەک لە ئەوبەرەوە و، لای سوپای فەڕەنساوە هات و، دای لە گوڵمەی پووزی و، بریندار کرد. ئەویش ـ کە هەرگیز بۆ پێکانێکی سادەی لەو جۆرە لەشکرەکەی جێ نەدەهێشت ـ هەڵەکەی قۆستەوە و، ئامادەبوونی مەحکەمەی، ڕەت کردەوە و، داوای کرد کە بۆ چارەسەر، بینێرن بۆ خەستەخانە.

بەشی حەڤدە
سەردانی نەخۆشخانە

شەڕی فریدلاند لە مانگی حوزەیراندا هەڵگیرسا. ئەو شەڕەی کە سوارانی پاڤلۆگراد بەشدارییان تێدا کرد و، بە دوایدا ئاگربەست لە نێوان هەردوو لایاندا کرا. ڕۆستۆڤ ئەو هەلەی قۆستەوە و، داوای مۆڵەتی کرد. تاکو سەردانی دینسۆڤی هاوڕێی بکات. چونکە زۆر بیری دەکرد و، لەو دەمەوەی کێشەکەی بەو جۆرە شکابووەوە، هەواڵێکی لە بارەیەوە نەبوو و، لە دڵەڕاوکێی ئەودا بوو.

ئەو خەستەخانەیەیش کە ئەوی لێ کەوتبوو، کەوتبووە گوندێکی بروسیاوە و، دوو جاران لە لایەن فەڕەنسی و، ڕووسەکانەوە کاول و خاپوور کرابوو.

ئەو شارۆچکە بچووکە، بە خانووە ڕووخاو و، فەرمانگە شێواو و، شەقامە بە زبڵا و خاشاک پڕەکانییەوە، نقوومی قوڕ و لیتە بوو. دانیشتوانی تێکەڵوی سەربازیەلێکی نەخۆش و، سەرخۆش و، بەدمەست بوون. کە ڕێک پێچەوانەی هاوینی جوان و بێگەردی، دەر و دەشتەکانی دەوروبەری ئەو شارۆچکەیە بوو و، مرۆڤ دڵی تێدا تەنگ دەبوو.

خانوویەکی بەردینی تێدابوو، کە زۆرینەی شوشەی پەنجەرەکانی شکابوو. کرابووە خەستەخانە، بۆ سەربازە بریندار و، نەخۆشەکان. لە حەوشە و بەرهەیوانە، پڕ لە خۆڵ و خاشاک و، شتومەکە شکاوەکانیدا، چەند سەربازێکی رەنگ زەرد و، لەڕو لاواز بە بەر خۆرەکەیدا هاتوچۆیان دەکرد.

هێشتا ڕۆستۆف هەنگاوی هەڵنەهێنابووە ئەودیو دەرگاکەیەوە، کە بۆنی دەرمان و، بۆگەنی، قوورگو سنگی پڕ کرد! لە بەر پلیکانەکانیدا، بە پزیشکێکی رووسی گەیشت، کە جگەرەیەکی بەلا لێوەوە بوو.

پزیشکەکە بەو یاریدەدەرەی خۆی وت کە لەگەڵیدا بوو،"خۆ ناکرێم بە چوار بەشەوە! ئەم ئێوارەیە وەرە بۆ لای ماکیر ئەلکسییڤیتش و، منیش لەوێ دەبم."

یاریدەدەرەکەی پرسیارێکی تری لێکرد و، ئەویش لە وەڵامیدا وتی،"ئاە! هەرچییەک بە باش دەزانیت بیکە. بەو مەرجەی بۆ ئەوان چاک بێت."

هەر لەو کاتەدا پزیشکەکە ڕۆستۆفی بینی و لێی پرسی،"لێرە چی دەکەیت. . . ئەی نەجیبزادە!؟ تۆپەکانی بەرەی شەڕ نەیان پێکاویت و، دەتەوێت میکرۆبەکانی تیفۆئید بتپێکن!؟ ئازیزەکەم. . . ئێرە سەرچاوەی ڕاستەقینەی نەخۆشینکانە."

ڕۆستۆفیش پرسیی،"دەتەوێت بڵێیت چی؟"

پزیشکەکەیش وتی،"گەورە ڕێزدار. . . ئێستا نەخۆشیی تیفۆس، زۆر بەربڵاوە. ئەوەی بێتە ئێرە، مردنی خۆی مسۆگەر کردووە! ئەوەتا منیش هەر خۆم لێرە ماومەتەوە!"

دەستی بۆ یاریدەدەرەکەی تەنیشتی درێژ کردو وتی،"مەبەستم خۆم و "ماکیئیف"ە پێنج هاوڕێی خۆمم لە دەست داوە و مردوون! هەر کەسێکی نوێ بێتە ئێرە، هەشت ڕۆژی بەسە بۆ تووشبوونی، بەم نەخۆشییە. هەرچەندیش داوای ژمارەیەک پزیشکی ڕووسیمان کردووە، بەڵام هاوپەیمانە نیانەکانمان، گوێ لە هاواری ئێمە ناگرن!"

ڕۆستۆفیش تێی گەیاند کە دەیەوێت دینسۆفی هاوڕێی ــ کە ئەفسەری هێزی پاسەوانانە ـ ببینێت.

پزیشکەکەیش پرسیی،"دینسۆف؟ نایناسم! هۆیەکەیشی ئەوەیە ئازیزەکەم. . . کە من بەرپرسی سێ خەستەخانەم و، بە هەرسێکیان (٤٠٠) نەخۆشیان تێدایە! لەگەڵ ئەوەیشدا، هێشتا هەر بەختەوەرین، چونکە ژنانی ڕووسیی خاوەن بەزەیی، قاوە و "نسیلا"مان بە هێندەی دوو لیبرتین، هەموو مانگێک بۆ دەنێرن. گەر ئەوان نەبوونایە ئێمە تێداچوو بووین."پزیشکەکە بە پێکەنینەوە لە سەری ڕۆیشت،"بەڵێ ئازیزەکەم (٤٠٠) نەخۆش!! هەموو ڕۆژێکیش نەخۆشی ترمان بۆ دەنێرن! ئاخۆ ئێستا (٤٠٠) نەخۆشێکمان لەبەردەستدا نییە؟ ها؟"

هەرچەند پزیشکەکە، لە یاریدەدەرەکەی خۆی پرسی. بەڵام ئەو هەر گوێیشی بە زۆربڵێیی پزیشکەکە نەدا.

ڕۆستۆفیش وتی،"ئەو مێجۆر دینسۆفەم مەبەستە، کە لە "مۆلۆتان" پێکرا. "

پزیشکەکەیش وتی،"وا بزانم مردووە! وانییە ماکییف؟"

پزیشکەکە کەمتەرخەمانە دەدوا. کە یاریدەدەرەکەی وەڵامی بۆچوونەکەی نەدایەوە، ڕووی کردەوە ڕۆستۆف و پرسیی،"کەڵەگەتێکی سووربراو نەبوو؟"

ڕۆستۆف کەوتە وەسف کردنی دینسۆف و شێوەکەی.

پزیشکەکەیش بە ڕوویەکی گەشاوەوە وتی:

"بەڵێ! بەڵێ! یەکێکی لەو شێوەی تۆ لێی دەدوێیت لام بوو، بەڵام پێموا بێت مرد! بە هەرحاڵ بە لیستی ناوەکاندا دەچمەوە. ماکییف ئەو لیستانە لای تۆیە؟"

ئەویش وەڵامی دایەوە،"لیستەکان لە لای ماکیر ئەلکسییڤیتشە. "

ڕوویشی کردە ڕۆستۆف و پێی وت،"بڕۆ بۆ هۆڵی ئەفسەران و، خۆت چاوێک بە نەخۆشەکاندا بگێڕە. "

کەچی پزیشکەکە بەڕەنگاری بووەوە و وتی،"نەخێر مەچۆ ئەو هۆڵەوە. نەکو ناچار بیت تا هەتایە تێیدا بمێنیتەوە!"

ڕۆستۆفیش سڵاوێکی سەربازانەی بۆ کرد و، داوای لە یاریدەدەرەکە کرد، کە بیبات بۆ هۆڵەکە.

پزیشکەکەیش لە خواروی پلیکانەکانەوە هاواری بۆ ڕۆستۆف کرد:

"هیوادارم نەبمە جێی گلەییت. "

ڕۆستۆف و ڕێنماکارەکەی، بە دالانێکی تاریکدا ڕۆیشتن. بۆنێکی تیژ بڵاو بووەوە و، ڕۆستۆفی ناچار کرد، کەمێک بوەستێت. تا بەخۆیدا بێتەوە و، لووتی خۆی گرت.

لە لای ڕاستیانەوە دەرگایەک کرایەوە و، پیاوێکی ڕەنگ زەردی باریکەلەی پێخاوس، خۆی دابوو بەسەر دوو دارشەقدا و، جلی خەوی لەبەردابوو و، خۆی بە تەنیشت دەرگاکەدا هەڵپەساردبوو، دەرکەوت. چاوانی سوورەوەبووی، پڕ لە حەز و ئیرەیی بوو. ڕۆستۆفیش چاوێکی بە نێو ژوورەکەدا گێڕا و، چەندین بریندار و نەخۆشی بینی، کە پاڵتۆکانی خۆیانیان لە سەر زەوی ژوورەکە بۆ ڕاخرابوو و، ڕاکشابوون.

لە ڕێنماکارەکەی خۆی پرسی:

"دەتوانم چاوێکیان پێدا بگێڕم؟"

ئەویش کە نەیدەویست، خۆی بچێتە ژوورەوە وتی:

"شتێکی ئەوتۆی تێدا نییە، تا پێویست بکات تۆ ببینیت."

خۆ دزینەوەی ئەفسەرە رێنماکارەکە، وایکرد خۆی بکات بە ژوورەکەدا. هەر ئەو بۆنەی کە لووتی ڕۆستۆف لە دالانەکەدا پێی ڕاهاتبوو. لە ژوورەکەدا کەمێک جیاواز بوو. بەڵام زۆر تیژتر بوو. بە هۆی ئەو ژوورەیشەوە بوو، بۆن و بەرامەکە دەوروبەرەکەیشی داگیر کردبوو. تیشکی خۆرەش زۆر بە باشی و راستەوخۆ لە پەنجەرە بەرزەکانی ژوورەکەوە دەهاتە ژوور.

نەخۆشەکان بە دوو ڕیز لەسەر زەوییەکە راکشابوون و، سەریان نزیک دیوارەکان بوو. لە ناوەڕاستیشیدا ڕاڕەویک بوو. زۆرینەیشیان لە گیانەڵادا بوون! هەر بۆیەش چوونە ژووری ڕۆستۆف و یاریدەدەری چاوساغ، نەبووە جێی بایەخی نەخۆشەکان. ئەوانەیان نەبوورابوونەوە، ڕاستبوونەوە و، کەوتنە سەرنجدانی ڕۆستۆف و هاوڕێکەی. هەموویشیان یەک ئومێدیان هەبوو. ئەویش بە هاناچوونیانەوە بوو. لەگەڵ ئیرەیی بردن بەوانەی کە دروستییان باشە.

ڕۆستۆف خۆی گەیاندە ناوەڕاستی ژوورەکە و، لەوێشەوە بەرەو دەرگا کراوەکانی تەوە، توانی هەمان دیمەنی ئەم ژوورە ببینێتەوە. ئەمەی کە چاوەڕێی بینینی نەبوو و، سەرسامی کرد، کە چاوی گێڕا هەر وشک بوو. لەبەر پێیدا نەخۆشێکی سوور هەڵگەڕاو دڕێژ بوو بوو. دەست و قاچەکانی لێ راکێشابوو و، بە شێوازە ڕووسییەکەی و، سەرە تاشراوەکەیدا، لە قەوقازی دەچوو. چاوە بەقوولا چووەکانی سپییان دەکردەوە. ماسوولکە و چوارپەلە سوور هەڵگەڕاوەکانی، لە گوریسی راکێشراو دەچوو. چەندجارێک سەری بە زەویدا کێشا و، بە دەنگی بەرز هاواری کرد. کە وردتر گوێی لێگرت، بۆی دەرکەوت کە دەڵێت. . . ئاوم. . . ئاوم بدەنێ. ئەمیش چاوی بە دەوروبەریدا گێڕا، تا بە یەکێک بڵێت یارمەتیی بدات و، بیخاتەوە شوێنی خۆی و، قومێک ئاوی بداتێ.

لە یاریدەدەری پزیشکەکەی پرسی:

"کێ بەرپرسی ئێرەیە، بۆ خزمەتکردنی نەخۆشەکان؟"

لەو کاتەدا خزمەتکاری هۆڵەکە، لە ژوورەکەی ئەودیوەوە هاتە ژوورەوە، سەربازێکی سوپا بوو. بەرەو لای ڕۆستۆف چوو و، پێی وریابوونەوەی بە زەویدا کێشا. چونکە پێی وابوو بەرپرسی خەستەخانەیە.

چاوانی بڕیە ڕۆستۆف و هاواری کرد:

"بە هیوای دروستیی پایەدارتانم."

ڕۆستۆفیش دەستی بۆ نەخۆشەکە ڕاکێشا و وتی:

"ئەو نەخۆشە تێرئاو بکە و، بیخەوە شوێنی خۆی."

سەربازەکەیش چاوانی زۆرتر کردەوە و بە خۆشییەوە وتی:

"بەڕێزو پایەدارتان چۆن دەفەرموون، وا دەکەم."

سەربازەکە لە باری ئامادەباشیدا بوو و، نەدەجوولا.

ڕۆستۆفیش لەبەرخۆیەوە وتی،"گومانی تێدا نییە کە لێرە هیچ کارێک نییە تاکو بیکەن!"

کاتێک ڕۆستۆف ویستی بچێتە دەرەوە، هەستی کرد لە لای راستییەوە یەکێک زۆر بەوردی پێیدا هەڵدەڕوانێت. کە سەرنجیدا سەربازێکی پیری ڕیش ماش و برنجە و ڕەنگی مردووی لێ نیشتووە. لە کۆتایی ریزەکەدا و لە سەر پاڵتۆکەی خۆی دانیشتبوو و، یەکێکیش سەری خستبووە پەناگوێی و دەستی بۆ ڕۆستۆف ڕاکێشابوو و، قسەی بۆ دەکرد. ئەمیش هەستی کرد کە ئەو پیرە دەیەوێت قسەی بۆ بکات و، لێی نزیک بووەوە. کە بە وردی سەرنجیدا بینیی کە لە سەرووی ئەژنۆیەوە لاقێکی پەڕیوە! لاقەکەی تریشی نووشتاندووەتەوە و، ژێر خۆیی ناوە. لەو لاتریشەوە لاوێکی تری بینی، لەسەر زەوییەکە ڕاکشابوو و، سەری کەمێک بە پشتدا کەوتبوو. لووت پان و چاو بە قوولا چوو و، چەند پەڵە خوێنێک بە ڕوخسارییەوە بوو. کە ڕۆستۆف وردتر سەرنجیدا، موچڕکەیەک بە گازەرای پشتیدا هات.

بە یاریدەدەری پزیشکەکەی وت:

"پێم وابێت. . . ئا ئەمە. . . "

سەربازە پیرەکە کە لەبەر هەژاویی خۆی چەناگەی دەلەرزی، قسەکەی پێ بڕی و وتی:

"ئەمە بیستەم جارە ئێمە داوای ئەمەیان لێ دەکەین. . . بەڕێز. ئەم پیاوە لە بەیانییەوە مردووە. ئاخر خۆ ئێمە سەگ نین!"

یاریدەدەری پزیشکەکەیش وتی:

"هەر ئێستا. . هەر ئێستا لێرەی دوور دەخەینەوە. . . فەرموون بەڕێزتان شوێنم بکەون."

ڕۆستۆفیش لەبەرخۆیەوە وتی،"دەی با بڕۆین. . . با بڕۆین."

سەری داخست و نەیویست سەرنجی ئەو چاوانە بدات، کە گڕیان لێ دەبووەوە و، پڕ لە حەز و ئارەزوو و، لۆمە بوون. هەر بە پەلە هۆڵەکەیان جێهێشت.

بەشی هەژدە
گەیشتن بە دینسۆڤ

یاریدەدەرەکە لەوسەری ڕاڕەوەکەوە ڕۆستۆڤی بردە نێو ژووری ئەفسەرانەوە. ئەو بەشەیش لە سێ ژوور پێک هاتبووو دەرگاکانیان بەرامبەر یەک بوو. ئەفسەرانی سەر قەرەوێلەکان دانیشتبوون. یا ڕاکشابوون. هەندێکیان پاڵتۆی خەستەخانەیان لەبەردابووو هەر بەهۆڵەکەدا دەهاتن‌و دەچوون. یەکەم کەسێک کە هاتە بەرچاوی. پیاوێکی کورتەبالای باریکەلەی قۆڵبڕاو بوو. پاڵتۆیەکی لە بەردابوو و، فێستێکی لۆکەی بە سەرەوە و، سەبیلێک لە نێو ڕیزە ددانەکانیدا بوو. بە ژوورەکەدا دەهات‌و دەچوو. وا بە خەیاڵی ڕۆستۆڤدا هات کە ئەم ڕوخسارەی لە شوێنێک بینیوە! کورتەبالاکە پێی وت،"ئای چۆن بەیەک گەیشتینەوە! تووشینم! ئاخۆ ئەو تووشینەت بیرچووەتەوە، کە تۆی گەیاندەوە شوپنگرابن؟" ئاە! دەبینیت کە چۆن پارچەیەکیان لە لەشم کردووەتەوە!"

دەستەکەی تریشی بۆ قۆڵە شۆڕەوەبووەکەی درێژ کرد و بزەیەک گرتی.

کە ڕۆستۆڤ هۆی سەردانەکەی بۆ خەستەخانەکە پێ وت، ئەویش وتی:

"ڤازیلی دیمیترینڤیتش دینسۆڤ؟ بەڵێ لێرەیە. وەرە. . . وەرە. . . "

پێشی کەوت بەرەو ژوورێکی تەنیشت برد و، هەر لە دووڕەوە گوێیان لە قاقای پێکەنین بوو. ڕۆستۆڤیش لە خۆی پرسی،"ئەوە چۆنە ئەمانە پێدەکەنن! خۆ من لە خۆم دەپرسی:ئەمانە چۆن دەتوانن لە بارو دۆخێکی ئاوادا بژین؟"

بۆ هەر کوێیەک دەچوو:بۆنی لاشەی مردووان و ئەو سەرنجانە بوون، کە پڕ بوون لە حەزو ئارەزوو و لۆمە کردن! ڕوخسارە زەردەڵگەڕاو و چاوە بە قوولاچووەکانی، ئەو

سەربازەیشی کە بینی بووی لە بیر نەدەچووەوە.

هەرچەند کات لە یازدەی بەیانی تێنەپەڕاندبوو، کەچی دینسۆڤ لێفەکەی بە خۆیەوە ئالاندبوو و، نووستبوو! بە ئاگا هاتەوە و بە هەمان ئەو دەنگە هاواری کرد کە لە سرییەکەیدا پێی ناسرابوو:

"ئاە ڕۆستۆڤ! بەخێر بێیت! بەخێر بێیت!"

هێندە ئەو دینسۆڤە کراوە و گفت و قسە شیرین بوو، بە ئاسانی خەم و پەژارەی بە ڕوخسارێوە نەبینی و، تەنیا کەمێک پێوەی دیاربوو! هەرچەند شەش هەفتە، بەسەر برینداربوونەکەیدا تێپەڕی بوو، کەچی هێشتا بریندەکەی ساڕێژ نەبوو بووەوە! هەر وەکو دەوروبەرەکەی ڕوخسارێکی زەردباوی پفخواردووی هەبوو. بەڵام ئەوەی لە سەرسامییەکەی ڕۆستۆزی زیاتر کرد:شێوازی دەرەوەی هاوڕێکەی بوو!! لەوەیش دەچوو زۆر شاد نەبووبێت بە بینینی ئەم و، بزەیەکی ساردی بۆ کرد. نە لە بارەی فەیلەقەوە و، نە لە بارەی بەڕێوەچوونییەوە پرسیاری کرد! هەر کە ڕۆستۆڤ بیویستایە قسەی لەو بارەوە بکردایە، خۆی بە شتی ترەوە سەرقاڵا دەکرد و، وا خۆی پیشان دەدا، کە نایەوێت گوێی لەو بابەتە بێت. بۆیشی دەرکەوت هەر باسێکی دەرەوەی خەستەخانە، ئازاری دەدات. پێدەچوو حەزی بەوە بێت، ژیانی ڕابردووی خۆی بیر بەرێتەوە. تەنیا سەرقاڵییشی کێشەکەی بوو، لەگەڵ "بریکاری ئازووخە". هەر کە ڕۆستۆڤ، پرسیاری کێشەکەی کرد، کە ئاخۆ بە کوێ گەیشتووە؟ دەستی برد و لە ژێر سەرینەکەیدا، نووسراوێکی دەرهێنا، کە بەم دواییانە لە لیژنەکەیانەوە بۆی هاتبوو. پاشان ڕەشنووسی وەڵامەکەیشی پیشان داو کەوتە خوێندنەوەی ڕەشنووسەکە. هەڕا و گەرم بوو و زۆر بە تووندیش، خاڵەکانی هێرش و ڕەخنەکانی ددان پێدا دەنا! کە دەستی بە خوێندنەوە کرد. هاوڕێکانی دەوروبەری و، ئەوانەی لایان کۆ بووبوونەوە، تا هەواڵی دەرەوە لە میوانەکەوە بزانن:بە لایەکدا بڵاوەیان لێ کرد! لە ڕوخساریاندا دیار بوو، کە زووتر هێندەی بۆ خوێندبوونەوە، تووشی سەرەگێژەی کردبوون! بۆیەش تەنیا نەخۆشێک نەبێت، کە نیشان شکێنێکی کەتەی ڕەنگ زەرد بوو و، سەبیلێکی بەلا لێوەوە بوو، کەسی تر بە دەوریانەوە نەما. تووشینی قۆڵبڕاویش، بە سەر لەقاندن بێزاریی خۆی دەردەبڕی.

لە ناکاو پیاوە کەتەکە، قسەکانی بە دینسۆڤ بڕی و وتی:

"من پێم وایە پێویستە ڕاستەوخۆ، داوای لێبووردن لە ئیمپراتۆر خۆی بکەیت! وایشم بیستووە کە بەخشیش و خەڵاتێکی زۆر دابەش دەکرێت. کەوابوو ئەگەری لە تۆ بوردنیش زۆرە!

هەرچەند دینسۆڤ دەیویست دڵێرانە بدوێت، بەڵام بە کڕووزانەوەوە وتی،" داوای لێبوردن لە "ئیمپراتۆر"! جا ئەمە بۆچی! گەر دزییەکەم بە تەنیا بۆ خۆم بکردایە، داوای لێبوردنم دەکرد. بەڵام گەر ئەوان بە شوێنمەوە بن. ئەوە تەنیا و تەنیا لەبەر ئەوەیە کە

پەردەم لە ڕووی ئەو ڕسوایانە هەڵماڵیوە. گرنگ نییە جا با لێ پێچینەوەیشم لەگەڵ بکەن! خۆ من دز نیم. پاشان دەیانەوێت پلە سەربازییەکەم لێ دابماڵن! گوێ بگرە. . . زۆر ڕاشکاوانە پێیان دەڵێم:گەر پێچەوانەی ئەرکەکانی خۆم. . .

تووشینیش هەڵیدایە:

"بێگومان ئەمە دەربڕینێکی خراپ نییە. بەڵام ئەوە پەیوەستە بە. . . "

پاشان بە سەرنجێک هانای بۆ ڕۆستۆف برد و لە سەری ڕۆیشت:

"داوای لێبووردن و لێ خۆشبوونی بۆ نووسیویت. پێویستە واژۆی بکەیت و، بەم بەڕێزەدا بینێریت. بێگومان ئەمیش لە "ئەرکانی گشتی" ناسیاوی خۆی هەیە. هەرگیز هەلی لە ئەمە باشترت بۆ هەڵناکەوێت. " دینسۆف لەسەر خوێندنەوەکەی سەرومڕ بوو:

"زووتر ڕامگەیاند کە بۆ کەس ناچەمێمەوە و، لە کەسیش ناپاڕێمەوە. "

ڕۆستۆف نەستی هەستی ئەوەی پێدا، ئەم ڕێگایەی کە تووشین و هاوڕێکانی بۆیان دانـاوە، لە هەموو شتەکانی تر باشتر و بێوەی تـرە. خۆیشی بەختەوەر دەبێت، بە یارمەتیدانی هاوڕێکەی. بەڵام کەللەڕەقی و پێداگرتنی و، نەگۆڕانی ئەوی دەزانی، بۆیە نەیوێرا کە هانی بدات، بۆ داوای لێخۆشبوون کردن، لە "ئیمپراتۆر".

خوێندنەوەکەی دینسۆف سەعاتێکی خایاند. ڕۆستۆفیش لە بێدەنگی بەولاوە هیچی تری بە باشتر نەزانی و، پاشماوەی ڕۆژەکەی لەگەڵ ئەو هاوڕێیانەی کە لێیان کۆ بووبوونەوە، بەسەر برد. ئەوەی لە بارەی ڕووداو و هەڵوێستەکانەوە بیستبووی، بۆی گێڕانەوە و گوێیشی لە راز و بەسەرهاتەکانیان گرت.

دینسۆفیش کپ و بێدەنگ بوو. کۆڕەکە کۆتابوو و ڕۆستۆف خۆی ئامادەی جێهێشتنی خەستەخانەکە کرد. بۆیە لە هاوڕێکەی پرسی:کە ئاخۆ کارێکی نییە تا بۆی جێبەجێ بکات؟ دینسۆف وەڵامی دایەوە،"بەڵی. . . کەمێک چاوەڕێ ببە. "

دوای ئەوەی چاوی بە ئەفسەرانی دەوروبەریدا گێڕا. لە ژێر سەرینەکەیدا، چەند کاغەزێکی دەرهێنا و، بەرەو ئەو پەنجەرەیە چوو کە پاندان و مەرەکەبەکەی لێ بوو. تاکو پێی بنووسێت.

کە گەڕایەوە دواوە، زەرفێکی داخراوی دایە دەست ڕۆستۆف و وتی،"دەرمانی مەزن بۆ نەخۆشیی مەزن بە کار دەبرێت!"

ئەوەی کەسەی داوای بەخشینەکەی لەو نامەیەدا بۆ نووسیبوو، باوەڕ پێکراوی لێژنەی کۆڵینەوە بوو. هیچیشی لە بارەی لایەنە ڕەش و خراپەکانی "بریکاری ئازووخە و ژیاری"ی تێدا نەنوسرابوو. بەڵکو هەر هەمووی پاڕانەوە بوو لە "ئیمپراتۆر" تاکو بفەرموویت و لێی ببوورێت.

دینسۆف ئەمانەی نووسیبووەوە و لە زەرفێکی گەورەی نابوو و دایە دەستی وتی:

"ئەمە ببە. . . مادام کە ئەمە. . . "

بەڵام بە ڕوویەکی گرژ و ئاڵۆزەوە پێکەنی و، ڕستەکەی بۆ تەواو نەکرا.

بەشی نۆزدە
ڕۆستۆڤو بۆریس

دوای ئەوەی ڕۆستۆڤ کۆڵۆنێلی سەرکردەی فەیلەقی، لە ئەنجامی کێشەکەی دینسۆڤ تێگەیاند، کە بە نووسراوێک داوای بەخشینی کردووە، خۆی بەرەو "تیلسیت" چوو. لە سیازدەی حوزەیراندا هەردوو ئیمپراتۆرەکە لەو شارۆچکەیەدا پێک گەیشتن. بۆریس درۆپتسکۆییش، داوای لە سەرۆکەکەی خۆی کرد، بیگەیەنێتە ئەوێ و، بیانووی داواکەیشی ئەوەبوو وتی،"پڕ بە دڵ حەز دەکەم، ئەو پیاوە مەزنە ببینم."

مەبەستی وەسفەکەیشی ناپلیۆن بوو. کە تاکو ئەو دەمەیش وەکو خەڵکانی تر، وشەی بۆناپارتی بۆ سووکایەتی پێکردن بەکاردەهێنا.

بە زەردە خەنەیەکەوە لێی پرسی:

"تۆ مەبەستت. . . بیوناپارتە؟"

ئەویش سەرنجێکی سەرۆکەکەی خۆی دا و، هەر زوو بۆی دەرکەوت، سوعبەتی لەگەڵ دەکات و، تەنیا دەیەوێت تاقیی بکاتەوە.

ئەویش وەڵامی دایەوە:

"میرم من لە بارەی ناپلیۆنی ئیمپراتۆرەوە دەدوێم."

ژەنەرالّیش بە هێواشی دەستی دا بە شانیدا و وتی:

"لێرە بە دواوە، بەسەر پلەی پەیژەی بەرز بوونەوەدا، زۆر سەردەکەویت."

لەگەڵ خۆیدا بردی. بەمەیش بۆریس بووە، یەکێک لەو کەسە کەمانەی، کە ئامادەی وتوێژەکانی "تیمین"[1] بوو. دروشمە رازاوە تێکەڵوەکان و ناوی هەردوو ئیمپراتۆری بینی، کە بە خەتێکی جوان نووسرابوون.

پاسەوانانی ناپلیۆنیش، لەوبەر رووبارەکەوە لە باری وریابوونداو بوون و، ناپلیۆن دەیپشکنین. لەکاتێکدا ئەلکسەندەریش بە بێدەنگی لە خانوویەکی کەنار ڕووباری دەڕوانی.

لە کاتی چوونە نێو بەلەمەکەدا، هەردوو ئیمپراتۆرەکەی بینی. ناپلیۆن لە ئەلکسەندەر زووتر گەیشتە قەیاغەکە و، لە ئەلکسەندەر نزیک بووەوە و، دەستی بۆ راکێشا. ئەمیش تا لە تارمەکەدا لە چاو ون بوون، سەرنجی دان. هەواڵەکەیش بە نێو دەسەڵاتدارانی کۆمەڵگەدا دزەی کرد. لەسەر چاودێری و کۆڵینەوەی وردیش، لە دەوروبەری خۆی ڕاهات بوو. بۆیە لەو پێک گەیشتنەی تیلسیتەدا، گرنگیی زۆری بە یاوەران و کەسانی دەوروبەری ناپلیۆن دا. زانیارییەکی زۆر باشی لە بارەی ناویان و، جلوبەرگە سەربازییەکانیانەوە وەرگرت. بە وردی گوێی بۆ وشە و رستەکانی، دەسەڵاتداران و ناودارانی کۆمەڵگا راگرتبوو. هەر کە دوو ئیمپراتۆرەکە، چوونە دالانەکەوە. ئەمیش سەیرێکی سەعاتەکەی کرد و، بیریشی نەچوو، کە لە کاتی هاتنە دەرەوەیانیشدا، سەیری سەعاتەکەی بکاتەوە. بۆی دەرکەوت کە پێک گەیشتنەکەیان سەعاتێک و پەنجا و سێ، خولەکی پێچووە. وردەکارییەکانی ئەو ڕۆژەی، تۆمار کرد و، لەگەڵ هەندێکی تریش و، پێیشی وابوو ئەو زانیاریانە، بایەخی مێژوویی خۆیان هەیە. هەرچەند ئەلکسەندەر یاوەرانێکی کەمی شوێن خۆی خستبوو. بەڵام بوونی بۆریس لە ناو ئەو یاوەرانەدا بۆ خۆی، شتێکی گرنگ بوو بۆ ئەو و، هەنگاوێکی دیار بوو، بەرەو دوارۆژی لاوێکی بە هەڵپە بۆ دواڕۆژ. بۆیە بۆریسیش وەکوو کەسێکی تایبەتمەند لە خۆی ڕوانی. لە دوای ئەمەوە ئیدی خۆیشی هەستی بەو پلە بڵندی و بە تواناییەی خۆی کرد. هەر بە ناوبانگ و ناسراو نەبوو و بڕابێتەوە. بەڵکوو بووە جێی بایەخ و سەرنجی کۆمەڵگایش.

دوو جاران لە لایەن ئیمپراتۆرەوە، کاری گرنگی ڕادەست کرا. نزیکانی دەربارێ ئیمپراتۆریش، گەر ئەویان لە نێو خۆیاندا نەبینیایە، پێیان سەیر دەبوو! بە پێچەوانەی جارانییەوە بوو. کە ڕوویان لێ وەردەگێڕا و، نەیاندەویست هەر بیشبینن. بگرە دووڕەپەڕێزیشیان لێدەکرد.

بۆریس لەگەڵ کۆنت جیلینسکی نیشتەجێ بوو. ئەو پیاوە یەکێک بوو، لە هاوڕێکانیو پۆڵۆنییەکی پەروەردەبووی پاریس بوو و، ئالوودە بوو، بە فەڕەنسییەکانەوە و، ئەفسەرانی پاسەوان و، گەورە ئەفسەرانی ئەرکانی گشتیی فەڕەنسی و، بە درێژیی مانەوەیان لە تیلسیتدا. زۆربەی ڕۆژەکان بۆ نیوەڕۆخوان و ئێوارەخوانەکان، ئەو دوو ئەفسەرەیان بانگهێشت دەکرد.

---

[1] ـ تییمن: یەکێکە لە ڕووبارەکانی ڕۆتینیای سپی و لیوتوانیا. زەویەکانی تیلیست پاراو دەکات.

لـه (٢٤)ی حوزەیرانیشـدا، کۆنـت جیلینسـکی ئێـوارەخـوان و، ئـاهەنگێکی بـۆ هـاوڕێ فەڕەنسـییەکانی سـازدا. لـه نێـو میوانانیشـدا، کەسـێکی مەترسـیدار هەبـوو. ئـەویش یاریدەدەرێکی کـارای ناپلیۆن خـۆی بـوو. لەگەڵ ژمارەیـەک لـه ئـەفسـەرانی پـاسـەوان و، گەنجێکی تر کە لە خێزانێکی کۆنی فەڕەنسیی بە ناوبانگ بوو و، یاوەری کەسی ئیمپراتـۆر خۆیشی بوو.

هـەر ئـەو ئێوارەیـە ڕۆسـتۆف هەلەکـەی قۆسـتەوە و، بـە جلوبـەرگی مـەدەنییـەوە، دزەی کردە نێو شاری تیلسیتەوە و، خۆی کرد بە مـاڵی بۆریسدا.

تـا ئـەو دەمـەیش ئـەو سـوپایەی کـە بۆریسـی لێـوە هـاتبوو. تێڕوانینیـان بەرامبـەر بـە فەڕەنسییەکان نەگۆڕی بـوو. ئـەو تێڕوانینـەی کـە ئـاوا فەڕەنسـییەکان کتـوپڕ لـە دوژمنـەوە بگۆڕدرێن بە دۆست! تـاکەکانی سوپا هەر وەکوو جاران، بە تووڕەیی و رق لێ بوونـەوە، لـە بۆناپـارت و دەوروبەرەکـەیان دەڕوانـی و، ئـاڵو گۆڕەکـە هـەر لـە سـەرکردایەتیدا رووبدابوو.

دەمێک نەبوو لە گفتوگۆیەکیدا لەگەڵ ئەفسەرێکی قەوقازیی فەیلەقدا ڕۆستۆف وتبووی:

ـ ئەگـەر نـاپلیۆن بـەدیلکراوی، بکەوێتـە بەردەسـتمان، هەڵسـوکەوتمان لەگەڵیـدا وەکـوو تاوانبارێک دەبێت و، مامەڵەی ئیمپراتـۆری لەگەڵ ناکەین.

دەمێکیش نەبوو ڕۆستۆف کە بە سەرکردەیەکی فەڕەنسی گەیشتبوو، هەر بە ئـارەزوو پێی وتبـوو:هـەرگیز ناکرێت کـە ئیمپراتـۆری ڕەوامـان دانووسـان لەگەڵ نـاپلیۆنی تاوانبـار بکات. لەبـەر ئەوەبوو کە سـەربازێکی فەڕەنسیی لەبـەر دەرگای مـاڵی بـۆریسدا بینی، زۆر زۆر سەرسام بوو! چونکە دەبوو ئەوانە لە بەرەی شەڕدا بوونایە نـەکوو لـەوێ. لـە ناخیدا هەستی بە تەقینەوەی رقو کینەی سـەربازانە کرد. رقێک کە هەموو گیـان و ڕەوانـی داگیر کردبوو! لە بەرامبەریدا وەستا و، بـە ڕووسـی لێی پرسـی:کـە ئـاخۆ درۆپتسـکۆی لێرەیـە؟ بـۆریس هەسـتی کـرد، کـە کەسـێکی نـامۆ دێتـە بینینـی و، رق و بێزاریـی خـۆی بـۆ نەشاردرایەوە.

بەڵام بزەیەکی بۆ کردو وتی،"ئاە ئـەوە تۆیت!؟ بەخێر بێیت. . . خۆشحاڵم بە بینینت. "

ڕۆستۆفیش بێزاربوونەکەی ئـەوی بەسـەردا تێنەپـەڕیبوو بـە سـاردییکەوە وتـی،" لـەوە دەچێت کـە بێزارم کردبیت. . . وا نـا؟ هەرچەند خـۆم حـەزم نـەدەکرد بێمـە ئێرە. بـەڵام بابەتێک ناچاری کردم. . . "

بۆریسی ئەفسەریش قسەکەی پێ بڕی:

"نەخێر هەرگیز بێزارم ناکەیت. تەنیا ئەوە، سەرسامی کردم، کە لە یەکە سەربازییەکەت دوور کەوتوویتەوە! "

دەنگێکیش لە ناخی ئەمەوە هات،"بۆ ساتێکە و دێمەوە بەردەستتان. "

به بۆریسیشی وت:

"زۆر ئاشکرایە کە بێزارم کردوویت!"

بۆریس بڕێک ئارام بووەوە و، بێزار بوونەکە بە ڕوخساریەوە نەما و، گەیشتە بڕیار و، دەستی ڕۆستۆفی گرت و، بردییە ژوورەکەی تەنیشتەوە و، بە کپ و بێدەنگی کەوتە سەرنجدانی. تا ئەوەبوو ڕۆستۆف تێگەیشت کە بۆریس دەیەوێت میوانەکەی نەبینرێت! چونکە پێی سووک دەبێت و، ناسینەوەی دەبێتە بەربەست لە بەردەم ڕێی بەرەو بالا بوونی کۆمەڵایەتیی ئەودا. کە ئەوەیش بۆ خۆی دەمامکێکیتری ساختەکاریەکانی ژیانە!!

بۆریسیش وتی:

"نەخێر تۆ بێزارت نەکردووم. ئەمە چ قسەیەکە!؟ شیاو نییە تۆ بێزارم بکەیت."

دەستی ڕۆستۆفی گرت و بردییە ژووری نانخواردن و، بە میوانەکانی ناساند و تێگەیاندن کە شارۆیی نییە و، ئەویش ئەفسەرێکی هێزی سوارەیە و هاوڕێیەکی دێرینی خۆیەتی. پاشان میوانەکانی پێ ناساند:

"ئەمە کۆنت جیلینسکییە!"

ئەمەیش "ن. ن"ە."

"ئەوەیش سەرکردە "س. س"ە. . . هتد."

ڕۆستۆف سەرنجێکی درێندانەی لە فەرەنسییەکان دا و، بە مۆنییەوە سڵاوی لێ کردن. پاشان کەمێک ئارام بووەوە.

جیلینسکی بە خۆشییەوە پێشوازیی لەم لاکوتە کرد و هیچی نەگوت. وای پیشاندا کە هاتنی ئەو نەیشڵەژاندووە. وەکو کەسێکی تووژە بالاکانی کۆمەڵگا و بۆ ئەوەی بارەکە ئاسایی ببێتەوە، کەوتە دواندنی خەڵکەکە. فەرەنسییەکیان هەستی کرد ڕۆستۆف متەقی لە خۆی بڕیوە و هیچ نازانێت. هەر وەکو باوی کۆمەڵگای خۆی.

بە ڕۆستۆفی وت:

"پێدەچێت بۆ ئەوە هاتبیت کە ئیمپراتۆر ببینیت."

ئەویش بە کورتی وەڵامی داوە و وتی:

"نەخێر. . . بەڵکو بۆ مەبەستێکی دی هاتووە."

ئەمیش لای خۆیەوە و، هەر لە سەرەتاوە ڕوخساری سوور هەڵگەڕاوەی بۆریسی بینی. باری دەروونیی تێکچوو و، وا هاتە بەرچاوی ـ هەروەکو لەو بارودۆخانەدا وایە ـ هەموو ئامادەبووان لێی بێزارن.

لە ڕاستیشدا هەر وابوو. هەر بۆیەیش تێکەڵی وتوویژیان نەدەبوو. سەرنجەکانی ئەوانیش وای دەردەخست کە بپرسن:"ئەمە چی دەکات لێرە؟"

ڕۆستۆف هەستا و، چووە نزیک بۆریسەوە و بە چرپە پێی وت،"وا هەست دەکەم، بێزارم کردبیت. دەی با کەمێک لە بارەی ئەو بابەتەوە بدوێین، کە بۆی هاتووم. بۆ ئەوەی

هەر زوو بگەڕێمەوە دواوە.

بۆریسیش وتی:

"من هەست بە بێزار بوون ناکەم لێت. ئەگەریش ماندوویت وەرە با بچینە ئەو ژوورەی تەنیشتمان و، دەتوانیت کەمێک بحەوێیتەوە."

ڕۆستۆڤیش وتی:

"ئەوەیش خراپ نییە."

بەرەو ژوورە نووستنە بچووکەکەی بۆریس خۆی بوونەوە. کە چوونە ژوورەوە ـ وەکو ئەوەی بۆریس خراپەیەکی لەگەڵ کردبێت ـ بە شێوەیەکی ڕەق کەوتە قسە کردن و، ئەوەی پێ ڕاگەیاند، کە بۆی هاتبوو. پرسیاری ئەوەی لێ کرد:کە ئاخۆ دەتوانێت. یان دەیەوێت بەشداریی ئەو بابەتەی بکات و، لە ڕێی ئەو ژەنەراڵەوەی کە لای خۆی ئەفسەری یاریدەدەر بوو. تا بە هۆی ئەوەوە ئەو سکاڵانامەیەی بەخشین و لێخۆشبوونەی بگاتە دەست ئیمپراتۆر؟هەر لە سەرەتاوە و، لە ڕوو بە ڕوو بوونەوەکەیدا، لەگەڵ بۆریس، نەیتوانی متمانەی پێ بکات. ئەویش دانیشتبوو و قاچی لەسەر قاچ دانابوو و، دەستە جوانەکانی لە یەک دەخشاندن و، وەکوو ژەنەراڵێک گوێ بۆ بەردەستەکانی بگرێت، گوێدێری بوو. دەمێک لە سووچی ژوورەکەی دەڕوانی و بیری بڵاو دەبوو. دەمێکیش بە چەقاوەسوورییەوە، لە ڕۆستۆڤی دەڕوانی. ڕۆستۆڤیش کە هەستی بەو سەرنجە فەرمییانە دەکرد، ڕووی وەردەگێڕا.

بۆریس وتی:

"چەندین چیرۆکی لەم بابەتە و، توندی و ڕەقیی ئیمپراتۆرم، بەرامبەریان بیستووە. وای بۆ دەچم، وا باشتر بێت کە یەکسەر ڕوو بە ڕووی ئیمپراتۆری نەکەینەوە. بەڵکو ڕوو بە ڕووی سەرۆکی فەیلەقی بکەینەوە. پاشان پێیشم وایە. . .

نیکۆلا ڕۆستۆڤیش بیئەوەی سەیری بۆریس بکات وتی:

"گەر ناتەوێت یارمەتیم بدەیت. . . ئەوا ڕاستگۆیانە پێم بڵێ."

ئەویش بە بزەیەکەوە وتی:

"بە پێچەوانەوە. . . دڕێغی ناکەم. . . بە بۆچوونی من. . ."

لەو کاتەدا لەودیو دەرگاکەوە و بە دەنگی بەرز جیلنسکی بۆریسی بانگ کرد.

نیکۆلا ڕۆستۆڤیش پێی وت:

"دەی بڕۆ. . . بڕۆ بۆ لای."

ئەویش چوو تا فەرمووی دەست بە نانخواردنیان لێ بکات.

ڕۆستۆڤیش بە تووڕەییەوە کەوتە هاتووچۆ بە ژوورەکەدا. لەولایشەوە دەنگی قاقا و پێکەنینی فەڕەنسییەکان بوو.

بەشی بیست
وەڵامەکەی ئیمپراتۆر

ڕۆستۆف کاتە لەبارەکەی، بۆ چوون بۆ تیلسیتی، بە هەڵبژاردبوو و، نەیدەتوانی ژەنەرالی فەرماندەی ڕاڤە ببینێت. چونکە بێئەوەی مۆڵەتی فەرمیشی وەرگرت بێت بە بەرگی شارۆییەوە لە شار چوو بووە دەرەوە. بەڵام بۆریس نیازپاکانە دەیویست ئەو یارمەتییە بدات. دەبوو هەر ئەو ڕۆژە، ئەوە بکات چونکە نەیدەتوانی ڕۆژی دواتر هاوڕێ کۆنەکەی بەڕێ بکات.

لە ڕاستیشدا هەر لەو ڕۆژی (٢٧)ی حوزەیرانەدا، واڤۆی بەندە سەرەتاییەکانی ڕێکەوتنامەکە مۆر کرابوو. دوو ئیمپراتۆرەکە چوار مەدالیای ڕێزلێنانیان پێشکەش بە یەک کردبوو.

ئەلکسەندەر ملوانکەی مەزنی، کۆمەڵەی شەرەفی وەرگرت و، ناپلیۆنیش ملوانکەی سان ئاندریەی بااڵی لە مل کرد. دەبوو دواتر ئامادەی ئاهەنگێکی مەزن ببن، کە لیوایەکی پاسەوانی ئیمپراتۆری فەڕەنسیی، سەر بە فەیلەقی بریوبراجنسکی سازی دابوو.

ڕۆستۆف لە بەرامبەر بۆریسدا، زۆر شڵەژابوو. کە دوای نانخواردنەکە گەڕایەوە بۆ لای ڕۆستۆف، ئەو وا خۆی پیشاندا کە نووستووە. بەیانیش هەر زوو ئەو شوێنەی جێهێشت و، بێ ئەوەی هەر خواحافیزیشی لێ بکات. بە جلە مەدەنیەکانی و کڵاوە خڕەکەی سەرییەوە، لە شاردا خۆی ون کرد.

دواتر کەوتە سەرنجدانی جلوبەرگی سەربازە فەڕەنسییەکان و، شەقامەکان و ئەو دوو کۆشکەی، دوو ئیمپراتۆرەکەی تێدا نیشتەجێ بوو. لە گۆڕەپانی شاریشدا چەندین مێزی خواردن، بۆ ئەو ئاهەنگە ئامادە کرابوو. شەقامەکان بە ئاڵای فەڕەنسی و ڕووسی و، هەردوو پیتی یەکەمی ناوی دوو ئیمپراتۆرەکە کە (A) و (N) بوو، ڕازابوونەوە. ئیدی هەر ئاڵا و پیتەکان بوون و دەشەکانەوە.

نیکۆلا ڕۆستۆفیش لە دڵی خۆیدا وتی،"بۆریس نایەوێت هیچ بکات. لەمەو دوا منیش هێندە پەنای بۆ نابەم. ئیدی هیچ لە نێوانماندا نەما. بەڵام لەگەڵ ئەمەیشدا، ئێرە جێ ناهێڵم. لە پیناوی دینسۆفدا پەنا بۆ هەموو شتێک دەبەم. هەر بۆ ئەوەی ئەم نامەیە بگەیەنمە دەست ئیمپراتۆر. بەڵام لێرە. . . "

بێئەوەی بە خۆی بزانێت، لەو کۆشکە نزیک بووەوە، کە ئەلکسەندەری تێدا نیشتەجێ بوو. چەند ئەسپێکی زینکراوی هێزی سواڕە، لەبەر دەروازەکەیدا بوو. یەکە یەکەیەکیش لە ئەفسەرانی دەربار، لەو دەوروبەرە دەردەکەوتن. بەمەدا بۆی دەرکەوت کە بەم نزیکانە، ئیمپراتۆر دێتە دەرەوە.

ڕۆستۆفیش وا بیری کردەوە:

" بینینی ئەو لە ئانو ساتدایە و، دەتوانم ببینم. خۆزگە دەمتوانی ئەم نامەی داوای بەخشینەم بە دەستێی بدایە دەست ئیمپراتۆر خۆیەوە و کێشەکەیشم بۆ ڕوون بکردایەتەوە. بەڵام مەخابن بەرگی سەربازیم لە بەردا نییە. ڕەنگە هەر لەبەر ئەمەیش بمگرن! بەڵام نەخێر، شتی وا نابێت! ئیمپراتۆریش هەر تێدەگات ڕەوایی لای کێیە و، پشتگیریی لەو دەکات! خۆی لە هەموو شتێک دەگات و، هەموو شتێک دەزانێت. کوڕە کێ لە خۆی دادپەروەرتر و بەخشندە تر!؟ گریمان هەر لێرە گیرام گرنگ نییە بە لامەوە. کە سەرنجیدا ئەفسەران بێ ڕێگریی خۆیان بە بارەگای ئیمپراتۆردا دەکەن.

ئەمیش بە خۆی وت:

"ئای! خۆ ئەوە زۆر بە ئاسانی دەچنە ژوورەوە! دەی . . هەی لاو:وەرە وەرە بدە بە خۆت! هەر ئێستا خۆم. . . نامەی داوای لێبووردنەکەی دەدەمە دەست. ئەو درۆپتسکییە، ڕاستی کرد کە ئاوا، منی خستە سەر ئەم ڕێیە.

کتوپڕ بە وردیەکی واوە کە پێشووتر، پێوەی ڕانەهاتبوو. بەرەو دەرگای کۆشکەکە چوو و، توند توند، دەستێشی لە سەر زەرفی داوای بەخشینەکە ـ کە لەگیرفانەکەیدا بوو ـ دانابوو.

لە دڵی خۆیشیدا وتی،"نایکەم بە جارەکەی ئۆستەرلیتز و، هەلەکە لە دەست خۆم نادەم.

لەگەڵ هەر هەنگاوێکدا کە هەڵی دەنا. . چاوەڕوانی ڕوو بە ڕوو بوونەوە بوو، لەگەڵ

ئیمپراتۆردا. هەر بە دروست بوونی بیرۆکەکە لە میشکیدا، لێدانی دڵی خێراتر بوو!

دیسان لە دڵی خۆیدا وتی،"خۆم دەدەم بە سەر پێڵاوەکانیدا و، لێی دەپاڕێمەوە. ئەویش هەڵمدەستێنێتەوە و، دەست بە پشتمدا دەدات. . . بگرە سوپاسیشم دەکات!"

لە خەیاڵی خۆیدا گوێی لە ئیمپراتۆریش دەبوو، کە پێی دەگوت،"منیش بەوە بەختەوەرم:کە دەتوانم چاکەیەک بکەم و هەڵگرتنی زۆر و ستەم، لەسەر کەسێک:زۆر بەختەوەرم دەکات!"

بە نێو سەرنجی ئەفسەراندا ڕاڕەوەکەی بڕی و، پلیکانەیەک هاتە بەردەمی کە بۆ نهۆمی یەکەمی دەبرد. بەلای ڕاستیشدا، دەرگایەکی داخراو بوو. لە خوار پلیکانەکەیشەوە، دەرگایەک دەچووەوە سەر ژێر زەمینێک.

هەندێکیان پرسیان،"چیت دەوێت؟"

نیکۆلا ڕۆستۆڤیش لە وەڵامیاندا وتی،"داوای بەخشینم پێیە، بۆ ئیمپراتۆری خاوەن شکۆ."

یەکێکیان وتی،"ئۆو داوای بەخشین! بڕۆ بۆ لای ئەفسەری ڕاژە. ـ دەستیشی بۆ ئەو دەرگایە درێژ کرد کە دەچووەوە سەر، ژێرزەمینەکە ـ ئەرک نەبێت لێرەوە. . . بەڵام ئەوەیش بزانە پێشوازیت ناکات.

ئەویش کە ئەو دەنگە بڵند و ڕاستەوخۆیەی بیست:تێگەیشت کە کارەکەی چەند سەختە!

هەرچەند بیرۆکەی ڕوو بە ڕووبوونەوە، لەگەڵ ئیمپراتۆردا بالاییەکی ڕوونی مرۆڤە. بەڵام هێندە ترسابوو، کە ئەگەر دەرگای ژێر زەمینەکەی زوو بۆ نەکرایەتەوە، زۆری حەز بە هەڵاتن بوو! ناچار بوو خۆی کرد بە ژووری ئەفسەری ڕاژەکەدا.

پیاوێکی سی سالانەی کەتەی بینی، کە پانتۆڵێکی سپی لە پێدا بوو و، پێڵاوی سوارانەی چەرمی تا خوار ئەژنۆ هەڵکشابوو. لە ناوەڕاستی ژوورەکەدا وەستابوو و، دەمێک نەبوو لە لەبەر کردنی ئەو چاکەتە تەنکەی بوو بووەوە، کە لە باتیستایەکی تا بڵێی نایاب، دروست کرابوو. یاوەرەکەیشی دوو سەرشانی ڕاست و چەپی، لە پانتۆڵەکەی بۆ هەڵکێشابوو. کە لە ئاوریشم چنرا بوون و، قسەی لەگەڵ یەکێک دەکرد، لە ژوورەکەی تەنیشت خۆیەوە بوو. ئەمانەیش سەرنجی ڕۆستۆڤی ڕاکێشا.

پیاوە کەتەکە لە قسەکانیدا وتی "باڵا ڕێک و بە هێندەی شەیتان جوانە!"

هەر کە ڕۆستۆڤی بینی بڕۆکانی یەکهێنایەوە و وتی:

"چیت دەوێت؟ داوای بەخشینت هەیە؟"

گوێیشی لە دەنگێکی تریش بوو، کە دەیوت:"ئەمە چییە!"

پیاوە کەتەی پانتۆڵ بە شەیالەی ئاوریشمینەکەیش وەلامی دایەوە،"ئەمەیش بانگهێشت کراوێکی نوێی تڕە."

ئەوی تریش پێی وت،"پێی بڵێ. . . با جارێکی تر سەر بداتەوە. چونکە ئیمپراتۆر وا

دێته دەرەوە و دەبێت ئێمەیش سواری ئەسپەکانمان بین.

ڕۆستۆف وەرگەڕا، تا بچێتە دەرەوە و کەتەکە وەستاندی و لێی پرسی،"تۆ کێیت؟ ئەو داوا و پارنەوەیەت لای کێوە هێناوە؟"

ڕۆستۆفیش وتی،"ئەو سکالای پارانەوەیە هی مێجۆر دینسۆفە."

پیاوەکە پرسییەوە:

"ئەی تۆ خۆت کێیت؟ ئەفسەریت؟"

ئەمیش وەڵامی دایەوە:

"منیش ملازم کۆنت ڕۆستۆفم."

پیاوە کەتەکەیش وتی:

"بە خوا چاو نەترسیت! ئەو داواکارییە بە ڕێی فەرمیی خۆیدا، بینێرە. دەی. . خێراکە برۆ!"

ئەو بەرگەی لەبەرکرد.کە یاوەرەکەی بۆی هێنابوو. ڕۆستۆفیش گەڕایەوە ڕاڕەوەکە و، ئەفسەرێکی فرەی بینی بە بەرگی نوێوە، لەبەردەرگا وەستابوون و، ئامادەی ئاهەنگ بوون. دەبوو ئەمیش بە نێوانیاندا بڕوات. ورەی داڕووخابوو و، نەفرەتی لە جەربەزەیی خۆی کرد. هەر بەوەیش کە بە ئەم کارەی و بە دیار چاوی ئیمپراتۆرەوە دەگیرێت و، لە بەندیخانە توند دەکرێت، شەرم دایگرت.

لەو کاتەدا هەستی بە خراپیی هەڵس و کەوتی خۆی کرد و، ملی شۆڕ کرد و بەرەو دەرەوە و، لە کاتێکدا کەسانێکی دیارو ناسراو چاویان تێ بڕی بوو، خۆی دزییەوە. لە ناکاو یەکێک دەستی بۆ ڕاکێشا و، وەستاندی.

گوێیشی لە یەکێک بوو بە چرپە پێی وت:

"ها ئەی پاڵەوان. . . ئەوە بە بەرگی مەدەنییەوە چی دەکەیت لێرە!؟"

ئەمیش هەر زوو دەنگەکەی ناسییەوە، کە سەرۆکی فەیلەقەکەی کۆنی خۆی بوو. ژەنەراڵێکی کۆن بوو و، کاتی خۆی توانی بووی، ڕێز و سۆزی ئیمپراتۆر، بە لای خۆیدا ڕابکێشێت.

لە سەرەتادا ڕۆستۆف شڵەژا و، وێستی بیانووی چوونە بەرامبەر ئیمپراتۆر و هەڵوێستەکەی بۆ بێنێتەوە. بەڵام هەر کە سیمای نیانی ئەوی بینی، ئارام بووەوە. بردییە لاوە و، کێشەکەی خۆی خستە بەردەمی و، لێی پارایەوە و، بۆ بەرژەوەندیی ئەو هاوڕێیەی یارمەتیی بدات.

کابرایش ژەنەراڵ دینسۆفی باش دەناسی و بە وروژانەوە سەری ڕاوەشاند و وتی:

"ئەوە ئاکامێکی پەژارەدارە، بۆ ئەو پاڵەوانە! بێنە ئەو سکالانامەیەم بدەرێ."

هەر کە ڕۆستۆف نامەکەی پێدا تەق و هوڕ پەیدابوو. کە نیشانەی دەنگی پێی سەر

پلیکانەکە بوو. ژەنەرالێش ئەوی جێهێشتو چووەوە شوێنی خۆی. ئەو تەق و هورەیش یاوەرانی ئیمپراتۆر بوون و خۆیان گەیاندە ئەسپەکانیان و سواربوون.

ئەو ئینۆیەی کە لەئۆستەرلیتز'یش، ئەسپەکانی ئیمپراتۆری لێدەخورێ، پەیدا بوو و بە هێواشی دەنگی پێی لەسەر پلیکانەکانەوە دەهات.

ڕۆستۆفیش بە ئاسانی خاوەنی ئەو دەنگی پێیە ئاسپاییەی بینی. تێکەڵ ئەوانی تر بوو و، ترسی بیر چووەوە. گەیشتە بەردەم دەرگا. توانیی ئەو روخسارە ببینێتەوە، کە دوو ساڵ لەمەوبەر بینیبووی. ئەو سەرنج و هەنگاونانەی کە تێکەڵەیەکی ئەندێشە و نگین و ئارامی بوو. بۆیە جارێکی دی کەوتەوە ژێر رکێفی کاریگەریی جارانی. ئەلکسەندەریش پانتۆڵی سپی و پێڵاوی هێزی سوارەی لەپێدابوو. بە بەرگی'بریۆبراجنسکی'یەوە و مەدالیایەک بە بەرۆکیدا شۆڕ بووبووەوە کە تا ئەو دەمە ڕۆستۆف نەیبینیبوو. ئەوەیش مەدالیای شەرەف بوو. 'کۆمەڵەی شەرەف' پێیان بەخشیبوو. کڵاوە دوو گۆشەکەی لە بن هەنگڵ نابوو و دەستەکانی نقوومی دەستکێشەکانی بوو. لە ڕاڕەوەکەدا وەستا و سەیرێکی دەوروبەری خۆی کرد. لەگەڵ ژەنەرالەکان دوا و هەر زوو ژەنەرالی سەرکردەی پێشووی فەیلەقەکە کۆنەکەی ڕۆستۆفی ناسییەوە و بۆی پێکەنی و ئیشارەتی دایە تاکو لێی نزیک ببێتەوە.

یاوەران بڵاوەیان لێکرد و ڕۆستۆف سەرنجیدا، کە ژەنەرالەکە هەنگاوێکی تر لە ئیمپراتۆر نزیک بووەوە و، ماوەیەکی زۆر لەگەڵ ئیمپراتۆر دوا! سەر لە نوێ دوو کۆمەڵەی ئامادەبووان، کۆمەڵەی سەربازان و یاوەرانی ئیمپراتۆر و، کۆمەڵەی تەماشاچیان و، خۆبەرەپێشەوەکان ـ کە ڕۆستۆفیش لە نێوانیاندا بوو ـ دیسان لێک نزیک بوونەوە.

ئیمپراتۆریش کە گەیشتە لای ئەسپەکەی خۆی، دەستی خستە سەر زینەکەی و، بەلای ژەنەرالدا لای کردەوە و، بە دەنگێکی بەرزی وا قسەی کرد.

دەیویست هەموان گوێیان لێبێت و وتی:

'ژەنەرال. . . ناتوانم کاری وا بکەم! چونکە یاسا لە منیش بالاترە!'

پێی خستە ئاوزەنگییەکە و ژەنەرالێش ڕێزی لێنا و، بۆی نووشتایەوە. ئەویش سواری ئەسپەکەی بوو و لێیدا و ڕۆیشت.

ڕۆستۆفیش کە هەژابوو. وەکو ئەوانی دی کەوتە شوێن ئەلکسەندەر.

بەشی بیست و یەك
دەستخۆشانەی ناپلیۆن

ئەو گۆڕەپانەی كە ئیمپراتۆر بۆی چوو. دوو لیوا تیپدا بەرامبەر یەك ڕاوەستابوون. لیوایەكی فەیلەقی بریوبراجینسكی، لای ڕاستەوە ڕاوەستابوو و، لیوایەكی هێزی پاسەوانانی هێرشبەری كلاو مەرەز بەسەریش، لای چەپەوە وەستا بوو. ئەلكسەندەر گەیشتە لای ئەو سوپایەی كە لە هەموو جۆرەكانی چەكی سوپای تێدابوو. كۆمەڵێك لەو هێزی سوارەیە، بەرەو لایەكەی دی دەچوو.

ڕۆستۆف هەستی كرد كە سەركردەی ئەو كۆمەڵەیە، لە ناپلیۆن خۆی، زیاتر كەسی تر نییە. كلاوە بچووكەكەی بە سەرەوە و، قردیلەی سان ئاندریەیش بە سەر بەرگە شینە تۆخەكەیدا شۆڕ بووبووەوە و، بە بەرگێكی خۆڵەمێشیی پوختە داپۆشرابوو و، لبادێكی بە زێڕ ڕازاوەیشی لە ژێرەوە پۆشی بوو. ئەسپێكی عەرەبیی ڕەسەنی سپیی، لە ژێردابوو و بەركۆشەیەكی سپیش بە بەرملییەوە بوو.

هەر كە ڕۆستۆف گەیشتە ئاستی ئەلكسەندەر، كلاوەكەی سەری بۆ بلند كردەوە و، بەو جوولە گێلانە و، سەرنجە خێرایەیدا بۆی دەركەوت، ئیمپراتۆریش شلەژانی پێوە دیارە.

پڕ بە گەرووی سەربازانیش هاوار بلند بووەوە:

هووڕا. . . بژی ئیمپراتۆر!

ناپلیۆن چەند قسەیەكی لەگەل ئەلكسەندەر كرد و، هەردوكیان لە ئەسپەكانیان دابەزین. هەر چەند ناپلیۆن بزەیەكی ساردی هاتە سەر لێو. بەڵام ئەلكسەندەر بە ڕوویەكی خۆش و كراوەوە، بەرەو ڕووی ئەو چوو.

پیاوانی دەرەکی فەرەنسی، لە نێو خەڵکیدا بوون و، هەرچەند ئەسپەکانیشیان بۆ دابین نەدەکرا، بەڵام یاسای ڕێ و ڕەسمەکەیان دەسەپاند و خەڵکیان ڕێک دەخست.

ڕۆستۆف جوولەی هەردوو ئیمپراتۆرەکەی خستبووە ژێر چاودێرییەوە. ئەوەیشی کە فرە سەرسامی کردبوو، ئەو مامەڵەیەی ئەلکسەندەر بوو، بەرامبەر ناپلیۆن! چونکە وەکو هاوتای خۆی هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەکرد و، ناپلیۆنیش لای خۆیەوە هەڵس‌وکەوتی سادە و سروشتیی، لەگەڵ ئەلکسەندەر دەکرد و، هەر وەکو ئەوەی لە دەمێکەوە ئەوی ناسیبێت، وابوو.

ناپلیۆن و ئەلکسەندەر و یاوەرانیان، لە لیواکەی بریوبراجنسکی نزیک بوونەوە. ڕاستە و ڕاست، بەلای ڕاستدا بەرەو ئاپوورەی خەڵکەکە بوونەوە.

ڕۆستۆفیش کە لە ڕیزی پێشەوەی ئاپوورەکەدا بوو. خەمی ئەوەی بوو، کە پێی بزانن.

دەنگێک کە بە جوانی ددانی بە پیت و وشەکاندا دەنا، بڵند بووەوە کە دەیوت:

"ئەی خاوەن شکۆ. . داواتان لێ دەکەم، کە ڕێم بدەن، مەدالیای تیپی شەرەف بکەمە ملی ئازاترین سەربازت!

ئەوەی ئەمانەی وت ناپلیۆن بوو و، چاوانی سەروو بالا کورتەکەی بڕی بووە، چاوانی ئەلکسەندەر. ئەلکسەندەریش کە زۆر بە بایەخەوە، گوێی لێ گرتبوو. بزەیەکی دڵنەوایی بۆ کرد و، سەری قایلبوونی بۆ لەقاند.

ناپلیۆن چاوی بە نێو سوپای ڕووسیدا دەگێڕا و، کارەکەی خۆی دووپات کردەوە و، ددانی بە وشەکاندا نایەوە. ئەمەیش ڕۆستۆفی هەژاند. هەر لەو کاتەیشدا ئەوانی دی بە جوولەی چەکەکانیان بێدەنگانە سڵاوی سەربازییان دەکرد و، چاوانیشیان بڕیبووە ئیمپراتۆری خۆیان. ئەو ئیمپراتۆرەی کە لەم شەڕانەی دواییدا، ئازایانە ڕەفتاری کردووە.

ئەلکسەندەریش وتی:

"خاوەن شکۆ. . ڕێم پێ دەدەن، تا ڕاوێژ بە کۆلۆنێل بکەم و، بیروڕای وەربگرم؟ پاشان چەند هەنگاوێک بەرەو میر "کۆزۆلۆفسکی" چوو. کە فەرماندەی لیواکە بوو. لەو کاتەدا بۆناپارت دەستە بچووکەکەی لە دەستکێشەکەی دەرهێنا و، تاکە دەست کێشەکە بە دەستییەوە درا. ئەویش فڕێیدایە ئەولای خۆیەوە. یەکێک لە یاوەرانی بە ڕاکردن چوو و، هەڵی گرتەوە.

ئەلکسەندەریش بە هێواشی لە میر کۆزۆلۆفسکیی پرسی:

"مەدالیای ڕێزلێنانەکە بە کێ ببەخشین؟"

ئەویش وەڵامی دایەوە:

"بۆ ئەو کەسەی خاوەن شکۆتان، بە شایستەی دەزانن و هەڵی دەبژێرن. "

ئەویش بڕۆی ناڕەزایی هێنایەوە یەک و، سەیرێکی دوای خۆی کرد و وتی:

"پێویستە وەڵامەکەی بدەینەوە. کۆزۆلۆفسکییش گورج بووەوە و، کەوتە گەڕان بە

ڕیزەکانی سوپادا و، گەیشتە ئاستی ڕۆستۆف و چاوی تێبڕی.

ڕۆستۆفیش لەبەرخۆیەوە وتی:

"بڵێی من هەڵبژێرێت!"

هێندەی پێ نەچوو هاواری کرد:

"لازاییف. . . "

سەربازە یەک خەتەکە، بە هەنگاوە سەربازیەکانییەوە، هاتە پێشەوە و، هەندێک دەنگ بڵندبووەوە. کە قسەیان بۆ ئەو سەربازە ئازایە دەکرد کە خۆیشی نەیدەزانی بۆ کوێ بچێت.

کۆلۆنێل هــاواری بۆ کرد:

"بۆ کوێ دەچیت؟ لە شوێنی خۆت بووەستە."

لازاریڤیش وەکو هەر سەربازێک، کە بانگ دەکرێتە گۆڕەپان تاکو نمایشی سەربازی بکات، ڕوو گرژ کرد و، بە تیلەچاو سەرنجی کۆلۆنێڵی دەدا.

ناپلیۆن لەسەرخۆ لای کردەوە و، دەستە سپییە قەڵەوەکەی جوڵاند وەکو ئــەوەی، شتێک وەربگرێت. یاوەرەکانی لێی تێگەیشتن و، بە ڕاکردن بەرەو لای چوون. ڕیزەکان شەپۆلێکیان دا و، لێوەکان شتێکیان بە گوێی یەکتردا دا.

لەو کاتەدا یاوەرێک ـ کە هەر ئــەوە بوو دوێنێ ڕۆستۆف لەلای بۆریس بینی بووی ـ بەرەو لای گەورەکەی خۆی چوو و، ڕێزی لێ گرت و بۆی نووشتانەوە :مەدالیایەکی قردێلە سووری، خستە دەستە دریژبووەوەکەیەوە.

ناپلیۆنیش بێئــەوەی، سەیری مەدالیاکە بکات، بە دوو پەنجەی گرتی و بەرەو لازایف چوو. لازاریڤیش زەق زەق لە ئیمپراتۆری دەڕوانی. ناپلیۆنیش بەلای ئەلکسەندەردا لای کردەوە. وەکو ئەوەی بۆی دەربخات کە لەبەر دڵی هاوپەیمانەکەی، ئەمە دەکات. دەستە بــە مەدالیاکەی، بڵند کردەوە و، بــەر بەرگەکەی لازاریڤی ڕووسی کەوت. پێیشی وابوو ئەمەی بۆ ئەو سەربازەی دەکات، تا هەتایە بەختەوەری دەکات و، بۆ ئەوەی بەدەر لە هەموو زیندەوەرانی دی، بیکاتە کەسێکی نقوومی چاودێری و چــاکە. هێندە بەسە، دەست داگرێت و، بەر سنگی بکەوێت و، مەدالیا خاچەکە بکاتە ملی و، بە سینەیدا شۆڕ بێتەوە. لەبەر ئــەوە ئەوی کۆتایی پێهێنا و، مەدالیای خاچەکەی لە مل کرد و، لە سەر سینەی لازاریڤ داینا. هەر زوو دەستی ڕاکێشایەوە و سەیرێکی ئەلکسەندەری کرد وەکو ئەوەی بزانێت ئاخۆ خاچەکە لە شوێنی خۆی جێگیر بووە! لە راستیشدا هــەر وابوو. ئەویش وای دانا، کە بە دەستی ڕووس و فەڕەنسا دانراوە.

لازاریڤ خەماویانە لەو کورتە بالا مەچەک و دەست سپییەی دەڕوانی، کە ئــەوەی لەگەڵ کرد. بــە سـڵاوە سەربازییەکەوە مایــەوە و، سەیرێکی ئەلکسەندەری کرد. وەکوو

ئەوەی لێی بپرسێت:کە ئاخۆ لە شوێنی خۆی بمێنێتەوە؟ یان بڕوات؟ یان چاوەڕوانی فەرمانی ئەوان بێت؟ بەڵام هیچی پێ نەوترا و، ماوەیەکی زۆر لە شوێنی خۆیدا مایەوە.

. دوو ئیمپراتۆرەکە، سواری ئەسپەکانیان بوون و دوور کەوتنەوە. ڕیزەکانی لیواکەی بریۆجنسکییش بڵاوەیان لێ کرد و، سەربازەکانی تێکەڵ بە سەربازانی هێزی پاسەوانی فەڕەنسی ـ کە خانەخوێی ئاهەنگەکە بوون ـ بوون.

لازارییڤ لە شوێنی شەڕەف و ڕێزلێنانەکەدا دانیشت بوو. ئەفسەرانی فەڕەنسی و ڕووسی و مەدەنییەکان تەوقەیان لەگەڵ دەکرد و، پیرۆزباییان لێ دەکردو، پێیدا هەڵدەنۆڕین!

گۆڕەپانەکەش بە قاقا و قسە کردن پڕ بوو بوو و، دەنگی دەدایەوە. دوو ئەفسەریش کە بەختەوەرانە سوور هەڵگەڕابوون، بە بەردەم ڕۆستۆڤدا تێپەڕین.

یەکێکیان وتی:

"ئاە ئازیزەکەم! چ ئاهەنگێک بوو! قاپە زیوینینەکانیان هێنابوو و، بە سەر مێزەکاندا بڵاویان کردبوونەوە. لازارییڤت بینی!"

ئەوی تریش وتی:

"لیواکەی بریوجینسکییش، ئاهەنگێک بۆ فەڕەنسیەکان ساز دەدات. وەکو بیستوویشمە:سبەینێیش سازی دەکات. "

ئەفسەرەکەی تریش وتی:

"ئای لە بەختەوەریی ئەو لازارییڤە! ئیدی لێرە بە دواوە مووچەی سالانەی (٢٠٠) فڕەنکی دەچێتە سەر!

لەو کاتەدا سەربازێکی ڕووسی کە کڵاوێکی فەڕەنسیی لەسەر نابوو، بانگی سەربازێکی پاسەوانی کرد:

ـ کوڕینە سەیرێکی ئەم کڵاوە بکەن و، لێی بکۆڵنەوە!

یەکێکی تر وتی:

"زۆر زۆر جوانە!"

ئەفسەرێکی بریوجینسکی بە هاوڕێکەی وت:

"وشە نهینیەکە دەزانیت؟ ئاخر پێرێ "ناپلیۆن. فەرەنسا. ئازایەتی" بوو. دوێنێیش:"ئەلکسەندەر. ڕووسیا. مەزنی" بوو. ئەمڕۆ ئیمپراتۆرەکەی خۆمان وشەی نهێنی دەدات. ڕۆژی دواتر ناپلیۆن دەیدات. سبەینێیش خاوەن شکۆ مەدالیای "خاچی سان جۆرج" دەبەخشێتە ئازاترین سەربازی سوپای پاسەوانی فەڕەنسا. مەحاڵە بەم جۆرە نەبێت، بتوانین پاداشتی دەستپێشخەرییە بە ڕەوشتییەکەی ئەوانمان بۆ بدرێتەوە. "

بۆریس لەگەڵ جیلینسکی، کەوتە ئامادە کردنی سفرە و خوانەکە. لە ناکاو ئاوڕی دایەوە و ڕۆستۆڤی بینی، لە گۆشەی ماڵێکدا وەستابوو.

ئەمیش پێی وت:

"ها. . . مەرحەبا ڕۆستۆف! ئەوە ماوەیەکە یەکترمان نەدیوە! "

کە ڕوخسارە زەرد هەڵگەڕاوەکەی، ئەویشی هەست پێ کرد، خۆی پێ نەگیرا و، ئەو پرسیارەی لێکرد.

ڕۆستۆفیش وەڵامی دایەوە:

"هیچ! هیچ نییە!"

ئەویش لێی پرسی:

"ئەوە چییە، وا سەردانیم ناکەیت؟"

ڕۆستۆفیش وتی:

"چۆن سەردانیت ناکەم؟ بەڵێ. . . بەڵێ دێم. "

ماوەیەکی باش لەو گۆشەیەدا وەستا و، لەو ئاهەنگە قەرەباڵغەی ڕوانی. لە ناخیدا هەستی بە بەگژا چوونەوەیەکی توند دەکرد و، نەیدەتوانی بگاتە ئەنجامێکی قایلکارانە. گومانێکی تۆقینەر ڕەوانی داگیر کردبوو. دەمێک دینسۆفی بیر دەکەوتەوە و، ڕوخساری تێکدەچوو، بە ئەو ملدانە چاوەڕوان نەکراوەی، لە خەستەخانەیەکی پۆخڵ بە دنیایەک نەخۆشی و، ئەو بۆن و بەرامەیەی لاشەی مردووانە و، بۆنەکەی لووتی دەتۆزانەوە و، تەنانەت ئاوڕیشی پێدایەوە، تا بزانێت ئەو بۆنە لە کوێوە دێت؟

دەمێکی تریش، وێنەی بۆناپارتی هاتەوە بەرچاو. ئەو پیاوە لە خۆ ڕازییەی کە خاوەنی دەستە سپییەکانە و، ئێستا دڵانی پێدا نراوە کە ئیمپراتۆرە و، ئەلکسەندەر ڕێز و خۆشەویستی بەرامبەر دەنوێنێت! کەوابوو ئەی ئەو هەموو کوژراوانە!؟ ئەی ئەو دەست و قاچ بڕاوانە لە چی!؟

جارو باریش لازاریێف و خەڵات وەرگرتنەکەی بیر دەکەوتەوە. یان دینسۆف و، سزادانەکەی. کە چاوەڕێ نەدەکرا لێی خۆش ببن! هێندە بیرۆکەی بە مێشکدا هات، کە ترسی لێنیشت.

بۆن و بەرامەی سفرە و خواردنەکە، ئارەزووی بزواند و، لە ئەندێشەکانی دابڕی. ناچار بوو پێش گەڕانەوەی، بۆ نێو کۆمەڵەکەی خۆی، هەندێک خواردن بخوات. دواتر چووەوە، بۆ ئەو ئوتێلەی کە ئەو بەیانییە بۆی چوو بوو و، ئەفسەرانێکی زۆری تێدا بینی، کە وەکوو خۆی:بەرگی مەدەنیان پۆشی بوو و، بە زەحمەتیش خواردنیان دەست خست.

دوو ئەفسەری فەیلەقەکەی خۆی، لێی کۆ بوونەوە و، باس بوو بە باسی ئاگربەست و، ئاشتەوایی. ئەو بەڕێزانەیش هەر وەکو زۆرێکی سوپاکە هاوڕای ئەم بوون. ئاشتەواییەکەیان دوای شەڕی "فرید لاند" ڕەت دەکردەوە.

ئەوان وایان دانابوو، گەر سوپای ڕووس درێژەی بە بەرگری بدایە ناپلیۆنیان لە ناو

دەبرد. چونکە سوپای ئەوان، بێ ئازووخە و خواردن بوو و، تەقەمەنییان کەم بوو بووەوە.

ڕۆستۆفیش بەدەم خواردنەکەوە، دوو قاپ مەیی هەڵدا و، هیچی نەدەوت. تا ئەو دەمەیش هەر نێچیری پێکدا پژانە دەروونییە تاڵەکەی پێشووی خۆی بوو. ترسی ملدانی خۆی بوو، بە بیر و ڕامانی خۆی.

گوێی لە قسەی یەکێکیان بوو و، نەیتوانی خۆی لێ دەرباز بکات و وتی،"مرۆڤ کاتێک ڕوو زەرد دەبێت، کە خۆی لە بەرامبەر فەڕەنسییەکدا دەبینێتەوە. "

پاشان جۆرێک هەژا، ڕوخساری خوێنی تێزابوو و، هاواری کرد:

"چۆن باشترینت بۆ دیاری دەکرێت!؟ ئاخۆ جڵەوی هەڵسوکەوتی ئیمپراتۆر بە دەست تۆوەیە!"

کێ مافی وتووێژی ئەوەی بە ئێمە داوە!؟ ئێمە پیلان و هەڵسوکەوتی ئەو نازانین و تێی ناگەین.

ئەفسەرێک هەڵچوونەکەیی دایە پاڵ سەرخۆشییەکەی و بەڕپەرچی دایەوە،"بەڵام خۆ من یەک وشەیشم دەربارەی خاوەن شکۆ نەگوتبوو!"

ڕۆستۆف هەرگوێیشی بە قسەکانی ئەو نەدا و، لە سەری ڕۆیشت:

"ئێمە تەنیا و تەنیا سەربازین و، سیاسەتمەدار نین. گەر فەرمانمان پێ درا بمرین! هێندەمان لە سەرە بمرین. گەر سزایش دراین. ئەوا تاوانبارین و، مافی ئەوەمان نییە لە سەری بدوێین. هەروەها گەر خاوەن شکۆمان پێی باش بوو، کە دڵان بە بۆناپارتدا بێنێت. . . ئەوە پێویست بووە وا بکات. . . گەر دەست وەر بدەینە کارەکانییەوە و ئێمە مشتومڕی لەبارەوە بکەین، ئەوە دەبێتە هۆی بزر کردنی هەموو پیرۆزییەکان. "

هەژانەکەی فرە تر بوو و مستەکۆڵەیەکی دا بە مێزەکەدا و وتی"

"گەر نا. . . دەتوانین بڵێین ئەمە خوایش نییە! هیچ شتێکیش لە دنیادا نییە! ڕۆڵی ئێمەیش لە ژیاندا بە بێ بیرکردنەوە لە هیچ شتێک. . . شمشێر وەشاندنە و، هەستانە بە ئەرکەکانی سەر شانمان!"

تۆندو تیژی بە لۆمە کردنەکانییەوە دیار بوو. هەرچەند ئەوانەی وتی، مێشکی داگیر کردبوو، بەڵام بەلای گوێگرانیشیەوە وابوو، کە قسەکانی لە جێی خۆیدا نین.

ئەفسەرێک بۆ ئەوەی کە نەهێڵێت قسەی نەخوازراو دروست ببێت وتی:

"دەی با بخۆینەوە!"

نیکۆلا ڕۆستۆفیش پشتگیریی کرد و وتی:

"بەڵێ. . . بەڵێ با بیخۆینینەوە. . . "

ڕوویشی وەرگێڕا و هاواری کرد:

"کێی لێیە . . قاپێکی تر بێنن. "

١ تآريخ مملكة حماة الايوبية- ابراهيم بشار قاسم-
٢- في رثاء عامودا- عبداللطيف الحسيني-غسان جان كير-
٣- پاکیزەکانی ئەنفال- محمد ڕەئوف-
٤- نسل كشى در عيراق- هيومان رايتس ۆچ-
٥- کاریگەری ئاسەواری کۆمەڵایەتییەکانی کیمیابارانی هەڵەبجە- سەر هەنگ محمد-
٦- تارماییەکانی هەڵەبجە- پ.د.مایکڵ.جەی.کیلی- و: کارزان محمد
٧- جینۆسايد زنجيرەيەک ..- تەها سلێمان-
٨- تيمور (ئینگلیزی)- عارف قوربانی- و: عبدالكريم عوزيرى
٩- تيمور (عربي)- عارف قوربانی- ت: سۆران علي
١٠- تيمور (فارسی)- عارف قوربانی- و: ڕشید حیدری
١١- تيمور (كوردى)- عارف قوربانی-
١٢- ئەنفال پرسی قوربانی- شۆڕش محمد حسين-
١٣- التهجير القسري والصهر القومي نوعان من الاباده الجماعية- آ.م.د. نبيل عكيد محمود-
١٤- هەڵوێستی ڕۆژنامەگەری میسری لەبارەی جینۆسایدی گەلی کوردەوە- د. محمود زايد- و: ئیدریس جەبار
١٥- دیدێکی نوێ بۆ یادکردنەوەی تاوانەکانی جینۆسايد- عومەر محمد-
١٦- جينۆسايد- د. سالار باسيرە-
١٧- كاريگەرييە ياساييەكانى تاوانەكانى ئەنفال- د. مونزر ئەلفەزل- و: خەلیل عبدالله
١٨- مفهوم الجرائم ضد الانسانية في النظام الاساسي للمحكمة الجنائية الدولية- د. جلال كريم رشيد-
١٩- موقف الصحافة المصرية ما ابادة صدام حسين للشعب الكردي بالكيماوى في عمليات الانفال- د. محمود زايد-

بەیانییەکی حوزەیرانی سالی (1805) ئانا پاڤلۆڤنا هاوڕازی دەرباری خاتوو ماری فیودوری ئیمپراتۆر، بە بەرگێکی سووری فەرمییەوە، خزمەتکارێکی مالّی خۆیانی نارد بۆ لای هاوڕێ و دۆستانی، تاکوو ئەو چەند کارتی بانگهێشتە بە سەرياندا دابەش بکات، کە تێیاندا نووسرابوو: بەڕێز...گەر بەسەربردنی کاتت، لای نەخۆشێکی دامار بەلاوە ستەم نەبوو و، کاری لە ئەمە چاکتریشت نەبوو بیکەیت.... ئەوا بەختەوەر دەبم بەپێشوازی کردنت، لە سەعات حەوتەوە تا سەعات دە. و لە مالّی خۆمان .....

ئانیت شیرەر

ئەوە چەند رۆژێکیش بوو، ئانا پاڤلۆڤنا تووشی کۆکەیەک ببوو و، ئەو نەخۆشینەی کە خۆی نێوی نابوو: "کۆکەی کریب" و، دەیویست ئەو کۆکەیە لە نێو خەڵکیدا بەو ناوەوە بناسرێت و، بڵاو ببێتەوە. یەکەمین کەسێکیش، ئامادەی ئاهەنگەکە بوو: میر ڤازیلی کەسێتی ناسراو بوو. میر ڤازیلی بەرگی فەرمی دەوڵەتیی پۆشیبوو و، چەندین مەدالیای بەبەرۆکەوە بوو. گۆرەوییە ئاوریشمینەکەی، پووزەکانی وەدیارخستبوو. روخساریشی جوان فریودەرانە بوو.

ئانا پاڤلۆڤنایش بەم شێوەیە پێشوازیی کرد:

" میرم.. کەوابوو "جەنەوا و "لۆک"یش، کەوتنە چنگی بنەماڵەی پۆناپارتەوە! ئاگاداریشت دەکەمەوە، گەر بەرپابوونی جەنگی ئەو ناپلیۆنە ساختەچییەم پێ رانەگەیەنیت – خۆیشت دەزانیت کە خاوەن قسەی خۆیشمم.. ها!– نە دەتناسم و نە هاوڕێمی و، نە نۆکەری بەوەفام دەبیت! – وەکو خۆت دەڵێیت – ئا.. ئا! خۆ لەوەیش دەچێت: تۆم ترساندبێت! فەرموو.. فەرموو.. بەخێر بێیت. دانیشە و قسەم بۆ بکە.

ناوەندی توێژینەوەی نەدەبیی
عەبدوڵڕەحمان زەبیحی

لەسەر نەرکی (د. تەها رەسوڵ) چاپکراوە
2020